# مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# (سەردەمی زێڕینی نەتەوایەتی)

**بەرگی ١**

**نووسینی: قاسم قازی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

49 Book
Publishing

مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
(سەردەمی زێڕینی نەتەوایەتی)
بەرگی ١
نووسینی: قاسم قازی
هەڵەگر: موعتەسەمی نوورانی
دیزاین: شاروخ ئەڕژەنگی
چاپی یەکەم سوید ٢٠١٩
چاپی چوارم سوید ٢٠٢٥
چاپ و بڵاو کراوەی 49books
www.49plusbooks.com
ISBN: 978-91-89734-33-3
ISBN vol 1: 978-91-89734-34-0
مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناوەرۆک


بەشی ١ ........................................ ١١
لە پەراوێزی مێژووی کورد دا ........................................ ١١
کێشەی نێونەتەوەی و ناکۆکی نێو عەشایر بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی ........................................ ١٦
مەهاباد لە شەڕی یەکەمی جێهانیدا ........................................ ٣٥
پەیمانەکانی شەری یەکەمی جێهانی ........................................ ٥٤
بەشی ٢ ........................................ ٥٨
ڕەزاشا ........................................ ٥٨
ڕاپەڕینی سمایل ئاغای سمکۆ ........................................ ٦٦
کوشتنی مارشیمۆن بەدەست سمایل‌ئاغا ........................................ ٦٩
هەوڵدانی سمکۆ بۆ کوشتنی ڕەزاشا ........................................ ٧١
هێرشی سمکۆ بۆ سەر شاری مەهاباد ........................................ ٧٥
ئامانجەکانی سمکۆ ........................................ ٨٣
کوژرانی سمکۆ ........................................ ٨٤
مەلا خەلیل گۆڕەمەر ........................................ ٨٧
بەشی ٣ ........................................ ٩٣
پەیمانی سەعدئاباد ........................................ ٩٣
ڕێکخراوی محەممەدی ........................................ ٩٣
حیزبی ئازادیخوازی کورد ........................................ ٩٥
بەشی ٤ ........................................ ٩٩
شەڕی دووهەمی جیهانی ........................................ ٩٩
پەیوەندی ئێران و ئاڵمان لە زەمانی ڕەزاشادا ........................................ ١٠٠
هاوپەیمانان ئێرانیان داگیر کرد ........................................ ١٠٢
گرتنی پادگانی بانە و سەردەشت ........................................ ١٠٧
روخانی دەوڵەتی ڕەزاشا ........................................ ١١٠
هەڵسوکەوتی هێزی هاوپەیمانان لە کوردستاندا ........................................ ١١١
حەمە ڕەشیدخانی بانە ........................................ ١١٢
بەشی ٥ ........................................ ١١٩
سیاسەتی گشتی زلهێزەکان ڕووس و ئینگلیس ........................................ ١١٩
سیاسەتی ڕووس ........................................ ١١٩
سیاسەتی ئینگلیس ........................................ ١٢٤
بەیانییەی ئەتلانتیك ........................................ ١٢٧
سیاسەتی گشتی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا ........................................ ١٢٨
بەشی ٦ ........................................ ١٣٠
شاری مەهاباد ........................................ ١٣٠
پێشینەی مێژوویی ........................................ ١٣٠
میرمیرێن ........................................ ١٣٩




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێموگرافی ناوچەی کوردستان لە شەڕی دووهەم ........................................ ١٤١
پێکهاتەی عەشایری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........................................ ١٤١
عەشیرەتی موکری ........................................ ١٤٧
عەشیرەتی مەنگوڕ ........................................ ١٥٩
هەمزاغا ........................................ ١٦٣
پلانی کوشتنی هەمزاغا ........................................ ١٧٨
رووس بە کوشتنی هەمزاغا توڕەیە ........................................ ١٨٢
ئاشت کردنەوەی خەڵکی مياندواو و سابڵاغ ........................................ ١٨٣
ناوچەی مەنگوڕان ........................................ ١٨٤
عەشیرەتی دێبۆکری ........................................ ١٨٨
عەشیرەتی گەورک ........................................ ١٩٢
عەشایری بچووکی ناوچەی موکوریان و عەشیرەتی قەرەپەپاغ ........................................ ١٩٢
بەشی ٧ ........................................ ١٩٨
بنەماڵەی قازی ........................................ ١٩٨
قازی فەتاح ........................................ ٢٠١
قازی عەلی ........................................ ٢٠٥
سەیفی قازی (سەیفولقوزات) ........................................ ٢٠٨
قازی محەمەد ........................................ ٢١٠
محەممەد حوسێن خان سەیفی قازی ........................................ ٢٢٤
بەشی ٨ ........................................ ٢٢٦
پێگەی کۆمەڵایەتی قازی محەممەد لە سەردەمی ڕەزاشادا ........................................ ٢٢٦
قازی محەمەد پارێزگاری لە شاری مەهاباد دەکا ........................................ ٢٣١
سەفەری سەرۆک عەشیرەت و گەورەپیاوانی کورد بۆ باکۆ ........................................ ٢٤٠
شووڕای عەشایر ........................................ ٢٥٢
چاوپێکەوتنی شا و پێشەوا و سەرۆکی عەشایر ........................................ ٢٥٨
بەشی ٩ ........................................ ٢٦١
هێرشی عەشایری کورد بۆ سەر ورمێ و گەڕانەوەی ئەرتەش ........................................ ٢٦١
هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد ........................................ ٢٦٥
یەکەم دەستەڵاتی نیشتمانیی (شووڕای شار) و کوژرانی قازیزادە ........................................ ٢٧٧
بەشی ١٠ ........................................ ٢٨٣
دروست بوونی ڕێکخراوی سیاسی ........................................ ٢٨٣
حیزبی تودە ........................................ ٢٨٣
دروست بوونی ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستان ........................................ ٢٨٦
ڕێکخراوی خاڵە مەلا ........................................ ٢٨٦
سازمانی جەوانانی کورد ........................................ ٢٨٦
دامەزرانی کۆمەڵەی ژ- ک ........................................ ٢٨٨
دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ- ک ........................................ ٢٩٢
ئامانجی کۆمەڵەی ژ- ک ........................................ ٣٠١
هیماکانی کۆمەڵەی ژ.ک ........................................ ٣٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵە و دوژمنایەتی عەشایر ........................ ٣٠٦
کۆمەڵە و پارچەکانی دیکەی کوردستان (پەیمانی سێسنور) ........................ ٣٠٨
تەشکیلاتی کۆمەڵە ........................ ٣١٣
شیوەی وەرگرتنی ئەندام لە کۆمەڵەدا (سویند خواردن) ........................ ٣١٦
سازمانی جەوانان تێکەڵ بە کۆمەڵە دەبێ ........................ ٣٢٣
کار و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵە ........................ ٣٢٤
کۆمەڵە و ئاڵا ........................ ٣٣٢
بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە ........................ ٣٣٣
گۆڤاری نیشتمان ........................ ٣٣٤
شانۆ ........................ ٣٤٦
شانۆی دایکی نیشتمان ........................ ٣٤٨
نیشاندانی شانۆ لە شارەکانی نەغەدە و شنۆ ........................ ٣٥٦
بەشی ١١ ........................ ٣٥٨
پەیوەندی سیاسی کۆمەڵە لەگەڵ وڵاتانی زلهێز ........................ ٣٥٨
کۆمەڵە و ئینگلیس ........................ ٣٥٨
کۆمەڵە و ڕووس ........................ ٣٦٠
بەشی ١٢ ........................ ٣٧١
قازی محەممەد بوو بە ڕەهبەری کۆمەڵە ........................ ٣٧١
سوێند خواردنی پێشەوا لە کۆمەڵەدا ........................ ٣٧٦
کێشەکانی نێوخۆیی کۆمەڵە ........................ ٣٧٧
چالاکی کۆمەڵەی ژ. ک لە سەردەمی قازی محەمەددا، وهەڵکردنی ئاڵای سوور ........................ ٣٨٢
ڕەوابیتی فەرهەنگی ئێران و شووڕەوی لقی مەهاباد (پەیوەندی فەرهەنگی کورد و ڕووس) ........................ ٣٨٦
بەشی ١٣ ........................ ٣٩١
کەسایەتی هێندێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە ژ. ک ........................ ٣٩١
حوسێن فروهەر ........................ ٣٩١
عەبدولڕەحمان زەبیحی ........................ ٣٩٣
قاسم قادری ........................ ٣٩٤
محەمەد دڵشادی ڕەسووڵی ........................ ٣٩٥
بەشی ١٤ ........................ ٣٩٦
چاوپێکەوتنی دووهەمی شا و قازی محەممەد ........................ ٣٩٦
گرتنی شارەبانی مەهاباد ........................ ٣٩٨
دامەزرانی شوڕای بەڕێوەبەری شار ........................ ٤٠٨
بەشی ١٥ ........................ ٤١١
کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی ........................ ٤١١
کێشەی نەفت ........................ ٤١٣
وەرچەرخان لە سیاسەتی ڕووس ........................ ٤١٤
فەرمانی ستالین ........................ ٤١٨
بەشی ١٦ ........................ ٤٢٢
دامەزرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ........................ ٤٢٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێگەی کۆمەڵایەتی فرقە ........ ٤٢٣
بەشی ١٧ ........ ٤٢٥
دامەزرانی حیزبی دێموکرات ........ ٤٢٥
ڕاگەیەندراوی دامەزرانی حیزبی دێموکرات ........ ٤٣٨
تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات ........ ٤٤٩
ئەساسنامە و مەڕامنامەی حێزبی دێموکرات ........ ٤٥١
حەقی ئەندامەتی ........ ٤٥٣
کاریگەری گۆڕانی ناو لە سەر ئەندامانی کۆمەڵە ........ ٤٥٣
تەشکیلات و ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات ........ ٤٦١
ڕێکخراوی ژنانی حیزبی دێموکرات ........ ٤٦٢
سازکردنی حیزبی دێموکرات ........ ٤٦٤
یەکیێتی جەوانانی دێموکراتی کوردستان ........ ٤٦٧
بەشی ١٨ ........ ٤٦٨
ئەفسەرانی خوڕاسان ........ ٤٦٨
بەشی ١٩ ........ ٤٧٠
کۆنگرەی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ........ ٤٧٠
فیرقەی دێموکرات دەستی بەسەر ئازەربایجان دا گرت ........ ٤٧٢
مەجلیسی میللی ئازەربایجان ........ ٤٧٧
بەشداری هەیئەتی کورد لە پارلمانی ئازەربایجان ........ ٤٧٩
رووسەکان هێزی ئەمنی پێک دێنن ........ ٤٨١
یارمەتی دەوڵەتی ڕووس بە ئازەربایجان ........ ٤٨٢
بەشی ٢٠ ........ ٤٨٤
کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ........ ٤٨٤
بەشی ٢١ ........ ٤٨٩
سەفەری دووهەمی باکۆ ........ ٤٨٩
داوخوازییەکانی هەیئەتی کورد لە باکۆ ........ ٤٩٣
دژکردەوەی ئێرانیەکان لەسەر سەفەری دووهەم باکۆ ........ ٤٩٤
کوردەکان سەفەری دووهەمی باکۆ ڕەد دەکەنەوە ........ ٤٩٥
گیرانی ٣ ئەندامی پایەبەرزی حیزبی دێموکرات ........ ٥٠٢
بەشی ٢٢ ........ ٥٠٥
عەشیرەتی بارزان ........ ٥٠٥
کورتەیەک لە سەر عەشیرەتی بارزان ........ ٥٠٥
هاتنی بارزانییەکان ........ ٥٠٩
بەشی ٢٣ ........ ٥٢٠
دەوڵەتی خودموختاری کوردستان ........ ٥٢٠
کارەکانی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان ........ ٥٢٥
دامەزرانی پارلمانی کوردستان ........ ٥٢٥
هێزی پێشمەرگە ........ ٥٢٩
هەڵکردنی ئاڵا ........ ٥٣٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵکردنی ئاڵا لە شاری نەغەدە ........................................................................ ٥٣٩
هەڵکردنی ئاڵا لە شاری بۆکان ......................................................................... ٥٤١
سروودی نەتەوایەتی .................................................................................... ٥٤٧
خوێندن و قوتابخانە...................................................................................... ٥٤٩
چاپخانە ................................................................................................. ٥٥٨
جێژنی کردنەوە ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان.............................................................. ٥٦١
چاپخانەی بۆکان ........................................................................................ ٥٦٤
بواری ئابووری کوردستان................................................................................. ٥٦٥
بەشی نەخۆشیی لە دەوڵەتی خودموختاردا ................................................................. ٥٦٧
بەشی ٢٤ .............................................................................................. ٥٧١
ئامادەکاری بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان................................................................ ٥٧١
کۆبوونەوەی میژوویی مزگەوتی سوور ...................................................................... ٥٨٠
ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، دامەزرانی کۆماری کوردستان.......................................................... ٥٨٣
سوێندخواردنی پێشەوا لە کۆماردا ......................................................................... ٥٩٠
بەشی ٢٥ .............................................................................................. ٥٩٣
وتارەکانی ڕۆژی ٢ ی ڕێبەندان ........................................................................... ٥٩٣
نوتقی مەلا حوسێن مەجدی.............................................................................. ٥٩٦
وتاری پێشەوا قازی محەممەد لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا.................................................... ٥٩٧
نوتقی محەممەد حوسێن خانی سەیف قازی.............................................................. ٥٩٩
شێعری مامۆستا هەژار ................................................................................... ٦٠٢
شێعری مامۆستا هێمن ................................................................................... ٦٠٣
قسەکانی ئاغای سەید محەممەد تەهازادە ................................................................ ٦٠٦
نوتقی شێخ حەسەنی شەمسەدینی(شەمسی بورهان) ...................................................... ٦٠٧
نوتقی ئاغای زێڕۆبەگ لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ............................................................. ٦٠٨
قسەکانی ئاغای محەممەد ئەمینی موعینی ................................................................ ٦٠٨
نوتقی سەید عەبدولعەزیزی گەیلانی...................................................................... ٦٠٩
وتاری ئاغای ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم ...................................................................... ٦١١
قسەکانی ئاغای نانەوازادە................................................................................ ٦١١
وتاری وێلمەی سەیادیان .................................................................................. ٦١٢
وتاری یایی خەدیجەی حەیدەری.......................................................................... ٦١٣
وتاری ئاغای ئەحمەدئاغای ئیلخانیزادە.................................................................... ٦١٤
وتاری ئاغای محەممەد قادری ............................................................................ ٦١٤
وتاری سەدیق حیدری ................................................................................... ٦١٥
بڕیاری بیستهەزار کەسیی کۆبونەوەی٢ی ڕێبەندان......................................................... ٦١٦
بەیعەت بە پێشەوا......................................................................................... ٦١٩
بەشی ٢٦ .............................................................................................. ٦٢١
جێژنەکانی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان و ناساندنی پێشەوای کوردستان و بەیعەت بە پێشەوا ........ ٦٢١
مەراسیمی جێژنی سەربەخۆیی ڕۆژی ٣ ی ڕێبەندان........................................................ ٦٢١
جێژنی سەربەخۆیی لە پێشمەرگەخانە.................................................................... ٦٢٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێژنی سەربەخۆیی لە ئیدارەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان.......................................... ٦٢٧
جێژنی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن یەهوودیەکانی مەهاباد ............................................ ٦٢٧
جێژنی سەربەخۆیی کوردستان بە هۆی ئاغایانی شێرزاد و محەممەد حوسێن‌خان ئەمیری ................. ٦٢٧
جێژنی سەربەخۆیی کوردستان و ئاڵا لە ئاوایی یەکشەوە .................................................. ٦٢٨
جێژنی سەربەخۆیی بە هۆی سەید عەلی و سەید مەجید حوسێنی ............................................ ٦٢٩
جێژنی سەربەخۆیی کوردستان لە ئاوایی جەڵدیان ............................................................ ٦٢٩
جێژنی سەربەخۆیی کوردستان لە ئاوایی سەرا و گوێگجەلی..................................................... ٦٢٩
جێژنی سەربەخۆیی بە هۆی ئاغای حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی ............................................ ٦٢٩
جێژنی سەربەخۆیی لە لایەن ئامۆژگارانی مەدرەسەی کچان........................................................ ٦٣٠
جێژنی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵا لە شاری شنۆ ............................................................. ٦٣٠
جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال لە نەغەدە........................................................................ ٦٣٢
جێژنی سەربەخۆیی بە هۆی ئاغای جەعفەری کەریمی ............................................................. ٦٣٣
جێژنی سەربەخۆیی لە شیرکەتی تەڕەقی کوردستان.................................................................. ٦٣٤
جێژنی سەربەخۆیی لە سڵامەت ....................................................................................... ٦٣٥
جێژن لە سەیداوا ....................................................................................................... ٦٣٥
جێژنی سەربەخۆیی لە ئیدارەی فەرهەنگ ......................................................................... ٦٣٥
جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال لە دەشتەبێڵ ..................................................................... ٦٣٥
جێژنی سەربەخۆیی لە ئاوایی گردیگلان .............................................................................. ٦٣٦
جێژنی سەربەخۆیی یایی پێشەوا لە گەڵ ئامۆژگارانی قوتابخانەکان............................................. ٦٣٦
جێژنی سەربەخۆیی لە ئاوایی کولیجە ................................................................................ ٦٣٦
جێژنی سەربەخۆیی لە ئاوایی باڵانیش.................................................................................. ٦٣٦
جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان لە ئاوایی ساروقامیش .............................................. ٦٣٦
بەشی ٢٧ ................................................................................................................... ٦٤٠
هەیئەتی وەزیرانی کۆماری کوردستان .................................................................................. ٦٤٠
بارزانی سەردانی دامودەزگاکانی کۆمار دەکا........................................................................... ٦٤٥
ناوەرۆکی نەتەوەیی و نیشتیمانی کۆماری کوردستان ................................................................ ٦٥٣
بەشی ٢٨ ................................................................................................................... ٦٥٨
ڕەنگدانەوەی کۆمار لە سیاسەتی وڵاتانی زلهێزدا ................................................................... ٦٥٨
کۆماری کوردستان و دەوڵەتی شووڕەوی ............................................................................... ٦٥٨
خوێندکارانی کورد لە شاری باکۆ ...................................................................................... ٦٦٠
رووس و ڕەشەکوژی ...................................................................................................... ٦٦٢
تیرۆری مەحموودیان ....................................................................................................... ٦٦٤
کۆماری کوردستان و ئینگلیس و ئەمریکا ............................................................................. ٦٧٠
کۆماری کوردستان و وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا.................................................................. ٦٧٤
هەڵسوکەوتی کۆماری ئازەربایجانی باشوور لەگەڵ کۆمار ........................................................... ٦٧٧
هەڵسوکەوتی بەشەکانی دیکەی کوردستان سەبارەت بە کۆمار ...................................................... ٦٨٠
پەیوەندی کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکان ......................................................................... ٦٨٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی

ئێمە بۆخۆمان، خۆمان نەناسیوە
قەت بە دوای خۆمان دا نەگەڕاوین
کەوابوو چۆن دەتوانین ڕابردووە دووردەستەکانی خۆمان بناسین

لەو جێگایەی کە پەیوەندی بە پرسی ئێمەوە هەیە، ئێمە لە کوێین و زانیاریمان چەندەیە؟! نیچە

مێژوو، زانستی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوویە. ئەگەر بە بڕوای هێگل، بیر و هزر و ئایین، هاندەری سەرەکی مێژوو بن، مارکس ئەو بابەتە بە ململانێ و کێشەی بەردەوامی لایەنەکانی نێو کۆمەڵگا دەبەستێتەوە. مێژوو لە ناخی ئێمەدایە و بەشێکە لە زات و بوونی ئێمە و قەت بە تەواوی لەبەین ناچێ. ئەگەر مێژوو هەر ڕواڵەتی گێڕانەوە و نەقڵ کردنی ڕووداوەکان بێ، شێوەی بەرتەسک و سەرەتایی بە خۆوە دەگرێ. بەڵام ئەگەر مەبەست زانیاری و ئاگاداری لەسەر بناغەی پەیوەندی و چوارچێوەکانی زاڵ بە سەر ژیان و ڕووداوەکانی ڕابردوو و دۆزینەوەی ناوەڕۆک و هۆ و هۆکاری دیاردەکان بێ، لە ڕواڵەتی مێژووی نەقڵی دێتەدەر و دەبێ بە مێژووی عەقڵی و قەوارەی زانستی بەخۆوە دەگرێ. بۆیە مرۆڤ تەنیا بە تیشکی زانست و زانیاری پێش چاوی ڕوون دەبێتەوە و دەتوانێ ڕابردوو بناسێ و ئامانج و مەبەستەکانی بگەیەنێتە جیلی داهاتوو. مێژوو لە ڕواڵەتی عەقڵی دا، لە بازنەی گێڕانەوە دێتەدەر و ڕەوتی زانستی بە خۆوە دەگرێ. لە ئاکامدا، دەکرێ بگوترێ کە ئاگاداری بە سەر یاسای دیاردەکانی ناو کۆمەڵ، تا ڕادەیەکی زۆر توانایی پێشبینی دیتنی ڕووداوەکانی داهاتوو، مسۆگەر دەکا.

مێژووی حیزبی دێموکرات بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، بە پێی سەردەم و لە کاتی خۆی دا بە تەواوی نەنووسراوە و بە تێپەڕ بوونی زەمان، زۆر شت فەرامۆش کراوە. بەردەوامی شەڕ و کێشە و زەبر و زەنگە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیمەکانی زاڵ بە سەر کوردستان، بۆتە هۆی لە نێوچوونی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان و دەرەتانی ساغ کردنەوەی مێژووی حیزبی دێموکراتی دژوار کردووە. نووسەرانی مێژووی حیزبی دێموکرات، نەیانتوانیوە پەیوەندی نێوان ڕووداوەکانی نێو حیزب و کۆمەڵگای کوردستان، لە ڕەوتی پەرەستاندن و گۆڕانکاری دا بە باشی هەڵنەسەنگێنن و تاوتوێ بکەن. بۆیە زۆربەی ئەو نووسراوانە، تەنیا هەر لە ڕواڵەتی کورتە مێژوو و کۆمەڵێک یاداشت، دانانی ڕووداوەکان لە پاڵ یەکتر و بیرەوەری دا، خۆ دەبیننەوە.

حیزبی دێموکرات بۆ دەیان ساڵ، یاریکەری سەرەکی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کارێکتەری یەکەمی مێژووی نەتەوەیی کورد بوو و ئێستاش ئەو ئەرکە کۆتایی نەهاتووە و بە هەموو کەموکوڕییەکان، حیزبی دێموکرات هەر لە مەیدان دایە و بەرپرسایەتی و ئەرکی گەورەی لە ئەستۆیە. مێژووی حیزبی دێمۆکرات، سەربردەی تایبەتی تاقمێک یان دەستەیەک نییە، بەڵکو مێژووی خەبات و تێکۆشان و کۆڵنەدان و شەڕ و دەربەدەری و ئەشکەنجە و قەتڵیعامی سەدان هەزار ئەندام و لایەنگری ئەو حیزبە، واتا مێژووی نەتەوایەتی میللەتێکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆڵی گرینگ و کاریگەری حیزبی دێموکرات لە قۆناغە جیاوازەکانی جووڵانەوەی کورد دا، ئەو پێویستییەی بۆ ڕووناکبیر و ڕێڕەوانی سیاسی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکهێناوە کە بۆ ناسین و شارەزابوون بە سەر مێژووی ئەو حیزبە، لە ستراتیژی و بەرنامە و کار و تێکۆشان و وردەکارییەکانی ڕابردووی بە وردی بکۆڵنەوە. لە لاپەڕەکانی زێڕینی مێژووی زیاتر لە ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکڕات دا، زۆر کەند و کۆسپ و گیروگرفتی ناوخۆیی و تەشکیلاتی و سیاسی بەدی دەکرێ. بێشک هەڵسەنگانی ژیرانەی ئەو کێشە و گیروگرفتانە بۆ وەلانانی بەربەستەکانی سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان، دەتوانێ ڕێنیشاندەر و یارمەتی دەری جیلی داهاتوو بێ.

ئاشکرایە کە تاوتوێ کردنی مێژووی حیزبی دێموکرات، بێ هەڵسەنگاندن و باس و لێکۆڵینەوە لە سەر مێژووی گشت ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناوچە و زانیاری لەسەر گروپ و ڕێکخراوە سیاسییەکان و هەڵسوکەوتی، وڵاتانی زاڵ بەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان و وەزعییەتی نێونەتەوەیی، کارێکی ناتەواوە.

لەو نووسراوەیەدا، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی نێوان ڕووداوەکان، سەردەم و کات، هەروەها ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و گەشەکردنی دیاردەکان، کارایی و تێکۆشانی کەسەکان، بە زمانێکی ساکار، باس کراوە. بەڵام بە مەبەستی ناساندنی زیاتری حیزبی دێموکرات، ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و چڕوپڕیان بە حیزبەوە هەیە، زۆرتر تاوتوێ کراون و کەوتوونە بەر باس.

ئاشکرایە نووسینی مێژووی حیزبێکی لە مێژینەی کارا، کاری دەستەیەکی پسپۆڕ و شارەزایە و بۆ تاکە کەسێک، کارێکی سەخت و دژوارە. ڕەنگە ئەو نووسراوەیەش لە هەڵە و پەڵە بە دوور نەبێ بۆیە تەنیا هیوادارم توانرابێ تا ڕادەیەک زیاتر مێژووی حیزبی دێموکرات ڕوون کرابێتەوە.

**قاسم قازی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ١

## لە پەراوێزی مێژووی کورد دا

کورد وەک یەکێک لە نەتەوە سەرەکییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، دائیم لە ژێر هێرش و پێخوست و وێرانکاریی دەوڵەتانی ئیمپڕاتوور و دیکتاتۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای دوور و ئورۆپا دا بووە. لەو شەڕانەدا، خەڵکی کورد، یان ماڵ و حاڵی وێران کراوە و لە زێدی خۆی هەڵقەندراوە، یان قەتڵیعام و ژێنۆساید کراوە. سەرەڕای هەمـوو ئەو پەلامار و وێرانکاریانە، کورد تا ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر، یەکەیەکی جوغڕافیایی یەکپارچە بوو کە یان بە هۆی پاشا و حاکمانی کورد، یان بە هۆی حاکم و میرانی کوردی ژێردەستەڵاتی دەوڵەتانی داگیرکەر بەڕێوە چووە.

یەکەم دابەش بوونی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی "چاڵدیران" کە لە ٢٣ی ئاگۆستی ١٥١٤دا لە نێوان شا ئیسماعیلی سەفەوی و سوڵتان سەلیمی عوسمانی ڕووی دا و بە شکانی لەشکری ئێران کۆتایی هات. ئەو شەڕە سەرەتای دابەشبوونی خاکی کوردستان بوو بەڵام دابەش بوونی فەرمی کوردستان، دوای دەیان ساڵ شەڕ و بەربەرەکانی، سەرەتا لە ساڵی ١٥٥٥ لە دوای سەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی گەورە بە سەر شا "تەهماسب"ی یەکەمدا ڕووی دا. ئەو دابەشکردنە دواتر، بە شکانی شا "سەفیەدین"ی یەکەم لە شەڕ لەگەڵ سوڵتان "موراد"ی چوارەم لە ساڵی ١٦٣٩دا ڕەسمییەتی پێدرا و لە شارۆچکەی "زەهاو" پەیمان بەسترا و سێ لەسەر چواری خاکی کوردستان کەوتە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی. تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشبوونی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی تورک بە دوو بەشی سووریە و عێراق، بوو بە هۆی ئەوە کە خاکی کوردستان بۆ جارێکی دیکەش لەت لەت بکرێ و ببێ بە چوار پارچە. دابەش بوون و ژێردەستەیی و زاڵبوونی فەرهەنگ و کەلەپووری وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستان دا، زیانی گەورە و قەرەبوونەکراوی بە یەکیتی نەتەوەیی و یەکریزی کوردان گەیاند.

دیارە لە پێشوودا زۆربەی میر و حاکمانی کورد قەت ملیان بۆ ئەو دابەش بوونانە ڕانەکێشا و ئەوان بۆ پاراستنی نیمچە دەستەڵاتەکەیان، تووشی زۆر شەڕ و بەرخۆدانی گەورە بوون. هەوڵی دەوڵەتانی سەفەوی و عوسمانیی بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کوردستاندا و دەستەمۆ کردنی سەرۆک خێڵە کوردەکان، تەنانەت بە هاوکاری کردن لەگەڵ یەک، قەت بە تەواوی سەری نەگرت.

یەکێک لە ڕاپەڕینە حەماسییەکان کورد، بەربەرەکانی خانی "لەپ زێڕین" لە ساڵی ١٦٠٨دا لە ناوچەی برادۆست، لە قەڵای "دمدم" بوو کە دوای شەڕێکی قارەمانانە، کوردەکانی ئەو ناوچەیە و خەڵکی موکوریان بە تاوانی پشتیوانی لە ئەمیرخانی برادۆست، بە هۆی لەشکری قزڵباشی شاە عەباس سەفەوی، قەتڵی عام و قەڵاچۆ کران.

هەر لە چوارچێوەی دەستەڵاتی حاکمانی کورد، ئەردەڵانەکان لە شاری سنە تا ساڵی ١٨٦٥ لەسەر حوکم بوون و خان "ئەحمەد خان" لە سنە بوو بە پاشا و پێنج ساڵان سنە و ساباڵغ و بەشێکی گەورەی وڵاتی عێراقی تا شاری موسڵی بە دەستەوە بووە.

دوا ڕاپەڕینی گەورەی کورد کە لە ڕاستیدا یەکەم جوڵانەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوو، ڕاپەڕینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێخ عوبیدوڵای نەهرێ لەساڵی ١٨٨٠ دا بوو کە بە هۆی دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی تێکشکا و لە ساڵی ١٨٨١دا هەمزاغای مەنگوڕ، یەکێک لەسەرکردەکانی گەورەی ئەو ڕاپەڕینە، لە لایەن ئەمیر نیزامی گەڕوسی بە فێڵ کوژرا.

ناوەندی دەستەڵاتداری حاکمانی کورد، بەرتەسک و کورت و بێ پەیوەندی و هاوکاری کردن لەگەڵ یەکدابوو و ئەو کوژران و کوشت و بڕ و وێرانکاریانە و نەبوونی دەستەڵاتێکی سەقامگیری کورد بۆ چەند سەدە، کاریگەریی لەسەر گشت بیر و فەرهەنگ و ئایین و کولتووری گەلی کورد دانا.

هەرچەند ڕەنگدانەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد لە نووسراوەکانی "فەقێ تەیران" و "مەلای جەزیری" و "ئەحمەدی خانی" لە سەدەی ١٧ دا سەری هەڵدا، بەڵام بە هێز بوونی ئایین ئیسلام لە ناو کوردان دا بوو بە کۆسپی سەرەکی لەسەر پەرەگرتن و گەشە کردنی بیری نەتەوایەتی کورد و ئەگەر ڕێبەرانی کورد ڕووشیان لە سوڵتانەکانی عوسمانی وەرگێڕابا، هەر ڕوو بە مەککە ڕادەوەستان.

لە بواری پەیوەندی و دیپلۆماسی لە گەڵ دنیای دەرەوە، ڕێبەر و حاکمانی کورد، زۆرتر پەیوەندیان بە میسونێرەکانی مەزهەبییەوە هەبووە. لەو پەیوەندییەدا لە ساڵی١٩٠دا کونسولی فەرهەنگی ڕووس لە مەهاباد کراوە و لە ساڵەکانی ١٩٠٦ و ١٩٠٧ زایینی، شیخ بابای غەوسابات، بە هاودەنگی لەگەڵ حەمەحوسێن خان و سەیفەدین خانی سەقز و حەمەخانی بانە، بۆ ئازادی کوردستان پەیوەندیان بە ڕووسانەوە گرت.

بە گشتی مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا کۆتایەکانی شەڕی یەکەمی جێهانی، زۆر جار بە هۆی حاکمانی دیاری کراوی دەوڵەت، چ کورد و چ غەیرە کورد، بە مەبەستی ئەستاندنی باج و سەرانە و کۆ کردنەوەی هێزی شەڕکەر بۆ ناوەند، بەڕێوە دەچووە. بە دەگمەن هەڵکەوتووە کە هەڵسوکەوتی ئەو حاکمانە، لەگەڵ خەڵک، کەمێک عادڵانە و مرۆڤانە بوو بێ. بۆیە زۆرجار عەشایری کورد لە دژی ئاکاریی ئەو حاکمانە ڕاپەڕیون و بەرهەڵەست و دژایەتی توندیان کردوون و بۆ ماوەیەکیش دەستەڵاتیان لێ ئەستاندوون.

سەرەڕای ئەو هەمووە خەبات و هەوڵ و تێکۆشانی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی، دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا، بە کەمترین مافی ئینسانی بۆ کورد ڕازی نەبوون و تەنانەت ئەو حەق و ماڤانەشیان نەداوە کە بۆخۆیان لە یاسای گشتی وڵات دا پەسەندیان کردوون.

لە کۆتاییەکانی سەردەمی قاجار دا، قازی فەتاح لە مەهاباد زۆری هەوڵ دا تا کورد بەخودموختاری بگا. لەوبارەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٦ دا بە قەڵەمی سالاری کوڕی میرزا فەتاح ئاوا هاتووە:

ستەمی پادشاکانی قاجاری دەگەڵ کوردان بە پایەیەکی گەیشت بوو هەر حکومەتێکی بۆ مەهابادیان ناردبا وەکو ئەسیر و جاریە و عەبدی زەمانی فترەت، تەواوی کوردانیان بە پووڵێک پێ دەفرۆشتن و فەرمانی فەعالی مایوریدیان دەدانێ. بەڵام مەرحومی میرزا فەتاح ڕەویەی میللەت دۆستی و نیشتیمان پەرەستی لە دەست نەدەدا. بە عەزمی ئاسنینی خۆی دیفاعی لێدەکردن تا بەو پایەی گەیاند ڕیشەی ستەم و پوڵ ئەستاندنی حکومەتانی لە خاکی کوردستانی بڕی و وەزعییەتێکی نیزیک لە خۆدموختاری وەدەست کوردان کەوت. دە نەتیجەدا وەزعی حکومەتەکان لە کوردستان خراپ بوو. ناچار بۆ لابردنی ئەو، وەزعی خەراپی خۆیان بە درۆ و دەلەسە میرزا فەتاحیان فریودا بردیانە تەورێز. لەوێ هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەڕامێکی بووی بە درۆ قبووڵیان کرد و دڵنیایان کرد. لە پاش چەند ڕۆژێکی لە خانووبەرەی ئیالەتی دا بە دوو فەوج پێشمەرگەوە دەوریاندا گرتیان و بۆ تارانیان بەڕێ کرد. یازدە ساڵان بەماڵ و منداڵیوە ڕایانگرت. لە ساڵی دوازدەیدا تورکان بۆ سنووری ئێرانی دەست دریژیان کرد. ئێرانی چارەیان پێنەدەکرا ناچار بۆ پێشگرتنی وان چاکەیەکی زۆریان دەگەڵ کرد بۆ مەهابادیان بەڕێ کردەوە و لە پاش هاتنەوەی دەستی لە ئەفکاری غیورانە خۆی نەکیشاوە و لە ڕێی میللەت دۆستی و نیشتمانپەرەستی دا مینەتی دەکیشا و تا دوامین دەقیقەی ژیانی لە هیچ خۆدەپێناوونانێک لە ڕێی میللەت دا کۆتایی نەکرد.

دوکتور ڕەحیمی قازی هەر لەو پێیەدا، لە لاپەڕەی ٥٢ی کتێبی "بزوتنەوەی ڕەزگاری... " بە ئاماژە بە ئاڕشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠ی حیزبی کومونیستی ئازەربایجان، لە سەر کەسایەتی قازی فەتاح دەنووسێ: ... یەکەمین کارێکی کە قازی فەتاح کردی ئەمە بوو ماف و دەستەڵاتی ئەم حاکمانەی ڕێک کوشی وە لە ئەنجامدا هیچ حاکمێک نەیدەتوانی لەبەر قازی فەتاح ڕوو بکاتە سابلاغ. لە ساڵەکانی ۱۸۹۵-۱۹۰۳ دا مەڵبەندی موکریان لەژێر سەرۆکایەتیی قازی فەتاح دا سەربەخۆ بوو وە تەواوی کاروباری ئەو مەڵبەندە لەلایەن کوردانەوە بەڕیوە دەبردرا وە یەکەمین هەنگاوێکی کە هەڵیان هێناوە ئەمە بوو کە باجیان بە دەوڵەتی ئێران نەدەدا. قازی فەتاح بەوەش ڕانەوەستاوە لە پەستا داوخواز و داوای گەورەی سیاسی و ئابووری بۆ کوردستان دەرکرد لە دەوڵەتی ئێران...

جان چالێنکۆ لە کتێبی "وێنەکانی گەمەی دوایی" دا کە حەسەن قازی وەریگێڕاوەتەوە و سایتی ئێنترنێتی دا بڵاوی کردوتەوە لە بەندی ۹ دا لەژێر ناوی "بانگەشەدەرانی لایەنگری ترک" بە ڕێکەوتی فێبرییەی ۱۹۱۳ دا دوای ئەوە باسی کۆ کردنەوە یارمەتی بۆ تورکان بە هۆی قازی عەلی دەکا، لەسەر قازی فەتاح دەنووسێ:

### دەک و دۆڵابی قازیی فەتتاح لە نێو مەنگوڕ و مامەشان دا

لە کاتیکدا قازیی عەلی هەرایەکی گەورەی ناوەتەوە بە قازانجی تورکان، گەورەی قازییەکان، قازیی فەتتاح، بە مەبەستی دەستکەوتی شەخسی، بە قووڵی تێوەگلاوە بۆ وروژاندن و هاندانی سەرۆک عەشیرەتەکان. ئەو بە گژ یەکتریان دا دەکا بە مەبەستی ئاشکرای کێشە نانەوە و ناخۆشی بۆ ئەوەی خۆی و خزمەکانی بکرێ دەوری ناوبژیوان بگێڕن و هاوکات کۆچەرە گەوجەکان بڕووتیننەوە، کە تا ئەوکاتی سەگ و شوانیان دێتەوە.

لە بەر کینە و دوژمناتەتییەکی کۆنینە بە دژی حاکمی ساوجبولاغ، سەرداری موکری، قازیی فەتتاح هاوکات عەشیرەتە کوردەکان هان دەدا کە سەری وەبەر نەهێنن و لە نێو ئەواندا دەنگۆی ئەوتۆ بڵاو دەکاتەوە کە سەرداری موکری لە سەر پلەی حکوومەتی ساوجبولاغ لا دراوە و تەنانەت گیراوە و لە ژێر چاوەدیری قەرەوڵی چەکدار گوێزراوەتەوە بۆ تەورێز. بەو جۆرە مێتودانە ئەو تالانچییە سەر بە دۆڵابە کەم تا زۆر ئاستێک لە وروژان و هەیەجان لە نێو کۆچەرەکان دا دەپارێزێ، کە جاروبار کاردانەوەی هەیە لە سەر پێوەندی ئەوان لە گەڵ دەستەڵاتدارانی خۆجێی دا. بە ڕێکەوت ، ئێستا ڕوون بووەتەوە کە قازیی فەتتاح دڵی هەمزاغای مامەشی سارد کردەوە کە بێتە ساوجبولاغ و لە گەڵ ئامۆزاکەی خۆی قەرەنی ئاغای مامەش ئاشت بێتەوە، بە پێمل کردنی بەوەی کە هەر پێی لە ساوجبولاغ بنێ دەستبەجێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگیرێ و دەیبەنە تەورێز، بەوپێیە تازە قەتی چاو بە لاجان ناکەوێتەوە.

جان چالێنکۆ لە درێژەدا باسی بێ توانایی و لاوازی حاکمانی کوردی موکری سەر بە دەوڵەت دەکا و دەنووسێ:

دەستەوەستانی و بێ کیفایەتی دەستەڵاتدارانی خۆجێی

حاکمی ساوجبولاغ، سەرداری موکری، بە خسڵەتی نابەرپرسیارەتی کوردی، تەنبەڵی و لاواز بوونی کەسایەتی خۆیەوە نەک تەنیا هێزی ئیرادە و وره‌ی پێویستی نییە، بەڵکوو ئەو لێبڕاوییەشی نییە کە بتوانێ بەڕیوەبردنی هاونیشتمانانی چارەسەر بکا. کابرایەکە کە بەتەواوی مانای وشە گنخاو و بوودەڵە و بە هیچ جۆرە لێی ناوەشێتەوە کە دەوری حاکمی (ناوچە) بگێڕێ، پلەیەکی کە بەو ئەسپێردراوە لە کوردستان دا حەوجێی بە بڕیار بوون و توانای ئەوە هەیە کە عەشیرەت و سەرۆکەکانیان وا لێبکا سەر وەبەر ئیرادە و فەرمانی حکوومەت بهێنن. عەشیرەتەکانی موکری بە ئاگاداری تەواو لە کەمایەسییەکانی حاکمەکەیان بۆچوونێکی خەمساری لە ئاست فەرمانەکانی وی نیشان دەدەن و تەنێ ئەوەندە لە قسەکانی جێ بە جێ دەکەن کە لە قازانجی خۆیان دا بێ و زۆر جار بە تەواوی هیچ گوێیان پێی نابزوێ. تا ئەوکاتەی کە فەوجی پیادەی سەراوی عەلی سوڵتان و سەربازانی فەوجی قەزوێنێ لە سێپتامبری ساڵی ڕابردوو دا (لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە) لە بەر دەست سەرداری موکری نران و لە ساوجبولاغ بوون، عەشیرەت و سەرۆکەکانیان فەرمانەکانی سەرداری موکرییان بە حورمەتەوە بە شێوەیەکی لەبار جێبەجێ دەکرد بێ ئەوەی چ جۆرە دڵەڕاوکەیەک بنوێنن. لە گەڵ ئەوەشدا، هەر کە حاکمی گشتی ئازەربایجان، شوجاعودەولە بە پێویستی زانی کە لە سەرەتای مانگی ژانڤییە دا عەلی سوڵتان بانگ بکاتەوە تەورێز، دەستبەجێ دەنگۆی ئەوەی، کە "عەجەمەکان " (واتە، ئێرانییەکان، شیعەکان) چی دیکە نین و حکوومەت بۆ خۆی هەڵوەشاوە بڵاو بووەوە و هەموو کوردستانی گرتەوە. ئەو بڕیارە بە پەلە، ناعادڵانە و نە پێویستەی کێشانەوەی هێزی پیادە لە ساوجبولاغ، لەگەڵ دەک و دۆڵابەکانی قازیی فەتتاح کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، بار و دۆخەکەی زۆر بە مەترسی لێ کردووە کە تێیدا هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان نەک هەر گوێ نادەنە دەستەڵاتداری حاکمی ساوجبولاغ و بە فەرمی ناناسن، بەڵکوو بە ئاشکرا سووکایەتی بەو فەرمانانەش دەکەن کە ڕاستەوخۆ لە لایەن شوجاعودەولە خۆی لە تەورێزەوە دێن.

کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران لە سەردەمی دەستەڵاتداریی ڕەزاشا دا، توشی زۆر کۆستی گەورە بوو و هێندێک لە سەرانی عەشایری کورد بە دژی زوڵم و زۆریی ئەو ڕاپەڕین، و زەبری گورچووبڕیان لە هێزەکانی دەوڵەت وەشاند بەڵام هیچ کام نەیانتوانی سەرکەوتنی ئەوتۆ بەدەست بێنن. ئامانجەکانی زۆربەی ئەو ڕاپەڕینانە دەکەونە نێو خانەی خۆبەڕێوەبەریی بچووک و مانەوە لە داموودەزگای بچووکی عەشیرەیی دا.

لەم قۆناغەدا، ناسیونالیزم کە دیاردەیەکی ئوڕووپایی و لە سەدەی ١٩ و ٢٠ دا لە ئوڕووپا پەرەی ئەستاند بوو و مسیونێرەکانی ئایینی نیشتەجێی کوردستان لە پەرەدانی دا دەستی باڵایان هەبوو، بە ڕادەیەکی کەم، لە هزر و بیری نیشتمانپەروەرانی کورد دا جێی کردبووە.

تا بەر لە هاتنی ڕەزاشا، هێندێک لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئینگلیس پشتیوانیان لە سەربەخۆیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان کردبوو و ڕۆژنامەی "ستارەی ئێران" لە ١٣ی ڕەزبەری ١٣٠٠دا ئاماژە بەوە دەکا کە سەرگورد نۆئێل بە سەر کوردستان دا هەڵفڕیوە و ئاگاداریی بە دژی دەوڵەتی ناوەندی بڵاو کردۆتەوە و داوای سەربەخۆیی کوردستان و پشتیوانی کردن لە سەردار ڕەشیدی کردوە.

پشتیوانی لە مافی نەتەوەکانی ژێردەستە لە بەرنامەی کاری لنینیش دا هەبوو و بەر لە گەیشتن بە دەسەڵات، بە ڕوانگەیەکی پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕانەی دەزانی، بەڵام بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبردا، لنین دەسەڵاتی کرێکارانی کردە مەبەستی سەرەکی. هەروەها ١٤ مادەی ویلسۆن سەرکۆماری ئەمریکا، کاریگەری زۆری لەسەر ئەو وڵاتانە هەبوو کە هێزی نیشتمانی بە هێز و بە توانایان هەبوو و بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا دا یەکی دەگرتەوە.

لە بواری فەرهەنگی لە کوردستان دا تا کۆتایی سەدەی بیستەم، هیچ نووسراوەیەکی فەرمی چاپی، جیا لە ڕۆژنامەی کوردستانی چاپی قاهیرە، بەدی ناکرێ. شێعری چەند شاعیری گەورە، تەنیا تاق و لۆق لە چەند نوسخەدا تۆمار کراون و خزێنەی گەورە ئەدەبی کورد زۆرتر لە خانە مێشکی ئەدەب دۆستان دا، بە شێوەی زارەکی پارێزرابوو. لە ساڵی ١٨٩٨دا یەک ساڵ دوای کوچی دوایی حاجی قادر، بە هۆی مەدحەت بەدرخان لە ٢٢ی ئاوریل لە شاری قاهیرەدا، ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوە. مەدحەت بەدرخان مەجبوور بوو ژمارەکانی دیکەی ئەو ڕۆژنامەیە، لە وڵاتانی میسر و ئینگلستان و سویس بە چاپ بگەیەنێ.

لە بواری ئایینی و مەزهەبی "ئۆژن ئۆبن" سەفیری فەڕانسە لە لاپەڕەی ١١٥ی "ئێرانی ئەوڕۆ" دا لە سەفەری ساڵەکانی ١٩٠٦ - ١٩٠٧دا باسی دەڤەری موکوریان دەکا و دەنووسێ کە ئەوکات دوو تەریقەتی سۆفیگەری "قادری" و "نەقشبەندی" بۆ ڕاکێشانی لایەنگر هەوڵیان داوە و چوونکە لایەنگری نەقشبەندی زۆرتر بوون، دەوڵەت لایەنگری لە قادرییەکان کردووە.

قادرییەکان لایەنگری سەید عەبدولقادری گیلانیین(٥٦١ – ٤٧١) بەڵام هەر لەو تەریقەتە دا کەسانی وا هەن کە خۆیان بە شێخی بوخارایە (خاجە بەهائەدین محەممەد بوخارایی نەقشبەندی ٧٩١ - ٧١٨) دەبەستنەوە. بە بڕوای ئۆژن کوردەکان زۆرتر پێیانخۆشە لایەنگری لە شێخەکانی خۆیان بکەن کە لە قوتابخانەکانی کوردستان دا فێری زانست و بە پارێز و تەقوا گەورە ببوون. ئۆژن باسی دوو کەسایەتی ئەوکاتی کوردستان دەکا کە یەکیان پیاوێکی کوێر بوو بە ناوی شێخ شەمسەدین شەرەفکەندی کە ٣٠ هەزار مریدی هەبوو. ئەوی دیکە شێخی زەنبیل، حاجی سەید کەریم بوو کە ٥٠ هەزار مریدی هەبوو.

ناوچەی موکریان زیاتر لەژێر شوێنەوار و کاریگەریی شێخی بورها ندا بوو. زۆربەی کەسایەتییە ئایینی و نیشتمانپەروەرانی ئەو مەڵبەندە بوونە مریدی ئەو. بە پێی وتاری مامۆستا هێمن کە لە گۆڤاری نیشتمان دا بلاو کراوەتەوە، کاتێک میری ڕەواندز لە ساڵی ١٢٣١ی هیجری دا، دوای داگیرکردنی سۆما و برادۆست ویستی بە ڕێگای لاجاندا بگەڕێتەوە بۆ ڕەواندوز، خەڵکی ئاوایی نەڵۆس کە پێیانوابوو هێزی میر شکاوە، گەپیان پێداوە و قەبو قەبویان لێ کێشاوە. میر تووڕە بووە و کوشتارێکی زۆری لێکردوون. تەنیا ژنێک بە منالێکی شیرەخۆرەوە نەجاتی بوو. ئەو هەڵاتووە و لە گوندی عیساکەندی مەهاباد گیرساوەتەوە. کوڕەکە نێوی "وسوو" بووە و بۆتە گوێلکەوانی ماڵی ئاغا. وسوو دەبینێ کە لە ئاوایی دا فەقێ دەچنە لای مەلا و دەرس دەخوێنن، ئەویش تێکەڵ بە فەقێیان بووە و خەریکی دەرس خوێندن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێ. ئاغا هەڕەشەی لێدەکا و وسوو لە دایکی ئیزن وەردەگرێ و دەچێتە مەهاباد و لە مزگەوتی "ڕۆستەمبەگ" دەست دەکا بە دەرس خوێندن. پاشان دەکەوێتە سەر هەوای سۆفیگەری و خەون بە شێخ عوسمانی سراجەدینی تەوێڵە دەبینێ و ئارەزووی دیتنی دەکا. وسوو چەندساڵ لەوێ ڕیازەتی کێشاوە و لە لایەن شێخ فەرمانی پێکراوە کە بۆ ئیرشاد بگەڕێتەوە بۆ موکریان. مەلا وسوو گەڕاوە و لە گووندی بورهان نیشتەجێ بوو و بە شەمسەدینی بورهانی بە ناوبانگ بوو. ئەو دوای چەندساڵ چووە گوندی شەرەفکەند و لەوێ خانەقای دروست کرد و دەستی بە ئیرشاد کرد.

مامۆستا هەژار، لە چێشتی مجێور دا دەنووسێ:

شێخی بورهان لە ئاوایی بورهان گیرساوەتەوە. بە هۆی مریدان، زمینی ئاغایان ڕەعەمەل هێناوە و میوانداری لە خەڵک کردوە. زۆربەی خەڵکی ناوچەی موکوریان، تا ئاراڕات و شاری خۆ و سەڵماس و تالش و بە تایبەتی کەسایەتییە گەورەکان مریدی بوون. ئەو داوای کەشف و کەرامەتی نەکردوە و لە شەرع لای نەداوە. دوایە بۆتە ساحەبی گوندی شەرەفکەند و لە قشڵاغی ئەو ئاوایە، خانەقایەکی دروست کردوە.

شێخی بورهان لە ساڵی ١٣٢٨ی هیجری لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە. مامۆستا هێمن لەسەر کەسایەتی شێخ دەنووسێ: شێخ یوسف پیاوێکی زۆر موتەعەسیب بوو بۆ قەومی کورد. هەمیشە بە کوردی پەتی دوواوە، بە فەرمانی ئەم زاتە موقەددەسە گەلێک کتێبی شەرعی وەکوو (ئیبنی حەجەر) لە لایەن مەلاکانەوە کراوەتە کوردی. ماڵ و دراو نەیتوانیوە هێز بخاتە سەر مێشکی. دەوڵەمەند و هەژار لەبەر چاوی وەک یەک بوو. خوای لێ‌خۆش بێ.

یەکێک لە مریدانی گەورەی شێخ، ناوی مەولانا سادق بوو کە وەکیلی شێخ بووە و بە سەر موڵک و ماڵی ئەو ڕاگەیشتووە و کەسێکی کارامە و بە مشوور بوو. پردی قەرەقشڵاغ و قەڵاتاسیان و جادی بەسری بە دەستووری ئەو دروست کران. مەولانا لە ١٣٣٨دا کۆچی کرد کە بە ساڵی گرانی بەناوبانگە و ئەو لەوکات دا خەڵکی هەژاری ناوچەی سەردەشتی لە مردن ڕەزگار کرد.

بە دوای مردنی شێخی بورهان دا، شێخ محەممەدی کوڕی بوو بە جێگری بابی کە مەلایەکی بە ناوبانگ و گەورە بوو. ئەو داوای شێخایەتی نەکرد و تەنیا خەریکی کاری دەرس گوتنەوە و فتوای شەرعی بوو.

## کێشەی نێونەتەوەی و ناکۆکی نێو عەشایر بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی

بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، کێشی کورد لە ژێر کاریگەری ٢ ولاتی ئیمپراتووری ڕووس و عوسمانی و هەروەها دەوڵەتی ئێران دا بوو. ڕێژیمی ئێران بێدەستەڵات و زۆرتر لە ژێر هێژموونی ڕووسان دا، عەشایری کوردی هان دەدا کە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی ملکەچی ڕووسان بن. بەڵام عەشاییری کورد بە هۆی باری دینی زیاتر لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی بوون و لە کاتی سەرکەوتنی ڕووسان دا، مەجبوور بوون لەچوارچیوەی هەڵسووکەوت و بڕیارەکانی ئەو وڵاتەدا بجووڵێنەوە. سەرکەوتن و لاواز بوون و شکانی هەرکام لەو وڵاتانە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کورد هەبوو و ئەوەی بەگشتی کورد لەو شەڕ و کێشانە دا پێی دەبڕا، ماڵویرانی و چارەرەشی و کوشت و کوشتار بوو.

کونسوولی وڵاتانی ئیمپڕاتوور، لە بەهێز کردنی جێ پێی وڵاتانی خۆیان لە کوردستان دا، بەدەستەڵات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کاریگەری زۆریان هەبوو و ئەوان زۆر جار ڕادەی پێویستی هێزی وڵاتی خۆیان دیاری دەکرد و تەنانەت جاری وابوو حاکمانی ناوچەیی ئیرانیشیان دەستنیشان دەکرد.

جان چالێنکۆ لە کتێبی "وێنەکانی گەمەی دوایی" دا کە بە هۆی وێنووسی ڕوانگە بڵاو بۆتەوە، لە بەندی ٩ دا، ڕاپۆرتێک کە "ئیاس" بەرپرسی کونسوولخانەی ڕووس لە مەهاباد نووسیۆتی بڵاو دەکاتەوە. ئیاس فارسی و تورکی و کوردی دەزانی و ئەزموونی ١٠ ساڵ کار لە ناوچەکانی ئێرانی هەبوو. ئەو بە بەربڵاوی باسی کۆ کردنەوەی یارمەتی بۆ تورکان و کێشە و دووبەرەکی عەشایری کورد و هەڵوێستی ڕووس و حاکمانی ئیران دەکا و دەنووسێ: گوزاریشت سەبارەت بە ڕووداوەکانی هەرێم و قەڵەمڕۆی کۆنسوولخانەی شایانەی ڕووسییە لە ساوجبولاغ (سابڵاغ) بۆ مانگی فێڤرییەی ١٩١٣ نهێنی

**کۆکردنەوەی باربوو بۆ ترکەکان:**

دەستپێکردنەوەی دوژمنایەتی لە ئورووپا لە نێوان دەوڵەتەکانی فێدراسیۆنی باڵکان و تورکیا جارێکی دیکە بوو بە هەوێنی وەخۆکەوتنی بە هەڵپە و هەیەجانی لایەنگرانی خۆجێی تورکەکان. هەر وەک ڕابردوو، یەک لە کەسانی هەرە چالاک لە نێو ئەواندا، یەک لە ئەندامانی بە هەژمار گەورەی بنەماڵەی قازییەکان لە ساوجبولاغ، قازیی عەلییە. ئەو پشتیوانە هەرە توندەی تورکەکان، هەموو ڕۆژانی جومعە لە مزگەوتی سەرەکی شاری دا نوێژ و دۆعای گشتی بۆ سەرکەوتنی ئۆردووی تورکیا وەڕێ دەخا. لەوەش زیاتر ئەو زۆر بە گەرمە دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی باربوو بۆ تورکەکان لە خەباتی خۆیاندا بە دژی "کافر"ە مەلعوونەکان.

سەرەڕای گلەیی و سکاڵای ئەو دواییانە لێرە لە هەمبەر چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری تورکەکان، دەمی کیسەی خەڵک بە فەرمانی قازیی عەلی بە سەرسوررمانەوە کراوەتەوە و باربوو چ کەم بێ یان زۆر لە بن دەستی چنۆکی ویدا وەک وفووری نێعمەت وەبەرچاو دێ. بۆ وێنە حاجی ئێلخانی دێبۆکری، گوڵاوییاغا، پیرۆت ئاغا و گەورە پیاوانی دیکەی دێبۆکری دەستبەجێ ٦٠٠ تمەنیان باربووی تورکەکان کرد بە بێ ئەوەی ڕامێنن. خاوەن موڵکانی بەگزادەش ٤٠٠ تمەنیان باربوو کردووە. تاجرە سونییەکانی ساوجبولاغ بەیەکەوە هەر لە جومعەیەکدا ١٥٠٠ تمەنیان کۆ کردووەتەوە. بە گشتی لە ماوەیەکی کورت دا نزیکەی ٣٠٠٠ تمەن لە لایەن کەسانی جۆربەجۆرەوە لە ساوجبولاغ وەکوو باربوو پێشکێش کراوە.

جان چالێنکۆ دوایە، لە زمانی ئیاس دا، باسی بێ کیفایەتی حاکمانی سەر بە دەوڵەت و ئاژاوەگێڕی قازی فەتاح بۆ هاندانی عەشیرەتان بە دژی حاکمی سابڵاغ دەکا و دەنووسێ:

دۆڵاب و پیلان نانەوەی تورکەکان لە سەردەشت و لاجان:

لە نێوەڕاست مانگی فێڤرییە دا شێخ جەلالەدین هێندێک دەسکیسی تورکانی ناردە ئەو ناوچانەی کێشەیان لە سەرە (شێخ جەلال بۆ خۆی لە تورکیا! لە نزیک ڕایات لە شوێنێک دەژی کە پێی دەڵێن زینوێ و تاڕادەیەک لە نێو ئەو گەورک و پڵباسانەی لە ناوچەکانی سنووری دەژین دەستی دەڕوا) و بۆ خۆشی سەری لە سەردەشت و لاجان هەڵهێنا. ئەو مەئموورانە سەریان لە وارگەی زستانی ئەو عەشیرەتانەی لە سەرەوە باسیان کرا هەڵهێنا. کە لە سەردەشت ، بەری مەرگەی و کۆنە لاجان هەڵکەوتوون لە شان هەردوو بەری چۆمی بادیناوێ و بە کوردەکانیان ڕاگەیاند کە چوار ئۆردووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربازانی تورک گەیشتوونەتە ڕایات و لەماوەی چەند ڕۆژان دا بەرەو خاکی ئێران دەبزوون. لە هەمان کات دا ئەوان داوایان لە کوردەکان کرد دەست بە کار بن بۆ سازکردنەوە و دروستکردنەوەی ئەو ڕێیانەی بەرەو تورکیا دەچن. ئەو گوزاریشتە درۆ و ناڕاستانە بوونە هۆی شادی و خۆشییەکی زۆر دە نێو پشتیوانانی تورکەکان دا – بە تایبەتی لەنێو تیرەی بایزپاشای مەنگوڕ و هەمزاغای مامەش دا، کە شایی و جێژنی گەورەیان ساز کرد بە بیستنی ئەو خەبەرە و دوایە پیاویان نارد بۆ ماشتنی بەفری تێپەڕگەکانی ڕێگەی ڕایات. لە هەمان کاتدا، هەر دەنگۆی ئاوا ژمارەی دانیشتوانی لاجانی تازە و سندووسی کەم کردەوە و ئەوپەڕی غەم و نائومێدی تێدا پێک هینان و کارێکی ئەوتۆی کرد قەرەنی ئاغای مامەش و هێندێک لە خانە قەرەپەپاغەکان بە پەلەپڕووزە خۆیان بگەیێنە ساوجبولاغ. بۆ من بە هیچ جۆر ئەرکێکی هاسان نەبوو دڵنیایان کەم کە ئەو قسانەی لەمەڕ هاتنەوەی زوو بە زووی تورکەکان دەکرێ درۆیەکی بە تەواوی ڕووت بێ.

**جان چالێنکۆ لە درێژە دا دەنووسێ:**

بە پێی دوایین ئاگاداری پێم گەیشتووە، بایزی خدراغای گەورک (ئەمن لە دوایین گوزاریشتی خۆم دا باسم کرد؛ ئەو نایبولحکوومەی (جێگری حاکم) پێشووی سەردەشتە و ئێستا لە دێی پاراست(تان، وەرگێڕی کوردی) دادەنیشێ بە سەرکەوتوویییەوە هەتا دێ زیاتر و زیاتر دەستوپێوەند لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە. ئەو لەودوایییانە دا لە گەڵ دوژمنی کۆنینەی خۆی بایزپاشای مەنگوڕ ئاشت بووەتەوە، و ئەو دوانە بەیەکەوە پەیمانێکی نهێنییان بەستووە کە بە دوو قۆڵی لە بەهارێ دا هێرش بکەنە سەر سەردەشت بە مەبەستی دەرپەڕاندن و دەرکردنی نایوبولحکوومەی ئێستا، عەلیاغای گەورک و سەرۆکی گوومرگ. تاجرەکانی سەردەشتی کە سات و سەودایەکی گەورەی چەرەس و چرێشیان لە گەڵ ساوجبولاغ هەیە، هەتا بڵێی نیگەرانن و ترسی ئەوەیان ڕێنیشتووە گەورک و مەنگوڕان شتوومەک و بارەکانیان تاڵان کەن.

هەر لە درێژەی ئەو باسە دا، جان چالێنکۆ لە کتێبەکەی دا دەنووسێ: دابڕانی بەگزادەکانی بانە

کاتێک بەگزادەی بانە ئاگادار کران کە دەبیری دەربار (لە گوزاریشتی ژانڤییە دا باسی کرابوو) بە سەرۆکی مەڵبەند دیاری کراوە، ئەوان وڵامیان بۆ نارد کە بە هیچ جۆر ڕێگەی پێ نادەن بێتە نێو بانە. لە هەمان کاتدا ئەوان سەرۆکی گوومرگ و ماڵییە و ماڵیات کۆکەرەوەکانیان دەرکرد و شیکردنەوەیەکی بە وردەڕیشاڵ و درێژیان بۆ حاکمی ساوجبولاغ، سەرداری موکری نارد. ئەوان داوایان لێکرد بە حکوومەت ڕابگەیێنێ کە تاکوو ئێستا سەرۆکی مەڵبەند هەمیشە لە نێو ئەندامانی خۆیاندا هەڵبژێردراوە و داوا دەکەن ئەو شێوازە بپارێزدرێ و بەڕێوە بچێ، و هەروەها تا ئەوکاتەی دەبیری دەربار لە سەر کار بمێنێتەوە ئەوان هێچ جۆرە ماڵیات و سەرانەیەک نادەن بە حکوومەت. سەرداری موکری لەو وڵامی ئەواندا تکای لێکردن ڕێز لە حوکمی قانوون بگرن، بەڵام پیاوانی بانە بەو قسەیەی وی پێمل نەبوون و دیسان لێیان نووسییەوە، و داویان لێکرد بە وردی بۆیان ڕوون کاتەوە کە ئەو حوکمەی قانوون لە کوێیە کە ئەوان پێی نازانن، شتێکی کە ئەوان بە ساڵانی دوور و درێژ چاو لە ڕێی بوون و نەیان دیوە، شتێکی کە لە ڕاستیدا نامێننەوە تا بیبینن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سابلاغ ، ٢٨ی فیڤرییەی ١٩١٣
کۆنسوولی کاتی کاپیتانی گاردان ئیاس
هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ئێران و شوێنەواری کێشەکانی ئیمپراتوری تورک و ڕووس لەگەڵ یەک، کاریگەری زۆر خراپی لەسەر پەیوەندی عەشایری کورد دانابوو، بە چەشنێک خزم تەنانەت براش پێکەوە نەدەحاوانە. جان چالێنکۆ لە کتێبی "وێنەکانی گەمەی دوایی" دا لە بەندی ٨ دا دەنووسێ:
تێکهەڵچوونەکانی مامەشان
دیسامبری ١٩١٢ – ژانڤییەی ١٩١٣

شەڕی نێوخۆیی لە نێو عەشیرەتە کوردەکاندا ئاسایی بوو، غالبە لە شێوەی ڕقەبەرایەتی لە نێوان ئەندامانی هەمان عەشیرە دا دەردەکەوت، بۆ وێنە لە نێوان برایان یان ئامۆزایان دا. هەر لایەنەی بانگەوازی ئەندامانی عەشیرەتە دراوسێیەکانی دەکرد، کە ئەوانیش هەروا بە پێی هێڵی نێوخۆیی عەشیرەتی دابەش دەبوون، ئەوەش دەگەیشتە تالان و سووتاندنی لادێیان و کوشتن. تورکیا زۆر چالاکانە خۆی لەو کێشانەوە گلاندبوو، بە قازانجی لایەنێک پشتیوانی لە لایەنێکی دیکە دەکرد، لەقەب، زەوی و دراوی دەدا بە پێکوڕەکانی خۆی. بەم شێوەیە عەشیرەتەکان بە دەستەی لایەنگری تورکیا و لایەنگری ئێراندا دابەش ببوون و ئەو پارسەنگە لە بەر بوونی نیزامی و ئیداری تورکیا لە ئوستانی ساوجبولاغ(سابلاغ) بە توندی بەلای ئەواندا دادەکشا.
وێنووسی ڕوانگە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕاپۆرتەکانی ئیاس دەنووسێ کە لە ساڵانی ١٩١٢ و ١٩١٣ چەندین تێکهەڵچوون گەورە لە نێوان سێ عەشیرەتی هەرە بە هێزی مەنگوڕ، پیران و مامەش کە لە سەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران نیشتەجێن، ڕووی دا.
جان چالێنکۆ لە کتێبی دا لەسەر سەمپاتی و لایەنگری کەسانی عەشایر بە دەوڵەتەکانەوە دەنووسێ:
عەشیرەتی مامەش (لایەنگری تورکان) هەمزاغای مامەش، سولەیماناغا، لایەنگری ئێران قەرەنیاغای مامەش.
عەشیرەتی مەنگوڕ (لایەنگری تورکان) بایزپاشای مەنگوڕ، لایەنگری ئێران برایماغای مەنگوڕ.
پیران حەمەدەمیناغای پیران (بڕیاری نەدابوو)
ئەوانی دیکە خانەکانی قەرەپەپاغ (بڕیاریان نەدابوو).
ئێلێکساندر ئیاس گوزاریشتی ژمارە ١٠ ، ٤ ی ژانڤییەی ١٩١٣
بە پێی وێنووسی ڕوانگە کشانەوەی تورکیا لە ناوچەی داگیرکراو ڕۆژهەڵاتی ئێران لە پاییزی ساڵی ١٩١٢ دا، پارسەنگ و هاوپەیمانی عەشایری تێک دا و ئەوانە دەبوو جارێکی دیکە ڕێک بخرێنەوە و ئیاس دەنووسێ: تاکوتەرای لایەنگری تورک زۆر زوو ڕێبازی خۆیان گۆڕی و چوونە ڕیزی ئێرانەوە، کە ئەویش لە بەر ئەو پشتیوانییەی ڕووسیا لێی دەکرد، ئێستا بە بەهێزتر وەبەرچاو دەهات. بەڵام کاتێک ئیدارەی ئێرانی نەیتوانی خۆی دامەزرێنێ یان سەلماندنی کە بێکەڵک و گەندەڵە، کێشە لە نێو عەشیرەتەکاندا دیسان ڕووی لە زێدەبوون نا یان گەیشتە ئاستێکی بە مەترسی. ئیاس لە ترسی ئەوەی کە نەکا کێشە و قڕەی عەشیرەتی بگاتە ڕووداوی سەرسنووران و ئەوە دنەی هاتنەوەی سەربازانی تورک


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بدا، به ئەرکی خۆی زانی لە گەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان بدوێ بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخەی کە بە توانایەکی بە مەترسی بوو ئەهوەن کاتەوە. ئەو چەند گەشتی هێورکردنەوەی ئەوتۆی کرد؛ یەکەمیان بۆ لاجان، بە بیانووی چوونە ڕاو بۆ ئەوەی شک و گومانی شابەندەری تورک لە سابلاغ نەورووژێنێ.

هەر درێژەدا جان چالێنکۆ دەنووسێ: (١٧ی ژانڤییەی ١٩١٣). نهێنی:

گوزاریشتی کۆنسوولی خاوەنشکۆی شایانە لە ساوجبولاغ، کاپیتانی گاردان ئیاس سەبارەت بە مەئموورییەتی لاجان و سندووس ١

: لە ٨ ی دیسامبر پێک هەڵپڕژانێک ڕوویدا لەنێوان تایفەکانی مامەشی هەمزاغای مامەش و قەرەنیاغای مامەش لە نزیک دێیەکانی گردک سپیان و شنۆزەنگ لە (محالّی) لاجان. برای هەمزاغای مامەش و ئامۆزایەکەی لەو شەڕە دا کووژران و قەرەنیاغای مامەشیش چەند نۆکەری لێ کووژرا. لەوەی سەرەوەش زیاتر، ٩ کەس لە هەر دووک لا بریندار بوون بە برینی سووک و قورسەوە.

ئیاس باس دەکا و دەڵێ کە قەرەنیاغای مامەش و هەمزاغای مامەش ئامۆزا بوون. تورکەکان، بە داگیرکردنی لاجان، هەمزاغایان کرد بە سەرۆکی عەشیرەتی مامەش و نێوبانگی بە کەبکەبە و بە دەببەی، فەرماندێیێ لاهیجان و سلدووز'یان پێ بەخشی (نووسەر ئەوەی بە فارسی نووسیوە، واتە فەرماندەری ناوچەکانی لاجان و سندووس - تێبینی وەرگێڕ و بە هەمو شیوەیەکی کە بکرێ دەستیان کرد بە ئازاردانی قەرەنی ئاغا کە هەر بە پێناوداری ئێرانییەکان مایەوە. بێجگە لە سووکایەتی بەردەوام بە شەخسی خۆی، تورکەکان ١٤ دێیان لێ داگیر کرد، کە ئەو لە بابییەوە پێی بڕابوو. ئەوان دێیەکانیان دا بە هەمزاغا وەکوو پاداشتێک بۆ لایەنگیریی خۆی لە تورکان. لەوەش زیاتر، دووساڵ پێشتر، ئەوان هەمزاغایان هان دا بۆ کوشتنی یەکێک لە براکانی قەرەنی ئاغا. دوای پاشەکشەی تورکەکان ژمارەیەکی بەرچاو لە پشتیوانانی هەمزاغای مامەش بایان دایەوە و بوونە لایەنگری قەرەنی ئاغای مامەش، کە ئێستا لای وی زۆر بە هێزتر بوو لە ئی ئامۆزایەکەی.

بەشێوازێکی تایبەتی و خسڵەت درکێن، ئامۆزا مامەشەکان هەرکامیان دەستیان کرد بە ڕاکێشانی عەشیرەتە دراوسێکان بۆ ڕاهێزاندنی هێزی خۆیان. لەنێو ئەوانە دا مەنگوڕەکان یەکەم بوون. هەمزاغا داوخوازی یارمەتی لە باییزپاشای مەنگوڕ و قەرەنی ئاغا داوای یارمەتی لە برایماغای مەنگوڕ کرد. باییز و برایم برا بوون بەڵام لە گەڵ یەکدی لە شەڕ دابوون و نێوانیان ناخۆش بوو. باییز ١٥٠ سوارەی لە ژێر فەرماندەری کوڕەکانی نارد و برایمیش ٢٠٠ پیاوی خۆی نارد. دوایە هەمزاغای مامەش داوای یارمەتی لە حەمەدەمین ئاغای پیرانی عەشیرەتی پیران کرد و قەرەنیی ئاغای مامەشیش داوای لە خانە قەرەپەپاغەکانی سندووس کرد کە بەدەنگییەوە بێن. قەرەپەپاغەکان، کە نوێنەرانی هەرە گرینگیان نێوبانگی خانیان لە خۆ شەتەک داوە، کورد نین بەڵکوو تورکومانن. لە کۆکەوە لە دەوروبەری ئیرەوان لە ئەرمەنستانەوە هاتوون و شیعە مەزەبن، بە پێچەوانەی کوردەکان، کە زۆربەیان سوننینە. هەم حەمەدەمین ئاغای پیران و هەم قەرەپەپاغەکان بڕیاریان دا جارێ خۆ تێوەرنەدن و چاوەڕێ بکەن بزانن ڕەوتی بارودۆخەکە چۆن دەگەڕێ و با لە چ کونێکەوە دێ.

ئەو ئامادەکارییانە بۆ دۆژمنایەتی، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە موکریان، لاجان و سندووس قسەی لێوە دەکرا، وێدەچوو لە سەر سنوور ئاژاوە و ئاڵۆزی بنێتەوە، و ئەوەش لە بار و دۆخی هەنووکە دا هەتا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵێی نابەدڵە. لە حەولێک دا بۆ ڕەواندنەوەی ئاژاوە و ئاڵۆزییەکی ئەوتۆ ئەمن لە سابڵاغ تکام لە دەستەڵاتدارن کرد هەنگاوی بە پەلە هەڵبگرن بۆ پێشگرتن لە تێکهەڵچوونێکی تازە لە نێو عەشیرەتان دا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە بەر سستی خسڵەت درکێنی ئێرانییەکان، و بێجگەلە ئەوەش ترسیان لە سەرمای زستان و کەشوهەوای بەفریی لاجان، گوێیان لە تکاکانی من ئاخنی. لە ئاکامدا من بڕیارم دا بۆخۆم بچمە ناوچەی سنوور و حەول بدەم بۆ پێشگیری لە خوێن ڕشتن لە نێوان کوردەکاندا کە لە پەسوێ و گردک سپیان لە دژی یەکتری دامەزرابوون...

...بۆ ئەوەی خولق و بارودۆخی هاوتا تورکەکەم ئەحمەد ڕەزا بەگ تێک نەدەم و نەیشڵەژێنم، کە زۆر بە وردی بە پێوشوێنی هەموو هەنگاوێکی منەوە بوو کە لە سابڵاغ هەڵمهێناباوە، دەنگۆی ئەوەم بڵاو کردوە کە بۆ ڕاو دەچمە قەراغ دەریاچەی ورمێ و لە ١٦ی دیسامبر بە هاوڕێیەتی ٦ قازاخ و دوو خزمەتکار سابڵاغم بەرەو دەریاچە بەجێ هێشت. ئێوارە درەنگانێک گەیشتینە مەحمەدشە و لەوێ سەرتیپی قەرەپەپاغ محەمەد قوڵی خان مێهرەوانانە بەخێرهاتنی کردین. با و بۆرانێکی سەخت گشت ڕۆژەکەی دواتری داگرت و ناچاری کردم لە مەحمەشە چاوەڕێ بکەم. لە ١٨ی دیسامبر هەوا خۆشتر بوو، بەڵام هەر ڕاست لەوکاتەی دا کە دەمەویست لە دێیەکە دەربکەوم لەپڕ دوو برای قەرەپەپاغ، ڕەشیدوسەلتەنە و ئەفخەموسەلتەنە و خەڵکی دیکە - بە هەموویانەوە ١١ پیاو لە بەردەمم قوت بوونەوە و ترسیان لەوە بوو بکەونە بەر هێرشێکی هەمزاغای مامەش و باییزپاشای مەنگوڕ، کە لە مەمێند کۆببوونەوە بۆ ئەوەی بە دوو قوڵی باسی بارودۆخەکە بکەن. کاتێک ئەوان ڕۆیشتن ئیدی زۆر درەنگ ببوو کە مرۆ بەرەو هیچ کوێ بچێ؛ لەوەش دەرچێ دیسان هەوا ناخۆش ببوو و بەفرێکی قورس دەباری. ئەمن لەو وەدرەنگ کەوتنە کەلکم وەرگرت بۆ ناردنی چەپەرێک بۆ لای هەمزاغای مامەش و لە نامەیەک دا وشدارم پێدا کە بەیانی دێم بۆ دیتنی لە گردک سپیان و پێم ڕاگەیاند مەسڵەحەت وایە بڵاوە بەو پیاوانە بکا لە دێیەکەی کۆبوونەتەوە، لەوانە مەنگوڕەکان کە لە ترکەشەوە هاتبوون لە ژێر فەرماندەری کوڕەکانی باییزپاشا دا.

من و پیاوەکانم ئاخرەکەی لە بەرەبەیانی ١٩ی دیسامبر ئامادە بووین بۆ بەجێ هێشتنی مەحمەدشە. بەفرێکی قورس دەباری. توێژێکی ئەستووری بەفر ڕێگەی داپۆشیبوو و هیچ ڕچەیەک بە دیارەوە نەبوو، ئێمە بە دێیەکانی مەحمەدشەی سەروو، بەیرەم بوغە و گەرگول دا تێپەڕین. لە سایەی سەری بەڵەدە کوردەکەمان، توانیمان بە هاسانی ڕێگە دەرکەین و بەرەوپێش بچین سەرەڕای ژمارەیەکی زۆر گەوە و تێپەڕگە و دوای ئەوەی بەدەوری پەسوێ دا تێوەرسووڕاین، لە سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ بە سڵامەتی گەیشتینە گردکسپیان. لە نیوەی ڕێیە لە نێوان بەیرەم بوغە و گەرگول دا ئەو چەپەرەی وا ناردبوومە لای هەمزاغای مامەش گەیشتەوە و وڵامی وی پێراگەیاندم کە ئەو بە سوێوە چاوەڕێی هاتنم دەکا.

چارەکە ڤێرستێک لە گردکسپیانەوە، هەمزاغای مامەش بۆ خۆی و بە دە سواری مامەشەوە هاتبووە بەرەوپیلم. بە گەیشتنی دێیەکە، کە لە سەر تەپۆڵکێکی دەستکرد هەڵکەوتووە (گردک سپیان - گرتک - سپیان - لە کوردی دا بە مانای 'تەپۆڵکی سپی' یە) بە دیمەنێکی کراوە بەرەو دۆڵ و دەرەی دەور و بەر و ماڵی هەمزئاغا لە ترۆپکی ئەوێیە. ئەمن لە میوانخانەی هەمزاغا دابەزیم و خانووی یەک لە لادێیەکان درا بە قازاخەکان. لەبەر دەرگەی میوانخانەکە چاوم کەوت بە باوکی هەمزاغای مامەش، سولەیمان ئاغا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە لە کێلەسیپانەوە هاتبوو بۆ ناشتنی کوڕە کووژراوەکەی و هەروەها باییزپاشای مەنگوڕ، کە لەگەڵ ژمارەیەک لە سوارەکانی هاتبوو بۆ یاریدەدانی هەمزاغا. کوڕەکانی باییزپاشای مەنگوڕ، کە بەوەیان زانی بوو ئەمن دەمەوێ چاوم بە هەمزاغا بکەوێ، سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەی ئەمن گەیشتمە گردک سپیان ئەوێیان بە جێ هێشتبوو و لە گەڵ گشت پیاوەکانیان گەڕابوونەوە ترکەش. میوانخانەکەی هەمزاغا شکڵی سێگۆشەیەکی بەرینی، بێ پەنجەرەی هەبوو بە دەرکەیەکەوە و تەڕکەکەی خشتی تێگیرابوو. چوار کۆڵەکە لە نێوەڕاستی (ژوورەکەدا) پاڵپشتی دووکەڵکێشێکی بەرزی دارین بوون کە شێوەی وەک هێرەمێکی بێ سەر وابوو؛ ئەوە جێگەی پەنجەرەشی گرتبووەوە و لەوێوە ڕووناکی دەهاتە ژوورەوە. نیمکەت بۆ خزمەتکاران لای خوارەوەی هەر دوو تەنیشتی دەرکەکەی داپۆشیبوو، بە سەر ژێر ڕایەخان دا هاوتەریبی دیوار مافوورە ڕاخرابوو. هەمزاغای مامەش و خزمەکانی لە سەر ئەوانە دا دەنیشتن و کۆڕیان دەبەست، ئەو کەلوپەلەی سواری لە گوێستنەوە هاتووی کە ئەمن لەگەڵ خۆم هێنابووم ڕووبەڕووی من لە سەر یەک داندرابوون. هەر کە دانیشتین، کوردەکان باوەشێکیان قامیشی وشک هێنا و لە نێوەڕاست ژوورەکە ئاوریان تێبەردا. ئاورەکە پۆلووی زۆری لێدەبۆوە و بڵێسەیەکی خۆشی دەدا و بەرەو دووکەڵکێشەکە هەڵ دەکشا.

دوای بەخێرهێنانی ڕەسمی من، هەمزاغا دەستی کرد بە گلەیی و گازن لە قەرەنیاغای مامەش و براکانی و کوڕەکەی و ئەو خراپەی لە گەڵ وی دەکەن. ئەو ئیدیعای کرد قەرەنی ئاغا بە بەردەوامی بەران و مەڕوماڵاتی لێدەدزێ، بۆسە بۆ دەستوپێوندی دەنێتەوە و دەیان کووژێ – بە کورتی، ئارامی و ئۆقرەی لە تایفەکەی هەڵگرتووە. لە حەولێک دا بۆ ئەوەی ئەمن لە گەڵ خۆی بە دژی قەرەنی ئاغا بکاتە یەک، بە کورتی پێی گوتم، دەستبەجێ لە دوای تێکهەڵچوونی شنۆزەنگ، ئەو چەپەرێکی بە نامەیەکەوە ناردبووە لای من، بەڵام پیاوەکانی قەرەنی ئاغا لە کانی باغ کابرا ڕووت دەکەن و نامەکە دەدڕێنن. ئەو قسەیە وەکوو زۆر لە شتەکانی دیکەی کە هەمزاغا پێی گوتم، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت درۆنە. سولەیماناغا، کە لە لای خوارەوەی کوڕەکەی دانیشتبوو، بە تەواوی بێدەنگ بوو و مەتەقی لێوە نەدەهات. باییز پاشای مەنگوڕ پشتیوانی لە هەمزاغا دەکرد و جارجار بەشداری دەکرد لە قسەکاندا. ئەمن نەسیحەتی هەمزاغام کرد کە دەست لە دوژمنایەتی قەرەنی ئاغا هەڵگرێ و وشداریم پێدا ئەگەر بێتوو بە قسەم نەکا و لە سەر سنوور ئاژاوە ساز کا زۆر بە خراپی لە سەر دەوەستێ. هەمزاغا بەڵێنی دا دەست لە دوژمنایەتی هەڵگرێ بەو مەرجەی قەرەنی ئاغاش هەمان شت بکا و کێشە و ناتەباییەکانی نێوانیان لە لایەن مەئموورێکی پایەبەرزەوە بڕیاری لە سەر بدرێ. لەوکاتانەی دا کە هەمزاغا ناوبەرێکی دەدا بە قسەکانی، سولەیماناغا و باییز پاشا دەستنوێژیان دەگرت و پەیتا پەیتا لە بەر چاوی من و لادێیەکان کە بە بەردەوام لە بەر دەرگای دیوەخانەکە کۆزییلکیان دەبەست، نوێژیان دەکرد. ژمارەی ئەو نوێژانەی کردیان بە ئاشکرا زۆر زیاتر بوو لەوەی کە قورئان فەرمانی بەجێهێنانی داوە. دوای شیو ئەوان چوونەوە شوێنی نووستنی خۆیان. لە سایەی هاتنی من دا، خەڵکی گردک سپیان توانیان بە بێ ترس لە هێرشی قەرەنی ئاغا و پیاوەکانی ئەو شەوە دەرباز بکەن. جا بۆیە هەموو دێیەکە، تەنانەت کێشکچییەکانی شەوێش، ئەو شەوە بە ئاسوودەیی لێی نووستن.

سەرلەبەیانی ئەو شەوە بەفرێکی ئەستوور دەباری. هەمزاغای مامەش، سولەیماناغا و باییزپاشای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەنگوڕ هاتنەوە میوانخانە و دیسان سەری قسانیان بەو خراپە و پێشێلکاریانەی کە قەرەنی ئاغای مامەش لەگەڵی کردوون داگرتەوە. جار جار پشوویەکیان دەدا بۆ چای خواردنەوە، دەستنوێژ شوشتن و نوێژ کردن. لەپڕ دوو چەپەر لە لگبنەوە بە نامەیەکەوە بۆ باییز پاشای مەنگوڕ گەیشتنە جێ کە تێیدا نووسرابوو پیاوانی قەرەنی ئاغای مامەش بە سەر دێیەکانی بابەکراوا (بەکراوێ) و ئەحمەدغەریب یان داداوە و گرتوویانە کە هەردووکیان مولکی برای باییزپاشای مەنگوڕ بوون. ئەمن هێندێک دڕدۆنگ بووم ئەویش لە بەر ئەوەی کە سەرەڕای بارینی بەفرێکی قورس لە دەرەوە، هیچکام لە چەپەرەکان بڕووسکەیەکیش چییە بەفریان پێوە دیار نەبوو. دوایە ڕوون بووەوە کە هێچکام لەو دێیانەی لە سەرەوە باس کران لە ڕاستی دا لە لایەن پیاوانی قەرەنی ئاغاوە داگیر نەکرابوون و گشت ئەو بەزمە و نامە و چەپەر هاتنە بەو مەبەستە سازکراوە کە ئەمن بە دژی قەرەنی ئاغا لەگەڵ خۆیان بکەنە یەک، کە من پێوەبووم دوای بەجێ هێشتنی گردک سپیان بچمە سەردانی.

تا نیوەڕۆ بەفر لێی کردبووەوە و بای نەدەهات. ئەمن هاتە سەرم ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە و بەرەو پەسوێ وەڕێکەوم. لە پێش خۆمدا پیاوێکم نارد بۆ ئەوەی قەرەنیاغا ئاگادار بکەم کە بە زوویی دەگەمێ. دوای خواردنی نانی نیوڕۆ لەگەڵ کوردەکان و بەڵێنی وەرگرتن لە هەمزاغا کە ئەو بە ئارامی دادەنێشێ تا ئەوکاتەی کە لە کووژرانی خزمەکەی دەکۆڵدرێتەوە، گردک سپیانم بەرەو پەسوێ بە جێ هێشت چارەکە ڤێرستێک دوور لە دێیەکە قەرەنی ئاغا و برایماغای مەنگوڕ لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سوارەکانیان هاتبوون بە پیلمەوە. لەکاتی نزیکبوونەوەمان لە دێیەکە، کە ئەویش، وەکوو گردک سپیان، لە سەر تەپۆڵکێکی دەستکرد هەڵکەوتووە، قەرەنی ئاغا پێی ڕاگەیاندم بە دەم پاشەکشەیان لە پەسوێ تورکەکان هەموو خانووەکانیان ڕووخاندووە، جا بۆیە چ جێیەکی حاوانەوەی بۆ من بشێ لەوێ نییە؛ لە جیاتیان پێی خۆشە بانگێشتنم کا بۆ دێی شاوەلێ کە بنەماڵەکەشی لەوێ دەژین. هەستم پێکرد کە قەرەنی ئاغا نایەوێ ئەمن بزانم کە خۆی و برایماغای مەنگوڕ چەندە پیاو و سوارەیان لە پەسوێ کۆ کردووەتەوە. جا بۆیە وڵامم داوە مەسەلەی شوێنی حاوانەوەی من زۆر گرینگ نییە، بەڵام ئەگەر ئەو پێکێشی دەکا کە ئەمن بچمە شاوەلێ، تەنێ بەومەرجە دێم ئەو بڵاوە بە پیاوەکانی بکا و کارێکی واش بکا برایماغا لە گەڵ مەنگوڕەکانی بچێتەوە ماڵە خۆی، چونکوو هەمزاغا گفتی داوە تا ئەوکاتەی کە لەیەک تێنەگەیشتنی نێوانیان لێی دەکۆڵدرێتەوە دەست لە دوژمنایەتی بپارێزێ. لەکاتێکدا کە قەرەنی و برایم ڕاوێژیان بە یەکدی دەکرد، ئەمن چاوێکم بەو خانووانە دا گێڕا کە تورکەکان بەکاریان هێنابوون. ئەو خانووانەی کە وەکوو سەربازخانەی عەسکەران و شوێنی حاوانەوەی ئەفسەران کەلکیان لێ وەرگیرابوو، لەگەڵ دیوەخانی پێشووی باوکی قەرەنی ئاغا، بە تەواوی کاول کرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا، کوردەکان، لە هەمبەر ئاکارێکی ئەوتۆ دا بێکار دانەنێشتبوون و لە کاتێکدا تورکەکان خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانی خۆیان ببوون بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ پاشەکشە گشت هێڵی تێلگرافی تورکانیان لە پەسوێ وە بگرە تا سەر سنوور بە شەوێک تێک دابوو، بە دزینی داری تێلێگراف و هەڵبڕینی سیمەکان. دوای ڕاوێژێکی کورت، قەرەنی ئاغا و برایماغا بڕیاریان دا بە قسەی من بکەن. برایماغا ماڵاوایی لە من کرد و لە پەسوێ مایەوە بەو مەبەستەی کە بۆ بەیانی بگەڕێتەوە دێیەکەی خۆی و من و قەرەنی ئاغاش بەرەو شاوەلێ وەڕێکەوتین و سەرلەنگوریَ گەیشتینە ئەوێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەرەنی ئاغا لە بیروونی خۆی جێی بۆ من کردەوە - دیوێکی گەورەی، تازە دروستکراو بە پەنجەرە و دەرگاوە و بە شێوازی ئورووپایی و یەک لە خانووەکانی دێیەکەشی بۆ قازاخەکان و ئەسپەکان چۆل کرد. گلەیی و گازنی قەرەنی سەبارەت بە کردەوەکانی لایەنی دوژمن منی وەبیر ئەو قسانە خستەوە کە لە گردکسپیان لە هەمزەم بیستبوو: دزینی مەڕومالات، بۆسە بۆ دانانەوە و کوشتنی پیاوەکانی، داگیر کردنی زەوی و هتد. بە پێی قسەی قەرەنی ئاغا، لەوەتی تورکەکان هەمزەیان کردووە بە سەرۆکی مامەشان زۆر لە بەرەی خۆی زیاتر پێ ڕادەکێشێ، پلەیەکی کە بەحەق ئی وی، واتە ئی قەرەنییە. هەمزە، بەو پشتیوانییەی کە لە لایەن تورکەکانەوە بوویەتی نەک هەر قەرەنی ڕووت کردووەتەوە و ماڵ ویرانی کردووە بەڵکوو لەگەڵ قەرەپەپاغەکانی سندووسیش هەروا جووڵاوەتەوە و ئەوە هەموو کەس پێی دەزانێ. تێکهەڵچوونی نێوان کوڕەکەی و خزمانی هەمزە بە ڕێکەوت بووە و کووژرانی برایەکی هەمزە لەو شەڕە دا دەکرێ بە تۆڵەی کووژرانی برای قەرەنی لە دووساڵ پێشتر بە دەستی هەمزە چاو لێبکرێ. من بە توندی داوام لە قەرەنی ئاغا کرد دەست بگێڕێتەوە لە ئاژاوە هەڵگیرساندن لە سەر سنوور و بیانوو دان بە دەست تورکەکان بۆ مۆڵدانەوەی عەسکەرەکانیان - هەر ئەوانەی کە لە ماوەی داگیرکردنی حەوت - ساڵەی لاجان دا ئەو هەموو خراپەیان لە گەڵ کردبوو. لە وڵامی ئەو قسەیەم دا قەرەنی گوتی ئەو لە حاڵی حازر دا بەروونی لە مەترسی دزە و دەستدرێژی بۆ ناوچەی سەرسنوور تێدەگا، بەڵام شەوق و هەیەجانی ئینسانی زۆر لە عەقڵ و ئاوەز بەهێزترە و تەنێ دەکرێ بە هەبوونی دەستەڵاتێکی بەهێزی سەروەر قەمتەر بکرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، نەک تەنێ نیشانەیەکی هەرە دووری دەستەڵاتێکی ئەوتۆ لە لاجان نابیندرێ، بەڵکوو ئەوەش ڕوون نییە گەلۆ حکوومەتی شا بە ڕەسمی بەرپرسیارەتی ئیدارەی ئەو ناوچەیەی وەئەستۆ گرتووەتەوە یان نا.

لە بەراوەرد کردن لە گەڵ هەمزاغا دا، کە هەر کوردی دەزانێ، قەرەنی ئاغا، کە هەم فارسی و هەم تاتاری دەزانێ (دەبێ مەبەست لە تورکی ئازەربایجانی بێ کە ئەو ناوەشی بۆ بە کار هاتووە، وەرگێڕ)، زۆر شوێنێکی باشتری لە سەر کردم. لەگەڵ ئەوەشدا، قسەکانی پڕ بوون لە نەدرکاندنی هەڵفریوێنەرانە و تا ڕادەیەک بۆن و بەرامەی دووڕوویی خسڵەت درکێنی کوردییان لێوە دەهات. دوای ئەوەی بە سەرکەوتووییەوە هەردووک لایەنی نەیارم پێمل کرد دەست بپارێزن، بەوە گەیشتم کە ئەرکی خۆم ڕاپەراندووە و بە ویژدانێکی ئاسوودەوە پلانی دەرکەوتن لە شاوەلێ م بۆ سبەینی دارشت.

ئیاس لە درێژە دا دەڵێ کە سەر لە بەیانی ٢١ی دیسامبر بە بەفر و سەرما چوون بۆ نەغەدە و لە لایەن ئەرمەنییەکانەوە پێشوازی لێکراوە و بەرانییان لە بەر پێی کوشتەوە. لە درێژەی ئەو بابەتە دا جان چالێنکۆ لە گوزاریشی ژمارە ١٠ ی کۆنسوولی خاوەنشکۆی شایانە لە ساوجبولاغ، کاپیتانی.

گاردان ئیاس سەبارەت بە مەئموورییەتی لاجان و سندووس بە ڕێکەوتی ٤ ی ژانقییەی ١٩١٣ باسی ئاوایی ڕادانە و هەڵوێستی هێزەکانی تورک لە پێشوو دا دەکا و دەنووسێ: ... وەک بە باشی زاندراوە، ڕادانە پێگەی سەرەکی تورکەکان بووە لە سندووس و گوردانێکی تەواو لە عەسکەری تورک، کە سەردەمێک هێزی تۆپخانەشیان هاتبووە پاڵی، لەوێ بەجێ کرابوون بەرلەوەی کە بگوێزرێنەوە بۆ نەغەدە. ئەو خانووانەی تورکەکان چۆلیان کردوون نیوە ڕووخاون. مزگەوتی دێیەکە، کە ئەفسەرەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێدابووه، سووکایەتی پێکراوه؛ تورکەکان بە چۆڵ کردنی گشت دارەڕا، دەرگە و بەشە دارینەکانیان سووتاندبوو و تێکیان دابوو. بە دەم کشانەوەیان تورکەکان نزیکەی ٨٠ سەر وڵاغی بارەبەریان زەوت کردووە و بردوویانە و هێشتا نەیان ناردوونەوە بۆ خاوەنەکانیان لە دێیەکان.

گوزاریشتی ژمارە ١٠ ی کۆنسوولی خاوەنشکۆی شایانە لە ساوجبولاغ، کاپیتانی گاردان ئیاس سەبارەت بە مەئموورییەتی لاجان و سندووس بە ڕێکەوتی ٤ی ژانڤییەی ١٩١٣ (١٧ی ژانڤییەی ١٩١٣) لەسەر حورمەتولملوک ئاغای ئاوایی وسووکەند دەنووسێ: وسووکەند. ئەو دێیە موڵکی خانمێکی بێوە بە نێوی حورییەتولملووکە و ئەو پایە لە بەر ژیری و وریایی خۆی زۆر بەنێوبانگە (دیارە مەبەست خانمە شیتەی وسوو کەندە).

هەر لەو گوزاریشتە دا  کاپیتان گاردان ئیاس باسی کاریگەری هێزەکانی تورک و جیاوازی ئیدارەی تورک و ئێرانییەکان دەکا و دەنووسێ: شوێندانانی سەرەکی ئەو گەشتەی من کە مەبەستی ئاساییم تەنێ ئەوەبوو پێش بە ئامادەکاری بۆ دوژمنایەتی عەشیرەتی بگرم و پێوەندییەکی شەخسی لە گەڵ سەرۆک عەشیرەتان پەیدا بکەم، دەری دەخا کە بارودۆخی ئەو ناوچانەی تورکەکان پاشەکشەیان لێ کردوون تا ڕادەیەکی زۆر شپرێو و خەفەتاوین و زۆری پێدەوێ بە دڵ بن. لەسەروبەندی مانەوەیان لەو ناوچانەی تورکەکان داگیریان کردبوون دەرەجەیەک لە نەزم و هێمنیان پێک هێنابوو و بە پشتیوانی ئەو عەسکەرانەی لە هەرێمی جێی ڕقەبەری دایانمەزراندبوون، دانیشتووانی نیشتەجێ و کۆچەریان ناچار کردبوو مل کەچیان بن. لەوەتا پاشەکشەی تورکەکان، ئەو نەزم و هێمنییەی ئەوان دایانمەزراندبوو بزر بووە و تایبەتمەندی ئاسایی هەر ئیدارەیەکی ئێرانی جێگەی گرتووەتەوە کە بریتییە لە: سستی، خەمساری، گەوجێتی و دەستەوەستانی. چاوەڕوانی ئەوە لە کوردەکان کردن کە لەهەلومەرجی هەنووکە دا پێش بە مەیلی وەحشی و شەرخوازانەی خۆیان بگرن و قەمتەری کەن هەر ئەوەندە گاڵتەجاڕییە وەک دەربڕینی دەستەڵاتدارانی ئێرانی کە پاشەکشەی تورکەکان لە ئاکامی یارمەتیدانی بەرزی ئێرانییەکان بووە بە کاری کۆمیسیۆنی قوستەنتەنییەی سنوور. فەرمانەکانی شیرین گەڵاڵە کراو و زمانلووسییەکانی ئاغایانی سێپەهدار و شوجاعودەوله ،لە گەڵ تواناییەکانی جێی گومانی بەڕیوەبەری حاکمی سابڵاغ، سەرداری موکری ، بەس نین بۆ ئەوەی بکرێ چۆک بە عەشیرەتان دادەن. سەبارەت بەوە، بوونی دەستەڵاتێکی بە هێزی سەروەر کە هاوپەیمانی ئێرانی ئێمە قەرەنی ئاغای مامەش لە دێی شاوەلێ لە لای من بە توندی سکاڵای لە نەبوونی دەکرد پێویستە. ئەو هەستی بێزارییەی کە عەشیرەتان سەبارەت بە حکوومەتی ئێران هەیانە تایبەتمەندی خۆی هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە وێبنووسی ڕوانگە لەژێر عینوانی "مەئموورییەت بە دژی باییز پاشای مەنگوڕ" دا باسی گوزاریشتی ژمارە ٨٦ ی ئێلێکساندر ئیاس هاتووە کە بە وردی باسی کێشەی ناو عەشایری مەنگوڕ و عەشایری دیکە




لە مانگی مەی ساڵی ١٩١٣ دەکا کە چۆن بە فیتی شوجاعودەولە حاکمی ئازەربایجان، باپیرئاغای مەنگوڕ (ئامۆزای باییزپاشای مەنگوڕ) بە مەبەستی داگیر کردنی هێندێک ئاوایی سەر بە خزمانی لە دەوروبەری سابڵاغ، هێرش دەکا بۆ سەر باییزپاشای مەنگوڕ و دوای تێکهەڵچوونێک بە بێ ئەوە چاوەڕوانی بکرێ باییز پاشا پاشەکشە دەکا بۆ ئاوایی بێنگوین و حەسەن چەپ ئۆردووی دادەمەزێنێ. ئیاس لە درێژەی ڕووداوەکان دا دەنووسێ: شوجاعودەولە بەو هیوایەی لەو هەیەجانە کەلک وەربگرێ کە گواستنەوەی گرووپەکانی ئێمە لە ورمێ و تەورێزەوە بۆ ساوجبولاغ سازی کردبوو بۆ ئەوەی ئاخرەکەی دوژمنی کۆنینەی خۆی باییز پاشای مەنگوڕ لە نێو بەرێ، فەرمانی دا بە حاکمی سابڵاغ، سەرداری موکری فەرمان بدا بە دێبۆکری و بەگزادان سەر وەبەر سەرۆکایەتی باپیر ئاغای مەنگوڕ کە لە سەرەوە دا باس کرا بهێنن و لە قوڵی ساباڵاغەوە هێرش بکەنە سەر باییز پاشای مەنگوڕ؛ لە هەمان کات دا گەورک، پیران و مامەش فەرمانیان درایە لە باشوورەوە هێرش بهێنن. بۆ ئەو مەبەستە دێبۆکری و بەگزادەکان بانگ کران بۆ ساباڵاغ، لە کاتێک دا فەرمان درا بە سەرۆک عەشیرەتەکانی دیکە لە خەتی پشتەوە و لا باڵانەوە هێرش بەرنە سەر ئۆردووگەکەی باییزپاشای مەنگوڕ. دێبۆکرییەکان دەستبەجێ هاتنە ساباڵاغ و ئامادەیی خۆیان نیشان دا، ئەگەرچی زۆر بە نابەدڵی؛ لە لایەکی دیکەوە، بەگزادەکان، پێ دزیلکەیان بوو و خۆیان وەدرەنگی خست و تەنێ لە نیوەی مانگی مەی دا گەیشتنە ساباڵاغ و ئەودەمی ئیدی هیچ پێویستی بەوان نەمابوو.

دێبۆکرییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوکاتی لە ساباڵاغ بوون ،شەوقێکی زۆر کەمیان لەخۆیانەوە نیشاندا بۆ بەشداریکردن لە هێرش کردن بۆ سەر باییزپاشای مەنگوڕ، چونکوو زۆر باشیان دەزانی لەو بەرەوڕووبوونەوەیە دا وێناچێ لایەنی سەرکەوتوو بن. سەرداری موکری لە حەولێک دا بۆ دڵخۆشی دانەوەیان داوای کرد ٢٠٠سوارەی قەرەپەپاغ لە سندووسە بێتە یارمەتییان، لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕاستیدا لە ٧٠ سوارە زیاتر نەهات. کاتێک دەرکەوت کە هاتنی قەرەپەپاغەکانیش ناتوانێ ورەی دێبۆکرییەکان بەرز بکاتەوە، سەرداری موکری تکای لە من کرد بە پێی فەرمانی شوجاعودەولە ڕێگە بدەم گوردانی قازاخی ئێرانی کە پێگەی لە نەغەدە بوو لە گەڵ هێزی باپیرئاغای مەنگوڕ بکەون و قسەشی ئەوە بوو دەرسێک بدرێ بە باییز پاشای مەنگوڕ لە بەر ئەوەی هێشتوویە کوڕەکانی دێیەکانی کیتکە، جانداران و قەڵاجوغە ئاورتێبەردەن. من بەگومان بووم لەوەی ئەو داوایە لە لایەن شوجاعودەولە خۆی ڕا کرابێ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە داوام لێکرد ئەو داوخوازەی بە نووسین بێ، ئەویش نووسی. بە ئاگاداری تەواو لەو ڕاستییەی کە بوونی قازاخەکان لە نێو هێزی باپیرئاغا دا لە لەنێوچوونێکی تەواو بە دەستی ئۆردووی زۆر بەهێزتر و زۆر بە بڕیارتری بایزپاشای مەنگوڕ دەیانپارێزێ و بە ئاگاداری تەواو لەوەی کە دێبۆکرییەکان و قەرەپەپاغەکان ناوێرن بە بێ یارمەتی هێرش بەرنە سەر پاییز پاشا، ئەمن لێبڕام بە ویژدانێکی خاوێنەوە داوخوازی سەردار بەجێ بهێنم و فەرمانی گوێستنەوەی ٥٠ قازاخ و ئەفسەرێکم دا بۆ سابڵاغ بۆ بەشداریکردن لە مەئموورییەتی دژ بە بایزپاشای مەنگوڕ. کاتێک قازاخەکان گەیشتنە جێ، دێبۆکرییەکان، کە تائەو دەمی ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی ٢٠٠ کەس، تەواو گەشانەوە و ئاخرەکەی لێبڕان بەرەو حەسەن چەپ بچن. لە ٢٩ی ئاوریل ٢٠٠سوارەی دێبۆکری، ٧٠ سوارەی قەرەپەپاغ و ٥٠ قازاخ سابڵاغیان بە جێهێشت و لە دوو ڤێرستی شاری ئۆردوویان دامەزراند. بەر لەوەی قازاخەکان وەرێکەون، ئەمن ئەفسەری فەرماندەریان، زیبائەدین خانم بانگ کرد و بە نهێنی فەرمانم دایە نابێ ڕێگە بدا بە هیچ تێکهەڵچوونێک لە نێوان هەردووک لا دا و ئەگەر هاتوو لایەنێک حەولی شەڕەهەڵائیساندنی دا، دەستبەجێ تاوانکارەکە بێ هێچ بەزەییەک سزا بدا.

**بایزپاشای مەنگوڕ داوای داڵدە لە کۆنسوولخانەی ڕووسیا دەکا:**

کاتێک دەستەی باپیرئاغای مەنگوڕ بەکاوەخۆ و بە ڕاڕایی بەرەو حەسەن چەپ دەچوون، کە لە ٢٥ ڤێرستی سابڵاغ هەڵکەوتووە، مامەشەکان لە ژێر سەرۆکایەتی قەرەنیاغای مامەش دا، پێکەوە لەگەڵ پیاوانی عەشیرەتی پیران لە ژێر سەرۆکایەتی حەمەدەمیناغای پیران و دەستەکانی عەشیرەتی مەنگوڕ لە ژێر سەرۆکایەتی قادری مروەت و پیرۆتی کاقەمەر، بە پێی فەرمانی شوجاعودەوله، دەستیان کرد بە سووتاندن و تاڵانی موڵک و ماڵی جێهێشتووی بایزپاشای مەنگوڕ و لایەنگرانی لە ترکەش و نەڵێن.

ئاکار و جووڵانەوەی سەرۆکی پیران، حەمەدەمیناغا، ئاڵۆزی و پێچەڵپێچی پێوەندییەکانی کوردی کە ئیاس لەگەڵیان ڕووبەڕوو بوو بە جوانی دەردەخا. دەکرێ وەبیر بخرێتەوە کە چەند مانگ پێشتر، هەمزاغای مامەش داوای لە حەمەدەمیناغای پیران کردبوو لەگەڵ ئەو و بایزپاشای مەنگوڕ بکەوێ، بەڵام ئەو لێبڕابوو بەدەنگییەوە نەچێ و چاوەڕێ بکا. هاتنی ئۆردووی ڕووسیا ئاخرەکەی وای کرد بڕیار بدا لەگەڵ باپیرئاغا بکەوێ بە دژی بایزپاشا، بڕیارێکی کە ئەوچەند مانگ دواتر زۆری لێ پەشیمان بوو کاتێک جارێکی دیکە تای تەرازوو لە قازانجی تورکەکان قورستر بوو. وەک نەبای لێ نیشتبێ و نە بۆران، حەمەدەمیناغا ئەوجار ڕووی لە ئیاس نا لەگەڵ بایزپاشای مەنگوڕ پێکیان بهێنێتەوە.

بایزپاشای مەنگوڕ زۆر زوو هەستی پێکرد کەوتووەتە هەڵوێستێکی لاوازەوە و ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکا، کەوتبووە نێوان هێزەکانی باپیرئاغا کە لە ترسی قازاخەکان نەیدەوێرا هێرشی بکاتە سەری و جەنگاوەرانی مامەش و پیرانەوە. لە یەکی مەی مامەکانی بایزپاشا، قادری باپیر و حەمەدی باپیر نامەیەکیان نارد بۆ کۆنسوولخانە و تێیدا داوایان کردبوو هاووڵاتێتی ڕووسیایان بدرێتێ. دیارە ئەمن وڵامم دانەوە کە ئەوە ناکرێ. ڕۆژێک دواتر بایزپاشای مەنگوڕ هەمان داوخوازی لە من کرد. ئەمن وڵامی ئەویشم هەر ئاوا داوە کە ڕۆژێک پێشتر بە مامەکانیم دابووەوە، بەڵام لێم زیاد کرد بێتوو هێندێک مەرجان پێک بهێنێ لەوانەیە بتوانم پارێزگاری لێ بکەم. مەرجەکانیش ئەوانە بوون بە تەواوی مل



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاکێشێ بۆ دەستەڵاتی هەم حکوومەتی شا و هەم ئیدارەی ناوچەیی، ئەو دێیانەی کە عەشیرەتەکەی داگیری کردووە بداتەوە بە خاوەنە حەقدارەکانیان و کۆتایی بهێنێ بە تاڵان و بڕۆی مەنگوڕان. لە ڕۆژی ٤ی مەی مامی بابیز پاشای مەنگوڕ، کورەکەی و برازاکەی بە نامەیەکەوە هاتن بۆ کۆنسوولخانە کە تێیدا بابیزپاشا ڕایگەیاندبوو کە مەرجەکانی من دەپەژرێنێ و ئاماژەی پێکردبوو کە هەڵگرانی نامەکە وەکوو نوێنەرانی عەشیرەتەکە ناردراون بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکرێن تا ئەوکاتەی کە ئەو دەتوانێ ئۆردووگەکەی بەجێ بهێڵێ بە بێ ترس لەوەی کە لە نەبوونی خۆیدا قەرەنیاغای مامەش تاڵانی کا.

لە وەڵامی ئەو ڕاگەیاندنە دا ئەمن تاجری کۆنەساڵی خۆمان ناجی کازمۆڤم نارد بۆ حەسەن چەپ بۆ وریاکردنەوەی ئەو کوردانەی کە پابیزپاشایان دەورەدابوو کە ئێستا لەوەو دواوە بابیز پاشا لە لایەن کۆنسوولخانەی ڕووسیاوە پارێزگاری لێ دەکرێ و لەگەڵ نوێنەرێکی کۆنسوولخانە بەرەو سابڵاغ دێ. ناجی کازمۆڤ لە بەر ئەوەی درەنگ وەڕێکەوتبوو و تووشی بارانی بە خوڕ و هەورە تریشقە هاتبوو نەیتوانیبوو بە ڕۆژ بگاتە پێگەی سەرەکی بابیزپاشای مەنگوڕ و ناچار مابوو شەوێ لە ماڵی حەمەدی باپیرئاغای مەنگوڕ بمێنێتەوە. زۆربەی کادەروێشەکانی (پیاوە بەساڵداچووەکان) مەنگوڕ بە بیستنی هاتنی ناجی کازمۆڤ چووبوونە لای و ڕایانگەیاندبوو ڕێگە نادەن بابیزپاشا بەرەو سابڵاغ بچێ چونکوو لێیان سوورە بە ساغی لەوێ ناگەڕێتەوە. کاتێک لە ٦ی مەی ناجی کازمۆڤ لە چوونی بۆ لای بابیز پاشا بەردەوام ببوو کادەروێشەکان لە گەڵی کەوتبوون و کاتێک ئەوان گەیشتبوونە لای بابیزپاشای مەنگوڕ پێکێشییان لەگەڵ کردبوو دەبێ دەست لە فکری چوونی سابڵاغ هەڵگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بابیز پاشا لە سەر قسەی خۆی ڕاوەستابوو و پێی گوتبوون ئەو بەڵێنی خۆی ناشکێنێ و دەچێ بۆ سابڵاغ و هەرچی دەبێ بابێ. کاتێک بابیزپاشا دەیەوێ ماڵاوایی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی بکا، کوڕە دوازدە ساڵانەکەی فیشەک وەبەر تفەنگەکەی دەنێ و سێرە لە بابی دەگرێ بەو مەبەستەی بیکووژێ. کورەکە دەگرن و تفەنگی لە دەست دەردەهێنن و چەکی دەکەن و ناتوانێ تەقە بکا، لە گەڵ ئەوەشدا دوای ئەوەی بابیزپاشا سواری ئەسپەکەی دەبێ و تێیدەخوڕێ بڕوا، کوڕەکەی بەردێک لە سەر زەوی هەڵدەگرێ، نیشانی ئەوکەسانەی دەدا وا ئامادە بوون و بەردەکە بە سینگییەوە دەنێ و دەڵێ: لە ئێستاوە ئەگەر هەرکەس لێم پرسێ بابت لە کوێیە، ئەمن ئەم بەردە نیشان دەدەم و دەڵێم "ئەوەتا بابم "

بابیز پاشای مەنگوڕ سەرلەنگۆڕێ گەیشتە سابڵاغێ و خۆی بە کۆنسوولخانە ناساند. ئەو پێی گوتم لەمەو دواوە بە تەواوی مل کەچ دەکا بۆ دەستەڵاتی من و بێ ئەملاو ئەولا گوێڕایەڵی دەکا لە هەموو ئامۆژگارییەکی من سەبارەت بە شەخسی خۆی، کێشەی لە گەڵ باپیرئاغای مەنگوڕ و گشت کاروباری عەشیرەتەکە.

لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتانەدا لە ژێر عینوانی "چارەسەرکردنی بابەتی سەرۆکایەتی عەشیرەتەکە" دا هاتووە:

لە نەبوونی چ دوژمنایەتییەکی خوێنی لە نێوان بابیزپاشا و باپیرئاغا دا، مرۆ وای بۆ دەچوو کە دانەوەی ئەو زەوییانەی لەلایەن مامەکان و ئامۆزاکانی بابیز پاشاوە لێی داگیرکرابوون دەتوانێ کۆتایی بهێنێ بە کێشە و دمەقرەی وی لە گەڵ باپیرئاغا، بەتایبەتی لە بەر ئەوەش کە بابیزپاشا تەنانەت ئەو زەوییانەی ڕەعەمەلیش نەهێنابوون. لەگەڵ ئەوەشدا، کارەکە، ئاوا نەبوو. لە جیاتییان، دوای ئەوەی باپیر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغا لەگەڵ دەستەکەی ئێمە هات بۆ سابلاغ بە باوەڕی پتەوەوە بەوەی کە سەرۆکایەتی عەشیرەت بە تەواوی دەدرێتەوە بەوی، بە بڕیار بوو ئەو فەرمانە جێبەجێ بکرێ کە لە لایەن شوجاعودەولەوە دەرکرابوو و لە گیرفانی دابوو لەمەڕ بە دەستەوەگرتنی سەرۆکایەتی عەشیرەتەکە.

لێکدانەوەی شەخسی من ئەوەبوو کە زیاتر لە یەک لە پێنجی عەشیرەتی مەنگوڕ پشتیوانی لە حەولی باپیرئاغا ناکەن بۆ سەرۆکایەتی عەشیرەتی مەنگوڕ، ئەوانی دیکە هەموویان لە پشتیوانی کردنی خۆیان لە بایزپاشا یەکدەنگ و هاوڕا بوون. لەهەلومەرجێکی ئاوا دا دانانی باپیرئاغا وەکوو سەرۆک عەشیرەت نە تەنێ گەوجییەکی ڕووت بوو کەتەنێ کەسێکی وەک شوجاعودەولە دەیتوانی بیکا بە کەلک وەرگرتنی خراپ لە زێدەڕۆیی ئێمە لە ئاست خۆی و لە ئاکامدا بیرۆکەیەکی ئاوا بهێنێتە گۆڕێ کە تەنیا ئەرکی هێزەکانی ئێمە لە ئازەربایجان پشتیوانی کردن لە بەرژەوەندییەکانی وییە...

... لە وەش زیاتر داوای کردبوو، مەنگوڕ بە دوو عەشیرەتی تەواو سەربەخۆ دابەش بکرێن، یەکیان لە ژێر سەرۆکایەتی باپیرئاغای مەنگوڕ دابێ و ئەوی دیکەیان لە ژێر سەرۆکایەتی بایزپاشای مەنگوڕ دا.

لە درێژەی ئەو گوزاریشە دا لە ژێر ناوی "لاجان" دا هاتووە:

بەشداری قەرەنیاغای مامەش لە مەئموورییەت بە دژی بایزپاشای مەنگوڕ کە بە فیتی شوجاعودەولە ڕێک خرابوو بووتە هۆی وەدەست هێنانی بایی ٣٠٠٠٠ تمەن دەستکەوت بۆ خۆی و خزمەکانی بە ڕێگەی تاڵانی مەڕومالات و کەلوپەل کە لەلایەن مامەشەکانەوە لە ئۆردووگەکانی نزیک ترکەش و نەڵێنەوە کراوە کە مەنگوڕەکان بە جێیان هێشتبوون بۆ ئاگاداری لە ژنەکانیان.

ئەو جووڵانەوە نە هێندە جوامێرانەیەی مامەمەشان بووە هۆی ئەوەی مەنگوڕەکان چیرۆکێک بۆ قەرەنیاغای مامەش و عەشیرەتەکەی هەڵبەستن و بە ترسەنۆکی جێی بەزیی پێداهاتنەوەیان نێوزەد بکەن کە هەر دەرەقەتی ژنان دێن. قەرەنیاغای مامەش و براکانی، لە حەولێک دا بۆ شاردنەوەی قەدرایی ڕاستی تاڵان و بڕۆی خۆیان لە دەستەڵاتدارانی تەورێز، نیوەی یەکەمی مانگی مەی یان بەوە دەرباز کرد کە بەشێکی کەم لەو مەڕومالاتە دزراوە لە پێشدا بۆ شنۆ و لەوێوە بۆ ورمێ بنێرن. لە گەڵ ئەوەشدا، شوجاع بە چاوی پەروەردەکراوی دزێک، لەو گزییە تێگەیشت و فەرمانی دا قەرەنیاغا بێتە تەورێزێ و خۆی پێ بناسێنێ. قەرەنیاغا هەستی پێکرد ئەو ماستە بێ موو نییە، بە بیانووی نەخۆشی بۆ خۆی نەچوو و لە جیات خۆی براکەی خۆی مارف ئاغای ناردە تەورێز. هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەر دووک ئەو برایانە دەبێ دەستکەوتەکانیان لە گەڵ شوجاع دابەش بکەن؛ شاپە و گاپەی پاراستنی بەرخۆڵان لە دەمی گورگان بە هیچ ڕێگەیەکی دیکە دا ناکرێ.

سەبارەت بە هەمزاغای مامەش، ئەو لە ١٠ ڕۆژی دوایی مانگی مەی دا دوای سەردانی موسڵ و پاشان شێخ جەلالەدین لە زینوێ گەڕاوەتەوە ڕایات. واوێدەچێ ئەو هیچ پشتیوانییەکی لە حاکمی مووسڵ وەرنەگرتبێ چونکوو یەکەم شتی کە ئەو دوای گەڕانەوەی لە زینوێ کردی بە چاوی پڕلەگریانەوە لە من دەپاڕاوە بۆ ئەوەی ئەو پشتیوانییە سەر بگرێ.

ئەوانەی باس کران گۆشەیەک بوون لە وەزعییەتی کورد لە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی. لە مانگی ئووتی ١٩١٤دا شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان بەرەی یەکگرتوو و بەرەی هاوپەیمانان دەستپێکرد. چەخماغەی ئەو شەڕە کە هەوڵدان بوو بۆ بەدەستهێنانی بازاڕی ئابووریی زیاتر، کاتێک لێدرا، کە پیاوێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"سیرب" لە ٢٨ی ژوئیيەی ١٩١٤دا لە شاری سارایيوو تەقەی لە شازادەی ئوتریش، "فرانسیس فردیناد" و خێزانی کرد و کوشتنی.

وڵاتانی سەرەکی بەرەی یەکگرتوو کە هەڵاییسێنەری شەڕ بوون، بریتی بوون لە ئاڵمان و ئوتریش و مەجارستان. دواتر وڵاتانی بوڵغارستان و ئیمپراتووری عوسمانی، پاڵپشتیان لێکردن و تێکەڵ بە شەڕ بوون. لە بەرانبەری ئەوان دا، بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان پێکهات کە بریتی بوون لە بریتانیا و فەڕانسە و ئیتالیا و بلژیک و ڕووسیە و سێربستان. دەوڵەتی ئەمریکا لە ئاوریلی ١٩١٧دا بە پشتیوانی لەو بەرەیە تێکەڵ بە شەڕ بوو، بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبری ئەو ساڵەدا بە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی کومونیستی لە وڵاتی ڕوسییە، دەوڵەتی تازە دامەزراوی ڕووس دەستی لە شەڕ کێشاوە.

لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا، ئەحمەدشای قاجار لە ئێران لەسەر کار بوو وڵات لەوپەڕی بێتوانایی و کەسادی دابوو. لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا، لایەنگری لە دەوڵەتی ئاڵمان، تا ڕادەیەکی زۆر پەرەی ئەستاند بوو و هەر چەند دەوڵەتی ئێران بێ لایەنی ڕاگەیاند، بەڵام دەوڵەتانی ڕووس و ئینگلیس لە باشوور و باکووری ئێرانەوە هێرشیان هێنا و سەرەرای ئەوە هێزەکانی ڕووس تا دەروازەکانی تاران چوون، بەڵام لە ڕووخانی حکومەتی قاجار، دەستیان پاراست.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا لە ٢٩ی دیسامبری ١٩١٤دا ئیمپراتوری تورکیە، سەرەڕای بێلایەنی دەوڵەتی ئێران، سنووری ئێرانی بەزاند و دوای ١٠ ڕۆژ شاری تەورێزی گرت. بەڵام لە٣٠ی ژانوییە ڕووسەکان هێرشیان کردە سەریان و بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان پاشەکشەیان پێکردن. هێزەکانی دەوڵەتی ڕووس لە نیزیک شاری خۆیە کەوتنە بەر هێرشی ٣ هەزار کەس لە هێزەکانی سمایل ئاغای سمکۆ و ئەمەرخانی شکاک. بەڵام ئەوان نەیانتوانی لە بەرانبەر لەشکری ڕووس دا خۆ ڕابگرن و بەرەو کوێستانەکانی دواوە پاشەکشەیان کرد.

بە دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جێهانی، بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان، بوو بە مەیدانی شەڕی هێزەکانی دوو ئیمپراتووری تورک و ڕووس. کوردستان لە نێوان ئەوان دا دەستاودەست دەبوو و هەر جارێ یەکێک لەو دوو دەوڵەتە بۆ ماوەیەک دەستیان بە سەر مەیدانی شەڕ دا دەگرت و لەگەڵ ئەوەی هەر دەوڵەتە هەوڵی دەدا خەڵکی کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشێ و بێبەزەیانەش تێدەکۆشان نەیارانی کوردی خۆیان بکوژن.

خەڵکی کورد بە هۆی بواری ئایینی، زۆرتر پشتیوانی دەستەڵاتی تورک بوون کە سوونی مەزهەب بوو و ئەو دەوڵەتە لە هەستی ئایینی کورد زۆری کەڵک وەرگرت و توانی نیزیک بە تەواوی عەشایری موکوریان بە دژی دەوڵەتی ڕووس و گەلی ئەرمەن هان بدا و لە ژێر ئاڵای تورک و بە ناوی جیهاد، شەڕی کفریان پێ بکا. لە هاندانی خەڵک بە دژی ڕووس، شێخ و مەلا و تەنانەت مەلا شیعەکانی عێراقیش دەستی باڵایان هەبوو. نیکیتین لە لاپەڕەی ٢٣٢ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە شێخەکان پەرەیان بە شەڕ بە دژی کافران دا و تەنیا " شێخ بابا" دژی جیهاد بوو کە مرۆڤێکی پاک و دیندار بوو. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارەی ١٥ ساڵی ١٩٤٦ دا لە بەشی زانایانی کورد باسی شێخ بابا سەعید هاتووە و ئاماژە بە شێعرێکی کراوە.

لەو شەڕەکانی یەکەمی جیهانی دا جیا لە زیانەکانی شەڕ، هەرجار کە ناوچەیەک دەستاودەست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبوو، لایەنی سەرکەوتوو تەواوی ئەو کەسانەی قەتڵیعام دەکرد کە دژ بەوان، کردەوەیەکیان لە خۆ نیشان دابوو.

بە پێی بیرەوەرییەکانی "ویلهێلم لیتن" سەر کۆنسوول ئاڵمان لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە تەورێز، لە ساڵی ١٩١٣ ڕووسەکان ئێرانیان داگیر کرد. خەڵکی ئێران ڕقیان لە ڕووسان بوو چوونکە زۆر شەڕ لە نێوانیان دا ڕووی دابوو. بە پێی لاپەڕەی ٣٣ و ٣٤ ئەوسەرچاوەیە، ڕووسەکان خەڵکیان ئەزیەت دەکرد و کوردەکانیان بە دژی ئاسوورییەکان هان دەدا و سەربازانی ڕووس بە زۆر چادریان لەسەر سەری ژنان لادەدا. بەڵام چوونکە کێشەی لایەنگرانی مەشرووتە و دواکەوتووەکان سەر دەستەڵاتی ئێران کە لایەنگری وەزعی پێشوو بوون، چارەسەر نەکرابوو و کەس ئەمنییەتی نەبوو و بازرگانی لە بڕەو کەتبوو. لە لایەکی دیکە هاتنی ڕووسەکان بوو بە هۆی جێگیربوونی ئەمنییەت و پەرەستاندنی بازرگانی، زۆر کەس، ڕووسانی بە ڕزگارکەری خۆیان دەزانی. بە پێی لاپەرەی ٢٣ ئەو سەرچاوەیە، ئەوکات بە ڕواڵەت ڕووسەکان هیزێکی گەورەیان لە تەوریز کە شارێکی گەورەی ٢٠٠ هەزار کەسی بازرگانی بوو، بۆ پاریزگاری لە کاربەدەستان و کەسەکانی ئوروپایی جیگیر کرد و گوردانیکیشیان بۆ پاریزگاری لە جادەی سنە، نارده سابڵاغ.

جان چالێنکۆ لە کتێبی "وێنەکانی گەمەی دوایی" دا ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی ئینگلیسییەکان دەکا کە ڕادەی هێزی ڕووس لە ئازەربایجان و مەهاباد نیشان دەدا و دەنووسێ: ١٢ی سێپتامبر، بۆ ورزیری خاوەنشکۆ لە تاران

ئەوەی خوارەوە لە لایەن کۆمیسەری بریتانیایی کۆمیسیۆنی سنووری تورکیا- ئێران وە،

لە ٢٢ی سێپتامبری ١٩١٤ ڕاگەیێندراوە: ... پەیامی ١٢ سێپتامبر نرخاندنێکیشی لە گەڵ بوو سەبارەت بە توانایی سەربازانی ڕووسی لە ئازەربایجان.

ئەوەی خوارەوە بڵاوبوونەوەی سەربازانی ڕووسیا لە سەر سنوور تا ئەو جێیەی بە ڕێگەی لێکۆڵینەوەوە بۆم دەرکەوتووە.

ساوجبوڵاغ: ٣٠٠ سەربازی پیادەی سەر بە هەنگی پێنجەمی قەوقاز. ٢٠٠ قازاخ، ٤ تۆپ.

سەربازخانەی شنۆ چۆل کراوە و قازاخی ئیرانی لەوێ دامەزراون.

ناوچەی ورمێ: دوو گوردانی پیادەی سەر بە هەنگی پێنجەمی قەوقاز، هێندێک قازاخ ،٤ تۆپی شاخی.

ناوچەی دیلمان: دووگوردانی هەنگی حەوتەمی قەوقاز و هەشت تۆپ

خوێ: دوو گوردانی هەنگی شەشەمی قەوقاز، گوردانی گاردی هەنگی هەشتەمی قەوقاز.سێ پەلی تۆپخانەی شاخی (بە گشتی ١٢ تۆپ، ٣٠٠ نەفەری سەر بە پێشەنگانی یەکەمی قەوقاز. گوردانێک قازاخ).

ماکۆ: لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو دا بە گشتی سەربازخانەکەی ڕاهێزێندراوە و ئێستا بە قەدەر خوێ بەهێزە. بنکەی فەرماندەری ئەفسەری گشتی کە فەرماندەری هێزەکانە لە ئازەربایجان لە خوێ هەڵکەوتووە.

ئەو سەربازانەی سەرەوە لە پۆستی ٥ یان ٦ کەسی تا ٣٠٠ کەسی دا هاوتەریبی سنوور دامەزرێندراون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له پانتایی جوگرافیایی دەرەجەی ٣٧ بەرەو باکوور. تا ئەوجێگەی من بزانم بێتوو شەڕ هەڵایسێ، ئەو هەنگەی لە ورمێ یە دەکشێتەوە و خەتی بەرگری ڕووسان دەبێتە ماکۆ، خوێ و دیلمان وئەوانی پشتەوەی بەرەش لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ دادەمەزرێن.

بە پێی لاپەرەی ٢٠ کتیبی لیتن، کاتێک شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد، ئەو وەک سەر کۆنسوولی ئاڵمان داوای لە هەموو هاووڵاتیانی خۆی لە ئێران کرد کە بگرێنەوە بۆ وڵات و بەشداری لە شەڕ دا بکەن. ئاڵمانییەکان هەرچەند دەیانزانی کە وڵاتەکەیان تێک دەشکێ و ناتوانی لەبەرانبەر بە فەرانسە و ئینگلیس و ڕووس دا سەرکەوێ، بەڵام هەموویان ئامادەی گەڕانەوە و بەشداریکردن لەشەڕ بوون. سفارەتی ئالمان لە تەورێز کارەکانی خۆی بە دەوڵەتی عوسمانی ئەسپارد و ئاڵمانییەکان و لایەنگرانیان ئاڵای تورکیان لەسەرماڵەکانیان خۆیان هەڵدا.

جێی ئاماژەیە بە پێی لاپەرەی ١١٠ ئەو کتێبە، لە ڕۆژی٣٠ دیسامبر ١٩١٤ "شیپلی" کۆنسولی ئینگلیس لە تەورێز و "پیت مان"رەئیسی میسیۆنی ئەمریکایی چوونە کۆنسوولی ئەمریکا لە تەورێز و داوایان لە "لیتن" کۆنسوولی ئاڵمان کە پەنای بۆ کۆنسوولی ئەمریکا برد بوو کرد کە لە توانایی خۆی لە نێو تورکان و کوردان دا بە قازانجی مەسیحییەکان تێبکۆشێ و ئەویش بەڵێنیان دا. دیارە تا ساڵی١٩١٥ میسیونێرەکانی فەرانسەوی بێ ئەوی نیگەرانی هەڵسوکەوتی موسوڵمانان بن، لە تەورێز زەنگی کلیساکانیان لێدەدا.

لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩١٤ دا شەڕی ڕووس و عوسمانی دەستی پێکرد و لە مانگی نوامبردا زۆربەی هاووڵاتانی ڕووس و ئاسووری، شاری تەورێزیان چۆل کرد. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە تورکەکان بە ٥٠٠٠ سەرباز و ١٥ تۆپ هاتونە ناو مەهاباد و لەوێ جێگیر بوون. بۆ دڵدانەوەی خەڵک لە لایەن کۆنسوولی ڕووس، ئاگادارییەک ڕاگەیندرا کە سەردار ڕەشید کە نوینەری دەوڵەتی ئیران بوو، خەڵکی لە ئەمنییەتی وڵات ئەرخەیان کردووە کە هێزەکانی ئیمپڕاتووری ڕووس هێز ڕەوانە ساباڵغ و سنوورەکانی دەکەن.

بە پێی لاپەڕەی ٩٠ ی ئەو سەرچاوەیە ڕۆژی ٢ دیسامبر ٥٠٠ سەرباز تورک و ٥٠٠٠ چەکداری کورد گووندی "پەسوێ"یان گرت. بە گوێرەی لاپەڕەی ٩٨ ڕۆژی ٨ دیسامبر کوردەکان لە ژێر فەرمانی تورکەکان دا ساباڵغیان داگیر کرد و سەرهەنگ "ئیاس" ی فینلەندی کە بەڕێوەبەری کونسوولی ڕووس لەو شارە بوو، بەرەو مياندواو پاشەکشەی کرد. سەمەدخانی شوجاعولدەولە بە پێی مەئموورییەتێکی کە هەی بوو بە دەستەیەک لە سوارەکانی هیرشی بۆ سەر کوردان برد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و شکا و ١٠٠٠ کەس لە هێزەکە لەگەڵ کوردان کەوتن. ئەو پردێکی لە پاش خۆی ڕووخاندو و بە ٤٠٠ سەربازەوە لە میاندواو بەرەو شاری مەراغە پاشەکشەی کرد.

ڕۆژی ٢٧ دیسامبر ١٩١٤ شاری ورمێ کەوتە دەستی لەشکریان تورک و کورد و بە پێی لاپەرەی ١١٠ ئەو سەرچاوەیە ڕۆژی ٣١ دیسامبر ڕووسەکان لە میاندواو تێکشکان و سەرهەنگ ئیاس کۆنسوولی ڕووس لە ساباڵغ، لە ڕێگای نێوان میاندواو مەراغە کوژرا و سەرە براوەکەی بە نیزە دا کرا و خەڵک بەولاولادا گێڕایان. لەو شەڕەدا کوردێک ئەسیر بوو، بردیانە تەورێز و کۆنسوولی ئەمریکا و ئاڵمان قسەیان لەگەڵ کرد و لێیان پرسی: لەشکریانی تورک کە نیزیک دەبنەوە نیزیک بە چەند کەس دەبن؟

-١٠ هەزار کەس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئایا تۆپیان پییە؟
- بەڵێ، ۳۷۰ دانە
- ئایا ئەفسەری ئاڵمانیان لەگەڵە؟
- بەڵی ۲۳ ئەفسەر
- ئەتۆ ئەوانە لە کوێ دەزانی؟
- ئەمن بۆخۆم ئەوانم دیت و گوێم لێ بوو بە ئاڵمانی قسەیان دەکرد
- ئایا ئاغای "شۆنمان"یش لەگەڵ ئەوانە؟
- بەڵێ وەرگێڕی ژێنراڵی تورکە
- چەند سەربازی پیادەیان لە ئیختیار دایە؟
- ئاغا ئەمن چ بڵێم بە ڕەقەم ناژمێردرێن و کێوەکان لە سەربازی تورک ڕەش هەڵگەڕاوە.

"لیتن" لە درێژە دا دەنووسێ کە بە پێی ئەو هەواڵە، ڕوون بووە کە هێزێکی گەورەی تورک بەرەو تەورێز بەڕێوەیە و مەسیحێکان هەستیان بە نیگەرانی و ترسی گەورە کرد و داستانی مەترسیدار لە کوشت و کوشتار و زوڵم کوردان کەوتە سەرزاران. ئیدی ئەو هەواڵە درۆیانە کە لەسەر بێرەحمی ئێمە بڵاو دەکرانەوە و هەوڵ دەدرا خەڵکمان بە دژی هان بدەن لە گۆڕێ دا نەما...

ڕۆژی ٥ ژانوییەی ۱۹۱٥ تورکەکان شاری مەراغەیان گرت و لە ئەردەبیلیش خەڵک و شاسۆنەکان کۆنسولی ڕووسیان کوشت و دەستیان بەسەر کەرەسەکانی دەوڵەتی ڕووس داگرت.

لە ٦ ی ژانوییەی ۱۹۱٥ کۆنسوولی ڕووس، تەورێزی بە جیهێشت و خەڵک دەستیان بە شادمانی کرد. بە پێی لاپەرەی ۱۱۷ ی کتێبی "لیتن" لە ڕۆژی ۸ ژانوییەی ۱۹۱٥ ئەحمەد موختاربەگ شمخاڵ و کوردەکان کە هەر چەند سەد سوار دەبوون، چوونە نێو شاری تەورێز. کوردەکان بە سواری ئەسپ و بە لیباسی کوردی، لە گەڵ هێندێک تورک و عەرەب کە کڵاوی پاشایان لەسەر بوو، لە نێو شاردا ڕێژەیان دا و خەڵک دیاری پێشکێشی کوردان کرد.

لیتن" لە درێژەدا لە لاپەڕەی ۱۱۹ دا دەنووسێ کە ڕۆژی ۱۰ ژانویە بە بەرگی ڕازاوە لەگەڵ ئەحمەد موختاربەگ، بە درۆشکەی شوشەبەند بە خەیابانەکان دا کە پڕ لە کورد و دەستەی مووزیک بوون تیپەڕین. لە شەقامەکان دا سەربازانی قەزاقی ئێرانی کە هێشتا لیباسی یونیفۆرمی ڕووسانیان لەبەر دا و تەنیا نیشانی خاچپەرەستەکانیان لە گۆشەی کڵاوەکانیان هەڵکەند بوو، تێکەڵ بەو مەڕاسمە بوون. ئەوان سەردەمێک بە تفەنگەکانینەوە ڕێزیان لە کاربەدەستانی ڕووس دەگرت، بەڵام ئەوڕۆ ڕێز لە ئێمە ئاڵمانییەکان دەگرن. بێشک لەوکات دا وایان بیر دەکردەوە "کاربەدەستانی بیگانە دێن و دەڕۆن و ئێمە ئیتاعەتیان لیدەکەین، بەڵام ئەوەی کە ناگۆڕی و دەمێنێ ئێمەین".

لەوکاتە دا کۆنسوولی ڕووس و سەردار ڕەشید، نایبی ولایەت و سەرۆکە کوردەکان کۆبونەوە. ئاڵای ڕایشی ئاڵمان بە ڕێوڕەسمی نیزامی هەڵدرا و دوایە لە کاربەدەستانی ئیرانی و سەرۆکی عەشایری کورد، میواندارى کرا. ئەو سەرۆکە کوردانی کەسانی بە شکۆن کە ئەگەر کەسێک بۆ یەکەم جار ئەوانی دیبا هەستی بە ئەوە دەکرد کە میری و شایەتی لە سەرتاپای لەشیان دەبارێ. ئەوان بە پێچەوانە خەڵکی ڕۆژهەت، ڕاست چاو لە چاوت دەکەن و پیاوانە دەستت دەکوشن. کوردەکان دەبی لە کاردوسەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆن بن کە گزنفۆن باسیان دەکا. ئایا ئەوان هەر ئەو نیژادە بەرتەرە نیین کە لە کیوەکانی کوردستان نیشتەجێ بوون؟ ئەمن هیچکات جوانی پیاوانەی کەسانی ئەتۆم نەدیوە کە کۆ دەبنەوە. دیتنی ئەوان لەو ڕۆژە لە ژێر وینەی قەیسەری ئاڵمان، ئەو هەستەی لە من دا پێکهێنا کە ئەوان خاوەنی ئەسالەتی خوێن و تۆرەمەن. ئەندامی لەشیان زەریف، قاچ باریک، باسکی بە هێز، چاوی گەش، قەدی بلیند، قسە لە ڕوو و دڵی پڕ لە ئازایەتی، گشت ئەوانە تایبەتمەندی ئەوان بوون.

"لیتین" لە لاپەرەی ١٢٠ دا دەنووسێ کە دوای ئەوە تورکەکان شاریان بە دەستەوە گرت، ئەوجار ئەو بە کەبکەبە و تەشریفاتەوە کە کوردان ئیسکۆرتیان دەکرد، دەگەڕا.

دوایە هیزەکانی تورک و کورد ڕەوانە لای سۆفیان کران و لەوی لەبەرانبەر هیزکانی ڕووس سەنگەریان گرت. "لیتن" لە لاپەرەی ١٢٧ بیرەوەرییەکانی دا باسی ڕۆژی ٢٢ ژانوییەی ١٩١٥ کە ڕووسەکان سەنگەرەکانی خۆیان بە هیز کرد و کورد و تورکەکان کە ئیمکاناتی باش و تفەنگی چاکیان نەبوو و بیشک نەیاندەتوانی لەبەرانبەر بە ئەوان دا ڕابوەستن و تەورێز دیسان لە مەترسی دەکەوتەوە، دەکا. لیتن لە لاپەرەی ١٢٨ دا دەڵێ کە بۆخۆی چووتە بەرەی شەڕ و چاوی بە کوردە بریندارەکان کەوتووە، ئەو کوردانە کە زگچوونی خوێنیان گرت بوو و لە زبانی موختاربەگ لەسەر شەڕی کوردان دەگێڕێتەوە: ... هەموو ڕۆژی کوردەکان بە ئازایەتیک کە لە شعورییان زۆرترە، بە سواری ئەسپ و بە هەرا و گوڕە هێرش بۆ سەر سنگەرەکانی گەردەنەی "جام" دەبەن و سەنگەری ڕووسەکان دەدەنە بەر ڕەگباری موسەلسەلەکانی خۆیان و دەستی بەسەر دادەگرن. بەڵام کە هەوا تاریک بوو سەنگرەکان بەجێ دێڵن. لە کاتێک دا زۆر ڕازین ١٥ کیلۆمیتر بەرەو سۆفیان دەگەڕینەوە تا نانی بخۆن و ئەسپەبریندارەکانیان دەرمان بکەن و بنوون. ڕۆژی دوایە دیسان ئەو ڕێگایەی دەبڕنەوە و هیرش دەکەنەوە سەر سەنگەرەکان و سەرسامن بەوە کە ڕووسە شکاوەکان بۆ بەرەو ڕووسییە هەڵنەهاتوون و دیسان سەنگەرەکانیان ئاوەدان کردووە و دیسان ئەو گەمەیە دووپات دەبێتەوە. کوردەکان دیسان سەنگەرەکان دەگرنەوە و شەو دەگەڕێنەوە بۆ ماڵێ و ئەگەر ڕووسەکان سەبەر و تاقەت لەدەست نەدەن، ئەوکارە بێ ئەوەی سەرکەوتنێکی تێدا بێ، تا قیامەت درێژەی دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مەهاباد لە شەڕی یەکەمی جێهانیدا

بەر لەوەیّ کە شەڕی یەکەمی جێهانی بە فەڕمی کوردستان بگرێتەوە، لایەنەکانی سەرەکی شەڕ، ڕووس و عوسمانی، هەوڵیان دا بە خێرایی هێز و توانایی خۆیان لە کوردستان بە هێز بکەن و خەڵک و عەشایری کورد بەلای خۆیان دا ڕابکێشن.

وریا مامڵی لە لاپەڕەی ٣٩ کتێبی "کورد بوون" بە نەقڵ لە بیرەوەرییەکانی حەمەدی مەولوودی باسی هەلوومەرجی مەهاباد بەر لە  شەڕی یەکەمی جیهانی دەکا و دەنووسێ: ئەوە شەڕی عرووس و عوسمانیانە. هیشتا ڕووس نەهاتوون بۆ کوردوستان. لەشکری تورکان سی- چل کەس لە سابڵاغ بوون. نێوی گەورەکەیان "سمایل ئەفەندی" بوو. هەموویان مسیی سووری گوڵینگەداریان لەسەر بوو.

ڕۆژی جومعان بۆ نوێژی جومعە بە مەشقی سەربازی دەهاتنە مزگەوتی سوور. عالەمی ئەو شارە وەک پەنجەی دەستان دەهاتن بۆ زیارەتی ئەو تورکانە. زۆر کەسی وا بوو زیارەتی دەستگیر نەدەبوو، بە هەناسەساردی دەڕۆیشتەوە ماڵ وەک بڵێی دونیا کۆتایی پێهاتبێت. من لە بابم بیستووە کە دەیگوت: "سوڵتان ڕەشاد"، شای تورکان لەسەر بەرماڵی پێغەمبەر دانیشتووە.

ماڵتە، وای باس دەکرد دەتگوت بۆخۆی دەگەڵ سوڵتان ڕەشادی بووە. دوای دوو- سێ مانگان لەشکری ڕووسانیش هاتنە سابڵاغ، بەڵام خۆیان دە یەکتر نەدەگەیاند. پاشی یەک- دوو مانگی تر هەر دوو لەشکر ون بوون. بەینێکی تێوەرسووڕا تا لەشکرێکی تورکان سەرلەنوێ هاتەوە سابڵاغ. ئەوجار گەورەکەیان ناوی "عومەر ناجی بەگ" بوو. ئێستا لە سابڵاغ جێ قوونی خۆش نەکردبوو کە، ژنێکی سابڵاغی هێنا. "دولبەری ..." یان پێدەگوت، دایکی "... خان"ی. "عومەر ناجی بەگ" چەند ڕۆژێکی خۆش دەگەڵ بووک ڕاببوارد و ئامادە نەبوو چاوی بە کەس بکەوێ تا تێر بوو. ئەوسا لەشکرێکی لە خەڵکی سابڵاغ کۆ کردەوە کە بەشی هەرە زۆری خۆبەخش بوون. خۆشییان دە دڵیدا دەگەڕا کە دەچن بۆ خەزایە. پێیان وابوو بێتوو بکوژرێن ئەوە شەهیدن و نەشکوژرێن، ئەوە بەشداری خەزایان کردووە و فەرزی ئیسلامیان بەجێ گەیاندووە.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٤٨ کتێبی "کورد بوون" هەر لەو پەیوەندییە دا دەنووسێ: گەر لەبیرتان بێ باسی ئەوەم کرد کە لەشکرێکی تورکان هات کە گەورەکەیان ناوی "سیتقی ئەفەندی" بوو. پاشی ئەو، لەشکرێکی دی هات کە گەورەکەیان ناوی "ئەرکان ئەفەندی" بوو کە خۆی لە تورکمانەکانی کەرکوکێ بوو. لەشکرەکەی هەموو کوردی تورکیە و کوردی عێڕاق بوون. لە سابڵاغ و دەوروبەریشی لەشکرێکی یەکجار زۆری کۆ کردەوە. ئەوجار یەکسەر ڕێگای داگرت بۆ تەورێز تا ئەو شارە بگرێ. یەک دوو ڕۆژی پێدەچێ کە عەجەمان لێی وەخۆ دەکەون. ڕایان دەماڵن تا دەیانهێننە باتلاقی بناوێ. دەو باتلاقەدا تاقیان لێدەبڕن. لانیکەم ٤٠٠-٥٠٠ کەس سابڵاغی بە فیتی بەشێکی زۆر لەو شێخانە بەشداری ئەو شەڕە بوون کە هەمووی دەو باتلاقەدا خنکان و تێداچوون. تاقولۆق قوتاریان ببوو کە دەگەڵ ئەرکان گەڕانەوە بۆ سابڵاغ. خۆم چووم بۆ تەماشایان. هەر ١٠-١٢ کەس دەبوون. هەمووی بریندار و شەل و گێڕ. لە تەواوی ئەو لەشکرە گەورەیە تەنیا ئەو چەند کەسە ڕزگاریان ببوو، باقی تریان هەموو تێداچوون. بە قەولی ئەو شێخانە، هەمووی شەهید بوون و ڕۆحیان لە بەهەشتێیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وریا ماملی لە لاپەڕەی ٤٠ کتێبی "کورد بوون" بە نەقڵ لە بیرەوەرییەکانی حەمەدی مەولوودی باسی لایەنگری شێخان و مریدەکانیان لە تورکان لە  شەڕی یەکەمی جیهانی دەکا و دەنووسێ: لە هەمووی خۆشتر ئەوە بوو کە ئەو شێخ و مێخەی ئێران و عێراق هەمووی دەشار خزاون و خۆیان مەڵاس داوە و هەرچی ئەو تورکانە بیڵێن ئەوانیش وەباڵیان بۆ دەکێشن و خەڵکیان بۆ هاندەدەن بۆ خەزایە. دەبوایە هەموویان هاتبانە مزگەوت و گوێیان بۆ قسەکانی تورکەکان هەڵخستبایە. ئەوەی نەهاتبا و گوێی بۆ قسەکانیان هەڵنەخستبا، لە داریان دەدا. شێخ بابا نەهات، داری قەنارەیان بۆ هەڵبەست و کوشتیان. سەیفەدین خان، سەرداری بۆکان نەهات و گوێی بۆ شل نەکردن و لە داریان دا.

شەو کە دەنووستین و بەیانی ڕۆژ دەبۆوە، دەتدیت چەند کەس بە تاوانی ئەوەی کە نەیویستووە بچێتە مزگەوت و گوێیان بۆ شڵ بکات یان نەیویستووە بچێتە خەزایە، لە مەیدان سەریان بە دارەوە هەڵاوەسراوە.

دوو خزمی ئێمە کە هەردووک برا بوون و زۆر دەهاتنە ماڵمان، ئەوانیش لەدار دران. زۆر کەس هەبوون کە ڕایان دەکرد و خۆیان دەشاردەوە تا وەدەست تورکان نەکەون.

وا بوو کە ئەو لەشکرە سابڵاغی چۆڵ کرد و نەما. ئەوجار لەشکرێک هاتن کە گەورەکەیان ناوی «سیدقی ئەفەندی» بوو. ئەویش بە هەمان شێوە کەسێکی بێبەزە و دڕ بوو. سەیر دەوەدا بوو کە «سیدقی ئەفەندی» و لەشکرەکەی زۆر خێراتر بوون بۆ ڕەشبگیری و تێکوەرپێچانی ئەو خەڵکە بۆ خەزایە. کاریان بە گەورە و بچووک و پیر و پەککەوتە نەبوو، هەرکەسێک گیری کەوتبا تفەنگیان دەدایە و بەڕێ دەکرا بۆ خەزایە. ئەوەی گوتبای لەل، لە جێوە لە سێدارە دەدرا.

ئەو شێخانە لەسەر حیسابی خەڵکی مەهاباد لەو شارە جێگیر ببوون و لە خانەقا و لە ماڵان خزمەتیان بە باشترین شێوە خزمەتیان دەکرا. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٤٢ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: بابم ″سۆفی″ شێخی تەوێڵە بوو. ڕۆژ و شەو وەماڵێ نەدەکەوتەوە. بە قسەی خۆی خزمەتی خانەقایەی دەکرد. لە پێشخانەی خانەقایە کەوشی جووت دەکرد، ئاگای لە کەوشان بوو. بە چاوی بەستراو پێڵاوی گشت ئەو کەسانەی دەناسی کە هاتوچۆی ئەو خانەقایەیان دەکرد. جارجار کە دەهاتەوە ماڵ دە شووشەدا ئاوی دەستنوێژی شێخی دەهێنایەوە. بە کەوچک دەیدا بە ئێمە دەمانخواردەوە. جیرانەکان دەهاتن، دەپاڕانەوە و دەلاڵانەوە بۆ تۆزێک لەو ئاوە.

هەر لەسەر هەڵسوکەوتی شێخەکان لە شەڕی یەکەم دا، حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٤٢ کتێبی "کورد بوون" دەنووسێ: ...منداڵ بووم، بابم جارجار منی دەگەڵ خۆی دەبرد بۆ خانەقا و مزگەوتان تا منیش دەستەمۆی شێخان بکات بەڵکوو گەورە بم و ڕێبازی ئەو بگرمە بەر. گوێم لەو قسەوباس و درۆ و دەلەسەی ئەو سۆفیانە شل دەکرد کە هەر کەسەو تاریفی شێخی خۆی دەکرد. درۆی وایان دەکرد نەبێتەوە. یەک دەیگوت: شێخی من گوللە تۆپ بە دەست دەگرێتەوە. ئەویدی دەیگوت: جا شێخی منت نەدیوە، خوا نەکا خەنجەر هەڵکێشێ، هەر دەست بۆ خەنجەر بەرێ لەشکری کافران بە هاوار و ڕۆڕۆ مەیدان چۆل دەکەن.

جان چالێنکۆ لە کتێبی "وێنەکانی گەمەی دوایی" دا بە وردی ئاماژە بە ڕووداوەکان و وەزعی ناوچە دەکا کە بە هۆی گرینگیان لێرەدا ئیشارەیان پێدەکرێ. جان چالێنکۆ باسی ڕاپۆرتێکی ئینگلیسییەکان دەکا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە ئاماژە بە یەکەم شەڕی ڕووس و کوردەکانی لایەنگری عوسمانی دەکا و دەنووسێ: بۆ ورزیری خاوەنشکۆ لە تاران ١٢ی سێپتامبر:

لە نزیک دیلمان لە نێوان سەربازانی ڕووس و کوردەکانی سۆمایی شەڕ قەوماوە لەو هەلومەرجەی خوارەوە دا کە لە لایەن کۆنسوولی ڕووسەوە بە من ڕاگەیێندراوە:

زانیاری نهێنی بەدەست گەیشت کە هێندێک لە سەرۆکەکانی ناوچەی سۆمایی، بە فیت و دنەدانی تورکەکان، هاتوون، بۆ قەڵایەک بەنێوی گونی بۆ بردنی چەک و نەفەران بە مەبەستی هێرش کردن بۆ سەر سەربازانی ڕووسی. کۆنسوولی ڕووس، بە هێزێکی زۆرەوە لە سەربازانی ڕووسی و یارمەتی عەشیرەتە دۆستەکان، قەڵاکەیان گەمارۆ دا و داوایان لەوانەی کرد تێیدا بوون خۆ بەدەستەوە بدەن. ئەوان گوێیان نەدایە ئەو فەرمانە و قەڵاکە بۆ ماوەی ٨ سەعاتان بۆمباران کرا. کوردە دوژمنەکان ٢٠ کەسیان لێ کووژرا و زۆریان لێ بریندار بوو. سەربازانی ڕووس سێ کووژراو و ٨ برینداریان لێ بەجێما. کوردەکان بە شەو خۆیان دەرباز کرد. عەسکەرە تورکەکان دوو دێی ناوچەی سۆمایی یان داگیر کردووە کە لە لایەن کۆمیسیۆنی (دیاری کردنی) سنوورەوە درابوو بە ئێران. جموجووڵی ئەوان لە نزیک سنوور دەستدرێژکەرانەیە، بەو کردەوەیە و نارێکی دەستەڵاتدارانی ڕووسی، وێدەچی ڕووداوی زیاتر بقەومێ.

بە پێی نووسراوەی کۆلۆنێل ئالێکساندر ئیاس لە ساوجبولاغ، ئیمپراتوری عوسمانی لە ٣ نوامبری ١٩١٤ بە "ئیاس" یان ڕاگەیاند کە سابلاغ بەجێ بێڵێ دەنا دەکوژرێ:

٣ی نۆڤامبر، کۆلۆنێل ئالێکساندر ئیاس، ساوجبولاغ

ڕەقیب بەگ، دوای هاندانی خەڵک بە دژی ئێمە، ئەمڕۆ بەرەو هەمەدان چوو. لەم دواییانەدا ژمارەی مەئموورانی تورک کە خەریکی هاندانی کوردەکانن بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. تائێستا من توانیومە پێشی چەند کوردێک بگرم کە لە گەڵ تورکەکان نەکەون لە شاری دا خەڵک لە نیگەرانی دا دەژین و ئەو نیگەرانی و پەشێوییە بەوەی کە کاربەدەستە ناوچەیەکان خاو وخێزانی خۆیان دەنێرن بۆ تەورێز زیاتر بووە. بە پێی ئەو زانیارییانەی لە ڕایاتەوە دێن تورکەکان هێزەکانی خۆیان بەرەو ساوجبولاغ وەڕێ خستووە و داوای ئەوەیان کردووە کە ئەمن لە ماوەی ٢٤ سەعاتان دا سەربازەکانی خۆم لە شاری بەرمە دەرێ. ئەگەر ئەوە نەکەم هێرشێکی بەربڵاو دەکرێتە سەر شاری و هەموو ڕووسەکان دەکووژرێن. ئەو ٥٠ کەسەی کە لە کۆنسوولخانە دا ماونەتەوە، بەس نییە بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر هەنگێک دا، بەتایبەتی ئەگەر لە لایەن کوردەکانیشەوە پشتیان بگیرێ. من داوای ڕێنوێنی و فەرمان دەکەم کە چۆن بجووڵێمەوە بێتوو ئەو زانیارییەی کە بە ئێمە گەیشتووە وەڕاست بگەڕێ.

لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتە هاتووە:

٢ی دێسامبر، کۆلۆنێل ئالێکساندر ئیاس، ساوجبولاغ نوسخە ناردراوە بۆ سەنت پێترزبورگ، تەورێز، خوێ، ورمێ و تفلیس

سێ ڕۆژ لەمەوبەر، گرووپێک لە تورکەکان و عەشیرەتی کورد، سنووریان بەزاند، لاجانیان داگیر کرد و دوێنێ گەیشتنە (لە دەقی ماک دا نەنووسراوە) و لەوێوە بەرەو سابلاغ دێن. بە لەبەرچاوگرتنی زێدە بوونی مەترسی لە سەر شاری، ئەمڕۆ کۆنسوولخانە داخرا و ئەمن بەڕێگەی میاندواو دا دێم بۆ مەراغە.

٤ ی دێسامبر، وەزیری خاوەنشکۆ لە تاران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سابڵاغ لە لایەن ٤٥٠ تورکی ژێر فەرمانی موتەسەڕیفی کەرکووک و ٤٠٠ کوردی ژێر فەرماندەیی شێخ جەلالەدینی ڕاپاتەوە داگیر کراوە، کە ویدەچێ (لە گەڵ خەڵک) باش بجووڵێتەوە. حکوومەتی ئێران تێلگرامی ناردووە بۆ قازاخانی فارس (ئێرانی) کە حەقیان بەسەریانەوە نەبێ و خۆ لە کاروباریان وەر نەدەن...

٤ی دێسامبر، کۆنسوولی گشتی ڕووسیا لە تەورێز، ئەی. ئۆرلۆڤ

کۆلۆنێل ئیاس بە سڵامەت گەیشتە میاندواو، ئارشیوی کۆنسوولخانەشی لە گەڵ خۆی هێناوە. لەبەر هەستانی ئاوی چۆمی و ژمارەی کەمی سەربازان، ئەو پێی وایە کە تورکەکان لە سابڵاغ بەملاوەتر نایەن، تەنانەت ئەگەر موکرییەکانیشیان لە گەڵ بکەون. دوێنێ شوجاعودەولە ١٢٠٠ سوارە و سەربازی پیادەی بە تۆپخانەوە بەرەو میاندواو ناردووە. دوێنێ ئیاس دوو پارچە تۆپی ناردووە بۆ تیپی ئێرانی. چوار پارچەی دیکەش ئەمڕۆ نێردراوە.

٨ ی دێسامبر ، وەزیری خاوەنشکۆ لە تاران

ئەم بەیانییە نزیکەی ٧٠٠ کەس لە تاک و تەرای هەنگی هەشتەمی تۆپخانەی قەوقاز، لە گەڵ ٨٠ قازاخ و دوو ئاگردەری خێرا، ئێرەیان (تەورێز) بەرەو میاندواو بە جێ هێشت، کە هاوکارە ڕووسییەکەم دەڵێ، لەوێوە جووڵاون و لەوانەیە بەرەو سابڵاغ بچن...

... دەگوترێ لە میاندواو شوجاع نزیکەی ٣٠٠ سوارەی خۆی ٥٠٠ سوارەی عەشیرەتی چارداوڕوو و ٧٠٠ سەربازی پیادەی ئێرانی لە بەر دەست دایە.

١٤ی دێسامبر، کۆنسوولی گشتی ڕووسیا، تەورێز تێلێگرامی کوتوپڕ بۆ فەرماندەی بەشی ئازەربایجان (ژەنەراڵ چێرنۆزووبۆڤ) نوسخە بۆ تفلیس و سەنت پێترزبورگ.

کۆلۆنێل ئیاس وشداری دەدا و دەڵێ ئەگەر بەزوویی تورکەکان لە سابڵاغ دەرنەپەڕێندرێن ئەودەمی نزیکەی ٥٠٠٠٠ کوردیان لەگەڵ دەکەوێ، و تەورێز هەڕەشەی لێدەکرێ. بە بۆچوونی وی، مانۆڕێکی سەرکەوتووانە پێداویستی بە هێزێکی بەرچاو هەیە چ بە ژمارەی سەربازان و چ بە ژمارەی چەک و تەقەمەنی.

١٨ ی دێسامبر، کۆنسوولی گشتی ڕووسیا، تەورێز

بە پێی فەرمانی ئیاس، دوو گرووهان، دووجۆخەی موسەلسەل، ٥٠ قازاخ - بە گشتی ٧٥٦ کەس - گەیشتوونەتە میاندواو (لە تەورێزەوە)

٢١ ی دێسامبر، کۆنسوولی گشتی ڕووسیا، تەورێز

ئیاس تێلێگرافی ناردووە و دەڵێ کە جمووجووڵی تورک - کورد هەر دێ و زیاد دەکا و تەنانەت ڕێژەیەکی زۆر هەڕەشاوی پەیدا کردووە. نەک هەر موکرییەکان، بەڵکوو قەرەپاپەغەکانیش لەگەڵ تورکەکان کەوتوون. لە سەقز، شێخانی تەوێڵە و بیارە چاوەڕوانی هاتنی ١٠٠٠ عەسکەری موتەسەریفی سلێمانی لە بانەوە دەکەن بۆ ئەوەی بەرەو سابڵاغ بچن و هێزی خۆیان بخەنە پاڵ موجاهیدەکانی دیکە. نەبوونی چ جۆرە سزادانێک لە لایەن ئێمەوە باوەڕی خۆجێیی سەرڕاست دەکاتەوە کە ڕووسەکان لە هەموو شوێنێک لێدراون و ڕووسیا چبڕ نەماوە.

لە ماوەی دووحەوتووی ڕابردوو دا شوجاع و من ئەو جموجووڵەمان قەمتەر کردووە، بەڵام ئەمڕۆژە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نزیکە کە ڕنووی کوردی گەمارۆی میاندواو بدا و هەموو شتێک لە سەر ڕێی خۆی ڕامالّێ لەچوونی خۆیدا بەرەو قەوقاز. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە، ئەمن جارێکی دیکە بەپەلە تکا دەکەم دەستبەجێ سەرباز بنێردرێ بۆ ئەوەی ئەو بێ شەرمییە سزا بدرێ و هەبوون و مانی ڕووسیا یان وەبیر بخرێتەوە.

٢٧ی دێسامبر

بە دوای شکانەکانی هاوتەریبی سنووری باکووری قەوقاز لەگەڵ تورکیا، ژەنەڕاڵ میشلاییڤسکی، سەرۆکی ئەرتەشی قەوقاز، ترسی ڕێ نیشتووە و فەرمانی پاشەکشەیەکی گشتی هەموو سەربازانی ڕووسی لە ئازەربایجانی ئێران دەر کردووە.

٢٨ی دێسامبر، کۆنسوولی گشتی ڕووسییە، تەورێز نوسخە بۆ سەنت پێترزبورگ. فەرماندەی هێزی ئازەربایجان

تفلیس

ئیاس ڕادەگەیێنێ: شێخ حیسامەدین و (شێخ) نەجمەدین گەیشتوونەتە سابلاغ. ئەوان چاوەڕوانی موتەسەریف عێزەت بەگ دەکەن کە لە سلێمانییەوە بگاتێ. هەموو کوردەکانی ناوچەی سابلاغ و قەرەپەپاغەکان لە گەڵ تورکەکان کەوتوون و بەگشتی ژمارەیان دەگاتە ١٠٠٠٠ کەس.

لە تێلگرامی شوجاع ڕا دەردەکەوێ کە ڕێبەری کورد مەولانی گەیشتووەتە دێیەک لە ١٢ ڤێرستی میاندواو، لەوێ هێزەکانی ئێمە لێیان دا و ناچار بوو بەرەو سابلاغ پاشەکشەبکا. بەپێی قسەی ئیاس، شوجاع ١٠٠٠ سوار و ١٥٠٠ سەربازی پیادەی هەیە.

٢٩ی دێسامبر، کۆنسوولی گشتی ڕووسیا، تەورێز

تێلێگرام بۆ سەنت پێترزبورگ. نوسخە بۆ تفلیس

ئەمن پێوەندیم لە گەڵ شوجاع گرتووە. ئەو نزیک نیوەڕۆیە لە میاندواو ئیاسی بەجێ هێشتووە. شوجاع پێکێشی لەگەڵ کۆنسوول کردووە کە دەبێ دەستبەجێ ئەوێ بەجێ بهێلێ، بەڵام کۆنسوول بە قسەی نەکرد و دووجار گەڕاوە ماڵە خۆی، یەکەم جار بۆ هەڵگرتنی سەنەد و بەڵگە ودوایە بۆ هێنانی کڵاوە پێستەکەی. چەندین کەس لە دانیشتوانی میاندواو ڕووداوەکەیان پشت ڕاست کردووەتەوە، دیتوویانە کە ئیاس چۆن بریندار بووە و لە نزیک ماڵەکەی خۆی لە ئەسپەکەی بەربووەتەوە دەستەی قازاخەکانی ئێمە، تیپی ئێرانی و سوارانی ئەمیر تومانی سەراوی لە مەیدانی نەبەرد کشاونەتەوە. ئەوان لە چۆمی جەغەتوو پەڕیونەتەوە و دەکرێ سبەینێ بگەنە مەراغە یان بناو. لە مەراغە ئەو ١٠٠٠٠٠ فیشەکەی کە بۆ شوجاعم ناردبوو کەلکیان لێوەرنەگیراوە.

شوجاع هیوادارە ئەم ئێوارەیە لە گەڵ هێزی ئێمە یەک بگرێتەوە. سەردار ڕەشید پێشنیار دەکا لە سەروبەندی ئێستا دا، بە چۆڵ کردنی ناوچەی مەراغە، پەسندتر وایە کە هەموو هێزەکان لە تەورێز کۆ بکرێنەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩١٤دا، بەشی زۆری کوردستانی ئێران بوو بە مەیدانی شەڕی نێوان هێزەکانی ڕووسیا و تورکیا. ئەوکات قازی فەتاح کەسایەتی گەورەی شاری مەهاباد کە پێشتر زۆری هەوڵ دا بوو تا بە شێوەی ئاشتیانە مافی کورد بستێنی، لە تاران دەستبەسەر کرابوو. بە دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتی ئێران ڕێگای بە قازی فەتاح دا کە دوای ١٢ ساڵ دوورخراوەیی، بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٥٢ ی کتێبی "بزوتنەوەی ڕەزگاری نەتەوەیی و پێشەوا قازی محەمەد..." لەسەر گەڕانەوەی قازی فەتاح دەنووسێ: ... هۆردووی پاشاکانی عوسمانی سنووری ئێرانی تێک داوە لە لای بازەرگان و ورمێوە (ڕەزائییەی ئێستا) بەرەو ناوەندی کوردستان شۆڕ بووەوە. دەوڵەتی ئێران کە بۆ پێشگیری کردن لە هۆردووی تورکیا چی لەدەست نەدەهات ناچار بوو بە حورمەت و بەڕێزییەوە قازی فەتاح بۆ کوردستان بنێرێتەوە، کە خەڵکی کوردستان هەڵسێنێت لە دژی عوسمانییەکان. قازی فەتاح هەر کە گەڕاوە هۆردوویەکی چەند هەزار کەسیی لە کوردان پێک هێنا، حاکمی تارانی لە سابلاغ دەرکرد وە لە مەڵبەندی دۆڵی بەسری و ئیندرقاش کە لە نێزیک سابلاغن پێشی بە هۆردووی عوسمانی گرت وە بە قارەمانەتییەکی بێ وێنەوە بەرەو پاشی کشاندنەوە وە بەمجۆرە نەیهێشت شاری سابلاغ وە چەنگ تورکان بکەوێت و تالان بکرێت.

هێزەکانی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٥دا لە پاش تێکشکاندنی لەشکری تورکیا لە مەڵبەندی مەراغە و مياندواو، ڕوویان کردە سابلاغ و ماوەیەک لەوێ مانەوە. ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا کە ناسری کوڕی کۆی کردوتەوە بە نەقڵ لە سالار کوڕی میرزا فەتاح دەگێڕێتەوە:

ڕۆژێک ڕدێن سپی و کەیخودای شار لە خزمەت بابم (قازی فەتاح) دانیشتبون کە ئەفسەرێکی ڕوس لەگەڵ چەند قازاخ و پلەداری ڕووس هاتنە بەر دەرگای مەحکەمە. بابم بەرەو پیریان چو، ئەوانیش دابەزین و هاتنە مەحکەمە. دوای سڵاو ئەفسەرە پلەبەرزەکە ڕووی لە بابم کرد و کوتی: میرزا فەتاح ئەتۆ گەورەی شاری و خەڵک بە قسەت دەکەن. بە خەڵکی شار بڵێ کاریان بە ئێمە نەبێ و فریوی دەوڵەتی عوسمانی نەخۆن و لە دژی ئێمە شەڕ نەکەن. من هاتوم و ئەوە بە تۆ دەڵێم بۆ ئەوەی خەڵک توشی کوشت و کوشتار نەیەن و دەربەدەری و ماڵ وێرانی نەچێژن.

بابم لە وڵام دا کوتی: ئێمە کارمان بە ئێوە نییە بە مەرجێک کارتان بە خەڵک نەبێ و دەست درێژی بۆ ماڵ و ناموسی خەڵک نەکەن ئەگینا خەڵک ناچار دەبن پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

هەر لەو پەیوەندییەدا دوکتور ئاسۆ لە بیرەوەرییەکانی دا بە وردی باسی گشت لایەنەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دەکا و لە زبانی باوکی باسی چاوپێکەوتنی ژینراڵەکانی ڕووس لەگەڵ قازی فەتاح و هەڕەشەی ئەوان دەگێریتەوە و دەنووسێ کە ژینراڵێکی ڕووس بە خۆی و بە ٥ سوارەی قەزاق لە پێش دەرۆازەی ماڵە قازی فەتاح ڕاوەستا بوو و بە توندی دەیگوڕاند قازی فەتاحم بۆ بانگ بکەن. قازی فەتاح بە هەیبەتەوە هاتە بەر پەنجەرە و ژێنراڵ گوڕاندی گوتی قازی فەتاح موسوڵمانانی تۆ نایەڵن هێزەکانی ئێمە بەسەر تورکان دا سەرکەون. ئێمە کارێکمان بەوان نییە. شەڕمان لەگەڵ ئەوان دا نییە ئەگەر دەست هەڵنەگرن ئەوکات دەزانی چ بەڵایەکتان بەسەر دێنم. ئەمن دەڕۆم و دەگەڕێمەوە هەر شتێک ڕوو بدا ئەتۆ بەرپرسی و دەبێ ئامادەی وڵامدانەوە بی. قازی فەتاح بە ئارامی بە ژێنراڵی گوت، جەناب. خەڵکی شاری ئێمە کاری بە ئێوە نییە ئەگەر چەند کەسێک بە دژی ئێوە هوتاف و دروشم دەدەن ئەوەی نابێ بە حیسابی میللەتی کورد بگرن. ئەوەش بزانە خەڵکی ئێمە موسوڵمانن و سەربازانی ئێوە بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام دەجووڵێنەوە. مەست دەبن دەنەڕێنن و بە نامووسی خەڵک دەست درێژی دەکەن. باشترە پێشی ئەو بێ ئەدەبیانە بگری. خەڵکی ئێمە میوانگرن تا کاتێک میوان پێی لەبەرەی خۆی زیاتر ڕانەکێشاوە و حەدی خۆی ڕاگرتووە کەس کاری پێی نییە. ژێنراڵ بەو وڵامە تورە بوو و بە توندی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕکێفی ئەسپی دا گوتی ڕۆیشتم و زوو دەگەڕێمەوە. قازی فەتاح لە وڵام دا، بە ئەسبایی گوتی ئێمە بۆ میوانداریی ئامادەین. ژێنراڵ دوور کەوتبووە و بە ڕووسی هەر جنێوی دەدا.

پاش ماوەیەک تورکەکان هێرشیان کرد و هێزەکانی ڕووس نەیانتوانی خۆڕاگرن و پاشەکشەیان کرد. ڕەحمانی قازی لە کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە سالاری میرزا فەتاح دەگێڕێتەوە کە بە داوای ئەفسەرانی ڕووس ئەوجار ئەفسەرانی تورک هاتنە لای قازی و دەنووسێ:

چەند ڕۆژ دوای ئەو باس و خواسە دو ئەفسەری عوسمانی بە ناوەکانی "عومەر ناجی" و " ئەرکان بەگ" هاتنە مەحکەمە و ڕویان لە بابم کرد و کوتیان: میرزا فەتاح ئەتۆ دەزانی دەوڵەتی ڕوس کافرە و هاتووە خاکی موسوڵمانانی داگیر کردووە و لەگەڵ موسوڵمانان بە شەڕ دێ. خودا دە قورئانی پیرۆز دا دەفەرموێ ئەو کەسە موسوڵمانە کە لە ماڵ و ناموس و وڵاتی پارێزگاری بکا. ئێستاش ئێمە چاوەڕوانیمان لە تۆ هەیە کە لەو شەڕە دا بەشداری بکەی و یارمەتی سوپای ئیسلام و موسوڵمانان بدەی.

بابم لە وڵام دا کوتی: ئێمە خەڵکی ئێرانین و دەوڵەتی ئێران بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاندووە و داوای لە خەڵک، کردووە بێ لایەنی خۆیان بپارێزن. کاتێک بابم ئاوای وڵام دانەوە عومەر ناجی دەستی لە باخەڵی نا قورئانێک و ئالایەکی دەرهێنا. لە ئالاکەی نوسرابو "لا اله الا الله و محمد رسول الله" کوتی بە شاهیدی ئەو دوانە ڕۆژی قیامەت لە خزمەت خودا و پێغەمبەر سکالات لێ دەکەم و دەڵێم میرزا فەتاح لە جیهاد دا یارمەتی موسوڵمانانی نەدا و بە قسەی نەکردم بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە. ئەو قسەیەی عومەر ناجی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە سەر بابم و ئەو کەسانەی لە مەحکەمە بون دانا و زۆربەیان دەستیان کرد بە گریان. پاشان بابم کوتی: سوور دەزانم کە دەکوژرێم و لە ناو دەچم بەڵام بە شاهیدی ئەو قورئان و ئالایە لە ڕێی ئیسلام دا جیهاد دەکەم هەتا دەکوژرێم.

لایەنەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتانی پێشکەوتوو نەبوون کە کورد پشتی پێوە ببەستبان و دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٢٢ی بیرەوەرییەکانی دا لە سەر تورکانی عوسمانی دەنووسێ:

تورکی بە ڕواڵەت موسوڵمان خەڵکیان دەکوشت، مەلا گەورە و پیاو ماقولا ڕدین سپییەکانیان لە دار دەدا و تەجاوزیان بە خەڵک دەکرد و خۆیان بە موسوڵمان دەزانی و خەڵکیان بە بیانوی لایەنگری لە ڕووس دەکوشت و شاربەدەریان دەکردن.

لە دوایی دا دیسان ڕووسەکان گەڕانەوە و داوایان لە قازی فەتاح کرد کە پاڵپشتی تورکان نەکا. عەبدولای قازی لە لاپەڕەی ١٤ی کتێبی "وڵاتی من"دا لەو بارەوە دەنووسێ:

یەكێك لە ژنڕاڵەکانی ڕووس بەر لە دەست پێکردنی شەڕ، میرزا کەریمی قازی کە دەبێتە باپیری خێزانم (زینەت)، دەنێرێتە لای قازی فەتاح و داوای لێدەکا و دەڵێ: دەزانین کە ئەتۆ زۆر ئازاو نەبەزو نەترسیو سەرداری عێلێکی گەورەیو خەڵك بە قسەت دەکا. بەڵام حەیفە کە خۆت بۆ تورکان بە کووشت دەی. ئێمە دەزانین کە فریوی تورکانت خواردووەو سوێندیان داوی کە جیهاد بکەی و تا ئاخرین نەفەر شەڕ بکەی. ئەوان لەو شەڕەدا، مەزهەبیان هێناوەتە گۆڕێ بەڵام ئەو شەڕە شەڕی دین و مەزهەب نییە، شەڕێکی جیهانییە و تورك بۆتە لایەنگری ئاڵمان. ئەوجار ئەمە دەوڵەتین، پێکەوە بەشەڕ دێین، جارێك ئێمە دەشکێین جارێك ئەوان، بۆیە شەڕمان لەگەڵ مەکە، ئەمەش کارمان بە ئێوە نییە و تکایە دەست هەڵگرە. ئەوجار ئێمەش بۆ ئێوە باشترین هەتا ئەوان.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە وڵام دا قازی فەتاح ئاوا دەڵێ: سوێندێکەو خواردووە کە هەتا ئەمن زیندوو بم نەیەڵم عروس بێنە نێو شاری مەهاباد. ئەوان بێن خەڵکی قەتڵی عام کەن و ئەمنیش لە ماڵە خۆم دانیشم؟


قازی فەتاح و سالاری کوڕی

بەمشێوەیە قازی فەتاح پشتی تورکانی گرت و ڕووسەکان پاشەکشەیان کرد و هێزەکانی عەشایر و خەڵکی کورد لە دژی ڕووسان، دژکردەوەی توندیان لە خۆ نیشان دا و لەمەر کوشتنی ڕووسان، ناحەز جووڵانەوە و کۆنسوولی ڕووس بە هاندانی عەشایری سەر بە تورک کوژرا و بوو بە بەڵای گەورە بۆ گیانی خەڵکی مەهاباد و دەوروبەر.

ویلهێلم لیتن کۆنسوولی ئاڵمان لە ساڵی ١٩١٣ لە تەورێز، لە لاپەڕەی ١٤٢ بیرەوەرییەکەی دا باسی چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ قازی فەتاح دەکا و دەنووسێ: ساعەتی دەوروبەری دوازدە و پەنجا خولەکی شەو بوو و لە قەراغ ئاوێ کوڕێکی جەوانی زۆر جوان کە تازە خەتی سمێڵی دابوو و لیباسیکی کوردی زۆر جوانی دەبەر دابوو، پیشوازی لیکردین. ئەو کوری قازی فەتاح یەکیک لە ڕێبەرانی کورد بوو کە تورکەکان ئەویان بە حاکمی میاندواو هەڵبژارد بوو. ئەمن بە پێی فایلەکانی سفارەتی ئاڵمان لەگەڵ نێوی قازی فەتاح ئاشنا ببووم. ئەو چەند ساڵ پێش بە هۆی پیاوەکانی گووندەکانی وەک حاجیابات و کوێل ئابات کە بەشە میراتی "گرین فیلد" بوو و لەوێ چەند ئاڵمانی دەژیان، داگیر کرد بوو. ئەوکات "شۆنمان" مەئمووری باڵوێزخانەی ئاڵمان، بۆ ئەوەی بەشی ئاڵمانییەکان بکا بە پارە، بەشی ئەوانی بە کابرایەکی ڕووس فرۆشت و دواتر ڕووسەکان بە هاوکاری قەزاق و کوردەکان، خەڵکی کوردی نیشتەجێی ئەو گووندانەیان دەرکرد. کاتێک کە دەچوومە ماڵە قازی فەتاح وەبیرهاتنەوەی ئەو بیرەوەریانە (کە لە ژێر کارگەری مەئمورانی ئاڵمانی، کوردەکانی سەر بە قازی فەتاح لەو دێهاتە دەرکرابوون) بۆ من کەمێک ناخۆش بوو. بەڵام دوای کەمێکی دەرکەوت کە قازی فەتاح ئەو داستانە کۆنەی بە هیند ناگرێ. بۆیە دوای وەدەرنانی ڕووسەکان، ئەو بە خیرایی دەستی بەسەر ئەو گووندانە و ئاوایی دیکەش داگرتبوو...

قازی فەتاح کە پیاوێکی گەڕاوەی خۆشەویست و لەبەر دڵانە، بە زیرەک دێتە بەرچاو و وەک"ئێ٠ژی فیشێر" (مرۆڤ ناسی ئالمانی کە لە ١٨٧٤ لە دایک بوو و دەریخست کە تایبەتمەندییەکان نیژادی بە پێی یاسای مەندل" بە میرات دەچن.) دەچێ. ئەو بە منی گوت کە فارسی لە تورکی باشتر دەزانێ و بەو شێوەیە وتووێژێکی دۆستانە لە نیو ئێمەدا ڕووی دا. ئەو بە شکانی تورکان کەمێک دەست و پیی ون کرد بوو و لێیان بە گومان بوو. ئەو هەموو شتێکی خۆی لە گرەوی سەرکەوتنی تورکان دانابوو و لە بوارێک دا خۆی بە ئەوان بەستبووە. ئەو حاکمی میاندواو و قازی عەلی خزمی حاکمی مەهاباد و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خزمێکی دیکەی ئیمام جومعەی مەهاباد بوو. بەو شێوەیە بنەماڵەی قازی فەتاح کە ئیفتخاری حاکمییەتی کوردان و جیی باوەڕی تورکانیان بە تەوای بەدەست هێنا بوو، دەستەڵاتێکی بەرفراوان هەر لە سابلاغەوە بگرە تا میاندواو هەبوو. سامانی قازی فەتاح بە تایبەتی مەڕ و ماڵات و موڵک لە دوای پێشڕەوی تورکەکان بۆ نێو خاکی ئیران دا زیاتر ببوو. بۆیە ئەگەر ڕووسەکان دووبارە گەڕابانەوە بۆ ئەو مەڵبەندە، ئەو لە یەک چاوتروکاندن دا لە حاکمێکی بەدەستەڵاتی گەورە دەبووە بە هەڵاتوویەی فەقیری نەدار. بۆیە ئەو لە شکانی تورکان زۆر تورە بوو و دەیگوت بە ئەوانم(تورکەکان) گوتووە، کە کار ئاوا ناڕواتە پێش و ئەگەر ئەوان بە قسەی منیان کرد با، ئەوڕۆ هەم لە میاندواو دەبوون و هەم لەگەڵ پشتەوەی خۆیان لە پەیوەندی دا دەبوون. ئەوان دەبوو هیزی تەواویان کۆ کردباوە و چەندە ئەحمەق بوون کە پاشەکشەیان کرد. ئەو کوردانەی کە لەگەڵ ئەوان چوون، ئەوەندە لە لایەن تورکانەوە بیرڕێزیان پێکرا کە بەر لە کۆتایی کاتی دیاری کراو گەڕانەوە.

لیتن لە درێژەدا دەنووسێ: لەوکاتەدا لە نەکاو هەواڵ هات کە لەوبەری چۆمی جەغەتوو دەنگی تەقە هاتووە. هەوڵین بۆچوونی ئێمە ئەوە بوو کە ڕووسەکان گەیشتنێ و بە خێرا تەواوی کوردەکان تەفەنگەکانیان دەست دایە و قەتاری فیشەکیان لە خۆ بەست بۆ دیفاع لەوێ وەدەرکەوتن. کوڕە گەورەی قازی فەتاح کە جەوان و بەژنێکی جوانی پیاوانەی هەبوو، لە خزمەتی بابی دابوو. کوڕە جەوانەکی تری کە هاتبووە پێشوازی ئێمە، دووبارە هاتەوە ژوورێ بە پۆزەوە تفەنگە ماوزەڕە پێنج تیرەکەی نیشانی ئێمە دا. کوردەکان (کە بێشک لە بارەی ئاریایی بوون دا لە ئێمە نیزیکن) کاتێک چەکی خۆیان دەست دەدایە، وێنەیەکی دڵفڕێنیان لێ ساز دەبوو. قازی فەتاح بۆخۆی بە  هەموو شتێک ڕادەگەیشت، ئەو پۆستەکانی دیاری دەکرد و دەچووە شوێنی شەڕ و شەو دەگەڕاوە. وردە وردە ئاشکرا بوو کە ئەوە تەقانە ئی ڕووسان نەبووە بەڵکوو ئی پیاوەکانی سەمسامولسەلتەنە یەکێک لە پیاوە باوەڕ پێکراوەکانی شوجاعولدەولە بووە.

لیتن لە درێژەدا لەسەر سەمسامولسەلتەنە، دەنووسێ کە ناوبراو بەسەر گوندەکانی نێوان مەراغە و میاندوا و بناو ڕادەگەیشت. کاتی پێشڕەوی تورکەکان هاتە لایان و داوی لێکردن کە لێیخۆش بن و سەرئەنجام ئەوان بەخشیان و لە جێی خۆیان هیشتەوە. بەڵام دوای بیستنی یەکەم سەرکەوتنی ڕووسان، بۆ خۆ خۆشیرن کردن لە لای ئەوان، هیرشی کردە سەر دەستەیەکی کەمی تورک و کورد کە خەریکی پاشەکشە بوون.

لیتن لە دریژەدا لە لاپەڕەی ١٤٤ دا دەنووسێ کە قازی فەتاح پێداگر بوو کە ئەفسەرانی تورک دەبێ لەوی بمێننەوە و ئەوان بەڵێنیان دا بەڵام لە نیوەشەو دا خۆیان سازکرد تا لەگەڵ کونسوولی ئاڵمان بچن بۆ موسڵ. بەڵام هەرچی کرا ئەسپی یەکێک لە ئەفسەرانی تورک نەبیندراوە و ئەوەش بەو مانایە بوو کە ئەوە: یەکەم ئاماژەی ئەو سەرکردە کوردە بوو کە کۆنسوولی ڕووس دەتوانی بڕوا بەڵام فەرماندەکانی تورک دەبی لەوێ بمێننەوە.

ویلهێلم لیتن لە لاپەڕەی ١٤٧ بیرەوەرییەکانی دا باسی ئیمام جومعەی مەهاباد کوڕە مامی قازی فەتاح، لە ساڵی ١٩١٥ دەکا و دەنووسێ: دوایە ئیمام جومعە هاتە لای من و پێیگوتم کە میرزا جەوادی قازی برای لە بیرلین، شارلۆتنبوورگ، شەقامی مومزنی ژمارە ٤٧ نیشتەجێیە و داوایکرد کە نامەیەکی بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرم.
ویلهێلم لیتن هەر لەو لاپەڕەیەدا باسی شووڕای شەڕی ڕێبەرانی کورد لە مەهاباد دەکا و دەنووسێ: ئەوڕۆ(دووشەممۆ هەوەڵی فەورییەی ١٩١٥) قەیرانێکی گەورە لە ئارا دا بوو. شەوی ڕابردوو دووبارە فەرمانی جیهاد دراوە. تەتەر بە سواری ئەو هەواڵەیان بە هەموو ڕێبەرانی کورد کە ئێستا لە ساڵۆنی دارولحکومە دانیشت بوون، ڕاگەیاند. ئەمن سەحنەیەکی سەیرم دی. لە لای سەرووی ئەوە ساڵۆنە لە لۆژی تایبەتی، تورکەکان و ڕێبەرانی کورد و مەلاکان جێگیر ببوون، لە لاکەی دیکە چەکدارەکانی کورد دەستەوتفەنگ ڕاوەستابوون و کاتێک من چوومە ژووری بە ڕێزەوە بردیانمە لای سەروو. بێدەنگێکی تەواو ژوورەکەی داگرت بوو. دوایە کوڕێکی میرمنداڵی دە ساڵە ئاوا دەستی بە قسان کرد "سەرەرای تەمەنی کەمم، داوا دەکەم ڕێگام پێبدەن لە قەراغ ئێوە وەک خۆبەخشێک شەر بکەم و ئەگەر ڕێگام پێبدرێ کە لە ڕێی کوردستان دا بکوژرێم، حازرم دەست لەو ساڵانە هەڵگرم کە هیوای مانەوەم بۆ ژیانم هەیە. ئەمن تفەنگ و فەشەکیشم هەیە".
یەکێک لە مەلاکان ئەوەی برد لای سەروی دیوەخانەکە و لە ئامێزی گرت و ماچی کرد. دوایە یەکێک لە ڕیبەرانی کورد لە کاتیک دا کە ئاماژەی بە میرمنداڵەکە دەکرد گوتی "لە نێو ئێوەدا کەس هەیە کە خۆی شەرمەندەی ئەو میرمنداڵە بکا"؟ کوردەکان تێکڕا هاوریان کرد، نا و دوایە لە ئەفسەرە تورکەکەیان ویست کە ڕوانگەی خۆی دەربڕێ.
ویلهێلم لیتن لە لاپەڕەی ١٤٩ ی بیرەوەرییەکانی دا بە وردی باسی جیاوازی نەزم و دیسیپلین و نیوان هێزەکانی ڕووس و تورک دەکا و دەڵێ کە سوپای تورک زۆر نارێک و بێ بەرنامە بوون و لیباسی ناجوور و غیرە نیزامیان لەبەر دابوو. تفەنگەکانیان شڕ و ژەنگاوی و کۆن بوون. هیچ چەشنە ئاموزشی نیزامی نەدرابوون و کەس بە کەس بوون. بە پیچەوانە ڕووسەکان ئەگەر سەربازێکیان لێ ون بایە بە بێسیم هەموو کەلین و قوژبنێک دەگەران، بەڵام حیلمی ئەفسەری تورک، ئەسڵەن ئاگای لە هێزەکەی نەبوو و هیچ زانیارێکی لەسەر دوژمن نەدەزانی. هیچ ناوەندێکی ئیداری و ئابووری بۆ هێزی خۆبەشی تورک لە ئارا دا نەبوو و ئەوان دەبوو بۆخۆیان، پێداویستی و کەرەسەی خۆیان دابین بکەن و هەرچی پیبانخۆش بوو لە خەڵک بستێنن و شوێنی مانەوەیان دیاری بکەن. ئەوجار لە هێزی تورک کەس نەیدەزانی برینداراەکان بەرێتە کوێ. بە گشتی تەواوی کردەوەکانی نیزامی لە گۆترە و بە بێ ڕەچاوگرتنی بواری ئەمنی بەریوە دەچوو و ڕایەڵەی بیسیم و پەیوەندی لە فریاکەوتن هەر لە گۆڕێ دانەبوو.
ویلهێلم لیتێن لە لاپەڕەی ١٤٩ بیرەوەرییەکانی دا باسی کوڕی حاجی ئیلخانی دێبۆکری دەکا و دەنووسێ: شەو فەوزی بەگ و حیلمی بۆ ماڵئاوایی هاتنە لای من و لە درەنگایی شەودا موختاربەگ و بجیس ئاغا و سیمایەکی جوانی پیاوانە، کوڕی حاجی ئیلخانی لە ڕێبەرانی کورد کە زیاتر لە ٥٠٠٠ سواری لە ئیختیاردابوو، هاتە لای من و سڵاوی بابی پیگەیاندم و گوتی، کە ئامادەیە ئەگەر بکەوێتە ژیر حمایەی دەوڵەتی ئاڵمان و پۆستی کۆنسوولی جێی باوەڕی ئاڵمانی لە مەهاباد بدرێتێ، تەواوی کەسانی بنەماڵەی خۆی(عەشیرەتی دێبۆکری) دەخاتە ژێر ئەمر و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئاڵمان. ئەو هەورەها داوای کوردەکانی بۆ چەک دووپات کردەوە و گوتی دێبۆکرییەکان هەزاران تفەنگیان لە ئیختیار دایە، بەڵام ئەگەر چەک و بەتایبەتی فیشەکی زیاتریان پیبدرێ، دەتوانن هێزی زیاتر ڕەوانەی بەرەی شەڕ بکەن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵێنیم پیدا کە بە تەواوی توانا پشتیوانی لە داواکارییە دەکەم.



قەرەنیاغای مامەش و عەزیزی کوڕی

ویلهێلم لیتن لە لاپەڕەی ١٥٠ بیرەوەرییەکانی دا لە ڕۆژی ٣ مانگی فەورییەی ١٩١٥ باسی ئاوایی پەسوێ و ماڵە قەرەنیاغای مامەش دەکا و دەنووسێ: دوای نیوەڕۆ لە حاڵێک دا کە بە دەشتەکە دا تێپەڕ دەبووین، لە "پەسۆ" ماڵێکی دەوڵەمەند" مان لێ وەدەرکەوت و ساعەت پێنج و چارەگێک لە حاڵێک دا بە توندی باران دەباری گەیشتینە ئەوێ. پەسوێ ئیی دەستەڵاتداری گەورەی کورد، قەرەنیاغایە (لە کوردەکانی پیران). قەرەنیا بۆخۆی و پیاوەکانی لە بەرەی شەڕی "خۆیە" بوون و برا و کوڕە گەورەکەی پیشتر لەشەڕ دا کوژرابوون. کوڕێکی دیکەی ١٠ساڵانە نەجیبی قەرەنیاغا پەزیرایی لێکردین. ئەو لە پشتێندە پێنج میتریکەی خۆی دا خەنجەرێکی تێهەڵچەقاند بوو کە نیزیک بە قەرا خۆی دەبوو. دوای ئەوە چەکمەکانم داکەند بردیاننینە ژوورێک لە قاتی سەروی باڵاخانەکە کە تەنیا لبادیک و کوڕەیەکی(سۆبە) لێبوو. کوڕە جەوانەکە لە لایەکی ژوورەکە و ئێمەش لە لایەکی دیکە دانیشتین. چەندین کەسی دیکەش هاتن و دانیشتن یان بە پیوە لە لای دەرکەکان ڕاوەستان. سەرتان نەیەشێنم بە ئیفتخاری میوانان مەجلیسێکیان ڕازاندەوە. کوڕە بنەماڵە مێرمنداڵەکە، بە هۆی کویخاکەی کە نێوی مستەفا و مووی سەری ماش و برینجی بوو سیغارێکی درێژی فەرموو کردم و دوایەش لەوبەری لە جێی خۆی ڕا شقاتەیەکی گەورەی بۆ فڕێ دام کە من لە حەوا گرتمەوە و دوای بەکارهێنان فڕێم دا بەر پێم. بە دوای ئەوانە دا مستەفا بە سپایی بە گوێی ئەو مێرمنداڵەی چرپاند کە باشتر بوو بۆخی بە دەستی شقاتەکەی دابامێ. مێر منداڵەکە خەجاڵەت بووە. لە دەروونی دا، خۆشی و جوانی دڵی منداڵانە و ڕۆڵی هەڵسووکەوتی ساحەب ماڵی لە بەرانبەر میوان دا، لەشەڕ دابوون و سەرئەنجام ئەو دەستی بە فەرمان دان بەسەر ڕەعییەتان و لێپرسینەوە کە لە کوێن و لە کوێ نیین، کرد.

جەعفەری کەریمی لە سایتی ئینترنێتی دا بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٢٠٤ی کتێبی " ئێرانێک کە من ناسیم "لە نووسینی "بازیل نیکیتین" ئاوا دەنووسێ:

لە پاییزی ساڵی ١٩١٥ ز دا بە پێوستم زانی سەردانێکی ساوجبلاخ بکەم بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوچەکەدا چونکە بیستبومان هەمیسان کۆبوونەوەی " تورک و کورد " دەستی پێ کردۆتەوە. هاوسەرەکەشم لە گەڵ بوو بەڵام نەمانتوانی مەبەستەکەمان بەجێ بگەیەنین. لەوێ مەبەستی خۆمان ئاشکرا کرد و گوتم بۆ لێکۆڵینەوە لە مەڕ کوشتنی کونسولی ڕوس " کولونێل یاس"کە لە دیسامبری ١٩١٤ز، هاتوینە ئەو ناوچەوە. بەو شێوەیە کە دەیگێڕنەوە، کولونۆل یاس، بە شێوەیەکی دڕندانە کوژراوە. وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیە گەلێک خەمبار بووە ... یاس لە کۆتایی ساڵی ١٩١٤ لە سابڵاخ بەرەو مياندواو دەچوو تا ڕووداوەکان لە نزیکەوە سەیر بکا و هەروەها بە هۆی دەسەڵاتیکی کە هەیبوو بارودۆخەکە ڕێک و پێک بکا. بەڵام بەداخەوە لە ناوەڕاستی مانگی ژانویە کۆنە حاکمی شاری تەورێز کە لە شاربەدەریدا بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له قەفقاز دەژیا گەڕایەوە ئێران و هەڵسوکەوتێکی کرد کە بە زەرەری خۆی تەواو بوو. لە ناوچەی میاندواو توشی شەڕ لە گەڵ کوردان هات و لەو شەڕە دا شکستی خوارد و لە هەمان حاڵدا کولۆنێل یاس کوژرا. ئەو کەسەی کە کولونێل یاسی کوشت بەوەش ڕازی نەبوو و سەری لە لەشی جودا کردەوە و هێنایە شاری ساوجبلاخ لە وێ بردیە بەر دەرگای ناسیاوێکی کورد بە ناوی "قازی فەتاح " کە جەماوەر بێنە سەیر کردنی جەنازەکە. هەموو ئەو جینایەتەیان پێ خۆش بوو لەناو ئەو خەڵکەدا کابرایەکی تورکی تێدا بوو لە هەموان خۆشحاڵتر بوو. لە پاشان سەر بڕاوەکەیان دایە دەست منداڵە کوردەکان و خودا دەزانی پاشان چێ بەسەر هات. جەنازە بێ سەرەکەش لە میاندواو لە قەراخ چۆمێک دا نێژرا. پاشان سێڵاوی وەرزی بەهار لە گەڵ خوییدا بردبوی. پاش ئەو ڕووداوە " ژنراڵ ڕیبار چینکۆ لە تۆڵەی ئەو جینایەتە، ماڵی قازی فەتاحی ئاوەر تێبەردا لەگەڵ عەرز تەختی کرد.

جان. چالێنکۆ لە بەندی١٥ی کتێبی "وێنەکانی گەمەی دوایی" کە حەسەنی قازی وەریگێڕاوە و لە سایتی ئێنترنێتی دا بڵاوی کردۆتەوە، لەسەر کوشتنی ئیاس بە ڕێکەوتی ٢٩ی دێسامبری ١٩١٤ دەنووسێ:

شەش حەوتوو لە دوای نەبەردی میاندواو، سێکرێتێری جێگری کۆنسوولی ڕووسیا لە قەزوێن گوزاریشتێکی ئامادە کرد سەبارەت بە هەلومەرجی مەرگی ئیاس (بڕوانە پەیوەستی ١). ئەوە باسێکی چاوڕاکێشە چونکوو تراژێدییەکە لە چوارچێوەی ئەو ئاڵۆزی و هەرکەس هەرکەسەی دا دادەنێ کەبە جموجووڵی نیزامییەوە لە ناوچە دا دیار بوو. لەوەش دەرچێ، گوزاریشتەکە دەڵێ، سێ قازاخ لە گەڵ ئیاس بوون کاتێک ئەو گەڕاوە بنکەکەی خۆی (لەمیاندواو) و یەک لەوانیش کووژرا کاتێک لە لایەن سوارەی کوردەوە تەقەیان لێ کرا: "دوای ماوەیەک ئەو (ئیاس) دێتە بەر هەیوانی ماڵەکەی. هەر کە دەردەکەوێ و دەیەوێ سواری ئەسپەکەی بێ کوردەکان بە سواری هەڕا دەکەن و شەش گولە دەتەقێنن و ئیاس دەکەوێتە خوارەوە. یەک لەو قازاخانەی کە لەگەڵی بوو ئەویش دەکووژرێ. واوێدەچێ کۆلۆنێل پێی دەکرێ هاواربکا و بەقازاخەکان بڵێ "ڕاکەن گیانی خۆتان ڕزگار کەن". بەو پێیە تەرمی ئیاس دەکەوێتە بەردەست کوردەکان. بەڵام لەو گێڕانەوەیە دا ناشێلگیریی هەیە، کە ئەوەش ڕێی تێدەچێ وا نووسرابێ بۆئەوەی چ خەتایەک نەیەتەوە سەر ئەفسەرانی فەرماندەریی ڕووسی و هەر وەها بۆ ڕێزگرتن لە حەساسییەتی بنەماڵەیی."بە پێی شاهیدی دانی پچرپچرێ میرزای جێگری کۆنسوول لە سابلاغ، ڤێسێلۆڤسکی و کارەکەری ئیاس ئەوەی کەئەو کارەساتە بە وردی چۆن قەوماوە زۆر زەحمەتە بخرێتەوە سەر یەک. چونکوو هەر دووکیان بە قووڵی بەوە هەژابوون کە دیتبوویان". بەڵام ئەوان دەیانتوانی چ ببینن ئەگەر لەوێ نەبووبان کاتێک کە قەتڵەکە کرا و ئەوەی کە تەرمەکە کەوتە دەست کوردەکان؟

گەلۆ ئەو گوزاریشتە بە ئانقەستە ئاوی شلوێ دەکرد بۆ شاردنەوەی ئاکامی کارەساتاوی بەربوونەوەی ئیاس لە ئەسپەکەی؟ لە بڕاوەی ئەو ڕۆژنامە ڕووسیانەی وا لەلایەن خوارزای ئیاس ڕا کۆ کراونەتەوە، من ئەوەی خوارەوەم دیتەوە، کە تاریخی ٩ی ژانڤییەی ١٩١٥ [ ٢٢ ی ژانڤییەی ١٩١٥ ] ی بە سەرەوەیە:

بە پێێ سەرچاوە ئێرانییەکان کە هێشتا بەتەواوی پشت ڕاست نەکراونەتەوە، کۆلۆنێل ئیاس، کۆنسوولی ڕووسیا لە ساوجبولاغ، بە دەم هێرشی تورکەکان و کوردەکان بۆ سەر میاندواو بریندار دەکرێ و بەرەوڕووی چارەنووسێکی دڕندانە دێ. سەری دەبڕن و بە سەر نێزەیەکییەوە دەکەن و دەیخەنە پێش ڕیزی عەسکەری تورک لە کاتێکدا کە دێنە نێو مەراغە. ئەو گێڕانەوەیە لەو بەسەرهاتەلە لایەن ئۆرلۆڤ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنسوولی گشتی ڕووسیا لە تەورێزیش پشت ڕاست دەکرێتەوە.

دوێنێ، بۆ یەکەم جار، سەردار ڕەشید پێی لێنا کە ئەو لە چارەنووسی کۆلۆنێل ئیاسی کۆڵیوەتەوە. بەدەم نانی نێوەڕۆ خواردن لە ماڵی وی و بە ئامادە بوونی حیلمی بەگ (فەرماندەری تورک)، ئەو ڕایگەیاند واقی وڕماوە لەوەی کە کۆلۆنێل بەدەستی کوردەکان کووژراوە ئەگەرچی نێوانیان لەگەڵی زۆر خۆش بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، حیلمی بەگ، ئەو قسەیەی وەدواوە داوە کە کوردەکان ڕێز و سەمپاتییان لە ئاست وی هەبووبێ و گێڕایەوە کە چۆن سێ جار تەقە لە کۆنسوول کراوە، دوایە سەری لە لەشی جوێ کراوەتەوە و پاشان تەرمەکەی بە کووچە و کۆڵانان دا ڕاکێشراوە و فڕێ دراوە بە بێ ئەوەی کە بنێژرێ. ئەو کوردانەی لە تەورێز بوون ئەوەیان پشت ڕاست کردووەتەوە کە تەرمەکە شێوێندراوە، بەڵام کوتوویانە کە تورکەکان ئەوکارەیان کردووە. ئەمن هەروەها دەستخەتی پەیامێکم بۆ ئۆرلۆڤیش دۆزییەوە کە ئەو گێڕانەوەیەی ڕووداوەکە پشت ڕاست دەکاتەوە: "زۆر بەڕێز ئیڤان یاکۆڤلێڤیچ، تاجرباشی تەورێزێ پێرێ گەیشتە تارانێ. ئەو گوتی کوردەکان کۆلۆنێل ئیاس یان گرتووە، سەریان بڕیوە بە نێزەیەوەکیان کردووە و خستوویانەتە پێش ڕیزی عەسکەری تورک لە کاتی هاتنیان بۆ نێو مەراغە. ئەو ڕووداوە لە لایەن پەنابەرانی مەراغەوە بۆ تاجرباشی گێردراوەتەوە کاتێک ئەو هێشتا لە تەورێز بووە و ئەوە ئەم کاتەیە، کە من بە ڕێکەوتێکی ئەوپەڕی نەشیاو، لەپڕ هەستم پێکرد پێوەندییەکی بنەماڵەیم لە گەڵ ئالێکساندر ئیاس دا هەیە! کاتێک ئەمن زۆر منداڵ بووم (هێشتا" لە ژێر مێز دا گاگۆڵکەم دەکرد"ئەوە دەربڕینێکی ڕووسی باوکم بوو بۆ ئەو دۆخە)، باوکم چیرۆکی ئەوتۆی بۆ دەگێڕامەوە کە ئەو لە تافی منداڵی خۆیدا بیستبووی: چیرۆکی بابا یاگای جادووگەر و خانووە گەڕۆکەکەی کە بە چوارلاقی مریشکان بە جەنگەڵ دا دەگەڕا، چیرۆکی ڕاوکەری پیر و ماسی زێڕین کە هەموو ئاواتەکانی پێک دەهێنا تا ئەوکاتەی کە ئیدی نەوسی دانەدەمرکا و زۆر چیرۆکی دیکە. یەک لە چیرۆکەکان سەبارەت بە "خالێک" بوو کە لە ولاتێکی زۆر دوورەدەست دەژیا و لەلایەن خەڵکی بوودەڵەوە سەری بڕابوو و بە نێزەیەکەوە کرابوو و لە ڕێزی پێشەوەی لەشکرێک نمایشت درابوو. من دەمزانی ئەو چیرۆکە لە چیرۆکەکانی دیکە جیاوازە چونکوو بابم پێی گوتبووم خاڵی ترێنێکی ئێلێکتریکی زۆر جوانی بۆ ناردبوو بە چەندین واگونەوە، کە ئەویش لە ژوورێکەوە لێی دەخوڕین بۆ ژوورێکی دیکە. ئەمن خەونم بەو ترێنەوە دەدی کە دەهاتە نێو دیوەکەی خۆم و لێی دەردەچوو. ئێستا ئەوە ساڵی ١٩٧٣ بوو و ئەمن هاتە سەرم پێوەندی بە بابمەوە بکەم و سەبارەت بە خاڵی شتی لێ پرسم.

بەڵام هێشتا گیروگرفتێک لە ئارا دا بوو. ئەگەرچی ئەمن هاتبووم و لە لەندەن دەژیام، بەڵام باب و دایکم لە ڕۆژهەڵات مابوونەوە و ئەودەمی لە بەیرووت دەناو شەڕی نێوخۆیی دا دەژیان. ئەمن نامەیەکەم نووسی بۆ هێلسینکی، بۆ خوشکەکانی باوکم (پوورەکانم)، ئاننا و نینا، کە ئەمن چەند ساڵ پێشتر دیتبوومن. ئەوان پشت ڕاستیان کردەوە کە بەڵێ وایە ئەوە "خاڵە ئالێکس" بووە و بەستەیەکیان بۆ ناردم کە هێندێک لە شتەکانی وی تێدا بوو:

سەعاتێکی زێڕ، تیمسالێکی لە گوێستنەوە هاتوو، هێندێک میداڵ، مۆرێک، هێندێک بڕاوەی ڕۆژنامان و نزیکەی ٣٠٠ نێگاتیڤی وێنە. ئەوە گشت شتەکان بوو. ئەوان هیچی دیکەیان لە لا نەبوو و هیچی دیکەشیان نەدەزانی چونکوو لە کاتی مردنی دا زۆر منداڵ بوون. دواجار ئەمن توانیم پێوەندی بە بابمەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەم: ئەو پێی وابوو ئیاس لە کاتێک دا کە شەڕ هێندێک دادەمرکێ دەگەڕێتەوە لای خەتی دوژمن بۆ ئەوەی کۆلێکسیۆنی ئەو مافوورە ئێرانییانەی هەیبوو لە تەک خۆیدا بەرێ و ئەوە ئەو کاتەیە کە ئەو دەکووژرێ. ئەو مافوورانە دواتر بوون بە عونسورێکی گرینگ لە چیرۆکی ئیاس - چالێنکۆ دا چونکوو فرۆشتنیان، یەک بە دوای یەک دا، دەرفەتی دا بە ئادیلە ئیاس (خوشکی ئیاس و نەنکی من) کە بنەماڵەکەی بەڕێبەرێ و پێی بە خێو کا لە ماوە و لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم و لە شۆڕشی ۱۹۱۷ دا. ئەمن بە تەواوی سەرەدەرم لێ نەدەکرد کە چۆن پیاوێک بە سواری ئەسپێک دەتوانێ کۆلێکسیۆنێک لە مافووران هەڵگرێ، بەڵام ئەوە سەیرتر نەبوو لەو ترێنە ئێلێکتریکییەی کە لە ئێرانەوە ناردرابوو، یان وردەڕێشاڵی دیکەی کە ئەمن خەریک بووم هەڵیان بێنم و ئاشکرایان کەم و لەوانەشە قەت بە تەواوی سەرەدەریان لێنەکەم. لە هەمان کاتدا، نێگاتیڤەکان و مێداڵەکان لە بنەوەی کەشەوی مێزەکەم دا بوون لە لەندەن، ئەودەمی کە من زەینم لە سەر ژیانم و بوولەرزەکان کۆ کردبووەوە.

بۆ من هەمیشە دژوار بووە چاو لە بەراوەژووی وێنەیەک بکەم کە لە نێگاتیڤێک دا دەردەکەوێ. چەندین ساڵ دوای ئەوەی کە ماتێریاڵەکانی ئیاس بە من بڕا، شتێک پاڵی پێوە نام کە چەند دانەیەک لەو نێگاتیڤانە بشۆمەوە. ئەمن بە چۆنێتی و جوانی وێنەکان سەرم سوڕما و بڕیارم دا هێندێکی دیکەیان لێ چاپ کەم، بەڵام وشیارکرامەوە کە دەکرێ نێگاتیڤی نیتراتی لە ڕوانگەی شیمیاییەوە زۆر خۆ ڕاگر نەبن. لە بەر ئەوەی ئیاس خەڵکی لۆڤیسای فەنلاند بوو، پێوەندیم کرد بە مووزەخانەی فەنلاندی فۆتۆگرافی لە هێلسینکی و دواجار، ۲۹٥ دانە لە نێگاتیڤەکانم بەوان ئەسپارد بۆ ئەوەی لە شوێنی لەبار و بەپێی شەرتومەرجی کە زەرەریان پێ نەگا بیانپارێزن. بەدەم زەمانەوە، ئەمن ۲٤۰ کارتی پۆستی و وێنەی گەورەترم لەو کۆلێکسیۆنە زیاد کرد کە ئەو پوورەم وا لە ژیاندا ماوبوو، واتە ئانِنا لە ئاپارتومانەکەیدا دیتبوویەوە. زۆربەی ئەو کارتە پۆستییانە دواجار دەرکەوت کە ئیاس لە ئێران هەڵیگرتوون و ناردوونی بۆ خوشکی و دایکی لە لۆڤیسا. ئەگەرچی نیوە دەرزەنێک لەوانە، پێوەندییان بە ئالێکساندر ئیاسەوە نەبوو، بەڵام پێوەندییان هەبوو بە مێژووی بنەماڵەی ئیاس - چالێنکۆ. دوان لەوانە، بە تایبەتی، ئەمنیان لە بیرێکی قووڵەوە برد سەبارەت بە کۆبوونەوە سەریەکی ئەو هەلومەرجانەی کە کێشایانە ئەوەی من وێنەکان کەشف بکەم.

ئەوی یەکەمیان لە ئیرکوتسک، سیبیرییە، لە ساڵی ۱۹۰۷ هەڵگیراوە، ڕەنگە لە لایەن ئیاسەوە گیرابێ کاتێک بۆ پشوودان لە ئێرانەوە هاتووەتەوە (کارتێکی پۆستی هەیە کە ئیاس لە سەرەتای ساڵی ۱۹۰۸وە لە لۆڤیساوە ناردوویەتی). یادداشتێک بە زمانی سوێدی لە پشتەوەی کارتەکە، ئەوانەی تێیدان ئاوا دەناسێنێ، لە چەپەوە بۆ ڕاست ،گێئۆرگی، ئیڤانی یەکەم، ئیڤانی دووەم، فیلیپ، ئادێلە لە گەڵ سەگێک و گێئۆرگی جەوان. گێئۆرگی گێئۆرگی ئیڤانۆڤیچ چالێنکۆ، باپیری منە؛ سێیەکەی دیکە براکانی ئەون، ئادیلە چالێنکۆ نەنکی من و خوشکی ئیاسە، و گێئۆرگ گێئۆرگ گێئۆرگێڤیچ چالێنکۆ، بابی منە لە تەمەنی دووساڵاندا.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٤٤ کتێبی "کورد بوون" لەسەر کوشتنی ئیاس دەنووسێ: هەر ئەو شێخانە کە لە سابڵاغ بوون بە فیتی تورکان چەند نەفەریان فێر کردبوون کە بچن سەری قونسوولی ڕووسان لە سابڵاغ ببڕن و ماڵ و منداڵی ئەتک بکەن. سەرە بڕاوەکەشیان هێنابوو بۆ مەیدانی مەنگوڕان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و به شەق تۆپتۆپێنیان پێ دەکرد. وەنەبێ هەر منداڵەورکە کایەی پێ بکەن، پیاوی گەورە، پیر و جحێڵ شەقشەقێنیان پێدەکرد. تەنانەت منیش دەو تۆپتۆپێنەدا بووم و وێڕای عالەمێ وەدوای ئەو کەللەسەرە دەکەوتم تا شەقێکی لێدەم. منداڵ بووم و هیچم نەدەزانی. خۆ عاقڵی ئێستام نەبوو. وامدەزانی چونکی ئەو پیاوە گەورانە ئەو کارە دەکەن، کەواتە دەبێ منیش لاسایان بکەمەوە. پیاوی ڕیش سپی کە ڕیشی گەزێک درێژ بوو لەو سەر بۆ ئەو سەری مەیدانێ غاری دەدا تا شەقێک لەو سەرەبڕاوە هەڵبدات چونکە شێخەکان فتوای خەزایان دابوو و دەیانویست لەو خەزایە بەو چەشنە خێرێکیان پێ بکات.

هەرچۆنێک بوو بێ، کوشتنی کونسوولی ڕووس بوو بە هۆی ئەوە کە لەشکری ڕوس بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە دیسان بگەڕێتەوە و هێرشی بکاتەوە سەر مەهاباد و خەڵکی قەتڵیعام کرد. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٤٤ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر ئەو شەڕە دەنووسێ: هێندەی پێنەچوو بوو بە زستان و جێژنی مەولوود. بەفر لە نێوقەدە و لە هەموو ماڵان پڵاو لەسەر ئاورگە، بۆن و بەرامەی لە شار گەڕاوە و خۆشیمان دە دڵی دایە کە پڵاو دەخۆین. بۆ چما لەشکری ڕووسان وەسەر نەگەڕان! پەلاماری شاریان دا و شار گیرا. "قازی فەتاح" ماڵی لە قەراخ شار بوو. خۆی و چەند کەس لە پیاوەکانی تەقەیان لە ڕووسان دەکرد، یانی خەزایان دەکرد. زوو کوژران. ڕووس هاتن دە شارەوە. بەفر زۆر بوو کەس نەیتوانی هەڵێت و دەرباز بێت.

دوکتور ئاسۆ لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە یەک مانگ دواتر لە سەرمای زستان دا هێزەکانی ڕووس هێرشیان کردە سەر مەهاباد و بە هەزاران کەسیان کوشت و شاریان بە تەواوی ویران کرد. لەم کاتەدا قازی فەتاح لە پاڵ دانیشتوانی قارەمانی سابڵاغ لە هەر چوار دەوری شار سەنگەری گرت و دەستی کرد بە پارێزگاری کردن لە شار. لە یەکەمین پەلاماردا زەربەیەکی قورسیان لە هێزەکانی قەیسەر وەشاند و بەرەو میاندواو و سەوڵی تەپە پاشەکشەیان پێکردن. چەند ڕۆژ دواتر هێزێکی ٦ هەزار کەسی ڕووس هێرشی کردەوە سەر سابڵاغ. دانیشتوانی مەهاباد دیسان بەربەرەکانیان کرد و لە یەکەمین دەسترێژدا، کوڕێکی قازی فەتاح کوژرا. دوایە لە سەنگەری قازی فەتاح دا تەواوی هاوسەنگەرانی کوژران و ئەویش هەتا دواهەمین فیشەک بە قارەمانەتیەوە شەڕی کرد. لە پاشان کە فیشەکی لێبڕا لە سەنگەر هاتە دەرێ و سینگی ڕووت کرد و بە پێی لاپەڕەی ٥٣ی کتێبی ڕەحیمی قازی و بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٧ی مارسی ١٩٤٦ دا گوتی:

مەلعونینە ئێتر دەتوانن بەسەر کەلاکی کوڕەکەم و خۆمدا تێپەڕن وە شارەکەم داگیر بکەن. ئێتر بشمکوژن دڵم خۆشە، چونکە لە ڕێگای نەتەوەکەمدا کوڕێکم فیدا کردوە ئەوا خۆشم فیدا ئەکەم.

سینگی قازی فەتاح بە ١٧ گولـلە کونکون کرا و لەدوای کوژرانی ئەو، هێزەکانی ڕووس دەستیان بەسەر شار داگرت. ئەو ڕووداوە لە مانگی فێڤرییەی ساڵی ١٩١٦ دا ڕووی دا. دوکتور ئاسۆ لە بیرەوەرییەکانی دا باسی کاکە ڕەشی دارۆغە دەکا کە دوای کوشتنی قازی فەتاح، هەوڵی دا ئەنگوستیلەی زێڕی قامکی قازی فەتاح دەربێنێ. بەڵام چوونکە بۆی دەرنەهات، قامکی بڕێ. دوای دوو مانگ کاتێک ڕووسەکان مەهابادیان بەجێهێشت، خەڵکی مەهاباد لە دەرفەتێک دا بە تۆڵەی قازی فەتاح، بە بەردان کاکە ڕەشیان کوشت.

جێگای ئاماژەیە کە لە نێو هێزەکانی شەڕکەری قازی فەتاح دا، قازی محەممەد(پێشەوا) کە ئەوکات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٥ ساڵ بوو لەگەڵ فەقێیەکانی دۆستی بەشداری چالاکانەیان هەبوو. ڕەحیمی قازی لە لاپەرەی ٥٨ دا لەوبارەوە دەنووسێ:

میرزا محەممەد لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە لەگەڵ تەواوی فەقێکانی سابڵاغی تفەنگ و فیشەکدان هەڵدەگرن وە لە ژێر سەرۆکایەتی قازی فەتاح دا بۆ پارێزگاری کردن لە سابڵاغ دەست بە خەبات دەکەن. لە شەڕی دژی داگیرکەرانی ڕووس دا، میرزا محەممەد و میرزا قاسمی برای (سەدری قازی) قارەمانەتییەکی زۆر گەورە لە خۆیانەوە دەنوێنن وە ئێستاش ئازایەتیی ئەم دوو برایە لەسەر دۆڵی بەسری نێزیک سابڵاغ بەرامبەر هۆردووی ڕووس لە لایەن پیاوە کۆنەکانەوە دەگێردرێتەوە. کاتێ پەلاماری هۆردووی قەیسەری ڕووسیا لە ئاخری ساڵی ١٩١٥دا بۆ سەر سابڵاغ، میرزا محەممەد بە تێکۆشەرییەوە خەبات دەکات. شەهیدکرانی قازی فەتاح وە نەفی کرانی کوڕەکانی وی بۆ ڕووسیای قەیسەری، کارێکی بەتین دەکاتە سەر دڵی میرزا محەممەد.

جەعفەری کەریمی بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٢٠٤ی کتێبی "ئێرانێک کە من ناسیم" لە نووسینی "بازڵ نیکیتین" دەنووسێ: ... دوای کوژرانی قازی فەتاح، مەهاباد کەوتە دەستی ڕوسان و ئەوان بۆ ماوەی یەک حەوتوو خەڵکی شار و دیهاتی دەوروبەری مەهابادیان قەتڵیعام کرد. ڕووسەکان بەشێک لە شاریان، وەک بازار و ماڵە قازی فەتاح و قازی عەلی و قازی مونعیمیان ئاور تێبەر دا کە بە سەدان کتێبی بە نرخی تێدابوو.


قازی محەممەد - سەدری قازی

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٤٤ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر ئەو شەرە دەنووسێ: سێ شەو و ڕۆژ کوشتار کرا. بەزەییان بە سەگ و پشیلەش نەدەهات. کەس بە کەسی نەدەزانی کە بە شیر لەسەریان دەدان. ئی وا هەبوو سەری دەپەڕی، ئیواش هەبوو یەک ڕەگی دەما و نەدەپەڕی. ئێمە خەڵکی ئەو گەڕەکە جیرانێکی عەجەممان هەبوو. پەنامان بۆ ئەو ماڵە بردبوو. ئەو عەجەمە دۆستی بابم بوو. سەری چوار ڕۆژەی بەیانی زوو، دەستێک قازاخی ڕیشدرێژ لێمان وەژوور کەوتن. ئەوەی مووی لێهاتبوو پیلیان دەگرت. بە دوو قازاخان یەک لە ڕاست و یەک لە چەپەوە هەریەکە شیرێکیان لەپشت ملی دەدا، ئیوا بوو سەری دەپەڕی، سەرەکە دەکەوتە عەرزی و چەند دەقیقان زاری لێکدەنا و ئاواڵەی دەکردەوە، قالبەکەشی جینگڵی دەدا وەک مریشکی چۆن سەری دەبڕن، بەدەنی وا هەبوو بستێک وەحەوا دەکەوت. ئی وا هەبوو زڕزڕ تڕی دەکەند. ئیواش بوو یەک - دوو ڕەگی دەمان و دەکەوتن و

ده خوێنی خۆیان دەگەوزان. ئەو ماڵەی ئێمەی لێبووین، ئەو عالەمەیان لە حەسارەکەی دەکوشتن لەپێش چاوی ئێمە. ئەوەی ژن و کچی جوانی هەبوو پیلیان دەگرتن و دەیانبردنە ژوورێکەوە و ئەتکیان دەکردن. لانیکەم چوارسەت کەس لەو ماڵە کوژران. تەنیا بنەماڵەی سێ کەس قوتاریان بوو. یەکیان "محەممەد سەقزی"، دووهەمیان "ئەسەدی قاسمە لاڵی"، سێهەمیان بابم. ئەو عەجەمەی خاوەن ماڵەکە بە قازاخەکانی گوتبوو کە ئەوانە عەجەمن و ئەوانیش عەجەمیان نەدەکوشتن تەنیا بۆ تۆڵەکردنەوە لە کوردان هاتبوون. ئاخر کورد سەری کۆنسوولی ڕووسیان گۆشاوگۆش بڕیبوو نەک عەجەمەکان. ئەو سێ ماڵەمان کە مابووینەوە نەماندەزانی گەر ئەو چەند ڕووسە بڕۆن و دەستەیەک ڕووسی دیکە بێنەوە چیمان بەسەر دێتەوە؟ ناچار بابم زۆر لەبەر ڕووسەکان پاڕایەوە کە بمانباتە ماڵی ئەمریکاییەکان. ڕووسەکە بەزەیی پێمان داهات و دەگەڵ خۆی بردینی بۆ ماڵە ئەمریکاییەکان.

لە ڕێگایە بەسەر کەلاکاندا دەڕۆیشتین. لە هەموو گەڕەکێک وەک گیشەگیا، کەلاک لە گیشە دراوە. خوێن جۆگەی بەستبوو و ئێستا بە تەواوی ویشک نەببو. کە گەییشتینە مزگەوتی شادەروێشی دیتمان کە کەلاکێکی زۆر لە گیشە دراون.

حەمەدی مەولوودی لە درێژەی ئەو بابەتە لە لاپەڕەی ٤٦ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: ... ڕووسەکە بردینی دە ماڵی ئەمریکاییەکانی هاویشتین و بۆخۆی گەڕایەوە. کە چووینە ژوورێ چ ببینیین؟ هەر عالەمە و لەسەر یەکتر دانیشتوون. یەک بست جێ گیر ناکەوێ. وەتاغەکان هەموو پڕە لە حەشیمەت. بە هەزار حاڵ لە وەتاغێک جێ قوونی خۆمان کردەوە. یەکجار زۆر گەرم بوو. نازانم لە کوێڕا کتێب و کاغەزیان دەهێنا دەکورەیان دەهاویشت و دەیانسوتاند. شەوانە خەڵک لەسەر قوون دەنووستن. جێی ڕاکێشان نەبوو. پاش چەند ڕۆژان جارچی جاڕی کێشا کە: بە ئەمری ژێنراڵ "زاخارۆڤ"ی عەفووی عموومی دەرکراوە. هەرکەس خۆی شاردۆتەوە وەدەرکەوێ.

هەر لەسەر شێوەی قەتڵیعامی خەڵک، ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا لە زمانی سالاری میرزا فەتاح دەنووسێ: ... دوای شەهید بونی قازی فەتاح سوپای ڕوس دێنە ناو شار. یەکەم کاریان ئاور تێبەردانی مەحکەمەی قازی فەتاح دەبێ. دوایی دەست دەکەن بە کوشت و کوشتاری خەڵکی شار. ئەو کارەساتە سێ شەو و ڕۆژ بەردەوام دەبێ. ئەو کەسانەی کە خۆیان لە ماڵە جولەکەکان یان لە شابەندەرخانە دا تاقەت کردبو ڕزگاریان دەبێ و دوای ئەو سێ ڕۆژە دێنە دەر و دەست دەکەن بە بەخاک ئەسپاردنی کوژراوەکان. وەک دەڵێن لەو کوشتارە دا زیاتر لە هەشت هەزار کەس لە شاری سابڵاغ و نزیک بە پێنجسەد کەس لە گوندی ئیندرقاش کوژران.

لەسەر شێوەی قەتڵیعامی خەڵک، عەبدوڵای قازی لە زمانی بابی لە لاپەڕەی ١٦ی کتێبی "وڵاتی من" دا دەنووسێ: بەشێك لەو کووشتارە بە شیری کراو جارێك ٢٠٠٠ کەسیان برد لە زەوی دارتێلان بە سەف ڕایانگرتن. سێ کەس شیر بەدەست دەچوونە پێش سەفەکەی، یەک شیرەکەی لەسەر کابرای ڕادەگرت و ئەوانی دیکەش یەك لەسەر ڕاو یەکیش لەبەر ڕا لە ملی کابرایان دەدا و سەر لەولای دەکەوت.

لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی دا ئەو بەشەی کوردستان کە بوو بە مەیدانی شەڕ، بە تەواوی وێران بوو و هیچ جەنایەتێک نەما لە گەڵ خەڵکی کورد نەکرێ. قەتڵی عام و قات و قڕی و نەخۆشی و ماڵوێرانی، بڕستی لە خەڵک بڕی و خەڵکێکی زور کوژران و لە برسان مردن و زۆریش ئاوارەی هەندەران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٤٧ بیرەوەرییەکانی دا لە درێژەدا دەنووسێ: سەیر لەوەدایە لە گەرمەی ئەو خەزایەدا کە شێخەکان ببونە داردەستی ئەفەندییە تورکەکان و خەڵکیان بۆ هان دەدان تا خەزایە بۆ تورکان بکەن، یەک دەنکیان دیار نەبوو کە گوللە تۆپێک بە دەستی بگرێتەوە یان لاق و دەستی ئەو ڕووسە کافرانە لە شەڕدا ڕەق بکات. کەس نەیدەزانی لە کام کونە مشک دان. هەر بۆ دەرمان شێخێکت نەدەدیت کە بێت و دەست بۆ خەنجەر بەرێت تا ئەو ڕووسانە بە هاوار و ڕۆرۆ هەڵێن و لەوە زیاتر خەڵک نەکوژن.

خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ٦٥ی کتێبی تاریخچەی خانوادەی قازی دا لە سەر ڕادەی کوژراوانی ئەو شەڕە دەنووسێ: ئاغای مەحەمەدی ئیقباڵی، کوڕێ مەرحومی حاجی ڕەحیم کە کاربەدەستی نەزم و کۆ کردنەوە و ناشتنی جەنازەکان بوو، هەر لە شاری مەهاباد ڕادەی ٨٩٨٠ جەنازەی ناشت. دیارە خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەری شار و لە باغ و کێوان کوژران کە لە گەڵ ئەو ئامارە نیین.

دوای شەهید بوونی قازی فەتاح هێزەکەی پرش و بڵاو بوو. ڕەحمانی قازی لە "ڕۆژگاری ون بوو" دا لەوبارەوە لە زمانی سالاری میرزا فەتاح دەنووسێ:

ئێمە هەر ڕۆژە لە گوندێک و لە شوێنێک شان بە شانی سوپای عوسمانی لەگەڵ سوپای ڕوسان توشی شەڕ و تەقە دەبوین. تا لە شەڕی ناڵەشکێنەی بۆکان دا سوپای ڕوسان شکا و چەک و تەقەمەنێکی زۆریان لێ بە جێ ما ئەوجار ئێمە توانیمان بۆ ماوەیەک پشو بدەین. دوای شەش مانگ توانیمان بگەڕێینەوە شاری سابڵاغ بەڵام هیچمان نەمابو و زۆر بە دەست تەنگی ژیانمان دەبردە سەر. لە پڕ شەوێک دەوری ماڵیان داین و گرتیانین. ئەو کەسانەی گیران بریتی بون لە "من، قازی مونعم، ئەحمەد و مەلا محەمەدی برام"یەکسەر بەرێیان کردین بۆ بەندەری حەیدەرئاباد و لەوێ ڕا سواری پاپۆڕیان کردین و بردیانین بۆ بەندەری ڕەحمانلو. لەوێ ڕا بە دەست بەستراوی بردیانین بۆ جوڵفا و لە چۆمی ئاراز پەڕاندیانینەوە بەری ڕوسییە.

جەعفەری کەریمی بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٢٠٤ کتێبی "بازیل نیکیتین" دەنووسێ:

دواتر ڕووسەکان، هەرچەند ئەمانیان بە بنەماڵەی قازی دا، بەڵام قازی لەتیف، برای قازی فەتاح و قازی عەلی و قازی مونعیمی برازای و کوڕەکانی قازی فەتاحیان بە دەهۆ بۆ میوانی بانگ کرد و دەستبەسەریان کردن. ئەوانە جیا لە قازی عەلی تا کۆتایی شەڕ و ڕووخانی تزارەکان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر، بۆ سیبریایان دوور خرانەوە.

کوڕەکانی قازی فەتاح، یانی سالار و قازی محەممەد و مەنسوور و ئەحمەد وەک تاوانباری سیاسی ماوەیەک لە سیبریا ڕاگیران و لە پاشان ناردران بۆ گرتووخانەکانی مەڵبەندی خارکۆڤ و ڕاستۆڤ و تا ئاخری ساڵی ١٩١٧ لە ڕوسیا دەستبەسەر بوون. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕزگار بوون و بۆ نیشتمانی خۆیان گەڕانەوە.

ئەوان دوای گەڕانەوە، بەسەر کەند و کۆسپی گەورەدا کەوتن. موڵک و ماڵی ناوچەی میاندواو بە هۆی عەجەمان داگیر کرابوو و ئەوان بە تایبەتی سالاری میرزا فەتاح ئەو زوڵم و زۆرییەی پێ قبوڵ نەکرا و بە ڕیوایەت لە عەبدوڵا فرشتە کە یەکێک لە پیاوە ئازاکانی ئەو بوو، گوایا چەند عەجەمی کوشت و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە جێگای هەر عەجەمێک بەردێکی داناوە کە لە نێو هێندێک ناسیاو شارەزای ناوچەدا، بە بەردی ژمارە ٤ یان ١٠ ی یان ... خاڵە ساڵار نێودێر کراوە.

قازی فەتاح لە بواری پارێزگاری لە ماف و حەق و کەرامەتی نەتەوەیی و بە دەستهێانی مافی کورد زەحمەتی زۆر کێشا و لەو پێناوەدا گیانی خۆی لەدەست دا. لەوبارەوە "گۆڤاری مەهاباد" لە ژمارەی ٧٧ دا دەنووسێ:

ئەو بەربەرەکانیە ئازایانەی قازی فەتاح پێگەی بنەماڵەی قازی لە نێو بیروڕای خەڵک دا قایم کرد و ڕوسەکان و هاوکاری ئێرانی ئەوان "سەمسامی چادولی" لە کۆتایی شەڕ دا ماڵە قازی فەتاح و بازاڕی شار و کتابخانە سیفولقوزاتی مەهابادیان ئاور تێبەر دا.

ئاکامی گرینگی شەڕی جیهانی لە کوردستانی موکری کۆتایی دەستەڵاتی بنەماڵەی موکری و بە هێز بوونی بنەماڵەی قازی بوو. دەستەڵاتی موکری، یەکەم هێزی سیاسی کوردی موافق دەولەتی ناوندی لە ناوچەی موکوریان لە سەردەمی قاجارەکان بوو  و خزمەتی زۆریان بە ئێران کرد. ئێعدامی "محەمەد حوسین خان" و کوڕەکەی "علیخان "بە دەستی عوسمانی و یارمەتی عوسمانییەکان بۆ بە دەستەوە گرتنی حکومەتی سابڵاغ بە هۆی قازی فەتاح، بوو هۆی بە هێز بوونی بنەماڵەی قازی. ئەو بنەماڵەیە لە دوایی دا لە ناوچەی موکوریان ڕۆڵی گەورەیان گێرا.

جێی ئاماژەیە، دوای سەرکەوتنی تورکان، گشت ئەو کەسانەی کە لە شەڕەدا لایەنگری ڕووسان بوون، گیان و ماڵیان لە مەترسی کەوت. لە شاری بانە، حەمەخان، حاکمی شار و محەممەد حوسێن خانی سەردار، حاکمی سابڵاغ و سەیفەدین خانی سەدار" حاکمی سەقز، لە شاری مەراغە بە دەستی تورکان لە سێدارە دران. هەروەها شێخ بابا سەعید، کەسایەتی گەورە کە دژی ڕاگەیاندنی جیهاد بە دژی ڕووسان بوو لە ئاوایی "کەرێزەی گڵی" لە دار درا.

دوای قەتلی عامی خەڵکی مەهاباد دەوڵەتی ڕووس بە هۆی  ژێنێراڵ "زاخارۆف" عەفوی گشتی ڕاگەیاند. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٤٩ بیرەوەرییەکانی دا  دەڵێ کە دوای یەک دوو ڕۆژ بۆ جاری دووهەم عەفوو دەرچوو و دەنووسێ: ئەوسا تاقولۆق خەڵک وەدەر کەوتن. لە هەر گەڕەکەو چایخانەیەک و دوکانێک کرایەوە. وڵات هێوەر و ئارام بوویەوە. وردەوردە ئەوەی بۆی لوا بوو پەڕیوە ببێت یا خۆی حەشار بدات، پەیدا بوونەوە. دوکان و بازاڕ هێدیهێدی کرایەوە و خەڵک دەستی کرد بە کار و کاسبی. بابم لە گەڕەکی خۆمان دوکانێکی چووکەی کردەوە و ماست و پەنیری دەفرۆشت. وردەوردە شمەک و کەلوپەلی دیکەشی لێ زیاد کرد. دەگەڵ دوو ڕووسان کە عەمبارداری هۆردووی ڕووسان بوون، بوو بە دۆست. ئەوان شەوانە قەند، ماسی ویشک، دوو تەلیس ئارد چەلەنگێک ڕۆنی گوڵەبەڕۆژەیان بۆ دەهێنا و ئەویش پارەکەی دەدانێ و دەڕۆیشتن.

حەمەدی مەولوودی هەر لەو چوارچێوەیە دا لە لاپەڕەی ٥٨ بیرەوەرییەکانی باسی فەرعانی دەکا و دەنووسێ: زستانی شووم لە هێز کەوت. بەهار بۆنی هات و کەوتینە فەرعانە. خاکی پیرۆزی کوردوستان ژیایەوە و گیا و گوڵی بەهاری سەریان وەدەر نا. خەڵکی برسی ڕوویان لە بەندەن و زەنوێر و کوێستانی بەپیتی وڵات کرد. لە کیفۆک ڕا گرتوویەتی تا پۆلکە، لە ئەسپینگ ڕا تا سەیدۆکە، کەنگر، مەندۆک، پنگ و گیابرژیوە و ... هەر هەمووی لە فریای ئەو خەڵکە هاتن و لە برسان ڕزگاریان بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من و پوورم، ژنەکەی تری بابم، دەچووینە دەشت و کێوان، پۆلکەمان دەهێنا. پۆلکە شتێکە وەک باقلەی. لە ماڵ دە مەنجەڵیدا دەمانکوڵاند. من دەمبردە بازاڕ و دەمفرۆشت. باش بوو منیش تێرم لێ دەخوارد و یەک- دوو شاییشم لە بازاڕ لێ خەرج دەکرد و باقی پارەکەم دەهێنایەوە بۆ زڕدایکم.

هێزەکانی ڕووس لە ساڵی ١٩١٥ تا ساڵی ١٩١٨ لە سابڵاغ مانەوە و سەروبەندی گەڕانەوەیان قات و قڕێ و گرانی دەستی پێکرد و سەید محەممەد سەمەدی لە لاپەڕەی ١٤٧ کتێبی "نگاهی بە تاریخ مەهاباد" باسی ژنێک بە نێوی ئامین دەکا کە ڕۆژێکی ئاڵایەکی کەسک هەڵدەگرێ و ڕەش و ڕووت و خەڵکی فەقیر وەدوای خۆی دەدا و چەند عرووسیشی وەدوا دەکەوێ و تەواوی بازار و قەیسەری شار تاڵان دەکەن و بە جارێک گەسکی لێدەدەن.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٥٦ کتێبی "کورد بوون" لەسەر قاتوقڕی لە مەهاباد بە دوای ڕۆیشتنی ڕووسان دا دەنووسێ: بە هەر حاڵ، ڕووس کشانەووە. سابڵاغیان چۆل کرد. دەگەڵ ڕۆیشتنی خۆیان برسێتی و قات و قڕی گەشەی کرد... گرانییەک بوو نەبێتەوە. ڕۆژ نەبوو کە سەت کەس لە برسان نەمرن. هیچ کوچە و کۆڵانێکت نەدەدۆزییەوە کە بە دەیان کەلاک نەکەوتبن. پشیلە و سەگ نەما، هەمووی خورا. لە چۆم و ئاوان ڕقە، بۆق و قرژاڵ هەموو خورا. لە چەند شوێنان عیسان، عیسانی خواردبوو. بەلەدیە پێڕانەدەگەیشت یەکیەک کەلاکان بنێژێ. چاڵی گەورەیان هەڵدەقەند و ٢٠-٣٠ کەلاکیان وێکڕا دەشاردەوە. کەسێکی نابەڵەد نانی کڕیبا، بەجارێک دەوریان دەدا و نانەکەیان لێدەستاند، وەها پەلاماریان دەدا کە هەر کوتەی بەدەست یەکێکەوە دەچوو و کابرا بەدەستبەتاڵی و مایەپووچی دەگەڕایەوە ماڵ.

بەو زستانە تووشەی، کە بە ڕێگایەدا دەڕۆییشتی، لە پەنا دیواران عالەمت دەدیت کە لەبرسان کەوتوون و لە گیانەڵلایە دان یا گیانیان دەرچووە. ئەوسەردەم لە سابڵاغ کەلاوە زۆر بوون. ڕووت لە هەر کەلاوەیەک دەکرد، دەتدیت چەند ڕووت گیانیان دەرچووە و لە سەرمان ڕەق هەڵاتوون. دڵی ڕەق و بەردینی دەویست ئەو دیمەنانە ببینێ.

## پەیمانەکانی شەری یەکەمی جیهانی

شەڕی یەکەمی جیهانی، لە ساڵی ١٩١٨دا کۆتایی هات. لەو ساڵەدا هێزەکانی فەڕانسەوی لە ژێر فەرماندەری"مارشال فۆش" زەختی زۆریان بۆ سەر هێزەکانی ئاڵمانی هێنا و ئەو وڵاتەیان بە چۆک داهێنا و ناچاریان کرد واز لە شەڕ بێنێ و لە ١١ی نوامبری ١٩١٨دا شەرتەکانی بەرەی هاوپەیمانان پەسەند بکا.

ئەو شەڕە بە تێکچوونی ئیمپراتووری گەورە کە یەکیان دەوڵەتی عوسمانی بوو و بە کوژرانی ٩ میلیون کەس تەواو بوو. زۆر ناوچەی کوردستان کەوتە بەر پەلاماری وڵاتانی ڕووس و تورکیە و ئینگلیس و فەڕانسەو وێران کران. کوردستان چەند جار دەستاودەست و خەڵک کوشت و کوشتار کرا و ئەوەی نەکوژرا، توووشی دەربەدەری و نەخۆشی ماڵوێرانی و قات و قڕی بوو. وەزعی شپرزەی کورد لەو تێلگڕافەی "لینین" دەردەکەوێ کە لە ١٧ی نوامبری ساڵی١٩٢١ دا بۆ نەریمان نەریمانۆڤ سەرۆکی کۆماری سوسیالیستی ئازەربایجان نووسێ:

یارمەتی چل میلیون بە برسییەکانی قەراغ چۆمی ڤۆلگا و کوردستان هۆیەکی زۆر گەورەیە بۆ هاتن

و ڕۆیشتنی زەحمەتکێشان لە ژێر ئاڵای سووری ئینتیرناسیونالیزمدا.

ئەوجار دەوڵەتانی سەرکەوتووی جیهانی لە فکری دابەش کردنی پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی کەوتن. ڕەوتی دابەش کردنی دەوڵەتانی تێکشکاو، پڕ لە گرێوگۆڵ بوو و دەوڵەتی بریتانیا و فەڕانسە بە دەستەڵاتەوە خەریکی دامەزراندنی حکومەتی ژێردەستی خۆیان بوون و کوردستانیان کردە چوار پارچە کە تا ئەوکات دوو پارچە بوو و زیانێکی گەورەیان بە یەکێتی و یەکڕیزی گەلی کورد گەیاند.

لە ماوەی شەڕی یەکەم دا، لە لایەن بەرەی هاوپەیمان چەند پەیمانی نێونەتەوەیی وەک سایکس پیکۆ، وێرسای و پاریس و سێڤێر و لۆزان و ... بەستران کە هێندێکیان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کوردستانەوە هەبوو. لە ساڵی ١٩١٦ "فەڕانسوا ژۆرژ پیکۆ" دیپلۆمات و سەرکۆنسوولی فەڕانسە لە لوبنان و مارک سایکس" کارناسی ئینگلیسی بە بێ ڕەچاوگرتنی هیچ چەشنە جیاوازی نەتەویی، قەومی، ڕەگەزی و ئایینی، بە نەهینی و تەنیا بە ئاگاداری دەوڵەتی ڕووس، بە نێو سەحرای سووریە دا خەتێکیان کێشا و قەوارەی چەند ولاتیان لە نێو ئیمپڕاتوری عوسمانی دامەزراند. ناوچەکانی سوریە و لوبنان کەوتە ژێر دەستەڵاتی فەڕانسە و مەڵبەندەکانی عێراق و ئۆردون و فەلەستین بوو بە ئی ئینگلیس و بەشی سەرووی کوردستانیش کەوتە ژێر دەستەلاتی ڕووس.

لەو دابەشکردنانەدا کورد بێ کەس و بێ پشتیوان بوو و ساڵەکانی دواتر نەوەی "سایکس" گوتی، کە باپیری دەبوایە زۆر بابەتی زمانی و قەومی ڕەچاو گرتبا. دەوڵەتی کوردی پێکهێنابا. بەڵام نازانێ بۆ، ئەو کوردەکانی خۆش نەدەویست.

لە ٢٨ی ژوئەنی ١٩١٩دا پەیماننامەی "ورسای" بە سەر ئالمان دا داسەپا. دەوڵەتانی سەرکەوتوو، خاکی ژێر دەستەڵاتی وڵاتانی تێکشکاوی شەڕیان دابەش کرد و نەقشەی سیاسی نوێی دنیایان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دارشتەوە. ئەو ئیمپڕاتورانەی کە لە شەڕدا تێکشکان، بە چەندین وڵاتی دیکە وەک ئەرمەنستان، سووریە، عەرەبستان، میسر، سودان، لیبی، مەغریب، عێراق و لوبنان، دابەش بوون.

بە دوای ئەوەدا کۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە ژانوییەی ساڵی ١٩١٩دا بە بەشداری ٢٧ وڵات بەڕیوە چوو. لەو کۆنفڕانسەدا باسی کورد نەکرا. بەڵام لە ١١ی ئووتی ١٩٢٠دا لە پەیمانی "سێور" کە لە دەوروبەری پاریس بەسترا، لە کۆبونەوەی نیوان بەرەی یەکگرتوو و دەوڵەتی تورکیەدا، بڕیار درا مافی سەربەخۆیی کوردستان بە ڕەسمی بناسێندرێ.

لە مادەی ٦٤ ئەو پەیمانەدا دەوڵەتی تورکیە قبووڵی کرد کە ئەگەر لە ماوەی یەک ساڵ دا هەموو کوردەکان داوای سەربەخۆیی بکەن و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەگەر بزانێ ئەوان شیاوی دەستەڵاتدارین، ئەوە دەوڵەتی کورد بە ڕەسمی دەناسێ. هەروەها ڕاگەیەندرا کە وڵاتانی هاوپەیمان کۆسپ نابن ئەگەر کوردی پارێزگای موسڵ بیانەوەی بێن بە بەشێک لەو دەوڵەتە.

لە پەیمانی "سێوەر" دا ماڤی گەلی کورد لەژێر دەستەڵاتی بەشەکانی تورکیەدا بە ڕەسمی ناسرا و دەرفەتێکی باش بۆ تاقی کردنەوە و بڕوا پێکردن بە دەستەڵاتداری و حکومەت کردن، درا بە کورد. بەڵام کوردەکان بە تایبەت لە بەشی ئێستای عێراق بە هۆی نەبوونی یەکگرتوویی، ناشارەزایی لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و گەمەی وڵاتان، نەیانتوانی بە دەنگ بڕیاراتی ئەو پەیمانە دا بچن و هەوڵ بدەن هەر لە سەر کاغەز نەمێنی. بەمشێوەیە کوردی سەر لێشێواو و ناکارامە و نەزان، نەیتوانی لەو دەرفەتە زێڕینە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەڵک وەرگرێ.

هاوکات لەو وەزعە حەساسە دا، لە مەیدانی سیاسەتی دەوڵەتی تورک دا، بە جێگای کاربەدەستانی تێکشکاوی عوسمانی، ئاتاتورک هاتە مەیدان و ڕای بەشێک لە کوردانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ژیرانە توانی دەوڵەتانی نەیاری خۆیٚ بە سیاسەت و بە شەڕ تێکبشکێنێ و بەرگری لە لەت بوونی زیاتری ئیمپڕاتووری تورکیە بکا. ئەو توانی ڕۆڵی کاریگەر بۆ سڕینەوەی پەیمانی سێوەر بگێڕێ و لە ساڵی ١٩٢٣دا ڕێگا بۆ پەیماننامەی لۆزان خۆش بکا کە مافی کوردی دەخستە ناو بازنەی سیاسی نێوخۆی تورکییە و دەوڵەتانی تازە دامەزراوی عێراق و سورییە.

دوکتور کەماڵ مەزهەر لە لاپەرەی ١٦٢ی کتێبی "بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە" باس لە هەڵس و کەوتی شێخ مەحموود دەکا کە لە کاتێک دا دەوڵەتی ئینگلیس لەگەڵ هێندێک لە داوخوازەکانی کورد موافق بوو بەڵام شێخ لەگەڵ ئۆزدمیر پاشا، پیاوی ئاتاتورک پەیوەندی و دۆستایەتی دامەزراندبوو.

لەو سەردەمەدا، لە کاتێک دا حیزبی باڵشویکی ڕووسیە بە ڕێبەری لێنین بە دوای ڕووخانی تیزارەکان دا هەموو بەرنامەکانی بۆ چارەسەری گیروگرفت و کێشەکانی نێوخۆیی تەرخان کرد بوو، شێخ مەحموود نامەی بۆ لیننین دەنارد و داوای سەبەخۆیی کوردستان لێ دەکرد.

لەوبارەوە دوکتور ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی٣٧ی کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٨١ی کتێبی "فاریزۆف" دەنووسێ کە لە ساڵی ١٩٢٣ دا شێخ مەحموود حەفید دووجار نامەی بۆ لنیین نووسیوە و بە هۆی نوێنەری خۆی ناردویە بۆ لای کونسوولی دەوڵەتی سوڤییەت لە تەوریز تا بگەیەندرێتە دەستی لێنین. شێخ لە نامەی یەکەم دا ئاوا دەنووسێ:

لە ساڵی ١٩١٧دا کاتێک کە ڕزگاریی ئادەمیزاد وە دەنگی ڕاستەقینەی ڕزگاری لە چەنگ زۆرداری و زاڵمانی بە ناوبانگ بە جیهاندا بڵاوبووەوە تەواوی گەلانی ژێر چەپۆکی سەر زەوی سوپاسی دەروونی خۆیان بە نەتەوەی نەجیب و بەڕێزی ڕووس ڕاگەیاند وە دەستیان کرد بە خەبات بۆ وەدەستخستنی ڕزگاری و مافەکانی خۆیان. بێ شک ئێوە لە نووسراوی ڕۆژنامەکانەوە شارەزان کە لە ساڵی ١٩١٩دا، یانی چوار ساڵ لەمەوپێش کاتێک گەلی ژێر دەستی کورد لە سولەیمانی بۆ وەدەستخستنی مافەکان و داواکانی یاسایی و نەتەوایەتیی خۆی، دەستی بە خەبات کرد، نوێنەرانی خوێنخۆری بریتانیا چییان بەسەر کوردان هێنا. لەچارەڕەشی کوردانەوە ئەودەم کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی بەڕیز و نەجیبی ڕووس هەلی ئەمەی نەدەدا کە ئاوڕێک لە چۆنایەتیی تاڵ و نالەباری گەلانی ژێردەستەوە بدات. تەواوی دانیشتوانی کوردستانی جەنووبی ئامادەن لەگەڵ دەوڵەتی نەجیبی ڕووس ڕێککەون وە بە سەر و ماڵ و گیانەوە ئەسپاردەکانی ئەو بەجێ بگەیەنن. بەڵام وەک مەرجێکی بنچینەیی ڕەجا دەکەین بە لەونی ڕەسمی پێ لە مافەکانی نەتەوایەتی ئێمە بنین.

لەنامەی دووهەم دا، شێخ داوا لە دەوڵەتی سوڤییەت دەکا کە حکومەتی کورد لە سولیمانییە بە ڕەسمی بناسێ و دەنووسێ:

پێوستە ئەمەی بڵێم کە تەواوی کورد، ڕووس بە ڕزگارکەرانی ڕۆژهەڵات دەزانن وە ئامادەن چارەنووسی خۆیان بەوان بسپێرن ... ئەمەی کە بۆ مە زۆر پێویستە مەسەلەی پشتیوانە. گەلەکەمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەڕێیە کە پێوەندییەکی نزیک لە نێوان ئێمەدا دابمەزرێت وە ئەگەر ئەو هاوکارییەی کە ئەمن بە ئاواتییەوەم پێکبێت ئەودەم بێشک گەلی ئێمە ڕزگار ئەبێت.

لە کۆنفرانسی پاریس دا، هەیئەتێکی ئێرانی ویستی بەشدار بێ و سەرەرای پشتیوانی "وودرو ویلسۆن" سەرکۆماری ئەمریکا، ئینگلیس ڕێگای نەدا کە بچنە ژوور. دەوڵەتی ئێران کە کەمترین دەستەڵاتی نەبوو و ئێرانی بە تەواوی بۆ بەڕێوە نەدەچوو لەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوی دا داوای کرد کە ناوچەکانی کورد نیشینی عێراق و تورکیە بخرێنە سەر ئێران.

دوای تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا، کەوتە بەر هێرش و پەلاماری ئەو وڵاتانی کە بەسەری دا بەش کرا بوو. جوڵانەوەکانی کورد بە دڕندەترین شێوە سەرکوت کران و جیا لە عێراق، زمان و کولتووریان لێ قەدەغە کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٢

## ڕەزاشا

پاش کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی (سەرەتای ساڵی ١٩٢١زایینی) ڕەزاشا بە هاوکاریی دەوڵەتی ئینگلیس، بە کودەتا هاتە سەرکار و لە ساڵی١٣٠(١٩٢٣) بوو بە شای ئێران و کۆتایی بە دەستەڵاتی پاشایەتی قاجارەکان هێنا و سلسلەی پەهلەوی دامەزراند. ڕەزاشا دوای بەهێز کردنی دەستەڵاتی خۆی لە ناوەندی ئێران دا، هەوڵی دا بە زەبر و زەنگ و کوشتار هەر چەشنە جوڵانەوە و حەرەکەتی ئیعترازی لە ناوخۆی ئێراندا لەناوبەرێ و بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی، هێزەکانی عەشایری لە سەرانسەری ئێران دا چەک کرد و هێنایە ژێر هێژموونی خۆی.

ڕەزاشا نوێنەری توند و تیژی شۆوینیزمی فارس بوو کە هەوڵی دا بە کوشت و کوشتار و زۆرەملی، فەرهەنگ و کلتووری نەتەوەکانی دیکەی ئێران بتوێنێتەوە. بنەمای هزر بیری ئەو لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات، بە دوای مەشرووتە دا لە نێو ڕووناکبیران دا پەرەی ئەستاند کە خوازیاری دیکتاتۆرێکی خێرخواز بوون تا بتوانێ بە زۆر کۆمەڵگا بەرەو پێش بەرێ. حوسێنی کازم زادەی ئیرانشەهر لە ئاڵمان دەینووسێ کە بوونی زمان و لێباس و ئەخلاق و کلتووری جیاواز دەبێتەوە هۆی کێشە و لێکدابڕان و گیروگرف و کەسرەویش لە نێوخۆی ئێران ڕا خوازیاری یەک ئاڵا و یەک زمان و یەک ئایین بوو و دەیگوت زبان و کلتووری جیاواز، کێشە ساز دەکا دەبێ و بەربەرەکانیان بکرێ.

ڕەزاشا لە ساڵی ١٣١٤ هەتاوی، ناوی وڵاتی ئێرانی کە ئەوکات لە لای گشت وڵاتانی جیهان بە" پرس" یان "پرشیا" دەناسرا، گوڕی و داوای لە هەموو وڵاتانی دنیا کرد، ناوی تازە، واتا" ئێران" بەکار بێنن. ئەو نێوی پرسیای بە سەردەمی تێک ڕووخای قاجارەکان و نێوی ئیران بە وەبیرهێنەوەی سەدەمی پڕ شکۆی شاهانی پێش ئیسلام دادەنا.

بەمشێوەیە بە هەموو تواناوە لە هەموو بوارەکانی زمانی و مێژوویی و کولتووری و سیاسی دا، هەوڵی توانەوە و بە زۆر یەکدەست کردنی نەتەوەکانی ئێرانی دا. هەیئەتی ڕوناکبیری بۆ داڕشتنی مێژووی دەستکردی ئێران دیاری کرد و بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کورد و فارس یەک نەتەوەن، کتێبی" کرد و پیوستگی نژادی او" بە قەڵەمی ڕەشید یاسمی لە چاپ دا. نەفیسی و فروغی و تەقی زادە و... کە بەتواناترین کەسانی دەزگای فەرهەنگی ڕەزاشا بوون، بە پێکهینانی هەیئەتێکی فەرهەنگی دەستیان لە مێژووی دێرینی ئێرانی (پێش ئیسلام) وەردا و شا و کەسە دیار و بەرچاو و ئاینە کۆنەکانیان بە قازانجی بیری شوێنیزمی ئێرانی لە نێو کتێبەکانی وەک شاهنامەی فردووسی دەرێنا و لە جێگای مێژووی دوای ئیسلامیان دانا و میللەتانی دیکە بە تایبەت عەڕەبەکانیان بە دواکەوتوو لە قەڵەم دا.

کردەوەکانی زاڵمانەی ڕەزاشاو دخالەت لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵک دا، ناڕەزایی گشتی لێکەوتەوە و لە دژی زوڵم و زۆری ڕەزاشا، زۆر حەڕەکەت و ڕاپەڕینی چەکدارانە، لە سەرانسەری ئێران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به تایبەتی لە کوردستان دا سەری هەڵدا.

دەورانی دەستەڵاتداری ٢٠ ساڵەی ڕەزاشا، بە تایبەت بۆ کورد، دەکرێ بە یەکێک لە دڕندەترین سەردەمەکانی حکومەتە دیکتاتور و کۆنەپەرەستی زاڵ بە سەر ئێراندا بە حیساب بێ. زوڵم و زۆری ڕەزاشا لە ڕادەبەدەر و کورد لەوپەڕی چارەڕەشی و بەدبەختی دا بوو. هێزی ژاندارم حاکمی بێ ئەملاوئەولای گیان و ماڵی خەڵک بوون و پاوانێک بۆ زوڵم و زۆری ئەوان لە گۆڕێ دا نەبوو.

لە سەردەمی ڕەزا شا دا زۆر عەشایری کورد کۆچ دران و دەست بە سەر عەرز و موڵک و ماڵیان داگیرا و بەمشێوەیە ڕەزا شا پەیوەندی پێشووی سیستمی عەشایری کە عەشایر ماڵیاتیان دەدا و هێزی نیزامیان لە ئیختیار دەوڵەت دەنا تێک درا و بە دەوڵەت بەسترانەوە و پێگەو و ناسنامە و هوویەتی خۆیان لە دەست دا و پاسگاکان بوون بە حاکم بەسەریان دا. لەو ئاڵوگۆڕانە دا زۆر لە موڵک و ماڵی عەشیار بە هۆی فەرماندەرانی نیزامی دەستی بەسەر داگیرا کە هیچ یاسایەک نەیدەگرتنەوە. یەک لەوکەسانە کە زیاتر لە یەک و نیو میلوون هێکتار زەوی لە باشترین عەرزەکانی ئێرانی داگیر کرد بوو ڕەزا شا بوو.

زەخت و زۆری ڕەزاشا سنووری نەبوو و هەموو کەمایەتییە نەتەوەکانی ئێرانی دەگرتەوە. ویلیام داگلاس لە لاپەڕەی١٧٥ کتێبی "وڵاتی سەیر و سەمەرە و خەڵکی مێهرەبان خۆشەویست" دا باسی جەنایاتی سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی دەکا کە چۆن بەشیر سەری جەوانانی لوڕی دەپەڕاند و ئەوکەسی توانیبای کەللەکەی زیاتر هەڵداشت با خەڵات دەکرا.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە٦٦ دا، سەید محەمەد حەمیدی لە پەیوەندی لەگەڵ زوڵم و زۆری ڕەزا شا، ئاماژە بە ١٢٠ کەس لە بەگزادە بەناوبانگەکانی مەریوان دەکا کە بە تاوانی بیری ئازادی لە ساڵی ١٣٠٦ تا ساڵی ١٣٢٠ لە قەسری قاجار دا کوژران و دەنووسێ:

من ئاگادارم کە یەکسەتو بیست کەس تەنیا لە بەگزادانی بە نێوی مەریوان بە گوناحی بیری ئازادیخواهی لە ماوەی ١٥ ساڵدا، یانی لە ساڵی ١٣٠٦تا ساڵی ١٣٢٠لە قەسری قاجار دا کوژران و مردوون...

دوکتور ڕەحیمی قازی لە لاپەرەی ٨٧ ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە ئەو ١٢٠ کەسە لە زیندان دا بە ڕێگای دەرمانداو کردن و دەرزی لێدان کوژران. ڕەحیمی قازی لە درێژەدا لە لاپەڕەی ٨٦ی کتێبەکەی دا بە ئاماژە بە لاپەڕەی ٧٦ی ئارشیوی حیزبی کومونیستی ئازەربایجان دەنووسێ:

لە ساڵی ١٩٣٧دا ڕەزاخان عەشیرەتی جەلالی کە لە نیزیکی سنووری ئێران و تورکیا و سۆڤییەتەوە هەڵکەوتووە، بە خاو و خێزان و مەڕ و ماڵاتەوە بۆ مەڵبەندی خوڕەم ئاباد و سولتان ئابادی (عێراقی عەجەم) کۆچاند بوو. لەم عێلە ١٢٩٠٠٠ کەس کۆچاندرابوو. بەڵام لە ساڵەکانی ١٩٤١ دا بە تەنیا ٧٠٠ کەسیان بۆ نیشتمانی خۆیان گەڕانەوە بەمجورە پتر لە ١٢ هەزار کەس تەنیا لە عێلی جەلالی لە دەربەدەری ی و دوور لە نیشتمان تێداچوون و فەوتان. کاتی کۆچاندرانی عەشیرەتی جەلالی خاوەنی ٤٥ هەزار سەر مەر بوون، ٤ هەزار سەر گا و مانگا، ٢ هەزار سەر یەکسم وە ١٥٠ سەر وشتر بوو، بەڵام کاتی گەرانەوە بۆ نیشتمان جیا لە چەند سەر یەکسم نەبێ کە ژن و منداڵی نەخۆش و داماویان سوار کرد بوو هیچ شتێکیان لەو مەڕوماڵات و ڕەشە وڵاغەکە نەمابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەوبارەوە، کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٥ ی بەرگی یەکی کتێبی "لە بیرەوەرییەکانم" دا دەنووسێ: ساڵی ١٣١٩بوو حکومەتی ڕەشی ڕەزاخان لە کوردستان دەستیکرد بە ڕاونان و گرتن و دوورخستنەوەی خەڵک، لە سەرانسەری کوردستان ئەو کەسانەی تۆزێک نێوبانگیان هەبایە و ناسراو بان و یان ژیانیان خۆشبایە، دەیانگرتن و بۆ شیراز و شارەکانی دیکەی خواروی ئێران دووریان دەخستنەوە...

دەوڵەتی ڕەزاشا بە جێگای باشتر کردنی ژیان و گوزەران و ئابووری خەڵکی کوردستان، باجی قورسی بەسەر داهاتی کشتوکاڵی خەڵک داسەپاند و هیچ چەشنە ماقێک بۆ میللەتی کورد قایل نەبوو. لە ساڵی ١٣٠٤ هەتاوی کەمتر لە ٢٠ کارخانەی گەورە لە ئێران دا هەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٣١٠ کە پڕۆژەی سەنعەتی کردنی وڵات دەستی پێکرد ٣٤٦ کارخانە دامەزرا کە ٤٦ دانەیان لە تاران بوو و یەک دانەشیان لە کوردستان دانەنا. بەشی کوردستان لە سەنعەتی ئێران دا سیفر بوو و ئەوش بوو بە کۆچی بەشێک لە خەڵکی کورد بۆ تاران و شارەکانی دیکە.

لە بواری فەرهەنگی، زمانی کوردی لە ئیدارە و دەزگاکانی حکومی دا قاچاغ کرا و بۆ خوێندنی زمانی فارسی بۆ هەموو مەڵبەندێکی گەورەی وەک مەهاباد، تەنیا یەک قوتابخانەی نیوەچڵی ناوەندی و بۆ لەش ساغی و تەندروستیش تەنیا یەک نەخۆشخانەی ١٠ تەختی، دامەزرا. جیا لە هەمووی ئەوانە، واقعی ژئۆپولیتیکی کوردستانی گۆڕی و لە ساڵی ١٩٣٧ گشت مەڵبەندی گەورەی کوردستانی، بەسەر پارێزگاکانی سنە و کرماشان و ئیلام و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دا بەش کرد.

لە سەردەمی ڕەزاشا دا ماڤی حەقی قسە کردن و نووسین کە گرینگترین بەشی کەرامەت و هوویەتی هەر ئینسانێکە، لە نەتەوەکانی ئێرانی بە تایبەت کورد و تورک ئەستێندرا و ناچار کران بە زبانی دیکە بنووس و بخوێنن و بدوێن. بەمشێوەیە تا ئەوکات کە کێشەی نەتەوەکان لەگەڵ ناوەندی دەستەڵات، زۆرتر مەزهەبی بوو و شەڕی زۆری لێکەوتبۆوە، کێشەی ناسنامە و هووییەت و فەرهەنگیشی لێ زیاد بوو.

سەعدی قازی لە سایتی ئێنترنێتی دا بە ئاماژە بە پەروەندەی ژمارە ١٤٥١٦٣٤ بەڵگەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، جۆری عەقلییەت و نەوعی سیاسەتی زمانیی حکوومەتی پەهلەوی ئاشکرا دەکات: مەحرەمانە

نامەی وەزارەتی جەنگ/ ڕکنی دوو/ بەرواری ١/ ١٢/ ١٣١٣ (١٩٣٤. ز)

بەڕێز وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف و پیشە سازی ...

لەو ڕۆژانەدا، لەبارەی ناوچە سنوورییەکان، کۆمەڵێک گوزاریشمان پێگەیشتووە کە دەخوازێ ڕێزە بڕیارێک لە بارەیاندا بدرێ. هەر لەو پێناوەدا فەرمان دراوە کە لە بەرامبەر هەموو ئەو بابەتانەدا بە وردی هەنگاو باوێژرێ. لە سەر ئەساسی فەرمانی پیرۆزی جەنابیان ئەرکی ئەو وەزاراتانە بەو شێوەیە ڕادەگەیێندرێ.

"مکوڕ ڕێگە نەدرێ، ئەو مامۆستایانەی کە زمانیان تورکی و کوردی یە، لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچانە (ئەیالات و ویلایاتانە)ی کە زمانی خەڵکەکەی تورکی یا کوردی یە، وانە بڵێنەوە و لە بونیاددا بە خێرایی ڕێگە لە قسەکردنی زمانی تورکی و کوردی بگیرێ و ئەگەر بە شێوەیەکی بونیادی بیر لە لەناوبردنی بیرۆکە جیاوازەکانی ئەوان نەکرێتەوە، پەروەردەکردنی مناڵەکانیان لە سیستەمدا لەوانەیە ڕۆژێک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژان ببێتە دەستێکی بە هێز بۆ بیانییەکان چونکە تا ئێستا نەبینراوە کە گەلی تورک و کورد و ئاشۆری کردارێکی شەرافەتمەندانەیان بەرامبەر نیشتمانی خۆیان ئەنجام دابێ کە ئەوانی لە باوەشی خۆیدا پەروەردە کردووە."

هەر لە چوارچێوەی توانەوەی زمان دا دەبێ بگوترێ ئیقباڵی ئاشتیانی کە بۆخۆی تورک بوو دەیگوت زمانی فارسی دوڕ و گەوهەرە بەڵام زمانی تورکی کەرێتی و خەرفاوییە. محەممەد عەلی فروغی کە مۆرە گرینگی فەرهەنگی ئێران بوو، دەیگوت ئەرمەنی و ئاشۆڕی و یەهوودی گرینگ نیین چوونکە لە ئێران دا ڕادەیان کەمە، بەڵام بە بێ دەنگی دەبێ تورک و عەڕەب و کورد بتوێنیینەوە چوونکە ڕادەیان زۆرە.

مەحموود ئەفشار کە لە سویس خوێند بووی، لە دژی تورکان دەیگوت منداڵانی تورک کاتێک لە دایک دەبن، دەبێ بگوێزرێنەوە بۆ خانووی شەو و ڕۆژانە و لە شوێنێکی دوور دەست تەنیا بە فارسی قسەیان لەگەڵ بکرێ تا تورکیان لەبیر بچێتەوە.

لەو چوارچێوەیە دا کاربەدەستانی ڕێژیم زۆر خراپتر دەجوڵانەوە و عەبدوڵای موستەفەوی پارێزەر ئازەربایجان بە سەرژمێری تورکەکانی دەگوت، کەرژمێری. ئەو بەوەی دەنازی کە نەیەڵی تورکەکان بە زمانی خۆیان شین و ماتەم بگێڕن. ئەو بە هۆی کەسانی خۆی بە قوتابخانەکانی ڕاگەیاند کە هەرکەس بە تورکی قسەی کرد، ڕەشمەی کەرێی لەسەر بکەن و لە ئاخوڕی کەرانی ببەستنەوە.

لە ١٦ ساڵی حکومەتی ڕەزاشادا ١٧ بڵاوکراوەی فەرمی لە ئازەربایجان بڵاوو بووە کە ١٦ یان فارسی و یەکیان ئەرمەنی بوو و یەک دانە تورکی تێدانەبوو. بۆیە کاتێک لە ساڵی ١٩٤٥ گۆڤاری وەتەن یولوندا (لە ڕێگای وەتەن) لە ٤٠٠٠ ژمارە بە نهۆی فرقە لە تەورێز بڵاو بووە خەڵکی وا هەبوو حازر بوو تەواوی سامانی خۆی بدا ژمارەیەکی وەچەنگ بکەوێ.

لە سەردەمی ڕەزاشا دا بیری ئازادی و سەربەخۆیی بە توندی بەرپەرچ دەدراوە و کاربەدەستانی دەوڵەت بۆ گوشار بۆ سەر خەڵک، دەستەڵاتی ڕەهایان پێدرا بوو. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٨٠ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." ئاماژە بە هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ڕەزا شا سەبارەت بە مافی کورد دەکا و دەنووسێ:

لە ١٩٤١ کە دەوڵەتی ڕووس و ئینگلیس و ئەمریکا ئیحتیلالی ئێرانیان کرد، لە ئوستانەکانی ٣ و ٤ و ٥ ورمێ و سنە و کرماشان ئەو بەیاننامەیە کە دەرحەق بە کوردەکان خرا بووە دائیرەکانی دەوڵەت دۆزرایەوە. وێنەی تەرجەمەکەی:

نەزەر بە نیهادی پیسی کورد و خەیانەتکاری ئیسابتیان. ڕاجیع بە داواکردنی حەقی ئازادی خۆیان. پێویستە لە هەموو لایەکەوە جلەوگیری لە فکری سەربەخۆیی و ئینتیشاری ئێحساساتیان بکرێ. لە لاشەی هەر کوردێک ئەو نەخۆشییە پیسەی قەومییەتە ئێحساس کرا ئەبێ بە فەوری ئەو شوێنەیە ڕیشەکێش بکرێ و ئیحیانەن مەنتیقەی نفووزی هەر فەرماندەیەک ئەو نەخۆشییە ئینتشار بکات ئەو فەرماندەیە بەرامبەر بەو بەسەرهاتە خۆی بە تیرەبارانی شاهەنشاهی ئەبینێ.

ڕەئیسی ستادی ئەرتەشی کوللی شاهەنشاهی.

جیا لە زەختی سیاسی و ئابووری، ڕەمزە نیشتیمانی و کولتوورییەکان. دەوڵەتی ڕەزاشا فەرمانی دا کە وەک شوێنەکانی دیکەی نەتەوەکانی ئێران، جلووبەرگی کوردی قەدەغە بکرێ و هەرکەس مێزەر و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێچ و پشتێند و ڕانک و چۆغە و کەواوپانتۆڵی دەبەردا بایە، بە دار و قامچی لێیاندەدا و نێفەکیان دەبڕی و دەبوو بە تکا و پاڕانەوە و بە بەرتیل ڕەزگار بکرێ. لە مانگی بەفرانباری ١٣٠٧ لە چوار مادەدا لیباسی مەحلی بۆ هەموو کەس قەدەغە کرا و لیباسی فەرەنگی و کڵاوی پەلەوی جێی ئەوی گرتەوە و تەنیا ئاخوندە فەرمییەکان لە دەبەر کردنی لیباسی مەلایەتی دا ئازاد بوون. هەروەها ڕەزاشا بۆخۆی دژی کڵاوی شاپۆ بوو و کاتێک کە ئەحمەد شا لە دەرەوەی وڵات لەسەری دنا، ڕەزاشا تەبلیغاتی توندی بە دژی دەکرد. بەڵام لەساڵی ١٣١٤ کە ڕەزا شا چوو بۆ تورکییە، لەوێ کڵاوی شاپۆ کەوتە بەر دڵی و بڕیاری دا کە بە جێگای کڵاوی پەهلەوی خەڵک کڵاوی شاپۆ لەسەر بنێن و بە جێی کەوشی ئێرانی خەڵک کەوشی ئوروپایی دەپێ بکەن. ڕەزا شا لەو سەفەرەدا ئەوەندە کەوتبووە بەر کاریگەری ئاڵووگۆڕەکانی تورکییە کە هەر لەوێ ڕا بڕیاری دا کە کریکاران کە لە بەر گەرمایە کار دەکەن کڵاوی لەبەدار لەسەر بکەن.

لە پێناو یەک دەست کردنی لیباس لە کوردستان دا، مەئمووری حکومەت بە تایبەتی لە ڕۆژی جومعەدا بەردەرکی مزگەوتیان دەگرت و هەرکەس هاتبا دەری و پاتۆڵی دەبەردابا، ئەتکیان دەکرد.

وریا ماملی لە لاپەڕەی ١٢٩ کتێبی "کورد بوون" بە نەقڵ لە "خورشید" خێزانی حەمەدی مەولوودی لەسەر هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵ لیباسی ژنان دەنووسێ: لە سابلاغ ئەمنییە چاکی هێرش هێنا بوو سەر خەڵک. هەر ژنێک لە کوچە و کۆڵان چارشێوی لەسەر بووایە ئاژان یان ئەمنییەیەک دیتبای، چارشێوەکەیان بە زۆری لەسەر لادەدا و هیچ کە کۆمەڵێک جنێو و بێڕێزیان پێدەکردن، بە چۆماغان وەریاندەگەڕیانێ.

جگە لە مەلا و فەقێ کە دەبوو کاغەزی حاکمی شاریان پێبێ، هەموو کەس دەبوو لیباسی فەرمی دەبەر بکا و شەپکە لە سەر دابنێ. خەلک ماتم و غەمبار بوون و باسێک لە داوەت و شایی و هەڵپەڕکێ نەبوو و ئەو جۆرە داوەتانە کە حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١١٢ کتێبی "کورد بوون" ناویان دێنێ لە گۆڕێ دا نەمان و خەریک بوو بفەوتێن: ... لە ژیانم دا دەستی کەسم بۆ ڕەشبەڵەک نەگرتووە. گەڕێک هەڵنەپەڕیوم و کەسیشم نەبووە گەڕێکم سێپێیی، سێچکەیی، سۆسکەیی، سۆمایی، شێخانی، مەریوانی، عەبدۆیی، داغە، ڕۆینە، دالانە، ڕاستە، چۆپی، گادەران، لەنجە، خوانچە یان گەڕانەوەم فێر بکات.

تەنانەت لەو سەردەمەدا سەفەری حەجیش قەدەغە کرا و هیچ کوردێک نەیدەوێرا بڕوا بۆ ماڵی خودا. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٥٥ ی چێشتی مجێوردا لە سەر زوڵم و زۆری ژاندارم دەنووسێ:

ئەو دەمانەی لە تەرەغە دەژیاین بە دەست ئەمنییە و مەئموری دەوڵەتەوە ژیانمان جەحەندەم بوو. ڕۆژ نەبوو دەستەیەکمان لێ پەیدا نەبن و تەشقەڵەیەکمان پێنەکەن و بەرتیلمان لێنەستێنن. جلکی کوردی، توتن و پەڕی ناو قوتو، کەم خزمەتی خۆیان ئەسپیان بە گوناهی گەورە دەژمیران. هیچ نەبا فیشەکیان دەخستە ماڵان و دەیانگوت چەکت هەیە. ئێمە کە هەموو فەقیر بوین بەرتیلمان بۆ هەڵنەدەسورا، تەواو لە پەروپۆ بووینوە. لەبەر چاوی من ئەوەندەیان بە قامچی لە فەقیرێک دا کە وەزکی دا دوای دوو ڕۆژ مرد. گوناهی هەر ئەوە بوو کە زۆر زوو جڵەوی ئەسپی ئەمنییەی نەگرتوە...

عەبدوڵای قازی لە کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ:

لە ئاوایی کەوتەر پیاوێکی پیری لێ بوو بە نێوی خالە حەمەی. ئێوارەیەکی لە مەزرایەرا بە سواری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەرێ بەرەو ماڵا دەبێتەوە. لە ڕێگایە کەرەکە هەستی بە شتێک دەکا و خاڵە حەمەی هەڵداوێ و بەسەر بەردێکی دا بەریدەداتەوە. خاڵە حەمە بە برینداری دەگاتەوە دێ و ئەگەر تەماشا دەکا ئەوە ئەمنییە خەڵکیان کۆ کردۆتەوە و کێشەیان پێ دەفرۆشن. ئەمنییەکانی کە خاڵە حەمە بە خوێناوی دەبینن، دەیخەنە ژێر پرسیاران: "ئەی ئەوە کێ لێی داوی".

ـ کەس لێی نەداوم بە خودای بە بەردی داکەوتووم.

ـ نا درۆیە دەکەی وەرە بابچین.

ـ ئاخر بۆ بێم؟

- دەبێ بەردەکەمان پێ نیشان دەیەوە. ئەتۆ درۆیە دەکەیەوە، شەڕت کردۆتەوە، ها کێت کووشتۆتەوە.

بەو شەوە خاڵە حەمەی وەپێش خۆ دەدەن تا دەگەنە بەردەکەی، تەماشا دەکا ڕاست دەکا. ئەوجار بە شێلاقان وەردەگەڕێنە بەردەکەی و جنێوی پێ دەدەن و دەڵێن: کەپیۆغلی (سەگباب) نازانی ئەوە ڕەعییەتی شاهەنشاهییە، چۆن وێراوەتە سەری بشکێنییەوە!

دوایە خاڵە حەمەی دەبەنەوە ماڵێ و داوای ١٥ قڕانی (حق الزحمە) لێدەکەن. خاڵە حەمە زۆر دەپاڕێتەوەو دەڵێ پووڵی نییە کە بیانداتێ. ئەوجار وەریدەگەڕێنێ چوونکە حوورمەتی ئەمنییەی نەگرتووە. ئاخر بە هەزار چەقەچەق خەڵك خاڵە حەمەی لەبن دەستیان دەردێنن و لە نێو دێی چەند مەناتیان بۆ کۆدەکەنەوە و نەجاتی دەدەن.

ڕەزا شا بە ڕواڵەت لە ژێر کاریگەری ئاتاتورک دا دەیهەویست ئێران بەرەو پێشکەوتن بەرێ بەڵام شیوەی کارکردن و چۆنێتی بەڕێوەبردن و تەنانەت کەسایەتی ئەو دووانە زۆر جیاواز بوو. لە کۆمەڵگای تورکییە لە چوارچیوەی یەک دەست کردنی لیباس دا، توند و تێژییەکانی ڕەزا شا، وەک لێدان و کوتان و نێفەک و قژبڕین بەڕێوە نەچوو. لەو وڵاتە دا، لە هەڵبژاردن مەجلیس و دەزگاکانی دەوڵەت دا، ژنان حەقی بەشداریان هەبوو. کەسایەتی ئاتاتورک و ڕەزا شا زۆر جیاواز و ئاتاتورک خوێندەوار بوو. بەڵام ڕەزا شا بە دەرەجەی سەرتیپی و تا پێش بە دەستەوەگرتنی دەستەلات بێ سەواد بوو. مەلکولشوعەڕای بەهار باسی نامەیەکی کورتی ڕەزا شا دەکا کە ١٩ غەڵەتی ئیملایی هەبووە. سەرەڕای ئەوە ڕەزا شا دخالەتی لە دیاری کردنی وشەکانی فارسی دا دەکرد. لە لاپەڕەی ٣٣ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" دا هاتووە کە ڕەزا شا بە منداڵی ژیانی زۆر سەخت بووە. ئەوجار ئاتاتورک پڕۆسەی دێموکراسی کردنی وڵاتی بە هۆی مەجلیس و حیزبەکان بەڕێوە دەبرد، لە حاڵێک دا ڕەزا شا بۆخۆی دوو حیزبی دامەزراند، هەر بۆخۆشی هەڵیوەشاندنەوە.

ڕەزا شا جارێک لە مەجلیس دا گوتبووی کە لە نیزامی مەشرووتە دا کاری حیزب چاوەدێری بەسەر کارەکانی دەوڵەت دایە، ئەوەش ئەمن بۆ خۆم دەیکەم. ئاتورک پێیوابوو کە ڕۆژنامەکان یارمەتی بە نەمانی گەندەڵی لە وڵات دا دەکەن و داوای لە ڕەزا شا کرد کە ئازادی ڕۆژنامەگەری مستۆگەر بکا. بەڵام ڕەزا شا گوێ بەو قسانە نەدا و تەنانەت جارجار لە ڕۆژنامەوانانیشی دەدا. بە قسەی فەڕوغی کە سەرۆکی وەزیرانی ئێران بوو، ئەو کارانەی ئەو بوو بە هۆی ئەوە کە لە ساڵی ١٢٩٨ کە ڕەزا شا لە خانووی کرێ دا دەژیا، لە دوای دەرکردنی لە ئێران، جیا لە یەک و نیو میلیون هێکتار زەوی لە باشتری عەرەزەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران، ڕادەی ٤٦ لەسەدی پارەی نەغدی ئێرانێ ئی ئەو بوو. ڕەزاشا بە دوای خۆی دا کەسی ئامادە نەکرد و ئەوەی هەش بوو دەریکردن و وڵای نان و حیزب و ڕۆژنامەی نەهێشت و وڵاتی بە دامەزراوەیی نەکرد و لەسەر سیستم و نیزامێک دانەنا. بۆیە لەگەڵ وەلانانی، هەموو دەسکەوتەکانیشی لە گۆڕ نران. بەڵام بە دوای نەمانی ئاتاتورک دا، ڕەوتی بەروپێش چوونی وڵاتی تورکییە، درێژەی کێشا.

سەرەڕای ئەوانە ئەوجار هەم ئاتاتورک دژی مەزهەب و سیکولار بوو هەم ڕەزەشا و هەردووکیان لە هێزی نیزامی کەڵکیان وەردەگرت و هەردووکیان شوێنیسمی فارس و تورکیان بە زۆر لە وڵات دا داسەپاند و خاڵی هەرە هاوبەشی هەردووکیان، کێشەی کورد بوو کە هەر دووکیان بە توندی دژی بوون و سەرکوتیان دەکرد.

کارەکانی ڕەزا شا یەک لایەن و بە بێ ئامادەکردن و بەشداری کۆمەڵگا بەڕێوە دەچوو و شتی زۆر سەیر و سەمەرەی لێدەکەوتەوە. بۆ نموونە لە ١٧ پوشپەر ١٣١٤ دا کە چارشێو لەسەر ژنان لابرا بە هەموو کاربەدەستانی دەوڵەتی لە ئێران ڕاگەیندرا کە ژنەکانیان بە بێ چارشێو لە مەڕاسیمەکە دا بەشدار بن. ئەوانە موخالیف بوون لەسەر کار لابران. ژنی وا هەبوو کە لایەنگری چارشێو بوو لەگەڵ مێردکەی لە ڕێورەسمەکان دا بەشداری نەدەکرد و تەڵلاقی وەردەگرت یان بە مانگ لە ماڵ نەدەهاتە دەر. بۆیە زۆر لە کارمەندەکان ژنی دیکەیان بەکرێ دەگرت و لەگەڵ خۆیان دەیانبرد بۆ جێژن و شەو نشینی. ئەوکات ژنەکان دەچوونە حەمامی شار و لە ماڵ حەمام نەبوو. ژنێک کە حازرنابی بە بێ چارشێو بچێ بۆ حەمامێ، میردەکەی لە تەلیسێکی دەنێ و بە کۆڵێ دا دەدەدا و لە تاریکی دا دەیبا بۆ حەمام. پاسەبانێک لێی بەشک دەکەوێ و دەستێک لە تەلەیسەکە دەدا. ژن قانەقدی دێ و پێدەکەنی. پاسەبان ئەگەر تەماشا دەکا ئەو ژنێکی چارشێوبەسەر لە تەلیسەکە دایە.

ئەوجار ئامادەکردنی لیباسی نوێ، خەرج و پوڵ و پارەی دەویست و چارێشێو عەیبی کەسانی فەقیر و بێ دەرەتانی دادەپۆشی. بۆیە ئەو کۆسپانە بوونە هۆی ئەوە کە هێندێک لە خەڵکی سنوورەکان بۆ عێراق و ئەفغانستان هەڵێن.

بەگشتی ئەو بەڵایانەی کە لەسەردەمی ڕەزاشا دا بەسەر کۆمەڵگای ئێران بە تایبەتی کورد هێنا، هەر لە کوشتن و زیندان و ئازار و ئەشکەنجە و بوختان و تەبعید و دەربەدری و نیفەک بڕین و شڵتاخ و هەتک کردن، لە گێڕانەوە نایە و بۆ کورد جەهەندەمێکیان پێکهێنا مەگەر خودا بزانێ. هەڵسوکەوتی ڕەزا شا لەگەڵ کورد، کاریگەری زۆر خراپی لەسەر کۆمەڵگای کورد دانا. باری ڕووحی خەڵک شێوا و تەنانەت کاری لەسەر گۆرانیبێژ و شایەرانیش هەبوو و لە باتی باسی جوانی سروشت و خۆشی کۆمەڵگا بکەن، زوڵم و زۆری ڕەزا شایان کرد بووە گۆڕانی و دەیانچڕێ:

هەڵنەگری هەڵنەگری، هەڵنەگری لە پەهلەوی
یاخودا تەختت وەرگەڕێ، بڵیندت لێبێ نەوی
هەڵنەگری هەڵنەگری، هەڵنەگری لەو پاشایە
ڕەبی تەختت وەرگەڕێ، بۆ خاتری ئەو خودایە
هەڵنەگری هەڵنەگری، لە پەهلەوی زوڵم و زۆر
ڕەبی حەوت کوڕت مرێ بۆ خاتری ئەحمەدی کۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتی ڕەزاشا دەستی لە کەس نەپاراست، توانایی و هێزی عەشایری تێکشکاند و هەموویانی دەستەمۆ کرد و بە چاوی دوژمن سەیری هەر کوردێکی دەکرد. تەنانەت عەلیاغای حاجی ئیلخانی کە هەمووکات لە خزمەتی حکومەت دا بوو و نازناوی "ئەمیرئەسعەد"ی پێ درابوو، بە هۆی ژاندارم گیرا و هێنایانە مەهاباد و بە پێی لاپەڕەی ٦٦ی بەرگی١ ی کتێبی "لە بیرەوەرییەکانم" دا لە نووسینی کەریمی حیسامی: بە دەستبەستراوی بۆ سوکایەتی پێکردن بە شەقامی سابڵاخ دا گێڕایان و لە بەندیخانە ڕێگایان نەدەدا کەس چاوی پێ بکەوێ.

لە سەردەمی ڕەزاشا دا، بو هەر گوندێک کەسێکی خراپی لایەنگری دەوڵەت، بە ناوی کوێخا سجیل دیاری کرا کە دەبوو دەوڵەت لە کاروباری ئاوایی ئاگادار بکا و گەنجان بە بنکەی سەربازیی بناسێنێ و ئاگای لەخەلە و خەرمانی ئاوەدانی بێ و ئەو سەرانەیەی کە ڕێژیم بۆ ڕێژەی گەنم دایناببوو بیستێنێ و ڕادەستی حکومەتی بکا.

لەبەرانبەر هەمووی ئەو هەڵسوکەوتانەی ڕەزاشا بە دژی کوردان دا، ئەو لە بواری ئابووری و چاک سازی بۆ بەشی نەتەوەی باڵادەستی فارس زمان، چ نەما کە نەیکا و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە هێندێک شوێنی ئێران دا، بە قازانجی ئەوان پێکهێنا.

لە ساڵی ١٣١٧ (١٩٣٨) دا باری ئابووری وڵاتی ئێران بەرەو کەسادی ڕۆیی. دەوڵەت بە ناچاری بەرهەمە سەرەکیەکانی قەند و شەکر و چاو و کوتاڵی خستە ژێر دەستەڵاتی خۆی و بە هۆی وەکیلەکانەوە بە شیوەیەکی ناریکوپێک بەسەر خەڵک دا بڵاوی دەکردەوە. ڕەزاشا بە کەڵک وەرگرتن لە هێندێک کارناس و پسپۆڕی ئەمریکایی وەک "مورگان شوستیر"، سیستمی خزێنەداری گشتی ئێران و دوکتور "میلسپ" سیستیمیماڵیاتی لە سەر قەند و شەکر، دانا. بە پاشکەوت کردنی پارەیەکی زۆر، هەوەڵین ڕێگای ئاسنی ئێرانی کێشا.

ڕەزاشا دواتر لەگەڵ ئەڵمانییەکان پەیوەندێکی چڕ و پڕی دامەزراند و هەلومەرجی شیاوی بۆ هێزەکانی ئاڵمان لە نیوخۆی ئێران دا پێکهێنا. وڵاتانی ئینگلیس و فەڕانسە بۆ ئەوەی ئێران نەکەوێتە داوی کمونیسم پێشیان بەو پەیوەندییە نەگرت و هەروەها بەو سیاسەتەیان یارمەتیان بە ئاڵمان کرد کە لە گشت لاوە ئابوورییەکەی ببوژێتەوە بۆ ئەوە بتوانی قەرزەکانی شەڕی یەکەم بداتەوە و بتوانی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و پێش لە پەرەستاندنی کمونیسم لە ئاڵمان بگرێ. بەڵام کاتێک کە ڕادەی پەیوەندی بازرگانی ئاڵمان و ئێران لە ساڵی ١٣١٩ بوو بە ٥٠ لەسەد، ئینگلیس و فەڕانسە نیگەرانیان لێ پەیدا بوو و لەگەڵ ڕووسەکان یەکیان گرت. هەرچەند ئێران لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی دا، دوو جار بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام بە نەهێنی هاوکاری دەوڵەتی ئاڵمانی دەکرد و ئەوە بوو بە بیانوو تا بەرەی هاوپەیمانان هێرش بکەنە سەر ئێران و ڕەزاشا وەلا بنێن. لادانی ڕەزاشا بوو بە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە لە



سمایل ئاغای سمکۆ

کۆمەڵگای ئێران و بۆ ماوەیەک ئازادی باڵی بەسەر وڵات دا کێشا. سەید محەممەد حەمیدی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە٦٦ دا، لەگەڵ باس لە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات، لەسەر هەڵسوکەوتی دڕندانەی ڕەزاشا دەنووسێ: ... ئەوڕۆ ئیدی لە کوردستانی ئازاد دا لە کاربەدەستانی دز و خائین و لە ئەمنییە، ئاژانی ماڵبڕ و ناموسدڕ نیشانەیەک نییە. ئیدی قەمچی ئەم بلەوەز و لغاو هەڵماڵاوانە لەسەر سەری جوتێر و فەلەی بێچارە هەڵناسووڕێ. ئیدی ئاسن و تەختە داری سوورەوەبوو بە پشت و کەلەکە و ئەستۆی پیرانەوە نانرێ. ئیدی لاقی جێحێڵان لە کۆت و زنجیر ناکرێ و دەستیان لە پشتەوە جێڕەبابە نادرێ...

## ڕاپەڕینی سمایل ئاغای سمکۆ

زەبروزەنگی ڕەزاشا بوو بە هۆی ئەوە کە چەند بزووتنەوەی گەورەی نیشتمانی و عەشایری لە کوردستان دا، سەر هەڵدا و یەکێک لە گەورەترین ئەوانە، ڕاپەڕینی سمایل ئاغای سمکۆ بوو. بابی باپیری سمایل ئاغای(سمکۆ) نێوی سمایل ئاغا و سەرۆکی گشت عەشیرەتی شکاک بوو. ئەو لە ئاوایی "نازیلوچای" قەڵایەکی گەورەی ساز کرد و لە گەڵ عەسکەرخان، دەستەڵاتداری گەورەی ورمێ، بناغەی دۆستایەتی داڕشت و کچەکەی دا بە "فەرەجوڵا" کوڕی عەسکەرخان. چوونکە سمایل ئاغا بۆ دەوڵەتی ئێران مەترسی دار بوو لە ساڵی ١٢٢٥ دا، عەسکەرخان بە هاندان و دنەدانی حاکمی ورمی بە فێڵ سمایل ئاغای کوشت. کوڕەکانی سمایل ئاغا کە بریتی بوون لە عەلیخان و یەحیاخان و میرزاغا، ڕایانکرد. "جازی" ژنی سمایل‌ئاغا کە زۆر بە توانا و بە هەیبەت بوو، سەرۆکایەتی عەشیرەتی شکاکی بەدەستەوە گرت و بۆ سکاڵا چووە تەورێز و دەوڵەتی ئێرانی ڕازی کرد کە دان بە سەرۆکایەتی عەلیخان بەسەر عەشیرەتی شکاک دابنێ و چەند پارچە موڵکیشی بداتێ.

لە درێژەی دەستەڵاتی عەشیرەتی دا، بە دوای مردنی عەلیاغا (عەلیخان) باپیری سمکۆ لە زیندانی تەوریز، محەممەد ئاغا بابی سمایل ئاغا بوو بە سەرۆکی عەشیرەتی شکاک. ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوودا" باسی خەونی دایکی سمایل ئاغا دەکا و دەنووسێ:

وەک بیستومە خانمی محەمەد ئاغا پێش ئەوەی ئەو کوڕانە بێنێتە سەر دونیا شەوێک خەون دەبینێ لە شوێنێکی ویشکەرو میز دەکا. میزەکەی دەبێتە دو ڕوباری گەورە و ڕوباری یەکەم بڕێک دەڕوا ووشک دەبێ، بەڵام ڕوباری دووەم زۆر دەڕوا و لافاو ساز دەکا. بۆ بەیانی دەنێرێ لە دوی مەلای ئاوەدانی و خەونەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. مەلا دەڵێ: جەنابت دو کوڕت دەبێ، هەر دو کوڕت پیاوانی ناو بە دەرەوە و گەورە دەبن. یەکەمیان زو لە ناو دەچێ بەڵام کوڕی دووەم ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێ و کاری گەورە دەکا و گۆڕانکاری پێک دەهێنێ. یەکێک لەو ڕوبارانە جەعفەرئاغا برا گەورەی سمایل ئاغایە کە زوو ویشک بوو.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسێ، محەمەمەد ئاغا، بابی سمکۆ، دوو جار و جەعفەرئاغا، برا گەورەی سمکۆ جارێک لە دژی دەوڵەت ڕاپەڕین. هەرچەند جەعفەر ئاغا دوایە خۆی بەدەستەوە دا، بەڵام محەممەد عەلیشا، وەلیعادی ئێران لە تەورێز، قەرەنیاغای مامەش و خوسرەوخان قەرەپەپاغی ڕاسپارد کە جەعفەراغا بگرن و بینێرن بۆ تەورێز. جەعفەراغا نیگەران بوو و داوای دەستەبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و زامنی کرد و بە پرس و ڕا و بەڵێنی دەوڵەت لە تەورێز، حاجي پاشا خانی جان ئەحەحمەدلووی قەرەپەپاغ، کە ئەوکات جەوان بوو، وەک بارمتە لە چەهریق، لە ماڵە جەعفەراغا داندرا.

جەعفەراغایان بردە تەورێز و نیزامولسەلتەنە، بە پێچەوانەی قەول و بەڵێنی دەوڵەت، لە ساڵی ١٢٨٤ هەتاوی، بە هۆی ئەمیر نیزامی قەرەداغی، جەعفەراغا و هاوڕێیانی کوشت. کاتێک ئەو هەواڵە گەیشتە چەهریق، سمکۆ لە ماڵ نەبووە و دایکی جەعفەراغا بە پاشا خانی گوت: کوڕم بە کوشتنی تۆ کوڕەکەی من زیندوو نابێتەوە، بۆیە هەرچی زووترە هەڵێ. پاشا خان هەڵات و خۆی گەیاندەوە ورمێ.

ڕەحمانی قازی لەسەر شێوەی تێداچوونی جەعفەرئاغا دەنووسێ: لە ساڵی ١٢٨٤ ی هەتاوی (١٩٠٥ ی زایینی) نیزاموسەلتەنە (نظام السلطنه) حاکمی تەورێز دیاری بۆ جەعفەر ئاغا کە برا گەورەی سمایل ئاغا بووە دەنێرێ و بانگهێشتی دەکا بۆ تەورێز. ئەو میوانداریيە لە بینای فەرمانداری تەورێز (دارالحکومه) دا بەڕێوە چووە. ژورێک بۆ جەعفەر ئاغا دەست نیشان دەکەن کە پێشتر لە ژوری تەنیشتی چەندین پیاوی چەکدار جێگیر کرابوون. نیزاموسەلتەنە بە چەکدارەکان دەڵێ کاتێک من لە ژوری جەعفەر ئاغا چومە دەر ئێوە هەمویان بکوژن. نەخشەکە سەردەگرێ و کاتێک نیزاموسەلتەنە دەڕوا بە هەمو چەکدارەکان تەقە دەکەن و لە یەکەم دەسڕێژ دا جەعفەر ئاغا و سێ هاوڕێی وەبەر دێن و دەکوژرێن. حەوت کەس کە وەبەر نایەن خۆیان لە پاڵ داوێن و هەمو چەکدارەکان دەکوژن. دوایی بە شەڕ و نیوە شەڕ لە بینای فەرمانداری دێنە دەر و هەر عەجەمێک کە توشی دەبن دەیکوژن. ئەو ڕاودونانە تا شەو دا دێ هەر بەردەوام دەبێ. لە تاریک بون دا دەچن لە باغێکەوە و باغەوانەکە دەکوژن و نان و چای لێ دەبێ بەوە خۆیان تێر دەکەن و تا ڕۆژ دەبێتەوە خۆ لە نێو باغ دا حەشار دەدەن. لەو پیاوانە دا کەسێکیان لەگەڵ دەبێ بە ناوی خالۆ میرزۆ. پیاوێکی ئازا و وریا دەبێ. کاتێک وڵات ڕوناک دەبێ دەبینێ دوازدە سەرباز بە سواری ئەسپ دەوری باغیان گرتووە و لەوان دەگەڕێن. خالۆ میرزۆ بە هاوڕێکانی دەڵێ دەبێ ئەو سەربازانە بە جۆرێک بکوژین کە ئەسپەکانمان دەست کەوێ دەنا ڕزگار بونمان چەتونە. هەر کەسەو سێرە لە سەربازێک دەگرێ. پێکەوە تەقە دەکەن و هەر کەس سەربازێک دەکوژێ و ئەسپەکەی وەدەست دێنێ. بەو جۆرە بەرەو ورمێ وەڕێ دەکەون. وەک باس دەکەن لە ڕێگە دا هەر عەجەمێک کە دەبینن دەیکوژن. دوای دو ڕۆژ لەو کارەساتە دەگەنەوە شوێنی خۆیان لە چەهریق.

جەعفەر ئاغا و سێ هاوڕێی بەو شێوازە لە تەورێز کوژراون. کوژرانی جەعفەر ئاغا بۆ سمایل ئاغا دەبێتە بەڵگە و بیانویەکی باش بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ حکومەت ڕابگەیێنێ.

لە لاپەرەی ١٢ و ١٣ی ئیتلاعات سەرلەشکەر مزەفەری لە ژێر سەردێڕی "فتنەی سمیتقو از آغاز تا پایان" لە زمانی "کەسرەوی" باسی وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوە دکا و دەڵێ کە جەعفەراغا ئەمان درابوو بەڵام هێزی دەوڵەت تەقەیان لێکرد و چەکدارەکانی ئازایانە وەخۆ هاتن و دوای ئەوە زانیان جەعفەراغا نەما دەستیان بە شەڕ کرد. دوو کەسیان لێکوژرا بەڵام ئازایانە خۆیان دەرباز کرد. دوایە ئەو هێزەش کە بە دوایان کەوت بوو تێکیان شکاندن و ئەسپەکانیان بردن و خۆیان گەیاندەوە وڵات. مزەفەری دەنووسێ کە گوایا ئەو پیلانە بە فەرمانی "مەحەمەد میرزا"ی وەلیعاد بووە و بوو بە مایەی سەرشۆڕی بۆ حکومەت.

سەرلەشکەر مزەفەری هەروەها باسی شەڕی سمکۆ و دەستەیەکی قەزاق بە فەرماندەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرهەنگێکی ڕووسی لە ساڵی ١٢٩٨ دەکا و دەڵی ئەگەرچی کوردەکانیان ڕاونان بەڵام دوایە وتوێژیان لەگەڵ کردن.

سمکۆ لە ساڵی ١٩١٤ دا لە دژی دامودەزگای دەوڵەتی قاجار ڕاپەڕی. لە ساڵی ١٩٢٠ تا ساڵی ١٩٢٢ سمایل ئاغا، سەرۆکایەتی هەموو عەشیرەتی شکاک لە ناوچەی شیمالی کوردستانی خستە ژێر دەستەلاتی خۆی. ئەو بە ڕابردووی خوێناوی بنەماڵەکەی، بوو بە سەرۆکی عەشیرەت و زۆربەی ساڵانی تەمەنی یان لە شەڕ و بەربەرەکانی لە گەل ڕەزاشا، یان لە ئاوارەیی لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیادا تێپەڕ کرد.

سمایل ئاغا هەوڵی دا تا خێڵ و سەرۆک عەشایری کورد لێک کۆ کاتەوە و دەستەڵاتێکی کوردی دابمەزرێنێ. ڕەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو"دا لە زمانی سالاری میرزا فەتاحی قازی دەگێڕێتەوە:

سمایل ئاغا پێش کوشتنی مارشیمۆن میواندارییەکی گەورەی ساز کرد و زۆربەی گەورە پیاوان و سەرکردە ناودارەکانی کوردی تێدا کۆ کردەوە کە یەکێک لەوان من بوم. ئەو خەڵکەی کە بە بانگەوازی سمایل ئاغا لە گوندی چەهریق کۆ ببونەوە زیاتر لە چوارسەد کەس بوین. سمایل ئاغا لە مەزرایەکی بەر فراوان و یەکجار خۆش چادر و چیغی بۆ مانەوەی میوانەکانی هەڵدابو و خواردن بە پێی فیلان ئامادە دەکرا و میواندارییەکی زۆر باشی لێ کردین. ڕۆژی دووەم پاش نان و چای بەیانی سمایل ئاغا هات و کوتی ئەوانەی سواری چاکن و دە خۆیان ڕادەبینن سواری ئەسپەکانیان بن بۆ تەقڵە و ڕمبازێن. ئەوانەی کە تفەنگچی چاکن خۆ ئامادە بکەن بۆ نیشانە شکاندن. دوای چەند خولەکێک تەقەی تفەنگ و حیلەی ئەسپ و هەو هەوی سواران دەشت و کێوی داگرت. سمایل ئاغا لە سەر چوارپایەیەک دانیشتبو و بە دوربین چاوی لەو هەڵا و هەنگامەیە بڕیبو. ئەو خۆ نواندن و تەقە و بەزمە نزیک بە دو کاتژمێری خایاند. پاش کۆتایی هاتنی ڕمبازێن و نیشانە شکاندن خەڵکەکەیان بانگ کردەوە لای چادرەکان و چایان ئامادە کرد و خەریکی چا خواردنەوە بوین. لە پڕ کاروانێکی زۆر گەورە بە ڕێگە دا هات. سمایل ئاغا چەند چەکداری نارد و کاروانەکەیان گێڕاوە لای ئێمە. کاروان چییەکان هەمویان جولەکە بون. بە ترس و لەرزەوە لە وڵاغان هاتنە خوار و کوتیان ئاغا چ کارێکی بە ئێمە هەیە؟ سمایل ئاغا کوتی دەبێ سواری ئەو ئەسپانە بن و ڕمبازێن و شەڕانخێوی بکەن. کوتیان ئاغا بۆ خاتری حەزرەتی موسا وازمان لێ بهێنە ئێمە کەی سواری ئەسپ بوین و ڕمبازێنمان کردووە ئەوە کاری ئێمە نییە. فەرمانی کرد بە زۆر جولەکەکانیان سواری ئەسپەکان کرد و بە توندی ئەسپەکانیان دەنگ دان. جولەکە لە ترسان دەستیان بە یاڵ و ملی ئەسپەکان گرتبو و بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد و دەپاڕانەوە. ئێستا دەورێک نەسوڕابونەوە کە هەمویان یەک بە دوای یەک بەربونەوە و لە خوڵ گەوزان. ئێمە هەوەڵ تێ نەگەیشتین کە سمایل ئاغا بۆ وای کرد. پاش ڕۆیشتنی جولەکەکان سمایل ئاغا کۆی کردینەوە و کوتی: دەزانن مەبەستم لەو کارە چ بو؟ کوتمان نەخێر نەمانزانی. کوتی ئەوانە هەمو جولەکە بون، ترسەنۆک و بێ دەسەڵات. بەڵام بەو شێوازەش خەریکی خۆ ڕزگار کردن و سەربەخۆیین. وەک من بیستومە دەمێکە سەرقاڵی وەکۆ کردنی پارە و پوڵن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بە ناوی ئیسرائیل. بەڵام بە داخەوە ئێوە کە هەر کامێکتان وەک ڕوستەم وان و لە هەمو بوارێک دا لێ زان و ئازا و زیرەکن بیر لە ڕزگار کردنی وڵات و نەتەوەکەتان ناکەنەوە. بیر لەوە ناکەنەوە بۆخۆتان سەربەخۆ بن و وڵاتی خۆتان بەڕێوە بەرن و لە ژێر ئاڵای نەتەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تر بێنە دەر.

بە دوای ئەو ڕووداوەدا سمکۆ خۆی تەیار کردەوە و لە بانەمەڕی ١٢٩٨ هەتاوی (شعبان ١٣٣٧) هێرشی کردە سەر گوندەکانی دەوروبەری سەلماس و ورمێ.

## کوشتنی مارشیمۆن بەدەست سمایلئاغا



مارشیمۆن

یەکێک لە کارەکانی سمکۆ کوشتنی مارشیمۆن ڕێبەری ئاسۆرییەکان بوو. کوشتنی مارشیمۆن پەیوەندی بە زۆر هۆکاری ئایینی و نەتەوەیی و نێونەتەوەییەوە هەبوو. کوردستان لە کۆنەوە جیا لە پێگەی سەرەکی نەتەوەیی کورد، شوێنی نیشتەجێ بوونی نەتەوە بچووکەکانی سەر بە ئایینی جۆراجۆرەکانی جوو و مەسیحی و ... بووە. ئەو نەتەوانە زۆر جار لە کێشەکانی ناوچە دا لە لایەن وڵاتانی گەورەی ڕووس و فەڕانسە و ئینگلیس دا داڵدە دراون بە دژی کورد کەڵکیان لێوەرگیراوە و هەوڵ دراوە لە مەڵبەندی کوردان حکومەتیان بۆ پێک بهێندری.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووس، ئەوکات سەردەمی مەشروتە بوو و وەزعی ئێران ناتەواو بوو و وەلانانی محەممەد عەلیشا لە گۆڕێ دابوو. مسێونەکانی ئینگلیسی و ئەمریکایی هەوڵیان دا لە نێوان مارشیمۆن و جیلۆکان و سمکۆ دا، یەکێتییەک پێکبێنن. ئەوان بە سمکۆیان گوت کە دەیانهەوی دوو دەوڵەت مەسیحی و کوردی لە ئیروان و کوردستان پێک بینن. سمکۆ باوەڕی پێنەکردن و پێیوابوو کە ئەو کەڵەکە و وڵاتانی گەورەی کۆلۆنی دەیانەوی دوو دەوڵەتی مەسیحی لە ئیروان و لە ورمێ دابمەزرێنن.

سەرلەشکر ئەحمەدی زەنگەنە لە لاپەڕەی ١٤ی بیروەرییەکانی دا باسی ئاسۆرییەکان (جیلۆ) دەکا و دەنووسێ کە ئەوان لە سەرەتای شەڕی یەکەم دا نیزیک بە ٢٠٠ هەزار کەس بوون کە لە نێوان دەریاچەی ورمێ و وان دا دەژیان. پەنجا هەزارکەس لە خاکی ئێران و باقی لە خاکی تورکیەدا نیشتەجێ بوون. ئەوانە سەر بە کلیسای سریانی و نێوی ڕێبەری ئاینیان مارشیمۆن بوو. لە شەڕی یەکەم جیهانی دا دەوڵەتی تورکیە زۆری لێکوشتن. هیندێکیان کە ٢٥ هەزار کەس دەبوون لە ژیر ڕێبەری بنیامین مارشیمۆن لە ساڵی ١٢٩٤ هەتاوی لە ڕێگای سەڵماس هاتنە ناو ئیرانەوە و دەستەی دیکەش هاتنە ورمێ. زەنگە لە دریژەدا دەنووسێ کە مارشیمۆن کەسێکی شەڕئەنگێز و دەستەڵات خواز بوو بە هاندانی بەرەی هاوپەیمان خەیاڵی دامەزرانی دەوڵەتی ئاسۆری لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و بەشێک لە تورکیەی هەبوو و دەیەویست ئەو ناوچەیە لە موسوڵمانان پاک بکاتەوە. مارشیمۆن، ئاسۆری و مەسیحییەکانی هان دا کە چەک بکرن و بە هۆی دەستەی چەکدار ڕووداوی دڵتەزێنی لە ناوچەکەدا خوڵقاند. مارشیمۆن لە هەوڵی فریودانی سمکۆ کەوت و داوای چاوپێکەوتنی کرد و ڕۆژی شەممۆ ٢٥ی ڕەشەمەی ١٢٩٦ بە ١٤٠ کەس

لە سوارەکانی بەرەو "کۆنە شار" شوێنی چاوپێکەوتن وەڕێکەوت.

لە وەزعییەتێکی ئەوتۆ دا، لە لایەک سمایل ئاغای سمکۆ بۆ پێکهێنانی یەکێتی و یەکگرتوویی لە نێو کوردان و پێکهێنانی دەستەڵاتی کوردی تێدەکۆشا و لە لایەکی تر مارشیمۆن سەرۆکی ئاسۆرییەکان کە لە لایەن وڵاتانی زلهێز پشتیوانی لێدەکرا، خەریکی کۆ کردنەوەی هیزی چەکدار و پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئەرمەنی بوو.

لەو بارەوە ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ: ... دوای تەواو بوونی شەڕی یەکەمی گەورە ڕوسەکان لە ئێران چونە دەر و چەک و چۆڵێکی زۆریان بۆ ئەرمەنی و ئاسۆرییەکان بە جێهێشت.

"کەسرەوی" بە چاوی دیکە دەڕوانێتە ئەو ڕووداوانە و لەوبارەو دەنووسێ کە مارشیمۆن ویستی لە ئێران حکومەتێکی مەسیحی دابمەزرێنی بەڵام چوونکە ڕادەیان کەم بوو ویستی بەهاوکاری سمکۆ بەو مەبەستە بگا. بۆیە بە هێزێکی زۆر بەرەو سەڵماس وەڕێکەوت. بە بڕوای کەسرەوی مارشیمۆن کەسێکی عاقل و وردبین و لاشەڕ بوو بەڵام دەوروبەرەکەی بەدفەڕ و شەڕئەنگێز بوون و تەنانەت خراپەیان لەگەڵ ئەو کەسانە کرد کە ٢ ساڵ پێشتر پەنایان دابوون و نان و نمەکیان کرد بوون. مارشیمۆن ڕایسپاردە سمکۆ تا چاویان پێک بکەوێ. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەمە "کۆنە شاریان" دیاری کرد. مارشیمۆن سواری کالیسکە بوو و بە ١٤٠ کەس بەرەو شوێنی دیاری کراو وەڕێ کەوت.

سمکۆ پیلانی کوشتنی مارشیمۆنی دارشت. کەسرەوی لە زمانی سمکۆ دەنووسێ کە کەس ئاگادار ئەو پیلانە نەبوو و هەر عەلیاغای برای ئاگادار کردۆەتەوە و دەستەیەک لە چەکدارە ئازاکانی ڕاسپارد ئەگەر ئەو تەقەی کرد ئەوانیش تەقە بکەن. سمکۆ و مارشیمۆن پێکەوە دادەنیشن و مارشیمۆن دەڵێ:

ئەو وڵاتەی کە ناوی کوردستانە وڵاتی هەموومان بوو بەڵام جیاوازی ئایینی ئێمەی لێک دوور خستۆتەوە و بەو ڕۆژەی گەیاندووین. ئێستا دەبێ یەک بگرین و وڵاتەکەمان بە دەست بگرینەوە و پێکەوە بژین. ئێمە هێزمان کۆ کردوتەوە بەڵام هێزی سوارەمان نییە. ئەگەر پێکەوە بین دەست بەسەر تەوریز دادەگرین.

لەوکاتەدا سمکۆ بەڵێنی بە مارشیمۆن دا و دەستی لە نێو دەستی ناو بە ڕووخۆشی بەڕێ کرد. سوارەکانی دیکەی سمکۆ گەیشتنێ و سەربانەکانیان گرت. هاوکات مارشیمۆن خوداحافیزی کرد و بەرەو کالیسکەکەی وەڕێ کەوت و ویستی سوار بێ. لەپشتەوەڕا سمکۆ تەقەی لێکرد و گوللەیەکی لە گازەرای پشتی دا و خستی. هێستا نەمرد بوو عەلیاغا برای سمکۆ گوللەیەکی لێدا و کوشتی. دوایە سوارەکانی شکاک تەقەیان لە هێزەکانی مارشیمۆن کرد و هەموویان کوشت و تەنیا یەک یا دوو کەس نەجاتیان بوو.

دوای ئەو کوشتارە سمکۆ دەیزانی کە ناتوانی لە بەرانبەر بە ئاسۆرییەکان دا بەربەرەکانی بکا، بەرەو سنووری تورکیە پاشەکشەی کرد. ئاسۆرییەکان دەستیان بە قەتڵ عامی خەڵکی شاپوور و ورمێ کرد و ٧٠ هەزار کەسیان کوشت. دوای ماوەیەک بە هاوکاری خەڵکی موسوڵمانی ئازەربایجان، دەوڵەتی تورکیە هێرشی کرد و ئاسۆرییەکانی تێکشکاند و قەتڵی عامی کردن. ئەو بەشەی کە دەرباز ببوون، بە هاوکاری دەوڵەتی ئینگلیس لە هەمەدان گیرسانەوە و دواتر ئینگلیس بردنی بۆ عێراق.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٦١ کتێبی "کورد بوون" دا لەسەر کوشتنی مارشیمۆن هەر بەمشێوەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەدوێ: دەو بەینەیدا جیلۆ ڕەشکە لای ورمێ و ئەو ناوەیان داگیر کردبوو. گەورەکەیان ناوی "مارشیمۆن" بوو. لە پێش دا دەگەڵ کوردان جووت بوون. دوژمنی عەجەمان بوون، بەڵام سمایل ئاغای سمکۆ ئەو برایەتیی تێک دا.

سمایل ئاغا مارشیمۆنی بە میوانی بانگهێشت کرد بۆ "چارییە" و ئەویش بە خۆی و بە چل سوارانەوە لێی میوان بوو. سمکۆ پیاوی لە دەوروبەری قەڵاکە دانا و پێیگوتبوون کە کاتێک من تەقەم کرد ئێوەش دەسرێژی بکەنە سەر سوارەکانی مارشیمۆن و نەهێڵن یەکیان دەرچن. پاش نان خواردن هەڵدەستن دەست لە دەستی یەک دەنێن کە بڵاوەی بکەن، سمکۆ مارشیمۆنی وەبەر دەمانچە دەدات. پیاوەکانیشی "فەلەکان" هەموو دەکوژن. من بیستوومە، خۆم لەوێ نەبووم کە یەک- دوو کەس قوتاریان ببو و باس و خەبەر دەبەنەوە بۆ فەلەکان. ئەوانیش لە کوردان وەخۆ دەکەون و ڕەشەکوژییەکی زۆر لە کوردان دەکەن تا دەگەنە "چارییە" ئەوێش داگیر دەکەن. لە قسان ڕوحمیان بە ژن، منداڵ، پیر و پەککەوتەش نەدەکرد. هەرچی وەبەر دەستیان هاتبا دەیانکوشت. پاش بەینێک عوسمانی و ئێران و لەولاشەوە کورد، جیلوو ڕەشکەیان ڕاو نا. کوشتارێکی زۆریان لێکردن و ڕاویان نان. بەشێک ڕوویان لە عێراق کرد.

جێی ئاماژەیە کە مارشیمۆن لە کاتی خۆی دا کە شێخ عەبدولسەلام بارزانی بۆ تورکیە پاشەکشەی کرد، پەنای دا و زۆری ڕێز لێگرت و بارزانییەکان خۆیان بە منەتباری ئەوان دەزانن. بەڵام دوای کوشتنی مارشیمۆن لە ڕەشمەی ١٢٩٦(فێورییەی ١٩١٨) ئاسۆرییەکان بە دنە دانی هێندێک وڵات هێرشیان کرد ناوچەکانی بارزان و شەمدینان و دەستیان بە کوشتن و تاڵان کردنی خەڵکی ئەو ناوچانە کرد. هۆزەکانی بارزانی و زێباری و هەرکی یەکیان گرت و ئاسۆرییەکانیان تێکشکاند. ئینگلیسیەکان لە ساڵی ١٩١٩ دا دوو تیپی سەربازییان لە ئاسۆرییەکان پێکهێنا و لە ساڵی ١٩٢٣دا ڕادەی ئەو هیزە گەیشتە ٢٥٠٠ کەس بەڵام تواناى بەربەرەکانی کوردانیان نەبوو.

## هەوڵدانی سمکۆ بۆ کوشتنی ڕەزاشا

بە دوای کوشتنی مارشیمۆن سمکۆ هەوڵی دا کە ڕەزاشاش بە دەردی ئەو بەرێ. ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو ودا دەنووسێ:

لە پێش ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی (١٩٢٠ی زایینی) دا کە میرپەنج (رەزاشا) بۆ سەردان دێتە ئازەربایجان و لە "تەورێز" ڕا بە ڕێگای "مەرەند" و "سەڵماس" دا دەیهەوێ بێتە "ورمێ". سمایل ئاغا کاتێک ئەو هەواڵەی پێ دەگا بڕیار دەدا ئەویش بە دەردی مارشیمۆن بەرێ و لە ڕێگا دا بیکوژێ. لە خوارەوەی ڕێگای سەرەکی چادر و چیغ هەڵدەدا و وەک ئەوەی هاتبێ بۆ پێشوازی میرپەنج چاوەڕێی دەکا. کاتێک میرپەنج دەگاتە شوێنی پێشوازی، سمایل ئاغا و لە ئۆتۆمبێلەکەی دادەبەزێ و ئەوانیش کە سوپایەکی زۆر بون لە دو لای ڕێگا دەوەستن، میرپەنج بە ناویان دا دێ تا دەگاتە سمایل ئاغا. کاتێک دەگاتە لای، دەست لە دەستی دەنێ و بە گەرمی سڵاو لە سمایل ئاغا دەکا و هەواڵی دەپرسێ. سمایل ئاغا دەعەبەسێ و ئەو بڕیارەی کە داویتی لە بیری دەچێتەوە. تا کاتێک میرپەنج بە سواری ئۆتۆمبێل لە بەر چاوان ون نابێ سمایل ئاغا وەخۆ نایەتەوە. ئەوکات دەڵێ بەداخەوە من بۆ کوشتنی ئەو هاتبوم کە چی لە دەستم دەرچو. هەر بۆیە دڵنیام ڕۆژێک دادێ ئەو دەتوانێ ئەمن بکوژێ.

هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداوە دا، هاشم سەلیمی لە لاپەڕەی ٣٨٦ کتێبی پەنجەمۆر دا، باس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیمانەی موحسینی شافعی لەگەڵ بزورگ ئەمیری ئیبراهیمی ئەفسەری کوردی ڕێژیمی ئێران، لەسەردەمی ڕەزاشا دا دەکا و کە چۆن ڕەزا شا لە مەترسی کوشتن بە دەست سمکۆ رزگاری بووە و دەڵێ، ساڵی ١٣٠٩ ڕەزا شا دچتە ورمێ. عەبدوڵاخانی تەهماسبی پارێزگاری ورمێ پێیدەڵێ کە وڵات ئەمن و ئەمانە و ئەوان بە سەیارە بەرەو ناوچەی چەهریق وەڕێدەکەون. لە ڕێگەدا لە کەمینی سمکۆ و چەکدارەکانی دەکەون. ڕەزاشا دەترسێ و دەڵی ئەویە ئەمنییەت؟ تەهماسبی خێرا دادەبەزێ و سمکۆ لە باوەش دەگرێ و ماچی دەکا. سمکۆ گێڕابوویەوە: کە لەوکاتە دا موحیبەتی تەهماسبی کەوتە دڵم و چەکی کردم.

ڕەزاشا لە سیارە دانابەزێ و ڕوو لە سمایل ئاغا دەکا و دەڵێ: سمایل وەرە ورمێ پێکەوە قسە دەکەین.

دواتر سمایل ئاغا گوتبووی: ئەوەندە چاوەکانی بە سام و نێوچاوانی گرژ و تاڵ بووکە بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا ترسام.

ڕەنگە هەر ئەو چاوپێکەوتنە بێ کە مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا، جورێکی دیکە دەگێڕدرێتەوە و دەنووسێ، کاتێک لە بەرەی سەلماس، سەرداری سپا ( رەزاخانی میرپەنج) لەگەڵ ڕووحانی بۆ وتووێژ چوونە ئۆردووی سمکۆ، شەو لە چادرێکی لە نیزیک ئەو مانەوە و بەیانی بە سڵامەت گەیشتەوە تەورێز. دەگوترێ کە ئەو شەوە ڕەزاخان لە ترسان هەر نەنووست و رووحانیش بۆ ئەوەی سمکۆی سەرقاڵ بکا، تا بەیانی قوماری پەڕانی لەگەڵ کرد بوو.

بە دوای ئەو ڕووداوانەدا ڕەزاشا هەستی بە مەترسی گەورە کرد و هەوڵی دا بە هەر شێوەیەکی بێ سمکۆ لەبەین بەری. ئەو هەوڵی دا تا عەشایری کورد بە دژی سمکۆ ڕەوانەی شەڕ بکا. بۆ ئەو مەبەستە دەوڵەت هێزی عەشایری لە مەڵبەندی موکوریان کۆ کردەوە تا هێرش بۆ سەر سمکۆ بەرن بەڵام کێشەیان لێساز بوو. ڕەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا ئاماژە بە کێشەو و هەڵای نێوان عەشایری دەوروبەری مەهاباد دەکا کە بە دژی سمکۆ تەیار کرابوون و دەنووسێ:

لە ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی (١٩٢٠ی زایینی) کاتێک ڕەزاشا سەرکردەی گشتی سوپای ئێران بوو، بۆ لە نێوبردنی سمایل ئاغای سمکۆ (شکاک) سوپایەکی گەورە دێنێتە ئەو ناوچەیە و هەروەها داوا لە عێل و عەشیرەتەکانی ناوچە دەکا لەو شەڕە دا یارمەتی بدەن. ئەوکات عەشیرەت و عێلە بە ناوبانگەکانی ناوچە وەک دێبۆکری، مەنگوڕ، مامەش، گەورک و ... چەکدار ئامادە دەکەن و هەروەها لە شارەکانیش دە سەر بنەماڵە گەورەکان دەکەن کە هەر کامیان چەند کەس بنێرن. بەو هۆیە لە بنەماڵی قازیش چەند کەس بەشداری دەکەن.

ئەو سوپایە لە گوندی مەحمەشە کە لە نێوان مەهاباد و نەغەدە هەڵکەوتووە بۆ وچان دان دەوەستن. کاتی نیوەڕۆ لە سەر ئاوردو بۆ چا لێ نان لە نێوان مەنگوڕ و دێبۆکری دا شەڕ ساز دەبێ و شەڕەکە پەرە دەستێنێ و کار دەگاتە تەقە کردن. لەو شەڕە دا چەند کەس لە ئاغا مەنگوڕەکان دەکوژرێن کە یەکیان سڵەمانی بایز ئاغا دەبێ و لەو لاشەوە، ئاغا فەتاح خاوەنی دارەلەک دەکوژرێ و عەلی ئاغا حاجی ئێلخانی (عەلیار) چاوێکی لە دەست دەدا.

رەحمانی قازی لە درێژەدا دەڵێ کە سالاری میرزا فەتاحی قازی پشتگیری لە دێبوکریان کرد و دەنووسێ: ... ئاغای سالار لەوێ نەبا و دە فریای عەلی ئاغا و عەشیرەتی دێبۆکری نەهاتبا و فیشەکی نەگەیاندبا عەلی ئاغا، مەنگوڕ بە سەر عەشیرەتی دێبۆکری دا زاڵ دەبون و زەبرێکی گەورەیان لێ دەدان. ئەو بابەتە هیچ کات لەبیر عەوڵای بایز ئاغا و بنەماڵەی شەمێ نەدەچۆوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحمانی قازی لە درێژەدا دەنووسێ: بەرهەمی ئەو شەڕە لێک بڵاوبونی سوپای عەشیرەکان لە دژی سمایل ئاغا دەبێ...

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٨٠ کتێبی "کورد بوون" باسی شەڕی مەحمەشە دەکا و دەنووسێ: بۆ ڕۆژی داهاتوو تەماشامان کرد لەشکرێک کە یەکجار زۆر بوون بە بەر ڕێگاکەی دەم باغەکەدا تێپەڕین. هەمووی هەر کورد بوون. لە مەنگوڕ ڕا بگرە تا دێبۆکری، عەشایر دەڕۆییشتن بۆ سەر سمکۆ. چەند نەفەر ئەفسەری ئێرانییان دەگەڵ بوو. ئەو عەشایرانەیان دەبرد بۆ سەر سمکۆ. بۆ لای نیوەڕۆیە لە "مەحمەشە"ی لادەدەن و بار دەخەن بۆ حەسانەوە. ئەوەندەمان زانی بووە بە تەق و هووڕ.

پاشان بیستمانەوە کە لەسەر لقەدارێک دوو نۆکەر لێیان دەبێتە شەڕ و یەکیان دەکوژرێت. ئەوجار ئەوانەی تر پێوەردەبن. لەو شەڕەدا چەند ئاغای مەنگور و دێبۆکری دەکوژرێن. نۆکەر هەر باسیان ناکرێ کە زۆریان لێ دەکوژرێ. چاوی «عەلی ئاغای حاجی ئیلخانی» دەو شەڕەدا کوێر بوو. ئێتر لەشکر بۆی نەکرا بچێتە شەڕی سمکۆی و هەمووی بڵاوەی کرد. هەر ئەو ڕۆژە لەشکر گەڕایەوە شار دیتمان چەند کەلاک لەسەر بارگین دابەستراون. چەکداری مەنگوڕ بەو لایدا ڕۆیون و دێبۆکرییەکانیش بە شوێنەی پێشوویان دا گەڕانەوە.

مورتەزا ڕەزەی لە درێژەی شەڕەکانی سمکۆ دا، لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسی، سمکۆ لە ڕۆژی ٢٥ شەعبانی ١٣٣٧ بە ٦٠ چەکدار، هێرشی کردە سەر ماڵە زیائودەولە، حاکمی ورمێ و بەشێک لە ماڵەکەی گرت. حاکم دەستی کردەوە و خەڵک بە فریای کەوتن و هێزەکانی سمکۆ پاشەکشەیان کرد.

خەڵکی ورمێ دوکتور "پاکارد"ی ئەمریکاییان بە ماکەی سەرەکی ئەو ئاژاوانە دەزانی، بۆیە دوو ڕۆژ دواتر، لە ٢٧ شەعبان ١٣٣٧ هێرشیان کردە سەر قەڵای

ساحەبلار و چەند کەس لە پیاوەکانیان کوشت. دوایە هێندێک ڕدێن سپی بەڕیوانیان کرد. دوکتور بە ڕێگای سلدوز چوو بۆ تەورێز و دوایەش بە ڕێگای سەڵماس دا گەڕاوە بۆ چەهریق.

کومیتەی شەڕ لە ورمێ پێکهات و سمکو دیسان پەلاماری هێنا. بۆ ئەوەی هیزی یارمەتی دەر لە تەورێز ڕا نەیە، لە ژێر فەرماندەری تاهیرخان، کوڕی سمکۆ، بەندەری گوڵمانخانە گیرا و تاڵان کرا.

شەڕ لە گوندکان دەستی پێکرد و سمکۆ بەرەو ورمێ نەچوو و ڕووی لە سەڵماس کرد. ٩ گوندی لکستانی بە توندی دەستیان کردەوە. بەڵام لە بەرانبەر سمکۆ خۆیان بۆ ڕانەگیرا شکستیان خوارد. ئاوایەکانیان تاڵان کرا و دوایەش شاری سەڵماس گیرا.

هیزەکانی دەوڵەت لە تەورێز ڕا هێرشیان کرد و هێزەکانی سمکۆ لە چەند شەڕ دا شکان و بە قونەشەڕ گەڕانەوە بۆ چەهریق.

سمکۆ لەوێ ڕا تێلگڕافی بۆ عەینودەولە حاکمی نوێی ئازەربایجان کرد کە لە زەنجان نیشتەجێ بوو و وەفاداری خۆی پێیڕاگەیاند و سمکۆ بەو بڕیارانەی خوارەوە عەفوو کرا. ئەحمەد ئاغا وەک بارمتە بنێردرێتە تەورێز. چەکەکان بدرێنەوە بە دەوڵەت. سمکۆ دەست لە کاروباری سەڵماس و ورمێ وەرنەدا. سمکۆ ڕاکردووەکانی دەوڵەتی کەماڵ پاشا، لە خۆی دوورکاتەوە. شتومەکی تاڵانکراوی لکستانییەکان بگێڕێتەوە و خوێنباییان بداتێ. خەرج و تێچووی لەشکرکێشی دەوڵەت بدا.

زۆربەی ئەو مەرجانە جێبەجێ نەکران و لێی خۆش بوون. چوونکە سمکۆ پارەی نەبوو و کەرەسەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاڵانی لکستانییەکان نەمابوون، سنوورنشین بوو و نەدەکرا بێ چەک بێ. بۆیە بارمتە بوونی ئەحمەدئاغا هەر لە بیر کرا.

سمکۆ لە زستانی ساڵی ١٣٣٨ مانگی تا کۆتایی پاییزی ١٣٣٩ خەریکی خۆ تەیارکردن بوو. عەشایری لە خۆ کۆ کردەوە و وردە وردە، کورد لە ورمێ بە هێز بوون. کاپیتان کرد، کۆنسولی ئینگلیس بە ئاگاداری سەردار فاتح، حاکمێ ورمێ، لە چەهریق سەردانی سمکۆی کرد و حاکم نازناوی سەردار نووسرەتی پێبەخشی.

دواتر موخبرولسەلتەنە بە فەرماندەری ئەمیر ئەڕشەد، هیزێکی ٢٠٠٠ کەسی لە تەورێز ڕا ناردە ورمێ. لە ٢٨ سەرماوەز ١٣٠٠ لە دۆڵی قانلی(خوێناوی) لە نێوان خۆی و سەڵماس شەڕ لەگەڵ سمکۆ دەستی پێکرد. سەرەتا هێزەکانی کورد شکان. بەڵام چوونکە ئەمیر ئەرشەد لە سەر تەپۆڵکێک کوژرا، هێزەکانی دەوڵەت هەڵاتن.

پێشتر موخبرە لسەلتەنە، بە فەرماندەری مەلیک زادە، هێزێکی ٢٥٠ کەسی ژاندارم، ناردبووە بەندەری گوڵمانخانە. بەڵام کوردەکان ئەوێیان گرت بوو. بۆیە مەلیکزادە لە ڕێی بەندەری دانالوو دەچێ بۆ ساوجبلاغ و لەوێ جێگیر دەبێ.

مورتەزا ڕەزەوی لە درێژەدا لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسێ، موخبرولسەلتەنە، میرزا ڕبیعی کەبیری کە خەڵکی مەراغە بوو نادرە بەرەی سڵدوز کە ئەوکات لە ژێر دەستی کوردان دابوو. کەبیری لە قەڵایەکی بچووکی مەحەمەدیار جێگیر بوو و بە درۆ تەورێزی ئاگادار کردەوە کە خوسرەوخانی قەرەپەپاغ تەسلیمی سمکۆ بووە. دەوڵەت بە فەوری خوسرەوخانی بۆ تەورێز بانگ کرد.

دوایە کوردەکان سوڵدوزیان گرت و دەستەیەک هێرش کردە سەرکەبیری بەڵام شکان. کەبیری لە ترسی هێرشی دووبارەی کوردان، هەڵات بۆ مەراغە. بەر لەوەیَ هێزەکانی سمکۆ بگەنێ، عەشیرەتی مامەش کە لەگەڵ سمکۆ بوون، هێرشیان کردە سەر ئاواییەکانی ڕۆژئاوای سڵدوز و قەتڵیعامیان کردن. قەرەپەپاغ، لە ڕۆژی چوارشەممە سووری ساڵی ١٢٩٩ هەتاوی، لە سەرمای سەخت و دژوار دا، بە تێکڕا ماڵیان بەجێهێشت و بەرەو پێدەشتەکانی مياندواو ڕایان کرد و لە شارەکانی مەراغە و بناو و زەنجان جێگیر بوون. ژیانیان سەخت بوو و لەو هەڵاتنە دا، زۆر پیر و پەکەوتە و ژنی منداڵەبەر و کەنفت گیانیان لە دەست دا.

دەگێڕنەوە کە حەیدر نێوێک، لە داوێنی کێوی بەهراملوو، لە قەراغ چۆمی گادەر، هەر کە چاوی بەو دێمەنە سامناکە دەکەوی، لە غەمی لە دەست دانی سڵدوز بە دەنگێکی بە سۆز، گۆڕانێک دەچڕێ کە نیشان لە بەدبەختی و ماڵوێرانی قەرەپەپاغان دەکا.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا بە نەقڵ لە مەشەدی حوسێنی بارگران، کە خەڵکی گوندی ڕادانەی نەغەدە بوو، داستانێک لەسەر زەبروزەنگی سمکۆ دەگێڕێتەوە. مەشەدی دوو مانگ بەر لە هەڵاتنی قەرەپەپاغان، لە مانگی بەفرانباری ساڵ ١٢٩٩ دەچێتە تاران و وەک داشقەچی لە لای پیاوێکی دەوڵەمەند دادەمەزرێ و دەڵێ: لە کۆدەتای سێی بەفرانبار دا، من و ئاغاکەم لە ماڵێ خۆمان شاردبۆوە. دەنگی تەقە دەهات کە زۆر لە ئێمە نیزیک بوو. ئەمن بە ئاغاکەمم گوت: دەمزانی ئەو زۆڵە دێ و تارانیش دەگرێ. کەس باشاری ناکا و ڕێی پێناگیرێ. ئاغا ئەمن ئەوی چاک دەناسم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغا گوتی: ئەتۆ کێی و ئەوت لە کوێ دیوە؟ ئەتۆ خەڵکی ئازەربایجانی.
گوتم: دەتهەوێ خەڵکی تارانێ بم و ئەوم دیبێ، گوندەکانی ئەو لە نیزیک ئاوایی ئێمەیە.
ئاغا گوتی: ئەو ناپیاوە هاتووە لەوێش موڵکی کڕیوە؟
گوتم: نا نا بۆخۆی خەڵکی ئەوێیە.
ئاغا گوتی: هەتیوە، کێ؟ مەبەستت لە کێیە؟
گوتم: سمایلاغای دەڵێم، زۆر سەرەڕۆیە.
ئاغا گوتی: کوڕە سمایلاغا کێیە؟ ئەو قۆڕیاتانە چێ کە دەیانڵێی؟ ئەوە ڕەزاخانە.
گوتم: ئەها! کە وایە ئاغا ئێمە سەرکوت دەکا و ئێوەش خان. تازە حاڵی بووم.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسێ، کە مەشەدی حوسێنی بارگران بەڕاستی وای بیر دەکردەوە کە سمکۆ هاتۆتە تاران و دەیهەوێ رزگاری کا.

وەک گوترا کورد گوڵمانخانەیان گرت بوو و مەلیکزادە نەیتوانی بچی بۆ ورمی. بە ناچار چوو بۆ مەهاباد. لە تەورێز ڕا ٢٥٠ ژاندارمی دیکەشیان بۆ نارد. مەلیکزادە ویستی بە هانای سڵدوز بچێ بەلام نەیتوانی لە کێوی بەهراملوو ڕا زیاتر بچتە پێش. چوونکە لە بەشی سەرووی دەریاچەی ورمێ، هێزەکانی دەوڵەت، واتا سەر لەشکر موقدەم و زەفەرودوڵە، لە هێزەکانی سمکۆ شکستیان خوارد بوو. دیارە مەلیکزادە گوتبووی کە لە کێوەکانی شیرین بڵاغ لەگەڵ هێزی سەید تەها کوڕی شێخ عوبەیدوڵا، بەشەڕ هاتووە و شکستی داون و دوایە گەڕاوەتەوە بۆ سابڵاغ. بەڵام مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسێ ئەو قسانە نابێ ڕاست بن و ئەو نەیتوانیوە بە حەیدەرئاباد دا تێپەڕێ، چوونکە کورد ئەوێیان گرت بوو.

## هێرشی سمکۆ بۆ سەر شاری مەهاباد

ئەوکات یەکێک لە ناوەندە گەورەکانی سەربازی دەوڵەتی ئێران، لە شاری مەهاباد هەڵکەوت بوو. جمووجۆڵ و سەربزێوی عەشایر لەو دەوەرە تێکشکا بوو و زۆریان لە ژێر ئەمری دەوڵەت دابوون. لە پائیزی ساڵی ١٣٠٠ هەتاوی دا سمایل ئاغای سمکۆ بۆ لەبەین بردنی هێزی ڕێژیم، هێرشی کردە سەر مەهاباد. سەرلەشکەر مزەفەری لە لاپەرەی ١٢ی ئیتلاعات لە ژێر سەردێڕی "فتنەی سمیتقو از آغاز تا پایان" باسی وردەکارییەکانی شەڕو و کارەکانی سمکۆ دەکا و دەنووسێ کە موخبرولسەلتەنەی هدایەت کە حاکمی ئازەربایجان بوو بە دوای تێکشکانی هەڵای شێخ محەممەدی خەیابانی ویستی هێرش بکاتە سەر هێزەکانی سمکۆ.

لە لایەکی دیکە لە سەر داوای مەلیک زادە فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە مەهاباد، دوو هێز لە تاران و تەورێز بۆ پشتیوانی لەو بۆ مەهاباد بەڕێ کران. سمکۆ بە داڕشتنی بەرنامەیەکی تۆکمە لە نەکاو هێرشی کردە سەر ئەو هێزانە و هەر دووک هێزی تێکشکاند. موخبرولسەلتەنە بە تێلگراف مەلیک زادەی ئاگادار کردە کە کەمتەرخەمی کراوە و دەبێ بۆخۆی پارێزگاری لە خۆی بکا.

لەوکاتەدا سمکۆ هێزێکی کەمی لە شیمالی گۆلی ورمێ هێشتەوە بە پەلە هێرشی کردە سەر مەهاباد و هێزی مەلیک زادەی لە گەمارۆ هاویشت و زەبری قورسی لێوەشاند. مەلیک زادە کە هێزەکەی خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناو نابوو هۆردووی پۆلایین، نەیدەزانی کە سمکۆ هێرشی کردوتە سەری و ئەو هەر پێیوابوو سەید تەها پەلاماری بۆ هێنابوو. بۆیە بەمشێویە نامەیەکی بۆ سەید تەها نووسێ: ئاغای سەید تەها تا ئاخری فیشەک پارێزگاریم لە شار کرد. شەڕم بە دەستەوە نەهات. ئەگەر بە من و سەربازەکانم بێ ڕێزی نەکرێ، تەسلیم دەبم.

مەلیک زادە لە کاتێک دا ئەو نامەیەی نووسی، کە لە هوردووی پۆلایین، تەنیا چەند ئەفسەرو سەربازی مابوونەوە. سمایل ئاغا لەگەڵ ئەو داوایە موافقەتی کرد و دەرگای سەربازخانە کراوە و سەرباز و ئەفسەر ڕووت کرانەوە و خێرا ڕەپێچەک دران. ئەوکات مەلیک زادە زانی کە لەگەڵ سمکۆ تەڕەف بووە.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوودا لەسەر هێرشی سمکۆ بۆ سەر مەهاباد دەنووسێ:

لە پاییزی ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی (١٩٢١ی زایینی) سمایل ئاغا لەگەڵ ٢٠٠٠ سواری شکاک دێتە مەهاباد و لەگەڵ حاکمی ئەو کاتی مەهاباد بە ناوی مەلیک زادە بە شەڕ دێن. مەلیک زادە و ژاندارم و سەربازەکانی خۆ ڕادەست ناکەن. سمایل ئاغا سەید تەها دەنێرێتە لای قازی مونعم (باپیرم) و دەڵێ بچێتە لای مەلیک زادە و بەڵێنی بداتێ گەر خۆ ڕادەست بکا کارم پێی نییە و بە ڕێز و حورمەت دەینێرمەوە شاری خۆی. قازی مونعم ئەو کارە دەکا. کاتێک مەلیک زادە خۆ ڕادەست دەکا و دەیبەنە لای سمایل ئاغا لە تەپەی مەحمودکان لە سەر بەردێکی گەورە دانیشتوە و چاوی لە مەهاباد بڕیوە. زۆر ڕێزی مەلیک زادە دەگرێ و لە لای خۆی فەرموی دەدا. بەڵام ئەو چوارسەد ژاندارم و سەربازەی کە خۆیان ڕادەست کردووە لە بەر چاوی مەلیک زادە تیرەباران دەکەن.

سەرلەشکر موزەفەری لە لاپەرەی ١٢ و ١٣ی ئیتلاعات لە ژێر سەردێری "فتنەی سمیتقو از آغاز تا پایان" دەگێڕێتەوە کە لە هێرشی سمکۆ بۆ مەهاباد هێندیک لە ماڵەکان هاوکاری سمکۆیان کردووە و دەڵێ کە مەلیک زادە ئەزموونی شەڕێ نەبوو و دەست و پێی خۆی ون کرد بوو. سەرلەشکەر مزەفەری دەڵێ کە لەو شەڕەدا ئەو و ٤ کەسی دیکە نەجاتیان بووە و ئەو لە نێو برینداران دا خۆی مراندووە و تا شەوی خۆی حەشار داوە. شەو وەدەر کەوتووە بەڵام شکاک گرتیان. بەڵام چوونکە بە قسەی خۆی پولیس بوو و خەڵکی ئازار نەداوە و پارێزەری ماڵ و گیانی خەڵک بووە بەخشیویانە.

دیارە دەگوترێ کە سمایل ئاغای سمکۆ لە مەلیک زادەی پرسێوە کە: پێتوانیە کە ئەو مانۆڕەی من بۆ لە ناو بردنی پادگانی مەهاباد دام، یەکێک لە شاکارەکانی شەڕ بوو کە نادرشاش نەیتوانی بیکا؟

هەر لەو شەڕەدا سمایل ئاغا ویستی خزمەتکاری مەلیک زادەش بکوژێ، بەڵام خزمەتکارەکە دەست و پێی خۆی ون کردوە و گوتی "زێندەباد سمکۆ" (پاشاسین سمکۆ) و سمکۆش بەخشی.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا بە بێ بەڵگەی، باسی ئازایەتی مەلیکزادە لەبەرانبەر بە سمکۆ دا دەکا و دەنووسی کە لە هێرشی سمکۆ بۆ سابڵاغ دا، ملیکزادە و جێگرەکەی (هاشم خان ئەمین) و ٣٠٠ کەس لە ژاندارمەکان، ئەسیر کران و باقیش یان کوژران یان هەڵاتن. هاشم خان ئەمین لە بری دانی خوێنبایی کوردێک، ئازاد کرا و ملیکزادەشیان بردە لای سمکۆ و ئەو لێی پرسی: لێرە چ دەکەی؟ بۆ هاتوویە سابڵاغێ؟

- هاتووم ئەتۆ بکوژم، یاغییەکان تەنبێ بکەم.
- دەبینی وانەبوو و ئەو پیاوە نەبووی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– شانس بە تۆ بوو. لە شەڕ دا ئەوانە ئاسایین.
– بە ئازایەتێکەتت دەبەخشم. خۆشم لێت هات.
- نیازم نییە بمبەخشی، چوونکە نە هێزێکی یاسایی و نە یاساش دەزانی، هەر بۆیەش یاسای ئەسیری شەڕت وەبەرچاو نەگرت. ئەمن ئامادەم تا بمکوژی هەروەک ژاندارمەکانی منت کوشت.
- پیاوێکی ئازای.
- پێویستم بە پێهەڵاکوتنی تۆ نییە.
- هەستە بڕۆ و بەو حاکمە (موخبرەلسەلتەنەی هدایەت) نالایق و دڵ ڕەقەتان بڵێ، شەرم بکا بە پیری سەری کوڕی خەڵک بە کوشت نەدا.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٨٥ کتێبی "کورد بوون" باسی هێرشی سمکۆ بۆ سەر مەهاباد دەکا و دەنووسێ: بەیانی زوو بە تەق و تۆقی سمایل ئاغای سمکۆ ڕاست بوومەوە. سمکۆ بەسەر سابڵاغێی دادا و بۆ تاوهەڵاتێ تەواوی شاری گرت. لەشکرێکی زۆری سەربازی ئێران لە شار بوون. ئەو زەمان سەربازخانە نەبوو، هەموو دە نێو شاریدا بوون. فەرماندەکەیان نێوی مەلیکزادە (ملکزاده) بوو. مزڵی لە گەڕەکی جوولەکان بوو. سەربازاکانیش جێگایان بۆ لە مزگەوتان کردبوونەوە. بەشی هەرە زۆری لە مزگەوتی سوور بوون. جا شار بە فەرماندە و بە سەربازەوە هەمووی گیرا. لە "مەحموودکان"ی خۆم لە تەماشایە بووم کە هەموو سەربازەکانیان خڕ کردبۆوە و بە ڕەشاشان هەموویان کوشتن. نەفەرێک لە نێو کەلاکەکاندا ڕای کرد. سمایل ئاغا دەستوری دا کە تەقەی لێمەکەن. زۆری نەمابوو لە لێوی خەزایی ئاوا بێ و قوتاری ببێت کە سمایل ئاغا تفەنگی لە پیاوێکی خۆی وەرگرت و لەو دوورەوە ڕا تەقەی لێکرد و گەوزاندی. لەو ئەفسەرانەی لەبەر پێی دانیشتبوون، لە یەکیانی پرسی:
-هەراڵی سن؟ (خەڵکی کوێی؟)
- مرندی. (مرند)
- کوێرەبید، کوێرە. سەنیندی (بڕوانن، ئێستا دەیبینی، کەوت)

ئێمە منداڵەکان ڕۆییشتین و نەمانزانی "کوێرە سەنیندی" (بڕوانن، ئێستا دەیبینی) چی بەسەر هات؟

مەلیکزادە و چەند نەفەر لە ئەفسەرەکانی لای سمکۆ دانیشتبوون. خۆی لە بەردێک و ئەفسەرەکانیش لە خوار بەردەکە و لەبەر پێی سمکۆ دانیشتبوون. هاوکات شکاک بە شارێوە وەربوون و شاریان گەسک لێدا و تاڵانیان کرد. هەرکەسێکیان لە ناو شار گیر کەوتبا کۆڵە وێنجەیان لە کۆڵ قایم دەکردن یەکسەر بۆ مەحموودکانی بۆ وڵاغەکانیان. بە چاوی خۆم دیم کە سەرداری بۆکان دەگەڵ چەند حاجی (عمیان شا) کۆڵە وینجە و گیایان لێ بار کردبوون. ئارەقەیان لە ڕووخساری دەهاتە خوار. ماندوو و هیلاک ببوون. جا حاجییەکان چەند جوان بوون کەشیدەیان بە سەرەوە، کۆڵەوێنجەیان بە کۆڵەوە، گوێلاکیان پیس و قووڕاوی، ئارەقەیان تکتک بە تەوێڵیاندا دەهاتە خوارێ، وەختەبوو سۆیان بچێت بۆ چۆڕە ئاوێک، کەس نەبوو بیانداتێ.

بۆخۆم لە مەحموودکانێ بووم کە "برایمە گۆج" هاتە لای سمکۆی و شکایەتی کرد و گوتی تاڵان کراوم. جا برایمە گۆج زۆر "شایرێکی" چاک بوو، هاتە پێش سمکۆ و پێیهەڵگوت، سمکۆ ئەمری کرد چی چووە بیدەنەوە. بە برایمە گۆجی گوت کە: ئێوە لەشکرتان کردبوو کە بێنە سەر کوردان و تفەنگان بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شکاکانەوە بنێن، ئێوە کورد نینە.
جا دەو شەڕەشدا کوڕێکی ڕەفێقم هەبوو کە تفەنگ دز و فیشەک دز بوو، ناوی "سەلیم جەوهەری" بوو، کاتێک لە گەرمەی تەقەکەدا سەربازێک دەکوژرێ، دەیهەوێ بچێت تفەنگەکەی هەڵگرێتەوە، نازانم لەکوێ ڕا فیشەکێکی پێوە دەنێن و ئەویش دەکوژرێت.
ئاخری نەمزانی کە سمکۆ چی لە مەلیکزادە و ئەفسەرەکان کرد ،بەڵام پاش ئەوەی بۆخۆی شاری بەجێهێشت کەسێکی بە نیوی "شێخ عەبدوڵڵا" کرد بە حاکمی ساباڵغ. لەشکرەکەی هەڵگرت و ڕۆیی بۆ لای سەقز و هەوشار و تیلەکۆیە.
منیش لەو بەینەدا دەستم کرد بە فرۆشتنی "هەڵوای دۆیمە". شەوانەش بۆ نووستن دەچووومە بۆ قاوەخانەی "قادر سێڵە". پاش ماوەیەک "شێخ عەبدوڵڵا" ڕۆیی و لەجیاتانی کەسێک بە ناوی "حاجی سەمەد خان" بوو بە حاکمی ساباڵغ. حاجی "سەمەد خان" کابرایەکی ڕدێن سپی، ڕیش پان و دینداریکی ویشک بوو. لە مانگی ڕەمەزاندا هەر کەسێک ڕۆژووی خواردبایە باسی سەر بوو و خەڵکی بە توندی جەزا دەدا.
هەر لەو سەردەمەدا ئێران و تورکییە هێرشیان بۆ سەر سمکۆ کرد و سمکۆ هێزەکانی گەڕاندەوە بۆ دواوە. فەرماندەی هێزەکانی ئێران خاڵە قوربانی بوو کە پێشتر لەگەڵ جوڵانەوەی "جەنگەڵ" بە ڕێبەری "کووچک خان" کەوت بوو. ئەو دوایە بایداوە و لەگەڵ دەوڵەت کەوت و بە لەشکرێک هاتە مەهاباد. بەڵام هێزی عەشایری ناوچە هێرشیانکردە سەری و لە ئیندرقاشی کوژرا. دەگوتری کە خاڵە قوربانی بە فیتی ڕەزا شا ناردا بۆ مەهاباد تا بەدەستی کورد بە کوشت بچێ.
مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسێ کە خالۆقوربانی پیاوی عوسمانی و ئاڵمانییەکان بوو و لە ناوچەی کرماشان و کوردستان بە قازانجی ئەوان کاری دەکرد و لەگەڵ ڕووسان بەشەڕ هات. دوای بەهێز بوونی ڕووس و ئینگلیس، لە جێگایەک دەگەڕا کە بە خۆی و بەو چەکوچۆڵەو دوو تۆپەی کە لە ڕووسانی گرت بوو، خۆ حەشار دا. ئەو چوو بۆ گیلان و پەنای بۆ میرزا کوچک خان برد. کوچك خان چوو بۆ خەڵخاڵ تا داوای یارمەتی لە عەزەمەت خانمی پولادلوو بکا. بەڵام لە سەرما و بەفر دا گیری کرد و ڕەق هەڵات. خاڵە قوربانی سەری برێ و چووە بۆ لای ڕەزاخان. ڕەزاخان ناردی بۆ لای سەرتیپ شیبانی فرماندە لشکری باکووری ڕۆژئاوا، تا بینێرێ بۆ شەڕی سمایل ئاغای سمکۆ. شەیبانی هێزێکی لە شاسۆنەکان لە ئیختیار نا و خاڵە قوربانی بە ٤٠٠٠ کەسەوە بەرەو ساباڵغ وەڕێکەوت.
ئەوکات مانگی ڕەمەزانی١٣٤٠ بوو و ١٤ مانگ بەسەر ئاوارە بوونی قەرەپەپاغان دا تێدەپەڕی. لە هێزەکانی قەرەپەپاغیش ٣٠٠ کەس تێکەڵ بە لەشکری خاڵە قوربانی بوون.
دوای گرتنی مەلیکزادە، سەید تەها ببوو بە حاکمی مەهاباد. ئەو بە مەبەستی گرتنی شاهین دژ، لەشکرێکی لە عشایری شنۆ و مامش و پیران و منگور پێکهێنا و لە ٢٥ کیلۆمیتری ئەوێ جێگیر بوو.
خاڵە قوربانی ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و بەرەو ساباڵغ چوو و بەشێک لە هێزەکانی لە ئیندرقاش جێگیر کرد. سەید تەها بە خێرا ئاگادار کراوە و ئەو ڕۆژی ٢٩ ڕەمەزان خۆی گەیاندەوە نیزیک ساباڵغ و ڕۆژی دوایی شەڕ دەستی پێکرد. خاڵە قوربانی لەگەڵ دوو کەس لە پیاوەکانی لەسەر تەپۆڵکێک ڕا شەڕەکەی فەرماندەری دەکرد کە گوللەیەک وە سینگی کەوت و لەسەر ئەسپی هەڵداشترا. هێزەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵاتن و تۆپ و قورخانەکەیان لە پاش بەجێما. مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسێ کە ئەوکات قەرەپەپاغەکان ئەوەندە ئۆمێدیان بە خاڵە قوربانی هەبوو کە هەر منداڵێکی دەیانبوو، نێوێ "قوربان" یان لەسەر دادەنا.

دوای بە دەستەڵات گەیشتنی ڕەزا شا، لەشکری سمکۆ لە کزێی دا و عەشیرەت دەوروبەریان چۆڵ کرد و سمکۆ ئیمکاناتی ئەوتۆی نەما. ڕەزاخان لە مانگی گەلاوێژی ١٣٠١ هەتاوی بە ڕێگای خۆی و سەڵماس دا هێرشی بۆ سەر قەڵای چەهریق کرد. سمکۆ هەر ٢٤ سەعات بەربەرەکانی کرد و بە خۆی و بنەماڵە و بەشێک لە هێزەکانی، ئاودیوی سنوور بوون. تورکیە ڕێگای لێگرتن و محەممەدئاغای برای و جەواهێرخانمی ژنی و کوڕێکی، بە هۆی سەربازانی تورک کوژران.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٩١ کتێبی "کورد بوون" باسی خاڵە قوربانی دەکا و دەنووسێ: دەو سەر و بەندەیدا ئێران و عوسمانی سمکۆیان ڕاو ناوە. لەشکری شکاک و هەرکی چوونەوە بۆ وڵاتی خۆیان. "خاڵۆ قوربان" بە خۆی و لەشکرەکەیەوە هاتن بۆ سابڵاغ. حکومەتی ئێران خاڵۆ قوربانی ناردبوو وڵاتی بۆ ئەمین بکاتەوە و لەولاشەوە عەشیرەتەکانی هان دابوو تا خاڵۆ قوربان و لەشکرەکەی لەناو بەرن. ئەو ڕۆژەی لەشکرەکەی خاڵۆ قوربان هاتە ناو شار، ئەویان دەگەڵ نەبوو. خاڵۆ قوربان بە خۆی و چەند کەسێکی لە ئیندرقاش بوون. بۆ بەیانی زوو لەشکری مەنگوڕ، مامەش و دێبۆکرییان بەسەریان دادان. لەو لەشکرە زۆرە تەنیا چەند کەسێک بۆی دەرچوو. خاڵۆ قوربان و دوو برازاکەی لەبەر ماڵی ئیدرقاشی کەلاکیان کەوتبوو و دوو ڕەشاشی گەورەیان لە تەنیشت کەلاکەکان کەوتبوون. من کە بۆ ئەوەی بژیم، دەگەڵ عالەمێ بۆ تاڵانی ئەو لەشکرە تا ئیندرقاشی دویان کەوتم. ئەو شتانەم بە چاوی خۆم دیت، بەڵام چیم دەست نەکەوت.

بە دوای کوژرانی چەکدارەکانی ڕێژیم لە شاری مەهاباد، هێزەکانی سمکۆ دەستیان بە تاڵان و بڕۆ کرد و ئەو کردەوە لە لایەن زۆربەی نووسەر و شاعیرانەوە سەرکۆنە کراوە. مامۆستا هەژار کە لە کاتی هێرشی سمکۆ بۆ مەهاباد منداڵێکی ٦ مانگانە بوو لە لاپەڕەی ١٣ی چێشتی مجێور دا دەنووسێ کە لە کاتی هێرشی سمکۆ دا، شکاک ڕژاونە ماڵێ ئەوان و هەرچی هەیانبووە بردوویانە. تەنانەت دەسرازە و پەڕۆپاڵی لانکی ئەویشیان بردووە و بە ڕووتی لەسەر حەرزی فڕێیان داوە.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی  کتێبی "تاریک و ڕوون" دا لە زمانی دایکییەوە دەنووسێ: لەشکری شکاک ئێمەشی وەک هەموو خەڵکی سابڵاخ ساف لە ساف تالان کرد و گەسکی لەو ناو ماڵەدا کە سێ سەد ساڵ بوو وەسەر یەک نرابوو...

ڕەحمانی قازی لە سەر فەرمانی تاڵان کردنی شاری مەهاباد بە هۆی سمکۆ دەنووسێ: دوای ئەو کارە فەرمان دەکا بە سوارەکان تا مەهاباد تاڵان بکەن و هەر کەس پێشی گرتن بیکوژن. یەکەم کەس قازی لەتیف کە مامی قازی مونعم بووە دەکوژرێ. کوڕی قازی لەتیف بە ناوی میرزا کەریم لە تۆڵەی بابی دو سواری شکاک دەکوژێ و بە سواری ئەسپ خۆی دەگەیێنێتە دەرەوەی شار و تا مەراغە ناوەستێ. کاتێک هەواڵی کوژرانی ئەو دو شکاکە بە سمایل ئاغا دەگا، نوسراوێک بۆ سەید تەها کە سەرپەرشتی ئەو تاڵان و شەڕە بووە دەنوسێ کە تێیدا هاتووە: از قرار معلوم جالینوس(سەیفولقوزات) و اقربایش از مجاهدین اسلام دو تن را کشتەاند، بە شما دستور میدهم مبلغ پنجاه هزار تومان بابت خونبها از ایشان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

اخذ نموده چنانچه در ماموریت خود مسامحه و سهل انگاری نمایید مورد مجازات شدید ما قرار خواهید گرفت. سمکو.

واتە: وەک دەردەکەوێ جالینوس و دارودەستەکەی دو کەس لە پیاوانی ئیسلامیان کوشتووە فەرمانت پێ دەکەم بڕی پەنجا هەزار تمەن وەک بەرخوێن وەربگری، گەر لە جێبەجێ کردنی فەرمان دا کەمتەرخەمی بکەی زۆر بە توندی دەکەوییە بەر سزای ئێمە . سمکۆ.

دیارە بە تکاکاریی هێندێک لە خەڵکانی ناسراو، سمایل‌ئاغا چاوپۆشی لە داواکانی کرد و بە دوو ئەسپی گران قیمەت، لە لایەن قازی عەسکەر و سەیفولقوزات (برایانی قازی عەلی) و پێنجسەد تمەن لە لایەن قازی مونعیمەوە"رازی بوو.

خەلیل فەتاح قازی لە کتێبەکەیدا دەڵێت:

میرزا کەریم لە ترسی شکاکەکان و خورشید هەرکی پەنای بۆ دەوڵەت بردبوو و لە گوندی "قەرەوێران" لە نزیک مەراغە چاوەڕوان بوو لەگەڵ هێزەکانی حکومەت بگەڕێتەوە بۆ مهاباد.

خەلیل فەتاح قازی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: هێرشی سمایل ئاغای شکاک بۆ مهاباد، هێمنی ئەو شارەی تێکدا، هەندێک جار هێزی دەوڵەت و هەندێک جاریش هێزەکانی سمایل ئاغا دەستیان بەسەر مهاباد دا دەگرت و بۆ ماوەی ٥- ٦ ساڵ مەهاباد و ناوچەکە لە نێوان دەوڵەت و سمایل ئاغادا دەستاودەستی دەکرد.

خەلیل فەتاح قازی دەنووسێ: سمایل ئاغا نامەیەکی بۆ میرزا کەریم نووسی کە ئەگەر هێزەکانی دەوڵەت بەجێهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ مهاباد و لایەنگریی لەو بکات، لە تاوانەکەت خۆش دەبێ کە یەمین ئەلقوزات بەگوێی نەکرد و لە ئاکامدا شکاکەکان هاتن بۆ مهاباد و ماڵ و سامانی قازی لەتیف و میرزا کەریمیان تاڵان کرد و کتێبخانەی قازی لەتیفیان کە بە سەدان کتێبی بەنرخی تێدابوو لەگەڵ خۆیان برد.


سەیفولقوزات

ئەوکات قەرەنیاغای مامەش، برادەر و ڕاوێژکاری سمایل ئاغا بوو و لە نێو عەشیرەتی قازی دا، لە سەرەتا دا سەیفی قازی و قازی عەلی برای، دژی هەڵسوکەوتی سمایل ئاغای سمکۆ بوون. سەیفی قازی پێشتر بە دژی خانەدانی قاجار، لایەنگری لە ڕەزاخانی میرپەنج (ڕەزاشای پەهلەوی) کرد کە ئەوکات سەرۆک وەزیر و فەرماندەری گشتیی هێزەکانی ئێران بوو. سەیف هەوڵی دا تا بتوانی ببی بە نوێنەری مەجلیسی شووڕای میللی ئێران، یان بگا بە بەڕێوەبەری دەزگای "ماڵییە" یان سەرۆکایەتی دیوانی "عەدڵییە" ئێران. سەیف هەمووکات لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دا، زۆرترین دەنگی دیناوە، بەڵام هەمووجارێ بۆ ٥ تا ٦ دەورە،"عەلیخانی حەیدەری" ئاغای ئاوایی"حاجیاڵیکەند" سەری لە سندوقی دەنگدان وەدەردەنا.

کاربەدەستانی دەوڵەت هەرچەند بە ڕواڵەت زۆریان ڕێز لە سەیف دەگرت و ڕەزا شا خەنجەری گەوهەرنیشان بە خەلات دابوویە، تەنانەت مانگانەی بۆ بڕیبۆوە، بەڵام قەت کاری دەوڵەتیان پێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەسپارد.

خەلیل فتاحی قازی لە کتێبی "تاریخچە خانوادەی قازی" لە لاپەڕەی ٥ دا، باسی ئەوە دەکا کە چونکە قازی عەلی و سەیف پشتیوانییان لە ڕاپەڕینی سمکۆ نەکرد بوو، سمکۆ لە کاتی هێرش بۆ سەر مەهاباد فەرمانی دا کە ئەوان بکوژرێن. سەیف لە ماڵ نەبوو و هێزەکانی سمکۆ بە هەڵە، قازی لەتیفیان بە جێگای قازی عەلی برای کوشت و زۆریشیان لە قازی عەلی دا. قازی عەلی گیرا و بردیانە لای سمکۆ. لەوکاتە کە ئەو لە لای سمکۆ بوو، یەکێک لە چەکدارەکانی سمکۆ کە مەئمووری کوشتنی قازی عەلی بوو، پەیدا بوو و ڕوو بە سمکۆ گوتی: قازی عەلیم کوشت.

سمایل ئاغا گوتی: سەگباب، قازی عەلیت نەکوشتووە، ئەوە ساغ و سڵامەت، لە لای من دانیشتووە. خودا دەزانێ چ بێچارەیەکت کوشتووە؟

ئەگەرچی "قازی عەلی" بەو لیدانە تا ڕادەیەک توشی ئازار و نەخۆشی فەرامۆشی بوو، بەڵام دواتر بۆ وەرگرتنی کەرسەی خەڵک و پێشگری کردن لە خوێنرشتن چوو لای سمکۆ. بە پێی مقالەی ئێنترنێتی عەلی ئیسماعیلی، سمکۆ پاش ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لەگەڵ ماڵە قازی کردی، کەوتە بەر لۆمە و سەرکۆنەی مستەفاپاشا یامڵکی و لە ناوچەی موکریانیش قەدری جارانی نەما. هەرچەند گفتی دا "هەوڵ دەدەم ئەم دڵئێشانە قەرەبوو کەمەوە".

پاش ماوەیەک، لەبەر هەڕەشە و زەخت و زۆریی سمکۆ، سەیفولقوزات بەناچار بۆخۆی چوو بۆ گوندی چاری(چەهریق) و چاوی بە سمکۆ کەوت. سمکۆ کە سەیف بە "جالینووس" ناو دەبرد و پێشتر هەڕەشەی کرد بوو کە لە شاخی ڕا هەڵیدێری، لێی خۆش بوو و ڕێزی لێگرت و تەنانەت داوای هاوکاری لێکرد. هەر لەو پەیوەندییە دا لە ژیاننامەی سەیفولقوزات، نووسینی گەوەرتاجی سەدریقازی (خانمە خانمە) وردە زانیارییەکی لە سەر پیوەندی نیوان سەیف و سمکۆ تێدا هاتووە کە دەنووسێ:

ساڵی شکاکان، لە کن سمایلاغای سمکۆ بە درۆ و دەلەسە شەیتانی لە ئاغای سەیف دەکەن. ئاغای سەیف موددەتێ لە ڕەزائییە(ورمێ) دەبێ دەگەڵ وەجیهە خانمی جاوید ئیزدیواج دەکا و چەند ئەولادیان دەبێ... سەیف پاش موددەتێک کە لە ورمێ دەبێ هەڵدەستێ دەچێتە "چاری" بۆ کن سمایلاغای شکاک. سمایلاغا بە مەحزی ئەوەی ئاغای سەیف مولاقات دەکا هەموو کودوورەت لە بەین دەچێ، زۆری ئیحترام دەگرێ و پێی دەڵێ دەبێ بچی بۆ کاری کوردستان هاوکاری بکەی.

لەوکاتەڕا دۆستایەتی سمکۆ و سەیف بە هێز بوو و سمکۆ ئەوی وەک نوێنەری خۆی ناردە نێو عەشیرەتەکانی هەورامان و مەریوان، تا دنەیان بدا بێنە ژێر فەرمانی ئەو. بەڕێوەبردنی ئەو بیرە، بە دوای دۆستایەتی سمکۆ و سەیف لە شیعرەکانی سەیف دا ڕەنگی داوەتەوە و ئاوا دەڵێ:

ژێر دەستی و ئیتاعەتی بێگانە تا بەکەی\
شەرمە لە بۆ مە هێندە بژین بێ نیشان و نێو\
گوردانی کوردەکان بە خودا ڕۆژی غیرەتە\
دەس دەینە خەنجەران و پیاوانە بێینە نێو\
سمکۆ، خودا کە داویە بە مە ساحێب و ڕەئیس\
شوکری بکەین بە زار و زبان و ددان و لێو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەقسوودی وی ئەمە، کە حەق بداتە مە

تەکلیفی مەش وەهایە فیدای بین بە نێر و مێو

لە پەڕاوێزی هاوکاریی سمکۆ و سەیفدا ئاماژە بە کاریگەری ڕێکخراوی محەممەدی پێویستە. لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جێهانی و هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی سمکۆ و لە ژێر کاریگەری حیزبی "محەممەدی" دا کە بە هۆی شێخ محەممەدی خەیابانی، لە ساڵی ١٣٠٢دا لە تەورێز دامەزرا، وردەوردە بیری ئازادی لە موکریان پەرەی ئەستاند. لە مەهاباد هەر بەو ناوە، حیزبێک بە ناوی حیزبی محەممەدی دامەزرا و فەقییەکان بوون بە ئەندامی ئەو حیزبە. بە پێی لاپەڕەی ٥٨ ی کتێبی "پێشوای بیداری" لە مەهاباد کومیتەیەک بۆ پشتیوانی لە بزوتنەوەی خەیابانی، بە بەشداری حەسەن سەیفولقوزات و قازی محەممەد و حاجی مستەفای داودی و حاجی موعین و میرزا خەلیل بلوری، پێکهات.

عەلی ئیسماعیلی لە سایتی ڕۆژهەڵات تایمز دا دەنووسێ کە ئەو حیزبە تەشکیلاتێکی زۆر مەزن و هەراوی ڕێکخست و ئامانجی زۆر گەورەی هەبووە و لایەنگری خەباتی سیستماتیکی سیاسی و پێوەندی نێوان بزووتنەوەی جیاوازی بەشە لێکدابڕاوەکانی کوردستانی دەکرد.

ڕێبەرایەتیی حیزبی محەممەدی کە دەبی وەک یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە حیساب بێ، هەوڵیان دا پێوەندی و نزیکایەتی لە نێوان ڕاپەڕینی سمکۆ و شێخ مەحموود پێک بێنن. بۆ ئەو مەبەستە ئەبولحەسەنی سەیفولقوزات، وەک نوێنەری حیزب چوو بۆ لای سمکۆ و وتووێژی لەگەڵ کرد. هەر لە پێناوی ئەو ئامانجەدا دەبی سەیف چووبێ بۆ سلێمانی بۆ لای شێخ مەحموود و لەگەڵ ئەو وتووێژی کرد بێ. دواتر سمکۆ و شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵی ١٩٢٣دا لە سولەیمانێ چاویان پێک کەوت و هەوڵیان دا بەرنامەکانیان ڕێکبخەن.

عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسووڵ پشدەری لە لاپەڕەی ٢٨ی کتێبی " یادداشتەکانم لە کۆماری کوردستان" دا باسی پەیوەندی عەشیرەتی پشدەر و سمایل ئاغای سمکۆ دەکا و دەنووسێ کە عەشیرەتی پشدەر، وەک نوێنەر کەسێکیان بە ناوی "پیروتە خوار" ناردە لای سمکۆ و ئامادەگی خۆیان بۆ پشتیوانی لەو بە چەک و بە پارە دەربڕی. دوایە سمایل ئاغا هاتە ناوچە پشدەر و ماوەی مانگێک میوانیان بوو و دوایە لەگەڵ چەند ئاغای پشدەر چوو بۆ لای شێخ مەحموود تا یەکێتی کوردان پێک بێنن و داوا لە ئینگلیس بکەن کە ماقی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان مسۆگەر بکا.

عەبدوڵا پشدەری لە درێژەدا دەنووسێ، لە بابی بیستووە کە ئەگەرچی شێخ مەحموود زۆری ڕێز لە سمایل ئاغا گرت بەڵام ناوبراو زۆر لە هەڵوێستی شێخ مەحموود ڕازی نەبووە و پێوابوو کە بە کاری ڕێبەری کورد نایە و خاوەنی ڕای خۆی نییە و نازانێ چ دەکا.

دیارە ڕەزاشا دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە سالی ١٩٢٣دا هێزێکی گەورەی بە فەرماندەری عەوڵاخانی تەهماسبی ناردە ئازەربایجان و کوردستان و لە ساڵی ١٩٢٤دا مەهاباد داگیر کراو و حیزبی محەممەدی نەما. ناوەندی دەسەڵاتی سمکۆ لە ئاوایی چەهریق بوو و فەرماندەرانی باڵای ئێران دوای شکانی سمکۆ لە یەکێک لە شەڕەکان دا دەستیان بەسەر چەهریق داگرت. ئەوان بە کۆشک و تەلاری ئەو سەرسام بوون و سپەهبوود جەهانبانی لەو بارەوە دەنووسێ: سمکۆ باوەڕی تەواوی بە سەرکەوتنی ئامانجەکانی خۆی نەبوو و جارێک گوتبووی. ئەمن ئەو کۆشکە دروست دەکەم بەڵام نازانم چ دەوڵەتیک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەپرووخێنێ. لە نێوەراستی قەڵای چەهریق حەوزێکی گەورە سازکراوە و بە لولە لە کانیکی گەورە ڕا ئاوی بۆ کێشراوە و هەر فرکەی دەکا و مراوی، سونە و بۆرە مەلەی تێدا دەکەن. باغێکی جوان سازکراوە و بە پەلکی گوڵی ڕەنگاورەنگ ڕازاندراوەتەوە...

سپەهبوود جەهانبانی دەنووسێ کە فەرمانی دا تا ئەو شوێنە بپارێزرێ، بەڵام دوایە فەرماندەرانی نیزامی بڕیاریان دا تا ئەو کۆشکە بڕوخێ و دەنووسێ: ... ساعەتیک تێنەپەڕی کە گۆشەیەک لە بەهەشت بوو بە ویرانەیەکی خەفەتبار و تەنانەت گۆلەکەش بەتاڵ کرا و مراوییەکان دوای سوڕان بەسەر حەوزەکە دا، جاریک نیشتن و دوایە بە نائومێدی بەرەو مەنزڵێکی دیکە لە شەقەی باڵیان دا.

## ئامانجەکانی سمکۆ

سەردەمی سمایل ئاغای سمکۆ، چەند قۆناغ لە خۆ دەگرێ و ئەگەر لەسەرەتا دا لە بەرانبەر بە خەڵک زەبر و زەنگی نواند، دواتر سمکۆ بە کارەکانی دا هاتەوە و لە شاری ورمێ لە بەرنامەیەک دا، داوای سەربەخۆیی کوردستانی کرد. ئەو گومرگی داهێنا و بەرگ و پێڵاو لەشکری بە نەزمی دامەزراند.

سمکۆ سەرەتا هەفتەنامەی "ڕۆژی کورد- شەوی عەجەم" بڵاوکردەوە بەڵام لەساڵی ١٩٢٢دا لە ژێر چاوەدێری مەلامحەممەدی تورجانی زادەدا، لە شاری ورمێ ڕۆژنامەیەکی بە ناوی(ڕۆژی کورد) کە دواتر بوو بە ڕۆژنامەی (کورد) بڵاو کردەوە. ئەو ڕۆژنامەیە لە چاپخانەی "غیرەت" لە ورمێ لە چاپ دەدرا. محەممەد تەمەدون لە لاپەڕەی ٣٧٠ی کتێبی "باردۆخی ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهانییدا" ئاماژە بەو چاپخانە دەکا و دەنووسێ: دوای ئەوە کە ناچاربووم ڕابکەم، سمکۆ فەرمانیدا دەست بەسەر کتێبخانە و چاپخانەکەم لە شارمی ورمێدا بگرن. مەلا محەمەدی تورجانی زادە ڕاسپێردرا ڕۆژنامەیەکی کوردیی لەوێ لە چاپ بدات. سمکۆ ناوی چاپخانەی ″تەمەدون″ی گۆڕی و تابلۆی چاپخانەکەی هەڵگرتبوو و تابلۆی چاپخانەی ″غیرەت″یان لە جێی هەڵواسی بوو.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٨٨ی بەرگی ١١ی بیرەوەرییەکانی لە سەر سمکۆ لە زمانی مەلا محەممەد ساڵحی ئیبراهیمی(شەپۆل) دەگێڕێتەوە: مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە لە قەولی مەلا مەحەمەدی کاکی کە سەرنووسەری ″ڕۆژنامەی کورد″ بوە لە ورمێ بۆی گێڕاوەتەوە: سمکۆ خەبەری داوە کە ڕۆژنامە دەرچوو، چەند ژماوەیەکی بۆ چاریە بنێرن. ئەویش بە مەلا ئەحمەد دا چەند دانەی لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەی″کورد″ی بۆ دەنێرن.. ئێوارێ دەگاتەوی و سمکۆ بەخێرهاتنی دەکات. سمکۆ عادەتی وابوو کە بەیانان قاوڵتی لە ژووری خواردوە نەهاتوتە کن میوانان بەڵام ئەو ڕۆژە هاتوتە دیوەخان و لە گەڵ میوانان کە پڕ بوە لە ئاغا و سەرۆک عەشیرەتی کورد قاوڵتێ کردوە پاشان بە مەلا ئەحمەدی گوتوە کوا ڕۆژنامەکان بێنە هەر کەسەی دانەیەکی لە پێش دابنێ. پێدا هاتووە هەر یەکەی ڕۆژنامەیەکی لە پێش داناون. دانەیەکیشی لە پێش سمایل ئاغا داناوە. سمکۆ لیرەیەکی هاویشتوتە سەر ڕۆژنامەکە و بەوانی دیکەشی گوتوە هەر کەس لیرەیەکی لە سەر ڕۆژنامە دابنێ. پاشان گوتوویە ئەوە بۆیە نییە خەرجی ڕۆژنامەکە دابین بکات. بەڵکو لەبەر ئەوەیە ڕۆژنامەیەکی لەم هەل و مەرجەدا بە زمانی کوردی دەربچێ، دەبێ بە زێڕ بقەبڵێندرێ.

جێگای ئاماژەیە ئەگەر لە سەردەمی ئێستا شک و گومان دەخرێتە سەر ئاکار و کردەوە و کەسایەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سمایل ئاغای سمکۆ، بەڵام لە ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنیی و وتارەکانی سەردەمی کۆمار بە تایبەتی وتارەکانی قازی محەممەد، بە چاوی کەسایەتی گەورەی نیشتیمانی سەیری سمکۆ دەکرێ. جوڵانەوی سمکۆ پڕ لە گرێ و گۆڵ و کەند و کۆسپی گەورە و تا مانگی جۆزەردانی ۱۳۰۹(۱۹۳۰زایینی) درێژەی هەبوو.

## کوژرانی سمکۆ

کوشتنی نەیاران بە شێوەی تیرۆر و ڕەشەکوژی، تایبەتمەندیی بەڕێوەبەرانی ڕێژیمەکانی ئێرانە و گشت حاکمانی ئێرانی بەو خووە فرچکیان گرتووە و بۆ کوشتنی سمایل ئاغای سمکۆش هەر لەو تاکتیکە کەڵک وەرگیرا. سەرلەشکر موزەفەری بە ئاماژە بە مێژووی "هیجدە سالەی ئاذربایجان" لە نووسینی ئەحمەد کەسروی دەنووسێ کە لە بەهاری ساڵی ۱۲۹۸ (۱۹۱۹) "موکەڕمولمەلک"، حاکمی ئازەربایجان، بە ناوی دیاریی، بۆمبێکی بۆ سمکۆ نارد، عەلیئاغا برای سمکۆ و ۱۷ کەسی دیکە کوژران. دوای ماوەیەک کاربەدەستانی حکومەت پیلانێکی تریان بۆ لە ناوبردنی سمایل ئاغا داڕشت. بە ناوی دایکی سمایل ئاغا، قودویەکی شیرینی بۆمب ڕێژکراویان بۆ سمایل ئاغا نارد. کاتێک ئەو دیارییە گەیشتە دەست سمایل ئاغا، ئەو لە دەرەوەی ماڵ و لە بن سێبەری دارێک دانیشتبوو و خوسرەوی کوڕی و چەند کەسی دیکەی لە لابوون. خوسرەو داوای شیرینی کرد و سمایل ئاغا گوتی ئەو قودویە بکەنەوە و شیرینی بدەنێ. کاتێک سەری شیرنییەکەیان کردەوەدە، گڕێک بەرز بووە. سمایل ئاغا زۆر زوو خۆی و خوسرەوی بە عەرزی دادا. بۆمبکە تەقییەوە و برای سمایل ئاغا و دو کەسی تری کوشت. بەو جۆرە سمایل ئاغا و خوسرەو ڕزگاریان بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەسەر ئەو ڕووداوە، مورتەزا ڕەزەی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسی، چوونکە موکەڕەموملەلیک، جێگری وەلایەتی تەورێز و دەستەڵاتدارانی سەڵماس و ورمێ، هێزی ئەوتۆیان لەبەر دەست دانەبوو کە بینێرنە شەڕی سمکۆ، موکەڕەموملەلیک بیری لەوە کردەوە کە بە فێڵ سمکۆ بکوژێ. ئەو ویستی وەک حەیدەرخانی عەمووئۆغڵوو و پیاوەکانی بکا کە لە کاتی مەشروتە دا بۆمبێکیان ئامادە کرد و شوجاع نیزامیان کوشت. بۆیە لە قوتوی شیرنی دا، بۆمبێکی ئامادە کرد و ناردی بۆ ماڵە خەسووی سمایل ئاغا



جەنازەی سمکۆ

لە یەکێک لە ئاواییەکانی شاری خۆیە تا ئەویش بێنێرێ بۆ زاواکەی (سمایل ئاغا). پلانەکە سەری گرت و کاتێک لە چەهریق قوتوو شیرنێکەیان دا بە سمکۆ، کوڕەکەی لێیوەرگرت و بنەکەی کردەوە. ویستی سەری هەڵگرێ، یەکناگا سمکۆ بە بیری هاتەوە کە شوجاع نیزامیان ئاوا کوشتووە و بە پەڕتاو، بە شەپ لە قوتوکە دا و قوتوو لە قوڵکەیەک کەوت و تەقیوە. عەلیاغا برای سمکۆ و چەند کەسی دیکە کە لە وێ بوون کوژران.

ئەو ڕووداوە بوو بە هۆی ئەوە کە سمکۆ لە شەڕەکانی دا بە دژی دەوڵەت مسۆگەرتر بێ. لەوکاتە دا وسووقولدەولە سەرۆکی وەزیران، سپەهداری کردە حاکمی تەورێز. ئەو بە جێی ئەوەی شەڕ لەگەڵ سمکۆ بکا، لاواندییەوە و شازادە جەهانگیر میرزا کە لە خۆیە نیشتەجێ بوو و گۆیا بۆمبەکەی دروست کرد بوو، گرت و لەگەڵ دوو کەس لە دۆستانی، بە ناوی میر هیدایەت و محەممەد قولی خان، بە فێڵ و بە بیانووی لێکۆڵینەوە، نارد بۆ چەهریق.

میر هدایت بە فێڵەکەی زانێ و لە ئاوایی ئیمامکەندی لە دەست سوارەکان کە ١٣ کەسی ناوچەی قەرەداغ بوون، ڕای کرد. سوارەکان ئەوانی دیکەیان بردە چەهریق بە پێی نووسراوەی مورتەزا ڕەزەوی، سمکۆ دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر، بە تەور دەست و پێی شازادە جەهانگیر میرزای قەتع کرد و ئەوانی دیکەشی بە تاوای ئەوە کە قاتڵانی جەعفەراغا قەرەداغی بوون، کوشت.

سمایل ئاغا لە ساڵەکانی دواتر بە چەند سەد سوار چوو بۆ عێراق و بە هەر مەبەستێک بوو بێ دوایە داوای لە ڕەزاشا کرد کە عەفووی بکا و بیبەخشێ. دیارە ڕێژیم باوەڕی پێنەدەکرد و هەر لە فکری کوشتنی دا بوو. تا لە ڕێکەوتی ٣١ی جۆزەردانی ١٣٠٩دا لە پیلانێک کە بە هوی سەرتیپ زەفەرودەولە، فەرماندەری لەشکر دارێژترابوو، سمکۆ بۆ وتووێژ بانگ کرایە شاری شنۆ.

بەر لەو ڕێکەوتە ڕۆژێک زەفەرودەولە دەچێتە زیندانی لەشکر و چاوی بە کەسێکی چەتەی ئازا بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی محەممەدخانی قەراچەداغی دەکەوێ کە دەبوو دوو ڕۆژی دواتر ئیعدام بکرێ. زەفەرودەولە دوای ڕاوێژ پێکردن بە قەراچەداغی بەڵێنی پێدەدا کە ئەگەر سمکۆ بکوژێ ئازادی بکا. هاوکات زەفەرودەولە، دوکتور ئەعلەم کە دۆستایەتی لەگەڵ سمکۆ هەبوو، دەنێریتە شنۆیە تا پەیوەندی بە سمکۆ بکا و بە ڕواڵەت هەلومەرجی وتوویژ ئامادە بکا. ئەعلەم دەبوو تا هاتنی زەفەرودەولە سمکۆ بخافڵێنێ. دوایە لە ئێوارێ دا ئەعلەم بە بیانووی پێشوازی لە زەفەرودەولە سمکۆ و محەممەدخان بەجێ بێڵێ و محەممەدخان سمکۆ بکوژێ.

لەوکاتەدا هێزەکانی سمکۆ هەموو جێگاکانیان گرت بوو. سمکۆ لە محەممەدخانی پرسی "زەفەرودەولە لە کوێیە؟" محەممەدخان گوتی لە ماشێنی دوایە دایە. سمایل ئاغا لە محەممەدخان بەشک کەوت و گوتی: "محەممەدخان لە چاوت دا خوێن دەبارێ". محەممەدخان گوتی لەبەر تۆز و خۆڵ و ماندووییە. سمکۆ دیسان دووپاتی کردەوە: "محەممەدخان لە چاوت دا خوێن دەبارێ". لەوکاتەدا سمایل ئاغا و خورشید ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی دەستیان بە قەدەم لێدان کرد. محەممەدخان لە پشتەوەڕا تەقەی لێکردن و بە گوللەی یەکەم خورشید ئاغای کوشت و بە گوللەی دووهەم سمایل ئاغای بریندار کرد. سمکۆ لە جۆگەی کەوت و ویستی تەقە بکا بەڵام محەممەدخان بە تیری سێهەم سمکۆی کوشت. بە کوژرانی سمکۆ چەکدارەکانی حەبەسان و هەڵاتن. محەممەدخان و چەکدارەکانی بە خێرا جەنازەی سمکۆی لە ماشێن هاویشت و بەرەو ورمێ دوور کەوتنەوە. لە ورمێ جەنازەی سمایل ئاغا لە پەیژە هەڵاوەسرا و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە خەیابانەکانی شاری ورمێ پێشانی خەڵک درا.

بە شێوەی دیکەش باسی کوشتنی سمکۆ کراوە و مورتەزا ڕەزەی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسی، سمکۆ لە ٢٦ گەلاوێژی ١٣٠١ ڕا بۆ ماوەی ٨ ساڵ لە نێو عەشایران دا بە نەهێنی ژیا. لە ساڵی ١٣٠٩ بە ٢٠٠ کەسەوە هاتە شنۆیە و لە لای سەرهەنگ سادق خان نەوروزی، داوای ئەماننامەی لە دەوڵەت کرد. سەرهەنگ زۆری ڕێز لێنا و لە ڕۆژی ٤ گەلاوێژ، دوای نەهار خواردن، لە کاتی ڕۆیشتن دا، سەرهەنگ کەمێک مەودای لێگرت و سەربازەکان لە سێ لاوە وەبەر تفەنگانیان دا. سمکۆ ڕاپەڕی و هەڵات. بەڵام لەسەری کۆڵانێ بۆ خوسرەوی کوڕی گەڕاوە کە رزگاری کا، بەڵام بە گوللە پێکرا و کوژرا.

هاشم سەلیمی لە لاپەڕەی ٣٨٧ کتێبی پەنجەمۆر دا باس دیمانەی موحسینی شافعی لەگەڵ بزورگ ئەمیری ئیبراهیمی ئەفسەری کوردی ڕێژیمی ئێران دەکا کە ڕێگای بۆ کوشتنی سمکۆ خۆش کرد. بزورگی ئیبراهیمی لە عەشیرەتی کوردی دونبەلی خۆیە بوو کە تێکەڵاوی تورکان بوون. ئەو بە سورانی و بادینی قسەی دەکرد و لەسەر کوشتنی سمکۆ دەڵێ، لە بەهاری ١٣٠٩ هەتاوی (١٩٣٠ زاینی) سەرتیپ حەسەن موقەدەم، فەرماندەری لەشکری باکووری ئێران، مەئمووریيەتی داوەتێ تا سمکۆ لە بەین بەرێ. ئیبراهیمی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەوکارە هەوڵ دەدا کە خوو و خدەی سمکۆ بناسێ. سمکۆ ئاشقی تەختەنەرد و ڕاوە باز بووە. بۆیە ئیبراهیمی خۆی فێری تەختەنەرد دەکا و لە پاییزی ئەو ساڵە، لەگەڵ دوو ئەفسەری وریا بە کیسەیەک زێڕەوە دەچێتە ماڵە ئاغایەکی زەرزا لە ئاوایی نەڵیوانی شنۆیە و داوای دیتنی سمکۆ دەکا. چاویان پێک دەکەوێ و سمکۆ ڕازی نابێ کە چەک دانێ و پێشنیارەکانی ئیبراهیمی قبووڵ ناکا. ئیبراهیمی هەوڵ دەدا سمکۆ بغافڵێنێ و لەسەر سکەی زێڕ تەختەی لەگەڵ دەکا و دوایەش دوان نان خواردن لەوێ دەمێننەوە. بەیانی هەموویان وەدەردەکەون و لە قەراغ ڕووباری شنۆیە لێک جوێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبنەوە. ئەوان بە سواری و سمایل ئاغاش بە پێیان بەسەر ڕووبارەکەدا بەرەو گۆڕستانی شێخ عەبدولعەزیز وەڕێدەکەوێ. دەگاتە قەراوڵخانەیەکی چۆلی نیزامی. لەوێ هێزەکانی ئێرانی کە لێی لە کەمین دابوون، بە موسەلسەلان دەسدرێژیان لێدەکەن. سمکۆ و هاوڕێیەکانی دەستیان کردەوە بەڵام کوژران. دوای چەند ڕۆژ تەرمەکەیان نارده ورمێ و بۆ چاوترساندنی خەڵک ڕۆژێکیان ڕاگرت و دوایە دایانەوە بە بنەماڵەکەیان.

لەبری ئەوکارە، بزورگ ئەمیری ئیبراهیمی نیشانی تایبەتی درایە و دواتریش لە خولی ١٩ مەجلیس دا، بوو بە نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە مەجلیسی شوڕای میللی دا.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسێ کە خەڵکی ورمێ ئەوەندە لە سمکۆ ترسا بوون کە باوەڕیان بە مەرگی ئەو نەدەکرد. سەرە براوەکەیان هێناوە بۆ ورمێ و خێزانی کۆنەکەی ناسییەوە. بە گوێرەی هێندێ گوتە دیکە سەر و دمووچاوی زۆر ژاکا بوو و نەدەناسراوە دوایە هەیکەلەکەی بردە ورمێ و ژنەکەی بە قامکەکەی ڕا ناسییەوە. گوایا جارێک مار پێوەی دابوو و سمکۆ بۆ ئەوەی ژارەکە تەشنا نەکا، بە خەنجەر قامکی پەڕاند بوو.

بە گشتی ڕابردووی بنەماڵەی سمکۆ سەرتاپا خوێناوییە، باپیری بابی سمکۆ (سمایل ئاغا) لە لایەن کاربەدستانی تورک، لە ورمێ بە فێڵ کوژرا. عەلیئاغا، باپیری سمکۆ لە زیندانی تەورێزدا مرد. جەعفەرئاغای برای سمکۆ بە پیلانی ناجوامێرانەی "نیزاموسەلتەنەی مافی" لە تەورێز کوژرا. دوایەش سمایل ئاغا، دایک و دوو برا و ژنەکەی کوژرا و کوڕی بە دیل گیرا و ماڵی تاڵان کرا.

## مەلا خەلیل گۆڕەمەر

لە درێژەی سیاستی ڕەزاشا بۆ بەهێز کردنی دەستەڵاتی ناوەند و یەکدەست کردنی کولتوور و فەرهەنگی وڵات، لە ساڵی ١٣٠٧(١٩٢٨ز) بڕیار درا کە جلوبەرگی ڕواڵەتی و نیشتمانی خەڵک، بە لیباسی فەرمی کۆت و شڵواری فەڕەنگی بگوڕدرێ.

لەبەرانبەر بە یەک دەست کردنی لیباس لە ئێران دا، لە تەورێز و مەشهەد و کوردستان ناڕەزایەتی ساز بوو. لە تەورێز هێندێک لە ئاخوندەکان ئیعتڕازیان کرد کە هێزەکانی نیزامی هێرشیان کردنێ و دوو کەسیان لێگرتن و بۆ کوردستانیان دوور خستنەوە. بەڵام لە مەشهەد ئیعتڕازی مەلاکان لە مزگەوتی گەوهەرشاد، کوشتەی زۆری لێکەوتەوە و ١٢٨ کەس کوژران و نیزیک بە ٣٠٠ کەس بریندار و زیاتر لە ٥٠٠ کەس گیران.

لە کوردستان، لیباسی کوردی قەدەغە کرا و بە بەرگ دروان ئەمر کرا کە چیتر جلوبەرگی کوردی نەدروون. دەوڵەت تەواوی ئەو جلوبەرگانەی کە تا ئەوکات ئامادەکرابوون، مۆر کرد کە بە فارسی لەسەریان نووسرابوو "معاینه شد" (کونترۆڵ کرا). بە پێی ئەو مۆرە، بەرگ دروو نەیدەتوانی لیباسی دیکە بدروێ. بەڵام سەرەڕای زەبروزەنگی ڕێژیم، خەیاتەکان بە دزی مۆری دیکەیان هەڵقەند بوو و لە ماڵێ بە نەهێنی لیباسیان دەدروو.

بە پێی لاپەڕەی ٨ ی کتێبی بیرەوەرییەکانی محەممەد شاپەسەند، دوو کەس بە ناوەکانی میرزا سوڵتانی فردووسی و وەستا عەولای شوانی تۆمارێکیان ئامادە کرد و بە زۆر بە خەڵک واژۆیان کرد و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داوایان لە دەوڵەت کرد کە لە کڵاو و جلوبەرگی پەهلەوی معافیان بکا. دەوڵەت وڵامی ئەو داوایەی نەداوە و ١٥٠ کسی گرت و زیندانی کردن و تا کۆتایی ڕاپەڕینی مەلاخەلیل لە زیندان دا بوون.

بڕیاری گۆڕینی جل و بەرگ و کڵاو و پێچ، نەزم و نیزامی کۆنی کوردستانی تێک دا، بەڵام بەرگ و لیباس کە بەشێک لە میرات و هوویەتی فەرهەنگی و باوەڕی نەتەوەیی بوو، نەدەکرا هەروا بە ئاسانی لە بەری خەڵک داماڵدرێ و بگۆڕدرێ.

مەلا خەلیلی سەرۆکی عەشیرەتی مەنگور، لە ناوچەی سوێسنایەتی سەردەشت لە ساڵی ١٣٠٧دا بە دژی سیاسەتی گۆڕینی جلوبەرگی کوردی ڕاپەڕی، ئەو دژی قەدەغە کردنی لیباس کوردی و لەسەرنانی شپکە بوو و بە ڕواڵەت نەیدەویست کڵاو لە سەر موسوڵمانان دابنرێ. بە بڕوای مەلاخەلیل، ئەو کارە دەبوو بە هۆی نەدیتنی خودا و کافر بوونی کۆمەڵگای کوردستان (دژایەتی مەلاکانی عەجەم لەگەڵ یەک دەست کردنی لیباس زیاتر بۆیە بوو کە ئەوان بە بوونی کڵاوی پەهلەوی نەیاندەتوانی نێوچاوانیان لەسەر بەردەمۆر دابنێن).

ڕەحمانی قازی لەسەر ڕاپەڕینی مەلا خەلیل لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا دەنووسێ:

مەلا خەلیل گۆڕەمەڕ کە مەلا و پێش نوێژی ناوچەی مەنگوڕان بو لە سەر فەرمانی حکومەت کە دەبوایە خەڵک کڵاوی لەبەدار لە سەر بکەن و پێچ و کڵاوی کوردی قەدەغە بکرێ، فتوای دا کە هەر کەس کڵاوی پەهلەوی لە سەر بنێ کافر دەبێ. بە هۆی ئەو فەتوایە عەشیرەی مەنگوڕ دەستیان کرد بە نافەرمانی و لەشکریان هێنا دەوروبەری مەهاباد و شەڕ لە نێوان سوپای ئێران و چەکدارانی مەنگوڕ دەستی پێ کرد. لەو شەڕە دا ئاغای باییزی کە پیاوێکی ئازا و ناوبەدەرەوی مەنگوڕان بو لەگەڵ سێ کەسی تر لە هاوڕێکانی لە باسکی نورەدین کوژران و لەشکری مەنگوڕان شکا و توشی دەربەدەری و نەهامەتی هاتن.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەرەی ٥٩ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسی کە دەوڵەت لە سەر بانی دوخانییەی مەهاباد تۆپ و موسەلسەلی دابەستبوو و تەقەیان لە هێزەکانی مەنگوڕ دەکرد. مەلاخەلیل زۆری خۆ پێنەگیرا و سوپای دەوڵەت بە هاوکاری عەشیرەتی گەورک و مامەش، وڵاتی داگیر کردەوە و چەند ئاغایی مەنگورانیشیان بە دیل گرت. کتێبخانەی مەلا خەلیل تاڵان و لە بازاری شار هەڕاج کرا.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٣٧ی کتێبی وڵاتی من لەسەر ڕاپەڕینی مەلا خەلیل دەنووسێ:

لە ناوچەی سەردەشت مەلا خەلیل بە هاندانی ئینگلیسەکان، لە شای ئێران ڕاپەڕی و فتوای دا کە لیباسی کۆت و شڵوار و شەپکە حەرامە. ئەوان دەستیان لە شەپکە نەدەدا و دەیانگووت هەر کەس دەستی لێبدا گڵاو دەبێ و بە هیچ ئاوێك پاك نابێتەوەو دەبێ دەستی ببڕدرێ.

ئەمن مەلا خەلیلم دیبوو پیاوێکی باریکی درێژی کەڵەگەت بوو. ڕدێنێکی درێژی سپی هەبوو، زۆر عالم و شارەزا بوو. تەنانەت شێخی بورهان ئیجازەی دابوو کە خەڵکی تۆبە دادا و پیاوێکی گەورە بوو بەڵام لە ساڵانی دوایی تەمەنی دا ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی نەما و گۆڕدرا.

مەلا خەلیل دەستەیەك لە عەشیرەتەکانی مەنگوڕو گەورکی لەخۆ کۆکردەوەو بۆ گرتنی مەهاباد هێرشی کردە ئەو شارە. قەرار بوو هەمزە ئاغا و عەزیزی قەرەنی ئاغاش لە کێوی نوردەینی ڕا هێرش بکەن، بەڵام تەنیا هێزەکانی مەلا خەلیلی لە داشامەجید و لای سێ ئاشان ڕا هێرشیان کردو توانیان بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەیەك قەبرستانی مەلا جامی بگرن. هێزەکانی ڕێژیم لەسەر دووخانیەی قەدیم کە بەشێکی پڕ کرابووە دامەزرابوون. لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕ، ئەفسەرێکی ئێرانی لە لای گومبەزان کووژرا و سەربازێکیش بەدیل گیرا، بەڵام شاریان بە تەواوی بۆ نەگیرا.

قازی عەلی (بابی پێشەوا) پێشتر داوای لە مەلا خەلیل کردبوو کە هێرش نەکاتە سەر مەهاباد و خەڵکی تالان نەکا و گوتبووی کە: خەڵك بە لیباسی کافر نابێ بەڵکوو پیاو بە نییەتی خراپی خۆی کافر دەبێ. شەرع نەیگوتووە لیباسەکەت عەبا یان مەندیل یان کەواو پاتۆڵ بێ. باسەکە باسی لیباس نییە و هەڵتۆز داتۆزیش مەکەن و ئەنگۆ بە پەهلەوی ناوێرن.

ئەو قسانە بە گوێی مەلا خەلیل گەیشتبوونەوە ئەویش گوتبووی شەرت بێ ئەگەر مەهاباد بگرم دەبێ زمانی قازی عەلی ببڕم. لەبەر ئەو هەڕەشەیە قازی عەلی بەخۆی و بە کوڕەکانی (پێشەوا و سەدرولئیسلام) هاتنە ماڵە باپیرم (قازی مونعیم). چوونکە قازی مونعیم لەگەڵ مەنگوڕان زۆر دۆست بوو. ئەوجار خاڵە سالاریش بەخۆی و دەستە و دایرەی خۆی لە ماڵە قازی مونعیمی بووو چەکداری زۆر لەگەڵ بوو، کەس نەیدەوێرا خۆی لێ بدا.

لە دژی فتوای مەلا خەلیل، حابی بابە شێخی سیادەتیش فتوای دەرکرد. لەوبارەوە لە لاپەڕەی ١٥٠ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" لە نووسینی سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت، بەمجۆرە نووسراوە: فتواکە لە مەهاباد لە دار و دیوار دەدەن و تا ڕادەیەکی زۆر خەڵک ئاگادار دەبنەوە کە بە لیباسی کۆت و شەڵوار کەس کافر نابێ، هەر بۆیەش ئەو کێشەیە لە مەهاباد و شارەکانی دی ئاژاوە و هەڵای لێ پەیدا نەبوو.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١٤٨ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە یاسایی بەرگ و لیباس، لە سەرەتا دا تەنیا فەرمانبەرانی دەوڵەتی دەگرتەوە بەڵام دواتر، جگە لە مەلاکانی شیعە و سوننی، هەموو خەڵکی ئێرانی گرتەوە و لە درێژە دا لە باسێ شەڕی مەلاخەلیل دا دەنووسێ: ... لە لایەکەوە چەکدارانی مەنگوڕ بە فتوای مەلا خەلیل ڕاپەڕیبوون و لە لایەکی دیکەشەوە سوارە نیزامی هۆزەکانی مامەش و دێبۆکری ویڕای سەربازانی ئەرتەش بەرەنگاری پەلاماری مەنگوڕ بوونەوە. لە ئەنجام دا بە هۆی شەڕی توندی سوارە نیزامی دێبۆکری و مامەش و پشتیوانی تیرەبار و تۆپی ئەرتەش، هێزەکانی مەنگوڕ خۆیان نەگرت و دوای کوژرانی نیزیک پازدە بیست کەس لە هەردوو لا، بە ناچار لە پردی قەڵاتاسیان پەڕینەوە و دەربازی ئەو دیوی سنوور بوون. سەرەڕای ئەوە هێندێک گوندی مەنگوڕایەتی لە شەڕەکە دا سوتێندران...

عەبدوڵای قازی لە درێژەدا لە کتێبەکەی دا دەنووسێ:

مەلا خەلیل لە ئاخردا سابڵاغی بۆ نەگیراو مەجبور بوو پاشەکشە بکا و سەربازە ئەسیرەکەشیان لەگەڵ خۆیان برد. ئەفسەرێك بە نێوی سەرهەنگ ئیسکویی، داوای لە قازی مونعیمی کرد کە سەربازەکەیان بۆ وەرگرێتەوە. قازی مونعیم، خاڵە سالار و قادری کوڕی بە چەند سوارەوە ناردە ئاوایی بەیتاسێ و لەوێ سەربازەکەیان وەرگرتەوە. ئەوانە گێرابوویانەوە کە هەر بە ماشەی شەپکەی سەربازەکەیان هەڵگێڕ وەرگێڕ دەکرد و پێیان وابوو ئەگەر دەستی لێبدرێ، کافر دەبن و بەپێی فتوای مەلا خەلیل دەبێ قامکیان ببڕدرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لە چواچێوەی بەربەرەکانی مەلا خلیل، بە گوێرەی لاپەڕەی ١٩١ی بەرگی حەوتەمی بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی، پیرە پیاوێکی مەنگوڕی خەڵکی "پاش بەرد" لە ساڵی ١٩٨١دا لە وڵامی پرسیاری ئەودا گوتبووی:

بە سەری تۆ، عەجەم هێرشیان هێنابوو، نوختە(پاسگا) لە "گۆمان" و لە "بێوران" بوو. دەست درێژیان بۆ ژنان دەکرد. میرهاشم لە "گۆمان" کچە کوردێکی بە زۆری برد. شەبکەشیان دەویست بە زۆری لە سەرمان نێن. مەلاش ئەوەی پێقبووڵ نەکرا. گەورکی ئەو دیو لە گەڵمان بوون، کاکەڵاغا مەنگور لە گەڵ بوون، لە سەر پردی قەڵاتاسیان دوو تۆپیان پێوە نان.

بە گوێرەی هێندیک بابەت لە ساڵی ١٣٠٧ بەرانبەری ١٩٢٨ پێشەوا لەگەڵ چەند کەس لە خەڵکی شار بۆ چارەسەری کێشەی مەلاخەلیل چووتە لای مەنگوڕان. سەرئەنجام دوای چەند شەڕ و پێکدادان، لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٨دا حەڕەکەتی مەلاخەلیل کۆتایی پێهات. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٥ ی بەرگی ٢ ی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر مەلاخەلیل دەنووسێ:

١- مەلا خەلیلی گۆرەمەرێ یەکێک بوو لە مەلا باشەکانی ئێران. زۆر موتەعەسیبی دینی بوو. لە ١٩٢٩ دا لەسەر قەزییەی شیعە شەش مانگ لە گەڵ حکومەتی ئێران بە شەڕەات. عەشیرەتی مەنگووڕ و مامەش و سوێسنان و گەورک کۆمەگیان پێکرد. ئەو مەلایە لەناو ئەو عەشایرانەدا مەرکەزێکی بەرزی دینی هەبوو. زیاتر سەری ئەو لە جیاتی خوا و پێغەمبەر ئیستعمال ئەکرا بۆ سوێند. لە نەتیجەدا بە چەنگ ئێرانییەکان شکستی هێنا. پەنای بۆ حکومەتی عێراق برد. هەتا ١٩٣١ لە عێراق بوو. حکومەتی ئێران لەسەر تەشەبوساتی عێراق عەفووی کرد و چۆوە بۆ ئێران. بەلام لەو قەزییەی دیمۆکراتدا زیددی قازی محەممەد بوو.

هەروەها هەر لە ساڵی١٣٠٣دا حەمە ڕەشیدخانی بانە لە ناوچەی بانە بە دژی دەوڵەتی ئێران ڕاپەڕی و دوای چەند شەڕ، لە ساڵی ١٣٠٩دا تێکشکا و چوو بۆ عیراق. دیارە بە دژی داموودەزگای ڕەزاشا ڕاپەڕینێکی دیکە لە جنوبی کوردستان، لە ساڵی ١٣١٠دا لە لایەن جافر سوڵتانەوە بەڕێوە چوو، کە ئەویش بە هوێ لەشکری ڕەزا شا لەناو چوو. بەمشێوەیە ڕەزا شا نەتەنیا توانی بە زۆر دەستەڵاتی خۆی بەسەر کوردستان دا، بەڵکوو بەسەر هەموو ئێراندا بسەپێنێ و ببێتە مڵۆزمێک بۆ ڕاپەرینەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان.

یەکێکی دیکە لە جوڵانەوەکانی نەتەوەیی کورد لە سەردەمی ڕەزاشا، ڕاپەرینی ئاڕاڕات بوو کە لە ساڵی ١٩٢٧ بە سەرۆکایەتی ڕێکخراوی خۆیبوون بە دژی دەوڵەتی تورکییە بەڕێوەچوو. ئێحسان نوری پاشا سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بوو کە لە یەکگرتنی چەند کۆمەڵەی کورد پێکهاتبوو. ئەو جوڵانەوەیە بە هاوکاری دوو وڵاتی ئێران و تورکییە لە ساڵی ١٩٣١سەرکوت کرا و ئێحسان نوری پاشا پەنای بۆ ئیران هێنا.

هەر لە پەیوەندی لە گەل ئەو جوڵانەوەیەدا، لە ساڵی ١٣٠٩ ڕاپەڕینی عەشیرەتی جەلالی بە سەرۆکایەتی بێرهۆ و فەرزەندە پێکهات کە تا ساڵی ١٣١٠ درێژەی هەبوو. بەڵام ئەویش بە هاوکاری دەوڵەتی ئێران و تورکییە سەرکوتکرا.

بەمشێوەیە ڕەزا شا توانی لە ماوەیەکی کەم دا زۆربەی سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکانی ئێرانی و بە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەت کورد کە پێکەوە تەبا و یەک دەست نەبوون بخاتە ژێر هێزمۆنی خۆی. موحیبی مەهابادی لە سایتی ئێنترنێتی دا، وێنەی دەستەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی ناسراوی موکریانی بە ڕێکەوتی و ١٣٠٣ی هەتاوی (١٩٢٤ زایینی) هێناوە کە عەشایری کورد تا کوێ بە پێشوازی ڕەزا شا دا چوون و دەنووسێ: لە چەپەوە: قەرەنی ئاغای ئەمیرعەشایری مامەش، عەلی خان سالار سەعید حەیدەری، ئەمیر عەبدوڵڵا خان تەهماسبی، عەلی ئاغا ئەمیرئەسعەد عەلییار، ئاغا گەنجاڵی بەگی فەیزوڵڵابەگی و سەرهەنگ خانباباخان کە ئەو وێنەیان دوای گەڕانەوەیان لە سەفەری خوزستان بەغدا و مەحمەرە و



دیتنی ڕەزا شای پەهلەوی گرتووە.

ڕەزا شا لە سەفەرنامەکەی خۆیدا ئاوا باسی ئەو دیدارە دەکا: امروز صبح چهارشنبه ۲۵ قوس ۱۳۰۳ شمسی، چهار نفر از ڕوسای طوایف ساوجبلاغ مکری نزد من آمدند، این خوانین ڕاه دور آذربایجان تا بوشهر ڕا طی کرده و از آنجا با کشتی خود ڕا به محمره ڕسانیده بودند و این چهار نفر وارد شده و خنجر مرصعی ڕا که به عنوان قدرشناسی از زحمات من در انتظام صفحەی پر آشوب آذربایجان تهیه کرده بودند به من دادند، درجەی مسرت من از این قدرشناسی، درست به اندازەی تحیر و تلخکامی خزعل بود، که این قبیل احساسات ڕا از عشایر ایران باور نداشت و دخول این اشخاص با لباس مخصوص خود که تا حال اهالی محمره نظیرش ڕا ندیده بودند و تقدیم خنجر جواهرنشان که علامت قدردانی این عشایر جنگجو و شجاع است، در دماغ خزعل اثر عمیقی کرد و تحیر و اضطراب در چهره‌اش خوانده



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

می شد، فهمید که کارهای من منحصر به خوزستان نیست، من نیز از خوانین دلجویی و نوازش کردم و واقعا این تحفه که برای من آورده بودند خیلی مناسب و موثر بود و خزعل فورا به پذیرایی واردین پرداخت و وسایل ڕاحتی آنها ڕا فراهم ساخت و ... وەرگێڕانی ئەو بابەتە: (ئەوڕۆ چوارشەمۆ ٢٥ قەوسی ١٣٠٣ هەتاوی چوار کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکانی سابڵاغی موکری هاتنە لای من. ئەو خانەدانانە ڕێگای دووری ئازەربایجان هەتا بووشەهریان بڕیبوو و لەوێش ڕا بە کەشتی خۆیان گەیاند بووە مەحمەرە و بە خاتری زەحمەتەکانی من بۆ جێگیر کردنەوەی ئارامی ناوچەی ئاڵۆزی ئازەربایجان، خەنجەرێکی زێڕنیشانیان دامێ. ڕادە خۆشحاڵی من لەو ڕێزلێنان و پێزانیینە ڕاست بە ڕادەی سەرسامی و ناڕەحەتی خەزعەل (شێخ خەزعەل) بوو کە باوەڕی بە هەست و دڵسۆزی عەشاییری ئێران بۆ من نەدەکرد و هاتنی ئەو کەسانەش بە جلو بەرگی خۆیانەوە کە تا ئێستا خەڵکی مەحمەرە نەیاندیبوو و دانی خەنجەری زێڕنیشان کە نیشانەی پێیزانینی ئەو عەشیرەتە ئازا و شەڕکەرەیە بە من، کاریگەری زۆری لەسەر مێشکی خەزعەل دانا و مەترسی لە چاوەکانی دا بەدی کرا و زانی کە کارەکانی من هەر تایبەت بە خوزستان نییە. ئەمنیش ڕێزم لە خانەدانانە گرت و دلنەواییم دانەوە و لە ڕاستی دا ئەو دیارییەی کە بۆ منیان هێنا، زۆر بەجێ و کاریگەر بوو و خەزعەل بە فەوری بە میوانەکان ڕاگەیشت و شوێنی شیاوی بۆ دیاری کردن).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٣

## پەیمانی سەعدئاباد

ڕاپەرینەکانی کوردستان هەمووکات بوونەتە هۆی ئەوە کە دوژمنانی کورد لێک کۆ ببنەوە و پێکەوە پەیمانی هاوکاری ببەستن. هاوپەیمانی و هاوکاری نێوان ئەو وڵاتانە بۆ تێکشکانی جوڵانەوەکانی نیشتیمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد، ڕابردووی دوور و درێژی هەیە. دوژمنانی کورد سەرەڕای جیاوازی ئایینی و سیاسی هەمووکات لە دژی جوڵانەوەکانی کورد کێشەکانی خۆیان وەلاناوە و یەکیان گرتووە.

یەکێک لەو گەلەکومەگیانەی وڵاتانی ناوچە بەستنی پەیمانی سەعدئاباد لە ١٧ ی پووشپەڕی ١٣١٦(٨ی ژوئەنی ١٩٣٧ی زایینی) لە نێوان دەوڵەتانی عێراق، ئێران، تورکیا و ئەفغانستان بوو. لە مادەی ٧ی ئەو پەیمانەدا، بە ئاشکرایی باس لە هاوکاری ئەو وڵاتانە دەکا بۆ تێکشکانی هەرچەشنە جوڵانەوەی ڕەزگاریخوازی وەک بزووتنەوەی گەلی کورد، کە تێیدا هاتووە:

مادەی ٧ – هەر کام لەو دەوڵەتانەی کە بەیەکەوە پەیمانیان بەستووە وەستۆی خۆیان دەگرن لە چوار چیوەی سنوورەکانی خۆیاندا پێشبگرن بە پێکهاتن و یان کردەوەی دەستەی چەکدار و لە دامەزرانی هەر جۆرە هەیئەت یان ڕێکخراوێکی دیکە بۆ تێکدانی ئەو دامەزراوانەی هەن و بۆ ئاڵۆزی پێکهێنان لە نەزم و هێمنی هەر بەشێک لە خاکی هاوپەیمانێکی دیکە دا بێ ( چ لە سەر سنوور و چ غەیری سنوور) و یان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی لایەکی دیکە.

ڕێکخراوی سیاسی لەسەردەمی ڕەزاشادا

لە سەردەمی دەستەڵاتداری ڕەشی ڕەزاشا دا، ڕێگا بە دەربڕینی هیچ چەشنە بیروباوەڕ و ڕوانگەی جیاواز نەدەدرا. ئازادی ڕێکخراوەیی و سەندیکایی لە گۆڕێ دانەبوو. بە بەراوەرد لەگەڵ شوێنەکانی فارس زمان، وەزعی باقی گەلانی و بە تایبەتی نەتەوەی کورد زۆر خراپتر بوو. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئیعتراز و نافەرمانی عەشایر لە کوردستان و لە زوربەی ناوچەکانی ئێران دا، بەرەبەرە ڕووناکبیران و نیشتمانپەروەران لە سەرانسەر ئێران، هەوڵیان دا تا بە نەهێنی ڕیکخراوی خۆیان دابمەزرێنن.



پەیمانی سەعدئاباد، ٨ی ژوئیەی ساڵی ١٩٣٧ لەنێوان وڵاتانی ئێران، عیراق، ئەفغانستان و تورکیا.

## ڕێکخراوی محەممەدی

لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لە ژێر کاریگەری زوڵم و زۆری پادشاکانی ئێران لە لایەک و سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبر لە لایەکی تر، لە زۆر ناوچەی ئێران ڕاپەڕینی نیشتمانی دەستی پێکرد. لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەڵبەندی موکریان، وردەوردە بیری ئازادیخوازانە پەرەی ئەستاند و ڕێکخراوێک بە ناوی "محەممەدی" لە ڕواڵەتی زۆر بەرتەسک دا، لە پەیوەندی لە گەڵ جوڵانەوەی شێخ محەممەدی خەیابانی تەورێز، لە مەهاباد پێکهات. خەیابانی لە مەلا تێکۆشەرەکانی شاری تەورێزێ بوو و لەساڵی ۱۳۰۲ لە تەورێز لە دژی دەوڵەتی ئێران و دەسەڵاتی ڕووسان ڕاپەڕی. شێخ محەممەد جوڵانەوەیەکی نیشتمانی و ئیعترازی پێکهێنا و حیزبی دێموکراتی ئازەربایجانی دامەزراند. شێخ خەڵکی "خامنە" سەربە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بوو. لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا دژی ڕووسەکان و دوای شەڕ دژی حکومەتی ناوەندیی ئێران، ڕاپەڕی و ڕۆژی ۱۲۹۹/٦/۲۲( ۱۹۲۰/۹/۱۳) لە ماڵی یەکێک لە هاوڕێیانی لە تەورێز کوژرا.

ڕێکخراوی محەممەدی لە مهاباد بە پشتیوانی بزوتنەوەی شێخ محەممەد دامەزرا، بە حیزبی محەمەدی، یان "" ناسرابوو و قازی عەلی، سەیفی قازی، مستەفا سوڵتانی و چەند کەسی تر ئەندامی بوون.

بە پێی لاپەڕەی ٥٨ ی کتێبی "پیشوای بیداری" لە مەهاباد کومیتەیەک بۆ پشتیوانی لەو بزوتنەوەی خەیابانی، بە بەشداری حەسەن سەیفولقوزات و قازی محەمەد و حاجی مستەفای داودی و حاجی موعین و میرزا خەلیل بلوری، پێکهات.

سەید محەمەد حەمیدی لە کورستانی ژمارە ٨ دا دوای تاوتوێ کردنی شێعری "سەیف" باسی پەیوەندی ئەو و حیزبی محەمەدی دەکا و دەنووسێ:

لە وەختی قەیامی شێخ محەممەدی خەیابانیدا دە حیزبی دێموکراتی ئازەربایجاندا تێکەڵی کرد و دەگەڵ ئەحزابی سیاسی کوردانی تورکییە پەیوەندێکی تایبەتی دەنواند هەروا تەمەنی خۆی بە نیشتیمان پەروەری بەخت کرد...

سەعید خان هومایون لە لاپەڕەی ٤٢ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا دەنووسێ:

خودالێخۆشبوو سەیفولقوزات لە هەرەتی لاوەتیدا لەگەڵ کاروباری سیاسیش سەروکاری هەبوو. لە سەردەمی شێخ محەممەدی خیابانی، ئازادیخوازی بەناوبانگی تەورێزی، چالاکیی سیاسی دەکرد و سەرۆکی کۆمیتەی مەهاباد بوو. مەلا سەعیدی حاجی سەدرولعولەما، حاجی بایزئاغا و براکەی عەلیئاغای ئێلخانیزادە لەگەڵ هێندێک لە تاجرەکانی مەهاباد دژی وی هەندێک دەستەبەندییان ساز کردبوو و بەردەوام لە کێشەی نهێنیدابوون.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٦٤ کتێبەکەی دا باسی ڕێبەرایەتی حیزبی محەممەدی لە مەهاباد دەکا کە لایەنگری خەباتی بەرێووجێی سیاسی و پێکهێنانی پەیوەندی نیزیک نیوان بزوتنەوە جیاوازەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بوو. ڕەحیمی قازی دەنووسێ کە بەرێوەبەرانی حیزبی محەمەدی زۆربەیان ڕووناکبیر بوون، هەوڵیان داوە پێوەندی و نیزیکایەتی لە نێوان ڕاپەڕینی سمکۆ و بزووتنەوەی کوردستانی عێراق بە ڕێبەرایەتی شێخ مەحموود دروست بکەن. بەو ئامانجەش بوو کە سەیفولقوزات، وەک نوێنەری حیزب چوو بۆ لای سمکۆ و وتووێژی لەگەڵ کرد.

ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، وا دەردەخەن کە حیزبی محەممەدی، پلانێکی بۆ یەکخستنی هێزەکانی شێخ مەحموود و سمکۆ داڕشتووە کە پێکەوە بۆ ئازاد کردنی بەشەکانی دیکەی کوردستان تێبکۆشن. هەر لە ئاکامی چالاکی و هەوڵەکانی حیزبی محەممەدیدا بووە کە چاوپێکەوتن و وتووێژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوان شێخ مەحموود و سمکۆ پێکهات. دوکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی سەبارەت بەو سەفەرە و وتووێژی لە گەڵ شێخ مەحموود دەڵی کە هیچ بەڵگەیەک بە نووسراو بە دەستەوە نییە بەڵام لە ژێر نووسەکەدا دەنووسێ کە باسی ئەو سەفەرانەی لە بابی بیستووە.

سەرەڕای ئەوانە عەلی ئیسماعیلی ڕوونی دەکاتەوە کە زانیارییەکان لەسەر ئەو بابەتانە زۆر هاڵۆز و ناریکن و دەنووسێ لە لایەک دوکتۆر ڕەحیم لەسەر چالاکی حیزبی محەممەدی باس لە پێش ساڵی ١٩٢٣ کردووە. بەڵام لە وەرگێڕانە فارسییەکەی کریس کوچێرادا، ساڵی ١٩٣٠ و لە کوردییەکەی ١٩٢٠ و لە گێڕانەوەی دوکتۆر دەشتی‌دا ساڵی ١٩١٥ یە.

## حیزبی ئازادیخوازی کورد

ڕێکخراوێکی دیکەی کورد کە لە سەردەمی ڕەزاشا لە ئێران دروست بوو "ڕێکخراوی ئازادیخوازی کورد" بوو. ئۆرگانی گۆڤاری "توودە" سەر بە سازمان ئینقلابی حیزبی تودەی ئێران لە دەرەوەی وڵات، لە ژمارەی ١٩ ( پووشپەڕی ١٣٤٩) ژووییەی ١٩٧٠ دەنووسێ:

لە ساڵانی ٣٩ – ١٩٤٢ ڕێکخراوێکی پچووک بە نێوی " حیزبی ئازادی کوردستان" بە ڕێبەری دوکتور عەزیزی زەندی پێکهات. لەو ڕێکخراوەیە جگە لە بەیاننامەیەک بە بۆنەی هاتنی ئەرتەشی سوور بۆ سەرووی ئێران، کە لەودا پیرۆزبایی کراوە لە ڕزگاربوون لە فاشیزم و داوای ماڤی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد دەکا چ سەنەدێکی دیکە بە دەستەوە نییە.

بە پێی لاپەڕەی ٢٤ کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" لە نووسینی حامید گەوهەری، مێژووی دامەزرانی "حیزبی ئازادیخوازی کورد" لەو ڕاپۆرتە دا دەردەکەوێ کە ئیدارەی ناوەندی کۆمەڵە بە ژمارە نامەی ٤٤٤ ڕۆژی ٧ ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٣ ( ٢٨ دیسامبری ١٩٤٤) بۆ مۆلۆتوف وەزیری دەرەوەی سۆڤییەتی ناردووە و بە وردی باسی دامەزران و مێژووی خەبات، چونیەتی پێوەندی گرتن و دۆستایەتی لە گەڵ یەکییەتی سۆڤییەت، قەوارەی تەشکیلاتی، پرۆگرام، شێوەی وەرگرتن و ژمارەی ئەندام و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردووە و نووسراوە:

حیزبی ئێمە لە مانگی یونی ساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە. بەڵام بە هۆی کۆنترۆڵی توند و تیژی حکوومەتی ئێران چالاکییەکی زۆری نەبووە. تا ئەو جێیەی کەسێک بە تەواوی جێی متمانەی ئێمە نەبووبایە، داوای ئەندامەتی لێنەکراوە و سیاسەتی ئێمە لەمبارە دا ئێستاش بەمجۆریە. لە مانگی مای ساڵی ١٩٣٩، کوردەکانی عێراق داوای پێوەندییان بە حیزبی ئێمەوە کرد. هەر لەو مانگە دا ئەندامێکی نوێنەری حیزبی ئێمە چووە ناوچەی سەرسنووری عێراق و چاوی بە دوو ئەفسەری کوردی عێراقی کەوت. لەو چاوپێکەوتنە دا بڕیار درا هاوکاری دوولایەنە پەرەی پێبدرێ. دوو کوردی مەدەنی (سویل) یش لەو کۆبوونەوەیەدا بوون. بە هۆی خیانەتی یەکێک لەو ئەفسەرانە بە ناوی " فایق ئەمین" حکوومەتی عێراق ئاگاداری بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بووە. عێراق چونکە لە پەیمانی "سەعداباد" دا بوو، چونیەتی ئەم دیدارە و بڕیارەکانی بە ئێران ڕاگەیاند و ئێرانیش کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری توند ...

لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتە دا هاتووە کە حکومەتی ئێران بە خێرایی ئەفسەرانی کورد دەخاتە ژێر چاوەدێری و بەرپرسیایەتی گرینگیان پێ ناسپێرێ. هەروەها بڕیار دەدری کە ئەو کوردانەی کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتووچۆی عێراقیان کردوە دوور بخرێنەوە
ڕەحیمی قازی لە ژێرنووسی لاپەڕەی ١٢٤ کتێبەکەی دا، بە ئاماژە بە ڕۆژنامەی "خەبات" عەرەبی ڕێکەوتی ١٨ مارسی ١٩٦٠ دەنووسێ کە ناوی ئەو حیزبە لە ساڵی ١٩٣٩ "حیزبی ئازادیخوازی کورد" بووە. ناوبراو لە لاپەڕەی ١٢٥ کتێبەکەی دا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە لە دەستنووسی زەبیحی کەڵکی وەرگرتووە.
حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٥٤ بیرەوەرییەکانی دا، باسی ئەو دەکا کە پێش ئەوەی بۆ شیرازی دوور بخرێتەوە، نەفەر نۆهەمی ڕێکخراوێک بووە.
ناسری باباخانی لە نامیلکەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی کاریزمای ناتەواو، نێوی ٩ کەس لە دامەزرێنەرانی حیزبی ئازادی بەمجۆرە هێناوە:
١ – عەزیزی زەند (عەزیز ئاڵمانی)
٢ – حوسێن فروهر(حوسێن زێڕینگەران)
٣ – عەبدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)
٤ – حوسێن میکائیلی
٥ – حوسێن لبادی
٦ – کەریم یاهوو
٧ – غەفور مەحموودیان
٨ – مەحموود مەحموودیان
٩ – محەممەدی مەولودی (راتبی) یا (حەمەدی مەولودی)
حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٥٤ بیرەوەرییەکانی دا ئاماژە بە ناوی چەند کەس لە ئەندامانی ئەو حیزبە دەکا و دەنووسێ: پێش ڕاگۆستنم بۆ شیراز حیزبیک هاتە کایەوە کە نۆهەمیین نەفەر من بووم.
ئەو شەوە لە سابڵاغێ من و "شەریفی ڕەحیمە کەڕی" بانگ کراین و هەر دووکمانیان سوێند دا ئەو چەند کەسە لە ماڵە حۆسێنی زێڕینگەران بوون.
* عەبدوڵای برایم شەمزینی
* حوسێن لبادی
* محەممەدی مەنگوڕی
چەند نەفەری تری لێ بوو بەڵام لە کۆمەڵە بە ئێمەیان نەگوتبوو.
حەمەدی مەولوودی کە ناوی نەهێنی لە کۆمەڵەی ژ – ک دا "چەکاوەند بوو، لە لاپەرەی ١٦١ بیرەوەرییەکانی دا دەڵی کە لە ماڵە حوسێنی زێڕینگەران بەشداری کۆبوونەوەی حیزبی ئازادی و کۆمەڵەی ژ - ک کردوو و دەنووسێ: ئەوە دوو چەلە من شەریک بووم دە کۆبوونەوەی کورداندا. یەکیان پێش ڕاگواستنم بۆ شیراز بوو هەر لەو ماڵە، ئەو شەوەش هەر لەو ژوورە و لە ماڵە حوسێن زێڕینگەران. شەریک بووم بەدڵ و گیان و ڕوحێکی پاک. هەر دوو کەڕەت سوێندم بۆ کوردوستان خوارد.
مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٠ کتیبی تاریک و ڕوون دا دەنووسێ: چەند کەسی کورد و ئەرمەنی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیکۆشان لکی ئەو حیزبە (حیزبی توده) لە موکوریان دابمەزرینن. بەڵام خەڵک پێشوازی لێنەکردن. حیزبێکێش بە ناوی حیزبی ئازادی بە بەرنامەیەکی چەپییەوە سەری هەڵدا.

سەیید محەمەدی حەمیدی لە ژمارەی ٦٩ ڕۆژنامەی کوردستانی ١٣٢٥ بە بۆنەی شەهید بوونی محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزی ناوەندی کوردستان دەنووسێ:

نانەوازادە ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) داخڵی "حزبی آزادی کوردستان" بو و سویندی خوارد کە بو ڕزگاری کورد و آزادی کوردستان لە ظلم و زور لە هیچ ڕوداویک ڕو وەرنەگیری.

لە لاپەڕەی ٨٧ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" عەلی مرادی مراغەیی دەنووسێ کە حیزبی ئازادی بە هۆی عەزیزی زەند لە ساڵی ١٣٢١ بە نهێنی دامەزراوە و دوایە ئەندامەکانی بە هۆی ڕوکنی ٢ لە سەردەمی ڕەزا شا دا گیران و عەزیز لەگەڵ میسیونێرەکانی خاریجی ڕۆیشتووە بۆ ئاڵمان و دوایە گەڕاوەتەوە. بە پێی ئەو سەرچاوەیە بۆ یەکەمجار بە ڕێکەوتی ٢٦ خەرمانان لە نامەی وەزیری دیفاع بۆ سەرۆکی وەزیران ناوی ئەو حیزبە بە دژی ڕێژیم هاتووە.

بە پێی لاپەڕەی ٨٨ ی ئەو سەرچاوەیە وەزیری دیفاع لە نامەیەکی دیکە دا بە ڕێکەوتی ٢٠ ڕێبەندانی ١٣٢٢ بۆ سەرۆکوەزیران دەنووسێ کە مەرامنامەی ئەو حیزبە بە کوردی و بە ئەرمەنی بڵاو بۆتەوە و عەزیز کەسێکی بێ سەرەوبەرو و لە نێو کوردان دا بێزراوە.

سەریعولقەڵەم کە ئەوکات نوێنەری ڕێژیم لە مەهاباد بوو، پێیوانییە کە پێکاتەی ئەو حیزبە بە دژی ڕێژم بێ و دەنووسێ کە قازی محەممەد و سەدری برای ئەوەندە لایەنگری دەوڵەتن کە نایەڵن ڕێکخراوێک بە دژی ڕێژیم دابمەزری و تەنانەت سەدری قازی لێشیان دەدا.

مامۆستا هەژار دامەزرانی ئەو حیزبە دەبەستێتەوە بە دوای ڕووخانی ڕەزاشا و لە لاپەڕەی ٥٧ کتێبی چێشتی مجێور دا دەنووسێ کە هەر بە هاتنی هێزەکانی ڕووس بۆ نێوخۆی ئێران و تێکچوونی دەوڵەتی ناوەندی، عەزیز زەندی کە بە عەزیز ئاڵمانی بە ناوبانگ بوو و پیاوێکی زانا و دمپاراو بوو، هەژار و زەبیحی و چەند کەسی دیکە بانگ دەکاتە ماڵەخۆی و لەوێ بە سەرۆکایەتی خۆی "حیزبی ئازادیخوای کورد" دروست دەکا. عەزیزی زەندی دوایە تا شاری سەقز گەشتێکی تەبلیغاتی کرد و زۆر کەسی وەک شێخ محەمەدی خانەقا و زۆر ئاغای دیکەی کردە دۆستی خۆیی و بەڵێنی هاوکاری لێوەرگرتن. ناوبراو چوو بۆ تەورێز و زور ئەرمەنی ئەوێشی کردە لایەنگری خۆی و بە تەنتەنە و سەنتەنەیەکەوە دەگەڕا و هەمیشە چەند کێشکی ئەرمەنی بە دواوە بوو. دوایە گوترا کە عەزیز پیاوی دەوڵەتێ بووە بۆ ئەوەی بیری ئازادیخوازی پەرەنەستێنێ پوڵی لە دەوڵەت وەرگرتوە.

بە هۆی ئەوە کە زۆربەی بەرێوەبەرانی ئەو حیزبە دواتر بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ک، ڕەحیمی قازی و حامید گەوهەری مێژووی ئەو حیزبە و کۆمەڵەی ژ- ک بە یەک دادەنێن. حامید گەوهەری لە درێژەی ئەو نووسراوەیە دا لە لاپەڕەی ٢٤ کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" دا دەنووسێ:

بە پێی ئەو ڕاپۆرت و بەڵگانەی بە دەستەوەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە نێوان مانگەکانی جۆزەردان – پووشپەڕی ساڵی ١٣١٧ ( ئووتی ١٩٣٨) دامەزراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٣٢ی کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" لەسەر ژیان و بەسەرهاتی عەزیز زەند دەنووسێ کە عەزیزی زەندی ناسراو بە عەزیز ئالمانی لە ساڵی ١٢٧٧ هەتاوی(١٨٩٨) لە گوندی قالوێی زەندان لە ناوچەی گەورکایەتی مەهاباد لە دایک بوو. لە تەمنی منداڵی دا لە حوجرەی فەقێیان لە لای مام ڕەسووڵ ناوێک خوێندویەتی. هەر لە منداڵی دا ماڵیان چووتە مەهاباد و لەوێ بۆتە کەوش درو.


عەزیز زەندی

دیارە بە ڕوونی کەسی یەکەمی حیزبی ئازادیخوازی کورد نادیارە بەڵام عەزیزی زەند کەسایەتی بەرچاوی ئەم قوناغەیە و دوای ئەوە هاوڕێکانی لە حیزبە دا گیران یان دوور خرانەوە، لە ساڵی ١٣١٨دا چوو بۆ ئالمان و دەرسی حقوقی خوێند. ناوبراو بە دوای ڕووخانی ڕەزاشا گەڕاوە بۆ ئیران و ماوەیەک لە ئیدارەی سجیل دەستی بە کار کرد. ئەو دژی لایەنگری لە دەوڵەتی سووڤییەت بوو و بە لایەنگری لە ئاڵمان بە ناوبانگ بوو. بۆیە لەگەڵ غەفووری مەحمودیان، لە هاوڕێانیان کە بە لای ڕووسان داکەوت بوون دوور کەوتنەوە. عەزیز چووە تەورێز و بە دوای دامەزرانی حکومەتی ئازەربایجان چووە تاران و لە ٢٦ ی ڕێبەندان وەک پاریزەر لە وەزارەتی داد دا، دەستی بە کار کرد. عەزیز زەندی نەگەڕاوە بۆ کوردستان. ئەو لە ساڵی ١٣٢٦دا کتێبێکی خاچ پەرەستانی بە ناوی ئیرشاد دولمزنبین(رینوێنی گوناحکاران) ی لە ئینگلیسی ڕا کردە کوردی. عەزیزی زەندی ٥ کوڕو ٣ کچی هەبوو. میدیەخانی زەند کچی عەزیز زەند لە ١٣ ساڵیڕا بوو بە وێژەری کوردی ڕادیۆ ئێران. ئەو ماویەک خێزانی حەسەن زیرەک بوو. عەزیزی زەند لە ٢ی پوشپەڕی ١٣٥١دا لە تەمەنی ٧ ساڵی دا لە تاران کۆچی دووایی کرد و لە گۆڕستانی بەهەشتی زارا بە خاک ئەسپێردرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٤
## شەڕی دووهەمی جیهانی

شەڕی دووهەمی جیهانی، بە هێرشی ئالمان بۆ سەر وڵاتی لێهستان لە ١٠ی خەرمانان ١٣١٨ (هەوەڵی سپتامبری ١٩٣٩) دەستی پێکرد. دەوڵەتی ئاڵمان بەشی ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەی داگیر کرد و ئەڕتەشی لێهستان تەسلیم بوو. دوای ئەوە دەوڵەتی شووڕەویش، دوو حەوتوو دواتر، هیرشی کردە سەر بەشی ڕۆژهەڵاتی لێهستان و ئەویش ئەوێی داگیر کرد. ستالین بڕیاری دا بوو، لە بری بەدەستهێنانی نیوەی خاکی لێهستان، هاوکاری هێتلیر بکا و بوو بە هاوپەیمانی ئەو وڵاتە و ١٠ ڕۆژ دواتر لەگەڵ دەوڵەتی ئاڵمان، پەیمانی دۆستایەتی و ڕێز لە سەروەری یەکتریان، واژۆ کرد.

هۆکاری ئەو شەڕە زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ سەر داسەپاندنی ئەو سەزایانەی کە لە لایەن دەوڵەتانی سەرکەوتووی شەڕی یەکەمی جیهانی، لە پەیمانی ورسای بەسەر دەوڵەتانی شکست خواردووی ئوتریش، مەجارستان، ئاڵمان و ئیمپراتووری عوسمانی دا داسەپا بوو. لەژێر کاریگەری ئەو پەیمانە دا، ئاڵمان بە تاوانباری سەرەکی دەسپێکی شەڕ ناسێندرا و ١٣ لە سەدی خاکی خۆی لە دەست دا. دەست بە سەر هەموو کۆلۆنییەکانی داگیرا و دەبوو غەرامەتی شەڕ کە نیزیک بە ١٠٠ میلیارد دۆڵار مەزەندە کرابوو، بدا. ئەو سزایە لە توانای بەجێگەیاندنی کۆماری تازە دامەزراوی "وایمار"ی ئاڵمان دا نەبوو و بە لای کۆمەڵگای ئەو وڵاتە، ڕواڵەتی سوکایەتی هەبوو و بوو بە هۆی پێکهاتنی دەستەکانی توندڕەو و فاشیستی وەک هێتلێر و...

سەرئەنجام ئەو دەستە توندرەوانە توانیان پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و دەستەڵات بە دەستەوە بگرن و بۆ بە هێز کردنەوەی پێگەکانی خۆیان، بە خێرا دەست بەکار بن. لە درێژەی دەست درێژکارییەکانی ئاڵمان بۆ سەر وڵاتانی ئوروپایی، لە بەهاری ١٣١٩ دا ئەرتەشی ئاڵمان، دەوڵەتانی نەروێژ و دانمارک و هولەندی داگیر کرد و لە مانگی جوزەردانی ئەو ساڵە، پاریس دەستی بەسەر داگیرا و ئینگلستان کەوتە ناو بیرۆکەی هێرشی ئاڵمان. لە وەزعییەتێکی ئەوتۆ دا لەسەر داوای چرچیل، ئەمریکا هێندێک یارمەتی چەکوچۆڵی ڕەوانەی ئینگلیس کرد.

لە لایەکی دیکە ئەوجار ستالین هەوڵی دا تا پێگەی ڕووس لە وڵاتانی ئیستۆنی و لیتوونی و لیتوانی بەهێز بکا و بەشێک لە خاکی فینلەندیشی داگیر کرد. بە داگیر کردنی فینلەند دەولەتی ڕووس لە کۆمەلگای نێونەتەوەیی دەر کرا و دەوڵەتانی ئینگلیس و فەڕانسە، هەوڵیان دا تا کەل و پەلی نیزامی تەنانەت هێزی لەشکری بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ ڕووسان، ڕەوانەی فینلەند بکەن.

لەو قۆناغەدا هاوپەیمانی ڕووس و ئاڵمان پەرەی زۆر ئەستاند. هێندێک پلان لە گۆڕێ دا بوو کە نەفتی باکۆ بە ئاڵمان بدرێ و هەوەها ڕووسەکان چاویان بڕیبوو سەر ئازەربایجانی ئێران و زانیاری زۆریان وەک کارگە ئابوورییەکان و ڕادەی کرێکار و هەوەها هەڵسوکەوت و پەیوەندی و خۆشەویستی خەڵک و حکومەتیان لەو ناوچە دا کۆکردبووە. گشت ئەو بابەتانە بوونە هۆی ئەوە کە دەنگۆی هێرشی ئینگلیس و فەرنسە بۆ باکۆ بکەوێتە سەر زاران. بەڵام شکانی فەڕانسە لە ساڵی ١٩٤٠ بیری بۆمبارانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باکۆ خستە فەرامۆشی.
بە پێی سایتی ئینتیرنێتی ڕادیۆ فەردا، لە زمانی "جەمیل حەسەنلی" دەگوترێ کە شوورەوی بۆ پارێزگاری لە نەفتی باکۆ، پێیخۆش بوو ئەوەندی بکرێ سنوورەکانی خۆی لەو دەڤەرە بەرەو باشوور پەرە پێبدا. حەسەنلی دەڵی کە باقرۆڤ و تەیموور قوڵی ئۆڤ بە نامە داوایان لە مەسکۆ کرد کە بە شێوەی وڵاتی ئۆکراین و بلوو ڕووس، پرسی ئازەربایجان چارەسەر بکرێ و ٢ ئازەربایجان بخرێنەوە سەر یەک.
لە درێژەی ئەو کێشانە دا هەرچەند ئالمان توانی تا سەرەتای ساڵی ١٩٤١ یوگوسلاوی و مەجارستان و ڕۆمانی و بوڵغارستان داگیر بکا، بەڵام بە پەرەسەندنی دەستەڵاتی ڕووس لە ئوروپایی شەرقی ئالمان نیگەران بوو. بۆیە وتووێژی نیوان ڕووس و ئاڵمان لە ساڵی ١٩٤١ بە ئاکام نەگەیی و ئاڵمان لە ٢٢ ژوئەن ئەو ساڵە هێرشی کردە سەر شوورەوی و پەیمان نیوان دوو وڵاتی شکاند و خستییە ژێر پێ. ئەمریکا کە یارمەتی بە بەرەی هاوپەیمانان دەکرد، بە دوای هێرشی ئاڵمان بۆ سەر شوورەوی و هێرشی ژاپۆن بۆ سەر هێزەکانی لە بەندەری "پێرڵ هاربێر" لە مانگی دیسامبری ١٩٤١ بە فەرمی هاتە نێو مەیدانی شەڕ. بەمشێوەیە بەرەیی هاوپەیمان بە دژی وڵاتانی ئاڵمان و ئیتالیا و ژاپون، لە وڵاتانی ئینگلیس و ئەمریکا و سوویەت ... پێکهات و ئەو شەڕە کە سەرەتا هەر لە ئوروپا دەستی پێکرد بوو، ئاسیا و دوایە ئەفریقاشی گرتەوە.

## پەیوەندی ئێران و ئاڵمان لە زەمانی ڕەزاشادا

هەرچەند سەردەمێک ئینگلیسییەکان بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شا بە تەواوی هاوکاریان کرد، بەڵام بەر لە دەست پێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی، ڕەزا شا وردە وردە لە ئاڵمانییەکان نیزیک ببووە و ڕێگای دابوو ئێران ببێتە پێخوستی مەئموورانی ئاڵمانی. زۆر لە بەڕێوەبەرانی ئێران پێیانوابوو کە ئاڵمان دەتوانێ ئەوان لە ژێر دەستی ناڕاستەوخۆی ئینگلیس و ڕووس نەجات بدا. ئاڵمانییەکان ئەو هەستەیان پەرە پێدەدا و بەشی فارسی ڕادیوی ئاڵمانیان لە شاری برلین کردەوە.
ئێگلتۆن لە لاپەڕەی ٣٩ کتێبەکەی دا دەنووسێ ڕووسەکان ساڵێک زوتر ئاگادار بوون کە لە ساڵی ١٩٤١ و ١٩٤٢ گرینگتری ئامانجی ئاڵمان ئەوە بووە کە لە ئێرانەوە هێرش بۆ سەر ڕووسییە بکا و ئازەربایجان و قەفقاز بگرێ و ڕێگای ناردنی ئازوقەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ڕووسیە ببەستێ.
دەوڵەتی ئاڵمان و ئێران بە نەهێنی ڕێککەوتبوون کە هێزەکانی ئاڵمان لە لای ئێران ڕا هێرش بکاتە سەر سوڤییەت و لە بەرانبەر دا هیتلێر بەڵێنی زیندوکردنەوەی ئیمپراتووری ئێرانیی و گەڕانەوەی قەفقاز و تورکمەنستانی بە ڕەزا شا دابوو.
لە سەرەتای شەڕی دووهەمی جیهانی، واتا لە مانگی سیپتامبری ١٩٣٩ و مانگی ژوئەنی ١٩٤٠ دا نیزیک بە ٤٠٠٠ سیخوڕی پسپۆڕی ئاڵمانی لە ئیران دا جێگیر کران بە پێی لاپەڕەی ٨٠ کتێبی ڕەحیمی قازی لە ٣ مانگی یەکەمی ١٩٤١ دەوڵەتی ئاڵمان لە ڕێگەی تورکیە بە ڕادەی ١١ هەزار تۆن چەک و قۆرخانەی گەیاندە ئێران. هەروەها لە مانگی ژوئییەی ئەو ساڵەدا پتر لە ١٥٠ ئەفسەری ئاڵمانی لە ژێر بەرپرسایەتی ژێنڕاڵ کاناریس، بە نێوی گەڕان هاتنە ئێران.
دیارە لە هێندێک سەرچاوە دا باس لەوە دەکرێ کە ڕادەی پسپۆڕانی ئینگلیسی لە ئێران لەوکات دا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوار بەرابەری ڕادەی ئاڵمانییەکان بوو کە ٧٠٠ کەس بوون، بەڵام ئەو ڕادە کەمەی ئاڵمانییەکان بۆ هاوپەیمانان زۆر مەترسی دار بوو.

سیخوڕانی ئاڵمانی لە ئێران بە دژی بیروراێ کمونیستی پڕوپاگەندەیان دەکرد. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٨٢ بزوتنەوەی ... دا دەنووسێ ئەو پڕۆپاگەندەیە لە کوردستان بە سەرۆکایەتی سیخوڕی گەورەی ئاڵمانی فردریک هۆمێد و بە بەشداری هێندێک لە ئەفسەرانی ڕەزا شا بەڕێوە دەچوو. بەربڵاوی لایەنگری لە ئاڵمان بە جورێک پەرەی ئەستاند بوو کە ناوی هیتلێر لە لای عەجەمان خۆشەویست ببوو و لە تەبلیغاتەکان دا دەیانگوت:

حەیدەرە... هێتلەر نییە... دنیا ڕزگار دەکا.

ژن و کچەکانی ڕەزاشا سەردانی هێتلیریان کرد و دیاری بە نرخیان بۆ برد. هەر دوو نەتەوە وەک یەک میللەت بە حیساب هاتن و هەوڵ درا بۆ ژن و ژن خوازی. ئەوجار ڕەزاشا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئاڵمان بەسەر ڕووس دا سەردەکەوێ و شارەکانی سەرووی ئیران کە لە زەمانی فەتحعەلی شا دا لە دەست دەر چوو بوون، دووبارە بە دەست دێنێتەوە.

ڕۆژنامەکانی سەردەمی ڕەزا شا بە پڕووپاگەندە بۆ هیتلێر ئاخێندرابوون و مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ١٤ کتێبی تاریک و ڕوون دا دەنووسێ:

چاپەمەنی ئەو سەردەمی ئێران پێشکەوتوو نەبوو. چەند گوواری وێنەدار و جوان دەردەچوون کە لە لایەن سفارەتی ئالمانی نازیەوە یارمەتی دەردان و بە قازانجی نازیسمیان دەیانووسێ. کتێبی سیاسی ئەودەمی هەموو لەبارەی هیتلەر و موسولینی دا بوون. ڕۆژنامەکانیش تەبلیغاتیان بۆ ئاڵمان دەکرد و بە بەژن و باڵای پەهلەویان هەڵدەکوت.

مامۆستا هێمن هەر لە پەیوەندی لە گەڵ تەبلیغات بۆ ئاڵمان لە لاپەڕەی ١٧ کتێبەکەیدا دەنووسێ:

... لە سەرتاسەری ڕۆژگاری حکومەتی پەهلەوی دا ڕۆژنامەکانی ئێران هەر شتی خراپیان لە دژی شووڕەوی نووسیبوو. باڵشویک لەو سەردەمەدا لە ئێران، گەورەترین جنێو بوو ... ماوەیەک بوو شارەوانی مەهاباد ڕادیویەکی هێنابوو و بەرنامەکانی "بیرلەنی" بە زمانی فارسی بڵاو دەکردەوە کە سەرتاسەر جنێو بە کمونیزم و باڵشویزم بوو.

ڕادەی کاریگەری ئاڵمان لەسەر هێزەکانی ئێران بە ڕادەیەک بوو کە بە دەوای خەرمانانی ١٣٢٠نیزیک بە هەزار کەس لە ئەفسەر و دەرەجەداری ئێرانی، لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پەنایان بۆ تورکیە برد و لە دیاربەکر نیشتەجێ کرابوون، ڕادیۆ ئاڵمان بە ڕاشکاوی دیگوت کە ئەو هێزە لە ژێر فەرمانی هیتلێر دایە و هەرکات بیهەوێ ڕەوانەی بەرەی شەڕ دەکرێن.

ئەوجار لە بواری بازرگانی و ئابووری پەیوەندی ئاڵمان و ئێران زۆر بە هێز ببوو. ئاڵمانییەکان هەوڵیان دا ژێرخانی ئابووری ئێران، بخنە ژێر هێژموونی خۆیان. دەوڵەتی ڕەزاشا بە تایبەت لە کوردستان دا، زەختی زۆری بۆ خەڵک هێنا و هەموو ئاسانکارێکی بۆ ئەوان پێکهێنا. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لەو بارەوە لە لاپەڕەی ١٨١ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." دا دەنووسێ: ئێرانی یەکان بۆ مبایعەی ئەسلەحە ئیبراهیم ئەرفع یان نارد بۆ بەرلین. لەگەڵ کارخانەی (کردوب) کەوتە موزاکیرەی خەریدی ئەسلەحە. بەڵام لەبەر سێعری ناموافق لەگەڵ کارخانەی (شکودا) ڕێک کەوتن. کە مقابل بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەریدی ئەسلەحەی جەنگ گەنم بدەن بە ئاڵمانیا، چونکە لەو وەختەدا چیکۆسلوڤاکیا لەلایەن ئاڵمانەوە ئیحتلال کرابوو، فابریقە شکودا بە چەنگ ئاڵمانییەکانەوە بوو. ئەمجا لە هەموو مەنتیقەی کوردنشینی ئێرانا نانی گەنم خواردن مەنع کرا. لە پێش حاسلات و درەوا، بە ئەندازەیەکی فەزلە لە حاسڵات مەزرەعەی گەنمی فەلاحەکان تەخمین ئەکرا. ئەبوایە بە کامیلی ئەو موجودە گەنمەیان تەسلیمی بە دائیرەی مەخسوسی دەوڵەتی بکرادیە مقابل بە نرخێکی فاحش. لە غەیرەز نانی جۆ و گاڵ و زوڕات، بە قەراری قەتعی نانی گەنم بۆ کوردەکان قاچاغ بوو، جا سیاسەتی ڕەزا شا بە هەزاران لکی لەوە پیستر دوایی هاتوە.

## هاوپەیمانان ئێرانیان داگیر کرد

هەرچەند دەوڵەتی ئێران چەند جار ڕایگەیاند کە لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا بێ لایەنە، بەڵام وڵاتانی هاوپەیمان بە بیانووی پەیوەندی پتەو و بوونی کارناس و سیخوڕانی ئاڵمانی لە ئێراندا و هەروەها بۆ گەیاندنی چەکوچۆڵ و یارمەتی بە هێزەکانی شوڕەوی، پلانی دەستبەسەر داگرتنی ئێرانیان دارشت و لە ٣ ی خەرمانانی ١٣٢٠ (٢٥ ئووتی١٩٤١) هێرشیان کردە سەر ئێران. لەو هێرشە دا ١٦٠ کەس لە هێزکانی ئێرانی کوژران و ٣٢٠ کەسیش بە دیل گیران. هێزەکانی ڕووس تەنیا ٦ کوژراویان هەبوو.

دواتر ڕادیۆ لەندەن لە ١٥ ئۆکتۆبری ١٩٤٢ سەبارەت بە مەبەستی داگیر کردنی ئێران لە لایەن بەرەی هاپەیمانان ئاماژەی بە سێ شت کرد کە بریتی بوون لە، بەرگری لە پەرەستاندنی پێگەی ئاڵمان و پاریزگاری لە ناوچەی نەفتاوی ئێران و عیراق و ئاسانکاری بۆ ناردنی خوراک و قۆرخانە بۆ ڕووسیە.

وڵاتانی هاوپەیمان سەرەتا بە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری بە هۆی فڕۆکە، خەڵکی ئێرانیان لە مەبەستی خۆیان ئاگادار کرد. لەسەر ناوەرۆکی ئەو ئاگادارییە مامۆستا هێمن دەڵێ کە لە سەر خەرمان بوو دوو تەیارەی ڕەشی زەلام هاتن و ئاگاداریان بە زبانی کوردی بڵاو کردە و دەنووسێ:

بڕوا بکەن وەختابوو لە خۆشیان باڵ بگرم. ئەو کاغەزە بەیاننامێک بوو کە بە زمانی کوردی نووسرابوو...

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٦٥ بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ، کە بە دوای بەردانەوەی ئەو بڵاوکراوەدا، خەڵک بە پەلە بۆ کۆکردنەوەی دەخڵ و دان، وەخۆ کەوتن. هاوکات مەئموورانی دەوڵەتیش بۆ ڕادەی وەرگرتنی گەنمی زیادی، دەست بە کار بوون.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٥٨ چێشتی مجێور دا لە سەر ناوەرۆکی بڵاوکراوەی دەوڵەتی شووڕەوی بە هۆی فڕۆکەکانی بە سەر دێهاتی لای تەرەغەی ناوچەی بۆکان دا، باس لە دوو مەتن دەکا و دەنووسێ:

خەڵکی ئێران خاترجەم بن، ئێمە لە گورگانی هیتلێری ڕزگارمان کردون، دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران کە هەواڵی نازی بوون، لەبەر یەک هەڵوەشاوە و سەربازەکانی تەسلیم بوون و خۆیان بە دەستەوە دەدا و تفەنگیان دەدا بە نانێک.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی٤٣ کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ:

ئەوجار تەیارە ڕەشە هاتوو کاغەزی بە ئاسمانێ دا بڵاو کردەوە و داوای لە خەڵك کرد کە لەسەر جێوڕێی خۆیان بمێننەوە. ئەمن جوان لەبیرمە کە بە فارسی نووسرابوو: " المان نازی مثل مور و ملخ موزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سر در بیابان نهاده و مردم را قتل عام میکند". (ئاڵمانی نازی وەك كولوو بە دنیایە وەربووە و خەڵكی قەتلی عام دەكات). هەروەها نووسرابوو كە ئەوە ئەرتەشی شووڕەوی پێشی پێدەگرێ و دەیهەوێ ئەو بەڵایە لەسەر خەڵك لاببا.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٣٣ كتێبی "لە مەهابادەوە تا بایكانۆر" كە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوە لەسەر بڵاو كردنەوەی ڕاگەیندراوی ڕووسەكان لە ناوچەی مەهاباد دەنووسێ كە لە ئاوایی گڵۆڵان بووە كە چەند فڕۆكە هاتوون و كۆمەڵێک كاغەزیان بەرداوەتەوە كە تێی دا نووسرابوو: سوپای یەكیەتی سۆڤیەت بۆ دەرپەڕاندنی سیخوڕە ئاڵمانییەكان و پووچەڵكردنەوەی تابووری پێنجەم سنووریان بڕیوە و هاتوونەتە ئێران. هیچ مەترسییەک لەسەر خەڵكەكە نابێ و كاریان بە خەڵكی نەداوە.

لە سەر ڕووت كردنی سەرباز و ئەفسەرانی ئێرانی، هەژار لە لاپەڕەی ٥٨ چێشتی مجێوردا دەگێڕێتەوە:

شەوێک دوو میوانی نەناسیاوم هاتن. بەڵام چۆن میوانێک؟ ڕوت و قوت و تیتۆڵ شڕ، كەسم هیندە ڕووت و پەریشان نەدیوە. گوتیان(ئێمە سەربازی لە ورمێ بوین، بە تفەنگەوە دەهاتینەوە بەرەو وڵات، شكاكان ئێمەیان وەک سەتان و هەزاران سەرباز و ئەفسەری تر ڕوت كردوە و ئەو جلانەیان داوینێ.

مامۆستا هەژار دەنووسێ كە ئەو ئاگادارییە بۆنی شەڕی لێدەهات و دڵخۆشی خەڵكیان دەداوە و ئەوەی نیشان دەدا كە لەشكری سوور هاتبووە ناو ئێران. بەدوای بڵاو كردنەوەی ئاگاداری ڕاگەیاندنی شەڕ، فڕۆكەكانی ڕووس شاری مەهابادیان بۆمباران كرد. دوكتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١١٩ دا دەنووسێ كە پێشتر ڕووسەكان بە هۆی تەیارە نەناسراو شوێنە گرینگەكانیان دەستنیشان كرد بوو.

ئەحمەدی زەنگەنە لە لاپەڕەی ١٢ بیروەرییەكانی دا دەنووسێ كە چەند ڕۆژ بەر هاتنی هێزەكانی ڕووس بۆ ناو خاكی ئێران، چەند سیخوڕی شووڕەوی بە هەموو ئیمكاناتەوە گیران هەروەها تەیارەكانی شووڕەوی لە بەرزایی زۆر دا بەسەر ئاسمانی شاری ورمێ دا خولیان دابوو. هەروەها دوكتور ئاسۆ باسی دەنگۆی ئەوە دەكا كە پێش هێرشی ڕووس بۆ سەر ئێران، جاسووسە



ڕەحمانی حەلەوی

بوون و خەڵكی دێهات یەخسیریان كردبوون. مستەفا خانی ئاوایی "خورپاوا" دوو دەس لەوانی وەدیر خست بوو و لە ماڵە خۆی حەشاری دابوون. وەک دەگوتری ئەوانە پەیوەندی بێسیمی نیوان ئازەربایجان و تارانیان هەڵبڕی بوو. دوای هاتنی ڕووسەكان ئەو سیخوڕانە تەسلیم بە ڕووسان كرانەوە و بۆ ئەو كردەوەیە ڕووسان زوریان ڕیز لە مستەفاخان گرت و هەمووكات ٢٠٠ سوار، ئێسكۆرتیان كردوە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١١٩ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە لە ڕۆژی ٢٠ خەرمانان٣ تەیارە لە سەر ئاسمانی مەهاباد دەرکەوتن و یەکەم بۆمبیان لە شارەداری دا. دوهەمین بۆمب لە پێش ماڵە ڕەحمانی وەلیزادە کەوت و ڕەحمەتی وەتەمیش کە جەوانیکی وەرزشکار بوو، کوژرا.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ١٨ی تاریک و ڕوون دا دەنووسێ:

بەیانی دوو فڕۆکە هاتن چەند نارنجۆکی بچووکیان بە شاری دادا...

خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٠٠ی کتێبی مێژووی بنەماڵەی قازیدا، باسی ئەوە دەکا کە چۆن ٣ تەیارەی سپی بە شێوەیەکی نزم بە سەر شاردا هاتن و ١٥ تا ٢٠ بۆمبیان بە فەرمانداری و ڕاستەڕێی خەیابانی شاپوور و پادگاندا دا و چەندین ماڵیان وێران کرد و ٢٠ کەسیان کوشت. ئەو تەیارانە دوای چارەگێک گەڕانەوە و دیسان پادگانیان بۆمباران کردەوە.

هاوپەیمانان دوای ئەوە شوێنە نیزامی و گرینگەکانی ئێرانیان بۆمباران کرد و لە باکوور لەشکری سووری شووڕەوی و لە باشوور هێزەکانی ئینگلیس و دواتر ئەرتەشی ئەمریکا سنووری ئێرانیان بەزاند و وڵاتیان داگیر کرد. هێزی هاوپەیمانان، هێزی ئێرانیان تێکشکاند و دوای بۆمبارانی هێندێک لە شارەکان و سەرکوت کردنی هێندێک بەربەرەکانی لە شمالی ئێران، دەوڵەتی ئێران تەسلیم بوو و دابەش کرا.

ئەحمەدی زەنگەنە لە لاپەڕەی ١٢ بیروەرییەکانی دا دەنووسێ کە سەعاتی ٤ بەیانی ڕۆژی دووشەممە ٣ شەهریوەر هێزەکانی ڕووس بە پشتیوانی تانک و تۆپ و تەیاری سنووری ئێرانیان بەزاند. سەرلەشکر زەنگەنە باس لەوە دەکا کە فەرماندەری لەشکری ورمی هەوڵی داوە بەربەرەکانی بکا لە ئاو و خاکی ئێران دیفاع بکا. بەڵام قسەکانی هەموو فروفیشاڵ بوو و هیچ بەربەرەکانێکی ئەوتۆ نەکرا و هیزەکانی ئێران زۆریان تەسلیم بوون و ڕادەیەکی ٨٠ ئەفسەر و ١٠٠٠ سەرباز، لە سنووری پارێزگاری ورمی ڕا پەنایان بۆ تورکیە برد و دوای ٧ مانگ مانەوە لە دیاربەکر، دەوڵەتی ئینگلیس بە ڕێگای سوریە و بەغدا و خانەقین دا گەڕاندنییەوە بۆ ئیران.

ئەرتەشی ئێران لە کوردستان دا بی ئەوەی بەربەرەکانی بکا و پێش ئەوە لەشکری سوور بگاتە مەهاباد چەکی فڕێ دا و وەک تۆوی هەرزن بڵاو بوو. مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ١٩ دا لە سەر هیزەکانی ئەرتەش دەنووسی:

تفەنگی بڕنۆیان دەدا بە نانێک. ئەویش ئەوی ئازایان، دەنا ئەوەی ترسەنۆک بەرتیلی دەدا تفەنگەکەی لێوەرگرن.

لەسەرەتا دا لەشکری سوور هاتە نێو شاری مەهاباد و لە گەڵ خەڵک بە حورمەتەوە جوڵانەوە. بۆیە پاش ٤ تا ٥ ڕۆژ شار ئارام بووە و خەڵک گەڕانەوە سەر ڕێوجێی خۆیان. خەلیل فەتاح قازی لە لاپەرەی ٧٨ لەسەر گرتنی مەهاباد دا دەنووسێ:

خەرمانانی ١٣٢٠- ١٩٤١ مەهاباد و ناوچەکە بۆمباران کرا و هەنگی ژاندارمەریی بەبێ شەڕ خۆیان بەدەستەوەدا و ڕوسەکان چەک و تەقەمەنی مهابادیان برد و سەربازەکانیان ئازاد کرد کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. شارەبانی و ژاندارمەری کەوتە دەست ڕووسەکان و خەڵک پرچەک بوون و نائەمینی ڕووی لە مهاباد کرد و کەسێک نەبوو بە شکایەتی خەڵک ڕابگات، جگە لە مەئموره کوردەکان، ئەوانی تر گەڕابوونەوە بۆ شارەکانیان و ئیدارەکانیان بە کوردەکان سپاردبوو. ماڵی قازی محەمەد مەکۆی ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەئمورانە بوو کە هەندێک جار سەردانی مهابادیان دەکرد.

خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٠٠ کتیبەکەی دا باسی ئەوە دەکا کە هێزەکانی ڕووس بە ڕێگای میاندواو و ورمی دا بە تانک و تۆپ و و کەلوپەلی شەڕ، بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی هاتنە نیو شاری مەهاباد. بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە، چەند ئەفسەری ئێرانی بە نوێنەرایەتی پادگانی مەهاباد، بە هەڵکردنی ئاڵای سپی و بە ماشێن چوونە پێشوازی هێزەکانی مۆتۆڕسواری ڕووس تا تەسلیم بوونی خۆیان ڕابگەیەنن.

هێزەکانی ڕووس هەر ئەو ڕۆژە چوونە نێو پادگان و ئەفسەر و سەربازەکانیان زیندانی کرد. دوایە دەستیان بە سەر تەواوی چەکی باش و تەقەمەنییەکانی پادگان داگرت و لەوێیان ڕاگوێزتن. ئەوان دوایە بە چەند ماشێنی پڕ لە سەرباز چوونە نێو شار و دەستیان بەسەر ژاندارمەری و شارەبانی داگرت و زیندانییەکانیان ئازاد کرد. یەکێک لە سەروک عەشیرەتەکانی زیندانی کە هەستی شێعری هەبوو، کاتێک هەواڵی ئازادبوونی خۆی بیست، ئەو شێعرەی دانا:

" در پوست خود نگنجم از فرط شادمانی "

ئەرتەشی ڕووس بێ ئەوەی زیان بە خەڵک بگەیەنێ لە نێو شار دا جێگیر بوو و لە سەر ئیدارەکانی دەوڵەتی کێشکیان دانا. هێزەکانی ڕووس دوای٣ ڕۆژ لە ئاگادارییەک دا بە خەڵکیان ڕاگەیاند کە هەر چەکێکی هەیانە دەبی بە زوترین کات تەسلیم بە ڕووسەکانی بکەن دەنا سەزا دەدرێن. ئەوان دوایە لە پادگان سەربازەکانیان ئازاد کرد و ئەفسەرەکانیشیان بۆ شارەکانی تەورێز و ورمی ڕاگوێزت کە ئەوانیش دوای دوو سێ مانگ ئازاد کران.

بە دوایی دا لەشکری ئینگلیس بە ٤٠ دەزگا ماشێن هاتە مەهاباد و دوو شەو لە پادگان ماوە. ئەوان ڕێگایان دا کە خەڵک تەواوی ئەو کەرەسە و شتومەک و چەکە کۆنانە بەرن کە ڕووسەکان لە پادگان بە جێهانهێشت بوو و بۆخۆیانیش چەکە قورسەکانیان برد. هەرچەند ئینگلیس تا مەهاباد هات، بەڵام ناوەندی ژێر دەستەڵاتی ئەوان لە کوردستان، پارێزگاکانی سنە و کرماشان بوو و لەگەڵ ڕووسان سنووریان لە سەقز و سەردەشت تێکەڵ بە یەک دەبووە.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٣٤ کتێبی "کورد بوون" باسی تاڵانی پادگانی مەهاباد و دەکا و دەنووسێ: ئەو ڕۆژە لای نیوەڕۆیە ئینگلیسەکان فانی بوون. ئەوان ون بوون و عالەمی شار بە سەربازخانە وەربوون. داریان بەسەر بەردی نەهێشت. سەربازخانە تاڵان کرا. عالەم وا داغدار بوون کە چەند هۆدەیان سووتاند. خەبەرم زانی کە دەستێک ئێستری تۆپخانە لە زینوی چاواربەردان بەرەڵڵایە.

بە هاواڵەکانم گوت با بچین ئەو ئێسترانە بگرین. من و "ڕەحیمی عەبدی ڕەزا"ی دەگەڵ دوو نەفەری تر بۆ لای ئێسترەکان چووین، تەماشامان کرد "بایزە خێلی ..." خۆی و سێ نەفەری نۆکەر، خەریکە ئێسترەکان دەگرێ، دوو ئێستری گرتووە و نۆکەرێک پەتی کردوون ئێمەش چووین بۆ ئێسترەکانی دی...

هێزی نیزامی ئێران کە هەمووکات بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی خۆی، قارەمان و کوڵنەدەر بوو، نەیتوانی لە بەرانبەر هێزی دەرەوە دا چەند ساتێک خۆ ڕاگرێ. ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ:

ئەوەیە چارەنوسی خەڵکی ئێران و کوردستان بە دەست دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانییەوە. هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کات خاکی نیشتمان لە مەترسی دەکەوێ و دەکەوێتە بەر هێرشی بێگانە سوپای ئێران لە بری خۆڕاگری و پاراستنی گیان و ماڵ و ناموسی خەڵک خۆی دەشارێتەوە و جل و بەرگی سەربازی بە جل و بەرگی کرێکاری دەگۆڕنەوە و چەکەکانیان فڕێ دەدەن و گەر لە ناو خۆی وڵاتیش کەسێ داوای مافی ڕەوای خۆی بکا لێی دەبن بە ڕۆستەمی سامی و بە هەمو توانەوە هێرشی بۆ دەکەن و بە دڕندانەترین شێوە لە ناوی دەبەن. لە سەر ئەو قسەی خۆمم بەڵگەم هەیە. لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ی زایینی) مەهاباد لە لایەن فڕۆکەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆمباران کرا. ئێمە لە قەراخ شار بێستانێکمان هەبو کە سێ یا چوار بێستانچی کاریان تێ دا دەکرد. ڕۆژێک بێستانچییەکان لە ماڵی مامە وەهاب وەژور کەوتن. هەر یەکی دەستێکیان جل و بەرگی ئەفسەری لە بەر دا بوو. هەمو ئەستێرەی سەر شان و دەرەجەکانیان پێوە بوو. مامم پرسی مام مارف لە کێهە زانکۆی سەربازی دەرست خوێندووە؟ چۆن بوی بە سەرهەنگ؟ کوتی قوربان ئەو ڕۆژەی کە شار بۆمباران کرا ئێمە لە نێو بێستان خەریکی کار بوین. ئۆتۆمبێلێک بە پەلە دەڕۆیشت. کە ئێمەیان دیت ڕایان گرت. سێ کەسی تێ دا بو. بانگیان کردین و جل و بەرگی خۆیان دەرهێنا و پێیان کوتین ئەو جل و بەرگە کۆنانەی خۆتامان بدەنێ و جل و بەرگمان گۆڕییەوە. بەو جۆرە بوین بە سەرهەنگ و سەروان.

بەمشێوەیە ئەرتەشی ئێران کە ماوەی ٢٠ ساڵ بوو لە ژێر دەسەڵاتی ڕەزا شا دا، ژیان و گوزەرانی لە خەڵک هەڵگرت بوو، نەیتوانی هیچ دژکردەوەیەک لە خۆ نیشان بدا و بەفەوری تەسلیم بوو. هێزەکانی بەرەی هاوپەیمان، ئەرتەشی دژی گەلی ئێرانیان چەک کرد بە قەولی مامۆستا هەژار کە لە شێعری ... دەڵێ:

"بە بڵاو بوونی دوو پەڕ ئاگاهی

بووبڵاو ئەرتەشی شاهنشاهی"

هێزەکانی ڕووس پاش گرتنی شاری مەهاباد و چەک کردن و تاڵان کردنی چەک و چۆلی پادگان، دوای ١٠ تا ١٢ ڕۆژ مانەوە لە ناو شاری مەهاباد هێزەکانیان کێشاوە بۆ شارەکانی ورمێ و تەورێز.

لەسەر هەڵسوکەوتی ڕووسەکان لە ماوەی مانەوەیان لە مەهاباد، ئەحمەدی قازی لە دەست نووسێک دا دەنووسێ: بیرەوەری کوشتاری خەڵکی سابڵاغ و دەوروبەر لە شەری جیهانی یەکەمدا لە لایەن سپای ڕووسەوە، هێشتا لە بیر خەڵک نەچوو بۆوە. پیرە پیاوەکان باسی ئەو کارەساتەیان بۆ لاوەکان دەگێراوە و ترسیان لە ڕووسەکان دەخستە دڵی جەماوەر. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو دەنگ و باسانە ساڵداتەکان زۆر مێهرەبان بوون و کاریان بە کاری کەس نەبوو، نەدەهاتنە نیو ئاوایی و داوای هیچ شتێکیان لە هیچ کەس نەدەکرد. تەنیا کاریان ئەوە بوو لە چۆمە جوانەکەی قازیاوا دا مەلە بکەن و ماسی بگرن. وردە وردە خەڵک سامی شکا و جار جار ماست وشیریان بۆ دەبردن و ئەوانیش چاکەی خەڵکیان دەداوە. زۆر جار منداڵی دێ یان بانگ دەکرد و لۆبیای کوڵاویان دەدانێ، منیش بەشم تێدەکەوت و زۆرم کەیف بەو لۆبیایە دەهات.

لۆبیایەکی درشت و سپی و تام خۆش بوو کە دە تەشتی گەورەدا وەسەریان دەنا و پاشان دەیانخوارد و بەشی منداڵی چلێسی دەوروبەریشیان دەدا.

وەک پاشان ئاگادار بووینەوە لە لایەن حکومەتی سۆڤیەتەوە بەو ئەفسەر و ساڵدات و مەعموورە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی یانە دەستوور درابوو تا دەتوانن پەیوەندی دۆستانە  دەگەڵ جەماوەری خەڵکی کوردستان بەرقەرار بکەن و بیرەوەری تاڵی کوشتاری شەری جیهانی یەکەم لە بیر خەڵک بەرنەوە.

ئەوجار ڕووسەکان دەستیان بە گوێزتنەوەی چاڵە گەنمەکانی مەهاباد بۆ شارەکانی ورمێ و تەورێز کرد. بەڵام لە سەر داوای سەدری قازی، سەرۆکی ئەنجومەنی شار، ڕووسەکان وازیان لە ئەنبارەکان هێنا و بۆ خەڵکیان بەجێهێشت.

بە تێکچوونی دەوڵەتی ڕەزا شا، ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە هەموو بنچینەکانی دەستەڵاتداری ئێران بە تایبەتی بەشی لەشکری و ئەمنی پێکهات. زیندانیانی سیاسی کە ساڵەها لە زیندان دا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردابوون، ئازاد کران و دوور خراوەکان کە زۆربەیان خەڵکی کورد بوون، گەڕانەوە و دوای ٢٠ ساڵ، خەڵک بە ڕاحەتی نەفەسێکیان کێشا. لە ناوەندە گەورەکانی ئێران ڕۆژنامە و بڵاوکراوە لە ژێر سانسۆر هاتنەدەر و بیروڕای سیاسی ئازاد و هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی، پەرەی ئەستاند.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٣٦ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، لە سەر وەزعی ئەوکاتی مەهاباد دەنووسێ: خەڵکی چەکدار دەهاتن و دەچوون. دامودەزگای میری بەشی زۆریان داخرابوون و سەربازگەی مەهابادیش بە مەرەدی سەربازگەی سەردەشتێ چووبوو، چەك و تەقەمەنییەکەی کەوتبووە دەست خەڵکی بەتایبەتی عەشایری دەوری مەهاباد. لە هێزەکانی میری هێشتا شارەوانی مابوو. بەڵام دەسەڵاتی نەمابوو. جاروبار بۆ شتێکی پێویست ئەویش بەبێ چەك دەهاتنە دەرێ.

دوای ئەوە هێزەکانی ڕووس بەشی زوری کوردستانیان داگیر کرد، بەشێک لە مەڵبەندی موکوریانیان بەجێهێشت و هەر لە ورمی و میاندواو ڕا دوورادوور چاوەدیریان بە سەر مەهاباد دا دەکرد. ئەوان ڕیگایان نەدا بە گەڕانەوەی ئەرتەشی کۆنەپەرەستی ئێران بۆ مەهاباد. بەمشێوەیە بەشی زۆری مەڵبەندی شیماڵی کوردستان وەک شنۆ و نەغەدە و لاجان و مەهاباد و بۆکان سەردەشت و سەقز و بۆکان و دەوروبەریمیاندوا و ساین قەڵا و بانە، وەک مەڵبەندی بێ لایەن دیاری کرا.

## گرتنی پادگانی بانە و سەردەشت

تا پیش جێگیربوونی دەستەڵاتی ڕەزا شا بەسەر ئێران دا، ئیدارەی شاری سەردەشت زیاتر بە هۆی عەشایری دەوروبەری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەڕێوە دەچوو و ئەو شارە، حاکم یان دەستەڵادارێکی خۆجێی نەبوو. محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٥٥ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر وەزعییەتی ئیدارەی شاری سەردەشت دا دەنووسێ: ئیدارەی سەردەشت لە ئیدارەی شاری سەقز و بانە زۆر خراپتر بوو. چونکە سەردەشتیەکان وەکو شوێنەکانی تر گەورەی تایبەتی و مەعلوومیان نەبوو. هەر ڕۆژێ یەکێک ئاغایەتی و گەورەی سەردەشتی ئەکرد. بەینێک ئیدارەی سەردەشت بە دەست بانەوە بوو و لە پاشان کەوتە دەست تاقمی قەومییەتی پشدەری هەر بە دوو مانگ جارێک حاکمێکیان بۆ ئەگۆڕین. لەپاش حوککامی بانەیی و گەورک و سوێسنایەتی و پشدەری- حاکیمیەتی سەردەشت کەوتە دەست شێخ لەتیفی کوری شێخ مەحمود کە فەرارەن لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عێراقەوە چوو بوو بۆ ئێران و بە تەوەسووتی سەلیم خانی کێوەڕۆی بانە و بە یاریدەی بابکرئاغا و عەباس ئاغای ڕوئەسای عەشیرەتی پشدەر، بۆ شکاندن و دەرپەراندنی تاقمی قەومییەتی باپیری بابکری مەحمودئاغا لە سەردەشتا، شیخ لەتیف کرا بە گەورەی سەردەشت و ئەو ناوچەیە.

شیخ لەتیفیش شاری سەردەشتی تەسلیم بە ئەمرو ئیرادەی مەلا ئەسعەدی مەحوی و شێخ ڕەزای گرەدێ و کەریم چاورەش و میحەیدینی چنارە و کوێخا کەریمی وەلانە و قادرئاغای سپیارە کرد بوو. کەرامەتی ئەو شارە بەو زاتانەی سەرەوە بەخشرا بوو. ئەجا لە دوای گەرانەوەی شێخ لەتیف بۆ عێراق، دووبارە ئیدارەی سەردەشت کەوتە دەست ئاغایانی ملکری و براجی- سوێنسایەتی و کاک ئەڵلا ئاغای پاراستان وەکوو پشتە ماڵی حەمام هەر ڕۆژێ ئاغایەک ئەو شارە جوانکیلانەی بە ... خۆیەوە ئەبەست.

هەمووکاربەدەست و ئاغایەک ئەبوایە لەو مودەتی حوکمدار و دەست ڕۆیشتنی دا، خۆی دەوڵەمەند بکردایە و لە هەموو شتێک سەیرتر ئەوە بوو ئەبو هەموو حاکم و کاربەدەستێک لە مودەتی حوکمداریەکەیا بە زۆر یا بە خواهیش ژنێکی لە خەڵکی ئەو شارە بهێنایە. هەتا شێخ لەتیف و هێندێ لە پیاوەکانی لەو ڕەسمییاتە جیانەبوونەوە ئەوانیش سەرو ژنیان لە سەردەشت هانی. بەڵام هینەکەی شێخ لەتیف لەسەر ئیسرار و ئیلحاقی بابەعەلی برای لە سەردەشت تەڵاق درایەوە، داخەکەم ئاو و هەوای عێراقی بەنەسیب نەبوو.

حەمەدی مەولوودیش لە لاپەڕەی ١٢٣ کتێبی "کورد بوون" باسی کێشەی سەردەشت دەکا و دەنووسێ: ئەوە شەڕی پژدەر(پشدەر) و حکومەتی ڕەزاشایە. پشدەری لەشکری ئێرانیان ڕاوناوە و سەردەشتیان بە خڕی تاڵان کردووە و پاشانیش سووتاندوویانە. لە دوکان ڕا بگرە تا خانووبەرەی خەڵک هەر هەمووی سووتاوە. پاشان حکومەت پشدەریان لە سەردەشت وەدەر ناو لە حەولی ئەوەدا بوو کە بە سەردەشت ڕابگات. لە سابڵاغ چەندەی وەستا و بەننای هەیە، هەمووی کۆ کردۆتەوە و بۆ سەردەشتێ.

هەر لەو چوارچێوەیە دا مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٩٧ ی بەشی یەکەمی کتێبەکەی دا لەسەر بەڕێوەبردنی شاری سەردەشت بەر لە ساڵی ١٩٤١ دا دەبووسێ: قڕەی ناوخۆی حەمەرەشیدخان و سەلیم خانی( کیوەروی بانە) بوو بە هۆی ئەوەی کە هەتا نیهایەت ناوچەی سەردەشت لە ژێر حوکمی بانەی دا نەبێ. لەبەر تەماعکاری بەگزادەکانی بانەیی سەردەشت بوو بە جێگای بگرە و لینشینی عەشایرەکان.

لە هەوەڵەوە لە دەستەی قەومیتەتی پشدەری باپێری بابکری مەحمودئاغا، حەسەن ڕەشید ئاغای دەروینە و حەمە بچکۆڵی عەلی ئاغا و دەروێش ئاغای وسمان ئاغا گەورەی سەردەشتیان ئەگیرا.

دوای ئەوان فەرماندەهی سەردەشت کەوتە دەست کاک ئەڵا ئاغای پاراستانی گەورک - دوای ئەو ئەحمەدی قادری قاسم ئاغا و برایم ئاغای سوێسنی بوون بە گەورەی ئەو شارە.

ئەمجا شێخ لەتیفی حەفیدزادە لە سلیمانییەوە هەڵات چوو بۆ سەردەشت و لە لایەن حەمەرەشیدخان و سەلیم خانەوە یارمەتی درا کە گەورەی سەردەشت بکات.

بەڵام لەو بەینەدا سەلیم خانی منافسی نفوسی حەمەرەشیدخان وەفاتی کرد. مەیدانی ڕەقابەت و بەربەرەکانی بۆ حەمەرەشیدخان چۆل کرا. هەر چەندە سەلیم خان بە ڕواڵەت بەربەرەکانی حەمەرەشیدخانی ئەکرد، بەڵام لە بارەی خزمایەتی و پێشکەوتنی کوردایەتی دا، لاوێکی زۆر تێگەیشتوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بە کەڵک بوو.

بە دوای هێرشی هاوپەیمانان هێزەکانی شوورەوی تا شاری بانە و سنە چوون و دوایە بە ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیس ئەویان بەجێهێشت و هێزی مۆتۆڕی ئینگلیز لە شاری سنە جێگیر بوو. پاش ماوەیەک حەمەرەشید خان هێرشی کردە سەر شاری بانە و ئەو هێزەی ئێرانییەی کە مابووە تێکشکاند و شاری گرت. لەسەر گرتنی پادگانی بانە، ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ١١ کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم" دا دەنووسێ:

هاوپەیمانان ئێرانیان داگیر کرد و ڕووسەکان هاتنە بانە و ئەفسەرە گەورەکانیان بردن بۆ شاری ورمێ و پادگانیان بە ژاندارمری و مەرزبانی سپارد. حەمەڕەشید خان کە لە عێراق بوو و لە دارۆخان ئەژیا زۆرتر ئاگای لە بارودۆخەکە هەبوو. ئەوە بوو ناوبراو بڕیاری دا بچێت بۆ بانە و بە یارمەتی هۆزەکانی دیکەی بانە دەست بەسەر پادگانی بانەدا بگرێت. حەمەڕەشید خان بە یارمەتی هۆزی ئەحمەدی و هۆزەکانی دیکەی بانە پادگانی بانە دەگرێت. هەموو ئەو نەفەراتەی لە پادگاندا بوون ئازاد دەکەن. حەمەڕەشید خان دەبێتە دەسەڵاتداری شاری بانە. بەهۆی گرتنی پادگانی بانە هۆزەکانی عەشایەر بوونە خاوەنی چەک و تەقەمەنیەکی زۆر، بۆیە توانیان هێرش بکەنە سەر سەقز و سەردەشت و دەست بەسەر پادگانەکانی ئەو دوو شارەشدا بگرن و شارەکانیش لە هێزی دەوڵەت ئازاد دەکەن.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٣٦ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" لە سەر گرتنی پادگانی سەردەشت دەنووسێ: لەو دەمەدا هەواڵ هات کە بنکەی سەربازیی سەردەشت گیراوە و کەوتووەتە دەست خەڵکی و هەرچی چەك و تەقەمەنییە تالان کراوە. ئەفسەر و دەرەجەدارەکان توانیویانە جلەکانیان بگۆڕن و خۆیان قوتار بکەن. خەڵکی گوندی گلۆلانیش هێندێ تفەنگ و لەگەڵیاندا تیربارێکیشیان هێنابوو. تیربارەکەیان لە هەیوانی دیوەخانێ دابەستبوو، ڕۆژانە تەقەیان پێ دەکرد و نیشانەیان دەشکاند. بە دەردی کوردە، گوللە و باڕووتی بایزاغایە و تەق لە کەندالێ.

ئەوکات شاری سەردەشت لە دابەش کردنی جوغرافیای ئێران دا سەر بە پارێزگاری سنە بوو. ئەو بەشانەی کە لە ژێر بەشی ئینگلیس دابوو، هیزی ئێران تێیدا دەستەڵاتدار بوون. دوای تێکچوونی دەوڵەتی ئێران لە ساڵی ١٩٤١ زایینی لەشکرێکی دە هەزار کەسی، بە فەرماندەری سەرهەنگ پزشکیان لە سەردەشت هەر مابوو. هێزەکانی عەشایر لە ژێر دەسەڵاتی شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمودی بەرزەنجی هێرشیان کردە سەر بنکەکانی دەوڵەت و ئەو شارەیان گرت. سەربازانی ئەرتەش بەرەو مەهاباد پاشەکشەیان کرد بەڵام لە جادەی مەهاباد سەردەشت کەوتنە بەر هێرشی هێزی عەشایر و چەک کران. ئەوان دوای ئەوە کە خۆیان گەیاندە مەهاباد، بە دەستووری قازی محەمەد لاواندرانەوە و نان و خواردمەنی و بەرگ و پێڵاویان درایە و بەرەو شوێنەکانی خۆیان، بەڕێ کرانەوە. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٤٥ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ:

دیارە پادگانەکانی بانە و سەردەشت بە شەڕ کەوتنە دەستی خەڵکی و سەربازێکی زۆر کووژرا. ڕادەیەك کە مابوونەوە بە پێخواسی و بە کەنەفتی دوای چەند ڕۆژ گەیشتنە ئاوایی بەیتاس. پێشەوا ناردی هێنانییە مەهابادێ. یەك لەوان سەرهەنگ موستەشاری بوو کە پێشتر لە مەهاباد سەروان بوو و زۆرجار بۆ ڕاوێ دەهاتە قازیاوایە. پێشەوا جاڕچی بەشاردا بڵاو کردەوە و نان و پێخۆر و کەوش و لیباسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ کۆکردن و دوایەش بەڕێی کردنەوە بۆ شارەکانی خۆیان.

بەمشێوەیە بە دوای هێرشی هاوپەیمانان ئەرتەشی ئێران یەکجێ پرش و بڵاو بوو زۆربەی چەکەکانی پادگان و بنکەکانی ڕێژیم لە مەهاباد و میاندوا و سەقز و ورمێ و شاپوور و سەردەشت و سنە و... کەوتە دەست کوردان.

بە هێرشی دەوڵەتانی ڕووس و ئینگلس بۆ ئیران، نوێنەرانی ئەو دوو وڵاتە و دەوڵەتی ئێران لە دانیشتنێک دا ساغ بوونەوە کە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتا لە مەڵبەندی سنە و کرماشان و شائاباد و و قەسری شیرین بکەوێتە ژێر دەستەڵاتی ئینگلیس و بەشی سەڕووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بریتی بوون لە مەڵبەندی شاپوور و ماکۆ و خۆیە و ورمێ بخرێنە ژێر دەستەڵاتی ڕووس. نێوبەندی ئەو دوو بەشەش واتا مەڵبەندەکانی شنۆ، نەغەدە، مەهاباد، سەردەشت و پیرانشار و دەوروبەری میاندواو و ساین قەڵا و بۆکان و سەقز، مەڵبەندی بێلایەن بێ.

بەمشێوەیە ئێران بوو بە چەند بەش. بەشی سەرووی ئێران کەوتە ژێر دەستەڵاتی شووڕەوی و بەشی باشووور و چەند بەشێک لە ڕۆژئاوا، وەک کرماشان و سنە کەوتە بەردەستەلاتی ئینگلیس. ناوچەی سەرووی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاستەوخۆ لە ژێر دەستەڵاتی ئەو دوو وڵاتەدانەبوو و لە لاوە ڕا ڕووسان چاویان بە سەرێوە بوو و بە قەولی کریس کوچرا ناوچەی بێ ساحەب و کەس‌بەکەس بوو. لەو مەڵبەندە مەترسی شەڕی عەشایری، هەم لە دژی یەکتر، هەم لە دژی خەڵکی شارەکان کە دەیانهەویست بیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، لەگۆڕێ دابوو.

شێوەی بەڕێوەبەری ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی ڕووس و ئینگلیس جیاواز بوو. لە ناوچەی ئینگلیس ئەرتەشی ئیران لە بەرانبەر خەڵکی کورد دا دەستەڵاتدار بوو بەڵام لەبەرنبەر ئینگلیس دا بێدەستەڵات. لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی ڕووس لە سەرەتا دا ئەرتەشی ئێران دەرکرا و ڕەوانەی تاران کرانەوە بەڵام بەشی زۆری ژاندارم دەستیان لێنەدرا و لەگەڵ ئیداراتی دیکە لە ژێر ئیدارەی ڕووسان دا، بە بێ دەستەڵاتی درێژەیان بە کارەکانیان دا.

## روخانی دەوڵەتی ڕەزاشا

دوای ئەوە لە ڕۆژی ١٣٢٠/٦/٣(١٩٤١/٨/٢٥) هێزەکانی ئینگلیز و شووڕەوی، لە سەر و خواروی ئێران ڕا سنووری ئێرانیان بەزاند و ئەو وڵاتەیان داگیر کرد، لە ڕۆژی ١٣٢٠/٦/٢٣(١٩٤١/٩/١٤) بە ڕەزاشایان ڕاگەیاند کە تا ڕۆژی ١٣٢٠/٦/٢٦(١٩٤١/٩/١٧) بە قازانجی کوڕەکەی (محەمەد ڕەزا) واز لە تاج و تەخت بهێنێ و ئێران بەجێ بێڵێ. ڕۆژی ١٣٢٠/٦/٣٠ ڕەزا شا و بنەماڵەکەی ڕەوانەی بەندەر عەباس کران و سەرەتا بە کشتێکی بریتانیایی بۆ دوڕگەی مۆریس و پاشان بۆ ژوهانسبۆرگ لە ئەفریقای باشوور دوورخرانەوە.

محەمەدرەزا شا جێگای بابی (رەزاشا) گرتەوە، بەڵام ئەو لە سەرەتا دا دەستەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو و ئەرتەشی ١٢٠ هەزار کەسی ئێران بێ دەستەڵات کرابوو و ئینگلیسییەکان نەیاندەویست نیزامی سەلتەنەت لە ئێراندا بمێنێ. بەڵام کەین‌وبەینی سەرۆکی وەزیران مەحەمەد عەلی فروغی لەگەڵ ئەمریکایەکان، بوو بە هۆی ئەوە کە محەمەد ڕەزای تەمەن ٢١ ساڵە، لە مەراسمێک دا، لە جێگای بابی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سەر تەختی تاووس دابنیشێ. نوێنەرانی ئینگلیس و ڕووس بەشداری ئەو مەراسیمەیان نەکرد. بەمشێوەیە ئەمریکایەکان یارمەتیان بەوە کرد کە ئێران بە سیستمی پاشایەتی بمێنێتەوە و بکەوێتە بەرەی هاوپەیمانان و بە فەرمی، شەڕ بە دژی ئالمان ڕابگەیەنێ.

## هەڵسوکەوتی هێزی هاوپەیمانان لە کوردستاندا

ئاکار و ڕەوشتی هێزە هاوپەیمانەکان لە کوردستان دا، بەسترا بووە بە سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتانە لە ناوچەدا کە بە پیی هەلومەرج دەکرا گۆڕانی بەسەر دا بێ. هێزەکانی ڕووس، هێزەی سەردەمی تێزار نەبوون کە خەڵکیان قەتڵی عام دەکرد. بەڵکو ئەوان بە لای خەڵکەوە ببونە فرشتەی ڕەحمەت و زاڵمێکی گەورەیان لە کۆڵ خەڵکی ئێران کردبووە. ئەوان بەر لە هەموو شتێک دەرگای زیندانەکانیان شکاند، زوڵمیان لە کەس نەدەکرد و ستالین ڕێبەری ڕووسان خۆشەویست بوو و زور کەس سڵاویان لە دیداری لێدەدا و دوعای بەخێریان بۆ دەکرد.

لەسەرەتا دا بە هاتنی ئەرتەشی سوور، زۆربەی خەڵکی مەهاباد شاریان چۆڵ کرد بەڵام فەرماندەیەکی ڕووس لەبەر دەرکی مزگەوتی سوور داوای لە خەڵک کرد کە نەڕۆن و ڕایگەیاند کە ئەوان ئازادن و دەتوانن جل و بەرگی خۆیان دەبەرکەن و چەکیان هەبێ و بۆخۆیان نەزم و ئەمنییەتی شار بپارێزن.

بۆیە خەڵک بە هاتنی عروسان خۆشحاڵ بوون و دەیانگوت مەلائیکەی چاوشین هاتوون. ئەوان کاریان بە کەس نەبوو و بە دوای ژاندارم و ئاژانان دا دەگەڕان. بە گشتی دەرفەتێک بۆ خەڵک ڕەخسا تا بە ئاسوودەیی و بە دور لە زەبروزەنگی دوژمن بە ڕاحەتی نەفەسێک بکێشن. لەوبارەوە م. س. قزڵجی لە ژمارەی ٤٩ کوردستان دا لەسەر هەڵسوکەوتی ڕووسان دەنووسێ: ... لە ساڵی ١٣٢٠ کە سەربازانی غیور و ڕەشیدی سوور بۆ ڕزگار کردنی نەتەوانی داماو و یەخسیر واردی خاکی ئێمە بوون و بەرەکەتیان باراند، لەبەر ئەوە کە دووکەڵی زوڵم و ئیستیبداد دەماغی ئێمەی پڕ کرد بوو و بە دەسرۆکەی ڕەشی بێخەبەری لە عالەم چاومان بەسرا بوو و بە تەواوی هەستی هەستانمان نەمابوو، چاوەنۆری ئەوە بووین کە توشی دەربەدەری و هەڵات و بڕۆ و تاڵان و ماڵوێرانی دەبین ئەوانەش وەک دیکتاتورەکان پێشێلمان دەکەن قرخەمان دەبڕن کەچی بە پێچەوانەی ئەوە، ئەو قارەمانە دڵپاکانە زۆر بە پیاوەتی و نێوچاوپاکی دەگەڵ خەڵکی هاتنە پێش. لە هەر جێگە کە دەبوون هەرچەند زورتربوونایە، سەروسەدایان کەمتر بوو. ئەخلاقی چاک و کردەوەی شیرین و برایەتی ئەوان بۆ ئێمەش تەئسیری کرد. بۆمان بوو بە سەرمەشقێ کە کەم‌کەم لە دنیای تەمەدون هاتینەپێش. چاو و ڕومان کراوە و بە جارێکی سامان شکا ...

غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ٢٥ ئاڵەکۆک دا دەنووسێ کە بە نەمانی هێزەکانی ئێران خەڵک دەچوونە سەیران و خۆشی و گەشت و گوزار و هەڵپەڕکێ. لە کۆڵان و شەقامی شار شایەر و قام بێژەکانی وەک "مەنیج حەیران" و "ڕەحمانە گۆج" و " کەوێجوو" بە دەف و زەرب و تەپڵ گۆڕانیان دەگوت و دیمەنی شاریان پڕ لە خۆشی کرد بوو.

ناوچەی ژێردەستەڵاتی دەوڵەتی هاوپەیمانی ئینگلیس لە سەقز ڕا بەرەو خوار دەستی پێدەکرد. ئەو وڵاتە و دەوڵەتی ئەمریکا و خوازیاری بەهێز بوونەوەی دەستەڵاتی ناوەند بوون و بەرنامەیەکیان بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد نەبوو و ڕێگایان بە گەشەکردنی بیر و هەستی کوردایەتی نەدەدا. فەرماندەرانی ئیرانی لە ناوچەی ئەوان دا، تەراتینی و مەیدانداریان دەکرد و لەوێڕا دەیانەویست پەل باوێنە ناوچە کوردییەکانی ژێر دەستەڵاتی ڕووس.

دەوڵەتی ئینگلیس لە ناوچەی مەهاباد بوونی نەبوو و تەنیا لەسەرەتا دا، بە ڕیرەو بۆ دەست بەسەر داگرتنی پادگانی مەهاباد چەند ڕۆژێک لەو شارە ماوە. لەسەر پێکهاتەی هێزەکانی ئینگلیس ڕەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ: ... سوپای بریتانیا زیاتر لە چێشتی مجێور دەچو چون تێکەڵاوێک بو لە هێندی و عەرەب و ئاسۆری و ئەرمەنی و بریتانی و ... هەروەها هیچ جۆرە سەقا و دیسپلێنی سەربازیان لە بەر چاو نەدەگرت و زۆر شپرزە و بێ سەروبن بون، جگە لەوەش ئەدەب و حەیا لە لایان دەست نەدەکەوت و لەو پەڕی بێ ئابڕویی دا دەهاتنە بەر چاو. بە پێچەوانەوە سوپای ڕوسەکان زۆر خاوەن سەقا و دیسپلێن بون و بە هیچ جۆرێک کاریان نەشیاویان نەدەکرد. ماوەیەکی کەم ئەو دو سوپایە لە شار دا بون و زۆر زو ناو شاریان بەجێ هێشت.

## حەمە ڕەشیدخانی بانە

حەمەرەشیدخان لە بەگزادەکانی شاری بانە و ئاغای گوندەکانی وێنە و دارۆخانی و شێوەگوێز و... لە ناوچەی شلێری دیوی کوردستانی باشوور بوو. حەمە ڕەشیدخان لە ساڵی ١٣٠٣ لە شاری بانە بە دژی دەستەڵاتی ڕەزاشا ڕاپەڕی و تا ساڵی ١٣٠٩ توانی بەربەرەکانی بکا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٨٨ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر ژیان و بەسەرهاتی حەمە ڕەشید خان دەنووسێ: حەمەرەشیدخان کوڕی قادرخانی بارامییە کە بنەماڵەیەکی گەورەن لە بەگزادەکانی بانە و بە بەرەبابی ئەوان ئەوترێ بارامی- ئیختیار دینی.

حەمەرەشیدخان لە دێی شیوەگیزانی عێراق هاتۆتە دونیاوە. لە ساڵی ١٨٩٨م دا، بەرەبابی حەمەرەشیدخان گەورەی بانەیان کردوە. بە بۆنەی هەندێ فشاری ئێرانیەکانەوە قادرخان هاتۆتە عێراقەوە وە ناوچەی (شلیر)ی پێنجوێنی خستۆتە ژێر بەر هەڵەستی خۆیەوە. بەڵام قادرخان زۆرتری ژیانی بە شەر و ئاژاوە و پەلاماردانی دەوڵەتی ئێران ڕایبواردوە.

لە ساڵی ١٩٢١ دا کە قادرخان وەفات ئەکات، حکومەتی ئێران بە هەلی زانیوە هەندێ لەشکری عەشایری گەورک، دێبوکری، فەیزوڵلابەگی کۆ ئەکاتەوە لەگەڵ سەربازی دەوڵەتیدا بۆ سووتان و تالانی دێی وێنە و داروخان – دێنە عێراق حەمەرەشیدخان لە ڕەغمی ئەوەی کە عومری ٢٣ سالان ئەبێ بە ٤٢ نەفەر دەستەودایرەی خۆیەوە لە قەڵاتی وێنە و هاربر و مران لە گەڵ ئەو هێزەدا ئەکەوێتە شەر.

شەو و ڕۆژێک بەرامبەر بەم لەشکرە ڕائەوەستێ. لە ئاکاما لەشکری ئێران ئەشکێنێ و کوشتارێکی زۆریان لێ ئەکات و تالان و ماڵێکی زۆریان پی ئەبرێ.

ئەو سەرکەوتنە بۆ حەمەرەشیدخان ئەبێتە هۆی ناوبانگێکی زۆر گەورە. بەم سەرکێش و غرووریەوە دەست ئەکات بە خراپە کردن لە گەڵ ئێرانا. حکومەتی عێراق لەسەر شکایەتی ئێرانیەکان گرتی و دووری خستەوە بۆ موسڵ. چوار ساڵ لە دوورخراوی موسڵا مایەوە.

ئەمجا کە گەرایەوە بۆ داروخان، دیسان سەر لەنوێ دەستی دایەوە ڕاو ڕووت و پەلاماردانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێرانییەکان. ئەمجا لەسەر شکایەتی ئێران دووبارە حکومەتی عێراق گرتی و هێنایە سلێمانی ساڵ و نیوێک لە سلێمانی خانە نشین کرا.

بەڵام هەندێ ڕاپۆرتی ئێرانییەکان بوو بە هۆی ئەوەی کە مەتەسەریفی سلیمانی مجید یعقوبی و مودیری شوورتە سەید عەلی حجازی لە ١٩٣٨ دا گرتیان و فرێیاندا زیندان و لەو کاتەشا چەند کۆنە چەتە و پیاوێکی ئەو گیرابوون. لە زیندانا پەیمان ئەبەستن و ڕێک ئەکەون شەوی ١٩٣٩/١/١٢ لەگەڵ چەند چەتەی بەناوبانگ سەید عەتا و مەجید گڵباخی – عەلی ئاغا پشدەری و بلە خزان و شێخ ڕەشیدی سەرزەلی و مەحمود قەویلەی – پەلاماری پاسەوانی زیندانی سلێمانی ئەدەن. ١٢ تفەنگی پاسەوانەکان بە سێ فیشەکدانەوەیان چەنگ ئەکەوێ. لەگەڵ ٤٢ نەفەری بەندی دا هەڵدێن.

هاوکات بە دوای نەمانی ڕەزا شا، ئەو سەروک عەشایرانەی کە بە هۆی ئەو، بۆ تاران دوور خرابوونەوە گەڕانەوە بۆ بانە. لە ئاخری ساڵی ١٣٢٠ محەمەد ڕەشیدخانی قادرزادە بە هاوکاری ئەوانە و عەشایری ناوچە، شاری بانەی گرت و هێزەکانی دەوڵەتی وەدەرنا و لەگەڵ سەلیم خان سەرۆکی یەکێک لە هۆزەکانی گەورەی بانە، بە هاوبەشی دەستەڵاتی بانەیان بەدەستەوە گرت.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٣٤ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" باسی کەسایەتی حەمە ڕەشید خانی بانە دەکا و دەنووسێ: لەو بارودۆخەدا دەیانگوت حەمەڕەشید خان لە سنووری عێراق پەڕیوەتەوە و بەرەو بانە دێ و لەو ڕۆژانەدا دەگاتە گلۆلان. دیار نییە بە چ نیەتێك دێ. هێندێ دەیانگوت بەتەمایە لەگەڵ هێزی دەوڵەت بەشەڕ بێ و لە بانە حوکمەت بکا. هێندێکیش پێیان وابوو ئینگلیزان ناردوویانەتە ئەم ناوچەیە، بۆ ئەوەی نەهێڵێ ڕووسەکان بگەنە ئەم مەڵبەندە. من لەو سەروبەندەدا پرچم زۆر درێژ ببوو. خۆ گوندیش دەللاکی لێ نەبوو سەرم کورت بکەمەوە. جووتیار دەیانگوت وا باشترە بیتاشم، نەکا پیاوەکانی حەمەڕەشید خان ئەزیەتم بکەن و پێیان وابێ پیاوی دەوڵەتم. منیش گوێم نەدەدا بەو قسانە، ئەوەندە نەبێ پێچ و کڵاوم لەسەر کرد، بۆ ئەوەی هەم سەرم داپۆشم و هەمیش بزانن کوردم. ئاخری حەمەڕەشید خان بە خۆی و لەشکرێکی چەکدارەوە هاتنە گلۆلان، کە دەیانگوت سێسەد کەس دەبن. کاکەڵڵاغا و خزم و کەسەکانی لە پێش دیوەخانێ ڕاوەستابوون و چاوەڕێی بوون. ڕەشید لە پێش سوارەکانییەوە دەهات.

تەپوتۆز وەسەر گوندەکە کشابوو. حەمەڕەشید خان لەپێش دیوەخانێ ڕاوەستا و کاکەڵڵاغا بە غاردان چوو لە دابەزینێ یارمەتیی دا و بەخێرهاتنی کرد و دەستی گوشی. هێندێ لە سوارەکانیشی دابەزین. ڕەشید خان چەکمەی ملدرێژی لەپێدا بوون. یەکی کورتەباڵا بەڵام تا بڵێی گورج و توندوتۆڵ دیار بوو. زیرەکی و چاوکراوەیی لە ڕوخساری دەباری. لەگەڵ ژمارەیەك لە سوارەکانی وەژوور کەوتن. نۆکەرەکانی کاکەڵڵاغا خێرا پیاڵەی چایان لەپێش دانان. بەڵام من چونکە لێیان دوور بووم، گوێم لە قسەوباسیان نەدەبوو. بۆ فراوین میوانی کاکەڵڵاغا بوون، هەتا ورگیان گوتی بەسە، خواردیان، بەتایبەتی لە خواردنی ڕانەمریشکدا زۆر وەستا بوون.

ئەرفەع سەرۆکی ستادی ئەرتەش لەسەر ڕووداوەکانی سەردەمی حەمە ڕەشیدخانی بانە دەنووسێ کە دوای ئەوە ڕووسەکان پادگانی بانەیان گرت، سەربازەکانیان بەرەڵا کرد و ئەفسەرکانیان زیندانی کرد و دوایە ئەفسەرەکانیان لەگەڵ خۆ برد و بانەیان بەجیهێشت. حەمە ڕەشیدخان لە عێراق ڕا بە ٤٠٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەفەر هێرشی کردە سەر پادگانی بانە و دوای دووڕۆژ بەربەرەکانی ئەو سەربازانەی کە مابوونەوە تێکی شکاندن و پادگانی گرت. هاوکات عەشایری مەریوانیش بە هاوکاری عەشایری پنجوین پادگانی مەریوانیان گرت، بەڵام نەیانتوانی هێرش بکەنە سەر پادگانی سنە چوونکە لە ژێر حوکمی ئینگلیس دابوو.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٩٠ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر هێرشی حەمە ڕەشید خانی بانە دەنووسێ: بە داخیل بوونی ئینگلیس و ئامریکا و ڕووس بۆ ئەرازی ئێران، حەمەرەشیدخان مکروبی تاخت و تاز و ڕاپەرینی چوونە سەر ئێرانیەکانی زیندوو بووە. بە دەستەیەکی (٧٠) نەفەری یەوە چوو سەر بانە. لە پاش جەنگێکی دوو شەو و ڕۆژی توانی بانە بگرێ. حەوت هەزار تفەنگی برنەو ئەستێرە نیشانی ساڵدات و دەمانچە و کەرەستەیەکی جەنگی زۆری خستە دەست عەشایری بانە و بەم سەرکەوتنە و پەلاماردانە ڕانەوەستا هەتا سەردەشت و سەقز و دیواندەرە ئەگرێ بەڵام سەرکێشی لەشکرەکەی بوو بە هۆی ئەوە کە نەتوانێ لەوە زیاتر تێپەر بکات. دیواندەرێ بوو بە عەلەمین ڕومیل و ستالینگرادی بالوسی- ئاڵمانی.

دوایە حەمە ڕەشیدخان، بە هاوکاری ئەحمەدخانی فاروقی، سەرۆکی هێزی فیزوڵابەیگی کە جێگری حەمەرەشیدخان بوو، لە چەند شەڕی گەورەدا توانییان دەست بە سەر پادگانی شاری سەقز دابگرن و سەرلەشکر مەحموود ئەمین و زیاتر لە ٥٠٠ سەربازی ژێر فەرمانی ئەو بکوژن و چەک و چۆڵی زۆری وەدەست بێنن.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٦٦ چێشتی مجێور دا، لایەنێکی دیکە لە کار و تێکۆشانی هێزەکانی حەمە ڕەشیدخان دەخاتە ڕوو و دەنووسێ کە کوڕە گەورەی شێخ محەممەدی خانەقا و سەید کامیل کوڕی سەیدی زەنبیل، ڕاسپێردرابوون کە مەنگوڕان هان بدەن کە بچن بە هانای حەمە ڕەشیدخانی بانە لە سەقز. بابە شێخ مامی سەید کامیل لە سەقز هەمەکارەی حەمەرەشیدخان بوو. سەید کامیل و مامۆستا هەژار هەر لە قالوێ ڕا دەچنە سەقز و ماوەی دوو مانگ لەوی دەمێننەوە و سەید بە کاری کێشەی خەڵک ڕادەگا و کە زورتر کێشەی کەر لێئەستاندن و کەر دزین بوو کە خان حاشای دەکرد و دەیخستە سەر ئەستۆی پیاوەکانی سەلیم خانی کێوەرۆ و ئەویش بە پێچەوانە دەیخستەوە سەر ملی پیاوەکانی خان.

هاوکات لە مەهاباد قازی محەممەدیش هەوڵی دا تا عەشایری مەهاباد هان بدا، تا بۆ یارمەتی بە حەمە ڕەشیدخان بچن بۆ شەڕی سەقز. لەوبارەوە عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٤٨ کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ:

... حەمە ڕەشیدخانی بانە دوای گرتنی شاری بانە، لە سەقز لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت لە شەڕ دابوو. دەنگی تۆپەکان بە تایبەتی لە بەیانیان دا دەگەیشتە مەهاباد. پێشەوا لەگەڵ مام عەزیز کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش کە دوایە بوو بە سەرهەنگی ئیفتخاری شا و لە جێی بابی بەسەر عەشیرەتی مامەشان ڕادەگەیشت و قوودرەتی یەکجار زۆر بوو، لە ئاوایی دێبۆکر دەعوەت کرابوو. (ناوبراو گوایە دواتر لە جیبی ئەرتەشی دا بە فیتی عەلی ئاغای حاجی ئیلخانی و هێندێك لە شێخەکان کووژرا). قازی مەحەمەد سەید پیرەی لەگەڵ بوو بەڵام مام عەزیز هەر بە تەنێ و تاقە سوار بوو. پێشەوا لە قازیاوایە لای دابوو لە منی پرسیبوو گووتبوویان لە ماڵێ نییە. پێشەوا بە دایکمی گووتبوو کە ناتوانن ڕاوەستن و هەر هاتەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

با بە دوامان دا بێ. ئەمن کە چوومەوە و پێیان گووتم بە پەلە بە دوایان دا ڕۆیشتم. لە نیزیك مەزرای پیروبایزی گەیشتمەوە سەریان. پێشەوا و مام عەزیز بە جووتە پێکەوە دەڕۆیشتن و قسەیان دەکرد. قازی دەیهەویست عەشیرەتەکان هان بدا بۆ ئەوەی بە هانای حەمەرەشید خانی بانەی بچن. شەو لە ئاوایی دێبۆکر لە دیوەخانی کاك خدری کاك عەزیزی عالەمێکی زۆر کۆببوونەوە و تا ٥ کوڕی کاك عەزیزی لەوێ بوون لەگەڵ نۆکەران بە مووسەلەحی لەبەر دەرکەی ڕاوەستابوون. قازی فەرمووی: "دەوڵەتی ئێرانێ لە تەفرەقەی ئێمە کەڵك وەردەگرێ و ئەگەر دەوڵەت سبەینێ بێ لەگەڵ ئێمە بەشەڕ بێ، نابێ عەشیرەتی مەنگوڕ بێ لایەن بێ، هەروەها بە پێچەوانە. ئێمە دەبێ ئیتحادمان پێکەوە هەبێ دەنا هەر ڕۆژە بە نێوی یاغیگەری، عەشیرەتێك سەرکووت دەکەن، ئەوکات کورد تێدادەچێ و عوورزە و حەیای نامێنێ. ئێستا ئەوە لە سەقزی شەڕە ئێمە دەبێ بچین بە یارمەتی حەمە ڕەشیدخانی. بە عیزەتی خودای ئەوەی ئەمن لەدەستم هاتووە کردوومە جا ئێوەش پیاو بن دەست دەنێ.

کاك خدری کاك عەزیزی بڕێکی خۆ هەڵمساندو و بانگی عەوڵای کوڕی کرد و گووتی: عەوڵا پاشکۆیان داگرە سبەینێ ئەمن دەچمە شەڕی دەوڵەتێ و لەگەڵ حەمە ڕەشید خانی بانەی دەکەوم. مام عەزیزیش قەولێکی دا بەڵام دیاربوو ڕاست نەبوو. بۆ سبەینێ ئێمە دە خزمەتی پێشەوا دا هاتینەوە قازیاوایەو مام عەزیز لە دێبۆگری ماوە. دوایە نە لەشکر کراو نە هیچ تەنانەت داوایان لە دەوڵەتیش کردبوو کە ئەگەر ڕێ بدا حەمە ڕەشید خانی بۆ تەنبێ دەکەن.

دوای گرتنی شاری سەقز حەمە ڕەشیدخان مەبەستی بوو شاری مەهابادیش بگرێ. بە پێی قسەکانی خەلیل فەتاحی قازی، حەمەرەشیدخان بە ٢ تا ٣ هەزار کەس لە سەقز ڕا بۆ گرتنی شاری مەهاباد وەڕێکەوت. بەڵام قازی محەمەد لە ئاوایی خەڵیفەلیانی ناوچەی گەورکان چاوی پێیکەوت و پێڕاگەیاند کە شار بە دەست خەڵکەوە و لە بڕیارەکەی پاشگەزی کردەوە.

ڕەحیمی قازی لە لاپەرەی ١٠٥ کتێبەکەی دا لەوبارەوە دەنووسی:

لەوکاتە دا قازی مەحەمەد لە گەڵ دوو سواری مەهابادی لە مەهابادەوە دەچێتە سەقز وە لەوێ کۆبوونەوەیەکی عەشیرەتەکان پێک دەهێنێت. قازی عەشیرەتەکانی ئەو مەڵبەندە بۆ یەکێتی و دۆستایەتی بانگ دەکات وە لە حەمە ڕەشیدخان دەگێرێتەوە کە جوڵانەوەیەکی ڕێک و پێک وە لە ڕووی نەخشە و پلانێکی نیشتمان بەڕێوە بەرێت وە ڕیگە نەدات بە تالان و بڕۆ خەڵکی.

گرتنی شاری سەقز بە هۆی حەمە ڕەشیدخانی بانە ئەو مەترسییەی پێکهێنا کە عەشایری مەنگور و مامەش هێرش بۆسەر شاری مەهاباد بکەن، بۆیە پێشەوا خەڵکی سازدا تا پارێزگاری لە شار بکەن. بە دوای ئەو ڕووداوانەدا لە ساڵی ١٣٢٢شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود لە ژێر زەختی دەوڵەتی عێراق ڕای کرد و پەنای بۆ حەمە ڕەشید خان و سەلیم خان برد و سەلیم خان زۆری ڕێز لێگرت و تەڵا خانم کچی خۆی دایە و بە ڕاوێژ لە گەڵ عەشایری سەردەشت شێخ لەتیفیان کردە حاکمی سەردەشت. شێخ لەتیف ماوەی ١١ مانگ حاکمی شاری سەردەشت بوو و دوایە گەڕاوە بۆ سولەیمانی.

بەدوای گرتنی شاری سەقز، حەمەڕەشیدخان هێرشی کردە سەر شاری دیواندەرە. هەژار لە لاپەڕەی ٦٧ چێشتی مجێور دا لەوبارەوە دەڵێ: لەو ماوەیەدا، خان هێرشی بردە سەر هێزی عەجەم لە دیواندەرە. عەشیری دەوروبەری سەقز ئەحمەدئاغای حاجی بایزاغاشی دەگەڵ بوو. عەشیرەتی گەڵباغی ببونە پیاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەت. لەو شەڕەدا لەشکری خان زۆر پیس شکا و چەند کوژراو و ئەسیری دا. ئەویش دوو ئاغای گەڵباخی بە دیل گرت بوو لە سەقز کوشتنی.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٩٠ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا باسی بێ نەزمی هێزی حەمەرەشیخان و سیاسەتی ڕووس و ئینگلیس بەرامبەر بەو دەکا و دەنووسێ:

بەدناوی و کردەوە ناشیرنەکانی دەستە و دایرەکەی خۆی بوو بە هۆی ئەوەی کە نەتوانێ هەتا نیهایەت مەرکەزێکی سیاسیانە بۆ خۆی و هۆزی کورد پێک بێنێ. ئەو شۆرش و پەلاماردانە بە سام و تەوژمەی بە دەستکەوتێکی ڕاووڕووت و چەتەگەری بۆ تەواو بوو. جا تەئسیری کردەوەی ناوبانگی لەشکرەکەی بوو بە هۆی ئەوەی کە ئینگلیسییەکان نەهێڵن ئەو لەشکری (هلاکۆ)یە لە ئاوی خورخوڕەی تێپەر بکات.

ئینگلیسییەکان لەو کاتەدا وایان ئارەزوو ئەکرد کە ئەو ئاژاوەیە ڕوو بکاتە ناوچەی (تیکاپ ساینقەڵا – زەنگان- نە وەکو ناوچەی سنە و خەتی نەوتی کرماشان کە لەوان مەسئول بوو، بۆ ئەوەی کە سیاسەتی ڕووس لەو ناوەیە دا بشێوێنن.

رووسەکانیش لە هەمان کاتا ملاقاتی حەمەرەشیدخانیان ئەکرد و هانیان ئەدا کە لە سەر دیواندەرە و سنە گرتن بین گەرم بێ لەبەر ئەوەی کە حەمەرەشیدخان لە فێڵ و مەتەڵی ئەو دوو دەوڵەتە فێڵبازانەیە نەگەیشت هەتا نیهایەت نەیتوانی لەگەڵ هیچ کامێکیان نیزیک بوونەوەیەکی سیاسیانە بکات. وە ئەو بێ تەفاهومی و کەنارەگیری بوو بە سەبەبی تیاچوونی هەموو پێشکەوتن و ڕزگارێکی خۆی و کوردایەتیەکەی.

رووسەکان لە هەوەڵەوە وایان ئەزانی کە حەمەرەشیدخان ئینگلیس پەرەستە بۆیە وا بە سارد و سری و بێ مبالاتانە لەگەڵیان ڕەفتار ئەکات. ئینگلیسی یەکان وایان ئەزانی کە حەمەرەشیدخان ستالین پەرەستە بۆیە وا لە لە ئینگلیسی یەکان گوریز ئەکات. وە لە ڕاستیشا لە هیچ لایەکیان نەبوو. نەزانیایەتی مەدەنی ئەو ساردو سریەی بەسەر هێنا ئەو هەڵە باشەی لە چەنگ دا.

ئەمجا کە ڕووسەکان لە حەمەرەشیدخان گەیشتن کە بە کەڵکی ئەو فکرە ناشی کە ئەوان ئاواتیانە قازی محمدیان دۆزیەوە و وازیان لەو هێنا بۆ ئینگلیسی یەکان.

ئینگلیسی یەکانیش کە زانیان حەمەرەشیدخان لەگەڵ سیاسەتی (سە تەفرق) ناگونجێ وە ئەو ڕەنجەی کە لەگەڵیا بدەن ئەوەندە ناهێنێ کە زەرەرەکەیان بۆ پر بکاتەوە، ناچار مان کە عەشایری (تیلەکۆ- گڵباخی مەنحس و خانەوادەی ئەردەڵانی یەکانی لێ ڕاست بکەنەوە بۆ ئەوەی کە نەتوانێ نیشاتی ئاژاوە لە هێڵی کرماشان پێک بێنێ.

لە هەوەڵی ساڵی ١٣٢٢ هێزەکانی ئەرتەشی شا بە هاوکاری هیزی گەڵباغی، بە مەبەستی گرتنەوەی شاری سەقز لە سنە ڕا بەرەو سەقز وەڕێکەوتن و دوای چەند شەڕی خوێناوی، شاریان گرتەوە. حەمەرەشیدخان بەرەو بانە گەڕاوە و عەشیرەتی فەیزوڵابەیگی هاتنە یەکشەوە و لە ناوچەی بۆکان جێگیر بوون. دیارە بە هوی ئەوەی کە ئەو ناوچەیە لە ژێر دەستەڵاتی ئینگلیسییەکان دانەبوو، هێزەکانی ئێران نەیاندەتوانی هێرشی بۆ بکەن. دوایە ئەمیر عەبدوڵاخانی تەهماسبی فەرماندەری لەشکری ئازەربایجان، بۆ تێکشکانی حەمە ڕەشید خان کەڵکی لە عەشایری ناوچەی مەهاباد وەرگرت. حەمە ڕەشید خان شکا و بۆ عیراق ڕایکرد. حەمەرەشید خان و سەلیم خان چەند جار هێرشی هێزەکانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتیان بۆ ناوچەکانی سەقز و بانە تێک شکاند بەڵام بە دوای مەرگی سەلیم خان لە ساڵی ١٣٢٣ حەمەرەشید خان لە بەرانبەر هێزەکانی دەوڵەت خۆی ڕانەگرت و شاری بانەی سووتاند و خەڵکی ماڵوێران و دەربەدەر کرد و هەڵاتەوە بۆ عێراق و لە شاری ڕومادیە نیشتەجێ بوو.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٠٢ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا لەسەر سووتانی بانە و ئاکامی کاری حەمە ڕەشیدخانی بانە دەنووسێ: ... حەمەرەشید خان لە سووتانی بانەدا مەبەستی ئەوە بوو ئەگەر بانە وێران بکات ئێرانیەکان ئەگەرێنە دواوە و ئەویش ئەیتوانی بە تەرتیبی چەتەگەری، هەر ڕۆژ و هەر شەوە بەلایەکی بە خێوەتەکانی ئیرانی دابدا و دەریان پەرێنێ. ئەگەر بەم پێیە شەری چەتەگەری بکات، ئێرانیەکان ناچار ئەبن بۆ چۆلکردنی ئەو ناوە.

بەڵام نەی ئەزانی ئەو ڕۆژە نییە کە لە سەقزا سەرلەشکر ئەمین بکوژێ و عەلی خانی حەبیبی بە خەنجەر هەڵدرێ و ئاغایانی (ئەردەڵانی) بە تارای بوکانەوە بەری بۆ بانە. نەی ئەزانی کە چەنگی سیاسەت و ڕۆژ هەموو هیوایەکی ئەمی تارومار کردوە هەرچی ڕووناکایی هەیە لە ڕووی داخراوە. سزای چوونە مەریوان و ئیشغاڵاتی هێڵی کرماشان ئەوەی بە سەردێنێ. هەر لەو سەربەندەدا حکومەتی ئێران فەرمانی بەخشینی بۆ هەموو وێنە تاوانبارێک بڵاوکردەوە.

ئەوانەی کە چووبووشن بۆ عێراق هەموویان لەسەر ئەو بەخشینە گەڕانەوە و داباڕینەوە ناو شاری بانە و دەستیان کرد بە ئاوەدان کردنەوەی شار. وە حکومەتیش یارمەتی خان و ماڵ سووتاوانی دا، بە فۆرمێکی جوانتر لە جاران مزگەت و شاری بانە دروست کرایەوە. وە ئاغای حەمەرەشیدخانیش وەکو ئەیویست جەنگی لابەلایی بکا بۆی نەکرا. بە ناچاری داوای بەخشینی کرد لە حکومەتی عێراق و فەرمانی بەخشینی بۆ وەرگیرا بە شەرتێک ساڵێ لە کەرکوک خانەنشین بکرێ.

ئەمجا لە ١٩٤٥/١/١ ئاغای حەمەرەشیدخان گەیشتە کەرکوک و ئێرانیەکانیش بە بێ قڕڕە تەشکیلاتی بانە و سەردەشت یان کردەوە و ئینگلیسیش لە غەوغای خەتی نەوتی کرماشان پشت ئەستوور بۆوە و فەرماندە کاربەدەستەکانی حەمەرەشیدخانیش هەر یەکەیان بە لایەکا پەرت و بڵاوەیان پێکرا. ئەحمەدخانی فاروقی هاتە عێراق وە لەدوای بەینێک گەرایەوە بۆ ئێران لە دێی (تورکومانکەندی) بۆکان دانیشت. عەلی جەوانمەردی – ڕەئیس عەشیرەتی گەورک چوو بوو بۆ ناوچەی مەهاباد و لە دوایدا خۆی خستەوە بەردەستی میری و برایە سنە لەوێ خانەنشین کرا و عبداله خانی شەهیدیش چوو بۆ ناوچەی مەهاباد تا مەودایەکی دوور لەوی مایەوە. وە بەم پێیە فەرماندەکانی تریش وەکو عبداله بەگی سەرحەدی و حەمەئەمین خانی قادرخان زادە هاتنەوە عێراق و قادرخانی ئارمەدەش هەر لە ناوچەی بانەدا خۆی کەنارەگیر کرد و بەم پێیە دوایی بە حەرەکاتەکەی حەمەرەشیدخان هات.

لە سەردەمی حیزب دێمۆکرات دا حەمەرەشیدخان لە ڕۆمادیە ڕا هاتەوە بۆ کوردستان و لە لای سەقز جێگیر بوو. پێشەوا، میرحاج و مامۆستا هەژاری ناردە لای کە بچێ بۆ مەهاباد. هەروەک لە لاپەڕەی ٧٨ چیشتی مجێوەر دا هاتووە ئەو دەشڵەژێ و لە هەژار دەپرسێ: نازانی بۆچیم بانگ دەکەن؟

دیارە هەر لەو لاپەڕەیەدا بە قسەی مامۆستا هەژار گوایە حەمەرەشیدخان لە لای ڕوسان ئیعترافی کردوە کە ئینگلیس ناردویانە تا کاری شۆرش تێک دا و قەولی دابوو کە بە قسەیان نەکا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١٩٨ ی بەشی یەکی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر هەڵە و سیاسەتی غەڵەتی حەمە ڕەشید خان و کار لە کۆمار دا دەنووسێ: سیاسەتی غەڵەتی حەمەرەشیدخان!

ئەمجا لە پاش مردنی سەلیم خان حەمەرەشیدخان لە پەروازەی خەیالا وەهۆش هاتەوە. کە سرنجی لە کردەوەکانی خۆی گرت، بۆی ڕوون بۆوە کە چەند هەلی گەورەی سیاسیانەی دۆراندوە و زۆر هەلی پیرۆزی قوربانی تیلی دڵداری کردوە. ئەمجا وەکو یەکێک لە کاروانی تەمەدوونا بە جێ مابێ بە بێ هیچ لێکدانەوەی مەوقفی سیاسەت و ڕۆژ کەتبوو تاودان بە هەموو لایەکدا.

ئەمجا لە گەڵ قازی مەحەممەدا دەرگای موخابراتی بۆ دروست کردنی کوردستانێکی ئازاد کردوە.

دواتر ئەو وەک یەکێک لە ژێنڕاڵەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەی سەرا دا دەستی بە کار کرد و پلەی ژێنڕالی درایە. خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ۱۳۱ کتێبی بنەماڵەی قازی دەڵێ کە پێشەوا چەکی دایە و دەنووسێ:

بەڵام ناوبراو دوای وەرگرتنی چەکەکان گەڕاوە بۆ عێراق کەمترین هاوکاری لە گەڵ قازی نەکرد.

لەسەر کەسایەتی حەمەرەشید خان مامۆستا هەژار باسی ئەوکاتەی دەکا کە بۆخۆی کە لە سەقز بووە و تفەنگێکی خراپی هەبوە و زۆری پێخۆش بووە تفەنگێکی بڕنۆی چاکی هەبی. بۆیە دەستە شێعرێک بە حەمە ڕەشیدخانی بانە هەڵا گووتوە و پێیوادەبێ کە تفەنگێکی جایزە دەداتێ، بەڵام دەڵێ کە کەس شێعرەکەی هەر نەخوێندەوە.

## بەشی ٥

## سیاسەتی گشتی زلهێزەکان ڕووس و ئینگلیس

### سیاسەتی ڕووس

تا سەرەتای سەدەی ١٩ زایینی مەڵبەندی ئاەربایجان، سەر و خواروای چۆمی ئاراز، سەر بە ناوچەی قەفقاز بوو و لە ژێر دەستەڵاتی قاجارەکان دا بوو. دەوڵەتی ڕووس لە دوو شەڕی دوابەدوای یەک دا، لە ساڵەکانی ١٨١٣ و ١٨٢٨ توانی دوو پەیمانی "گوڵستان و تورکمەنچای" بەسەر ئێران دا بسەپێنی و چۆمی ئاراز بکا بە سنووری ئێران و ڕووس.

لە ساڵی ١٩١٨ دا بە دوای ڕووخانی دەوڵەتی تزاری, لە ناوچەی قەفقاز دا، فدڕاسیونێک لەژێر ناوی کۆماری دێموکراتێکی فیدڕاڵی باشوور لە نەتەوەکانی تورک و ئەرمەن و گورجی، بە پێتەختی شاری تفلیس پێکهات. بەڵام ئەو یەکێتییە دوای ٣ مانگ تێکچوو. گورجستان و ئەرمەنستان سەربەخۆ بوون و دوایەش تورکەکان لە ژێر ناوی ئازەربایجان، دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراند کە لە شارەکانی باکۆ، شیروان، گەنجە و نەخجەوان و قەرەباغ و ... پێکدێ.

لە ئازەربایجانی باشووردا، شاری تەورێز زۆر جار پێتەختی پادشا، یان جێگای نیشتەجێ بوونی وەڵیعادەکانی ئێران بووە. ئەو شارە ناوەندی خەبات و تێکۆشان کەسانی بە ناوبانگ، وەک سەتارخان و باقرخان بووە کە بۆ جێگیر کردنی نیزامی مەشروتە لە ئێران دا هەوڵیان دا. شاری تەورێز لە سەر وەزعییەتی سیاسی و ئابووری ئێراندا کاریگەری زۆر بووە و وەک ناوەندێکی گرینگی تورکەکان بە حیساب دەهات.

تەورێز بەر لە حکومەتی ڕەزاشا یەکێک لە گرینگترین شارەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. لە بواری فەرهەنگی زۆر بەرەو پێش چوو بوو. ئەوەڵین چاپخانە و قوتابخانەیی نێویین و مەدرەسەی کەڕ و لاڵ و کوێران و تێئاتر و شانۆ و قوتابخانەی سەنعەتی و وێنەگەری و وەرگێرانی کتێبی بێگانە، لەو شارە داندران. ئەو شارە ناوەندی بیروبۆچوونی پێشکەوتوانە بوو کە لە عوسمانی و ئوروپا و ڕووسیە ڕا دەهات و بەسەر گشت ئێران و ناوچەدا دا بڵاو دەبۆوە.

ئێستا مەڵبەندی ئازەربایجان سەرەڕای بوونی ٥ وڵاتی تورک بە هۆی جیاوازی مەزهەب نەیتوانیوە سەربەخۆ بێ و وەک باقی گەلانی ئێران، زوڵم و زۆریی لێکراوە و لە لایەن حاکمانی تارانەوە کە زۆربەیان بە ڕەگەز تورکن، چەوساوەتەوە.

لە مێژوودا زۆر کەس و تاقمی سیاسی کورد بۆ ڕاکیشانی پشتیوانی ڕووس لە کورد تێکۆشان. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٧٩ دا بە نەقڵ لە وەرگێرانی ئەفراسیابی هەورامی، لە بەڵگەنامەی ٣٠٠٨ دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندی حیزبی کمونیستی شووڕەوی دەنووسێ:

ژمارەیەک لە ڕێبەران و ڕێکخراوە کوردییەکان لە چوارچێوەی خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی، گەلێک جار هەوڵیان داوە بە مەبەستی یارمەتی وەرگرتن و درێژەدانی خەباتیان، پێوەندی بە نوێنەرانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بکەن.

یەکەم هەوڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٢ کە کۆمیتەی ئەرزەرۆمی پارتی "خۆیبون" بڕیاری دا، لەو ساڵەدا بە یارمەتی و پشتیوانیی سۆڤیەت، سەربەخۆیی کوردستان وەدی بێنێ، لەم بارەیەوە سەرۆکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمیتەی خۆیبوون(خالید بەگ)، مەرجەکانی کۆمیتەی کوردی لەمەڕ کوردستانێکی ئازاد بە نوێنەرانی ئێمە ڕاگەیاند. بە داواکارییەکی لەم چەشنەش، لەمەڕ یارمەتیدان بە جوڵانەوەی کورد و پشتیوانی کردن لە لایەن سۆڤیەتەوە، بەڕێز " یوسف زیا" لەلایەن کۆمیتەی ئەستەمبوولەوە، ڕووی کردۆتە باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە ئانکارا. لە وەڵامی داخوازیی نوێنەری ئێمە لەو بارەوە، لێژنەی کۆمیسارییای گەلیی وەزارەتی دەرەوە لە ڕێکەوتی ٢٨ی مارسی ١٩٢٣- ٢ی خاکەلێوەی ١٣٢٤ ڕایگەیاند: نە لە کوردە جیاوازخوازەکان دژی تورکەکان پشتیوانی بکرێ و نە لە ئیمپریالیزمی تورک لە ئاست کوردەکان، بەڵکوو لە خەباتی کوردان دژی ئینگلیس هاوەردی نیشان بدرێ.

سەرەڕای ئەوەی کە دیدارەکانیان لەگەڵ ئێمە سەرکەوتووانە نەبوون، کۆمیتەی ناوەندی کوردستان درێژەی بە سیاسەتی لایەنگریکردن لە یەکێتی سۆڤیەتی دا و بە هۆی نوێنەری خۆی کەماڵ فەوزی بەگ، ڕەمز و نامەی بۆ کۆنسولی ئێمە لە تەورێز هاوڕێ دوبسۆن نارد، هەروەها کەماڵ فەوزی بەگ داوای کرد سەرەڕای بۆچوونی دەوڵەتی سۆڤیەت لە بەرانبەر کێشەی کورد، لەگەڵ سمایل ئاغای سمکۆ کە لە باکووری ئێران بزوتنەوەی کوردەکان ڕێبەری دەکا، پێوەندی بگیرێت و هەلێک بۆ کۆمیتەی ناوەندی بڕەخسێنێ کە چالاکییەکانی سمایل ئاغا بەرەو داخوازییەکانی کۆمیتەی ناوەندی تێپەڕ بکرێن. سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ کوردان خۆمان بوارد، کۆمیتەی کوردی ڕایگەیاند کە کۆمیتە و خەڵکی کورد لایەنگری هەمیشەیی خۆیان لەمەڕ سۆڤیەت درێژە پێ دەدەن.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٣ کۆنسوڵی ئێمە نامەیەکی لەلایەن شێخ مەحموودەوە پێگەیشت کە تێیدا داوای یارمەتی و پشتیوانیی ئێمەی کردبوو، ڕووداوەکانی دوایی کوردستانی تورکیە، لەناوچوونی ڕێکخراوەکانی کوردی و دور خستنەوەی ڕێبەرانی کورد، دەرەتانی پێوەندی ڕێبەرانی کوردانیان لەگەڵ ئێمە بنەبڕکرد، بێ ئەوەش هێندێک دڵساردبوونەوەش لە لایەن کوردانەوە لە ئاست ئێمە ڕوویان دا، ئێمە نەتەنیا پشتیوانیمان لە خەباتەکەیان نەکرد، بەڵکوو بزوتنەوەی ئەوانیشمان لە چاپەمەنییەکانی خۆماندا پڕ ڕەنگ نەکردەوە.

لە ساڵی ١٩٢٦-١٣٤٧ کوردە ڕاپەڕیوەکان زۆر جاران ویستیان بە هۆی نامە و ناردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ تەورێز و ماکۆ، پێوەندیمان پێوە بکەن، لە ساڵی ١٩٢٨ بە نهێنی نامەیەک بۆ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ بەڕێ کرابوو بەم ناوەڕۆکەی خوارەوە: لەلایەن (دەوڵەتی) ئاراراتەوە نامەیەک بە ژمارەی ٢٤ و بە ئیمزای من ناردبرابوو، بەڵام وەڵامێک وەرنەگیرایەوە، سەرباری ئەوەش تەتەری ئێمە هەر لەو ڕۆژەدا گیرا و هێشتا لە بەندیخانەی ماکۆ ڕاگیراوە. تێخوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی ئەو ڕاستییەی سەلماند کە خەڵکی کورد بێ یارمەتی سۆڤیەت ناتوانێ ڕزگاریی نەتەوەیی خۆی بەدەست بێنێ ...

لەبەر ئەوەی هەوڵی کوردەکان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێمە، لە دەرەوە بە ئەنجام نەگەیشت، کوردەکان بە نهێنی هاتنە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت تا لێرە لەگەڵ ئێمە گفتوگۆ بکەن. چوونە ژوورەوەی ئەرتەشی سۆڤیەت بۆ نێو خاکی ئێران لە ساڵی ١٩٤١دا، ئەو هەلەی ڕەخساند کە کوردەکان لەگەڵ کاربەدەستانی کۆنسوڵخانە و یەکانەکانی لەشکری سوور پێوەندی بگرن.

بە پێکهاتنی دەوڵەتی کمونیستی لە ڕووسیە، کە دژبەری سەرەکی نیزامی سەرمایەداری بوو، دژ کردەوە لەبەرانبەر بە ڕووداوەکانی ناو ئێران، ڕواڵەتی تایبەتی بەخۆوە گرت و بوونی نەتەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوڕەگەزی نیشتەجێی ئێران لە گەڵ نەتەوەکانی نێو خاکی دەوڵەتی شووڕەوییەوە گرینگی تایبەتی پێدرا. پێشتر ئەو سیاسەتە بە گەیشتنی دەسەڵاتی ڕووس بەسەر ئاوی گەرمی کەنداوی فارس دا پێناسە دەکرا، بەڵام دواتر لە بابەتی نەتەوە و نەفت دا خۆی نواند و بەرژەوەندی ئابووری، بوو بە گرینگترین مەبەست.

لەو ستراتیژێ دا پێگەی کورد لاواز بوو و کورد وەک کەمایەتییەکی پرش و بڵاو و ڕاگوێزراو لە ناو یەکێتی سۆڤێتدا و دابەشکراو بەسەر چوار دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، بێ بەش لە هەموو ماڤێک، سەیر دەکرا. کورد لە بەشدارپی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتەکان دا پێگەیەکی نەبوو و تەنیا دەیتوانی لە سنووری ئەووڵاتانەدا تا ڕادەیەک نائارامی پێک بێنێ. بۆیە بەلای ڕووسەکانەوە بایخ دان بە مەسەلەی کورد گرینگی ئەوتۆی نەبوو. سەرەڕای ئەوانە دەوڵەتی ڕووس هەر بۆ هێمنی زیاتری ناوچە، سەرەتا پەیوەندی بە سەرۆک عەشیرەت و گەورەپیاوانی کوردەوە گرت و دوایەش هەوڵی دا لە دامەزراوەیی ڕێکخراوەیی ئەوان کەڵک وەرگرێ بێ ئەوەی ڕێگا بە ئازادی و سەربەخۆ بوونیان بدا.

لەم سەردەمەدا، دەوڵەتی سووڤییەت هیچ پەیوەندێکی بە کوردی تورکیەوە نەبوو، چوونکە دەوڵەتی تورک لە شەڕ دا بێ لایەن بوو و توانیبووی جوڵانەوی کورد لە دەهەی سی دا کپ بکا و سنووری ئاوو ویشکایی لە نێو دوو وڵات دا بێ کێشە بکا.

کوردستانی باشوور لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیس دا بوو و ئەو وڵاتە پشتگیری لە دەوڵەتی عێراق دەکرد و گرینگی بە ماڤی کورد نەدەدا. دیارە حیزبی هیوا تا ڕادەیەک پێگەی سیاسی لە عێراق دا هەبوو بەڵام سیاسەتی شووڕەوی ئەوە نەبوو لە پێناو بەرژەوەندی کورد دا پشت لە هاوپەیمانی سەرەکی خۆی (ئینگلیس) بکا. بەشی ڕۆژئاوای کوردستانیش لە ژێر دەسەڵاتی فەڕانسە دابوو و فەڕانسە بە هوی هێزەکانی ئاڵمان داگیر کرابوو. ئەرتەشی فەڕانسە لە سەروی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتی ئازادی فەڕانسەیان پێکهێنا بوو و بە دژی ئاڵمان لە شەڕ دابوون و کورد لە دەڤەرەی سووریە چالاکی ئەوتۆی نەبوو.

بەر لە داگیر کردنی ئێران ڕووسەکان بە هۆی سیخوڕەکانیانەوە زانیاری زۆریان لەسەر شوێنە حەساسەکانی ئێران هەبوو. دوکتور ئاسۆ لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: لە سابڵاغ لە قەراغ ماڵە عەوڵا دەرویش ڕەوەندێکی ڕووس لەگەڵ دایکی، دوو دوکانی بەکرێ گرت بوو لە یەکیان دا بەستەنی دەفرۆشت و لەوی دیکەش دا دەنووستن. بێخەبەر لەوەی کە ئەو بەستەنی فرۆشە سەرهەنگێکی ڕووسی سەر بە بەشی چکا (ڕێکخراوی ئەمنییەتی ڕووسییە کە دوایە بوو بە ک.گ.ب) بوو. شۆفیری سەرهەنگی ڕەئیسی پادگانیش هەر مەئموری ڕووسان بوو کە دوای داگیر کردنی ئێران پلەی خۆی ئاشکرا کرد و گاڵتەی بە خەڵک دەکرد.

بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٢٢٦ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" ئاقابکۆف سەرۆکی گشت سیخوڕانی ڕووس لە ئێران کە لە ساڵی ١٩٣٠ پەنای بۆ فەڕانسە برد، لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: ئەمن فەرمانم بە میناسیان دا کە یەکەم هەنگاو بۆ دامەزرانی سیخوڕی لە نێو کوردان دا باوێ و شاری سابڵاغی ئێستام وەک ناوەندی کاروتێکۆشان دیاری کرد.

لە کاتی داگیر کردنی ئێران، دەسەڵاتی ڕووس لە مەهاباد بریتی بوو لە ئەفسەرێکی بە ڕەچەڵەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازەری بەناوی "ماژوورعەبدولایۆف"لە گەڵ چەند سەربازی ڕووس. بەپێی لاپەڕەی ٦٨ کۆماری کورد، ناوبراو ئەسپ کڕ بوو و پەیوەندی نێوان کۆردەکانی ناوچەی مەهابادی لەگەڵ کاربەستانی ڕووس لە تەورێزی پێک دێنا.

هەروەها ئەفسەرێکی دیکە بە ناوی "جەعفەرئۆڤ" کە کوردی ئەرمەنستان و بەرپرسی وەرزشی سەربازانی ڕووس لە ورمێ بوو، جارجار تیمی واڵیباڵی سەربازانی ڕووسی دێنا بۆ مەهاباد و لە گەڵ قوتابیانی ناوەندی مەهاباد واڵیباڵیان دەکرد. جەعفەرۆڤ جارجار ڕۆژنامەی "ڕێیا تازە" کە بە کوردی لە ئەرمەنستان چاپ دەبوو دێنا بۆ مەهاباد و بڵاوی دەکردەوە.

ئارچیباڵد ڕوزوێلت لە لاپەڕەی ٣٢٧ کتێبی "شوق آموختن" لەسەر جەعفەرۆڤ دەنووسێ: مەئموورێکی بە ڕەچەڵک کورد هەبوو کە خەڵکی شووڕەوی بوو بە ناوی کاپیتان جەعفەرۆف کە بە نێو کوردان دا دەسوڕاوە و لە نەوعی خۆی دا ئەویش"تی. ئیس. لورێنس"ی کوردان بوو کە لیباسی کوردی دەبەر دەکرد و لەگەڵ تەواوی عەشایر شیمالی کوردستان لە پەیوەندی دابوو.

هەروەها لە شاری نەغەدە، کاپیتان "سەمەدۆڤ" بەرپرسی باری ئەمنی ڕووس بوو و هەروەها کاپیتان "حەق وێردی ئۆڤ" بەسەر " شاری " شنۆ ڕادەگەیشت و "نماز عەلی ئۆڤ" بەرپرسی میاندوا و بۆکان بوو. ئەو بەرپرسانە هەموویان بە ڕەچەڵک تورک بوون.

ئەفسەرانی بەرپرسی ڕووس لە کوردستان و ئازەربایجان زۆر بە دەستەڵات بوون و هەرچی پێیان خۆش با دەیانکرد. هەرچەند سیاسەتی شووڕەوی دامەزرانی نیزامی سوسیالیستی لە ئازەربایجان نەبوو، بەڵام ئەوان بە هۆی بیرو باوەڕیان دژی دەرەبەگ و سەرمایەداران بوون و زۆر جار بۆیان زەحمەت بوو کە ئەو هەستەش بشارنەوە. ئەمیری قازی باسی نماز عەلیئۆف ئەفسەری ڕووس لە میاندواو دەکا کە تورکێکی شووێنیستی تاڵانچی بوو و ئاغاکانی ئەزییەت دەکرد و ئەوەی دەوڵەمەند بوایە بە زۆر شتی لێ دەستاند و دەڵێ ئەمن ئەوەم لە حاجی سڵەماناغای مەعروفی، ئاغای حاجیلەک بیستووە کە پیاوێکی زۆر موسوڵمان و بە پرنسیپ و باش بوو. لێم پرسی کە بۆ ڕۆیشتن بۆ سەقز؟ گوتی: نماز عەلیئۆڤ هاتە حاجیلەک و لە دیوەخانێ داوای فەڕشێکی یەکجار زۆر جوانی کرد. ئەمن گوتم ئەوە فەڕشی دیوەخانە و لە ئیختیاری سوڵتاناغا دایە و ئەمن ناتوانم بتدەمێ، بەڵام دێمە میاندواو هەر فەڕشێکی بتهەوێ بۆت دەکڕم. گوتی نا ئەمن ئەوەم دەوێ. گوتم ئاخر ناتوانم بتدەمێ. نێوچاوانی تێکنا و کپۆی هەڵقرچاند و ڕۆیی. زانیم پەندێکم بەسەر دێنێ. جارێک چووبوومە کارخانەی قەندی میاندواو. زانیبووی لەوێم و ساڵداتی نارد بوو سەرجادە تا بمگرن. لە ئەوەڵین پۆستی ئەوان کە ڕەد بووم. نیگەران بووم و لە ماشێن دابەزیم و خۆم هاویشتە نیو قانەباغان و هەتا ئێواری کە زۆر سارد بوو و باران دەباری، خۆم شاردەوە. لە ئێوارێ زۆر درەنگ دا کە زانیم ئەوان نەماون گەڕامەوە بۆ ماڵە. دوایە بۆ ئەوەی تووشی لێدان و کوتان و بێ ڕێزی نەبین، وامان بە سەڵاح زانی کە بڕۆین بۆ بۆکان و لەوێشڕا بۆ سەقز.

هەر لەوبارەوە ئەمیری قازی بە نەقڵ لە سالاری میرزا فەتاحی قازی دەگێڕێتەوە: نماز عەلیئۆڤ کابرایەکی زۆر خراپ بوو هەرکەسێکی شتێکی هەبا و نێوبەدەرەوە بایە، داوای دەکرد و دەیانبردە لای ئەو و کێشەیەکی بۆ ساز دەکرد. یەک دووجار نامەی بۆ من نووسی کە بچمە میاندواو و چاوم پێبیبکەوێ. زۆرم گوێ نەدایە، چوونکە ئەمن کارێکم پێی نەبوو. ڕۆژێکیان لە میاندواو چووم بۆ ئیدارەکەی. لەوێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبوو. لە دەفتەرەکەی خۆم ناساند و گوتم ئەمن فلاَنکەسم و یەک دوو کاغەزم بۆ هاتووە کە بێمە ئێرەوە و ئەوە هاتووم و لە خزمەت دام. گوتیان وەڵا لێرە نییە و لە سەفەرە. کاغەزێکم وەرگرت و بۆم نووسی کە ئەمن ئەوکەسم کە چەند جارت داوا کردووم، ئەوە هاتمە خزمەتت بەڵام تەشریفت لێرە نەبووی و ئەگەر هاتییەوە خەبەرم لێبدە دێمەوە خزمەتت. ئەمن گەڕامەوە. ڕۆژێک لە ساروقامیش لەگەڵ ڕەئیسی کارخانەی مياندواو، لەنەکاو بە جیبێک هاتنە بەردەرکەی دیوەخانی دەرەوە. ئەمن بە پێشوازیانەوە چووم و هێنامنە ژووریَ. نماز عەلیئۆڤ لە دیوەخانی ژووریَ لەسەر فەڕشان، چەکمە دانەنا و دانەنیشت و قوونی لەسەر تاقەی پێش پەنجەرە دانا. ڕەئیسی کارخانە دانیشت و نماز عەلیئۆڤ گوتی ئەمن چەند جارم داوام کردی بۆ نەهاتی. گوتم وەڵا ئەمن هاتووم و ئەتۆ لەویَ نەبووی، نامەمم بۆ نووسیوی کە ئەگەر تەشریفت هاتەوە ئاگادارم بکەن دێمەوە خزمەتت. ڕەئیسی کارخانە دەستی بە تەعاروف کرد و گوتی بابا ئەو قسانەی ناویَ و ئێساتا دەستور بدەن نانێک شتێکی سازکەن. مریشکێک و فڕوجێک، شتێکمان بۆ بکوژنەوە. گوتم بەڵێ بەسەرچاوان ئێستا مریشک و فڕوج ساز دەبیَ. نماز عەلیئۆڤ بە تورکی گوتی "تۆیوغ نەدیَ گۆ ئینتە" مەڕمان بۆ سەر ببڕە مریشک چییە. ئەمیش نەمگوت ئەگەر ئەتۆ بتهەویَ بەڵکوو گوتم بەلَی ئەگەر ڕەئیسی کارخانە ئەمر بفەرمویَ مەڕیش سەردەبڕین. دیتم سوور سوور هەڵگەڕا. ڕەئیسی کارخانە داوای هیچی نەکرد و ئەویش ئەو قسەیەی قسەکەی پێخۆش نەبوو، چایان نەخواردەوە و نماز عەلیئۆڤی وەپیش خۆی دا بە سواری ماشێن ڕۆیشتن. دوایە ڕەئیسی کارخانەم دیتەوە گوتی: ماڵ خراپ ئەو بۆ وات قسە کرد. قسەکەت زۆر خراپ و ناخۆش بوو. ئەوە شلَتاخچی و پیاوکوژە لەوانە بوو کارێکی خراپ بکا. گوتم ئاغای ڕەئیسی کارخانە ئەمن ئەو قسەیەم بێ حیساب نەکرد. حیسابی من ئەوە بوو کە دەمانچەی ئەو کۆڵتە و ئی میش نێرگان بوو، دەستی بۆ دەمانچە برد با هەتا سواری دەکرد هەموو گووللەکانم دە ورگی دەکرد. بۆیە ئەمن حیسابی خۆم ئاوا کرد بوو.

سەرەڕای ئەوانە ڕووسەکان لە گەڵ کوردان زۆر باش بوون و بە قسەی خەلیل فەتاحی قازی بە نرخی هەرزان قەند و پارچەیان پێدەفرۆشتن. بەگشتی سیاسەتی شووڕەوی لەو قوناغەدا ئەوە بوو کە تا کۆتایی شەڕ، ناوچەی ژێر دەستەلاَتیان بە ئارامی بمێنی و یارمەتی قۆرخانەی هاوپەیمانان لە کەنداوی فارس بە ڕێکوپێکی بە دەستیان بگا. بۆیە لەو پێناوەدا هاوکاری زۆری دەوڵەتی ناوندیان کرد و لە سەرەتای ساڵی ۱۳۲۱ دا ڕێگایان بە هێزەکانی ئێران دا کە لە تارانەوە بێن و پادگانەکانی ورمێ و دەوروبەری ئاوەدان بکەنەوە و بە شێنەیی لەژێر چاوەدێری ئەوان دا، دەست بە سەر مەڵبەندەکەدا بگرنەوە.

سەرەڕای هەمووی ئەوانە، ئەوە نەبوو کە سیاسەتی ڕووس نەگۆڕ بێ. بەرژەوەندی گشتی بۆ دەوڵەتی ڕووس، گرینگترین شت بوو و هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەو مەبەستە وەگەڕ دەخران. دەوڵەتی ڕووس هەتا لە لایەن ئاڵمانەوە هیرشی نەکرابوو، ئیمتیازی گەورەی دا بە ئالمانی هێتلێر. دەنا وەک ئیگلتۆن لە لاپەڕەی۳۹ کتیبەکەی دا دەنووسێ، ڕووسەکان ساڵێک زووتر ئاگادار بوون کە لە ساڵی ۱۹٤۱ و ۱۹٤۲ گرینگتری ئامانجی ئاڵمان ئەوە دەبێ کە لە ئێرانەوە هێرش بۆ سەر ڕووسییە دەست پێ بکا و ئازربایجان و قەفقاز بگرێ.

دیارە ئەوەی باس کرا سیاسەتی ئاشکرای ڕووس بوو بەڵام لە پشتی پەردە دا، داگیر کردنی بەشێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆری خاکێ شیمالی ئێرانێی مەبەست بوو. پێش هێرشی هێزەکانی شووڕەوی بۆ سەر ئێران، دەوڵەتی شووڕەوی ٥٢ دەستە کە سەرجەم ٣٨١٦ کەس بوون، لە بەشەکان کادری سەروی حیزب، مەمووری ئەمنییەتی و پۆلیس و دەزگای قەزایی و کرێکاری شەمەندەفەر و داموودەزگای چاپخانە و زەوی ناس و کارناسی نەفەتی و... کە جیا لە بەشی لەشکری بوون، ئامادە کرد تا ڕەوانەی ئێرانیان بکا.

هەر بەدوای داگیر کردنی ئێران دا، باقرۆف بۆخۆی لە ڕێگای نەخجەوان هاتە تەورێز و لە نێو شاری دا، لە حاڵێک دا چەند منداڵ لەبەر ماشێنەکەی هەڵدەهاتن، بە تورکی بانگی دەکردن و دەیگوت، خاکی ئازەربایجانی باشوور، خاکی ئەسڵی گەلی ئێمەیە و خەڵکی ئێمە ماوەیەکی زۆرە لە خوشک و برایانی خۆی دابڕاوە...

باقرۆڤ دوای ئەوە بە دزی هاتە تەوریز و گەڕاوە، دەستەکانی سیاسیکاری ئازەربایجانی لە دەستەی ٢ سەد تا ٣ سەد کەسی، لە لیباسی نیزامی و بە دەرەجەی جوراجۆر، ڕەوانەی ئازەربایجان کرد. باقرۆڤ بەو کەسانی کە خوازیاری دەستەڵاتی خەڵکی ئازەربایجان بوون گوت:

هەمووکات هەر دەڵێن نیشتمان نیشتمان! ئێستا هەلی چاک بۆ ڕەزگاری نیشتمان پێکهاتووە. بڕۆن خزمەتی وڵاتتان بکەن.

باقرۆڤ دەیەویست ئازەربایجان سەروخوار کە سەرجەم خۆی لە ١٠ میلیون کەس دەدا تێکەڵ بە یەک بکاتەوە و بۆخۆی ببێ بە یەکە ڕێبەری ئازەربایجانی یەکگرتوو. دوو حەوتوو دوای هاتنی هێزەکانی ڕووس بۆ نێو ئێران، نیزیک بە ١٠٠٠ کەس لە کاربەدەستانی ئەمنی و ئیداری ئازەربایجان بە مەبەستی کاریگەری سیاسەتی شوڕەوی لەسەر ئازەربایجان، هاتن دە ئێرانێوە.

دەستەکانی سیاسیکاری ڕووس دەبوایە بە کار و تێکۆشان، خەڵکی ئازەربایجان هان بدەن تا وەک شێوەی ئوکراین و ڕووسییەی سپی، داوخوازی ڕەزگار بوونی ئازەربایجان بکەن. پرسی ئازەربایجانی باشوور دەبوایە تا نێوەڕاستی مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٠( ٧ و ٨ نوامبری ١٩٤١) کۆتایی بێ.

هێزەکانی ڕووس لە مانگی خەزەڵوەر ساڵی ١٩٤١ دا، دەستیان بەسەر کەرەسەی شرکەتەکانی ئاڵمانی لە ئازەربایجان داگرت کە بریتی بوون لە "ئێران ئیکسپرێس" و "وربر بایر ترانسپۆر"، "هس" و کۆمپانی " ئا.ئا.گ" و ناردیانن بۆ ڕووسیا. قیمەتی ئەوانە ڕادەی ١میلیون و دووسەت چل هەزار قران بوو. هەروەها لە حیسابی بانکی مەمووڕانی ئاڵمانی لە تەورێز، ڕادەی ٩٠٠ هەزار قران هەڵگیرا و لە حیسابی بانکی دەوڵەتی شووڕەوی کرا.

لەو کاتانەدا دەوڵەتی ئینگلیس تەواوی کارەکانی شووڕەوی خستبووە ژێر چاوەدیری و نیگەرانی بەرنامەکانی ئەوان بوون. بۆیە بابەتی پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی ئێرانیان خستە نێو بەرنامە و بە پێی قەراردادی سێ لایەنەی ڕووس و ئینگلیس و ئێران، لە ژانوییەی ١٩٤٢ دەبوایە ڕێز لە سەروەری ئێران بگیرێ و هێزی نیزامی ٦ مانگ دوای کۆتایی شەڕ، خاکی ئێران بەجێ بێڵن.

شووڕەوی نەیدەتوانی پەیوەندی خۆی و ئینگلیس و ئەمریکا وەبەرچاو نەگرێ و پشت لەو پەیمانانە بکا کە لەگەڵ ئەوان هەیبوو. ئەو پێویستی بەو کەرەسانەوە هەبوو کە لە ئێران ڕا، بە هۆی بەرەی هاوپەیمان بۆی دەچوو.

## سیاسەتی ئینگلیس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەبەستی سەرەکی دەوڵەتی ئینگلیز لە داگیر کردنی ئێران، تەنیا تێکشکانی بەرەی یەکگرتوو، بە تایبەت دەوڵەتی ئاڵمان نەبوو، بەڵکوو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران و هەوڵ دان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دژی کمونیستی بەستراوە بۆ خۆی بوو.

دیارە ستراتیژی و تاکتیکی وڵاتانی زلهێز، شتێکی نەگۆڕی دیاری کراو نەبوو کە نەکرێ بگۆڕدرێ. بەڵکوو هەڵسوکەوت و توانایی خەڵکی خۆجێی، کاریگەری لەسەر پلانی درێژخایەنی ئەو وڵاتانە دا هەیە. لەسەرەتا دا پلانی سیاسی دەوڵەتانی ئینگلیس و ئەمریکا لە ئێران دا، گۆڕینی ڕێژیم و پێک هێنانی چەند ناوچەی خودموختار بوو. بەڵام دوایە دەوڵەتی ناوەندی توانی ئەو پلانە بگۆڕێ. بە پێی لاپەرەی ٥٦٨ کتێبی "فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" محەممەد ڕەزاشا لە نووسراوەیەک دا، لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و ئینگلیس بە دوای داگیرکردنی ئێران دا، دەنووسێ:

هەوڵ دان بۆ دابەشکردنی دووبارەی ئیران لە کاتی شەری دووهەمی جیهانی دا، نیشانی دا کە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەر پلانێکی ئەوتۆیان بۆ ئیران هەیە. چوونکە لە ساڵی ١٩٤٥"ئیرنیست بووین" وەزیری دەرەوەی ئینگلیس و "جوزێف برێنس" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە مەسکۆ پێشنیاریان بە ستالین کرد کە ئازەربایجان و کوردستان و خوزستان، خودموختار بن. دیارە لە سەرەتا دا ستالین بووچوونی ئەوانی قبووڵ کرد بەڵام دوایە لە ژێر کاریگەری بووچوونی مولوتۆڤ وەزیری دەرەوە ئەو پێشنیارەی ئینگلیس و ئەمریکای ڕەد کرایەوە. چوونکە مولوتۆڤ پیی وابوو کە شوورەوی بە بێ کەمترین چاوەڕوانی دەتوانێ سەرانسەری ئێران داگیر بکا. یانی شووڕەوی بە هاوکاری کمونیستەکانی ئیرانی نە بەشێک لە ئێران بەڵکوو تەواوی ئیران بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆێ.

دیارە لەو کاتانەدا بۆچوونی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوە نەبوو کە ئێران دابەش بکرێ و ئەو ڕوانگەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای داگیر کردنی ئیران. سەرەرای ئەوانەش دەوڵەتی ئینگلیس هەوڵی نەدا ئەو پەیوەندی و بنەما دیموکراسێ پێشکەوتوانەییەی کە لە وڵاتی خۆی دا هەبوو، لە ئیران دا جێبگرێ، بۆیە دەستی لە گۆڕینی سیستم وەر نەدا و تەنیا ڕەزاشای گۆڕی. ئینگلیس بە پشتیوانی ئەمریکا یارمەتی زۆری بە سەقامگیری حکومەتی ناوەندی کرد و لە کێشەکانی نێوخۆی ئێرانیش دا بە تایبەتی لە کوردستان، زۆریان خزمەت پێکرد.

لەو سەردەمەدا هێزێکی زۆری ئەرتەشی ئێران لە ژێر فەرماندەری ژێنڕاڵ ئەرفەع و ژێنراڵ هوشمەند، لە کرماشان و سنە و سەقز و بانە جێگیر ببوون و لەگەڵ خەڵک دڕندانەتر لە سەردەمی ڕەزا شا دەجوڵانەوە.

بێشک قازی محەممەد بەو کردەوانە کە ڕەنگ دانەوەی سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتی ئینگلیس بوو، نائۆمێد ببوو و لە بەرەی ڕۆژئاوا دوور کەوتبۆوە.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩٧ بیرەوەرییەکانی دا باسی چۆنێیەتی تێکدانی سینەمای ئینگلیس بە فەرمانی قازی محەممەد دەکا و دەنووسێ: یەک- دوو ڕۆژ بەسەر چوو. لای نیوەڕۆ بوو کە چەند نەفەر ئینگلیسی هاتنە شارەکەمان. هەوەڵ چوونە لای ″قازی″ و پاشان چوونە لای حەکیم ″وێنەتان″. لای تاوپەڕان بوو، هاتن گوتیان قازی تۆی دەوێ. هەستام چووم. دیتم قازی هاتۆتە سەر چۆمی تا لەوێ بەتایبەتی ببینێت. گوتی: دەزانی بۆ بانگم کردووی؟ ئەوە ئینگلیسەکان سینەمایان هێناوە تا پێشانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارەکەی دەن، کارێکی وا بکە سینەماکە بشێوێنی، نەیهێڵی سینەما کار بکات تا بڕۆن و فانی بن. بۆ بەیانیش سەرێکی دوکانی کوڕی ″حەکیم وێنەتان″ بدە.

ئەوەی گوت و چۆوە بۆ مەحکەمەی. ئێوارێ لای تاوپەڕان دەگەڵ هاوالآن هەموو ڕێوشوێنێکمان جێگیر کرد و ئامادەبووین تا ئینگلیسی بێن و سینەما دابنێنن بۆ خەڵکی. شەو هاتن و سینەمایان وەکار خست. کوڕەکان بە گڵمە و بەردەورکە سینەمایان داگرت. دیار بوو دەستی لێهەڵناگرن و دیسان سینەما وەکار دەخەنەوە. نازانم "هاشمی گەرمێنی" لەکوێ مقەستی تەنەکەسازی گیر کەوتبوو، چوو سیمی سینەمای بڕی و لەکاری خست. ئینگلیسی هیچ خۆیان شلوێ نەکرد، بەبێدەنگی کەلوپەلیان کۆکردەوە و خۆیان و ماشێن و سینەما، بە قوونی خۆیاندا دا و ڕۆییشتن. بۆ بەیانیش لای نیوەڕۆیە چووینە موغازەی کوڕی "حەکیم وێنەتان"ی کە موغازەکەی مەشرووبات بوو. ئێمە چەند نەفەر بووین و چووین دانیشتین، دەستمان کرد بە خواردن و خواردنەوە تا تێر بووین. "حوسێنی خاڵیاغای" (حوسێنی خاڵ ئاغای) زۆر سەرخۆش بوو، دەمانچەی دەرهێنا و هەموو فیشەکەکانی لە شووشەکانی سەر تاقەکەی بەتاڵ کرد و بەو تەقەیە ئەوەی لەو دوکانەدا بوو و ئەوەی کاریشی لێدەکرد، ڕایان کرد بۆ دەرەوە. ئەوجا کە دوکان کەسی تێدا نەما، ڕەجاڵە وەسەرکەوتن و هوجومیان بۆ کرد، ئەوەندەی فوو لە قەننەی بکەی هەرچی مەشرۆب و کەلوپەل بوو بردیان و دوکانێکی چۆلوهۆل لەجێی خۆی ما. کوڕی حەکیمی یەکڕاست دەچێتە لای قازی و شکایەتی لە من دەکات. قازیش پیاوی بەدوودا ناردم و هەستام چووم. بڕێک خۆی لێم توورە کرد و گوتی: ئەوە بۆ واتان بەسەر حەکیمزادەی هێناوە؟

-جەنابی قازی من چی بکەم؟ بۆ یەخەی من دەگرن؟ ڕەجاڵە کردوویانە من بڵێم چی؟

بڕێک دڵخۆشی حەکیمزادەی دایەوە و ڕووی دەمن کرد و بە تورەییەوە گوتی: بڕۆ لەپێش چاوم. من وەدەر کەوتم، بەڵام حەکیمزادە لەلای قازی مایەوە. ئەدی نازانم پاش من قازی و حەکیمزادە چییان لە نێوان ڕابرد. پاشی چەند ڕۆژێک دیتمان حەکیمزادە کۆچ و باری تێکنا و بەرەو ئازەربایجان ڕۆیی.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٠٣ی کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە لاپەڕەی ١٨٠ی کتێبی "فاریزاوف" دەڵێ کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٢ فەرمانداری ئینگلیس لە ئێران ئاگادارییەکی بە زبانی کوردی و فارسی لە نێو کوردان بڵاوکردەوە کە لەوێدا ئاوا هاتووە:

دەوڵەتی ئینگلیز لاگری جوڵانەوەی سەربەخۆی کوردان نییە وە بە تەواوی هێزی خۆیەوە یارمەتی دەکات بە دەوڵەتی ئێران بە ئامانجی پێکهێنانی ئاسایش و هێمنایەتی. ئەم عەشیرەتە کوردانەی کە لە مەڵبەندەکانی ژێردەستەلاتی هۆردووی ئێمەدا ئەژین ئەبێ بە زوویی دەست لە جوڵانەوەی دژی دەوڵەتی ئیران هەڵگرن چەکەکانی خۆیان بدەنەوە بە دەوڵەت.

جیا لەمانە ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٠٥ی دەنووسێ کە هەرچەند سیخوڕانی نئینگلیس باسیان لە سەربەخۆیی کوردستان و حەقی کورد دەکرد، بەڵام هەوڵی پکهێنانی دووبەرەکی و ناتەباییان لە نێو کوردان دەدا و بە دژی سووفییەت و بیروڕای سوسیالیزم لەگەڵ ڕێوشوێنی عەشیرەتی و ئایینی ئیسلام قسەیان دەکرد.

سیاسەتی سەرەکی زلهێزی ئینگلیس و ئەمریکا پاراستنی داموودەزگای دەوڵەتی و پێکهێنانی هێمنی و ئاسایش و یەکریزی و ڕێز لە سەربەخۆیی و تەواوییەتی خاک و دەستەڵات و بەجێهێشتی هەرچی

زووتر و تەنانەت ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی نیوان هەرێمەکانی ئێران و دەوڵەت، بوو. دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئینگلیس و ئەمریکا ڕێزیان لەو بڕیارانە گرت کە لەگەل ڕووسان واژۆ کرد بوو.

سەرەڕای ئەوانە کردەوەی کومەڵگای کورد لە حاست هێزەکانی ئینگلیس دا ناشیرین بوو. هێندێک زرە ڕووناکبیری چەپی کمونیست و کومەڵگای مەزهەبی کورد، دەستیان دایە دەست و ڕێگای بە ئینگلیسییەکان نەدا کە بیر لە دۆستایەتی لەگەڵ کوردان بکەنەوە. مامۆستا هێدی لە لاپەرەی ۱۱۸ی کتیبی ئاوێنە شکاو دا لەوبارەوە دەنووسێ:

لەبەر ئەوە کوردەکان بە تەواوی پشتیان بە بەرەی ڕۆژهەڵات بەستبوو، هەر سەردەمی کەس بە کەسیش لە کوردەواری (ئۆف) و (ئیزم) ئاشی پێدەگەڕا.

بەرەی ڕۆژئاوایان وا فڕێ دابوو کە چاویان بە سینەما ئازادەکەشی هەڵنەدەهات کە لە ناوەڕاستی شەقامدا لە مەهاباد بۆ خەڵک پانیان دەکردەوە و تێلی کارەباکەیان لێ هەڵدەبرین کە کەس لێی نەڕوانێ نەوەک شتێکی سرنج ڕاکێش یان ڕوون کەرەوەی تێدا بێ، وەک دەڵێن بۆ بارە لۆکە زەرەر بێ.

بەگشتی لە پشت ڕێکەوتنی وڵاتانی زلهێز لەمەڕ چۆنییەتی هەڵسوکەوت لە ئێران دا، هێندێک سیاسەتی شاراوە لە گۆڕی دابوو و کورد ئەو کەسە نەبوو کە کەڵکی لێوەرگرێ.

لە دوایی دا دەبێ بگوترێ کە چەشنی هەڵسوکەوتی دیپلۆماسی ئینگلیس لە پەیوەندی سیاسی دا، زیاتر کەڵک وەرگرتن لە کەسایەتییە سیاسییەکان بوو. بەڵام ڕووسەکان زۆرتر لە پەیوەندی ئەنجومەنی فەرهەنگی دا پەرەیان بە سیاسەتی خۆیان دەدا. بە هاتنی دەوڵەتانی ڕووس و ئینگلیز، دوو شێوە سیاسەت هاتە ئاراوە. ڕووسەکان سیستیمێکی نوی حکومەتی بوون کە تەواو دژی نیزامی سەرمایەداری و ئەگەرچی دوو دەهە بە سەر دامەزرانی ئەو سیستمە دا تێدەپەڕی، بەڵام تاوتینی شۆڕشگێڕیان لە کەمی نەدابوو و ڕووس هەوڵی دەدا لە هەموو دنیا پەرە بە ڕوانگەکانی خۆی بدا.

هەر چەند ڕووس و ئینگلیس پێکەوە لە بەرەی هاوپیمانان دا بوون و لە شەڕدا، لە زۆر بابەت دا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام ڕووسەکان بە تایبەتی هەر وڵاتێک کە دەستیان بە سەر دا گرتبا، هەوڵیان دەدا ئیدە و مەرام و بیری خۆیان لەو شوێنە جێگیر بکەن و بە جورێک بێخنە ژێر هیژموونی خۆیان. ئەو سیاسەتە لە ئێران دا، لە ڕۆژنامە وەتەن یولدا (لە ڕێگای وەتەن دا) کە بۆ سەربازانی ڕووس لە تەورێز چاپ دەبوو، بە ڕوونی بەدی دەکرا. بەڵام ڕۆژنامەی تێهران دەیلی نیوز کە بۆ سەربازانی ئێنگلیسی لە تاران چاپ دەبوو، کاری بە کێشەی ئێران نەبوو.

## بەیانییەی ئەتلانتیك

لە ۱ ئووتی ساڵی ۱۹٤۱ ڕۆزفێلت سەرکۆماری ئەمریکا و چەرچیل سەرۆکوەزیری بەریتانیا بە شێوەی نەهێنی لە ناو کەشتی"ئاگۆستا" سەر بە هێزی دەریایی ئەمریکا، لە ئوقویانووسی ئەتلانتیكدا چاویان بە یەک کەوت و دوای تاوتوێ کردنی بارودۆخی شەڕ، وەک ١٤ مادەکەی ویلسۆن، ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان لە ٨ خاڵ دا بڵاو کردەوە. ئەو بەیانییە دواتر لە کۆبوونەوەی وڵاتانی هاوپەیمان کە بریتی بوون لە شورەوی و یوگوسلاوی و بلژیک و هولەند و چەکوسلۆاکی و یونان و لوکزامبورگ و نوێنەرانی ژێنڕاڵ دۆگول، بە تێکرایی واژۆ کرا و بوو بە بناغەی دامەزرانی نەتەوە یەکگرتووەکان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاڵەکانی ئەو بەیاننامەیە بریتی بوون لە:

١ – ئەوان (واژۆ کەرانی ئەو بەیاننامەیە) مەبەستیان داگیر کردنی وڵاتانی دیکە نییە و نایانەوێ سنوورەکانی خۆیان پەرە پێ بدەن.

٢ – ئەوان خوازیاری ئەوەن کە گۆڕانی سنووری وڵاتان دەبی بە ویست و خواستی ئازادانەی خەڵکی ئەو وڵاتانە بێ.

٣ – ئەوان ڕێز بۆ ویستی خەڵکی وڵاتانی دیکە لەمەر دیاری کردنی شێوەی حکومەت و دەسەڵاتیان دادەنێن و خوازیاری ئەوەن کە سەروەری و سەربەخۆیی ئەو خەڵکانەی کە بە زۆر لێی بێبەری کراون، بۆیان بگەڕێتەوە.

٤ – ئەوان لەگەڵ وەفادار مانەوە بەو بەڵێنیانە، بۆ گەیشتن بە بەرابەری نێوان تەواوی وڵاتان، هەر لە وڵاتی گەورە و بچووک، لە سەرکەوتوو و تێکشکاو، بۆ بازرگانی بە کەرەسەی خاوی پیویست بۆ پەرەستاندنی ئابووری، تێدەکۆشن.

٥ – ئەوان بۆ هەموو وڵاتان خوازیاری ئیمکانی بەرزترین ڕادەی هاوکاری لە بواری ئابووری، زەمانەتی باش بوونی هەلومەرجی کار، پێشکەوتنی ئابووری و ئەمنییەت کۆمەڵگان.

٦ – ئەوان دوای لەناوچوونی زوڵم و زوری نازییەکان، دەیانەوێ ئاشتی بۆ هەموو نەتەوەکان پێک بێنن کە ڕێگا بە سەقام بوونیان لە وڵاتەکەیان بدا و خەڵکەکەیان بە بێ ترس و بە بێ موحتاج بوون، درێژە بە ژیان بدەن.

٧ – لە کاتی سوڵح و ئاشتی دا تەواوی خەڵک دەتوانن بە بێ گرفت لە دەریا و ئوقیانووسەکان دا هامووشۆ بکەن.

٨ - ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن کە هەموو نەتەوەکان دنیا، بە پێی بەڵگەی مەنتقی و مەعنەوی، دەبی کۆتایی بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی نیزامی بهێنن، چوونکە لە کاتێک دا کە وڵاتانی هێرش بەری (ئاڵمان و ژاپون) بە ئەسلەحەی زەوی و ئاسمانی و دەریایی هەڕەشە لە سنووری وڵاتان دەکەن، ئاشتی بەردەوام ئیمکانی نییە.

ناوەرۆکی ئەو ٨ خاڵانە زۆر پێشکەتوانە بوو و لەسەر سیاستی ڕێبەرانی کورد کاریگەری زۆری هەبوو و بە ڕادەیەکی بەرچاو لە بڵاوکراوەکانی کۆمار دا ئاماژەی پێکراوە. بەڵام هیچ زەمانەتێک بۆ بەڕێوەبردنی ئەو خاڵانە لە گۆڕێ دانەبوو. تەنانەت سەبارەت بە کوردستان دوو دەوڵەتی ئینگلیس و ئەمریکا تەواو بە پێچەوانە ئەو پەیمانە جووڵانەوە. دیارە ڕادەی کەڵک وەرگرتن لەو خاڵانەش بەسترابووە بە توانایی هێز و دەسەڵات و ئاگاداری خەڵکی وڵاتان لە وەزعییەتی جیهانی.

## سیاسەتی گشتی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا

دەولەتانی زاڵ بە سەر کوردستان دا، بە پێکهاتنی هەلومەرجی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی ڕووس زۆر تووڕە بوون و هەموو هەوڵی خۆیان دا تا ئەو دەستکەوتە جێگیر نەبێ. "ئەرفەع" ڕەئیسی ستادی ئەرتەشی ئێران لە لاپەڕەی ٩٨ی کتێبی "کوردەکان" دا بە وردی باسی ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی دەکا. ئەوکات دەستەڵاتی دەوڵەت لە مەهاباد بریتی بوو لە بنکەیەکی پۆلیس کە ١٤ کەسی تێدابوو. لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵی ١٩٤٢ دەوڵەتی ئێران سەروانێک و جێگرێکی کوردی بۆ ڕاگەیشتن بە سەر کاروباری ئەمنی ناردە مەهاباد. لەگەڵ ئەوانە ژێنراڵ هوشمەند ئەفشار فەرماندەی گشتی ئەرتەشی ڕۆژئاوای ئێران بۆ لێکۆڵینەوە چووە مەهاباد. ئەفشار چەند سەعاتێک توانی لە شار دا بمێنێتەوە بەڵام ئەوانی دیکە یەکجێ لە شار دەرکران.

"ئەرفەع" لە درێژەدا دەنووسێ کە بە هۆی دۆستایەتی لەگەڵ فەرماندەی ئینگلیسییەکان توانیبووی لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی ئەوان دا، بە کەیفی خۆی هەڵسوکەوت بکا، بەڵام ڕووسەکان ڕێگایان بە جموجۆڵی ئێرانییەکان نەدەدا. ئەرفەع لە لاپەڕەی ٩٩ی کتێبەکەی دا باس لەوە دەکا کە چەندجار بە کەڵەک ویستوویەتی لە ڕێگای سەقز و دیواندەرە هێز بنێرێتە مەهاباد بەڵام ڕووسەکان نەیانهێشتووە.

سیاسەتی لەبار بردنی وەزعی ئەو بەشەی کوردستان، ستراتیژی گشت دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان بوو. لەوبارەوە بەڵگەی زۆر لە سەر یاداشت و چاوپێکەوتنەکانی حەیدەر ئەکتای باڵویزی تورکیە و ئیدەن وەزیری دەرەوەی بریتانیا وکریسس باڵویزی ئینگلیس لە سووڤییەت و ئا. ی. ویشینسکی کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی سۆڤییەت و مۆلۆتۆف بەرپرسی کاروباری دەرەوەی سۆڤییەت، بەدەستەوەیە. بە گوێرەی لاپەڕەی ٥٣ ی حامید گەوهەری ویشنیسکی لە یاداشتی ڕۆژانەی خۆی بە ڕێکەوتی ١٥ی ژانوییەی ١٩٤٢ لەسەر چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ حەیدەر ئەکتایی دەنووسێ: ... ئەکتای هاتە لام و لە ئەنجامی داگیر کردنی بەشێک لە خاکی ئێران لە لایەن ئەرتەشەکانی سووڤیەت و ئینگلیسەوە، پێی ڕاگەیاندم کە کوردەکانی ئێران و عێراق توانیویانە دەست بە چالاکی بکەن و بە ئاڕاستە کردنی هێندێک داوخوازی خۆیان بە دەوڵەتی ئێران کەوتوونە جموجۆڵ. بەمبۆنەوە دەوڵەتی تورکیە ناتوانێت بەرامبەر بەو ڕووداونە و چالاکی کوردەکان بێدەنگ بێ کە لە سنوورەکانی تورکیە ڕوودەدەن. دەوڵەتی تورکیە لەمبارەدا لە ڕێگای باڵوێزی ئینگلیس لە تورکیە دەوڵەتی ئینگلستانی ئاگادار کردەوە.

هۆگسۆن لە وڵامی ئەو بیرخستنەوەیە ڕایگەیاند هێزەکانی ئەرتەشی ئینگلیس و سووڤیەت پاڵپشتی بزوتنەوەی کوردان نیین و ئەوان هان نادەن. دەوڵەتی تورکییە لەم وڵامەی باڵوێزی ئینگلیس دڵنیایە و زۆر سپاسی دەوڵەتی ئینگلیس دەکا.

نیگەرانی دەوڵەتی تورکیە لە وەزعییەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەوە بوو کە پێیانوابوو یارمەتی ڕووس بە کورد، ئەو ناوچەیە بەرەو سەربەخۆیی دەبا. ئەوان، بە تایبەتی بە سەفەری ژمارەیەک ڕێبەر و سەرۆک عەشیرەتی کورد بۆ باکۆ، زۆر نیگەران بوون. بۆیە ئەو بابەتەیان لە گەڵ دیپلۆماتەکان بە شێوەی گشتی خستە بەرباس و بە پیویستیان زانی کە هێزی تورک لە سنوورەکان جێگیر بکەن.

دیارە بە پێی ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسییەی فیدراتیڤ لە وەرگێڕانی ئەفراسیاو هەورامی، مۆلۆتۆف لە سەر سەفەری ڕێبەرانی کورد بۆ باکۆ لە وڵامی ئیدەن دا دەنووسێ: ئەو دیدارە تەنیا لایەنی فەرهەنگی هەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٦

## شاری مەهاباد

## پێشینەی مێژوویی

بەر لە دامەزرانی مەهاباد ناوەندی گەورەی دەستەڵات لە ناوچەی موکوریان دا، شاری "دریاز" یان "داراس" بوو کە لە ١٢ کیلۆمیتری باکوری مەهاباد هەڵکەوتووە. میرسەیفەدین، خانی گەورەی موکری لە سەدەی هەشتی هەتاوی ئەو شارەی لە بندەستی "جاگیرلو" ی تورکمانی قەرقویونلوو دەرهێنا و خستییە ژێر دەستەڵاتی خۆی. سارمخان کوڕی میر سەیفەدین لە نیزیک شاری مەهاباد لە کێوی سارم قەلایەکی گەورەی دروست کرد و لە بەرانبەری هێرشی هێزەکانی سەفەوی دا ڕاوەستا.

هەر لە زەمانی سەفەوییەکان دا، شاعەباس ڕایسپاردە "میر قوبادبەگی موکری" کە بۆ تێکشکانی خزمی خۆی، خانی برادۆست و لەبەین بردنی قەڵای "دمدم" هاوکاری ئیعتیمادولدەولە بکا. قوباد بەگ کە حاکمی گاودۆڵی بوو بە قسەی نەکرد و ڕازی نەبوو لەگەڵ خزمی خۆی شەڕ بکا. بۆیە ساڵێک دواتر شاعەباس بە بیانووی سەردان و بەسەرکردنەوە و بەخشینی خەڵات، ڕایسپاردە "قوبادبەگ" کە سەردانی دەکا. لە پێشوازێکی زۆر گەورە لە ساڵی ١٠١٨ دا شاعەباس، قوباد و حەیدەری برای و تەوای ئەو کەسانەی کە لە ڕێورەسمی پێشوازی دا ئامادە بوون و بە ١٠ هەزار کەس ئەژمار دەکران، کوشت و شاری دریازی وێران کرد.

لەو شەڕەدا شاعەباس ، "شێر سوڵتان" کە پیاوێکی ڕەشید و ئازا بوو و دۆستایەتی لەگەڵ هێندێک کەس لە قزڵباشەکان هەبوو نەکوشت و بەخشی. شێرسوڵتان بەخۆیی و بە ٣٢ بنەماڵەی دیکە شوێنی مەهابادی ئەوڕۆ کە تورکان بە هۆی کانی سارد، پێیان گوتووە ساوجبلاغ، ئاوەدان کردەوە. شێر سوڵتان دواتر بڕیاری دا کە تۆڵەی کەسوکاری خۆی بکاتەوە و لە ماوەی ١٠ ساڵ دا هێزێکی کارامەی ئامادە کرد و شەوێک هێرشی کردە سەر شاری مەراغە و بێ ئەوەی زیان بە خەڵکی بگەیەنی تەواوی قزڵباشەکانی قەتڵیعام کرد. شاعەباس بە بیستنی ئەو هەواڵە لەشکرێکی گەورە ئامادە کرد و ڕەوانەی شەڕی کرد. بەڵام ئەو هێزەش لە بەرانبەری شێر سوڵتان دا خۆیان ڕانەگرت و شکان. ئەوجار شاعەباس بڕیاری دا بە هێزی زیاتر و لە ژێر فەرماندەری خۆی دا هێرش بۆ سەر شێر سولتان بکا. بەڵام لە نیوەی ڕێگا دا خەبەر ڕاپەڕینی خەڵکی خوڕاسانی پێگەیشت و بە ناچار ڕووی هێزەکانی بەرو خوڕاسان وەرگێڕا و لە شەر لەگەڵ شێر سولتان خۆی بوارد. دوای شێرخان، بوداغ سوڵتانی کوڕی بوو بە دەستەڵاتداری مەڵبەندی مەهاباد و ماوەی ٦٠ ساڵ حکومەتی کرد.

ئۆژن ئۆبە سەفیری فەڕانسە لە ئێران لە لاپەڕەی ١١٣ کتیبەکەی دا دەنووسێ کە بوداغ سوڵتان دوو کوڕی هەبوو بە ناوەکانی عەبدولعەزیز سوڵتان و عەبدوڵابەگ. لە کوڕی یەکەم خانەکان پێکهاتن کە زۆربەیان لە شار نیشتەجێ بوون و لە کوڕی دووهەمیش بەگزادەکانی لیکەوتەوە کە زۆربەیان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوێستانەکان نیشتەجێ بوون. ئەو دوو دەستەیە پێکهێنەری چینی مەزن و نەجیبی (نجیب و ئەشراف)تایفەی پێک دێنا.

بە پێچەوانەی داب و نەریتی باو، لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ دا یەکێک لە کوردەکانی عەشیرەتی موکری بوو بە حاکمی تەواوی ئازەربایجان و بە پێچەوانەی هەموو ڕەوشتێک لە قودرەت و دەستەڵاتی خۆی بۆ لە ناوبردنی پلەو پایەی هەموو کەسایەتی و مەزن و گەورەی تایفەی خۆی کەڵکی ورگرت.

بە پێی کتێبی ئۆژن لەوکاتە ڕا موکرێکان کە ٥٠٠٠٠ بنەماڵە بوون، ئیدی لە خۆیان حاکمیان دیاری نەدەکرد. بەڵکوو دەوڵەت حاکمی دەستنیشان دەکرد و حاکم بە چەند کەسەوە دەهات و لە مەهاباد لە خانوویەکی گەورە دا کە کەوتبووە سەرچۆمی جێگیر دەبوو. لە مانگەکانی مەحەڕەم و ڕەمەزان دا چەند کەسی ڕەوزەخان لە تەورێز ڕا دەهاتنە مەهاباد و بەرنامەی ئاینی شیعەیان بۆ بەڕێوە دەبرد. ئەوکات کەس بە سەربازی نەدەگیرا و تەنیا کەمێک باج لە خەڵک دەستێندرا.

ئۆژن ئۆبن لە لاپەڕەی ١١٣ باسی میوانداری "تەقی خان ڕەشید مەلیک" حاکمی ئەوکاتی مەهاباد دەکا و دەڵێ کە دەستەیەک لە دەروێشەکانی قادری بە دەف لێدان و زەرک وەشاندن، مەجلیسەکەیان ڕازاندەوە. دوایە بە جێگای کیژۆڵەکانی سابڵاغی کە شەرمیان دەکرد لە بەرانبەر ڕۆژئاوایان دا سەما بکەن، جەوانانی جوو بە دەهۆڵ و زوڕنا و گۆڕانی، بە لیباسی کوردی ڕەشبەڵەکیان گێڕا. دوایەش دوو گۆڕانی بێژی شار بە ناوەکانی سەعید و ئەحمەد ئەمین بە تار و دنبەگ وەژوور کەوتن بەزمیان گێڕا.

چاوخشاندنێکی کورت بە سەر شاری مەهاباد دەردەکەوێ کە لە هەر شوێنێکی ئەو شارە، بە دەیان بەسەرهاتی گرینگ و سەیر و سەمەرەی لێ ڕوواوە و هیچ شوێن و گەرەک و داروبەردێک نییە کە بەشێوەیەک ئاوێتەی ڕووداوێکی مێژوویی سیاسی کۆمەڵایەتی، یان فەرهەنگی نەبوو بێ. لە کێوەکانی قەڵای سارم، داشامەجید، قوڵقوڵاغ ، خەزایی، گردی کەڵکی بەگزادان، مێژووی ڕاپەڕین و بەرخۆدانی کەڵەپیاوانی نەتەوەیی کورد بەدی دەکری و لە گەرەکی وەفایی و ئاوایی شیلاناوێ شیعری وەفایی و هێمن لە دایک دەبێ.

یۆسفی قازی لە لاپەڕەی ٤٩ کتیبی "ڕۆزنامەی تاریخ" کە چاپ نەکراوە بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی حیزبی تودە بابەتی "از ریاست جمهوری تا چوبەی دار" لەسەر مەهاباد دەنووسێ:

لەو شارەدا ڕوداوەهایەک ڕووی داوە کە ڕەنگە ساڵاها تیپەڕی و کەسیک پەیدا نەبێ باسی لێ بکا. ئەسرارێکی تێدایە کە ڕەنگە تا ئەبد ئاشکرا نەبێ. زوڵم و زۆری و خوین ڕشتن، فێل و تەڵەک و کێشە و دەستەبەندی بەکرێگیراوانی دەرەکی، ئەو شارە بچوکەی کردوتە میدانی شەڕ و ڕەقەبەرایەتی.

زۆر ڕووداوی وەک کچە هەرمەنی و ساڵی حەمە گڕوێ و مەلا وسوو و ... لەو شارەدا ڕوویان دا کە ڕەنگی تەواو سیاسیان هەبوو بەڵام کەمتر باسیان لێکراوە. عومەر باڵەکی لە کتێبی " مەهاباد و کورتە مێژوویەک" باسی ئەو ڕووداوانە دەکا و دەنووسێ کە کچە هەرمەنی کچی "گرانفلید" کۆنە کۆنسولی ئینگلیس لە مەهاباد بوو کە دوایە لە نێوان کوردستان و ئازەربایجان دا بازرگانی دەکرد و ئاوایی سەرا و ڕەحیم خانی کڕی بوو. لە ساڵی ١٨٩٠ کچەکەی بە ناوی "ئیریک بیک" موسڵمان بوو و نێوی گۆڕی بە فاتمە و ئاشقی کەسیک بوو بە ناوی عەزیز بەگ. ئینگلیسییەکان و بە تایبەتی قەشەکانی ئایینی مەسیحی کە بۆ پەرەدان بەو ئایینە هاتبوونە کوردستان، بەو کارە توڕە بوون بۆخۆیان بە سەرشۆڕی دەزانی. بە

ناچار کچ و کوڕ هەڵاتن بۆ تورکیە. ئینگلیس داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد کە بیانگرێ و تەسلیم بە ئەوانی بکا. بەڵام عوسمانییەکان نیگەرانی دژکردەوەی موسڵمانەکان بوون و ئەوانیان ڕەوانەی سابڵاغ کردەوە. ئەوجار ئینگلیسییەکان داوایان لە حکومەتی ئیران کرد و بە ناچار کچ و کوڕ خۆیان لە شابەندەرخانەی عوسمانی لە سابڵاغ هاویشت و خەڵکی شاریش چەکدار بوون و پاریزگاریان لە شابەندەرخانە کرد و هەڕەشەیان کرد کە ئەو کەسانەی کە مەبەستی هێرشیان هەبێ دەیانکوژن. ئەو کێشەیە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا تا لە دوای ئەوە کە نوینەرانی ئینگلیس و عوسمانی و ئێران زانیان کە کچە بە مەیل خۆی بۆتە موسڵمان، ئەوجار دەستبەردار بوون.

هەر لە لاپەڕەی ٧١ ئەو سەرچاوەیەدا، عومەر باڵەکی باس لە حەمە گڕوێ و مەلا وسوو لە ساڵی ١٩٠٥ زایینی دەکا کە یەکیان گۆرانی بێژ و ئەوی دیکە موسیقا ژەن بووە. مەلا وسوو ژنێکی جوانی هەبووە و حاکمی شار"تەقی خان"(ڕەشید مەلیک) ئاشقی دەبێ و ڕۆژێک ڕایدەسپێرێتێ. ئەویش بە تەکبیروڕا لەگەڵ مێردەکەی و حەمە گڕوێ بە درۆ بەڵێنی پێدەدا و قەراری لەگەڵ دادەنێ. کاتێک کە تەقی خان لە کاتی دیاری کراو دا دێتە شوێنی قەرار، حەمە گڕوێ و مەلا وسوو لێی ڕادەپەڕن و هەتا دەتوانن تیی‌هەڵدەدەن. دوایە حاکم نەجاتی دەبێ و هەڵدێتەوە بۆ دارولحکومە و ژاندارم وەسەر حەمە گڕوێ و مەلا وسوو دەخا تا بیانگرن. ئەوان بە چەک دەست دەکەنەوە و چەند کەس لە پیاوانی تەقی خان دەکوژن. تەقی خان ناچار ڕادەسپێرێتە باپیر ئاغای قوم قەڵایە و داوای یارمەتی لێدەکا. هێزی باپیرئاغا بە هانایەوە دێن و لە دەستڕێژان دا ژنی مەلا وسوو دەکوژن و ماڵەکە لەسەربانی ڕا کون دەکەن و نەفتی تێدەکەن و ئاوری تێبەر دەدەن و حەمە گڕوێ و مەلا وسوو کە فیشەکیان لێ‌دەبڕدرێ دینە دەر و لەبەر دەرکە بە ڕەگباران دەکوژرێن.

لە درێژەی ئەو ڕووداوانەدا، غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ١٤ ی کتێبی "ئاڵەکۆک" دا باسی کەسێک دەکا بە ناوی "حەمە هەتیو" کە لەگەڵ چەند جەوانی دیکەی مەهابادی کەتبوونە ژێر کاریگەری فکری ئەو ئەفسەرە باڵشویکانەی کە لە شەڕی یەکەمی جیهانی هاتبوونە مەهاباد. حەمە هەتیو دوای ئەوە کە کوردستان کەوتە ژێر دەستەڵاتی ڕەزاشا بە خۆی و هەڤاڵان، چەند ڕۆژ لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم قارەمانانە بەشەڕ هاتن بەڵام دوایە تاق کەوتەوە و لە پشت سەربازخانە، پاش شەڕێکی قارەمانانە شەهید کرا.

حەمەدی مەولوودی لەسەر ئەوبابەتان لە لاپەڕەی ٥٩ کتێبی "کورد بوون" کە وریا مامڵێ" ئامادەی کردووە، دەنووسێ: ئەو زەمان(مەبەست دەیەکانی بیست و سی سەدەی بیستە) مەلا و فەقێ دەستیان یەکجار درێژ بوو، حکومەتی ئێران زەعیف بوو. حاکمێک لە سابڵآغ بوو، چەند نەفەر لە خەڵکی شاری کە هەمووی سەرسەری و شەلاتان بوون کرد بوونی بە نەزمییە. ئەوکاتە ″کەریمی سیسمێڵی″ داروغەی شار بوو. هەر شکایەت و شکایەتکارییەک با دەچوونە لای داروغە. بە فکری من زۆر لە مێژ نییە حکومەتی ئێران کوردوستانی داگیر کردووە، با پێتان بڵێم بۆ؟ لە پاش بەینێک دەستێک سەرباز هاتنە سابڵاغ. پاپاغی سوور تفەنگی وەڕنەویان دە شاندا بوو. ″خەزاڵە شێت″ێک ژن بوو بەڵام لیباسی پیاوانی دەبەر دابوو، ئەو قازاخانە ئەو ژنەیان دەدیت و ڕایاندەکرد.. خەزاڵ شەپی وای لە قازاخانە دەدا نەبێتەوە. لە شوێنێک خەزاڵە شێت لەوێ با، یەک قازاخ نەیدەوێرا تخوونی ئەو شوێنە بێت. ئەوە یەک.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووهەم، ئەو زەمان لە کۆڵان و لە کوچان بەیتێکیان دەگوت بە "سامسام" یان هەڵدەگوت کە باسی ئەوکاتی دەکات کە سەربازانی حکومەتی دەگەڵ سامسامی هاتوونە ئیندرقاش. چەند کەلیمەم لەبیر ماوە کە کاتی شەڕ لە سەنگەر دا لە زمان کەسێک بە ناوی "ئەحمەد"ەوە دەڵێ:

مامە پاشا ئەو سێتیرە بۆ من باشە.
پێی قڕ دەکەم پاپاغ ڕەشە
دەنگی سامسام لە کۆڵان دێ
سەدای سامسام لە بورجان دێ
دیسان ئەحمەد دەڵێ:
مامە مینە ئەو سێتیرەم لە بۆ بێنە.
پێی قڕ دەکەم پاپاغ شینە
دەنگی سامسام لە باغان دێ
ئەو بەیتە زۆرە، من هەر ئەوەندەم لەبیر ماوە.

سێهەم باش دێتەوە زەینم کە دوو حاکم بۆ سەردەشت چوون، نەیانهێشتووە قوون دادەن شاربەدەریان کردوون و وەدەریان ناون.

چوارەم لە سابڵاغ "کەریم هەتیو"(ڕەنگە مەبەست حەمە هەتیو بێ) نێوێک عالەمی لە خۆ خڕ کردەوە تا "ئەمیر تۆمان" کە حاکمی شار بوو. لە شار وەدەری نێن. چەند ئاغاوەتی خۆ فرۆش پێشیان گرتن، حەمە هەتیویان گرت و قاچیان لەبەر زگی وڵاغەکەی بەست و بە کوچە و کۆڵاناندا دەیانگێڕا و خەڵکیان پێ چاوترسێن دەکرد.

حەمەدی مەولوودی دوایە لە خاڵی پێنجەم دا باسی ڕووداوی مەلا وسوو و حەمە گروێ دەکا و ئەوەی چۆن لە ئاخر دا ئاغا و عەشیرت بە پشتیوانی لە حاکمی ڕێژیم دەوری ماڵەکەیان دا و ئاوریان تێبەر دان و کوشتیانن.

هەر لەسەر مێژووی شاری مەهاباد ئیگلتون دەنووسێ کە ئەو شارە لە سەدەی ١٦ دا گرینگێکی وای نەبووە و درياز بایخی زۆر بووە. لە ساڵی ١٨٣٤ بایلی فراسر مەهابادی بە شارێکی جوانی خۆش و دڵفڕین کە لە قەراغ چۆمێک هەڵکەوتووە دەیناسێنێ. ئیزابیلا بیرد بیشاپ لە ساڵی ١٨٩٠ چووتە مەهاباد و دەنووسێ کە ئەو شارە ٥٠٠٠ کەسی لێژیاوە و ١٠٠٠ سەربازی بۆ بەرگری لە شەڕی کورد و تورک لێبووە. ئیگلتۆن ڕادەی خەڵکی مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٥ بە ١٦٠٠٠ کەس دەقەبڵێنێ.

لەوکاتانەدا دانیشتوانی مەهاباد نیزیک بە ٢٠٠٠٠ کەس بوو، تەنیایەک قوتابخانی ناوەندی واتا تا کلاسی ٩ ی هەبوو و بۆ وەرگرتی کەلاسی ١٢ دەبوو خوێندکاران بچنە تاران یان تەوریز. هەروەها تەنیا یەک قوتابخانەی کچانی تا کلاسی ٦ سەرەتایی هەبوو. مامۆستاکانی قوتابخانە دیپلۆمیان هەبوو ئەویش زۆربەیان ئازەری بوون. بواری کاری سیاسی و ڕیکخراوەیی نەدەدرا و کاربەدەستی ئیدارات تورک و فارس بوون و مەتمانە بە کورد نەبوو.

کارگەی پیشەسازی هەر نەبوو و بەرهەمی کشتو کاڵ کەم و بە دەستی و بە کەڵ و عارەبە و گاجووت و گوێدرێژ ڕەعەمەڵ دەهات کە ئەویش بەشی کوردستانی نەدەکرد. توتن ڕەعەمەل دەهات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەویش کرین و فرۆشتنی لەدەست ئیداراتی دەوڵەت و دەرەبەگەکان دا بوو و چ بۆ ڕەعییەت و جوتیاران نەدەماوە. دوکتور ئاسۆ لە لاپەرەی ٥٩ دا لەسەر ناوەندی دوخانییە دەنووسێ کە ژووری گەورەی بۆ ئەنبار کردنی توتن هەبوو. کرین و فرۆشتنی توتن لەژێر پاوانی دەوڵەت دابوو و کەس بۆی نەبوو بکڕێ و بفرۆشێ. جوتیارەکان لە پاییز دا توتنەکەیان دەبردە دوخانیە و کەسێکی شارەزا، پلەبەندی دەکرد و نرخەکەی دیاری دەکرد. هەتا گەیشتنی نۆرە هەرکەس بۆخۆی ئاگای لە توتنەکە دەبوو و زورجاران لە ترسی قەرزداران، خاوەندار خۆی لە نێو تا توتنان دا دەشاردەوە. کاتی دیاری کردنی پلە و نرخ، ئاغا بەشی خۆی هەڵدەگرت و ئەگەر پارەیەک مابا دەدرا بە جوتیاران. زۆرجار جوتێر چی بۆ نەدەما چوونکە لە ساڵی ڕابردوودا لە ئاغا و لە دوکانداران قەرز و سەلەمی کردوە و دەبوو بیداتەوە، بۆیە بەدەست بەتاڵی دەگەڕاوە بۆ ماڵ. ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوودا دەنووسێ:

ئەو کات تەنیا لە شاری مەهاباد ئیدارەی دوخانیات هەبو کە توتنی ناوچەی کۆ دەکردەوە و ڕادەستی حکومەتی دەکرد. هەر بەو هۆیە تەواوی توتنی لاجان و مەنگوڕایەتی و گەورک و پیران و محاڵی ئاختاچی و دێهاتی دەور و بەری شار دەهاتە ئیدارەی دوخانیات. پاییزان کە کاتی وەرگرتنی بەرهەمی توتن بو شار پڕ دەبو لە خەڵکی ئەو ناوچانە. کاروانسەرا و میوانخانە و قاوەخانە و منزڵی بە کرێ وەدەست نەدەکەوت.

نازانم هۆکاری چ بو دەوڵەت هەمو جۆرە توتنێکی چ زۆر باش با و چ زۆر خراپ با بە نرخی زۆر باش لە توتن کارەکان دەکڕی. هەر بۆیەش زۆربەی کێڵگە و زەوی و زاری ناوچە دەکرا بە توتن و لە نێوان ئاغاوەتی ناوچە دا ببو بە کێبەرکێ. هەر گوندێک توتنی زیاتری بەرهەم هێنابا ئاغاکەی شانازی پێوە دەکرد و خۆی پێوە ڕادەنا.

کڕین و فرۆشتنی توتن لە نێو بازاڕی شاریش دا زۆر باو بو. تەواوی ئەو پارەیەی لە توتن وەدەست وەرزێر و ئاغاوەت دەکەوت لە ماوەی سێ مانگی پاییز دا هەر لە شار خەرج دەکرا. دۆخی ئابوری شار زۆر بەرز ببۆوە و بە تایبەت لەو وەرزە دا خەڵک زۆر باشیان کاسبی دەکرد و هەمو بوارەکانی ئابوری شار دەبوژانەوە. لە کاتی فرۆشتنی توتن دا هێندێک لە ئاغا زۆردارەکان وەک حەمەدی بایز ئاغا و کاکە سواری ئەحمەدی گوڵاوی ئاغا و مام عەزیز قەرەنی ئاغا و چەند کەسی تر، تا توتنی خۆیان لە قەپان نەدرابا و کاروباری نەکرابا و پارەی وەرنەگیرابا نەیاندەهێشت توتنی هیچ کەسی تر جێ بە جێ بکرێ. بەو هۆیەش هەمو ڕۆژێ دەبو بە شەڕ و هەڵا و هات و هاوار.

لەسەر نێو و پێگەی شاری مەهاباد، ئیگلتون دەنووسێ:

نیوەکە نێوی پیاوچاکێکی خەیالی و نەناسراوە کە گویا هەر لەو ناوچە بووە...

لە ساڵی١٣١٥ هەتاوی دا بە پێشنیاری ڕەشید یاسمی و بە فەرمانی ڕەزا شا ناوی ساوجبلاغی موکری گوڕدرا و بوو بە مەهاباد کە یان لە مەهئاباد یان مادئاباد وەرگیراوە، یان نازناوی زەردەشت بووە کە بە گوێرەی هێندێک سەرچاوە، لە ناوچەی شارویرانی لە باکوری ئەو شارەدا لە دایک بووە.

مەهاباد ناوەندی ناوچەی موکوریانە. لەسەر ڕادەی شارەکانی موکوریان، لە ژمارە ٢٢ی کوردستان دا ئاوا هاتووە:

... موکوریان ئەوڕۆ هەشت شاری هەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١- مەهاباد
٢- سەردەشت
٣- میاندواو
٤- نەغەدە
٥- شنۆ
٦- بۆکان
٧-ساین‌قەڵا
٨- بانە.

ریچارد مۆبلی لە لاپەڕەی ٥٥ ی کتێبی"پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان" لە ڕادەی نفووسی کورد لە شارەکانی جێی کێشەی کورد و ئازەری دەنووسێ:

سەرووی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٤٠ دا تەنێ ٧٠ کورد بوون و چەند شاروچکەی سەرەکی، لەوانە کەلاخۆی(خۆی ٣٥٠٠٠ کەس)، شاپوور(١٢٠٠٠) و میاندواو تەنێ هەر کەمایەتییەکی کوردیان تێدابوو. مەراغە، مەرەند و ڕەزائییەش کێشەیان لەسەر بوو. ڕەزائییە گەورەترین شاری لە سەرووی کوردستانی ئێران، حەشیمەتێکی ٥٥٠٠٠ کەسی هەبوو و شوێنێک بوو کە زیاتر لە هەموو جێیەکی دیکە داوای لەسەر بوو.

ئۆژن ئۆبن سەفیری فەڕانسە لە لاپەڕەی ١٢٣ی کتێبەکەی، لە ١١٠ ساڵ لەمەوبەر دا دەنووسێ کە شاری میاندواو عەرزی دەوڵەتییە و ٢٠٠٠ ماڵ بووە. لە کاتی خۆی دا عەباس میرزا هێندێک لە بلوچی کرمانی و هێندێک تورکی جیاوازی شارەکانی ئازەربایجانی کۆ کردەوە لەو شارەی نیشتەجێ کردن.

لەسەر گەڕەکەکانی مەهاباد ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوودا دەنووسێ:

شاری مەهاباد لەو سەردەم دا بە سەر هەشت گەڕەکدا دابەش کرابو کە بریتی بوون لە:

١ – گەڕەکی شوانان
٢ – گەڕەکی زەرگەیان
٣ – گەڕەکی قوڵە قەبران
٤ – گەڕەکی ئەرمەنیان
٥ – گەڕەکی سێ ئاشان
٦ – گەڕەکی مزگەوتی سور
٧ – گەڕەکی خڕێ
٨ – گەڕەکی حەسەنیان.

عەبدوڵای قازی لە کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ:

ئەوکات گەڕەکی باغی سیسەی شوێنی سەیرانگای شار بو. وەبیرم دێ هاوینان قاوەخانەی لێ دادەندرا. کەرێزەیەکی هەبوو ئاشگێرێك ئاوی ساردی لێ هەڵدەقوڵی. دوایە ئەو گەڕەکە بەتەواوی بوو بە شار و ئاوەکەش ئاسەواری نەما.

شەڕە گەڕەک و یاساکانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکی ئەو گەڕەکانە پێکەوە تەبا و ڕەبا نەبوون نەتەنیا لە نێو منداڵان دا شەڕە گەڕەک هەبوو، بەڵکوو جارجار گەورەکانیش پێکەوە، پێک هەڵدەپرژان. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٧٦ کتێبی "کورد بوون" کە وریا ماملێ ئامادەی کردووە باسی شەڕی گەڕەکەکانی شاری مەهاباد دەکا و دەنووسێ: ڕۆژانە دەچوومە شەڕەگەڕەکێ، ئەوزەمان هەر گەڕەکەی گەورەی خۆی هەبوو. گەورەی گەڕەکی ئێمە نێوی "بوداغ خان" بوو کوڕی "دولبەری کاکاغای". منداڵی ئەو گەڕەکانە وەک عەسکەری گەرەکێ، دەگەڵ گەڕەکێکی دیکە وەک دوژمن وابوون. منداڵی ئەو گەڕەکە بۆ گەڕەکێکی دی نەیدەوێرا بەتەنێ بڕوات، لێیدەدرا. هەموو ئێواران دەبوو بە شەڕە قۆچەقانی، هەر دوو گەڕەک یان سێ گەڕەک بەیەکەوە پەیمانیان دەبەست و وەک پەیمانی "وەرشەو" و "ناتۆ" دەبوونە یەک. ماڵمان لە گەڕەکی مزگەوتی سوور بوو. گەڕەکی ئێمە دەگەڵ گەڕەکی باغی سیسەی دەچووینە گەڕەکی حاجی حەسەنیان. ئەو دوو گەڕەکە یەک بوون و دەگەڵ گەڕەکی بازاڕی و گەڕەکی هەرمەنیان بەشەڕ دەهاتین. شەڕە قۆچەقانی لە شاخی داشامەجیدی دەکرا. شەوانەش شەڕە گۆپاڵ دەکرا. ئیوا هەبوو بزماری ناڵی ئەسپانی لە سەری گۆپاڵەکەی دەدا. جاری وا هەبوو پیاوی گەورە یان پیاوی جحێڵی سەر و ڕیشدار دەهاتنە نێو شەڕەکە.

هەوەڵ ڕۆژ کە چوومە داشامەجیدی بۆ شەڕە قۆچەقانی زۆر ئازا بووم و سەری "عەزیزی حاجی سەدیقی"م شکاند. ئەو ڕۆژە گەڕەکی ئێمە شەڕەکەی بردەوە و بازاڕ و هەرمەنیان دۆڕاندیان و شەیپوور لێدرا و لەشکر دەستیان هەڵگرت لە شەڕ. منیش قۆچەقانییەکم خەڵات کرا. لەخۆشیان کە بداغ خان تاریفی کردووم و قۆچەقانی بە خەڵات داومێ، هەر جیفڕکم لەخۆم دەدا، وامدەزانی ئەو دونیایەم پێبەخشراوە. هەرکەس بڵاوەی کرد و چونەوە ماڵە خۆیان، منیش قۆچەقانیم لە پشتی خۆم بەست و چوومەوە ماڵێ. ئیتر هەموو ڕۆژێ دەچوومە شەڕە گەڕەکێ. ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ ئازاتر دەبووم و زیاتریان خۆشدەویستم.

شەڕەکان قانونی خۆی هەبوو. کە شەیپوور لێدەدرا، شەڕ دەستپێدەکرد و گەر ماندوو دەبوون، بۆ پشوودان سێ شەیپوور لێدەدرا و گەر شەڕ کۆتایی پێهاتبا، هەر شەیپوورێک لێدەدرا. کاتێک شەیپووری حەسانەوە لێدەدرا، هەموو دادەنیشتن. کوڕە توجاڕ و دەوڵەمەندی زۆر دەنێو دابوون و هەموو شتی خواردنیان دەبەر پشتێندی نابوو و دایاندەنا بۆ خواردن، چونکە دەشەڕدا ئازابووم وەکوو ئەوان دەمخوارد و شەرمم نەدەکرد. وا خۆشەویست ببوم کە وای لێهاتبوو ئەوانەی لێم دوور بوون بۆخۆیان خواردنەکەیان بۆ دەهێنام و لەپێشیان دادەنام.

زۆربەی ئەو منداڵانە فەقیر و بێکەس و بەرەڵا بوون و لە سەرمای سەخت و دژواری زستانان دا، بە بێ هیچ ئەنوایەک ژیانیان تێپەڕ دەکرد. ئەوانە شەوانە بە نرخێکی کەم پەنایان بۆ توونخانەی حەمامەکان دەبرد و لەسەر پەین و پاڵ خۆیان گەرم دادێنا و دەنووستن. حەمەدی مولوودی لە لاپەڕەی٩٤ کتێبی "کورد بوون" دا زۆر بە وردی باس دەکا کە چۆن پەنای بۆ مام فەرج بردووە کە بەسەر توونخانەی حەمامێ ڕادەگەیشت و لەگەڵ منداڵی بەدفەڕ و لاتی دیکە کە بە ڕۆژ خەریکی دزی و تالان بوون، ژیاوە.

لە ساڵی ١٣٠٧ لە مەهاباد دەست کرا بە خەیابان لێدان و یەکەم شەقام بە ناوی پەهلەوی کرا. ئەو شەقامە قیرەتاو نەبوو و خیز و خۆڵ بوو و بە باگردان پەستێوترا بوو. لەبەر تەپوتۆز، یان بە ئاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوگەکانی قەراغ شەقام ئاوپڕژێن دەکرا یان لە خیگە دا بە گویدرێژان ئاویان بۆ دێنا.

شارەداری چەند کرێکاری هەبوو کە مەشکەیان لە خۆ دەبەست و ئاویان بە شەقام دا دەپڕژاند. دوایە ماشێنێکی ئاوپاشیان هێنا کە بووقەکە ئاهەنگێکی هەبوو کە کوڕوکاڵ ئەو شێعرەیان بۆ هەڵبەست بوو کە لەگەڵی دەهاتەوە:

دادوو دادوو سەیزادە        ئاوم پێیە خۆت لادە

تا ساڵی ۱۳۱۷ مەهاباد کارەبای نەبوو. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ۳۸ی کتێبی وڵاتی من لەسەر بەرقی شاری مەهاباد دەنووسێ:

لەبیرمە ئەو کات بەرق و چرای ئەوتۆ نەبوو. ڕووناکی ماڵان زۆرتر فتیلە بوو کە تەنەکەیەك بوو نەفتیان تێدەکردو بەنێکیان تێدەناو هەڵیان دەکرد. فتیلە بێ حەد پیس بوو هەموو ژووری دەبوو بە قورم و زۆرتر لەسەر کورسی یان لە کۆڵەکەی بە قوڕ جێگایەکیان وەك تاق بۆ دروست دەکرد و دایاندەنا. دوایە دەوڵەت پوڵی لە خەڵکی کۆ کردەوەو ماتۆرێکی بەرقیان بۆ شاری کری. خەڵك بەتایبەتی خەڵکی دێهات دەستەدەستە لە ئێواران دا دەچوون و چاویان لێدەکردو پێیان سەیر بوو کە چۆن دەکرێ چرا بەبێ شەمچە هەڵبێ.

شەوانە خەڵک بە فتیلە و فانۆس هامووشوی یەکتریان دەکرد و مەئمورانی شارەداری ئێوارانە چەلەنگێک نەفتیان دێنا و بە نێردیوانێک لە دارتێلیەکانی دوو میتر و نیوی ڕاستە ڕێیەکانی شار وەسەر دەکەوتن و نەفتیان لە چرا سەرپۆشەکان دەکرد و پلیتەیان ئاور تێبەر دەدا و کۆڵانی شاریان تا بەربەیان کەمێک ڕووناک دەکرد. کارخانەی بەرقی مەهاباد بە هۆی میرزا غەفوری مەحمودیان و میرزا قاسمی پەنجەوی دامەزرا. کارەبا لە شەو دا تەنیا ۲ سەعات هەبوو و لە سەرەتادا بەرق هەر بۆ خەیابان و هێندیک ماڵی دەوڵەمەند بوو. دوای تەواو بوونی ئەو ۲ سەعاتە، ۳ جار دەکوژاوە و بە تەواوی خامۆش دەبوو.

دیارە لە تاریکایی شەوان دا، لە دەم چۆمی، کوڕوکاڵی دەنگ خۆش بە دەنگی بەرز و بە چریکە، گۆرانی و قەتاری خۆشیان دەچڕی. جیا لەوانەش ڕووداوی دیکەی زۆر هەبوو کە خەڵک پێی سەرگەرم دەبوون و ڕۆژگاریان پێی ڕادەبوارد.

لە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی مەهاباد دا، گەپ و بەزم و فشە زۆر بوو و ئەو گەمانە بۆ ساتێک دەبوونە هۆکارێک بۆ دوورکەوتنەوە لە هەموو تاڵی سوێرێکانی ژیان. غەنی بلوریان دەگێڕێتەوە کە کابرای تەژەی درێژ... هەبوو بە ناوی ... دوو لوولێکی هەبوو ... زستانان خۆی دادەپیچا و لە شار وەدەر دەکەوت. خەڵک تووشی دەبوون و دەیانگوت کاک خەلیل ئۆغر بێ؟

دەیگوت چووزانم دەڵێن گورگێک پەیدابووە خەڵکی دەخوا دەچم بزانم لە داوی ناخەم. ئەو لە شار دەردەکەوت و دەچوو لە گونبەزان لێی دادەنیشت و کەتری وەسەر دەنا و تا ئێواری چای دەخواردەوە و ئێواری دەهاتەوە شاری و دەیگوت گورگم لە داو نەکەوتووە. ڕۆژێک بە سەر کەلاکی گورگێک دادەکەوی کە لەبرسا مردوە. گوێیەکانی لیدەکاتەوە و دەچتە قاوەخانەی عەوڵا. لەوێ خەڵک گۆشاوگۆش دانیشتوون. خەلیل دادەنیشی و گوێەکان داویتە سەر میزەکە و بە خەڵکەکە دەڵی ئیدی مەترسین شەوانە وەرنەدەر وەرنە قاوەخانە ئەوە گورگەکەم کوشتوە. عەلاوی قاوەچی چایەکی شیرنی وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مزگێنی بۆ دێنی و دەڵی هەی چاوی سەرم وەڵاهی شەوانە قاوەخانەکەم چوول بوو. ئێستا ئەوە بۆتە مەسەل ئەگەر کەسێک کارێکی سەهلی کرد و گەورەی نیشان دا دەڵێن: دەڵێی گورگت کوشتووە چت کردوە؟



ئەوکات لە مەهاباد دوو شوێن زۆر غەوغا و زۆربەی شەوان گەورەکانی شار و عەشایر لەوێ کۆ دەبوونەوە. یەکەم مەحکەمەی پێشەوا و دووهەم ماڵە میرزا ڕەحمەتی شافعی. میرزا ڕەحمەت خەڵکی گەورکایەتی بوو. ئەو کوری حاجی ئەحمەد بوو کە لە شەڕی یەکەم جیهانی دا بە دەست ڕووسان کوژرا و لە ماڵەکەی دا کۆمەڵ کوژی گشتی کرا. میرزا ڕەحمەت خزمی ماڵە ئاغایانی ئێلخانی بوو. کچەکەی خێزانی عومەرئاغای عەلیار و سەعید کوڕی، میردی توبا خانم کچی عەلیاغای دێبۆکری بوو. سەبارەت بە کەسایەتی ڕەحمەتی شافعی، ڕەحمان قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو"دا دەنووسێ:

میرزا ڕەحمەت کە پیاوێکی هەڵکەوتو و لێزان بو و لە بواری ئابورییەوە سەرکەوتو و دەست ڕۆیشتو بو. هەروەها سفرە و نان و خوانی هەمو کات بۆ میوان و خەڵکی ناوچە ڕاخراو بو. بەو بۆنەوە لەگەڵ عەشیرەت و ئاغاوەتی ناوچەی موکریان دا نێوانی زۆر خۆش بو و خەڵکیش خۆشیان دەویست.

لە کۆتایی دا دەکری ئەو وێنەیەی گەورە پیاوانی شاری مەهاباد کە لە سایتی موحیبی مەهابادی وەرگیراوە، وەک نوینەری زانستی و ئایینی و سیاسی ئەو ناوچەیە تا پێش داگیرکردنی ئێران لە لایەن ڕووس و ئینگلیس بە ئەژمار بێ. موحیبی مەهابادی دەنووسێ: وێنەیەکی دەگمەن و مێژوویی لە شاری مەهاباد، ساڵی ۱۳۲۰ی هەتاوی و ۱۹٤۱ی زایینی، بەرانبەر ئیدارەی دادپەروەری قەدیم، لەچەپەوە: سەید عەبدوڵڵا ئەتهەری، مەلا حوسێن مەجدی، ئوستاد ئەحمەد تورجانی زادە، قازی شێخ موحسین قازی موکری، حاکیمی سابڵاغ، مەلا عەلی موفتی، پێشەوا قازی محەممەد، قازی مونعەم، میرزا عەزیز وەلیزادە لە پشت سەری قازی مونعەم ڕاوەستاوە، موعتەمیدولعولەما، کاشفی قازی عەسکەر، مەلا عەبدوڵڵا پێشنوێژی مزگەوتی عەباس ئاغا، مەلا محەممەدی دربکە لاهیجانی، حاجی سەید عەبدولڕەحمان سەیدی خەلیفەی شێخ حیسامەددینی نەقشبەندی، میرزا عەبدوڵڵا سەیدی، میرزا مەحموود موفتی، میرزا عەبدولخالق ڕەحیمی چاوڕەشان، میرزا عەبدوڵڵا موفتی زادە، میرزا عەبدوڵڵا کەریمی، حاجی مەحموود وەتەمیشی، میرزا شەمتوون یەعقووبیان کەلیمی، میرزا ڕەحمان شافیعی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میرزا حاج یۆسف یۆسفیان، میرزا ئەحمەد ئەشعەری، حاجی محەممەد ئەمین زاهیدی، میرزا خەلیل بلووری، میرزا ڕەحیم موقتەدیرنەژاد مەراغەیی تەشکیلات، سلێمان ڕەسووڵ ئاغا، میرزا حەمید پاسەبان، میرزا وەهاب قازی و میرزا خدری شەمسی و...

## میرمیرێن

دوای هەر شۆڕش و ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی، ئەو دیاردانەی کە نیشتمانی و نەتەوەیی و لە فەرهەنگ و کلتووری نەتەوەکان دا جێیان گرتووە و بە هۆی دیکتاتورانەوە قەدەغە کراون، خێرا سەر هەڵدەدەنەوە و دەبووژێنەوە. یەک لەو دیاردانە کە بە دوای حکومەتی ڕەزاشا لە کوردستان دا بە خێرایی بووژاوە، ڕێووڕەسم یان یاریی کۆنی میرمیرێن بوو. ئەو یارییە لە کاتی نوێبوونەوەی ساڵ لە نەورۆز دا دەکرا. لەو کایەدا دەستەیەک کۆدەبنەوە و کەسێک وەک میر یان پاشا هەڵدەبژێرن. پاشا لە ماوەی دەستەڵاتداری دا هەر دەستووریکی کە دەیدا، بێ یەکودوو دەبێ بەرێوە بچێ. بە پێی نووسراوەی کتێبی "پیشوای بیداری" لە نووسینی سەعید خان هومایون، میر دوو وەزیر و پێشکارێک و یەک میرغەزەب و یەک ئیشکەڕن(دلقک) و چەند مەئمووری هەیە کە دەبێ بڕیاراتی ئەو بەڕێوەببەن.

خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەرەی ١٣٣ی کتێبەکەی دا بە وردی باسی ئەو کایە دەکا و دەنووسی کە میر دەبێ پیاوێکی بە هەیکەلی جوان چاکی وێچوو بێ و لیباسی پاڵەوانانی کەونی لەبەر دابێ. چەند نەفەر وەزیر و ڕاوێژکار و بەردەستی، لە ژێر فەرمان دابێ و لە شوێنێکی بڵیند کە بە سەر خوارێ دا دەڕوانێ لە سەر کورسی دابنیشی و فەرمانان بدا. فەرمانی شا یا میر دەبێ بێ یەک و دوو بەڕێوە بچێ و کەس ناتوانی لە قسەی دەربچێ. میر بە هۆی بەردەستەکانی فەرمان بە سەر حاکم و دەوڵەمەندانی شار، یان کەسانی خراپ دادەدا و سەزایان دەدا. تاوانبار بۆ ئەوەی لە سوکایەتی نەجاتی بێ، دەبی خەڵات بدا. جاروبار تاوانبار بە کورتان لێکردن سزا دەدرێ.

ئەو ڕێوڕەسمە هەرجارێ بۆ حەوتویەک تا دە ڕۆژ بەردەوام دەبوو و ئەو پارەیەی کە لە خەتاباران وەردەگیرا، دەدرا بە فقیر و هونەرمەند و موسیقا ژەنان. لە کاتی دەستەڵاتداری میردا، بە هۆی کەسێک کە بە "ویشکەڕن" بە نیوبانگە و لیباسی سەیروسەمەرەی لەبەر دایە، دائیم هەوڵ دەدرێ کە بە ئەداوئەتواری جوراجوور، میر هەڵخەڵەتێندرێ و وەپێکەنین بخرێ، بەڵام میر دەبێ خۆڕاگر بێ و بزەی نەیەتێ، دەنا لە میرایەتی دەکەوێ و بە شەپان لە سەر کار لادەبردرێ.

هەر لەوبارەوە ئیگلتۆن لە لاپڕیی ١١٠ دا ئاوا باسی میر دەکا:

لەو زەمانی دا قاعیدە وابوو کەسێک کە توانیبای ماوەیەکی زۆر خۆی بە قەڵسی ڕابگرێ دەیان کردە میر یان شازادە کە لیباس و کڵاوی تایبەتی لەبەر دەکرد و لە خەیابان و شەقامانەکاندا لەگەڵ دەستەیەک پیاو کە هەمیشە لەگەڵی دەبوون و یەک نەفەر بە نێوی ئیشکەڕن(دلقک) دەگەڕا.

میر دەیتوانی بە دەوڵەمەندێک بڵێ کە ئەوەندە یارمەتی بە فڵانە فەقیر بکە یان هەرچەشنە دەستورێکی کە پێیخۆش بێت. کاتێک میر بە کۆڵان و شەقامەکان دا دەهات خەڵکی شار یان منداڵی شلوق و عەجووڵ داریان بە دەستەوە دەگرت و هەموو چەشنە کارێکیان دەکرد بەڵکوو مێر وە پێبکەن بخەن. ئەگەر میر پێکەنی بایە ، تا حاڵی مردن لێیاندەدا و لە دەسەڵاتیش دەکەوت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنەڕەت و ڕیشەی ئەوکارە زۆرتر وە شوێنەوارە ئوروپایەکان دەچێ تا شوێنەواری ئیسلامی. بەهەرحاڵ دەرناکەوێ کە بناغەی ئەو شوێنە لە کوێ ڕایە. لە ساڵی ١٩٤٥ فەرمانەکانی کە میر دەیدا بە تایبەتی بۆ وەکۆکردنی هێزی نیزامی، بایخێکی تایبەتی لە مێژووی نەتەوایەتی کوردی دا بە چەنگ هێنا.

لە لاپەڕەی ٤٠٣ "کورد بوون" بیرەوەرییەکانی حەمەدی مەولوودی، کەسێک بە ناوی مەحموود ... لە وتوێژێک دا باسی قاوەخانەی چاوشینان دەکا کە ئەلحان بۆتە ماڵە ئەحمەدی خمێ و لەسەر میرمیرێن دەنووسێ: ... خەڵک کێشکی دەدا هەر شەوێ ماڵێک. وردە وردە میرمیرێنیان ساز کرد. یەکێک دەبوو بە میر، خەڵکیان بە سۆعبەت بانگ دەکرد، دەیانگوت ئەتۆ ئەو کارەت کردووە، جەریمەیان دەکرد. میرێکیش لە گەڕەکی ڕەزگەیان داندرا بە نێوی محەممەد لاوازە. بابی ئەو عەبلایەی بوو قاوەخانەی هەبوو. ماڵە (جولفایی) یان پێ دەڵێن، زۆر میرێکی چاک بوو. میری گەڕەکی ئێمەش سەدیقی سیاسەری بوو.

ئێستا دێموکڕات دانەمەزرابوو. جارێکی ئەوانە ناردیان لەدووی قازی محەممەدی، کوتیان قازیش جەریمە دەکەین. یەکێکیان نارد کوتیان قوربان میرمیرێنمان داناوە ئاگامان لە وڵاتیە. ئەلعانیش میر دەفەرموێ یان دەبێ قازی بێتە ئێرە یا سەتمەن جەریمەی دەکەین. قازی کوتی عەک بارەکەڵلا. زیندەباد ئاگاو لە وڵاتیە، وەڵلاهی پێم ناکرێ و ناتوانم دەنا دەهاتمە خزمەتتان، بەڵام سەتمەنی دەدەم، وەڵا ئەوەندەیان جەریمەکرد. جا لەوەی دواوە وردە وردە لە گەڵ عورووسان بوون بە یەک.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٢٨ دا لەسەر سەر شێوەی هەڵبژاردنی میر ئاوا دەدوێ:

لەبیرمە لە قاوەخانەی"چاوشینی" لە گەڕەکی ئەرمەنییان"میر" هەڵدەبژێردرا. چەند ڕدێنسپی شار، لە چایخانەکە کۆ بوونەوە و میمبەرێکی بەرزیان دروست کرد. چەند وەزیر و گزیر و یاساوڵ لە کوڕوکاڵی گەڕەک هەڵبژێدران و چەند لق شوڵکی تەڕو ستڵە ئاوێکیان ئامادە کرد. پاڵێوراوەکان میرایەتیان بە ڕیز ڕاگرت و چەند قسەخۆش و گاڵتەچیش لەوێ بوون. پاڵێوراوەکان بەنۆرە دەچوون لەسەر میمبەرەکە دادەنیشتن و دەبوایە بۆ ماوەی سەعاتێک لە بەرامبەر گاڵتە و قەشمەرە و قسەی هەلەق مەلەقی گاڵتەچیەکاندا خۆ ڕاگرن و پێنەکەنن. ئەوانەی خۆیان بۆ ڕانەدەگیراو پیدەکەنیین، دەچوونە بەردەستی گزیران و ئەوان بە فەرمانی وەزیرەکان بەهۆی یاساوڵەکانەوە ستڵێکیان ئاو بەسەردا دەکردن و چەند شوڵکی تەڕیشیان لە پەنجەکانی پێیان دەدان. ئەو دیاردەیە لەسەر پاڵێوراوەکان دووپات کرایەوە، تا سەرئەنجام یەک لەوان بەناوی "سەدیقی سیاسەری" لە بەرامبەری گاڵتەچییەکاندا خۆی ڕاگرت و پێنەکەنی. ئینجا تەماشاچییەکان چەپڵەیان بۆ لێدا و ئەویان کرد بە میری شار.

ڕادەی دەسەڵاتی میر لە شارو لادێیەکانی نزیکیدا زۆر بەرفراوان بوو، ئەو دەیتوانی خەڵك سزا بدات و باج لە مرۆڤی ساماندار بستێنێ. پارەکانی میر لە خەزێەی میردا کۆ دەبۆوە. میر، بەو پارانە یارمەتی بنەماڵەی هەتیوبارەکان، پیرو و پەککەوتوەکان و ئەو لاوە دڵدارانەی دەدا کە پارەی زەماوەندیان نەبوو. میر دەیتوانی ناکۆکی نێوان خەڵک چارەسەر بکات و ئەوان لە دژایەتی لەگەڵ یەکتر و ڕووبەڕوو بوون دژی یەکتر بپارێزێ و گەلێک داب و نەریتی جوانی کوردەواری زیندووکاتەوە...

میرمیرێن بە جورێک هەستی نیشتیمانی خەڵکی هوروژاند بوو کە لە تاران هێندێک لە ڕۆژنامەکانی تورە بوون و نارەزایەتی خۆیان دەربڕی و خەڵکیان لەبری ئەو جورە سونەتانە لۆمە کرد. ڕۆژنامەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"کوهستان" که به بەڕێوەبەرایەتی ئاغای سمایلی ئەردەڵان لە تاران بڵاو دەبۆوە، لە وڵامی ئەواندا و بە دیفاعی لە میری مەهاباد لە سەر دێری ڕۆژنامەکەی دا بە خەتی گەورە نووسی: با میر مەهاباد شوخی نکنید. (گاڵتە بە میری مەهاباد مەکەن).

## دێموگرافی ناوچەی کوردستان لە شەڕی دووهەم

تا شەڕی دووهەمی جیهانی، خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی دا بە هۆی دوو دەستەڵاتی نەتەوەی باڵادەستی فارس و تورکی حاکم بەسەر ئێران دا چەوساوەتەوە. ئەگەرچی نیزامی دەرەبەگایەتی بەسەر کۆمەڵگای کوردستان دا زاڵ بوو بەڵام ناتەبایی سەرەکی و لە ئاشتی نەهاتووی ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کورد، لە دەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی ١٩ بەملاوە، دژی نیزامی زاڵ بەسەر ئێران و تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری بیری نەتەوەیی و ڕزگاری نیشتیمانی دا بوون.

کۆ کردنەوە و یەکخستنی کۆمەڵگای عەشایری کوردستان لە شەڕی دووهەمی جیهانی، لە بەشی ژێر دەستەڵاتی ڕووس دا، بە هۆی هەڵکەوتەیی خراپی جوغرافیایی و دابەش بوونی کوردستان بەسەر چەند وڵات و بوونی زاراوە و کولتووری جۆراجۆر، سەخت و دژوار بوو.

لەو ناوچەیە دا، ناوەندی سەرەکی مەڵبەندی مۆکوریان شاری مەهاباد بوو کە لەگەڵ ناوچەی شنۆ و باریکایی جوغڕافیایی سنووری نیوان تورکیە و ئێران تا سنووری شووڕەوی، مەڵبەندی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی کوردستانیان، لە دوای ڕووخانی ڕەزاشا پێك دێنا.

هەڵکەوتەی ئەو مەڵبەندە بە هۆی نەبوونی پانتایی زۆر، دائیم لە مەترسی گەورەی گۆڕانی حەشیمەتی ڕەگەزەکانی دیکە دا بوو. لەو پێیەدا دوکتور شیرازی لە لاپەرەی ١٢٤ ی بیرەوەرییەکانی دا باسی چاوپێکەوتنی قازی محەمەد و ئێحسان نووری پاشا لە ساڵی ١٣٢٥دا دەکا و دەڵێ ئیحسان نووری پاشا گوتویە زۆر لە مێژ نییە کە دوو شاری ورمێ و میاندواو، غەیرە کورد و هێندێک ئەرمەنی، کەسی دیکەی تێدا نەبووە. ئێحسان پاشا دوایە لە قازی دەپاڕێتەوە کە دوای تەواو بوونی هەموو کارەکان، بنچینەی دەزگا و ژێرخانی وڵات دابڕێژە دەنا خەڵکی کورد بە خاتری ڕەنگی ژوورەکان پێک هەڵدەپڕژن و دەکەونە گیانی یەکتر و شەڕ دەکەن.

## پێکهاتەی عەشایری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەکانی ٤٠ ی سەدەی ٢٠ زایینی کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا

نەبوونی یەک یان چەند دەستەڵاتی گەورەی دەرەبەگایەتی کە توانیای هەموو پێکهاتەکانی عەشیرەیی، لە ژێر دەستەڵاتی خۆیان دا کۆ بکاتەوە و دەستەمۆ و گوێڕایەلیان بکا، تا بناغەی ئیتاعەت و فەرمانبردن لە نێو کورد دا پێکبێنی، تا ئەوڕۆش زیانی گەورەوی بە ئەزموونی بەڕیوەبەری وڵات گەیاندووە. هەموو ئەو دابەشبوون و لێکدابڕان و ناتەباییانە، ڕیشەی لە نەبوونی ئیتاعەت و ملکەچی نەکردن بۆ یەکتر دایە و ئەو بابەتە لە مێژووی کورد دا بۆتە هەوێنی جێگیربوونی دیاردەی چەوتی خۆخۆری و دژایەتی و شەڕ و دووبەرەکی.

لەسەر پێکهاتەی عەشایریی و نارێک و ناتەبایی کۆمەڵگای کوردستان، ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٦٦ی کتیبەکەی دا، ڕادەی عەشیرەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ٦٠ دانە هۆز دادەنێ و دەڵێ کە هێندێک لەوانە لە ١٢٠ هەزار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەس زیاترن.

لەوپێیەدا سەید محەمەد حەمیدی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٨ دا، بابەتێکی لە "ڕۆژنامەی کوهستان" لە ژێر سەردێڕی " ئیالەتی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا یا کوردستانی باکووری ئێران" وەرگێڕاوەتەوە و لە بەشێکی دا دەنووسێ: ... لە نوختەی هەرە دووری ئەم خاکە عێلاتی جەلالی کە لە عێلی مەزنی زیلان جوێبوونەوە نیشتەجێن. لە مەڵبەندی ماکۆ- عەرەبلوو- و بەشی قەرەعەینیش ئەم عێلاتەی نیشتەجێن.

جەلالی نێوی خۆی لە نێوی نەوەی(زیل) جەلالەدین وەرگرتووە کە ئەورۆ بە چوار هۆزی گەورە بەش کراون:

١ - خلکان

٢ - بلخکان

٣ - ساکان

٤ - قزڵباش ئوغلوو

ئەم چوار هۆزەش بە چەند هۆزی دیکە بەشبەش دەبن. بەشێ زۆری هۆزەکانی خلکان و بلخکان و ساکان لە خاکی تورکیە دەگەل چەند هۆز لە هۆزەکانی زیلان دانیشتوانی مەڵبەندی بایەزید تا نیزیکیانی شارەکانی قاغزمان و قەرەکۆسە تەشکیل دەدا.

بەشێکی کەم لە هۆزەکانی بڕوکی کە جێگای ئەسڵییان لە خاکی شوڕەوی دایە لە بەسەرهاتی شەڕی بەینەلملەلی ڕابردودا لە مەکەزی ئەسڵی خۆیان جوێ بوونەوە چوونە ئێران و تورکییە و لە سەردەمی هەڵستانی کوردستانی تورکیە گەڕانەوە ئێران و لە نیوان قەرەعەینی و ماکۆ و سوکمانئاوە نیشتەجێ بوون. ئەمانەش لکی زیلانن. شار و مەڵبەندی قەرەعەینی کە کوردان "قەلەنی" (قەلەن لە کوردیدا بە مانای جیازی بووکە) پێدەڵێن بە قەباڵەی تایبەتی مڵکی حەیدەرانە. لەسەردەمی خان خانی سەرداری ماکۆ بە یارمەتی عێلی جەلالی مەرحومی تاهیرخانی حەیدەری وەرگرت و بە زۆر داگیری کرد و لە سەردەمی پەهلەوی شکایەتی عێلی نیوبراو کە بە هۆی ئاغای حەسەن سەدیق ئەنجام دەدرا لە بەرامبەر پووڵی گەزافی میرات بەرەکانی سەردار بە جێگایەک نەگەیشتووە.

کوڕی تاهیرخان کە نێوی حەیدەرئاغایە ئەورۆ سەرۆکی بەشی حەیدەرییەکانی ئێرانە. عێلی حەیدەرانیش هۆزێکی زلی زیلان بوو و نێوەکەی لە شێخ حەیدەر کوڕی شێخ زیل گیراوەتەوە. نیشتگای لە خاکی تورکیە شارستانەکانی بارگری - ئەرجیش - عادڵ جواز و مەڵبەندەکانی ئاباغا و پاننووسی بووە. تەنیا بەشێکی کەم لە مەڵبەندی قەرەعەینی ئێران نیشتەجێن. تاقە سەرۆکی بە دەسەڵاتی ئەم هۆزە گۆڕحوسێن پاشای بە نێو بووە لە کوردانی نیوبراو محەمەد بەگ و نادر بەگ دووای بە سەرهاتی ئاڕارات بۆ دەوڵەتی ئێرانیان پەنا هێنا بەڵام لەبەر ڕێکوشین و زۆر بۆهێنانی کە لە دۆست و کاربەدەستانیان دیت، وەتەنگ هاتن. داوای گەڕانەوەیان بۆ تورکیەیان کرد. خۆئەسپاردن بە دوژمنیان لە دانیشتن لە ئێرانیان بە باشتر زانی. خانەوادەی حوسێن پاشا ئەورۆ لە مەڵبەندەکانی ڕۆژئاوای عەنەدۆڵ لە حاڵەتی تەبعید دا ڕایدەبوێرن.

بەشێک لە هۆزەکانی میلان لە مەڵبەندەکانی نێوانی قەرەعەینی و قتور لە ژێر نیوی جوێجوێ دا دەژین. مەڵبەندی دانیشتنیان تا نیزیکیانی جولفا دێت. لەو مەڵبەنەدا دەگەڵ دێهاتی تورک زمانی تیکەڵن. مەڵبەندی ڕۆژئاوا- سووکمانئاوە- خۆی و بەشی ڕۆژهەڵاتی قتور جێگای دانیشتنی ئەوانە. هۆزەکانی میلانی ئەم مەڵبەندانە چوار هۆزن:

١ - شێخەکی

٢ - ممکی

٣ - ئامۆئی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤ - دلائی.

عەشیرەتی جەلالی کە لە سەرووی ڕۆژئاوای ئێران نیشتەجێ بوون، لە سەردەمی ڕەزا شادا بە زۆر لە زێدی خۆیان هەڵقەندران و ڕاگوێزران. بەشێک لەوان بە دوای وەلانانی ڕەزا شا گەڕانەوە بۆ مەڵبەندی خۆیان، بەڵام چوونکە هێزی ئەوتۆیان نەبوو، کەوتنە ژێر هێژموونی عومەرخانی شکاک.

رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٨٦ ی کتێبەکەی دا لەسەر عەشیرەتی جەلالی دەنووسێ کە ڕەزاشا لە ساڵی ١٩٣٧ دا١٢٩٠٠٠ کەسی عەشیرەتی جەلالی بە خاو و خێزان و مەڕ و ماڵاتەوە بۆ مەڵبەندی خورەم ئاباد و سولتان ئابادی (عێراقی عەجەم) دوور خستەوە. لە ساڵەکانی ١٩٤١ دا بە تەنیا ٧٠٠ کەس لەوانە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان.

ئیگلتۆن ڕادەی عەشیرەتی جەلالی بە ٢٥ هەزار کەس ئەژمارده دەکا و دەنووسی بۆ ئەوەی ئەوانە چالاکی سیاسی نەکەن، سەرۆکەکەیان لە تاران دەستبەسەر بوو. دوای ڕووخانی ڕەزا شا سەرۆکی ئەوان گەراوە بۆ ناوچەکەی خۆی و لە ژێر دەستەڵاتی ئەمەرخان دا بوو.

سنار مامەندی لە کتێبەکەی دا، لە سەر عەشیرەتی شکاک دەنووسێ کە ئەو عەشیرەتە پێشتر لە ڕۆژئاوای بەشی دابەشکراوی کوردستان(عێراق سوریە) دەژیان. وەک دەگوترێ لە سەدەی ١٢ی هەتاوی هاتوونە کوردستانی ئێران. عەشیرەتی شکاک بریتین لە دوو بەشی سەرەکی عەبدویی و کاردار کە هەرکام لەوانەش بە چەندین تایفەی جیاواز دابەش دەبن. ئەو دوو عەشیرە زورجار بە فیتی دووژمنان لە گەڵ یەک بە شەڕ هاتوون و شەڕی ئەوانە زوری زیان بە یەکێتی کورد لەو دەڤەرەدا گەیاندوە.

هۆزی میلانی بە دە هەزار کەس و هۆزی شکاک نیزیک بە ٤٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێن. دوو عەشیرەتی شکاک و هەرکی لە شەری یەکەمی جێهانی تووشی ماڵوێرانی و کوشتاری گەورە بوون. لەسەر سەرکردەی عەشیرەتی شکاک، ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٤٨ ی دەنووسێ:

رێبەری وان لە دوای کوژرانی سمکۆ بە هۆی فێڵی ئەرتەشی ئێران لە ساڵی ١٩٣٠ دا خرا سەر ئەستۆی مرۆڤی بەخۆوە و بەرزە باڵای وان ئەمەرخان، کە هۆش و وریایی، لێک ناسینەوەی ڕاست و ناڕاست، پیشبینی کردنی داهاتوو، ئەوی کرد بووە پیاوێکی سیاسی و زۆر بە نفووزەوە.

لەو ماوەدا کە ئەمەرخان دەیەویست لەبەینی دوو تایفەی کاردار کە دژی تایفەی عەبدویی بوون و تاهیرخان کوڕی سمایل ئاغا سمکۆ سەرۆکایەتی دەکردن یەکێتی بەدی بێنێ، تاهیرخان دەیەویست کە خۆی سەرۆکایەتی تەواوی هۆزە بە دەستەوە بگرێ. جا بۆیە کۆشش دەکرا کە ئەمەرخان شکست بدرێ یان بە خراپ و تاوانبار وەبەر چاو بخرێ.

لە درێژەی باسی پێکهاتەی ئیتنیکی ناوچەی شیمالی کوردستان دا، سەید محەمەد حەمیدی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٨ ، بە نەقڵ لە "ڕۆژنامەی کوهستان لەسەر عەشیرەتی شکاک دەنووسێ: تایفەی شکاک لە ڕیشەوە لە هۆزی میلان دەژمێردرێن بەڵام ڕوئەسا و تەشکیلاتی بەجوێ و تایبەتیان هەیە. مەڵبەندی قتور - سۆمابرادۆست - ناحییەی دیلمان و بەشێک لە ناحییەی ورمێ نیشتگای ئەوانە.

سەرۆکی ئەوان لە پێشدا سمایل ئاغای سمکۆ بوو ئیستا عومەرخانی شەریفییە(تاهیرخان کوڕی ١٨ ساڵەی سمایل ئاغا کە دووای بەسەرهاتی خەرمانانی ١٣٢٠ هاتوتە سەر ئەملاکی بابی و کوڕیکی ئازا و تێگەیشتووە و بە جێنشینی سمایل ئاغا و موحتەڕم تەماشا دەکرێ).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە نیو هۆزەکانی میلان و شکاک تایفەی کوێرەسنی هەیە وادێتە بەرچاو کە ئەمانە لە دانیشتوانی بوومی محاڵی سەڵماس بن. بەشێک لە تایفەی میلان دانیشتوانی مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتیووڵاتی وان لە تورکیە تەشکیل دەدەن. هۆزی میلان تیرەیەک لە عێلی میلانی ئەسیلن کە نیشتگایان دیاربەکر بووە. عێلاتی مەزنی جبران و حەسانیش لەم هۆزن.

لە سەر عەشیرەتی هەرکی، ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٤٩ دا دەنووسێ کە بەشێکی زۆرەی ئەو هۆزە لە عێراق بوون و ژیانی هەوارچێتیان هەبوو. بە زستان دەچوونە باکووری هەولێر و هاوینیش دەچوونە بەرزایەکانی دالانپەڕ بە دیوی ئێران دا. ڕێگای کۆچی ئەوان بە نێو عەشیرەتی بارزان دابوو. ئەوان نیزیک ٢٠٠٠٠ هەزار کەس دەبن و ناوچەی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕیان خستووتە ژێر دەستەڵاتی خۆیان. ڕەشید بەگ بە دەستەڵاتترین سەرۆکی ئەوانە، کە پیاوێکی ئارام و لەسەرەخۆ و زۆر بە ویقارە و تەمەنی ٤٠ساڵ دەبێ.

دوو عەشیرەتی شکاک و هەرکی لە شەڕی یەکەمی جێهانی دا توشی شەڕ وماڵوێرانی گەورە بوون. ڕیچارد ئەی مۆبلی لە لاپەڕەی ٣٦ی کتێبەکەی دا لە زمانی ئیگلتۆن دەنووسێ: ئەو عەشیرەتانە ئەگەرچی قەمتەر کرابوون و دامرکابوون، بە مەترسیش بوون. سێزدە هەزار شەڕکەری شکاک و حەڤدەهەزار سوارەی هەرکی، دەستەڵاتێکی هێزێکی گرینگی عەسکەری بوون و لە کەلاخۆی(خۆی)، کەلاماکی(ماکۆ)، ڕەزاییە و شاپوور نیزیک بوون و بۆ هێرش بردنە سەریان و لێدانیان، خانەکانیان(سەرۆکەکانیان) پێیان خۆش بوو ئەو شارۆچکانە و لادێیەکانی دەوروبەریان بدۆشن و کەڵکیان لێبستێنن و پشتیوانی لە ویستەکانی برا ئازەرییەکانیان نەکەن کە لەباری عەسکەرییەوە لاواز بوون. هەر کە ئاخر تانکەکانی شووڕەوی بزوتن و لە ئاراس ئاو دیو بوون عەشیرەتەکان دەستیان کرد بە وەدیهێنانی ئەو نەخشە و پلانە.

سەید مەحەمەدی حەمیدی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٨ دا، لە درێژەی وەرگێڕانەکەی لە سەر پێکهاتەی عەشایر دیکە دا دەنووسێ: ... لە جنووبی مەڵبەندی شکاک عێلی هەرکی دادەنیشن و کەوتوونەتە نیوانی دەریاچەی وورمێ و سنووری تورکییە. بەشی گەورەی ئەم هۆزە لە عێراق لە دەشتی هەولێر دادەنیشن و هاوینان بۆ مەڕ لەوەڕاندن دێنە کێوەکانی سنووری ئێران و عێراق و تورکییە.

ئیگلتۆن لەسەر کەسی یەکەمی ئەو هۆزە "زێڕۆ" لە لاپەڕەی ٥١ دا دەنووسێ: ... پیاوێکی لێنەپرساو بوو. سەرۆکایەتی دەستەیەک پیاوکوژو و چەتەی بەدەستەوە گرتبوو کە ئەو دارودەستەی لەهەموو چەشنە ئینسانێک حەتتا بەعزێک لە تورکە ئازەربایجانییەکانیشی تێدا بوو.

ئەو دەستەیە چەندین ساڵ لەسەر ناوچەکانی مابەینی وڵاتی ڕەزائییە و مەڵبەندی هەرکیان وەک شمشیری هەڵاوەسراو وابوون کە هەر ئان مەترسی کەوتنیان بەسەر ئەستۆی خەڵکی ئەو ناوچەدا هەبوو.

بە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ڕەزاشا دا، سەروک عەشایری شکاک و هەرکی و ... وەک عومەرخانی شەریفی و ڕەشید بەگ و زێڕۆ و تەها هەرکی... بوون بە دەستەڵاتداری ناوچە و ناڕاستەوخۆ بە سەر شارەکانی ورمی و سەلماس کە هەر ژاندارمی لێبوو و ئەرتەش لێ نەما بوو حکومەتیان دەکرد.

عەشیرەتی هەرکی و سەیدی نەقشبەندی شەمزینان پەیوەندی و کاریگەری زۆریان لەسەر یەک

هەبووە و لە ڕابردوودا پێکەوە هاوپەیمان بوون. شێخ عوبەیدوڵا شەمزینان لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیە لایەنگری زۆر بوو وعەشیرەتی ئەو نیزیک بە ٨ هەزار کەس دەبوون.

هەر بە پێی کتێبی ئیگلتۆن عەشیرەتی بەگزادە ٥ هەزار کەس بوون و لە ڕۆژئاوای ورمی لە لای هەرکییەکان هەڵکەوتبوون. نووری بەگی پیر، سەرۆکی ئەوانە بوو و لە گووندی ئەمبی جێگیر بوو. مێژووی ئەوان تیکەڵ بە مێژووی هەرکیان بووە و زۆر جار بە سەهوو بە هەرکیان دادەنێن. بەڵام ئەوان خۆ بە بەگزادە دەزانن و شانازی بە خۆیانەوە دەکەن.

ئیگلتۆن لەسەر لاپەڕەی ٥١ دا دەنووسێ کە یەکێکی دیکە لە هۆزەکانی ناوچەی دەڤەری ورمی، هۆزی زەرزایە کە ٤ هەزار کەس دەبن و سەرۆکی ئەوان حاجی مووسایە کە زۆر بە هێز و ژیرە و تەمەنی ٥٠ ساڵە.

قادر مودەرەسی بە ئاماژە بە کتێبی میژووی ئێران لە نووسینی حەسەن پیرنیا، لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٢ و ٢٣ دا باسی عەشیرەتەکانی مەڵبەندی موکوریان دەکا. ئەو کوردی موکوریان بە ٢٠ تیرەی، بەگزادە، دێبوکری، مەنگوڕ، مامەمەش، گەڵباغی. گۆران، گەورک، پیران، زەرزا، چارداوەڕو، تیلەکۆ، حەسەنخاڵی، شقاق، وەرمەزیار، سەردەشت، سیت، بانەیی، ئەختەچی، باریکە، باشۆکیی، دادەنی.

قادر مودەرسی خاکی موکوریان واتا شوێنی ئەو تیرانە بە ١٨ ناحیە دادەنێ کە بریتین لە مەحاڵی ١٦، داشکستان، بەهێ، هەوشار، ئەختاچی، تیکان تەپە، گەورک، لاجان، مەنگوڕ، پیران، شنۆ، زەرزا، سندوس، تورجان، سەردەشت، بانە، میاندواو، ئێلتەیمور، ساین قەڵا.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە ئەو عەشیرەتانە لە "ئاوربایگان" پاشایەتیان کردوە و هەروەها لە سەدەی ٤ و٥ "ئەمیر موسک" و ٥٠ کەس دوای ئەو، بە ناوی "هەزمانی" لە هەولێر حکومەتیان کردوە. هەروەها کوردانی ڕاوەندی کە هەر عەشیرەتی "گۆرانی" ئێستان، بە ناوی ئەحمەدیلیان پاشایەتیان کردوە.

سەید محەمەدی حەمیدی لە ژمارە ٦٨ دا، ڕۆژنامەی کوردستان دا لە درێژەدەدا و دەنووسێ: ... شارۆکەی سندووس لە مەڵبەندی ئەواندا هەڵکەوتووە (خوێندەوارانی خۆشەویست بزانن کە سندووس نێوی مەڵبەندەکەیە و شارۆکەی سندووس نەغەدەی. دیسان سندووس لە مەڵبەندی هەرکیان دا هەڵکەوتووە و ئیستا سندووس لە دەستی عیلی قەرەپاپاغ و مامەش و هیندێ لە خاوەن مولکی دیکە دایە و تەنیا برێک لە بەشی باکوری سندووس لە دەس هەرکیان دایە).

بە پێی لاپەڕەی ٥١ ی کتێبی ئیگلتۆن، یەکێک لە عشایری غەیرە کورد، هۆزی شیعەی تورک زمانی قەرەپەپاغە کە بە مانایێ کڵاو ڕەشە. چوونکە زۆربەی ئەوان کلاوی مووی ڕەشی مەڕێ لە سەر دەنێن. ئەوانە دوای سەرکەوتنی هێزەکانی ڕووس بە سەر ئێران و بەستنی پەیمانی تورکمانچای لە ساڵی ١٩٢٨دا، هاتن دە ئێرانەوە. ئەوان ١٥٠٠٠ کەس بوون کە بە چەند بەش دابەش بوون و بەشە گەورەکەیان بەسەرۆکایەتی ئەمیر فەلاح و ژن براکەی غولام ڕەزا خوسرەوی هاتنە ناوەندی خاکی کوردان.

پەسیان لە لاپەڕەی ٣٨ی کتێبەکەی دا، لەسەر عێلی قەرەپەپاغ دەڵێ کە دوای بەستنی پەیمانی تورکمانچای هاتوونە ئێران. چوونکە کلاوی ڕەشی چەرمیان لەسەر دەنا بۆیە پێیان گوتراوە قەرەپەپاغ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو عێلە تورک زمانە، پیاوی ئازا و بوێریان هەبوو و تەنیا عەشیرەتێکە کە لە ناوەندی کوردستان نیشتەجی بوون. ئەوانە نیزیکەی ٥٣ گوندیان لە ئاوایەکانی کوردستان لە ژێر دەست دایە. لەکاتی ڕووخانی کۆمار، قولیخانی بزچەلوو سەرۆکایەتی ئەو عەشیرەتەی بەدەستەوە بوو.

سەید مەحەمەدی حەمیدی لە درێژەدا لەسەر نیشتەجێ بوونی عەشیرەتەکان دەنووسێ:

تایفەی زەرزا لە مەلبەندی شنۆ نیشتەجێن و لە بەگزادانن. مەڵبەندی لاهیجان کە لە نیوان شنۆ و مەهاباد دایە عێلی مامەشی لێدادەنیشن. لە کۆنە لاهیجان( مەبەست مەحاڵی پیرانە نە دێی کۆنە لاهیجان) نیزیکەی هەزار خانەوار لە عێلی پیران دەژین.

بە پێی لاپەڕەی ٥٧ ی کتێبی ئیگلتۆن ئەو هۆزە دوای ئەوە لە کونفدراسیۆنی بلباس جوێ بوونەوە، بوون بە دوو دەستەی دژ بە یەک. دەستەیەکی ١٢ هەزار کەسی بە سەرۆکایەتی قەرەنی ئاغای ئەمیر عەشایری کە لە گوندی پەسوێ دادەنیشت و دەستەکەی دیکەش کە هەر ئەو ڕادەیە بوون بە سەرۆکایەتی کاک هەمزە و کوڕەکەی کاک عەبدولقادری جەڵدیانێ.

محەمەد ئەمینی موعینی لە ڕۆژی ٢ ڕێبەندان لە باس لەسەر خائینان، لەسەر قەرەنیاغای مامەش گوتی: ... یەکێك لەوان قەرەنی ئاغای مامەشە. دەوڵەتی ئێران هەرچەند جار کە تەلگرافی دەکرد بە لەقەبی شەریفی نێو دەبرد و ئەو نێوەش مەعنای وابوو کە ئەتۆ دەبێ وەتەن و میللەتی خۆت کە کوردە مەحوی کەیەوە و بیفرۆشی. ئەو شەخسە شەریفە خائینە کە بە زەمانی دەوڵەتی ئێرانی بوو بە حکومەتی دەوڵەتی ئێرانی لە مەهاباد، دەست بە عەمەلیاتی وەتەن فرۆشی و میللەت فرۆشی کرد. هەروەها دەگەل کە بو بە حکومەت لە مەهاباد ڕونیشت، ئەوەڵ کارێکی کە کردی ٣٠ نەفەری سوار ناردە مالە ڕەسولی یاهوی پولێکی زۆری بە ناحەق لێئەستاندو بۆ خۆشی حەبسی بوو. جیا لەوە، چەند نەفەر ئازادیخواە بوون کە بە ئەمری تەورێز و دەستوری ڕەزائیەی کە پێیگەیی بو خەیاڵ و عەزمی خۆی جەزم کرد بوو کە ئەو ئازادیخواهانە بگرێ و تەحویل بە دەوڵەتی دیکتاتۆری ئێرانی بدا. ئەوانە محەمەدی مەولودی و سەید محەمەدی سەیدی و چەند نەفەری دیکە بوون. بۆ بەجێهێنانی ئەو کارە ١٠٠ نەفەری وە کوچە و خیابانان خست، ئەمما چونکو خودای تەعالا نەیویست کورد زەلیلی دەستی ئەو دیکتاتۆرانە بێ دەستێکی غەیبی دە نێوی دا بوو بە لەمپەری قەرەنی ئاغای مامەش لەقەب شەریف ئەلحەمدولیلا بە ئاواتی خۆی نەگەیشت و بە تایبەتی مام عەزیزی ئەمیرعەشایەری کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش دەو ئاکارانەدا چیوا لە بابی کەمتر نەبوو ...

مامۆستا هەژار لەسەر قەرەنیاغا لە لاپەڕەی ٢٢ ی چێشتی مجێوردا ئاوا دەنووسێ:

کونە پیاوێکی زۆر شەڕ و شوڕ دیتوی هەڵکەوتەو بە دەردی کورد گوتەنی ((گورگی باران دیتوو)) بو. ئاغایەکی زۆر بە هەیبەت و بە سام بو. زۆر کەم دوێن بو. ئیواران کە دەهاتە دیوەخان، لە لای سەرو ڕۆ دەنیشت، وەک هەیکەلی بودا متەقی لێ دەرنەدەهات. تەزبێحەکەی هەڵ دەسوڕاند و لەبن لێوانەوە دەگەڵ خۆی دەدوا و جارجار پێدەکەنی و جاری وابوو ڕووی گرژ دەکرد...

بە پێی ڕۆژنامەی ژمارە ٣٢ ی "کوردستان" ی ١٩٤٦ قەرنیاغا لە ڕۆژی ١٣٢٥/١/١٤ لە تەمەنی ٨٣ ساڵی، لە ئاوایی پەسوێ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و لە ئاوایی نەلۆس لە لای قەبری محەممەدئاغای بابی بە خاک ئەسپێردرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٥٨ ی کتێبەکەی دا لە سەر عەشیرەتی پیران دەنووسێ کە ئەوان هۆزێکی بچووکن لە ژێر دەستەڵاتی محەمەد ئەمین کە لە باشووری ڕۆژئاوای مامەشان لە نیزیک سنووری عێراق هەڵکەوتوون. ئەوان لە بڵباسەکان جوێ ببوونەوە.

دکتۆر ئاوات سەید ئەحمەد، لە سایتی ئێنتێرنێتی دا لەسەر عەشیرەتی مەنگوڕ و مامەش، دەنووسێ: سنورەکانی هەردوو هۆز لە دەربەندی ڕانیەوە دەست پێدەکات، لەچەندین گوندی سنوری ناحیەی ناودەشت (سەنگەسەر) لە ناوچەی پشدەر نیشتەجێ بوون، سنورەکانی تا سابڵاغ درێژ دەبێتەوە، دمۆرگان لە باسی مەنگوڕەکاندا دەڵێت:" خێڵی کوێستانە بەرزەکان لەخراپترین دۆخدا ژیان بەسەر دەبەن، لەناو ئەو خێڵە کوێستانیەدا بەبەراوەد بە هۆزەکانی تر ژمارەی منداڵەکانیان کەمترن، ئەمانە کەمتر چەند ژن یان هەیە و منداڵیشیان کەمترن. مامەش و مەنگوڕەکان لەچیاکانی باشور (ناوچە سنوریەکانی پشدەر لەگەڵ ئێران)دا ژیان بەسەر دەبن، خوڕەوشتی سەرەتایی و ئاڵۆزی خۆیان زیاتر پاراستووە دەسەڵاتی ئێرانی زۆر بەزەحمەت تەحەمول دەکەن بۆیە زۆرجار هێرشکردنە سەر حاکمی سەردەشت ڕوودەدات و بەرچاودەکەوێت.

## عەشیرەتی موکری

باس لەسەر عەشایری موکری پێویستی بە لێکدانەوە و توێژینەوەی زۆر و هەرچەند هەموو ئەو هۆز و تایفانەی کە لە موکریان دا دەژین دەکەونە ناو یەکەیەکی یەکگرتوویی نەتەوەیی بە ناوی موکوریان، بەڵام لە بواری وەچە و خوێن و ڕەگەزەوە، عەشیرەتی موکریش وەک عەشایری دیکە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

عەشیرەتی موکری میرایەتی بەشێکی گەورە لە شارەکانی بۆکان و سەردەشت و دەوروبەری سەقز و میاندواو و شنۆ و نەغەدە و ساین قەڵا و سابڵاغ و دەوروبەری مەراغەیان بە دەستەوە بوو. لە کاتی هێرشی مەغول دا، ئەوان بەربەرەکانی زۆریان کرد بەڵام باشاریان نەکردن و بەشێکیان هەڵاتن بۆ باشووری کوردستان و بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ نەگەڕاونەوە.

عەزیز کەیخوسرەوی لە لاپەڕەی ١٤٥ کتێبی "هۆزی فەیزوڵابەگی" لە سەر مێژووی ناوچەی موکوریان لە دوای ئیسلام دا دەنووسێ: لە سەدەی یەکەمی کۆچی ئازەربایجان و موکریان بە دەست (ئومەوی)یەکانەوە بوو (دەیلەمی)یەکان شالاویان دەکردە سەر (ئومەوی)یەکان. خەلیفەی "ئومەوی" مەروان کوڕی محەممەدی کرد بە فەرمانڕەوای ئازەربایجان و موکوریان، چون مەڕوان دایکی کورد بوو ئەوە بوو کە کوردەکان پشتیوانیان لێکرد.

لە سەدەی دووەم خەلافەت بە دەست (ابولعباس سەفاح) وە بوو کە بە یارمەتی ئەبوو موسلیمی خوڕاسانی دەوڵەتی عەبباسی دامەزرا.

لەسەدی سێیەمدا بە فەرمانی (مەئموونی عەبباسی) هیرش کرایە سەر بابەکی خوڕەمدین. کوردەکان دژی خلافەتی عەبباسی یارمەتی بابەکی خوڕەمدینیان دا. بە واتایەک لە سەدەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەمدا ئازەربایجان و موکریان بەناو سەر بە خەلافەتی عەبباسی بوون بەڵام لە ڕاستی دا کاروباری وڵاتیان بە دەستەوە گرتبوو و حوکمڕانی (ڕەوادی، سالاری و شەدادی) یەک لە دوای یەک هاتنە سەرکار.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سەرەتای سەدەی پێنجەمدا موکریان لەژێر دەسەڵاتی (ابولهیجا) سەرداری عێلی (هەزیانی)، دابوو کە ئەیوبییەکان لە نەوە و ڕەچەڵەکی ئەو بوون و ئاسایش و خۆشییەکی زۆریان گەڕاندەوە وڵات.

حوکمڕانی موکریان لە سەدەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمدا هەر بەناو لەژێر حکومەتەکانی سەلجووقی و خوارەزمی و مەغۆل و تاتاردا بوون، بەڵام سەردارەکانی وڵات هەمیشە دژی ئەو دەستەڵاتدارە بێگانانەوە وەستان و لەگەڵیاندا لە شەڕ و کێشەیەکی درێژخایەندا بوون.

هۆلاکۆخان ماوەیەک مەراغەی داگیر کرد و کردی بە پێتەختی تاتار، پاش داگیرکردنی مەراغە شارۆچکەی (بەهار) بوو بە پێتەختی کوردستان و کوردستانی ئێران بوو بە شازدە ولایەت.

لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی کۆچی دا (سولەیمان شا)ی (ئەیوانی) کە لە کوردەکانی ئەیوانی گیلانی غەڕب بوو، بوو بە فەرمانڕەوای کوردستان و بە دەست هولاکۆ کوژرا.

موکریان وەک هەریمەکانی دیکەی کوردستان لە دەورانی حکومەتی مەغۆل و تاتار و ئێلخانیاندا وێران بوو.

کوردەکانی موکریان لەسەردەمی (قەرە قوینلو) و (ئاق قوینلوو) دا لەسەدەی نویەم کەوتنە خۆیان و بە هیمەت و دەلێری (میرسەیفەدین)، موکریانیان لەژێر چەنگی تورکمەنەکاندا دەرهێنا و لەو کاتەوە حوکمڕانی موکریان دامەزراند.

وەک دەگوترێ یەکەم جار میر شەرفخانی بدلیسی وشەی "موکری" بە مانای مەکر و فێلبازی بەکار هێناوە و لە لاپەڕەی ٣٦٦ کتیبەکەی دا میرسەیفەدینی بە فێڵاوی ناو بردووە و دەڵێ: فەرمانڕەوایانی موکری بەری خەڵکی شارەزوورن و هێندێک دەڵێن سەر بە تیرەی بابانن و وەک دەماودەم زانیومانە، کابرایەک بە ناوی سەیفەدین سەر زنجیرەی سەردارانی موکری بووە و زۆر بە مەکر و داهۆ بووە و بە مەکری ناوی دەرچووە و دەشکرێ مەکرۆی پێبلێن. خوا دەزانێ.

لەسەر کاروکردەوەکانی میر سەیفەدین شەرەفخان دەنووسێ: ... میر سەیفەدین سەری هەڵدا و کوردی زۆری لە بابانی و شوێنی دیکەی کوردستاندا لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و پەلاماری تورکە گەلی چابقلووی داو دریاسی لە چەنگ دەرێنان و هەر بەوەندەش دانەسەکنا، ناوچەکانی دۆڵباریکە و ئەختاچی و ئێلتمور و سڵدوزیشی ڕزگار کردن و دەسەر دریاسی خستنەوە...

حەسەنی شەتەوی لە لاپەڕەی ٩ کتیبی "چارەنووس" بە نەقڵ لە کتێبی "تاریخ کردستان" لە نووسینی دوکتور سەدیقی دەنووسێ کە بە باوەڕی جەمیل ڕۆژبەیانی، موکوریان لە دوو وشەی موغ و ڕێیان دروست بووە. چوونکە لە دەورانی پێش ئیسلام دا ئاوەرگەی گەورەی ئازەرگوشەسب لە تەختی سولیمان هەڵکەوت بوو، هەموو ساڵێ موغ و موبیدە زەردوشتییەکان بۆ زیارەت دەهاتنە ئەو ئاوەرگەیە، لەبەر ئەو پییان گوتووە موغ ڕێ یان ڕێی موغان و دواتر گۆڕاوە بە موکوریان. حوسێنی حوزنی موکوریانی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە وشەی موکوریان لە مەهاکاریانەوە هاتووە کە گویا یەکێک لە عەشیرەتەکانی ماد بوو.

میر سەیفەدین یەکێک لەو کەسانە بوو کە هێرشی کردە سەر سەقز و تورکانی تەیموری لەوێ دەرپەڕاند و دوایە هێرشی کردە سەر دریاز لە دەوروبەری مەهاباد و هۆزەکانی جابقلووی لە تیرەی قەراقۆینلۆی تێک شکاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میرسەیفەدین دوو کوڕی هەبوو بە ناوەکانی سارم بەگ و بابە عومەر. شەرەفخانی بدلیسی لە لاپەڕەی ٣٦٧ دا دەنووسێ کە لە سەردەمی سارم بەگ دا، شائیسماعیلی سەفەوی بۆ داگیر کردنەوەی موکوریان چەند جار لەشکری کرد، بەڵام هەموو جاری قزڵباشەکان تێک دەشکان و دەگەڕانەوە. تا لە ساڵی ١٥٠٦ زایینی (٩١٢ کۆچی) شا ئیسماعیل بۆخۆی هاتە شاری خۆیە و لەوێرا هێزێکی زۆری هۆزی شاملو بە فەرماندەری عەبدی بەگ، بابی دورمیش خان و سارۆ عەلی مۆردار کۆ کردەوە و ناردییە شەڕی سارم بەگ. ئەوان هەرچەند لەشکرەکەیان زۆر بوو بەڵام دیسان شکان و هەردوو فەرماندە کوژران. پاش ئەوە سارم بەگ وەک ئەمیرانی دیکەی کورد، خۆی خستە ژێر فەرمانی سوڵتان سەلیم خان و بە فەرمانی سوڵتان، میراتی بابی پێبڕا. سارمخان لە نیزیک شاری مەهاباد لە کێوی سارم قەلایەکی گەورەی دروست کرد و لە بەرانبەری هێرشی هێزەکانی سەفەوی دا ڕاوەستا. سارم سێ کوڕی هەبوو بە ناوەکانی قاسم، برایم، حاجی عومەر کە هەر سێ لە جەوانی دا ژیانیان لەدەس دا. پسمامان واتا شێخ حەیدەر و میر نەزەر و میرخدر کە هەر سێک کوڕی ڕۆستەم، کوڕی بابا عومەر بوون، پاش مەرگی سارم بەگ ناوچەکەیان بەسەر خۆیان دا دابەش کرد و خۆیان خستە ژێر ئەمری شاتۆماسب و کەڵەوەی عوسمانیانیان لەسەر ملی خۆ داڕنی.

میر شەرەفخانی بدلیسی لە لاپەڕەی ٣٦٩ کتیبەکەی دەنووسێ کە دوای ئەوە، ئەلقاس میرزا ئاژاوەکەی ناوە، سوڵتان سولەیمان خان، حاکمانی کوردستان کە بریتی بوون لە حوسێن بەگی ئامێدێ، زەینەڵ بەگی هەکاری و میرەکانی برادۆستی، ناردە سەر میرانی موکری و هەر سێ برا لەوشەڕە کورد بە کورد دا کوژران. شێخ حەیدەر دوو کوڕی هەبوو بە ناوی میرە و حوسێن. میر نەزەر کوڕێکی هەبوو بە ناوی بەیرام. میرخدر دوو کوڕی هەبوو بە ناوی ئولغ بەگ و میر حەسەن، بەڵام هەموویان سەر و پیچکە و منداڵ بوون. بە دوای بەکوشت چوونی شێخ حەیدەر بە پێشنیاری میرانی کورد لە لایەن سوڵتان سولەیمان، فەرمانڕەوایی موکوریان درا بە میرەبەگ، کوڕی حاجی عومەر و ماوەی سی ساڵ بەسەر درياز و موکوریان دا، فەرمانڕەوایی و خزمەتی زۆری بە خەڵک کرد. ئەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی مستەفا.

ئەوجار بە دوای مەرگی میرەبەگ کوڕی حاجی عومەردا، میرە بەگ کوڕێ شێخ حەیدەر بوو بە حاکمی موکوریان. ئەو خۆی کردە دۆستی شاتۆماسب و لە دیوانی ئەو ڕا بە فەڕمی، مەزنایەتی کوردستانی پێدرا. دوای مەرگی شاتۆماسب، میرەبەگ چوو بۆ قەزوێن بۆ دەرباری شا ئیسماعیل و زۆری ڕێز لیگیرا. بەڵام کاتێک حکومەت سەفەوی کەوتە دەستی شاسوڵتان محەممەد و قزڵباشەکان بوون بە هەمەکارە، کەسبەکەسی ڕووی لە ئێران کرد و میرەبەگ و فەرمانڕەوایانی دیکەی کوردستان و لوڕستان و ئەردەڵان، لەژێر سۆنگەی محەممەد پاشا، میری میرانی وان، چوونە ژێر چەتری سوڵتان مرادخان و لەوێ جیا لە مەڵبەندی خۆی، وڵاتی بابان و سەنجەق و موسڵیشی دایە. هەروەها هەولێر و هێندێک لە وڵاتی مەراغە و تەورێزش درا بە کوڕەکانی. میربەگ لەگەڵ محەممد پاشا حاکمی وان، لە زستان دا بە لای ورمێ دا، هێرشیان کردە سەر بەکتاش قوڵی بەگی ئیستاجلوو، حاکمی مەراغە. قوڵی لەو قولیانە نەبوو کە شەڕ بکا و کوردەکان هەرچی ماڵ و سامانی قولی بەگ و خەڵکی مەراغە بوو، تاڵانیان کرد و دەستیان بە سەر ڕەوەی شا داگرت. ڕەوەی ئەسپی حدودی گوێ بەل و چوار پەل قەڵەمی شاتۆماسب کە لە ناوچەی قەراجیق، دا دەلەوەڕا و لە هیچ دەور و زەمانانداا هیچ پادشایەک نەیبوو، دەستی بەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داگیرا و ڕەوانەی وان کرا.

هەزار ئەسپی ڕەسەن گشتی حدوودە
لە ڕووی وان ڕەخشی ڕۆستەم بێ نموودە
لە ڕەوتا ئاوی لافاون، شەماڵن
لە غار دا هەر پەلێکیان جووتە باڵن
ئەگەر سمکۆڵ دەکەن لەو چۆل و دەشتە
دەلەرزێ گایەکەی هەردی لە پشتە

محەممەد پاشای میری میرانی وان، دوای سەرکەوتن لە شەڕی مەراغە دا، لەگەڵ کوڕی میرەبەگ چووە ئەرزڕۆم بۆ لای فەرهاد پاشا. ناوبراو نامەی بۆ میرەبەگ نارد و ناسناوی پاشایەتی پێدا و مەراغەشی پیشکەش کرد. حەسەن کوڕی خدر بەگ کە پێشتر بە خزمەت سوڵتان گەیشت بوو و دریاسیان بە بەخشش دابۆیە، بە هاتنەوەی میرەبەگ پاشا، حازر نەبوو دریاسی بداتێ و خۆی لە قەڵایە دا قایم کرد. زۆری نەمابوو کە قەڵای بەسەردا بڕوخی کە ئولوغ بەگ بە دزی لە قەڵا هاتەدەر، چووە ئەرزڕۆم و لەوێش ئۆقرەی نەگرت و بەرەو ئێران بای داوە و پەنای بۆ شاسوڵتان محەمەد هێنا و ئەو ڕێزی لێگرت و مەڵبەندی دەخواقانی (ئازەرشەهر) دایە.

میر شەڕفخانی بدلیسی لە درێژەدا دەنووسێ کە ئەوجار میرەپاشا لە حوسێنی برای دڕدۆنگ بوو و لای وابوو لەگەڵ ئامۆزاکانی تەبانی کردووە، بۆیە گرتی و کوشتی و باقی دوژمنانی دیکەشی، لەسەر ڕێ لابرد و خۆی زۆر بە هێز کرد.

دوای چەند ساڵ تەوریزیش کەوتە ژێر دەستەڵاتی عوسمانی و جەعفەراغای وەزیری بوو بە حاکمی تەورێز. ناوبراو ویستی مەراغەش کە زۆرتر لە ژێر دەستەڵاتی تەورێز دابوو و ئێستا میرە پاشا بەسەری ڕادەگەیشت، بێنێتە ژێر حاکمییەتی خۆی. میرە پاشا ئەو داوایەی ڕەد کردەوە و جەعفەر پاشا بە نامە و ڕاسپاردە پێتەختی لە ئاکاری میرەپاشا ئاگادار کردەوە. سوڵتان فرمانڕەوایی وڵاتی بابان و موسڵ و هەولیری لە میرەپاشا ئەستاندەوە و ناردییەی لای میرە پاشا کە مەراغە سەر بە تەورێزە و ئەو داهاتە کە ساڵێ ١٥ خەروار زێڕە، پێویستە بێتە ئی حاکمی تەورێز و بۆ سوپا خەرج بکرێ. میرەبەگ بە ناچاری ملکەچ بوو و دەستەبەر بوو کە هەر ساڵێ دراوێکی زۆر بگەیەنێتە خەزێنەی جەعفەر پاشا و دوو سێ ساڵیشی ئاوا تێپەڕ کرد. جەعفەرپاشا بەو حاڵەش لە کۆڵی نەبووە و مەراغەی خستە سەر تەورێز و کابرایەک وەک دەستەبەر بە میر سنجەقی کردە بەرپرسیاری ماڵی و بۆی دیاری کرد کە هەر ساڵە ١٥ خەروار زێڕی پیتاک کۆ کاتەوە. پاش ساڵێک دانیشتوانی مەراغە بڵاو بوون و ئەو شارە بوو بە چولگە و داهاتەکە لە خەروارێکی تێنەپەڕاند. میرپاشا ڕووت و نەدار بوو و خوداخودای بوو بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆی و پاشایەتی بە خەونیشی دا نەیە.

لە کاتی دەستەڵاتداری میرەپاشا بەسەر مەراغەدا، شێخ حەیدەر کوڕە گەورەی ئەو، بە فەرمانی سوڵتان مراد خان، قەڵای ساروقورغانی کە سەردەمێک بەر غەزەبی ئەمیر تەیموری کوڕی کەوتبوو و وێران کرا بوو، ئاوەدان کردەوە. کاتێک کە خدر پاشا، میری میرانی بەغدا، لە ساڵی ١٥٩٣ زایینی کرا بە حاکمی تەورێز، پییان گوت کە کەسادی و وێرانی مەراغە لەبەر ئەو قەڵایەیە کە شێخ حەیدەر ئاودانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردووه. خدر پاشا قەڵاکەی دا بە هۆزی مەحموودی و شەڕ و هەرای بۆ شێخ حەیدەر نایەوە. لە شەڕێکی گەورە دا، هەمزە و قوباد کە برازای مەنسوور بەگ بوون و کوڕێکی زێنەڵ بەگ کە سەرکردەی هۆزی مەحموودی بوو و هەروەها زۆر کەڵە پیاوی دیکە، بەدەست موکرێکان کوژران. لە ساڵی ١٥٩٤ زایینی دا هۆزی مەحموودی و عیوەز بەگ، کوڕی حەسەنبەگ کە میر لیوای ماکۆ بوو، خدر پاشایان بە دژی شێخ حەیدەر هان دا و ئامادەی پەلامار بوون. شێخ حەیدەر زۆر پاڕاوە و تکای کرد و ئامادە بوو کە خوێنی کوژراوان بدا، بەڵام قبووڵیان نەکرد. بۆیە مەچەکی مەردانەی هەڵبڕی و خۆی بۆ شەڕ دە دەسک نا و پاڵەوانانی کوردی لەبەرانبەر شادا ڕاگرت و دەستیان بۆ باڵچۆغەی سیر و گیرەی کەوان برد و دەبەر یەک ڕاچوون.

پلوسک بوو بە خوێن دەم و دۆخی شیر
مەتاڵ بوونە ژوشک لەبەر دڕکی تیر
ڕم و نێزە ئێسک بڕ و ڕگ پسێن
ئەسپ یاڵ و بژیان دەڕەنگا بە خوێن
کەوان داسی مردن بوو بێ سێ و دوو
لەش و گیانی پێش خۆ دەدا و دەیدروو
دەمی خەنجەری تازە ساوای کوڕان
سەر و ورگی زۆر پی پەڕان و دڕان

لەو شەڕەدا عیوەزبەگ وێرای زۆران کوژرا. میرەپاشا فریا کەوت کوڕەکەشی بکوژێ. خدر پاشا کە وای زانی دەوری قەلای بەجێهێشت. میر شەرفخانی بدلیسی لە درێژەدا دەنووسێ کە میرە پاشا چوار کوڕی بە ناوەکانی بوداغ بەگ، قاسم، شێخ حەیدەر و حوسێن هەبوو(حوسێن حوزنی دەنووسی کە میرەبەگ دوو کوڕی دیکەشی بە ناوی ئەمیرخان و ئەودال بەگ هەبوو. ئەمیرخان هەتا هەرای موکری قڕان، بەسەر گەرمرود ڕادەگەیشت. شاعەبباس، ئەسفەندیار بەگی تورکومانی نارده سەری و لە ماڵە خۆی دا کوژرا. ئاودال بەگ بەربەرەکانی قوبادخانی کرد و هەڵات پەنای بۆ ئەمیرخانی یەکدەست فەرمانرەوای برادۆست برد و لەگەڵ ئەو لە ماڵە ئەلیاسی خەڵیفەدا کوژرا). ئەوانە کە بەر فەرمانی سوڵتان مرادخان بوون، هەر کەسە سەنجەقێکی درایە. دوایە بوداغ مرد، قاسم بەگ بە دەستی حوسێنی برا چووکەی کوشترا و شێخ حەیدەر، لە تۆڵەی براکەی، حوسێنی کوشتەوە.

میر شەرفخانی بدلیسی لە کۆتایی دا دەنووسێ: ئێستا لە کوڕانی میرەبەگ هەر شیخ حەیدەر ماوە و جگە لە ناوچە و قەڵاکانی پێشوویان، کە بە دەستی باب و کوڕەوەیە، قەلای تەرەقە و ناوچەی تاجری و ناوچەی ساروقورغان و ناوچەی دوئاب و ناچەی لیلان و قەڵای ساروقورغانیشیان دەبەر دەست دایە.

بەسەرهاتی ئەو بنەماڵە وەکوو هەیە هەتا ئێستا کە ئەم نوسخە پەرێشانە دێتە نووسین لە ڕووپەڕانم چەسپاندوون. بۆ ئایەندەش چی ڕوو دەدا، پەروەردگار ئاگادارە.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٣٧٣ ی شەرەفنامەدا لە ژێر نووسی نووسراوەکەی دا درێژە بەو بابەتە دەدا و دەنووسێ کە شێخ حەیدەر و جەعفەر پاشا لەشکریان لێک کرد. شێخ حەیدەر خۆی هاویشتە پەنا شاعەبباس و زۆری ڕێز لێگرا و لە گوناهی بابیشی خۆش بوو و شاری مەراغە و ناوچەکانی سەر بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوێی دایە. دوایە بە لەشکری موکوریانەوە، دەگەڵ شاعەبباس، تەورێز و نەخجەوان و چگرسەعد و یەرڤانی گرت و سۆپای عوسمانی شڕ کرد، بەڵام دوایە لە خوار قەڵای یەرڤان کوژرا. دوای شێخ حەیدەر شاعەبباس، قوبادخان کە منداڵ بوو لە جێی بابی دانا و خستییە ژێرچاوەدیری. ئەو لەژێر دەستەڵاتی دایک و گەورە پیاوان موکری دا گەورە بوو و مەیلی لە هەراو کردنی دەستەڵاتی بوو. کاتێک کە لە ساڵی ١٦٠٨ زایینی شاعەبباس بە هۆی ئیعتمادودەوڵە هیرشی کردە سەر ئەمیرخانی یەکدەست لە قەڵای دمدم، بە قوبادخانیشی فەرمان دا کە بچی بۆ ئەو شەڕە، بەڵام قوباد خان بە قسەی نەکرد. لە ساڵی ١٦٠٩ کە شاعەبباس هێرشی بۆ سەر چیای قەرەباغ کرد، قوبادخان وای بە باش زانی کە بۆ ئەوەی شاعەبباس تۆڵەی ئەو نافەرمانییەی پیشێی لێنەکاتەوە، لەگەڵ هێندێک لە دەست و پەیوەندییەکانی بچێ بۆ لای. شاعەبباس زۆری ڕێز لێگرت و هیچی بە ڕووی دا دانەداوە. ئەو نەیدەویست کوردەکان کە سوونی بوون، یەک بگرن یان لای تورکییەدا بکەون.

ماوەیەک دواتر شاعەبباس بە لشکرێکەوە هاتەوە بۆ کوردستان. قوبادخان بە کۆمەڵێک لە ناودارانی هێزەکەی چووە خزمەتی و میوانی بوو. دوایە بردیاننە شوێنک و لەوێ یەکیەکە دەیانبردنە ژوورێک و بێ ئەو کەس بزانێ دەیانکوشتن و تاقیان لێبڕین. ئەجار هێرش کرایە سەر قەڵای گادۆڵ و هەرچی تییدا بوو کوشتیان. دوایە قزلباش هێرشیان بۆسەر دێهاتەکان کرد و گشت ژن و منداڵ و پەککەوتەکانیان قەتڵیعام کرد.(تێبینی لە هێندێک نووسراوەی دیکەدا هاتووە کە لە پێشوازێکی زۆر گەورە لە ساڵی ١٠١٨ کۆچی دا، شاعەباس، قوباد و حەیدەری برای و تەواوی ئەو کەسانەی کە لە ڕێورەسمی پێشوازی ئەودا ئامادە بوون و بە ١٠ هەزار کەس ئەژمار دەکران، کوشت و شاری دریازی وێران کرد). دوای ئەوانە لە ساڵی ١٦١٠ شاعەبباس مەڵبەندی موکوریان بە شێربەگ ئەسپارد. شێربەگ ئەگەرچی خزمی میرانی موکری بوو( وێدەچێ کوڕی ناسر بەگ لە میرانی تەرگەوەڕ بێ) بەڵام خزمەتی زۆری بە شا کرد بوو.

شێربەگ بە هاوکاری مەقسوودی برای ١٥ ساڵ ژێرانە وڵاتی بەڕێوە برد و بە باشی ئاوەدانی کرد. ئەوجار لەشکرێکی لە کوردانی دژی سەفەوی پیکهێنا و لە ساڵی ١٦٢٤ هێرشی کردە سەر مەراغە و قەتڵیعامی کردن و تۆڵەی گەلە قڕ کراوەکەی کردەوە. شا، زەمانبەگی بە ٥٠٠٠ کەس و هێزەکانی فارس و ئیمام قولیخانی نارده سەر شێربەگ، بەڵام هەموویان تێک شکان و شێر بەگ شاری ساباڵغی کردە پێتەختی خۆی.

لە سەر شێربەگ لە نووسراوەی دیکەدا هاتووە کە لەو شەڕەدا شاعەباس، "شێر سوڵتان" کە پیاوێکی ڕەشید و ئازا بوو و و دۆستایەتی لەگەڵ هێندێک کەس لە قزڵباشەکان هەبوو نەکوشت و بەخشی. شێرسوڵتان بەخۆیی و بە ٣٢ بنەماڵەی دیکە شوێنی مەهابادی ئەوڕۆ کە تورکان بە هۆی کانی سارد، پێیان گوتووە ساوجبلاغ، ئاوەدان کردەوە. شێر سوڵتان دواتر بڕیاری دا کە تۆڵەی کەسوکاری خۆی بکاتەوە و لە ماوەی ١٠ ساڵ دا هێزێکی کارامەی ئامادە کرد و شەوێک هێرشی کردە سەر شاری مەراغە و بێ ئەوەی زیان بە خەڵکی بگەیەنی تەواوی قزڵباشەکانی قەتڵیعام کرد. شاعەباس بە بیستنی ئەو هەواڵە لەشکرێکی گەورە ئامادە کرد و ڕەوانەی شەڕی کرد. بەڵام ئەو هێزەش لە بەرانبەری شێر سوڵتان دا خۆیان ڕانەگرت و شکان. ئەوجار شاعەباس بڕیاری دا بە هێزی زیاتر و لە ژێر فەرماندەری خۆی دا هێرش بۆ سەر شێر سولتان بکا. بەڵام لە نیوەی ڕێگا دا خەبەر ڕاپەڕینی خەڵکی خوراسانی پێگەیشت و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به ناچار ڕووی هێزەکانی بەرو خوراسان وەرگێرا و لە شەر لەگەڵ شێر سولتان خۆی بوارد. دوای شێرخان، بوداغ سوڵتانی کوڕی بوو بە دەستەڵاتداری مەڵبەندی مەهاباد و ماوەی ٦٠ ساڵ بە ئاوەدانی و خزمەت کردن بە خەڵک حکومەتی کرد.)

فەتاحی قازی لە وتارێک دا دەڵێ: بوداغ سوڵتان کەسایەتیکی مودیر و لیهاتوو کارامە بوو و لەگەڵ حاکمانی سەفەوی بە جوریک سازاوە و بۆخۆی دەڵی کە یەکیک لە ئیفتخاراتی من ئەوەیە کە ئەمن کەسێک بووم کە جارێک نەمهێشتووە لەشکریان سەفەوی و عوسمانی بە وڵاتەکەم دا تێپەڕ بن.

ئۆژن ئۆبن سەفیری فەرانسە لە ئێران لە لاپەڕەی ١١٣ کتیبی "ئێرانی ئەوڕۆ" دا دەنووسێ کە بوداغ سوڵتان دوو کوڕی هەبوو بە ناوەکانی عەبدولعەزیز سوڵتان و عەبدوڵابەگ. لە کوڕی یەکەم خانەکان پێکهاتن کە زۆربەیان لە شار و لە کوڕی دووهەمیش بەگزادەکانی لیکەوتەوە کە زۆربەیان لە کوێستانەکان نیشتەجێ بوون. ئەو دوو دەستەیە پێکهێنەری چینی مەزن و نەجیبی (نجیب و ئەشراف) تایفەیان پێک دێنا.

لە هێندێک سەرچاوەی دیکەدا دەگوترێ کە بوداغ سوڵتان لە سەردەمی شا سولەیمانی سەفەوی دا، حوکمڕانی کردوە و بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ بە سەر سابڵاغ و دەوروبەری دا ڕاگەیشتووە. ئەو دوو کوڕی هەبوو بە ناوەکانی مووسا سوڵتان و سۆهراب بەگ. عەزیز کەیخوسرەوی لە لاپەڕەی ٣٤ کتێبی "هۆزی فەیزوڵابەگی" دا دەنووسێ، سوهراب بەگ کەسێکی گۆشەگیر و خەت خۆشێکی گەورە بوو و چەند قورئانی نووسیوە و سەردەرانەی سەر مزگەوتی سووریش هەر ئەو نووسیوێتی.

دواتر بەرەبەرە، بەرەبابی موسا سوڵتان بە خانزادە و ئی سوهراب بەگ بە بەگزادە ناسران. واتا ئەولادەکانی سوهراب بەگ، شکۆی خۆیان لەدەست دا و بوونە خزمەتکاری خانزادەکان و بە کشتوکاڵ و زەراعەت ژیانیان بەسەر دەبرد.

هۆزی فەیزوڵابەگی تیرەیەکی گەورە لە عەشیرەتی موکرین کە لە محاڵی ئاختەچی بۆکان و بیهی و کولتەپەی دەوروبەری سەقز نیشتەجێن. عەزیز کەیخوسرەوی لە لاپەڕەی ٢٣ کتێبی "هۆزی فەیزوڵابەگی" دا دەنووسێ: هۆزی فەیزوڵابەگی"، بەر لە هێرشی مەغول بە میر و لە زەمانی عوسمانی بە پاشا و بەگ، لە زەمانی سەفەوی دا بە خان بە ناوبانگ بوون. بە بەرەبابی موسا سوڵتان کوڕی بوداغ سوڵتان، خان دەڵێن و لە شارەکاندا نیشتەجێن و بە بەرەبابی عەبدولا بەگ، کوڕی دووهەمی"بەگ" دەڵێن و لە کوێستانەکاندا نیشتەجێن.

هەر لە پەراوێزی مێژووی عەشیرەتی موکری دا دەبێ بگوترێ کە لە سەردەمی تەیمورییەکان دا، کوڕەکانی میرەبەگ کە کوڕی قوبادخانی بابان بوو بە ناوەکانی کاکە میر و کاکە شێخ بوونە دوو بەش. عەزیز کەیخوسرەوی لە لاپەڕەی ٣٤ کتێبی "هۆزی فەیزوڵابەگی" دا دەنووسێ کە کاکە میر بەسەر پشدەری ڕادەگەیشت و کاکە شێخیش بەسەر مەرگە. کاکە میر بە بەشی خۆی ڕازی نابێ و هێرش دەکاتە سەر کاکە شێخ و دەست و پەیوەندییەکانی و خێزانەکەی دەکوژی و دایک و کۆڕکەی لەگەڵ خۆی دەبا. بەڵام چوونکە خەڵکی ئاوایی لایەنگری کاکە شێخ بوون، بەربەرەکانی و هێرش دەکەن و هەرچی بەردەستیان دەکەوێ دەیکوژن. پاشماوەی کاکە میر هەڵدێن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتا بەشێک لە باشووری ماونەوە و حکومەتی بابان پێکهێنا و بەشێک گەڕاونەوە بۆ ڕۆژهەڵات کە هەر بە موکری بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوبانگ بوون.
فەقێ ئەحمەدی دارشمانە کوڕی کاکە شیخ بوو و لە مەڵبەندی موکریان حوکمڕانی کردووە و دوایە سولەیمان پاشای کوڕی پەرەی بە دەستەڵاتداری بابی دا و تا ساڵی ١١١١ کۆچی مانگی دا (١٦٩٩) حاکم بووە. ئەو سەردانی ئاستانەی کردووە و نازناوی پاشایەتی پیدراوە و کەرکوکی پێ ئەسپێردراوە. دوایە ئەو بەرەبابە بۆ ماوەی ٢٠٠ ساڵ حکومەتی بابانیان کردوە و قەڵاچوالان ناوەندی حکومەتیان بووە. پاشان برایم پاشا بە ناوی سولەیمان پاشای بابان، لەسولیمانییە حوکومەتی دامەزراند.
عەزیز کەیخوسرەوی لە لاپەڕەی ٢٣ کتێبی "هۆزی فەیزوڵابەگی" لەسەر فەقێ ئەحمەدی دارشمانە داستانێک دەگێڕێتەوە کە چۆن لە حەیفی بڵباسان چوو بۆ قوستەنتەنییە بۆ لای سوڵتان مورادی چوارەم کە ئەوکات لەگەڵ ڕووسان لە شەڕ دابوو. شەڕەکانی ئەوکات زۆرتر بە شیر و ڕمب و کەوان، یان زۆران بازی لە نیوان دووکەسان دا دەکرا. ئەوکات پاڵەوانێکی ڕووس هەبووە کە کەس پێینەوێراوە و هەموو پاڵەوانانی تورکی بەزاندبوو. فەقێ ئەحمەد ئیزن لە سوڵتان وەردەگری و بۆ پاڵەوانی ڕووس دەچتە مەیدانی و لە عەرزی دەدا و دەیهەوێ سەری ببڕێ، پاڵەوان ڕووبەند لادەدا و دەڵێ کە کچە و ناوی کەیغانە و داوای لیدەکا کە نەیکوژێ. فەقێ ئەحمەد نایکوژێ و ئاشقی دەبێ و لە خۆی مارە دەکا. ئەوانە دوایە دەگەڕێنەوە بۆ دارەشمانە و دوو کوڕیان دەبێ بە ناوەکانی بەبە سولەیمان و بوداق.
پاش ماوەیەک ڕۆژێک فەقێ ئەحمەد لە ماڵ نابێ. بڵباسەکان هێرش دەکەنە سەر دارشمانە. کەیغان دەست دەکاتەوە و زۆریان لێدەکوژی. دوایە بە خەڵکەکەی دەڵێ کە دەیهەوی بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی و داوا دەکا کە بە فەقێ ئەحمەد بڵێن بە دوای دا نەچی و بۆی نەگەڕێ.
کاتێک کە فەقێ ئەحمەد دەگەڕێتەوە و لە ڕووداوەکە ئاگادار دەبێ زۆر نارەحەت دەبێ و بە دوای کەیغان دا دەچێ و لە شوێنێک دەیبینێتەوە و داوای لێدەکا کە بگەڕێتەوە. کەیغان مل نادا و لەگەڵی بەشەڕ دێ و بە شیر برینداری دەکا. دوایە زگی پێدەسوتێ و دەرمانی دەکا و دەڕواتەو بۆ فەرەنگستان. فەقێ ئەحمەد بە برینداری بە دوای دا دەچی بۆ فەڕنگستان و لە شارێک لە ماڵە پیرێژنێک لادەدا کە قەرەواشی ماڵە پاشا بووە. ئەوکات ئەو شارەیان ڕازاندبۆوە و قەرەباڵغی بوو و فەقێ ئەحمەد هۆیەکەی دەپرسی و پیرێژن دەڵی کە کچی پاشا ماوەیەک دیلی دەستی موسوڵمانان بووە و ئێساتا گەڕاوەتەوە و دەیهەوێ شوو بە ئامۆزاکەی خۆی دەکا. فەقێ ئەحمەد دەپاڕێتەوە کە لەگەڵ خۆی ببیا بۆ کۆشک و پیرێژن بەو مەرجە کە ئەو دەبێ لیباسی ژنان دەبەر بکا ڕازی دەبێ. بەمشیوەیە فەقێ ئەحمەد ڕێی دە کۆشکی شا دەکەوی و لەوێ کە تەماشا دەکا کە کەیغانە لە گەڵ ئامۆزاکەی دەمەقاڵەیەتی و ئامۆزاکەی زللەیەکی لە بنانگوێ دەدا. کەیغانە هاوار دەکا "ئای فەقێ ئەحمەد لە کوێ کە بە فریام کەوێ و لە دەست ئەو مەلعونە نەجاتم بدەێ". کاتێک فەقێ ئەحمەد ئەو قسانە دەبیسێ دەستی کەیغانە دەگرێ و لە کۆشک هەڵدێن دەچنە قوستەنتەنییە و سوڵتان بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکانی ماوەت و پشتدەر و مەرگەوەڕی پێدەبەخشی.
تا بەر لە دەستەڵاتی سەفەوێ و ماوەیەکی دواتریش سەرۆکی موکرییەکان بۆخۆیان سەربەخۆ حوکمڕانیان دەکرد بەڵام دوایە دەبوو ناوەندی دەستەڵاتی ئێران حوکمڕانی ئەوانیان پەسەند کرد با و دەبوو ماڵیات بە دەوڵەت بدەن و لە کاتی شەڕ لەگەڵ دوژمنان دا لەشکریان ئامادە کرد با. بە گشتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به دوای حکومەتی شا عەباس دا، موکرییەکان لایەنگری سەفەوییەکان بوون و لە سەردەمی نادرشا دا لایەنگری ئەو و لە سەردەمی قاجارەکان پشتگری توندی فەتحعەلیشایان کردووە. لەسەردەمی محەممەد شا و ناسرەدین شای قاجار بەرەبەرە دەستەڵاتی موکرییەکان کورت کراوە و حوکمڕان لە ناوەندی دەستەڵاتەوە دیاری دەکرا.

بە پێچەوانەی داب و نەریتی باو، لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ دا یەکێک لە کوردەکانی عەشیرەتی موکری، بوو بە حاکمی تەواوی ئازەربایجان و بە پێچەوانەی هەموو ڕەوشتێک لە قودرەت و دەستەڵاتی خۆی بۆ لە ناوبردنی پلەو پایەی هەموو کەسایەتی و مەزن و گەورەی تایفەی خۆی کەڵکی ورگرت.

هەر لە چوارچێوەی عەشیرەتی موکری دا دەبێ بگوترێ کە عەوڵاخان، کوڕی بوداغ خانی موکری، حاکمی سابڵاغ بوو. لەساڵی ١٠٢٥ دا، هەباس ئاغای دێبۆکری بانگ کردە ماڵێ و لە ژووری حکومەت دا، بە پەت خینکاندی. عەشیرەتی دیبۆکری بە تۆڵەی هەباس ئاغا هێرشیان کردە سەر عەشیرەتی موکری و تێکیان شکاندن. ڕێژیم عەبدوڵاخانی گوێزتەوە بۆ شاری قەزوێن. عەوڵاخان لەسەردمی عەبباس میرزای نائبولسەلتەنە و محەمەد شای قاجار دا دەژیا و دوو ساڵ بەر لە محەممەد شا مرد و لە قەبرستانی مەهاباد لە نیزیک بوداغ سوڵتان ناژتراوە و لەسەر بەردە کێلەکەی نووسراوە: هذا مرقد المرحوم المغفور عەبدولاخان ابن المرحوم بوداغ خان المکری" ١٢٦٢.

ئەو ڕووداوە بوو بە هۆی بەهێز بوونی پێگەی عەشیرەتی دێبۆکری. بە پێی کتێبی ئۆژن لەوکاتە ڕا موکرێکان کە ٥٠٠٠٠ بنەماڵە بوون، ئیدی لە خۆیان حاکمیان دیاری نەدەکرد.

عەبدولڕەحمان بەگ، یەکێک لە بەگەکانی سەردەمی حوکمڕانی عەبدوڵاخان لە سەرەتای حکومەتی محەممەد شای قاجار دا بوو. ئەو زانا و زمانزان و گەڕیدە و کارزان بوو و زۆرتر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی عەبدوڵاخان دەچوو بۆ تاران. ئەو سێ کوڕی هەبوو بە ناوەکانی فەیزوڵا بەگ و کەریم بەگ و سوڵتان بەگ. کەریم بەگ لەسەرەتای لاوەتی دا کوژرا. عەبدولڕەحمان بەگ سەروەت و سامانی زۆر نەبوو و موڵکەکانی باغچە و ساروقامیشی سەقزی دا بە سوڵتان بەگ و زەمینەکانی تیکان تەپەی دا بە فەیزوڵا بەگ.

عەزیز کەیخوسرەوی لە لاپەڕەی ٣٨ کتێبی "هۆزی فەیزوڵابەگی" دا، لەسەر فەیزوڵا بەگ دەنووسێ کە کەسایەتیێکی بە مشوور و کارزان بوو و زەمینی زۆر بەدەست هێناوە و قوتابخانەی دامەزراند. ناوبراو ١٢ کوڕی هەبوو بە ناوەکانی حاجی محەممەد ساڵح بەگ، حاجی محەممەد حەسەنبەگ، شێر بەگ، حاجی سەلیم خان، عەلیخان، ئەمانوڵاخان، کەیخوسرەوبەگ، عەزیز بەگ، ڕەشیدخان، عەبدولڕەحمان بەگ، گەنجاڵی بەگ، ڕۆستەم بەگ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانە هەموو خوێندەواری زمانی عەرەبی و فارسیان هەبوو و کەسانی نیشتمانپەروەر و هونەروەریان لێهەڵکەوتبوو. بێشک پەیوەندی و دۆستایەتی پتەوی نێوان هێندێک لە کاسایەتییە گەورەکانی تایفەی فەیزوڵا بەگی و تایفەی قازی لە سەرتای سەدەی ٢٠ زاینی دا، بوو بەردی بناغە بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦. عەزیز کەیخوسرەوی لە لاپەڕەی ٢٩ کتێبی "هۆزی فەیزوڵابەگی" دا دەنووسێ کە خەلیل خان باوکی ساڵار و نەوەی ئاغاشێر بەگ، هەواڵی نیزیکی قازی عەلی بابی قازی محەممەد بوو. ئەوانە هاتووچوی شێخی بورهانیان دەکرد و لەوێ بابەتی زانستی و عیرفانی و نیشتمانیان باس دەکرد. ئەو پەیوەندییە بوو بە هۆی ئەوە کە خلیل خان داوا لە بابی بکا کە گەوەرتاج خانم و زوبەیدە خانمی کچی بدا بە قازی عەلی و سەیفولقوزات. بەمشێوەیە فەیزوڵابەگییەکان بە تایبەت شێربەگییەکان دەبنە خاڵی قازی محەممەد و سەدری قازی و حەمەحوسێخانی سەیفی قازی.


محەممەد حوسێنخانی سەردار

هەروەها ناهیدەخانم ژنی سەدری قازی لە بەرەی شێربەگیەکانە. لە لایەکی دیکەش ٦ کەس لە کوڕزاکانی ئاغا شێر بەگ، بە ناوەکانی ئەحمەد خانی فاڕوقی(سالار) و عەبدوڵاخانی مەتین و محەممەدخانی دانیشوەر و محەممەدخانی فەیزوڵابەگی و حەسەنخانی فەیزوڵابەگی و عەلی بەگی شێرزاد و برازایەکی بە ناوی ئەحمەدخانی شەجیعی و برازایەکی بە ناوی عەلی خانی فاتیح، بەر لە قازییەکان لە دار دران.

عەشیرەتی فەیزوڵابەگی بە سەر زۆر تایفە و تیرە دا دابەش بوون. عەزیز کەیخوسرەوی لە لاپەڕەی ٢٣ کتێبی "هۆزی فەیزوڵابەگی" دا ناوی ئەو تایفانەی بەوجورە هێناوە: فەیزوڵابەگی، فاتیح، سەییاد، کەیخوسرەوی، شکارچی، بابان، ناهید، دادخواە، یەزدانپەنا، ئەنەوشیرەوانی، کرمانج، عەلی نەژاد، مەتین، هومایون، فاڕوقی، دانیشوەر، شەجیعی، میر ساڵحی، فەیزنژاد، دەرزی، زەبیحی، بابامیری، شوجاعی، حەریفی پاک، بەگزادە، کیا، ئیشراقی، ئەدهەمی، سەلیمی، حەسەنیانی.

نووسەر فەتاحی ئەمیری لە دەست نووسێک دا دەنووسێ: بوداق سوڵتان ٦ کوڕی هەبوو، یەکێک لەو کوڕانە ناوی "مووسا سوڵتانە" ئەم مەزنە پیاوە باپیرەگەورەی ئێمەیە کە دیارە پاش بوداق سوڵتان حکومەتی موکوریانی تا نیزیکەی ١٨٠ ساڵ پێش لە ئێستێ بە دەس خۆی و نەوەکانیەوە بووە، کارەکە پاش کێشەی هەباس ئاغای دێبۆکری و دوورخرانەوەی ئەم بەرەبابە بۆ تاران تیک چووە و حکومەتی موکریان دەستی بەسەر دا گیراوە لە لای حکومەتی ناوەندیەوە" حکومەتی تاران".

فەتاحی ئەمیری دەنووسێ کە وەچەی بوداغ سوڵتان فرەن، ماڵە ئێعزامولمەلیک لە لای بۆکان و خانانی چۆمی مەجید خان و هۆزی ناوداری بەگزادەی فەیزوڵابەگی و شێربەگی، ڕیشەی ئەو شەنگە دارن. دیارە بەگزادەکانی لای شاری ورمێ هەر لە عەشیرەتی موکرین. فەتاحی ئەمیری لە درێژەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنووسێ: ئەم بنەماڵانەی خوارەوەش هەر نەوەی موسا سولتانن.

١ – بنەماڵەی خانی باستامی خوارێ...

٢ – بنەماڵەی ئاغا قوڵی گوندی ئاتابڵاغی...

٣ – بنەماڵەی خانی گووندەکانی (قەڵای ڕەسووڵی سیت، لەگز، عەوڵا تەپەسی، شۆریجە و قەرەمووسالیان).

جیا لەوانەش لە زەمانی ناسرەدین شای قاجار دا، عەزیزخانی سەرداری موکری بوو بە سۆپاسالاری ئێران و والی ئازەربایجان. (تێبینی لە ژمارە ٢ و ٣ گۆڤاری هەڵاڵە کە لەساڵی ١٣٢٥ لە بۆکان دەرچووە، باسی عەزیزخان، سەرداری موکری کراوە کە هەر دووپاتی کتێبی شەڕەفنامەیە. عەزیزخان کوڕی محەمەدخان، کوڕی سام بەگ، کوڕی مەحموود بەگ، کوڕی مراد بەگ، کوڕی سارم بەگ کوڕی قوبادخانە. دوای عەزیزخان، کوڕەکەی سەیفەدین خانی موکری بوو بە سەرداری ناوچە. دوایە حەمە حوسێنخان لە جێگای ئەو بوو بە سەردار. بەڵام بە هۆی پشتیوانی لە ڕووسان، لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا لەگەڵ حەمەخانی بانە و سەیفەدین خانی سەقز و شێخ بابای غەوس ئاباد، بە دەستی تورکان کوژران.



لە ڕاستەوە: شۆفیری کاپیتان نەماز نەماز عەلیۆف ، مەجید میرموکری، مەعاونی عەلیوف، کاپیتان

حەسەنی قازی لە سایتی ئینتێرنێتی دا لەسەر حەسەن خانی میرموکری دەنووسێ: حەسەن ئاغای میرموکری لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم، لەکاتێکدا کە لەشکری عوسمانی و هێزی ڕووسییەی تێزاری موکریانیان کردبووە مەکۆی شەڕ و پێکدادان و ئەو مەڵبەندەیان دە ئاگری شەڕی بەرژەوەندی خوازی خۆیان دا دەسووتاند بە دەسکیسی کەسێک بە ناوی بلە سەمسام و بە فەرمانی شوجاعودەلە حاکمی ئێرانی دەستنێژی ڕووسیە لە گەڵ ژمارەیەکی زۆرخەڵکی دیکە لە شوێنێک بە نێوی عەباس ئاباد لە نزیک مەلیککەندی قەتڵی عام کران.

فەتاحی قازی لە وتارێک دا دەڵێ کە حەمە حوسێن خانی میر موکری دوو کوڕی هەبوو بە نێوی مەجید خان و فەتاح خان کە یەکتریان زۆر خۆش ویستووە. مەجیدخان لە بواری ئابووریدا بە مشوور بوو و لە زەمانی قاجارەکان دا لەگەڵ سەیولقوزات چووتە دەربار و ئیمتیازی دامەزرانی کارخانەی قەندی میاندواوی وەرگرتووە و لە ئاوایی قەرەوێران کە شوێنی نێشتەجێ بوونی خۆی بوو و لە نیزیک میاندواو هەڵکەوتووە و قەڵا و بارەگای لێبووە، عەرزی بۆ تەرخان کردووە. مەجید خان هەر بە هاوکاری سەیفولقوزات مەقبەرەی شێخی بورهانیان ساز کردووە. لە ئاخری دەوڵەتی قاجارەکان و سەرەتای دەستەڵات داری ڕەزا شا دا، حاکمانی ئێران هەوڵیان دا بە پیلان و ئاژاوەگێری زیاتر دەستەڵاتی موکرێکان کەم کەنەوە و عەشایری دیکەی کوردیش کە لە دەستەڵات دا نەبوون، ئەو بابەتەیان پێخۆش بوو. یەکێک لە پیلانەکان ئەوە بوو کە فەتاخان کە زۆر خۆشەویستی مەجید خان بووە لەناو ببن. دەگێڕنەوە شەوێک فەتاح خان لە میاندواو لە ماڵە میرزا عەوڵای ناڵبەند لەگەل برایمە سووری شێخ ئاقایی کە زاوایان بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بانگهێشتن دەکرێ. بەیانی لە نێو شاری ناخۆشی پەیدا دەبێ و یەکتر دەدەنە بەر دەمانچە. فەتاح خان بریندار دەبێ و پیاوەکانی دەیانەوی بیگەیەننە خەستەخانە بەڵام لە ڕێگا دا دەکەوێتە بەر کەمین و تەقەی لێدەکرێ و دەکوژرێ. ئەو هەواڵە بە مەجیدخان دەگا و مەیتەکەی دەبەنەوە قەرەوێران. مەجیدخان کە خۆشەویستی تایبەتی بۆ فەتاح خان هەبوو فەرمان دەدا کە میتەکەی لە قەرەوێران لە ژووری نووستنی خۆی، بنێژن و هەموو شەوێ لەسەری گریاوە. دوایە بە ئامۆژگاری سەیفولقوزات جەنازەی فەتاح خان دەردێننەوە دەیبەنە کێوی "دەرمە" لە برایم ئاباد. پاش ٦ مانگ مەجید خان تووشی نەخۆشی سەخت دەبی و کوڕەکانی دەیبەنە تەورێز. هەموو ڕۆژێ تا مانگێک سەرهەنگێک بە لیباسی شەخسی سەردانی مەجیدخان دەکا و شتی بۆ دەبا. ڕۆژێک کە دەچی حەسەن کوڕی لە لای مەجیدخان دەبێ. پارەی دەدا بە حەسەن و دەڵی ئەتو بچووە بازارێ ئەو شتەی بۆ بابت بکڕە ئەمن ئەوە لێرەم. حەسەن کە دەچتە بازار و دێتەوە تەماشا دەکا بابی لەسەر تەختەک بەربۆتەوە و کەوتووە. لە گیانەڵایەدا بە حەسەن دەڵی، ئەمن دەرزی هەوایان لیداوم و  وەزعم خراپەو دەمرم و وەسیەت دەکا کە تەرمەکەی بەرنە کێوی "دەرمە" لە برایم ئاباد و لە لای فەتاح خانی برایی بینێژن. بەمشێوەیە بە نەمانی مەجیدخان، دەستەڵاتی بچووکی موکورێکان لە مەهاباد و دەوروبەر دا نەما.

هەر لە درێژەی ئەو باسە دا حەسەنی قازی لە سایتی ئینتێرنێتی دا لەسەر مەجیدخان کوڕی حەسەنخان میرموکری دەنووسێ: لە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و لاچوونی ڕەزا شا لە سەر تەختی شایەتی مەجید خان کوڕی حەسەن خان بوو بە حاکمی مياندواو و لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی ئەو و چەند کەسێکی دیکە (لەوانە محەمەد حوسێنی سەیفی قازی) لە لایەن ئیدارەی ئەمنییەی ئازەربایجان، لە کاتێکدا کە هیچ نیشانەیەک لە هێزی نێوەندی لە موکریان و بەشێک لە ئازەربایجان نەمابوو، بە ناچاری دەستەڵاتی پاراستنی هێمنی میاندواو تا ساین قەڵایان پێ ئەسپاردرا.

مەجید خان و فەتاح خانی برای پێوەندییەکی زۆر نزیکیان لە گەڵ بنەماڵەی قازی هەبوو. مەجید خان وەک کوڕی سەیفولقوزات وابوو و دۆستێکی نزیکی حەمەحوسێنی سەیفی قازی بوو. تووران خانم کچی سەیفولقوزات هاوسەری فەتاح خان بوو.

لە هاوینی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی دا لە میاندواو تراژێدییەکی زۆر گەورە قەوما، شەڕی دەستەڵات بووە هۆی ئەوەی برایمە سووری شێخ ئاغایی و فەتاح خانی میر موکری کە دۆستی زۆر نزیکی یەکتری بوون تەقە لە یەک بکەن و یەکدی بکوژن. ئێستاش ئازایەتی فەتاح خان لە شەڕی خۆپاراستن دا لە بیرەوەری خەڵکی موکریان دا ماوەتەوە. کۆنە ساڵان دەگێڕنەوە کاتێک بێ هیچ ئاگاداری پێشوو فەتاح خان هەستی کرد برایمە سوور سێرەی لێگرتووە و خەریکە تەقەی لێبکا، چەندین جار بە سەری دا گوڕاند " کوڕە نەکەی چۆن دۆستی خۆت دەگوژی"؟ بەڵام برایمە سوور تەقەی لێکرد و فەتاح خان لە کاتێکدا گولە پێکابووی، بەو حاڵەوە توانی قاتڵەکەی خۆی بکووژێتەوە.

لە بەر پێوەندی عاتیفی قووڵ لە نێوان مەجید خان و فەتاح خان دا،نەمانی فەتاح خان بڕستی لێبری و ساڵێک دواتر لە ٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە نەخۆشخانەیەک لە تەبریز (تەورێز) سەری نایەوە.

ئارامگەی ئەو دوو برایە لە شوێنێک بە نێوی چاکە ڕووتە لە سەر کێوی دەملە، دێیەک لە دەوروبەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شاریمیاندواو هەڵکەوتووە.

## عەشیرەتی مەنگوڕ

عەشیرەتی مەنگوڕ یەکێک لە هۆزە گەورەکانی مەڵبەندی موکوریانن. هەم لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێن هەم لە بەشی باشوور. سەید مەحەمەدی حەمیدی لە ژمارە ٦٨ ی ڕۆژنامەی کوردستان دا دەنووسێ: "تایفەی مەنگوڕ کە نیزیکەی چوارهەزار خانەوارن لە مەڵبەندی نیوان مەهاباد و سەردەشت نیشتەجێن."

ئیگلتۆن لە باس لەسەر عەشیرەتی مەنگوڕ تەنیا باس لەوە دەکا کە سێهەمین دەستەی بڵباس بوون. ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو"دا دەنووسێ:

عەشیرەتی مەنگوڕ لە پیاوێکی ئازا و بە وەج بە ناوی باپیر ئاغا کە چوار ژنی دەبێ بە ناوەکانی (١ – شەم ٢ – زێڕن ٣ – ئامان ٤ – مروەت) داکەوتون. باپیر ئاغا لەو چوار ژنە بیست و یەک کوڕی هەبووە. هەر بۆیەش چوار باڵی مەنگوڕان بە ناوی ئەو ژنانەوە دیاری کراون. بۆ نمونە بنەماڵەی شەمێ کە بریتین لە ماڵی عەوڵای بایز ئاغا. بنەماڵەی زێڕن بریتین لە ماڵی برایم باپیر ئاغا. بنەماڵەی ئامان بریتین لە ماڵی کاک خدر و کاک حوسێن و بنەماڵەی مروەت بریتین لە ماڵی عەلی خانی قادر مروەت و هەمزە ئاغای مەنگوڕ. جگە لەوەش باپیر ئاغا برایەکی هەبووە بە ناوی خدر. ئەو برایەی چەند کوڕی بووە ئەوانیش وەک بنەماڵەکانی مەنگوڕان خاوەن ڕەچەڵەکی خۆیانن و ناسروان بە بنەماڵەی خدر.

جێی ئاماژەیە زانیاری تۆکمە و بە دۆکومێنت لەسەر گشت عەشایر، بە تایبەتی لە سەر مەنگوڕان کەمە و زۆر چەتوونە پوختەی سەربردەی کەسایەتییەکانی ئەو عەشیرەتە بە شیوەی زانستی ڕەدیفبەندی بکرێ. ئەوجار ڕوون نییە کە ئایا وشەی مەنگوڕ، ناوی تایفە یان مەڵبەندە و ئایا جیا لە ئاغا و خانەکان، هۆزەکانی ڕەشایی و وەرزێڕەکان کە بریتین لە تایفەکانی بابە سووری، ئاڵی سێمانە، گورگەدێیی، برایمە سەنە، زوودی و مەڕنەکەنە ... دەکەونە نیو بازنەیی ئەو عەشیرەتە و یەکەیەکی ئێتنکی عەشیرەیی مەنگوڕ پێک دێنن یان نا؟

یەکێک لە کەسایەتییە گەورەکانی عەشیرەتی مەنگوڕ، هەمزاغای مەنگوڕ (هەمزەیباپیر)ە کە هاوپەیمانی شێخ عوبەیدوڵای نەهری بوو و لە هاوینی ساڵی ١٨٨٠ دا لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدڵا لەشکرێکی پێنج هەزار کەسیان لە دژی دەستەڵاتی پاشایەتی ئێران ڕێکخست و ناوچەکانی مەرگەوەڕ و لاجان و سەردەشت و سابڵاخ و میانداواویان ئازاد کرد.

ئەو سەرکەوتنە کاتیی بوو و بە هۆی ناتەبایی نێو هێزەکانی کورد و هاوکاری دەوڵەتی ئێران و تورک، هێزەکانی شێخ پاشەکشەیان کرد و زوربەیان پەیوەندییان بە دوژمنەوە گرت. هەمزاغاش دوای چەند شەری قارەمانانە شەهید بوو و سەریان بڕی و بە دیاری بۆ فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە "ورمێ" یان نارد.

کەماڵ گەرویسی لە سایتی ئینتیرنێتی دا لە سەر هەمزاغای مەنگوڕ دەنووسێ:

هەمزاغا نەوەی باپیرئاغای مەنگوڕە کە کادەرویشی مەنگوڕان بووە و سەرۆکی فیدراسیۆنی بڵباس بووە. بڵباس لە شەش هۆزی: کابایز، مەنزوور، مامەش، پیران، ڕەمک و سن و قاقا پێک هاتووە. سن و قاقا بە هەر دووکیان هۆزێکیان پێکهێناوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمزئاغا زۆر زەحمەتی کێشا و دائیم لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانی لەژێر گوشار دابوو. هەروەها لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی بۆ ماوەی چەند ساڵان لە ئیستانبووڵ زیندانی کرا. ئەو بە دوای شکستی هێزەکانی شێخ عوبەیدیلا و گەرانەوەیان بەرەو سنورەکانی تورکییە بە فێڵ و تەڵەکی حەسەن عەلیخان (ئەمیر نیزامی گەروس) لە ڕێکەوتی ١٨٨١/٧/٣٠ لە شاری مەهاباد شەهید کرا.

کەماڵ گەرویسی لە سایتی ئینتیرنێتی دا لە سەر هەمزاغای مەنگوڕ دەنووسێ: ... هەمزاغا لە ڕاپەرینی سەربەخۆیی خوازی شیخ عوبەیدیلای نەهری بەشدار دەبێ و دەبێتە سپاسالاری ئەم ڕاپەڕینە. هەمزاغا دەسەڵاتی عەجەم لە موکریان ڕاودەنێ و تا بناو و مەڵکەندی دەڕوات و ئەگەر خەیانەتی هێندێک هۆزی کورد نەبوایە بەتەمای گرتنی تەورێزیش بوو..

ڕەحمان قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا بە وردی باسی کەسایەتی هەمزاغا دەکا و دەنووسێ:

وەک من بزانم هەمزە ئاغا بچوکترین کوڕی باپیر ئاغا بووە کە دەوڵەتی قاجار وەک بارمتە هەمزە ئاغا دەست بە سەر دەکا و دەیبەن بۆ تەورێز. دوای هەوڵ دان و پارەدانێکی زۆر هەمزە ئاغا لە دەوڵەت دەکڕنەوە و دەیهێننەوە بۆ ناوچەی خۆیان. لە ساڵی ١١٩٧ی هەتاوی (١٨١٨ی زایینی) کە عەشیرەتی مەنگوڕ زۆر بەهێز دەبن و تەمای سەر بزێوی و نەدانی باج و سەرانەیان دەبێ لە لایەن دەوڵەتی قاجارەوە پلانیان بۆ دادەڕێژرێ کە لە ناویان بەرن. هەر بۆیە حاکمی مەراغە دەبێتە سەرپەرشتی جێ بە جێ کردنی ئەو پلانە. ئاغایانی مەنگوڕ بانگهێشتی مەراغە دەکەن. کۆی گشتی مەنگوڕەکان کە دەچن بۆ مەراغە نزیک بە حەوسەد کەس دەبن. دوای نانی ئێوارە بە سەر ماڵەکان دا دابەشیان دەکەن و پێشتریش بە خاوەن ماڵەکانیان ڕاگەیاندووە کە هەر کەس دەبێ میوانی خۆی بکوژێ. لەو حەوسەد کەسە تەنیا یەک کەس ڕزگاری دەبێ و دێتەوە بۆ مەهاباد و هەواڵی ئەو کارەساتە دێنێتەوە بۆ بنەماڵەکانیان. ئەو کەسە زۆر بە زەحمەت خۆ دەگەیێنێتەوە و هەواڵەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو پیاوە بڕیار دەدا تۆڵەی ئەو کارەساتە لە عەجەمان بستێنێتەوە. هەر بۆیە هەمو ئەو کوڕە مێرمناڵانەی مەنگوڕان کە ئێستا پێ نەگەیشتبون کۆ دەکاتەوە و دەست دەکا بە ڕاهێنان و فێر کردنی سوار چاکی و تفەنگچێتی و شەڕ کردن. زۆر باشیان پێ ڕادەگا و هەمویان بۆ ڕۆژی تۆڵە ئامادە دەکا. وردە وردە کوڕەکان گەورە دەبن و بە تەواویش ڕادێن. ڕۆژێک دەیهەوێ بە تاقیان بکاتەوە. هەر بۆیە لە ئاوایی ترکەش کۆیان دەکاتەوە و بە دزی دەنێرێتە لای شوانی ترکەش و دەڵێ بێتە سەر شاخی بەرامبەر ماڵان و هاوار بکا کە چەتە لێی داوم و مەڕەکیان هەمو برد. لە بنەوە چاویان لێ دەکا تا کو بۆی دەرکەوێ ئایا بە تەواوی ڕاهاتون یا نا. دەبینێ ئێستا ماویانە و دەستەپاچە بون و ناتوانن گورج و خێرا ئەسپان زین کەن و سوار بن. هەر بۆیە بەردەوام دەبێ لە ڕاهێنانیان. دوای دو ساڵی تر دیسان تاقیان دەکاتەوە و ئەوجار دەبینێ زۆر خێرا و گورجانە خۆ داوێنە پشتی ئەسپ و تفەنگ بە دەستەوە دەگرن و یەک و دو خۆ دەگەیێننە شوانەکە. بانگیان دەکا و پێیان دەڵێ کەس گاڕان و مەڕی نەبردووە. بە تاقیم کردنەوە. ئەوجار وەرن با بە سەر هاتی باوکتان بۆ بگێڕمەوە. کاتێک هەمویان بۆ دەگێڕێتەوە داوایان لێ دەکا مەردانە خۆ ئامادە بکەن و تۆڵەی ئەو کارەساتە بستێننەوە. هەمزە ئاغا کە لە نێو ئەو کوڕانە دا زۆر لێ هاتو دەبێ وەک سەرۆک هەڵی دەبژێرن و دەیکەن بە مەزنی خۆیان. لەو کاتەوە هەمزە ئاغا دەست دەکا بە نافەرمانی دەوڵەت و ئیزن نادا فەرمانبەری دەوڵەت بڕۆنە نێو مەنگوڕان. خۆ لە دانی باج و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەراج دەپارێزێ و بە هەر شێوەیەک بۆی دەست بدا کاروباری حکومەت لەو ناوچەیە پەک دەخا.

هەروەک هەمیشە دەوڵەت بۆ لە ناو بردنی کەسانی سەرکێش و نافەرمان هەوڵ دەدا لە ڕێگەی ناپیاوانە و بە فێڵ و تەڵەکە کاری خۆی بکا. هەر بۆیە حاکمی مەهاباد بە ناوی ئەمیر نیزام گەڕوسی بانگهێشتی هەمزە ئاغا دەکا و دەڵێ بۆ هێندێک وتووێژ بێتە بینای حکومەت. هەمزە ئاغا لەگەڵ چوار کەس لە خزمەکانی دێتە شار و دەچێتە بینای حکومەت. کاتێک دەچێتە ژور دەبینێ هیچ کەس لەوێ نییە. دادەنیشێ و دەست دەکا بە کێشانی سەبیلە. ئەفسەرێک کە ناوی یاوەرە ڕەش بووە دێتە ژور. لە سەر سینییەک زنجیری پێ دەبێ. ڕو دەکاتە هەمزە ئاغا و دەڵێ حاکم ئەوەی بۆ ناردوی. ماچی بکە و لە ئەستۆ و دەستی خۆتی بکە و لەگەڵ من وەرە دەنا دەکوژرێی. هەمزە ئاغا هەڵدەکێشیتە خەنجەر و هەر لەوێ یاوەرە ڕەش دەکوژێ. کاتێک دێتە حەوشەی بیناکە دەبینێ دەرگای لێ داخراوە. بە پاڵ پێوە نان دەرگاکە دەکاتەوە و دێتە کۆڵان. کاتێک دەبینێ خزمەکانی لەوێ چاوەڕوانن پێیان دەڵێ: نەڵێن هەمزە ترساوە، یاوەرە ڕەشم کوشتووە و سوتوی سەبیلەم نەڕژاوە. بەو جۆرە پیلانی حکومەت سەر ناگرێ و هەمزە ئاغا دەگەڕێتەوە نێو مەنگوڕان. لەوێ هەموو خزم و کەس وەکۆ دەکا و پێیان دەڵێ جگە لە شەڕ هیچ ڕێگەی دیکەمان نییە و دەبێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. دوای ماوەیەک دەوڵەت حەوسەد سواری قەرەپەپاغ دەنێرێتە سەر هەمزە ئاغا کە سەرکوتی بکەن و هەمویان بکوژن. پیاوەکانی هەمزە ئاغا هەواڵی بۆ دەبەن کە ئەوە لە مێرگی مەولەوی نزیک مەهاباد چادر و چیغیان لێ داوە و خۆ ئامادە دەکەن هێرش بکەنە سەرمان. هەر ئەو شەوی هەمزە ئاغا و داروەدەستەی دێنە کێوەکانی بەیتاس و خۆ حەشار دەدەن تا کات بگاتە نیوە شەو. لە نیوە شەو دا هەمزە ئاغا دەڵێ هەموتان دمی ئەسپەکانتان ببەستن بۆ ئەوەی نەحیلێنن و قەرەپەپاغ وەخەبەر نەیەن. بەو جۆرە خۆیان لێ نزیک دەکەنەوە و بێ دەنگ دەڕۆنە نێو چادرەکان. هەمو ئەو حەوسەد قەرەپەپاغە دەکوژن. دوای ئەو قەتڵ و عامە ڕادەوەستن تا بەیان دا دێت و وڵات ڕوناک دەبێ. ئەو جار دەڵێ هەر چی پێیانە وەک تفەنگ و فیشەک و ئەسپ و بارخانە و چادر و ... وەک دەسکەوتی شەڕ لە نێو خۆتان دا دابەشی بکەن و کڵاوی قەرەپەپاغەکانیش سەراوبن بخەنە نێو چۆمی مەهاباد. (قەرەپەپاغ عێلێکی سەر بە دەوڵەت بون کە لە نێوان شارەکانی ورمێ و نەغەدە دا دەژین. کڵاوێکی ڕەش لە سەر دەکەن کە لە خوری دروست کراوە و پێی دەڵێن پەپاغ). بەیانی کاتێک ئەمیر نیزام لە پەنجەرە ڕا چاو لە چۆمی دەکا دەبینێ شتی ڕەش ڕەش بە سەر ئاو دا دێن. پیاوێک دەنیرێ و دەیانگرێتەوە. دەبینێ کڵاوی خوێناوی قەرەپەپاغەکانە. کاتێک وە دوای پێ و شوێنیان دەکەوێ تەرمەکانیان دەبیننەوە و دەزانن هەمزە ئاغا تۆڵەی خۆیانی ئەستاندۆتەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا ناوی ئەو مێرگە بۆتە مێرگی قەرەپەپاغان.

دیارە هەمزە ئاغا بەسەرهاتی زۆرە و لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵا دا بەشداری کردووە و دەستی بە سەر شارەکانی میاندواو و بناو دا گرتووە. ئەو شۆڕشەساڵی ١٢٥٨ی هەتاوی (١٨٧٧ی زایینی) ڕوی داوە.

فەتاحی قازی، لە پرسەی خدری عەبدوڵای فەتاحی(کاک خدری میشەدێ) کە یەکێک لە ئەندامانی بە وەجی حیزبی دێموکرات بوو و لە سەرووی ڕێبەری حیزب ڕێزی زۆری لێدەگیرا و بە چەند پشت دەگاتە هەمزاغای مەنگور، دەڵێ کە هەمزاغای مەنگوڕ کوڕی باپیرئاغای دووهەمە کە ئەویش کوڕی باپیرئاغای یەکەمە. باپیر ئاغا پیاوێکی ڕەشید و ئازا بوو لەگەڵ موکرییەکان کێشەی هەبوو و پێخۆش بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حوکمی مەهاباد بۆ ئەو بێ. باپیرئاغا جارجار بە ٢٠٠ تا ٣٠٠ کەس لە سوارەکانی دەهات بۆ مەهاباد و نمایشی دەدا و خۆی بە خاوەن بەش دەزانی و دەیهەویست ئەویش لە حوکمی مەهاباد دا بەشدار بێ. عەوڵاخانی موکری حاکمی مەهاباد، ئەو کارانەی باپیرئاغای پێناخۆش بوو بەڵام دەستەڵاتی نەبوو تا بە گژی دابچی و لە بەینی بەرێ. بۆیە پەنای بۆ ناسرەدین شا برد و ئەویش بەڵێنی هاوکاری پیدا. لە زەمانی ئەمیر نیزامی گەڕووسی (حەسەنخان خەڵکی گەرووس و کورد بوو و لە زەمانی قاجارەکان دا بە پلەی سەروی دەرباری و دەستەڵات گەیشت بوو) کە حاکمی مەهاباد بوو، ئەحمەدی موقەدەمی مەراغەیی، حاکمی مەراغە بوو. بابی ئەحمەد کە چەتە بوو و دز و ڕێگری بە کرێ دەگرت و شار و دێهاتی دەوروبەری تاڵان دەکرد، بە هۆی بابی نەجەفقوڵیخانی دوونبەلی(حاکمی تەورێز) کوژرا بوو. بۆیە حاکمی تەورێز و مەراغە نیوانیان خۆش نەبوو. ناسرەدین شا بانگی ئەحمەدی موقەدەمی مەراغەیی دەکا و دەڵێ دەبێ باپیرئاغای لە بەین بەرێ. ئەحمەد ڕادەسپێرێتە باپیر ئاغا و دەڵێ ئەمن لەگەڵ نەجەفقوڵیخانی دوونبەلی حاکمی تەوریز باب کوشتەگیم هەیە و وەرە هێرشی دەکەینە سەری و تەورێز دەگرین و دەیکوژین و ئەوەی هەیبوو پێکەوە بەشی دەکەین. باپیر ئاغا دەچتە مەراغە و ئەحمەدی موقەدەمی مەراغەیی میوانداریان لیدەکا و سوارەکانی مەنگوڕ یەک یەک و دوو دوو بەسەر ماڵان دا دابەش دەکا. لە نیوە شەو دا شەیپوور لێدەدرێ و هەرکەس میوانی خۆی دەکوژێ.

هەر لەسەر چۆنییەتی کوژرانی هەمزە ئاغا ڕەحمانی قازی دەنووسێ:

دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵا هەمزە ئاغا دەگەڕێتەوە مەنگوڕایەتی و بۆ ماوەی سێ ساڵ بێ کێشە و گرفت لە ماڵی خۆی دادەنیشێ. بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەت وا سووک و هاسان لە کۆڵی نابنەوە و بۆ لە ناو بردنی پلان دادەڕێژن. ئەمیر نیزامی گەڕوسی، میرزا قاسم قازی کە پیاوێکی ئایینی و قازی مەهاباد بووە و تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکی ناوچە زۆر بووە دەنێرێ بە دوای هەمزە ئاغا دا و سوێندی بۆ دەخوا گەر هەمزە ئاغا بێ و وتوویژ بکەین ئێمە باج لە سەر مەنگوڕایەتی هەڵدەگرین و هەروەها بەڵێنی پێ دەدەین سەرۆکایەتی ناوچەیەکی پێ دەسپێرین. قازی قاسم دەچێ و هەمزە ئاغا زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ دەکا. قازی قاسم دەڵێ منیان ناردووە پێت بڵێم وەرە مەهاباد و ئەمیر نیزام سوێندی خواردووە کە کاریان پێت نییە و چاکەت لەگەڵ دەکەن. بەڵام گەر لە من دەپرسی نە بڕوا بە سوێندی ئەمیر نیزام بکە و نە ئەو پلە و پۆست و چاکەیەت بوێ. بە بڕوای من جێی متمانە نین. ئێستاش من دەگەڕێمەوە مەهاباد و بە ئەمیر نیزام دەڵێم هەمزە ئاغا بڕوای پێ نەکردوم و بە قسەی نەکردم. قازی قاسم دەگەڕێتەوە لای ئەمیر نیزام و دەڵێ هەمزە ئاغا بڕوای پێ نەکردم و دەڵێ متمانەم بە حکومەت نییە. بە بڕوای من وازی لێ بهێنن و لێی گەڕێن لە ناوچەی خۆی دا بژی و کارتان پێی نەبێ. بەڵام ئەمیر نیزام دەست هەڵناگرێ و ئەفسەرێک بە ناوی ئیسماعیل بیگلەربەگی دەنێرێتە لای هەمزە ئاغا. ئەو ئەفسەرە چۆلەکەیەکی زیندو لە باخەڵی دەنێ و قورئانێک بە دەستەوە دەگرێ و دەچێ بۆ لای هەمزە ئاغا. دوای وتووێژێکی زۆر ئیسماعیل دەست لە سەر سینگی دادەنێ کە چۆلەکەکە لەوێ دابووە و سوێند بە قورئان دەخوا کە تا ئەو ڕوحە لە بەر ئەو لەشە دا بێ دەوڵەتی ئێران کاری بە تۆ نابێ. دیارە ئیسماعیل مەبەستی ڕوحی چۆلەکەکە دەبێ بەڵام هەمزە ئاغا نازانێ کە چۆلەکە لە باخەڵی ئیسماعیل دایە. بەو کارە هەمزە ئاغا بڕوای پێ دەکا و بەڵێنی پێ دەدا. ڕۆژی دوشەممە دێتە مەهاباد و لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمیز نیزام دادەنیشێ. دوای ئەوە ئیسماعیل پشتی قورئانەکە بۆ هەمزە ئاغا واژۆ دەکا و دێتەوە مەهاباد. لە ڕێگا دا چۆلەکە لە باخەڵی دەردەهێنێ و سەری هەڵدەقەنێ و بەو جۆرە بە کوژرانی هەمزە ئاغاش سوێندەکەی ناشکێ. ئەمیر نیزام ڕادەسپێرێ لە داوێنی کێوی عەلیاباد کە ئێستا سەربازخانەی مەهابادە دوازدە چادر هەڵبدەن. یەکیان لە ناوەڕاست و ئەوانی تر لە دەوری ئەو. ئەوەی ناوەڕاست دەڕازێننەوە و ئامادەی دەکەن بۆ دانیشتن. لە چادرەکانی تر چەکدار حەشار دەدەن و پێیان دەسپێرێ کاتێک من لە چادر هاتمە دەر لە هەر چوار لاوە چادرەکە وە بەر دەسترێژ بدەن.

کاتێک هەمزە ئاغا بەرەو شار وەڕێ دەکەوێ توشی پیرێژنێکی سەر سپی دەبێ. پێرێژن دەپرسێ سمێڵ سور بۆ کوێ دەچی؟ دەڵێ دەچمە شار و حاکم بانگهێشتی کردوم. پیرێژن دەڵێ مەچۆ دەتکوژن. بەڵام هەمزە ئاغا بە قسەی ناکا و دێتە شار. هەمزە ئاغا لەگەڵ سێ کەس لە خزمەکانی دەگاتە عەلی ئاباد و لەوێ پێشوازی لێ دەکەن و دەیبەن بۆ نێو چادری دیاری کراو. دوای چاک و خۆشی لەگەڵ ئەمیر نیزام و دو کەس لە ئەفسەرەکان ئەمیر نیزام بە بیانویەک دێتە دەر و فەرمانی تەقە دەدا. لە هەر چوار لاوە چادرەکە بەر دەسترێژ دەدەن و هەمزە ئاغا و سێ خزمەکەی دەکوژرێن. ئەمیر نیزام سەری هەمزە ئاغا دەبڕێ و بە دیاری دەینێرێ بۆ تاران. ئەو کارەساتە ساڵی ١٢٦١ی هەتاوی (١٨٨٢ی زایینی) ڕوی داوە.

بە هۆی گرینگی ڕووداوەکانی سەردەمی هەمزاغای مەنگوڕ، لێرەدا هەوڵ دەدری ئەو قۆناغە زیاتر بخرێتە باس.

## هەمزاغا

حەسەنعەلی خان ئەمیر نیزامی گەڕووسی لە سەردەمی ناسرەدین شا دا مەئمووری دامرکاندنی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدولا و هەمزاغا مەنگوڕ لە ساڵی ١٢٩٧ تا ١٢٩٨ بوو و لە ١٤٦ نامە بۆ دەرباری شادا، بە وردی ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئەو سەردەم دەکا. بە هۆی گرینگی و بەربڵاوی ئەو نامانە و ئەو بابەتانەی کە لە پەراوێزەکەی دا نووسراوە، بە پێویست زانرا کە لێرەدا درێژدادڕی بکرێ و گشت بوارەکانی شەڕ و کێشە کۆمەڵایەتیەکان و هەڵسوکەوتی عەشایر و وەزعییەتی خەڵک و بواری ئابووری ئەو سەردەم، بخرێتە بەر باس.

لە لاپەڕەی ٥٤٩ پەراوێزی کتیبی نامەکانی ئەمیر نیزامی گەرووسی دا، یاداشتەکانی میرزا حەسەنی مونشی هاتووە کە لە ساڵی ١٢٩٤ لە نێوان ڕووس و عوسمانی شەڕ دەستی پێکرد. لەژێر ناوی پشتیوانی لە دەوڵەتی عوسمانی شێخ وەک سەرۆکی کوردان، لە شەڕی بایزید دا بەشدار بوو و دوایە لە ناوچەکانی ژێر دەستی عوسمانی دا مەیدان داری کرد و هێندیک چەکی بەدەستهێنا و بە خەیاڵی خاوی خۆی، ویستی کوردانی عوسمانی و ئێرانی پێکەوە ڕێک بخا و بیانهێنێتە ژێر ئەمری خۆی.

لە لاپەڕەی ٥٣٤ ی ئەو سەرچاوەدا، عەبباس میرزا مەلک دەنووسێ کە شێخ عوبەیدولا داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد کە چەکی بدەنێ تا خۆبەخشانە بچتە شەڕی ڕووسان. ئەوان چوونە شەر و دەستکەوتی زۆریان هیناوە و چەکی مارتینی زۆریان دەستکەوت. ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە شێخ لە خۆبایی و غەڕە بێ.

شیخ عوبەیدولا کوڕی شیخ تەهای شەمزینانە کە هەردوکیان لە شێخانی گەورەی نەقشبەندی بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

محەمەممەد شای قاجار، زۆری ڕێز بۆ شێخ تەها هەبوو وماڵیاتی لیوەرنەدەگرت و٥ گووندی ناوچەی مەرگەوەڕی دابۆیە تا خەرجی خانەقاکانی بکا. هۆی ئەو ڕیزگرتنە ڕەنگە بە هۆی ئەوە بوو بێ کە یەکێک لە ژنەکانی کە دایکی عەباس میرزا بوو، میریدی شێخ بوو. بەڵام لە نیوەی دووهەمی سەردەمی پاشایەتی ناسرەدین شا دا، ئەحمەدخانی مونشی باشی، نوێنەری وەلیعاد لە تەورێز، ماڵیاتی  خستە سەر ئەو گووندانەی کە موقوفەی خانەقای نەهری بوون. مرید و ڕەعییەتەکانی شیخ عوبیدولا ڕاپەڕین و شێخ هەوڵ دا لە ڕووس و ئینگلیس چەک وەرگرێ و ئامادەی شەڕ بێ.

عەبباس میرزا دەنووسێ کە حاکمانی ئێران قەت دەست لە کاری پست و تەماع کارانە هەڵناگرن. نە دەزانن هەل چییە و نە لە هیچ شتێک ئاگادارن و بۆ پەیدا کردنی پارە، هەموو پرنسیپێک وەلا دەنێن و خوێڕێتی دەکەن. بە تایبەتی مزەفەرەدین میرزای وەلیعاد کە دەڵێی تازە لە لەلە و تایەن بۆتەوە. شێوەی پاشایەتی و حکومەتداری نازانێ و بەردەوام لەگەڵ نۆکەرە جعێڵەکانی خەریکی قومار و سوارکاری و ڕاوە. بۆ ئەوی هەروا سەربەست و بەرەڵا بێ، وەزیری لە دەربار قبووڵ نەکرد و میرزا ئەحمەد ناوێک کە مونشی خۆی بوو، بە ناوی موشیرولسەلتەنە کردە پێشکاری خۆی. ناوبراو بە خاتری تەماعی خۆی، زەختی زۆری بۆ سەر خەڵکی ئازەربایجان، بە تایبەت بۆ سەر موقوفەکانی شێخ عوبەیدولا و ئاغایانی موکری هێنا.

عەبباس میرزا باسی ئەوە دەکا کە "لوتفعەلی میرزا" کە بە "ئاغا شازادە" بەناوبانگ بوو، کرا بە حاکمی ساوجبلاغ کە هیچ قابلییەتی نەبوو. ئەو، فیزولابەگ ناوێکی دەوڵەمەندی گرت و ٥٠٠ تەمەنی لێ ئەستاند. ئەو کابرایە پێشتر لە سەردەمی ساحەبدیوانیش دا کە پێش موشیرودەولە بوو، زیندانی کرا و ٤٠٠٠ تەمەنیان لێ ئەستاند بوو. دوای ئەویش، لوتفعەلی میرزا(ئاغا شازادە) میناغا ناوێک کە کوڕی قادراغای موکری بوو گرت و ٥٠٠ تمەن جەریمە کرد. خەڵکی موکوریان بەو وەزعە تەواو نیگەران بوون. یەک لەوان هەمزاغا بوو کە سەرۆک عەشیرەتێکی مەزن و لە پیاوە ئازاکانی زەمان، بوو. ئەو کەسایەتێکی ئازای شەڕکەری سەربزێوی نەترس بوو. زۆرجار بریندار ببوو و زیندانی کرا بوو و  چەند ساڵ لەوی پێش ویستیان بیگرن هەڵات بۆ وڵاتی عوسمانی و لەوێ لەسەر داوای حکومەتی ئێران چەند ساڵ لە ئیستامبوڵ گیرا. دوایە لە زیندان هەڵات و گەڕاوە بۆ ئێران و دەستی لە کاری خراپ هەڵگرت و بوو بە خزمەتکاری دەوڵەت و دوای جەریمەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و گەڕاوە بۆ گووندەکانی خۆی. لەو نێوەدا لوتفعەلی میرزا (ئاغا شازادە) کە هەمووکات هەمزاغای لەژێر چاوەدێری دابوو، بۆ میرزا ئەحمەد لە تەورێزێ نووسی کە هەمزاغا خەتابارە و داوای کرد کە جەریمە بکرێ. لە تەورێزێ ڕا وڵام دراوە کە بیگرێ و زنجیری بکەن و جەریمەی لێ بستینن. بەڵام گرتنی هەمزاغا کاری کوڕی تەهماسب میرزا نەبوو. ئەو هیچ و پووچە، بێ هیچ چەشنە کارسازێک بانگی هەمزاغا کرد. هەمزاغا کە هیچی لە خۆ دا شک نەدەبرد زۆر ئاسایی چووە داروحکومەی سابڵاغ. ئاغا شازادە پێی دەڵێ دەبێ ئەتۆ زیندانی بکەم و بۆ وەلیعاد هیندێک پارەت لێ بستێنم. هەرچی هەمزاغا گوتی خەتای من چییە؟ وەڵام هەر ئەوە بوو کە ئەوە فەرمایشی وەلیعادە. زنجیریان هێنا کە لە ملی هەمزاغای بکەن و پێیان گوت ئەوەڵ زنجیرەکەی ماچ کە و دوایە لە ملی خۆتی کە. هەمزاغا خێرا خەنجەری لە کالانێ دەرێنا و گوڕاندی و سەربازەکان هەڵاتن و شازادەش خۆی لە دیوی ژنان هاویشت. هەمزاغا چەند کەسی بریندار کرد و خۆی گەیاندە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەسپەکەی و لەگەڵ هاوڕێکانی دەرباز بوو.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٣٢ کتێبی نامەکانی دا باسی زوڵم و خەتای حاکم (شازادەی حوکمڕان) لە سابڵاغ دەکا و دەڵێ غەیری زوڵم و زۆری، چاکە و میهرەبانی لەگەڵ کەس نەکرد. هەمزاغا کە لەسەرەتا دا ئامادە بە خزمەت بوو ویستی بیگرێ بەڵام ئەو دەستی نەدا و برازایەک و نۆکەریکی کوژرا و ئەویش یەکێک لە نیزیکانی حاکمی کوشت و خۆ دەرباز کرد، لەگەڵ شیخ عەبدولقادر کەوت و ئەو هەڵایە ساز بوو.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دا دەنووسێ کە لە سەرەتای ساڵی ١٢٩٧ شازادە لوتفیعەلیخان بوو بە حاکمی سابڵاغ و دەستی بە ئازاری خەڵک و ئەستاندنی باج کرد. ئەو هەمزاغای مەنگوڕی خستە ژێر چاوەدێری و هەمزاغا حەقی نەبوو بێ ئیزنی ئەو بچێ بۆ هیچ شوێنێک. ڕۆژێک هەمزاغا داوا لە حاکم دەکا کە ئیزنی بدا تا سەر لە موڵک و ماڵی بدا. حاکم ئیزنی نادا و ئەو بێ پرسی حاکم دەڕوا. حاکم بە فەوری تەورێز ئاگادار دەکا کە هەمزاغا یاغی بووە و چاوەڕوانی فەرمان دەکا. دوای چەند ڕۆژ وەلیعاد کە ئەوکات مزەفەردینشا بووە، فەرمان دەکا کە هەمزاغا بگرن و بینێرن بۆ تەورێز.

هەمزاغا کەڵە پیاوێکی گەورە بوو و پێشتر لە دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی و لە هێندێک لە عەشیرەتەکان کەڵەگایەتی دەکرد و ساڵها لە زیندانی دەوڵەتی عوسمانی دەستبەسەر بوو. بۆیە گرتنی ئەو هەروا هاسان نەبوو.

حاکم بڕیاری گرتنی هەمزاغا دا و دەنێرێ بە دوای دا. هەمزاغا بێ ئەوەی ئاگاداری هێچ پلانێک بێ، لەگەڵ ئەحمەدی برازای و سوڵتانی قەنەچی و سێ چەکدار دەچتە بارەگای حکومەت. دوو کەس لە چەکدارەکان لە دەرەوە دەمێننەوە و هەمزاغا بە ٣ کەسەوە دەچتە ژووروە. میرزا تەقی خانی مونشی، حاکم لە هاتنی هەمزاغا ئاگادار دەکا. شازادە بە فەوری فەرمانی گرتنی هەمزاغا دەدا.

هەمزاغا لە ژووری خوارەوە چاوەڕوان بوو کە ئیزنی بدەن بچتە لای حاکم. تەماشا دەکا باب نۆکەری (فەڕاشباشی) حاکم لەگەڵ نۆکەرێکی دیکە، زنجیر بە دەست لە پلیکانان دێنە خوارێ. باب نۆکەر بە هەمزاغا دەڵێ، حەزرەتی حاکم فەرموویەتی، ئەو زنجیرە ماچ کا و لەملی کا. هەمزاغا خەنجەرەکەی هەڵدەکێشی و لە ژوورەکە وەدەر دەکەوێ. لە حەسارێ سەرباز پێشی پێدەگرن و شەڕ دەست پێدەکا. هەمزاغا شەڕ دەکا و دوو سەرباز و برازا و قەنەکێشی هەمزا دەکوژرێن.

هەمزاغا دەرباز دەبێ و حاکمی سابڵاغ داوای یارمەتی لە تەورێز دەکا و محەممەد حوسێنخان و محەممەد سادقخانی موقەدەم و ڕەحیمخانی چلبیانلوو بە هێزێکی گەورە خۆ دەگەیەنە سابڵاغ.

لە لایەکی دیکە کاتێک شێخ عوبەیدولا ئاگاداری ڕووداوی هەمزاغا دەبێ، داوای لێدەکا کە لەگەڵی کەوێ. هەمزاغاش بە هێزی مەنگوڕانەوە تێکەڵ بە هێزەکانی شێخ دەبێ.

لە لاپەڕەی ٥٤٤ پەراوێزی کتێبی ئەمیر نیزام دا، نووسراوەی میرزا عەلی ئەکبەر بە نەقڵ لە میرزا عەلی ئەسغەری کوڕی کە تێلگرافچی شاری گەڕووس بوو، هاتووە کە دەڵێ هەمزاغا عەڕەبی و فارسی و تورکی عوسمانی و کوردی باش دەزانی. ناوبراو دەنووسێ کە لوتفعەلی خان بە فێڵ چەند ڕۆژ هەمزاغای گل دابووە. لە ڕۆژی ١٢ مانگی ڕەمەزان هەمزاغا لەگەڵ چەند کەسان لە ماڵە فەڕاشباسێ خەریکی قوماری پەڕان بوون. حاکم ناردی بە دوای فەڕاشباشی و دوای یەک ساعەت بە زنجیرێک گەڕاوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و به هەمزاغای گوت ئەو زنجیرەم بۆ تۆ هێناوە. هەمزاغا گوتی ئەتۆ ئەو پیاوە نیی و خەنجەری هەڵکێشا. فەڕاشباسی هەڵات. هەمزاغا لە ژووری هاتە دەرێ و بەرەو دەرەوەی حەسارێ وەڕێکەوت. شازادە لە ژووری تالارێ ڕا تەقەی لێکرد و یەکێک لە پیاوەکانی هەمزاغای بریندار کرد. کێشکی حەسارێ دەرکەیان داخست. هەمزاغا بە خەنجەر سەربازێکی کوشت و دەرکەی شکاند و خۆی دەرباز کرد و سوار بوو و هەڵات و تا گەیشتە لای شێخ عوبەیدولا لە هیچ کوێ ڕانەوەستا.

لە پەیوەندی لەگەڵ شێخەکانی شەمزینان، مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسێ، کە شێخ تەها بابی شیخ عوبیدلا، کچی خۆی یان ئی شێخ عوبەیدولای پێشکێشی شای ئێران کرد. جیا لەو پێنج گوندە کە شا دابوویەی، شێخ لە دانی ماڵیاتیش بێبەری بوو و حەقیشی هەبوو تا پێنج سەد تەمەن ماڵیات وەرگرێ. بەمشێوەیە محەممەد شا دەیهەویست لە بەرانبەر بە دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا، پیگەیەک لە ناو کوردان دا دامەزرێنێ. ئەو سیاسەتە سەرکەوتوو نەبوو. کچ یان خوشکی شێخ، کوریکی بوو بە ناوی عەبباس میرزا. لە کاتی دەستەڵاتداری ئەمیر کەبیردا، مەهد عولیا دایکی ناسرەدینشا هەمووکات لە دژی عەبباس میرزا و ئەمیر کەبیر، فیتنەی دەگێڕا و دەیگوت کە ئەمیر دەیهەوی ناسر لەسەر دەستەڵات لابا و عەبباس دابنێ. بۆیە عەبباس میرزا دوور خراوە و بوو بە حاکمی قوم.

بە دوای مردنی شێخ تەها دا ئەو پێنج ئاواییە هەروا لە دەستی شیخ عوبەیدوڵا دا ماوە. کاتێک محەممەد شا مرد، دایکی ناسرەدین شا، کوڕەکەی هان دا تا ماڵیات بەسەر شێخ عوبەیدولا دا بسەپێنێ. شێخ کە دوو ساڵ پێشتر لە شەڕی رووس و عوسمانی دا بەشداری کرد بوو، لە دانی ماڵیات خۆی بوارد. دەوڵەتی عوسمانی نێوبژیوانی کرد و حاکمی ئەرزڕۆمی نارده ئێران، بەڵام فایدەی نەبوو و دوایە شێخ بە هاندانی ئینگلیس و عوسمانی هیرشی کردە سەر ئێران.

بۆ هێرش بۆ سەر ئێران، هێندێک باسی هۆکاری دیکەش دەکەن، وەک ئەوە کە کچ یان خوشکی شێخ لەگەڵ کوڕەکەی، لە شای ئێران نارەحەت بوون. کێشەی سونی و شیعە لەوپەڕی خۆی دا بوو و هەروەها هەڵای هەمزاغا لە سابڵاغ ڕووی دابوو.

لە لاپەڕەی ٥٤٤ کتێبی نامەکانی ئەمیر نیزام دا میرزا عەلی ئەکبەر بە نەقڵ لە میرزا عەلی ئەسغەری کوڕی دەنووسێ، کە شێخ عوبەیدولا لە قەڵای سەختی نۆچە لە سنووری ئێران و عوسمانی دەژیا. دوای ئەوە هەمزاغا هەڵات و چوو بۆ لای شێخ، ئەو خۆشحاڵ بوو چاوڕوانی هەلێکی ئەوتۆ دەکرد. پەیامی بۆ مریدان و خەڵکی دەوروبەر نارد کە لە نۆچە کۆببنەوە. نیزیک بە ٢٠ هەزار سوار و پیادە کۆ بوونەوە و شێخ پێیگوتن کە شەوی ڕابردوو خەونی بە حەزرەتی محەممەد و بابییەوە دیوە و پێغەمبەر بە بابی گوتووە کە بە عوبەیدولا بڵێ، ڕاپەڕێ.

خەڵک ڕازی بە ڕاپەڕین نەبوون و شێخ عوبەیدولا لێیان دەپرسێ کە ئایا ئێوە باوەڕتان بە بابم هەیە؟

ئەوان گوتیان بەڵێ. شێخ گوتی کەوایە ڕۆژی جومعە واتا ٤ ڕۆژی دیکە بچنە سەر قەبەری بابم و لەسەر ڕاپەڕین پرسیاری لێبکەن بزانن دەڵێ چی. لەو ماوەدا شێخ لە نیوان ماڵە خۆی و قەبری بابی بە بن عەرزی دا ڕەهەندێکی لێدا. لە ڕۆژی جومعەدا خەڵک کۆبوونەوە و شێخ گوتی بچەنە سەر قەبری بابم و پرسی پێبکەن و وەرنەوە وڵامەکەم بۆ بێننەوە. خەڵک چوونە سەر قەبری شێخ تەها و شێخ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەوبەیدولا بە ڕەهەندەکە دا چووە ژێر قەبری بابی. خەڵک بە دەنگی بڵیند هاواریان کرد کە کوڕە خۆشەویستەکەت شتیکی ئاوا دەڵێ، ئایا ڕاستە؟ ئایا ئێمە دەبێ ڕاپەڕین. لە ژێر ڕەهەندەکەوە شێخ عوبەیدولا گوتی: ئەوەی کوڕی من بە ئێوەی ئەمر کردوە ڕاست و بێ عەیبە و دەبێ فەرمانبەرداری بن و بە قسەی بکەن.

دوای ساعەتێک خەڵک گەڕانەوە بۆ لای شێخ و دەستیان ماچ کرد و بەیعەتیان پێوە کرد و بۆ بەیانی هێرشیان کرد.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دا دەنووسێ هێزەکانی شێخ بە چەکی ئینگلیسی تەیار بوون و لە دوو لەشکر دا ڕێکخران. قۆڵێک بە فەرماندەری شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ کە ئەوکات ٢٣ ساڵ بوو و بە جیگری هەمزاغا، بە ڕێگای سلدوز، سابلاغ بەرەو میاندواو وەڕێکەوتن و دەستەیەکی دیکەش بە فەرماندری شێخ، ڕێگای ورمێیان گرتەبەر.

هێشتا شیخ از مەرگەوڕ و تەرگەوڕ وەڕێنەکەوتبوو کە بیوکخانی قەرەپەپاغ و محەممەدئاغای مامەش بە پەلە خۆیان گەیاندە سابلاغ و بە حاکم (شازادە لوتفعەلیخان) پێشنیاریان کرد کە باشترە بەر لەوەی هێزەکانی ٢٥٠٠ کەسی شێخ بگەنە سەریان، ئەوان هێرشییان بۆ بکەن. حاکم داماو و دەستەوەستان بوو و بڕیاری بۆ نەدرا. بۆیە ئەوان بە نائومێدی گەڕانەوە بۆ ناوچەی خۆیان.

لەولایەوە شێخ پەیوەندی بە محەممەد ئاغای مامەش و بیوکخانی قەرەپەپاغ گرت و داوای لێکردن کە بەو پەیوەست بن. ئەوان بێ لایەنی خۆیان ڕاگەیاند. بەڵام کاتێک هیزەکانی شێخ گەیشە ناو مامەشان، زۆربەی خەڵکی ناوچەکە لەگەڵیان کەوتن.

لە ڕۆژی دووهەمی پاییز، شیخ محەممەد سەعید، یەکێک دەروێشەکانی شێخ بە ٤٠٠٠ کەس، مەئمووری گرتنی ورمێ کرا و ئەو لە چەهریق نیشتەجێ بوو. دوای ٧ ڕۆژ شێخ عوبەیدولا بە ٧٠٠٠ کەسەوە لە شنۆیە ڕا بەرەو ورمێ وەڕێ کەوت. شێخ ورمێی گەمارۆ دا و داوای لە خەڵک کرد تەسلیم بن.

ئیقباڵودەولە، حاکمی شار لە ماڵ نەبوو و خەڵک ٣ ڕۆژیان مۆڵەت خواست بەڵام شێخ بە دوو ڕۆژی ڕازی بوو. ڕۆژی دوایی شێخ ئاگادار کراوە کە ئیقباڵودەولە لە سەڵماسەوە بەرەو ورمێ دێ. شێخ، مەئمورییەت دا بە محەممەد سەدیق تا بە ٢٠٠٠ سوارەوە پێشی پێبگرێ. محەممەد سەدیق لە قەراغ چۆمی براردۆست کەمین بۆ ئیقبالودەولە داناوە بەڵام ئەو بە قەراغ گۆلی ورمێ دا بەخێرا خۆی گەیاندە ورمێ و سەنگەر گرت. ئەو لەگەڵ گەورەکانی شار و دوکتور پاکارد کۆنسولی ئینگلیس و کۆجران (کاکران)ی ئەمریکایی کۆ بۆوە. زۆربەی ئەوانە بە تایبەتی دوکتور پاکارد و کۆجران پییان وابوو کە تەسلیم بن.

کوجران، سەرۆکی هەیئەتی ئایینی ئەمریکا بوو و لەگەڵ شێخ و کوڕی شێخ دۆستایەتی هەبوو و سەردانی ماڵیی دەکرد و چارەسەری نەخۆشی شێخی کرد بوو. ئەو بە نوێنەرایەتی خەڵک چووە لای شێخ و دوای ٩ ڕۆژ گەمارۆی شار بڕیار درا کە ئەمنییەتی خەڵک بپارێزرێ.

دیارە لەو ٩ ڕۆژە دا، دووجار شەڕ روودەدا، دوایە لە ٢١ ی ڕەزبەر هێزەکانی شێخ کشانەوە بۆ ئاوایی سییر. لە ڕۆژی ٢٣ ڕەزبەر دیسان شێخ هێرشی کردەوە سەر شاری ورمێ، بەڵام خەڵک مقاوەمەتیان کرد و هەر ئەو شەوە کورد پاشەکشەیان کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕۆژی ٢٤ ڕەزبەر تەیمور پاشا بە ٦٠٠ چەکدار لە ماکۆیەڕا گەیشتە ئاوایی قوشچی. شێخ هێزەکانی بەرەو چەهریق برد و پێشی پێگرتن، بەڵام دوای ٥ ڕۆژ شەر، هێزەکانی شێخ گەرانەوە بۆ ناوچەی خۆیان.

لەبەرەی دووهەمی شەڕ، هەمزاغای مەنگوڕ، بیوکخانی قەرەپەپاغی ئاگادار کردەوە کە ئەویش لەگەڵیان کەوێ. ئەو خۆی بوارد و گوتی ئەگەر لەگەڵ ئەو لەشکرە کەوێ، دەوڵەت ئەو ٢٠٠ قەرەپەپاغە دەکوژێ کە لە مازندەران لە خزمەتی دان. هەمزاغا دەڵێ کە وایە ٢٠٠ کەسیش لەگەڵ ئێمە بخە، ئەگەر لە پشتەوە ڕا خەیانەتت پێکردین، ئێمەش ئەو ٢٠٠ کەسە دەکوژین. بەمشێوەیە بیوکخانیش مەجبوور بوو هێزیان لە ئیختیار بنێ.

حاکمی سابڵاغ کاتێک کە زانی کە عەشیرەری مامەش و بەشێک لە هیزی قەرەپەپاغ لەگەڵ لەشکری کورد کەوتوون، هەڵات بۆ تەورێز. ڕۆژی١٧ خەرمانانی ساڵی ١٢٧٩ کۆچی مانگی، شاری سابڵاغ بێ هیچ بەرگرییەک کەوتە دەست هێزەکانی کورد.

میرزا عەلی ئەکبەر لە لاپەڕەی ٥٤٥ کتێبی نامەکانی ئەمیر نیزام دا دەنووسێ کە ئەسکەندەر قوڕیانسی ئەرمەنی خەڵکی ڕووسیەی نیشتەجێی سابڵاغ، ڕووداوی هێرشی شێخ عوبەیدولای نووسیوە کە کورتەکەی ئەوەیە. سەرەتا شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا هاتنە نێو سابڵاغێ. ئاغایانی موکری و عەشایری دیکە لەگەڵیان کەوتن. کوڕی میرزا تەهماسوب لە ترسان هەڵات.

ئەبولقاسم یەکێک لە کارگێرانی دەرەوە لە لاپەڕەی ٥٣٧ ئەو کتێبەدا دەنووسێ کە ٢١ی شوال ١٢٩٧ نەوابی لوتفعەلی خان حاکمی سابڵاغ شاری بەجێهێشت و ڕۆژی ٢٣ شواڵ شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بە ٢ هەزار کەسەوە هاتنە ناو شار و ڕۆژ ٢٤ خانباباخانیان کردە حاکمی سابڵاغ و لە ٣ ڕۆژ دا ١٢ هەزار کەسیان پێ پەیوەست بوو.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دا دەنووسێ، هێزەکانی مەنگوڕ و مامەش و پیران و گەورک و زەرزا و رەمک و فریزوڵابەگی کە خۆی لە نۆ هەزار سوار و ٨ هەزار پیادە دەدا، لەگەڵ هێزی شێخ عەبدولقادر کەوتن.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤١٩ دا باسی ئەو عەشیرەتانە دەکا کە بە هەموو کەس و کاریانەوە لەگەڵ شێخ کەوتن و بریتین لە عەشایری قەرەپەپاغ، محەممەد ئاغای مامەش، عوسماناغای گەورک، ئاغایانی دیبۆکری، تایفەی بوداغ سوڵتان و کوڕ و برازاکانی ئەحمەد بەگ و فەتحوڵاخان کوڕی مەرحوم موزەفەرودەولە و فەیزوڵابەگ و هتد. ئەمیر نیزام پاکانە بۆ قادراغا دەکا و دوای ئەوە دەڵێ کە لەگەڵ شێخ نەکەوت دەنووسێ کە بە خۆی و ٣ کوڕ و ١٠٠ سوار هاتە گەڕووس بۆ لای ئەو.

ئەبولقاسم دەنووسێ کە دوایە هێزەکانی کوردی نیشتەجێی سابڵاغ هێرشیان بۆ سەر میاندواو و مەراغە کرد. سوارەکانی سەلیمخانی چاردۆڵی کە نیزیک بە ٢٥ کەس بوون، پێشی پێشەنگی هێزی کوردانیان گرت. عەلی نەقی کوڕی سەلیمخان، خاڵی شێخ عەبدولقادری کوشت. (تێبینی میرزا عەلی ئەکبەر دەڵێ شێخ عەبدولقادر شێخ سەدیقی خاڵی ناردە میاندوا تا خەڵکی بکاتە بەردەنگی خۆی، بەڵام سەلیم خانی چاردۆڵی لە دوور ڕا، هەر بە گۆترە تەقەی لێکرد و کوشتی.) دوایە لشکری کوردان هات و شێخ عەبدولقادر کاتێک خاڵی خۆی بە کوژراوی دیت، فەرمانی قەتلیعامی خەلکی میاندوای دا. تۆپێک و چەند تۆپچی و سەرباز لە میاندواێ بوون، گوللە و باڕوتیان کەم بوو. نیو سەعات خۆیان نەگرت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شکان و کوردان چوونە ناو میاندواو و تا بەیانی قەتلی عامی خەڵکیان کرد. قادراغا برای باباخان ئاغا کە نۆکەری نیزیکی وەلیعاد بوو، کوشتاری خەڵکی میاندوای کرد و بوو بە هۆی ئەوە کە ئەوان لە کوردان بێزار بن.

بۆ بەیانی هەر کە تاو هەڵات کوردەکان تاڵانەکانیان ڕاگوێزت و دوای دوو تا ٣ ڕۆژ هاتنەوە و میاندواویان ئاور تێبەردا. لەو ڕووداوە دا٨٠٠ موسوڵمان و ٢٠ ئەرمەنی و ٥٠ جوولەکە کوژران. ئەبولقاسم کارگێڕی دەرەوەی ئێران دەنووسێ کە کوردان ڕۆژی ٢٥ هێرشیان کردە سەر مەڕحەمەت ئاباد و ئێواری خەبەری قەتڵ و تاڵانی ئەو شوێنە گەیشت و تەرمی نوری بەگ خاڵۆی شێخ عەبدولقادریان هیناوە بۆ سابڵاغ. جیا لە مەسیحی و جوولەکە و منداڵ کە سوتاندیانن ٣٤٠٠ کەس ژن و پیاویشیان کوشت. چەند مزگەوتیان سووتاند کە قورئانی تێدا بوو. کارێکیان کرد کە دنیا تا ئێستا شتی وای بە خۆوە نەدیوە. لە مەرحەمەت ئاوا و مەلیکەندی و هەشتەرۆ و دەوروبەری تەورێز تاڵانیان هێنا و لە سابڵاغ جێگیر بوون و ڕادەیان بە چل هەزار کەس گەیشت و خەیاڵیان وایە شاری "بناو" بگرن.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دا دەنووسێ هیزەکانی شێخ یەک حەوتوو خەڵکی میاندواویان قەتڵیعام و تاڵان کرد و ڕۆژی ٢١ خەرمانانی ١٢٧٩ بەرەو بناو و مەلیککەندی وەڕێکەوتن. هێندێک لەو هێزانە بەو تاڵانەی کردبوویان خۆیان پاشقول داوە و گەڕانەوە. لە بەرانبەر بەو هێزەدا، لەشکری دەوڵەت بە پشتیوانی خەڵکی مەراغە، هەشترود، دەخوارگان، تەوێز، بدوستان، ئۆجان و سەراب، بەڕەگەیان گرت بوو و ئامادەی هێرش بوون. لە بەرەی کوردان دا، سەرەتا محەممەد ئاغای مامەش کشاوە و خۆی لە شەڕ بوارد. بە دوای ئەو دا کەسانی دیکەش کشانەوە و کێشە کەوتە ناو لەشکری کورد.

عەبباس میرزا مەلیک لە پەڕاویز کتێبی نامەکانی دیوانی ئەمیر نیزامی گەرووسی دا دەنووسێ کە کوردەکان دوای گرتنی میاندواو پەلاماری دەوروبەری مەراغەیان داوە و بەرەو تەورێز وەرێکەوتن و بناویان گەمارۆ دا. تا ئەوکاتە وەلیعادی ئێران لە تەورێز ئاگاداری ئەو ڕووداوە نەبوو و میرزا ئەحمەدی موونشی باشی، بۆ ئەوەی شازادە نارەحەت و بە پەرۆش نەبێ، ئاگاداری نەکردبوو.

کاتێک هێزەکانی کورد شاری بناویان گەمارۆ دا، مەلا عەلی قازی بناوەیی ئازایانە لەبەرانبەر بە کوردان دا ڕاوەستا و شکستی دان.

لە لاپەڕەی ٥٤٦ پەراوێزی کتیبی نامەکانی ئەمیر نیزامی گەرووسی دا، میرزا عەلی ئەکبەر بە نەقڵ لە میرزا عەلی ئەسغەری کوڕی دەنووسێ کە لە بناو بە تۆپی ساچمەیی تەقەیان لە کوردان کرد و تا ٣ شەوڕۆژ ئەو شەڕە بەردەوام بوو. سەرئەنجام سوارەی کورد کشانەوە و لەوێ هەڵاتن. گشت پیاوەکانی موکری پەشیمان بوونەوە و پەنایان بۆ دەستەی تۆپخانە برد.

مورتەزا ڕەزەی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەنووسێ کە دوای پاشەکشەی هیزەکانی کورد لە هێرش بۆ بناو مەلیکەندی و گەڕانەوەیان بۆ سابڵاغ، شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا لە ڕۆژ ٢ خەزەڵوەر بە ڕێگای لاجان و سلدوز دا خۆیان گەیاندە شنۆیە و دوای ٣ ڕۆژ بە شاخان دا تێکەڵ بە هێزەکانی شێخ بوونەوە.

بە پێی لاپەڕەی ٥٣٨ ی کتیبی نامەکانی ئەمیر نیزامی گەرووسی، ئەبولقاسم دەنووسێ، گوڵاویاغای دێبۆکری و خانباباخان کە حاکم بوو، بە پاڕانەوە چوونە ژێر ئوردوی بناو و ئەمان دران و ڕێزیان لیگیرا.

میرزا عەلی ئەکبەر بە نەقڵ لە میرزا عەلی ئەسغەری کوڕی دەنووسێ، دوایە هێزەکانی دەوڵەت لە هەموو لایەک ڕا کۆ کرانەوە، حەسەنعەلی خان، وەزیری بەرژەوەندی بە هێزی گەرووس و ئیعتمادولسەلتەنە و حشمەتولدەولە هەمزە بە هێزێکی کۆک و پۆشتە لە ناوەندی خەلافەتەوە ڕا وەڕێکەوتن. هەروەها تەیمور پاشاخان سەرتیپ بە ١٠ هەزار کەس بەرەو شاری ورمی وەڕێ کەوت.

لە پەڕاویز کتێبی نامەکانی دیوانی ئەمیر نیزامی گەرووسی دا، عەبباس میرزا مەلک دەنووسێ لەوکاتە لە تاران و قزوێن و تەورێز و ماکۆ ڕا گەلەکۆمەکی هێزی دەوڵەتی کرا و ئەو لەشکرانە تەواوی دەوروبەری ورمێ و مەراغەیان تالان کرد و ماڵ و نامووسی کەسیان نەهیشت و لە کوردان خراپتریان بەسەر خەڵکیان هێنا.

ئەبولقاسم کارگێڕی دەرەوەی ئێران دەنووسێ کە هێزی دەوڵەت بە دوای کوردانەوە کەوت و خەڵکی کورد لە دەوروبەری سابڵاغ بەرەو دەوردەستەکان هەڵاتن و لە ١٤٠٠ بنەماڵە ٣٠٠ بنەماڵە لە شار دا مانەوە و نوێنەرانیان چوونە ئوردوی دەوڵەت لە قەرەقشڵاق و ئەمان دران. ڕۆژی ٦ شهر زیحەجەتوحرام شیخ عەبدولقادر و هەمزاغا لە سابڵاغ دەرکەوتن. ئەبولقاسم لە لاپەڕەی ٥٣٨ دا باسی لێقەوماوی و گریان و هاوار و چارەڕەشی خەڵک و ئەوەی چۆن هێزەکانی کورد بۆخۆیان خەڵکی شاریان تاڵان کرد و ڕووتیان کردنەوە و تەنانەت ٧ کەسیشیان لێکوشتن، دەکا. ناوبراو دەنووسێ کە هاتن و گەڕانەوەی شێخ عەبدولقادر ٥٠ ڕۆژی خایاند و لەو ماوەیە دا، ئەو لە ساوجبلاغ ماوەتەوە.

میرزا عەلی ئەکبەر لە لاپەڕەی ٥٤٦ دا دەڵێ ماڵە شێخ لە باغێکی دەرەوەی ورمی بوو. شەوێک، لە دەوازەی شاری ڕا، کەسێک کە لە پێش شێخ عوبەیدولا لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو، بە گوللەی تۆپ پێکرا و کوژرا. خەڵک بە شیخیان گوت بەو ودمەی کە هەتە ئەو کەسە زیندوو کەوە. شێخ گوتی، مەلافەیەک بێنن و بەسەری دابدەن. دوایە شێخ چووە بن مەلافەکە و کەمیکی پچ پچ کرد و بە پێکەنینەوە سەری هەڵبڕی و گوتی پێمگوت، یارمەتی بەو عالەمە بکە. گوتی ئێمە دنیای نەمانمان (فانی) ناوێ. لە دنیایی مانی دا، لە بەهەشت بۆنی خۆشی عەنبەرم پێخۆشە. لە پەڕاوێز کتێبی نامەکانی دیوانی ئەمیر نیزامی گەرووسی دا یاداشتی عەبباس میرزا مەلیک هاتووە و لەسەر ئەونامەیە دەنووسێ کە هێزەکانی تەیمور پاشا و بیوک خانی ئیقباڵودەولە بە هاوکاری هێزی دەوڵەتی لەشکری شێخیان تیک شکاند و پاشەکشەیان پێکرد. بە دوای وتوویژی ئێران و عوسمانی، دەوڵەتی عوسمانی دەستی لە پشتیوانی شیخ هەڵگرت و بۆ ئیستامبوڵیان بانگ کرد و خستیانە زیندان و دوایە بۆ موسڵ دوور خراوە و لەوێش ڕا بۆ مەدینە و لەوێ کۆچی دوایی کرد.

دوای ئەو شێخ گەڕاوە بۆ مەوتەنی خۆی. ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٣٨٧ دا دەڵێ کە دەوڵەتی عوسمانی ٨ تابوور سەربازی بە سەرۆکایەتی موسا پاشا، نارده دەوەری نەهرێ و بە شێخیان ڕاگەیاند کە ماڵیاتی دوو ساڵەی عەشایری عوسمانی کە شیخ وەریگرتووە، بیگێڕێتەوە. زیان و زەرەرەکانی کێشەی پارەکە کە وە هاوولاتیانی دەوڵەتی تورک کەوتووە ببژێرێ. لەو ناوچەیە نەمێنێ و بچێ بۆ ئیستامبوڵ.

لە لاپەڕەی٤٠٤ دا ئەمیر ئینتزام دەڵێ بە هۆی سیخوڕەکانی ئاگادار کرا کە موسا پاشا بە سێ تابوور چۆتە نەهری و شێخی گرتووە و بردویەتی بۆ وان تا لەوێرا بەڕێی بکەن بۆ ئیستامبوڵ. کوڕەکانی شێخ (شیخ سەدیق و شێخ قادر) هەڵاتوون و سەرباز لێیاندەگەڕن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە دوای ئەوانەدا دەوڵەتی ئێران حاجی میرزاحوسێن خانی سەدرولئەعزەمی نارده ڕووسیە بۆ پیرۆز بایی لە ئیمپراتور نیکەلا ئەلکساندری سێهەم. دوایە سوڵتان میرزا حیسامولسەلتەنە ناردرا بۆ ئیستامبوڵ، تا لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید پەیمانی هاوکاری ببەستێ و لە ساڵی ١٢٩٨ شێخ بانگ کرا بۆ ئیستانبوڵ و زیندانی کرا.

**نامەی شێخ عوبەیدولا بۆ عەبباس میرزا**

دیارە جیا لە شەڕ وبەربەرەکانی شێخ عوبەیدولا بە ڕێگای سیاسیش هەوڵی دا لە نێو دامودەزگای حکومەت دا ناکۆکی ساز بکا، لە عەبباس میرزا بە دژی باب براکەی (ناسرەدین شا) کە ناکۆکیان هەبوو، کەلک وەرگرێ. عەبباس میرزا کوڕی محەمەدشای ئێران، سۆفی خانەقای شەمزینان بوو. دایکی نێوی خەدیجە و کچی یەحیاخان سەرۆک هۆزی شکاکی  بوو.

لە لاپەڕەی ٥٣٤ لە پەڕاویز کتێبی نامەکانی دیوانی ئەمیر نیزامی گەرووسی دا، عەبباس میرزا مەلک دوای ئەوە باسی هیرشی کورد بۆ سەر بناو دەکا، ئاماژە بە نامەیەک دەکا کە شێخ بۆیی نووسیوە و دەنووسێ کە ڕۆژێک بە تەنیا لە گۆشەی ماڵێ دانیشت بووم. نوکەرەکانم پێیانگوتم کە دوو نەفەر بە ناوەکانی عەبدولڕەحیم و حوسێنقوڵی هاتوون و نامەیان بۆ هێناوی. عەبدولڕەحیم پیر بوو و ڕووی لە من کرد و گوتی وەدرەنگێ مەدە، بێشک ئەگەر بێی، دەبی بە شا. نامەکەم خوێندەوە و نیگەران بووم و مەترسی دایگرتم کە مەبادا نوکەرەکانم ڕاپۆرتم لێدەن و شا ئاگادار بکەن. چوونکە ڕەوتی ئێران وای لێهاتووە کە هەر کەسایەتێکی ڕێزدار، چەند سیخوڕی بەسەرەوەیە. ئەمن لە نۆکەرەکانی جێی مەتمانەی خۆم تەنیا ٣ کەسم ماوە ئەوانی دی هەموو خەلکی تارانن. لە لایەکی دیکە دڵەکوتم بوو کە چ دەبێ بکەم؟ ئایا لەبری ئەو هەموو خراپەی کە ناسرەدین شا لەگەڵ منی کرد، بچم لەگەڵ شێخ کەوم و بێ خوێنرێژی تەورێز بگرم و هێرش بۆ سەر تاران بەرم کە ناسرەدین شا هەموو خەڵکەکەی لەخۆی ڕەنجاندووە. یان خۆشەویستی وڵات و نیشتمان و خواردنی نان و نمەک وەبەرچاو بگرم و خەیانەت نەکەم و خوێنی شیعەیان نەڕێژم. دڵراوکە و نیگەرانی دایگرت بووم و ئارەزووی مەرگم دەکرد. سەرەتا بەو دووکەسم گوت کە بە نۆکەرەکانم بڵێن کە هاتوون بن بە نۆکەر. ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت. بەیانی زوو هەستام دەستنویژم گرت و ڕوو بە قوبلە دانیشتم و دەستم بە گریان و پاڕانەوە کرد. بە دڵم داهات کە خەیانەت نەکەم نەبمە هۆی دووبەرەکی و فتنە و گەندەڵی. ئەگەر لەگەڵم خراپ بوون بە خودایان بسپێرم و خۆم بچمە لای شا و نامەی شێخ عوبەیدولای بدەمێ و ئەو دووکەسەشی تەسلیم بکەم. هەستام چوومە خزمەت شا کە لە خانووی نیزیک باغی نارنجستان بوو. گوتم قسەیەکم هەیە. فەرمووی چییە. گوتم لێت ڕوون بۆتەوە کە خەیانەتکار نیم. ئەگەر چووم بۆ ئیستانبووڵ خودا دەزانێ لە برسان بووە. ئەگەر چووم بۆ ڕووسییە لە ترسان بووە و لە شا ترسانیش نە عەیبە و نە گوناهە، بەڵام خەیانەتم نەکردووە. دوێنێ دوو سواری کورد نامەیەکیان لە شێخ عوبەیدوڵا هێناوە و داوایان لەمن کرد کە بەدژت ڕاپەڕم. گوتی نووسراوەکە کوا؟ خێرا دامە دەستی و خوێندیوە. گوتی دوو کەسەکە لە کوێن؟ گوتم لە ماڵین. گوتی بنێرە بیانهێنە. گوتم ئەوان خەنجەریان پێیە چەند نۆکەران بنێرە بیانگرن. دوایە گوتم ئەوە ئەمن ئەوانەم تەسلیم کرد، با



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە هیچ شتێک تاوانبار نەکرێم.
گوتی ئەرخەیان بە. ئەو دوو کەسەیان هێنا و دوای لێکۆڵینەوە حەبسی ئەبەدیان دانێ. شا لەبری ئەو خزمەتە، ئەنگوستیلەکی ئەڵماسی دا بە من کە بایی ٢٠٠ تمەن بوو و حکومەتی قەزوینیشی پێشیش کردم.

**ئەمیر نیزام گەڕووسی بوو بە حاکمی ساباڵغ**

ئەبولقاسم کارگێڕێ دەرەوی ڕێژیم لە ساباڵغ لە لاپەڕەی ٥٣٩ دا دەنووسێ، دوای گرتنەوەی ناوچەکانی ساباڵغ ، حاجی سەدرودەولە بە حکومەتی ساباڵغ دیاری کرا بەڵام بە هۆی ئەوە کارەکانی بە دڵی دەوڵەت نەبوو، دوای یەک مانگ لایان برد و حەسەنعەلی خان وەزیری بەرژەوەندی گشتی(ئەمیر نیزامی گەروسی) کە لە شەڕەکان دا بەشدا بوو، بە حاکمی ساباڵغ دیاری کرا.
ناوبراو کوردێک عالم و زۆڵ بوو. بە فێڵ و تەڵەکە توانی ڕێبەرانی عەشایر کە لەگەڵ ڕاپەرینی هەمزاغا و شیخ کەوت بوون، بێنێتەوە ژێر هێژمونی دەوڵەتی ئێران. ناوبراو لە نامەکانی دا باسی ئەوە دەکا کە لەشکر ئامادە بکا و بچی بۆ ساباڵغ و دەڵی ئەگەرچی فەوجی هەوشار دوای ٢ ساڵ و نیو مانەوە لە فارس ٢٠ ڕۆژ نابێ کە هاتوونەوە، بەڵام تا پێنج شەش ڕۆژ ئامادە دەبن. ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٣٠ ئەو کتێبەدا بۆ دەربار دەنووسێ کە هاتوتە ساباڵغ و لەوێ چادری لیداوە و دە تا ١٢ تایفەی لەگەڵە کە هەریەکە ١٠٠٠ تا ٢٠٠٠ کەس دەبن.
ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤ دا باسی تیکان تەپە دەکا کە لەگەڵ قادراغا و سێ کوڕەکەی و ١٠٠ سوار کە هەموو بە تفەنگی مارتینی چەکدار هاتوون و قادراغا خەیالی هەیە تەفرەقە بخاتە نێو خەڵکی کورد و و سێ ڕۆژ لەمەوبەر پیاوەکانی خەبەریان هێناوە کە محەممەد ئاغای مامەش کە دوژمنایەتی پێشوویان لەگەڵ هەمزاغا هەبوو، لەوی جوێ بۆتەوە و ئاغایانی موکریش گوتوویانە ئەگەر ئەمانیان بدەن، ملکەچی دەوڵەت دەبن.
عەباس میرزا مەلیک دەنووسێ کە کاک عەبدوڵا (مەبەست کاکەئەڵایە) برای هەمزاغا بە هۆی محەممەد ئاغای مامەش هاتەوە و ئەمیر نیزام ئەمانی دا و دوایە قادراغای دێبۆکری و میرزا ئەبولقاسمی قازی، برای میرزا وەهابی ڕاسپارد کە پەیوەندی بە هەمزاغاوە بگرن. دوایە سواراغا برازای هەمزاغا کە سەرۆکی عێلی زوودی بوو، لەگەڵ سولەیماناغا کوڕی هەمزاغا بە هۆی میرزا ئەبولقاسم هاتنەوە و ئەمان دران.
مورتەزا ڕەزەی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا باسی ئەمیر نیزام (عەلائودەولە)دەکا و دەڵێ کە ئەو لە تەورێزێ ڕا چوو بۆ ساباڵغ و لاجان و سەردانی بیوك خانی قەرەپەپاغ و محەممەد ئاغای مامەشی کرد و بە پێشنیاری بیوك خان، پارێزگاری سەرچاوەی چۆمی گادەر و کێوی شێخان و چۆمی بادیناوی و قەڵای مێدیخان کە پێگەی نیزامی بوو و لەسەر سنوور هەڵکەوت بوو و قەرەپەپاغ بەسەری دا ڕادەگەیشتن، بە محەممەد ئاغای مامەش ئەسپێردرا.
مورتەزا ڕەزەی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا دەڵێ، بەڵام دوای ماوەیەک، محەممەد ئاغای مامەش بەرپرسایەتی سنووری بۆ بەڕێوە نەچوو بەناچار درا بە نجفقلی خانی ئەمیر تومانی قەرەپەپاغ.
ئەمیر نیزام لە لاپەرەی ٤٤٢ دەنووسێ کە جەلال خان، حاکمی قەرەپەپاقان و محەممەد ئاغای


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامەش کاکەڵا و بایزاغا و حوسێن ئاغا براکانی هەمزاغایان هێنا و لەبەر پێیانم درێژ بوون و داوای لێبوردنیان کرد و منیش ئەمانم دان و لێیان خۆش بووم. ئەمیر نیزام دەڵێ ئێمە سەرکەوتوو بوین کە دووبەرەکی بخەێنە نیوان کاکەڵا و هەمزاغا و ئێستا کاکەڵا بە خۆی و ٧ برا و کۆمەڵێک لە خزمان و حەوسەد هەشت سەد کەس لە عەشیرەتی مەنگوڕ لە ژێر دەستی هەمزاغا هاتونەدەر و ئێستا کاکەڵا حازر بە خزمەت بوو و بڕیاری دا کە ملکەچی هەمزاغا نەبێ و لە نێو خۆیانی ڕێ نەدەن و تەڵاقی خوارد کە نەمانی ئەو، وەک نویژ و ڕۆژو لەسەریان فەرز بێ.

دیارە ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٣٨٨ دا دەنووسێ کە ئەو ڕۆژانە لە نیوان هەمزاغا و کاکەڵای برای کێشە ساز بووە و چەکیان لێک کێشاوە و کوڕێکی هەمزاغا بریندارە.

هەروەها ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤٨٦ دا دەڵی کە لەو سەردەمەدا نۆبەتێ ساباڵغی داگرتووە و لە ٥ کەس ٤ کەس ساغ نییە و مردوو زۆرە و بایزاغا کورە مامی گوڵاویاغا، کە لە نێو دێبۆکریان دا، لەوی قابلتر نەبوو و بۆ من زۆر بەدەستەوە بوو، دوو ڕۆژ پێشتر مرد.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕی ١٥٧ دا باسی ئاسایی کردنەوەی ناوچەی ساباڵغ دەکا و دەڵێ ٧٠٠ بنەماڵە کە هەڵاتبوون و نیگەرانی ئەمنییەتیان بوون، گەڕاونەتەوە. بازار و کاروکاسبی کە نەمابوو، لەسەر ڕا دایمەزراندوتەوە و مزگەوت مەدەرەسەکان کراونەوە و خوتبەی نوێژ بە ناوی تۆ(مەبەست شایە) خویندراوەتەوە. دارۆغە دیاری کراوە و لەسەر کوچە و کۆڵانان کێشکی نیزامی داندراوە. دیارە لەو سەروبەندەدا نەخۆشی تەبەقە شاری ساباڵغ داگرتبوو و زۆر خەڵک و سەرباز بەو نەخۆشی دەمرن.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی باسی ٣٩٩ دا دەڵی حکومەتی لاجان درا بەمحەممەد ئاغای مامەش و ناوچەکەشی وەسەر موکوریان خستراوە و ئێستا محەممەدئاغا کە لە هەموو سەرۆکە کوردەکان پشوودرێژتر و سادقترە، بە ٦٠٠ تا ٧٠٠ سوار حازر و ئامادە لە ئوردووی حساموڵمەلک دا، خەریکی خزمەتە.

ئەمیر نیزام داوای حوکمی فەرماندەری فەرۆخ خان، کوڕی ڕەحمەتی موزەفەرولدەولە بۆ سەد سواری موکری دەکا و دەنووسێ کە ئەگەر پەسەند کرا با لەوێ ڕێژە بدا و ئێوەش سانی لێ ببینن و دوایەش ئەسپەکانی داغ بکەن و بێتەوە لیرە خزمەت بکا.

ئەمیر نیزام دوایە داوا دەکا کە یەک لەسەر سێی یارمەتی سەرهەنگ حاجی ئاغا بەگ کە پیر و پەککەوتە و چاوەکانی کوێر بوو و ساڵها خزمەتی کردووە بدرێ و داوا دەکا عەوڵاغای کوڕی لە هیزەی موکری دا، وەک سوڵتان دیاری بکرێ.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ١٨٥ باسی دەستەیەکی قەرەپەپاغ دەکا کە لە خوڕاسان خزمەتیان کردووە و دەڵی کە ئەوان باشتر لە هەر کەسێکی دیکە خزمەتیان دەکرد و زۆر چاکتریش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دوژمنان دەکرد.

### باجی ڕوورەشی

ئەمیر نیزامی گەڕووسی بە وردی لە لاپەڕەی ٨٠ نامەکانی بۆ دەرباری شا دا، باسی ئەو باجە و غەرامەیە دەکا کە دەبێ خەڵکی ساباڵغ بیدەن بە دەوڵەت. بەر لە هەموو شتیک ئەو باسی وێرانی شار و بەدبەختی خەڵک دەکا و دوایەش دەڵێ کە دوای دوو ڕۆژ خەڵکی زانا و ئەعیانەکانی کۆ کردوتەوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قادراغا گوتوویە دەبێ کوێر و زەلیل بین چوونکە ئەو ماڵیاتەی کە دەبوو بیدەین نەمانتوانیوە بیدەین و خەلکەکەی دیکەش هەر هاواریان لێهەستاوە کە بە هۆی تاڵان و بڕۆ و سووتانی گوندەکان نەیانتوانیوە ماڵیات بدەن و خۆیان بە شەرمەندە زانیوە و داوایان لە دەرباری شای هەیە کە هێندێکیان پیببەخشرێ. ئەمیر نیزام دەنووسێ بەڵام ئەمن لێم قبووڵ نەکردن و هەڕەشم لیکردن و حوسینقولی بەگ یاوەری شقاقی"م لەسەر دانان کە بیانبا لە ماڵە شێخوئیسلام کۆیان کاتەوە و مەجبووریان بکا کە ماڵیات بدەن. ئەو خەڵکە لەوێش، دوای دوو ڕۆژ گفتگۆ، ڕایانگەیاند کە توانای دانی ماڵیاتیان نییە و بە ناچار بڕیار درا کە ماڵیاتەکە بە قست و بە پێی ئەو شوێنانەی کە سووتاون یان ئەو ماڵانەی کە تاڵان کراون و ڕووخاون سەنگ و سوژنی لەگەڵ بکرێ و لێیان بستێندرێ.

ئەو ماڵیاتە جیا لە باجی ڕووڕەشییە کە گەورەکانی سابڵاغ قبووڵیان کرد بوو کە دەبێ لەبری کێشەی هەمزاغا بیدەن. ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ١٧٤ دا ئاماژە بە نامەی شا دەکا کە بۆیی ناردراوە و دوای پێهەڵاگوتنێکی زۆر، لەشکر و خەڵکی سابڵاغی کۆ دەکاتەوە و نامەی شایان پێنیشان دەدا و دەیدەن بە میرزا ئەبولقاسمی قازی تا بۆیان بخوێنێتەوە و بە خۆشی ئەو نامەیە ٢١ گوللەی تۆپ هاویشترا. ئەمیر نیزام دوایە داوا دەکا کە باجی ڕووڕەشی لەسەرخەڵک هەڵبگیرێ تا ئەوکاتە هەمزاغا بە هەر فێڵێک بێ، بگیرێ و تەسلیم بە دەوڵەت بکرێ. ئەمیر نیزام لە لە لاپەڕەی ١٣٥ دا لە وڵامی یەکێک لە کاربەدەستانی دەوڵەت دەنووسی کە باجی ڕووڕەشی بە پێی مەسڵحەتی ڕۆژ دیاری کراوە و ئەو سابڵاغە، سابڵاغی جاران نییە.

لە لاپەڕەی ٤١٨ دا دیسان باسی باجی ڕووڕەش هاتووە و ئەمیر نیزام دەنووسێ کە ئەگەرچی لە ئاغایانی موکری بڵێنی وەرگیراوە کە تا کوشتنی هەمزاغا باجی ڕوورەشیان لەسەر هەڵنەگیرێ. بەڵام پێشنیار دەکا کە ئێستا واباشترە لەگەڵ خەڵک بە هێمنی مدرا بکری و لە کاتی خۆی دا کە ولات هێور بووە تۆڵەی تاوانەکانیا لێبکریتەوە.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤١٤ دا داوای کەم کردنەوەی ماڵیات لە خەڵک دەکا و نایشارێتەوە کە هەموو خەڵک بە نەهینی دڵیان بۆ شێخ و هەمزاغا لێدەدا و دەڵێ دەوڵەت با هەوڵ نەدا کە چەک لە خەڵکی بستێنێتەوە کە بە دزی شاردویانەتەوە.

لە لاپەڕەی ٢٩٦ ی ئەو سەرچاوە دا باسی دامەزرانی پۆستخانە لە سابڵاغ کراوە کە یەکەم نامە بە ڕێگای ورمێ و خۆیە دا ڕەوانە کرا. لە لاپەڕەی ٣٥٧ دا باسی کەم و کوڕی ئەو ئیدارەیە و ئەوەی کە درەنگ پۆست دەگا کراوە و دەڵێ دەبی بە ٤٨ ساعەت پۆست لە تەورێز ڕا بگا بە سابڵاغ. ئەو ڕێگایە بە سواری ئەسپ ٦ تا ٧ ڕۆژ دەگرێ و بە سواری تایبەت، بە ڕێگای مەراغەدا، بە ٤ ڕۆژ تەواو. ئەمیر ئینتزام دەنووسێ کە بۆ ئەو پۆستە ٣٠٠ کەس دیاری کراوە.

کاری گەورەی ئەمیر نیزامی میلیتاریزە کردنی کوردستان و دامەزرانی پێگەی دائیمی نیزامی بوو و هەوڵی دا تا قەڵا و سەربازخانە گەورە کە جێگای دەیان فەوج و سوارە و پیادە و چەکی قورس ببێتەوە، دابمەزرێنی.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٢٧٢ دا باسی محەمەد ئاغای مامەش دەکا کە نامەی بۆ دەبار نووسیوە و وڵامی خزمەتەکانی نەدراوەتەوە و ئەمیر نیزام ئاگاداریان دەکاتەوە کە محەممەد ئاغا، بناغەی سەرەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو سنووره و سەرۆکی عەشیرەتی مامەش و کەسێکی ئاقڵ و بە ئیعتبار و خزمەتکار و سادقە. ناوبراو لە کاتی سپەهسالاری عەزیزوڵاخانماڵیاتی خۆی داوە و لەو ماوەیەش دا ٣ هەزار سەر مەر و ماڵاتی دزراوی ئەستاندەوە و تەسلیم بە محەممەد ڕەحیمخان گوماشتەی سپەهسالاری ئەعزمی کردووە. چەند ڕۆژ لەمەوبەر سولەیماناغای برای بە ٤ یەسترەوە ناردە ئیرەو بۆخۆشی قەرارە بێ.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٢٨٦ دا دەنووسێ کە محەممەد ئاغا هاتووە و ئەسپێکی چاکی بۆ هێناوە و چەند ڕۆژ لێرە بوو و کوڵینجەی سەنجابی و عەبای زێردروم دایە و ٥ تا شاڵی کرمانیشم دا بە دەستەودایرەکەی. ئەو بەڵێنی دا کە بە بێ عوسماناغا، بۆ نەمانی هەمزاغا تێبکۆشێ. محەممەد ئاغا کە هەمزاغا حیسابی بۆ دەکا، داوا دەکا کە ناوچەی لاجان و عەشیرەتی مامەش بخرێنە سەر سابڵاغ کە ئەو بەسەری ڕابگا. محەممەد ئاغا لەمەر یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بە عەشایری پشتیوانی شێخ و هەمزاغا، داوا لە ئەمیر نیزام دەکا کە ئەویش لە کاتی پێویست دا یارمەتی بە ئەو بکا، تا لە پێناوی دەوڵەتی ئەعلا دا، تەواوی عەشیرەتی مامەش بە کوشت بدا یان خزمەتیکی وا بکا کە فەرامۆش نەکرێ.

دەوڵەتی ئیران زانیاری زۆری لەسەر هەڵس و کەوت و جمووجۆڵی هەمزاغا لە لای پشدەر هەبوو. نەتەنیا زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکانیان لەسەر مەئموور کرد بوو بەڵکوو خەڵکی ئاساییش بە شوێنێوە بوون تا بزانن چ دەکا. هەر لە لاپەڕەی ٢٥٣ و ٢٥٥ و ٢٥٧ ئەو کتێبەدا، نامەکانی محەممەد ئاغا و شەهبازبەگ ئامۆزای فەیزوڵابەگ، برایم ئاغا برای گوڵاویاغای تێدا هاتووە کە لەسەر هەمزاغا ڕاپۆڕتیان داوە.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٣٧٣ دا دەنووسێ کە لە هێرشی شێخی مەلعوون بۆ میاندوا و کوشتن و ڕاوڕوتی خەڵک، چەند کچیش بە دیل گیرا بوون کە لەگەڵ خۆیانیان برد بوون. یەک لەوان، کچی حاجی حوسێنعەلی بوو کە لە برازاکەی مارە کرابوو. برایم ئاغا کە لە نیوبەدەرەوەکانی موکرییە لەگەڵ دوو کورەکەی، ئەو کچەیان برد بوو بۆ سەردەشت. ئەو ماوەیە ئەمن لێیان خەفتابووم تا دوێنی دوو کوڕەکەی برایماغام گرت و گوێم بڕین و لە زیندانێم کردن. نامەمم بۆ عوسماناغا حاکمی سەردەشت نووسی کە ئەو کچەی بستێنێتەوە و بینێرێتەوە بۆ ساباڵاغی. کچەکەیان هێناوە و تەسلیمی ماڵە بابیم کردەوە و هەروەها برایم ئاغا گیراوە و لە زیندان دایە. دوو سێ ژنی دیکەش کە عەشیرەتی پیران و مەنگوڕ فڕاندبوویان، حاکمی ڕانییە لە خەڵکی ئەستانوتەوە و ئەمنیش ناردم هێنایانەوە.

لە لاپەرەی٢٩٨ دا باسی ئەو کراو کە لە ساباڵغ خەڵک بۆ خزمەت بە دەوڵەت بانگ کراون و ئەوان چونکە پێکەوە کێبەرکێیان هەیە، دەستە دەستە دێن و قادرغا بە ٦٠٠ چەکدار کە هەموو لیباسی بە قیمەت و چەکی چاک و پەڕی تاوسیان بە سەرەوە و شکۆیان لێدەباری، هاتن و ڕێژەیان دا. چوار ڕۆژ پێشتر هەموویانم لە دەرەوەی شار کۆ کردەوە و ١٠٠٠ کەسم لێ مەرخەس کردن و دوو هەزار کەسم هێشتەوە و هەرکات کە بڕیاری حەڕەکەت بدرێ تا ٥٠٠٠ کەس ئامادە دەبن. ئەمیر نیزام دەنووسێ کە ئەوکارە، کاریگەری زۆری لەسەر لاواز بوونی پشتیوانانی شێخ کردوە و چەند کەسێکیان خەریکی گەڕانەوە و وەرگرتنی ئەماننامەن.

ئەمیر نیزام بەو هێزە دەخوڕی و بەیاننامەیک بە دژی گەورەکانی سەردەشت دەردەکا و هەڕەشیان لێدەکا کە دەبی ئیتاعەت لە دەوڵەت بکەن و ماڵیاتی دیاری کراو بدەن. ناوبراو لە لاپەرەی ٣٦ دا باسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مالیات وەرگرتنی سەردەشت دەکا و دەنووسێ ئەگەرچی خەڵکی سەردەشت توانای ئەوماڵیاتەیان نییە بەڵام بۆ تەفاوەتی ٥ تا ٦ هەزار تمەن، بەرژەوندی گشتی ژێرپێ ناخەن و ئەمن هەوڵ دەدەم ٨ تا ٩ هەزار تمەن کۆ بکەمەوە و بینیرمە بارەگای بەڕێزتان. ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ١٢٩دا ڕادەی ماڵیاتی سابڵاغ ٢٨ هەزار تمەن بەراوەرد دەکا کە ٥ هەزار تمەنی ئی سەردەشتە.

ئەمیر نیزام بۆ سپەهسالاری ئەعزەم دەنووسی کە گوڵاویاغای (نەستانێ) ناردوتە سەردەشت هەتا عوسماناغای گەورک و(ئاغای سوێناس) و خدراغای گەورک، ئەمین بکاتەوە. ئەوان لە سەردەشت بوون کە هەمزاغای مەنگوڕ بە پشتیوانی عەشایری سوێسنی کە لە لای سەردەشت بەرەوە سنووری عوسمانی هەڵکەوتوون، بە شاریان دادا و بە ناچار ئەوان بەرەو ڕەبەت پاشەکشەیان کرد و داوایان کرد کە عەشایری گەورکی لای بانە بە یارمەتیانەوە بچن تا هەمزاغای تێک بشکێنن.

لەو نامەیەدا ئەمیر نیزام لە هاتنەوەی عوسماناغا و خدراغا بە گومانەو داوا دەکا کە ١٠٠ پیادە و ٢٠٠ سوار بە تۆپ و بە یارمەتی ئەحمەد بەگ و بایزاغا و قادراغا و فەیزوڵابەگ و شێخ عەلیخان و ئیدیکە، بە خێرایی هێرش بکەنە سەر هەمزاغا و داروودەستەکەی.

لەو نامەدا هەروەها هاتووە کە نامەیەکی بۆ حاکمی بانە نووسیوە کە بە هەزار چەکدار بێ بۆ سەردەشت و لە پشتەوەڕا هێرش بۆ سەر هەمزاغا بەرێ. هەروەها دەنووسی کە گەورەکانی قەرەپەپاغی ئاگادار کردوە کە محەممەدئاغای مامەش ئاگادار بکەن تا بەرەو لاجان بڕۆن و پیش بە هەڵاتنی هەمزاغا بگرن. بە پێی ئەو نامانە کاتێک هێزەکانی ڕێژیم لە ساباڵاغ وەدەر کەوتن و دەچنە ئاوایی باغچە، گوڵاویاغا ئەمیر نیزام ئاگادار دەکا کە هەمزاغا بەرەو دارمە هەڵاتووە.

جێی ئاماژەیە کە ئەمیر نیزام لە نامەکانی دا بۆ دەرباری شا، دەنووسێ کە باوەڕێ بەو عەشیرەتانە نییە کە دەڵێن: وادەکەین و وا بچی و تا ئێمە هەبیین نایەڵین تەقە لە تفەنگی سەربازێک بێ. نییەتی خراپی ئەو خەڵکە دەناسم و هیچ باەڕێکم پێیان نییە و ئیحتیاتی دەکەم. بەڵام بۆ لەناو بردنی هەمزاغا پیویستێ.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ١٦٢ دا دەنووسێ کە هەمزاغا دوای ئەوە بۆی دەرکەوت کە عوسماغا و خدراغا و ئاغاوەتی سەردەشت، دوژمنایەتی دەکەن و بە هەویان بیکوژن، هەڵات بۆ سوێسنێ(سوسنە) لە محاڵی پشدەر. ناوبراو چوار برا و برازاکان و عەزیز فەتاح و براکەی و ئەمین ئاغا کوڕی قادراغا و فەتحوڵاخان (لە لاپەڕەی ١٧٣ هاتووە کە لە لای دەوڵەت ئەمان دراوە و گەڕاوەتەوە) کوڕی مزەفەرودەولە و شێست حەفتا کەسی دیکەی لەگەڵە. کەس و کار و ژن و منداڵ و باپیرئاغای کوڕی، لە سەید ئەحمەدانن کە سەر بە پشدەرە. قائیمقامی ڕانییە کە سەر بە کۆیەیە، حمایەیان دەکا و باپیرئاغای کوڕیان خەڵات کردوە.

ئەگەرچی هێزی دەوڵەت سابڵاغی گرتەوە و زۆربەی هەرە زۆری عەشایر لەگەڵ دەوڵەت کەوتنەوە، بەڵام خەڵکی کورد ئەمنییەتیان نەبوو و ڕۆژ نەبوو کە دز و جەردەو و قەرەپشی میاندواو، هێرش نەکەنە سەر ناوچەکانی سابڵاغ و خەڵک تاڵان نەکەن.

بە پێی نامەی ژمارە ٨٥ ی نامەکانی ئەمیر نیزام هەر ڕۆژە دەستەی خەڵکی میاندواو بە پشتیوانی حاکمانی مەراغە و پیاوەکانی میرزا موحسین برای ئەمین لەشکر (تیبینی ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ١٦٧ دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکیمیاندوا و مەڕحەمەت ئاوا کە کرمانی و تایفەی کورانلوو  و باڵکانلوی ئەڵابەیگ) هێرشیان دەکردە سەر ناوچەی سابڵاغ و موکری. ئەوانە چەند ڕۆژ لەمەوبەر هیرشیان کردە سەر گوندەکانی ڕەحمەتی مەجید خان، قەباکەندی و سەوزی کە لە ژێر ئیجارەی خاجە ئەرزمان، هاووڵاتی ڕووسییە دابوو، کرد و دوو کەسیان لیکوشتن و ٣٥٠ سەر ماڵات و ١٥ وشتریان بە تاڵان برد. خەڵکی میاندواو و عەشیرەتی باڵکانلوو دیسان سەرەڕۆییان کرد هیرشیان کردە سەر ئاواییەکانی حاجی حەسەن و گردەڕەش و و مەڕ و ماڵاتی خەڵکیان بە تاڵان برد و ٣ کەسیشیان کوشت. هەروەها چوار ڕۆژ پێشتر هێرشیان کردە سەر ئاوایی گوێگتەپە کە ئی قادراغای ئیندرقاشە و لە سێ فەرسەخی سابڵاغ هەڵکەوتووە و ٥ هەزار سەر مەڕ و ماڵاتیان برد و چوار کەسیشیان کوشت. دیارە خەڵکی گوێگتەپە چوار کەسیان لەوان گرتووە کە ئێستا لیرە لە زیندان دان.

ئەمیر نیزام دەڵی کە هیچ بەربەستێک بۆ ئەو هەمووە زوڵم و زۆرییە نییە و ئێستا خەڵکی میاندواو ٤ کەس و ٥ کەس خەڵکیان بەرەو مەراغە وەڕێ خستووە تا خەڵکی ئەوێ هان بدەن تا بە تێکڕایی لە گەڵ ئەڵابەگ، سەرۆکی تایفەی باڵکانلوو و خەڵکی چواردۆڵێ هێرش بۆ سەر دیهاتی موکری بێنن.

ئەمیر نیزام لە نامەی ژمارە ٩٤ دا دەڵی کە محەممەد ئاغای مامەش ٢٠٠٠ سەر مەڕ و ٥٠٠ دانە ماڵاتی دیکەی هێناوەتە مەهاباد و بە ڕێگای میاندواو دا تەسلیم بە حاکمی مەراغە کردووە.

مستەفا قوڵی خانی قراگوزلوی هەمەدانی ڕەئیسی قشوونی ئازەربایجان کە لە ساڵی ١٢٩٨ مردووە و لەسەردەمی ئەمیر نزام دابوو، لە نامەی ژمارە ٩٦ دابۆ دەربار باسی زوڵم و زۆری خەڵکی میاندواو بە دژی کوردان دەکا کە چۆن چەند ڕۆژ پێشتر هێرشیان کردوتە سەر گوندی ساروقامیش و ١٠٠ کەسیان کوشت و (تیبینی لە لاپەڕەی ١٦٨ ی ئەو کتیبەدا هاتووە کە ساروقامیش ئی سولیمان خان، برازای مەجید خان بوو) و چەند ئاوایی دیکەیان تاڵان و وێران کرد.

ئەمیر نیزام لە نامەکانی دا ئاماژە بە ئاماری زیاتر دەکا و دەڵێ کە بە بێ زیادەڕەوی، سەرەرای کوشتی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە خەڵکی کورد و بە تاڵان بردنی زیاتر لە ١٥ تا ١٦ هەزار سەر مەر و ماڵات و تاڵان کردنی ٦ ئاوایی کوردان، هەوڵی دا تا لە نیوان ڕەعییەتەکانی شاهەنشاهی ئاشتی پێک بێنی و داوای لە ئاغایانی موکری کردووە کە تاڵانچیانی میاندواو، بە گەورەیی شا ببەخشرێن.

ئەمیر نزام لە لاپەڕەکانی ١٢٤ و ١٦٨ کتێبی نامەکانی دا هەرچەند ڕادەگەیەنێ کە بە کێشەی میاندواو نارەحەتە، بەڵام بەرپرسایەتی ئەوەی کە بە زۆر پێش بەو زوڵم و زۆرێ بگرێ بەستۆوە ناگرێ ئەگەر دە ئەوەندش بێ و دەڵی نایهەوێ وەک دەستەودایرەی شێخی مەلعون و هەمزاغا بە زۆری چەک بیانکوژێ و خوێنی ڕەعییەتی شاهەنشاهی بە دەستی نۆکەری دەوڵەت برژێنێ. ئەمیر نیزام دەڵێ ئەگەر ئەوان سەرکوت بکەم، خەڵکی ئازەربایجان گلێی و گازەندە و تاوانم بۆ هەڵدەبەستن، ئەگەر لە حەقی خەڵکی چارەڕەشیی "کورد" یش دیفاعێ نەکەم، ئەوە ئاژاوە ساز دەبێ و خزمەتی ٥٠ ساڵەی بە فیڕۆ دەچێ.

ئەمیر نیزام لە درێژەدا لە لاپەرەی ١٦٣ دا دەنووسێ کە بۆ ئاگاداری برێزتان، بۆ لە ناوبردنی هەمزاغا، لە لایەک قادراغا و میرزا ئەبولقاسمی قازی کە پێشینەی دۆستایەتیان لەگەڵ ئەو هەیە، هان دراون کە نامە و پەیامی بۆ بنووسن و ئەگەر قەناعەت بە دیتنی ئەو دوانە بکا تا لە لایەن تۆوە بەڵێنی پیبدرێ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیهێننەوە. لە لایەکی دیکە بە پێی ئەو فەرمانەی کە جەنابی ئەشرەف سپەهسالاری ئەعزم پێیکردووم بە هاوکاری سەلیم خانی چاردۆڵی دەمانەوێ بە هۆی محەممەد ئاغای مامەش و عوسماغای گەورک پلانێک دابنین کە یان هەمزا بکوژن یان بە زیندوویی بیگرن.

لەو پەیوەندییەدا لە لاپەڕەی ۱۷۹ ئەو کتێبە دا هاتووە کە هەمزاغا وڵامی نامەی قادراغای ناردوتەوە. هەروەها ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی۲۲۲ دا دەنووسێ کە قادراغا و میرزا ئەبولقاسمی قازی نامەیان بۆ هەمزاغا ناردوە و ئەویش وڵامی نامەکی داوەتەوە. لە لاپەڕەی ٥٥٧ پەراوێزی کتیبی ئەمیر نیزامی گەروسی، لە نامەی ناوبراو بۆ کوڕەکەی، پاڕاگڕافێک لە نامەی هەمزاغا بو میرزا ئەبولقاسم قازی هاتووە کە تێیدا نووسراوە کە لە کاری قادراغا سەری سوڕماوە. نازانێ کە بۆ وڵامی نامەی ئەوی نەداوەتەوە و جەنابی وەزیری بەرژەوەندی(ئەمیر نیزام) مەڕحەمەتی نەکردووە و هیچی بۆ موخلیسی خۆی نەنووسیوە. ئاشکرایە کە خۆشەویستی بەشک و گومان و یەک لایەنم لەگەڵ ئەو نییە و باوەڕم بە قسە و کارەکانی ئەو هەیە. هیوادارم لوتف بفەرموێ بە زوویی وڵامی تەواوی ئەو خۆشەویستەی بداتەوە بە هەڵگری ئەو نامەیە کە کەسێکی وەفادارە و بەمشیوەیە ببیتە هۆی شادی خۆشحاڵی ئێمە.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی۲۲۲ دەنووسی کە تا دوو ڕۆژی دیکە حەسەن ئاغا خوشکەزای قادراغا و میرزا ئەبولقاسم قازی دەنیرێتە سەردەشت تا لە شوێنیک چاویان بە هەمزاغا بکەوێ و ئیتمینانی بدەنێ. لە لایەکی دیکە هەوڵ دراوە بە هاوکاری بایزئاغا، دووبەرەکی بخرێتە نیوان کاکەلاغا و هەمزاغای برای و کاکەئەلا لەسەر کێشەی خۆی و هەمزاغا بابەتێکی نووسیوە و داوای کردوە کە بەڵێنی پێ بدرێ عەشیرەتی مەنگوڕ بە مەرجی دوژمنایەتی لەگەڵ هەمزاغا لە شوێنی خۆیان نیشتەجێ بکرێنەوە. بەڵام ئەمن وەک ویستی خۆم بە نووسراوە، بەڵێنیم بە محممەدئاغای مامەش و عوسماناغا داوە لە نێو مەنگوڕان دا، تەنیا کەسانێک دەتوانن جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر شوێنی نیشتەجێی خۆیان کە جێی مەتمانەی دەوڵەت بن.

لە لاپەڕەی ۳۱۳ دا ئەمیر نیزام دەنووسی کە هەمزاغا لە قەڵادزێ چادری هەڵداوە. کوتە کاغەزێکی لە وڵامی سەید محەممەد ئەمین نووسیوە و بە قسەش ڕایسپاردووەکە هەرکات خۆی و عەشیرەتەکەی لە ناوچەی مەنگوڕان جێگیر بۆوە و حکومەتی سەردەشتیان پێ ئەسپار و مەجبووریان نەکرد کە بچتە لای حاکم، ئەوکات خزمەت دەکا و مالیاتی سەردەشتێ ئامادە دەکا.

لە درێژەی ئەو نامانە دا هاتووە کە عوسماناغای گەورک، ئاغای سوێناس لەگەڵ گوڵاویاغا لە قالوێ، ئاوایی برایماغا کوری عوسماناغا، تەسلیمی دەوڵەت دەبنەوە، بەڵام خدراغای گەورک تێکەڵ بە هەمزاغا دەبێ. دوایە خدراغای گەورک، هەمزاغای براجی، پیرۆت ئاغای ڕەبەت و مستەفاغای بیتووش و حاجی ڕەحمانی سەردەشتێ دەچنە ماڵە گوڵاوی ئاغا لە نەستانێ و مەترسی خۆیان لە وەسڵ بوون بە دەوڵەت ڕادەگەیەنن. بەڵام بڕیار دەدەن کە لەگەڵ هەمزاغاش نەکەون و بڵێنیش دەدەن کە نەهێڵن هەمزاغاش بێتەوە سەردەشت و ئەگەر هات ئەوان شیاوی کوشتن بن و دەهەزار تمەنیش جەریمە بکرێن.

## پلانی کوشتنی هەمزاغا

ئەمیر نیزام گەڕووسی لە لاپەڕەکانی ٤٢٧ و ٤٣٧ دا باسی نامەی هەمزائاغا بۆ قادراغا و بۆ میرزاقاسم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکا کە لە گەڕانەوەی خۆی نیگەرانە و ڕەزایەتی دەربڕیوە کە یان لە باستامبەگ یان لە یەکیک لە دێهاتی موکریان چاویان پێبکەوێ. ئەمنیش بە میرزا قاسمم گوت کە تەتەر بنێری ڕازی بێ بەو جێگایەی کە ئەو دەڵێ تا بزانیین نەزەری چییە. ئەمن پێموایە کە باشترە هەمزاغا ئەمان بدرێ و ئیزنی بدەن بە خۆی و تایفەکەی بگەڕێتەوە بۆ مەنگوڕایەتی و ئازاد بێ تا هەرکات پیخۆش بێ، بێ بۆ سابڵاغ. بەڵام هەمووکات چەند کوڕ و برازای لە سابڵاغ بن. ئەوجار باشترە کە هەمزاغا پێشتر ئاگادارمان بکا تا بە مەئمورانی سەر سنوور بلێین، پێشی پێنەگرن. بەڵام هەمزاغا پلانەکەی تێک داوە و پەیوەندی نەگرتەوە و ئەمنیش بە پێویستم نەزانی تا میرزا قاسم پەیوەندی پێوە بگرێتەوە و نامەی بۆ بنووسێ. دوو ڕۆژ دواتر کاغەزێک هات و دەرکەوت کە هەمزاغا لە باستەمبەگە. پێمان سەیر بوو کە چۆن بە نێو مامەش و قەرەپەپاغ و گەورکان دا خۆی گەیاندوتە ئەوی کە منگوڕانیش تەنیا بە ئیزن دەیانتوانی بچنە ئەوێ. خێرا میرزا قاسمم ناردە باستەبەگ و بۆ محەممەد ئاغای مامەش و خدراغای گەورکم نووسی کە هەمزاغا دی چاوی بە میرزا قاسم دەکەوێ ڕێی لێ مەگرن.

چوار تا پێنج ساعەت لە چوونی میرزا قاسم تینەپەری بوو کە جەلال خانی قەرەپەپاغ و محەممەد ئاغای مامەش خەبەریان دا کە لە هاتنی هەمزاغا ئاگادار بوون و بە پەلە لە لاجانێ ڕا هێرشیان بۆ کردووە.

لە لاپەڕەی ٥٤٠ پەڕاوێزی ئەو کتێبە دا، ئەبولقاسم کارگێڕێ دەرەوی ڕێژیم لە سابڵاغ دەنووسێ کە تەتەری تایبەتی هەمزاغا کە هەڵگری ئەو نامەیە بوو، لە لاجانێ دەگیرێ و قەرپەپاق و مامەش ئاگادار دەبن و هێرش دەکەن بۆ باستامبەگ. هەمزاغا هەڵاتووە و ئەوانیش کەوتوونە دوای و بە زەحمەت لە چۆمی پەریوەتەوە. بەڵام دوو کەس لە پیاوەکانی خینکاون. قەرەپەپاغ و مامەشەکان دەستبەرداری نەبوون بە تفەنگی مارتینی تەقەیان لێکرد و چەند نەفەریان لێکوشتن و چەند وڵاغیشیان لێ تۆپاندن. کاکەڵای برای هەمزاغاش کە لەو دەوەرە بوو خۆی گەیاندە شەڕەکە بۆ سەلماندنی وەفاداری بە دەوڵەت براکەی وەبەر تفەنگان دا.

ئەمیر نیزام ئەو ڕووداوە ئاوا تاوتوێ دەکا، کە بەو شەڕە کێشەی نێوان مەنگوڕ و مامەش و قەرەپەپاغان قوڵتر بوو و دووبەرەکی زیاتر کەوتە نێو عەشیرەتی مەنگوڕ. ئەو لە کوتایی دا دەنووسێ کە میرزاقاسم لە ڕێگای باستامبەگ دا ئاگاداری پەلاماری مامەش و قەرەپەپاغان بۆ سەر هەمزاغا بوو، بەڵام نەگراوەتەوە و بڕیاری داوە بە دوای هەمزاغا دا بڕوا و هەتا چاوی پێنەکەوێ نەگەڕێتەوە.

لەسەر شێوەی خۆ بەدەستەوەدانی هەمزاغا ئەبولقاسم کارگێڕی بەشی دەرەوە لە سابڵاغ لە لاپەڕەی ٥٤١ پەڕاوێزی ئەو کتێبەدا دەنووسێ کە ڕۆژی ٢ ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ خەبەر هات کە هەمزاغا بە ١٥٠ سوار دێ بۆ سابڵاغ. ئەمیر نیزام باوڕ ناکا بەڵام ڕێکاری کوشتنی خۆش دەکا. دوو ساعەت بۆ تاوپەڕانی ڕۆژی هەینی مابوو کە هەمزاغا و سێ برازا و ٥ نوکەری، کە بە تفەنگی مارتینی موسەلەح بوون و هەمزاغا بۆخۆی تفەنگی توکمەیی بە دەستەوە بوو، لەگەڵ میرزا قاسم، بە هەنگاوی قورس و قایم بەرەو چادری ئەمیر نیزام وەڕێکەوتن. سوارەکانی دیکەی هەمزاغا لە باغی قوبڵە کە هەر ٢ هەزار قەدەم دوور بوو بە چاوەڕوانی مانەوە. ئەوان چوونە چادری بەتاڵی ئەمیر نیزام و ئەمیر نیزام لە چادرێکی دیکە دا لە ٢٠٠ قەدەمی، فەرمانی بە سوارەکانی قوجە بیگلو و ئەفشار دەدا کە چ بکەن. سوارەکانی کاکەڵا برای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمزاغا و مامەش و قەرەپەپاغ، لە قەراغ باغەکە بە سەرسامی ڕاوەستابوون و چاوەڕوان بوون تا بزانن چ ڕوودەدا. لەنەکاو دەنگی تەقە لە چادری ئەمیر نیزام بڵیند بوو و لە یەک کات دا دەماریان لە هەمزاغا و ٨ هاوڕکەی دەرێنان و سەریان بڕین.

آسمان میگفت آن دم با زمین                    گر قیامت ڕا نەدیدستی ببین

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤٤٦ باسی کوشتنی هەمزاغا دەکا بەڵام بەشیک لە ڕاپۆرتەکە قرتاوە و لەسەر کوشتنی هەمزا دەنووسی: کەسانێک کە بۆ کوشتنی ئەوان دەستنیشان کرابوون بە ئیشارەی من یەکجی سواری سەریان بوون و هەمزاغا و سواراغا و عەلیاغا و خدراغای برازای و کوڕەمامە بە نێوبانگەکانی ئەو کە پشت و پەنای بوون، لە پێش چاوی من لەتوپەت کران و ئێستا سەری نەحسی ئەوانە کە مایەی ئەو فەسادە و فتنە گەورە بوو، بە هۆی سەردار بەگ و ڕەوشەن بەگی قوجە بیگلوو کە ئەوانەش دەستیان لە کوشتنی ئەو زاڵمانە دابوو، ناردرانە خزمەتتان.

ئەمیر نیزام لێرەدا لە دەرباری شا دەپاڕێتەوە کە ئەو چاوەڕوانی هیچ بەخششێک نییە بەڵام دەپاڕێتەوە کە لە گوناهی گشت ئەو خەڵکە کە فریوی شێخیان خواردبوو و خۆیان توشی شەرمەزاری کرد بوو، خۆش بێ. ئەمیر نیزام لە درێژە دا دەنووسێ کە دەیهەویست لە کوشتنی هەمزاغا و دەستەو دایرەکەی پەلە نەکا، بەڵام هەستی کرد کە ڕاگرتنی خائینێکی ئەوتۆ مەترسی دارە. قادراغا خەتابار نەبوو ئەگەریش خەتای کرد بێ بە هێنانەوەی هەمزاغا پێویستە لە هەموو خەتاکانی خۆش بن. ئەمیر ئینتزام لە درێژەدا دەنووسێ: لە کاتێک دا مەئموورانی کوشتنی هەمزاغا لە نەکا بە دەمانچە و تفەنگەکانی خۆیان ئەو بەدزاتانەیان وەبەر دەستڕێژیان دا. لە دەرەوەی چادرەکەش دا چەکدارەکان بێ ترس، چادرەکەیان وەبەر گوللان دا کە دوو سواری قوجە بیگلوو و یەکێک لە پیاوەکانی من بە گوللە کوژران و دوو کەس لە پیاوەکانی من و چەند کەسی دیکە بریندار بوون. لەو نێوەدا ٣ گوللەی ماڕتینی عەممامە و لیباسی میرزا قاسمی قازی کون کون کرد بوو، بەڵام بۆخۆی زیانی پینەگەیی.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤٥٣ دا لە درێژەی ئەو ڕووداوە دا دەنووسێ کە جیا لەوانەی لە نێو چادرەکەدا بوون ٨ کەسی دیکەش لە پیاوکانی هەمزاغا، لە دەرەوەی چادرەکە بە هۆی قوجە بیگلوو و پیاوەکانی ئەفشار و قەرەپەپاغ کوژران و سەرجەم بوون بە ١٢ کەس.

لە لاپەڕەی ٥٤٦ پەراوێزی کتیبی ئەمیر نیزامی گەرووسی دا، نووسراوەی میرزا عەلی ئەکبەر بە نەقڵ لە میرزا عەلی ئەسغەری کوڕی، لەسەر کوشتنی هەمزاغا هاوڕێکانی هاتووە کە دوای ئەوە کە تەقەیان لێکرا: ... پیاوەکانی سالار (ئەمیرنیزام) هاتنە نێو چادرەکە تا سەریان ببڕن، سواراغا برازای هەمزاغا کە چەند گوللەی بەرکەوت بوو، پری بە تفەنگی ماڕتینی سالار کە لە گۆشەی ژوورەکە دا بوو داگرت و گوللەیەکی لە حوسێن قوڵی بەگ یاوەری دا(ناوبراو بەو گوللەیە بریندار بوو بەڵام دواتر بەو برینە مرد) و دوایە بە خەنجەر وای لە سینگی کاربەدەست سوڵتان قەجە بیگلوو دا کە خەنجەرەکە لە پشتی هاتەدەر. هەمزاغاش سەرەڕای ئەوەی کە لە چەند جێگا برینەکانی کاری بوون، بەڵام ٤ تا ٥ کەسی کوشت. سەرئەنجام دەست بەسر چادرەکە دا گیرا و سەریان برین و بە نێزەیانەوە کردن. خەڵکی گەرووس بە کوشتنی هەمزاغا ٣ ڕۆژ چراخانیان کرد.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤٥٣ ی نامەکانی دا، باسی ئازایەی خۆی دەکا و دەڵێ نوکەری بەڕێزتان توانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمزاغا و دارودەستەکە کە هەرکامیان لە ئازایەتی دا ئایەتێک بوون، بە بیر و تەگبیر بکوژێ. ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤٥٦ دا دەڵێ ڕەنگە پێیانوابێ کە بە کوشتنی هەمزاغا لە خۆ بایی بوو بم، بەڵام ئەمن دایکم و بابی خۆم دەناسم و لە ژیانم دا نانی خلافم نەخواردووە و شوکری خودا لە دنیای کوردایەتی خۆم دا، شێوەیەک ئازایەتی و پیاوەتیم هەیە و کەسێکی شل و وێڵ و بەڕەڵا و لاپرەسەن نیم و لە خلاف و تەفرەقە بە دوورم.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤٥٨ دا باسی ئەوە دەکا کە چۆن هەمزاغای لە داو خستووە و دەڵێ هۆی ئەو کارە ئەوە بوو کە هەمزاغا هەستی پێکرد کە کاکەڵا بە زوویی دەبێتە هەمەکارەی مەنگوڕان و کەس لەگەڵ ئەو نامێنێ. بۆیە بە ناردنی یەک دوو نامە فریوی خوارد و خۆی لەو داو هاویشت و بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ئەو ڕۆژە کە هەمزاغا کوژرا، کاکەڵا و دوو برای دیکە لە سابڵاغ بوون. کاتێک ئاگاداری کوشتنی هەمزاغا بوون ترس دایگرتن و پێیان وابوو کە لاگری ئێمەیان لە دەست داوە. بەڵام ئەمن ئەوانم بانگ کرد و لە پێش سەری بڕدراوی هەمزاغا، کە لە پێش چادرەکە کەوت بوو، خەڵاتم کردن و دڵنەواییم دانەوە و گوتم بچن لە کەس و کاری مەنگوڕان، هەرکەس کە بەڵای دیوە بیانهێننەوە و لە شوێنی خۆیان جێگیریان بکەنەوە.

ئەمیر نیزام گەرووسی لە لاپەڕەی ٤٦١ لە درێژەدا دەنووسێ کە بە زوویی٤ کوڕی هەمزاغا کە دوویان منداڵن و چەند کەس لە منداڵەکانی سواراغا و کوژراوەکانی دیکە، دێنەوە لای کاکەڵا. دیارە هەوڵ دەدرێ کە ئەوانەش هەر بگەڕێنەوە. ئەمیر نیزام ڕادەی ئەو ماڵانەی کە لەگەڵ هەمزاغا بوون بە ١٥٠٠ ماڵ بەراوەرد دەکا.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤٦٦ دا دەنووسێ کە ئێلی مەنگوڕ بە هۆی کاکەڵای ئامێدێ هاتنەوە سەر جێی خۆیان و کاکەڵا چەند ڕۆژ پێش هات و ٧ دانە یەستری بە دیاری هێنا و ئەمنیش حاڵیم کرد کە دیاری بۆ شایە و ئەویش قبووڵی کرد کە بچێتەوە ٣٠٠ تەمن پێشکێشی بنێرێ. ئەگەر هات لەگەڵ یەسترەکان دەینێرمە خزمەتتان.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٢٤٨ دا سابڵاغ بە ناوەندی گەندەڵی دادەنێ و دەڵێ کە شێخ لەو خەڵکە وەک ئامرازی فەسادە کەڵک وەرگرتووە و دەڵێ بە بێ خۆ هەڵکێشان ئەگەر کردەوەی ژیرانەی من نەبوایە کە ئەو خەڵکەم غافڵاندوە دەنا دوای هاتنی هێزی دەوڵەت هەموو یاغی دەبوون و فیتنەیەکی گەورەیان دەخولقاند.

هەرچەند ئەمیر نیزام لێرە ئاوا خۆ هەڵدەکێشی کە بێشک ڕاست دەکا، بەڵام لە لاپەڕەی٣٥١ لە نامە بۆ دەرباری شا ئاماژە بەوە دەکا کە ڕۆژنامە نووسانی ئەمین و لێکۆڵەرانی سادقی دارولخلافە نووسیویان کە ئەمن پیاوێکی دنیایی و سواڵکەرم و هەموو کارەکانم وەلا ناوە و بەدوای تاڵانی ڕاو و ڕووتی ماڵی خەڵک لە گەڕووس و لە سابڵاغ کەوتووم و تا ئێستا ٦ تا ٧ هەزار تمەنم لێداوە. هەروەها نووسیویانە کە بە بێ تاوان ئەحمە بەگم دارکاری و زیندانی کردوە و جەریمەم کردوە و کارەکانم بە قادراغا و میرزا قاسمی قازی و فەیزوڵابەگ ئەسپاردووە و هەموو ئیختیارێکم داونێ بەو شێوەیە هەموو ئەعیان و ئاغایانم نائومێد کردووە. ئایا دروستە کە بەرێوەبەرانی دەوڵەت دوای ٥٠ ساڵ خزمەت، هێستا ئەمنیان نەناسی بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیارە دوای گرتنەوەی ساباڵغ دیسان بە ڕواڵەت دەنگۆی پشتیوانی عوسمانی لە شیخ و هەمزاغا بە هێز بوو و لە لاپەرەی ١٩٦ دا ئەمیر نیزام نامەی مەلا محەممەد ئەمین ساوجبلاغی هێناوە کە لە بانە ڕا بۆ براکەی، مەلا عەبدوڵا لە سابڵاغ نووسیوێتی و تێیدا هاتووە کە لە ڕۆژنامەیەکی ئینگلیسی دا نووسراوە کە هەرچی کوردستانە دراوە بە شیخ عوبەیدولا و ئەویش قبووڵی کردوە و هەموو ڕۆژێ سەرباز و ئازوقە دینە سولەیمانێ و دەبێ ٧٠ تابوور بدەن بە شێخ. ئاشکرایە ئەو بەهارە ئاڵۆزی گەورە ساز دەبێ، ئیدی بۆ خۆتان دەزانن، بۆخۆتان ئاقڵو هەیە.

## رووس بە کوشتنی هەمزاغا تورەیە

لە لاپەڕەی ٥٥٢ پەراوێزی کتیبی نامەکانی ئەمیر نیزامی گەرووسی دا، نامەی ناوبراو بۆ کوڕەکەی هاتووە کە ئامۆژگاری دەکا کە هەوڵ بدرێ تا کارگێرانی دەوڵەت لەسەر کوشتنی هەمزاغا قانع بکرێن کە چۆن وڵامی نارەزایەتی سفارەتی ڕووس لەمەر کوشتنی هەمزاغا بدەنەوە. ئەمیر نیزام دەنووسی کە سفارەتی ڕووس یان دەبێ قانع بن کە کارێکی باشمان کردووە، یان قانع نابن و ئەو کێشەیە درێژە دەکەنەوە و قسەکەیان ئەوە دەبێ کە مەئمووری دەوڵەت بەڵێنی بەجێ نەگەیاندووە و ئیعتباری دەوڵەتی بەلای کوردان سست کردوە. ئێمە نازانیین مەبەستی ڕووس لە گازەندەیە چییە؟ ئەگەر وادابنین قەول و بەڵێنیمان شکاندوە، ئەوە زیان بە کام سیاسەت دەگەیەنێ و ئەوان چیان لە ئێمە دەوێ؟ وەزارەتی دەرەوە دەبێ بە باشی لە پشت ئەو سیاسەت و بووچوونە ڕابوەستێ. نابێ کوردانی بەدزات بزانن کە لە لایەن سفارەتەکانەوە لەمەر کوشتنی هەمزاغا ئیعتراز کراوە. نابێ ئەمن لێرە بانگ بکەنەوە. ئەمن لە پێناو نۆکەری شادا ئەو کارەم کردوە دەنا ئەگەر ممبەنەوە و لەسەر کوشتنی هەمزاغا ممکوژن ئیفتخار دەکەم. ئەمن لە کوشتنی هەمزاغادا بێ عەقڵ نەبووم، بەڵکوو دوو ڕۆژ لەگەڵ زۆر ڕاوێژکار و کەسانی جێی باوەڕم قسەم کردووە. هەمزاغا بۆ ئەوە نەدەبوو لێیخۆش بی و ڕێگای بدەی لە شوێنێک دابنیشی بۆ زیندانیش نەدەبوو. ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە شازادە لوتفعەلی خان ویستی زیندانی بکا، بەڵام ئەو بەو ئازایەتیی کە هەیبوو، دووکەس لە پیاوەکانی کوشت و خۆی دەرباز کرد و کەس تۆزی نەشکاند.

ئەمیر نیزام دوایە پێشنیار دەکا کە وەزارەتی دەرەوە چۆن وڵامی سفارەتی ڕووس بداتەوە و تەنانەت دەقی نامەکەش ئامادە دەکا.

ئەگەر ئەمیر نیزامی کوردی ئازا و بەغیرەتی نۆکەری شا لەبەرانبەر بە ڕەگەزی خۆی ئازا و بەغیرەتە و کەس ناوێرێ پەل بزوێ، لەبەرانبەر بە ڕووسی بێگانە دا لامە لامە دەکا و دەپاڕێتەوە تەنانەت بۆ شێوەی کوژرانی هەمزاغاش شانۆی دیکە دادەرێژێ و دەیخاتە سەر ئەستۆی کەسانی دیکە. ئەمیرنیزام لە نامەکەی دا دەنووسێ کە بە ڕووسان بڵێن کە کاتێک هەمزاغا لە نەکاو هاتەوە بۆ سابڵاغ، ٢٠٠ کەس لە پیاوەکانی لە پشت بەرزایەکانی شار دانا و بۆخۆی بە ١٢ کەس لە چادری وەزیری بەرژەوەندی گشتی، وەژوور کەوت و یەک ڕاست چوو لەسەر کورسی وەزیر دانیشت. فەڕاشباشی پییدەڵێ کە ئەوە کورسی وەزیرە، ئەتۆ لە خوارتر دانیشە. بەڵام هەمزاغا بە توندی وڵامی دەداتەوە. لەوکاتە دا ئەو سەرباز و چەکدارانەی کە لە کاتی هاتنی هەمزاغا دا لە دەوری چادرەکە کۆ ببوونەوە، لەگەڵ پیاوەکانی هەمزاغا دمەتەقەیان لێ پەیدا دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە نێو چادرەکەدا لەنەکاو سواراغا و دوو برازا و خوشکەزای هەمزاغا ڕادەپەڕن و هێرش دەکەنە سەر پیاوەکانی دەوڵەت. نووری عەلی سوڵتان سەردەستەی هێزی هەوشار و ئەحمەدخان و بەهرامقوڵی، سوارەی فەوجی قوجە بیگلوو و نۆکەریکی وەزیر بە دەمانچە و خەنجەری هاوڕێیانی هەمزا دەکوژرێن و حوسێنقولی بەگ، یاوەری فەوجی ٥ ی شقاقی و ٣ پیاوی قوجە بیگلوو و وەزیری بەرژەوەندی بریندار دەبن. لەوکاتە دا سەرباز و سوارانی دەوڵەت بە مەبەستی دیفاع و بەرگری لە خۆ تەقە، دەکەن و ئەوان دەکوژن. بۆیە هەر لە هاتنی هەمزاغا تا کوشتنی ئەو، وەزیری بەرژەوەندی (ئەمیر نیزام) لەوێ نەبووە. ئەوەیە ڕاستی ڕووداوی کوشتنی هەمزاغا و هەرکەس غەیرە ئەوە باس بکا یان بینووسی، ڕاستی نەگوتووە و بەمشێوەیە دەتوانن نیگەرانی سفارەتی ڕووس بڕەوێنن.

## ئاشت کردنەوەی خەڵکی میاندواو و سابڵاغ

ئەبولقاسم کارگێڕی دەرەوەی دەوڵەت لە سابڵاغ لە لاپەڕەی ٥٤١ پڕاوێزی کتێبی نامەکانی دیوانی ئەمیر نیزامی گەڕووسی دا دەنووسێ کە یەک ساڵی تەواوە، نیوان خەڵکی سابڵاغ و میاندواو هامووشۆ پچڕاوە و کورد لەبەر شەرمزار بوون لە ئاکاری دزێوی خۆیان، ناوێرن بە لای میاندواو دا تێبپەڕن. ئەمیر نیزام هەوڵ دەدا ئاشتی لە نیو ئەوان دا پێک بێنێ. حاجی میرزا یوسفی دایی تەورێزی و مەلا عەلی قازی بەیات کە بە سەیفولقوزات بەنابانگ بوو، لەگەڵ زۆر ڕدێنی سپیی میاندواو مەراغە لە لایەک و لە لایەکەی دیکە، میرزا عەبدولوەهابی قازی و میرزا عەبدولقادری قازی و هێندێک لە پیاوە گەرەو و ماقوڵەکانی دیکە و ئەمیر نیزام، چوونە میاندوا و چەند ڕۆژ مانەوە و کێشە و ناخۆشی نیوان سابڵاغ و میاندواویان کۆتایی پیهێنا.

ئەمیر نیزام لە نامەکانی دا دەنووسێ کە سەرەرای کوشتی زیاتر لە ١٠٠ کەس و بە تاڵان بردنی زیاتر لە ١٥ تا ١٦ هەزار سەر مەر و ماڵات و تاڵان کردنی ٦ ئاوایی کوردان، هەوڵی دا تا لە نیوان ڕەعییەتەکانی شاهەنشاهی، ئاشتی پێک بێنی و داوای لە ئاغایانی موکری کرد، تا بە گەورەیی شا، تاڵانچیانی میاندواو ببەخشن.

لە وێنووسی ڕوانگە لە وەرگێڕانی حەسەنی قازی، جان چالێنکۆ لە ساڵی ١٩١٣ بە نەقڵ لە "ئیاس" کونسوولی ڕووس لە مەهاباد، لەژێر عینوانی "باییزپاشای مەنگوڕ و باپیرئاغای مەنگوڕ" باسی ئەو دوو کەسایەتییە بە تایبەتی کێشەی باییز پاشا لە ساڵی١٩٠٥ دەکا و دەنووسێ:

باییزپاشای مەنگوڕ و باپیرئاغای مەنگوڕ

بەرلەوەی کە پاشماوەی فاکتەکان لەمەڕ مەنگوڕان کورت بکەمەوە، لەوانەیە یارمەتیدەر بێ ئەگەر پۆرترەیەکی کورتی ئەو دوو سەرۆکە ڕقەبەرانەی لکی بلْباس بکێشمەوە. لەقەبی باییزپاشای مەنگوڕ ڕەئیسولعەشایر (سەرۆکی عەشیرەتەکان) و لەقەبی باپیرئاغای مەنگوڕ سالارولعەشایر (ڕێبەری عەشیرەتەکان)ە. ئەوان ئامۆزان نەک هەر لە لای بابەوە، بەڵکوو لە لایەن دایکیشانیەوە. ئەوان نەوەی سەرۆکی کۆچکردووی عەشیرەتی مەنگوڕ باپیرئاغان، کە ١٩ کوڕی هەبووە. بە پێی بلەوەزی و ڕاڕایی دەستەڵاتدارانی ئازەربایجان و تەگبیری بێ سەباتی خۆیان، هەر دووکیان لە سەروبەندی جیاواز دا و بە سەرکەوتوویی جیاواز، مەزنایەتی عەشیرەتەکەیان کردووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ دوژمنایەتی خوێنی و شەخسی لە نێوانیان دا نییە. باییزپاشا پیاوێکی کەڵەگەتی چوارشانە و بەخۆوەیە و هەیکەڵیکی وەرزشکارانەی هەیە. ئەو هەوای دەستەڵات و هێز لە خۆیەوە نیشان دەدا بەڵام لە هەمان کاتدا پیاوێکی کراوە و ڕەپ و ڕوویە. باییزپاشا هەر کوردی دەزانێ. باپیرئاغای مەنگوڕ بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئامۆزاکەی کورتترە، کابرایەکی خرپنی، حیلەبازە و ئامادەیە بۆ جامەلۆسکێ و زمان چەوری، پیاوێکی پیلانگێڕە و بە ڕەوانی بە کوردی، فارسی، تاتاری (مەبەست ئازەربایجانی یە، وەرگێڕ) و تورکی قسە دەکا.

هەشت ساڵ لەمەوبەر ( دەبێ ساڵی ١٩٠٥ بێ) باییزپاشا، وەکوو سەرۆک عەشیرەتی مەنگوڕ، کەوتە بەر ئازار و ڕاوەدوونانی حاکمی سابڵاغ، شازادە ئیمام قوڵی (میرزا)، کە داوای دانی ٥٠٠ تمەنی لێکرد. باییز پاشا لە بەر ئەوەی ئەو بڕە دراوەی نەبوو، ناچار بوو هەڵێ بۆ تورکیا؛ لە ئاکامدا باپیرئاغای مەنگوڕ سەرۆکایەتی عەشیرەتەکەی بە دەستەوە گرت. ئاکامەکانی هەڵاتنی باییزپاشا و داڵدە بردنی بۆ تورکیا باش زاندراون. ڕۆژێکی خودای دەستەی عەسکەری فازیل پاشای تورک لە سنوور پەڕینەوە و هاتنە نێو خاکی ئێران، ناوچەی سەرسنووریان داگیر کرد. کاربەدەستانی ئێرانییان دەرپەڕاند و دەستیان کرد بە تاڵان و ڕووتکردنەوەی خەڵکی مەدەنی بە هەمان گەرمی و مرخی کوردەکان. فازیل پاشا دەستەڵاتی باییزپاشای مەنگوڕی دامەزراندەوە و دوای ئەوە باپیر ئاغا بە بیستنی هاتنی تورکەکان بەرەو سابڵاغ، لەگەڵ حاکمی ئەودەمی سابڵاغ، شوجاعودەولە تێیانقووچاند و بەرەو مياندواو هەڵاتن. ئاخرەکەی باپیرئاغا لەوێ مایەوە و لە لایەن ئێرانەوە مووچەی بۆ بڕاوە. لەهەمان کاتدا، تورکەکان، باییزپاشای مەنگوڕیان خستە بن باڵی خۆیان، نازناوی "پاشا" یان پێ بەخشی، چەندین میداڵیان دایە و تەنانەت مووچەیەکی مانگانەیان بە بڕی ١٠ لیرەی تورکی بۆ بڕییەوە، کە ئەو دوایین جار پێنج مانگ لەمەوبەر وەریگرتووە. دوای پاشەکشەی تورکەکان لەو ناوچەیەی قڕەی لە سەر بوو، باییزپاشای مەنگوڕ لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی دیکەی سەر سنوور هاتنە سابڵاغ و وەفاداری خۆیان لە ئاست حکوومەتی ئێران ڕاگەیاند. لەو دەمییەوە ئەو لە چاوی دەستەڵاتدارانی ئێرانی دا وەکوو سەرۆکی عەشیرەتی (مەنگوڕ) ناسراوە.

حەسەنی قازی لە ماڵپەری ڕوانگە دا باسی ل.ئۆ .فاسوم یەکێک لە میسیونیرەکانی هەندەران کە بۆ پەرەستاندنی خزمەتی ئایینی مەسیحی لەسەرەتای سەدەی بیستەم لە مەهاباد نیشتەجێ ببوو دەکا کە لە نامەیەک دا لەگەڵ ناردنی چەند وێنە لەسەر ناوچەی سندووس و مەنگوڕایەتی بۆ بەرپرسانی خۆی، بە ڕێکەوتی ٧ مانگی مای ١٩١٣ دا دەنووسێ: ... ئەمن لە گەڵ ئەم نووسینە دا وێنەیەکی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ئەو ناوچەیەتان، کە لەگەڵ ژمارەیەک لە عەسکەری ترک دەبیندرێن پێشکێش دەکەم، داخودا ئێوە یارمەتی بە میسیۆنەکەی ئێمە دەکەن بۆ کارکردن لە نێو کوردەکاندا؟

## ناوچەی مەنگوڕان

ئەو ناوچەیەی کە ئەو عەشیرەتە هەرە ترسێنەرەی نێو هەموو کوردەکانی کوردستانی ئێرانی تێیدا دەژی، لە باشوور و ڕۆژئاوای سابڵاغ هەڵکەوتووە. ناوچەکەیان نزیکەی ٥ میل لە شاری بەولاوە دەستپێدەکا و تا نزیکەی سەردەشت درێژ دەبێتەوە و بریتییە لە نزیکەی ١٠٠ گوند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە نێو ئەو عەشیرەتە مەنگوڕە وەحشی و ئاشقە شەڕە دا ئەمن کوردی هەرە دم بەپێکەنین و قسە خۆشم دیوەتەوە کە لە هیچ کوێی دیکە نەمدیوە و وای بۆ دەچم  ئەوان زۆر دۆستانە لەگەڵ میسیۆنێرییەکانی بێگانەدا ببزوونەوە. زۆر جار وەک کوردی چاوشین باسیان لێوە دەکرێ. لە ماوەی ساڵەکانی دوایی هێرشی ڕووسەکان بۆ سەر خاکی ئێران ئەوان ڕووحییەی باش و قسەی خۆشی خۆیان



Kurdish Chiefs from the Solduz District.

پاراست و سەرنجی خەڵکی دیکەیان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشا بە وەی ڕا کە ئیدیعا بکەن خزمی ڕووسە چاوشینەکانن. هێندێکان دەڵێن ئەوان لە زەمانی قەدیم لە قەوقاسەوە کۆچیان کردووە بۆ ئێرەکانە و بوونە کورد. هەرچییەکی بێ، ئەوان ئێستا بە تەواوی کوردن وەک هەموو کوردێکی دیکە.

ئەمن لەم ژمارەیەی " کوردستان میشنێری" دا وێنەیەکی " باب مەزن و سەرۆکی هەموو مەنگوڕەکانتان" کە دوو کوڕەکەی لە دەوری ڕاوەستاون پێشکێش دەکەم. ئەو بە دوو نێو یان نێوبانگی جیاواز مەشهوورە: باییز ئاغا و باییز پاشا. نێوەکەی پێشوو نێوی ڕاستەقینەیەتی و ئەوەی دووهەم نێوبانگێکە کە چەند ساڵ لەمەوپێش ترکەکان داویانەتێ، کاتێک ئەوان هێرشیان کردە سەر ئەم بەشەی کوردستان و هەموو جۆرە دەک و دۆڵاب و لەقەبی نێوبەتاڵیان بەکار هێنا بۆ ئەوەی نییەتی باشی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بقۆزنەوە و ئەوان بەرەولای خۆیان ڕاکێشن و دڵیان وەدەست بهێنن.

باییزپاشا برازای سەرۆک عەشیرەتی گەورەی کورد قادر ئاغا یە، کە میسیۆنەکەی ئێمە ساڵی ڕابردوو لە خانووبەرە کۆنەکەی ویدا دامەزرا. لەم وێنەیە دا باییزپاشا و کوڕەکانی لە جلوبەرگی نموونەیی کوردی دا دەبیندرێن، هەر کامێکیان تفەنگێکی مارتینی بە دەستەوەیە و چەندین ڕیزە فیشەکدانی لە خۆی شەتەک داوە کە پڕن لە فیشەک و خەنجەرێکی خۆماڵیشی لە بەر پشتێندی چەقاندووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



Chief Baiz Agha and his two Sons.

ئەم سەرۆکە نوێنەرێکی بەنرخی گەورەترین بنەماڵە کوردەکانی هەموو ئێرانە. ئەو ئێستا تەمەنی لە نێوان ... ساڵان دایە. لە حاڵی حازر دا سەرۆکی هەرە بە توانا و هەرە بە دەستەڵاتی ئەم بەشەی کوردستانە. بەڵام، وەک دەگوترێ لە گەڵ هەموو بێگانان زۆر بە گەرمی دەجووڵێتەوە.

ئێمە دەبێ لەو ناوچەی مەنگوڕانە دامەزرێین، ئەگەر بەشێوەیەکی هەمیشەیش لەوێ پێگەیەک ساز نەکەین، دەبێ کەسێکمان هات و چووی ئەوێ بکا. ئەو ناوچەیە بریتی یە لە ١٠٠ گوند یان زیاتر و بە شێوەیەکی ئاوا هەڵکەوتووە کە لە سابڵاغ یان سەردەشتەوە مرۆ دەتوانێ بە دە سەعات بگاتە نێوەندەکەی و بێ ئەملاو ئەلا شوێنێکی هەرە لەبار و بە جێیە بۆ هەستی میسیۆنێری ئێمە...

دڵسۆزتان ل.ئۆ. فاسوم

لە وێنووسی ڕوانگە دا لە گوزاریشی ژمارە ٨٦ ی ئێلێکساندر ئیاس لە ساڵی ١٩١٣ دا بە وردی باسی کێشەی ناو عەشایری مەنگوڕ و عەشایری دیکە دەکا کە بە فیتی شوجاعودەولە حاکمی ئازەربایجان لە نیوان باپیرئاغای مەنگوڕ و بایزپاشای مەنگوڕ کە ئامۆزا و نەوەی باپیرئاغای گەورە بوون دەکا. باپیر ئاغا هێندێک لە ئاواییەکانی بایزپاشا داگیر دەکا و ئەو ڕادەکا بۆ ئاوایی بێنگوین و حەسەن چەپ. شوجاعودەولە کە زۆر دژی بایز پاشا بوو فەرمان بە حاکمی موکری سابڵاغ دەدا تا هۆی عەشایری دیکەی کورد، وەک بەگزادە و دێبوکری و گەورک، پیران و مامەش قەرەپەپاغ و گوردانی قازاخی ئێرانی کە پێگەی لە نەغەدە و لە ژێر حوکمی ڕووسان دابوو، دەدا تا لە گەڵ هێزی باپیرئاغای مەنگوڕ بکەون بە مەبەستی هێرش بۆ سەر بایز پاشای مەنگوڕ لە دێیەکانی کیتکە، جانداران. باپیرئاغای مەنگوڕ بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پشتیوانی ئەوانە دەست دەکا بە سووتاندن و تالانی موڵک و ماڵی بابیزپاشای مەنگوڕ و لایەنگرانی لە ترکەش و نەڵێن.
بابیزپاشای مەنگوڕ نەیتوانی لە بەرانبەر بەوانە دا خۆی ڕاگرێ و بەربەرەکانی بکا و دواتر داوای ئەمانی لە کۆنسوولی ڕووس کرد و بە هێندێک مەرج کە بریتی بوو لە مل ڕاکێشان بۆ حکوومەتی شا و ئیدارەی ناوچەیی و دەست شوتن لەو ئاوایانەی کە داگیری کردبوو، خۆی بە کۆنسوولی ڕووس لە مەهاباد ناساند.
مێژووی کۆڵنەدانی عەشیرەتی مەنگوڕ لە قسەکانی ئاغای ئیبراهیم ئەدهەم لە ڕۆژی ٢ ی ڕێبەندان ١٩٤٦دا بە جوانی دەردەکەوێ کە لە ژمارەی ١٥ی ڕۆژنامەی کوردستان دا چاپ بووە:

**نوتقی ئاغای ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم**

پاش ئەوەی تەبریکی جێژنی سەربەخۆیی کوردستانی بە حزوری پێشەوای موعەزەم و هەمو حازران گەیاند گوتی: تەواوی ئێلی مەنگوڕ بە تایبەتی بابوباپیری من بۆ دەفعی دیکتاتۆران و دەرهێنانی نیشتمانی کوردستان لە ژێر چەنگی وان هەمیشە دەکێشە و ملە و هەرادا بوون. حەمزە ئاغای گەورەی باپیرم کە زۆر بە نێوبانگە چەن جار دەگەل بلەوەزەکانی ئێران بە شەڕ هاتوە و مەراکیزی لێ چۆڵ و وێران کردون و بە دەسیسەی ئێرانییان لە ئاستەنبول ١٢ساڵ گیرا پاش بەربون دیسان چەن جار لە گەڵ ئێرانییە موستەبیدەکان بە شەڕ هاتووە تا چارەیان نەما بە فێڵ و فریو حەمزە ئاغایان دەگەڵ کاکە سواری برایم ئاغا گرت و سەریان بڕین و سەرەکەیان بۆ تارانێ برد.
سەرەڕای ئەوانە، دواتر بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ، لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، بە پێچەوانەی زۆربەی خەڵکی مەنگوڕ، پشتیان لە کۆمار کرد و بۆ سەقامگیر کردنەوەی دەوڵەتی پاشایەتی ئێران لە کوردستان دا هەوڵیان دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## عەشیرەتی دێبۆکری

عەشیرەتی دێبۆکری، یەکێک لە گەورەترین هۆزەکانی ناوچەی موکریانن. چەند کەس لەو عەشیرەتە لە کۆتایی ساڵەکانی سەڵتەنەتی نادرشای هەوشاردا، لە شاری ئامێدی باکووری کوردستان ڕا هاتنە ئاوایی "بەیرەمۆی" پیرانشار و پاشان لە گوندی دێبۆکری نیزیک مەهاباد جێگیر بوون و بەو بۆنەوە ناسناوی "دێبۆکری"یان پێدرا. مێژووی بنەماڵەی دێبۆکری ناڕونە و بەڵگە و سەرچاوەی ئەوتۆ بەدەستەوە نییە کە ڕاستی وردەکارییەکان و سەربردەو چوونییەتی هاتنی ئەو بنەماڵەیە ڕوون بکاتەوە. سیامەند شێخ ئاقایی لە کتێبی "باب و باپیرانم" دا دەنووسێ کە لە سەرەتای ساڵەکانی ۱۷۰۰ زایینی بەیرەم کوڕی ئەحمەد ئاغا، کوڕی عەرەب ئاغا بە ۷ ماڵی خزمەوە لە دیاربەکر ڕا هاتووتە مەڵبەندی موکوریان و لە ئاوایی دێبۆکر لە ۸ کیلومیتری ڕۆژئاوای مەهاباد نیشتەجێ بووە.

لە نێو ئەندامانی ئەو ۷ ماڵەدا، دوو کوڕ ئاشقی کچێک دەبن، بەڵام کچەکە هەر یەکیانی خۆش دەوێ و کوڕەکەی دیکە، کچە هەڵدەگرێ و پەنا بۆ ماڵە بەیرەم ئاغا دەبا. دوای ڕاوتەدبیر بۆ ئەوەی کێشە ساز نەبێ، کچە بڕیار دەدا واز لە کوڕە جحێڵان بێنی و مێرد بە بەیرەم ئاغا بکا. بەیرەم ئاغا لەو ژنە دەبێتە خاوەنی ٥ کوڕ کە بریتین لە:

١- ڕەسوڵ ئاغا ٢ – محمەد ئاغا ٣ – عەبباس ئاغا ٤ - سلەمان ئاغا ٥ – شێخ ئاغا.

ماموستا هێدی لە کتێبی "ئاوینەی شکاو" دا بە شێوەیەکی دیکە باسی پێشینەی ئەو عەشیرەتە دەکا و دەنووسێ کە بیرەم ئاغا لە ناوچەی "دزەیی" کوردستانی عێراقەوە هاتوتە کوردستای ئێران. بە بڕوای مامۆستا هێدی، ئەو کۆچە دەبێ بە هۆی کێشەی خوێن و دوژمنایەتی ڕووی دا بێ. مامۆستا هێدی دەڵێ کە پێکهاتەی دێبۆکری ٦ تیرەیە کە بریتین لە مارف ئاغا، هەبباس ئاغا، شێخ ئاغا، حەمەد ئاغا، برایم ئاغا و سولەیمان ئاغا.

بە پێی لاپەڕەی ١٥ کتێبی "چارەنووس" لە نووسینی دوکتور حەسەنی شەتەوی، هۆزی دێبۆکری لە زەمانی کەریم خانی زەند دا هاتوونە ناوچەی موکوریان. بەیرەم ئاغا ٥ کوڕی بە ناوەکانی سولەیمان، ڕەسووڵ، مستەفا، ئەحمەد و برایم ئاغا هەبوو.

کەسانی دیکەش سەربردەی ئەو عەشیرەتە دەبەستنەوە بە عەشیرەتی قارەمانی یان کارامانلو کە گوایا یەکەم میرنشینی کورد لە دەڤەری دیاربەکر بوون. سوڵتان محەمەد یاغوز، هێرشی کردوونە سەر و تێکیشکاندون و بەشیک لەوانە پەروازەی کوردستانی ئێران بوون.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٥٨ دا لەسەر عەشیرەتی دێبۆکری دەنووسێ: ڕۆژهەڵات و باشووری مەهاباد جێگەی کۆبوونەوەی پۆلێک لە سەرۆکە بە نەوزەکانە کە لە موکری گەورە ڕا هاتوونە خوارێ و ئێستا دێبۆکرین کە هەرجارێک ناجارێک لە دریژایی چەرخی هەژدە و نۆزدە دا لەگەل بڵباسیان شەڕیان کردوە.

ئیگلتۆن، دەڵێ کە دوو بنەماڵەی ئەوان لە بۆکان ناوبانگی ئیلخانیزادە و بنەماڵەی سێهەم ناونگی عەلیاریان هەڵبژاردووە. هەروەها نەوەکانی کەریم ئاغا لە باکووری مەهاباد ناوبانگی کەریمیان هەڵبژاردووە. لقەکانی دیکەی ئەو عەشیرەت کە لە دەوروبەری مەهاباد دەژین، بریتین لە عەزیزی، پیرۆتی، مەعروفی و فەتاحی.

سەید محەمەدی حەمیدی لە ژمارە ٦٨ ی ڕۆژنامەی کوردستان دا، لە سەر پێکهاتەی عەشایر دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درێژەدەدا دەنووسێ: عێلی دێبووکری شەس هەزار خانەوار دەبن لە مەڵبەندی نێوان مەهاباد – سەقز میاندوواو دادەنیشن.

دوکتور جەوادی قازی لە تێزی دوکتورایەکەی دا، باسی عەشیرەتی دێبۆکری دەکا و دەنووسێ کە بابەگەورەی ئەوان ئاشەوانێکی خەڵکی گەرمێن بوو. ئەگەرچی خۆیان بە خەڵکی دیاربەکر دەزانن بەڵام دۆم بوون. بەیرەم( بەیرەم گوێبڕاو) بابە گەورەیان لە ساڵی ١٠١٠ مانگی هاتۆتە ئاوایی باڵانیش و لەوێشڕا هاتوونە دێبۆکر. لەوێ دەبێ بە ئاشەوان و دوایە ژنی تیگەیشتوو و ژیری تەڵاق دراوی ئاغای ئاوەدانی دێنی. بەیرەم ئاغا بە هۆی ئەو زەماوەندە دەوڵەمەند دەبێ و دەبێ بە ئاغا.

عەشیرەتی دێبۆکری لە ٥ بەرە و ٣٠ بنەماڵە پێکهاتوون کە بریتین لە: بەرەی مارفئاغا: ئێلخانیزادە، عەلییار، حەمیدی، ڕەسووڵی، حیسامی، موهتەدی، پیرۆتی، گولابی، مەعڕووفی.

بەرەی حەمەد ئاغا: موزەففەری، محەممەدی، کەریمی، فەتاحی، سەددیقی، دێبۆکری، موجەڕەد.

بەرەی هەباس ئاغا: عەبباسی، شەهابی، قادری، فەرید.

بەرەی سڵەمان ئاغا: قارەمانی، بایەزیدی، ئەبووبەکری، دانیشمەند، محەممەدی، ئەحمەدی، سولەیمانی.

بەرەی شێخ ئاغایی: شێخئاغایی، حەقیقی.

بەیرەم ئاغا دوای ٥ ساڵ نیشتەجێ بوون لە ئاوایی دێبۆکر کۆچی دوایی کرد. گڵکۆی ناوبراو کەوتۆتە "پیروبایز" کە لە نیوان ئاوایی دێبۆکر و قازیاوا(کە ئێستا کەوتوتە ژێر ئاوی سەدێ) هەڵکەوتووە.

بە پێی لاپەڕەی ١٥ کتێبی "چارەنووس" لە نووسینی دوکتور حەسەنی شەتەوی بە دوای کۆچی دوایی بەیرەم ئاغا، ڕەسووڵ ئاغا کوڕی بوو بە سەرۆکی عەشیرەت، بەڵام پاش ماوەیەک لەشەر لەگەڵ عەشیرەتی پیران دا کوژرا. بە دوای ئەو دا هەبباس ئاغا بوو بە سەرۆکی عەشیرەتی دێبۆکری. ناوبراو لە ساڵی ١٠٢٥ لە لایەن عەوڵاخان، کوڕی بوداغخانی موکری، حاکمی ساباڵغ لە ژووری حکومەت دا، بە پەت خنکێندرا. عەشیرەتی دیبۆکری بە تۆڵەی هەبباس ئاغا هێرشیان کردە سەر عەشیرەتی موکری و تێکیان شکاندن. محەمەد شای قاجار، عەبدوڵاخانی گوێزتەوە بۆ شاری قەزوێن. ئەو ڕووداوە بوو بە هۆی بەهێز بوونی پێگەی عەشیرەتی دێبۆکری.

دوای هەبباس ئاغا، قادراغا (شوجاعولملوک) بوو بە سەرۆکی تایفەی دێبۆکری. ئۆژن ئۆبن" لە لاپەڕەی ١١٣ کتێبی "ئێرانی ئەوڕۆ" لە ساڵی ١٩٠٦ دا دەنووسێ: ... دەهەزار بنەماڵی دیبۆکری هەن. دیبۆکرێکان باشترین هاوکاری دەوڵەتن. ئەوان لە سەدەی ١٨ بە هۆی بەدبەختی و چارەڕەشی مەجبوور بە بەجێهێشتنی خاکی خۆیان لە دیاربەکر بوون و دوای تیپەڕکردنی خاکی موکرێکان گەیشتنە قەراغ دەریاچەی ورمێ. چوونکە کەسانی زیرەک و ئازا بوون توانیان عەرزەکانی خۆیان پەرە پێبدەن و تەوای دەشتی شارویران بەدەست بینن. ئێستا ئەوان ٢٠٠ گوندیان هەیە. لە هەموان دەوڵەمەندتر قادرئاغایە کە ساحەبی تەواوی دەشتەکە تا دەروازی شاری ساوجبلاغە.

ئۆژن ئۆبن لە درێژەدا دەڵی کە ڕادەی فەرمانبەری عەشیرەتەکانی موکری و دێبۆکرییەکان لە دەستەڵاتی ناوەندی هەرچەندە بێ، بەڵام ئەوان سەبارەت بە تۆو و تورمەی کورد لە ڕادەبەدەر کورد و دەمارگژن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە پێی لاپەڕەی ١٢٠ی کتێبی "ئێرانی ئەورۆ" ناوەندی دەستەڵاتی قادرئاغا، ئاوایی ئیندرقاش بوو کە قەڵای هەبوو و ٥٠٠ ماڵ بوو. قادراغا پیاوێکی بە تەواوی خۆ پێگەیوو بوو. ئەو بە پشتیوانی دەوڵەت، بە دەستەڵات ببوو و لە بەرانبەر موکریێکان دا، پێگەیەکی جێی مەتمانەی قایمی هەبوو. دەوڵەت بۆ هەرچەشنە یارمەتێکی ماڵی بۆ قادراغا و ٣ کوڕەکەی ئامادە بوو. هەشت هەزار ڕەعییەت لە عەرزەکانی ئەو دا ژیانیان دەکرد. بە یەک ئیشارە ١٠٠٠ سوار لە یەک کات دا ئامادە دەبوون. تەنانەت ٤٠ کەس لە پیاوەکانی شای ئیران، ئەو ئامادەی دەکردن.

ئۆژن ئۆبن دەنووسێ کە قادراغا لە دەوری ساڵەکانی ١٩٠٦دا پیاوێکی سەد ساڵەی کورتەباڵای لاواز بوو. دوو کوڕەکانی بە ناوەکانی "شوجاعولملەلیک" و "سەمسامولسوڵتان" لە ڕیزی سواران دا ڕاوەستابوون. لە پێش ئەوان دەستەی دەروێشان دەفەیان لێدەدا.

عەشیرەتی دێبۆکری لە ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەدا، دەستیان هەبوو و وەک دەگوترێ لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە ماوەی بیست‌وچوار سەعات لە "کلکەی قەمچی" نزیک میاندواو بەرامبەر بە ١٤ هەزار کەس لە ئەرتەشی ڕووس، بە سەرۆکایەتیی ژێنێراڵ "ریبال چینکۆڤدا" ڕاوەستاون و بەربەرەکانیان کردوە.

دیارە سیامەند شیخ ئاقایی لە لاپەڕەی ٤٧ ی کتیبەکەی دا بە ناروونی باسی ئەو شەڕە دەکا کە چۆن میرزا ڕەشید کە زۆر ئازا بووە، یەک تەنە لەسەر پردی میاندواو پێش بە لەشکری ڕووسان دەگری و نایەڵی بێنە پێش و ٣٣ کەسیان لێدەکوژێ.

بە دوای قادراغا دا ئەحمەدئاغای ئیلخانی بوو بە سەرۆک عەشیرەتی دێبۆکری. ناوبراو زاوای "سەردار عەزیزخانی موکری" حاکمی دیاری کراوی ئێران لە ناوچەی بۆکان بوو. ئەحمەد ئاغا کەسایەتێکی نیشتیمانی بوو، لە سەردەمی مزەفەرەدین شادا لەگەڵ دەوڵەت کێشەی لێ پەیدا بوو و پەیوەندی بە تورکانەوە گرت. دەوڵەت لەگەڵ برایم ئاغای برای و جەهانگیر ئاغای ڕەبەت گرتی و لە تەورێز زیندانی کرا و پاش ماوەیەک لە زیندان دا مرد.

تاهیری ئیلخانیزادە لە لاپەڕەی ٩١ کتێبی "ئاوڕێک لە موکوریان"دا لەسەر ئەحمەدئاغای ئیلخانی دەنووسێ کە پیاوێکی زۆر دەست ڕۆیشتوو و سیاسی بوو و هاوسەرەکەی خوشکی سەیفەدین خان بوو سەرپەرەستی مندالەکانی سەیفەدین خان وەئەستۆ دەگرێ. لەو ساڵانەدا عەشایر ئیلخانیان هانداوە بۆ ڕزگاری کوردستان، ئەو دەگەڵ بەدرخانەکانی جەزیر و بۆتانێ پەیوەدنی دەگرێ کە بەڵکوو ئیتحادێکی بکەن و دەوڵەتی کوردی دابنێن. ئێلخانی بە بیانووی داوەت بۆ برازایەکی زۆربەی عەشایران دەعوەت دەکا بۆ حەمامیان، لەوێ ساغ دەبنەوە و یەکدەگرن. لەو کاتەدا مەنگوور ومامەش کێشەیان لێ پەیدا دەبێ و عەشایر لەو بەرنامەیە پاشگەزدەبنەوە. دەولەت پێ دەزانێ و حاجی ئێلخانی بۆ ماوەی شەش مانگان بە نەهێنی ژیاوە و خۆی حەشار داوە. دوایە لە تەورێز ڕا نوێنەری دەولەت بەڵێنی پێ دەدەن کە کاریان پێ نییە و ئەویش دێتەوە حەمامیان. دوایە لە تاران بۆ دیتنی شای قاجار بانگهێشتنی دەکەن و قورئانێکی بۆ دەنێرن کە ئەمنیەتی پارێزراوە. خزم وکەس و کار وای بە باش دەزانن کە بچێتە تارانێ کە ئەویش ئەو کارە دەکات. دوایە نەخۆشی تاعون لە تاران بڵاو دەبێتەوە و دێبوکرێکان ئازاد دەکەن. بەڵام پێش ئەوەی کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان زۆریان مردن کە یەکێک لە وان ئەحمەد ئاغای ئێلخانی بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە دوای ئەحمەد ئاغا دا، محەممەد ئاغای برای، ناسراو بە حاجی ئیلخانی بوو بە سەرۆکی عەشیرەت. بە پێی لاپەڕەی ١٦ کتێبی "چارەنووس" لە نووسینی دوکتور حەسەنی شەتەوی "حاجی موحەممەدی ئیلخانی بۆ قەرەبووی هەڵە و خەتای ناوبراو هاوکاری نیزیکی لەگەڵ دەوڵەت هەبوو، بۆیە لەقەبی "حاجی ئیلخانی" پێبەخشرا" حاجی محەممەد کەسایەتێکی دینی و گوایا مزگەوتی مێژوویی حەمامیان، ئەو دروستی کردووە. لە سەردەمی دەستەڵاتی ئەو دا، عەشیرەتی مەنگوڕ کە لە هاوپەیمانی بڵباس دا بەهێز ببوون، توانیان سەرانە و باج لە دێبۆکریان بستێنن. دێبۆکرییەکان ئەوەیان بە سووکایەتی بە خۆیان زانی، بۆیە کۆ بوونەوە و "عەلیاغا" کوڕە جحێڵەی حاجی ئیلخانی کە لە مەحمودئاغا و حاجی بایزئاغا چووکتر بوو، بە سەرۆک هەڵبژارد.

عەلیاغا یەکێک لە بەدەستەڵاتترین سەرۆک عەشیرەتەکانی دێبۆکری بوو. کەسێکی نەخوێندەوار بوو بەڵام فارسی دەزانی. لە ساڵی ١٣٢٠دا لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی، عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەدی دێبۆکری کرا بە فەرمانداری شاری مەهاباد. بەڵام بە هۆی ئەوە لە نێو خەڵکی شار دا زۆر خۆشەویست نەبوو، پاش ماوەیەکی کەم شاری بە جێهێشت و بە دوای ئەودا، ئاغای سەریعولقەڵەم هات کە ئەویش بێ دەستەڵات بوو و زۆرتر قازی محەممەد و سەدری قازی کارەکانی شاریان ڕادەپەڕاند. عەلیاغا لە ساڵی ١٣٢٧ لە گوندی وشتەپە مرد و لە گوندی حەمامیان لە گۆڕستانی بنەماڵەی دێبۆکریان نێژرا. ئەو ١٢ کوڕی هەبوو. ئەمیر ئەسعەد ناوبانگی عەلیاغا بوو کە لە لایەن شایەکانی قاجار پێی بەخشراو بوو. ئەو کەسێکی زیرەک و وریا بوو لە نیو عەشیرەتی دێبۆکری دا بە ئینگلیس واتا زیرەک و فێڵەزان ناوبانگی دەر کرد بوو. حاجی بایزئاغا کوڕی سێهەمی حاجی محەممەدی ئیلخانی، پیاوێکی خیرخواز بوو. ڕێزی بۆ زانایان و پیاوانی ئایینی هەبوو و لە ساڵی ١٣٢٨ ئەویش کۆچی دوایی کرد.

لەکاتی داگیر کردنی ئێران لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا، عەشیرەتی دێبۆکری لەسەر دەستەڵات پێکەوە ناکۆکیان هەبوو. مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ٥٦ ی کتێبی "ئاوینە شکاو" دا باسی کێشەی دەستەڵات لە نیوان عەشیرەتی دێبۆکری دا دەکا و دەنووسێ کە لە کاتی فەرمانداری کاک عەلی پیرۆتی لە ساڵی ١٣٢١ کێشە کەوتە نێو تایفەکانی دێبۆکری و لە شەڕێک دا قادری پیرۆتی و برایمە سووری شێخ ئاقایی و کەسێکی دیکە، بە ناوی فەتاح خانی میر موکری کوژران.

مامۆستا هێدی لەسەر ئەو کێشەیە لە لاپەڕەی ٥٨ ی کتێبی ئاوێنەی شکاو دا دەنووسێ: پێش ئەو کارەساتە لە سەر حکومەتی شاری میاندواو و شاری مەهاباد لە بەینی سەرۆک عەشیرەتەکان یانی قەرەنیاغای مامەش و سەرۆکی مەنگووران لە لایەک و عەلیاغای ئەمیر ئەسعەدی دیبۆکری لە لایەکی تر نیوان ناخۆشی وململانە هەبوو. قەرەنیاغا هەر بۆ ئەوە کە عەلیاغا و مستەفاخانی لەسەر حوکم لابەرێ کە پێش کاعەلی بە حاکمی میاندواو دیاری کرابوو ڕۆیشتە تەوریز بۆ لای (فهیم الملک) پارێزگاری ئەوکاتەی تەوریز و حوکمی لێ خستن و لابردنی عەلیاغا و مستەفا خانی لێ وەرگرت و حوکمی سابلاغ (مەهاباد) کەوتە دەست قەرەنیاغای مامەش و عەشیرەتی مەنگور، کاعەلیی پیرۆتاغاش کە خوشکەزای قەرەنیاغا بوو لە لایەن قەرەنیاغاوە بە فەرمانی پارێزگاری تەورێز، بە حاکمی شاری میاندواو دیاری کرا و مستەفاخانیان لێ خست، دیارە ئەو تاڵوگۆرەی بە زیانی مستەفاخان، لە برایمەسوور گران هات کە حکومەتی میاندواویان بە هەقی خۆیان دەزانی کە خۆیان نیزیک ئەوێ دادەنیشتن و گوند وخزم و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دارودەستەیان لەوێ بوو.

جیا لەوانە، هێندێک لە ڕێبەرانی ئەو عەشیرەتە لە سەردەمی کۆمار دا، دژایەتی توندیان لەگەڵ دەستەڵاتی کورد کرد و بوون بە پشتیوانی سەرەکی حکومەتی ناوەندی. بۆیە هەروەک لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٨ دا هاتووە، محەمەد ئەمینی موعینی لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا، ئەوانی بە خائین ناساند و گوتی: ... یەکێکی دیکە لە خائینە گەورەکان عەلی‌یارە کە ئەمیر ئەسعەدی پێ‌دەڵێن. سەهلە ئەو خائینە کە کورد وێستا نیوێکی وایان نەبووە کە خائینەتی دەکرد ئەلعانیش کە حکومەتی کوردی ئەلحەمدولیلا بەرقەرارە و زۆر ساحیب قودرەتیشە ئەو خائینە حالی حازر لە تارانی دەگەڵ ستادی لەشکر کە سەرتیپ ئەرفەعە لە تێکدانی بناغەی حکومەتی کورددا ناوەستێ. ئەو ئاغایە سێ‌ساڵ لەوەی پێش کە بو بە فەرمانداری مەهابادی ئەمری کرد ئەهلی مەهابادی هەمووی ژنە، ژنیش نابێ ئەسلەحەی بێ.

## عەشیرەتی گەورک

سەید مەحەمەدی حەمیدی لە ژمارە ٦٨ی ڕۆژنامەی کوردستاندا لەسەر تایفەی گەورک دەنووسێ:

تایفەی گەورک نیزیکەی سێ هەزار خانەوادەن لە نێوان مەهاباد و سەردەشت و لە مەڵبەندی نیوان سەقز و بانە دادەنیشن(مەحاڵی گەورک لە ڕۆژهەڵاتی مەحاڵی مەنگوڕ هەڵکەوتووە).

سیامەند شیخ ئاقایی بە نەقڵ لە لاپەڕەی٨٤ ی کتێبی "خۆم و باپیرانم" بە نەقڵ لە محەمەد جەوادی قازی لەسەر گەورکان دەنووسێ:

هۆزی گەورک لە لای ڕۆژئاوایی باشووری هۆزی مەنگوڕ دا هەلکەوتووە. لە لایەکەوە بە بانە و لە لایەکی دیکەوە بە خاکی سەردەشتەوە لکاون. زەویان کەمە و ناوچەکەیان بەردەڵانە، بەڵام لێڕەوارێکی زۆریان هەیە. هەر بۆیەش بە دار و ڕەژی ئەو لێڕەوارانە ژیان دابین دەکەن. چەند کوێستانیشیان هەن. حکومەتەکەیان سەر بە حکومەتی سەردەشتە و سەردەستیش سەر بە ئیدارەی سابڵاغە... ئەو هۆزە لە دڕندەیی دا پلەی یەکەمیان دراوەتێ.

سەرۆکی گشتی هۆزی ناوبراو "خدر ئاغا"یە و لە گوندی نەستان دادەنیشێ. گوندەکانی دیکە "سوێناس" ،"قالوێ" و "قڕوچایە". دەستەیەکی دیکەی ئەو هۆزە لە "میرەدێ" و دەوروبەری سەقز نیشتەجێن و لە ژێر حوکمی سەقزدان.

محەمەد ئەمینی موعینی لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان باسی خەیانەتی یەکێک لە سەرۆکەکانی ئەو عەشیرەتەی کرد و گوتی: ... یەکی دیش لەوانە کاکەڵا ئاغای گەورك سەهلە لە سەقزی و مەهاباد ڕانەدەوەستا حەملەی دەبرد بۆ ڕەزائیە و تەورێز و سنە و کرماشان و...

## عەشایری بچووکی ناوچەی موکوریان و عەشیرەتی قەرەپەپاغ

سەید مەحەمەدی حەمیدی لە ژمارە ٦٨ی ڕۆژنامەی کوردستان دا لە باس لەسەر باقی عەشایر دەنووسێ: فەیزوڵابەگی لە مەڵبەندی نیوانی مەهاباد سەقز نیشتەجێن( لە ڕۆژهەڵاتی دێبوکریان هەڵکەوتوون). لە دەوروبەری سەردەشت چەند هۆزێکی جوێ‌جوێ وەکوو: براجی - ماڵکەری – دارمە – باسک- ئالاس، نیشتەجێن کە پێکەوە نیزیکەی چوارهەزارخانەوار دەبن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خانەوادەکانی قازی، ڕۆستەم بەگ، خەوانینی سادات مەشایخ کە پێکەوە نیزیکەی پێنج هەزار خانەوار دەبن لە شاری مەهاباد و دەوروبەر دادەنیشن.
ئەمە کەمێک بوو لە جێگای دانیشتن و دانیشتوانی هۆزەکانی کوردستانی باکوور. دیارە لە جوتیارانی کورد کە دەگەڵ عەشایر لە دێهات دادەنیشن و لە جێگای خۆیان بە نێوی کرمانج نێودەبردرێن، لە ڕیزی خانەواری نێوبراوی سەرەوە نەژمێردراون.
ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٦٠ی کتێبەکەی دا لەسەر عەشیرەتی بەگزادە دەڵێ کە ١٥ هەزار کەس دەبن و تیکەڵ بە گەورکی سەقز و بانە و سەردەشتیان دەکا.
ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٨٤ ی باسی بنەماڵەی شافعی دەکا کە گەورەی ئەوان حاجی ڕەحمەتی شافعی بووە. ئەو خاوەنی موڵکی بازاری سابڵاغ بوو و مەزرایەکی بە پیت و بەرەکەتی لە ڕێگای میاندواو دا هەبوو. بە گوێرەی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٨ ی محەمەد ئەمینی موعینی لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لە وتارەکەی دا، دوای باسی خەیانەتی سەرۆکەکانی عەشایر، میرزا ڕەحمەت بە دۆست و هاوکاری نیزیک ئەوان دەناسێنێ.
ئیگلتۆن لە بواری پێکهاتەی نەتەوەکانی غەیرە کورد لە لاپەڕەی ٧٨ دا دەنووسێ:
نیزیک بە پەنجا بنەماڵەی جوولەکە لە شاری دا هەبوون کە دوکانیان بووە. مەشروب فرۆشیان کردوە یان زێڕینگەر بوون. کە ئەڵئان زۆریان چوونەوە وڵاتی ئیسرائیل.
دەستەیەکی زۆر کەم تورکی ئازەربایجانی بە نێوی کرێکار لێ بووە و هەتا ساڵی ١٩٤٣ تەنیا دوو کەس ئەرمەنی لیماوە. یەکیان عەکاس و ئەوی دیی شەراب فرۆش.

## عەشیرەتی قەرەپەپاغ (قاراپاپاق)

قەرەپەپاغ، عەشیرتێکی تورکن کە نیزیک ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر، لەسەردەمی شازادە عەباس میرزا دا، بە هەموو کەرەسەیەک تەیار کران و بە مەبەستی ئاژاوە و ناسەقامگیری و سەرکوتی خەڵکی کورد، لە ناوچەی موکریان جێگیرکران.
قەرەپەپاغ بەشێک لە ئێلی بزچلوون کە لەگەڵ عەشایری سلجووقی و قاجارەکان، عەشیرەتێکی گەورەی تورک پێک دێنن. وشەی تورک، چینییە و مانای ئازا و چڕ و بەغیرەتە. دەگوترێ کە چینییەکان بە جیرانەکانی سەرووی خۆیان گوتووە، تورک.
عەبباس میرزا وەلیعادی ئیران لە تەورێز، دوای پەیمانی تورکمانچای بۆ پارێزگاری لە ئێران، بەشێک لە هۆز و عەشیرەتەکانی دەوروبەري قەرەباغ و باکو، شیروان و داغستانی، بۆ خوارووی چۆمی ئاراس، واتا بۆ نێوخۆی وڵات ئێران ڕاگوێزت. بە پێی فەرمانی عەبباس میرزا، لە ساڵی ١٢٣٧ کۆچی مانگی، بوزچلووکان، بێ ئەوەی بزانن لە کوێ جێگیر دەکرێن، فەرمانیان پێدرا، کە ناوچەی ئیروان چۆل بکەن و بچن بۆ ئالاجیق، ناوندیی فەرماندەری عەبباس میرزا. ئەوان ٢١٠٠ ماڵ دەبوون و بە ژن و منداڵ و پیرەوە، خۆیان لە ٢٥٠٠٠ کەس دەدا. ئەوان هەرچی هەیانبووە لە چادری ڕەش دا، باری وشترانیان کرد و مەڕ و ماڵاتیان وەپیش خۆ دا و بەرەوخوار داگەڕان. خەڵکی دەووبەری ماکۆیە کە چاویان بە پیاوەکانی ئەوانە کەوت کە کڵاوی ڕەشیان لەسەر بوو، نێویان نان قەرەپەپاغ (قاراپاپاق). عەبباس میرزاش لە ئالاجیق


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر بە کڵاو ڕەش ناوی بردن. لەوێ دەستەیەک لەو عەشیرەتە، مانەوە و ئەوانی دیکەش بۆ شوێنی سوڵدوز، ڕەوانە کران.

ئۆژن ئۆبن باڵوێزی فەڕانسە لە ساڵی ١٩٠٦ سەردانی ناوچەکانی سڵدوز و سابڵاغی کردوە و لە کتێبی "ایران امروز" دا لە سەر عەشیرەتی قەرەپەپاغ دەنووسێ، کە قەرەپەپاغەکان لە دۆڵی گادەرچای کە چۆمێکی پێدادەپەڕێ و بەرەو باشوور دەچی و دەڕژێتە دەریایە، جییان گرتووە. سڵدوز ناوی ئەو ناوچەیە و ناوێ عەشیرەتێکی مەغولانە کە ئێستا ئاسەواریان نەماوە. ئەو کەسانەی کە ئەو ناوچەیان داگیر کرد، لە ڕابردوو دا پێیاندەگوتن بوزچالوو کە عەشیرەتێکی تورک بوون و ئێستا لە لای هەمەدان جێگیر بوون. شاعەبباس ئەوانی بڵاو کردەوە و عیدەیەکی لە تفلیس و ئاقاستافا جێگیر کرد.

بەرەی پاش ئەوانە، دوای سەرکەوتنی ڕووس بەسەر ئێران دا، هەڵاتن بۆ عوسمانی و لە نیزیک شاری وان جێگیر بوون. ئەوانە لەو ناوچەیە بە قەرەپەپاغ (کڵاو ڕەش) نێویان دەرکرد. دوای پەیمانی تورکمانچای، عەبباس میرزا، ناوچەی سڵدوزی بۆ دیاری کردن. لە کاتی ئاخرینی کۆچی ئەو عەشیرەتە دا، نەقی خان سەرۆکیان بوو. ئێستا یەکێک لە برازاکانی نەقیخان بە نێوی نەجەفقوڵی (ئەمیر تومان) بۆتە سەرۆکیان. بەڵام حاکمی تەورێز، ئەو ناوچە خودموختارانە بە مەترسیدار دەزانێ و پییخۆشە هەڵیانوەشێنێ. ئەو لە ژێر ناوی حاکم، کەسێکی دیکەی ئەو عەشیرەتەی بە ناوی حەسنعلی خانی میرپەنج، کردۆتە حاکم و دەستەڵاتی داوەتێ.

سەرەڕای ئەوانە لە نێو قەرەپەپاغان دا، بنەما و ڕێکخستن و ڕەدەبەندی عەشیرەتی، دەستی لێنەدراوە و پاراستراوە. هەرکام لەو ٧ دەستە عەشیرەتە، سەردەستەیەکیان هەیە و نەغەدە کە ٦٠٠ماڵ دەبێ، ناوندی ئەو ناوچەیە بەژمار دێ.

قەرەپەپاغەکان ٥٠٠٠ ماڵن و هەموویان شیعەن. ئەوان چەشنێک سەیدی تایبەت بە خۆیان هەیە کە بە منداڵی "سەید عەلی مەڕحوم" بە نێوبانگن و لە هەموو جێگۆڕکێ و کۆچەکان دا دەگەڵیانن. سەرەڕای ئەو ٧ دەستەیە، پاشماوەکانی ئەفشار و ئەرمەنی و کلدانی و جوولەکە، لەگەڵ قەرەپەپاغان تێکەڵ بوون و لە ١٢٠ ئاوایی ناو قەرەپەپاغان دا دەژین. هەروەها ١٠٠٠ بنەماڵەی دیکەش لە "وان"ی تورکییە ڕا هاتوونە نیو خاکی ئێران و بەشێکیان لە لای قەرەپەپاغان جێگیر بوون کە مەزهەبیان سونییە.

ئۆژن ئوبن لەسەر پێکهاتەی دێمۆگڕافی خەڵک لە ناوچەی سڵدوز دەنووسێ، مەسیحییەکان ٢٠٠ بنەماڵە کە وەرزێڕن و لە نێو موسوڵمانان دا، دابەش بوون. یەهودییەکان ٣٠٠ بنەماڵەن کە ڕەوەند و وردەواڵە فرۆشن و دوو بەشیان لەگەڵ خاخامی گەورە، لە نەغەدە جێگیربوون.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا بەشێک لە نووسراوەکانی ئۆژن کە بۆخۆی لە ساڵی ١٩٠٦ دا بەو ناوچەیەدا تێپەریوە، ڕەد دەکاتەوە و دەڵی کە مەسیحییەکان زیاتر لە ٥٠ بنەماڵە نەبوون و رادەی جولەکەکان و ئەو ١٠٠٠ بنەماڵەی سوونییەش بە زیاد دەزانێ.

ویلیام ئیگلتۆن لە کتێبی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦ دا، باسی١٥٠٠٠ کەس لە عەشیرەتی قەرەپەپاغان دەکا کە دوای پەیمانی تورکمانچای هاتن بۆ نێو ئێران.

لە بەڵگەنامە و لە فەرهەنگی مەغوول دا، ناوی سڵدوز، وەک خوای شەڕی مەغولان، یان یەکێک لە نەوەکانی چەنگیز، یان یەکێک لە تایفەکانی مەغول هاتووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە پێی لاپەڕەی ٤٨ کتێبی قەرەپەپاغ لە نووسینی مورتەزا ڕەزەوی، بەشێک لە عەشیرەی سڵدۆز بوونە هۆی ئەوە کە شێخ ئیبراهیم، باپیری شا سمایلی سەفەوی، خانەقاکەی بکاتە ناوەندی شیعە و کاریگەریشی هەبێ تا خانەقای ئەردەوێلیش، بە لای شیعەگەری دا بکەوێ.

عەشیرەی سڵدۆز لە سەردەمی قەرەقویونلوو و ئاققویونلوو لە رۆژئاوایی ئاناتۆلی (تورکییە) دا، بۆ تەریقەی خۆیان، بە چڕی بە دوای مەشایخێک دا گەڕاون. ئەوان زۆر قوتب و رەهەندیان هەڵسەنگاند. سەرەنجام بە ئاگاداری شێخ برایمیان ڕاگەیاند کە سڵدۆزییەکان دەڵێن ئەگەر شێخ بە فەرمی ببێ بە شیعە، ئەوە ئەوانیش دەبن بە مریدی. شێخ بە شیعەبوون، بێ مەیل نەبوو و چوونکە پەیوەندی زۆریشی لەگەڵ خەڵک و هۆزەکانی ئەو ناوچەیە هەبوو و لە لایەکی دیکەش خانەقای ئەردەوێل، حەولی دەدا تا حکومەت دابمەزرێنێ، بە بێ یەک و دوو، بە قەومی سڵدوزی ڕاگەیاند کە شیعەیە.

دەروێش و عاشقان، کەشکۆڵ بەدەست، بە ئاهەنگ و گۆرانی، لە ئەردەوێلەوە بەرەوە ئاناتۆلی چوون، لەوی سڵدۆزییەکانیان فێری خۆشەویستی و ڕێورەسمی خانەقای خۆیان کرد.

عەشیرەتی قەرەپەپاغ لە سەرەتای ساڵی ١٢٣٧ کۆچی مانگی، لە ئیروان ڕا بەرەو شوێنی تازە (سڵدوز) کۆچ دران و لە ئاخری هاوین دا نیشتەجێ کران. پێش گەیشتنی قەرەپەپاغەکان، دەبوو ناوچەکەیان بۆ ئامادە بکرێ. نۆکەر و پیاوی ئەفشارەکان بە مەڕ و ماڵاتەکانیان لەوێ لابچن. هەروەها شوان و هەزاران سەر مەڕی بنەماڵەی عەشیرتی موقەددەمی مەراغی، ناوچەکە بەجێ بێڵن. عەشیرەتی کوردی مامەش، ئاواییەکانیانی بایزاوێ و عەلیاوا و محمەشەی سەری، چۆل بکەن.

بەو کۆچە عەبباس میرزا تا ڕادەیەک هیوادار بوو کە دەستیوەردانی دەوڵەتی تورک و کوردەکان لەم ناوچەیە دا کەم کاتەوە و نەهێلی عوسمانی بە پاڵپشتی کردن لە عەشیرەتەکانی ناوچەی شنۆ و سابلاغ، مەترسی بخاتە سەر حکومەتی ناوەندی.

ئەم شوێنە، ستراتیژی و زۆرتر چۆلگە و دەشت و مێرگ چیمەن و قامیشڵێنی بژوێن بوو. لە لای سەرووی ئەو دەشتە، چەند گوندی لێبوو کە زۆرتر نۆکەر و بەردەستی عەشایری شیعەی ئەفشاری لێبوو کە ئاگایان لە ماڵات و ڕەوە ئەسپەکان بوو. عەشایری شیعەی لك و ئەفشار و قەرەباغ، زۆرتر لە بەرزاییەکانی دەرەی قاسملوو، لە ناوچەی ورمی تا سەڵماس دا دەژیان.

لە کاتی ڕاگوێزتنی قەرەپەپاغ دا، بۆ ئەوەی عشایری هەرکی و شکاک و زەرزا، بە دیتنی ئەو عەشیرەتە گەورەیە نیگەران نەبن، بە کوێرە ڕێیان و بە ٨ کاروان، بەڕێیان کردن.

بە پێی لاپەڕەی ٥٤ کتێبی قەرەپەپاغ لە نووسینی مورتەزا ڕەزەوی، بەشێک لە گووندەکانی سڵدۆز لەوکات دا، ئەمانە بوون: لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات، عەلیاوا، ئالاگۆز (ئالاگۆزی سەرەیی ئەوڕۆ)، بچنلوو، نەقەدەئی (نوجەدە). ئاق قەڵا، ورمزیار، گەڵوان، جرتاوا. مەحمەشە، خەڵفەلوو، بەهراملوو و یەک دوو ئاوایی دیکە. لەو نێوەدا تەنیا خەڵیفەلوو و بەهراملوو (نیزیک مەمێندی ئێستا) ئی موقەدەمی مەراغەیی بوو.

گوندەکانی دیکە، جیا لە نەقەدەئی کە گووندێکی فەرمی و دائیم ئاوەدان بوو، هەموویان بێ نێوو و ناوبانگ و وەرزی و کاتی بوون. دیارە لەوکات دا هێندێک لە گوندەکانی قەرەتورپاخ، قەرە قەساب، تازەکەند، جەبەل، دەوڵەتاوا، دوڕگە، داش دوڕگە، بارانی عەجەم، بارانی کورد و ... بە شێوەی تەپۆڵک لە

نێو قامیشەلان دا نەبوون.

نەقەدە کە مولکی دەوڵەت بوو، بە زێڕ کڕدرابوو، هەرچەن پڕ داهات بوو، بەڵام دەوڵەت بۆ قازانج لە ئەفشارەکانی نەکڕیبوو، بەڵکوو قاجاڕەکان لە هەر ناوچەیەک کە بە پێویستیان زانیبا، بە عینوانی خالیسە، ئەو عەرزانەیان دەکڕی.

عەبباس میرزا، دوای ٣ ساڵ، بەڵگەی خاوەندارێتی ناوچەی سلدوز و گوندی نەغەدەی دا بە نەقیخانی سەرتیپ، رەئیسی قەراپاپاغ. کارەکانی عەبباس میرزا دەبوو لە لایەن ناوەندەوە بە فەرمی بناسرێ و موڕتەزا ڕەزەوی لە درێژە دا دەنووسێ کە لە بەهاری ساڵی ١٢٤٠ میرزا برایمی عەڕەب، بۆ دابەشکردنی ئەوە عەرزانە لە تاران ڕا چوو بۆ سلدوز و لەوێ هەوڵی دا، کێشەی ئەفشار و موقەدەمەکان چارسەربکا. بە ڕادەی ١٠٠ گوند و ئاوایی دیکەی نوێیان بۆ دابین بکا و هێزێکی سوارەی نیزامی ٤٠٠ کەسی کە دەوڵەت هەرکات بیهەوێ، بتوانی ڕەوانەی هەر شوێنێکیان بکا، لێ پێکبهێنێ. ئەو هێزە بەڕێوبەری و عەرز و ئیمکاناتی تایبەتی هەبوو.

جێگیر کردنی عەشیرەتی قرەپەپاغ لە ئیران بە هۆی دەوڵەت و پیکهێنانی هێزی نیزامی دیاری کراو، بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو عەشیرەتە هەر لە هاتنیانەوە تا ئیستا لە خزمەت دەستەڵات دابن و لە هەموو سەرکوت و کوشتارەکانی خەڵکی خۆجێی و نێوخۆیی ئێران و دەرەوەی وڵات دا، بەشداری بکەن. بە تایبەتی بە دوای مەرگی نەقی خان دا، مێهدیخانی کوڕی، لە شەڕی هەڕات و دواتر مازندەران و هەروەها لە دژی میری رەواندز و ... شەڕی کرد. ئەو عەشیرەتە هەروەها بوو بە هۆی پەرەدان بە ئائینی دواکەوتووی مەزهەبی و زۆر داب و نەریتی دزێوی دیکە.

ئێلی قەرەپەپاغ شیعەن بەڵام بە بێ بەڵگە، کەسانێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە قەوارەی ئەو عەشیرەتە، سونییە و تەنیا سەرۆکەکانی شیعەن. ئەو عەشیرەتە لە ٨ هۆزی، ترکاون و جان ئەحمەدلوو و چاخرلوو، ئولاشلوو، ساراڵ، شەمسەدینلوو و قەزاق پێکهاتووە. قەزاق لە عەشیرەتی بزچلوو نین بەڵکو خەڵکی قەزاقستانن کە لە سەرووی دەریای خەزەر هەڵکەوتووە. ئەوان سوونی بوون و لە ئیروان تێکەڵ بە قەرەپەپاغان بوون. سەرجەم رادەی خەڵکی قەرەپاپاغ لە ساڵی ١٣٧٠ گەیوەتە ٩٠٠٠٠ هەزار کەس.

قەرەپەپاغ چوونکە بە هۆی ڕێژیمەکانی دەستەڵاتدار پشتیوانی دەکران و لە کاروباری دەوڵەت دا کاربەدەستی سەرەکی بوون، لە شارەکانی دەوروبەریش پەرەیان ئەستاند. ئەو عەشیرەتە بە مەبەست ڕاگوێزران و ئەوەندەی کرا ڕێژمەکانی ڕابردو و ئێستا بە مەبەست خراپ کەڵکیان لێوەرگرتن. ئەوانە لەهیچ جنایەت و کوشت و کوشتارێک، لەسەرانسەی ئێران بە تایبەت لە کوردستان دا، دەستیان نەپاراست. ئەو عەشیرەتە کە بۆخۆی هاوەردە و سەربار بوو، هیچ ماڤێکی بۆ ساحەب ماڵ (کورد) قایل نەبوو و بە فەڕمی نەدەناسین.

دەبێ خەڵکی ئاسایی قەرەپەپاغ، لەگەڵ چەکدارەکانیان کە موڕتەزا ڕەزەوی لە کتێبەکەیدا شانازیان پێوە دەکا، جیا بکرێنەوە و چەکدارانی ئەو عەشیرەتە بۆ حاڵی خۆشیان خراپ و ملۆزم بوون و قەت خۆشیان لە خۆیان نەدیت. لە پەنا نۆکەری و بەکرێگیراوی بۆ نزمترین و دواکەوتوترین حاکمانی ئێران، ژیان و سەر و ماڵی خۆیان پێشکێش کرد و کەم شوێنی دوردەست هەیە کە گۆڕستانی ئەوانی لێنەبێ. موڕتەزا ڕەزەی لە کتێبی قەرەپەپاغ دا باسی شەڕی ئیستڕاباد، کە لە ساڵ ١٢٩٧ دوو ساڵ بەر هەڵای شێخ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عوبەیدولا رووی دا دەکا کە چۆن ٢٠٠ سواری قەرەپەپاغ بە فەرماندەری جەلال خان، لە ئیسترِاباد و تورکمەنستان، لەگەڵ تورکمەنان کە هەر لە تۆرەمەی خۆیان بوون، بەشەڕ هاتن و ٤٨ کەس لە قەرەپەپاغەکان کوژران.

کەسێک بە ناوی عەلی ئەکبەر سوڵتان کە لەو شەڕەدا بەشدار بوو، دەگێڕێتەوە کە لە بیابانەکانی ئیسترِاباد دا، وەخت بووە لە بێ ئاوی بخینکێن. سێ ڕۆژ پێشتر، کەمێک باران باریوە و ئەوان لەسەر ڕێیە دا، بە ناگا بەسەر شوێنێک دا کەوتوون، کە شوێنی شەڕەکەی پێشوو بووە و ئێسک و پرِوسک و کەلاکی کوژراوەکانی لێ بووە. ئاو لە کەللە سەران دا کۆ بۆتەوە و ئەوان بەو ئاوە تونێتیان خۆیان شکاند.

مورتەزا ڕەزەوی لە کتێبەکەی دا، کەسایەتێکی پێشکەوتووی دەدا بە ئاکاری دزێوێ ئەو عەشیرەتە و سەرجەم لە نووسراوەکەی دا دەردەکەوێ کە، کەسایەتێکی دەمارگژ و شوێنییە و کوێرانە، بۆ هەموو جەنایەتەکانی ئەو عەشیرەتەی لەگەڵ کورد و خەڵکی دیکەێ ئێران، پاساو دێنێتەوە. مورتەزا چاوی بەرایی دیتنی کوردانی نییە و لە بەشی شێخ عوبەیدولا دا، زۆر بە ڕووهەڵماڵاوی دەنووسێ کە تا سەردەمی شێخ، عەشیرەتی کورد کەم بوون و لە کێشەی ئێران و ڕووس و جێگۆڕکێ و ئاڵوگۆڕەکانی دیکەی کۆمەڵایەتیدا، ڕۆڵێکیان نەبووە. ئەو دەڵێ کە کورد هەر لە سەقزەوە تا ماکۆیە هەبوون و ڕووداوەکان نیشان دەدەن کە لە نیوان دەوڵەتی عوسمانی و ئیران دا، جیا لە عەشیرەتەکانی تورک، کەسی دیکەی لێنەبووە.

مورتەزا، ئەوجار دەبێتە تێئۆریسیەنێکی ئۆتۆپییایی و لە لاپەڕەی ١٣ دا، باسی نەغەدە دەکا و دەنووسێ کە ئەو ناوچەیە لەسەرتای دروست بوونی زەوی تا هاتنی ڕەشماڵەکانی عەشیرەتی قەرەپەپاغ، شوێنی فەرمی نیشتەجێ بوونی هیچ هۆز و عەشیرەتێک نەبووە. چوونکە لە تەرازی ئاوی دەریا دا نەبووە و بە دوای کشانەوەی ئاو، بە مەودای هەزاران ساڵ دا، بە شێوەی قامیشەڵێن و جەگەن و قۆپی دەرهاتووە و لەسەردەمی عەبباس میرزا دا، واتا لە کاتی ڕاگوێزتنی قەرەپەپاغەکان، بۆتە شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ.



عەشایری کورد، ساڵی ١٣٢٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٧
## بنەماڵەی قازی

وەک دەگوترێ بنەچەکەی تایفەی قازی گورجین و مێژووی هاتنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شا سولەیمانی سەفەوی. ئەوکات کە لشکریانی بوداغ سوڵتان، حاکمی مەهاباد، وەک بەشێک لە لەشکری ئێران لە شاری قازانی وڵاتی گورجستان لە شەڕ لەگەل تزارەکانی ڕووس دابوو، مێرمنداڵێکی گورجی پەنای بۆ لەشکری بوداغ سوڵتان هێنا و تێکەڵ بەوان بوو.

جێی ئاماژەیە کە ئەوکات مەڵبەندەکانی گورجستان و ئەرمەنستان و ئازەربایجان، سنووریان نەبوو و سەر بە ناوچەی قەفقاز بوون، لە مەلبەندەش دا، زۆر عەشیرەتی کورد ژیاون. بۆیە دوور نییە کە ئەو کوڕەش کورد بوو بێ دەنا زەحمەتە لە کاتی شەر دا کەسێک لەگەڵ لەشکریکی غەریبە بکەوێ. دواتر لەشکری بوداغ سوڵتان گەڕانەوە و ئەو کوڕەش لەگەڵ ئەوان هات بۆ کوردستان و ژنی هێنا و تۆرەمەی ئەو لە کوردستان دا بە کاری قەزاوەت و دادوەری و چارەسەری کێشەکانی خەڵک خەریک بوون. کاری قەزاوەت، بوو بە پەرەستاندنی ڕێز و حوڕمەتی تایبەتی ئەوان لە لای خەڵک و ناوبانگیان بە قازی دەرکرد.

شوێنی قەزاوەتی قازییەکان ناوی محکەمە بوو و لە شاری مەهاباد سێ محکەمەی قازیانی تێدابوو کە هەمووکات پەناگا و شوێنی، چارەسەری کێشە و گیر و گرفتی خەڵکی لێقەوماو بوو. ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٨٤ لە سەر بنەماڵەی قازی دەنووسێ:

لە ساڵی ١٩٤٣ مەهاباد لە نێو بنەماڵە پلە یەکەمەکانی خۆیدا، دەوڵەمەندی زۆر گەورە یان فئۆداڵ، بەو جوورە کە لە جێگەکانی دیکەی ئێران هەبوو، نەیبو. قودرەت و نفووز، بناغەی لە سەر سەروەت بوو. هەروەها ڕێوشوێنی خانەوادەیی، بوونی خزمایەتی لەگەڵ زۆربەی خەڵک، کە بە هۆی ژندان و ژن هێنان بەدیی دەهات و هەروەها خزمەتی گەورەی بە گەل کردن. لە ڕوانگەی زۆرتری ئەو سفەتانەوە کەس نەیدەتوانی کە لە گەڵ بنەماڵەی قازی یەک بگرێتەوە.

چاکە و خزمەت بە خەڵک و پشتگیری لە حەق و عیدالەت و دەستگیری داماوان، پێکهێنانی تەبایی لە نێو خەڵک دا، تایبەتمەندی ئەو بنەماڵەیە بووە و کەم قازی هەڵدەکەوێ کە لەو ئەخلاق و خووخدانە بێبەری بێ. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی٤٩ دا بە نەقڵ لە ئارشیوی حیزبی کمونیستی ئازەربایجان، دوای باس کردن لە دوبەرەکی و ناکۆکی نێو کوردان لە ساڵی ١٨٣٠ – ١٨٣١ دا دەنووسێ کە چۆن جاسوسێکی ئینگلیزی بە ناوی بادکیلی هەوڵی ئاژاوەنانەوە لە نێو عەشایری کوردی داوە، بەڵام ″سەدرەدین شێخولەشایخ" باپیرە گەورە پێشەوا قازی دوای هەوڵ و تەقەلای زۆر لە ئاوایی هۆبەتۆ" زۆربەی گەورەکانی کوردی کۆ کردۆتەوە و دوای ٢٣ ڕۆژ ئاشتی کردوونەوە.

کاریگەری کەسایەتییە گەورەکانی بنەماڵەی قازی لەسەر کۆمەڵگای کورد بەرچاو بوو و بۆ ناسینی سەربردەی ئەوان ئاماژە بە نووسراوەی ئەحمەد قازی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ کە لە سەر داوای ئەیوب ئەیوبزادە نووسراوە دەکەین و دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنەماڵەی قازی یەکێک لە بنەماڵە کۆنەکانی کوردستان دە مەڵبەندی موکریان دا دێنە ئەژمار. ناوەندی سەرەکییان شاری مەهاباد (ساباڵغ) و گوندەکانی ئەو شارستانەیە. ... فەرهەنگی ژیانی ئەم تایفە کۆنە تێکەڵاوە لە فەرهەنگی شارستانی و عەشیرەتی. ئەهلی ئەدەب و شێعر و زانست و خوێندەواری بوون و لە هەمانکاتدا ڕاوچی و سوارچاک و چەکهەڵگر و بەدەست و تفەنگ و ئازاو نەبەرد بوون. بێجگە لە مەلا و زانای گەورە و ئەدیب و شاعیر و نوسەری ناوبەدەرەوە، زۆر جوامێری دلێر و نەترس و تفەنگچی و ڕاوچی بەناوبانگیشیان لێ هەڵکەوتووە. لە گوندو مەزرادا باغداری و کشت و کاڵیان پەرە پێداوە و فەرعانی و ئاوەدانییان خستووەتە وڵات، بەڵام هەرگیز تاجر یا بازاڕییەکی سەرکەوتوویان لێ هەڵنەکەوتووە... ئەگەر لە ساڵانی قەدیمدا زۆریان مەلا و مامۆستای ئایینی هەبووە، ئێستا تەنانەت یەک مەلاشیان نییە... لە باری سیاسییەوە ئێستاش وەک بنەماڵەیەکی چالاک و هۆشیار دێنە ئەژمار. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان گەورەپیاوانی ئەم تایفە یا شەهید کران یا کەوتنە زیندان و ژێر گوشاری کوشندەی دامودەزگای پەهلەوی. بەجۆرێک کە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە تووشی ژیانێکی پڕ لە ترس و نیگەرانی بوون و لە هەموو دەراوێکی ڕوون بێبەش مانەوە و نەیانتوانی لە باری خوێندن و گەشەی ئابووری و ماڵ و سامان پێکەوەنان هەنگاوی پێویست هەڵبگرن و ئەم حاڵەتە نالەبارە تا ڕادەیەک بوو بە هۆی دواکەوتوویی لە باری خوێندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری‌دا.

لە زەمانی بداغ‌سوڵتانی موکری، ئەمیر و دەسەڵاتداری بنەماڵەی ئەمیرانی موکری، کە هاوکات دەگەڵ پاشایەتی شاسولەیمانی سەفەوی (١٠٧٧ی کۆچی مانگی بەرانبەر بە ١٦٦٧ی زایینی) دەسەڵاتداری هەرێمی موکریان بووە. وردە وردە ناوی "قازی" لە بەڵگەنامە و ڕیوایات و مێژووی زارەکی و نووسراوەی موکریان‌دا دێتە گۆڕێ و بەپێی ئەم باس و بابەتانە "تاتوێل" یا "تاتوێلی" ناوێک لە نەتەوەی گورجی لە گورجستانەوە دەخزمەت بداغ‌سوڵتان‌دا، کە دەوان ڕۆژاندا دەگەڵ لەشکری شاسولەیمانی سەفەوی دە بەرامبەر سپای ڕووس‌دا خەریکی شەڕ و پێکدادان بوون، دێتە ساباڵغ و موسوڵمان دەبێ. بداغ سوڵتان ناوی "محەممەد" لەسەر تاتوێلی لاو دادەنێ و دەبەر خوێندنی دەنێ. محەممەدی نەو موسوڵمان زۆر زوو خوێندنی ئەو سەردەمە فێر دەبێ و دەبێتە مەلایەکی گەورەو زانا. ئەولادی ئەم مەلا محەممەدەش هەموویان خوێندەوار بوون و کوڕی گەورەی بە ناوی ئەحمەد دەبێتە "قازی" شار و شۆرەتی قازی لەو سەردەمەوە بۆ ئەم بنەماڵەیە ماوەتەوە.

میرزا ئەحمەد کوڕێکی بووە بە ناوی عوسمان کە سەربردەکەی زۆر ڕوون نییە بەڵام میرزا مەحموودی کوڕی حاجی عوسمان زانایەکی گەورەی خەت‌خۆش و هونەرمەند بووە و پێنج قورئانی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە کە دوانیان کەوتوونەتە مۆزەخانەی بریتانیا و ئەستەمبوڵ و دووانیشیان هەر ئێستا بەدەست بنەماڵەی قازییەکانەوە پارێزراون.

لە میرزا مەحموود دوو کوڕ بە ناوی قاسم و عەبدوڵڵا بەجێ دەمێنن کە ئەوانیش خوێندەوار و مەلا بوون و بینای مزگەوتی قازی لە مەهاباد یادگاری ئەم دوو خوا لێخۆشبووانەیە... ئێمە لێرەدا بۆ کورت بوونەوەی ئەم وتارە باسی ئەو لقانە ناکەین کە لەم خوا لێخۆشبووانە کەوتوونەتەوە. دەتوانن بۆ زانیاری وردتر کتێبی بەنرخی (تاریخچە خانوادە قاضی) بە قەڵەمی خوا لێخۆشبوو خەلیلی فەتاحی قازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بخوێننەوە.

لێرەدا ئاوڕێک لە میرزا قاسم برای میرزا عەبدوڵڵا دەدەینەوە و پێویستە بگوترێ کە زۆربەی زۆری تایفەی قازی لەم بەرە بابە کەوتۆتەوە و ئەولاد و نەوە و نەتیجەی میرزا قاسم زۆرتر بوون و دە ئاڵوگۆڕ و ڕووداوە مێژووییەکاندا نەخش و دەوری بەرچاوتریان هەبووە.

میرزا قاسم کوڕێکی بە ناوی میرزا ئەحمەد لە پاش بەجێماوە کە بەپێی نووسینی محەممەد حەسەن خان (اعتمادالسطنه) خاوەن فەزل و کەماڵ بووە و لەنێو زانایان دا لە هەمووان سەرتر و خاوەن "خەت و ئینشای بێوێنە" بووە.

میرزا ئەحمەد هەشت کوڕی لە سێ دایکان لە پاش بەجێ ماوە کە بریتی بوون لە: ١- قاسم ٢- شێخ جەلال ٣- میرزا فەتاح (لە کچێکی بنەماڵەی بداغسوڵتان بە ناوی فاتمە خانم) ٤ - وەهاب ٥- ڕەزاق (لە کچێکی بەگلەربەگی هەوشار) ٦- مەجید ٧ - لەتیف ٨ - ئەحمەد (لە مایا خانمی ئاسۆڕی) ...

میرزا قاسمی قازی زانایەکی گەورە و بەناوبانگ بووە و ماڵ و مەحکەمەی هەموو پڕ لە میوان و ئاشنا و غەریبە بووە. کاروباری کۆمەڵایەتی و دادوەری و کوژاندنەوەی شەڕو ناخۆشی نێوان خەڵکی شار و عەشیرەتەکانی موکریان لەو مەحکەمەیەدا جێبەجێ دەکرا. میرزا قاسم وەک ناسراوێکی باوەڕپێکراو بەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی چاو لێدەکرا و لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتیشەوە وەک گەورەپیاوی مەڵبەندی موکریان دەهاتە ئەژمار. لە سەردەمی شۆڕشی هەمزاغای مەنگوڕدا لە لایەن ئەمیرنیزامی گەڕووسی حاکم و دەسەڵاتداری موکریانەوە ناردرایە لای هەمزاغا بۆ نێوبژی کردن لە نێوان دەوڵەت و بزاڤەکەی هەمزاغادا. وەک باب و باپیرانی ئێمە بە دەیان جار گێڕاویانەتەوە میرزا قاسم کە ناچار دەبێ ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ لە یەکەم دیداری دا بە هەمزاغا دەڵێ: "من ناچار بوم بێمە لای ئێوە و ڕاسپاردەم. ئەمیر نیزام منی ناردووە تکات لێ بکەم دەست لە دژایەتی دەگەڵ دەوڵەت هەڵگری و دەگەڵ من بگەڕێیەوە لای حکومەت. بەڵام من لەلایەن خۆمەوە پێت دەڵێم کە بە قسەی من مەکە و بڕوات بەم بەڵێنییانە نەبێ". هەمزاغا بە قسەی میرزا قاسم دەکا و ناگەڕێتەوە. بەڵام جاری دووهەم دەگەڵ وەڤدێکی دیکە کە قورئانی مۆرکراویان لە لایەن ئەمیرنیزامەوە بۆ بردبوو، دەگەڕێتەوەو بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لە "باغی شێخی" مەهاباد دەکوژرێ. بەداخەوە هێندێک کەسی نائاگا و گومان لێکراو ئەم مەبەستەیان بە پێچەوانە باس کردووە و میرزا قاسم بە هێنانەوە و بەکوشتدانی هەمزاغا تۆمەتبار دەکەن. ئەمەش لە کاتێک دایە کە بنەماڵەی قازی بە درێژایی مێژوو لایەنگری نەتەوەی خۆیان بوون و هەموو کات و ساتێک بۆ پاراستنی نەتەوەی خۆیان لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناوەندی و دەرەکی ڕاوەستاون و سەریان لەسەر ئەم ئامانجە داناوە.

میرزا قاسم بە یارمەتی شەش برای ئازا و نەبەرد و خەڵکی سابڵاغ ماوەیەک بە قودرەت و تواناوە کاروباری مەڵبەندی بەڕێوە بردووە و شار و دێهاتی پاراستوە و لە مریدانی (شێخ شەمسەددینی بورهانی "د.خ") بووە. ڕێکەوتی وەفاتی بەوردی دیار نییە و ڕەنگە لە دەیەی شەستەکانی سەدەی سێزدەی کۆچی مانگیدا ڕووی دابێ. میرزا قاسم چوار کوڕی لەپاش بەجێ ماوە کە بریتی بوون لە: ١- عەلی ٢- ئەبولحەسەن سەیف ٣ - عەبدووڵڵا (قازی عەسکەر) ٤ - ڕەحیم.

میرزا ڕەحیم لە سەردەمی لاوەتی دەشەڕ و پێکدادانێک دا کە لەسەر زەوی و زاری گوندی پیروەلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باغی دێتە گۆڕێ دەکوژرێ. (بەدەست مەجیدبەگی بورهانی). قازی عەسکەر وەجاخ کوێر بووە و زۆرتری تەمەنی لە گوندی پیروەلی باغی ژیاوە بە کاری کشت و کاڵ و ئاغایەتییەوە سەرگەرم بووە.

## قازی فەتاح

قازی فەتاح کوڕی میرزا ئەحمەد، کەسایەتێکی گەورەی سیاسی و شەڕکەرێکی ئازا بوو و هەمووکات لە بەرانبەر زوڵم و زۆری کاربەدەستانی دەوڵەت، لایەنگری لە فەقیر و داماوان دەکرد. قازی فەتاح هەوڵی دا تا خەڵکی کورد بە ئازادی بگا و لەو پێیەدا لە چوارچێوەی جوڵانەوەی مەشرووتە تێکۆشا ماڤی کورد دەستەبەر بکا. دوکتور ڕەحیمی قازی هەر لەو چوارچێوەیەدا بە ئاماژە بە ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠ ی حیزبی کومونیستی ئازەربایجان، لاپەڕەی ٥٢ دوای ئاماژە بە هەڵسوکەوتی خراپی حاکمانی ئێران لە سەر کەسایەتی قازی فەتاح دەنووسێ:

... یەکەمین کارێکی کە قازی فەتاح کردی ئەمە بوو ماف و دەستەڵاتی ئەم حاکمانەی ڕێک کوشی وە لە ئەنجامدا هیچ حاکمێک نەیدەتوانی لەبەر قازی فەتاح ڕوو بکاتە سابڵاغ. لەساڵەکانی ١٨٩٥-١٩٠٣ دا مەڵبەندی موکریان لەژێر سەرۆکایەتیی قازی فەتاح دا سەربەخۆ بوو وە تەواوی کاروباری ئەو مەڵبەندە لەلایەن کوردانەوە بەڕیوە دەبردرا وە یەکەمین هەنگاوێکی کە هەڵیان هێناوە ئەمە بوو کە باجیان بە دەوڵەتی ئێران نەدەدا. قازی فەتاح بەوەش ڕانەوەستاوە لە پەستا داوخواز و داوای گەورەی سیاسی و ئابووری بۆ کوردستان دەرکرد لە دەوڵەتی ئێران...

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ١٢ی کتێبی "وڵاتی من" دا لەوبارەوە دەنووسێ:

لە سەروبەندی مەشروتیەت، دەستەیەك لە شاری تاران، هەوڵیان دا کە بە شێوەیەك ئەنجوومەنی ئەیالەتی لە وڵات دابمەزرێنن و هەر ئەیالەتەی بە ڕواڵەت دەبوایە بەرپرسی لە خۆی با و تا ڕادەیەك خودموختار بایە. لە مەهاباد خەڵك و عەشایر لە مەحکەمەی قازی کۆ دەبنەوە و قورعانێك دێنن و ١٥٠٠٠ مۆری پێوە دەنێن، ئەوانە بەڵێن دەدەن کە بە تەواوی لە پشتی ئەو داوایە ڕابوەستن و قازی فەتاحیش وەك نوێنەری خۆیان دیاری دەکەن. قازی بەخۆی و بە چەند کەس لە خزمانی، لەگەڵ بابی عەلی ئاغای حاجی ئیلخانی و خەڵکێکی زۆری دیکە، بە سوار بەرەو تەورێز وەرێ دەکەون. قازی فەتاح لە کەڵکی بەگزادەی ئەگەر ئاوڕ دەداتەوە تەماشا دەکا هەر ٢٠٠ کەسی لەگەڵ ماوە، ئەو ڕادەیەش لە ئاوایی "گویك تەپە" دەبێتە ٥٠ کەس، بەڵام ئەو لە بڕیاری خۆی پاشگەز نابێ تا دەگەنە شاری مەراغە. لەوێ مەئموورانی دەوڵەتی حاجی ئیلخانی فریوو دەدەن و پێی دەڵێن کە ئەتۆ سەرداری عێلێکیو ئەو شتانە لە تۆ ناوەشێتەوە و پەشیمانی دەکەنەوە دوایی بە قازی فەتاحیش دەڵێن ئەتۆش بگەڕێوە. ئەویش دەڵێ ئەمن سوێندێکە خواردوومە و تا ئاخرین نەفەس دەست لە داوای خۆم هەڵناگرم. قازی فەتاح لە مەراغەی تێدەپەرێ و ناگاتە تەورێز دەیگرن و تێکییەوە دەپێچنو دەیبەنە تاران و لەویش ڕا بۆ ئیسفەهان، کە ناوەندی "دارلحکومە" بوو بەرێ دەکرێ و دەستبەسەری دەکەن.

قازی فەتاح لە کۆتایی ئاخرییەکانی دەوڵەتی قاجاڕ دا بۆ ماوەی ١٢ ساڵ بۆ تاران دوور خراوە و لەوێ زیندانی و دەسبەسەر و لە ژێر چاوەدێری دابوو. ئەو پاش ئەو ماوەیە بە دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، ڕێگای پێدرا کە بێتەوە مەهاباد.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٦دا بە قەڵەمی عەبدولرەحمانی سالار، کوڕی میرزا فەتاح، بە درێژە باسی کارەکانی ئەو کراو و تێیدا هاتوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەرحومی میرزافەتاحی قازی کە دە واقعدا بۆ هیمەت و مەردانەگی، میللەت پەروەری، نیشتمان پەرەستی لە بەرجەستەترین پیاوانی عەسری خۆی بووە، لە تاریخی ١٢٥٠ هـ- ق لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. لە پاش گەیشتن بە حەدی تەکلیف تەواوی حەواس و وەختی خۆی بە فێربوونی علوومی، نەحو، سەرف، مەنتیق، حیکمەت، کەلام بەخت کردوە. زیاتر، لە خزمەتی مەرحومی مەلا گچکەی هەولێر خوێندوویەتی.

چوونکوو ئەو زاتە هەڵکەوتووە تەواوی ساڵ و مانگ و سەعاتی ژیانی خۆی بۆ ڕزگاری کردنی میللەت لە ژێر چەنگاڵی بێگانە و خڵاسی نیشتمان بووە و لەسەر پارێزگاری حەقی حەماڵیکی خۆی تووشی هەموو جورە فەرتەنەیەکی کردوە، ئەمە ناتوانین هەموویان بنووسین و بەوەندە بەس دەکەین: ستەمی پادشاکانی قاجاری دەگەڵ کوردان بە پایەیەکی گەیشت بوو هەر حکومەتێکی بۆ مەهابادیان ناردبا وەکو ئەسیر و جاریە و عەبدی زەمانی فترەت، تەواوی کوردانیان بە پوڵێک پێ دەفرۆشتن و فەرمانی فەعالی مایوریدیان دەدانێ. بەڵام مەرحومی میرزا فەتاح ڕەویەی میللەت دۆستی و نیشتیمان پەرەستی لە دەست نەدەدا. بە عەزمی ئاسنیینی خۆی دیفاعی لێدەکردن تا بەو پایەی گەیاند ڕێشەی ستەم و پوڵ ئەستاندنی حکومەتانی لە خاکی کوردستانی بڕی و وەزعییەتێکی نیزیک لە خۆدموختاری وەدەست کوردان کەوت. دەنەتیجەدا وەزعی حکومەتەکان لە کوردستان خراپ بوو. ناچار بۆ لابردنی ئەو، وەزعی خەراپی خۆیان بە درۆ و دەلەسە میرزا فەتاحیان فریودا بردیانە تەورێز. لەوێ هەر مەڕامێکی بووی بە درۆ قبووڵیان کرد و دڵنیایان کرد. لە پاش چەند ڕۆژێکی لە خانووبەرەی ئیالەتی دا بە دوو فەوج پێشمەرگەوە دەوریاندا گرتیان و بۆ تارانیان بەڕێ کرد. یازدە ساڵان بەماڵ و منداڵیوە ڕایانگرت. لە ساڵی دوازدەیدا تورکان بۆ سنووری ئێرانی دەست دریژیان کرد. ئێرانی چارەیان پێنەدەکرا ناچار بۆ پێشگرتنی وان چاکەیەکی زۆریان دەگەڵ کرد بۆ مەهابادیان بەڕێ کردەوە و لە پاش هاتنەوەی دەستی لە ئەفکاری غیورانە خۆی نەکێشاوە و لە ڕێی میللەت دۆستی و نیشتمانپەرەستی دا مینەتی دەکێشا و تا دوامین دەقیقەی ژیانی لە هیچ خۆ دەپێناوانێک لە ڕێی میللەت دا کۆتایی نەکرد. تا لە تاریخی ١٤ ڕەبیعولئەوەل ١٣٣٤ ق بە شەڕافەتمەندی بە یەجگاری هاونیشتمانانی خۆی بەجهێشت و چووە ژێر ڕەحمەتی خودا، ڕەحمەتی خودای لێ بێ.

ئەحمە قازی لە درێژەی وتاری بنەماڵەی قازی دا لەسەر قازی فەتاح دەنووسێ:

لەو ساڵانەی سەرەتای سەدەی بیستەم دا کاروباری شار بە دەست میرزا فەتاحی (براچووکەی میرزا قاسمی قازی و مامی قازی عەلی) بەڕێوە دەچوو. میرزا فەتاح یا قازی فەتاح عالمێکی گەورەی ئایینی و لە هەمان کاتیش دا بەڕێوەبەرێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو. لە بەرانبەر دەستدرێژی عەشیرەتەکانی دەوروبەری مەهابادا ڕاوەستا و ئیزنی پێنەدان بە ئەزمی تاڵان و کوشتار لە شار نیزیک ببنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگەی نەدەدا کاربەدەستانی دەوڵەتی زوڵم لە خەڵکی شار و دەوروبەر بکەن. حاکم و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی زۆری لێ‌دەترسان و هەموو کات دەگەڵی خەریکی دوژمنایەتی بوون و لەلای پادشا و وەزیر و والییەکانی تاران و تەورێز و ورمێ بۆیان تێدەچاند و پیلانیان بۆ لەناوبردن و دوورخستنەوەی دەگێڕا.

لەساڵی ١٩٠٧دا قازی فەتاح پێوەندییەکی نێزیک ڕادەگرێت لەگەڵ ڕزگاریخوازەکانی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی سەتارخان و لە مەهاباد ئەنجومەنێکی دیموکرات دادەمەزرێنێت. لەساڵی ١٩١٠ دا سەرلەنوێ لە ڕێگەی فێڵ و کەڵەکەوە قازی فەتاح دەگرن و بۆ تارانی دەبەن. لەو سەردەمەدا کە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاران دەبێ قازی فەتاح بەزمانی کوردی و فارسی گەلێک هەڵبەستی نیشتمانی دادەنێ کە ئێستاش لە کوردستان و لە تەواوی ئێراندا مەشوورن و قازی فەتاح لە ڕیزی هونەرانی هەرە بە دیمەنی ئەو سەردەمەی ئێران دائەنێن.

لەوبارەوە کتێبی "فرهنگنامە علمای مجاهد" لە سەر قازی فەتاح دەنووسێ:

قازی ساباڵغی، عەبدولفەتاح پیاوێکی زانا و ئەدیب و لە بنەماڵەی بە نیوبانگی ساباڵغی موکری بوو لە نێوەڕاستی سێزدە و سەرەتای سەدەی چاردە مانگی دەژیا. ئەو پۆستی ڕەئیسی ئێماڕاتی هەبوو و لە ڕەخنەگەرانی گەورە و نەترسی حکومەت بوو و بە هۆیەوە لە لایەن ڕێژیمی قاجار گیرا و ماوەیەک لە تاران زیندانی کرا. ئەوکات کە لە زیندان دا بوو ئەو شێعرەی بۆ ئەتابەکی ئەعزەم (امین السلطان) نووسی:

کمان ابرو گمان بردی که من سام نریمانم
کشیدی زیر زنجیر و مکان دادی به زندانم
نیم یوسف مرا جا دادەای در گوشه زندان
نیم یعقوب مرا جا دادەای در بیت احزانم
حدیث اکرم الضیف از نظرها محوشد گویا
اگر من کافرم آخر به اهل شهر مهمانم
منم آن بلبل شیدا که گلشنها بود مآوام
کنون چون جغد بی مآوا در این زندان ویرانم
زنوک خامەام میریخت هردم لولو و مرجان
کنون خون میچکد هر صبحدم از نوک مژگانم
اگر چندی بدم سالک میان ناصیان هالک
ستم ها دیده بودم بر کسان و ایل و اقرانم
اگر با حبس من سامان پذیرد کار این کشور
ندارم شکوەای، من جان فدای خاک ایرانم
نبود اندر سرم هرگز هوای سرکشی آخر
چرا ماندن به کنج حبس همچون سعد سلمانم
اگر خود اشتباهی کردەام از ڕاە ناچاری
بفرما چارەای کن درد ڕا، من خود پشیمانم[1]

ڕەحمان قازی لە کتیبی ڕۆژگاری ون بوودا ئاماژە بە شیعری ئەتابەکی ئەعزەم دەکا کە وڵامی قازی فەتاح بە شێعر داوەتەوە و لەودا هەڵسوکەوتی دوژمن سەبارەت بە کەسی کورد نیشان دەدا:

جبین پرچین گمان کردی که من سالار ترکانم
که از این ڕە توان بردن به این نیرنگ و افسانم
مرا گفتی بافسون ڕام کردندنی ، ندانستی
که من پروردەی دولت ، خدیو شاه کیوانم

[1] - ئەو شێعرە بەکەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەی دیکە تەواو کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حدیث اکرم الضیف ار بدانستی نمی ڕاندی
کـه مـن در ملـک لاتـلکـو بـایـدیـکم نگهبـانـم
ز چـاه یوسف و یعقـوب زبانت سـر بریده کـن
تو جادوگر، منم مـوسـی و زنجیر است ثعبانم
سخـن از ڕب بـرحقـی فاعمل صالحـان ڕاندی
جـواب احسنــی بشنــو، ہمان در چاه زنــدانم
نبـاید پای بگشـودن ز شیر شرزه اکنـون بنـد
نشـاید از مـن ایـن معنــی که پنـد آموز لقمـانم

ساڵی ١٩١٤ شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پیکرد ئەحمەدی قازی لەسەر ڕۆڵی قازی فەتاح لەو شەڕەدا دەنووسێ: لە ساڵی ١٩١٤ی زایینی شەڕی یەکەمی عالەمی دەستی پێکردو دەڤەری موکریان و ئازەربایجان و باقی مەلبەندەکانی ڕۆژئاوای ئێران بوون بە مەڵبەندی کارەساتی ڕووس و عوسمانی. ئەوەش لە کاتێک دا بوو کە ئێران بێلایەنی خۆی لەم شەڕەدا ڕاگەیاندبوو. لەم شەڕە گەورەیەدا کوردستان ژێر پێ کرا و کارەساتی دڵتەزێن زۆر ناوچەی ئەم وڵاتەی گرتەوە. بێگومان سامناکترین کارەساتی ئەم شەڕە وەبەر دەڤەری موکریان بەتایبەتی مەهاباد و دەوروبەری کەوت.

دوو لەشکری ئیمپەراتۆرییەکانی ڕووس و عوسمانی وەک دوو شەپۆلی گەورە وێک دەکەوتن و خەڵکی ساویلکە و بێکەسیان دەگەڵ خۆیان دەهاڕی. لە گەڕیانی ئەو شەڕو پێکدادانەدا گا سپای عوسمانی سەردەکەوت و پاشەکشەی بە سپای ڕووس دەکرد و جارجاریش بە پێچەوانە ڕووسەکان سپای عوسمانییان تێکدەشکاند و بەرەو باشوور و ڕۆژاوا ڕاوەدوویان دەنان. کوردەکان لەبەر دەمارگری ئایینی و پێوەندی مێژوویی زۆربەیان لایەنگری (سپای ئیسلام!) بوون و هاوکاری عوسمانییەکانیان دەکرد و هەر ئەوەش بیانووی دایە دەست ڕووسەکان کە سووتمان بخاتە شار و شارۆچکە و گوندەکان و بێڕەحمانە کوشتاری ئەو خەڵکە بکەن. لە کۆتایی ئەم شەڕەدا عوسمانییەکان بە یەکجاری شکان و لە تەورێز و مەراغە و میاندواو و موکریان دا خۆیان بۆ ڕانەگیراو بەرەو هەرێمی خۆیان کشانەوە. کاتێک ڕووسەکان گەیشتنە سەر شاری مەهاباد، میرزا فەتاحی قازی بە مەبەستی ئەوەی ئیمکانی دەربازبون بۆ خەڵک و دانیشتوانی شار بخولقێنێ پێشی بە سپای ڕووس گرت. بەڵام هەر لەم بەرەنگارییەدا شەهید کرا و ڕووسەکان بەسەر شاردا زاڵ بوون و کوشتار و ڕەشەکوژی و سووتمان و خاپوور کردنیان دەست پێکرد و بەپێی بەڵگە مێژووییەکان زۆرتر لە دە هەزار کەس لە مەهاباد و ئیندرقاش و قونقەڵا و گوندەکانی تر کوژران و شەق و پەقی شمشیران کران.

گۆڤاری ژمارە ٧٧ی مەهاباد لەسەر شەڕی قازی فەتاح دەنووسێ:

ئەو بەربەرەکانیە ئازایانەی قازی فەتاح پێگەی بنەماڵەی قازی لە نێو بیروڕای خەڵک دا قایم کرد و ڕوسەکان و هاوکاری ئێرانی ئەوان "سەمسامی چادولی " لە کۆتایی شەڕ دا ماڵە قازی فەتاح و بازاڕی شار و کتابخانە سیفولقوزاتی مەهابادیان ئاور تێبەر دا.

ئاکامی شەڕی جیهانی لە کوردستانی موکری کۆتایی دەستەڵاتی بنەماڵەی موکری و بە هێز بوونی بنەماڵەی قازی بوو. دەستەڵاتی موکری کە یەکەم هێزی سیاسی کوردی موافق دەولەتی ناوندی لە ناوچەی موکوریان لە سەردەمی قاجارەکان بوو و بە تەواوی خزمەتیان بە ئێران کرد. ئێعدامی "محەمەد حوسین خان" و کوڕەکەی "علیخان "بە دەستی عوسمانی و یارمەتی عوسمانییەکان بۆ بە دەستەوە گرتنی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حکومەتی سابڵاغ بە هۆی قازی فەتاح، بوو هۆی بە هێز بوونی بنەماڵەی قازی. ئەو بنەماڵەیە لە دوایی دا لە ناوچەی موکوریان ڕۆڵی گەورەیان گێرا.

## قازی عەلی

ئەحمەد قازی لە درێژەدا لەسەر قازی عەلی کوڕی میرزا قاسم دەنووسێ:

قازی عەلی خوێندنی باوی سەردەمی لەلای میرزا قاسمی باوکی خۆی و ماوەیەک لە سنە لای زانایانی ئەو شارە و مەلای پیرەباب کە زانایەکی گەورە و دینداڕێکی بێوێنەی زەمانی خۆی بووە تەواو کرد و هاتە ڕیزی گەورە مەلایانی کوردستان. خۆشنووسێکی دەستڕەنگین بوو. خەتی فارسی و عەرەبی زۆر جوان دەنووسی. لە لایەکیشەوە زۆر ئادابزان و مرۆڤدۆست و نەجیب بوو. خەڵکی شارو ناوچەکانی دەوروبەر دەیانناسی و ڕێزیان بۆ دادەنا.

پاش مەرگی باوکی بوو بە قازی شار و "مەحکەمە" لە زەمانی ئەویشدا هەموو کات پڕ لە میوان و غەریبە و شکایەتکار شکایەت لێکراو بوو. بێجگە لەوانەش لە مەحکەمەی قازی عەلی دا چەند کەس لە لاوانی خزم و ئاشنا خەریکی خوێندن بوون و خەرجی هەموویان لەلایەن مەحکەمەوە دابین دەکرا. یەک لەوانە محەممەدی قازی وەرگێڕی بەناوبانگ و یەکێکی دیکەش عەبدوڵڵا ناهید (افتخار) بوو کە هەردووکیان لە بیرەوەرییەکانیاندا باسی ئەو ڕۆژانەیان کردووە کە لە مەحکەمەدا خەریکی خوێندن بوون.

لەو سەردەمەدا کە میرزا عەلی لاو لە شاری سنە دەیخوێند، دەگەڵ خەلیل خان کوڕی شێربەگ، گەورەی عێلی فەیزوڵڵابەگی هاودەرس دەبێ. دۆستایەتی و خۆشەویستی ئەم دوو لاوە دەگاتە ڕادەیەک کە خەلیل خان بە میرزا عەلی (قازی عەلی) پێشنیار دەکا خوشکێکی خۆی بە ناوی "گەوهەرتاج خانم" کە لە جوانیدا بێهاوتا بووە بداتێ بۆ ئەوەی لە دۆستایەتییەوە ببنە خزم و پێوەندییەکەیان پتەوتر بکەن. میرزا عەلی نەدیتە ئەو پێشنیارەی قبووڵ دەکا. پاشان خەلیل خان کە خۆشەویستی لای باوکی بووە مەسەلەکە لەگەڵ بنەماڵەی خۆی باس دەکا و شێربەگ پێشوازی لەم پێشنیارە دەکا. ماڵی شێربەگ ئەودەم لە سڵەمانکەندی نزیک شاری سەقز بووە. ئەم گوندە ناوەندێکی گەورەی هونەر و خوێندەواری و مەکۆی مەلا و فەقێ و ئەهلی زانست بووە و جەماوەرێک لە پیاوماقووڵانی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی لەوێ دادەنیشتن.

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا دەبێ بگوترێ کە میزا قاسم قازی بە تووندی چاوەدێری خوێندنی کوڕەکانی دەکرد و قازی عەلی لە لای مەلا عەوڵای پیرەباب خوێندویەتی کە هەم لە تەفسیری سەرف و نەحوی عەرەبی و فێقە و ڕیازی دا شارەزا بووە و لە دەزگای شێخ عوبەیدولا دا دەرسی دەگوت. قازی عەلی لە شەڕی یەکەم دا پشتیوانی تورکان بوو و دژی ڕووسان جیهادی دا و داوای لە خەڵک کرد کە یارمەتی بە هێزەکانی تورک بکەن. بۆیە دوای تێکشکانی تورکان، ڕووسەکان ماڵی ئەو و قازی فەتاحیان ئاور تێبەر دا و دوو جار قازی عەلیان دەسبەسەر و زیندانی کرد و جارێک تا ورمی و جارێکیش تا حەیدەر ئابادیان برد.

یۆسفی قازی لە لاپەڕەی ٥١ ی کتێبی "رۆزنامەی تاریخ" بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی حیزبی توودە باسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەقی ئیجازەی پۆشینی لیباسی مەلایەتی قازی عەلی و قازی مونعیمی ئامۆزای دەکا و بە پێی ژمارەی ٦٦ بەرانبەری ڕێژەی ٣ لە مادەی ٢ یاسای یەکی لیباس لە ئێراندا، ئەوان بە ژمارەی ٢٦٦٩ ئیجازەی مامۆستایەتی زانستی مەنقول و مەحقولیان لە مەهاباد پێدرا.

بە پێی لاپەڕەی ٦٠ی کتێبی پیشوای بیداری دا، ئاغای عەبدولای ناهید کە لە دەورەکانی ١١ و ١٢و ١٣ دا نوێنەری شاری سەقز و بانە لە مەجلیسی شوڕای میللی ئێران بوو لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە سەر کەسایەتی قازی عەلی دەنووسێ: مەڕحومی قازی عەلی کەسێک بوو کە کەمتر وەک ئەو پەیدا دەبێ. لە حالێکدا لە زانستی مەحقول و مەنقول دا پڕ بوو و ڕەنگە لە سەرانسەری کوردستان دا بێ هاوتا بوو، لە ڕادەبەدەریش ڕوناکبیر و نوێخواز و خاوەنی زۆر خوو و خدەی باش و گەورەبوو ...

پێش لە دایک بوونی قازی محەممەد، قازی عەلی لە گەوەرتانج خانم سێ منداڵ، دوو کوڕ و کچێک بە ناوەکانی فاتم، محەممەد و ئەبولقاسم دەبێ کە هەموویان لە سەردەمی منداڵی دا مردن. دوایە ئەوان کچێکیان دەبی بە ناوی خەجیج. ئەوجار کوڕێکیان دەبێ کە ناوی دەنێن محەممەد و دوو ساڵ دواتر کوڕێکی دیکەیان دەبێ کە ناوی دەنێن ئەبولقاسم. ئامین ئاخرین منداڵی قازی عەلی‌یە.

گەوەرتانج خانم لە ١٢٨٩(١٩١٠) کۆچی دوایی کرد و شەڕافەت خانم دایکی گەوەرتانج، خەجیج و ئەبولقاسمی بردە یەکشەوە و بۆخۆی بەخێوی کردن.

پەیوەندی خزمایەتی نێوان دوو بنەماڵەی قازی و فەیزوڵابەیگی دواتر بەهێزتر بوو میرزا ئەبولحەسەنی سەیفی قازی برای چکۆلەی قازی عەلی کچێکی دیکەی شێربەگ ئاغا بە ناوی زبێدخانم مارەکرد.

ئەحمەدی قازی دوای ئەوە لە سەر قازی عەلی دەڵێ کە محەممەدی قازی لە کتێبی "بیرەوەرییەکانی وەرگێڕێک"دا بە ″قازی گەورە″ ناوی دەبا دەنووسێ:

گەوهەرتاج خانم بە جەوانی کۆچی دوایی دەکاو قازی عەلی پاش ماوەیەک دەگەڵ زیبا خانمی کچی شێخەلئیسلامی ئاجی‌کەند زەماوەند دەکاتەوە. لەو خانمەش دەبێتە خاوەن کچێک بە ناوی فاتمە.

میرزا عەلی قازی لە پاش شەهیدکرانی قازی فەتاح بووە بە قازیی موکریان و بەنێوی قازی عەلی بە نێوبانگ بوو. قازی عەلی یەکێک لە زانایانی دینی گەورەی کوردستان بووە و گەلێک مەلای بەناوبانگی ئەو سەردەمەی موکریان، ئیجازەی مودەریسی و مەلایەتییان لەوی وەرگرتووە.

شیرینی قازی لە فەیسک بووک دا، ئاماژە بە بیرەوەرییەکانی وەرگێڕی گەورەی زمانی فارسی، محەممەدی قازی دەکا کە لەسەر قازی عەلی دەنووسێ:

قازی گەورە (قازی عەلی باوکی پێشەوا) نموونەیەکی بەرچاو لە چینی ساماندار و سەرشوناس و کۆک و پۆشتەی شار بوو، پتر لە هەموو دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوەکانی ئەو بنەماڵەیە چاوەدێری هەژارەکانی دەکرد. لە ماڵەکەیدا نەتەنیا ئاگاداریان لە منداڵ گەلێکی نەداری وەک من دەکرد، تەنانەت منالی ئەو بنەماڵە ساماندارانەی کە بە پێی پێویست لە دێهات دەژیان و بۆیان نەدەلوا لە شار بژین، نۆ مانگەی دەرس و مەدرەسە لە مەحکەمەی قازی گەورە دەژیان و منیش بووم بە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە پڕ خێزانەکەی قازی گەورە. وا بڕایەوە کە شام و نەهارەکەم لە مەحکەمە وێڕای منداڵەکانی تر بخۆم، شەوانە هەر لە وێ دەگەڵ منداڵەکانی تر بخەوم و هەر لە وێش خەریکی دەرس و دەوری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قووتابخانە بم. جا بۆیە پێتان سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم مەحکەمەی قازی هەر لەم کاتەدا کە مەحکەمەی شەرع و دادگا بوو، میوانخانە و بووژانگەی مناڵانیش بوو. هەر لەو کاتەدا بوو دەگەڵ دەرس و دەوری قووتابخانە هەموو ڕۆژێ دەچوم بۆ لای دانیشمەندی گەورە گیوی موکریانی و لە لای ئەو بەلیمەتە فێری زمانی فەڕانسەوی بووم. لە نێو ئەو مناڵانەدا من " پانسیۆنێری " دایمی بووم، هەموو منداڵەکان جگە لە من دایک و باب و کەسوکاری خۆیان هەبوو، بە وەختی خۆی سەردانیان دەکردن و تەکلیفی جل و بەرگ و قەڵەم و کتێب و تەنانەت پوڵی گیرفانیان مەعلووم بوو. تەنیا منی بێ کەس بوو کە کەس نەبوو سەردانم بکات و لێم بپرسێتەوە، چاوگە و بناوانێکیش لە گۆڕێدا نەبوو کە کەوش و لیباس و کتێب و قەڵەمم بۆ دابین بکات. لەسەر ئەوەشڕاوە خوا ڕاستان قەت مەحتەل و ڕووت و ڕەجاڵ نەدەمامەوە و یا کەریم دەینارد.

لە کوردستانی ژمارە ٧٠ دا سەید محەمەد حەمیدی بە وردی باسی ژیانی و بەسەرهاتی مەرحومی قازی عەلی دەکا و دەنووسێ:

... پوشپەڕی (تیرماە) ی ١٢٤١ شەمسی لە شاری مەهاباد لە دایک بوو. پیاوێکی ماقوڵ و زانا و ناتق و بە دین و بوردبار و میللەت پەروەر و نیشتمان پەرەست و خەتخۆش و نووسەرێکی بە ناوبانگ و ڕەئیسولعولەمای سەخی و قسە خۆش بوو. بۆ زانست لە نێو هاوساڵان و زانایانی چەرخی خۆیدا، وەک گەوهەری ڕوون دەدرەوشایەوە.

لە ئەنجوومەنان و کۆنفڕانسانی عیلمیدا و لە حزوری سلاتین و ئومەڕادا نوتق و قسەکردن ڕاجعی ئەو بوو. لە کاتی لێقەوماوی و هەژاری میللەت و مەسائیبی نیشتمانیدا، پەناگا و جێگای هومێد و حەلاڵی گرێ پوچکانی موشکیلات بوو. لە خەت خۆشی و نووسەریدا کەم وێنە بوو. ناوبانگی بە هەموو نوختەیەکی ئێران و مەڵبەندەکانی کوردستان دا ڕۆیشتبوو. ڕەئیسولعولەما و مەرجەعی ئەهلی زانست بوو ...

مەرحومی قازی عەلی لە پێناو ئازادی کورد و نێهزەتی مەشروتەی ئێران دا، زۆری مەینەت کێشا و یەکێ لە ئەندامە بەرزەکانی ئەو نێهزەتە دەژمێردرا و لە بەر بیری ئازادیخواهی چوار جار بە دیل گیرا.

مەرحومی قازی چەند جلدێکی کتێب لە علوم دا نوسیوە بەڵام لە جەنگی بەینئەلملەلی هەوەڵدا کە مەهاباد سوتا و کوشتاری تێدا کرا کتێبخانەکەی بڵاو بوو و نووسراوەکان لە نیوچوون تەنیا شەرحێکی کە لە سەر قەسیدەی "پانت سعاد" کە بە فارسی نووسیوێتی بە خەتی خۆی ماوە...

بە دوای هێرشی ڕووس، قازی عەلی پەنای بۆ هەوشار و خزمەکانی خۆیان لە ئاوایی "یەک شەوە" برد. چەند مانگ دواتر کە لەشکری تورک، شاری مەهابادی گرتەوە. بنەماڵەی قازی عەلی گەڕانەوە بۆ مەهاباد. بەڵام دیسان هێزەکانی ڕووس دەستیان بەسەر شار داگرت. دیسان قازی عەلی لە ساڵی ١٩١٥ ( ١٢٩٤) پەنای بۆ ئاوایی یەکشەوە بردەوە و ماوەی سێ ساڵ لە لای هەوشار و تکاب ماوە. ئەو دوای کۆتایی شەڕ گەڕاوە بۆ مەهاباد کە مەڵبەندێکی وێران و قاتی و قڕی و ماڵوێران و بەڵا لێدراو بووە و سەدان کەس بە هۆی برسێتی و نەخۆشی گیانیان لە دەست دابوو.

قازی عەلی لە ساڵی ١٩٣٠(١٣١٠) دا کۆچی دوایی کرد، بۆ مەرگی ئەو عەزای گشتی ڕاگەیەندرا. دوکان و بازار و ئیدارەکان داخران. دوای مەڕاسمی سەر قەبران، مەلا و گەورەکانی شار، عەبای قازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەلیان بە سەر شانی قازی محەممەدی کوڕی دادا و لە جێگای بابیان دانا. بەو شێوەیە کاروبار و چارەی کێشە و گیروگرفتی خەڵک کەوتە ئەستۆی قازی محەممەد. ئەو بەرپرسایەتییە قازی محەممەدی مەجبوور کرد کە پۆستی سەرۆکایەتی ئیدارەی مەعارف بە جێ بێڵێ و زیاتر بە کار و کێشەی ناوچەکە ڕابگا.

بە دوای مەرگی قازی عەلی دا زۆر شاعیر یەک لەوان مەلا مارف کۆکەیی بە نووسراوە شینیان بۆ گێڕا و کە ئاماژە بە کورتە بڕگەیەکی دەکرێ کە بە فارسی نووسیویێتی: ...

جناب مستطاب فازل مولی علی قاضی
رئیس اهل علم و مرکز افراد ڕوحانی
نبیند هیچ غواصی باقیانوس هند و ڕوم
نبیند هیچ ملاحی بقعر بحر عمانی
چون او در یتیمی شاهواری قابل تحسین
چون او یک گوهر سافی تر از لعل بدخشانی
...
چو تاریخ وفاتش ڕا طلب کردند ندا آمد
بگو: (هب هو مغفور) ز فێض فضل ڕحمانی
ولیعهدش(محمد) با( ابولقاسم) کفی الواقع
سزد هر یک که گویم اولی هستند بی ثانی
خداوندا همین دو غنچه باغ قضاوت ڕا
نگهدارش ز آسیب خزان و صدقت جانی

## سەیفی قازی (سەیفولقوزات)

لە پەنا قازی عەلی، کەسایەتێکی گەورەی دیکەی ئەو بنەماڵەیە، سەیفی قازی، برای قازی عەلی بوو کە ئەویش خەریکی کاروباری قەزاوەت بوو. ئەحمەد قازی لەسەر سەیف دەنووسێ:

سەیفی قازی یەکەم نوینەری فەرهەنگی لە مەهاباد بوو و دامەزرانی قوتابخانە بە شیوەی نوێ بە هەوڵی ئەو جێبەجێ بوو. پاش ماوەیەک دەستی لەو کارە کێشایەوە بە جێگای ئەو قازی مەحەمەدی برازای بوو بە بەرپرسی ئەو کارە.

چاوخشاندنێک بە سەر کەسایەتی سەیف کە نیشتیمانپەروەرێکی ڕوناکبیری، شاعیر، شارەزای یاسا و دیوانی ناو دەسەڵات و زۆر چالاک بووە، لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و میراتگری کارباری قەزاوەت و چارەسەی کێشەکانی ناو کۆمەڵ بوو. تا ڕادەیەکی زۆر ڕەوتی سیاسی ئەو کات، ئاشکرا دەکا.

ئەحمەدی قازی لە دێژەدا دەنووسێ:

حەسەن یان ئەبولحەسەن کوڕی سێهەمی میرزا قاسمی قازی، هەروەک براگەورەی خۆی، قازی عەلی هەر لە سەرەتای ژیانەوە لە مەحکەمە و لە لای مەلاکانی شار دەست دەکا بە خوێندن و پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوو دەکاتە بۆکان و سەقز و لە گوندی عەمبار و سڵەمانکەندی لە لای مامۆستایانیک


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک مەلا حەسەنی قزلجی و مەلا ساڵحی سەدراباتی تا پلەی مەلایەتی دریژە بە خوێندن دەدا ...

حەسەن پیاوێکی چالاک و گەڕناس و ڕووناکبیر بوو. هاتوچوێ تاران و تەورێز و ورمێ و مەراغە و شوێنی دیکە چاووگوێی بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ئێران و جیهان دا کرد بۆوە. دەگەڵ بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناوخۆی ئێران و کوردستان دا پەیوەندی و هاوکاری دەکرد. بۆ نموونە دەگەڵ بزاڤی شێخ محەمەدی خەیابانی لە تەورێز و بزاڤی کوردایەتی کە لە لایەن نەتەوەپەرەستانی موکوریان و ئەندامانی حیزبی هیوای کوردستانی عێراق بەڕێوە دەچوو، پەیوەندی نیزیکی هەبوو. هەستی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی لە شێعرەکانیدا زۆر بەرچاو و هەر ئەو تایبەتمەندییانەی سەیف دەکاتە مەردی مەیدانی خەبات و تێکۆشان.

بە پێی لاپەڕەی ٤٣ کتێبی "تاریخ تایفه قازی" لە نووسینی خەلیل فەتاحی قازی، سەیف لە سەردەمی کۆتایی دەورانی قاجاڕ دا، لە دژی ئەو خانەدانە، لایەنگری لە ڕەزاخانی میرپەنج (ڕەزاشای پەهلەوی) کرد کە ئەوکات سەرۆک وەزیر و فەرماندەری گشتیی هێزەکانی ئێران بوو. سەیف هەوڵی دا تا بتوانی ببی بە نوێنەری مەجلیسی شووڕای میللی ئیران، یان بگا بە دەزگای "ماڵییە" یان سەرۆکایەتی دیوانی "عەدڵییە" ئیران. سەیف هەموو جارێ بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیس، زۆرترین دەنگی دیناوە بەڵام هەمووکات بۆ ٥ تا ٦ دەورە،"عەلیخانی حەیدەری" ئاغای ئاوایی "حاجیاڵیکەند" سەری لە سندوقی دەنگ وەدەردەنا. کاربەدەستانی دەوڵەت هەرچەند بە ڕواڵەت زۆریان ڕێز لە سەیف دەگرت و ڕەزا شا خەنجەری گەوهەرنیشان بە خەڵات دایە، تەنانەت مانگانەی بۆ بڕیبۆوە، بەڵام قەت لە کاری دەوڵەتی دایاننەمەزراند.

سەیف لە ساڵی ١٣٢٣ کۆچی دوایی کرد. ئەو بە شێعر و بەیانی وشەی ڕەسەنی کوردی خزمەتی زۆری بە گەشەکردنی بواری فەرهەنگی و زمانەوانی کورد کرد. لە قۆناغی دواتری ژیانی سەیف و بەتایبەت پاش نەمانی سمکۆ، بیری نەتەوایەتی و میللی، لە شێعرەکانی دا بەرچاون.

بە بۆنەی یەکەمین ساڵی کۆچی دوایی سەیفولقوزات لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٨ لە وتارێکی کورت دا هاتووە:

شاعیری بەناوبانگ یا بە قەولی دیاری کۆمەڵەی ژ. ک: پیرە مێردی سابڵاغ ئەبولحەسەن سەیف قازی کوڕی میرزا ئەبولقاسم قازی لە هەشتمینی مانگی بانەمەڕ (ئوردیبەهێشت) ی ١٢٥٥ شمسی متابق چواری ڕەبیعولسانی ١٢٩٣ قەمری لە شاری سابڵاغ (مەهاباد) لەدایک بووە. ئەم زاتە لە بنەماڵەی قازییە و ئەوەندەی ئێمە دەزانین ئەم خانوادەیە لە سابڵاغدا چەند چەرخێکە نێو بەدەرە و جێگەی ڕێکخستن و پێک هێنانی ئوموری قەزایی و عورفی و بەڵکو بە هێزی باسک و ئەسلحە ڕاگری حقوقی خەڵکی بە تایبەتی دانیشتوانی سابڵاغ بوون و گەلێ جاری وابووە کە لەلایەن عشایری دەوروبەر یان حکومەتی هەندەران لە سابڵاغ هەڕەشەی کراوە، وەلی ئەم خانوادە هەنگاوی پیاوەتیان هەڵێناوە و سابڵاغیان لە پەلاماری دوژمنەکان پەنا داوە.

مرحوم سیف لە خزمەت مەلا شفیع و مەلا حەسەنی کوڕی قزڵجی و مەلا ساڵحی سەردەراباتێ علومی مەعقول و منقولی خوێندوە و پاش تەواو بوونی خوێندن بە قەزاوەت خەریک دەبوو. زەبر و ستەمی موستەعمەرچییەکانی دەگەڵ نەتەوەی کورد بە چاوی خۆی دیوە و لە جەرگ و هەناوی کاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردوە. جا دڵی کوڵیوە و بێ خاوەنی و پەریشانی و بڵاوێەتی و سەرکزی و هەژاری کوردەکانی لە ئەشعاری میللی خۆی دا نواندوە و دەڵێ:

کوردینە تا بە کەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو

بێینوو بچین و بۆ مە نەبێ قەت خودان و خێو

ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٦ دا لەسەر کەسایەتی سەیف قازی دەنووسێ: شاعیری میللی بە ناوبانگ حەزرەتی ئەبوولحەسەنی سەیف قازی مەرحوم.

یەکێ لە زیانی هەرە زلی ئەو چەرخی دوایی زانست و ئەدەب بە تایبەتی ئەدەبیاتی کوردی، ڕابردنی هۆنەرێکی بڵیندپایە و بەرز حەزرەتی ئەبوولحەسەنی سەیف قازی کە نێوبانگی بە سەیفولقوزات ڕوویشتووە. ئەم ئەستیرە گەشی ئەدبیاتە کە لە کەناری ئاسمانی کوردستان هەڵاتوو بە نووری دانیش و زانستی خۆی عالەمی شێعر و ئەدەبیاتی ڕووناک کردووە نەتەنیا مایەی سەربەرزی و شانازی کوردستانی موکوریانە بەڵکو بە بوونی ڕۆڵەیەکی وا کە دایکی گیتی لە بوونی وی ڕژدی دەکا بۆوەی دەبێ کە هەموو کوردستانی گەورە پێی بنازێ.

رووناکی دڵ و لەتافەتی تەبع و وردی مەعنا و زیبایی ئەلفاز دەگەڵ تیژی زێهن و زیرەکی و هەستی نەوع پەرەستی و بەرزی گیان و ئەخلاق سەیفولقوزاتی لە نێو زانیان و گەورە گەورانی زمانی خۆیدا بێ وێنە کرد بوو.

سەبک و شێوەی سەیف، زۆر ماموستایانە و دەگەڵ جوانتر کەلام بەرانبەری دەکا. ئەشعاری دڵڕفێن و ئاوداری وی دەگەڵ مەزامینی نوێ و سودمەند لە ئیستحکامدا وەک پۆڵا و لە ڕەوانی دا وەک ئاو وایە. بە تایبەتی ئەشعاری دڵچەسپ و میللی کە مایەی چاک کردنی کۆمەڵ و وەخەبەر هاتنی کوردە ...

ساڵی ١٣٦١(١٩٩٢) بە هۆی ئەحمەد قازی، دیوانی شیعرەکانی سەیفولقوزات لە تاران چاپ و بڵاوکراوە. لەسەر وردبینی و نوکتە زانی سەیف، عەلی حەقیقی لە لاپەڕەی٥٠ ی کتێبی "بووم بە میلونێر"دا لە زبانی بابی، شاعیری گەورە( مامۆستا حەقیقی) دەگێڕێتەوە کە دایکی حەقیقی سەنەدەی موڵکی لە لای یەکێک لە قازییەکان دانابوو. پاش ماوەیەک داوای دەکاتەوە. بەڵام قازی کەمتەرخەمی دەکا و بۆی نابینێتەوە. مامۆستا حەقیقی لەگەڵ دایکی شکایەت دەباتە لای سەیفی قازی و ئەوانە پێکەوە دەچنە لای ناوبراو و سەیف دەڵێ سەنەدی حەقیقی بۆ نادەیەوە؟ قازی دەڵێ بە خودای زۆری لێگەڕاوم بۆم نەدیتراوەتەوە. سەیف دەڵێ جا چۆن لێیگەڕاوی؟ ئەگەر لێی بگەڕێی قەتی نابینیەوە، دەبێ بۆیی بگەڕێی.

## قازی محەمەد

قازی محەممەد لە ڕێکەوتی ١١ی مانگی بانەمەڕی(ئوردی بیهیشت) ساڵی ١٢٧٩ ی هیجری شەمسی بەرامبەر بە ٢ ی محەڕەمی ١٣١٨ی مانگی(١ مانگی مای ساڵی ١٩٠٠ی میلادی) لە شاری مەهاباد لە دایک بوو.

دایکی قازی محەممەد کچی شێربەگ سەرۆکی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی بووە کە یەکێک لە بنەماڵە لەمێژینەکانی کوردستان بوو و دەچنەوە سەر تایفەی ئەیووبی. ئەحمەدی قازی لە درێژەی مێژووی بنەماڵەی قازی دا لەسەر کەسایەتی قازی محەممەد دا دەنووسێ: ... هێشتا منداڵ بوو کە دایکی کۆچی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوایی کرد. بەڵام پێڕاگەیشتنی دڵسۆزانەی زیباخانم هاوسەری دووهەمی قازی عەلی جێگەی دایکی ڕاستەقینەی بۆ ئەو و خوشک و براکانی پڕ کردەوە... لەو سەردەمەدا کە محەممەد ڕۆژانی سەرەتای لاوەتی دەست پێکردبوو، میسیۆنی ئایینی ئەمریکایی لە مەهاباد جێگیر بوون. زۆربەی ئەندامانی ئەو میسیۆنە فێری کوردی ببوون و دەگەڵ قازی عەلی و بنەماڵە گەورەکانی تری سابلاغ (مەهاباد) ئامشۆیان دەکرد. یەکێک لە ئەندامانی ئەم میسیۆنە بە ناوی د. فاسۆم ڕێزمانێکی لەسەر زمانی کوردی زاراوەی موکریانی نووسیوە. بێجگە لەوە دوکتۆر فاسۆم زۆر بە وردی باسی قەتڵوعامی دانیشتووانی شاری مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەری کردووە و لە وتارێکدا بۆ ڕزگار کردنی ئەو گەلە بێدەرەتانە داوای یارمەتی لە هاووڵاتیانی ئەمریکایی کردوە (بڕوانە گۆواری مەهاباد ژمارە ٧١ ساڵی ١٣٨٥ گوزارشتی میسیۆنی کوردستان. ل. و. فاسۆم. وەرگێڕ ئەحمەد قازی لاپەڕە ٥ هەروەها ئیل، ئۆ، فاسۆم دۆستی کورد و نموونەی مرۆڤایەتی نووسینی سەید عەبدوڵلا سەمەدی) قازی محەممەد لە لای ئەندامانی ئەم میسیۆنە بە تایبەتی لەلای دوکتور شاڵک و میستر میللێر و میس کوتات خانم فێری زمانی ئینگلیسی بووە.



قازی محەممەد هەر لە منداڵییەوە کەسایەتێکی هەڵکەوتە بووە و سیمایی واقعی ئەو بە لای عارفانی دینییەوە ڕواڵەتی پێغەمبەرانەی هەبووە. ڕەحمان قازی لەسەر سەردەمی منداڵی ئەو، لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ: وەک بیستومە قازی عەلی موریدی شێخی بورهان بووە و زۆری هاتووچۆی خانەقای بورهان کردووە. جارێک دەڕوا بۆ خانەقا و محەمەدیش کە تەنیا شەش ساڵی تەمەن دەبێ لە خزمەتی دا دەچێ. کاتێک دەگەنە خانەقا شێخ لە ژوری خانەقا دەبێ. شێخ پیاوێکی کەم دوێ بووە و کەمتر لەگەڵ خەڵک قسەی کردووە. گەرچی پیاوێکی زۆر بەڕێز بووە بەڵام هیچ کات لەبەر کەس هەڵنەستاوە. کاتێک قازی عەلی دەچێتە ژوری خانەقا و سڵاو دەکا، شێخ یەک پێ لەبەریان هەڵدەستێ. قازی عەلی دەڵێ: قوربان تکایە فەرمو، چۆن لە بەر من هەڵدەستی؟ شێخ دەڵێ: لە بەر تۆ هەڵنەستاوم. لە بەر ئەو کوڕە هەستاوم. ئەوە دەبێتە پیاوێکی یەکجار گەورە و ناوبانگی هەمو دونیا دادەگرێ.

ئەحمەدی قازی لە درێژە دا لەسەر قازی محەممەد دەنووسێ: ... لە خزمەتی باوکی دەس دەکا بە خوێندن. لە هەمانکاتدا لە خزمەت مەلا حوسێنی مەجدی کە گەورەترین زانای ئایینی زەمانی خۆی بوو دەرسی دەخوێند. ماوەیەکیش لە گەڵ مەرحومی مەحەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی لە خانەقای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەرەفکەندی دەرسی خوێند.
بە قسەی ماموٚستا هێمن، پێشەوا شانازی بەوە دەکرد کە شاگردی ماموٚستا ئەحمەدی فەوزی بوو. بە وتەی دوکتور عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، فەوزی هەر مەلا ئەحمەدی فەقێ عەلییە  کە لە گەڕەکی چوار باغی سولیمانی ژیاوە و بیری کوردایەتی هەبووە و بە ڕووخانی حکومەتی شێخ مەحموود نائومێد بووە و بە مەبەستی کوردایەتی چووتە موکوریان. دۆستی بنەماڵەی تورجانیزادە و قازییەکان بووە.
لەسەر کاتی منداڵی قازی محەممەد، ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٥٤ی کتیبەکەی دا دەنووسێ:
قازی محەممەد، لە تەمەنی ٧ ساڵی دا لەلای باوکی دەست بە خوێندن کرد و لە ماوەیەکی کوردتدا شارەزای زمانی عەرەبی و فارسی بوو. لە تەمەنی ١٢ ساڵی دا بوو فەقێ و لە مزگەوتی سوور و ڕۆستەمبەگ و هەباس ئاغا و مزگەوتی قازی دەستی کرد بە خوێندنی زانستەکانی دینی. یەکەمین قوتابخانەی سیاسی قازی محەممەد ژیانی فەقێیەتی بووە.
هەر بە پێی لاپەرەی ٥٥ ی ئەو سەرچاوەیە، قازی محەمەد هەر لەو تەمەنەدا بە هۆی زیرەکی و وریایی لە نێو فەقێکان دا کە ژمارەیان نێزیکەی ٢٠٠ کەس بوون، ڕێز و خۆشەویستی تایبەتی هەبوو و کردبوویانە سەردەستە خۆیان. قازی محەممەد ئاڵووگۆڕی زۆری لە ژیانی فەقییەکان دا پێکهێنا و بۆ کاتی خوێندن و ڕابواردن و تێکۆشانی ڕۆژانە بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ دیاری کردن. ئەوان هەموو حەفتەیەک دوو جار بۆ سەیران و پیاسەکردن دەچوونە باغەکانی قەراغ شاری و لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک قسەیان دەکرد. میرزا محەممەد بۆخۆی لە وتاردان دا زۆر بە توابوو و "ئیگیلتۆن" نووسەری ئەمریکی لەو بارەوە دەنووسێ:
قازی محەممەد" ناتقێکی زۆر بەهێز و بەبڕشت بووە و ئەیتوانی بە چەند وێژراوەیەک تەواوی گوێدێرەکان بخاتە ژێر تەئسیرێکی گەورەوە.
قازی محەممەد و فەقییەکان زۆر جار بە وادەی چەند ڕۆژ بە مەڵبەندە جیاوازەکانی کوردستاندا دەگەڕان و میوانی لادێیەکان دەبوون و بە چاوی خۆیان ژیانی کۆمەلانی خەڵکیان دەدیت.
ئەوکات لە نێو فەقیيان دا شێعر شێعرێن زورتر بە فارسی و عەرەبی باو بوو و کەمتر بایخ بە شێعری کوردی دەدرا. بە پێی لاپەڕەی ٥٦ ی کتێبی ڕەحیمی قازی، قازی محەممەد زۆربەی شێعرەکانی وەفایی و ناڵی و حاجی قادری کۆیی لەبەر بوو و جارێك لە سەیران بە فەقێکان دەڵێ:
"ئەگەر پیاون وەرن بە تەنیا بە هۆی شێعری کوردی شێعرێن بکەین".
قازی هەر لە میرمنداڵییەوە بەیت و باو حەکایەتە کوردیەکانی وەک لاسە شۆڕی باڵەکیان و ناسروماڵ ماڵ، کاکە مەم و خاتووزین، برایمۆک، دم دم، مەحمەڵ و برایم، کەڵ و شێر و خەج و سیامەند و ... کۆ کردوتەوە و فەقییەکانی هان داوە کە بیانووسنەوە و لەبەریان بکەن.
قازی لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا لەگەڵ تەواوی فەقییەکانی سابڵاغ تفەنگ و فیشەکدانیان هەڵگرت و لەژێر سەرۆکایەتی قازی فەتاح دا بۆ پارێزگاری کردن لە سابڵاغ، بەشداری شەڕ بوون و ئازایەتیی گەورەیان نواند.
میرزا مەنافی کەریمی لە سەر ڕادەی زانیاری و هەوڵ دان قازی بۆ فێربوون زمانەکان لە لاپەڕەی ٥٩ ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

... بەو ئیستیعدای زاتییەی کە لە ئەو دا هەبوو، سەرەڕای زمانی فارسی بە زمانەکانی ئینگلیسی، فەڕانسە، ڕووسی، تورکی، ئاشانا بوو. سەبارەت بە بە فێربوونی عیلم و زانست لە لایەن جەوانانی کورد، لە ڕادەبەر حەساس بوو هەر بۆیە ماوەیەک سەرۆکی پەروەردە و فێرکردنی شاری مەهابادی بەستۆوە گرت...

لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی دا، دەیان ئەمریکایی بە ناوی پڕوپاگەندیی دینی بە کوردستان و ئازەربایجان دا بڵاو ببوونەوە. لەوانە چەند کەسێک هاتنە مەهاباد و قازی مەممەد لە لای ئەوان بۆ ماوەی ٢ ساڵ دەستی کرد بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی و فێری ئەو زمانە بوو. حەسەن قازی لە سایتی ئینتیرنێتی "رادیو فەردا" دا لەوبارەوە دەنووسی کە لە ساڵی ١٩١٢ بە دواوە ٢ مسیونێری ئاڵمانی و ئەمریکایی لە مەهاباد کاریان دەکرد. قازی محەممەد بە پێی وەزعییەتێک کە هەی بوو، لە لای یەکێک لەوانە فێری ئینگلیسی بوو. ئەو میسیونێرانە تا ساڵی ١٩٣٦ لە مەهاباد مانەوە و قازی لە لای ئەوان زانیاری زۆری لەسەر ئوروپا و ئەمریکا بە دەست هێنا.

ڕەحمان قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا لەسەر شێوەی خوێندنی قازی محەممەد دەنووسێ:

لە لای مامۆستا عەبدولڕەحمان گیو و میسداڵ خانم فێری زمانی ئینگلیسی و ئەڵمانی بوو . لە لای کەسێکی تر بە ناوی میرزا سمایل فێری زمانی عروسی بووە. هەر کات زانیبای کەسێک وشەیەک ڕوسی یان ئینگلیسی یان ئەڵمانی دەزانێ هیچ سڵەی نەدەکرد و یەکسەر دەچو بۆ لای و داوای دەکرد فێری بکا. کتێبی وشە ناسی هەر سێک زمانی پەیدا کردبو و بەردەوام دەیخوێندنەوە.

قازی محەممەد وانەکانی خوێندنی لە لای بابی و لە لای مامی شاعیری گەورە سەیفولقازت دەست پێکرد و عەرەبی لە لای مەلا حوسێنی مەجدی و دەرسی ئینگلیسی لە لای میستر میلێر و میس داڵ و زبانی فەڕانسەیی لە لای مامۆستا عەبدولڕەحمان گیوی موکوریانی خوێند.

ئەوکات کە ڕووسەکان لە ساڵی ١٩١٥ تا ساڵی ١٩١٧ دەستەڵاتیان بە سەر مەهاباد دا هەبوو، قازی محەممەد هەوڵی دا تا زمانی ڕووسی فێر ببێ و بەمشێوەیە لە تەمەنی ١٧ ساڵی دا توانی جیا لە زبانی زگماکی، فارسی و عەرەبی و ئینگلیسی و ڕووسی و تورکی فێر ببێ. هەروەها قازی محەمەد کاتێک کە سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ بوو، فێربوونی زبانی فەڕانسەوی دەست پێکرد.

مینا خانم خێزانی پێشەوا لە چاوپێکوتن لەگەڵ تەلەڤزیۆنی "مێد تڤێ" دا لەسەر خوێندن و زانیاری قازی محەممەد دەڵێ کە لە خانەقای شێخی بورهان لە شەڕەفکەند خوێند بوو و دائیم کتێبی دەخوێندەوە و بە چەند زبان قسە و تەرجومەی دەکرد. فارسی بە کوردی، کوردی بە عەرەبی، عەرەبی بە ئینگلیسی .

لە ژێر نووسی کتێبی "رۆژنامەوانی کورد" کە د. هیمدادی حوسێن نوسیوێتی، لە زبانی دوکتور عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەنووسێ کە لە زۆر لە کاربەدەستانی ئازەربایجانی سۆڤییەت کە یەک لەوان سەلاحەدین کازمۆڤ بوو بیستووە کە قازی، کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ڕووسی، فەڕەنسەیی زانیوە و زۆر شارەزای ڕیازیات بووە.

هەر لەوبارەوە کوری ڕەش لەو چاوپێکەوتنەدا دەڵێ، بە دوای شەڕی یەکەم دا لە ژێر ڕێبەری دەوڵەتی ئەمریکا هەلێکی نیونەتەوەیی بۆ تێکەڵاوی نێوان نەتەوەکان پێکهات و هەوڵ درا تا زمانێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیونەتەوەیی لە جیهان دا بە ناوی "سپرانتۆ" دامەزری و دەڵێ کە لە ئێران کەم کەس دەیزانی بەڵام پێشەوا بە باشی دەیزانی. دیارە "کەسرەوی" یەک لەو کەسانە بوو کە کتێبی "قاوەخانەی سوراتی" لە زبانی سپرانتۆ کرد بە عەرەبی.

هەر لەو چاوپێکەوتنەدا کوڕی ڕەش لە باسی شارەزایی قازی محەممەد بە سەر زمان دا دەڵی کە لە سەردەمی شەڕی یەکەم دا هێندێک مێسیونێری ئەمریکایی وەک دوکتور و پرستار هاتبوون لە مەهاباد نەخۆشخانەیان دانا بوو و قازی محەممەد لەوانە فێری زمانی ئینگلیسی ببوو. دوایە حکومەتی ئێران ئەوانەی مەجبوور کرد کە ئێران بە جێبێڵن و قازی کتێبەکانی لێکرینەوە. کوڕی ڕەش لە درێژەدا دەڵێ کە ئەوکات بابی بە منداڵی فێری شێعری ئینگلیسی کردوە و لە نێو ئەو کتێبانەدا باسی میللەتێکی بۆ کردوە کە پێشی ئاوی دەریایان گرتووە و ویشکاندویانە و ئاوەدانیان لێ دروست کردوە و ئێستا دەزانێ کە ئەو وڵاتە "هولەندە".

ڕادەی خوێندەواری و شارەزایی بەسەر چەند زمان دا، بوو بە هۆی ئەوە کە قازی محەممەد کتێبخانەیەکی گەورەی هەبێ. قازی محەممەد دائیم کتێبی خوێندوتەوە و لە هەموو بوارێ زانستی وەک مێژوو سروشت ڕیازی و جوغرافیا و ... دا زانیاری کۆ دەکردەوە و هەر بە کتێبی ئایینی قەناعەتی نەدەکرد و بۆخۆی گوتویە کە کتێبی جوراجۆری زۆر خوێندوتەوە و بۆ بەدەستهێنانی زۆری زەحمەت کێشاوە.

حامید گەوهەری بە نەقڵ لە "کوڕی ڕەش" دەنووسێ: بابم کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو، بەرلە کۆمار بۆ هەر جێیەک دەچوو، سەردانی کتێبفرۆشییەکانی دەکرد، من خۆم لەگەڵی چووم بۆ کتێب فرۆشییەک لە تەورێز.

ئارچی ڕۆزڤێلت لە سەردانی دا بۆ مهاباد، دوای ئەوە لەسەر کەسایەتی قازی محەممەد دەڵێ کە پلە بەرزترین کەسایەتی کۆمەڵایەتی مهاباد بوو و ئەرکی دادوەری شەرعیی شاری مهابادی لە ئەستۆ بوو، باسی کتێبخانەکەی دەکا و دەنووسێ:

قازی کتێبخانەیەکی لە باوکانی بۆ مابووەوە کە بە حەوت زمان کتێبی تێدابوو. ئەو کەڵکی زۆری لەو کتێبخانەیە وەرگرتبوو، لە بواری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و بابەتی تریش گەشەی بە زانیارییەکانی خۆی دابوو. بەم بۆنەیەوە لە یەکەم ساڵەکانی چوارەم دەیەی ژیانیدا سەرەڕای پلەی شەرعی، کەسایەتییەکی بەهێز و خاوەن هەلومەرجێکی ممتاز بوو ...

لە لاپەڕەی ٤٠٢ کتێبی "کورد بوون" بیرەوەرییەکانی حەمەدی مەولوودی دا، عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ باسی کەسایەتی ئەسەدۆڤ دەکا کە لە کاتی خۆی لە مەهاباد یەکێک بوو لە کاربەدەستانی گەورەی ڕووس. ناوبراو دواتر لە باکۆ بوو بە مودیری هۆتێلی ئین توریدت کە کەسایەتییە گەورەی جیهانی وەک "عەبدولناسر" و "سۆهارتۆ" لێی میوان دەبوون. دوکتور عیزەدین باسی قسەکانی ئەسەدۆڤ لە سەر پێشەوا قازی دەکا و دەنووسێ: ئەسەدۆف لە مەهاباد بوو. وتی من بە ناوی ئیشی تیجاری ناردرابووم بۆ مەهاباد بەڵام لە ئەسڵدا لێپرسراوی هەموو کارەکە بووم بەرانبەر بە سۆڤییەت. جا ئیتر ئەو باسی شەخسییەتی قازی بۆ کردووم. جا قازی محەممەد ئەڵێن زمانی زۆر زانیوە ئینگلیسی و فەرەنسی و تورکی ئیستانبوڵی و تورکی ئازەری و فارسی و عەرەبی. ئەو ئەیوت قازی زۆر بە کراوەیی و بە وازحی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووسی قسەی دەکرد. ئەسەدۆف لێپرسراوی جمهورییەتەکە بوو. زۆر بە گەورەیی باسی قازی دەکرد. بە کاک کەماڵم گوت کە وەرە من ئەسەدۆف دەناسم و وەرە شتی لێ وەرگرە، بەلایەوە هیچ نەبوو. ئەو ڕەحیمی هەبوو بەلایەوە ڕەحیم سەرچاوە بوو بۆ ئیشی مەهاباد. بەڵام ئەسەدۆف شتی زۆر لا بوو چوون ئەو لێپرسراو بوو. سەلاحەدین قوربانۆف هەبوو ئەویش مەسئولی عەسکەری بوو لە ئیشی مەهابادا، ئەویشم دیوە باسی قازی ئەکرد. قازی وەک ئەوان باسیان ئەکرد شەخسییەتێکی گەورە و هەڵکەوتوو بووە لە کورددا. ئەوەی قازی شتێکی دەگمەنە کە مەلایەک لە قەزایەک ئەو هەموو توانا و خوێندەوارییەی هەبێ.

ئەحمەد قازی لە درێژەی نووسراوەکەی دا لەسەر قازی محەممەد دەنووسێ:

پێش ئەوەی سپای ڕووس بگاتە مەهاباد زۆر ماڵ شاریان بەجێ هێشت و لەوانە مال و منداڵ و کەسوکاری میرزا فەتاحی قازی بە سەرپەرەستیی کوڕە گەورەکەی میرزا فەتاح. عەبدووڵڵا (ثقت‌الاسلام) و ماڵ و منداڵی قازی عەلی و هێندێک خزم و قەومی دیکە مەهاباد بەرەو گوندی یەکشەوە لە مەڵبەندی بۆکان بەجێ دێڵن. بە نیزیک بوونەوەی سپای ڕووس لەوێشڕا دەچنە سڵەمانکەندی و دیسان دوور دەکەونەوەو ڕوو دە مەڵبەندی هەوشار دەکەن. لە ناوچەی هەوشار لە دوو گوندی "یەرقوڵ"و "پاشبڵاغ" موڵکی ئاغایانی غەفاری دەگیرسێنەوە و زۆر بە گەرمی پەزیرایی دەکرێن. بنەماڵەی میرزا فەتاح لە مەڵبەندی هەوشار دەچنە "چۆپلی"و لە لایەن سەرداری هەوشارەوە سێ گوندیان دەدەنێ. ماوەی مانەوەی ئەو بنەماڵە لەو هەرێمە سێ ساڵی تێدەچێ. میرزا عەبدوڵڵای کوری قازی فەتاح لەو سەفەرەدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێ ئەسپاردەی خاک کراوە.

میرزا عەبدوڵڵا (قازی عەسکەر) کە دەگەڵ هەڵاتووەکان بووە، میرزا محەممەد (پێشەوا قازی محەممەد) و میرزا قاسم (سەدری قازی) دەنێرێتە پیروەلی باغی و ئاگاداری لە ملک و ماڵ حاسڵات و کاروباری مەزرایان پێدەسپێرێ. ئەو دوو لاوە کە ئەو کاتە زۆرتر لە پازدە یا شازدە ساڵ تەمەنیان تێنەپەڕیبوو، زۆر ئازایانە کاروباری گوند و مەزرا ڕادەپەڕێنن و سەرکەوتووانە لەو هەرێمەدا کشت و کاڵ و ئاژەڵداری دەکەن. قازی عەسکەر گەنم و دەغڵ و دانێکی زۆری دەچاڵ و عەمباران دا ڕاگرتبوو کە لەو سەردەمەدا بەهۆی گرانی و قاتی و قڕی زۆر باش بە گران دەفرۆشرا. میرزا محەممەد و میرزا قاسم ئەو گەنم و دەغڵ و دانە دەفرۆشن و دامودەزگایەکی دەسەڵات و ئاغایەتی وەڕێ دەخەن. دەپازدە نۆکەری سواری چەکهەڵگر و کارلێهاتوو ڕادەگرن و بە یارمەتی پووری خۆیان، گەوەرتاج خانم کچی میرزا فەتاحی قازی، خێزانی قازی عەسکەر کە شێرەژنێکی هەڵکەوتەی مەڵبەندی موکریان بوو، کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن.

لە ماوەی چەند ساڵێکدا کە لە گوندی پیروەلی باغی ماونەوە، میرزا محەممەد و میرزا قاسم لەلای چەند نەفەر کاربەدەستی ڕووسی کە لە میاندواو بوون و هاتووچۆی ئەو مەڵبەندەیان کردووە فێری زمانی ڕووسی بوون. بەتایبەتی میرزا محەممەد زۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و دەرسی ڕووسییەوە تێپەڕ کردووە و کاروباری مڵکداری و ئاغایەتی بۆ میرزا قاسم بەجێ هێشتووە. ئەم ماوەیە کە چەند ساڵی کێشاوە بۆ ئەم دوو لاوە وەک پلەیەکی گرینگی پێگەیشتن دێتە ئەژمار.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

... لەو چەند ساڵانەدا کە کوڕەکانی قازی عەلی لە پیروەلی باغی بوون. جەماوەری خەڵکی ئەم مەڵبەندە (چۆمی مەجیدخان) بە وردەمالیک و ئاغاوەت و ڕەعیەتەوە بە ڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە بۆ ڕاپەراندنی هەموو ئەرک و چالاکییەک کە لە لایەن ئەم دوو لاوە پێشکەوتووە دڵسۆزانە پێیان ئەسپێردراوە ئامادە بوون و بەمجۆرە کاروباری ناوچە و پاراستنی هیمنایەتی ئەو مەحاڵە دەکەوێتە دەست بنەماڵەی قازی بەتایبەتی میرزا محەممەد و میرزا قاسم و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی. پێویستە بزانین کە بێجگە لە بنەماڵەی قازی عەلی، کوڕەکانی میرزا فەتاحی قازی یانی عەبدورەحمانی جەوانمەردی قازی (سالار موکری)، قازی محەممەدی حاجیاوا و کوڕانی سیقەت و میرزا مەحموود (مەنسوور) و حەسەناغای سریلاوا و چەندین خانەوادە و ئاغاوەتی تایفەی ئەمیری و بابامیری و ئاغایانی بادام و ئەمیرابات کە بەرەبابێکی دیکەی تایفەی قازی بوون لەو مەڵبەندەدا نیشتەجێ بوون و دە هەموو بەربەرەکانی و دژایەتی و ئاڵۆزییەکدا پشتیوانی میرزا محەممەد و میرزا قاسم بوون و پشتی یەکتریان بەرنەداوە.

میرزا قاسم (سەدری قازی) پاش ساڵی شکاک (١٩٢٤-١٩٢٠) دەگەڵ کچی خاڵی خۆی شاسوڵتان خانمی ناهید کچی مستەفا بەگی سلەمانکەندی کە لەقەبی سالاری هەبووە زەماوەند دەکا. هەر لەو ساڵەدا قازی عەسکەر و قازی عەلی و سەیفولقوزات جوێ دەبنەوە و هەرکەسە ماڵی خۆی دەکا. سەیفولقوزات گوێگجەلی (گوندێک لەسەر جەخەتوو) وەبەر دەکەوێ و قازی عەسکەر پیروەلی باغی وەبەردەکەوێ و قازی عەلیش لە قارنجە و ئاغلیان بەشی خۆی هەڵدەگرێ.

میرزا قاسم(سەدری قازی) لێرە بەدواوە ماڵی خۆی دەباتە قارنجە و میرزا محەممەد کە هێشتا ژنی نەهێناوە دەگەڕێتەوە شاری مەهاباد. بەمجۆرە بەرپرسی هەڵسووڕاندنی کاروباری مڵک و ماڵ و ئاغایەتی لە مەڵبەندی چۆمی مەجیدخان دەکەویتە سەر شانی میرزا قاسم (سەدری قازی).

ئەحمەد قازی لە درێژەدا دەنووسێ:

هەروەک بە کورتی باسمان کرد قازی عەلی دەگەڵ کچی شێربەگ لە عەشیرەتی فەیزوڵابەگی زەماوەندی کرد و پاشان سەیفولقوزاتیش هەر لەو بنەماڵەیە ژنی خواست. میرزا قاسمی قازی( سەدری قازی) هەروەها لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی ژن دینێ. بێجگە لەوە کچەکانی قازی عەلیش (خەدیجە و ئامینە) دەدرێن بە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی. ئەم تێکەڵاوی و خزمایەتییە لە دوو ڕوانگەوە گرینگە. یەکەم ئەوەیە کە فەرهەنگی ژیانی ئەشرافی دەکەویتە ناو بنەماڵەی قازی و داب و نەریتی ئەشرافیەت و شێوەی ژیانی بەگزادەیی و دەوڵەمەندانە زورتر لە بەرەبابەکانی دیکەی تایفەی قازی لیرەدا ڕەچاو دەکرێ. دووهەم کارتێکردنی ئەم نیزیکایەتی و خزمایەتییە ئاڵ و گۆڕی دروشم و هەیکەل و جوانی ڕوخسار و لایەنی فیزیکی قەد و باڵا بوو کە بەسەر ئەندامانی ئەو دوو بنەماڵەیەدا هات و هەردووک لایەنی ئەم گۆڕانکارییانە باری ئیجابیان هەبوو. سەدری قازی وەک بە ویقارترین و جوانچاکترین پیاوی سەردەمی خۆی ناوبانگی ڕوویشتبوو. پێشەوا قازی هەروەها هەرچەندی خودا حەز دەکا ڕەزاسووک و خوێن شیرن و ڕووحانی بوو...

ئەحمەد قازی لە درێژەدا باسی گەڕانەوەی قازی محەممەد لە پیروەلیباغی ڕا بۆ مەهاباد دەکا و دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میرزا محەممەد (قازی محەممەد) کە گەڕاوەتەوە مەهاباد وەخت و مەجالێکی زۆر پەیدا دەکا بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ورده ورده لە کۆڕ و کۆمەڵانی ناو شار و دەوروبەردا وەک هەڵسووڕاوێکی لێهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەناسرێ و چالاکانی سیاسی کوردستان لە ئێران و عێراق و تورکیا پێوەندی پێوە دەگرن. میرزا محەممەد دەپێشدا قەرار دادەنێ کە کچێکی بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی بەناوی مەرزیە خانم بخوازێ، بەڵام ئەو مەرجە دادەنێ کە پێش خوازبێنی کردن کچەکەی چاو پێ بکەوێ. باوکی کچ گەنجاڵی بەگی قاتانقوڕ لەم پێشنیارە تووڕە دەبێ و دەڵێ: مەگەر من پەز دەفرۆشم کە کڕیار بێ و بزانێ پەزەکە کزە یا قەڵەو! بەمجۆرە ئەم وەسڵەتە سەرناگرێ و پاشان قازی لە ساڵی ١٣٠٩ دەگەڵ مینا خانمی کاکاغازادە زەماوەند دەکا.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٨٦ ی کتێبەکەی دا باسی کەسایەتی قازی محەممەد و ژن هێنانی ئەو دەکا و دەنووسێ: ... جاری وایە کە قازییەک زۆر زوو خۆی لێدەگۆڕێ، بەڵام قسەی ئەو یەک بوو...

... هەرکەسیک دەیدیت بەخۆی نەبوو ڕێزی بۆ دادەنا. ڕێوشوێنی ماڵی وان قەدیمیانە بوو و پەناگا بوو بۆ ئەو کەسانەی کە بەڵایەکیان بەسەردەهات و یا کارێکی خراپیان لە دەست دەقەوما، یان کچ و ژنێکی کە لە تەنگ و چەڵەمە دەکەوتن.

جا هەر بۆیە جارجار شایعە لە شاری دا بڵاو دەبووە کە بەڵێ قازی پیاوێکی زاهید و لە خوداترس نێ بەڵکوو خۆشگوزەرانترین پیاوی جیهانە.

ئەڵبەت بە بلابوونەوەی ئەو چەشنە وتانە تا ڕادەیەک بۆ مرۆڤایەتی ئایینی وی زەرەری دەبوو. درەنگ ژن هێنانی وی لە ژیاندا کە بێوە ژنێکی مارە کرد، نەیتوانی جێگەی ئەو شایعە پڕ بکاتەوە، بەڵام ئەو وەفاداری خۆی بە نێوی مێردێک، بە بەدیهێنانی ماڵێکی پڕ لە مێهر و موحیبەت سەلماند.

... کارە ئاینییەکەی، ئەوی لە فێربوونی چەشنە مەسەلەیەکی وەک مەسەلەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی بێبەش نەکرد بوو. مرۆڤایەتی وی تا ڕادەیەک سەرسەختانە و دیکتاتۆر مانەند هەڵکەوتبوو. هەرچەند لە ناو کۆمەڵ دا ئەسلەن وا دیاری نەدەکرد و زۆر جیاوازی هەبوو. قازی قسەکەرێکی زۆر باش بوو. عادەتی وابوو کە ڕستەی کورت کورتی دەگوت. لە حاڵێکدا هێزێکی سەیری لەو ڕستانەدا هەبوو و هەر لە بەینی سێ یان چوار وشە دا کەمێک ڕادەوەستا.

قازی هەمیشە لەگەڵ خاریجییەکان کە جاروبار لە مەهاباد دیتنیان دەکرد زۆر بە ئەدەب دەجوڵاوە و بە تایبەت دۆستایەتی و ڕفاقەتی لەگەڵ ئەمریکائیان خۆشبوو. چەند ڕاسپاردی پروتستان و دوکتورێکی ئاڵمانی لە شار دەژیان و لەگەڵ قازی زۆر دۆست بوون ...

ئەحمەدی قازی هەر لەسەر ژن هێنانی قازی محەممەد دەنووسێ:

ئەوەی کە میرزا محەممەد لەو سەروبەندەدا ویستوویەتی پێش ژنخوازی شەریک و هاودەمی ژیانی خۆی بناسێ پێمان دەڵێ کە قازی محەممەد مرۆڤێکی ڕووناکبیر بووە و زۆر لە داب و نەریتی کۆن و قورس و گرانی زەمانی خۆی پێشکەوتووتر بووە و ملی بۆ ئەم نەریتە داسەپاوە نالەبارانە دانەنواندووە.

قازی محەممەد لە زەمانی باوکی دا چەند ئەرکی بێ حقوقی و ئیفتیخاری بە ئەستۆوە بوو، وەک مودیری مەعارفی مەهاباد و سەرپەرەستی شێروخورشید. ئەحمەدی قازی دەنووسێ: قازی محەممەد لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵی١٣٠٥بوو بە ڕەئیسی ئیدارەی مەعارفی(پەروەردە و فێرکردنی) مەهاباد و لە کاتی بەرپرسایەتی ئەودا یەکەم قوتاخانەی کوڕانە بە ناوی مەدرەسەی سەعادەت و یەکەم مەدرەسەی کچانە بە ناوی پیرماس(permas) دامەزران.

ئەوکات لە قوتابخانەکان دەرسەکانی، سمایل نامە و ناگەهان، جەزمی عەمە و تەباڕک، یا قەسیدەی شێخ سەمیع، ئەحمەدی شێخ سەعیدی نۆدێی، دەخوێندران. مودیر دەبوو مەدرەسەکان بەسەر کاتەوە. مامۆستا هەژار لە بارهوە لە لاپەڕەی ١٧ ی چێشتی مجێوردا دەگێڕێتەوە، کە بە پێی قەراری پێشوو ڕۆژێک لەپڕ قازی محەممەد لە مەدرەسەکەمان وەژوور کەوت، مامۆستا ئەمنی پێناساند. قازی فەرمووی شتێک بخوێنەوە و ئەمن ملم لە ئەحمەدی بۆر نا:

رەس سەرە، عەین چاوە
بەدەن قالب، ئیسم ناوە
جەبین و جبهەت ((تویلە))
مەکر کەیدە و حیلە ((فیلە))
قازی گوتی:
ئافەریم بەڵام بۆ گوتت فیلە و تویلە؟ دەبو بە لامی قەڵەوی بڵێی.

لە سەر تایبەتمەندی پێشەوا سەعید خانی هومایون لە کتێبی "پیشوای بیداری" لاپەڕەی ٦٢ دا دەنوسێ:

قازی محەمەد خوو خدە و تایبەتی بەرز و سەربەست و پێشکەوتووی تایبەتی هەبوو و زۆربەی کارەکانی بە نیسبەت سەردەمی خۆی، نوێ و سونەت شکێن بوو. ئەو عەلاقەیەکی تایبەتی بە وەرزش هەبوو و لە ماڵە خۆی دا میلبازی دەکرد. بەیانی زوو دوای نوێژکردن لە مزگەوتی شادەروێش کە لەلای ماڵەکەی هەڵکەوت بوو، بۆ گەڕان و پیادەرەوی دەچووە دەرەوەی شار. ئەوکات لە مەهاباد لە خانووی نەخۆشخانەی شیروخورشید سوور(پێشوو) خانووی بڵێندتری لێ نەبوو. قازی محەمەد لەوێڕا تا نیزیک پردی سوور بە هەڵاتن هەڵدەهات. ئەو مەلەوانێکی بە توانا بوو و هاوینان هەموو ڕۆژێ لە سەر چۆمی مەهاباد لە شوێنێک کە بە گۆمی قازی (ئەو گۆمە بە ناوێ ئەو کراوە) بە ناوبانگە مەلەی دەکرد. ئەو لە ڕادەبەدەر عەلاقەی بە کتێب خوێندنەوە بوو و لە کاتی بێکاری دا دائیم کتیبی دەخوێندەوە و بە خوێندنەوەی کتیبی ئینگلیسی زانیاری خۆی دەبردە سەر و لە سەر وەزعییەتی وڵاتی دەرەوە





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارەزایی تەواوی هەبوو ...

قازی محەمەد ڕۆژنامەی ئیتلاعات و شەفەقی سوور و گۆڤاری پەیمان(ئەحمەد کەسرەوی) و گۆڤاری گەلاوێژی کوردی کە ئەوکات لە بەغدا بە هۆی مامۆستا عەلادینی سجادی بڵاودەبۆوە، هەروەها ڕۆژنامەی زاری کرمانجی کە سەید حوسێن حوزنی لە ڕەواندز چاپی دەکرد، پەیدا دەکرد و دەیخوێندەوە. دیارە قازی مەحەمەد یارمەتی ماڵی ئەو ڕۆژنامەیەشی دەکرد.

قازی محەمەد دوای مەرگی قازی عەلی لە لایەن ڕەزاشا حوکمی قەزاوەتی شاری درایەو بە بەدەستەوە گرتنی قەزاوەت، دەستی لە خزمەتی فەرهەنگی هەڵنەگرت و بە هاندانی جەوانان بۆ خوێندن و پیکهێنانی ئیمکانات بۆ مامۆستایان نێوخۆیی و دەرەکی و بەشداری لە مەراسیمی وەرزشی تەنانەت بەشداری لە یاری فوتباڵ، هەوڵی‌دا بە هەموو شێوەیەک ژیانی خەڵک ناوچەکەی بگۆڕی.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٥٩ ی کتێبی "وڵاتی من" دا دەنووسێ:

ئەوکات مەرحوومی پیشەوا زوو زوو دەهاتە ماڵە ئێمە لە قازیاوایە. قازی مەلەوانی چاك بوو، عەبا و مەندیلەکەمان بۆ هەڵدەگرت‌و دەچوو لەو چۆمەی مەلەی دەکرد. لەسەر ڕا خۆی لەو گۆمانە داویشتوو لەخوارێ دەهاتە دەرێ. هەروەها زۆر سوارچاکی چاك بوو هەرچەند زینی ئەسپەکەی کەمێك شڕو وڕ بوو ئاتەگی زینی ئەسپەکەی پێوە نەبوو بەڵام مەبەستی نەبوو ئەسپی لینگ دەداو ڕکێفی دادێنایەوەو دەچوو ئەو سەری و دەهاتەوە. جار جاریش بە بڕنووە دریژەکەی تیرئەندازی دەکرد.

بە پێی لاپەڕەی ٧٢ ی ڕەحیمی قازی:

لە ساڵی ١٩٣١دا قازی عەلی وەفات دەکات وە سەیفی برای دەبێتە قازی موکریان بەڵام لەبەر ئەوەی ماڵی لە دێ بوو دەست لە قازیەتی هەڵدەگرێت وە میرزا محەممەد دەبێت بە قازی وە لەو کاتەوە بە نێوی قازی محەممەد نێوبانگ دەردەکات. داب وابوو کە دەبوایە حوکمی قازیەتی لە لایەن پاشاوە بدرێت بەلونی ڕەسمی، بەڵام سەرۆکی ئەودەمەی هۆردووی ئێران لە ورمێ جەنەڕاڵ شابەختی کە بەسەر مەڵبەندی مەهابادیش ڕادەگەیشت ڕازی نابێ بە قازیەتیی قازی محەممەد وە لە ڕاپۆرتی خۆیدا بە ڕەزاشا ڕادەگەیەنێت کە قازی محەممەد و سەدری قازی برای، مەترسییەکی زۆر گەورەن بۆ دەوڵەتی ئێران وە بەهیچ جۆرێک نابێ حوکمی قازیەتی بە قازی محەممەد بدرێت. لەبەر ئەمە چەند ساڵێک پاشا حوکمی قازیەتی ئیمزا ناکات، بەڵام قازی محەممەد قازیەتیی خۆی دەکات وە بە سوود وەرگرتن لەم ئەرکە بۆ ئاوەدانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و تەندرووستیی مەهاباد گەلێک کاری پێویست و بەجێ، بەجێ دەگەیەنێت. بۆ یەکەمین جار قازی محەممەد لە مەهاباد نەخۆشخانەیەک ئاواڵە دەکاتەوە و هەتا دوایین ڕۆژی ژیانی لەبەر خزمەتێک کە لەم ڕێگەیەدا کردبووی بە سەرۆکی بەرێزی ئەم نەخۆشخانەیە ئەژمێردرا وە تەنانەت لە کاتی سەرکۆماریشدا هەموو ڕۆژێک سەری لەم نەخۆشخانەیە دەدا وە بۆ بەجێگەیاندنی کەموکوڕییەکانی تێ‌دەکۆشی. جیا لەمە هەتا ساڵی ١٩٣٥ کاروباری دادپەروەری مەهابادیش لەلایەن قازی محەممەدەوە بەڕێوەئەبردرا. لە ڕاستەقینەدا قازی لە نێو حکومەتدا حوکومەتێکی بە دەسەڵاتری پێکهێنابوو وە حاکمەکانی تاران لە سابڵاغ دەستەڵاتێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەبوو. دەوڵەتی ئێران لەبەر بەڕیزی و حورمەتێکی کە قازی محەممەد و سەردی قازی لەنێو کۆمەڵانی گەلی کوردستاندا هەیانبوو نەیدەویست ڕاستەوڕاست لە دژە وان ئیشێک بکات.

قازی محەمەد و مامی (سەیف) پەیوەندێکی قوڵ و بناغەیی و ڕووحانییان پێکەوە هەبوو و سەیف کاریگەری گەورەی لەسەر کەسایەتی پێشەوا دانا. لەوبارە سەعدی قازی، باسی گۆشەیەکی بچووک لە ئاکاری ئەو دوو کەسایەتییە گەورە دەکا و دەنووسێ:

ڕەنگ دانەوەی هزر و بیری سەیف لە ناو کایە کرداری و فکرییەکانی پێشەوادا نیشان دەدا کە پێشەوا پەیوەندییەکی قووڵی لە گەڵ مامی هەبووە. پەیوەندییەکی مەعریفی، کە پێشەوا دەگەیێنەتە لووتکەی مێژووی گەلەکەی و لە ئاکامدا، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانی لێ بەرهەم دێنێت. نیزامێکی مەعریفی کە بە شێوەیەکی ستوونی لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا ڕەگ و ڕیشەی دادەکوتێ و دواتر وەک درەختێکی پڕ بەر بە شێوەیەکی ئاسۆیی پەل و پۆ داوێژێ و شوناسێکی هەتاهەتایی بە نەتەوەکەی دەبەخشێت. بوونی ڕووحی هزری سەیف لە ناو ڕەفتار و کرداری پێشەوادا نیشان دەدا کە سەیف توانیویە ببێتە ئاڵقەیەکی بە هێز لە نێوان بەرەی پێش خۆی و دوای خۆی و بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە زانستەکانی خۆی لە بەرەی نوێدا پراکتیزە بکات. کاریگەری سەیف تەنیا لایەنی سیاسی نییە و تەنیا لە پێشەوا قازی محەمەدیشدا خولاسە نابێتەوە. هێمن(پاشەرۆک: ٧٨) وەک ئەمیندارێکی باش بە مامۆستای شاعیرانی موکریانی دەخەملێنێ و هەژار وەک پسپۆڕ و زمانزان و ڕچەشکێنی شیعری هاوچەرخ، وەباڵی بۆ دەکێشێ.

کاتێ چاو لە ئاکاری پێشەوا قازی محەمەد دەکەین و لە گەڵ شیعر و بیر و کرداری سەیفدا بەراوەردیان دەکەین، کارتێکەری سەیفمان لە سەر پێشەوا باشتر بۆ دەردەکەوێ. بۆمان دەردەکەوێ کە پێشەوا، جیهانبینی خۆی لە مەکتەبی مامی هەڵێنجاوە و تەنانەت بە کردەوەش بووە بە میسداقی ئەو شێعرەی مامی کە دەڵێ:

سەرچوونی تەختی ڕۆینی سەرداری پێدەوێ
خۆشیمە لەو شەهادەتی شێخانە نیو بە نێو

واتە پێشەوا لە مامی فێر بوو کە سەروەری و سەرداری چییە و چۆن وەدەست دەکەوێ و بە ئەنجام دەگات. دیارە کەسانی بلیمەتی تری ئەو بنەماڵەیە، وەکو، شەهید میرزا فەتاحی قازی، میرزا قاسمی قازی، قازی عەلی و قازی لەتیف بەشێکن لە بینای هزری پێشەوا، بەڵام سەیف لە نێو ئەوانەدا تاقانەیە و وەک لەو شێعرەی سەرەوەدا دەبینین، پێشەوا بە شێوەیەکی پراکتیکی دەبێتە ڕێبواری هزر و بیری نەتەوە پەروەرانەی سەیف.

سەیف بە ئەزموونێکی قووڵ کە لە هاوکاری کردنی سمایلاغای شکاک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەیبوو، هەروەها، بە بۆنەی کاری ڕۆژنامەوانی لەو سەردەمەدا و بە هۆی بەشداری لە جووڵانەوەی مەشرووتە خوازی ئێراندا و دواتر بە هۆی دروست کردنی پەیوەندی لە نێوان شێخ مەحموود و لنیندا و چەندین چالاکی هاوشێوە، یەکێک لە بەتوانا ترین و لێهاتووترین کەسانی ناوچەکە ئەژمار دەکرا. ئەو گشتە ئەزموون و زانیاریانە وێڕای حوجب و حورمەتێکی لە ڕادەبەدر کە تایبەتمەندی سەیفیان پێک دێنا، ببوون بە مەکتێبێک کە محەمەدی گەنجی تێدا پەروەردە کرا. مەکتەبێک کە پێشەوایەکی پەروەردە کرد کە دۆست و دوژمن سەری ڕێز و حورمەتی بۆ دادەنەوێنن.

نموونەیەکی سەرنج ڕاکێش لە بارەی کارتێکەری سەیف لە سەر پێشەوا کە گریمانەکەمان پشت ڕاست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکاتەوە، نازناوەیلێکە کە پێشەوا بە منداڵەکانی خۆی دەبەخشێت. پێشەوا بۆ تاقە کورەکەی خۆی، کاک عەلی قازی، نازناوی "کوڕی ڕەش" و بۆ کچە گەورەکەی، عیسمەت خانم، نازناوی "کچی دزێو" هەڵدەبژێرێ. گەر بە دوای بنج و بناوانی ئەو نازناوانەدا بگەڕێین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ناو لێنانە بەرهەمی پەیوەندییە قووڵە مەعریفی و هزرییەکەیە کە لە نیوان سەیف و پێشەوادا هەبووە.

بۆ وانە هەرچی جوانە لە جێ و دێ و لە ژن لە ماڵ

هەر شاخ و داخە بۆمە کوڕی ڕەش کچی دزێو

جێگای سەرەنجە کە ئەو نازناوانە (کوڕی ڕەش، کچی دزێو) تەنیا دوو نازناوی سادە نین بەڵکوو لایەنێکی مانایی قوولیشیان لە پشتە کە باس لە بارودۆخی ژیانی سەختی کۆمەڵگای کوردەواری دەکات. هەروەها، هەڵگری جۆرێک لە گلەیی و گازندەیە بە نیسبەت بار و دۆخی ژیانی کورد و دواتر دەستپێکێکە بۆ خەبات بۆ دەرچوون لەو ژیانە سەخت و ئاستەمەی کە کوردی تێدا دەژی.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێو هێزەکانی ڕووس دا، بە نهێنی جوڵانەوەیەکی سوسیالیستی لە ژێر ڕێبەرایەتی کومیتەی حیزبی سوسیاڵ دێموکرات لە نێو ئەرتەشی تێزاری دا پیکهات. ئەو کومیتەیە لە ژێر ڕێبەری باڵشویکەکان بە سەروکایەتی لینین کە خوازیاری وەلانانی ئیمپراتووری تێزارەکان و جێگیر کردنی حکومەتی کرێکاران بوو بەرێوە دەچوو. بە پێی لاپەرەی ٥٩ ی کتێبی ڕەحیمی قازی، ئەنسکلییۆپێدیایی گەورەی ڕووس، جلدی ٢٨ لەسەر پەیوەندی قازی محەممەد بەو کومیتەیە دەنووسێ:

قازی محەممەد لە تەمەنی جحێڵیەوە کەوتووەتە بیری زرگارکردنی نەتەوەی خۆی لە زوڵمی نەتەوایەتی. لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی فێورییە لە ڕووسیا (لە ساڵی١٩١٧دا) قازی محەممەد پێوەندییێکی نێزیک وە کیپ لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕانی نهێنی سەربازانی هۆردووی قیسەری ڕووسیا کە لەو سەردەمەدا لە ئێرانێ جێگیربوون ڕائەگرێ وە لە مەڵبەندی سابلاغ بە بەشداری بوونی ژمارەیەک لە ڕووناکبیرانی پێشکەوتووی کورد کۆمەڵیک پێک ئەهێنێت وە ئەو کۆمەڵەیە بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بڵاو ئەکاتەوە.

دوکتور کەماڵ مەزهەر باسی ئەو بابەتە دەکا و بە نەقڵ لە ئەنسکلیوپیدیای گەورەی شووڕەوی دەنووسێ قازی محەممەد لە ژێر کاریگەری شۆڕشی مەشروتە لەگەڵ دەستەکانی باڵشویکی کە بە دزی لە نێو ڕیزەکانی سوپای چواری ڕووسیە خەباتیان دەکرد پەیوەندی هەبوو.

دیارە قازی محەممەد بە هۆی قازی مونعیم و کوڕەکانی قازی فەتاح، سالار و محەممەد و مەنسوور کە بۆ سیبریا دوور خرابوونەوە و بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر گەڕانەوە بۆ کوردستان، زانیاری زۆری لەسەر وەزعییەتی ڕووسیە هەبوو.

ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٥ دا بەوردی باسی کەسایەتی پێشەوا دەکا و دوو شێعری بە زمانی عەرەبی و فارسی لە شاعیری گەورە مەلا مارفی کۆکەیی هێناوە:

حەزرەتی محەمەد قازی پێشەوای کوردستان

حەزرەتی پێشەوای کوردستان محەمەد قازی کوڕی ئاغا میرزا عەلی مەرحومە. لە ١١ بانەمەڕ (اردیبهشت) ١٢٧٩ هیجری شەمسی بەرامبەری ٢ ی محەڕەمی ١٣١٨ هیجری قەمەری لە شاری مەهاباد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له دایک بوو. ئەم زاتە زۆر بە چاکی لە ژێر دەستی باب و دایکی دا پەروەردە کرا و لە تەمەنی ٧ساڵیدا دەستی بە خوێندن کرد و دوای خوێندنی چەند ڕەسالەیەکی کوردی و فارسی دەستی بە خوێندنی سەرەدای نەحو و سەرف کرد. هەروەها ئیدامەی بە خوێندن دا تا لە علومی مەعقول و مەنقول دا: نەحو، سەرف، مەنتق، بەلاغە، ئوسول، فقە، کەلام، فاروغولتەحسیل بوو و بەوەندە خویندنە دڵی ئارام نەبوو بێ وچان لە دووی خویندن و زیاد کردنی مەعلومات و فیربوونی زمانی بیگانە دەگەڕا تا توانی بە وەسیلەی مامۆستای تایبەتی زمانی ئینگلیسی، ڕووسی، فەڕانسە بخوینێ و بێجگە لەم سێ زمانە و زمانی زگماکی خۆی کە "کوردیە" زمانی عەڕەبی، فارسی و تورکیش زۆر باش دەزانێ.

حەزرەتی محەمەد قازی پێشەوای کوردستان هەر لە منداڵییەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و بە هێز بوو و نیشانەی گەورەیی و شوجاعەت و لە خۆبوردن دەویدا دیاری دەدا و خوو و ڕەوشتی دەگەڵ هەموو تەبەقەیەک ڕێکەوتووە و تێکەڵی دەگەڵ هەمووان هەیە، لە ڕیزی کەسەبە، مالیک، شێخ، مەلا، جحێڵ، پیر و کاربەدەستانی حکومەتدا  دەبیندرێ و هەمیشە وەکوو بابوباپیرانی خۆی سمەتی ڕیاسەتی ڕوحانیان و زانایانی مەهاباد و دەوروبەری بووە و هەیەتی و بێ وچان لە حقوقی هەموو کوردێک بە تایبەتی هەژاران و لێقەوماوان لە هەموو جێگایەک دا دیفاعی کردوە و دەیکا و بۆ پێکهێنانی کارێکی زۆر چکۆلەی کەسێک زەحمەتێکی زۆری قبووڵ کردوە. بە تەوری کوللی ڕشتەی کاروباری مەهاباد، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ... حەتا دە دەورەی دیکتاتوری ڕەزاخان دا دە دەستی دا بوو سەهلە کە گرێ کاری خەڵکی بە وەسیلەی وی دەکرایەوە کاروباری حکومەتیش بێ موداخلەی وی حەل نەدەکرا و جێبەجێ نەدەبوو.

سفاتی نیشتمانپەرەستی، میللەتپەروەری بە تەواوی دە جەنابی قازی محەمەد پێشەوای کوردستان دا کۆبۆتەوە و پاشکەوتنی هاوخوێنەکانی لە فەرهەنگ و شارستانییەت هەمیشە دڵی وی بریندار دەکا بۆیە ئەکسەر وەختی تەمەنی خۆی لە ڕاهنمایی میللەتەکەی بۆ شەقامی خویندن، زانست، تەمەدون، بەخت کردوە و دە ڕاهنمایی واندا لەم ڕێگەیە دا زەڕەیەک کۆتایی ناکا و بۆ دانانی مەدرەسە لەسەر ئوسولی دونیای تازە لە مەهاباد زۆری هەوڵ دا و چەند ساڵ بۆخۆی عوهدەداری سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ بوو. ئەوەندەی لە تاقەتی دابوو دەرسی نیشتمانپەرەستی بە منداڵەکانی مەدارس فێر کرد تا وای لێهات مەهاباد لەم ڕیگەیەدا زۆر وەپیش کەوت و ئامۆژگاران و شاگردانی مەدارس بە وەسیلەی ڕەهبەری خۆیان مناسباتی سیاسیان دەگەڵ ئەحزابە ئازادیخواکانی عێراق، تورکیە، سوریا، بنیاد نا تا وەختی کە ڕەزاخانی فاشیست لە کوردستان دا نفوزی پەیدا کرد. بە دەستوری مقاماتی فاشیستی لە سەرۆکی فەرهەنگیان بەرکنار کرد. بەڵام دیسان کاروباری فەرهەنگ بە دەستووری ئەو نەبایە هەڵنەدەسوڕا.

ئەم زاتە لە سفاتی: ویقار، ڕاستی، فەزل، شوجاعەت، حەیاء، زانست، تێگەیشتن، حلم، تەوازوع، ڕەحم، نیشتمانپەرەستی، بە تەواوی مەعنی بەشدارە. بۆیە هەمیشە لە پێش چاوی میللەتی خۆی خۆشەویست و مەحبوب و تەماشا کراوە و تەماشا دەکرێ.

جەنابی محەمەدی قازی دەگەڵ دوژمنانی شوخسی خۆی بە مودارا و دەگەڵ دۆستان بە وەفایە بەڵام ناتوانێ لە مقابیل دوژمنانی نیشتان دامدارا بنوینێ. ئەمن لیرەدا وەختم ئیجازە نادا وکو پێویست سفاتی موشەخەسەی ئەم پیاوە بڵێندە بنووسم ناچار بە چەند شێعرێکی مەرحومی مەلا مەعروف



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆکەیی کە لە مەدحی ئەم زاتە گوتویەتی و هیچ موبالغەی نەنواندوە و هێندێ لە ئەحواڵاتی زاتی وی بەیان دەکا، لێرەدا دەهێنم پیش چاوی خوێندەواران:

لە قەسیدەیەکی عەرەبی دا دەڵێ:

من کان ذا حصه من علم او شرف
یحب ان لایری شیئا من الأسف
...

لە هەڵبەستێکی فارسی دا لە تاریفی جەنابی قازی و سەدر قازی برای دا دەڵێ:

قاضی و صدر کە هەر دو گهر یک صدفند
مالک مملکت و عزم و وقار و شرفند
رافع و عامل کسرند علی غیر قیاس
در عمل واحد و در خط عمل مختلفند
رافع ڕتبەی آنانکە طرفدار شدند
عامل کسر بە آنانکە بایشان طرفند
حافظ ڕتبە اصلند بنعم البدلی
حسن الخلق و نکو سیرت و نعم الخلفند
قدم صدق بهر دایرە بگذارند
ثابت العزم سریع‌الظفر و لایخفند
با ادیبان چون نشینند غذای ڕوحند
مظهر شادی و آزادی و شوق و شعفند
بهر آنانکە بدن پرور و عبد شکمند
جنت پر ثمر و آب و گیاه و علفند
با یکی کز دهنش بوی سداقت آید
واضع القلب و بسیط الید و مفتوح کفنند
بهر آسایش یک ساعت یاران شب و ڕوز
در غم و در ضرر و محنت و ڕنج و اسفند
گاه چۆن تیغ جهانسوز گهی چون سپرند
گاه چون ناوک دلدوز گهی چون هدفند
گاه چون قوس گهی سهم و گهی منکسرند
مستقیمند بهرحال شبیه الفند
میشود ثابت از این همت عالی نظری
عونصر از جوهر علوی نە زطین و خرفند
پنجە بە آل علی کسی نتواند بزند
مگر آنانکە مغفل شدگان و خرفند
کوکەب عزت و نەجم و شرف بدخواهان
ماعلولخص... مشرف بافول و تلفند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەزرەتی محەمەدی قازی هەرچەند ماوەی ٢٠ ساڵە لە نێو میللەتی خۆیدا سمەتی ڕەهبەری هەیە دیسان لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا لە لایەن نوینەرانی کوردستانەوە ڕەسمەن بە پێشەوایی کوردوستان هەڵبژێردراوە و بەیعەتی دەگەڵ کرا.

لە گۆڤاری ژمارەی ٢ هەڵاڵە بە هێندیک تێکهەڵکیش زیادی، ئەو بابەتەی سەرەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٥ وەرگیراوە و لە ئاخر دا هاتووە:

... هەرچەند وەکو باب و باپیرانی خۆی پێشەوای مەزهەبییە و ٢٠ساڵیشە ڕەهبەری میللییە، لە ڕۆژی دووی ڕیبەندانی ١٣٢٤ دا دووبارە لە تەڕەف تەواوی نمایەندانی تەوایف و عەشایرەوە ئەعەم لە بەگزادە، گەورک، مەنگوڕ، مامەش، دێبۆکری، زەرزا، پیران، کاڵەمۆ، هەرکی، شکاک، جەلالی و خەڵکی شاران و نوقاتی دیکەش بە پێشەوایی هەڵبژێردرا و بەیعەتی پێکرا. وەک هەژار دەڵێ:

یا خودا هەر بژی پێشەوای عەزیز
سەرۆکی گەورە و سەربەرز و بەڕێز
شادە کورد هەتا پێشەوا هەیە
خودا شادمان کەی تا دنیا هەیە

## محەممەد حوسێن خان سەیفی قازی

ئەحمەدی قازی لە دریژەی دا نووسراوەکەی دا باس لە محەممەد حوسێنخان کوڕی سەیف دەکا و دوای ئەوە کە دەنووسێ کە سەیفولقوزات لە گوندی سلەمانکەندی دووراددوور عاشقی زبێدەخانمی کچی مستەفا بەگ خوشکی گەوەرتاج خانمی خێزانی قازی عەلی بووە، دەنووسێ: ... سەیف لە زبیدەخانم دوو کوڕی بووە بە ناوی محەممەد حوسێن خان و میرزا ئەحمەد. پاش کۆچی دوایی زبێدە خانم، ژنێکی بە تۆرەمە ترک لە ورمی لە بنەماڵەی جاوید بە ناوی وەجیهە خانم دەخوازێ و لەویش دوو کوڕی بە ناوی ڕەحیم و عەبدولا لە پاش بەجێ دەمێنێ ...

محەمەد حوسێن خان ساڵی ١٢٨٣ لە دایک بوو. لە شەش ساڵەگی بەولاوە لە لای باوکی دەستی کرد بە خوێندن و نووسین. هەر لە سەردەمی منالیدا لە ماڵ و دەرگا ئاواڵەکەی باوکی دا فێری هەستان و دانیشتن و ڕێزگرتن لە گەورە پیاوان و پیاو ماقووڵانی کورد، ئازەری و فارس بوو. پێویستە بزانیین کە دیوەخانی سەیف هەموو کاتێک پڕ بوو لەم چەشنە پیاوانە و لێرەدا باسی وڵات و هەواڵی ڕووداوەکانی ناوچە و جیهان و بزاڤ و بەرهەڵستەکانی ناوخۆی ئێران و دەرەوە دەهاتە گۆڕێ و حەمەحوسێنی لاو گوێ بیسی ئەم بابەتانە دەبوو. لە ڕاستیدا ئەو حاڵ و هەوایە بۆ ئەو منالە زیت و وشیارە، مەکتەبی فێر بوون و ڕاهاتن بوو.

لە سەرەتای لاوەتی دا لە ورمێ و تەوریز خوێندنی نوێی درێژە پێدا و لە کالێجی "موم ڕیاڵ" ی ئەمریکی فێری زبانی ئینگلیسی و فەڕەنسی بوو. محەمەد حوسین خان کوردی و فارسی و تورکی ئینگلیسی و ڕووسی زۆر باش دەزانی و وەک پیاویکی ئاگا و زانا و ئادابزان و نەجیب هاتە سەر گۆڕەپانی ژیان و زۆر زوو جێگەی خۆی دە پلەی باڵا دا جێ کردەوە.

محەمەد حوسێن خان لەبەر ئازایەتی و کەسایەتی گەورە و ناسیاوی ناو کۆمەڵ، پێش سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بە حوکمی ڕەسمی لە لایەن ڕەزاشا وەک بەرپرسی ژاندارمەری دیاری کرا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ڕاگرتنی هێمنایەتی ناوچەی میاندواو، بناو، مەلکان و شاهێندژ و هەوشاری پێ ئەسپێردرابوو.

پاش گەیشتن بە سەرەتای تەمەنی پیاوەتی، دەگەڵ شازادەخانم فەڕوخلەقا مەلیک قاسمی(کچی ئیمام قوڵی میرزای قاجار، کوڕی مەلیک قاسم میرزا، کوڕی چواردەهەمی فەتح عەلیشای قاجار) زەماوەندی کرد. ئەم زەماوەندە ئەوجار فەرهەنگی ئەشرافی و دەرباری قەجەریشی هێنا ناو ژیانی ئەم بەرەبابەی بنەماڵەی قازی کە کارتێکردنێکی زۆری لەسەر باری فکری و سیاسی کۆمەڵایەتی ئەم خانەوادە هەبوو.

حەمە حوسێن خان هەمووکات شان بە شانی سەدری قازی کاروباری مڵک و ماڵی و هاوفکری و هەستان و دانیشتنیان دەگەڵ قازی محەمەد بەڕێوە بردووە و هەمووکات وەک سی مرۆڤی بەناوبانگ و سەرکەوتوو لە هەموو بواریکەوە پێدەگەیشتن و جەمبوورەی جەماوەر ڕوویان تێدەکردن.

ویلیام ئیگڵتن جۆنز لە لە لاپەڕەی ٨٤ ی کتێبەکەی "کوردستان ١٩٤٦"، کە بە هۆی سەید محەمەد سەمەدی بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕدراوە دەنووسێ: محەمەد حوسێن سەیفی قازی کوڕی سەیفولقوزات لە ناوچەی میاندواو شەش گوندی هەبووە...

ساڵی ١٩٤٣ دەوڵەمەندی زۆر گەورە، یان دەرەبەگی وەک جێیەکانی تری ئێران لە مهاباد نەبوو. هەرچەندە نفوز و دەسەڵات بنەمای لەسەر سەروەت بوو، بەڵام هەلومەرجی بنەماڵەکان بەبوونی خزمایەتی بەرفرەوان لەگەڵ خەڵک، لە ڕێگەی ژن و ژن خوازییەوە بەدی دەهات و هاوکات لەگەڵ خزمەتکردن بە خەڵک، لەو ڕوانگەیەوە کەس نەیدەتوانی جێی بنەماڵەی قازی بگرێتەوە.

حامید گەوهەری لە کتێبی دەستنووسی "قازی محەممەد ..." لەسەر موڵک و ماڵی بنەماڵەی قازی دەنووسێ کە بنەماڵەی قازی محەمەد گوندی پیروەلی باغی، سێ دانگی قارنجە و گوندی ئاغڵیانیان لە ناوچەی نێوان مهاباد و بۆکان هەبووە لەگەڵ باخی گوڵان، گەڕەکی گومرگ تا بەنداوی مهاباد و زەوییەکانی بەری ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوای مهاباد و قۆپی و تەپەی قازی. گوندی باخچە بە هەموو زەوی و کێڵگە و باخەکانیەوە هی خەلیل فەتاح قازی و چوار لە براکانی بووە. "قازی ئاوا" هی قازی کەریم و میرزا وەهابی قازی و گوندەکانی "وزندەرێ" هی میرزا قادر و "کۆنەدێ" هی حاجی عەبدوڵای قازی لە بنەماڵەی قازی مونعیم بووە.

بنەماڵەی قازی لە سیستەمی دەرەبەگایەتی و عەشایری کوردستان دا زۆرجار لەگەڵ هێندیک لە عەشیرەتەکانی نێوخۆی کوردستان تووشی شەڕ و هەڵا و کوشت و کوشتار و ئاوارەیی بوون. ئەو بنەماڵەیە هیچ کات کێشەی ئاینییان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە نەبوو و تەنانەت ژن و ژنخوازیان بە یەکەوە هەبوو و هاوسەرەی عەبدولڕەحمان قازی "سالار" جولەکە و لە بنەماڵەی شەمتۆن بوون و سالار کوڕێکی لەو ژنە هەبوو بە ناوی عەبدولڕەحیمی جەوانمەرد قازی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٨
## پێگەی کۆمەڵایەتی قازی محەممەد لە سەردەمی ڕەزاشادا

قازی محەممەد لە کاتی بە دەستەڵات گەیشتنی ڕەزاشا لە هەموو بوارێک دا بەوپەڕی توانایی و لێهاتوویی بۆ خزمەت کردن بە گەلەکەی تێکۆشا. کاتێک کە سەرۆکی ئیدارەی مەعارف بوو، بێ‌ئەوەی گوێ بە ڕەخنە و گازەندەی ئاغا و شێخ و مەلایان بدا، بۆ یەکەمین جار لە کوردستان دا، قوتابخانەی کچانی دامەزراند. ئەوکاتەش کە سەرۆکی ئیدارەی شێروخورشید بوو لە بواری سڵامەتی و تەندووروستی خەڵک زۆری زەحمەت کێشا.

هەر لەو پێیەدا حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٥٢ی کتێبی "قازی محەممەد پیشەوای کورد" دەنووسێ:

هاوکات لەگەڵ سەرۆکایەتی کردنی ئیدارەی پەروەردە، ساڵی ١٣٠٧- ١٩٢٨ بڕیاردراوە بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروباری تەندروستی و چارەسەر کردنی نەخۆش لە مهاباد، نەخۆشخانەیەک دروست بکرێت. محەمەد قازی ئامادەیی دەربڕیوە لە زەوییەکانی خۆی جێیەک بۆ ئەو نەخۆشخانەیە دابین بکات کە ئەو کارەی کرد و ساڵی ١٣٢١- ١٩٤٢، نەخۆشخانەی شێرخورشیدی مهاباد لەسەر زەوی قازی لە سەرووی گۆمی قازی دروستکرا و بۆشاییەکی زۆری لە ناوچەکەدا پڕ کردەوە. لە وەڵامی ئەو فیداکارییەدا، بەرپرسانی ئەوکاتەی شێروخورشید، محەمەد قازیان کردوە بە سەرۆکی فەخری نەخۆشخانەی شێروخورشیدی سوری مهاباد. تا ساڵی ١٩٣٣، محەمەد قازی بۆ ماوەی نۆ ساڵ سەرۆکی ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی شاری مهاباد بووە.

بە گشتی تا ساڵی ١٩٤١ واتا تا ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕەزاشا هەر ئەو قوتابخانانە هەبوون کە قازی محەممەد دایمەزراند بوون و تەنیا قوتابخانەی سەعادەت ٣ کلاسی لێ زیاد کرا و بوو بە قوتابخانی نێونجی.

قازی محەممەد لەسەردەمی ڕەزاشا دا خەباتکارێکی مەدەنی گەورە و لە بەرانبەری زوڵم و زۆری مەئمورانی دەوڵەتی نەترس و ئازا بوو. لەو بارەوە سەعید خانی هومایون لە لاپەڕەی ٦١ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا دەنوسێ:

کاتێک کە ئاغای سەید مهدی فەڕۆخ ئوستانداری ئازەربایجان، بۆ چاوەدێری بە سەر وەزعی ناوچە هاتە مەهاباد و پیاوەگەورە و بەرپرسانی ئیدارەکان چونە پێشوازی، بۆ ئەوەی مەئموران و خەڵک بترسێنێ، بە قازی محەمەد کە ئەویش بانگ کرابوو دەڵی بۆچی لیباسی یەک شێوەت (متحد الشکل) دەبەر دانییە؟ قازی بەوپەڕی شەهامەتەوە جواب دەداتەوە"ئەمن قازی شار و ناوچەم و فەرمانی قەزاوەتم هەیە و لە دەبەرکردنی لیباسی ڕوحانی دا ئازادم" و بە فەوری شوێنەکەی بەجێ‌دێڵی و دەچێتەوە ماڵ و هەرچەند فەرماندار و بەرپرسانی ئیدارەکان داوا دەکەن و لەبەری دەپاڕێنەوە، حازر بە چاوپێکەوتن لە گەڵ ئوستاندار نابێ.

بە گویرەی لاپەڕەی ٥٨ ی سەعیدخانی هومایون، لەو سەردەمەدا قازی محەممەد بە نەهێنی لە گەڵ جوڵانەوەی ئاڕاڕات و هەروەها بە هاوکاری چەند کوردی نیشتیمانپەروەر، وەک مەلا ئەحمەدی فەوزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و شێخ ئەحمەدی سریلاوا لە گەڵ تەشکیلاتی خۆیبوون و هەروەها کوردەکانی عیراق، لە پەیوەندی دابوو.

تا ساڵی ١٩٣٥ هێشتا دەوڵەتی ئێران نەیتوانی بوو شارەکانی سەردەشت و بانە بەتەواوی بگرێ و بیخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆی. تازە شۆڕشی ئاگری داغ بە سەرۆکایەتی ئیحسان نووری پاشا، بە هاوکاری دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیە تێکشکابوو. ژمارەیەک لە کەسانی پەیوەندیدار بەو جوڵانەوە پەنایان بۆ مەهاباد هێنابوو. بە ڕاسپاردەی سەیفی قازی و قازی محەممەد خەڵک یارمەتیان پێکردن و جێگایان دانێ. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٧٥دا ئاماژە بە دەستنووسێک دەکا کە عەلیاغای حاجی ئیلخانی و عومەرخانی شکاک لە سەر ئەوکارە، ڕاپۆرتیان بە ژێنراڵ شابەختی لە ورمێ دابوو و ناوبراو عەلیاغای خەڵات کرد بوو. بەڵام بە هۆی خۆشەویستی قازی محەممەد لە نێو خەڵک دا دەستیان لێ نەدا و تووشی کێشەیان نەکرد. تەنانەت ڕەزا شا حوکمی قەزاوەتی قازی محەممەدی واژۆ کرد و هەروەها بە پێی لاپەرەی ٧٥ ی کتێبی ڕەحیمی قازی داوا لە قازی کرا کە بۆ سەربازانی کوردی پادگانی مەهاباد قسە بکا. ڕەحیمی قازی بە ئاماژە بە دەقی دەستنووسەکە باسی نوتقەکە دەکا و دەنووسێ:

ئەی کوڕانی نیشتمان، ئەی گەنجە خۆشەویستەکان، ئێوە ئەبێ ببنە پارێزگارانی بەختەوەری و چارەنووسی گەلەکەتان. دۆست و دوژمنانی خۆتان بە چاکی بناسن. گوللە لە ڕووی دۆست و کەسوکاری خۆتان مەتەقێنن. ئێوە قەت نابێ لەبیری بەرنەوە کە لە کوێ پێ گەییون وە بە نان و ئاوی کوێ چاوتان پشکووتووە. ئەبێ لە هەموو زرووفێکدا نیشتمانتان لەبیر بێ. وریا بن فریوی درۆزنان و بەرتیل خۆران مەخۆن. لە کارەساتی پیس و دوور لە پیاوەتی ڕوو وەرگێڕن. لە کاتی سەربازیدا فێری خوێندنیش بن وە ئەمە بۆ دووارۆژمان زۆر پێویستە...

ئەفسەرانی ئێران کە کوردیان نەزانیووە لە وتاری قازی بە شک دەبن و بڕیار دەدەن کە ئەوجار قازی بە فارسی وتار بدا. قازی محەممەد لە لایەن زۆربەی کاربەدەستانی ڕێژیم بەرهەڵەستی دەکرا و ناوناتورەیان بۆ هەڵدەبەست. عەلی مرادی مەراغەیی لە لاپەڕەی ١٤٦ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" بە نەقل لە کتیبی "اسرار محاکمه قاضی محمد" دەنووسێ: پارێزگاری چوارەم ڕاپۆرتی داوە کە ماوەیەک لەوەی پێش بە پاریزگاری خەبەر دراوە کە هێندێک کەس بۆ ئایینی بابی تێدەکۆشن و دەڵێن قازییەکان دەستیان لەو بابەتە دا هەیە. بەڵام هەولی فەرماندراری لەو چوارچێوەدا دەری دەخا کە ئەو هەواڵەی کە بە وەزاڕەتی کشوەر گەیشتووە دوورە لە ڕاستی و ئەگەر ئەو بابەتە لە لایەن قازی شێخ موحسین یان قازێکی دیکە باس کرا بێ، ئەوە بە هۆی کێشە و ناخۆشی نیوان ئەو و قازی محەممەدە کە بە دژی یەکتر، یان بۆ لاوازکردنی قازییەکان بەڕێوە دەچێ.

لە ساڵی ١٩٣٦ زەبروزەنگی دیکتاتۆری ڕەزا شا ڕووی دزێو دڕندانەی خۆی بەتەواوی دەرخست، سەرکوت و ئەزیەت و ئازاری خەڵک دەستی پێکرد و هەڵسووکەوتی دەوڵەت لە گەڵ قازی محەممەد گۆڕدرا. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٧٦ دا دەنووسێ:

دەوڵەت کاروباری دادپەروەری مەهاباد لە چەنگ قازی محەممەد دەردەهێنێ. میرزا برایمی قازی کە لە پاش قازی محەممەد ببووە سەرۆکی فەرهەنگی مەهاباد لەسەر کار دەردەکرێت. لە تارانەوە کاربەدەستانی شۆڤێنیستی فارس زمان بۆ سەرۆکایەتی کردن بەسەر دایرەکانی دەوڵەتیدا بۆ مەهاباد دەنێردرێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژمارەی بەشە هۆردووەکەی مەهاباد و پۆلیس و ژاندارمەکان گەلێک زیاد دەکرێت. هەر لەم کاتەدا جەنەڕاڵ شابەختی پیلانی گرتن و نەفی کردنی قازی محەممەد و سەدری قازی دەنێتەوە وە لەمەڕ پیلانەکەی خۆی دەوڵەت شارەزا دەکات، بەڵام سەیف دەچێتە تارانێ و مەترسی دواڕۆژی بەجێگەیەندرانی ئەم پیلانە لە سەرۆکەکانی دەوڵەت دەگەیەنێت وە بەمجۆرە شابەختی دیسانیش شتێکی پێ ناکرێت.

لەبەرانبەر دا لە وەزعییەتێکی دژوار و ناخۆشی ئەوتۆدا، قازی محەممەد و سەدر برای بە پارێزگاری لە ماڵ و حاڵی خەڵک درێژەیان بە کار دا. خەڵک پەنایان بۆ ماڵی ئەوان دەبرد و قازی و سەدر بەوپەڕی تواناوە لە مەحکەمەکانی ڕێژیم دا پارێزگاریان لێدەکردن. ڕۆژنامەی کوردستان ڕێکەوتی ١٧ ی مارسی ١٩٤٦ لەوبارەوە دەنووسێ:

قازی محەممەد و سەدر بە بێوچان وە لە هەموو جێگایەک پارێزگارییان ئەکرد لە مافی هەموو کوردێک بە تایبەتی لە مافی هەژاران و لێقەوماوان. بۆ پێکهێنانی کارێکی زۆر چکۆڵەی کەسێک زەحمەتێکی زۆریان وە ئەستۆ دەگرت. لەسەریەک تەواوی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری مەهاباد تەنانەت لە سەردەمی دیکتاتۆری ڕەزاخانیشدا بەدەست ئەمانەوە بوو. گرێی کاری خەڵکی بەدەست ئەمانەوە ئەکرایەوە.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٧٧ دا دەڵێ کە بۆخۆی شاهیدی ئەوە بووە کە:

قازی محەممەد و سەدر بۆ زۆر کەسان کە دەگیران و مەحکوم دەکران دەبوونە زامن و بەریان دەدان. هەر ئەو عەلی ئاغایەی کوڕی حاجی ئیلخانی کە خەیانەتی بە قازی کردبوو وە ڕاپۆرتی دابوو بە شابەختی، لە ساڵی ١٩٣٩دا بۆ خۆی دەکەوێتە ژێر پەلاماری ژاندارمە و ئەفسەرەکان. ناوبراو دەهێننە مەهاباد وە بۆ چاوترسێن کردنی کوردان بێفەزیحەتییەکی زۆری پێ ئەکەن وە سووکایەتی دەگەیەننە ڕادەیەک کە پەتی لە مل دەکەن وە بە کۆڵان و شەقامەکانی مەهابادا دەیگێڕن. قازی محەمەد و سەدر عەلیاغایان لە چەنگ ژاندارمان نەجات دا.

لە لایەکی دیکە بۆ ئەوەی دەوڵەت بە شێوەیەکی باشتر بتوانی چاوەدیری بە سەر عەشایر دا هەبی لە ساڵی ١٩٣٧ زۆر بنەماڵەی لە عەشایری دێبۆکری و گەورک و مەنگور و فەیزوڵابەگی و مامەش بۆ مەهاباد ڕاگوێزت. هەڵسووکەوت و بەرپرسیارەتی قازی محەممەد لە خزمەت بە خەڵک و کۆمەڵگادا، لە کاتی گیروگرفت و بەڵا سروشتییەکانیشدا بە جوانی دەردەکەێ و ئاماژە بە لافاوی ساڵی ١٣١٥ی مەهاباد، گوشەهایەکی دیکەی لە کەسایەتی گەورەی قازی محەممەد ڕوون دەکاتەوە.

لە سەر چەشنی هاتنی ئەو سێڵاوە ڕەحمانی قازی لە کتیبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ: لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی (١٩٣٦ی زایینی) دا مامە قاسم قازی (قاسم قادری قازی) کە ئەوکات مامۆستای قوتابخانە بو لە مەهاباد، بۆ سەردان هاتبوو بۆ قازی ئاوا. دوای سێ ڕۆژ بە بابمی کوت دەمهەوێ بڕۆمەوە مەهاباد. بابم فەرموی با نانی نیوەڕۆ بخۆین منیش کارم هەیە و دێم بۆ مەهاباد. تازە نانی نیوەڕۆ خورابو کە با و گێژەڵوکەیەکی توند هات. هەمو ئەو نوێن و کەرەسەی لە سەر بان دانرابون فڕێی دا خوارێ و چەند دارە چناری لە قەراخ چومی شکاند. ئەو هەور و با و گێژەڵوکەیە بەرەو شار ڕۆیی و کاتێک گەیشتە سەر مەهاباد دەستی کرد بە بریسک لێدان و گرم و هۆڕ. دیار بو لە سەر شار دەستی کردووە بە بارین. ئێمە خۆمان ساز کرد بو بەرەو شار بڕۆین کەچی هەواڵ هات شار لافاو بردویەتی و خەڵکێکی زۆر خنکاون. یەکسەر وەڕێ کەوتین بەرەو شار. کاتێک گەیشتینە مەهاباد و نزیک بوینەوە لە ماڵی خۆمان کە لە ناوەڕاستی شار بو دیتمان هیچ شار نەماوە و لافاو لە لای پشتەپ و خڕی سنجوان ڕا هاتووە و هەرچی دە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشی دا بووە ڕای ماڵیوە. شەقامی شاپور ئەو لافاوە لێی داوە و هەمو قەیسەری و بازاڕی شار کە لەو ناوەڕاستە دا بو ئاو بردبوی. زیاتر لە تاڵان و بڕۆیی دەچو و هەرچی لە بازاڕ دا بو ڕای دابو. بەو لافاوە حەفتا و سێ کەس خنکان و زۆر ماڵ وێران بون. دیارە ڕۆژەکە هەینی بو و دوکان و بازاڕ چۆڵ بو ئەگینا خەڵکێکی یەکجار زۆر لە ناو دەچوون.

ماموٚستا مەلا مارف کۆکەیی لەمەڕ ئەو لافاوە دا لە پارچە شێعرێک دا دەڵێ:

... لە ٩ی گەلاوێژی ١٣١٥ی هەتاوی بەرامبەر بە یازدەی (ج) ساڵی ١٣٥١ی کۆچی مانگی ڕۆژی هەینی کە تەبیعەت قین و قاڕی هەستابوو، ئاسمان لە دانیشتوانی مەهاباد کوت و پڕ توڕە بو لە پڕ دەستی بە گریانێکی زۆر بە دڵپڕی و سێڵاوی زۆر بە نێوبانگی هەستاند. هێرشی زۆر بێ ڕوحمانەی لە ناکاو بۆ سەر کیژ و لاو و ژن و پیاوی سابڵاغی ڕەنگین و خەملیو هێنا. بازاڕی کەسک و سوری سەر بەرەو ژێر کرد. چاوی مەست و کەژاڵ و گەلاوێژی خانم و خاتونی خانمانی بە تروسکەی ئەسرینی گەرم و فرمێسکی خوێنینی ئەرغەوانی نەخشاند و ڕازاندەوە. هەر وەکو گوڵی نەرگیسی مەست کە دڵۆپەی شەونمی لێ درابێت. جا دڵی هۆنەری بە هێز و بوێژی بەڕێز وەکو دڵی عاشق کۆست کەوتو هەر لە بەهانەی کوڵی گریان و شێعرەوە دەرمان بو هاتە جولانێ و هاژوان و ئاسمانی بیری ڕووناکی پڕ لە هەور و هەڵای خەم و تاڵ پەشێو کرد.

جا ئەمە بو کە هەڵبەستەی وەکو بارانەی بەڕێژنە بە سەر باغ و باغاتی تێک ڕوخاو و گوڵ و گوڵزاری تێک شکاو و هەڵشڵەپاوی مەهاباد دا باراند و هەڵی ڕژاند.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا هەموو شێعرەکەی مەلا مارفی هێناوە کە لێرەدا ئاماژە بە چەند بەیتێک دەکرێ: ...

لە تاریخی هەزار و سێ سەد و یەک پێنجی شەمسی دا
بە ڕۆژی جومعە دوازدەی جیمی ئەوەڵ ، نۆی مورداده
لە هەوری قودرەتی باری، قەریبی نیو سەعات باری
چ بارانێک ، نە بارانی کە وا مەعهود و موعتادە
موبەدەل بو بە چەندین سانیە ئەو سافە بارانە
بە یەک دەریای عومانی کە هیچ تاریخ نیشان نادە
خوداوەندا چ تۆفانێکە وا بێ عاتیفە و ڕوحمە
خوداوەندا چ سێڵاوێکە ئەم سێڵاوە بێ دادە

...

هەموی برد و بناوی کرد ، پەرێشان و بڵاوی کرد
بە نیو ساعەت چەپاوی کرد و ڕۆیی ئەو فرستادە
چ ڕۆژێکە لە لایەک گرمە گرمی هەور و ناڵەی با
لە لایەک شیوەن و گریان و قوڕ پێوان و فریادە

دوکتور شیرازی لە لاپەڕەی ٢٩ ی بیرەوەرییەکانی دا، لە باسی ئەو ڕووداوە دا دەڵێ کە پێشەوا زۆر ئازایانە چەند جار خۆی لە مەترسی هاویشت و بە سواری ئەسپ چەند کەسی لە مەرگ نەجات دا.

لە ڕۆژنامەی کوردستان دا لە ڕێورەسمی بەڕیوەچوونی جێژنی ئیستقلال و سەربەخۆیی لە ئیدارەی چاپخانە، سەید محەممەد حەمیدی دوای باس لەسەر ئەندامەتی لە حیزبدا و هەڵکردنی ئاڵا و ساڵی سێڵاو و... ڕوو بە پێشەوا گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارە چاکەکانی خۆت و باوکو باپیر، ڕابردووەکانت هەموو لەپێش چاوی ئێمەیە و دەزانیین کە هەموو عومرتان لە ڕێی نیشتمان و حفزی ناموسی کورد و کوردستان دا سەرف کردوە و سەعادەتی میللەت مەنزوری ئەساسی نەزەری وان بوو. کاملەن لەبەر چاومانە و هەمیشە وەبیری دێنینەوە کە شەخسی جەنابت لە وەختی هێرشی هەژاریدا، لە وەختی پەلامار و تەهدیدی دوژمندا، لە وەختی هاتنی سێلاو و هەر جورە بەڵایەک دا، بە شەو و بە ڕۆژ چ فیداکارێکت کردوە و دەزانیین لە بەرانبەر موستەبید و ملۆزمەکانی ڕەزاخانی دا هەمیشە سپەری بەڵای خەڵکی بووی. دەردیسەری خۆت قبووڵ کرد بۆ ئاسوودەیی ئێمە. ئەمە دەزانیین کە زێر و زەمبەر ئەتۆ هەڵناخەڵەتێنێ. لەبەر ئەوە ئەتۆ لەبەرچاوی هەموو کوردێک لە شێمال و جنووب و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا خۆشەویستی ...

هەر لە پەراوێزی سێڵاوی مەهاباد دا، دەگێڕنەوە کە کابرایەکی فەقیر بە ناوی مینە، کوڕێکی هەبوو کە بە قەرتاڵە سەوزی و میوە و گۆشتی بۆ ماڵان دەبردە. ساڵی سێلاوەکە کە قەوما خەڵکی فەقیر، بە ڕواڵەت بە نێوی ئەوەی کە یارمەتی بە دەوڵەمەندان دەکەن، شتی دوکانەکانیان کە پرش و بڵاو ببوو کۆ دەکردەوە و بۆ ماڵە خۆیان دەبردوە. مینەش بە سەوەتان بۆ ماڵی خۆی کێشەوەی دەکرد. لەوکاتەدا مینە لە دوورڕا کوڕەکەی کە ناوی حیلاری بوو دەبینێ کە ئەویش خەریکی کێشەوەیە. مینە لە کوڕەکەی دەخوڕی و دەڵی هەی سەگبابی بیژوو ئەوە خەریکی چی؟ ئەو قەرتاڵەیە بۆ کوێ دەبەی؟

کوڕەکەی بە توندی وڵامی بابی دەداتەوە و دەڵێ:

سەگباب بۆخۆتی، تۆ بە سەوەتە شتی ڕادەگوێزی من بە قەرتاڵە.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ١٩ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی کردوویە بە کوردی، لەسەر ئەو سێڵاوە دەنووسێ: ... ئەرخەوانەسوورە و قوڕاوێکی خەست بە کۆڵانەکاندا دەڕۆیشت. هاواری مرۆڤ و دەنگی ئاژەڵ شارەکەی پڕ کرد بوو. خەڵک ڕایان کرد بووە سەربان و بەرزاییەکان. زریکەی ژنان و گریان و هاواری منداڵ، ئاوازی دەف و تەپڵی دەروێشان و نزاکەران حەشرێکی بەرپا کرد بوو. من و دایکم چووینە سەربان و بە ترسەوە سەیری ئەو دیمەنەمان دەکرد. لافاوەکە لە دەرگای حەوشەی ماڵەکەمانەوە هاتبووە ژوورێ و دیواری سەید قادری بابەسووری جیرانمانی ڕووخاند بوو و بە وێدا دەڕژایە کۆڵانی سەید نیزامەوە. بێخەبەر لەوەی ژێرزەمینەکەشمان پڕ بووە لە ئاو. کاتێ ئەو لافا و بەڵا و موسیبەتەی بەسەر شارەکەدا هاتبوو، نیشتەوە، من و دایکم لە سەربانی هاتینە خوارێ. هەر دایکم دەرگای ژوورەکەی کردەوە، سەیر دەکەین هەرچی هەمانە وەبن ئاوێ کەوتووە.

ڕەحمانی حەلەوی لە درێژەدا، لە لاپەڕەی ٢٠ دا دەنووسێ: ... کۆڵان هەموو لیتە بوو. بە جلوبەرگی قوڕاوی سەرو وەزعێکی پەرێشان خۆم گەیاندە بازاڕی. بابم دیت لەگەڵ کۆمەڵێک کەس لەبەر دووکانە ڕووخاو و داتەپیوەکان کە هیچ شتێکیان تێدا نەمابوو ڕاوەستا بوو. دەتگوت لەسەر گۆڕ و کاژێرێک ڕاوەستاون سەیری دووکانە تاڵانکراوەکانی خۆیان دەکرد.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٢١ کتێبەکەی دا لەسەر قەرەبوو کردنەوەی زیانی ئەو سێڵاوە لە لایەن دەوڵەتەوە دەنووسێ: قایمەقامی مەهابادیش لیستەیەکی خەسار و زیانەکانی گرت بوو و قەول وابوو لێژنەیەک لە تارانەوە بێ. چەند ڕۆژێکی نەبرد، لێژنەی یارمەتیدان لە تارانەوە گەیشتێ و لە مزگەوتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەباساغا نیشتەجێ بوون. من هەموو ڕۆژێ دەچووم و بەو پێیە کە سێ سەر خێزان بووین، ڕۆژانە ١٥ قڕانم وەردەگرت. بابم ئەو پووڵەی بۆ کەلوپەل و پێویستی ماڵێ و خاوێن کردنەوەی ژێر زەمینەکە خەرج کرد.

## قازی محەمەد پارێزگاری لە شاری مەهاباد دەکا

تا سەردەمی دیکتاتوری ڕەزاشادا، مەڵبەندەکانی ئێران، یەک لەوان کوردستان بە هوی حاکمانی گوێلەمست و زاڵمی دیاریکراو لە تارانەوە بەڕێوە دەچوو. ئەو حاکمانە بە کەیفی خۆیان و زاڵمانە، بە بێ هیچ لێپرسینەوەیەک، حوکمیان بە سەر خەڵک دا دەکرد. هەڵسوکەوتی ئەوانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕادەی دەسەڵاتی ناوەندی بە سەر کوردستانەوە هەبوو و تا ڕێژیم لە ناوەندی دەسەڵات بە هێزتر بوایە حاکمەکانیش زەبروزەنگیان زیاتر دەبوو.

لە کاتی دەسەڵاتداری ڕەزاشا دا ئەو مەڵبەندانە بە هۆی دەزگاکانی سەرکوتگەری ئەرتەش و ژاندارم بەڕێوە دەچوو. بە دوای داگیرکردنی ئێران لە لایەن وڵاتانی ڕووس و ئینگلیس، بۆ ڕیگرتن لە پێکهاتنی بۆشایی دەسەڵات و بشێوی و هاڵۆزی، دامەزرانی حەکمێکی بەهێز لەژێر دەسەڵاتی ئەوان دا پێویست بوو.

لەوکاتەدا حوکمی دەسەڵاتداری ڕووس و ئینگلیس لە کوردستان دا بە سێ شیوە بوو. لە سنووری ڕووس تا نیزیک ناوچەکانی سەردەشت و سەقز لە ژیر دەسەڵاتی ڕووس دابوو. شارەکانی سەردەشت، بانە، سەقز و سنە، هەروەها پاریزگاکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیس دابوو. لە سەرەتا حەمە ڕەشیدخانی بانە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئینگلیس مانۆڕی زۆر گەورەی دا و سەقز و بانەی گرت، بەڵام دوایە چۆلی کرد. ڕەنگە ئەوکارە بە بی ئیزنی ئینگلیسییەکان نەبووبێ و ڕوون نییە بە چ مەبەستێک ڕیگای پێدرا کە ئەوکارە بکا. ئایا تاقی کاری بوو بۆ دامەزرانی دەسەڵاتێکی کوردی، یان بۆ جێگیر کردنی هێزێکی ناوچەیی سەربەخۆیان کە دواتر بە دژی نفووزی ڕووسان کەڵکی لێوەربگرن، یان بۆ ترساندن و ملکەچ کردنی ڕێژیمی ئێران. دەوڵەتی ئینگلیس دوایە ڕێگای دا تا هێزەکانی ئێران، لە ژێر چاوەدێری ئەوان دا دەسەڵاتی تەواویان ببێتەوە.

لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ڕووسان، سەرەتا ئەرتەشی ئیران لە ناوچەکان دەرکران و تەنیا ژاندارم و پۆلیس مابوو بەڵام دوایە بە بێ ئەوەی ئەرتەش دەسەڵاتێکی ئەوتۆی هەبێ، ڕێگەی پێدرا تا بۆ زۆر شوێنەکان، جیا لە ناوچەی مەهاباد بگەڕێتەوە.

بەمشێوەیە ڕێژیمی ئێران لە مەهاباد جێ پێی قایمی نەبوو و ئیدارە کردنی ئەو شارە هێزی زۆری پێویست بوو و ڕێژیم ئەو توانایەی نەبوو و مەجبوور بوو لە کەسایەتییە نیشتیمانی و سەرۆک عەشیرەتە بەدەسەڵاتەکان کەڵک وەرگرێ.

لە حەوتەنامەی "کوهستان" ژمارە ٢ لە ژێر بابەتی"جەریانی واقعەی مەهاباد" باسی ئەوە هاتووە کە بە دوای خەرمانانی١٣٢٠ دەولەتی ئێران لە کەسایەتییە ناودار و بەدەستەڵادارەکانی شارەکانی کوردستان بە مەبەستی هێورکردنەوە و ئارامی ناوچەکان کەڵکیان وەردەگرت. ئەو کەسانە لە شاری کرماشان بریتی بوو لە ئاغای ئەمیر کەڵ، لە سنە ئاغای ئاسەف نوێنەری مەجلیس و لە سەقز ئاغای مزەفەرولسەلتەنەی ئەردەڵان، لە مەهاباد لە ئاغای قازی محەممەد و هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێژیمی ئێران وەکوو ڕابردوو هەوڵی دا تا لە مەڵبەندی مەهاباد لە دەستەڵاتی عەشایر بۆ جێگیر کردنی هێژموونی خۆی بەسەر ناوچەدا، کەڵک وەرگرێ. لەو پێیەدا هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی دێبوکری، مەنگوڕ و مامەش و گەورک، مۆرەی گرینگ و جێی باوەڕیان بوون کە دەبوایە حیسابیان بۆ بکرێ.

بە گشتی چوونکە ناوچەی مەهاباد لە ژێر حوکمی کەس دانەبوو، هەر لایەن و دەستەڵاتێک بە جۆرێک پلانیان بۆ دادەڕشت. ئێران دەیهەویست عەشایری بەستراوە و گوێلەمستی خۆی بەسەر ناوچەدا حاکم بکا. دەوڵەتی ڕووس کە بە تاقە دۆستی کورد بە حیساب دەهات سیاسەتی ناروون و نادیاری هەبوو. لەو کێشەو گرفتانەدا خەڵکی شار و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان ئەو هیزەیان نەبوو کە دەستەڵات بەدەستەوە بگرن. بەڵام بە هەر شێوەیەک بوو دەبوو خەڵکی شار و دەوروبەر لە پەلاماری عەشایر و دەستە و تاقمی جوراجۆر بپارێزن.

عەبدولا قازی لە لاپەڕەی ١٦ی کتێبی "ولاتی من" دا دەڵی کە لەو ماوەیەدا بەرپرسانی ڕووس چوونە لای قازی محەممەد و داوایان لێکرد کە داوا لە خەڵک بکا کە بگەڕێنەوە سەر جێووڕێی خۆیان و گوتیان: ئێمە بۆ ئاسایشی خەڵک هاتووین و کارێکمان بە ئێوە نییە و بۆخۆتان شاری بەڕێوەبەرن ئێمە دەچین دەپادگانێوە.

لەوکاتەدا ڕووسەکان بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی شەڕ، گەنمیان کۆ دەکردەوە و دەیانەویست دەست بەسەر گەنمی عەمبارەکانی شارەکانی ژێر دەستەڵاتیان لە کوردستان دا دابگرن و ئەوەندەی بۆشیان دەکرێ لە خەڵک بکڕن. بەڵام چوونکە گەنم، پێویستی سەرەکی خەڵک بوو، قازی محەممەد و سەدری قازی داوایان لە ڕووسان کرد کە دەست لە عەمبارەکانی گەنم نەدەن و ئەوانیش بە قسەیان کردن. دیارە لەو چوارچێوەیە دا کێشەی زۆر هاتە ئاراوە. بەپێی لاپەڕەی ٩٥ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" لە بەڵگەکانی فەرمی حکومەت دا هاتووە کە لە لاین بەشی لێکۆڵینەوە بۆ وەزارەتی دارایی نووسراوە و باسی ڕووداو و نا ئەمنییەکانی مەهاباد کراوە و تێیدا هاتووە کە لە ڕۆژی یەکی ڕەشەمەی ١٣٢١ هێندێک لە فەقیرەکانی مەهاباد کۆ بوونەوە تا هێرش بکەنە سەر ماڵە بازرگانێکی گەورە بە ناوی ئاغا مەجیدی ساوجبلاغی کە گوایا ویستویەتی هێندێک گەنم بەرێ بۆ لای میاندواو. بەڵام بە بەڕێوانی و ئامۆژگاری ئاغای قازی محەممەد و ئاغای سەدری قازی، کێشەکە نیشتەوە و ڕادەی ٢٣٠٠٠٠ ڕیاڵ بە مەبەستی یارمەتی بە فەقیران کۆ کراوە کە یان ڕاستەوخۆ بیاندرێتێ و یان ئەرزاقیان بەسەر دا دابەش بکرێ.

لە لایەکی دیکە، ڕێگا نەدان بە گەڕانەوەی دامودەزگانی دەستەڵاتی ڕێژیمی ئێران، بە هۆی ڕووسان، هیوا و هۆمێدی گەورەی لە نێو دڵی خەڵک دا پێکهێنا و چاوی ڕەشی دوژمنان و لایەنگرانی ڕێژیم کاڵ بووە.

ئەوکات لە مەهاباد تەنیا چەند کەسی بێ دەستەڵاتی سەر بە دەوڵەت مابوونەوە. خەلیل فەتاحی قازی لەوبارەوە لە لاپەڕەی ١١٣ کتێبی"مێژووی تایفەی قازی" دەنووسێ:

لەوکاتەدا تەنیا چەند کەس وەک نوێنەری دەوڵەت بەبێ دەسەڵات، لە مەهاباد مابوون کە ئەویش مەترسی ئەوەیان هەبوو کە لە لایەن دەوڵەتەوە بکەونە بەر لێکۆڵینەوە و سزادان. ئەوانە بریتی بوون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له سالار یەحیاپوور فەرمانداری مهاباد، عەبدولعەلی حەسەن زادە بەرپرسی دارایی و گیتا ڕەئیسی بانک کە پەنایان بۆ ماڵە پێشەوا برد بوو. ئەوانە دوای ئەوەی لە هاتنەوەی دەوڵەت بۆ مهاباد نائومێد بوون، ئیزنیان لە پێشەوا خواست و بە ئوتۆمبیلێک و ٣ کێشکچی بە ١١ هەزار تمەنی پارەی بانکەوە گەڕانەوە بۆ میاندواو.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٣٩ کتێبی "کورد بوون" لەسەر وەزعی کاربەدەستان دەوڵەت و خەڵکی بێگانە دەنووسێ: وردەوردە شار ئارامتر ببۆوە. عەجەم شاریان بەجێدەهێشت. ئەو عەجەمانەی لە شار دۆست و ئاشنایان هەبوو، ماڵەکەیان دەدا بەو دۆستانەیان و ئەوانیش ماڵەکانیان لە مەیدان بۆ هەڕاج دەکردن و خۆیان و ماڵ و منداڵیان سووکبار دەکرد و دەڕۆیشتنەوە بۆ ئازەربایجان.

گەڕانەوەی ئەو کاربەدەستان بۆ شوێنی خۆیان، بێ کێشە و گرفت نەبوو و زۆر کەس لە فکری تۆڵەئەستاندنەوە لەو جەنایەتکارانە بوون. بۆ نموونە حەمەدی مەولوودی کە لە لایەن ڕەئیسی ئەمنییە زۆر ئازار درابوو، هەوڵی دا کە تۆڵەی لێ بکاتەوە و لە لاپەڕەی ١٥٥ بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ کە ڕۆژێک قازی محەممەد ویستی ڕەئیسی ئەمنییە بە کەلوپەلەکانی بەڕێکاتەوە، ئەو (حەمەد) کەمینی بۆ دادەنێ و دەیهەوێ بیکوژێ. بەڵام بە پاڕانەوە و تکا و تکاکاری ئەوانەی کە دەگەڵی بوون نایکوژێ. حەمەدی مەولوودی دوایە باسی ئەوە دەکا کە چۆن لەبری ئەوکارە، بە فەرمانی سەدری قازی گیراوە و زیندانی کراوە و لێیدراوە و ویستوویانە تەحویلی ورمێ بدەن، بەڵام دوایە بە فەرمانی ڕووسان ئازاد کراوە.

بە دوای ڕۆیشتنی کاربەدەستانی ڕێژیم، دەزگاکانی ئەمنی لە مەهاباد نەمان و تەنیا ئیدارەکانی ئابووری کە قەند و شەکر و پارچەیان دەفرۆشت مانەوە. بۆشایی دەسەڵات لە ناوچەدا دروست بوو. دنیا دنیای عەشایری بوو و مەترسی ئەوە هەبوو کە لە دەوروبەر ڕا هێرش بکرێتە سەر شاری مەهاباد و گیان و ماڵی خەڵک لە خەتەر بکەوێ.

بێشک بە هۆی دوژمنایەتی ڕابردوو و جیاوازی بیروڕا و نەبوونی یەکێتی و یەک ڕیزی لە نێو عەشیرەتان دا و پەیوەندی ئەوان بە ڕێژیم، مەیدان ڕکەبەری بۆ عەشایری خۆش بوو تا بۆ بە دەستەوە گرتنی دەستەڵات بە سەر مەهاباد دا وەخۆ کەون و مەترسی کێشەی گەورە، لەناوچە دا بێننە ئاراوە. هێرشی عەشایر بۆ سەر مەهاباد بە مانای هێرش کردن بۆ سەر ماڵە خۆ بوو. لەو شارەدا کەسانی عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و مامەش و دیبۆکری و ... دەژیان و ناوەندی هامووشۆی و دابین کردنی کەرەسە و پێداویستییەکانی ئەوان بوو. بۆیە هەر بیانوویەک بۆ کارێکی ئەوتۆ، ناڕەوا و مەترسی گەورەی لێدەکەوتەوە.

لە لایەکی دیکە خەڵک ترسیان نەمابوو و بە ڕاشکاوی دەیانوێرا لە ژیانی خۆیان بدوێن و قسە لە سەر چارەنووسی نەتەوە و وڵاتەکەیان بکەن. لە وەزعێکی ئەوتۆ دا دوورکەوتنەوەی ڕووسان لە چاوەدێری ڕاستەوخۆ بەسەر کوردستان دا، زیاتر کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی هان دا تا بە هاوکاری خەڵک، پارێزگاری لە مەهاباد بکەن و بە کونترۆڵ کردن و داموودەزگاکانی حکومەتی و پێکهێنانی هێمنی لە ناوچە دا، ئەرکی نیشتمانی خۆیان بە جێ بگەیەنن.

بۆ ئەو مەبەستە قازی محەممەد داوای لە خەڵک کرد چەک هەڵگرن و شار بپارێزن. نیشتمانپەروەرانی مەهاباد بە دەنگی قازی محەممەدەوە چوون و چەکیان هەڵگرت پارێزگاری شاریان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدەستەوە گرت. مەترسی هێرشی عەشایر بوو بە هۆی ئەوە، گشت چین و توێژەکانی شاری مەهاباد یەک بگرن و پێکەوە هاوکاری بکەن. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٤٢ دا باسی دەوڵەمەندان و هەڵسووکەوتی ئەوان لە گەڵ فەقیران بە دوای دەنگۆی هیرشی مەنگوڕان دەکا و دەنووسێ: ماڵئاواییم لە قازی کرد و لە پلیکانەکانی مەحکەمەوە دەهاتمە خوارێ، تەماشام کرد دێڵە ترکەنەکان وەسەر دەکەوتن تا بچنە لای قازی. ترسیان لێ نیشتووە کە مەنگوڕان تالانیان کەن. وەها ترساون کە خۆیان دەگەڵ ڕەجاڵی شاری نیزیک دەکردەوە و ببوونە دۆست. لەوە پێش بێزیان لێدەکردن و بە عیسانیان نەدەزانین و سووک و بێ قیمەت چاویان لێدەکردن. جاری وابوو کە ڕقیان هەڵدەستا پێیان دەگوتین (عەمباڵی کوڕی عەمباڵی)، یان جنێوی هەرە گەورەیان، (بڕۆ لاچوو هەی ڕەجاڵەی سەگباب) بوو. وەک ئەوان لە زێڕ دروستکرابن و ئێمە لە قووڕ. ئێستا لە ترسی مەنگوڕان و لە ترسی بەتاڵان چوونیان، دەستەدەستە ڕەجاڵە دەبەنە ماڵی خۆیان و سوێند بۆ یەکتر دەخۆن، دەگەڵ یەکتر بران و موویان لەبەینەوە ناچێ. زۆر جار کە دەلاڵەکانی دەولەمەندەکان دەهاتنە لام و پێیان دەگوتم کە ئەوشۆ بانکراوی بۆ ماڵە کێ و کێ، منیش گوونم نیشان دەدان و نەدەچووم. چیبکەم دەستی قازییم کوول بوو و لەبەر خاتری قازی شەوانە دەچووم بۆ کێشک.

لەو سەردەمەدا قازی محەممەد خۆشەویست و پێگەیەکی گەورەی لە نێو خەلک دا هەبوو و هەر وەک خەلیل فەتاح قازی لە لاپەڕەی ٧٨ ی کتێبەکەی دا دەڵێ بە لای کاربەدەستانی دەرەوەش ناسراو بوو: ماڵی قازی محەممەد مەکۆی ئەو مەئمورانە بوو کە هەندێک جار سەردانی مهابادیان دەکرد.

قازی محەممەد ڕۆژانە خەڵکی کۆ دەکردەوە و وتاری دەدا و داوای لێدەکردن کە وەدوای سەرۆکە نیشتیمان فرۆشەکان نەکەون و بە شەویش ڕانک و چۆغەی دەبەر دەکرد و تفەنگی دەست دەدایە و تابەیانی بەسەر کێشکەکانی شار ڕادەگەیشت.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٤١ دا باسی ئەوە دەکا کە بە مەستی پارێزگاری لە شار، پێشەوا قازی داوای لێکردووە کە کێشکی شار بدا و دەنووسێ: نەمدەزانی قازی ئەمنی بۆچییە؟ ئاخر من ئەوە یەکەمجارە دەگەڵ قازی قسەم کردبێ. هەرچۆنێک بێ، بوو بە تاوپەڕان و چوومەوە لای قازی لە مەحکەمەی. دیتم "مەلا محەممەدی دربکە"ی لەلایە. سەلامم کرد و گوتی وەرە دانیشە. منیش بە شەرمەوە چۆکم دادا. ڕوانی لە پەنجەرەی ڕا دیتی کە چەند نەفەر لە توجاڕ و دەوڵەمەند دەهاتن بۆ لای قازی. قازی هەستا و مەلاش ڕاست بۆوە و وەدەر کەوت. کە مەلا وەدەرکەوت، قازی ڕووی دە من کرد و گوتی:

- تۆ چەک و مەکت هەیە؟

- بەڵێ.

- مەنگوڕان بەتەمان بێنە سەر شاری و تالانی کەن. من بە هەموو گەڕەکەکانم گوتووە کە هەر گەڕەکە و شەوانە چەند نەفەریان نۆبەچی بن. تۆش چەند نەفەر هاواڵت هەیە خەبەریان بدەیە با ئەوانیش بەرگری لەشار بکەن و نەهێڵن مەنگوڕ تالانی بکەن. ئەگەر هاواڵەکانیشت مومکین نەبوو، ئەوە دەسپێرم چەند نەفەرت دەنێ و دەگەڵ خۆت شەوانە بە شاریدا بگەڕێن و شار بپارێزن.

هەر لەوبارەوە سەعید هومایون لە یاداشتەکانی دا دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو ماوەیەدا بە ئەمری قازی مەحمەد بۆ پارێزگاری لە شاری مەهاباد ژمارەیەک چەکداری مەهابادی بەنێوی (قۆڵ سپی) ئەرکی خزمەت بە شاریان بەعۆدە گرت. قازی موحەمەد کە هێشتا لەقەبی پێشەوای لەلایەن میللەتەوە پێندرابوو، بۆخۆی لەگەڵ چەند نەفەر لەو قۆڵ سپیانە و خەڵکی شار تفەنگی هەڵدەگرت و تا گومبەزی بوداق سوڵتان کە ئەو وەختە لەشار دوور بوو دەچوو و تا نیزیک ڕۆژ بوونەوە لە دەوری شار دەماوە. ئیدارەکانی دەوڵەتیش لە ژێر ئەمر و چاوەدێریی ئەودا بە کاری خۆیان درێژە دەدا. مەدرەسەکان کە بۆ ماوەیەک داخرابوون کرانەوە ...

ڕەحیمی قازی لە ژێر نووسی لاپەڕەی ١١٦ دا دەڵێ کە بۆخۆی ماوەی ١٧ ڕۆژ وەک پێشمەرگەیەک لەگەڵ پێشەوا بووە کە تا ڕۆژ کێشکی داوە. ئەو خۆڕاگرییە بوو بە هۆی ئەوە کە عەشایر نەوێرن هێرش بکەنە سەر مەهاباد و تەنانەت زۆر عەشایری چەکداریش پشتیان لە سەرۆک عەشیرەتەکانیان کرد و لێیان دوور کەوتنەوە. پێشەوا داوای لە خەڵک کرد کە یەکگرتووبن و هانی دان کە بە جێگای ئیدارەی شارەبانی هەر لەو شوێنە بە ناوی ئینتیزامات دەستەی چەکدار دابنێن و کێشکی شار بدەن و بۆخۆی بەرپرسایەتی گشتی پاراستنی شاری بە ئەستۆوە گرت و تا شەو درەنگ بە سەر کێشەکەکان ڕادەگەیشت.

مریەمی قازی لە وتوویژ لەگەڵ زارا مەنگوڕی، مامۆستای قوتابخانەی کچانەی مەهاباد کە لە ڕۆژنامەی "پەیامی کوردستان" ژمارە ١٩ مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٨٤ (٣١ی دیسامبر ٢٠٠٥) بڵاوبوتەوە، لەسەر وەزعی مەهاباد دەنووسێ: ... ولات قەت ئەوەندە خۆش نەببوو. قازی مەحەمەد وەک کوڕی قازی شەرع خوێندکار و بە مشوور بوو و خەڵک زوریان خۆش دەویست و هەر پێش دامەزرانی کۆمار پێیان دەگوت پێشەوا، دەستبەجێ دەگەڵ ئەندامانی تری کومەڵەی ژێ کاف و خەڵکی شار وایان دانا کە لە هەر گەڕکەی سێ چوار کوڕە جحێڵە بە نۆرە شەوانە کێشک بدەن و ئاگایان لە وڵات بێ و تەنانەت پێشەوا لە نۆرەی خۆی دا کێشکی داوە و فەرق و جودایەتی دانەدەنا. ئیوابوو کە دڵی نەدەهات کوڕەکەی بنێری و پووڵی هەبوو، شتێکی دەدا و یەکێکی لە جیات کوڕەکەی دەنارده کێشکی شەوانە...

ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ:

دوای فەرمانی جەنابی قازی سەبارەت بە کێشک دانان هەر گەڕەکەی سەرۆکی کێشکچیان بۆ خۆیان هەڵبژارد و لە ناو گەڕەک دا شوێنێکیان وەک مەقەڕ بۆخۆیان دیاری کرد. لەو مەقەڕانە نان و پەنیر و پێخۆر و چا و پیاڵە و سەماوەری لێ بو. هەر کێشکچییەک نۆرەی تەواو دەبو دەهاتەوە مەقەڕ و ماندویی دەحەساندەوە و نان و چایەکی دەخوارد. ناوی ماڵەکان نوسرابو و پێویست بو لە نۆرەی خۆیان دا پیاو بنێرن بۆ کێشک کێشان. گەر ماڵێک نەیتوانیبا کێشکچی بنێرێ دەبوایە ئەو شەو کە نۆرەیەتی کێشکچی بە کرێ بگرێ.

ئەو کارانە بوو بە هۆی ئەوە کە ئاڵوگۆڕی گەورە لە بەڕێوەبردنی شاری مەهاباد دا پێک بێ. قازی محەممەد ناڕاستەوخۆ ببوو بە حاکمی خۆشەویست و مەعنەوی خەڵکی مەهاباد و ناوچە. بە لای قازی پاراستن و کێشکی شار، مەبەستی سەرەکی و هەر ڕواڵەتی پارێزگاری و پاسەوانی شار نەبوو، بەڵکوو ئاتۆیەک بوو بۆ بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی کاروباری ناوچە لە ئاستێکی بەربڵاو، لە داهاتوودا. دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١٢٦ کتێبەکەی دا، دوای باس کردنی کێشکی شەوانە، ئاماژە بە مانۆڕی هێزی پێشمەرگە دەکا و دەنووسی کە لە ١٣ بەدەری ١٣٢١ خەلکێکی زۆری چەکدار لە نیزیک پردی سوور کۆبوونەوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به داكردنی نیشانه، كارامەی خۆیان و تفەنگەكانیان تاقی كردەوە. دوایە بۆ چاوترسێنی و خۆڕانان لە بەرانبەر بە عەشایری چەكدار، لە لیباسی جوارجۆر دا، بە سەرۆكایەتی چەند كەس، لە ڕیزی چواركەسی دا گەڕانەوە بۆ نێو شار و دوای تەقاندنی چەند فیشەك بڵاوەیان كرد.

بەمشێوەیە لە ماوەیەكی كەم دا ئەمنییەتی مەهاباد و دەوروبەر مسۆگەر كرا. ڕەحمانی قازی لە كتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا هەر لەسەر ئەو بابەتە دەنووسێ:

پاش ماوەیەكی كورت خەڵكی شار پڕ چەك بوون. ئارامی و ئاسایش ڕوی لە مەهاباد و ناوچە كرد و وڵات وەك ماستی مەیوی لێ هات. جەنابی قازی بە خەڵكی شاری ڕاگەیاند كە پێویستە هەمو ڕۆژی هەینییەك ئەوانەی چەكدارن و لە خۆیان ڕادەبینن كۆ ببنەوە و لە شار بڕۆنە دەر و تەمرین بكەن بۆ ئەوەی لە ڕۆژی تەنگانە دا ئامادە بن و بزانن چۆن چەك بە كار بهێنن. سەبارەت بەو فەرمانە هەر گەڕەكە ئاڵای تایبەت بە خۆیان دروست كرد و ڕۆژانی هەینی هەشت ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ لە سەر خەڵكی شار دەشەكاوە و دیمەنێكی جوان و ڕازاوە بە شار و مانۆڕەكەی دەبەخشی. كاتێك پیاوەكانی هەر گەڕەكێك ئامادە دەبون یەك لە دوای یەك وەك سوپایەكی خاوەن سەقا و نەزم بە دوای یەك دا لە شار وەدەر دەكەوتن كە ئەو ڕێ و ڕەسمە شكۆیەكی جوان و بە هەیبەتی هەبو و هەروەها خەڵكی دڵگەرم و یەك گرتو دەكرد و هەستیان بەوە دەكرد ئیتر خاوەن بڕیاری خۆیانن و دەتوانن لە بەرامبەر هەمو هێرشێك دا خۆیان ڕابگرن و یەكڕیز بن. زۆربەی كات ڕوی مانۆڕەكە بە سەر پردی سور دا بەرەو ئاوایی وسوكەند بو. چەكدارەكانی شار بە ڕیز و ڕێك و پێك تا ئاوایی وسوكەند دەڕۆیشتن و لەوێ ڕا بە هەمان شێوە دەگەڕانەوە شار. دیارە لەو ناوە دا لە دو شوێن نیشانە دادەكرا و دەبو بە تەقە و گرم و هۆڕی تفەنگان و نیشانەشكێنی ئەو ڕۆژە دیاری دەكرا. ئەو مانۆڕ و كۆبونەوانە بە مانۆڕی قازی ناوبانگیان دەركرد. لەو كۆبونەوانە دا پیرە پیاوەكانیش بەشداریان دەكرد و زۆر جار بە سەر هاتی خۆیان دەگێڕاوە و گەنجەكانیش كەڵكیان لەو ئەزمونانە وەردەگرت...

هەر لەبارەی ئەو ڕۆژانە دا، لە ژمارە یەكی "كوهستان" كە بە ڕێكەوتی ١٣٢٣/١٢/٧ چاپ بووە، بە نەقڵ لە خەلیلی فەهیمی وەزیری مشاوری لە كابینەی دەوڵەتی "ساعید" دا ئاوا هاتووە:

ئاغای قازی محەمەد كەسایەتێكی بەڕێزە كە لە ڕووداوەكانی شەهریوەر كە ئەمن چووم بۆ ئازەربایجان، یەكێك لەو كەسانە بوو كە بۆخۆی تفەنگی لە سەر شانی دانابوو و لە گەڵ هێندێك لە كەسانی خۆی مەهاباد و دەوروبەری دەپاراست.

ڕەحیمی قازی لە لاپەرەی ٨٩ی كتێبەكەی بە نەقڵ لە لاپەرەی ٣١ی كتیبی ئیگلتۆن دەنووسێ:

بە تەنیا شەخسییەت و موحتەڕەمی قازی بوو كە توانی لە ساڵی ١٩٤١ وە مەهاباد بە ساغ و سڵامەت ڕاگیر بكات...

هەر لەوبارەوە مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ٧٠ی كتیبی "ئاوێنە شكاو" دا دەنووسێ:

دیوانی قازی ئەودەم و پێشەوای دوایی شوێنێك بوو لەوەدا دەوری هەبوو بۆ خەڵك و مەكۆ و مەتەرێزی چاك و جێی هۆمێد بوو. هەر ئەوێ هەبوو بە ڕاشكاوی هەموو مەبەستیكی لی بخرێتە گۆڕێ و باسی لەسەر بكرێ. نەك هەر حقوقی و كۆمەڵایەتی بگرە سیاسیش و ئەو دڵنیاییەی لەو لێك هاڵان و نیزیك بوونەوانە كەوتەوە بوو بە سەرمایە و پشتیوان و وای لیهات لە ساڵەكانی دواییدا و پیش دروست



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوونی کۆمار، پێشەوا خۆی و چەند چەکداری دڵسۆز هەر شەوە بە گەڕەکێکی شار دا دەگەڕان و هەستیان ڕادەگرت و ئەگەر چەوتی و کاری دزێو لە شاردا ڕووی دابا لەوان شاراوە نەبوو. سبەینێ بە دوای ئیشەکەدا دەچوونەوە. وەک ئەوە دەچوو خۆی بۆ سەرۆک کۆماری ئامادە بکا. ئەو شێوە چاوەدیریەێ پێشەوا لە شاری مەهاباد لە زەمانی سەرکۆماریشدا ئیدامەی هەبوو.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٨٦ی باسی کەسایەتی پێشەوا دەکا و دەنووسێ: ... کاتێک ئەو بۆشایەی کە بە نەمانی هێزی ئێران و هەروەها هێزی سوڤییەت بەدیهاتبوو، بە هۆی مرۆڤێکی زۆر ڕێزلێگیراو و بە قودرەت پڕ بووە کە بە ڕاستی توانایی ڕاگرتنی شارەکەی لە هەر ڕوانگەیەکەوە هەبوو و دەیتوانی هەم دژی تەنگووچەڵەمەکانی ناو شار و هەم دژی هۆزە تاڵانکەرەکان ڕاوەستێ.

خەلیلی فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١١٢ دا دەنووسێ کە بە جێگای شارەبانی دەزگای ئەمنییەت و نەزمی(ئینتزامات) شار هەر لەو جێگایە دامەزرا. کێشە و گیروگرفتی لاوەکی خەڵک لەو شوێنە بە هۆی بەرپرسی ئەو دەزگایە و کێشە گەورەکانیش بە هۆی قازی محەممەد و سەدری قازی لە ڕێگای کەیخودایی و شەرع چارەسەر دەکرا.

خەلیلی فەتاحی قازی دەنووسێ بەرپرسانی دەزگای ئەمنییەت و نەزمی شار سەردەمێک بە سەروکایەتی میرزا غەنی خوسرەوی و دوایە حاجی سەید ڕەحیمی نیزامی و میرزا مەحموود مەنسووری قازی و سەید خدری سەید نیزامی کە بە سەید پیرە بە ناوبانگ بوو، بەڕێوە دەچوو.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩٠ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر ئەرکی خۆی لە شارەبانی کە لە لایەن پێشەواوە بۆ دیاری کرابوو، دەنووسێ: دەگەڵ هاواڵەکانم شارەبانیمان ئاوەدان کردەوە و دەستمان کرد بە کار و کێشە و گرفتەکانی شارمان چارەسەر دەکرد. گەر کەسێک شکایەتی دەبوو، دەچوو بۆ لای قازی، قازیش بۆ منی دەنووسی کە ئەوانە بنێرە لای مەلا شەرعیان بکات یان ئەو ئیشەی ئاوا لێبکە. منیش بێ ئەمری قازی نەدەجوڵامەوە و سەربەخۆ کارم نەدەکرد. زۆر باش بە کاروباری شار ڕادەگەییشتم و خەڵکیش و قازیش زۆر ڕازی بوون. ئێستا من بوومە داڕۆغەی شار و ڕەئیسی ئەو ئیدارەیەم کە لە گرتووخانەکەی گیرابووم و ئەشکەنجەیان دابووم و تا سەرەمەرگێ تێیانهەڵدابووم. ئێستا من لەوێ ڕەئیسم، خەتاکاران دەگرم، لەو ژوورەیان دەکەم و بێتاوانان بەردەدەم.

ئەوجار بۆ پاریزگاری لە موڵک و ماڵی گشتی کێشک دیاری کران. ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا دەنوسێ: لەو سەردەم دا ئیدارەی دوخانیات ببو بە ئەنباری هەمو کەل و پەل و پێداویستییەکانی سەرەکی شار وەک توتن، قوماش، قەند، شەکر، چا، جگەرە و زۆر شتی تر. بۆ پاراستنی ئەو ئیدارەیە دوازدە کەسیان دامەزراندبو کە ئاگایان لە کاروباری ئیدارە بێ و شەوانیش کێشکی ئەنبارەکان بکێشن. ئەو کەسانە بریتی بون لە : کەریم یەمین قازی، قاسم مەجیدی، برایم مەجیدی، عەزیز مەنسور قازی، ڕەحمان ئیقباڵی، ڕەسوڵ غازی، من و پێنج کەسی تر کە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە.

کاروکردەوانەکانی قازی محەممەد، کاردانەوەی گەورەی هەبوو. ڕەحیمی سەیفی قازی لە لاپەڕەی ١٠٠ی کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی ڕەهبەر٧ی ژوئەنی ١٩٤٣ دەنووسێ:

لە ڕۆژەکانی هەرەسەخت و چەوتی شەهریوەردا کاتێک کە جەنەڕاڵەکانی وەک بایەندور هەڵدەهاتن، قازی محەممەد ئاسایش و هێمنایەتی مەڵبەندی مەهابادی پێک هێنابوو وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشتمانپەروەرییەکی زۆر گەورە و بەدیمەنی لە خۆیەوە نواندبوو.
جیگیربوونی ئەو نەزم و دسیپلینانە، بوو بە دڵخۆشی و غروور و شایی بە خۆ بوونی هەموو نیشتمانپەروەران و ئەو کەسانەش کە چەکیان نەبوو، هەوڵی کڕینی چەکیان داو بازاڕی ئەو کەرەسەیە گەرم ببوو. محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٢٠ دا دەنووسێ کە لەگەڵ قاچاغچیان دەچوو لە تاران تفەنگی بڕنووی بێ دەسکیان دەکڕی و دەیانهێناو لە مەهاباد وەستا قادری بانەیان و ماڵە تۆکمەچی داریان وەسەر دەخستن و دەیانفرۆشت.
دیارە دەبێ بگوترێ ئەگەرچی دەوڵەتی ڕووس خۆی لە زۆر کاروباری بەڕێوەبەری ناوچەی موکوریان دا بوارد و ڕاستەوخۆ نەیخستە ژێر چاوەدێری خۆی، بەڵام ئەوی کە گرینگ بوو بە هیچ شێوەیەک ڕێگای بە هێزەکانی حکومەت نەدا کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و ئەوش لە پێکهاتنی ئەو نەزمەدا کاریگەر بوو.
بەگشتی کێشک و پارێزگاری لە شاری مەهاباد وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە چوارچێوەی گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و دیموکراتیکی جوڵانەوی کورد و سەرەتای ئەزموونێک بوو بۆ خەڵکی کورد، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی نیشتمانی گەورەتر. قازی محەممەد ژیرانە هەوڵی دا تا بە برایەتی و تەبایی هەمووان ئەو مەبەستە بێنێتە دی و ڕەوتی پاراستنی ناوچەکەی بەرینتر بکا. ئەوجار قازی محەمەد لەگەڵ عەشایر دەستی بە ڕاوێژ و هاوکاری و پێکهێنانی یەکیتی و یەکریزی کرد و ئەوانی هان دا تا لە بەڕێوەبەری ناوچەدا، بە بێ دەستتێوەردانی دەوڵەتی ناوەندی بەشدار بن.
بێشک سەرنەگرتنی پارێزگاری لە شار مەترسی گەورەی بە دواوە دەبوو. محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٤١ی بیرەوەرییەکانی دا لەوبارەوە دەنووسێ:
ئەگەر ئەم دەست پێشخەریە و پشتگیریی پێشەوا کەمێک وەدرەنگی کەوتبا، چارەنووسی شارەکە و دانیشتوانی بە جورێکی سامناک دەگۆردرا و بە دەیان ساڵ نەدەگەڕایەوە سەر دۆخی جاران.
لە ژێر کاریگەری وەزعی مەهاباد، هێزە نیشتمانپەروەرەکان شاری نەغەدەش، هەوڵی بەرێوەبردنی کاروباری شاریان دا و دواتر میرزا شێخ مەحەمەد عەلیاڵی کە لە گەڵ ڕووسان پەیوەندی باشی هەبوو، بە پارەی دوکانداران بۆ پارێزگاری لە شار، قوڵ سووری دامەزراند و شاری پاراست و تا ڕادەیەکی زۆر کۆتایی بە کێشەی نیوان کورد و عەجەمی قەرەپەپاغان هێنا.
لە پەنا ئەو ئیشە ڕێکوپێک و بە بەرنامانەی مەهاباد دا، کاری سەرەڕۆیانەش کە ئەویش هەر بە مەبەستی چاکسازی و سڕینەوەی شوێنەواری پەهلەوی بوو، دەکرا کە ڕەنگە ناڕاستەوخۆ هەر پەیوەندی بە پێشەوا قازی محەممەدەوە بوو بێ. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٣٩ کتێبی "کورد بوون" باسی کۆ کردنەوەی قەحبەخانە دەکا و دەنووسێ: ئێستا شتێک ماوە کە ئەنجامی بدەین ئەویش، کۆکردنەوەی ئەو قاحبەخانانەی لای باغی سیسەی بوو. لای باغی سیسەی هەمووی قاحبەخانە بوون. ئەو گەڕەکە شەش- حەوت چایخانە و دوکانی لێبوو، لای کەم ١٠٠ ماڵ هەبوو هەموو قاحبەخانە بوون. بەو گەڕەکەیان دەگوت "اکبر آباد".
حەمەد مەولوودی لە درێژە دا دەڵێ کە لەگەڵ ئەحمەدی حەمە کەوڵەی، خەڵکیان هان داوە و ڕەجاڵە وەسەر گەڕاوە و چوونە سەر ئەو شوێنە و لەلاپەڕەی ١٤٠ دا دەووسێ: ئەوەندەم زانی زاق و زووق و سووتمانە. عالەم وەسەر گەڕاون و هەمووی سەعاتێک وەرنەسووڕا ئەو گەڕەکە تاڵان کرا، چەند


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماڵ سوتێندرا، ئەو قاحبە و تەرەسانە هەموو شاربەدەر کران و من لەو هەموو تاڵان و ڕاو و ڕووتە تەنیا "سەرە چبوغێک" زیاتر چیترم گیر نەکەوت.

جا دوکان و ماڵ هەمووی بەتاڵان چوو. بەیانی کە ڕۆژ بۆوە لەو گەڕەکەیدا زیاتر لە ١٠٠ ماڵ دەرکە و پەنجەرە و دار و بار هەموویان بردبوو. ئەو گەڕەکە ببوو بە کەلاوە.

لەسەر ئەو ڕووداوە هێندێک کەس هەست بە مەترسی دەکەن و لە لای قازی محەممەد شکایەت دەکەن. بە گوێرەی لاپەڕەی ١٤٠ بیرەوەرییەکانی حەمەدی مەولوودی بۆ بەیانی قازی محەممەد بانگی حەمەدی مەولوودی دەکا و دەڵێ: ئەوە ئەکبەرئابادت تاڵان کردووە؟ باشە کە تاڵانت دەکرد بۆچی ئەو گەڕەکەت دەسوتاند؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەفەری سەرۆک عەشیرەت و گەورەپیاوانی کورد بۆ باکۆ

دەوڵەتی ڕووس لە کۆنەوە تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی دا، جارجار بایخی بە هێز و توانای عەشایری کورد داوە و هەوڵی داوە لە پێگەی کورد لە بەرامبەر دەوڵەتانی ئیمپڕاتووری فارس و تورک دا کەڵک وەرگرێ.

ئیگلتون لە لاپەڕەی ١٩ی کتێبەکەی دا باس لەوە دەکا کە جەعفەراغای شکاک و عەبدولڕەزاق بەدرخان و سەید تەها نەوەی شێخ عوبەیدلا لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە سەردەمی نیکۆلای دووهەم دا، بۆ لاواندنەوە و دەستبەسەر داکێشان، بۆ ڕووسیە بانگهێشتن کران. دیارە ئەو داڵدەدانە بە مەبەستی ئەوە نەبووە کە بۆ گەیشتن بە ماڤی ڕەوای کوردان، پشتیوانیان لێبکرێ.

هەڵسوکەوتی ڕووس بە دوای دامەزرانی نیزامی کومونیستی لە سەردەمی لێنین دا گۆڕانی گەورەی بەسەر دا هات و بۆ ماوەیەکی کەم ڕێگا بە نەتەوەی کورد درا تا ڕادەیەک بە ماڤی نەتەوایەتی خۆی بگا. بەڵام دواتر هەر لەو نیزامەدا، کورد بە توندی سەرکوت کراوە. دوکتور ئاسۆ لە لاپەرەی ٢٨٢ی بیرەوەرییەکانی دا، باس لە زوڵم و زۆری "باقرۆف" دەرحەق بە کوردان و نەتەوەکانی دیکە دەکا و دەنووسێ تەواوی کوردەکانی نیشتەجێی ئازەربایجان لە ترسی باقرۆف حاشایان لە کورد بوونی خۆیان کرد. کوردەکانی نیشتەجێی قەرەباغ و لاچین و خانکەندی و کلبجار دوور خرانەوە و چاوپۆشیان لە ناسنامەی نەتەوەییان کرا. هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد بە چاوەڕوانی لە وەتاغی سەهۆڵی شوێنی نیشتەجێی باقرۆف ڕاگیران تا بوون بە سەهۆڵ و دوایەش جەنازەکانیان فڕی دران. ئەو شێوە کوشتنە لە نێو خەڵک دا بە کوشتنی باقری بە ناوبانگ بوو. لە ترسی باقرۆڤ کورد نەیتوانی لە ئازەربایجان کورد بوونی خۆی دەرببڕێ و دیفاع لە هوییەت و ناسنامەی خۆی بکا. حەتا کوردی وا هەبوو کە یەک وشەی تورکی نەدەزانی بەڵام حیسابی ئازەری بۆ کرا و ناسنامەی ئازەری درایە و هەرکەس گوتبای ئەمن کوردم زیندانی دەکرا یان دوور دەخراوە.

بەڵام دەوڵەتی ڕووسیە لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی دا، سیاسەتی لاواندنەوە و ڕێزلێنانی گرتە بەر و بە مەبەستی ئەمنیەتی ناوچەی ژێر دەستەڵاتی خۆی، بە هیچ شێوەیەک نەویوست کوردەکان لە خۆ بتەکێنێ و دووریان بخاتەوە.

ڕووسەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا خەڵکێکی زۆریان لە مەهاباد کوشت. ئایا نەختستنە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ئیدارەی ئەو بەشە، چەشنێک ئیعتراف پێکردن و قەرەبوو کردنەوەی جەنایاتی ڕابردوو بوو، یان مەترسی مانەوەی ڕق و بێزاری لە خانەی مێشکی خەڵک و تۆڵە ئەستاندنەوە ئەوان؟

دەوڵەتی ڕووس بە نەهێنی پلانێکی گەورەی بۆ سەرووی ئێران داڕشت و هەوڵی دا تا وەک یەکێک لە کۆمارەکانی وڵاتی سوڤییەت لە گەڵ پارێزگای ئازەربایجانی ئێران کە کوردستانیش بەشێک بوو لەو، هەڵسووکەوت بکا. ڕووداوی دامەزرانی فرقەی دێموکرات و کۆماری ئازربایجان و کاریگەری لە ڕادەبەدەری سووفییەت لە سەر ئەو کۆمارە، هەموو ڕاستی حاشا هەڵنەگری ئەو سیاسەتەن.

پشتگری دەوڵەتی شوورەوی بۆ کورد لە بەراوەرد لەگەڵ ئازەربایجان دا لە حاستێکی زۆر کەم دابوو و ئەو دەوڵەتە تەنیا هەوڵی دا، تا سەمپاتی و لاگیری عەشایر و دەسەڵاتدارانی ناوچەی موکریان کە کەس بە سەریان دا حاکم نەبوو، بۆ لای خۆیان ڕاکێشێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە گشتی ناوەرۆکی سیاسەتی واقعی دەوڵەتی ڕووس لە تەواوی ماوەی مانەوی لە سەرووی ئێران لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە مۆلۆتۆف وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لەسەر کێشە و هاڵۆزی شاری ورمێ، لە ئاگۆستی ١٩٤٢دا بۆ باڵیۆزی سۆڤیەت لە ئێران و فەرماندەی لەشکری ٤٧ ی ناردووە، دەردەکەوێ.

مۆلۆتۆف دەڵێ کە نابێ بڕوا بە سەرۆکە کۆنەپەرست و خۆفرۆشەکانی کورد بکرێ و ئەوان جێی بڕوا و لایەنگری سۆڤیەت نیین. دەبێ لە خۆشوبێش کردن لەگەڵ کوردان دور بن و لە پێناوی پتەو کردن و پەرە پێدانی پێوەندییەکانیان لەگەڵ دانیشتووانی خۆجێیی بە پلەی یەکەم، بە لای ئازەرییەکاندا کە نزیکیان لەگەڵ ئازەربایجانی سۆڤیەت هەیە بشکێننەوە. دەبێ لە کارە سیاسییەکانی باکوری ئێراندا، لەسەر ئازەربایجانییەکان حیساب بکرێ و لە پشتیوانیی کردنی کوردان دورەپەرێزیی بکرێ و هیچ چەشنە کۆسپێک لە ئاست دەسەڵاتدارانی ئێران سەبارت هێمنایەتی، پێک نەهێنرێ. دەبێ لە ئازەربایجاندا بۆ لەناو بردنی دزی و تاڵان لە لایەن کوردەکانەوە، هاوکاریی دەسەڵاتدارانی ئێران بکرێ. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە پشتیوانیی کردن و یارمەتیدانی کورد لە پێناوی هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ بەدیهێنانی خودموختاریی و دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد، دروست نییە، چونکە لە هەلومەرجی ئێستای ئێران دا، ئەوە داوایەکی بێ بناخە و دواکەوتووانەیە.

دەوڵەتی شووڕەوی هەر لە خوڕاسان تا ئازەربایجان هێزەکانی مۆڵ دابوو. هێندیک ناوچەش وەک دەورووبەری مەهاباد، بە هۆی چەند ئەفسەری ڕووس لە لاوەڕا چاوەدیری بەسەردا دەکرا. بۆیە بۆ ئەو دەوڵەتە پێویست بوو کە لەگەڵ دەستەڵاتدارانی عەشایر و پیاوماقوڵانی ئەو دەڤەرە لە پەیوەندی دابێ و نەهێڵن لە قسەیان دەربچن.

بە پێی بیروبۆچوونی سەعیدخانی همایون، ئەو سەفەرە لە لایەک بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵکی کورد بۆ لای ڕووسەکان و پرینگاندنەوەی ئەوان لە ئینگلیسیەکان بوو و لە لایەکی جەعفەر باقرۆف دەیهەویست بە ڕاکێشانی کوردان بۆ لای خۆی، کێشەی نیوان عەشیرەتە کوردەکانی دەوروبەری ورمێ لە گەڵ تورکەکان حەل بکا و کورد و ئازەری ڕێکبخا.

جیا لەوانەش ڕووسەکان نەیاندەویست کوردەکانی ژێر دەستەڵاتی ئەوان سەربزێوی بکەن و کاریگەری لەسەر کوردی تورکیە دابنێن و ئەو مەبەستە لە نامەکانی وەزیرانی دەرەوەی تورکیە و ڕووس دا هاتووە.

دیارە دەبێ بگوترێ کە بەشێکی زۆر لە کوردستان لە ژێر دەستەڵاتی ڕووس دابوو و ئەگەر ئەوان ڕاستەوخۆ کاروباری کوردستانیان بەڕێوە نەدەبرد، بەڵام لە زۆر بابەت دا لێی بەرپرس بوون. بۆ ئەوان زۆر ئاسانتر بوو کە لەگەڵ یەک یا چەند کەس لە ڕێبەرانی کورد لەمەڕ چونییەتی ئیدارەی کوردستان ڕێک بکەون. بۆیە سروشتی بوو کە کەسایەتییەکان لێک نیزیک بکەنەوە و لە نیو ئەوان دا بەدوای کەسێکی بە توانا دا بگەڕێن.

لە درێژەی ئەو سیاسەتە دا، ڕووسەکان بۆ بەسەر کردنەوە و پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورد، لە پاییزی ساڵی ١٣٢٠(١٩٤١) لە شارەکانی ورمێ و میاندوا و بۆکان و مەهاباد، دەستەیەکی٣٠ کەسیان لە گەورەپیاو و سەرۆکی عەشایر، بۆ سەفەرێکی چەند ڕۆژ بۆ شاری "باکۆ" پێتەختی کۆماری ئازەبایجان بانگێشتن کرد. ئەو میوانانە لە لایەن میرجەعفەر باقروف سەرۆکی ئەو وڵاتە بەگەرمی بەخێر هاتن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میوانداری کران و لە بنکە ئابووری و شوێنە نیزامییەکانی باکۆیە دیداریان کرد و لە کۆتایی دا بە حورمەت و بە دیارییەکی زۆر ڕەوانەی کوردستان کرانەوە.

سەعید خانی هومایون لە لاپەڕەی ٧١ ی کتێبی "پێشوای بیداری"دا دەنووسێ کە لە پاییزیساڵی ١٣٢٠دا لە لایەن ئینگلیسییەکان، بۆ تاوتوێ کردنی وەزعییەتی ناوچە، هێندێک عەشیرەتی مەهاباد و بۆکان و بانە و سەقز بۆ میوانخانەی کۆنی بۆکان بانگهێشتن کران. هێشتا ئینگلیسییەکان نەهاتبوون و میوانەکانیش تەواو حازر نەببوون کە لە نەکاو خەبەر هات کە دوو ماشێن لەبەر دەرکی میوانخانەکە ڕایانگرتوە و چەند ئەفسەری ڕووس لێیدابەزیون. تا ئەوکات بە ئاشکرا چەک هەڵگرتن لە لای ڕووسان قەدەغە بوو و ئەوانەی لەوێش بوون هەموو چەکدار بوون. بۆیە کەمێک پەشۆکان و ویستیان چەکەکان بشارنەوە، بەڵام وێڕانەگەیشتن. ئەفسەرانی ڕووس بە ڕووخۆشی لە پلیکانەکان وەسەرکەوتن و سڵاویان کرد و ڕایانگەیاند کە لای ئەوان چەک هەڵگرتن ئیرادی نییە و بەو شێوەیە خەڵکەکەیان ئارام کردەوە. دوایە ئەفسەری پلەبەرزی ڕووس، سەلیم "ئاتاکشیئۆڤ" و "جەعفەرئۆڤ" کە کورد بوو، خۆشحاڵی خۆیان لە دیتنی عەشایری کورد دەربڕی و ڕایانگەیاند کە مەئمووریيەتی ئەوان ئەوهیە کە دەعوەت لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد بکەن بۆ سەفەر بۆ باکۆ و دیتنی شوورەوی. ئەوان دوایە داوایان لە ئامادەبوان کرد کە هەرچی زوتر بێنە مەهاباد تا بۆ ئەو سەفەرە بەڕێ بکرێن.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١٨٦ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" لەسەر سەفەری یەکەمی باکۆ لە زمانی حاجی بابە شێخ، کە بەشداری ئەو سەفەرە بوو، ئاوا دەنووسێ: هەر لەو ماوەدا (کێشەی حەمە ڕەشیدخان و سەلیم خان لە سەقز) چەند کەسی ڕووسی هاتن و داوایان لێکردم سەرێک لە میاندواو و تەورێز و باکۆ بدەم. بەڵام من پێم ڕاگەیاندن کە باری لەش ساغیم باش نییە و توانام نییە بچمە سەفەر. ئەوان گەڕانەوە، کەچی پاش دوو ڕۆژی دیکە چەند کەسێکی دیکە ناردرا و لە لایەن ڕووسەکانەوە هاتن و یەکیان لەگەڵ بوو ناوی ”نەبی ئۆڤ” بوو. لەگەڵ ئارام خان و یەک نەفەر دوکتور و کاربەدەستێکی ڕووسی وتیان سەرانی عەسایری مەنگوڕ و گەورک و شکاک و دێبۆکری و مامەش و بەگزادە و جەلالی و جەنابی قازی محەممەد کەوتوونە ڕێ و ئێستا لە تەورێز دەبن و چاوەڕوانن منیش لەگەڵیان بچم بۆ باکۆ.

ئیتر من ڕێگای هیچ بیانوویەکم نەما و لەگەڵیان بەرەو تەورێز ڕێکەوتم. بەڵام تا من گەیشتمە تەورێز، وەفدەکە گەیشتبوونە جولفا و لە خاڵی سەر سنوور منیش پێیان گەیشتمەوە و پاش ئەحواڵپرسی ، بەرەو شوورەوی کەوتینە ڕێ. وەک باسم کرد لە خزمەت قازی محەممەد و بە یاریدەی چەند کەس لە کاربەدەستانی کۆنسوولگەری شورەوی لە تەورێز گەیشتینە باکۆی ناوەندی ئازەربایجان و پێشوازییان لێکردین. لە هوتێل جێگیر بووین. پاش حەسانەوە و ماندوویی دەرکردن، چووین چاومان بە چەند بنکەی نیزامی و فەرهەنگی کەوت. ئەوان لە هەوڵی ئەوە دا بوون پێشکەوتنەکان و بارودۆخی باشی خۆیانمان پێشان بدەن. بە تایبەت لەسەر ئازادی ژنان زۆر پێداگر بوون. خوێندنگەی کچان و ژنانی ئازاد و زانستگا و باخچەی جوان و شەقامی خاوێن و ناوەندە نیزامییەکان لەو شوێنانە بوون کە چاومان پێکەوت. ئەو کەسانەی ڕێنوێنی ئێمەیان دەکرد، دەیانکوت شوورەوی(یەکێتی سۆڤیەت) بۆ ئازادی و ڕەزگاری هەموو گەلانی ژێردەست قۆڵی هەڵماڵیوە و ئێمەش کە نوێنەرانی کورد بووین و کەس دڵسۆزمان نەبوو، بەو وتانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر و دڵ خۆش بووین.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٦٤ی کتێبی "قازی محەممەد... "دا دەنووسێ: ئاغا سەلیم ئاتاکیشیۆڤ بەرپرسی بەشی هەواڵدەریی لیژنەی عەزیز عەلییۆڤ(ئەندامی شورای شەڕ لە لەشکری ٤٧ و بەرپرسی ناوچە داگیرکراوەکانی ژێردەستەڵاتی ڕووس لە ناوچەدا) ئەرکی بانگ کردنی ئەو ژمارە کوردەی لە ئەستۆ بوو. ئەوان لە مانگی نۆیەمی ساڵی ١٣٢٠- مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٤١دا چوون بۆ تەورێز و لەوێوە دوانەی باکۆ کران. بەشێک لەو کەسانەی لەگەڵ قازی محەممەد بەشداریی ئەو گەشتەیان کرد بریتی بوون لە: عەلی ئاغای عەلیار "ئەمیر ئەسعەد" سەرۆکی خێڵی دێبوکری، عومەر کوڕی عەلی ئاغا، عەبدوڵا ئێلخانی زادەی بۆکان، حاجی قەرەنی ئاغای ئەمیر عەشایر سەرۆکی خێڵی مامەش، حاجی بابە شێخ سیادەت، مەجیدخانی میر موکری لە گوندی قەرەوێرانی میاندواو، عەلی خانی نەوزەری مەنگوڕ، بایز ئاغای عەزیزی گەورک، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، ڕەشید بەگی هەرکی، زێڕۆ بەگی بەهادوری هەرکی، سەرتیپ شکاک، موساخانی زەرزا، حەسەن تێلۆ شکاک، کاک هەمزەی قادری مامەش، سەید محەمەد سادق کوڕی سەید تەها نەوەی شێخ عوبەیدوڵا، ئەحمەد خانی فاروقی لە خێڵی فەیزوڵابەگی، حەسەن عومەری شکاک، محەمەد ئاغای وسوق قاسملوو، محەمەد ئەمین بەگی فەیزوڵابەگی، پوشوو کوڕی سەید تەهای شەمزینی، قۆیتاسی مامەدی شکاک، مەمدەوی شکاک، عەبدوڵای مەحمود ئاغای و تەها هەرکی.

داوید "مەک داوڵ" لە لاپەڕەی ٢٤٧ی کتێبی مێژووی نوێ کورد دا دەنووسێ "عومەرخانی" شکاک بە هۆی ناسازی نەیتوانی بەشدار بێ. جگە لەو کەسانە، قازی محەممەد، عەلی کوڕیشی (کوڕی ڕەش) لەگەڵ خۆی برد و لەو بارەوە عەلی قازی لە وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ حامید گەوهەری دەڵێ: لە سەفەری یەکەمی شێخ و مەلا و سەرۆک عەشیرەتەکاندا بۆ ئازەربایجان، بابم منیشی لەگەڵ خۆی برد، بەڵام لە دیداریدا لەگەڵ باقرۆڤ منی لە هۆتێل بەجێهێشت و ئەفسەرێک بە ناوی سادق بەرپرسی چاودێریی و گەڕاندنی من بووە. لە سەردانەکەدا باقرۆڤ داوای دیتنی من لە بابم کردبوو کە منیان بردە لای. باقرۆڤ ناوی منی پرسی، گوتم ناوم کوڕی ڕەشە. باقرۆڤ گوتی: ”دەمەوێ لەمەودوا پێت بڵێن کوڕی سوور کە وەک سوپای سوور بیت.“ عەلی قازی لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: باقرۆڤ بە حورمەتی بابم، هەندێک دیاریی وەک: زینی ئەسپ، قورئانێک، جلوبەرگێکی جوان کە پانتۆڵەکەی بۆمن قوڵە بوو، ئوتۆمبیلێکی منداڵان کە بە قورمیش کردن دەڕۆیشت لەگەڵ دەمانچەیەکی بچووکی بلژیکی دا بەمن.

سەید محەممەدی سەمەدی لە لاپەڕەی ١٥٣ کتێبی" نگاهی به تاریخ مهاباد " بە نەقڵ لە عومەرئاغای عەلیار دەنووسێ: ئەو بانگهێشتنە لە لایەن سەرانی کوردەوە قەبووڵ کرا و بانگهێشتکراوان لە تەورێزەوە بە قەتار لە ڕێگەی سەعاتلی و یەنجییان کە جادەی نێزامی بوو لە ئازەربایجانی شووڕەوی بە هاوڕێیەتی ژەنەڕاڵ سەلیم ئاتاکیشییڤ بەرەو بادکووبە (باکۆ ) چوون. بانگکراوانی سەفەری یەکەم بۆ شووڕەوی بریتی بوون لە کەسانی بەدەستەڵات و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچە ١. قازی محەممەد، ٢. عەلیاغای عەلییار ( ئەمیر ئەسعەد ) سەرۆکی عەشیرەتی دێبۆکری، ٣- قەرەنی ئاغای ئەمیرولعەشایر سەرۆکی عێلی مامەش، ٤. حاجی بابە شێخی سیادەت،٥. مەجید خانی میر موکری،٦. عەلی خانی نەوزەڕی مەنگوڕ، ٧. بایزاغای عەزیزی گەورک، ٨. محەمەد حوسێنی سەیفی قازی، ٩. ڕەشید بەگی هەرکی، ١٠. زێڕۆ بەگی هەرکی، ١١. سەرتیپ شکاک، ١٢. حەسەن تێلۆ شکاک، ١٣. کاک هەمزەی قادری مامەش، ١٤. ئەحمەد خانی فارووقی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەیزوڵابەگی، ١٥.حەسەنی عومەری شکاک، ١٦. محەمەداغای وسووق قاسملوو، ١٧. محەمەد ئەمین بەگی فەیزوڵابەگی، ١٨. ترۆ کوڕی سەید تەهای (شەمزینی)، ١٩.قۆیتاسی مامەدی شکاک، ٢٠. عومەری عەلییار (کوڕی ئەمیر ئەسعەد).

ئەو هەیئەتە لە باکۆ لە هەنگاو و پێشکەوتنەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵی، فەرهەنگی و هونەری دیدەنی کرد و لە گەڵ سەرکردەکانی کۆماری ئازەربایجانی شووڕەوی سەبارەت بە کوردستان وتووێژی کرد. بەو پێیە دوو ڕۆژ لە هاتنی ئەو هەیئەتە بۆ باکۆ تێنەپەڕیبوو کە ژەنەڕاڵ سەلیم ئاتاکیشییێڤ هاتە شوێنی دابەزینی میوانەکان کە لە هۆتێلی "یێنی ئوڕووپا" بوو و ئاغاکانی بۆ چاوپێکەوتنی میر جەعفەر باقرۆڤ ئامادە کرد.

عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد ( عەلییار) ئاغاکانی دیکەی بۆ ڕاوێژ و بیروڕا گۆڕینەوە کۆ کردەوە. کاتێک هەموویان ئامادە بوون، عەلیاغا گوتی: بەیانی چاومان بە سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی شووڕەوی دەکەوێ بە بۆچوونی ئێوە ئێمە دەبێ داوخوازمان لە بەڕێزیان چ بێ؟ ئەگەر ئەویش هێندێک بەرعۆدەیی لە ئێمە بوێ دەبێ چی وڵام بدەینەوە؟ دوای قسەیەکی زۆر دەگەنە ئەم ئاکامانەی خوارەوە: قازی محەمەد و حاجی بابەشێخ و ئەحمەد خانی فارووقی باوەڕیان وا بوو لە دەوڵەتی شووڕەوی بخوازن بۆ ئەوەی کوردەکان سەربەخۆیی وەدەست بهێنن یارمەتییان پێ بدا و چەک و سەربازیان لە بەر دەست بنێ، تاکوو دوای گەڕانەوە بۆ ناوچە دەست بە خەبات بکەن. قەرەنیاغای ئەمیرولعەشایر و عەلی خانی نەوزەڕی و بایزی عەزیزاغا و دەستەیەک لە ئاغاکانی دیکە باوەڕیان وا بوو کە داوای پارە و قەند و مادییات بکەن، بەڵام ئەمیر ئەسعەد لە گەڵ هیچکام لەو باوەڕ و پێشنیارانە نەبوو و گوتی بە بۆچوونی من باشترە ئێمە هیچ داوخوازێک نەهێنینە گۆڕێ و چاوە ڕێ بین بزانین ئەوان بۆچی ئێمەیان بانگهێشتن کردووە و چاوەڕێی چ لە ئێمە دەکەن.

ئەو ڕۆژەی داندرابوو هەموویان چوون بۆ دیداری میر جەعفەر باقرۆڤ. سەرۆک کۆمار تا پێش پلیکانی سەرسەراوە هاتبوو بە پیل میوانەکانەوە، دەستی لە گەڵ لێدانەوە و بە گەرمی چاک و چۆنی لە گەڵ کردن. دوایە بەڕیز چوونە نێو تالارێکی گەورە کە مێزێکی گەورە لە نێوەڕاستی داندرابوو و لە بەرانبەر هەر کورسییەک دا نێوی یەکێک لە بانگکراوەکان نووسرابوو. سەرۆک کۆمار و ژەنەڕاڵ سەلیم ئاتاکیشییێڤ لە لای سەرەوە و ئەوانی دیش لە دەوری مێزەکە و هەرکەسە لە شوێنێک کە بۆی دیاری کرابوو و نێوی لێی نووسرابوو دانیشتن. دوای وە ڕەسمییەت کەوتنی دانیشتنەکە و کۆتایی هاتنی قسەی سەرەتایی و چاک و چۆنی، سەرۆک کۆمار ڕووەو عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد کە نزیک لەو دانیشیبوو،گوتی: ئێمە ئێوەمان خۆش دەوێ و بۆ پێشکەوتن و بەرەوژوورچوونی ئێوەمانان تێدەکۆشێن و هەرکارێکتان هەبێ دەتوانن وەرنە لای ئێمە و کێشەی خۆتان بهێننە گۆڕێ. هەنووکە داوخوازی ئێوە لە ئێمە چییە و چتان دەوێ؟ عەلیاغا گوتی: هیچ داوخوازێکمان نییە و تەنیا بە ئاوات دەخوازین ئەرتەشی سوور لە شەڕ بە سەر ئاڵمان دا سەرکەوێ. لێرەدا قازی محەمەد هەستا و گوتی: ئێمە سەربەخۆییمان دەوێ و دەوڵەتی شووڕەوی دەبێ بەڕێگەی ئەرتەشی سوور دا سەربەخۆیی ئێمە دەستەبەر بکا و چەک و پێداویستی دیکەمان بداتێ. دوای بەڕێزیان حاجی بابەشێخ لە شوێنی خۆی هەستا و زۆر توندو تیژتر لە قازی سەبارەت بە سەربەخۆیی گەلی کورد نوتقی کرد. هەڵبەت حاجی بابەشێخ بە زمانی ترکی عوسمانی دەدوا و بەرپرسانی ئازەربایجانی شووڕەوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە تەواوی لێی تێدەگەیشتن. لە ماوەی ئەو قسانەدا جەعفەر باقرۆڤ هەر چاوی لە عەلیاغا دەکرد و کاتێک قسەکان تەواو بوو لە عەلیاغای پرسی: بۆچوونی ئێوە سەبارەت بەم قسانەی ئەو ئاغایانە چییە؟ عەلیاغا لە وڵام دا گوتی: بەندە کوردم و پێشکەوتن و بەرەوژوورچوونی خەڵکی کورد لە قووڵایی دڵەوە بە ئاوات دەخوازم، ئەو بابەتە دەبێ لەگەڵ هەموو کوردەکان بهێندرێتە گۆڕێ و فەرمایشتی ئەو ئاغایانە بێ ڕاوێژ لە گەڵ کوردەکانی دیکەیە و پەلەی لێ دەکەن. بەڵام گەلۆ بۆچوونی جەنابی سەرۆک کۆمار سەبارەت بە قسەی ئەو ئاغایانە چییە؟ ئاگادار بوون لە بۆچوونی ئێوە ئەوپەڕی گرینگی هەیە بۆ ئێمە.میرجەعفەر باقرۆڤ بە پێکەنینەوە وڵامی داوە: ئێمە ئامادەین بۆ پشتیوانی و یارمەتی دانی گەلی کورد و مەئموورانی ئێمە لە ویلایەتی خۆتان لە وردە ڕیشاڵی ئەوە ئاگادارتان دەکەنەوە. دوای کۆتایی هاتنی باسەکە و تەواو بوونی کاتی چاوپێکەوتن میوانەکان هەستان و جارێکی دیکەش جەعفەر باقرۆڤ تا سەر پلیکانان هات و میوانەکانی بەڕێ کرد و دوای دەست لێدانەوە و ماڵاوایی خواستن هەموو میوانەکان گەڕانەوە شوێنی دابەزینی خۆیان لە هۆتێل. لەو تاریخەوە ئیدی ڕووسەکان لە عەلیاغا دڕدۆنگ بوون. لەو ماوەیە دا کوردەکان سەریان لە کێڵگە و هێندێک فابریک و شوێنی دیتنی، تیاتور و بازاڕ دا...

دوای ماوەیەک میوانان هەر بەو ڕێیەیدا کە هاتبوون، گەڕانەوە و بە گەیشتنی دەروازەی میاندواو دیتمان نزیک هەزار سوارەی عەشیرەتە کوردەکان لە مهابادەوە هاتوون بۆ پێشوازی و ئەو ئەژمارە لە پێش ماشێنەکانەوە بە ڕەو مهاباد وەڕێ کەوتن . هەر کە گەیشتینە کەڵکی بەگزادان تەقریبەن هەموو خەڵکی مهاباد بە پیلەوە هاتبوون و تا ئەو دەمی مهاباد قەت پێشوازییەکی ئەوتۆی بە خۆییەوە نەدیبوو. هاتنەوەی ئاغایان بۆ شاری مهاباد بیستەمی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی بوو. لە بەر ئەوەی عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد لایەنگری دەوڵەت(ی ئێران) و دژی ڕووسەکان بوو، قازی دژایەتی لە گەڵ دەکرد و لە بەر دژایەتی لە گەڵ عەلیاغا ئەو یەکێتییەی کە ڕووسەکان چاوە ڕوان بوون لە نێو کوردەکاندا سازبێ، ساز نەبوو...

حەسەنی قازی لە سایتی ئێنتێرنێتی دا لە ڕوونکردنەوە یەک دا بە نەقڵ لە ویلیام ئیگلتن ناوی ئەو کەسانەی کە لە هەوەڵین سەفەر باکۆ دا بەشدارییان ئاوا هێناوە: قازی محەمەد- حاجی بابە شێخ – عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد – عومەری عەلییار- ڕەشید بەگی هەرکی – زێرۆ بەگی هەرکی – تەها هەرکی – شێخ پووشوو – محەمەدئەمینی شکاک – حەسەن هەناره (عومەری) حەسەن تێلۆ شکاک – حاجی قەرەنیاغای مامەش – کاک هەمزەی نەڵۆس مامەش – مەجیدخانی میاندواو – نووری بەگی بەگزادە - هورکۆ بەگزادە - ئەحمەد بەگی فەیزوڵا بەگی – بایزاغای گەورک – محەمەدحوسێنی سەیفی قازی.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٤٥ ی کتێبەکەی دا، ناوی ١٩ کەس لە بەشدار بووانی ئەو سەفەرە کە هەموویان بە فێئۆداڵ و پارێزکار دەناسێنێ، ناو دەبا و لە لاپەڕەی ٦٣دا، لەسەر هەوەڵین چاوپێکەوتنی دوو حەوتوویی نوێنەرانی نافەرمی کورد لە باکۆ دەنووسێ کە سەردانی کارخانەکان و تەماشاخانەکان و مەزار و سینەماکانیان کرد. شەوێک لە سەعاتی ١١ شەو بردیاننە ماڵە جەعفەر باقرۆڤ. ئەو لەسەر برایەتی کورد و ئازەر و دۆستایەتی و یەکێتی سۆڤییەت لەگەڵ ئەوان قسەی کرد. لە سەر هەڵوێست و بۆچوونی کوردان ئیگلتۆن دەنووسێ: لەبابەت ئەو دانیشتنەوە جیاوازی لەبەینی نوێنەرە کوردەکان هەبوو، چوونکە بەعزێک لەوان دەیانکوت کە ئامانجی کۆنی گەلی کورد پێویستە گرینگترین باس لەبەینی وان و میواندارەکەیان بێ.

هەروەها سەلماندرا کە یەکێک لە ویستەکانی کوردان ئەوەیە کە ئیجازە بە هۆزەکان بدرێ کە ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تفەنگانەی کە پێیان بوو، هەروا پێیان بێ...

ولأمی سۆڤییەت لە بەرامبەری باسەکاندا نائاشکرا بوو.

لەو سەفەرەدا هەرکام لەو نوێنەرانە زینێکی قایش و شەش گەز چیتیان درایە، ئەو پووڵە کە خەرجیان کرد بوو و کەمێک گوللە کە بە پووڵی خۆیان کڕیبوویان. کوڕی ڕەش کە ٨ ساڵانە بوو دەمانچەیەکی درایە.

لە زۆر جێگادا بە بەربڵاوی باسی ئەو سەفەرە کراوە و هێندێک لەو یادداشتانە لە هەلومەرجی تایبەت دا گێڕدراونەوە و جێگای شک و گومانن و فڕیان بە ڕاستییەوە نییە. دوای ڕووخانی کۆمار نووسەری وتاری محاکمەی قازییەکان لە باسی حاجی بابا شێخ دا باس لە بابەتێک دەکا کە لێرەدا ئاماژەی پێدەکرێ. نووسەر دوای ئەوەی دەڵێ کە حاجی بابا شێخ پیرەپیاوێکی بە موحێبەت و دووربین بوو و کچەکەی نەخۆش بوو و سەرگورد دوکتور"خەمسە سەفا" چاکی کردوە، دەنووسێ کە ڕۆژێک لەگەڵ ستوان دوکتور عەزیمی کە ماوەیەک ئەسیری بارزانییەکان بوو چۆتە سەردانی حاجی باباشێخ کە ئاگاداری هەموو کارەکانی قازی محەممەد بوو. نووسەر دەڵێ کە حاجی باباشێخ گوتویە کە  لە دوای مانگی خەرمانان کە سەرۆک عەشایرەکانیان بردە باکۆیە، زۆریان پەلە لێکردن و بە ٢١ ساعەت لە سەقز ڕا بردیانینە جولفا" یە و لەوێڕا بردیانیینە باکۆیە. لە باکۆ لە گەڵ زۆر لە ژێنڕاڵەکانی ڕووس کە یەکیان خۆی بە ئاتاشکیوف ناساند ئاشنا بووین. ئەو بەردەوام چاوی بە ئێمە دەکەوت. مکووڕ بوو و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ بە قسەی بکەین. ئێمە بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبووین فەرمانەکانی بەجێ بگەیەنیین تەنانەت قازی محەممەد هەوڵی خۆ کوشتنی دا. ئێمە ١٥ ڕۆژ لەوێ ماینەوە دوایە هاتینەوە بۆ مەهاباد. ئەمن بە شێوەی جۆراجۆر دەوڵەتم ئاگادار کردەوە و لە سەفەری دووهەم خۆم بوارد. حاجی بابا شێخ دەڵی قازی محەممەد دوو جار و سەیف ٣ جار چوون بۆ باکۆیە.

حاجی بابە شیخ لە درێژەی سەفەری یەکەمی باکۆ، لە لاپەڕەی ١٨٧ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" دەڵێ کە ڕووسەکان زۆر بە تێبینی ئەو هەیئەتیەیان هەڵبژارد بوو و زانیاری تەواویان لەسەر هەموویان هەبوو و دەیانزانی کە من سەرۆکی موجاهیدنی موسوڵمان و کاربەدەستی حکومەتی عوسمانی بووم و ماوەیەکی زۆر لەگەڵیان بەشەڕ هاتووم. بەڵام ئەوان ڕابردووی خۆیان بە هەڵە دەزانی و باوەڕیان بە بنەماکانی شۆڕشی ئۆکتۆبر بوو.

حاجی بابە شێخ لە درێژە دا دەڵی کە ئێمە بە زمانی تورکی هیچ کیشەیەکمان نەبوو چوونکە هەمووان تورکیمان دەزانی. سەرەڕای ئەوە دیلمانجیان بۆ دیاری کردبووین و دوایە بە ئاماژە بە قسەکانی پێشەوا قازی دەنووسێ: ئاغای باقرۆڤ لە تالاری گەورەی کاری خۆی، پێشوازی لێکردین. سەرەتا جەنابی قازی محەممەد سپاسی بانگێشتن و میوانداری ئەوانی کرد و سەبارەت بە ڕابردووی کورد و ستەمێک کە لە کۆمەڵانی کورد لە مێژوودا کراوە، بەیاناتێکی پێشکێش کرد. لە پاشان فەرمووی ئێمە وەک نوێنەرانی جەماوەی گەلی کورد چاوڕوانیین کە حکومەتی مەزنی یەکێتی سۆڤییەت دەست بداتە باڵمان و یارمەتیمان بدات. ئاغای باقرۆڤ لە ولام دا بەڵێنی دا هەتا شووڕەوی هەبێت، ئازادی گەلانی ئازەری و کورد لە ئێراندا مسۆگەر دەبێ و لە شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلی کورد پشتیوانی تەواو دەکەین.

پاشان کە هێندێ بە وردەکارییەکان دا کەوتینە پرس و ڕا و وتووێژ، ئاغای باقرۆڤ درکاندی کە بەر لە هەموو هەنگاوێک، وڵاتی کوردستان وەک ئیالەتێکی کۆماری دێموکراتیکی ئازەربایجان (تەورێز) حیسابی

لەسەر دەکرێ و گەلی کورد وەک بەشێک لە حکوومەتی میللی دێموکراتیکی ئازەربایجان (تەورێز) دێتە ئەژمار. کاتێ ئەم بۆچوونەی باقرۆڤم بیست تێگەیشتم ئەمانە گاڵتەجاڕە و بانگهێشتمەکەمان بۆ هەڵسەنگاندن و سووکایەتییە و دەیانەوێ بمانکەنە نۆکەری تورکەکان، ئیتر خۆم بۆ ڕانەگیرا و گوتم: جەنابی باقرۆڤ ئێمە نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکەین، هەوڵ دەدەین بۆ ڕزگاری و ئازادی ئەو گەلە. ئێستاش کە لە خزمەتی بەڕێزتان دانیشتووین، کوردستان ئەیالەتێکی وڵاتی پادشاهی ئێرانە و جەنابت دەتەوێت ببین بە ئەیالێکتێکی ئازەربایجان (تەورێز)، وەک ئەوە وایە لە قووڵکێک دەرمانهێنن و لە چاڵێکی قووڵترمان هاوێن. جا ئەگەر چارەنووسی کورد هەروا ژێر دەستە بێ، ژێر دەستی حکوومەتی پادشایی ئێران بین، نەک ژێر دەستی تەورێز.

وتەکانی بەندە کۆبوونەوەکەی شڵەژاند و بوو بە هەرا و هەمهەمە و ماڵئاواییمان کرد و هاتینەدەر. ئیتر هیچ پێکهاتن و بەڵگەنامەیەک لە نیوانماندا ئیمزا نەکرا.

هەیئەتی کورد یەک دەست نەبوون تا بیروبۆچوونی خۆیان بە شێوەی گەڵاڵە کراو بدەن بە ڕووسان. سەعید خانی هومایون لەوبارەوە لە لاپەڕەی ٧٢ی کتێبی "پێشەوای بیداری" دا باسی ڕوانگەی قازی محەممەد دەکا و دەنووسێ کە دەبی ئەو ئامانجی گەورەتری دیکە واتە گەیشتن بە مافی نەتەوەیی کوردی مەبەست بوو بێ. ئەو دەیهەویست نەزەری شووڕەوی بۆ چارەسەر و حەلی کێشە و ویستەکانی کورد ڕابکێشێ. ئەو لەو سەفەرەدا بە ڕاگەیاندنی ئامانجی میللەتی کورد، تا ڕادەیەک توانی نەزەری میر جەعفەر باقرۆڤ بۆ لای ویستەکانی نەتەوەیی کورد بگۆڕێ و نیشان بدا کە کوردەکان داوای ماڤی گەورە، وەک ئازادی و حەقی دیاری کردنی چارەنووسیان هەیە.

محەممەد شاپەسەند لە لاپەرەی ٤٣ دا دەنووسێ کە لە سەفەری یەکەمی باکۆ دا باقرۆڤ داوای لە هەیئەتی کورد کرد کە پێویستە ئەو چەکانەی کە لە ئەرتەشی ئێران دا وەدەستیان کەوتووە بیگێڕنەوە بۆ حکومەت و ڕێز لە یاسای ئێران بگرن.

لەسەر ئەوەی کە لەو سەفەرەدا، ڕووسان و سەرۆک عەشیرەتەکان باسی چیان کرد، بەڵگەیەکی ئەوتۆ بەدەست نییە بەڵام بێشک دەبێ داواکرابێ کە عەشایری کورد، ملکەچ و لە ژێر ئەمری ناوچەی ئازەربایجان دا بن کە ئەوێش ڕاستەوخۆ هەر ڕووسەکان بۆ خۆیان بەڕێوەیان دەبرد.

سەفەری باکۆ لە سەر هەر کام لە کەسایەتییەکان بە شێوەیەک کاریگەری هەبوو. ئەیوب ئەیوبزادە لە سەر عەقڵییەتی بەشێک لە کەسایەتییەکانی ئەو هەیئەتە لە نووسراوەی ئێنتێرنێتی " ژیان و ڕوانگەی پێشەوا" دا دەنووسێ:

ئەگەر لە دیدار لەگەڵ "باقرۆف" لە باکۆ هەموو غەم و سەرقاڵیی پێشەوا ئەوە بوو دۆزی کورد نەکرێتە پاشکۆی ئازەربایجان و پشتیوانیی سیاسیی ئەوان بۆ جێ کردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دەستەبەر بکا، کەچی فانتازیا و ئاسۆی بیری ژمارەیەکی تر لە هێنانی "زینی ئەسپی عروسان" بستێکی تر واوە ناترازێ.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٧٠ی چێشتی مجێوردا لەسەر چلونایەتی کەسایەتی زۆربەی بەشدارانی ئەو سەفەرە دەنووسێ:

جارێک ڕووسان زۆر پیاو ماقوڵی وەڵاتیان بۆ باکۆیە بانگ کرد کە عەلیائاغا و قەرەنیاغا و حاجی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەشێخ و زۆر ئاغای تریش لەو بانگ کراوانە بوون. کە هاتنەوە بیستمان باقرۆفی سەرۆکی وەزیری ئازەربایجانی ڕوسیا گوتبووی چتان دەوێ بۆتان پێک بێنین، یەک دەڵێ شەکر، یەک دەڵێ زینی عوروسی، دەمانچە ... من دەمەتەقەیەکم لەسەر نووسین و لە نیشتمان دا چاپ کرا، تێرم گاڵتە بە عەقلیان کردبوو. عەلیاغای هەڕەشەی کردبوو کە ئەو شاعیرە هەر دەکوژم. ماوەیەکی زۆر نەمدەوێرا بە گوندی ئەودا بڕۆم و ڕێگەم بۆ شاری سابڵاغ گۆڕیبوو.

کریس کۆچرا لە لاپەڕەی ١٩٨ی کتێبەکەی دا دەڵێ، گوتراوە کە قازی محەممەد لەو سەفەرەدا باسی ماڤی چارەنووس و داوای پشتیوانی ڕووسانی بۆ گەلی کورد کردوە و وێدەچێ کە باقرۆڤیش ڕازی بوو بێ.

خالید حیسامی لە لاپەڕەی ٧٠ی کتێبی ئاوێنە شکاودا لەسەر ئەو بڕوایە کە لە سەفەری یەکەم دا پێشنیار سەرۆکی کوردستان بە هێندێک لەو سەرۆک عەشایرانە کراوە و دەنووسێ:

کێ دەڵێ هەر ئەو سرتە و خەڵوە پێشەکێک نەبوو بۆ ئەو بانگهێشتنەی دوایی کە ڕووسان لە پێشەوا و چەند سەرۆک عەشیرەتی موکوریان کردیان بۆ باکۆ وەک (عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد) و (قەرەنیاغای مامەش) و (قاسم ئاغای حاجی بایزئاغای موهتەدی) و پێشنیهادی سەرەک کۆماری کوردستانیان پێکردن و ئەوانیش پێشەوای لێ دەرچێ هەموویان لەبەری چوونەدەر جا ئەگەر لێکدانەوەی لێهاتوویی خۆیان بوو، ئەگەر ترسی پاشەرۆژ و ئەگەر بێباوەڕی بە وەفاداری و بەڵێنی دۆستە بێگانەکە.

هەر لەوبارەوە ئیگلتۆن دەنووسێ کە لە ساڵی ١٩٢ ژێنراڵ ئتاکچیوف لە تەورێز چاوی بە شێخ عوبەیدوڵا کەوت کە لە لایەن زۆربەی عەشیرەتەکان و خەڵکی زۆر بە ڕێبەری کوردان دیاری کرابوو. بەڵام دوژمنانی شێخ، ڕووسانیان ئاگادار کردەوە کە ناوبراو فێرکراوی ئینگلیسە و ئەوانیان پەشیمان کردەوە. دوایە وادیار بوو ئەمەرخانیان بە تاقی کردەوە. لە ئاخری دا لە هاوینی ساڵی ١٩٥دا توانیان پیاوی دڵخوازی خۆیان ببیننەوە و ئەو قازی محەممەد بوو.

یوسف قازی لە لاپەڕەی ٥٨ی کتێبی ڕۆژنامەی تاریخ دا دەنووسێ:

کە لەسەرەتا دا کاربەدەستانی وڵاتانی دەرەوە دەیانەویست "سەید عەبدوڵای گیلانی" بکەن بە سەرکۆماری کوردستان بەڵام چوونکە ناوبراو بە هۆی تێکۆشانی ئاغای فەهیمی بە لای دەوڵەت دا داشکا بۆوە، بە لای قازی داکەوتن.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٩١ ی بەشی ٢ ی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." لەسەر کەسایەتی قازی محەممەد لە سەفەری یەکەم بۆ باکۆیە دەنووسێ:

قازی محەممەد لە ١٣٢٠دا سەرکردەی ئەو هەیئەتە بوو کە بە نمایەندەی کورد چوون بۆ باتکۆبا. هەر لەو سەفەرەدا ئیمتحانی لیاقەتی خۆی بۆ ڕووسەکان دا. خیلافی ئینتیزاری ئاواڵەکانی هەر لەو سەفەرەدا چەند چاوپێکەوتنێکی نەهێنی پیاوە سیاسی و بەرجەستەکانی ڕووسیای کرد و هەر لەو سەفەرەدا تەعەهوداتێکی شەخسی دا بە ڕووسەکان. هەروا بەرە بەرە بە تەفاهوم لە ڕووسەکان نیزیک بووە و عەبدوڵائۆف ناو کە مومەسلێکی سیاسی ڕووس بوو، بۆ ئیمتحانی قازی محەممەد و موراقەبە و دەبەرخێ ئەحوالی، نێردرایە سابڵاغ. سیقەتی قازی محەممەد لە نەنزەر ڕوسەکانا گەیشتە مەرحەلەیەک، ماڵەکەی وەکو باشگای ئەفسەرانی ڕووسی لێهاتبوو. هەرچەند ناتوانین سووڕەتی ئەو وسائیقانە وەربگرین کە لە بەینی قازی محەممەد و ڕووسەکانا ڕەدوبەدەڵ کراوە. بەڵام ئەتوانم بڵێم هەتا نیهایەت قازی محەممەد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەنگاو بە هەنگاو بە ئیشارەتی شەفەوی ڕووسەکان جوڵاوەتەوە.

هەڵسوکەوتی قازی محەممەد بە دوای گەڕانەوە لە باکۆ، گۆڕدرا و لەگەڵ هێندێک لە کەسایەتییەکانی کورد، لە دەوری یەک کۆبوونەوە و هەوڵی یەکێتی و یەکگرتووییان دا. قازی محەمەد لە گەڵ چەند کەس لە گەورەکانی عەشیرەتی مەنگوڕ و مامەش، سەفەری ورمێ کرد و دوای چاوپێکەوتن لە گەڵ عەشایری کورد، داوایلێکردن کە لە شەڕ و هەڵا لە گەڵ عەشیرەتەکانی ئازەری خۆبپارێزن. لە ژێر کاریگەریی ئەو سەفەرەدا، کێشە و ئاڵۆزی ناوچە کەم بووە و بوو بە هۆی خۆشەویستی زیاتری قازی محەممەد.

بە پێی کتێبی "اسرار محکمە قازی محمد و یارانش" پاسیاری ٢ جەلیلوەند، لە لایەن شارەبانی ورمێ بە ڕێکەوتی١٣٢٠/١٢/٧ بۆ شارەبانی گشتی ئێران دەنووسێ کە دوو ڕۆژ پێشتر بە بێ ئاگاداری پێشوو سەردانی شێخ عەبدوڵا کوڕی شێخ عەبدولقادری کرد و لەوێ چاوی بە عومەرخانی شکاک و قەرەنیاغای زەرزا و مووسا بەگ و ڕەشید بەگ و قازی محەممەد و دەستەیەک لە عەشایری سوما برادۆست کەوت.

ماوەی٢٠ خولەک لەگەڵ شێخ قسەم کرد و ئاوای بۆ دەچم کە مەبەستی شێخ لە هاتن بو کشوەری شاهەنشاهی، لە لایەک پێکهێنانی یەکێتی لە نێوان کوردان و لە لایەکی دیکە لە نێوان کوردان و خاچ پەرەستان دا.

دیارە لە دوو بەڵگەی وەزارەتی شەڕ و وەزارەتی کشوەر دا هاتووە کە ئیلخانی زادە ڕاپۆرتی داوە و ئەو بۆچوونە ڕەد دەکاتەوە و دەڵێ کە سەید عەبدوڵا و قازی محەممەد خەریکن خزمەتی دەوڵەت دەکەن.

قازی محەممەد لە سەفەری باکۆ دا، دۆستایەتی خۆی لەگەل ڕووسان پەرە پێدا و بۆ پاراستنی شاری مەهاباد توانی ڕادەیەکی باش چەک و چۆلیان لێوەرگرێ. لەو پەیوەندییەدا سەعیدخانی همایون لە کتێبی پێشەوای بیداری، لە لاپەڕەی ٧٢ دا ئاوا دەنووسێ:

لە پاییزی ١٣٢١ دا شورەوێکان ڕادەیەک چەک سوک، وەک تفەنگ و فیشەکیان هێنا مەهاباد و لە لای پردی سوور، لە نیزیک سەدی ئێستا (لە گۆشەی ڕۆژئاوا) دایان نا و هەر ئەو کات پێشەوایان ئاگادار کرد. ئەو شەوە ٠٠ کەس لە خەڵکی شار، کە پێشتر ناونووس کرابوون، چەکدار کران و هەر کامەیان یەک تفەنگی بڕنۆ و یەک سەد فیشەکیان درایە. هەروەها هەر ئەو شەوە، دوو عەڕابە چەکوچۆڵ بۆ نێو شار ڕاگوێزدرا کە دواتر تەحویلی خەڵکی شێاو درا.

کەسێک بە ناوی کاک محەموود... لە لاپەڕەی٤٠٤ کتێبی "کورد بوون" لەسەر هێنان و دابەش کردنی چەک بۆ مەهاباد دەنووسێ: شەوێک عورووس بە ڕێگایەکی پەنا پردی سووری هەرە کۆندا ئەوەی لای باغی مکایلی بە ماشێنی برنوویان فڕێدا. هەموو دە ڕۆنی دابوو. هەمووی لێی نووسرابوو "زیدی یەهوود". هەموو ئی ئاڵمانێ بوو گرتبوویان، ئاڵمان زیدی یەهوودی بوو. برنووەکان برنووی سەرتۆپیان پێ دەگوتن، جا گەورە و چکۆلە هەموو جۆرێکی تێدابوو، دەیانگوت تەیارەشکێن. ئیدی قازی مەئمووری نارد کوتی بڕۆن سەرو تفەنگێکیان بدەنێ. ئیدی هەر کەس پێشمەرگە بوو تفەنگی هەڵگرت و هێنایانە حەساری دارایی. هەمووی دە ڕۆنی دابوو، بە نەفتی و بەماسڵە (گازۆئیل)ی ڕۆنەکەیان لێ دەکردەوە و خاوێنیان دەکردنەوە.

سەرەڕای ئەوانە بە پێی کتێبی پیشەوای بیداری، ماوەیەک دواتر چوونکە هۆزەکانی کورد لە ڕۆژئاوای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ورمێ خەریکی تاڵان کردن بوون، دەوڵەتی شووڕەوی پێشنیاری کرد کە چەکەکانی بەردەست ئەوان کەم بکرێتەوە.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٦٥ دا باسی چاوپێکەوتنی سەرکونسوولی ڕووس لە تەورێز و کاربەدەستانی ڕووس لەگەڵ ڕەشید بەگ و کامیل بەگی هەرکی و نووری بەگی بەگزادە و چەند کەسی دیکەی شکاک لە قەراغ بەحری ڕەزائیە، لە مانگی مەی ساڵی ١٩٤٢ دەکا. لەو چاوپێکەوتنە ڕووسەکان داوای هێمنی بەڕێوەبردنی یاساکانی ئیداراتی دەوڵەتی ئێران و دانەوەی ئەو چەکانەی کە لە ئەرتەشی ئێران وەرگیرابوون دەکەن. لە وڵام دا کوردەکان داوای ئیزنی هەڵگرتنی چەک و خوێندن بە زمانی کوردی و بەڕێوەبردنی کاروباری نیشتیمانی خۆیان بە ئازادی و سەربەستی دەکەن.

ئیگلتۆن لە درێژەدا دەنووسی کە لەوچاوپێکەوتنی باکۆ دا، هیچ شتێک دەست نەکەوت و سوڤییەت کوردەکانی بە هیوا ڕاگرت و بە دانی قەند و چا و ... دڵی ڕادەگرتن. لەو سەفەرەدا، ڕادەی پێشکەوتوویی ئازەربایجان و حکومەتی شووڕەوی ئەوکات کاریگەری زۆری لەسەر هەست و خەیاڵی قازی شنۆیە هەبوو کە یەکێکی دیکە لە بەشدارانی سەفەری باکۆیە بوو. ناوبراو لە گەڕانەوە دا شێعرێکی لەسەر وەزعییەت و هاوکاری و تەبایی خەڵکی ئەو سەردەمی شووڕەوی دانا کە لە چاپەمەنییەکانی ئەوکات دا بڵاو ببووە:

گەلی کورد ئیتفاقو گەر نەدیوە　　　　بچن بۆ خاکی پاکی شوڕەویوە
تەواریش ئیستلاحێکە عروسی　　لە باتی ئوخوەتی ئیسلام خسوسی
ستالین ئەو ڕەئیسی وا بە هیمەت　　　　تەواریشە لە گەڵ ئەفرادی میللەت
وەکو میرجەعفەری سەرداری باکی　　　　دەڵێ یولداش بە حەممال و بە خاکی

ئەو سەفەرە دژکردەوەی توندی وڵاتانی دەوروبەری دژ بە کوردی بە دواوە بوو. بانگ کردنی ئەو سەرۆک عەشیرەتانە بوو بە هۆی نیگەرانی دەوڵەتی تورکییە. کاربەدەستانی تورک ئەو مەترسییەیان بۆ پێکهات کە ڕووسان پشتی کوردان بگرن کە ئەمە کێشەی گەورەی بۆ ئەوان پێک دینا. تەنانەت تورکیا بیری لەوە کردەوە کە هێزەکانی لە سنوور دا بە هێز بکا و بە پەیوەندییەکانی لە گەڵ ڕووسیەدا بچێتەوە.

حەیدەر ئەکتای" باڵیۆزی تورکیا، چەند جار نامەی ڕەخنەگرانەی ئاراستەی "ئیدەن" وەزیری دەرەوەی ئینگلیز کرد. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٦١ی کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"دا، بە ئاماژە بە وەرگێڕانی ئەفراسیاو هەورامی، ئاماژە بە نامەی"ئیدەن" وەزیری دەرەوەی ئینگلیز بۆ مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت دەکا و دەنوسێ:

ڕۆژی ١٩٤١/١٢/٢- ١٣٢٠/٩/١١ وەزیری دەرەوەی تورکیا لە نامەیەکی سکاڵاییدا کە بۆ باڵیۆزخانەی خاوەنشکۆی ناردووە، دەربارەی مەبەستی کوردان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، شکایەتی کردوە و دەڵێت هێزە داگیرکەرەکان لە ئێران یارمەتی کورد دەدەن و ئەوانیش دەستدرێژیی دەکەنە سەر خاکی تورکیا.

ڕۆژی ١٩٤١/١٢/٥- ١٣٢٠/٩/١٤ سکرتێری گشتیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، سەبارەت بەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی زۆر توند ڕایگەیاند کە لەوانەیە دەوڵەتی تورکیا ناچار بێت سوپای خۆی بگوازێتەوە بۆ سەر سنور. بەڕێز "ڕ. بولارد"( باڵیۆزی ئینگلیز) گوتی قسەی لەگەڵ هاوتای سۆڤیەتی(سیمیرنۆڤ) خۆی کردوە و پێشنیازی بۆ کردوە کە لەم بارەیەوە دڵنەوایی هاوتای تورکیی بکات. بە ڕای بەڕێز بولارد یەکێک لە هۆیەکانی دڕدۆنگیی دەتوانێت دیداری تەبلیغاتیی ڕێبەرانی کورد و سەرۆک هۆزەکانی تری کورد بێت لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باکۆ کە لە لایەن ئۆرگانەکانی سۆڤیەتەوە ڕێکخراوە، باڵیۆزی سۆڤیەت ڕایگەیاند ئەو چاوپێکەوتنانە تەنیا لایەنی فەرهەنگییان هەبووە، بەڵام گوتیشی لەو بارەیەوە پێشتر هیچ ئاگادارییەکی پێنەگەیشتووە.

ڕۆژی ١٩٤١/١٢/١٥- ١٣٢٠/٩/٢٤، دەوڵەتی تورکیا بە ناردنی دووەمین نامەی سکاڵای خۆی سەبارەت بە چالاکیی کوردەکان، ڕایگەیاند لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی سۆڤیەتەوە پشتیان دەگیرێت، پێوەندیی تورکیا و تاران تێکچووە و بارودۆخێکی نائارامی پڕ لە مەترسی پێکهاتووە.

هەرچەندە ڕاپۆرتەکانی دەوڵەتی تورکیا لەو بارەیەوە زۆریان تێچاندنە، بەڵام مەترسییەکی واقیعییش بەرچاو دەکەوێت و ڕەنگە ئەو ڕووداوە ببێت بە هۆی تێکچوونی پێوەندیی تورکیا و ڕووسیا، هەروەها ئێمەش. لەبەرئەوە بە قازانج دەبێت ئەگەر دەوڵەتی سۆڤیەت کارێک بکات کە دەوڵەتی تورکیا لەو ڕووەوە ئارام بکاتەوە. بە بۆچوونی "ر. بەلارد" گرفتی مەزن لەو بارەیەوە ئەوەیە کە سیاسەتی سۆڤیەت لە ناوچەی داگیرکراودا لە لایەن چەند ئۆرگانێکەوە پیادە دەکرێت کە باڵیۆزی سۆڤیەت لە تاران کاریگەرییەکی کەمی لەسەریان هەیە.

هەر بە پێی لاپەڕەی ٦٢ی ئەو سەرچاوەیە مۆلۆتۆڤ لە وەڵامی ئەو نامەیەی ئیدەن دا بۆ کریپس باڵیۆزی بریتانیا لە مۆسکۆ دەنووسێ:

سەبارەت بە نامەی نیگەرانیی تورکیا لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران " کە لە لایەن "ئیدەن"هوە لە ٢٠ ی دیسێمبەری ١٩٤١ دا دراوە، دەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە پێی ڕابگەیەنرێت: تەنیا لە نامەی باسکراودا کە نوسراوەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیای کردوە بە بەڵگە، لامان ڕوون بووەوە کە کوردەکان دەیانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی دابمەزرێنن، هەروەها سەبارەت بەوە کە کوردەکان دەستدرێژیی دەکەنە سەر خاکی تورکیا. لەو بارەیەوە پێویست بە بیرخستنەوەیە کە لەو بەشەی خاکی ئێران کە هێزەکانی سۆڤیەت لێی جێگیرن، پێشهاتی ئەوتۆ ڕاست نین و بە تێکڕایی لە مەبەست و ئاکاری یادکراوی کوردەکان، ئۆرگانەکانی سۆڤیەت هیچ پەیوەندییەکیان پێیانەوە نیە.

سەبارەت بە هاتوهاواری نێوان هۆزە کوردەکان کە گوایە لە لایەن لەشکری سورەوە لە ئێران ڕێکخراوە و لە نامەی ناوبراودا هاتووە، هیچ چەشنە ئاگادارییەکمان نیە. بە پێچەوانەی نامەکەی تری تورکیا کە پشتی پێدەبەسترێ، سوپای سۆڤیەت لە ئێران نە تەنیا بە ئەوان، بەڵکوو بە هیچ کوردێکی تر لە پێکهێنانی ناهێمنیی، یارمەتی نادات، بە پێچەوانەوە، ڕەچاوی ئەوە دەکات کە چەک لە کوردەکان وەربگیرێتەوە. دیارە چەکەکانیش لە ناوچەیەکەوە دێن کە هێزەکانی سۆڤیەتی لێ نین.

هێزەکانی سوپای سۆڤیەت کە ڕەوانەی باکوری ئێران کراون، هەر زۆر زوو بۆ پێشگیریی لە تێکهەڵچوونی نێوان کورد و ئێرانییەکان، زۆر هەنگاویان ناوە و تا ئێستا هیچ چەشنە کێشە و پێکدادانێک لەو شوێنانەی کە هێزەکانی سۆڤیەتی تێدان، لە نێوان کوردەکاندا نەبینراوە.

پێویستە بە بیرتان بهێنینەوە کە دەوڵەتی ئێران لە کرداری سوپای سۆڤیەت لە بەرامبەر کوردەکاندا، هیچ بیروبۆچوونێکی بە باڵیۆزی سۆڤیەت لە ئێران ڕانەگەیاندوە. لەم پێوەندییەدا، تەنیا دەتوانین ئەوە بڵێین کە بەگوێرەی ڕاپۆرتی باڵیۆزی ئێمە لە ئێران، ڕۆژی یازدەی دیسێمبەری ئەمساڵ دا، سەرۆکوەزیران بەڕێز "فروغی" لە لای باڵیۆزی سۆڤیەت، باڵیۆزی بریتانیای ئاگادار کردبووەوە کە ئینگلیزەکان پشتیوانییان لە کوردەکان کردوە و لە هێندێک ناوچەدا دژی ئێرانییەکان هانیانداون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوا بوو دەوڵەتی تورکیا ناتوانێت لەو ڕووەوە هیچ هۆیەکی بۆ نیگەرانیی خۆی هەبێ کە گوایە کوردەکانی ئازەربایجانی ئێران لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە بۆ پێکهێنانی ناهێمنیی هاندەدرێن و بۆ ئەم مەبەستە پاڵیان پێوەدەنرێ، لەبەرئەوە تورکیا هیچ بەڵگەیەکی نیە بۆ ناردنی هێزەکانی بۆ سەر سنوری ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێ کە هیچ بەڵگەیەک کە ببێت بە هۆی تێکچوونی پەیوەندیی لەگەڵ تورک، لە ئارادا نیە، بەڵام سەبارەت بە چاوپێکەوتنی چەند کەسایەتییەکی کورد لە باکۆ، ئەو گەشتە تەنیا فەرهەنگیی بووە و بۆ هیچ جۆرە مەبەستێکی سیاسی نەکراوە. قسەکانی بولارد کە لای وایە سیاسەتی سۆڤیەت لەو ناوچانەدا کە هێزەکانی سۆڤیەتیان لێیە، گوایە لە لایەن ئۆرگانێکەوە دادەڕێژرێت کە باڵیۆزی ئێمە کاریگەریی لەسەر نیە، بە تەواویی ناڕاستە. هەموو ئەو وتانەی سەرەوە، دەتوانن ببن بە هۆی دڵنیایی دەوڵەتی تورکیا، ئەگەر پێویست بێت، بەڵام جێی خۆیەتی لەو بارەیەوە دەستنیشان بکرێت کە تا ئێستا نە دەوڵەتی تورکیا و نە دەوڵەتی ئێران، سەبارەت بەو مەسەلەیە کە لە نامەی بەڕێز "ئیدەن"دا هاتووە، دەوڵەتی سۆڤیەتیان ئاگادار نەکردۆتەوە.

مۆسکۆ: ٢٨ ی دیسێمبەری ١٩٤١

سەفەری دووهەمی باکۆ لە سەردەمی حەساسی ئەوکات دا، یەکەم ئیعتڕافی بچووکی نێونەتەوەیی بوو بە نەتەوەی کورد کە کاریگەری زۆری لەسەر عەشایر و سەرۆک هۆز و نیشتمانپەروەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان هەبوو. ڕەحیمی قازی لە لاپەرەی ٩٢ دا بە ئاماژە بە ئارشیوی حیزبی کۆمونیست باس لە نامەیەک دەکا کە شێخ مەحموودی نەمر بۆ قازی محەممەدی ناردوە و دەنووسێ:

خۆتان کاکە چوون بۆ یەکیەتی سۆڤیەت و لە باکۆ بوون. لە قوڵایی دڵمەوە بەمە دڵخۆشم. برایانی من، ئەی کوردە هاوخوێنەکانم ئاگادارتان ئەکەم وە لێتان ئەپارێمەوە کە جیا لە یەکیەتیی سۆڤیەت بە هیچ کەسێکی تر بڕوایە مەکەن. ئیتر گوێ مەدەنە وادە و قسەی شیرین و بوختان و ئیفترای لە دژی یەکیەتیی سۆڤیەت گەلی کورد دایما پلار بووە بەدەست ئەمانەوە کە ئەمنیش و ئێوەش بە چاکی ئەیانناسین. بە توندی و پتەوەی دەستی دەوڵەت سۆڤیەت بگرن. چونکە تەنیا و تەنیا دەوڵەتی سۆڤیەتە پشتیوان و ڕزگاری هێنەری ڕاستەقینەی تەواوی نەتەوە بەشخوراوەکانە ...

## شووڕای عەشایر

تەوەری خەباتی سیاسی قازی محەممەد لە دوای ڕووخانی دەستەڵاتی ڕەزاشا، بە پارێزگاری کردن لە مەهاباد و پێکهێنانی ئاشتی و دۆستایەتی لە ناو عەشیرەتان دا دەستی پێکرد. یەکیتی و تەبایی، بەرزکردنەوەی هەست و شعووری نیشتمانی و ڕێزگرتن لە کەسایەتییەکان و کۆ کردنەوەی ئەوان لە دەوری ئامانجی نەتەوەیی، گرینگترین کاری پێشەوا بوو. ڕەحیمی قازی لە لاپەرەی ٨٨ ی کتێبی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی ... دا دەنووسێ: یەکەم هەنگاوی خەباتی سیاسی قازی محەمەد لەو سەردەمەدا ئەمە بوو کە دەستی کرد بە ئاشتکردنەوە و پێکهێنانی دۆستایەتی یەکیتی لە نێوان عەشیرەتەکان دا.

قازی محەمەد لە سەرەتا دا هەوڵی دا تا کۆبوونەوەیەکی بەرین لە سەرۆکی عەشایر پێک بێنێ و ئەوانیش لە دەستەڵات و بەشداری کردن لە پاراستنی شار دا، بەشدار بکا. لەو پەیوەندییەدا خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١١٣ی کتێبی مێژووی تایفەی قازی دا ئاماژە بە کۆبوونەوەیەکی گشتی لە ماڵە پێشەوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکا و دەنووسێ:

کۆبوونەیەکی گشتی لە ماڵە پێشەوا کرا و من بۆخۆم پرۆتکۆڵی ئەو کۆبوونەوەیەم نووسی. بەشدارانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە: حاج قەرەنی ئاغای ئەمیر عەشایری ئاغای پەسوێ، حاجی کاک هەمزەی قادری ئاغای جەڵدیان و زورِبەی کەیخوداکانی عەشیرەتی مامەش، عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد "عەلیار" و زۆربەی ڕیش سپییەکانی عەشیرەتی دێبوکری، عەولای بایزاغا و برایم ئاغای سالاری سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوڕ، بایزی عەزیز ئاغا سەرۆکی گەورکان و قەرەنی بایەزیدی، ڕیش سپییەکانی عەشیرەتی پیران. بەشدارانی ئەو کۆبوونەوە پێکەوە بڕیاریاندا کە هێمنی ناوچەکە بپارێزن و ئاژاوەگێڕ و گێرەشێوێنەکانی شار لەناو بەرن و کێشەکان بە هێوری و هێمنی چارەسەر بکەن. من خۆم بەندەکانی ئەو کۆبوونەوەیەم ئیمزا کردوە و بەشداران تێکڕا واژۆیان کردوە.

ئیگلتۆن لەلاپەڕەی ٦٨ دا لەوبارەوە دەنووسێ: ... قازی محەمەد و چەند کەس لە دۆستە سەرۆک عەشیرەتە بە قودرەتەکانی وەکوو عەبدوڵای بایەزیدی سەرۆکی عێلی مەنگووڕ و حاجی قەرەنی ئاغای ئەمیر عەشایری سەرۆکی مامەشەکان، بەرگریان لەتاڵان کرانی وڵات(ناو شار و دێهاتە نیزیکەکانی) دەکرد.

قازی محەممەد هەوڵی دا تا ئاڵقەی یەکیتی و یەکریزی عەشایر بگەیەنێتە ئاستێکی زۆر بەرزتر و بە پێی لاپەڕەی ١١١ی کتێبی" تاریچە خانوادە قاضی"دا لە نووسینی خەلیل فەتاحی قازی، لە ئاوایی "خەڵیفان" ناوچەی "یاڵتەمر" چاوی بە حەمەرەشیدخانی بانە کە پێشتر پادگانەکانی سەردەست و سەقزی گرت بوو کەوت و لە سەر زۆر شت پیکەوە هاوفکریان کرد و بڕیار درا هێرش نەکا بۆ سەر مەهاباد.

هەوڵی قازی محەممەد بۆ پێکهێنانی کۆ دەنگی و یەکێتی لە نیو عەشایر دا بەردەوام بوو و بەپێی لاپەڕەی٩٠ بەڵگەنامەکانی کتێبی "اسرار محاکمە قاضی محمد ویارانش" پاسیاری ٢ جەلیلوەند لە نامەیەک دا بە ڕێکەوتی ٢٠/١٢/٧ دەنووسی کە ئەوڕۆ شیخ عەبدوڵا کوری شێخ عەبدولقادر لە گەڵ عومەر خان بەخشداری سۆما برادۆست و شێخ محەممەد قازی نوینەری شارەداری مەهاباد و موسا بەگ بەخشداری شنۆ و قەرەنیاغا زەرزا و ڕەشید بەگ لە کوردەکانی شنۆ و شێخ سەدیق گەیلانی کوڕی سەید تەها و چەند کەسی دیکە لە کوردەکانی ورمێ، بۆ چارەسەری کێشەی کوردەکانی مەهاباد و پێکهێنانی یەکیتی لە نیوانیان دا، چوون بۆ مەهاباد.

هەر لەو چوارچێوەیە دا ڕەحیمی قازی، بە نەقڵ لە ئارشیوی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان سیایی ژمارە ٤دا دەنووسێ:

لە هاوینی ساڵی١٩٤١ دا قازی لەگەڵ چەند سواری مەهابادی سەفەر دەکات بۆ نێو عەشیرەتەکانی کوردستان وە نێزیکەی دوو مانگ بە نێو عەشیرەتەکان دا دەخولێتەوە و وە لێیان دەگێڕێتەوە بۆ یەکەتی و دۆستایەت. ئەنجامی ئەم تێکۆشینە قازی محەممەد بەمە گەیشت کە لە بەرواری٢٩ مانگی دیسامبری) کانوونی ئەوەڵ (ساڵی ١٩٤١ دا لە مەهاباد لە مەحکەمەی قازی) ماڵی قازی محەممەد(کۆبوونەوەی عەشیرەتەکان پێکهات. لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆک و نوێنەرانی عەشیرەتی مەنگوڕ، گەورک، مامەش، بەگزادە، دیبوکری، پیران، زەرزا، هەرکی، شکاک، بەگزادەی بەردەسووی، جەلالی، زیلان، میلان وە چەند کەسێک لە پیاوە نێوبەدەرەکانی مەهاباد و شنۆ و سەقز و سەردەشت و میاندووئاو بەشداریان دەکرد.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٩٠ دا بە بەڵگە هێنانەوە لە ئارشیوی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنووسی کە ئەو کۆبوونەوە ٦ ڕۆژی خایاندوە و قازی محەمەد لە سەر هەلومەرجی ناوچە و کاریگەری سیاسەتی جیهانی، بە تایبەتی ڕۆڵی دەوڵەتی شووڕەوی بە وردی دوا و دوایە باسی پەیوەندی نیو عەشیرتانی هێنا گۆڕێ و گوتبووی:

ئیتر لەمڕۆوە تەواوی ناتەبایی و ناکۆکییەکانی بێ ئەساسی ڕابردوو بنێژن، دەست بدەینە دەست یەک وە ئیش بکەین بۆ کوردان، بۆ پێکهێنانی ژیانێکی ڕزگار بۆ گەلەکەمان.

بۆ ئەو کۆبوونەوەیە هەوڵ درا کە هیچکام لە عەشیرەتەکان تەنانەت ئەوانەی لە خزمەت بە دوژمنان دا دەستی باڵایان هەبووە، هەڵناوێردرێن و تەریک نەخرێنەوە.

ئەو هەوڵانە بوو بە هۆی دڵگەرمی عەشایر و چەشنێک ڕەکابەری لە نێو ئەوان دا پێکهات تا هێزەکانی خۆیان پڕ چەک بکەن. بەپێی لاپەڕەی ٩٤ی بەڵگەنامەکانی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" لە پارێزگاری چوارەوە بە ڕێکەوتی ١٣٢١/٩/١٥ سەرۆکی وەزیران ئاگادار کراوە کە فەرمانداری مەهاباد ڕایگەیاندووە کە هەموو عەشایری مەهاباد و ڕەزائییە(ورمێ) بە ڕەعییەتەکانی خۆیان کە چەکیان نییە فەرمان داوە تا چەک بکڕن. بۆ ئاگاداریتان ماوەیەکە ئەو هەواڵە لە ڕەزائییەش دەبیسترێ بۆیە داواتان لێدەکەم و تیمسار سەرلەشکر پورزەند فەرماندەی لەشکری ٣ی باکووری ڕۆژئاواش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە فەرمان بدەن ئەو گوردانەی کە هەر سەر بەتارانە بەڵام ئێستا لە سەقز جێگیر بووە، هەرچی زووتر بێتە مەهاباد.

قازی محەمەد تەنیا بەو کۆبوونەوەیە قەناعەتی نەکرد، ئەوجار هەوڵی دا تا کۆبوونەوەیەکی بەرینتر لە عەشایری دەوروبەری سنە و بانە و کرماشان و دیواندەرە پێک بێنێ. لە پایزی ساڵی ١٩٤١ دا محەممەد حوسێن خانی ئامۆزای ناردە لای حەمەرەشیدخانی بانە و بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی عەشایری لێگێڕاوە. حەمە ڕەشیدخان بۆخۆی نەهات بەڵام دوو نوینەری نارد.

بە پێی لاپەڕەی ٩٤ ی کتێبی ڕەحیمی قازی لە ١ی نوامبری ١٩٤٢دا دووهەم کۆبوونەوەی عەشایر لە مەحکەمەی قازی پێکهات. ڕادەیەکی زۆرتر لە عەشایر، بەشداری ئەو کۆبوونەویە بوون و هەروەها کەسانی نیشتیمانپەروەر و ڕوناکبیریش تێیدا بەشدار بوون. لەو کۆبوونەوە وەزعییەتی کورد بە گشتی و ئەرکی عەشایر باس کرا و بەرنامەی کار داندرا و لەسەر بەڕێوەبردنی ئەم خاڵانە، بەشداران سوێندیان خوارد:

١- لە هەموو لایەکەوە قازانج و سوودی یەکیەتی سۆڤیەت لەبەرچاو بگیردرێت و هەموو چەشنە داوخواز و مەسڵەحەتێکی دەوڵەتی سۆڤیەت بەجێ بگەیەندرێت.

٢ - وەفاداربین بە یەکیەتی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤیەت و بە نرخی ژیانی خۆمانیش بێت پارێزگاری بکەین لە پێداویستەکانی وی.

٣ - تەواوی عەشیرەکان لەم ڕووەوە هەموو چەشنە ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیان وەلادەنێن وە بەتەواوی هێزی خۆیانەوە تێدەکۆشن لە هیچ لایەکەوە ڕێگە نەدرێت بە کارەساتێک کە هۆی ناکۆکیی نێوانی عەشیرەتەکان پێک بهێنێت.

٤ - تەواوی بەشدارانی کۆبوونەوە ناحەزی و نارەزایی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە کارەساتی تاڵان و بڕۆ و جەردەیی وە لەم بوارەدا هەر کەسێکی بێت دەست بە تاڵان و ڕێگری بکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمەی کە پیاوە وە یا ئەندامی کام عەشیرەتە دەبێ لە لایەن بەشداربووەکانەوە تەنبێ بکرێت.



لە هەر مەڵبەندێک تاڵان و بڕۆ بقەومێت سەرۆک عەشیرەتی ئەم مەڵبەندە لەسەریەتی تێ بکۆشێت بۆ گرتن و تەنبێ کردنی تاوانبارەکان.

٥ - هیچ یەک لە نوێنەرانی ئەم کۆبوونەوەیەوە حەقی نییە بە جیاوازی و سەربەخۆ وە بەبێ پرس لەگەڵ دەوڵەتی تاران پێوەندی ڕابگرێت وە بچێت بۆ تاران بۆ سکاڵا کردن.

بە پێی لاپەرەی ٩٠ ی کتێبی ڕەحیمی قازی، لە ئارشیوی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان دا هاتووە کە کۆبوونەوەی عەشایری ٦ ڕۆژی خایاند بە وردی باسی ڕۆڵی کاریگەری دەوڵەتی شووڕەوی و خزمەتی ئەو وڵاتە بە ئازادی کوردستان کرا و دەنووسێ:

ئەو حورمەت و خزمەتەی کە دەوڵەتی سۆڤیەت وە هۆردووی قارەمانی ئەو بە ئێمە کردووە هیچ کاتێک لەبیر ناچێتەوە. ئێمە زۆر لەمێژ بوو لەژێر باری زوڵمدا دەژیاین، لەژێر پێی ژاندارم و ئەفسەرەکاندا پلیشاینەوە. بەڵام ئێستا ئێمە لەو زوڵمە نەجاتمان بووە وە ئەمەش ئەنجامی چاکەی دەوڵەتی سۆڤیەتە. سۆڤیەت نەتەوەی ئێمەی لە نابووتبوون ڕزگار کردووە، خوێنی ئێمەی کڕیوەتەوە. پیاو بەقسە ناتوانێ ئەمەی بڵێت وە ئەبێ بە چاوی خۆی بیبینێ. مرۆڤانی سۆڤیەت لەو حەکیمانە دەچن کە لە هەموو کەس باشتر لە دەرد و ئازاری ئێمە ئەگەن. ئێمە ناتوانین چاوەڕێی شەڕی سێیەمی جیهانی بین. لەکاتی شەڕی یەکەمی جهانیدا گەلی کوردیان فریو دا وە ئێستا لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانیشدا نامانەوێ هەڵخەڵتێین. ئێمە تەواوی هێزی خۆمان وەکار دەخەین بۆ ئەمەی کە ڕزگار بین. لە پلەی یەکەمدا لە زوڵم و دیلی دەوڵەتی ئێران. گەلی کوردیش وەک گەلانی تر مافی داواکردنی ڕزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە، بەڵام ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی و ئابووری وە هەروەها شارستانەتیی وڵاتمان تەنیا لە خۆبوردن و خۆبەختکردنی هەموو لایەک پێویستە. ئەبێ لە ڕیزەی دەوڵەتە مەزنەکانی جیهان پشتوانێک وەدەست بهێنن. لەنێو دەوڵەتە مەزنەکانی جیهاندا بەتەنیا دەوڵەتێک هەیە کە دەتوانێت لەم مەسەلەیەدا یارمەتیمان پێ بکات وە ئێمەش پشتی پێ ببەستین. ئەم دەوڵەتە یەکەتی سۆڤیەتە. ئێمە لەسەر داواکردنی مافی نەتەوایەتیی خۆمان بە تەنیا بە یەکیەتیی سۆڤیەت بڕوا ئەکەین. چونکە دەبینین کە دەوڵەت و شارستانەتیی خۆمان هەیە. ئێمە دەبێ بڕوامان بەمە هەبێت، کە جیا لە دەوڵەتی سۆڤیەت هیچ دەوڵەتێکی تر لاگریمان لێ ناکات، چونکە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ڕیزە دەوڵەتێک وادەی لاگری لێکردنیان پێ داین، بەڵام لەسەر وادەی خۆیان ڕانەوەستان.

بێشک گشت ئەو هەڵسوکەوتانە بوونە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی زلهێزی ڕووس مەجبوور نەبێ زۆر خۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له کاروباری بەڕێوەبەری ئەو ناوچەیە هەڵقوتێنێ و ڕاستەوخۆ بیخاتە ژێر چاوەدیری خۆی. ئەو کۆبوونەوە ئاکامی باشی هەبووو زۆربەی سەرۆکی عەشایر بە دوای گەڕانەوەیان بۆ مەڵبەندەکانی خۆیان، خەڵکیان بۆ مەبەستەکانی ئەو کۆبوونەوە هان دا. تەنانەت سەرۆک عەشیرەتی ئەوتۆ هەبوو کە پەیوەندی بە ڕووسیاوە گرت تا بچتە ژێر فەرمانی هێزەکانی ڕووس. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٩٧ی بزوتنەوەی نەتەوایەتی... بە بەڵگە هێنانەوە لە ئارشیوی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان ئاماژە بە سەرتیپی شکاک دەکا کە هەوڵی زۆری داوە تا بە هێزی گەورەی ١٥ هەزار کەسی لە عەشایری شکاک و هەرکی و میلانی و جەلالی و بەردەسووری و زیلانی و زەرزا بە چەک و قۆرخانەی خۆی بچتە شەڕی ئاڵمان لە بەرەکانی ڕووسیە.

دیارە هەر لە چوارچێوەی یەکگرتوویی عەشایر دا شتی گوماناوی ئەوتۆش باس کراون کە زۆر وەڕاستی ناچن. بە پێی لاپەڕەی ٩٨ی ئەو سەرچاوەیە لە ساڵی ١٩٤٢دا چەند ڕۆژ پاش کۆبوونەوەی عەشایر دوو جاسووسی ئاڵمانی بە ناوەکانی موولێر ماکس و ئینیکلس بە لیباسی کوردی بە ڕێگای کرماشان، سەنە و سەقزدا هاتوون لە ئاوایی خەتایی نیزیک میاندواو، لە ماڵە کەریم ئاغا، مالیکی ئاوایی لایان داوە و داوایان لێکردوە کە لەبری ٢٠،٠٠٠ تمەن بیانگەیەنێتە سنووری تورکیە. کەریم ئاغا بەڵێنیان پێدەدا و بۆخۆی و بە دوو پیاوان لەگەڵیان دەکەوێ و دەیانهێنێتە مەهاباد و لەوی دەچێتە محکەمەی قازی و تەسلیمی پێشەوایان دەکا. کەریم ئاغا سپاسی کرا و ئەو دوو سیخورە تەسلیم بە ئەفسەرانی ڕووس لە تەورێز کران.

لەو قۆناغە دا هەڵسوکەوتی پێشەوا کاریگەری زۆر لە سەر کۆمەڵگای عەشایری ئەوکاتی کوردستان دانا و لە ساڵی ١٩٤١ تا ساڵی ١٩٤٦ کیشەیەکی ئەوتۆ لە نێو عەشیرەت دا ڕووی نەدا. قازی حورمەتێکی تایبەتی پەیدا کرد بوو وەک ڕێبەرێکی مەعنەوی ڕێزی لێدەگیرا. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٠٠ ی کتێبەکەی دا ئاماژە بە بابەتێک دەکا کە لە ساڵی ١٩٤٣ دا لە ڕۆژنامەی" کەیوان" کە بە زبانی فارسی و بە هۆی شوێنیستێکی فارسەوە بە ناوی ڕەبیعی ئەنساری لە ورمی دەردەچوو، دەکا و دەنووسێ:

زۆر سەیرە عەشیرەتەکانی کوردستان ئەوا ٣ ساڵە چەک و قۆرخانەیان وەچەنگ کەوتووە کەچی پێکەوە بەشەڕ نایەن. ئەمەش تەنیا لە ئەنجامی تێکۆشین و تێگەیاندنی قازی محەمەدە کە گەلی کورد بە گەورەی خۆیان داناوە.

هەر لەو پێیەدا ڕەحیمی قازی بە نەقڵ لە گۆواری"ئازەربایجان" باسی ڕووداوەکانی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی لە کوردستان دەکا و وەبیر دێنێتەوە کە قازی محەممەد چی کارگەلێکی گەورەی بەڕێوە بردوە و دەنووسێ:

لە پاش بەسەرهاتەکانی هاوینی ساڵی ١٩٤١ کوردەکان لە ڕێگەی یەکیەتی عەشیرەتەکان و وەدەستهێنانی ڕزگاریدا هەنگاوی زۆر گەورەیان هەڵێناوە. تیکۆشەرانی کورد توانییان ناکۆکی ناتەبایی نیو عەشیرەتەکان وەلابەرن، پێشی شەڕ و خوێنرێژیی نیوانی ئەم عەشیرەتانە بگرن، یەکێتی بیر و ئامانج و باوەڕ پێک بێنن وە بەمجورە بە تەواوی جیهان ڕابگەیەنن کە ئاڵاهەڵگری ئازادی و دیموکراسییەتن لە تەواوی ئیران دا.

بوونی وەزعییەتێکی سیاسی ئەوتۆ لە مەهاباد کە خەڵک حاکم بەسەر دەستەڵاتی خۆیان دابوون و نفرەت و بێزاری خەڵک لە گەڕانەوەی هێزکانی لەشکرێ ئێران، بوو بە هۆی ئەوە کە ڕێژیم نەتوانی هێزەکانی بنێرێتەوە مەهاباد کە لە دابەشکردنی نیوان و ئینگلیس و ڕووس دا کەسی لێ بەرپرس نەکرا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو. ئەوەی دەگوترێ بۆشایی دەسەڵات لە موکوریان دا هەبوو ڕاست نییە و خەڵک حاکمی چارەنووسی خۆیان بوون و ئەوە بۆشایی دەستەڵاتی نگریسی ڕێژیمی ئێران بوو کە جێ پێی لەو بەشە لە کوردستان دا نەمابوو. هەر لە ساڵی ١٩٤١دا هەموو کاروباری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بە هۆی خەڵک و لە ژێر ڕێبەرایەتی قازی محەمەد بەڕێوە دەچوو و ئەو ناوچەیە ڕواڵەتی بەڕێوەبەرایەتی خودموختاری بە خۆوە گرت بوو.

رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٠١ ی کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە ئارشیوی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان، سیاسیی ژمارە ٤١ دا ئاماژە بە وتووێژی هەواڵدەرییەکی ڕووس دەگەڵ قازی محەممەد دەکا و دەنووسێ:

قازی حورمەت و بەرێزییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە لە نێو کوردان دا. ناوبراو نەک هەر پیشەوای دینی بەڵکوو لە هەمان کاتدا سەرۆکی سیاسی کوردانە. قازی تێکۆشەرێکی زۆر گەورەیە و سەروسامان و هێمنایەتی کوردستان ئەنجامی تێکۆشینی وییە. هەموو ڕۆژێ جومعە قازی لە مزگەوت وتار دەدات بۆ خەڵک و شارەزایان دەکات لە چلۆنایەتی نێو نەتەوەکان و ئەرکەکانی سەرشانی بزوتنەوەی ڕەزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردیان بۆ ڕووناک ئەکاتەوە.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٦٨ دا لەسەر بۆشایی دەستەڵات لە موکوریان دا دەنووسێ:

... قازی محەمەد و چەند کەس لە دۆستە سەرۆک عەشیرەتە بە قودرەتەکانی وەکوو عەبدوڵای بایەزیدی سەرۆکی عێلی مەنگوڕ و حاجی قەرەنی ئاغای ئەمیر عەشایری سەرۆکی مامەشەکان، بەرگریان لە تاڵان کرانی وڵات(ناو شار و دێهاتە نیزیکەکانی) دەکرد.

قازی محەممەد لەو قۆناغەدا هەوڵی زۆری دا تا ئەو عەشایرە ئاشت بکاتەوە. ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٧٨ ڕەحیمی قازی دا دەنووسێ:

بە تەنیا لە ئەنجامی شەخسییەت و حورمەتی و خۆشەویستی قازی محەمەد دا بوو کە پەشێوی و ناکۆکی لە مەهاباد وەبەرچاو نەکەوت.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٧٩ دا لەسەر هەڵسووکەوتی قازی باسی دەستنووسێک دەکا و دەنووسێ:

قازی تێئەکۆشێ ناکۆکی و ناتەبایی بێ بنچینە و بێجێ کە لە ڕابردوودا دوژمنان لە نێوان عەشیرەتەکانی کوردستاندا پێکیان هێنابوو لابەرێت و بیانکاتە دۆست و پشت و پەنای یەکتری. زۆر کاتی وا هەڵدەکەوێت، کە قازی مێوانی و زیافەتی گەورەی بۆ عەشیرەتەکان لە ماڵە خۆی پێک دەهێنا وە بۆ برایەتی بانگ دەکردن.

بەگشتی کێشک و پارێزگاری لە شار و پێکهێنانی یەکیتی و تەبایی لە نێو خەڵک و سەرۆک هۆزەکان دا، ئەرکێکی نیشتمانی و سەرەتای ئەزموونێک بۆ گەیشتن خەڵکی کورد بە مافی نەتەوایەتی و وەدەستهێنانی ئامانجی نیشتمانی گەورە بوو. قازی محەمەد بە تەبایی و برایەتی ئەو مەبەستانە پێکهێنا و عەشایری هان دا لە بەڕێوەبەری ناوچەدا بەشدار بن.

جێی ئاماژەیە کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆبوونەوانە بگوترێ کە دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١٣٨ دا دەنووسی کە لە ساڵی ١٣٢٢ و ١٣٢٣ چەند جار عەشایر لە ماکۆ ڕا تا کرماشان لە مەهاباد کۆ کرانەوە. لە حاڵێک دا ئەو شارە توانایی ئەو میواندارییە گەورانەی نەبوو و بەخێو کردنی ئەو هەموو سوارەیە بۆ خەڵک سەخت بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چاوپێکەوتنی شا و پێشەوا و سەرۆکی عەشایر


چاوپێکەوتنی قازی محەممەد و شای ئێران

هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی یەکریزی و تەبایی لە نیو عەشایر دا، بوو بە هۆی زیاتری نیگەرانی کاربەدستانی ڕێژیم و ئەوان بە خێرا بۆ لەبار بردنی ئەو وەزعە دەست بە کار بوون. ژێنڕاڵ جەهانبانی وەزیری شەڕ و ژێنڕاڵ ئاغئیولی وەزیری کاروباری ناوخۆ، بە جیا سەردانی ئازەربایجان و کوردستانیان کرد. جەهانبانی لە شاری سەلماس چاوی بە سەرۆک عەشایری شکاک و هەرکی و میلانی و جەلالی و زیلانی کەوت و بە نوێنەرایەتی شا، ڕێزی لێگرتن و دیاری پێشکێش کردن. دوو قتوو ژێر سیغاری زێری پێشکێشی عومەرخانی شکاک کرد و هەموو ئەو سەرۆک عەشیرەتانە بۆ تاران بانگهێشتن کرد تا چاویان بە شا بکەوێ. هاوکات لە ناوچەی موکوریانیش، عەلیاغای دێبۆکری و قەرەنیاغای مامەش و عەوڵای بایز ئاغا مەنگوڕ و بایز عەزیزئاغای گەورک، بۆ چاوپیکەوتنی شا، بۆ تاران دەعوەت کران.

ئەو سەروک عەشیرانە چوونکە پێشتر لە کۆبوونەوەی دووهەمی عەشایری دا، بەڵێنیان دابوو کە سەربەخۆ کار نەکەن، نەیانوێرا بچنە تاران. بۆیە بە هۆی حاکمی تەورێز بە دەوڵەتیان ڕاگەیاند کە قازی محەممەدیش لە گەڵ ئەوان بۆ تاران دەعوەت بکرێ.

عەبدولڕەحمانی زەبیحی مودیری بەشی ڕاگەیاندن و بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف بە ڕێکەوتی ١٣٢٣/٧/١١- ١٩٤٤/١٠/٣ لەسەر ئەو سەفەرە لە نامەیەک دا بۆ حەسەنۆف کۆنسۆلی سۆڤیەت لە تەورێز دەنووسێ:

بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە مهابادەوە، سەرۆک عەشیرەتەکانی وەک "قەرەنی ئاغای مامەش، عەوڵاغای مەنگوڕ، بایزئاغای گەورک و قازی محەمەد" دەچنە ورمێ و لەوێوە دەچنە تاران.

سەعید خان هومایون لە لاپەڕەی ١٠٥ی "پیشوای بیداری" دا دەنووسێ کە لە مانگی ڕەزبەری ١٣٢٣ بەرانبەری ١٦ ئۆکتوبری ١٩٤٤دا قازی محەممەد لە گەڵ قەرنیاغای مامەش و عەوڵای بایزاغا و عەیزئاغای گەورک و عەلیاغای ئەمیر ئەسعەدی دێبۆکری، سەدری قازی نوێنەری شاری مەهاباد لە مەجلیسی شوڕای میللی ئێران و حەمەحوسێن خانی قازی، بۆ قسە و وتوویژ سەردانی تارانیان کرد.

ئەو هەیئەتە لە دەرباری شای پێشوازی گەرمیان لێکرا و لهە چاوپێکەوتنە دا، عەلیاغای دێبۆکری و عومەرخانی شکاک زیادە لە حەد خۆش خزمەتی و لامە لامەیان بۆ شا کرد، بۆیە لەلایەن شا خەڵات کران. قازی لە ئاکار و کردەوەی ئەوان توڕە بوو و بە نامە هێندێک لە نیشتیمانپەروەرانی مەهابادی لە هەڵسوکەوتی ئەوان ئاگادار کردەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١١٣ دا دەنووسێ کە لەو چاوپێکەوتنەدا بڕیار درا کە پاراستنی شار، بە هۆی دەستەیەک لە سوارەکانی کەریم ئاغای بایزیدی قوم قەڵا و مەحەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و لە ژێر چاوەدێری ئیدارەی ژاندارمەری میاندواو بەڕێوە بچێ. بەڵام سەرەرای ئەو ئاڵوگۆڕانە، ڕاستەوخۆ پاراستنی شار هەر بە دەست پێشەوا قازی مەحەمەد بوو و ئەو لە هاوفکری قەرەنیاغای مامەش کەڵکی وەردەگرت.

بە پێی بەڵگەی ڕێکەوتی١٣٢٣/٧/٢٦ کتێبی "اسرار محکمه قازی محمد و یارانش" بەشێک لە خەڵکی ناسراوی مەهاباد لە نامەیەک دا کە ڕوونووسەکەی بۆ سەرۆکی وەزیران و مەجلیسی شووڕای میللی و سەدری قازی و وەزارەتی شەڕ و کشوەر و وەزیری مشاویر و ڕۆژنامەکان ناردراوە، پشتگری و پشتیوانی خویان لەو کەسایەتی و عەشایرانە کە بریتین لە قازی محەممەد و عەزیزئاغای ئەمیر عەشایری ڕەئیسی عەشیرەتی مامەش و عەبدوڵاخان و عەلیخان و باپیرئاغا سەرۆکی عەشایری مەنگوڕ و بایزئاغا ڕەئیسی گەورکان دەربڕیوە و باسی ئەو زەحمەتانەیان کردوە کە ئەوانە بە تایبەت قازی محەممەد و قەرەنیاغای مامەش و سەدری قازی بۆ ئەمن و ئاسایشی خەڵکی مەهاباد کێشاوییانە و داوا کراوە کە ئەوانە بە نوێنەری خەڵک بە حیساب بێن و داواکانیان وەبەرچاو بگیرێ. ١- عەوڵا مودەرەسی مامۆستای مزگەوتی ڕۆستەم بەگ ٢- حوسێنی مەجدی مامۆستای مزگەوت ٣- سەدیق سەدیقی مامۆستای مزگەوتی هەباس ئاغا ٤- عەبدولقادر ٥- محەممەد لاهیجانی مامۆستای مزگەوتی قازی ٦- عەلی ڕەحمانی٧- حەمید حەمیدی ٨- ئەحمەدی ئیلاهی ٩- مستەفا سوڵتانیان ١٠- مستەفا داودی ١١- محەممەد ڕەسووڵ سۆفی زادە ١٢- مستەفای جەفایی ١٣- حوسێنی فروهەر ١٤- موتەلی ئەڵا ١٥- ئەحمەدی وەلیزادە ١٦- فەیزوڵا شەفیع زادە ١٧- عەزیزی سەدیق ١٨- ئەحمەد ڕەسووڵی ١٩- لەتیف خوسرەوی ٢٠- محەممەد ڕەسووڵ کورد ٢١- محەممەد ئەمینی شەریفی ٢٢- محەممەد ئەمین موعینی. لەگەڵ ٦٥ کەسی دیکە کە واژۆیان کردوە. محەممەد مودەریس.

دوای تەواو بوونی ئەو چاوپێکەوتنە، هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان کە لە تاران لەگەڵ ڕێژیم کەین و بەینیان کرد بوو نەیانوێرا، یەکجێ بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و ماوەیەک لە تەورێز مانەوە. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی١١٢ی کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە ئارشیوی حیزبی کمونیست سیایی ژمارە ٢٢ لاپەڕەی ٦ دا دەنووسێ:

خەبەری نیشتمان فرۆشیی ڕێزە سەرۆک عەشیرەتێک خەڵکی کوردستانی زۆر تووڕە کردووە. ئەم نیشتمان فرۆشانە لە پاش گەڕانەوە لە تاران ماوەیەکی زۆر لە تەورێز مانەوە. چونکە دەترسان بگەڕینەوە نێو عەشیرەتەکانی خۆیان. هێزە نیشتمانپەروەرەکانی ئەم عەشیرەتانە هەڕشەیان لەوان کردووە کە وەک خاین نابوتیان دەکەن.

بەر لە گەڕانەوەی ئەو دەستەیە لە تاران ڕا بۆ مەهاباد، هەڵسوکەوتی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بوو. لەسەر ڕێگای مەهاباد میاندواو پێشوازی گەورە لە قازی محەممەد کرا و ئەو لە وتارێک دا ڕەخنەی لە ئاکاری سەرۆک عەشیرەتەکان دیکە گرت.

ئەوجار هەر لەکاتی مانەوەی سەروک عەشیرەتەکان لە تەورێز، دەوڵەت بە هاوفکری ئەوان پلانی گەمارۆی ئابووری بەسەر کۆردستان دا داڕشت. تا ئەوکات حاسڵاتی کوردستان کە زۆرتر توتن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەوەندەر بوو، بە هۆی دەوڵەت دەکڕدرا. بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیم بڕیاریان دا کە یان ئەو حاسڵاتە نەکڕن، یان پووڵەکەی نەدن و تا ساڵی ١٩٤٤ بایی ١٠ میلیون تەمەن توتن لە عەمبارەکانی مەهاباد دا، مابووە. دیارە هەر ساڵ ٢٠ هەزار تۆن چەوەندەر تەسلیم بە کارخانەی قەندی میاندوا دەکرا، کە دەوڵەت پووڵەکەی ئەویشی نەدا. بەمشێوەیە لە پیداویستی ژیان و گوزەرانی خەڵک، وەک زەختی سیاسی کەڵک وەرگیرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٩

## هێرشی عەشایری کورد بۆ سەر ورمێ و گەڕانەوەی ئەرتەش

لە بەشی ژێر حوکمی ڕووسان دا دوو نەتەوەی کورد و ئازەری دەژیان کە لە مێژوو دا بە بەردەوامی دوژمنایەتی یەکتریان کردبوو. تورکەکان بە هۆی حەشیمەتی زۆر و بوونی چەند وڵاتی تورک پشتیوان و پشتگری دائیمی دەوڵەتی ناوەندی، هەمووکات ملۆزم و کۆسپی گەورە بوون بۆ نەمانی نەتەوەی کورد.

بە دوای ڕووخانی ڕەزاشا، دەوڵەتی ڕووس لە ژێر دەستەڵاتی خۆی دا، بە پێچەوانەی ناوچەکانی ژێر فەرمانی ئینگلیس، ڕێگای بە هێزەکانی ئێران نەدا کە بە کەیفی خۆیان وەک ڕابردوو تەراتێنی و دەستەڵاتداری بکەن، ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێو دوو نەتەوەی کورد و تورک دا بنێنەوە و هەوڵ بدەن تا ئارامی ناوچەکە بشێوێنن.

بەڵام بوونی هێزێکی کەمی ئێرانی، وەک چەند پاسگای ژاندارمەری و شارەبانی، بەس بوو بۆ سەرهەڵدانی ئاژاوە و دووبەرەکی و نەمانی ئەمنییەت و سەقامگیری لە ناوچەکە دا. بۆیە دوای تێپەڕبوونی نزیک بە هەشت مانگ بەسەر داگیرکردنی ئێران دا، لە ڕۆژی ١٣٢١/٢/٥(١٩٤٢/٤/٢٥) سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد، دەزگاکانی پۆلیس و ژاندارمەری ورمێیان چەک کرد و هێرشیان بۆ سەر گوندە ئازەرییەکانی بەریی ڕۆژئاوای گولی ورمێ برد و تاڵانیان کردن. لەم بارەیەوە سەرلەشکر ئەحمەد زەنگەنە فەرماندەی لەشکری چواری ورمێ، لە لاپەڕەی ٣٦ی کتێبەکەی دا لەژێر سەردێڕی "دەربارەی هەلومەرجی ڕەزائیە لە ساڵی ١٣٢١"دا دەنوسێت:

لە ڕەزائیەش وەکو هەموو شوێنەکانی تری وڵات ئارامیی و ئاسایشی بیست ساڵە گوڕا بە نائەمنی و شێوان. هەندێ لە سەرانی ئاژاوەگێڕی کوردی دەوری ڕەزائیە وەکوو: عومەر شەریفی شکاک لە ناوچەی سۆما و برادۆست، ڕەشید بەگی جهانگیری لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەشت، زێڕۆ بەگی بەهادوری لە ناوچەی باڵانیش و خواروی ڕەزائیە، تەها هەرکی لە ناوچەی دۆڵی خوارووی باڵانیش، کەوتبوونە ژێر نفوز و هاندانی بێگانە و پروپاگەندەی ئەفسەرانی سۆڤیەت و دەستیان کرد بە بەدڕەفتاریی و شەڕارەت و پەلاماری ئاواییەکانی دەوری شاری ڕەزائیەیاندا و تاڵانیان کردن. چونکە لەناو ڕەزائیەدا هێزی سوپای لێنەبوو، بەبێ هیچ کۆسپێک درێژەیان بە تاڵان و جەردەیی دا. بە جۆرێک سنوری ڕاوڕوتیان فرەوان کردەوە تا گەیشتە سنوری شاری ڕەزائیە و شاریان گەمارۆدا. لەبەر ئەوەی ڕەزائیە لە لایەن سۆڤیەتەوە داگیرکرابوو، کوردەکان بە ئازادی هەموو تاوانێکیان دەکرد. دانیشتوانی دیهات کە کەوتبوونە بەرپەلامار و تاڵان، پەنایان بۆ شار هێنا. مزگەوت و کۆڵانەکان پڕبوون لە ژن و مناڵانی دیهاتیی ئاوارە. خەڵکی شاری ڕەزائیە سەرەڕای ترسیان لە پەیداکردنی دەسەڵاتی کورد، لە مەترسی کەمی ئازوقە و خواردەمەنی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دابوون. کورد بە جۆرێک چاوی قایم ببوو کە شەوانە هێرشیان کردە سەر پاسگای ژاندارمەریی دەروازەی شاپوور و ژاندارمەکانیان کوشت و لەناو شاریشدا کەلانتەریی ٣ ی شەقامی داریوش لە لایەن کوردەکانەوە پەلامار درا.

هەر لەو بارەوە ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٠٩ دا دەنووسێ کە ٧٠٠٠ کەس لە عەشایری هەرکی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شکاک و بەگزادە و بەردەسووری بە فەرماندەری یەکێک لە سەرۆک عەشایری نیشتمانپەروەر، دەوری شاری ورمێیان دا و هەرەشەی تالان کردنیان لێکردن. هەموو هێزەکانی ڕێژیم و خاوەن موڵکە ئازەرییەکان خۆیان لە شار پەستاوت. سوارەی کورد گەمارویان تەنگتر کرد. قازی مەحەمەد بۆ بەرگری لە شەڕ و تالان و بڕۆ، خۆی گەیاندە دەوروبەری ورمی و لەگەڵ سەرۆک عەشایر کۆبووە و قەناعەتی پیهێنان و پێشی بە هەڵایسانی شەڕ گرت. بە پێی لاپەڕەی ١٠٩ی کتێبی ڕەحیمی قازی و بە نەقڵ لە کتێبی لاپەرەی ١٤٣ی کتێبی گریگۆریان کە بە ڕووسی نووسراوە، هێزەکانی کورد لە ١٠ خاڵ دا داوخوازەکانی خۆیان ئاڕاستەی حاکمانی ئێران لە ورمێ کرد. کە بریتین لە:

١- دەبێ دەست لە چەک داماڵینی کوردان هەڵبگرن وە لە دوارۆژیشدا خۆی و بەکارێکی بەمجۆرە نەکرێت.

٢- دەبێ تەواوی پۆستەکانی ژاندارم کە لە گوندەکانی دەوروبەری خۆی و سەڵماس و ورمێ داندراون بە زوویی وەلا ببردرێن.

٣- دەبێ ڕێگە بدرێت کە کوردان بە ئازادی و سەربەستی هاتووچۆی شارەکان بکەن و ئازادی شەخسیەت مسۆگەر بکرێت.

٤- دەبێ تەواوی ئەو چەک و قۆرخانەیەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە خاوەن موڵکە ئازەربایجانییەکان دراوە وەخڕ بکرێت.

٥- دەبێ وەک گەلانی‌تر بە کوردانیش مافی ئەمە بدرێت کە لە کاروباری دەوڵەتیدا بەشداری بکەن.

٦- دەبێ پێکهێنانی هێمنایەتی و ئاسایش لەسەر ئەم ڕێگەیانەی کە بە کوردستاندا ڕادەبرن بە کوردان بسپێردرێتەوە.

٧- ئەم خاک و زەویانەی کە لە ڕێگەی زۆرداریییەوە لە کوردان ئەستێندراوە وە دراون بە خاوەن موڵکانی دەرەوەیی دەبێ بدرێتەوە بە کوردان.

٨ - دەبێ لە هەموو جێگەیەک کە کوردی لێ دەژی قوتابخانە ئاواڵە بکرێتەوە و لەوێدا خوێندن بە کوردی بێت.

٩- دەبێ تەواوی ئەو کوردانەی کە گیراون ڕزگار بکرێن.

١٠- دەبێ لەبارەی کوردان زوڵمی نەتەوایەتی بەڕیوە نەبرێت.

لە ئاخری ئەو ڕێکەوتنە دا ڕاگەیەندرا کە ئەگەر ئەو بەندانە پەسەند نەکرێن هەموو سەرباز و ژاندارمەکانی ناوچە دەستبەسەر دەکرین. دیارە ڕەحیمی قازی ئەو جوڵانەوەیە بە یەکەم جوڵانەوە دەزانێ کە سروشتی دێموکراتێکی هەبووە.

جێی ئاماژەیە کە عەبدوڵای موجتەهیدی نووسەری "بحران آذربایجان" لە لاپەڕەی ٢٤٠ دا درۆزنانە دەنووسێ کە سەد لە سەدی خەڵکی شارەکانی خۆی و ورمێ و دیلمان تورکن بەڵام دەڵێ لە چەن کیلۆمیتری ئەو شارانەدا، هێندێک گوندی چووکی کورد هەیە کە لەگەڵ دێهاتی تورکان بەراوەرد ناکرێ.

پاش کۆبونەوەی یەکەمی عەشایر کە چەشنێک یەکگرتوویی و یەکێتی لەناو کوردان دا پێکهاتبوو، دەوڵەتی ئێران توانی بە ئیزنی ڕووسان، هێزێکی تازە بە تانک و تۆپ تەیار کراو، ڕەوانەی کوردستان و ئازەربایجان بکاتەوە. بەڵام ئەو هێزەش دەستەڵاتی نەبوو. زەنگەنە لەوبارەوە دەنووسێ: حکومەتی ئێران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕەوتی ئەو ئاژاوەیەدا کە سەرهەنگ هاشمی لە ورمێ پێکیهێنا، توانی لەگەڵ ڕێبەرانی مۆسکۆ ڕێک بکەوێت و ڕۆژی ١٣٢١/٢/٢٦- ١٩٤٢/٥/١٦ یەکەیەک لە لەشکری یەکی ناوەند بە فەرماندەیی سەرهەنگی تۆپخانە "میهن جو" لە ورمێ جێگیر بکاتەوە.

زەنگەنە لە لاپەرەی ٣٧ی کتیبەکەی دا دەنووسێ:

چوونکە پادگان لە ئیختیاری ڕووس دابوو ئەو هێزە لە شوێنی دیکە جێگیر بوو. بەجێگیر بوونی ئەو هێزە دەستەڵاتی ڕێژیم بە هێز نەبوو ئەوانە هیچ دەستەڵاتێکیان نەبوو ڕووسەکان ڕێگای جموجوڵیان پێنەدەدان.

محەممەد شاپەسەند لە لاپەرەی ٤٣ دا لە سەر ئەو ڕووداوانە دەنووسێ کە لە ساڵی ١٣٤١دا لەشکری کورد دەیهەویست ورمێ لە هێزی ئێران پاک بکاتەوە، بەڵام شووڕەوی نەیهێشت و ڕێگای بە هێزی ئێران دا تا لەشکرەکەیان لە ورمێ بە هێز بکەن.

ئەوجار ئەرتەشی ئیران هەوڵی دا تا بە ناوی ئەستاندنەوەی چەک، پەیوەندی بە عەشایرەوە بگرێ. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٠٨ ی کتیبەکەی دا دەنووسێ جارێک سەرهەنگ مەهینی دەچێتە ناو عەشایری دەوروبەری ورمێ و کۆیان دەکاتەوە و پێیاندەڵێ کە تەنیا دوو ڕێگەیان لەبەرە، یان لە حکومەتی ئێران نیزیک ببنەوە و چەک وەرگرن و بە دژی ڕووسەکان دەست بەکار بن، یان ئەوە بە نیزیک بوونەوە لە هێزەکانی ڕووس خۆیان ماڵوێران بکەن.

رەحیمی قازی لە درێژە دا دەنووسێ: دەوڵەتی تاران لە ورمێ چەک و قۆرخانەیەکی زۆری بە نێو خاوەن موڵکە گەورەکانی ئازەربایجان دا بڵاو کرد بووە و بە دژی کوردان هانی دەدان.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە و لە زبانی ڕۆژنامەی کەیوان کە بە فارسی لە ورمێ دەردەچوو و بە نووسینی بابەتی چەواشەکار و درۆزنانە هەوڵی پێکهێنانی ناکۆکی نێوان کورد و ئازەری دەدا، لە ژمارەی یەکەمی خۆی دا نووسی کە مەبەستی کوردان تالان کردنی شاری ورمێیە و بە زمانی کوردانە ئەو دروشمەی نووسی بوو: " ئەگەر مەردی کوڕی کوردی، لە ئاساری عەجەم هەڵدە".

بەمشێوەیە ڕێژیم خەڵک و دەرەبەگەکانی دەوروبەری شاری ورمێ بە دژی کوردان هان دا. ئاکامی ئەو سیاسەتە و هەڵسوکەوتی هێندێک لە مالیکە گەورەکانی ئازەری بوو بە هۆی دژکردەوەی توندی عەشایری کوردی ناوچە.

ئەگەرچی ئاکار و کردەوەی عەشایر لە هێندێک بواردا لەگەڵ یەک جیاواز بوو بەڵام ئیگلتۆن لە لاپەرەی ٤٠ ی کتێبەکەی دا هەڵسوکەوتی ئەوکاتی گشت عەشایر ئاوا هەڵدەسەنگێنێ:

ئەوکات بیروباوەڕی کوردەکان لەبابەت ئازادییەوە ئەوە بوو کە بەسەر تەواوی ناوچە و کوێستانەکانی ڕۆژئاوای ورمێ دا زاڵ بن، دیهات تالان بکەن و سەر ڕێگاکان بگرن و لە ڕێبواران پولێک بە نێوی مافی ڕابردن بستێنن. لەوکاتە گرینگە دا هۆزەکانی هەرکی و شکاک حەتتا بە قسەی گەورەکانی خۆشیان نەدەکرد.

تەفرشیان لە کتێبەکەی دا ئەو قسانە بە جورێکی دیکە پشت ڕاست دەکاتەوە و دەنووسێ کە زێڕۆ لە ئاوایی " باڵانۆچ" لە سەر ڕێی ورمێ مەهاباد باجی وەردەگرت. ئەو جارێک پەلاماری شاری ورمێی دا و گوایا سەرهنگێکی بە فێڵ گرت بوو و کوشتبووی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به گشتی کێشە و هاڵۆزی شاری ورمێ بوو بە هۆی نیگەرانی کاربەدەستانی ڕووس و ئەوان لەوە نیگەران بوون کە ئینگلیس دەست بخاتە نێو ئەو هاڵۆزییانە. بە گوێرەی ئاڕشیوی وەزاڕەتی دەرەوە کە ئەفراسیابی هەورامی وەریگێڕاوەتەوە، مۆلۆتۆف لە نامەیەک دا بە ژمارە ١٤٢ م – ٣١ ی ئاگۆستی ١٩٤٢ بۆ باڵیۆزی سۆڤیەت لە ئێران و فەرماندەی لەشکری ٤٧ ی سۆڤیەت دوای باس کردن لە هەڵس و کەوتی دەرەبگەکانی کورد ڕایگەیاند: ... نابێ کار و کردەوەی سەرۆکە کوردەکان کە ئێستا لەگەڵ نوێنەرانی ئێمە خەریکی خۆشوبێشن، جێی بڕوابن، چونکە ئەوان کاتێک لە خەباتی خۆیان کەڵک وەردەگرن کە پاڵ بە هێزەکانی سۆڤیەتەوە بدەن. ئەو کارە لەوانەیە کاربەدەستانمان توشی هەڵە بکات کە لە ڕووی بێ ئەزمونیی و خۆشباوەڕییەوە، لایان وا بێت کە هەموویان، یان بەشێکی زۆر لە سەرۆکە کوردەکان، بە ڕاستیی لایەنگری سۆڤیەتن. ئەو بڕوایە ئەگەر نەگۆڕدرێ، یان بە دروستیی وەرنەگیرێت، ڕەنگە بە کردەوە ئەنجامێکی زۆر زیانبەخشی بۆ ئێمە هەبێت. کوشتن و بریندارکردنی سەربازانی سوپای سۆڤیەت لە لایەن کوردەکانەوە، درێژەدان بە تالانیی، بەپێچەوانەی بڕیاری فەرماندەکانی ئێمە سەبارەت بە ئاودیو کردنی مەڕ و مالات بۆ تورکیا و تد.. لە لایەن کوردەکانەوە، دەبێ چاوی کارگێڕانمان لە ئاست کورد و ڕێبەرانیان بکاتەوە.

بۆ بەرگرییکردن لە بەهەڵەداچوونی نوێنەرانمان، دەبێ بەردەوام لە هێڵی ناوەڕاستی خۆشوبێش کردن لەگەڵ کوردان دور بن و لە پێناوی پتەو کردن و پەرە پێدانی پێوەندییەکانمان لەگەڵ دانیشتووانی خۆجێیی بە پلەی یەکەم، بە لای ئازەرییەکاندا هەنگاو بنرێت. هەر وەک ئاشکرایە، ئازەربایجانییەکان بەشی زۆری ئازەربایجان پێکدەهێنن و لە ڕووی ئەتنۆگرافیی و مێژووییەوە، پێوەندییەکی زۆر نزیکیان لەگەڵ ئازەربایجانی سۆڤیەت هەیە و هەمیشە بەشی زۆری هێزی بزوتنەوەی دیموکراتیی لە ئێران پێکدەهێنن.

نابێ کاربەدەستانمان لە ئازەربایجانی ئێران بڕوا بە سەرۆکە کۆنەپەرست و خۆفرۆشەکانی کورد بکەن، بەڵکوو دەبێ حیساب بۆ پێشکەوتنخوازیی لە ناو دانیشتووانی ئازەربایجاندا بکەن. ئەمە بەو واتایە نیە کە ئێمە لە تەواوی پێوەندییەکانمان لەگەڵ کورددا و کەڵکوەرگرتن لەو پێوەندییانە بۆ بەرژەوەندی خۆمان، چاوبپۆشین، بەڵکوو لە کارە سیاسییەکانمان لە باکوری ئێراندا، دەبێ لەسەر ئازەربایجانییەکان حیساب بکەین، بەتایبەت لە ناو ئەواندا دەتوانرێ کەسانی باوەڕ پێکراو و لایەنگری ئێمە لە جیاتی کوردان بدۆزینەوە. لە پێناوی ئەو مەبەستەدا، دەبێ بەردەوام لە پشتیوانیی کردنی کورد دا دورەپەرێزیی بکرێ و هیچ چەشنە کۆسپێک لە ئاست دەسەڵاتدارانی ئێران سەبارت بە ڕاگرتنی هێمنایەتی، پێک نەهێنرێ و بە پێچەوانەوە، دەبێ لە ئازەربایجاندا بۆ لەناو بردنی دزیی و تالانیی لە لایەن کوردەکانەوە، هاوکاریی دەسەڵاتدارانی ئێران بکرێت، تا ناوچەیەکی هێمن و دوور لە دەستدرێژیی و پەلاماردانی کوردەکان بۆ دانیشتووانی خۆجێیی پێک بهێنرێت. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە پشتیوانیی کردن و یارمەتیدانی کورد لە پێناوی هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ بەدیهێنانی خودموختاریی و دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد، دروست نیە، چونکە لە هەلومەرجی ئێستای ئێران دا، ئەوە داوایەکی بێ بناخە و دواکەوتووانەیە. بە کورتیی پێویستە لە ئازەربایجاندا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە کاروباری نوێنەرانمان، ئەویش لە ڕێی پەرەپێدانی پێگەکانمان لەناو دانیشتووانی ئازەربایجان، بکرێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێویستە زۆربەی کاربەدەستانی باڵیۆزخانە و کۆنسۆلخانەکان و فەرمانبەرانی سوپا، هەروەها فەرماندەکانی سوپامان لە ئێران، لە ناوەڕۆکی ئەم نامەیە ئاگادار بکرێن. دوای تێگەیشتن، دەبێت نامەکە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی بنێرنەوە.

وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت

و. م. مۆلۆتۆڤ

## هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد

دەوڵەتی ئێران هەمووکات بە تایبەتی بە دوای گرتنەوەی سەقز و بانە، هەوڵی دا تا بە هەر شێوەیەک بێ، وەک مەڵبەندی ژێردەستەڵاتی ئینگلیس، دەستەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەی ژێر حوکمی ڕووسان دا، بسەپێنێتەوە. ئەو ڕێژیمە بۆ ئەو مەبەستە بە چەند شێوە هەوڵی دا. یەکەم بە ڕێگای هێمنی و تکا و تکاکاری و بە دانی ئیمتیاز بە ڕووسان. دووهەم هەوڵی دا لە زەختی نێونەتەوەیی، بەتایبەت لە توانایی بەرەی هاوپیمانی ئینگلیس و ئەمریکا لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی جیهانی کەڵک وەرگرێ. سێهەم سازکردنی دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە و کەڵک وەرگرتن لە هۆز و عەشایری خۆجێی. چوارم هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئەو ناوچانە.

هێزەکانی ئێران لە ژێر دەستەڵاتی ئینگلیس دا هەموو توانایەکیان هەبوو و ئەفسەرانی دژی گەلی و قاتڵی عەشیرەتەکانی هەورامان و مەریوان لە سەردەمی ڕەزاشادا، بە هێز و توانای زۆر، تەیارکرانەوە و لە کوردستان جێگیربوونەوە و لە لایەن هێزەکانی ئینگلیس هاوکاری نیزامی دەکران. کاربەدەستانی ئێران خوازیاری ئەوە بوون کە ڕووسەکانیش وەک ئینگلیس، ڕێگا بە هێزەکانی ئێرانی بدا کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و ئازەربایجان بەڵام ڕووسەکان ملیان بەو کارە نەدا.

سەرلەشکر ئەحمەد زەنگەنە لە لاپەڕەی ٦٠ ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە وەزارەتی شەڕی دەوڵەتی ئێران لە ڕیکەوتی ١٣٢٣/٢/٢١ لە نامەی ژمارە ٣٥٤٩/١١٨٧ دا داوای لە شووڕەوی کرد کە لە مەهاباد پادگان دامەزرێنێتەوە بەڵام دەوڵەتی شووروەوی ڕێگای نەدا.

ئەوجار بە مەبەستی گەڕانەوەی هێزی ئێران، لە ژێر فەرماندەری سەرگورد خاکسار، هێزێکی ئێرانی ئامادە کرا تا بە ڕێگای سەقز - بۆکان دا بێ لە مەهاباد جێگیر بێتەوە. بەڵام بە پێی لاپەڕەی ١٢٧ی کتێبی خەلیل فەتاحی قازی، ڕووسەکان لە ئاوایی "قەرەمووسالیان" پێشیان پێگرت و گێڕاندیانەوە.

کاربەدەستانی دەوڵەت لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئەو مەبەستە سڵ نەبوونەوە و تیکۆشان تا بە ڕێگای دیکەدا بەو ئامانجە بگەن. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٠٦ی کتێبەکەی دا دەنووسێ:

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٢ دا سەرۆکی هۆردووی ئێران لە کوردستان جەنەڕاڵ هۆشمەندی ئەفشار بەخۆی و چوار ئەفسەرەوە لە ڕێگەی سەقزەوە دێتە مەهاباد کە سەرۆک عەشیرەتەکانی گەورک و مەنگوڕ و مامەش و دیبوکری ببینێت وە بە هۆی ئەمانەوە زرووف و هەلێکی باش پێک بهێنێت بۆ ناردنی هۆردووی ئێران بۆ مەهاباد. ناوبراو لە مەهاباد لە ماڵی میرزا ڕەحمەتی شافعی کە یەکێک لە تاجیرەکانی هەرە دەوڵەمەندی مەهاباد بوو دادەبەزێت وە یەک یەک نوێنەری عەشیرەتەکان بۆ لای خۆی بانگ دەکات. ناوبراو چاوەڕی دەبێت کە قازی محەممەد و سەدری قازیش بچن بۆ دیتنی، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازییەکان ناچن وە لە پاشان هۆشمەند پیاو دەنێرێ بە شوێنیانا. قازی محەممەد لە وەڵامدا لێیڕادەسپێرێ کە ئەگەر دەیەوێ بمبینێ با ئەو بێتە لام. هۆشمەند بە بیستنی ئەم وەڵامە زۆر تووڕە دەبێ وە هەڕەشەیەکی زۆر لە قازی دەکات. نیشتمانپەروەرانی مەهاباد کە ئەمە دەبیستن لەبەر دەرگای ماڵ میرزا ڕەحمەت وەکۆ دەبن وە ماڵی میرزا ڕەحمەت و ماشینی هۆشمەند ئەدەنە بەر پلاری تەماتە و هێلکە. هۆشمەند لەگەڵ ئەفسەرەکانی بەگورجی سواری ماشێن ئەبێت وە دانیشتوانی مەهاباد هەتا حاست تەکیەی بابا خەلیفە کە لە چوار کیلۆمەتری مەهاباد هەڵکەوتووە ماشێنەکەی هۆشمەند بە پلاری تەماتە و هێلکە ڕەپێ دەنێن.

ئەم بەسەرهاتە وەک گولـلەی تۆپ لە تەواوی وڵات دەنگی داوە وە سەرۆکەکانی تاران لەمە گەیشتن، کە مەسەلەی سەر لەنوێ داگیرکردنەوەی مەڵبەندی موکریان هەروا هاسان نییە وە لە حاست بەڕیزی و نفووز و دەستەڵاتی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەهێزبووی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد دا، دەبێ تاکتیک و ڕێوشوێنێکی تر لەبەر چاو بگرن وە لە هەڕەشە و چاوترسێن کردن سوودێکیان پێناگات.

دەوڵەتی ئێران نەیتوانی بە ڕێگای زۆر و دیپلۆماسی، دەوڵەتی ڕووس بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی ڕازی بکا. بۆیە ڕێگای دیکەی گرتە بەر و هەوڵی دا بە پرسوڕا و هاودەنگی لەگەڵ عەشایر، مەڵبەندی مەهاباد بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵ و ئەمنیەتی شار بەوان بسپێرێتەوە. دیارە لە چاوپێکەوتنی شا و عەشایر، مەیدانی کەینوبەین نێوان کاربەدەستانی ڕێژیم و عەشایر خۆش ببوو، بەڵام عەشایر هەم لە نیوخۆ و هەم لە گەڵ عەشیرەتی دیکە ناتەبا و خۆیان پێکهێنەری سەرەڕۆیی و نائەمنی و گێرەشیوێنی و کەس بە کەسی بوون. مامۆستا هیدی لە لاپەڕەی ٥٦ ی کتیبی "ئاوینە شکاو" دا لە باسی کێشەی دەستەڵات لە نیوان عەشیرەتی دێبۆکری دا دەنووسێ کە لە کاتی فەرمانداری کاک عەلی پیرۆتی لە ساڵی ١٣٢١ دا، شەڕ کەوتە نێو تایفەکانی دیبۆکری و قادری پیرۆتی و برایمە سوور شێخ ئاقایی و کەسێکی دیکە بە ناوی فەتاح خانی میر موکری کوژران. ئەوانە لە میاندواو قسەیان چەپ کەوت و دەمانچەیان لێک کێشا و یەکتریان کوشت. مامۆستا هێدی لە درێژەی ئەو ڕووداوەدا لە لاپەڕەی ٥٨ دا دەنووسێ:

پێش ئەو کارەساتە لە سەر حکومەتی شاری میاندواو و شاری مەهاباد لە بەینی سەرۆک عەشیرەتەکان یانی قەرەنیاغای مامەش و سەرۆکی مەنگووران لە لایەک و عەلیاغای ئەمیر ئەسعەدی دیبۆکری لە لایەکی تر نیوان ناخۆشی وململانە هەبوو. قەرەنیاغا هەر بۆ ئەوە کە عەلیاغا و مستەفاخانی لەسەر حوکم لابەرێ کە پێش کاعەلی بە حاکمی میاندواو دیاری کرابوو ڕۆیشتە تەورێز بۆ لای (فهیم الملک) پارێزگاری ئەوکاتەی تەورێز و حوکمی لێ خستن و لابردنی عەلیاغا و مستەفا خانی لێ وەرگرت و حوکمی سابلاغ (مەهاباد) کەوتە دەست قەرەنیاغای مامەش و عەشیرەتی مەنگور، کا عەلیی پیرۆتاغاش کە خوشکەزای قەرەنیاغا بوو لە لایەن قەرەنیاغاوە بە فەرمانی پارێزگاری تەورێز بە حاکمی شاری میاندواو دیاری کرا و مستەفاخانیان لێ خست، دیارە ئەو تاڵوگۆڕەی بە زیانی مستەفاخان، لە برایمەسوور گران هات کە حکومەتی میاندواویان بە هەقی خۆیان دەزانی کە خۆیان نیزیک ئەوێ دادەنیشتن و گوند وخزم و داروەدستەیان لەوێ بوو.

هەر لەوبارەوە و لەسەر هەڵسوکەوتی دەوڵەت لەگەڵ عەشایر و وەزعییەتی ئەوکاتی کوردستان،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١١٤ ی کتێبەکەی دا دەنووسێ:

جیا لەمە، دەوڵەتی تاران کە دیتی ناتوانێ دامودەزگای خۆی لە مەڵبەندی موکریان دامەزرێنێتەوە، هێنای چەند کەسێکی لە کوردان بە حاکمی مەهاباد و میاندووئاو و بۆکان دیاری کرد. مەسەلەن دەوڵەت لە یەک کاتدا حوکمی حاکمی میاندووئاوی دابوو بە دوو خاوەن موڵکی کورد، یانی مستەفا خانی شێخ ئاغایی( لە عێلی دیبوکری) وە مەجید خانی قەرەوێران(لە تایفەی بابامیری) وە ئەم حوکمە لەلایەن وەزیری ناوخۆوە ئیمزا کرابوو. لەسەر ئەم کارە لە نێوان تایفەی مستەفا خان و مەجیدخاندا بە نوێژی نیوەڕۆ لەسەر شەقامی میاندوائاو شەڕ و کێشە قەوماوە لە هەردووک لا چەند کەسێک، لەم ڕیزە برایمە سووری برا چکۆڵەی مستەفاخان وە فەتاح خانی برا چکۆڵەی مەجید خان لەگەڵ چەند کەسێک کوژران. لە ئەنجامدا مستەفاخان بووە حاکم، بەڵام هێشتا مانگێک لە دەستەڵاتی مستەفاخان تێنەپەڕی بوو کە لە تارانەوە حکمی حاکمی میاندووئاو بۆ عەلی پیرۆت ئاغا کە ئەویش لە عێلی دێبوکری وە خزمی مستەفاخان بوو ئیمزا کرا. لەسەر حوکماتی میاندووئاو لە نێوان ئەم دوو خزمەشدا شەڕ قەوما وە لە ئەنجامدا مستەفا خان بۆخۆی و برایەکەی عەلی پیرۆت ئاغا کوژرا. لێرەدا پێویستە ئەمەش بوێژرێت، کە شاری میاندووئاو شاری ئازارەبایجانە وە لەسەدا ٩٥ی دانیشتوانی ئازەربایجانین وە بە تەنیا لە ٣ لای ئەم شارە دێیەکانی کوردستان هەڵکەوتوون. دەوڵەتی ئێران لە دانانی پیاوانی کورد بە حاکمی ئەم شارە لە هەمان کاتدا ئامانجی ناتەبایی و ناکۆکی پێکهێنانی نەتەوایەتی لە نێوان دوو گەلی هاوسنوور برای کورد و ئازەربایجاندا، لەبەرچاو گرتبوو.

دیارە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەستەڵاتی مەهاباد بە هۆی کەسانی لایەنگری ڕێژیم، دەبوو دەوڵەتی ئێران ڕەزایەتی ڕووسەکان وەربگرێ و ڕێژیم هەوڵی دا تا زەخت بۆ ڕووسان بێنی و ڕازیان بکا کە کوردێکی سەر بە داموودەزگای دەوڵەتی بکاتە فەرمانداری مەهاباد. سەرئەنجام ڕووسەکان ملیان ڕاکێشا و عەلیاغای دێبۆکری بە٣٠٠ کەس ڕەعییەت هاتە مەهاباد و لەوێ جێگیر بوو. ئەو بۆ ناسینەوەی چەکدارەکانی قۆڵبەندێکی سپی لە باسکی کردن کە بە قۆڵ سپی بەناوبانگ بوون.

دیارە لەوکاتەدا دەوڵەتی ئێران بۆ چاوەدێری زیاتر بەسەر کاروباری عەشایری کورد، بە شێوەی ڕواڵەتی لە چوارچێوەی ژوورێک دا، دەستەڵاتی مەڵبەندی موکوریانی لە شاری میاندواو دانا و بە هەموو شێوەیەک تێکۆشا تا دڵی ئاغایانی وڵات بۆ لای خۆی ڕاکێشی و شەکر و قەندیان بداتێ و پلە و پایەیان بپارێزێ و حوکمی شاریان پێ بکا. بۆ ئەو مەبەستە لە مەهاباد سەرەتا کەڵکی لە عەلیاغای دیبۆکری وەرگرت. لە حەوتەنامەی "کوهستان" ژمارە ٢ لە ژێر بابەتی"جەریانی واقعەی مەهاباد" هاتووە:

دوایە دەوڵەت خۆی ڕێکوپێک کردەوە و توانی کاربەدەستی فەرمی بۆ ئەو شوینانە دابنێ بەڵام پاراستنی مەهاباد تا ئاخری ساڵی ١٣٢٢بە قەرەنیاغای ئەمیر عەشایری، عەولاغا ڕەئیسی عەشیرەتی مەنگوڕ، عەلیخانی نەوزەری، باپیرئاغای مەنگور و بایزئاغای عەزیزی ڕەئیسی عەشیرەتی گەورک ئەسپێردرا. لەوکاتە دا دوکتور مەرزبان ئوستانداری ورمێ وای بە باش زانی کە لە ئەمیر ئەسعەد و برایم ئاغای مەنگوڕیش بۆ پاراستنی مەهاباد کەڵک وەرگرێ.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١١٤ی کتێبەکەی دا دەنووسێ: ... لە تارانەوە حوکمی حاکمی مەهاباد لەو سەردەمەدا بۆ عەلی ئاغای ئیلخانی زادەی (عەلیار) دێبۆکری ئیمزا کرابوو. عەلی ئاغا لە ڕوودا چەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێک حاکمی بێ دەستەڵاتی مەهاباد بوو، بەو مانایە کە تەنیا حکومی دەوڵەتی لە باغەڵدا بوو، دەنا هیچ یەک لە دانیشتوانی مەهاباد بە حاکمیان نەدەزانی وە هەروەک جاران تەواوی کاروباری شاری و مەڵبەندەکانی دەوروبەری لەلایەن قازی محەممەدەوە هەڵدەسوڕا. عەلی ئاغا وەک حاکم هێشتا لە مەهاباد نیشتەجێ نەبوو کە لە تارانەوە حوکمی حاکمی مەهاباد بۆ عەلی قەرەنی ئاغای سەرۆک عێلی مامەش ئیمزا کرا و ناردرا.

خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١١٣ی کتێبی"مێژووی تایفەی قازی" لایەنێکی دیکەی ئەو کێشەیە و گرفتی وەرگرتنیماڵیات لە قوماش(تۆپانە) باس دەکا و دەنووسێ: ... لەو بەینەدا عەلی ئاغای عەلیار ”ئەمیر ئەسعەد” سەرۆکی گشت عەشایری دێبوکری سەردانی تارانی کرد و حوکمی فەرمانداری مهاباد بە دەسەڵاتی تەواو بە دەستهێنا. ئەو هەروەها حوکمی پلەی سەروانی بۆ سلێمانی کوڕی و برایمی شێخ ئاغایی ”برایمە سوور” وەرگرتبوو، و بە شکۆیەکی تایبەتی و لە پێشەوەی سوارەکانی هاتە ناو شاری مهاباد. ئەو هەرچەند نەخوێندەوار بوو بەڵام بە توانایی و بە ویست و سەلیقەی خۆی و بە پشت بەستن بە گەورەیی عەشیرەتی دێبوکری، توانی بۆ ماوەیەک دەسەڵاتی خۆی بە سەر شاری مهاباد دا بسەپێنێ. ئەو بە هەموو تواناوە هەوڵی دا دەستی پێشەوا و سەدر لە کاروباری شار کورت بکاتەوە، بەڵام هەر زۆر زوو کێشەی باجی تۆپانەی بۆ ساز بوو و وردە وردە ناڕەزایەتی دەستی پێکرد. ئەو کوتاڵانەی لە عیراق، تەوریز و تارانەوە بە قاچاخ دەهاتنە بازاڕی مهاباد، باجیان لێ وەردەگیرا و بڕە پارەیەکیش دەدرا بە عەشایر، بەڵام لەو سەردەمەدا ئەو بڕە پارەیە بڕدرا. دواتر دزی و تاڵان و بڕۆ لە دەرەوەی شار پەرەی سەند و عەلی ئاغا نەیتوانی پێشی پێ بگرێ. بۆیە هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان سکاڵایان بردە لای کاربەدستانی دەوڵەت لە تاران. بە ناچار ئەمیر ئەسعەد دەستی لەکار کێشاوە و مهابادی بەجێهێشت. بە ڕۆیشتنی عەلی ئاغا، دەستەیەک لە سوارەی مەنگوڕ لە ژێر فەرمانی کاکە سواری مەنگور، کوڕی ئەحمەدی گوڵاوی ئاغا، هاتنە نێو شار و دەستیان بە وەرگرتنی باجی تۆپانە کرد.

ئیگلتۆن لە لاپەرەی ٤٠ ی کتێبەکەی دا لەوبارەوە دەنووسێ:

مەهاباد باشووری بەحری ورمێ لەو چەند ڕۆژەدا شکڵێکی ڕێک و پێکی نەگرت چوونکە تایفەی دێبۆکری وڵاتیان ئەشغاڵ کردوە لەسەر ڕێگەی مەهاباد- میاندواو مافی ڕابردنیان دەستاند.

بەمشێوەیە سەرەڕای ئەوەی کە قازی محەممەد هەر لە سەرەتاوە ژیرانە هەوڵی دا بە بەشداری هەموو عەشایر، ئەمنییەتی مەهاباد کە کاریگەری زۆری لەسەر ناوچەکانی دیکە هەبوو، بە بێ شەڕ و ئاژاوە بپارێزێ، بەڵام بە پێی بیرەوەرییەکانی دوکتور ئاسۆ، ئەو وەزعە هەر٧ تا ٨ مانگی خایاند و عەلیاغای دێبوکری ویستی ئیدارەی شاری مەهاباد بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆی.

رەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١١٤ی کتێبەکەی دا لەسەر وەزعییەتی ئەوکاتەی کوردستان بە گشتی دەنووسێ:

ئەو سەردەمە لە ئەنجامی سیاسەتی ئابووری بە ئانقەستی دەوڵەتی تاراندا قەند و کووتاڵ لە کوردستان زۆر گران بوو. دەوڵەت"بەزەیی" بە کوردان هات وە بڕیاری دەکرد هێندێک قەندو کووتاڵ بە نرخی دەوڵەت کە لە نرخی بازاڕ زۆر هەرزانتر بوو بە کوردان بفرۆشێت. لە بڕیارەکەی دەوڵەتدا وێژرابوو کە قەند و کووتاڵ بە تەنیا بە سەرۆکی عوشیرەتەکان دەدرێ وە ئەمانیش لەسەریانە بە چەشنێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عادڵانە لە نێوان ئەندامانی عەشیرەکاندا دا بەشی بکەن. بەڵام سەرۆک عەشیرەتەکانی وەک عەلی ئاغای دیبوکری و قەرەنی مامەش و عەوڵای بایز ئاغای مەنگوڕ و عەمەر خانی شکاک هەر یەکەی ٣٠-٤٠ تۆنی قەند وەرگرت وە لەم قەندە کولۆیەکیان بە ئەندامانی تری عەشیرەتەکان نەدا. لەسەر ئەمە لەنێوان عەشیرەتەکاندا، بە تایبەتی لە نێوان دیبوکریدا نێوان ناخۆشی و ناکۆکییەکی بەتین وە چەند شەڕێکی چکۆڵە هاوجێگایی هاتە گۆڕێ. لەلایەکی ترەوە ئەم مەسەلەیە بووە هۆی ئابڕووچوونی بە تەواوی سەرۆک عەشیرەتە نیشتمان فرۆشەکان. بە جۆرێک کە بەشی زۆری عەشیرەتی دیبوکری و مەنگوڕ و گەورک و مامەش ڕوویان لەو سەرۆکە نیشتمان فرۆشانە وەرگێڕا.

ڕەحمانی قازی لەوبارەوە لە کتێبەکەی دا دەنووسێ: ... سەرباری ئەو هەمووە ناکۆکییە ، گرانی و دەست تەنگی و بێکاری وڵاتی داگرتبو. بە تایبەت قەند وە دەست نەدەکەوت ئەگەر وە دەستیش کەوتبا ئەوەندە گران بو کە بە کەس نەدەکڕدرا. ئەوکات تەورێزی قەند (سێ کیلۆ) تا شێست تمەن بەرز بۆوە. شێست تمەنی ئەوکات پارەیەکی یەکجار زۆر بوو کەم کەس دەیتوانی ئەو بڕە پارەیەی بە دەستەوە بێ. بە هۆی گرانی قەند خەڵک بە کشمیشی سەوزە چایان دەخواردەوە و هەر بۆیە لە شێعرێک دا دەڵێم:

قەند نێوی نەما لە نێوان
سەوزە هاتۆتە نێو نێوان

دەوڵەت بۆ هێور کردنەوەی بارودۆخەکە بە عێل و عەشیرەتەکانی ڕاگەیاند کە ناوی خەڵکی گوند و ئاوەدانییەکانی خۆیان بنوسن و بێن لە تەورێز ( ئەو کات ناوەندی پارێزگا تەورێز بو) بەشە قەندی سەرانە وەر بگرن. هەر بۆیە مامۆستا هەژار دەڵێ :

ئەتۆ ئەی کیژە کوردەی چاو کەژاڵە
ئەتۆ ئەی شۆخ و شەنگەی چاردە ساڵە
دڵت بـردم بــە قــەنـدی لێوەکــانت
دەزانی کــورد بـە قــەنــد وێرانە مــاڵە

لە لایەکی دیکە لە پاوان گرتنی قەند و چا بە هۆی عەشایر دەبوو بە گوێرایەلی بەستراوەیی زیاتری ئەوان بە دەوڵەت. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٤٧ ی کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ:

جارێکی دەروێش حەمەدەمین کە ئێستا لە دووکانی تالاوی دەبێ گێڕایەوە و گووتی: ئەمن منداڵ بووم لە دووکانی وەستا عەوڵای کارم دەکرد، وەستا عەوڵا چوار جووت کەوشی کاردارەکانی ماڵە قازی مەحەمەدی داکوتابوو و دای بەمن و گووتی: "ئەو کەوشانە بەرە ماڵە قازی، بەڵام تا پووڵەکەت نەداتێ کەوشەکانی مەدەیە، ئەمن حەوسەلەم نییە بینووسم ئەوە ئی ماڵە فلان کەسییەو ئەوە ئەوەندە قەرزدارە و داخودا چ وەخت ئیشتیا دەکەن و پووڵەکەم دەدەنێ. بۆیە دەبێ پووڵی کەوشەکان، نەغد وەرگری. ئەگەر گووتی بڕۆ دوایە بۆی دەنێرم، کەوشەکانی مەدەیەو بیهێنەوە". ئەگەر چووم وەختی نەهارێ بوو دەورووبەر سەعات ١٢ بووە، نیزیك بە ٤٠ تا ٥٠ کەس ئاغاوەتی مەنگوڕ و گەورك و دێبۆکری لەوێ بوون. یەکسەر چوومە ژوورێ، ڕووم لە پێشەوای کردو گووتم قوربان ئەوە وەستا عەوڵا کەوشەکانی ناردۆتە خزمەتتان. پێشەوا گووتی: ئای بارەکەڵلا کوڕی چاك وەرە بابەگیان وەرە بیانهێنە با تەماشایان بکەم. چاك تەماشای کردن و دوایە گووتی: "کوڕی چاك بچۆو بە وەستا عەوڵای بڵێ دوایە پووڵەکەی بۆ دەنێرم ئەوەش ٥ قڕان شاگردانە بۆخۆت". ئەمن گووتم وەڵا قوربان بەبێ پووڵ ناتدەمێ و کەوشەکانم کێشاوە

دوایە. پێشەوا گووتی کورە دا چایەکی شیرینی بۆ بێنن و ها ئەوەش تمەنێك.
ـ وەڵا قوربان نە تمەنم دەوێ نە چاش دەخۆمەوە و کەوشەکانیش دەبەمەوە.
ـ کوڕی چاك بۆی دەنێرم، ئەلحان پوولم نییە، سبەینێ بۆم دێو بۆی دەنێرم.
ـ قوربان بەخودای ناتدەمێ. سبەینێ کەوشەکانت بۆ دێنمەوە.
ـ دەی چای شیرینی بۆ بێنن.
ـ ناخۆمەوە.

ئاغاکان گووتیان: چا قوربان ئەوە بۆ ئەوەی دەبێ قسەی لەگەڵا بکەی. وەرە کوڕە ئەوە پووڵ، کابرا بزانین حەقت چەندە، ها وەرە.

پێشەوا گووتی: "نا ڕاوەستن ئەوە لەبەر ئێوە وام کرد".

دوایە دەستی دەباغەڵی ناو یەك بەستەی پووڵ لە گیرفانی دەرهێناو گووتی: "ئەمن قازیم، مەلام، زمانی ئینگلیسی و فەرانسەو ڕووسیش دەزانم. ئەو کوڕە شاگردی کەوش درووییەکییە. یەك کەلیمەش نازانێ و نەخوێندەوارە. ئەوە سەعاتێکە دەمهەوێ فریوی دەم بە هیچ بارێك دا بۆم فریو نادرێ. ئەوە مەبەستم ئەنگۆ بوو ئێوە بە دوو کەلە قەند بوونە جاشی دەوڵەتێ و فریوتان خواردووە. بەو هەمووە عەشیرەتەی وەك ئەو منداڵەتان پێناکرێ. دیتتان چەندەی لەبەر پارامەوە، بە قسەی خۆش، بە چای شیرین، ٥ قڕانیشم بۆ کردە تمەنێك، هەر بۆم فریو نەدرا. ئەنگۆش وابن، ئاوا پیاو بن. ئافەرین کوڕی چاك".

دوای ئەو قسانە پێشەوا پووڵی کەوشەکانی دامێ و تمەنێکیشی بۆخۆم دامێ و گووتی تا چایەکیش نەخۆیەوە نایەڵم بڕۆی.

هاوکات لەگەڵ ئەو گرفتانە نائەمنیش باڵی بەسەر وڵات داکێشا و هێندێک کردەوەی ناخۆش و نەخوازراو ڕووی دا. لەوبارەوە ئێیگلتۆن لە لاپەرەی ٤٠ دا دەنووسێ کە لە ٢٥ی ئاوریلی ١٩٤٢دا خانمی لیبوردیت ژنی وینستۆن بوردیت کە هەر دوو ڕۆژنامە نووسی ئەمریکایی بوون لە قاوەخانی سەر ڕێگای میاندواو مەهاباد کەوتنە بەرگوللە و خانمی بوردیت و کوڕی مەجیدخانی میاندواوی کوژران. ئەوانە بۆ نەهار میوانی پێشەوا قازی محەممەد بوون و پێشەوا بە کوژرانی ئەو خانمە زۆر نارەحەت بوو. دوایە ئاشکرا بوو کە دوژمنانی مەجیدخان ئەو کارەیان کرد.

یەکێکی دیکە لە هاڵۆزییەکانی ئەو سەردەمە، کوژرانی ڕەحمان شافعی، برای میرزا ڕەحمەت شافعی، بازرگانی سەرکەوتوی مەهاباد بوو کە بە دەستی پیاوێک بە ناوی هاشم فەرهادی لە نێو قەیسەری شار دا کوژرا. ڕەحمانی قازی لە ڕۆژگاری ون بوو دا لەوبارەوە دەنووسێ:

ئەو ڕۆژە چەند کەس لە ئاغایانی مەنگوڕی میوان میرزا ڕەحمەت بوو. هەواڵ دێنن کە میرزا ڕەحمان کوژراوە. دەستبەجێ میوانەکانی بە چەکەوە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی وستا سمایل فەرهادی بابی هاشم و دەیانهەوێ ماڵی وستا سمایل ئاور بدەن. لەو کەین و بەینە خەڵکێکی زۆر وەکۆ دەبن و جەنابی قازیش کە ئەوە دەزانێ بە پەلە خۆ دەگەیێنێتە ماڵی وستا سمایل و ناهێڵن کە ماڵەکەی ئاور بدەن. وەستا سمایل بە سەربان دا هەڵدێ و خۆ دەگەیێنێتە گوندی قوم قەڵا و دەچێتە ماڵی کەریم ئاغا. کەریم ئاغا پیاوێکی زانا و ناسیاوی عێلی دێبۆکری بو و هەروەها لەگەڵ میرزا ڕەحمەت نێوانی زۆر خۆش بو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای چەند ڕۆژ کە وڵات ئارام دەبێتەوە کەریم ئاغا وستا سمایل دێنێتەوە و دەڕۆنە ماڵی میرزا ڕەحمەت و داوای لێ دەکا لە وەستا سمایل خۆش بێ. میرزا ڕەحمەت بە هۆی کەریم ئاغا وەستا سمایل دەبورێ و کێشەکە کۆتایی پێ دێ.

سەرەڕای ئەوانە ڕێکخراوی جەوانانیش بە توندی بەرهەڵستی حوکمی عەلیاغای کرد. غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٢٩ی کتێبی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ: ... عەلی ئاغا بە ٣٠٠ ڕەعیەتی چەکدارەوە هاتە مهاباد و لە ماڵی "گوڵاوی" لە رووبەڕووی خانووە کۆنەکەی سەدیقی حەیدەری لە نزیک مزگەوتی "ڕۆستەم بەگ"ی دابەزی. ئەو بۆ ئەوەی چەکدارەکانی بناسرێنەوە، قۆڵبەندێکی سپی لە قۆڵ کردبوون کە لە سەریان نوسرابوو "انتظامات عەشایری" و خەڵک پێی دەگوتن قۆڵ سپی. عەلی ئاغا بۆ ئەوەی زەبر و زەنگی خۆی بنوێنێ، بە فەرمانی کاربەدەستانی تاران بەگژ "سازمانی جەوانانی کورد"دا هات و ویستی یانەی سازمانی جەوانان کۆ بکاتەوە. ناوبرا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، ڕۆژێک بەهۆی "ساڵحی شاتری" سەرۆکی ئەنجومەنی شاری مهابادەوە کە بابی منیش ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوو، بە باوکمی ڕاگەیاندبوو کە بەمن بڵێت یانەی سازمانی جەوانان کۆ بکەمەوە. من بەبیستنی ئەو گوتنە لە زمانی بابم، ڕامگەیاند: بە عەلی ئاغا بفەرموو خۆ دەوکارانە وەرنەدا ئەگەرنا خراپ دەبینێ. ئەو سازمانە هی لاوانی شارە و بەمن و بە عەلی ئاغا کۆ نابێتەوە.

دوای ئەو ڕووداوە، ئێوارەیەک ئاگاداریان کردم کە قۆڵ سپییەکانی عەلی ئاغای فەرماندار یانەی سازمانی جەوانانیان گەمارۆ داوە. من بە پەلە هاوڕێکانم ئاگادار کرد و لەبەر چاپخانەی "ئەحمەدی قاوەچی" کۆبووینەوە و خۆمان پڕچەک کرد. یانەی سازمانی جەوانان حەوشەیەکی بچووک و دوو دەرگای هەبوو، یەکێک لەوان ڕوو بە شەقام و شیروخورشید دەکرایەوە و ئەویتریان ڕووی لە حەمامی شۆڕ "شوجاعولملوک" بوو. بڕیارماندا ژمارەیەک بە پشت خانووبەرەکەدا بەنهێنی بچنە سەر بانەکانی دەوروبەری بینای سازمانی جەوانان و سەنگەر بگرن، بەڵام تەقە نەکەن. من و چەند هاڤاڵیش بە چوارچرا و شەقامی پەهلەویدا بەرەو یانەی سازمانی جەوانان وەڕێکەوتین. خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەری چوارچرا کۆببوونەوە و خەریک بوون دژی قۆڵ سپییەکانی عەلی ئاغا ڕاپەڕن. ئێمە گەیشتینە بەر مەحکەمەی قازی، چەکدارە قۆڵ سپییەکانی عەلی ئاغا بەریان پێگرتین:

- ئۆغر بێ.
- دەچینەوە ماڵ.
- بەم کۆڵانەدا بڕۆن و ئێرە قەدەغەیە!

لەو مشتومەڕەدا بووین کە قۆڵ سپییەکان ڕووی چەکەکانیان لە ئێمە کرد و ئێمەش لێیان ڕاساین و لە ڕووبەڕوویاندا ڕاوەستاین. لەو کاتەدا، قازی محەمەد لەسەر پەنجەرەی مەحکەمەوە بە دەنگی بەرز گوتی: "کوڕینە دەست ڕاگرن، ئیزن بدەن بێم بزانم چ بووە." بەو گوتنەی قازی محەمەد هەردوولامان دەستمان شل بووەوە. قازی هات و پرسی: "چ بووە؟" من گوتم جەنابی قازی ئێمە بەرەو ماڵمان دەڕۆین کەچی ئەو قۆڵ سپییانە پێشیان پێگرتووین. سەردەستەی قۆڵ سپییەکان ڕایگەیاند: "قوربان بە ئێمە گوتراوە کەس بەو شەقامەدا هەڵنەکشێت." قازی گوتی: "بۆچی برام؟"

- بۆ ئەوەی قەدەخەیە کە بەرەو یانەی لاوان بچن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کێ ئەو دەستورەی بە ئێوە داوە؟
- عەلی ئاغا.
ڕێگە بدەن ئەوانە ئینسانی باشن با بچنەوەماڵیان.

ئەوان ڕێیان بۆ کردینەوە و ئێمە خۆمان گەیاندە یانەی سازمانی جەوانان و خۆمان بە ژووی یانەدا کرد. هەڤاڵانی ناوەوە بە پیرمانەوە هاتن و چەند کەس لەبەر پەنجەرەکانی هۆڵی یانە دابەزین و ئەوانی ترمان چووینە سەربانی بیناکە. ژمارەیەک لە هەڤاڵانمان لەوێ سەنگەریان گرتبوو، قۆڵ سپییەکان بە تاق و بە جووت لەنێو بێستانی "حوسێنە پەزە"دا لە هاتووچۆدا بوون و ژمارەیەکیش لەژێر دیواری "گومرگ" خۆیان حەشاردا بوو.

سەدیق سیاسەری تفەنگێکی سێ تیری ڕوسی پێبوو. ناوبراو گوتی: "دەمەوێ گوللەیەک لەژێر پێی ئەو قۆڵ سپییە بکەم، بزانم چ ڕوودەدات." هەرچەندە ئێمە ڕامان لەسەر ئەو کارەی نەبوو، بەڵام ئەو کاری خۆی کرد و ئەوانیش بە تێکڕا بە تەقەی هەوایی دەستڕێژیان کردین. ئەو تەقەیە بوو بە هۆی هوروژانی خەڵک و حەشیمەتێکی زۆر بەرەو یانە شۆڕ بوونەوە. لەو کاتەدا "ماژۆر عەبدولایۆڤ" بەرپرسی ئاسایشی مهاباد کە لە نزیک چوارچرا لە خانووبەرەی ئەرمەنییەکی ئارەق فرۆشدا بوو، هۆی ئاڵۆزییەکە لە جەماوەر دەپرسێ و ئەوانیش پێی دەڵێن کە چەکدارەکانی عەلی ئاغا تەقەیان لە یانەی سازمانی جەوانان کردوە.

عەبدولایۆڤ بە سواری جیپێکی ڕوسی خۆی گەیاندە لامان و بە تورەیی لە قۆڵ سپییەکان ڕاخوری و گوتی: "بە فەرمانی کام نەفام تەقە دەکەن، مەگەر نازانن من بەرپرسی ئاسایشی ئەم شارەم؟" دەمڕاستی قۆڵ سپییەکان لە وەڵامدا گوتی: "قوربان بە ئێمە گوتراوە لێرە بین و ئیزن نەدەین کەس لەو ماڵە نزیک بێتەوە." ماژۆر عەبدولایۆڤ گوتی: "خڕکەنەوە و بڕۆن." بە دەنگێکی بەرزیش دەنگی ئێمەی دا و گوتی: "لەسەر بانەکان دابەزن." ئینجا بەرەو ماڵی عەلی ئاغا سواری ئوتۆمبیل بوو. بە عەلی ئاغای گوتبوو لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا شاری مهاباد بەجێهێڵێ، ئەگەرنا خراپ دەبینێت.

عەلی ئاغا خۆی لە بەرامبەر هەڕەشەی عەبدولایۆڤ دا ڕانەگرت و سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی لە حاڵێکدا حەشیمەتێکی زۆر لە شەقامی "شاپوور"ی مهاباد کۆببوونەوە و چاوەڕوانی ڕووداوێک بوون، عەلی ئاغا و چەکدارە قۆڵ سپییەکانی بەسەر شۆڕییەوە بە شەقامی شاپووردا هاتنە خوار و مهابادیان بەجێهێشت و بەمجۆرە کۆتایی بە حکومەتی عەلی ئاغا هات.

بەمشێوەیە عەلیاغای دێبۆکری دەستی لە کار کێشاوە. بە نەمانی دەستەڵاتی عەلیاغا، یەکجی مەنگوڕ کە لە کۆنەوە کێشەیان لەگەڵ دێبۆکریان هەبوو دەستەڵاتیان بە دەستەوە گرت. ڕەحمانی قازی لەوبارەوە دەنووسێ: ... هەر ئەو دوژمنایەتییە بوو کە لە سەردەمی فەرمانداریەتی عەلی ئاغا دا مەنگوڕەکان دەستیان کرد بە ئاژاوەگێڕی و ڕێگاکانی دەور و بەری شاریان گرتبو و پارەیان بە ناوی بارانە لە خەڵک دەستاند. بەو جۆرە بارودۆخی شاری مەهاباد ناخۆش و هاڵۆز بو. خەڵکی شار داوایان لە عەلی ئاغا کرد کە کۆتایی بەو بارودۆخە بهێنە، بەڵام عەلی ئاغا لە دەرەوەی شار دەسەڵاتی وەی نەبو لەگژ مەنگوڕان ڕابچێ و ئارامی شار و دەور و بەری دابین بکا.

خەلیلی فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٢٥ دا دەنووسێ: ... یەکجی دەستەیەک لە سوارەی مەنگووڕ لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژێر فەرمانی کاکە سواری مەنگوور، کوڕی ئەحمەدی گوڵاویاغا، هاتنە نێو شار و دەستیان بە وەرگرتنی ماڵیاتی تۆپانە کرد.
ڕەحمانی قازی لە کتێبەکەی دا دەنووسێ: ... مەنگوڕ کە لە شاری مەهاباد نزیکتر بون و بۆ خەڵکی شار ناسیاوتر بون و بە هۆکارێکی مێژویی لەگەڵ عەشیرەتی دێبۆکریش دوژمنایەتێکی کۆنیان هەبو زیاتر خۆیان بە خاوەن بڕیار و خاوەن ماف دەزانی کە شاری مەهاباد بەڕێوە بەرن.
لەگەڵ کیشەی مەنگور و دیبۆکری، عەلیاغا دەسەڵاتی توانای وەی نەبوو لەگژ مەنگوڕان ڕابچێ. هاوکات خەڵکی شار بە تایبەتی کەسایەتییەکانی بنەماڵەی قازی کە لە نیو خەڵک دا دەستیان هەبوو و دژی هەڵسوکەوتی عەلیاغا بوون. لە ژێر ئەو گوشارانەدا بەناچار عەلیاغا مەهابادی بەجێهێشت و مەنگوڕ دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت. بە قەولی ڕەحیمی قازی قەرەنیاغا و عەلیاغا بە ئاسوودەیی ٧ تا ٨ ڕۆژ لەسەر کورسی دەستەڵات دانەنیشتن. کاکە سواری ئەحمەدی گوڵاوی ئاغا، ئەوی کە خاڵوقوربانی کوشت و عەوڵای بایز ئاغا بوون بە بەڕێوەبەری شار.
لەسەر شێوەوی حوکمی مەنگوڕان، ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بو ودا دەنووسێ:
مەنگوڕەکان دەستیان کرد بە حکومەت کردن و بە داخەوە هێندێک کاری ناڕەوا و دور لە شان و شکۆی دەسەڵاتداریان دەکرد و هەر ئەوەش بو بە هۆی ناڕەزامەندی خەڵکی شار و دڵی کەسیان بە خۆیانەوە نەهێشت بو. خەڵکی شار لە دەرفەتێک دەگەڕان حکومەت لە دەست مەنگوڕان بهێنە دەر و بۆخۆیان کار و باری شار وە دەست بگرن.
ئەوجار نارەزایەتی و دژایەتی خەڵک بە دژی دەستەڵاتدارانی عەشایری مەنگوڕ دەستی پیکرد. ڕەحمانی قازی دەڵێ ڕۆژێک کەسێک بە ناوی عەزیز حاجی مینە لە نزیک مزگەوتی هەباس ئاغا، بێ‌ڕێزی بە عەوڵای بایزئاغا کرد و بە تفەنگ لێی ڕاسا و خەڵکی دەستیان دایە چەک و پشتگیریان لە عەزیز کرد و تەقە سازبوو و دەنووسێ:
هەر ئەو ڕۆژە مەنگوڕ شاریان بە جێ هێشت. لەو شەڕ و ئاژاوەیە دا کەس نەکوژرا و کارەکە بە ساکاری جێ بە جێ کرا. کاتێک عێلی مەنگوڕ لە شار دا نەمان مەترسییەکی زۆر لە ناو شار دا پەیدا بو کە ڕەنگە مەنگوڕ هێرش بکەنە سەر مەهاباد و تاڵانی بکەن.
بەمشێوەیە لە ماوەی حوکمی عەشایری دا، کێشە و هاڵۆزی و نائەمنی بە تەواوی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا و بشێوی هەموو لایەکی گرتەوە. سەرەڕۆیی و نا ئەمنی و گێرەشیوێنی و کەس‌بەکەسی دەستی پێکرد و کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە. هەوڵ دەدرا هەر کەس بۆخۆی بەڕێوەبەرایەتی شار بخاتە ژێر دەستی خۆی. چەکدار دز و جەردە، ماڵ و دوکانیان دەبڕی و هەمووکات دەنگۆی ئەوە بوو کە عەشایری لە ئاوایەکان ڕا هێرش بۆ سەر مەهاباد بێنن.
لەو کاتانەدا کەس گیانی پارێزراو نەبوو و هەر ئان مەترسی ڕووداوی دڵتەزێن لە ئارا دا بووە. دوکتور ئاسۆ لە بیرەوەرییەکانی دا باس لە دەیان نموونە لە قەتڵ و جەنایەت و کاری سەرەڕۆیانە دەکا و لە لاپەڕەی ١٣١ دا باس لەوە دەکا کە چۆن پێکەنینی دۆستانە لەگەڵ هاورێیەکی، بۆتە هۆی تورەیی چەکدارێک و تفەنگی لەسەر ڕاگرتوون و ویستوویەتی بیانکوژێ و بە تکا و پاڕانەوەی خەڵک بە هەزار ناری عەڵی نەجاتیان بووە. ئەو لەو لاپەڕەدا باسی سۆفی ئەحمەدی گادانی دەکا کە لە دوکانێ دانیشتووە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە چەکدارێک بە نیوی ئاڕەحمان لێی وەژوور دەکەوێ و تفەنگی لەسەر ڕادەگرێ و داوای ١٠٠ تمەنی لێدەکا و دەڵێ کە پێی قەرزدارە. سۆفی ئەحمەد کە هەست دەکا لە مەترسێکی گەورە دایە، بە ئاڕەحمان دەڵێ لێرەبە دەچم لە ماڵێ ئێستا بۆت دێنم و دەچتەوە ماڵ و تفەنگی بڕنۆکەی هەڵدەگرێ و دێتەوە لە بەرانبەر بە کابرای شڵتاغچی لە چەغماغی تفەنگی دەدا و دەڵێ ئاڕەحمان چەند بە تۆ قەرزدارم؟ ئارەحمان کە ئاوا دەبینی دەڵی شۆخیم کرد. ئەمن نۆکری تۆم و بە سەرشۆڕیی لە دوکان وەدەردەکەوێ.

ئەحمەدی قازی لە دەست نووسێک دا، لەسەر زوڵم و زۆری عەشایر لە گووندەکان دا دەنووسێ: باوکم سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٠ بە کوردستانی عێراقدا بۆ زیارەتی مەکە و مەدینە وەڕێکەوت و پاش شەش مانگ هاتەوە. لەو ماوەیەدا کە لە ماڵ نەبوو، دایکم وەک ئاغا ژنێکی ئازا و بە مشوور کاروباری ماڵ و گوندی ڕادەپەراند. لەو ماوەیەدا وڵات پەشێوی تێکەوتبوو. ئاغا مەنگورەکانی گوندی دێبۆکر، خەریک بوون تاڵانمان کەن و جاروبار تێمان ڕۆدەهاتن و بە تایبەت لە چنارستانەکەی تەنیشتی دێ داریان دەبری و دەیانبرد. یەکێک لەو تاڵانچی یانە ڕەحمان چەچوول ناوێک بوو کە دەیزانی ئێمە منداڵین و باوکیشمان لە ماڵ نیە، زۆری شوو لێ هەڵکێشابوو.

ئەوکات نائارامی بە ڕادەیەک بوو کە دوکاندارەکان هەموو ڕۆژێ، کەرەسەی ناو دوکانەکانیان لە ئیواران دا دەبردەوە ماڵ و بەیانی دەیانهێنانەوە. هەر چوارچێوەی نائەمنی دا عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٥٢ ی کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ:

کاکە سوار پیاوێکی زۆر شەڕانی و بێ حەدئازا بوو. قازی مەحەمەدی زۆر ناخۆش دەویست. لەگەڵ کاك هەمزەی برام کە مێردی پوورم بوو، بە پیلانی عەشایری دیکە، هەوڵی دا کە پێشەوا بکوژن. پیلانەکەش دەبوو کاك بایز کوڕی کاکە سواری بەڕێوەی بەرێ. ئەمن ئەو قسانەم لە کاك بابەکر و مام عەزیزی برای کە خەڵکی کۆنەدێ بوون بیستووە. ئەوانە پێشتر پیاوی کاکە سواری بوون، ئاوایان دەگێراوە: ئێمە دەستەیەك بووین، دەبوایە شەوێ سواربین و بە لای چاکی بۆزان و بەلای گڕاوان دا بچین لە پردی سوور بپەڕینەوەو بچینە باغی میکائیلی. لەوێش ڕا لە خوارەوەی مێشەکەی، لە بەرانبەری ماڵێ سەنگەر بگرین و لەبەر پەنجەرەی ڕا، قازی وەبەر تفەنگان بدەین. ئێمە وەڕێ کەوتین و نەگەیشتبووینە پردی سوور و نەپەڕیبوینەوە بۆ باغی میکائیلی کە کاکە سوار بە پەلە و تەقڵەکوت پیاوێکی بەدواماندا نارد، کە هەرچی زووتر بگەڕێنەوە، چوونکە قازی مەحەمەد ١٠ تا ١٥ عروسی میوان بوو. ئیدی ئەمە بە پەلە گەراینەوەو کارەکە پەکی کەوت.

قازی مەحەمەد ئەو پیلانەی زانیبووە، بانگی سوارەی دەکا و پێی دەڵێ: ئەتۆ بۆ دوژمنایەتی من دەکەی، خۆ ئەگەر ئەمن تەواوی ئێرانێ بگرم، ئێستا وەك تۆ چوار دێم وەبەر ناکەوێ. ئێستا ئەتۆ چوار دێت داگیر کردووەو دەیخۆی، کەسیش دەنگێ ناکا.

هەر لەو چوارچێوەیەدا ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا باسی ئەحمەدی گوڵاوی دەکا و دەنووسێ:

وەک باس دەکەن شەوێک ئەحمەد گوڵاوی ئاغا کە یەکێک لە مەنگوڕەکانی دەور و بەری مەهاباد بوو، پیاوە چەکدارەکانی دێنێ و لە مێشەی بەرامبەر بە مەحکەمەی قازی خۆی حەشار دەدا و دەیهەوێ هێرش بکاتە سەر مەحکەمە و قازی بکوژێ. بەڵام دوای ئەوەی دەبینێ هەمو خەڵک چەکدارن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێشکچی زۆر وریا و ئازایان هەیە واز لەو پلانەی دێنێ و دەگەڕێتەوە.
کۆسپ و بەربەستی سەرەکی عەشایر، دەوڵەتی ڕووس بوو و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە هەڵسوکەوتی عەشایر تورە بوون و پێیان خۆش نەبوو لەژێر حوکمی ئەوان دا گیروگرفت و بشێوی ساز بێ. نەبوونی یەکێتی و یەکڕیزی لە ناو عەشایر، هەم کاری نێوخۆی کوردانی خراپ کرد بوو هەم کێشەی بۆ ڕووسانیش ساز کرد و ئەوان نەیاندەزانی لەگەڵ کێ و چ کەسێک قسە بکەن. واتا گرینگترین کێشەی کورد هەم بۆخۆی و هەم بۆ ڕووسان، پرش و بڵاوی و کەس‌بەکەسی و نافەرمانی لەگەڵ یەک بوو. ئەو ڕواڵەتە هەمووکات کاریگەری لەسەر سیاسەتی وڵاتانی گەورە بە نیسبەتی کورد هەبووە. ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٤٣ ی کتیبەکەی دا لەوبارەوە دەنووسێ:
... بەڵام گەورەکانی سووڤییەت دوودڵ بوون و نەیاندەزانی کە ئایا لای دەوڵەت بگرن و ئەو بخەنە سەر هێز، یان لای کوردەکان کە بێ موباڵاتی بە قانوون و یاسا دەتگوت لە سروشتیان دا هەیە و لەگەڵ کەمترین زەخت هەڵدەستان. لە ئەنجام دا لە ٢٥ مانگی مەی ساڵی ١٩٤٢ دەستەکانی ئەرتەشی ئێران ئیجازە دران کە بێنەوە ئازەربایجانێ و هەوەڵین پڕۆگرامیان بەرگری توند لەو هەرکەس هەرکەسەی کوردەکان لە ناوچەی ڕەزائییە(ورمێ) بوو.
لەگەڵ ڕۆیشتنی عەلیاغا لە مەهاباد و جێگیر بوونی مەنگوڕان، هێندێک لە عەشایر، داوایان کرد کە دەوڵەت فەرماندار بۆ مەهاباد دیاری بکا. خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١١٣ی کتێبی"مێژووی تایفەی قازی" دا دەنووسێ:
بە دوای ڕۆیشتنی عەلی ئاغا، لەسەر داوای هەندێک لە عەشایر، دەوڵەت سەریعولقەڵەمی بە فەرمانداری مهاباد دیاری کرد. ناوبراو هەر گەیشتە مهاباد یەکجێ ئیدارەی شارەبانی کە هەڵوەشابوو دایمەزراندەوە. بەڵام هەم فەرماندار و هەم شارەبانی هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو و بێ پرسی عەشایر چیان بۆ نەدەکرا و کەم تا زۆر خەڵک بۆخۆیان شاریان دەپاراست.
لە وزعییەتێکی ئەوتۆ دا خەڵکی مەهاباد لە هەڵسوکەوتی عەشایر زۆر تورە بوون. بە پێی بەڵگەنامەی ڕێکەوتی ١٣٢١/٨/٢٥ کتێبی "اسرار محکمه قازی محمد و یارانش" بەشێک لە خەڵکی مەهاباد لە نامەیەک دا بۆ سەرۆکی وەزیران و وەزارەتی شەڕ و داد و مەجلیسی شووڕای میللی دا، بە ئاماژە بە زەختی عەشایر بۆ سەر خەڵکی مەهاباد، دەنووسن کە عەشایر هەر ڕۆژ بە بیانوویەک ماڵیات لە خەڵک دەستێنن و شتیان لێ زەوت دەکەن و تاڵانیان دەکەن. ئەوانە بە ناوی پارێزگاری پولێکی زۆر لە دەوڵەت وەردەگرن و ئێستاش قەناعەتیان بەوە نەکردوە و چەند ڕۆژ لەمەوبەر بە خەیاڵی هێرش بۆ سەر شار، هێرشیان کرد، بەڵام نەیاتوانی لەبەرانبەر مەهابادیان ڕابوەستن و دوای سەعاتێک تەقە پاشەکشەیان کرد...
... ئەو عەشیرەتانە خەریکن خۆ ڕێکبخەنەوە و بە پشتیوانی چەکەکانیان دەست لە تالان و برۆی خەڵک هەڵنەگرن و گیانی ١٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی مەهاباد لە مەترسی باوێن. بۆیە بە پەلە داوا دەکەین گیانمان بپارێزن. لە لایەن خەڵکی چارەڕەشی مەهاباد، مەحموودیان، مازووچی، سوڵتانیان، موعینی،جەعفەری، بلوریان، بلوری، شاتری، وەلیزادە، شەریفی، موشیری ئەحمەد.
هەر لەو پەیوەندییە دا بە ڕێکەوتی ١٣٢١/٩/٩دا سەرلەشکر ئەرژەند لە نامەیەک دا بۆ سەرۆکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەزیران نووسیوە کە لە ڕێکەوتی ١٣٢١/٨/٥ شەڕ و پێکدادان لە نیوان خەڵکی مەهاباد و عەشایری مەنگوڕ ڕووی دا و لە ئاکام دا کەسێک بە ناوی محەممەد بریندار بوو. خەڵکی مەهاباد هێرشیان کردە سەر مەنگوڕان و کەسێکیان لێ بریندار کردن. دوایە بە ڕواڵەت لە نیو ئەوان دا سوڵح و ئاشتی کرا و هەر وەک بەرێزتان ئاگادارن بە تازەگی تیمسار سەرلەشکر "ئاق ئولی" و من چووینە مەهاباد و دەگەڵ عەشایر و خەڵکی مەهاباد گۆفتگۆمان کرد و ئامۆژگاریمان کردن. ئێستا ئەو ناوچەیە ئارامە.

هەر بە پێی بەڵگەنامەی ژمارە ٧٩ی کتێبی "اسرار محکمه قازی محمد و یارانش" هاتووە کە:

چەند ڕۆژێکە کە عومەرخانی شکاک هوشداری داوەتە عەشایری مەهاباد و میاندواو و بۆکان. لەو ماوەیەدا سەرۆک عەشایری کوردستان و پارێزگاری ٤ لە مەهاباد شەوانە بە نەهێنی کۆ دەبنەوە.

بە پێی زانیاری وەرگیراو دەیانەوی بە دوای ڕۆیشتنی عومەرخان، کەسانێک لە شار دەربکەن.

٢- لە ساعەتی ١٣٢١/٧/١٥ عومەرخان و سوارەکانی بەروەو ورمێ وەڕێکەوت. دەنگۆی ئەوە هەیە کە بە مەنگوڕان ڕابگەییەنن کە دەبێ لە مەهاباد بچنە دەر و قازی محەممەد بە حاکمی مەهاباد بناسێنن. بەڵام مەنگوڕ قبوڵیان نەکردوە و خەڵکیش بڕیاریان داوە مەنگوڕان لە شار دەربکەن. حشمەت

بەمشێوەیە بێ سەرەوبەری و بێ یاسایی هەموو جمگەکانی کۆمەڵگای داپۆشیبوو و وەک وڵاتی کانگستێرانی لێهاتبوو. بەپێی لاپەڕەی ٩٥ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" لە بەڵگەکانی فەرمی حکومەت دا هاتووە کە لە لاین بەشی لێکۆڵینەوە بۆ وەزارەتی دارایی نووسراوە، کە لە کۆتایی مانگی ڕیبەندانی ١٣٢١ دا چەند شکاک بە مەبەستی کڕینی چەک دەچنە مەهاباد و لە مسافرخانەی ئاغای کازم قەفقازی جێگیر دەبن. بەیانی بە بیانووی ئەوەی کە دزیان لێکراوە بەرپرسی مسافرخانەکە دەگرن و تەسلیم بە شارەوانی دەکەن. بەڵام دوایە لە شارەوانی وەریدەگرنەوە و بۆخۆیان ئەوەندی ئەشکەنجە دەکەن تا دەیکوژن. دوایەش شکاکەکان بێ هیچ کێشەیەک دەگەڕێنەوە بۆ ورمێ.

بە دوای ئەو ڕووداوانەدا پاسەبانەکانی بنکەی شارەوانی لە مەهاباد کە هیچ دەستەڵاتی نەبوو هەڵاتن و گەڕانەوە بۆ شارەکانی خۆیان. بەڵام دواتر لە ژێر حوکمی فەرمانداری نوێ "سەریعولقەڵەم" گەڕانەوە بۆ مەهاباد. هەرچەند دەوڵەت بە ڕواڵەت بە فەرمانداری ڕاگەیاند بوو کە دەست لە کاروباری خەڵک وەرنەدا و هەوڵ بدا کارە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران "مەجلیسی شووڕای میللی ئێران" بۆ ساڵی ١٣٢٢- ١٩٤٣ ئامادە بکا. بەڵام ناوبراو هەر کە گەیشتە مەهاباد یەکجێ ئیدارەی شارەوانی کە هەڵوەشابوو دایمەزراندەوە. دیارە فەرماندار و بنکەی شارەوانی هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتویان نەبوو و بێ پرسی عەشایر چیان بۆ نەدەکرا و زۆرتر خەڵک بۆخۆیان لە ژێر ڕێبەری قازی محەممەد دا شاریان دەپاراست.

سەرەڕای ئەوانە پۆلیسەکانی ئەو بنکەیە بێکار نەبوون و وردە وردە هەوڵیان دا دەست لە کاروباری خەڵک وەردن و پیلان و ئاژاوە بگێڕن و بارودۆخەکە بشێوێننەوە.

بە گشتی هەوڵ و تەقەلای عەشایر بۆ گەڕانەوەی دەستەڵاتی بەهێزی ڕێژیم بۆ کوردستان، بێ ئاکام بوو خێری نەداوە. عەشایر بۆخۆشیان دەستەڵاتی ئەوتۆیان بە سەر خەڵک دا نەبوو و ڕووس بەربەست بوون و نەیاندەتوانی بە زۆر خۆیان بەسەردا بسەپێنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یەکەم دەستەڵاتی نیشتمانیی (شووڕای شار) و کوژرانی قازیزادە

لە تەواوی ئەو کێبەرکێ و گۆڕانکاریانەدا، قازی محەمەد وەک ڕێبەرێکی مەعنەوی خۆشەویست، کارەکانی خەڵکی مەهاباد و دەورووبەری ڕادەپەڕاندکرد و کاریگەری زۆری لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانی ژێردەستەڵاتی ڕووس دا هەبوو، قازی محەممەد بوو.

بە پێی ژمارە ٢ی حەوتەنامەی کوهستان، دەوڵەتی ئێران هەر بە دوای وەلانانی ڕەزاشا، تا کۆتایی ساڵی ١٣٢٢ لە هێندیک لە سەرۆک عەشایری مەنگوڕ و مامەش و دێبۆکری و کەسایەتی قازی محەممەد بۆ پاریزگاری لە مەهاباد کەڵکی وەرگرت. بەڵام قازی محەممەد کۆسپی گەورەی سەر ڕێگای گەڕانەوەی ڕێژیم و بە دەستەڵات گەیشتنی خائینان لە مەهاباد بوو. بۆیە ئاسایی بوو کە بۆ لە ناوبردنی هەنگاو هەڵێنن.

لەو قوناغەدا، دەگەڵ پەرەستاندنی هاڵۆزی و نائەمنی، کێشەی گەورەتر پەیدا بوو و هەموو بەرپرسانی دەزگا حوکمییەکانی ڕێژیم لە مەهاباد، لە ترسان هەڵاتن. بەڵام ئەوانە ئەو کەسە نەبوون کە دەست لە پارۆ چەورە و لە ئازار و عزابی خەڵک هەڵگرن. ئەگەر بە دەرکە دا وەدەرنراربان بە پەنجەرەی دا وە ژوور دەکەوتنەوە. بۆیە هێندەی پێنەچوو سەروکەلەی قازیزادە و ڕەئیسی ئەمنییە و ... پەیدا بۆوە. بەناچار کاربەدەستانی شاری مەهاباد لێیان خەفتان تا بەشێوەیەک لە ناویان بەرن و هەڵیانقەنن و نەیەڵن جێ قوونیان خۆش کەن.

قازی زادە خەڵکی تەورێز بوو. ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا، باسی کوژرانی قازی زادە دەکا کە دە ڕۆژ بەر لە کوژرانی پاسەوانەکان ڕووی دا و دەنووسێ: بەرپرسی ئیدارەی ئامار پیاوێکی تورک بوو خەڵکی تەورێز و ناوی (قازی زادە) بو. پیاوێکی زۆر زمان شڕ و بێ ڕێز و لە خۆ بایی بو. ڕۆژێک لە ناو ئیدارە دا جنێو بە کوردان دەدا و هات و هاوار ساز دەکا. لە سەر ئەو بێ ڕێزی و جنێو دان بە پیرۆزییەکانی گەلی کورد هەر ئەو شەوی لە ماڵەکەی دەچنە ژور و بە دەمانچە دەیکوژن. ئەوە یەکەم ڕووداوی کوشتن بوو کە لەو ماوەیە دا لە مەهاباد ڕووی دا.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٤٧٩ی باسی حەمەدی مەولود دەکا کە لە تیرۆرکردنی قازی زادەدا لەگەڵ بووە بەڵام ئەو تیرۆری نەکردووە، هەمووکاتیش لەوە بە داخ بوو کە بۆچی لەگەڵ ئەو ناپیاوانە هێرشی کردۆتە سەر ئەو ماڵە و ئەو پیاوە بێتاوانەیان کوشتووە و ماڵەکەیان بە تاڵان بردووە.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٧٢ بیرەوەرییەکانی دا بە پێچەوانەی قسەکانی دوکتور ئاسۆ، بەرپرسیایەتی کوشتنی قازیزاد بەستۆوە دەگرێ و لەسەر چۆنییەتی کوشتنی ئەو دەنووسێ: شەوێک "میرزا برایم" هاتە ماڵم و گوتی: لە ماڵە حوسێنی زێڕینگەران تۆیان دەوێ. کە چووم، حوسێن و "سەعیدی یۆسفی" و "حەمەدەمین خاتەمی" و چەند نەفەری دیکە لەوێ بوون. لام وایە زەبیحی بوو گوتی: بەیانی دەستێک مەعمووری ئێران دێنە شار، ڕەئیسی ئاژان و ڕەئیسی سجیلیان دەگەڵە. دەبێ هەردوو ڕەئیسی سجیل و ئاژانی لەنێو بچن، ئەوانە بۆیە دێن تا بنەی حکومەتی داکوتنەوە و جێ خۆشکەنەوە، ئێمە نابێ ئیزنی ئەو کارەیان پێبدەین.

ڕەئیسی سجیلی لە گەڕەکی "جولەکان" دەبێ و ڕەئیسی ئاژانیش لە گەڕەکی "حاجی حەسەنیان" دەبێ. هەردوو گەڕەکیش "سەید محەممەدی سەید ڕەحمان" ی بەسەریان ڕادەگا کە دە کۆمەڵەیدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبوو. شەوانە خۆی و پیاوەکانی نۆبەچین. مامە غەنیش لەسەر کارە و ڕەئیسی شارەوانییە و چەند نەفەر قۆڵسووریش لە ئیدارەن و بە کاروباری شار ڕادەگەن و قازی هەر ئەمرێ بکات، ئەوان بەجێی دەگەیێنن. جا منیش نە نێوانم دەگەڵ مامە غەنی هەیە نە دەگەڵ سەید محەممەدی، ئەو ئەمرەشم پێسپێردراوە و هەر دەبێ بەجێی بگەیێنم، عیلاج نییە. هاواڵەکانم کۆکردەوە و لەناو خۆماندا ڕا و مەسڵەحەتمان کرد، چی بکەین؟ چۆن ئەو کارە قورسە ڕاپەڕێنین؟

حەمەدی مەولوودی لەگەڵ هاوڕێیانی پلانەکە دادەڕێژن و بڕیار دەدا کە پەیوەندییەکەی لەگەڵ "سەید محەممەدی سەید ڕەحمانی" ئاسایی بکاتەوە و بە هەزار ناری عەلی ئەو ڕازی دەکا و بەرنامە دادەنێ کە شوێنێک لە پادگان ئاور بدا تا مامە غەنی سەرۆکی شارەوانی سرنجی بکەوێتە ئەوێ و ئەوانیش بۆ کوشتنی ئەوانە بچنە سەر ماڵەکانیان. دوایە حەمەد مەولوودی بە دەستەیەک چەکدار دەچێتە سەر ماڵە قازی زادە(ڕەئیسی سجیلی) و بە نیردیوانی دا وەسەر دەکەوێ. تەماشا دەکا قازی زادە لەگەڵ ژنە تازەکەی پێکەوە نووستوون و ژنە کۆنەکەی و منداڵەکانیشی لە ژووری خواری نووستوون. حەمەدی مولوودی بۆ ئەوەی ژنەکەش وەبەر نەیە تەقە ناکا و نایەڵێ میرزا برایمی گەورک کە پێشتر ئاژان بوو ئەویش تەقە بکا. بۆیە دێنە خواری بە سەربانی ماڵان دا خۆ دە حەسارێ داوین و ئاژانی کێشک کە لە غوڕابی خەو دابوو دەگرن و لە پلیکانان وەسەر دەکەون. دەرکەی کە دەکەنەوە قازیزادە دەست و برد دەکا و بە دەمانچە دایاندەگرێ. حەمەدی مەولوودی خۆ کل دەکا ودەست و برد ٣ گوللەی لێدەدا و وەستا (میرزا) برایمیش تفەنگێکی لێدەدا و دەیکوژن. ژنەکەی دەقیژێنێ و هات و هاوار دەکا کە نەیکوژن.

حەمەدی مەولوودی و پیاوەکانی ئەوجار بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە ماڵە ڕەئیسی ئاژان، بەڵام ئەو خۆی دەرباز کرد بوو بەو شەوە بە لیباسی شەخسی ڕایکرد بوو. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٧٥ بیرەوەرییەکانی دەڵی کە نازانیێ کێ ئاگاداری کرد بوو بەڵام دەنووسێ کە دوایە بیستوویەتێوە کە عەلی ڕەحمەتی ماشێنی بۆ بردووە و ئەو شەوە بردوویەتی بۆ میاندواێ و دەنووسێ: ئەو دوو ڕەئیسە دەگەڵ سێ نەفەر ئاژان هاتبوونە شارەکەمان تا جێگای خۆیان خۆش کەن و ئەو قۆڵسوورانەی مامە غەنیش (غەنی خوسرەوی) تا کاتی خۆی لە جێی ئاژان بن دەنا، لە سەر (کۆمەڵە) و خەڵکەکە ببنە سیخوڕ و ئەوەندە ئازادییەمان لێ تێکدەنەوە و دیسان ئاژان و ئەمنییەی زاڵم لەسەرمان ببێتەوە کەڵەگا. مامە غەنی لە پێشدا لە فەرمانداری کاری دەکرد داژدار و لاگیری ئێرانییەکان بوو.

بەمشێوەیە قازیزادە کوژرا. حەمەدی مەولوودی لە درێژە دا بۆ بەیانی دەڵێ کە "نان و چای بەیانیم خوارد و چوومە خەیابانێ. تەماشام کرد بەردەرکی ماڵی "قازیزادەی" عالەمێکی زۆری لێکۆبۆتەوە" و لە لاپەڕەی ١٧٦ دا دەنووسێ: ″قازی″ش کورسیان بۆ داناوە و وەسەر کەوتووە و نوتقی بۆ عالەمێ دەکات. چوومە نێو خەڵکەکە تا گوێ بۆ″قازی″ هەڵخەم، کەچی دەبینم هەموو خێسەم لێدەکەن، سوور دەزانن کاری منە. ئاغاوەتی مەنگور و مامەش و هەموو عاشیرەتەکان هاتوونە تەماشایە و لە خەمی ″قازیزادە″ دان و خێسەش لەمن دەکەن. منیش گوێم داوە بە قازی و کەسیش بە پیاو نازانم. قازی دەڵێ: ئەو ″قازیزادە″ە لەوەپێش لە شاری ئێمە بووە، ڕەئیسی ئەو شارە بووە، داخوا زوڵمی لە کێ کردووە کە ئێستا بەو دەردە چووە.

زۆری تری لەسەر ڕۆیی و لە عەینی قسانیشدا جارجار چاوێک لە من دەکات. منیش لە خۆڕا دڵم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەو چاوانەی قازی خۆش بوو.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٧٦ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر وەزعی خۆی بە دوای کوشتنی قازیزادە دە دەنووسێ: ئەو ڕۆژە مەیتی "قازیزادە"یان بردە نێو قەبران و شاردیانەوە. ئەو سەردار عاشیرەتانە هەر دەتگوت بابیان کوژراوە، ئەوەندە خەمبار بوون. ئیتر هێندەی دی لەمن بە ڕقدا چوون و ناشوێرن بە ئاشکرا لەنێوم بەرن. لەمن ناترسێن، لەو کاخەزەی دەباخەڵم دایە دەترسێن. ئەوجا خەریکن بە جورێکی دیکە دەگەڵم بزووێنەوە. منیش بەرم داوەتە بێعارێ و ئەوانیش وەختە شەق بەرن. دەوڵەمەندەکانی شار لە ئاغاکان زیاتر ددانیان لێ دەچیڕەوە دەبردم. ڕۆژ نەبوو نەچنە لای قازی و درۆ هەڵنەبەستن و بۆم تێنەچێنن. قازیش زۆریان گوێ بۆ شل ناکا.

بەپێی لاپەڕەی ٩٦ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" ساحەب قەڵەم، بەرپرسی ئیدارەی کشتوکاڵی پارێزگای چوار بە ڕێکەوتی ١٣٢٢/٨/١٩ لەسەر ئەو ڕووداوە دەنووسێ کە نیزیک بە ١٥ کەس لە جەردەکانی مەهاباد لە شەودا هێرشیان کردە سەرماڵە ئاغای قازی زادە بەرپرسی نوێ ئامار و لە بەرچاوی منداڵەکانی کوشتیان و هەموو کەرەسەی ماڵەکەیان برد. ڕۆژی ٢٥ ڕەزبەر بنەماڵەی ناوبراو بە هۆی ئاغای قازی محەممەد کە یەکێک لە دەستەڵاتدارانی مەهابادە، ناردرا بۆ ورمێ. ترس و خۆف، هەموو فەرمانبەرانی حکومی داگرتووە و ڕەئیسی شارەبانی و پاسەبانەکان هەڵاتن بۆ شاری ورمێ. ئەمن لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەر لە مەهاباد بووم. هێشتا ئیداراتی دەوڵەتی لە مەهاباد دانەمەزراونەوە، بەڵام لەو دوایانەدا، دوای هاتنی ئوستاندار هەوڵ دەدرێ ڕەئیسی شارەوانی و پاسەوانەکان بگەڕێننەوە بۆ مەهاباد.

لەوکاتەدا خەڵک، بە تایبەتی خەڵکی شار چاووگوێیان زیاتر کرا بووە و هەموو شتێکیان قبووڵ نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەی کە نەچوونە ژێر باری زوڵم و زۆری عەشایر، هەوڵیان دا لە ژێر ڕێبەریی کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی خۆجێی دا حاکمییەتی شار بەدەستەوە بگرن.

هەر لە پەڕاوێزی دەستەڵاتی شار دا ڕەحمانی قازی لە ڕۆژگاری ون بوودا دەنووسێ: خەڵکی شار داوایان لە جەنابی قازی محەممەد کرد کار و باری شار وە ئەستۆ بگرێ و خۆی چاودێری بارودۆخەکە بکا. جەنابی قازی فەرمووی: ئەو بەرپرسیارەتییە وە ئەستۆ دەگرم بە مەرجێک لە قسەم دەرنەچن.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١٣٤ دا بە شێوەیەکی دیکە ئەو بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە و دەنووسێ کە نائارامی و هاڵۆزییەکانی ئەم سەردەمە و کەس بە کەسی وای کرد کە بازارییەکانی مەهاباد ڕۆژێک لە ماڵە غەفووری مەحمودیان کۆبنەوە و پیاو ماقوڵانی شار بانگهێشتن بکەن و بڕیار بدەن بۆ پاریزگاری لە شار کۆببنەوە و دوای ڕێزلینان لە هەڵس و کەوتی پیشەوا قازی لە چارەسەری کێشەکان داوای لێبکەن کە ببێتە نوێنەری ئەوان بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکانی خەڵک و عەشایر. قازی محەممەدیش ئەو داوایەی بە گیان و دڵ قبووڵ کرد.

ڕەحمانی قازی لە چوارچێوەی بەدەستەوە گرتنی دەستەڵات لە لایەن قازی محەممەد، باسی هێندێک کیشەی ناو بنەماڵەی قازی و هەڵسوکەوتی عەوڵای بایزئاغا دەکا و دەنووسێ:

ئێمە لە مەحکەمە لە خزمەت ئاغای سالار دانیشتبوین پیاوێکی عەوڵای بایز ئاغا کە چەکدار بو وەژور کەوت و ڕووی کردە ئاغای سالار و کوتی: عەوڵا ئاغا دەڵێ ئاغای سالار ئەو گەنم و جۆیەی جەنابی قازی کە بە تاڵانی بردووە دەبێ لە ماوەی دو ڕۆژ دا بیهێنێتەوە و لە شار ڕادەستی بکاتەوە و بۆخۆشی لەو ماوەیە دا لە شار نەڕواتە دەر، گەر ئەوە نەکا بە زۆر لێی دەستێنمەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک ئاغای سالار گوێی لەو قسەیە بو کوتی: بڕۆ بە ئاغاکەت بڵێ ئەمن دە تۆنم ئێسکی مردوان لەو شارە دا هەیە و ئەو شارە هی منە. گەر لە ماوەی چوار کاتژمێر دا لەو شارە وەدەر نەکەوێ دۆکڵیوێکی وای بۆ لێدەنێم بە کەس کەوچکی تێ نەگەڕێ. پیاوی عەوڵا ئاغا گەڕابۆوە و قسەکانی ئاغای سالاری بە وردی بۆ گێڕابۆوە. ئاغای سالار بە ئێمە و هەمو ئەو کەسانەی لە مەحکەمە بون کوتی دەست دەنە تفەنگەکانتان و گەر مەنگوڕ تەمای دەست بزێویان هەبو مەیان پارێزن. بە منی کوت بڕۆ بە ڕەحمان کەیانی و مام ئەحمەد ئیلاهی و حوسێن زێڕینگەران و ... بڵێ بێنە بەر دەرکی مەحکەمە دەمهەوێ مەنگوڕان لە شار دەر بکەم. کاتێک ئەو هەواڵەم پێ ڕاگەیاندن و گەڕامەوە مەحکەمە زۆر بە خێرایی خەڵکێکی یەکجار زۆر چەکدار و بێ چەک لە دەرگای مەحکەمە کۆ بونەوە. هۆکارەکەی ئەوە بو خەڵکی شار زۆریان پێ خۆش بو ئەو کارە سەر بگرێ و بە تایبەت دەیانویست کە ئاغای سالار کار و باری شار وە دەست بگرێ. خەڵکی مەهاباد ئاغای سالاریان زۆر باش دەناسی. لەو سەردەم دا ئاغای سالار یەکێک لە گەورە پیاوانی کوردستان بو ...

کاتێک عەوڵا ئاغا هەواڵی کۆبونەوەی خەڵک دەبیستێ و ئاغای سالاریش باش دەناسێ و دەزانێ هەڵس و کەوتی چۆنە ڕو لە ئاغایانی مەنگوڕ دەکا و دەڵێ گەر ئاغای سالار زو ئاشت نەکەینەوە ئەو دۆکڵیوەی بەڵێنی پێ داوین بۆمان لێ دەنێ. عەوڵا ئاغا ڕو دەکاتە عەلی خانی قادر مروەت و دەڵێ ئەوە کاری تۆیە، بڕۆ بزانم چ دەکەی. عەلی خان پیاوێکی خوێندەوار و قسەزان و لێهاتو بو. لەگەڵ سێ کەس لە ئاغایانی مەنگوڕ هاتنە مەحکەمە. کاتێک لە بەر دەرگا ئەو خەڵکە زۆرە دەبینن تێدەگەن گەر عاقڵانە نەجوڵێنەوە توشی کارەسات دەبن. لە مەحکەمە وەژور کەوتن و دیتیان چەندین کەس لە ڕدێن سپی و کەیخودای شار لە لای ئاغای سالار دانیشتون و باسی ئەو بابەتە دەکەن.

ئاغای سالار بە خێرهاتنی کردن و زۆری ڕێز لێ گرتن. عەلی خان کوتی : ئاغای سالار عەوڵا ئاغا سڵاوت دەگەیێنێ، عەرزی دەکردی بە تەما بوم بۆ هێندێک وتووێژ بێمە خزمەتی بەڵام لە بەر وەی بارودۆخەکە گونجاو نییە نەهاتم. ئێستاش کە جەنابی قازی محەمەد لە لای منە گەر بە ئەرک نەبێ زۆرم پێ خۆش دەبێ ئاغای سالار تەشریف بێنێتە ئێرە و میوانمان بێ. ئاغای سالار لە وڵام دا کوتی: عەلیخان ئەتۆ بۆ هەر جێگایەک بڵێ دێم. دوای ئەو قسانە ئاغای سالار هەستا و لەگەڵ عەلیخان و کادەروێشییەکان وەڕێ کەوت و بە منیشی کوت ئەنگۆش وەرن. مزڵی عەوڵا ئاغا لە پشت "ئیدارەی دوخانیە" و لە ماڵە حاجی عەبدولخالقە کوڕەی دا بوو. کاتێک چوینە حەوشەی مزڵی عەوڵا ئاغا پڕ بو لە کادەروێشی و هەمویان چەکدار بون. کاتێک چوینە ژورێ عەوڵا ئاغا جێگای خۆی دا بە ئاغای سالار و هاتە لای خوارێ دانیشت. جەنابی قازی محەمەدیش لە بەر ئاغای سالار هەستا و زۆری بەخێرهاتن کرد.

عەوڵا ئاغا کە پیاوێکی لێ هاتو و تێگەیشتو بو ئاوا دەستی کرد بە قسان: ئاغای سالار، لە کۆنەوە کوتویانە هەر چی بۆن بگرێ خوێی لێ دەدەن بەڵام ئەوڕۆ کە خوێ بۆ خۆی بۆنی گرتووە. جاران هەر بنەماڵەیەک یان کەسێک کێشە و گیر و گرفتی دەبو دەهاتە لای بنەماڵەی قازی تا بۆی چارەسەر بکا و پێکیان بهێنێ کەچی ئەوڕۆ ئێوە لە نێوان خۆتان دا کێشەتان هەیە و دەبێ خەڵک کەیخودایيتان لە نێوان دا بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغای سالار کوتی عەوڵا ئاغا تێناگەم جەنابت باسی چی دەکەی. عەوڵا ئاغا بە پێکەنینەوە کوتی بەڵێ هەرچی بە قازانجت نەبێ تێی ناگەی. جەنابی قازی محەمەد دەفەرموێ ئاغای سالار تاڵانی کردوم و گەنم و جۆی قاڕنجەی لە چاڵ دەرهێناوە و بردویەتی. ئاغای سالار لە وڵام دا کوتی "ثبت العرش ثم قش" واتە بسەلمێنە ئاسمان هەیە دوایی بڵێ شینە. جەنابی قازی بیسەلمێنێ کە قاڕنجە موڵکی ئەوە دوایی بڵێ تاڵانی کردوم. من قاڕنجە بە موڵکی خۆم دەزانم. جەنابی قازی فەرموی گەر وا بێ من هیچ قسەم نییە و داواکەی خۆم وەردەگرمەوە. پاش خواردنەوەی چایەک جەنابی قازی و ئاغای سالار هەستان و دوای ماڵ ئاوایی لە عەوڵا ئاغا پێکەوە وەڕێ کەوتن بۆ مەحکەمەی ئێمە. کاتێک گەیشتینەوە خەڵک هەر لەوێ بون و بڵاوەیان نەکردبو. ئاغای سالار ڕوی کردە خەڵکەکە و کوتی هەمو خەڵکی شار بە باشی ئاگادارن بنەماڵەی قازی ئەو شارە بە هی خۆیان دەزانن و خەڵکی شاریش بە برا و کەس و کاری خۆیان دەزانن. هەر بەو هۆیەش هەموکات خۆمان لە پێناو ئەو شارە و خەڵکەکەی ناوە. بنەماڵەی قازی نزیک بە چوارسەدساڵیان مێژو هەیە و لێرە لە دایک دەبن و لێرەش دەمرن. سەدان مردومان لە گۆڕستانی ئەو شارە دا بە خاک سپێردراوە و خۆمان لە خەڵکی ئەو شارە بە جیا نازانین و خەڵکیش زۆریان ڕێز لێ گرتوین. ئێمەش بە ڕێگەی باب و باپیرانمان دا دەڕۆین و لە خزمەت کردن بەو شارە و دانیشتوانی دەست هەڵناگرین. بەڵام خەڵکی ئەو شارە پێویستیان بە یەک گرتن هەیە و لە هەمو شتێک گرینگتر پێویستیتان بە کەسێک هەیە لە خۆ بردو و ئازا و زانا بێ بۆ ئەوەی بتوانێ گیان و ماڵ و ناموسی ئێوە لە دەست بێگانە و دەست درێژان بپارێزێ. ئەوەش بە یارمەتی و پاڵپشتی ئێوە سەر دەگرێ. من کە تەمەنێکم ڕابواردووە و سارد و گەرمی ڕۆژگارم زۆر چێشتووە بۆ ئەو کارە لە جەنابی قازی محەمەد باشتر و شیاوترم پێ شک نایە. خەڵکەکەش بە گشتی کوتیان ئێمەش لە جەنابی قازی محەمەد باشترمان ناوێ و بە بڕوای ئێمەش کەسێکی باش و شیاوی ئەو پۆستەیە. دوای ئەو قسانە خەڵکەکە بڵاوەیان کرد و ئێمەش چوینەوە مەحکەمە.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١٣٤ی بیرەوەرییەکانی دا، باس لەوە دەکا کە بۆ بەرگری کردن لە نائەمنی و کوشت و کوشتار و بێ قانوونی، توێژی بازاڕیی یەک دەگرن و تەشکیلاتێک پێک دێنن بە ناوی ئەنجومەنی ئەسنافی بازاڕیان و لە هەر بنەماڵەیەک کەسێک بۆ کێشکی شەوانە دیاری دەکرێ تا لە بەرانبەر بە دەستدرێژی عەشایر ڕابوەستن. هەروەها کەسانی سەرناس و گەورە و بەڕێز بانگهێشتن کران تا لە کۆبوونەوەیەک دا، بە دژی کەسانی ئاژاوەگێر و خراپ ڕێوشوێنێک بۆ هێمنی و ئاسایشی خەڵکی شار دابنێین. ئەو کۆبوونەوە لە خانویەکی تازە سازکراوی خەیابانی شاپور، لە خوار مزگەوتی هەباس ئاغا لە ماڵە میرزا غەفووری مەحمودیان لە نهومی دووهوم بەریوەچوو. لە قازی محەمەد گێڕدرابووە و ئەو لەگەڵ هەژار و هیمن بەشداری ئەو کۆبوونەوە بوون و دوای ڕێزلینان لە زەحمەت و لەخوبردووەکانی قازی محەمەد، چەند کەس شێعریان خوێندەوە و ئەمنیش لە لایەن سنفی بەزازان شێعریکم خوێندەوە کە قازی زۆری پێباش بوو. هەژار و هێمنیش شێعریان خوێندەوە و خەڵکیان بۆ یەکیتی و برایەتی و خۆپاراستن لە شەڕ و دووبەرەکی هان دا. لەو کۆبوونەوەدا قەتعنامەیەک دەرچوو و بڕیار درا کە لەمەو بەدوا قازی محەمەد بەرپرسایەتی چارەسەری کێشە و گیر و گرفت و هەڵاکان بەستۆوە بگرێ. مرحومی قازی داوای خەڵک و بەشدارانی قبووڵ کرد و ڕایگەیاند کە لە ڕێگای پارازتنی گیان و ماڵ و نامووسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵک، حازرە گیانی خۆی فیدا بکا.

پاڵپشتێکی دیکەی قازی محەممەد بۆ ئەوەی ئیدارەی شار بەدەستەوە بگرێ، بوونی کۆمەڵەی ژ.ک بوو و سەعید هومایون لە یادداشتەکانی دا دەنووسێ کە ئەمنییەتێکی بێ وینە لە ژێر سایە و ڕێبەریی قازی محەممەد و تەشکیلاتی نهێنی (کۆمەڵەی ژ.ک) دا پێکهات.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ۱۹۰ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر ئەرکی خۆی لە شارەبانی و ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵک دەنووسێ: دەگەڵ هاواڵەکانم شارەبانیمان ئاوەدان کردەوە و دەستمان کرد بە کار و کێشە و گرفتەکانی شارمان چارەسەر دەکرد. گەر کەسێک شکایەتی دەبوو، دەچوو بۆ لای قازی، قازیش بۆ منی دەنووسی کە ئەوانە بنێرە لای مەلا شەرعیان بکات یان ئەو ئیشەی ئاوا لێبکە. منیش بێ ئەمری قازی نەدەجوڵامەوە و سەربەخۆ کارم نەدەکرد. زۆر باش بە کاروباری شار ڕادەگەییشتم و خەڵکیش و قازیش زۆر ڕازی بوون. ئێستا من بوومە دارۆغەی شار و ڕەئیسی ئەو ئیدارەیەم کە لە گرتووخانەکەی گیرابووم و ئەشکەنجەیان دابووم و تا سەرەمەرگێ تێیانهەڵدابووم. ئێستا من لەوێ ڕەئیسم، خەتاکاران دەگرم، لەو ژوورەیان دەکەم و بێتاوانان بەردەدەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ١٠

## دروست بوونی ڕێکخراوی سیاسی

## حیزبی تودە

ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی دوای ساڵی ١٣٢٠ بوو بە هۆی دامەزرانی دەوڵەتی بێ دەستەڵاتی محەممەد ڕەزا شا لە ئێران دا، کە هەر بەرژەوەندی وڵاتانی ئینگلیس و ئەمریکای دەپاراست. لەبەرانبەر دا بەشێک لە دەوڵەت، هێز یان ڕێکخراوێکی سیاسی ئەوتۆ نەبوو کە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ڕووس بێ. بۆیە ڕووسان خێرا هەوڵیان دا تا ڕادەی دەستەڵاتی خۆیان، بە دامەزرانی تاقم و گروپی سوسیالیستی و چەپ لە ئێران دا پەرە پێبدەن. هێندێک لە کومونیستەکانی ئێرانی کە لە زەمانی ڕەزاشادا، تەقی ئەرانی ڕێبەری دەکردن و ٥٣ کەس بوون، یان لە زیندانی ڕەزاشا دا مردبوون، یان لە شووڕەوی وەبەر دەزگای پاڵاوتنی ستالین کەوتبوون و کوژرابوون. بۆیە بە دوای ڕووخانی ڕەزاشادا ڕووسان نەیانتوانی حیزبی کومونیستی قەدیمی ئێران ببوژێنێتەوە و بە ناچار حیزبی تودەیان دامەزراند. "ئیرەج ئەسکەندەری" و "ڕەزا ڕووستا" دوو لایەنگری ڕووس پەیوەندیان بە نوێنەری بازرگانی سەفارەت لە "پامنار" گرت و داوای دامەزرانی حیزبی تودەیان کرد. دەوڵەتی ڕووس لە مانگی ڕەزبەری ١٣٢٠دا بە مەرجێک کە ئەو حیزبە بە دژی هیتلێر تەبلیغات بکا، ڕەزایەتی خۆیان دەربڕی. بەمشێوەیە حیزبی تودە وەک گەورەترین حیزبی ئێرانی لایەنگر و سەمپاتی بە تەواو مانای سیاسەتی شووڕەوی لە ئێران دا، لە ئۆکتۆبری ١٩٤١دا، دامەزرا. دیارە لە لاپەڕەی ٨٠ کتێبی "انکار و مقاومت" دا کە عەلی مرادی مەراغەیی نووسیوێتی، هاتووە کە ٢٧ کەس کە زورترینیان لە کمونیستەکانی گروپی ٥٣ کەسی بوون، لە ڕۆژی ٧ ڕەزبەری ١٣٢٠ لە ماڵە سولەیمان میرزای ئەسکەندەری کۆبوونەوە و حیزبی تودەیان دامەزراند و پیشەوەری کە بەشداری ئەو کۆبوونەوە بوو، ئەساسنامە و بەرنامەکەی نووسێ. لەو سەرچاوەیەدا هاتووە کە عەلی ئۆف کە کارمەندی سفارەتی ڕووس لە تاران بوو، لەو کۆبوونەوە دا بەشدار بوو. زۆربەیان نەیاندەناسی و پێشەوەریش کە عەلی ئۆڤی دەناسی، نەیناساند. حەلی ئۆڤ زۆر باش بە فارسی قسەی دەکرد و ئەو دژی دامەزرانی حیزب، بە ناوی حیزبی کمونیستەوە بوو.

حیزبی تودە لە یەکەم دروشمی دا دەیگوت ئیمتیازی نەوتی باشوور دراوە بە ئینگلیس، مانای نییە کە نەفتی شمالیش نەدری بە ڕووسان. لەو سەردەمەدا، هەر لەسەر بنەمای ئەو خۆشەویستی و سەمپاتییەدا، بۆ یەکەم جار دروشمی "مەرگ بەر ئەمریکا" لە زمانی ڕێبەرانی حیزبی تودە بڵاو بووە.

زۆرترین مەیدانی کار و تێکۆشانی حیزبی تودە، لە شارەکانی سەرووی ئێران بوو کە لە ژێر دەستەڵاتی ڕووسان دا بوو و ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە لە ئازەربایجان بە هۆی محەممەد بریا و سادقی پادگان و غولامعەلی دانشیان و عەلی شەبستەری و میر ڕەحیمی وەلایی بەڕێوە دەچوو.

حیزبی تودە لە ناوچەی موکوریان دا نفوزی نەبوو. لە کتێبی چێشتی مجێوردا، هەژار دەنووسێ کە لە سەفەرێک بۆ تەورێز، قولی یۆف بە پێشەوای گوتبوو کە جیا لە حیزبی تودە هیچ حیزبێک قبووڵ ناکەن بۆیە دەبێ خۆتان حەل کەن ببنە تودە دەنا دەتانکوژین ...

حیزبی توده بەرنامەی نەتەوەیی بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران نەبوو. بە پێی لاپەڕەی ۱۲۲ی ڕەحیمی قازی لە سەرەتایی ساڵی ۱۹٤۲دا، لکێکی حیزبی توده بە نەهێنی لە لایەن ژمارەیەک ڕووناکبیر لە مەهاباد دامەزرا. بەڵام وەزعییەتی مەهاباد بە جۆرێک نەبوو کە ئەو حیزبە بتوانێ پەرە بستێنێ. هەر لە ئاخری ئەو ساڵە دا، لقێکی حیزبی توده لە کرماشانیش دامەزرا کە ڕادەی ئەندامانی زۆر بوو.

بە پێی لاپەڕەی ٥٤ ی کتێبی "ئاڵەکۆک" لە سەروبەندی گۆڕانی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات، بە نەهێنی نامیلکەیەکی حیزبی بە ناوی "حیزبی توده چ دەڵی و چی دەوێ" بە زبانی فارسی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵە دا بڵاو بووە. غەنی دەڵێ کە ئەو نامیلکەیە باسی چەپی سوسیالیزمی تێدا نەبوو تەنیا لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ئێران دا نووسرابوو و دەنووسێ: ... پاشان زانیم کە عەزیزی زەند( عەزیز ئاڵمانی) و غەفووری مەحموودیان خەریکن بە لایەنگری کردن لەو نامیلکەیە شەوانە لە گەرەکی مزگەوتی سوور کۆ دەبنەوە و گفتگۆی لەسەر دەکەن.

لە ژێر ڕووناکایی قسەکانی غەنی بلوریان دا، دەبێ بە پشتیوانی ڕووسان هەوڵ درابێ کە لقی حیزبی توده لە مەهاباد دامەزرابێ. ئەحمەدخانی ڕەشیدخانی شەجیعی فەیزوڵلابەگی کە لە ئاغایانی فەیزوڵابەگی سەقز بوو و بە دوای ڕووخانی کۆمار ئێعدام کرا، لە کاتی وەسیەت کردن دا باسی ئەندام بوونی خۆی لە تەشکیلاتی کمونیستی عەزیزی زەند دا دەکا. ئەو وەسیەتە لە لاپەڕەی ۱۳۳ بەرگی دووهەمی کتێبی "بەوسەرهاتی سیاسی کورد" لە نووسینی محەممەد ئەمینی مەنگوڕی بەمشێوەیە هاتووە:

برایانی فەیزوڵلابەگی ئەوا من ئەڕۆم بۆ پای دار. ئەگەر ئێوە مان بەوساتەوە یادم بکەن. ئەحمەد خانی کوڕی ڕەشید خانی تورکەمانکەندی بوو لەناو فامیلی فەیزوڵلا بەگیدا زۆر هەڵکەوتوو بوو. مەشهوور بوو بە سەخی تەبع و ڕووخۆش و جەفەنگباز: زمانی ڕووسی، فارسی، تورکی، کوردی زۆر باش ئەزانی. خوێندەوارێکی لایق بوو. لەدێی کلتەکەی بۆکان دائەنیشت. لە قەزییەی شەهریوەرا لەگەڵ ئەحمەدخانی سالار ئیشتراکی حەڕەکاتی حەمە ڕەشیدخانی کردبوو.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە خزمی قازی محەممەد بوو، لە ئاشکرابوونی قازی محەممەد بایداوە لای قازی محەممەد. لەگەڵ عەزیزخانی یاسیکەندا، بە دەستووری ڕووسەکان حیزبێکی شیوعیان لەو ناوچەیەدا کردبووە. بەڵام لەبەر بێ موقتەزای وەخت ئەو حیزبە لەپاش بەینێک لەلایەن قازی محەممەد و ڕووسەکانەوە داخرا.

غەنی بلووریان دەنووسێ کە ئەوە بوو بە هۆی ناڕازی بوونی دەستەیەک لە ناو کۆمەڵەدا. کاتێک کە کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکی گەورەی پێکهێنا و قازی محەممەد قسەی بۆ خەڵک دەکرد، دەنگۆ داکەوت کە کەسانێک دەیانەوێ کۆبوونەوەکە تێک بدەن. لەوکاتە دا دەستەیەکی چەکدار لە هاوڕێیانی حاجی حەسەنە شەلە کە ۱۲ کەس دەبوون بە بۆڵە بۆڵ هاتنە نێو کۆبوونەوەکە، بەڵام دەستیان نەبزاوت.

چەند ڕۆژ دوای ئەو کۆبوونەوە غەفووری مەحمودیان کوژرا. بە پێی قسەکانی غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ٥٥ ی ئاڵەکۆک دا، دەنگۆی ئەوە هەبووە کە ناوبراو بە دژی کۆمەڵە پەیوەندی بە تارانەوە هەبوو. کەسانی دیکەش گوتوویانە کە پەیوەندی بە هاشم ئۆڤ یەکێک لە کاربەدەستانی ڕووس لە ورمێ هەبووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

غەنی بلوریان لە درێژەدا دەنووسێ کە چەند ڕۆژ پاش ئەو ڕووداوە عەزیز زەند مەهابادی بەجێهێشت و چووە تەورێز. ناوبراو لەگەڵ چەند کەس لە هاوبیرانی لقی حیزبی تودەی لە ئازەربایجان دامەزراند. دوایە تێکەڵ بە فرقە بوون. عەزیز بە دوای ئەوەدا کۆتایی بە کاری سیاسی هێنا و چوو لە تاران نیشتەجێ بوو.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٥١ بیرەوەرییەکانی دا باسی عەزیزی زەند وەک ئەندامی حیزبی توده دەکا و دەنووسێ: ... منیش ئەوە خەبەرم زانیوە کە لە تەورێز حیزبی توده هەیە و "عەزیز زەندی" دەو حیزبەی دایە. چووم بۆ کولوبی و لەوێ بردیانم بۆ لای کابرایەک نێوی "قولیێوف" بوو. کەمێکمان قسە کرد و پاشان گوتی کە عەزیز لەو ئیدارەیەیە و کوڕێکی دەگەڵ ناردم بۆ لای زەندی. کە چووم، دەبینم لە ژوورێک لەسەر میزێک دانیشتووە و یەک- دوو نەفەری لایە. کە منی دیت، زۆری پێخۆش بوو و ڕێزێکی باشی لێنام و دەفتەری حیزبی تودەی دامێ و منیش وەرمگرت.

ئیدارەکە زۆر ئاوەدان بوو و هاتوچۆم بۆ ئەوێ کرایەوە و زووزوو دەچووم. ڕۆژێکی عەزیز منی بردەوە لای قولیێوف و پاشان پێیانگوتم کە تازە مەچۆوە بۆ مێهمانخانە و لێرە بە. دیوێکی ژیکەڵە و پاک و خاوێنیان دامێ، پێخەفی نوێ و شاهانە. چەند شەو و ڕۆژێک لەو کولوبە نووستم. شەوێکی دیتم کە "عەزیز زەندی" کابرایەکی گرتووە، لەسەر چی؟ نازانم! عەزیز لای نیوەشەو هاتە لام و گوتی: ئەو کابرایە بەرەوە بۆ ماڵ، ٢٠٠ تمەنت دەداتێ، ئەگەر پارەکەی نەدایەی بیکوژە.

- من شتی وا ناکەم. بۆ ٢٠٠ تمەنی تۆ پیاو بکوژم؟ دەڕۆمە لای قولیێوفی بزانم ئەو دەڵێ چی!
- مەچۆ لای ئەو با ئەو نەزانێ.
- هەر دەچم.

وەدەر کەوتم بچم بۆ لای قولیێوفی، کەچی دووم کەوت و زۆر پاڕایەوە و گێڕایمەوە.

ئەدی کە ئەوەم لێدیتن، زۆرم بەزەیی بەخۆمدا هاتەوە. لە لایەک زۆرداری ئاغا و دەوڵەمەندان تەنگی پێهەڵچنیوم، لەلایەکیش پەنام بۆ حیزبێک هێناوە کە خۆی بە پەنای لێقەوماوان دەزانی.

ئەردەشیری ئاوانسیان، یەکێک لە ئەندامانی باڵای حیزبی توودە لە لاپەڕەی ٢١٠ بیرەوەرییەکانی دا باسی دوو کەس لە ڕێبەرانی حیزبی زەحمەتکێشانی ئازەربایجان دەکا و کە کەسانێکی فێڵباز و نەخوێندەوار بوون و خەریکی پڕ کردنی گیرفانی خۆیان بوون. کەسی یەکەمیان ناوی قولی ئۆف بوو کە لە ڕێگای دزی سامانێکی زۆری پێکهێنا بوو. کەسی گرینی دیکەیان نێوی زەند بوو کە بە ڕەچەڵەک کورد و پێشتر لەگەڵ ئاڵمانییە فاشیستەکان کاری کردوە و جاسووسیان بوو. ئاوانسیان دەنووسێ کە ئەو ڕێکخراوەیە لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٤٢ لێک هەڵوەشا.

خەلیل فەتاحی قازی" لە لاپەڕەی ١١٣ی کتێبی"مێژووی تایفەی قازی"دا دەنووسێ:

کاتێک سەرکەوتنی بەرەی هاوپیمانان وردە وردە دەرکەوت، حیزبی تودەی لایەنگری سۆڤیەت پەرەی بە تەشکیلاتی خۆیدا و هاوکات سەڕوان عەبدوڵایۆڤ کە بە ڕواڵەت لە مەڵبەندی بۆکان و مهاباد و سەقز لە هاتوچۆ دابوو، و ئەسپی بۆ ڕوسەکان دەکڕی بە نهێنی خەریکی ڕاکێشانی فەقیر و هەژاران بۆ پشتیوانی کردن لە سیاسەتی ڕوسیا بوو.

لەم کاتانە دا ڕووسەکان کە بۆخۆیان حیزبی توودەیان وەک حیزبی کرێکارانی ئێرانیان دامەزراند و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەیانهێشت بە ناوی حیزبی کمونیست دابمەزرێ، لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵەش کە باری نەتەوەیی بەهێز بوو، نەدەسازان. بۆیە هەوڵیان دا کە حیزبی توده لە کوردستانیش دابمەزرێ. عەلی مرادی مەراغەیی لە لاپەڕەی ٨٦ کتێبی "انکار و مقاومت" دا بە ئاماژە بە ڕاپۆرتی سەریعولقەڵەم دەنووسێ: بە تازەگی ڕووداوێک کە بە بڕوای من بە قازانجە هاتۆتە پێش کە عیدەیەک لە سەرەڕۆکان لە حیزبی کۆمەڵە جوێ بوونەوە و بە نێوی حیزبی توده خەریکی ڕێکخستنن و بە ئاشکرا بە دژی قازی محەممەد و حیزبی کۆمەڵە ڕاپەڕیون. بابەتی گرینگ ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانە بە دوای بۆنی کەباب دا دەگەڕێن.

لە درێژەدا لەو ڕاپۆرتە دا هاتووە: ڕووداوێکی گەورە هەست پێدەکرێ ئەویش ئەوەیە کە میوانە خۆشەویستەکە (شووڕەوی) لە ئاغای قازی محەممەد و کۆمەڵە بە گومانە بۆیە هەوڵی دروست کردنی حیزبی توودە دەدا. عەزیزی زەندی کە یەکێک لە لیدەرەکانی حیزبی توودەیە، لە هەموو جێگایەک بە دژی ئاغای قازی محەممەد و حیزبی کۆمەڵە تەبلیغات دەکا و بە ئاشکرا دەڵێ کە شووڕەوی ئەو مەئموورییەتەی پێداوە.

## دروست بوونی ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستان

## ڕێکخراوی خاڵە مەلا

بە دوای نەمانی دەستەڵاتی ڕەزا شا، ڕێکخراو و تەشکیلاتی جۆراجۆر لە سەرانسەری ئێران و کوردستان دامەزران. بێئەزموونی و نەبوونی پێشینەی کاری تەشکیلاتی بە کۆمەڵ و پێگەی بە هێزی عەشایر، دامەزرانی ڕێکخراوی پێشکەوتووی لە کوردستان دژوار کرد بوو. یەکێک لەو تەشکیللات و دەستانەی کە لە سەردەمی ڕووخانی ڕەزاشا لە کوردستاندا سەری هەڵدا، ڕێکخراوی دەستەی خاڵە مەلا بوو. مامۆستا هەژار لەسەر دامەزراندنی دەستەی خاڵە مەلا لە لاپەڕەی٥٤ ی چێشتی مجێور دا دەنووسێ: جارێک زەبیحی دە گەڵ خۆی بردمیە ماڵە پیاوێک بە ناوی ((خاڵە مەلا)). پیموایە جگە لە ئێمە دە کەسی تریش لەوێ بون. گوتیان ئێمە دەبینە حیزب و دەبێ ئاگامان لە یەکتر بێ و سوێند بخۆین کە خەیانەت بە یەکتر نەکەین.

بە پێی لاپەڕەی ٥٧ ی کتێبی چێشتی مجێور، ئەو دەستەیە هێچ ناویان نەبوو و کارەکانیان لە پەیوەندی دۆستانە زیاتر تێنەپەڕی و زوو تێداچوو.

## سازمانی جەوانانی کورد

لە دوای ڕووخانی دەستەڵاتی ڕەزاشا لە کاتیک دا کە بەرەبەرە سەرکەوتنی بەرەی هاوپیمانان بەسەر بەرەی یەکگرتووی ئاڵمان دا مسۆگەر دەبوو، حیزبی توده و لایەنگرانی شووڕەوی پەرەیان بە تەشکیلاتی خۆیان دەدا. هاوکات لە کوردستانیش سەروان عەبدوڵائۆف کە بە ڕواڵەت لە مەڵبەندی بۆکان و مەهاباد و سەقز، ئەسپی بۆ ڕووسان دەکری، بە نەهێنی خەریکی ڕاکێشانی خەڵک بۆ پشتیوانی لە سیاسەتی ڕووس بوو. جیا لەوانە هەر لەکاتی هاتنی هێزەکانی ڕووس بۆ ئێران، ئەفسەرێکی کوردی ئەرمەنستان، ڕۆژنامەی "ڕێیا تازە" کە بە کوردی لە ئەرمەنستان دەردەچوو دێنا بۆ مەهاباد و لە نێو خەڵک دا بڵاوی دەکردەوە. لە ژێر کاریگەری ئەو ڕۆژنامە و پڕۆپاگەندەی ئەو ئەفسەرە و ئەو ئازادییانە کە پێکهات بوو، بە هۆی غەنی بلووریان و چەند کەسی دیکە کە بریتی بوون لە سەدیقی سیاسەری، عەبدوڵا حەکیم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زاده، سەدیقی خاتەمی، عەلی مەولەوی، ئەحمەد سالّحیان، قادرمەحمودزادە، سەید عەبدوڵا زەکی، عەزیز فەرهادی، مستەفا ساوجبلاغچی، بانگەوازێک لەمەر پێویستی پێکهێنانی سازمانی جەوانانی کورد، بلاو کراوە و تێیدا داوا کرا بوو کە لاوانی کورد بۆ گەیشتن بە ماڤی ڕەوای خۆیان، لە ڕێکخراوێک دا کۆ ببنەوە. ئەو بانگەوازە لە ماوەیەکی کەم دا بە هۆی ٢٥٠ کەس واژۆ کرا. ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە بە مەبەستی دانانی بنکە، لە هەریەک لە چایخانەکانی شار بە یارمەتی دوو سەندەڵی و کورسییەکیان وەرگرت و ماڵە سالّح زادەیان بەکرێ گرت و تێیدا نیشتەجێ بوون.

غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ٢٢ ی کتێبی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ کە کتێبخانەیان دامەزراند و وێنەی شێخ سەعید، شێخ عەبدولقادر، ئێحسان نووری پاشا، دوکتور فوئاد و وێنەی خەیاڵی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و هەروەها بۆ ڕەزایەتی ڕووسان وێنەی ستالین و لێنین و مارکس و ئینگلسیان، لێ هەڵاوەسی. لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢١(١٩٤٢) ئەندامانی سازمانی جەوانانی کورد لە باغی میکائیل کۆبوونەوە و ئەو کەسانە کە بریتی بوون لە عەلی مەولەوی، ئەحمەد سالّحیان، قادر مەحمودزادە، عەزیز فەرهادی و غەنی بلوریان، وەک بەڕێوەبەری سەرەکی هەڵبژارد. هەر لەو کۆبوونەوە دا غەنی بلوریان وەک بەرپرس دیاری کرا.

ئەو ڕێکخراوەیە بۆ ماوەی ٢ ساڵ تێکۆشانی هەبوو. ئەوانە دژی دەرەبەگان بوون و ڕێگایان بە بەهێز بوونی پێگەی ئەوان نەدەدا و غەنی لە کتێبی ئالەکۆک دا دەنووسێ کە ئەزموونی کاری سیاسیان نەبوو و ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ کار و تێکۆشان و ئەوان توانیان عەلیاغای دێبۆکری شاربەدەرکەن. ئەو ڕێکخراوە بە دوای بوونی قازی محەممەد بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ک بڕیاریان دا تێکەڵ بە کۆمەڵە بن.

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٦٢ی کتێبی وڵاتی من دا دەنووسێ:

ئەوجار غەنی بلوریان کە ئینسانێکی هەڵسووڕ و ئازا بوو، بوو بە بەرپرسی ئیتحادییەی جەوانان. ڕۆژێك مامە غەنی لەگەڵ کاکە ڕەحمانم کە جێگری بوو بە منیان گووت کە دەبێ ببم بە ئەندامی ئیتحادییەی جەوانان و بچم لەگەڵ ئەوان کار بکەم. ئەمنیش گووتم وەڵا ئەمن بە هۆی سەید پیرە لە فلان جێگا داخلّی حیزب کراوم. ئەوانیش گووتیان ئەو حەقی نەبووە چوونکە جەوانەکان دەبێ بێنە لای ئێمە و لێرەڕا داخڵ بە نێو حیزب بن. دوایە بۆ ئەوەی سوێندم بدەنەوە، بردیانمە کاروانسەرای سەید عەلیو لەوێ دەرکەیەکی داخراویان کردەوە. کاك غەنی و کاکم چوونە ژووری و ئەمنیش بە دوییان دا. کورسییەك لەوێ بوو مۆمێکیان هەڵکرد لەوێیان دانا. ئاڵای کوردستان کە لە پارچەیەکی چکۆلەی ڕیشودار دروست کرابوو، لەسەر مێزەکە داندرابوو. ئەوجارەش سوێندیان دامەوە و سەرجەم ئەمن ١٤ جارم سوێند خواردەوە. سوێندم خوارد کە سادق بم خەیانەت بە نیشتمان نەکەم، تەماع لە ماڵ و نامووسی خەڵك نەکەم و هەموو کەسی باش بە برای خۆم بزانمو دزیش نەکەم.

ئەوکات کە لەو ئیتحادییە دا بووم ڕۆژێك لە تاران ڕا کەسێك هات. ئێمەیان کۆ کردەوەو ڕێژەیان پێ‌دایـن. دوایە بە گۆڕینی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات ئەو ئۆرگانەی ئێمەش گۆردراو بوو بو ئیتحادییەی جەوانانی دێموکرات.

بە دوای مامە غەنی دا، ڕەحیمی خەرازی بوو بە ڕەئیسی ئیتحادییەی جەوانانو ئەوەی ئەمن بزانم پێشەوا، مامە غەنی بە ئینسانێکی ئاژاوەگێر و لایەنگری تودەییان دەزانی و تەنانەت جارێکی پێی دەڵێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"ناپلیۆن ئەوە هەر دەست هەڵناگری". بۆیە پێشەوا پێیوابوو کە دەبێ مامە غەنی دوور بخرێتەوەو ئەوەی کە بۆ باکۆیە بەڕێ کرابوو لە ڕاستی دا تەبعید کرابوو.

## دامەزرانی کۆمەڵەی ژ- ک

سەرنەکەوتنی پاشماوەی دەوڵەتی ناوەندی ئێران لە دووبارە جێگیر بوونە بە سەر مەڵبەندی موکوریان دا و پەرەگرتنی شعووری نیشتیمانی و نەتەوایەتی و بە تایبەتی بوونی هێزەکانی ڕووس لە ناوچەدا، ئەو هەلەی بۆ خەباتکارانی کوردی سەردەمی ڕەزاشا پێکهێنا کە بێنەوە مەیدان خەبات و ڕێکخراوێک بە ناوی کۆمەڵەی ژ- ک دابمەزرێنن.

سەبارەت بە ناو و شێوەی دامەزران و پێکهێنەرانی کۆمەڵەی ژ- ک، بیروڕای جیاواز هەیە و لەسەر ئەو بابەتانە، تەنانەت ئەندامی سەرووی ئەو ڕێکخراوەیەش، یەک دەنگ نیین و بە شێوەی جۆراجۆر باس لە دامەزرانی کۆمەڵە دەکەن.

جێی ئاماژەیە بە پێی هێندێک سەرچاوە، بناغەی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ - ک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕەزاشا و ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی ئازادیخوازان. ئەوان دواتر کەوتنە بەر پەلاماری حکومەتی ڕەزاشا. عەزیز زەندی چوو بۆ ئاڵمان و حاجی خوسرەوی کە ئەویش دەبێ کەسایەتی سەروی ئەو ڕێکخراوە بوو بێ، گیرا و زیندانی کرا و فروهەر و ڕاتبی لە مەهاباد دوورخرانەوە.

دوای ڕووخانی ڕەزا شا و ئازاد بوونی ئەوانە، ئەندامانی سەرووی ئەو ڕێکخراوە بە مەبەستی درێژەدان بە چالاکی دیسان لێک کۆبوونەوە. لە کتێبی " اسناد احزاب سیاسی ایران"دا کە بهرووزی تەیارانی کۆی کردۆتەوە، ئاماژە بە نووسراوەکانی سەیفوڵا نانەوازادە(سەهبا) کراوە کە بە دژی چالاکی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان لە هاوینی ١٣٢١دا محەمەدی نانەوازدە ڕاپۆرتی بە ئەرتەشی ئێران داوە.

حامید گەوهەری لە لاپەرەی ٧٢ ی کتێبی "قازی محەمەد... " باسی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەکا کە لە ڕاپۆرتی ژمارەی ٤٤٤ دا کە ڕۆژی ١٣٢٣/١٠/٧- ١٩٤٤/١٢/٢٨ ئاڕاستەی مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی کردوە، دەنووسێ: حیزبی ئێمە لە مانگی جونیی ساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە، بەڵام بە هۆی کۆنترۆڵی توندی حکومەتی ئێرانەوە، چالاکییەکی زۆری نەبووە.

حامید گەوهەری دوای باس لەسەر کۆمەڵەی ئازادی خوازیی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٣٨ - ١١ی جۆزەردان تا ٩ی پوشپەڕی ١٣١٧، لە مەهاباد دامەزراوە، باسی لەوە دەکا کە کۆمەڵەی ژ.ک چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە(کۆمەڵەی ڕزگاریی خوازیی) بەناوی خۆی تۆمارکردون و دەنووسێ: .. تەنانەت لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانیدا سەبارەت بە هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ناو خاکی کوردستان، بۆ ″مۆلۆتۆف″ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی نوسیوە: (بە بۆنەی هاتنی لەشکری سورەوە بۆ مهاباد، حیزبی ئێمە بەیاننامەیەکی نوسی و دەستبەدەست بڵاویکردەوە و ڕایگەیاند هەر کەس ئەم بەیاننامەیەی پێدەگات، دانەیەکی لەبەر بنوسێتەوە و بیدات بە کەسێکی تر. حیزبی ئێمە لەو بڵاوکراوەیەدا لەشکری سوری بە ناوی لەشکری ئازادکەری نەتەوەی کورد ناساند. دوای هاتنی لەشکری سوری سۆڤیەت بۆ ئێران، دەرکەوت حیزبی ئێمە لە ناو حیزبەکانی تردا، حیزبی هەرە پێشکەوتووی دژ بە فاشیست بووە... ).

لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ڕەزاشا، ناکۆکی کەوتە نێوانیان ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە و نەیانتوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەک بگرنەوە. عەزیز زەند و مەحمودیان ئەندامانی سەرووی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان باوەڕیان بە ڕووسان نەبوو. دژی دەستێوەردانی ڕووسان لە کاروباری کوردستان بوون، بۆیە حازر نەبوون کار بکەن. عەزیز زەندی چووە تاران و دواتر مەحمودیانیش لە مەهاباد تیرۆر کرا.

عەزیز زەندی دوای ئەوە مەهابادی بە جێهێشت، ماوەیەک لە تەوریز ماوە. دوایە چوو بۆ تاران و ڕۆژی ١٣٥١/٤/٢٤( ١٩٧٢/٧/١٥) لە تەمەنی ٧٤ ساڵییدا، بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی "بەهەشتی زەهرا" بە خاک ئەسپێردرا.

ئەندامانی دیکەی ئەو ڕێکخراوەیە دەستی دۆستایەتیان بۆ لای ڕووس و ئینگلیس درێژ کرد. بەڵام چوونکە ئینگلیس لەگەڵ شێخ مەحمود بەشەڕ هات بوو، زۆرتر بەلای ڕووسان دا شکانەوە و بە هاوکاری شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرانی دیکەی ناوچە و بە ڕێنموونی میرحاج، خەباتکاری کوردستانی باشوور، ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژ- ک (یان) بە ڕێبەری حوسێن فروهەر دامەزراند.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٤٧ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" لە سەر ڕۆڵی سەرەکی میرحاج لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف دەنووسێ:

بەڵام خوا هەڵناگرێ تەواوی ئەو ڕێکخراو و دامەزرانەی کۆمەڵە، بەرهەمی بیر و مشووری میرحاجی کوردستانی ئەودیو بوو، کە دەوری هەرەگەورە و سەرەکیی لەو کارەدا هەبوو و هەر ئەویش بوو توانیی ئەو کۆمەڵە کەسە بانگ بکا و ئەو کارە گەورەیەیان پێ بکا.

بە گشتی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لە سالی ١٣١٧دا دامەزرا. بەشێک لە ڕێبەری ئەو حیزبە لە سەردەمی کۆتایی دەستەڵاتی ڕەزاشا دا گیران و ڕیکخراوکە پرش و بڵاو بوو. ڕێبەری "کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان" بە دوای ڕووخانی ڕەزاشا دا ویستیان لێک کۆببنەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.



ماموستازەبیحی

دواتر بەشێک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە لێک کۆ بوونەوە و کۆمەڵەی ژ. ک(یان) درووست کرد . ئەو زانیاریانە ئەوە دەردەخەن کە ڕێکخراوی ژ. ک لە نووسراوەکانی دا کە بۆ سۆڤییەت ناردوویەتی، کار و چالاکی و مێژووی دامەزرانی گەڕاندۆتەوە بۆ ڕێکخراوی ئازادیخوازیی لە ساڵی ١٣١٧هەتاوی.

دیارە کەسانێک دامەزرانی کۆمەڵە دەبەستنەوە بە حیزبی هیوا کە لە ساڵی ١٩٣٩ دا بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی و مەحموود جەودەت دامەزرا و زۆرتر ڕواڵەتی بەرەی هەبوو و نیشتمانپەروەر و کومونیستەکانی لە خۆی کۆ کرد بووە. بەڵام ڕەنگە بناغەی ئەو ڕێکخراوەیە بگەڕێتەوە بۆ دامەزرانی کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان لە ساڵی ١٩٣٧ – ١٩٣٨دا بە ڕێبەری عەزیز زەندی.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٧٢ی کتێبی قازی محەممەد... دەنووسێ: نزیکەی ساڵێک دوای هەڵوەشانی کۆمەڵەی ئازادیخوازیی کوردستان، حوسێن فروهەر "حوسێنی زێڕینگەران" و چەند هاوڕێیەکی لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕوناکبیرانی شاری مهاباد یەکیان گرت و ڕۆژی ١٣٢١/٥/٢٥- ١٩٤٢/٨/١٦، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیان بە نهێنی دامەزراند، بەڵام لە بەڵگەنامەکانیاندا، چالاکییەکان و مێژووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵەی ئازادییخوازیی کوردستانیان بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە تۆمارکرد.

زەبیحی لە یەکێک لە نامەکان دا باس لە مێژووی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ- ک دەکا و دەیگێڕێتەوە بۆ دامەزرانی "حیزبی ئازادیخوازی کورد". ئەو ڕاپۆرتە بە ژمارە نامەی ٤٤٤ ڕۆژی ٧ ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٣ ( ٢٨ دیسامبری ١٩٤٤) بۆ مۆڵۆتۆف وەزیری دەرەوەی سۆڤییەت ناردراوە و تییدا هاتووە: حیزبی ئێمە لە مانگی یونی ساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە. بەڵام بە هۆی کۆنترۆڵی توند و تیژی حکوومەتی ئێران چالاکییەکی زۆری نەبووە.

ئەگەرچی زەبیحی لە ڕاپۆرتەکانی دا بۆ ڕووسان، مێژووی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ- ک دەبەستێتەوە بە "حیزبی ئازادیخوازی کورد" بەڵام ناکری کۆمەڵەی ژ- ک بەو حیزبە پێناسە بکری. چوونکە کۆمەڵە لە ڕاگەیندراوی تایبەتی دا، بەرنامە و پرۆگرام و ناو و سەرۆک و پێکهاتەی ئەندامانی، جیاواز بوو. محەممەد شاپەسەند ساڵی ١٩٣٧ بە دامەزرانی کۆمەڵە نازانێ و لە لاپەڕەی ٢٤ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ:

ڕاستە زەبیحی و چەند برادەرێکیتر کە لە (حیزبی ئازادیخوازی کوردستان) دا ئەندام بوون بە ڕێکەوت دوای چەند ساڵ لە کۆمەڵەی (ژ- ک) یشدا بەشدارییان هەبووە، بەڵام با لەبیر نەچێ کە ڕێکخراوی ١٩٣٧ ناوی تایبەتی خۆی هەبووە کە (حیزبی ئازادیخوازی کوردستان) بووە. هەروەها لە لایەن کەسایەتێک کە "عەزیزی زەندی" بووە ڕێبەری کراوە. جگە لەمە ماوەیەکی زەمانیی شەش حەوت ساڵ جیاوازی لە تاریخی دامەزراندنیان دا هەیە. بۆیە بە ڕاستی نازانم بوتری (ژ- ک) لە ساڵی ١٩٣٧ دامەزراوە... من خۆم نە لە ئێران و نە لە عێراق ئەم باسەم بەمجۆرە لە زەبیحی نەبیستووە.

باسی کۆمەڵەی ژ- ک بەر لە ساڵی ١٩٤١ تەنیا لە نووسراوەی زەبیحی دا هاتووە کە سەرچاوە بووە بۆ کتێبەکانی ڕەحیمی قازی و حامید گەوهەری. دیارە غەنی بلووریان لە کتێبی ئاڵەکۆک دا بە جورێکی دیکە باسی کۆمەڵەی ژ- ک بەر لە ساڵی١٩٤١ پشت ڕاست دەکاتەوە و لە لاپەڕەی ١٦ دا باسی هێندێک ڕوناکبیری کورد دەکا کە شەوانە لێک کۆبوونەوە و لە ساڵی ١٣١٧ ( ١٩٣٨) باسی دامەزرانی(کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) یان کردووە. لەسەر ئەو باسە، غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ١٧ی کتێبی ئاڵەکۆک دا قسەکانی" کاکەمین " کارداری ماڵی خۆیان کە پیرە پیاوێکی تێگەیشتوو بووە، دەگێڕێتەوە و دەنووسێ:
... کاغەزێکی چرووکی چرێشاوی دوو لەتی دەرهێنا و بە هێمنی و بە دەنگێکی نزم گوتی: وەیخوێنە! ئەوە هەمان بەیاننامەیە کە خەڵک باسیان لیدەکرد و بە دیواری مزگەوت و بازاڕەکانی شاریان لکاند بوو.

هەرچونێک بوو دەقی بەیاننامە دەست نووسەکەم خوێندەوە. لەودا داوا لە جەماوەری کورد کرابوو، کە بە هانای ئەو لاوانەوە بچن کە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ خەبات دەکەن.

کاکەمین دەیگوت: پۆلیس بە تاوانی ئەو بڵاوکراوەیە گەنجێکی بە ناوی "حاجی خوسرەوی" گرتووە و چەند کەسیشی لەو پێوەندییە دا بۆ هەرێمی ژوورووی ئێران یانی "شیراز" و"کرمان" دوور خستۆتەوە. ئەوانەی کە من شارەزایانم " حوسێنی زێڕینگەران" و " محەمەدی ڕاتبی" (حەمەدی مەولوودی) ن کە دوور خراونەتەوە.

ئەو لە درێژە دا دەگێڕێتەوە کە حاجی خوسرەوی زۆر ئەشکەنجە کراوە و تەنانەت گوایا لوتیشی بڕدرابوو. سەبارەت بە دوورخستنەوەی کوردی سابڵاغ لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسووڕانی سیاسی دژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێژیم دا، سەیفولقوزات لە هۆنراوەیەک دا لە ساڵی ١٣٢٣ دا دەنووسێ:

هەورامی و جەلالی چوون بۆ سمنان و ساوە

سابڵاغی بۆ شیرازێ ڕەپێچەک دراوە

سەید محەممەدی سەمەدی لە زمانی مەلا قادری مودەرەسی لە نووسراوەی "ژێ کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وە چی بەسەر هات"، لە ساڵی ١٣٦٠دا دەنووسێ: ... ئەو تین و مەیلە لە ٢٥ ی شەهریوەری ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی ڕێکەوتی سێپتامبری ١٩٤٢ شکڵی گرت. ئەو ڕۆژە لە گەڵ پۆلێک چووینە باغی ئەمینولئیسلامی کە هەر ئێستا نەخۆشخانەی ( مبارزه با سل) ی مەهاباد لەوێ هەڵکەوتووە، وە لەوێ نوتفەی تەشکیلاتی ژێ. کاف گووراوە.

مەلا قادری مودەرەسی لە نووسراوەیەکی دیکە دا بە ناوی" نگاهی دیگر به ژ. کاف" کە بە هۆی محەممەد سەمەدی ئامادە کراوە دەنووسێ:

ڕۆژی ٢٥ ی مورداد (گەلاوێژ) ی ١٣٢١ ( ١٦ی ئووتی ١٩٤٦) حیزبی کۆمەڵەی ژ. کاف دامەزرا و جێژنی ساڵڕۆژی دامەزرانی لە ساڵانی ٢٢ (٤٣)، ٢٣ (٤٤)، ٢ (٤٥) و ٢٥(٤٦) گیرا.

هەر لە چوارچێوەی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ. ک دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١٣٤ی بیرەوەرییەکانی دا، باس ئەنجومەنی ئەسنافی بازاڕیان دەکا کە بۆ بەرگری کردن لە نائەمنی و بێ قانوونی و دەستدرێژی عەشایر، بڕیار درا هەر ماڵێک کەسێک بۆ کێشکی شەوانە دیاری بکا و هەروەها دەڵێ کە کەسانی سەرناس بۆ ماڵە میرزا غەفووری مەحمودیان بانگ کران تا بە دژی کەسانی ئاژاوەگێر و خراپ ڕێوشوێنێک بۆ هێمنی و ئاسایشی خەڵکی شار دابنێین. لەو کۆبوونەوەدا قەتعنامەیەک دەرچوو و بڕیار درا کە لەمەو بەدوا قازی محەمەد بەرپرسایەتی چارەسەری کێشە و گیر و گرفت و هەڵاکانی خەڵک بەستۆوە بگرێ. دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١٣٨ دا دەنووسێ کە زەختی چەکدارانی عەشایری وردە وردە بوو بە هۆی گۆڕینی ئەو تەشکیلاتە سنفییە بازاڕیەی بە ڕێکخراوی سیاسی کۆمەڵەی ژ.ک و قازی محەممەدیش دواتر بوو بە سەرۆکی ئەو حیزبە.

لەسەر دامەزانی کۆمەڵە لە لاپەڕە ٢ ی ژمارە ٢ ی نیشتمان دا ئاوا هاتووە:

ڕۆژی ٢٥ گەلاوێژ جێژنی ساڵانەی کۆمەڵ بە شکۆهـ و خۆشێکی زۆرەوە گیرا و گەلێ لە ئەندامەکان مەقالەی باشیان نووسی بوو و خوێندیانەوە کە لە پاشان چاپیان دەکەین.

گرفتی چۆنییەتی دامەزرانی کۆمەڵە، ناوەکەشی دەگریتەوە و لە بەڵگەنامە و نووسراوەکان دا ناوی ژ. ک بە تەواوی و بە ڕوونی نەهاتووە و زۆربەی نووسەران بە هەڵسەنگاندنی خۆیان ناوی ئەو ڕێکخراوەیان بە کار هێناوە. تەنیا بەڵگەیەک کە بەیانی ناوی کۆمەڵە بێ، لاپەرەی ٥٣ ی ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی فیدراتیفی سۆڤییەتە کە تێیدا حەسەنۆڤ سەرکۆنسوولی سۆڤییەت لە شاری تەورێز کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کۆمەڵە هەبووە، لە ڕاپۆرتێک دا دەنووسێ: زەبیحی وتەکانی ئیلخانی زادەی دووپات کردەوە و وتی: ئەم ڕیکخروەیە نزیکەی دوو ساڵە پێکهاتووە و ناوی پارتی ژ- کاف بە مانای پارتی ژیانەوەی کوردستانە.

بە لای برایم ئەحمەد ئەو ناوەش ڕاست نییە و محەممەدی شاپەسەند لە لاپەرەی ٢٥ ی بیرەوەرییەکانی دا لەوبارەوە دەنووسێ: هێندێک کەس لایان وایە ناوی ( ژ- ک)" کۆمەلەی ژیانەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان"ە، بەڵام مامۆستا برایم ئەحمەد " کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"ی بەلاوە ڕاسترە، دەڵێ ژیانەوە بۆ گەل و نەتەوەیە.

وشەی کۆمەڵە بە مانای حیزب یان پارتی یان دەستە و ڕێکخراو هاتووە و زۆرجار بۆتە ناسناوی ئەو ڕێکخراوەیە و خەڵک خێرا تێگەیون کە مەبەست چ ڕێکخراوێکە. بە پێی ژمارە دووی ڕۆژنامەی کوردستان پێشەوا لە وتوێژ لە گەڵ ئاغای تەفەزولی و عەباسی شاهەند و بزورگی عەلەوی، خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی تاران لە وڵامی پرسیاری "لە نێو کوردستان حیزبی کۆمەڵە هەیە؟ دەڵێ: کۆمەڵە یانی حیزب و شتێکی واش لە ئێران دا نییە فەقەت لە عێراق حێزبێک بەو نێوە هەیە ئەمما بە مە مەربووت نییە.

ئەوجار هێندێک کەس دەڵێن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و هێندێکیش دەڵێن کۆمەڵەی ژیانی کورد. بەگشتی ناوی کۆمەڵە، چەندی ئەندامانی دامەزرێنەر و شوێن و شێوە و کاتی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە، کێشەی لەسەرە و نووسەراوەکانی بەردەست، جیاوازی زۆریان هەیە. لە سەر شوێنی دامەزرانی کۆمەڵەش جیاوازی هەیە و ئەویش هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەوکات مەهاباد شارێکی بچووک بوو و زۆربەی خەڵک بێکار بوون و زۆر ئاسایی بوو لە ڕۆژێک دا لە شوێنکێ شار ڕا چەند جار چووبانە شوێنێکی دیکە. بۆیەش نووسەران هەرکەسە باس لە شوێنێک دەکا.

## دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ- ک

لیستی ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ- ک بە تەواوی ڕوون نییە. بە پێی لاپەڕەی ٢٩ ی کتێبی "کۆمەڵە ژیانەوەی کوردستان" نووسینی حامید گەوهەری، ئەو کەسانەی کە دەبێ ئەو کۆمەڵەیان دامەزراند بێ، بریتین لە عەزیزی زەندی، حوسێنی فروهەر، حوسێنی مکایلی، کەریمی یاهو، غەفووری مەحموودیان و محەممەد ڕاتبی.

دیارە حەمەدی مەولوودی (محەممەد ڕاتبی) لە لاپەڕەی ١٥٣ بیرەوەرییەکانی دا بە جورێکی دیکە باسی دامەزرانی کۆمەڵە دەکا و دەنووسێ: ... خەبەریشم هەیە کە (کۆمەڵە) هەیە و خەریکی خۆ ڕێکخستنە، بەڵام بە من ناڵێن.

لەسەر چۆنییەتی دروست بوونی ژ – ک مامۆستا هەژار دەڵی کە زۆر کەس پێیان وابوو کە ڕووس "ژ ـ ک" یان دروست کردوە بەڵام ئاوانییە و ڕووس ئاگایان لێنەبووە و دوایەش کە ژ ـ ک بە هێز بوو بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوەیە نەکەوێتە داوی ئینگلیس پشتیی ژ ـ ک یان گرت. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٦٠ ی چێشتی مجێوردا ئاوا دەنووسێ:

لە پاش شەریوەری ٢٠ ئەفسەرێک لە لایەن کۆمەڵەی هیوای کوردستانی بەردەستی عێراقەوە هاتۆتە سابڵاغ و دەیهەوی کەسێک پەیدا کا کە گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرێ. چەند ڕۆژێک لەم و لەو پرسیار دەکا، پییدەڵێن زەبیحی دەم لەوکارانە مەسەلانە وەردەدا. زەبیحی حوسێنی پێدەناسێنێ و چەند کەسێکیش ساز دەدەن کە گوێ لەو ئەفسەرە کە ناوی میرحاجە بگرن. یازدە کەس لە باغی سیسەی سابڵاغ دەگەڵ میرحاج کۆ دەبنەوە. لەسەر ئامۆژگاری ئەو حیزبی (ژ - ک) دادەمەزرێنن. سوێندنامەکەی دەنوسنەوە، پرۆگرامی حیزبی هیوا بە کەمێک دەستکاریەوە، دەکەنە پرۆگرامی (ژ ـ ک). حوسێن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فروهێر، زەبیحی، تەوحیدی مەلا نەجمە، ئیمامی، محەمەدی نانەوا، قادری مودەرەسی، محەمەدی یاهو، شاپەسەند، محەمەد سەلیمی، قاسم قادری، خالەمەلای داودی یازدەکەسی بناغەدانەر بون. جا کە زەبیحی منی بردە سوێندان، بە منەوە بوینە بیست ئەندام. حوسێن فروهێر ژمارە یەک و زەبیحی ژمارە دوو بو و حوسێن سەرۆکی کۆمەڵەی ( ژ ـ ك) بوو.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٩١ ی کتێبەکەی دا لەسەر چۆنییەتی پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ - ک دەنووسێ:

لە ٢٥ شەهریوەری ساڵی ١٣٢١ ڕیکەوتی ١٦ ی سیپتامبری١٩٤٢ پۆلێک لە خەڵکی شاری کە لە بنەماڵە پلە دووهەمەکان بوون، لە شاری چوونە دەرێ و بە ڕێگەی پڕ خاک و خۆڵی ڕەزائییە دا ڕۆیشتن بۆ بن دارەکانی باغی حاجی داودیی لە قەراغ چۆمی سابڵاغ.

لە هەمووان جحێڵتر لەو پۆلەدا، ڕەحمان حەلەوی بوو کە تەمەنی ١٩ ساڵ بوو. کە دەرس خوێندنی لە شاری ڕەزائییە تەواو کرد بوو و لە هەمووان بە تەمەنتر پیاوێکی ٥٠ ساڵە بوو بە نێوی مەلا عەبدوڵای داودی کە ئیشی مەئمووری توتن بوو. هەموو نیزیک ١٥ کەس دەبوون کە پێکەوە دەستیان دا بە دەس یەک. ئەو ڕۆژە قسەیان لەبابەت نەتەوەی کورد دا کرد و هەروەها بەدیهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٤٥ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، لە سەر دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف دەنووسێ: هاوین ڕابرد و خوێندن دیسان دەستی پێ کردەوە. وڵات هەر وا شێوا بوو. ناوچەکە بێخاوەن بوو. دوانیوەڕۆیەکی مانگی ڕەزبەر لە قوتابخانەوە بەرەو ماڵ دەهاتمەوە. فکر و خەیاڵ هەڵیانگرتبووم، کتوپڕ یەکێك سڵاوی لێ کردم. سەیرم کرد کاك حوسێنی فرووهەرە. پێم سەیر بوو، چونکە قەت سەر و سڵاوێکمان پێکەوە نەبوو. ئاغای فرووهەر پاش چاکوخۆشی گوتی کارێکی پێویستم پێتە. هەڵبەت تۆزێك نیگەران بووم، بەڵام زۆر زوو نیگەرانییەکەی ڕەواندمەوە. گوتی ئەمشەو لەماڵی ئێمە کۆبوونەوەیەکمان هەیە. کۆمەڵێك دۆست و برادەر گەورەم دەکەن. هەڵبەت بەتەماین باسی شتێکی گرینگ بێنینە گۆڕێ. جەنابی مەلاقادری مودەڕیسیش تەشریف دێنن. من کە ناوی ئەوم بیست، ئیتر نیگەرانیم نەما، چونکە دەمزانی، کارێکی چەوت بێ، ئەو خۆی لێ نادا.

وامان دانا سەعات هەشتی سەر لە ئێوارێ بچمە ماڵیان، بەڵام هەر بۆم نەدەچۆوە سەر یەك، ئاخر باسی چی دەکرێ.

لە کاتی دیاریکراودا لە دەرگای ماڵی ئاغای فرووهەرم دا. بۆخۆی دەرگای کردەوە. بردمییە ژوورێك. ئەم کەسانە لەوێ بوون: مەلا قادری مودەڕیسی، سەدیق حەیدەری، عەبدولڕەحمان ئیمامی، محەمەد یاهوو، ڕەحمان زەبیحی و فرووهەریش خۆی. جگە لە مودەڕیسی و زەبیحی، ئەوانی دیکەم باش نەدەناسی و لە نێویاندا لە هەموان کەمتەمەنتر بووم. تاوێك دواتر ئاغای مودەڕیسی سەری قسەی کردەوە.

پاش شیکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکە گوتی: ئێستا هەلێکی زێرین بۆ ئێمە هەڵکەوتووە، کە بە مافەکانمان بگەین. ئەرکی سەرشانمانە لەو دۆخەدا لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێك دریخێ نەکەین. بە بەو بیروباوەڕەوە ئێمە بڕیارمان داوە بە یارمەتیی یەکتر ڕێکخراوێك دامەزرێنین کە ئەم ئەرکە مێژووییەی پێ جێبەجێ بکرێ، هەر بۆیە (ڕووی لە من کرد) جەنابت بانگهێشت کراوی لەو هەنگاوە گرینگەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵمان بی و هەموانیش بە هەڵبژاردنی تۆ ڕازی بوون. هەڵبەت ئەگەر قبووڵیشی نەکەی، بە دەست خۆتە، بەڵام بەو متمانەیەی ئێمە بە ئێوەمان هەیە، ئەگەر لەگەڵمان نەبی، هەر وا بە دڵ و گیان هاوڕێ و هاوپەیمانمانی، جا چونکە ڕێکخراوەکەمان ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردە" جاریٚ بەشێوەی نهێنی کار دەکا، دڵنیاین کە لەقاوی نادەی. ئەگەر قبووڵیشت کرد، ئەوە برا و هاوڕێی ئازیزمانی.

چەند ساتێك بێدەنگییەك باڵی بەسەر کێشاین، گوتم ئەگەرچی پێشتر بیرم لەوە نەکردبۆوە و پێشم وا نییە شیاوی ئەوە بم لە ڕیزی ئێوەدا بم، بەڵام لە ناخی دڵمەوە و بە گیان و دڵ قبووڵی دەکەم و ئەوە گەورەترین شانازییە بۆ من. بوون و نەبوونم ئی میللەتی کوردە و تا دەمرم لەگەڵتانم. ئاغای مودەڕیسی هەستا و لە ئامێزی گرتم.

ئیگلتون لە درێژە دا دەنووسێ کە ئەوان چاویان لە ڕێنموونی کوردەکانی عێراق بوو و ئەو ڕۆژە میرحاج وەک نوێنەری حیزبی هیوا لە کوردستانی باشوور بەشداری ئەو کۆبوونەوە بوو و دەنووسێ: ئەو کەسەی کە ئەو ڕۆژی هێنەری پەیام بۆ لایان بوو سەروانیکی کوردی ئەرتەشی عێراقی بوو بە نێوی میرحاج.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٩٤ دا دەنووسێ کە میرحاج لەگەڵ خۆی سڵاو و درودی حیزبی هیوای بۆ بەشدارانی باغی حاجی داودی هێنا بوو و ڕێنوێنی کردن کە چۆن کاری نەهێنی بکەن. ئیگلتۆن دەنووسێ کە بەشدارانی باغی داودی هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە بۆخۆیان کۆمیتەیەک پێک بێنن بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانی کوردستان" یان کۆمیتەی زیندووکردنەوەی کوردستان بێ.

محەممەد شاپەسەند دوای ئەوە لە لاپەڕەی ٢٥ پاشکۆی یەکی کتیبی بیرەوەرییەکانی دا، لە سەر میرحاج دەنووسێ کە لەگەڵ ئەو و مستەفا خۆشناو لە نیزیکەوە دۆستایەتی هەبووە و پێکەوە باسی کوردایەتیان کردووە، هەروەها دەڵێ کە لەگەڵ زەبیحیش بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ دۆستایەتی هەبووە بەڵام قەت لێی نەبیستووە کە میرحاج دامەزرێنەری ژ. ک بێ.

مامۆستا هێمن دوای ئەوە لە لاپەڕەی ١٥ ی "تاریک و ڕوون" دا دەڵی کە لە سەردەمی دەستەڵاتی نگریسی ڕەزا شا لە گەڵ هێندێک لە دۆستانی کە هەوای نیشتیمانپەروەریان لە سەر دابوو، وەک زەبیحی و ڕەسووڵی میکائیلی و قزڵجی و نانەوازادە و ئیلاهی و سەیدی و زۆر کەسی دیکە یەکتریان دەدیت و کۆڕی ئەدبییان پێک دێنا و بە نەهێنی شێعری کوردیان دەخوێندەوە. لە لاپەڕەی ٢٠ دا، باس لەوە دەکا کە بەدوای شەهریوەری ٢٠ مەیدانیانیان زیاتر بۆ ئاوەڵا بۆوە و هەر ئەو دۆستانەی، کۆمەڵەی ژ – ک (یان) دامەزراند و دەنووسێ: تا ڕۆژی ٢٥ گەلاوێژ ١٣٢١- ١٦ ئابی ١٩٤٢ کۆمەڵەی (ژ – ک) دامەزرا. ئەوانی ئەو کۆمەڵەیان دامەزراند دۆستانی پێشووی من بوون.

هەر لەو لاپەڕەیەدا مامۆستا هێمن لەسەر شێوەی دامەزرانی کۆمەڵە دەنووسێ:

من لەو سەوربەندەی دا لە تەورێز بووم و لە ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەدا حوزوورم نەبوو. کە هاتمەوە بە هۆی زەبیحی کە لەمێژ ساڵ بوو دۆست بووین بە کۆمەڵە ناسێندرام. لە ماڵی یەکێک لە دۆستەکانی خۆم کە پاشان زانیم ئەندامی ژمارە یەکی کۆمەڵەیە و بە ڕاستی تێکۆشەرێکی بە جەرگ و ئازا و نەبەز و کۆڵنەدەر بوو، بە قورئان و بە ئاڵای کوردستان و بە شەرەفی خۆم و بە شمشیر سوێندیان دام کە بە زمان و بە قەڵەم و بە ئیشارە خەیانەت بە نەتەوەی کورد و ئەندامی کۆمەڵە نەکەم. ناوی نەهێنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبیم " هیمن " بوو و ژمارەی ئەندامەتیم ٥٥ . من هەقم نەبوو هیچ لەوان بپرسم. بەڵام ئەوان ئەوەندەیان موتمانە بە من بوو، پێم بڵێن هەژاریش ئەندامی کۆمەڵەیە و خۆت لەکن ئەو مەشارەوە ئەوەش بەو ڕادەگەیەنین.

مامۆستا هەژار لەسەر دامەزرانی کۆمەڵەی ژ- ک لە شێعرێک دا دەڵێ:

گەلاوێژەکەی بەختت لە ئاسۆ
دەرکەوت چا بوو نەبووی ڕەنجەڕۆ
نرخی ئەو مانگە پارەی گیانە
جەژنی سەرساڵی کۆمەڵی ژیانە


حوسێن فروهەر (زێڕینگەران)

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی٦١ ی کتێبی "وڵاتی من" دا دەنووسێ:

لەو سەروبەندە دا ڕەزاشا لەسەر دەسەڵات نەمابوو و حکومەتەکەی تێکچوو بوو. دەستەیەك لە ڕوناکبیرانی شار، وەك حوسێنی زێڕینگەران و زەبیحی و دڵشادی ڕەسووڵی و حاجی داودی، هەروەها کەسێك بە نێوی حەسەن کە حاجی سەگۆیان پێدەگوت و هەر لە تایفەی داودی بوو، لەگەڵ قاسمی قادری قازی کە بە مامە قاسمە بەنێوبانگ بوو، کۆمەڵەی (ژ- ك) یان دامەزراند. لەنێو ئەوانەدا حاجی سەگۆ دەیگوت ئەگەر هات حکومەتی کوردستان دامەزرا دەبێ سکە بە نێوی من بێ، چونکە ئەمن ئەو حیزبەم داناوە.

حاجی عەولای قازی لە درێژەدا دەنووسێ: کەسایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵە ژ - ك بریتی بوون لە مامۆستا زەبیحی کە لە مەکتەبی کار دا کاری دەکرد. لەو دوایيانەش دا مەلا قادری مودەڕەسیم ناسیوە و پێموایە لەگەڵ سەیدێك کە ناوەکەیم لەبیر نییە، لە چاپخانەی کوردستان کاریان دەکرد. کۆمەڵەی ژ - ك سکرتێری نەبوو بەڵکوو سەرۆکی هەبوو و سەرۆکی کۆمەڵە حوسێنی فروهەر بوو کە پیاوێکی زۆر ئازاو شەڕکەر بوو.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمەڵە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە، بەڕێوەبەری کۆنسوولی ڕووس لە ورمی لە ڕێکەوتی ٢٨ ژانوییەی ١٩٤٤(ڕێبەندای ١٣٢٢) دا سەردانی مەهابادی کردوە چاوی بە مستەفای سوڵتانیان کەوتوو و لەوبارەوە دەنووسێ:

پاش گەڕان بەنێو شاری مهاباددا، لەگەڵ بەڕێز " مستەفای سوڵتانیان" چاوپێکەوتنم هەبوو، ئەو شێست ساڵ تەمەنیەتی و خۆی وەک نوێنەری شۆڕای شار بەمن ناساند، ناوبراو بازرگانە و یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵەکەیە، کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەبات دەکات، لە وتووێژ لەگەڵ سوڵتانیان، ناوبراو گوتی: هەیئەتی ناوەوندیی کۆمەڵە لە دە کەس پێک هاتووە.

لە بەڵگە و دیکۆمێنتەکان دا بە ڕوونی ناوی دامەزرینەرانی کۆمەڵە و ڕادەیان بە تەواوی نەهاتووە و ئەو نووسراوانەی کە بەدەستەوەن لیستەیەکی ڕوون نیشان نادەن. ئەوەی کە جێگای سرنجە ئەوەیە

کە مامۆستا هێدی کە بۆخۆی ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ک بوو لە لاپەڕەی ٦٦ ی کتێبی "ئاوێنەی شکاو" دا لەسەر ئەو ڕێکخراوەیە دەنووسێ: ... ئەودەم خۆم ئەندامی بووم و نەمدەزانی، لەو دەزگا سیاسیانە بوو کە نەک هەر ئەودەم ئەوڕۆش کە ئەڕۆیە چلۆنەتی دامەزران و کارکردن و پەیوەندی کردنی بە کۆمەڵ و شێوەی پەروەردەی حیزبیی ئەندامەکانی و تەنانەت ژمارە و ناوی دامەزرێنەرەکانی بە تەواوی ڕوون نییە و هیچ لایەنێک لە سەری سوور نەبۆتەوە و لە هەر زارێکەوە بە شێوەیەک دەگێردرێتەوە و کەم و زیاد و ئاڵوگۆر و سەر و خوار بە ناوی ئەندامەکانی پایەدارێژی حیزبەکە دەکرێ و بۆ ئەو جیاوازیەش کە لە قسەکانیاندا هەیە بەڵگە و سەنەد لە دەست هیچیان نییە و ئەو ئەندامانە خۆشیان دیارە ئەوڕۆ لە ناو کۆمەڵدا نین پشتی یەکێک لەو گوتراوانە بگرن و ئەوانی تر بدەنە دواوە.

سەعید خان هومایون لە لاپەڕەی ٦٩ ی "پیشەوای بیداری" دا دەڵێ کە هێندێک لەو بڕوایەدا بوون کە عەلی مەحموودی، محەممەد ئەسحابی، عەبولڕەحمانی کەیانی و سەدیقی حەیدەریش لە بناغە داڕێژەرانی کۆمەڵە بوون. هەروەها ڕەحمانی عەلەوی، بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەرەکی کۆمەڵە دەزانێ.

جیا لە هەمووی ئەوانە بۆچوونی ئەوتۆی دیکەش لە ئارادایە کە قازی محەممەد بە داڕێژەری ئەسلی و پشتی پەردەی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ. ک دەزانن. محەممەد نووری(عەتری گڵۆڵانی) شاعیری گەورەی سەردەمی کۆمار, لە لاپەڕەی ٥٣ ی کتێبی "شەوێک و خەوێک" دا پاش ئەوەی باسی داگیر کردنی ئێران لە شەڕی دووهەمی جیهانی و دەستەڵاتی عەشایر دەکا، لەسەر هەڵس و کەوتی پێشەوا دەنووسێ: ... بۆ بەرگری لە کردەوەی ناحەزی دەرەبەگی لە ناوچەدا، جەنابی قازی محەممەد، بە هاوکاری پیرەمێرەکان و تیپی لاو و جەوانی شار، کەوتنە سەر ئەو خەتەی کە حیزبێکی یەکگرتوو لە هەموو چین و توێژێک بە ناوی کۆمەڵەی(ژ.ک) پێک بێنێ و پیکی هێنا. لە پێش ئەوەیدا ڕووسەکان تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات دامەزرێنن، کۆمەڵەی ژ.ک بە مەرامنامەی تایبەتی خۆیەوە سەقامگیر ببوو و لە دێهات و شار و عێل و عەشیرەت و مەلا و شێخ و شوان، بانگ دەکرانە سەر ڕێگای یەکێتی و برایەتی و یەکگرتوویی و بە قەیدی قەسەم بە قورئان خەیانەت بە یەکتر نەکەن و لە ماڵی یەکتر ڕۆنەیەن.

ئەوانەی دەڵێن پێشەوا کۆمەڵە نەبووە، یان بێخەبەرن، یان لە جەریانی ڕۆژدا نەبوون. دەنا پەنا و پشتیوانی دانانی بناغە و بینای کۆمەڵەی(ژ. ك) پێشەوا بوو.

محەمەد نووری لە لاپەڕەی ٥٣ ی کتێبەکەی دا دوای ئەوە باسی خوو و خدەی عەشایر دەکا و کە پسپۆڕان ڕووس ئاگاداری خسلەتی عێل و عەشایری کورد بوون و دەیانزانی ئەگەر سەرە گوریسێکی بدەنە دەست سەر عێلێک، ئەوانی دیکە لێی دەبنە ملۆزم و گێرەشێێن، دەنووسێ بۆیە ڕووسەکان هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە شەخسی قازی محەممەد بۆ خەڵک جێگەی ڕێز و ئیحترامە و باشترە ئەرکی ڕێبەری و پێشەوایی حیزبی دیوکراتی کوردستان بهاوێنە سەر ئەستۆی ئەو کە شیاوترین و لایقترین کەسی کوردستانە. نووری لەسەر قبووڵ کردنی ئەو پۆستە لە لایەن قازی محەممەدەوە دەنووسێ: قازی محەممەد لەو بەرزەخەدا وێستا بوو، (ئەرێ) یانی لادانی بەرنامەی نەتەوەیی و ناسیونالیستی کۆمەڵەی(ژ. ک) کە بۆخۆی هانی دابوو کە ئێستا لە دڵ و دەروونی لاوان و پیران و شار و دێهات دا جێگیر بووە. پێشەوا تێمابوو کە چۆن ئەو مەبەستە گرینگە بکاتە دەستەچیلەی حیزبی دێموکراتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانەمەزراو؟ ئەگەر(نا)ش بێ، ڕووسەکان لەم تاڵووکەی بڕیاردان و تەماگرتنە دا بۆ پیادەکردنی بەرنامەی داڕێژراوی خۆیان، بە پەلە و بێ بەرجەوەندی، بۆ مەسڵەحەتی ناوچەیی، کەسێک و عونسورێکی ناباب و ناسازگار لەگەڵ بیروباوەڕی گشتی دەهاوێنە سەر ئەستۆی مەهاباد و بەرهەمی ناتەبایی و چەند لایەنە، دیسان مەهاباد دەکاتە مەکۆی جلیت و شەڕناخێوی نیوخۆیی.

"محەممەد نووری" لە لاپەڕەی ٤٣ ی کتێبی "شەوێک و خەوێک" دا، لە زمانی پێشەوا قازی محەممەد دەڵی کە ئەوە ئەو بوو کە بناغەی ئارمانی کۆمەڵە و حێزبی دێموکراتی داڕشت و دەنووسێ: ئێوە دەبینن قازی محەممەد لەو مەیدانە ئێعدام دەکرێ، بۆیە ئەوەی دەڵێم هەتا کوردستان، هەتا نەتەوەی کورد پێ‌بزانن کە قازی محەممەد فریوی نەخوارد، هەڵخەڵەتاوی وادەی بێجێ نەبوو. ئەوەی بە ئێوەی دەڵێم بۆ تاریخ و وڵاتەکەتانی بگێڕنەوە. بنووسن کە قازی نە فریوی خوارد، نە هەڵخەڵەتا، بەڵکوو ویستی خۆی فیدای ئارمانی نەتەوەی کورد بکا. ئەو ئارمانانەی کە کۆمەڵەی (ژ- ک) و حیزبی دێموکراتی کوردستان بناغەی داڕشت و شوورەی کێشا. ئەمن نامێنم، بەڵان ئەو ئوقیانووسە ئیرادە و ئاواتە گەورەی نەتەوەی کورد، کوا بە خاکەنازێک خۆڵەمێش و ژیلەمۆی ناڕەوای نەیاران خاپوور دەکرێ؟ ئەوانە بۆیە بە تۆ دەڵێم، ئێوە نەسلی داهاتوون، ئەو نەسلەی کە باری داوخوازی ئێمەی ڕابردوو و لە دەستان چوو دەکەویتە سەر شانی ئێوە، سەر ئەستۆی ئێوە".

لەسەر لیستی گشتیی ناوی ئەندامانی ڕێبەری کۆمەڵە، جەلیلی گادانی لە لاپەڕەی ٢٠ ی کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات دا، دەنووسێ: مەلا عەبدوڵای داودی، حوسێن فروهەر، عەبداولرەحمانی زەبیحی، عەبدولرحمن ئیمامی، مەلا عەبدولقادر مدەرەسی، نەجم‌الدین توحیدی، محمەد نانەوازادە، عەلی



ئەندامانی ئەسڵی کۆمەڵەی ژ-ک

مەحمودی، محمد ئەسحابی، عبدولرحمن کیانی، سەدیقی حەیدەری، قاسمی قادری، عەزیزی زەندی، محەمەد یاهو، ئەحمەد علمی، میرحاج و مستەفا خۆشناویش بە نوێنەری حیزبی هیوای کوردستانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عیراق بەشداری کۆبوونەوەی ئەسڵی بوون کە ڕێبەری کۆمەڵەی تێیدا هەڵبژێردراوە و لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٢ هەتاوی بەستراوە. هەرچەند باسی یازدە کەس دەکرێ کە پیکهێنەری کۆمەڵە بوون.

بە پێی لاپەڕەی ١ کتێبی ئیگلتۆن پێکهێنەرانی کۆمەڵە بریتین لە:

١ – ڕەحمان حەلەوی

٢ – محەمەد ئەمین شەڕەفی

٣ – مەحەمەد نانەوازادە

٤ – ڕەحمان زەبیحی

٥ – حوسێن فروهەر(زەرگەری)

٦ - عەبدولڕەحمان ئیمامی

٧ – قاسم قادری

٨ – مەلا عەبدوڵا داودی

٩ – ئەحمەدی عیلمی

١٠ – عەزیز زەندی

١١ - مەحەمە یاهوو

١٢ – میرحاج(عێراقی).

محەممەدی سەمەدی لە لاپەڕەی ١٥ ی کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە مەلا قادری مودەڕەسی، لەسەر ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک دەنووسێ: مەحەمەد نانەوازادە - ڕەحمان زەبیحی - حوسێن فروهەر - عەبدولڕەحمان ئیمامی- قاسم قادری، هەزار ڕەحمەت لە قەبری قەت کوردی وا هەر نەبوو- مەلا عەبدوڵا داودی مەشهوور بە مەلای حەجۆکێ - مەحەمە یاهوو - بۆخۆم (مەبەست مەلاقادرە) - سەدیق حەیدەری - عەبدولڕەحمان کیانی - میرحاج(عێراقی).

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٣٢ ی ئاڵەکۆک دا، ئەو کەسانەی خوارەوە بە ئەندامی هەیئەتی کۆمەڵە دەزانێ: قاسمی قادری، محەممەدی نانەوازادە، مەلا عەبدوڵای داودی، حسێنی فروهەر(زێڕنگەران)، محەممەدی یاهو، ئەحمەدی عیلمی، عەزیز زەند(عەزیز ئاڵمانی)، محەممەد ئەمینی شەڕەفی، عەلی ڕیحانی، قادری مودەرسی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، ڕەحمانی عەلەوی، ڕەحیمی لەشکری، ڕەحمانی کەیانی و میر حاج ئەحمەد نوێنەری حیزبی هیوا لە کوردستانی عێراق، لە ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١- ١٩٤٢ لە باخی " حاجی داودی" لە بناری چیای "خەزایی" کە ئێستا ئۆردوی کاری لێ‌ساز کراوە کۆبوونەوە و بۆ بەهێز کردنی ئەو ڕێکخراوەیە چەند بڕیاریان پەسەند کرد.

حامید گەوهەری دەنووسێ کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بریتی بوون لە:

حوسێن فروهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی، محەمەد نانەوازادە، عەبدولڕەحمان ئیمامی، قاسم قادری قازی، مەلا عەبدوڵا داودی، محەمەد یاهو، مەلا قادری مودەرسی، سەدیق حەیدەری، عەبدولڕەحمان کیانی، محەمەد شاپەسند، محەمەد ئەسحابی، نەجمەدین تەوحیدی، حامید مازوچی، عەلی مەحمود، محەمەد سەلیمی. هەروەها میرحاج ئەحمەد...

ئەوەی ڕوونە کەس باس لە دوکتور هاشمی شیرازی وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ ـ ک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناکا، بەڵام ئەو لە لاپەڕەی ١٠١ ی بیرەوەرییەکانی دا، خۆی وەک یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی ژـ ک دەناسێنێ و دەنووسێ:

بەگشتی ئەوەی کە ئاشکرایە و جێگای شک و گومان نییە ڕادەی ئەو مەهابادیانەی کە بەشدار بوون ١١ کەس بوون، کە بریتی بوون لە ١- حوسێن فروهر ٢ - ڕەحمانی زەبیحی ٣ - نەجمەدینی تەوحیدی ٤ - محەمەد نانەوازادە ٥ - محەمەد یاهو ٦ - عەبدولڕەحمانی ئیمامی ٧ - مەلاقدر مودەرەسی ٨ - محەمەد شاپەسەندی ٩ ـ عەبدوڵای داودی ١٠ ـ قاسمی قادری ١١ ـ هاشم شیرازی و عیدەیەکی دیکە کە ئەمن لە سەر ئەوان زۆر سوور نیم و نەزەر نادەم.

لیرەدا دوکتور شیرازی سوورە کە ١١ کەس بوون و بۆخۆی نەفەری یازدەهەمە بەڵام لە ئاخرین پاڕاگرافی ئەو لاپەڕەیە دا دەڵی کە کەسانی دیکەش هەبوون کە ئەو ئاگای لێ نییە. سەیر لەوە دایە هەر لەو لاپەڕەیە دا، دوکتور شیرازی ئەوە دەگەیەنێ کە هەر لەو کۆبوونەوەدا بەشدار نەبووە و ئێعتڕاف دەکا کە دواتر بووە بە ئەندام و دەنووسێ:

دوای تەواو بوونی کۆبونەوەکە عەبدولڕەحمانی زەبیحی هاتە ماڵە من و تەواوی ڕوداوەکەی گێڕاوە و داوای لێکردم کە بۆ مەڕاسیمی ئەندامەتی بە جێبگەیەنم. دوو ڕۆژ دواتر لە ماڵە ئاغای محەمەد نانەوازادە سوێندم خوارد و بوم بە ئەندامی ڕەسمی ژ - ک کە ژمارەی حیزبیم ١١ و ناوی نەهێنیم پڕشەنگ بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحمانی حەلەوی کە لە زۆر سەرچاوەدا وەک دامەزرێنەری کۆمەڵە ناوی هاتووە لە لاپەڕەی ٤٧ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، لە سەر ئەندام بوونی لە کۆمەڵەی ژێکاف دا دەنووسێ: خاڵێکی کە بێ ئەملاوئەولا پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەمەوە، ئەوەیە کە من لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژێکاف نەبووم. چونکە لە هێندێ کتێباندا ناوی منیان وەك دەستەی دامەزرێنەر نووسیوە. هەڵبەت گومان لەوەدا نییە کە تا ئەودەمی من چوومە نێو کۆمەڵە، ئیتر لە من کەمتەمەنتریان لەنێودا نەبوو. من باوەڕم وابوو و ئێستاش وا بیر دەکەمەوە، کە بە قبووڵکردنی بیروباوەڕ و ڕێبازێك و بەشداربوون لە تاقم و دەستەیەکدا بیرم لە پلەو پایە نەکردووەتەوە و ناکەمەوە. تۆفیرێکی بۆ من نییە لەسەرەوە بم یان لای خوارێ. بەرپرس بم یان بەردەست، مەرجی سەرەکی خزمەتکردنە بە ڕای من ئەو کەسانەی کە دەکرێ وەکوو دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف ناویان بێ، بریتی بوون لە "محەمەدی نانەوازادە، حوسێنی فرووهەر، عەبدولڕەحمان ئیمامی، ڕەحمان زەبیحی، قاسم قادری، مەلا عەبدوڵڵا داودی، محەمەد یاهوو، مەلا قادر مودەڕیسی، سەدیق حەیدەری و عەبدولڕەحمان کیانی.



سێ کەس لە ڕێبەرانی ژ-ک لە ڕاستەوە:
عەبدولڕەحمان ڕەسووڵی- قاسم قادری قازی- حوسێن فروهەر

وەک دەردەکەوێ ئەندامانی دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوەیە بە تەواوی ئاشکرا نیین. بەڵام زوربەی شارەزایان لە سەر لیستەیەک وەک پێکهێنەرانی سەرەکی کۆمەڵە هاودەنگن. ئەو لیستەیەی کە دوکتور قاسملوو ناوێان دێنی لە زۆربەی نووسراوەکان دا بەدی دەکرێ و لە لاپەڕەی ٢٧ ی کتێبی کورتە مێژووی... دەنووسێ:

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ- ک ئەم یازدەکەسە بوون: حوسێنی فروهەر، عەبدولڕەحمن زەبیحی، عەبدولڕحمن ئیمامی، عەبدولقادری مودەرەسی، نجم‌الدین توحیدی، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدولڕحمن کیانی، سەدیق حەیدەری، قاسمی قادری.

## ئامانجی کۆمەڵەی ژ- ک

ئامانج و ستراتیژی کۆمەڵەی ژ- ک، داوخوازی نیشتمانی و نەتەویی، بە مەبەستی وەسەریەکخستنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان بوو. ئەو ڕوانگەیە لە یەکەمین ژمارەی نیشتمان دا ئاوا هاتووە:

" آمانجی ایمە "

ئەی برای کوردی خۆشەویست:

کۆمەڵەی ژ. ک بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵەست و قورت و چەڵەمەیەکی وەکوو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پوڵ پەرەستی و بێگانە دۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کوردا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێئەکۆشێت تا زنجیر و کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەتوکوتەی ئێستا، کوردستانێکی گەورە ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیابژیت.

زۆر کەس وا لێک ئەدەنەوە کە ئەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و نیرووی چەک لە دیلی ڕزگار بکرێت. بەڵام ئەوانە هەموو بە هەڵە چوون و ڕێگای ڕاستیان لێ‌ون بووە، چوونکو چەک و تفاقی شەڕ کە لە چەنگ کورد دایە لەبەرانبەر چەک و تفاقی شەڕی ئەمانەی بوونە بەرهەڵەستی سەربەستی ئێمە کار ناکات. ئەبێ کورد بزانێت ئێمڕۆ تفەنگ لەچاو گوللەپژێن و تۆپ و تانک و فڕۆکە و ... تۆقتۆقەیەک زیاتر نییە. تەنیا ڕێگایەکی ئەبێ کورد بەرەو سەربەستی پێیا بڕوا شەقامی شارستانییتە. ئەم ڕێگایە ڕاست و ڕەوان ئەچێتە ناو مێرگی ئازادی و سەربەستی.

کۆمەڵەی ژ. ک بڕیاری داوە بۆ ڕوون کردنەوەی بیری نەتەوەیی کورد و دۆزینەوەی هۆی چارەرەشی و دواکەوتوویی ئەم میللەتە بەستەزمان و بێدەستەڵاتە، لە هیچ فیداکارێکی ڕوو وەرنەگێڕێت. ئەوا لە سەر بڕیاری هەیئەتی ناوەندی ئەم گۆوارە(Govare) دەر ئەچێت تا بەرە بەرە هەر چەوتێ و ناڕەوایەکی لە ژیانی کورد هەیە پێشانی بدا و ببێتە شارەزای نەتەوەی کورد لە ڕێگای سەربەستی و سەربەخۆئی دا.

هەر لەچوارچیوەی ئامانجی کۆمەڵەی ژ. ک دا لە ڕاپۆرتی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەدا کە بۆ مۆلۆتۆڤ ناردراوە ئاوا هاتووە:

ئامانجی حیزبی ئێمە تێکخستنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئازاد کردنی نەتەوەی کوردی ژێردەست و خزمەتکردن بە هەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و شارستانییەتی گەلانی جیهانە.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٤٧ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، لە سەر ئەساسنامە و بەرنامەی کۆمەڵە دەنووسێ: خاڵێکی دیکە کە زۆر جێی داخە و یەکێکە لە حاڵە لاوازەکانی ئەو ڕێکخراوە، نەبوونی ئەساسنامە و مەرامنامەیەکی نووسراو بوو و لە ڕاستیدا ئەندامەکان تەنیا پوختەیەکی گشتییان لە ئامانج و بیروباوەڕەکانی دەزانی. سەرەتا هەوڵ دەدرا کەسانێك بکرێنە ئەندامی حیزب، کە لێیان دڵنیا بن، کەسانێکی گیانلەسەردەست بن و باوەڕیان بە ئامانج و هزرەکە هەبێ، بەڵام ئیتر وردە وردە لەلایەکەوە ڕێکخراوەکە لەو حاڵەتە نهێنییەی هاتە دەرێ و ئاشکرا بوو و لەلایەکی دیکەوە بە قبووڵکردنی کەسانێك بەبێ لێپرسینەوە لە کەسایەتی و پێگەکەیان،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵە بوو بە زۆر و بۆر و زۆری نەبرد هەموو کوردستانی تەنییەوە. ئینجا بە بوونە ئەندامی کۆمەڵێك سەرۆك عەشیرەت و دەوڵەمەند و ملکدار و شێخی ناوچەکە، ئیتر جڵەوی ڕێکخراوەکە لە دەستی دەستەی دامەزرێنەران و هۆگرە ڕاستەقینەکانی هاتە دەرێ. تا وای لێ هات دواتر ناوی ڕێکخراوەکەیان لە کۆمەڵەی ژێکافەوە گۆڕی و کردیانە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەوەش ڕێك بەپێچەوانەی ئەو سوێندە بوو کە پێشتر خواردبوویان.

ڕەحمانی حەلەوی لە درێژەدا لە لاپەڕەی ٤٨ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش، بە ڕاستی دەکرێ بڵێی کۆمەڵەی ژێکاف بنەما و بناغە و دایکی خەباتی نەتەوەیی بوو لەو ناوچەیەدا.

چاوخشاندن بە هێندێک بابەتی گۆڤاری نیشتمان باشتر ئامانج و ڕوانگەی کۆمەڵە دەردەخا. مامۆستا زەبیحی لە ژمارەی ٢ ی ئەو گۆڤارە لە وتارێک دا لە ژێر ناوی نەهێنی بیژەن- ٢ دا، دوای ئاماژە بە تەبلیغات و پروپاگەندەی نازی بە دژی کومونیستەکان دەنووسێ:

دوای هاتنی ئوردوی سوور (جیش الاحمر) بۆ کوردستان چەند کەسێک لەم بێ مێشکانە کە کتێبی دیاری و ژمارە یەکەمی نیشتیمانیان خوێند بووە و لایەنگری و تەمایولی ئێمەیان بە لای حکومەتی سوویەت دا دیبوو گوتبوویان ئارمانی کۆمەڵی ژ.ک بڵاوکردنەوەی مەسلەک و باوەڕی کۆمونیزمە. ئەم قسەیە بێشک لە سەرچاوەی تەبلیغاتی فاشیستەکان ئاو دەخواتەوە دەنا ئێمە کمونیست نیین. ئەگەر کمونیستیش بین جێگای هیچ ئیعترازێک بۆ خەڵک نییە لەم مەوزوعەدا هەیئەتی مەرکەزی کۆمەڵ بەیاننامەی ڕەسمی دەرئەکات.

دەقی ئەو بەیاننامەیەی کە مامۆستا زەبیحی ئاماژەی پێدەکا، لە لایەن هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ.ک چاپ کرا و لە لاپەڕەی ٩ ی گۆڤاری نیشتمان، ژمارەکانی ٣ و ٤ دا هاتووە و بە ژمارەی ٣٢٢ ڕۆژی ٢٥ سەرماوەز ١٣٢٢ بڵاوکراوە و کومونیست بوونی کۆمەڵەی ڕەد کراوە.

کۆمەڵە بە ئایینی ئیسلام زۆر هەستیار بوو و بەندێکی دیکەی ئامانجی ژ- ک لە وڵامی ئەو کەسانە دایە کە ئەو ڕێکخراوەیە بە کومونیست دەزانن. لەو بارەوە لە لاپەڕەی ١٠ ی ژمارە ٥ ی گۆڤاری نیشتمان دا هاتووە: بۆ وڵامی هێندێک لە نەفام و تێنەگەیشتووکان بەندێکی مەڕامنامەی کۆمەڵە دەنووسین. کۆمەڵەی ژ. ک لە سەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، سوڵح و ئاشتی خوازی داندراو و هەموو قانوون و نزامنامەکانی لەگەڵ شەریعەتی موقەدەسی ئیسلام تەتبیق ئەکرێ و ئینجا ئەخرێتە کار.

شێوەی ئامانجی کۆمەڵە، چەشنی دوژمنەکانی دیاری دەکرد و ڕوانگەی سەربەخۆیی دەبوو بە هۆی دژکردەوەی هەموو وڵاتانی دوژمنی کورد، بە تایبەتی ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا بەش کراوە.

ئامانجی کۆمەلە یەک خەت و نیشان و یەک ڕەهەند نەبوو و بابەتەکانی "نیشتیمان"، یەک دەست نەبوونی بۆچوونی نووسەران و ئامانجی ئەوان دەردەخا. ئەگەر لە زۆر بابەتدا پشتیوانی لە سۆڤییەت دەکرێ، بابەتی ئەوتۆش هەیە کە بە توندی لایەنگری لە دەوڵەتی بریتانیای مەزن دەکا. ئەو پشتیوانییە تەنیا بە مەبەستی ڕێز لێنان لە چاپی گۆڤاری "دەنگی گیتی تازە" نییە کە بە هۆی ئینگلیس دەردەچوو، بەڵکوو بوارێکی بەرینتر بەخۆوە دەگرێ. لە لاپەڕەی ٢٦ی ژمارە ٣ و ٤ ی گۆڤاری نیشتمان دا، لەژێر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەردێری"ئەستێرەیەکی تازە لە ئاسمانی چاپەکانی کوردیدا" هاتووە:

جوامێری و مەردوم دۆستی بەریتانیای گەورە.

کورد ماوەیەکی زۆر لەمێژە هەستی بە نەجابەت و مرۆڤ خۆشەویستی بەریتانیا کردوە. ئەم حکومەتە گەورەیە بە درێژایی مێژووی ئێمپراتورییەتی خۆی هەمیشە پاریزگاری ئازادی و سەربەخۆیی و پەروەرێنەر و پێکهێنەری نەتەوە بچووکەکانی گیتی بووە. زۆرجاران وەکوو ئەم جارەی ئێستا لە سەر حەقی نەتەوەیەکی بچووک بەرەنگاری نەتەوەیەکی زل و بێدادگەر و ستەمکار بووە و ئاسایشی نەتەوەی خۆی لە پێناو ئاسوودەیی مەردوم ناوە بە تایبەتی تیشکی ئەم هەتاوە داویە لە کوردی بیچارە و چارەڕەش و ستەم دیتوو و حکومەتی بەریتانیا هەرجارە بە چەشنیک بۆتە هۆی پێشکەوتنی گەلی دواکەوتوو و مەزلوومی کورد. بەراستی پێویستی خزمایەتی خۆی لەگەڵ ئێمە بەجێ گەیاندوە. ئەمجارەش لە باڵوێزخانەی بەریتانی تێشکەی ئەستیرەیەکی ڕووناک درەوشا، "گوڤاری دەنگی گیتی تازە"یان بە کوردیکی زۆر پەتی بۆ دەرخستین. ژمارەی یەکمان خوێندەوە. گەلێ هێژا و بە نرخە، یەزدان یارمەتی دەری خۆی و خاوەنی بیت...

لە درێژەی ئەو وتارەی "نیشتیمان" دا، دوایە نووسەر، داوا لە حکومەتی بریتانیا دەکا کە هەر وەکوو لە "یافا" ڕادیوی کوردستانیان کردۆتەوە و دەنگی لە هەموو شوێنێک دەبیسترێ، ڕادیۆ لەندەنیش ڕۆژێ سەعاتێک بەرنامەی بۆ زمانی کوردی تەرخان بکا و بەو دروشمە کۆتای بە وتارەکەی دەدا: بژی ئاڵا هەڵگرێ ئازادی گیتی بەریتانیای مەزن.

لەسەر مەڕامنامەی کۆمەڵە دەبێ بگوتری هەموو بەندەکانی لەدەست دانییە و لە لاپەڕەی ١٦ ی ژمارە ٦ ی"نیشتمان" دا لە بابەتی "لە ناو کۆمەڵە دا" چەند بەندێک لە مەڕامنامەی کۆمەڵە بەمشێوەیە بڵاوبۆتەوە:

" چەند بەندێک لە مەڕامنامەی کۆمەڵە "

٧ – بۆنەی موتەدەیین بوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستان تەنیا دینی موقەدەسی ئیسلام بە ڕەسمی دەناسێ و بۆ تەڕویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێگەیشتنی هەموو ڕێوشوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشێ و لەگەڵ منافقان بەربەرەکانێکی بە شیدەت ئەکا.

٨ – مەسلەکی کۆمەڵە دیمەکراتیە و لەم پێناوەدا بۆ خۆشی ژیانی بەشەر کوشش ئەکرێت.

١١ – کۆمەڵە هەموو قەبیلە و عەشیرەتەکانی کورد بە چاوێک تەماشا دەکا و بۆ برایەتی هەمووان کوشش ئەکا. ڕەخنەگری و ئینتیقاداتی کۆمەڵە لە ئاکاری ئەوان تەنیا لە ڕووی دڵسۆزی کوردایەتییەوەیە کە حەز بە لەناوچوونی ئاکار و ڕەفتاری ناشیرین لە ناو کوردەواریدا دەکا.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٠ دا لە سەر ناوەرۆکی کۆمەڵە دەنووسێ: "کۆمەڵە" بێجگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش بوو. زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە بڕوایان بەو سوێندە هەبوو کە خواردبوویان و دەستیان لە ئاکاری دزێو هەلگرتبوو. دزی، خراپە و نیوان ناخۆشی لە کزی دابوو و دەتوانم بڵێم لە هێندێک جێگا هەر نەما.

مامۆستا هێمن دەڵی کە ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ پێکهاتبوون و جیاوازی بیروبڕوای سیاسییان هەبوو، بەڵام هەموویان لە سەر ڕزگاری کوردستان کۆک بوون. کۆمەڵە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوێکی نەهێنی بە دسیپلینی توند بوو ئەندامەکانی هەر ئەوەندەیان دەزانی کە دەبوو بیزانن.

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ویستی هەموو پارچەکانی کوردستان یەکبخاتەوە و نەتەوەی کورد ئازاد بکات، یارمەتی گەشە سەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەلان بدا. ئەو ئەرکە قورس بوو و نەهێنی بوونی کۆمەڵە کۆسپ بوو بۆ بەرەوپێش چوونی ئەو ئامانجانە.

بیروڕا و تەوەری کاری ڕێکخراوی کۆمەڵە ئاشتیخوازانە و ڕێفورمیستیانە بوو کە بۆ یەکێتی و وەسەریەک خستنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان هەوڵی دەدا. ئەو ڕێکخراوەیە دژی خەباتی چەکداری بووە. لە ژمارە یەکی نیشتمان، لە ڕوانگەی هەیئەتی ناوەندی دا، ئاماژە بەو بابەتە دەکری و تییدا هاتووە کە کورد توانایی بەربەرەکانی لەگەڵ چەکوچۆڵی دوژمنانی نییە: ... چەک و تفاقی شەڕ کە لە چەنگ کورد دایە لە بەرانبەر چەک و تفاقی شەڕی ئەمانەی بوونە بەرهەڵستی سەربەستی ئێمە کار ناکات، ئەبێ کورد بزانێت ئێمڕۆ تفەنگ لەچاو گوللەپرژێن و تۆپ و تانک و فڕۆکە و ... و ... تۆقتۆقەیەک زیاتر نییە. تەنیا ڕێگایەک ئەبێ کورد بەرەو سەربەستی بیبا بڕوا، شەقامی شارستانییە...

مەلا قادری مودەڕەسی لە لاپەرەی ١٢ی کتێبی "ژێ. کاف چ بوو... دا، دوای ئەوە دەنووسێ کە ئەو ڕێکخراوەیە سەدا لەسەد کوردی بوو و لە سەر بابەتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵە لە چەندین خاڵ دا دەڵێ کە بۆ داڕێژەرانی کۆمەڵە دەرکەوتووە کە دەستبردن بۆ چەک غەیرە ماڵوێرانی چارە ڕەشی، بەرهەمی دیکەی نییە. بزوتنەوەی چەکداری دەبێ کاتێک بکرێ کە پلەی فەرهەنگی خەڵک لەسەرێ بێ و ڕێکخراو بە هێز بێ و هاوکاتیش لەگەڵ هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستانی گەورە، ئێران و عێراق تورکیا و سورییە لە یەک کات دا، ڕاپەڕین دەست پێبکرێ. گرنگترین ئەرک، بردنە سەری ڕادەی فەرهەنگییە تا گەلی کورد بەمشێوە بتوانی لیاقەتی ئازادی خۆی بسەلمێنێ. چوونکە دینی ئیسلام بۆتە فەرهەنگی وڵاتەکەمان، ژێ - کاف دەبێ ڕێزی تایبەتی بۆ ئەو ئایینە دابنێ.

دیارە لەسەر دروشمی خەباتی چەکداریش، ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە یەک دەنگ نەبوون و لە ژمارە ٢ی نیشتمان دا، لە چوارچێوەی ئامانجەکانی کۆمەڵە دا، ناتەبایی سەرەکی بەدی دەکرێ. ئەو ناتەباییە تەنانەت لە یەک وتاریش دا بەدی دەکرێ. لە بابەتی "ئەی لاوی کورد" دا، دوای ئەوە ئامۆژگاری بە لاوەکان دەکرێ دەگوترێ: ... دایکی نیشتمان چاوەنواری قەیامی تۆیە. قەیامێکی وا کە لە جادەی شارستانییەت دەرنەکەوێت...

بەڵام چەند دێر خوارتر دەنووسرێ: ... بە شمشیری نیشتیمانپەروەری ئەو دەستانەی بە ناحەق بۆ سەر وڵاتی ئێوە درێژ کراون و ئەستۆی براکانت ڕێکدەکوشن بپەڕێنە و...

هەرچەند بە لای زۆربەی نووسەرانی ژ- ک، کورد بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانی بە ئازادی گەیشت و لە زۆربەی وتارەکان دا تەعریفی شەڕ و بەربەرەکانی هێزەکانی ڕووس دەکەن، بەڵام لە ئامانجی کۆمەڵەدا بە توندی خەباتی چەکداری ڕەد دەکرێتەوە. ڕوحی ئاشتیخوازانە و بە گشتی خەباتی مەدەنی بنەمای کاری کۆمەڵە بووە. بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە لە زۆربەی وتارەکانی گۆڤاری نیشتمان دا هەوڵیان داوە ئەو مەبەستە بە ڕوونی ڕابگەیەنن.

گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکان بە شیوەی ئاشتیانە هەمووکات ویستی خەڵکی کورد بوو. بە پێی ئارشیوی وەزارەتی دەرەوی ڕووسییەی فیدراتیو، خەلیل فەهمی وەزیری کاری ئێران لە ڕۆژی ٢٢ ی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەفرانباری ١٣٢٢(١٤ ژانوییەی ١٩٤٤) دا هاتە مەهاباد. ئیبراهیم ئیبراهیمیان (نەوجەوان) لە چەند خاڵدا ستراتیژی کۆمەڵەی بۆ ڕوون کردەوە و داوای لێکرد کە ئەو داوایانە جێبەجێ بکرێ:

دوای بیست ساڵ دیکتاتۆری واتە پاش ئاگوستی ١٩٤١ دەوڵەتی ئێران بە دنیای ڕاگەیاند کە لە ئێران کۆتایی بە دیکتاتۆرییەت هاتووە و دیموکراتیەت جێگیر بووە. ئەم ڕاگەیانانە بۆ سێ ملیۆن گەلی کورد لە ئێران زۆر هەواڵێکی شادی هێنەر بوو، گەلی کورد وا تێگەیشت کە لە ئێراندا کۆتایی بە درۆ و دەلەسە و چەوساندنەوە و پیلانگێڕان هاتووە و کوردەکان دەتوانن ئێستا لەو ئازادییە کەڵک وەرگرن.

وەک لە ڕۆژنامەکانی تاران دەردەکەوێت، ئەم هەموو بەڵێنانە بە درۆ دەرهات و نە تەنیا کوردەکان بەڵکو گەلانی ئێرانیش ئازادیی دیموکڕاتیکیان بە دەست نەگەیشت، بەبۆنەی هاتنی ئێوەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە سەفەرەکەتان بۆ کوردستان داواتان لێ دەکەین ئەم داخوازیانەی کوردان بگەیەنن بە پەرلەمانی ئێران:

١- زمانی کوردی لە کوردستاندا ببێت بە زمانی ڕەسمی.

٢- فێرکردن لە قوتابخانەکاندا، هەروەها نووسین لە دامودەزگاکانی دەوڵەت لە کوردستاندا بە زمانی کوردی بێت.

٣- بە لانی کەمەوە لە شەو و ڕۆژێکدا دوو سەعات بەرنامەی ڕادیۆی تاران بە کوردی بڵاو بکرێتەوە.

٤- داواکاری خاڵی یەک و دوو دەبێ پەرلەمانی ئێران بڕیاریان لەسەر بدات. ئەم داواکارییانە تەنیا تایبەتن بە کاتی شەڕ، دوای تەواو بوونی شەڕی دووهەمی جیهانی دەبێ کێشەی کورد بخرێتە بەردەست و ئێمە هیواداریین کە لە کۆنفرانسێکی ئاشتیدا کێشەی کورد چارەسەر بکرێت.

لەسەر سیاسەتی گشتی کۆمەڵە لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی زلهێز، بێشک ئەو ڕێکخراوەیە لایەنگری ڕووسان بوو و ئەونیان لە هەموو ڕووداوەکانی ناوچە ئاگادار کردوتەوە. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ١٤٣ی کتێبەکەی دا لەسەر بەلاداشکانی کۆمەڵەی ژ –ک بە لای ڕووسەکان بە دوای کۆبوونەوەی ٢٢ ی گوڵانی ١٣٢٢ دا دەنووسێ:

کەمایەسی ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان پتر لەوەدا بووە کە دوای کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٢٢ی قەڵای سارمێ، بەبێ وەرگرتنی هیچ چەشنە بەڵێنییەک لە کاربەدەستانی سۆڤییەت و ئاگادار بوونیان لە تیۆریی و نیازی سیاسیی ئەوان سەبارەت بە نەتەوە ژێردەستەکان و بەتایبەتی گەلی کوردی دراوسێی ئازەربایجان و هەڵسەنگاندینی دواڕۆژی ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، ڕەمەکی خۆیان هاویشتۆتە باوەشی سۆڤییەتەوە و کاریان گەیاندووەتە جێیەک، کە کۆنسوڵەکان و فەرماندەکانی ئەرتەشی سۆڤیەت لەژێر پەردەی لایەنگریکردن لەبیری ئینترناسیۆنالیستدا، ڕاستەوخۆ تەئسیر بکەنە سەر ئەندامانی کۆمەڵە و تەنانەت لە بەشێکیان بە قازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن. کۆمەڵە لەم بارەدا سیاسەتێکی دروست و حیسابکراوەی نەگرتۆتەبەر و بەرپرسایەتییەکەشی پتر دەکەوێتە سەرشانی زەبیحی کە لێپرسراوی پێوەندی ژ. ک لەگەڵ حەسەنۆڤ سەر کۆنسولی سۆڤییەت لە تەورێز بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هیماکانی کۆمەڵەی ژ.ک

ڕەمز و هیماکانی ژ.ک نەتەوەیی و ئارمەکەی هەتاو بوو کە لە نێوەکەیدا بە پیتی لاتین ژ. ک نووسرابوو و دەبوو دەوڵەتی کوردستانی گەورە بە پشت بەستن بە چینی زەحمەتکێش و چەوساوەی پێک بێ. ئەو ستراتیژییە ڕزگاریخوازانەیە، بە دژایەتی کردن لەگەڵ لە گەڵ ئاغا و شێخ و مەلا، بەرەی یەکگرتوویی ڕیزەکانی جوڵانەوەی دەشێواند.

سەرەڕای هەمووی ئەوانە هەڵەی سەرەکی کۆمەڵە ئاشکرا نەبوون و بە نەهێنی مانەوە بوو و هەرچەند دەوڵەت لە کوردستان دا نەمابوو، بەڵام ئەو ڕێکخراوەیە ڕواڵەتی نەهێنی هەر پاراست.

## کۆمەڵە و دوژمنایەتی عەشایر

ئامانجی کۆمەڵە دژی بەرژەوەندی عەشایری گەورە و ئاغاکان نەبوو بەڵام هەڵسوکەوتی ئەو ڕێکخراوەیە لە دامەزرانی دەوڵەتی کوردستانی گەورە دا، پشتی بە چینی زەحمەتکێش و چەوساوەی کوردستان دەبەست و ئەو ستراتیژییە، کۆمەڵەی لە ڕێکخراوی نەتەوەیی دوور دەکردەوە و یەکگرتوویی ڕیزەکانی جوڵانەوەی دەشێواند. ئەوکات ئاغاوەت لە نێو کۆمەڵگای کوردستان دا دەستەڵاتی تەواویان هەبوو و کۆمەڵە نەیدەتوانی بە دژی ئەوان بە ئازادی کار و چالاکی بکا.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٤٦ دا لەسەر هەڵسووکەوتی عەشایر دەنووسێ: دەوری عەشایربازییە، عەشیرەت دەستێکی درێژیان هەیە، هەموو ساحێب چەک و نۆکەرن. سابڵاغ ژێر چەپۆکی عەشیرەتە، شەوانە دەچنە سەر زۆر لە دەوڵەمەندی شار و بە زۆر پارەیان لێدەستێنن. وەزعی شار باش نییە بە دەستییانەوە.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٧٦ بیرەوەرییەکانی دا بەمشێوەیە باسی ئەو قۆناغە دەکا و دەنووسێ: ئەو زەمانیش دەور دەوری عەشایرە، هەرکەس‌هەرکەسە. سابڵاغ لەنێو ئاغاکانەوە بەش کراوە، بەنۆبە هەر ڕۆژەو ئاغایەک حکوماتی شارە. هەموو ئاغاوەتی عەشایر دە شاری خزاون. لەلایەک ئێران کۆپین دەدات بە ئاغاوەتەکان و قەند و شەکری پێوەردەگرن و سەری عەشایر بەو قەند و شەکرە گەرم دەکەن تا بەقسەی ئەوان بکەن و پیاوی ئەوان بێننەوە، لەولاشەوە حوسێنی زێڕینگەران کە لە گومرگ کار دەکات و خۆیشی هەمەکارەی کۆمەڵەیە، بە کۆپین زۆر ئاغای داخیلی کۆمەڵەی کردوون.

زۆربەی عەشیرەتەکان دوژمنی کۆمەڵە بوون، تەنانەت لە نیو عەجەمانیش دا "قولیخانی بوزجلو" سەرۆکی عەشیرەتی قەرەپەپاغ لە ناوچەی سندووسی نەغەدە، دژایەتی توندی کۆمەڵەی دەکرد. بە گوێرەی لاپەڕەی ٨٧ ی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیەی فدراتیو، هاشمۆڤ لە ڕاپۆرتی ١٨ی مارسی ١٩٤٥ دا دەنووسێ:

٦ ی ئاپریلی ١٩٤٥ بەخشداری سندووس "قولی خانی" لەگەڵ خزمەکانی لەوانە "پاشا خان" و "ئینتسابی" کە مڵکداری گەورەن، هاتە لامان و شکایەتی کوردەکانی لە ئێمە کرد و گوتی لەم دوایانەدا کوردەکان سووکایەتی بە" قەرەپەپاخ"ەکان، دەکەن و ناچاریان دەکەن بچنە ڕیزی پارتی ژێکافەوە و دەیانەوێ لە نێوان کورد و ئازەرییەکاندا دوژمنایەتی پێک بێنن و لەو ڕێگایەوە دانیشتووانی ئازەریی ناوچەکە تالان بکەن و ناکۆکی نێوان کورد و قەرەپەپاخەکان بە بەردەوامی بمێنێتەوە. خەڵکی ناوچە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنەوە گوتوویانە "بیر تەرەفندە دێنیز، ئوچ تەرەفندە دۆنگوز" ( لە لایەک دەریا و سێ لایەکەی دیکە بەراز).

قولی خان لە کۆتایی مانگی مارسی ئەمساڵدا متێنگێکی بە بەشدارایی ١٥٠٠ کەس ڕێک خست، کە ئاسووری، ئەرمەنی و ئازەری و کوردی تێدا بووە و بێجگە لە کوردەکان ئەوانی تر پشتی قولی خانیان گرتووە، ناوبراو لەمەڕ کۆمەڵەی ژێکاف گوتی، ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە بە تۆبزی خەڵک لە ڕیزی ڕێکخراوەکەیاندا دەنووسن. قولی خان بەچاوێکی باش دەڕوانێتە حیزبی تودەی ئێران، هاشموف لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا هەروەها ئاماژە بە ڕاگەیانەراوی حیزبی تودە دەکات و دەنوسێ: لە ڕاگەیانەنی" ئازادی وەتەن" لێپرسراوی حێزبی تودە لە ورمێ دەردەکەوێ، کوردەکان هێزی چەکداریان دامەزراندووە و کاتێک ئەندامانی ژێکاف دەچنە گوندێک دوای پڕوپاگەندە بۆ هاتنە ڕیزی حیزبەکەیان، ئەگەر کەسێک ئامادە نەبێ ناوی خۆی لە ژێکاف بنووسێ، بەزۆر دەیبەن و بە قورئان سوێندی دەدەن، لەنێو ئەوانەدا کە بە زۆر ناچاریان کردوون بچنە ڕیزی ژێکافەوە، ئەندامی حیزبی تودەشیان تێدایە.

بە پێی ڕاپۆرتی کۆمەڵە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە، لە مانگی سپتامبری ساڵی ١٩٤٣دا سێ ئەندامی کۆمەڵە بە هۆی سەرۆک عەشیرەتەکان لە مەهاباد گیران بەڵام بە هۆی هەوڵدانی ئەندامانی کۆمەڵە دوای ٢ سەعات ئازاد کران. مامۆستا هەژار دەڵێ کە دوژمی سەرسەختی کۆمەڵە، قەرەنی ئاغای مامەش و عەلیاغای ئیلخانی بوون و لە لاپەڕەی ٦٩ی چێشتی مجێور دا دەنووسێ:

قەرەنیاغا زەبیحی گرت و هەڕەشەی کوشتنی لێکرد. ڕووس بەریان دا و هەڕەشەیان لە قەرەنیاغا کرد.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٦٨ بیرەوەرییەکانی دا باسی هەوڵی عەشایر بۆ نەهێشتنی دوژمنانی خۆیان بە شێوەی، بە یەکتر بە کوشت دان دەکا و دەنووسێ: ئەوە ئاغاوەتی دەوروبەری شار خەریکی سەرتێداچووەن، دەگەڕێن بە چ جۆرێک بێت، لەنێوم بەرن. نە ئەوان جامینی منیان دەوێ نە من چاکەی ئەوان. تا ئەو جێیەی بۆیان لوابێ، بۆ لەناوچوونم هەوڵیان داوە، بوغز و قینیشیان ئەوەندە زۆرە کە سێسەرەم لەسەر هەڵناگرن. ڕۆژێکییان بە سەرسووڕمانەوە چاوم لێکرد پیاوێکی ″حەوڵائاغای مەنگوڕ″ هاتە لام و گوتی: ئاغا دەڵێ لای نیوەڕۆیە بێت بۆ لام کارم پێیەتی. هەر زۆرم پێ سەیر بوو! دەمزانی کاری خێری پێم نییە، بەڵام نەمدەزانی چی دەبن سەری دایە؟! ناچار هەستام چووم. چوونم باشتر بوو تا نەچوونم. پاشی زۆر قسەکردن و بەسەردا هەڵگوتنم و شێر و ڕێوی هێنانەوە، گوتی: دەبێ ″کەریم جانگیر″ بکوژی! گوتم: بۆچی بە نۆکەرەکانی خۆت نالێی؟ گوتی: ئەو کارە بە تۆ دەسپێرم.

ئەو ڕۆژە زۆری شووتی وەبن هەنگڵی نام کە من شانم وایە، باڵم وا، شەوکەتم وا. "کەریم جانگیر" کوڕێکی زۆر ئازا و وریا بوو. ئەو لە دەرەوەی شاری میاندوواو و "کەلبی ڕەزاخان"، لە کوشتنی ئەمنییە و پیاوی حکومەت ڕانەدەوەستا. خۆیشی خەڵکی زۆری دەگەڵ نەبوو بەڵام ئەو نێوەی چاک شێواندبوو. حکومەتی ئێرانێ ئەمری بە ئاغاکانی سەردار عاشیرەت کردبوو کە من و کەریم بکوژن. "حەوڵائاغا" لەولاشەوە پیاوی ناردبوو بۆ لای کەریمی و ڕایسپاردبوو تا من بکوژێت. ئاوا بەتەمایە بە مەقسودی خۆی بگات و سووک و هاسان دە گیانی یەکترمان بەردات و من و کەریم جانگیر بە یەکتر بەکوشتن بدات. چۆن بە منی گوت کە کەریم بکوژم، ئاواش بە کەریمی گوتبوو. زۆری پێنەچوو بەهەڵکەوەت لە ناو شار دەگەڵ کەریمی یەکترمان چاو پێکەوت. ئەو هەڵی دایە و گوتی: ئاغا پیاوی بۆ لای من نارد بۆ تۆ، وشیاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆت بە، لەوانە ئەمین مەبە، نەکا پەندێکت بەسەر بێنن! منیش گوتم: دەنا بە منیشیان گوتووە بۆ تۆ!
جا هەردووکمان وشیار بووینەوە و لێک حاڵی بووین و زانیمان کە ئەوانە بە فیتی حکومەتی ئێرانێ بەتەمان هەردووکمان بکوژن و ئەو سەر ئێشەیە لەکۆڵ حکومەت و ئاغاکانی بکەنەوە. زۆر بە گەرمی لێک هەڵبڕاین و قەولمان دا ئەگەر خەبەرێک بوو یەکتر ئاگادار بکەینەوە.
حەمەدی مەولوودی لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە دوای ڕووخانی ڕێژیم ڕەزا شا، کورد بە لیباس و بە تفەنگەوە لە تەورێز دەخولانەوە و لە لاپەڕەی ١٥٠ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە هێندیک کەس وەک خۆی، بۆ ئەوەی لە چەنگ هەرەشەی ڕێژیم نەجاتیان بێ، چوونە تەورێز و پاسپۆرتی ڕووسانیان وەرگرتووە و بوونە هاونیشتیمانی ڕووس. دواتر ئەو پاسپۆرتە دەبێتە لەمپەرێک بۆ حەمەد کە عەشایر نەتوانن زیانی پێبگەیەنن.
حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٥٢ بیرەوەرییەکانی دەنووسێ کاتێک لە تەورێز ڕا گەڕاوەتەوە بۆ مەهاباد، پیاوەکانی ئاغایەک هاتوون و پێیان گوتووە کە دەبێ لەو شارە بڕوا.
حەمەدیش دەڵێ بۆ کوێ بچێ. ئەو لەو شارە لە دایک بووە و مردوو و زیندووی لەو شارەیە. بەڵام پیاوەکانی ئاغا دەڵێن تا بەیانی مۆڵەتت پێدەدەین و نابێ لێرە بمێنی. حەمەدی مەولوودی دەچێتە لای "عەلی یۆف" ئەفسەری ڕووس لە ورمێ و باسی شاربەدەر کردنی خۆی دەکا و ئەو دینێرێتە لای "شێخ محەممەدی عەڵیاڵی" لە نەغەدە کە جێی مەتمانەی ڕووسان بوو و لە لای ئەو دەبێتە سەرۆکی قۆڵ سوورەکانی پارێزگاری شاری نەغەدە.
ڕەوتی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بە تایبەتی سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگەکان تەوەری هەموو باسەکانی کۆمەڵە لە هەموو بوارەکان دا بوو. لە نامەی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە بۆ سۆڤییەت دا، داوا کراوە کۆتایی بە دەست تێوەردانی عەشایر لە سیاسەتدا بکرێ و هاتووە:
٤ - بە هۆی کاربەدەستانی جێگیری یەکیتی سووڤییەت لە شارەکانی کوردستان دا، بە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان فەرمان بدەن کە بە کاروباری خۆیان ڕابگەن و خۆ دەکاری سیاسی وەرنەدەن و داوا دەکەین ژمارەی مەئمورەکانی خۆتان زیاد بکەن لە کوردستان دا.

## کۆمەڵە و پارچەکانی دیکەی کوردستان (پەیمانی سێسنور)

کۆمەڵە بە پێی ئامانجەکانی هەوڵی دا تا لەگەڵ کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا پەیوەندی بگرێ و ئەگەر بکری پەیمان ببستێ. غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٣٢ ی کتێبی ئاڵەکۆک دا دەنووسی کە بە دوای کۆبوونەوەی خەزایی دا، کۆمەڵە بڕیاری دا تا لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان پەیوەندی بگرێ.
یەکێک لەو پەیوەندییانە، نامەیەکە کە لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٢ (١٩٤٣) لە لایەن ئیدارەی مەحەلی کۆمەڵە لە مەهاباد، بۆ مەلا مستەفای بارزانی نووسراوە و لە لاپەڕەی ١٨ی گۆڤاری نیشتمان ژمارە .....دا بڵاو بۆتەوە و تییدا هاتووە کە ئەم جەنگەی سەروکی گەورەی کورد (مەلا مستەفای بارزانی) هەڵیئایساندوە ئیختلالێکی میللەتی کوردە، بەمشێوەیە:
بۆ جەنابی زەعیمی ئازادی مەلا مستەفا بارزانی
بژی کوردو کوردستانی گەورە
بە ناوی هەیئەتی کۆمەڵەی ژ. ک لە شاری ئا- خ لە پاش زانینی دەنگوباسی شۆڕشی ئازادی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موقەددەسی ئێوە ئەم موخابەرەیە ئەکەین هیوامان وایە بە تەفسیل وەڵامان بدەنەوە:
١- لەپێش هەموو شتێک تەبریکی زەعیم و لەشکری ئازادی کوردستان دەکەین کە زاڵ بووە بەسەر دوژمندا.
٢- بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەو عاتیفە جوانەی کە بەرامبەر ئێوەمان هەیە و شعوری برایەتی، کوردایەتیی، یەکێتیی یارمەتییەکی عەمەلی و فیعلی بێ وایە ئەم مەعلوماتەی خوارەوە بزانی، چونکە خۆمان تەقدیری مەوقیفی ئەمە دەکەین بەرامبەر بە مەسئولیەتی دوەل.
٣- براعەتی سەورەی ئێوە چییە، ئایا ئیدیعای ئازادی کوردستانی عێراق دەکەن وە یا خود هەموو کوردستانی گیتی وە زیمنەن کوردستانی تورکیا.
٤- موقیفی ئێوە بەرامبەر سیاسەتیی ئەجنەبی لە عێراق دا چییە و ئەگەر هاتوو لە تەرەف ئەم سیاسەتە تەهدید وە یاخود ئیقناع کران سەورە ڕادەوەستێنن وە یاخود دەوام دەکەن.
٥- ڕەئی ئێمە ئەوەیە کە سەورەی موقەددەسی ئێوە ناوێکی عمومی وەربگری یەعنی ئیدیعای ئازاد کردنی هەموو کوردستان بکەن وە بۆ ئەمە دەبێ کوردی گێتیی بە مەشوەرەت تەعاونتان لەگەڵ بکا وە لە ژێر قیادەی ئێوە لەشکرێکی کوردی لە هەمو کوردی گێتیی تەنزیم بکرێ. بۆ ئەوەش دەبێ ئامادە بن لە عقدی مەئتەمەرێک لە حاڵی حازر لە ئێوە و هەیئەتی ئیستیشارەی ئێوە و هەیئەتی ئیستیشارەی ئێمە تەنزیم بکرێ و جێگە و زەمان تەعین بکرێ بۆ ئەم موئتەمەرە چ لە ئەرزی عێراق چ لە ئەرزی کوردستانی ئێران. لەم موئتەمەرە هەموو متالیبی کورد بە شکڵی پەیمانێکی میللی تەعیین بکرێ وە لە تەرەف هەموومان ئیمزا دەکرێ وە لەم موئتەمەرەدا میزانی عەسکەری تەعیین دەکرێ وە واجبیاتی هەموو لایەک تەعیین دەکرێ.
٦- پێویستە مەوقیفی حەربی خۆتان لەگەڵ مەوقیفی حەربی دوژمن بۆمان موفەسەلەن وە بە دەقیقەت تەعین بفەرموون لەگەڵ مەوقیفی عەشایری کوردی عێراق بەرامبەر ئێوە.
٧- بۆ ئازاد بوونی کوردستان دەبێ سیاسەتیی یەک لە دوەلی موعەزەمە لەگەڵمان بێ. بە ڕەئی ئێمە ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی شۆرەوییە، ڕای ئێوە بەم خسوسە چییە چونکە نابێ عەلی الحیاد بین لەگەڵ هەموو دەوڵەتان.
٨- لە هەمووی موهیمتر پێویستە بە سورەتێکی موستەعجەل ئیجتیهادی خۆتان بەیان بکەی بە خسوسی ڕای ئینگلیس بەرامبەر سەورەی ئێوە و گفتوگۆیان لەگەڵ ئێوە چییە چونکی ئێمە ئەزانین بە تەحقیق نابێ ئینگلیس لەم سەورەیە بێ دەخیل بێ.
٩- ئێوە زەعیمێکی ئازاد پەرستن هیچ نەبێ موکافەحەی زوڵم ئەکەن بۆ عەشیرەتی خۆتان وە کوردی ئێران بە ڕوحی برایەتی کوردایەتی زۆر ئیشتیاقی هەیە بۆ موفەق بوونی ئێوە بە هەرچ نەوعێک ببێ وە ئامادەیە بۆ یارمەتیی ئێوە بە گوێرەی موسامەحەی زرووفی سیاسیی مەملەکەتمان وە کە ئەم سوئالانە ئەکەین مەقسودمان ئەوەیە کە تەئمینی یارمەتییەکی زۆر گەورە بۆ ئێوە بکەین و حەرەکەتی موبارەکی ئێوە بکەینە حەرەکەتی میللی عمومی تاکو لە تاریخدا ئەم فەخرە بۆ ئێوە تەسجیل بکرێ.
لە لایەن هەیئەتی شوورای شاری ئا- خ
پەیوەندییەکانی کۆمەڵە نەهێنی و چوونکە زۆربەیان لە لایەن کەسانی بەرپرس بەوردی و بە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروستی تۆمارنەکراون، شێواو و تێکەڵپێکەڵن و ناڕاستیان پێوە دیارە. ئیگلتۆن لە باسی ئەو پەیمانی سێ سنوور لە لاپەڕەی ١٠١ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە لە مانگی ئووتی ١٩دا لە سەر پرسی نەتەوەیی و دیاری کردنی جوغرافیای کوردستانی گەورە و بەستنی پەیمانی سێ قۆڵی، لە کێوی دالآنپەر لە نێوان سنووری ئێران و عێراق و تورکییە بە بەشداری ٣ نوێنەری پارچەکانی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی نهێنی بەڕێوەچوو. بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە قاسمی قادری نوێنەری کۆمەڵەی ژ.ک لە مەهاباد. شێخ عوبەیدولا نوێنەری کوردەکانی عێراق لە زینوێ و قازی مەلا وەهاب نوێنەری کوردەکانی تورکییە.

هەر لەسەر پتەو کردنی پەیوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان دا، ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ١٠٠ ی کتێبەکەی دا باس لەوە دەکا کە بۆ باس لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان و بەرنامەی داهاتوو، کۆمەڵە لە مانگی مارسی ١٩ محەمەد ئەمینی شەڕەفی ناردە کەرکووک. ئەو لەوێ چاوی بە ئەمین ڕەواندزی و عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و شێخ قادر سولەیمانی و سەید عەبدولعەزیز گەیلانی و ڕەفیق حیلمی کەوت.

ئەوجار دوای چەند مانگ لە هەوەڵی هاوینی ١٩ دا لە لایەن لقی سولەمانییەی حیزبی هیوا، ئیسماعیل حەقی شاویس و عوسمان دانیش، بۆ باس لە سەر بابەتەکانی پێشوو هاتنە مەهاباد.

کۆمەڵە لە گەڵ حیزبی هیوا بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی و مەلامستەفای بارزان و لقی کوردستانی پارتی کومونیستی عێراق و پارتی ڕزگاری کوردستان پەیوەندی هەبوو و لە شارەکانی هەولێر و سولیمانییەدا، ئیدارەی خۆجێیی دامەزراند. لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی ژ- ک بۆ ڕووسان لە ١ی سەرماوەزی ١٣٢٣ دا چەشنی پەیوەندی کۆمەڵە و حیزبەکانی کوردستانی باشوور دەردەکەوێ:

کۆمەڵەی ژ. ک

ئیدارەی ناوەندی

بەرواری ١٤ سەرماوەزی ١٣٢٣- ٥ ی دیسامبر ١٩٤٤

بژی کورد و کوردستانی گەورە

بۆ بەڕێز سەرکۆنسولی یەکێتی سوڤییەت لە شاری تەورێز

١ - حیزبی " هیوا" لە کوردستانی عێراق بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی ئێمە دوو ئەندامی خۆی بۆ لای ئێمە ناردووە. ئێمە و نوێنەرانی حیزبی هیوا بڕیارماندا بە هەموو هێزەوە بۆ بەروە پێشبردنی ئامانجەکانی ئەو دوو حیزبە یانی "ئازاد کردنی نەتەوەی کورد" تێبکۆشین. ئەوان قەبوڵیان کرد، هەرکاتێک بخوازن لەگەڵ حکوومەتێک پێوەندی بگرن، پرس بە ئێمە بکەن. ئیدارەی محەلی ئێمە لە هەولێر لەگەڵ سەرۆکی حیزبی هیوا گفتوگۆی کردووە. بۆ ئاگادار بوون لە بیرو بۆچوونی ناوبراو، پرسیارمان لێ کرد. بەپێی نامەی ١٧ی نوامبر-٢٦ی خەزەڵوەری ئیدارەی محەلی حیزبی ئێمە لە هەولێر، هەیئەتی محەلی ئیدارەی ئێمە لەگەڵ هەیئەتی محەلی حیزبی هیوا لە هەولێر چاوپێکەوتنیان هەبووە، لە نامەیەکدا باس لە پێوەندی و لایەنگری کردنی ئەوان لە ئینگلیسەکان دەکات. ئیدارەی ئێمە لە هەولێرە دەیەوێ ڕای ڕێبەرانی دیکەی حیزبی هیوا لە شارەکانی تر بزانێ.

٢- لە عێراق ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی هەیە، کە لەم دوایانەدا بە نهێنی ڕۆژنامەیەک بڵاو دەکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ڕێکخراوەیە لە ڕۆژنامەی خۆیدا سڵاو بۆ نیشتمان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی ئێمە دەنێرێ. پارتی کۆمۆنیست دەیەوێ لەگەڵ ئێمە پێوەندنی هەبێ. چونکە باوەڕی بە ئیدارەی محەلی ئێمە لە عێراق نەکردووە، بۆخۆی نوێنەری ناردۆتە لای ئێمە.

٣- بڵاکراوەی ئێمە دەربارەی نەخشی باکووری ئێران گەیشتۆتە عێراق و بڵاو بۆتەوە.

لەسەر شێوەی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی هیوا، لە درێژەی نامەکانی کۆمەڵەی ژ. ک بۆ کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز ئاوا هاتووە:

جیا لە ڕێکخراوەکانی ئێمە لە کوردستانی عێراق، حیزبێکی تر هەیە بەناوی هیوا، کە لەو بەشەی کوردستاندا بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد تێدەکۆشێ. چەند ئەندامی ئەو حیزبە پێوەندیان بە ئەندامانی حیزبی ئێمەوە گرتووە، کە دوایی ئەو پەیوەندییە شێوەیی ڕەسمیی پێ دراوە. ئامانجە بنچینەییەکانی حیزبی هیوا لەگەڵ ئامانجەکانی حیزبی ئێمە یەک دەگرنەوە و تەنیا جیاوازی ئێمە لەگەڵ حیزبی هیوا لە پێوەندی لەگەڵ شیوەی ئەندام وەرگرتن و سیستمی ئیدارە کردنی حیزب دایە.

رادەی خۆشەویستی کۆمەڵە بە حیزبی هیوای باشووری کوردستان، بەرچاو بوو تەنانەت لە بیچمی دروشم و شێعرانیش دا خۆی دەنواند. لەسەر لاپەڕەی ٢ی نیشتمانی ژمارە ١دا ئاوا هاتووە" بژی سەرۆک و کوردو کوردستان و هیوا". هەروەها لە ژمارەی ٣ و ٤ی نیشتمان دا، شاعیرێک بە ناوی نەهێنی "ئا- ل- ب" لە شێعری "کۆمەڵی هێوا و حەڕفی ژ. ک" دا پەیوەندی ئەو دوو حیزبە بە یەک، گرێ دەدا و زۆر بە توندی هێرش دەکاتەوە سەر کەمووکوڕییەکانی خەڵکی کورد و دەنووسێ:

کۆمەڵی هیوا و حەڕفی "ژ. ک"

ئەی خودایا بۆم بنێرە قاسیدێکی سینە ساف
بچتە خزمەت کۆمەڵی هیوا و حەرفی ژێ و کاف
گیر نەبێ براو لە قەولی من بچێ پێیان بڵێ
ئەی مدیری ئیتحاد و ئەی مەداری ئیتلاف
من لە داخی کوردی بەد ئەخلاق و بێ عیلم و سەواد
یا دەبێ بمرم وەیا هیجرەت بکەم بۆ کێوی قاف
عونسور و ماهییەتی ئەم قەومە هەر کەبیرە و غروور
هیچ لە باریاندا نییە غەیرە درۆ و لاف و گەزاف
حەق نەناس و ناسوپاس و بێ ئەساس بێ حەواس
موفسێد و ئەهلی غەرەز مایل بە جەور و ئێعتساف
گەر دەچن کەر دزین و ڕاو ڕووت و ڕێگری
وا دەزانن دەچنە سەرشایی و زەماوەند و زەفاف
کەس نییە پێیان بڵێ ئەی پۆڕ نیفاقی بێ ویفاق
تا بەکەی تۆ خودا هەتا کەی ئەو شیقاقە و ئیختلاف
غەیرە کوردی بێ تەعەسوب میللەتی دنیا هەموو
بوونە ساحێب سەروەت و عیلم و سەواد و موشکاف



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە پێی ستراتیژی کۆمەڵە، ئەو ڕێکخراوەیە هەوڵی دا تا یەکێتی و یەکڕیزی لە نێوان پارچەکانی دیکەی کوردستان دا پێک بێنێ. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵە تێکۆشا تا لە گەڵ کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان پەیوەندی بگرێ و ئەگەر بکری پەیمان ببستێ.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٦٤ ی چێشتی مجێور دا، لە ژێر ناوی "مەعموریەت لە ژ. ک دا" دەنووسێ کە لە ئاخری مانگی جۆزەردان دا هەیئەتێکی کۆمەڵەی(ژ- ک) کە بریتی بوون لە مامۆستا زەبیحی و مامۆستا هەژار و قاسمی قادری پاش مەترسی زۆر دەچنە دزەی مەرگەوەر و دەگەل نوێنەرانی حیزبی هیوا کە بریتی بوون لە شێخ عوبەیدولڵای زینوێ، سەید عەزیزی شەمزینی و سەیدی کانی مارانی و دوای چەند کۆبووەوە لە سەر دوازدە خاڵ پێک دێن کە هاوکاری یەک بکەن و پیکەوە مەعلومات بگۆڕنەوە.

مامۆستا هەژار دەنووسێ کە ئەم دانیشتنەیان ناو نا "پەیمانی سێسنوور" چوونکە ئەم شوێنە لە بناری دالانپەر کە لایەکی شەمزینانە و لایەکی ئێرانە هەڵکەوتووە. هەیئەتی هەردوولا بڕیار دا ئەو پەیمانە لە بڵاوکراوەکانیان دا بڵاو بکەنەوە. هەیئەتی کۆمەڵەی ژ- ک هەر دەگەڕێنەوە بۆ مەهاباد یەکجێ بەیانییەکە لە نیشتیمان دا چاپ دەکەن. هێشتا بڵاوی نەبووە کە حیزبی هیوا ڕادەگەیەنێ کە بەو ڕێککەوتنە ڕازی نییە و بەیانییەکە بڵاو نەکرێتەوە. ئیدی ئەو لاپەڕەیە لە گۆڤاری نیشتمان دڕا و لابردرا. ڕەفیق حیلمی بەڕێوەبەری حیزبی هیوا ئەو خاڵەی کە دەڵێ هەرکات ڕووس یان ئینگلیس مافی بۆ کورد بدەن دەبێ ڕێکخراوی ئەو بەشەی کورد تەنیا بە بەشی خۆی ڕازی نەبێ بەڵکۆ داوای ماف بۆ هەموو بەشەکانی کوردی ئێران و تورکیە و عێراق بکا، بە مسڵەحەتی نەزانی و نەیویست بوو ناوی ڕووس و کوردی ئێران و تورکیە هەبێ و ئەو تەوافوقەی ڕەد کردەوە.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٦٥ دا لەسەر ئەو پەیمانە دەنگۆی دیکە ڕەد دەکاتەوە و دەنووسێ:

باسی ئەو ڕێکەوتننامە مێژوویە تا ئێستا لە زۆر چاپەمەنی ناوخۆیی و لاوەکی دا کراوە. بەڵام سەیر لەوە دایە کە ناوی "هەژار" لە هەمواندا فڕێ دراوە و نووسیانە: "زەبیحی" و "میرزا قاسم" لە ئێران و "شێخ عوبیدیللا" و "سەید عەزیز" لە عێراق و "قازی خدر" (یان مەلا خالید - جاری واش هەیە گوتویانە قازی عەبدول وەهاب) لە لایەن کوردی تورکیاوە ئەم پەیمانی سی سنورەیان پەسەند کرد. هومێدەوارم ئەم گۆڕانی ڕاستییە لە ڕووی هیچ غەرەزێکەوە نەبوبێ و هەڵەیەک بێ لە دڵپاکییەوە ڕوی دابێ.

بە پێی لاپەڕەی ٧٢ کتێبی "کۆماری دێموکراتی کوردستان" لە نووسینی سمایلی ماملێ، لەسەر پەیمانی سێ سنوور، سەعیدی کانی مارانی دەنووسێ، کە لە ڕێکەوتی ١٩٤٤/٧/٥ لە تەمەنی ١٧ ساڵی دا، لەسەر داوای خاڵی کە دەبێتە شێخ عەبییدئەللای زینوێ و دوکتور عەزیر شەمزینی کوری سەید عەبدوڵای شەمزینی (بابی دوکتور عەزیز کە مابوو و لە ئاوایی دزێ دادەنیشت) دەچتە ئاوایی زینوێ و لەوێی نامەیەکی دەدەنێ تا بیبا بۆ کۆمەڵەی ژ.ک لە مەهاباد. سەعید دەچتە مەهاباد و چاوی بە زەبیحی و سەدیقی حەیدەری و دەڵشادی ڕەسووڵی دەکەوێ و نامەکەیان دەداتێ. لە ڕێکەوتی ١٩٤٤/٧/١١ بە بەشداری "سەعیدی کانی مارانی" کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکی گەورەی دەگرێ و نامەکەی دەخوێننەوە کە ئی کۆمەڵەی "هیوا" بوو و داوای کرد بوو کە پەیمان ببەستن. سەعیدی کانی مارانی دەنووسی لەو کۆبوونەوە دا قاسمی قادری(وەک بەرپرس) و زەبیحی و هەژار دیاری کران تا لەگەڵ ئەو بچن بۆ ئاوایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دزێ. ئەو هەیئەتە ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارێ میوانی پێشەوا قازی محەممەد بوون و بەیانی بەرەوە ئاوایی دزێ وەڕێکەوتن و پاش ماندووبوونێک زۆر دەگەنێ و لە ١٩٤٤/٧/١٧ لە بناری داڵانپەر پەیمانی سێ سنوور دەبەستن.

هەروەک مامۆستا هەژار دەڵێ، کۆمەڵە ئەو ڕێککەوتنەی لە گۆڤاری نیشتمان دا چاپ کرد بەڵام بە ڕازی نەبوون و پەشیمان بوونەوەی حیزبی هیوا، بەیاننامەکە بڵاونەکراوە. بە پێی لاپەڕەی١٨٤ کتیبی "سێبەری ئازادی" بە جێگای ئەو بەیاننامەیە وێنەی دوو کچە کوردی تورکییە لە گۆڤارەکە داندراوە کە لە دار درابوون. لەو سەرچاوەدا هاتووە کە عەبدوڵای سەمەدی، بەڵگەی ئەسڵی ئەو بەیاننامەیەی لە لای "عوبەیدیلای ئەیووبیان" وەدەست کەوتووە کە لە ژێر سەردێڕی "لە ناو کۆمەڵەدا" بە قەڵەمی مامۆستا زەبیحی بەر لە دڕان چاپ ببوو، بەمشێوەیە:

لە ناو کۆمەڵەدا

زۆر لە مێژ بوو بڕیار درابوو کۆنفڕانسێک لە نێوان ئێمە و کۆمەڵی "هیوا" دا بۆ هاوپرسەکی لە بابەت هێندێک مەسائیل تەشکیل بدرێت. ڕۆژی ئەم ئیجتیماعە دەبوو لە لایەن کۆمەڵی " هیوا" مەعلووم بکرێت. هەر کە نوێنەرانی کۆمەڵەی ناوبراو ئامادەبوونی خۆیان بە ئێمە ڕاگەیاند، نوێنەرانی ئێمەش ڕەوانە بوون. دوای ٣ ڕۆژ گفتوگۆ و موزاکەرە لەسەر ئیقتیڕاحی نوێنەرانی ئێمە پەیمانێک بە نێوی "سێ سنوور" لە لایەن نوێنەرانی هەردوو لا بۆ زیاد کردنی کۆششت و ئیجادی پەیوەندییەکی وەسیعی سیاسی ئیمزاکرا. نوێنەرانی کۆمەڵەی "هیوا" لەم کۆنفڕانسەدا عیبارەت بوون:

١ – ع. هووشەنگ، ئەندامی ژمارە ٧

٢ – ع. جانگیر، ئەندامی ژمارە ٧١٦

کۆمەڵەی ئێمەش لە لایەن ئەو ئەندامانەوە:

١ – ق. ق. ق، پیاو، ئەندامی ژمارە١٠٥٣، سەرۆکی نوێنەران

٢ – ع. هەژار ئەندامی ژمارە ٢٠

٣ – ع. بیژەن، ئەندامی ژمارە ٢

تەمسیل دەکرا، م.س. خوێنین ١٠٦٠، ڕابیتی نێوانی ئیمە و "هیوا" بوو تا کۆنفڕانس تەشکیل درا، کۆمەڵە لە کۆششتی ئەو لاوە ئازایە و هەروەها گشت ئەندامەکانی ئەم کۆنفڕانسە گرینگە کە بێگومان لە دوایی دا دەبێتە فەسڵێکی گەورە دە مێژووی فەعالییەت و کۆششتی دوو کۆمەڵە دا، سوپاس و تەشوککور دەکا.

پەیمانی "سێ سنوور" لە لایەن هەیئەتی ئیستیسارەی ئیدارەی ناوەندی "ژ.ک " پەسەند کراوە. بەم زووانە دەگەڵ نووسخەی پەسەند کراوی ناوچەی "هیوا" موبادیلە دەکریت.

## تەشکیلاتی کۆمەڵە

تەشکیلاتی کۆمەڵە، ڕێکخستنێکی نهێنی بوو و وەرگرتنی ئەندام بە دوو جۆر، یان بەستراوە بە ڕێکخراوی ناوچەکان، یان لە پەیوەندی تاکە کەسی بەستراوە بە هەیئەتی ناوەندی دا بوو. بە پێی لاپەڕەی ٤٨ ی حامید گەوهەری، لە نووسراوەی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە بۆ مۆلۆتۆڤ دا ئاوا هاتووە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر هەڵسوکەوتی بنەماڵە کوردەکان لەبەرچاو بگرین لە کوردستان دا بۆمان دەردەکەوێ، بەشداریکردنی هەر ئەندامێکی بنەماڵە لە دیاردەیەک دا، باقی ئەندامانی بنەماڵەکەش تییدا بەشداری دەکەن. بە کەڵک وەرگرتن لەو مەسەلەیە هەوڵمان داوە بە ڕادەی توانا سەرۆکی بنەماڵەکان بەرەو حیزب ڕاکێشین.

بە پێی لاپەڕەی ٣٧ ی ئەو سەرچاوەیە، تەشکیلاتی کۆمەڵە لە سەربنەمای کۆتلە، ئیدارەی مەحەلی، ئیدارەی ناوەندی، کۆنفرانسی مەحەلی و کۆڕی باڵای ڕاوێژ دامەزراوە.

ناوەندی کۆمەڵە لە مەهاباد بوو و بە پێی ڕاپۆرتی ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە، لە ڕاپۆرتی کۆمەڵە بۆ مۆلۆتۆڤ دا هاتوە کە ئیدارەی مەحەلی کۆمەلە، لە شارەکانی سەردەشت و ورمێ و بانە و نەغەدە و سەقز و سنە و تاران و کرماشان و هەولێر و سولەیمانییە هەبوو و ٥ کۆتلەیان هەبوو. هەر کۆتلە ٥٥ کەس بوون واتا سەرجەم دەبوونە ٢٧٥ کەس. هەیئەتی ناوەندی و کۆتلە خۆجێییەکان بە یەک شێوە داڕێژترابوون و سەرۆک و سکرتێر و لێژنەی ئابووری و ڕاوێژیان هەبوو و تەواوی کارەکانیان بە ڕاویژ بەڕێوە دەچوو.

ئیدارە مەحەلییەکان هەموو ساڵێ، کۆنفڕاسیان بەستووە و کار و پڕۆگرامی خەباتیان تاوتوێ دەکرد و بەرنامەی ساڵی داهاتوویان دادەڕشت و نوینەریان هەڵدەبژارد. بە پێی ئەو سەرچاوەیە کۆمەڵە دوو کۆبوونەوەی گەورەی پێک هێنا کە شێوەی کۆنگرەی هەبوو. یەکەم کۆبوونەوە بە ناوی کۆبوونەوەی کۆڕی باڵای ڕاوێژی هەیئەتی ناوەندی لە ٢٥ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٢(١٩٤٣)دا ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵە بەڕێوە چوو و لە نیشتمانی ژمارە ٢ دا بڵاو بۆتەوە. کۆبوونەوەی دیکە لە مانگی ژانوییەی ١٩٤٥دا بەڕێوە چوو و هەیئەتی ناوندی کۆمەڵە بۆ کۆنسوولی سۆڤییەت لە تەوریز دەنووسێ:

بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب پڕ بەدڵ سلاوتان ئاڕاستە دەکەین.

حوسێنی فروهەر (زێڕینگەران) ماوەی ٢ ساڵ ڕەئیسی کۆمەڵەی ژ- ک بوو. پەیوەندی نیوان کۆمەڵەی ژ.ک و حیزبی هیوا، سەعیدی حەمەقالەی بێستانچی بوو. لە ماوەی ٦ مانگ دا ئەندامانی کۆمەڵە بوونە ١٠٠ کەس. ئەندامی تازە تەنیا لەگەڵ ٥ تا ٦ کەس پەیوەندی هەبوو و پێکەوە کۆڕێکیان پێک دێنا و ئەوان لیستەی ناوەندی کۆمەڵەیان نەدەناسی.

ئیگلتۆن لە لاپەڕی ٩٦ دا باسی هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە دەکا و دەنووسێ:

ڕۆژێک درەنگ لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٣ خەبەر درا کە نیزیک سەد کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە پێویستە بە نێوی سەیران چوون، لە کێوێکی نزیکی مەهاباد بە نێوی خوداپەرەست کۆببنەوە. زۆر زوو جەلەسەی سیاسی گیرا و ئەندامەکانی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردران ... ئەو ئەندامانە بە ڕەئی جەماعەت داندران... کومیتە سەرۆکێکی دائیمی نەبوو. هەرچەند لە نێو تەواوی ئەندامەکان دا ڕەحمان زەبیحی، هەژار و محەمەد یاهوو دیاری کرابوون.

بە دوای ئەو کۆبوونەوەیە، نێوی شەو بۆ ناسینەوە و پێکەوە پەیوەندی گرتنەوە، بە نێوی "خوداپەرەستن شتێکی چاکە " دیاری کرا.

ئەندامەتی کۆمەڵە، بۆ هەموو کوردێک ئازاد بوو و کوردی شیعە و ئاسوورییەکان کە بنەچەکەیان دەچۆوە سەر نەتەوەی کورد بە ئەندام وەردەگیران. بەڵام تورکە ئازەرییەکان ئەگەر کوردیشیان زانیبا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لیباسی کوردیان لەبەر کردبا بە هۆی جیاوازی نەتەوە، وەرنەدەگیران.

مەلا قادری مودەڕەسی لە لاپەرەی ١٢ی کتێبی "ژێ. کاف چ بوو... "دا دەنووسێ کە کوردی شێعە و ئاورپەرەست و یەزیدی و شەیتان پەرەست... دەیانتوانی ببنە ئەندامی کۆمەڵە بەو شەرتە بە کتێبی ئاسمانی خۆیان سوێندیان خوارد با. چوار تاقمی ئاغا و شێخ و مەلا و سەید کە لە لایەن خەڵکەوە ڕێزیان لێدەگیرا و ڕواڵەتی دیکتاتوریان لێ پەیدا دەبوو، قەت نەیادەتوانی ببن بە سەرۆکی کۆمەڵە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شێوەی وەرگرتنی ئەندام لە کۆمەڵەدا (سوێند خواردن)

پێکهێنانی هێژموونی و ئۆتوریتە بۆ بەڕێوەچوون و ڕاپەراندنی کار لە نێو ئەندامانی گروپ یان دەستەیەک، کارێکی ئاسان نییە و پیکهێنانی مەتمانە هەوڵدانی زۆر و شێوازی جوراجۆری هەیە. دەستەی و تاقمی ئایینی بە دین و مەزهەب ئەو ئەرکە پێک دێنن و گروپی سوسیالیستی و کومونیستی بە ئیدوئۆلۆژی چەپ. کۆمەڵەی ژ. ک بۆ ئەو مەبەستە لە دین و نەتەوە کەڵکی وەرگرت و ئەندامانی بە قورئان و ئالای کوردستان و ... سوێند دەدا. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٨٥ ی بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی لە سەر چۆنییەتی بوونی خۆی بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ - ک دەنووسێ: ... ڕەحمان بەخێرهاتنی کردم و بردمی بۆ ژورێکی تر. کورسییەک دانرابوو وەمزانی خەڵوزی تێدایە. جاجمێکی جوانی بەسەر دادرابوو. هەر سێکمان دانیشتین و ڕەحمان گوتی با دەست پێبکەین. جاجمەکەی لابرد. لە سەر مەجومعەیەک قورئانێک و شیریک و ئالایەک دانرابوو. ڕەحمان دەستی پێکرد، "دەزانی لە چەنگ ژاندارم چمان کێشا. دەبێ یەک بین و بۆ ڕزگاری کوردستان هەوڵ بدەین. خەیانەت بە یەکتر نەکەین. کۆمەڵەیەک دامەزراوە دەبێ ببینە ئەندام و بە قورعان و بە ئالای موقەدەسی کوردستان سوێند بخۆین کە نەهێنییەکانی کۆمەڵە ئاشکرا ناکەین و بە گیان و ماڵ بۆ بردنە پێش ئامانجەکانی کۆمەڵە تێدەکۆشین".

کەوتمە ژێر تەئسیری قسەکانی و سوێندم خوارد و لە دەفتەر ناوم نوسرا و ئەندامی ١٨ کۆمەڵە بووم لە ناوچەی سندوس...

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٤٦ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، لە سەر سوێند خواردن لە کۆمەڵەی ژێکاف دەنووسێ: پاشان ڕێورەسی سوێندخواردن بەڕێوە چوو. ئاغای فرووهەر پەردەیەکی لە گۆشەیەکی ژوورەکە لادا. لە شوێنێکی وەکوو میحراب لەسەر مێزێکی بچووك، شمشیرێك و قورئانێك دانرابوون. من سوێندم خوارد و لەو ساتەوە منیش یەكێك بووم لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف. هەموان باوەشمان بە یەکتردا کرد و پاشان یەك یەك ماڵی ئاغای فرووهەرمان بەجێ هێشت.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٦٠ بیرەوەرییەکانی دا باسی چۆنییەتی بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ-ک و پێکهاتەی ئەو ڕێکخراوە دەکا و دەنووسێ: ئەوە سەرە بەهارە، ڕۆژی جومعەیە، لە چایخانەی دانیشتووم، دەبینم حوسێنی زێڕینگەران بانگم دەکات و بردمی بۆ گەڕانێ. پاش کەمێک سووڕانەوە گوتی بۆ لای نیوەڕۆیە وەرە باغی حاجی داودی.

-خێرە؟

- خێرە خێر.

لای نیوەڕۆیە چووم، تەماشام کرد ئەوە بێچوو توجاڕ و دەوڵەمەند، بەشێکیان لەو باغەن. سڵاوم کرد و دانیشتم. لە هەڵسوکەوتیان ڕا زانیم کە بەشی هەرە زۆریان پێیان خۆش نییە هاتوومەتە باغی. کە منیان دی، بەربوونە سرتەسەت و فسە. چی بە یەکتر دەڵێن؟ نازانم! ئەوەندەم لێحاڵی بوو کە من بەلایانەوە میوانێکی ڕەزاگرانم و پێیان خۆش نییە لەلایان دانیشتووم. یەک-دوو جار تەمام بوو هەستم بڕۆم، پاشگەز بوومەوە، گوتم با بزانم ئەو کۆبوونەوەیە چی بەسەر دێت؟! لە ناویاندا زۆرم چاو گێڕا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسم نەدی تای من بێت، لە حوسێنی زێڕینگەران بەولاوە، هەمووی کوڕە دەوڵەمەندن. ئەویش وەکوو دەوڵەمەندەکانی لێهاتووە و کە سوێند دەخوات دەڵێ (خودا شایەدە) چونکە ئەو ئەعیانانە ئاوا سوێندێ دەخۆن، ئەوەی نەشیناسن خودایە. دەنا، شتێکی تریش دەڵێن (بیلئەخەرە)، پەککوو کە لێیان ناحەزە. یەک- دوو سەعات لەوێ بووم. دیتم دوودوو و سێسێ دەڕۆنە نێو باغی. وا دیارە داخیلی (کۆمەڵە) دەبن بەڵام کەس بە من ناڵێ. حوسێن زێڕینگەران سەری لە هەموویان قالّتر بوو، هەر دە هات‌وچۆدا بوو. کاتێک کە حوسێن چەند نەفەرێکی هەڵگرت کە بیانباتە ناو باغی، هەستام بڕۆم. لێیان پرسیم بۆ کوێ دەچی؟ منیش سەرئاوم بە بیانوو هێنایەوە. ئیتر هەستان و ڕۆییشتنم یەک بوو و هاتمەوە شار. دە دڵی خۆمدا دڵم زۆر لە حوسێنی هێشابوو. ئاخر بۆچی بانگی کردم بۆ ئەو باغە؟ بۆچی هەموو لەو باغەی ڕوویان دەگەڵ من گرژ بوو؟ خۆ حوسێن باش دەزانێ کە دانم دەگەڵ دانی دەوڵەمەند و ئاغایان ناکوڵێ! حوسێن لە هەمووکەس باشتر خدەی من دەناسێ! تاوپەڕان چوومەوە ماڵێ، خورشید گوتی: میرزا حوسێن دوو کەڕەت هاتۆتە ماڵێ و تۆی دەویست.

شەو کاتی نان خواردن حوسێن و "محەممەدی یاهوو" وەژوور کەوتن. زۆر بە گەرمی و هێدی دەستی کرد بە قسان: ئەرێ ئەوە چیت لێهات؟ بە کوێدا ون بووی؟ بۆچی گەڕایەوە؟

- حوسێن گیان، وابزانم ئەو جەماعەتەی لەوێ بوون خۆشییان لەمن نەدەهات و دڵخورد بوون بۆیە گەڕامەوە. گوتم با لێیان تێک نەدەم. بۆخۆت دەزانی من و ئەو جەماعەتەیان نەگووتووە.

- لەو قسانە گەڕێ، ڕاست بەوە با بڕۆین، کارمان زۆر پێتە.

هەڵیانگرتم یەکسەر بۆ ماڵە حوسێنی. کە چووم، سێ نەفەری تریش لەوێ بوون. هەر سێکیشیان سەید بوون. تاوێک ڕامانبوارد، پاشان حوسێن ڕاست بۆوە چوو بۆ دەرەوەی ژوورەکە و بە کەشەفێکەوە کە سەری داپۆشرابوو هاتەوە ژوور. کەشەفەکەی دانا عەرزی و شیرێکیشی لەتەنیشتی دانا و پەڕۆکەی لەسەر لابرد. لەسەر کەشەفەکە قورئانێک و ئاڵایەکی کوردوستانی لەسەر بوو. گوتیان وەرە پێشەوە و سوێندیان دام بەو ئاڵا و شیر و قورئانە. من سوێندەکەم لە دڵەوە خوارد و بە ڕاستیشم بوو. سوێندم خوارد تا ڕوحم لەبەر دایە، بۆ کورد و کوردوستان بە گیان و ماڵ حەول بدەم. بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو جەماعەتە بە زۆڵێتی سوێندیان خواردبوو.

ئەوە دوو چەلە من شەریک بووم دە کۆبوونەوەی کورداندا. یەکیان پێش ڕاگواستنم بۆ شیراز بوو هەر لەو ماڵە، ئەو شەوەش هەر لەو ژوورە و لە ماڵە حوسێن زێڕینگەران. شەریک بووم بەدڵ و گیان و ڕوحێکی پاک. هەر دوو کەڕەت سوێندم بۆ کوردوستان خوارد.

دوکتور شیرازی لە لاپەڕەی ١٠٢ دا لە باسی ڕێوڕەسمی بوون بە ئەندامی کۆمەڵە دەنووسێ کە لە ژوورێک دا مێزێک بە پارچەیەکی مەخمەری سوور دادەپۆشرا، لەسەر مێزەکە کتێبی قورئان بە ئاوەڵایی و خەنجەرێکی لە کالان دەرهاتوو و ئاوێنەیەکی باڵا بڵێند دادەندرا. دوو کەس ئەندامی ناوەندی لەولاولای میزەکە ڕادەوەستان. ناسێنەر لەگەڵ ئەندامی تازە، دەهاتنە ژوور و بەرانبەری میزەکە ڕادەوستان و سوێند خواردن بە هۆی ناسینەر دەستی پێدەکرد. ئەندامی تازە دەستی لەسەر قورئان دادەنا و دووپاتی دەکردەوە. کاتێک سوێند خواردن تەواو دەبوو دوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ئەندامی تازەیان ماچ دەکرد و پیرۆزباییان پێدەگوت.

مەلا قادری مودەرەسی لە لاپەرەی ١٢ی کتێبی "ژێ. کاف چ بوو... دا دەنووسێ بۆ ئەوەی ئەندامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تازه وەربگیرێ دەبوو بچێتە حەمام و بە لەشی خاوێن لای ٣ ئەندامی قەدیمی سوێند بە قورئان بخوا کە:

١ - خەیانەت بە نەتەوی کورد نەکات.

٢ - کۆشش بۆ خودموختاری کوردان بکات.

٣ - هیچ سیرێکی ئاشکرا نەکات نە بە زمان نە بە نووسێن.

٤ - هەتا ئاخری عومری هەر ئەندام بێ.

٥ - تەواوی پیاوی کورد بە برای خۆی و تەواوی ژنی کورد بە خوشکی خۆی بزانێ.

٦ - بە بێ ئیجازەی کۆمەڵە نەبێتە ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی دیکە.

محەمەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٢٤ی بیرەوەرییەکانی دا لەسەر شێوەی سوێندخواردن دەنووسێ:

من... کوڕی... فلان... بەم قورئانە پیرۆزە و ئاڵای پیرۆزی کوردستان و بەم خەنجەرە کە ڕەمزی گەل و نەتەوەکەمانە، سوێند دەخۆم تا ماوم لە ڕێبازی کۆمەڵە لانەدەم، خەیانەت نەکەم و نەهێنییەکانی کۆمەڵە نەدرکێنم.

مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی١١٥ی کتێبی ئاوێنەی شکاودا لەسەر بوونی بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ک، لەسەر دەستی قازی محەمەد دەنووسێ:

... دوای دوو ڕۆژ ئێوارێ وەپێشم کەوت بۆ خانوویەک لەسەر شەقامی شێر وخورشید کە ئەو شەقامە لایەکی ڕووبارە و لایەکەی تری شارە. ئەو خانووە کە زۆریش بچووک نەبوو دەرگایەکی بە دیوی شەقامدا و دەرگایەکی تری لە پشتەوە لە ناو کۆڵاندا هەبوو کە ئێمە لێ هاڵاینەوە بۆ ئەو دەرگایە. لەو مەیدانەوە کە پێی دەڵێن چوارچرا هەتا گەیشتینە ئەو خانووە بە ترس و ئاوردانەوە و چاوەچاو چووین نەوەک کەسێک ماَن بینێ. کە وەژوورکەوتین دیار بوو ئەویان دەناسی. لەو خانووە بێ هەست وخوستەدا یەکێک هات و بە ئەسپایی دەرگایەکی تری بۆ من کردەوە و گوتی: فەرموو.

لەو ژوورە بچکۆلەدا کە پەنجەرەیەکی بە دیوی حەوشەدا هەبوو قازی محەممەد نەبێ کەسی تری لێ نەبوو لە پشت مێزێک دانیشتبوو. هیندێ کاغەز و کەرەستەی تری نووسین و قورئانێکی لە پێش بوو. لە پشت سەریشی پەشتەماڵێک بە دیوارەوە هەڵاوەسرابوو. بە گەرمی بە خێرهاتنی هێنام و ئەحواڵی پرسیم (ڕەنگە ئەو ڕوون کردنەوە لێرەدا پێویست بێ کە بنەماڵەی ئێمە لەبەر ئەوە کە خزمایەتیی سەبەبیمان لە گەڵ ماڵی قازیان هەبوو و کیژێکی "سیف القضات" یانی خوشکی حەمە حوسێن خانی وەزیری جەنگی کۆمار لە ماڵی ئێمەدا بوو پێش ئەو دەمیش ناسیاویمان هەبوو).

قازی محەمەد کە دەزانین ئەودەم هێشتە عینوانی پێشەوایی نەبوو لە بارودۆخی ئەوکاتە و ڕابوردووی کورد و پێویستیەکانی چالاکی و هەڵسووڕانی ئەو کاتە بەینێک قسەی کرد و دوای ئەوە هەستا سەر پێ و ئەو پەشتەماڵەی لە پشت سەری بە دیوارەوە هەڵاوەسرابوو هەڵی داوە و لێی پرسیم: دەزانی ئەو تابلۆیە چییە؟

عەرزم کرد بەڵی دەزانم نەخشەی کوردستانە. ئەوجار لە سەر وەزعی جوگرافیای کوردستانی گەورە کە لە خەریتەکەی ئەودا دەگەیشتەوە سەر دەریای ڕەش بە هەموو بەشەکانییەوە بە دوور و درێژی بۆی باس کردم. لە تەواوی ئەو ماوەدا ئەوەندە بە شارەزایی قسەی دەکرد کە شوێنی دەکردە سەرم و وەک قوتابیەک بە هەموو هۆشی خۆمەوە گوێم دەدا شیکردەنەوەکانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای ئەوە فەرمووی: هیچ پرسیارت نییە؟ عەرزم کرد نەخێر. ئەوجار فەرمووی ئەوە بوو باری ئەوڕۆی کورد و ڕابوردووی کورد و جوگرافیای کورد کە بۆم باس کردی. جا لە دوای ئەو گۆرانەی بە سەر وڵاتدا هاتووە ئەگەر ئێمەش بە پێی توانا هەوڵی ئەوە نەدین بە ڕێگەی باپیرانی خۆماندا برۆین ڕەنگە نەتەوەکەمان لە داهاتوودا لێمان نەبووری. ئەو هەوڵەش دەبێ بە کۆمەڵ و لە ڕێگەی ڕێکخراو و سازمانەوە بێ. چونکە دەستێک بە تەنێ تەقەی نایە. دیارە هیچ ڕێکخراو و سازمانێک بە بێ پشتیوانی کۆمەڵ خۆی پێ ڕاناگیرێ و هەر کەس مەبەستی خزمەتی گەل بێ دەبێ پاڵ وە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بدا ئەگەر لە خۆی ڕاببینێ. جا ئێستە کە لە هەموو شتێک ڕوون بوویەوە من لە ئیختیاری تۆ دام. عەرزم کرد: من هاتووم ئەندامەتی وەرگرم.

فەرمووی: جا ئامادەگیت هەیە؟ هەموو شتێک لێک بدەوە. ئەو پەیمانە ڕاگرتنی زۆر هاسان نییە، عەرزم کرد ئەو کەسانەی بونە ئەندام و پێیان ڕاگیراوە چیان لە من زیادترە؟ ئەگەر ئەوەم گوت دەستی برد قورئانەکەی هێنا لە بەینی من و خوێدا داینا و فەرمووی ئەگەر حازری هەرچی من گوتم ئەتۆش بیڵێ و بە دوای ئەوەدا فەرمووی بڵێێ: بە هەقی ئەو قورئانە هەتا من هەم خەیانەت بە کوردستان ناکەم.

منیش ئەو سوێندەم دووپات کردەوە و دەستم بە قورئانەکە دادا.

بە دوای ئەوەشدا بە سوێندەکاتی تردا هات:

بڵێ: بە هەقی ئەو قورئانە نهێنییەکانی حیزب لە هیچ هەل و مەرجێکدا نادرکێنم.

بڵێ: بەرژەوەندی حیزب وەپێش بەرژەوەندی خۆم دەخەم.

بڵێ: بە بێ ئاگاداری حیزب ئەندامەتی حیزبی تر وەرناگرم.

بڵێ: دەست و زمان و قەڵەمم بۆ خزمەتی کورد بە کار دێنم.

بڵێ: خەیانەت بە هەڤاڵی خۆم ناکەم.

بڵێ: فەرمانی حیزب لە هەموو مەرجیکدا ڕادەپەڕێنم.

من تەواوی ئەو سوێندانەم دووپات کردەوە و دەستم بە قورئانەکە دادا.

دیسان هەستا دەستی لە دەستی نام و یەکترمان ماچ کرد و لە دوای ئەوە کە هێندێ ئامۆژگاریی لە مەڕ کاری حیزبەوە کرد لە لای هاتمە دەر. ئەوجاریش هەر بە چاوە چاو و ئاوردانەوە.

مامۆستا هەژار لە سەر چۆنییەتی بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی ژـ ک لە لاپەڕەی ٥٧ ی چێشتی مجێور دا دەنوسێ کە جارێک زەبیحی بردویەتە مزگەوتی قازی و لەوێ بە قورئانی سوێند داوە کە ئەوەی پێیدەڵێ بە کەس نەڵی. هەژار سوێندی بۆ دەخوا و زەبیحی شەو بە دزی دەیباتە ماڵێکی. بە شێوەیەکی تایبەتی لە دەرکەی دەدەن. کابرایەک لەبەر دەرکەی بە دەمانچەی ڕاوەستاوە. قورئانێک بە ئاواڵەیی لەسەر میزێک کە بە دیوارێوە دانراوە و خەنجەرێکی پێ‌هەڵاوەسراوە. ئاڵایەک بە دروشمی ڕۆژەوە لە دیوار دراوە. پەرە کاغەزێکی نوسراو لە سەر میزەکە داندراوە. کابرا پێیدەڵی:

ئەو کاغەزە بخوێنەوە و هەمووجار دەست بە قورعانەکە دا بدە، ئەگەر لەو سوێند نامەیە لادەی، خوێنت بەو خەنجەرە دەڕژێ.

مامۆستا هەژار چونییەتی ناوەروکی سوێندەکانی لە بیر نەبووە بەڵام دەڵی کە سوێندنامەکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەوتدانە بووە و تێیدابووە کە:

بە قورئان و بە ئاڵای کوردستان و شەڕەفم سویند دەخۆم لەم ڕۆوە بە دڵ و گیان بۆ ئازادی کوردستان تێدەکۆشم و تا مردن قوسور ناکەم، هیچ بەرژەوەندییەک وەپێش بەرژەوەندی خزمەت بە وڵاتەکەم ناخەم، برای حیزبیم بە قەد خۆم خۆش دەوێ هەتا مردن بە زمان، بە قەڵەم ، بە ئیشارە و بە هیچ جورێ خەیانەت بە حیزب ناکەم و ڕاستی لێنالێم و ناوی نهێنی ئەندامان لای کەس نادرکێنم و شتی ئاوا.

دوای ئەوە هەژار دەبەنە ژوورێکی دیکە کە دە کەس لێبوو. لەوێ پێیدەڵین کە ژمارەی ئەندامەتی ٢٠ و داوای لێدەکەن کە ناوی نهێنی هەڵبژێرێ و ئەو ناوی "هەژار" هەڵدەبژێرێ.

هەر لە درێژەی ئەندام وەرگرتنەدا، مامۆستا هەژار لە لاپەرەی ٧٠ی چێشتی مجێوەر دا، دەنووسێ کە کۆمەڵە هەوڵی دا کە مەلا خەلیلی گۆڕەمەر بکاتە لایەنگری شۆڕش. لە لایەن کۆمەڵەوە مامۆستا هەژار و مەلا ڕەسوو ناوێک دەچنە لای. هەرچی هەوڵ دەدەن مل نادا و دەڵێ:

سوێند بە ئاڵا خواردن پیاو کافر دەکا و بیستومە کچان لە سەر خەیابان ڕێژە دەڕۆن.

دوای پێداگری زۆر، ئاخر مەلا خەلیل ڕازی دەبێ کە ببێ بە ئەندامی کۆمەڵە و بە قورئان سوێند دەخوا، کە یارمەتییان بدا و خەیانەتیان پێنەکا. بەڵام بە قسەی مامۆستا هەژار سوێندەکەی وەبەر پێدا و خەیانەتی کرد.

بە گویرەی لاپەرەی ٤٩ ی ژمارە ٥ ی گۆڤاری نیشتمان، یاسای وەرگرتنی ئەندام و پەیرەوی نیوخۆی کۆمەڵە بەمجورە بووە:

- ئەندامانی نوێ لە لایەن ئەندامانی کۆنەوە بە حیزب دەناسرێن و ئەندامانی کۆن بە هەموو شێوەیەک ئەندامی نوێ دەستەبەر دەکەن.
- کەسانێک لە حیزبی ئێمەدا وەردەگیرێن کە خاوەنی ڕابردووی خاوێن بن و کار بکەن و بێکار نەبن.
- پرۆگرامی حیزبی ئێمە قەبوڵ بکەن.
- بڕیارەکانی حیزب بەڕێوە بەرن.
- پێوەندییان بە ڕێکخراوێکی دیکەوە نەبێ، ئەگەر پێوەندییان بە ڕێکخراوێکی دیکەوە هەبێ، پێویستە پێشتر حیزب ئاگادار بکەن و دەبێ پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بپچڕن، ئەگینا بە ئەندام وەرناگیرێن، ئەوانەی دەبن بە ئەندامی حیزب نابێ پێوەندیی سیاسییان بە حیزبێکی دیکەوە هەبێ.
- بۆ ئەوەی ئەندامانی تازە وەرگیراو بە ئامانجەکانی حیزب وەفادار بمێننەوە پێویستە بە قورئان سوێند بخۆن، کە نهێنیەکانی حیزب دەپارێزن و لای کەس تەنانەت لای دایک و بابیشیان نایاندرکێنن.
- ئەندامی حیزب دەبێ بۆ پەرەپێدانی حیزب هەوڵ بدات و لە ڕادەی تواناادا پەسندکراوەکانی حیزب بەجێ بگەیەنێ و ئەوەی لە دەستی دێ بۆ حیزبی ئەنجامی بدات.
- بەبێ ئیزنی حیزب مافی پێوەندی گرتنیان بە حێزبێکی سیاسی یان کەسانی سیاسی حێزبی ترەوە نییە.
- ئەندامی حیزب بەڵێن دەدەن لە هەر کارێکدا بەرژەوەندییەکانی حێزب و ئەندامانی حیزب لەبەر چاو بگرن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- هەرکام لە ئەندامانی حیزب مانگێ بە لانی کەمەوە تمەنێک دەدەن بە حیزب، ئەوانەی باری ئابووریان باشە بە ڕادەی توانا یارمەتی بە حیزب دەکەن و لە بەرامبەردا ڕەسید وەردەگرن.
هەیئەتی ناوەندی ژ. ک لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ:
- بۆ ئەوەی ئەندامانی حیزب بە پلەی باڵای بەرپرسیارەتی بگەن، حیزب تەماشای کار و پیشیی شەخسی ئەوان لە دەرەوەی حیزب ناکا و تەنیا ڕادەی خەبات و لێوەشاوەیی هەڵسوڕانی ئەندامانی لە نێوخۆی حیزبدا لەبەرچاو دەگرێ، ئەندامانی حیزب بە هۆی خەبات و تێکۆشانی شێلگیریان بەپرسایەتییان دەدرێتێ و بە پلەی باڵای حیزب دەگەن.
بە پێی ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە فیدراتیڤ ڕاپۆرتی کۆنسوولی ڕووس لە ماکۆ لەسەر پرنسیپی وەرگرتنی ئەندام و ڕێکخستنی هەیئەتی خۆجێیی کۆمەڵە لە ناوچەی سەڵماس دەنووسێ:
لەسەر وەرگرتنی ئەندام لە کۆمەڵەی ژێکافدا
- ژ. ک هەوڵ دەدات پتر خەڵکی خوێندەوار بێنێتە ڕیزی خۆی. وەرگرتنی ئەندام لە ژێکافدا دەبێ بەشێوەی تاکە کەسی بێت و داوای لێ بکرێ:
- بەرامبەر بە بەرپرسی ڕێکخراو سوێند بخوات.
- ئەندامی وەرگیراو لە ژێکافدا دەبێ کوردی ڕەسەن بێ، واتە هەم لە دایک هەم لە باوکەوە.
- ئەندامی وەرگیراو لە ژێکافدا دەبێ کوردی خۆش بوێ و ڕێز لە داب و نەریتی کوردەواری بگرێ.
- ئەندامی ژێکاف دەبێ پارەپەرەست نەبێ خۆی بە پارە نەفرۆشێ و بەم چەشنە ناموسی کورد بپارێزێت.
- ئەندامی ژێکاف دەبێ مانگانە یەک تمەن مافی ئەندامەتی، بدات و دەوڵەمەندەکان داتوانن جگە لە مافی ئەندامەتیی مانگانە، هێندێ یارمەتی دراویش بدەن.
ڕەحمانی حەلەوی، سوێند دادانی ئەندامانی کۆمەڵە بە کارێکی شیاو نازانێ و لە لاپەڕەی ٤٦ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، دوای سوێند خواردن دەنووسێ: من چوومەوە ماڵێ. بەڵام ئەو شەوە تا بەرەبەری بەیانی خەم لێ نەکەوت. زیاتر بیرم لەو شتانە دەکردەوە کە سوێندم بۆ خواردبوون. وەفاداری بە کۆمەڵەی ژێکاف و فیداکاری لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا شتێکی پێویست بوو، بەڵام پێملبوون و سوێندخواردن بۆ ئەوەی هەرچی پیاوی کوردە بە برای خۆم و هەرچی ئافرەتی وردە بە خوشکی خۆمی بزانم، شتێکی نائەقڵانی و ناپێویست بوو، ئەگەرچی ئەو بابەتە زیاتر ڕەگی لە ئاییندا بوو، بەڵام تێکەڵکردنی لەگەڵ بیروباوەڕێکی سیاسی پێویست نەبوو، یان سوێندخواردن کە تا دەمرم ئەندامی حیزبی ژێکاف بم، ئەگەرچی ئەوەیان کێشە نەبوو، بەڵام بەپێچەوانەی ئازادییە تاکەکەسییەکان بوو و لەبەر ئەوەی ڕێی تێدەچوو مرۆڤێك لە ژیانی خۆیدا بە هەر هۆیەك بێ بیروباوەڕی بگۆڕێ و ڕێبازێکی دیکە هەڵبژێرێ یان پێی وابێ ئەو شێوازەی هەیە، ئامانجەکە نائەنگێوێ. بەو جۆرە ناچارکردنی کەسێك کە تا دەمرێ لەسەر بیروباوەڕێك بێ، جۆرێك دیکتاتۆری و سەپاندنی بیروباوەڕی سیاسییە.

**پرنسیپەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ژ. ک**

لە تەشکیلاتی کۆمەڵەدا شێوەی هەڵسووڕان و خەبات و تێکۆشانی ئەندامان لە نێو کۆمەڵەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەبەرچاو گیراو و ڕێزیان لێندراوە. بۆ وێنە لە ژمارە ٥ ی گۆڤاری نیشتمان دا ئاماژە بە ناوی سیامەک (عەبدولقادری دەباغی) کراوە کە لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٢٢ (١٩٤٤) دا چۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئیدارەی خۆجێیی دامەزراندووە. بەدەر لەوانە ئەوەی کە جیگای پرسیارە ئەوەیە کە چۆنە مامۆستا زەبیحی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵە لەسەر داوای حەسەنۆف سەرکۆنسوولی سۆڤییەت لە تەورێز، ناوی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵەی داوە بە ئەو. ئەو کەسانە کە لە نێوخۆی کوردستان دا دەبوو کەس نەیانناسی بۆ دەبوو ڕووس بیاناسێ کە بریتی بوون لە:

بەرێز سەر کۆنسولی یەکێتی سۆڤیەت لە شاری تەورێز

١٩٤٤/١٢/٢٣

ناوی ژمارەیەک ئەندامی هەڵسوور و بە بیروباوەڕی حیزبی ئێمەتان ویستبوو، کە بەشێوەی خوارەوە پێشکەشتان دەکرێ.

١- قاسم قادری قازی، مهاباد، بەتەمەن

٢- عەلی ڕیحانی، مهاباد، بەتەمەن

٣- عەبدولڕەحمانی کیانی، مهاباد، گەنج

٤- مەنافی کەریمی، مهاباد، گەنج

٥- محەممەدی یاهوو، مهاباد، گەنج

٦-محەممەد دڵشاد، مهاباد، گەنج

٧- سەدیقی حەیدەری، مهاباد، گەنج

٨- محەممەد ئەمینی شەرەفی، مهاباد، گەنج

٩- ڕەحمانی ئیلخانی زادە، بۆکان، گەنج

١٠- عەباسی حەقیقی، بۆکان، گەنج

١١- ڕەحمانی شەڕەفکەندی، بۆکان، گەنج

١٢- مامەندی قادری، نەغەدە، گەنج

١٣- مەجید خوسرەوی، نەغەدە، گەنج

١٤- محەممەدی قادری، شنۆ، گەنج

١٥- نافع، سەقز، گەنج

١٦- محەممەد سەعید حافدی، کرماشان، گەنج

١٧- تاهیر هاشمی، کرماشان، گەنج

١٨-عوسمان دانش، سلێمانی عێراق، گەنج

١٩- قادر دەباغی، سەقز، گەنج

٢٠- محەممەد سەعید مەلا عەلی، هەولێر، گەنج

٢١- فەتاحی غولامی، سەردەشت، گەنج

کۆمەڵەی ژ. ک هەرچەند ڕێکخراوێکی نهێنی بوو بەڵام لە ڕادەبەدەر پەرەی ئەستاند. لەوبارەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ژمارە ٥ی گۆڤاری نیشتمان دا ئاوا هاتووە:

ئیتر لە ئاخری ساڵی ١٩٤٣ دا لە تەواوی مەڵبەندەکانی کوردستانی سەر بە ئێران لکی کۆمەڵەی ژ- ک دامەزرابوو.

کۆمەڵەی ژ- ک لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی لە کوردستانی باشوور لق و پۆپی هەبوو. ناوەندی کۆمەڵە لە مەهاباد بوو، بەرە بەرە گەشەی کرد و بوو بە ڕێکخراوێکی چالاکی جەماوەریی و لە بۆکان، سەردەشت، سەقز، کرماشان، شنۆ، مهاباد، هەولێر و سولەیمانییە دا کۆمیتەی نێوخۆیی هەبوو. داهاتی کۆمەڵە، هەقی ئەندامەتی بوو چوونکە هەر ئەندامێک بە باشی حەقی ئەندامەتی دەدا، کۆمەڵە دەیتوانی بە باشی بە کارەکانی ڕابگا.

## سازمانی جەوانان تێکەڵ بە کۆمەڵە دەبێ

لە هیچ کام لە نووسراوەکانی کۆمەڵە باس لە بوونی تەشکیلاتێک بە ناوی ڕێکخراوی لاوان نەکراوە. ڕەنگە چۆنییەتی کاری نەهێنی و هەست بە بەرپرسایەتی و سوێند خواردن، کۆسپی سەرەکی بوو بن بۆ دروست کردنی ڕێکخراوی لاوان. دوای بوونی قازی محەممەد بە ئەندامی کۆمەڵە، سازمانی جەوانان تێکەڵ بە کۆمەڵە بوو و ناوی گۆڕا و بوو بە ڕێکخراوی لاوان. غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٣٣ی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ:

ساڵی ١٣٢٣- ١٩٤٤، ژێکاف قازی محەمەدی بە ئەندام وەرگرت و سەرۆکایەتی حیزبی پێ سپارد. هەر لەو ساڵەشدا بوو کە ڕێبەرایەتی ژ. ک داوای لە سازمانی جەوانانی کورد کرد کە ببێتە ئەندامی حیزب. پێشنیازی ڕێبەرانی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانی ئەندامانی سازمانی جەوانانی کورد لە باخی مکایلی هاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و هەڤالان من و عەلی مەولەوی و قادر مەحمودزادەیان بە نوێنەرایەتی سازمانی جەوانان دیاری کرد تا لەم بارەیەدا پێوەندیگری سازمان بین. کۆبوونەوەی دوولایەنە لە نێوان ئێمە و سێ نوێنەری کۆمەڵەی ژ. ک بەناوەکانی دڵشاد ڕەسولی، سەدیق حەیدەری و عەبدولڕەحمان زەبیحی لە ماڵی محەمەد ڕاتبی "حەمەدی مەولودی" لە گەڕەکی خڕێ پێکهات. دڵشاد ڕەسولی بە دروشمی سەرکەوێ خەباتی ژ. ک بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە و دامەزراندنی دەوڵەتی کورد کۆبوونەوەکەی کردەوە و دەربارەی ڕێبازی کۆمەڵە و بزوتنەوەکانی پێشوی کورد قسەی کرد و گوتی: "لاوان دەبێ پشتی خەباتی کۆمەڵەی ژ. ک بگرن." ئینجا سەدیق حەیدەری و ڕەحمان زەبیحی هەرکامەیان لەمەڕ چۆنیەتی ئەندام بوونی ئێمە لە کۆمەڵەدا قسەیان کرد و ئامانجی کۆمەڵەیان دەربارەی یەکیەتی و خەباتی کورد شی کردەوە. ئێمەش سێ نوێنەری لاوان هەرکام دەربارەی ئامانج و خەباتی سازمانی جەوانانی کورد قسەمان کرد و ڕەزامەندی خۆمان وەک ڕای تاکەکەسی لەو یەکیەتییە دەربڕی و گوتمان دەچین پەیامی ژ. ک بە ئەندامان دەگەیەنین و پاشان بڕیاری گشتی سازمانی جەوانانتان پێ ڕادەگەیەنین. ئەو کۆبوونەوەیە بە ڕەزامەندی هەردوولا کۆتایی پێهات.

لە یەکەم ڕۆژی هەینی دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا کە کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەندامانی سازمانی جەوانانی کورد بوو، چۆنیەتی وتووێژەکەمان بۆ ئەندامان باسکرد. ئەندامان تێکڕا بە دروشمی "بژی خەباتی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری کوردستان" ئەندام بوونی سازمانی جەوانانیان لە کۆمەڵەی ژ. ک دا بە ئەرکێکی پیرۆز دانا و ئێوارەی ئەو ڕۆژە بە خۆپێشاندان گەڕاینەوە بۆ شار و بە خوێندنەوەی سرودی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوایەتی و دروشمی "بژی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" شەقامەکانی شاری مهابادمان بڕی و بە دەنگی بەرزی خۆمان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی مهاباددا کە لە شەقامەکانی شار بوون، تێکەڵ بوونی خۆمان لە ژ. ک دا ڕاگەیاند. بەم جۆرە لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٣- ١٩٤٤دا ناوی سازمانی جەوانانی کوردمان گۆڕی و کردمان بە "ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژ. ک" و بووین بە ئەندامی کۆمەڵە. بە دوای ئەو ڕووداوە مێژووییەدا، کۆمەڵەی ژ. ک خانووبەری دوکتۆر "یۆنەتان"ی بەکرێ گرت و بە ئاشکرا لە مهاباد بارەگای کردەوە و ماڵی دوکتۆر یۆنەتان کرا بە بارەگای کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی ژ. ک.

لە سەر بەڕێوەبەرایەتی لاوانی کۆمەڵەی ژ. ک ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا دەنووسێ:

دەستەی لاوانی کۆمەڵەی ژێ کاف کە بریتی بون لە عەوڵا حەکیم زادە، قادر حەمیدی، غەنی بلوریان، خەلیل بلوریان، سەدیق سیاسەری، مستەفا ئەمینی، عوبەیدوللا ئەیوبیان، کەریم محەمەدئەمینی، سەعید زەرگەیی، من و چەند کەسێکی تر. دەستەی لاوان زۆرتر کۆبونەوەکانیان لە دەرەوەی شار دەگرت و زۆرتر لە کانی بناو، کانی ڕەش، کانی شێخان یا ئەشکەوتی کانی بناو کۆبونەوەکان بەڕێوە دەچوو. کێشەکانی نێوخۆیی کۆمەڵە

وەک ڕوڵەتیکی ئاسایی لە نێو ئەندامانی ڕیکخراوی کۆمەڵەس دا ناکۆکی و ناتەبایی هەبوو. حەمەدی مەولوودی جیاوازییەکان لە دەوڵەمەند و فەقیر دا دەبینێ و ئەو بابەتە لە زۆربەی لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی دا ڕەنگ دەداتەوە...

## کار و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵە

باوەڕ بە خەباتی مەدەنی و سیاسی تەوەری سەرەکی کار و تێکۆشانی کۆمەڵە بوو. بەڵام چوونکە ئەو شێوە خەباتە بە نهێنی و ناڕاستەخۆ بە تەشکیلاتی نادیار بەرێوە دەچوو، ڕادە و چۆنییەتی کار و تێکۆشانی کۆمەڵە بە تەواوی ڕوون نییە و ئەو کارانەش کە دەکران زۆرتر بە حیسابی کەسەکان بوو و نەدەکەوتە نێو خانەی تێکۆشانی کۆمەڵە و تەنیا کەسانی بەرپرس دەیانزانی. کارەکانی کۆمەڵە تەنیا لەو ڕاپۆرتانەدا دەردەکەوێ کە مامۆستا زەبیحی ڕەوانەی کاربەدەستانی ڕووسی کردووە و ئەوجار هەرچەند زەبیحی کەسایەتی گەورەی کۆمەڵە بوو بەڵام ڕوون نییە کە ڕێبەری کۆمەڵە ئاگاداری ئەو ڕاپۆرتانە بووە یان نا.

ناوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتانە زۆرتر باسی ڕووداوکانی ناوچە و دەربڕینی پشتیوانی لە ڕووس و دیاری کردنی ئامانج و داوخوازیی ستراتیژی و ڕادەی چەندی و چۆنی ئەندامانی کۆمەڵە و هەڵس و کەوتی سەرانی عەشایر و پشتیوانی لە دانی ئیمتیازی نەوتی شمال بە ڕووسان و دژایەتی لە گەڵ هیتلێر و... بوو.

کۆمەڵە بە دوای دامەزرانی، لە زوربەی ڕووداوەکانی ناوچەدا بە شێوەیەک کاریگەری هەبوو. دوای ڕووخانی ڕەزا شا کاتێک کە هێزەکانی ڕێژیم لە شارەکانی مەهاباد سەردەشت و بانە و بۆکان و مەریوان و سەقز و میاندوا نەما، حکومەتی کۆنەپەرەستی تاران لە ژێر ڕێبەری ژێنراڵ هوشمەند ئەفشار فەرماندەری لەشکری  لە سەقز، هەوڵی دا تا بە هاوکاری هێندێک دەرەبەگ و مەلای خایین، جێپێی

ڕێژیمی پاشایەتی لە کوردستان دا خۆش بکاتەوە. سەرتیپ ئەفشار لە شاری سەقز زەختی خستە سەر خەڵک و بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمەڵە لە ڕێکەوتی ٧ ی ڕەزبەری ١٣٢٣دا دوو کوڕی سەیفوڵاخان و برازایەکی حاجی ئەمینی توجاری گرت. لە ڕاپۆرتی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٣دا کۆمەڵە لەوبارەدا هاتووە:

فەرماندەی قشوونی ئێران سەرتیپ (هوشمەند ئەفشار) چۆتە سەردەشت. لەو بابەتەوە خەڵکی سەردەشت زۆر بە پەرۆشن، چوونکە ئەرتەشی ئێران پێ لە هەر جێیەک دەنێ، بۆ پێشاندانی هێز و داسەپاندنی دەسەڵاتی، ژمارەیەک دەگرێ و زیندانی دەکات، ئێستا لەنێو ئەوانەی لە سەردەشی گیراون سێ کەسیان ئەندامی ئێمەن، یەک لەوانە خەڵکی مهابادە، کە پێی گوتراوە: بۆ ئەوەی نەوتی ئێران بدەن بە سۆڤیەت دژی کابینە قسە دەکەن و ئێمەش بەو تاوانە ئێوە دەگرین.

هەروەها لە ڕاپۆرتی ٢٨ی ژانوییەی ١٩٤٣دا کۆمەڵە بۆ ڕووسان، باس لە گیرانی ٢٠ کەس لە خەڵکی شاری سەردەشت کراوە کە بە تاوانی ئەندامەتی لە کۆمەڵە دا گیراون. لە ڕاپۆرتی مانگی سپتامبری ١٩٤٣ دا، باس لە گیرانی ٣ ئەندامی کۆمەڵە لە شاری مەهاباد دەکا کە بە هۆی عەشایر گیرابوون. کۆمەڵە لە ڕاپۆرتی خۆی دا بۆ مۆلۆتۆڤ دەنووسێ:

ئێمە هەرچەندە ئەسڵی نهێنیکاریمان لەبەر چاو دەگرت، بەو حاڵەش بە هۆی هەوڵ و تێکۆشانی مو‌ئموورە حکوومەتییەکانی ئێران لە ڕۆژی ٧ی مای ساڵی ١٩٤١-١٧ی جولای ١٣٢٠، شەش کەس گیران و لە زیندانی شارەبانی مهاباد زیندانی کران. لەنێو گیراوەکاندا سێ کەسیان ئەندامی حیزبی ئێمە بوون، مەئموورە حکوومەتییەکان، ماڵی گیراوەکانیان پشکنی، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نەدۆزیەوە، سەرەڕای ئەوەش، حکومەت تا هاتنی لەشکری سووری پاڵەوانی سۆڤیەت، ئەوانی لە زیندانەکانی مهاباد و ورمێ ڕاگرت و پاش هاتنی پاڵەوانی لەشکری سوور لەگەڵ زیندانیەکانی تر ئازاد کران.

ڕاپۆرتەکانی کۆمەڵە بۆ ڕووسان بەربڵاو و گشتگیر بوو و هەموو شتێکی لە خۆ دەگرت. جێی ئاماژەیە هێندیک لەو ڕاپۆرتانە ئەگەرچی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دامەزرانی کۆمەڵە بەڵام گیراوەکان هەر بە ئەندامی کۆمەڵە بە حیساب هاتوون. ئەوکات کە ژێنراڵ "هوشمەند" هێرشی بردە سەر مەریوان و بانە، مەحموودخانی کانێ سانان بە هیزەکانی ژیر دەستەڵاتی خۆی، هاوکاری کرد، کۆمەڵە لە ڕاپۆرتێکی گشتی دا بۆ حەسەنۆف سەر کۆنسوولی سۆڤییتە لە شاری تەوریز نووسێ:

کۆمەڵەی ژ. ک

ئیدارەی ناوەندی

بەرواری ٧ی ڕەزبەری ١٣٢٣- ٢٩ سپتامبر ١٩٤٤

بژی کورد و کوردستانی گەورە!

بۆ بەڕێز سەر کۆنسولی یەکێتیی سۆڤیەت لە شاری تەورێز

بە حورمەتەوە ڕادەگەیەنم، چەند ڕۆژ پێش قشوونی ئێران ویستوویەتی بچێ بۆ " مەریوان" کە حەمە ڕەشیدخان پێشی پێ گرتوون، دوای ئەم ڕووداوە، ژێنراڵ" هوشمەند ئەفشار" دێتە مهاباد و دەیەوێ قشوونی ئێران بگەڕێنێتەوە ئەو شارە و وەسەر سەقزی بخات.

سەرتیپ هەمشمەند ئەفشار، "مەحموود خانی کانی سانان"ی، دژی حەمە ڕەشید خان هان داوە. مەحموود دوای تێکهەڵچوونێکی بچووک ڕایکرد. ڕۆژی ٢٢ی سپتامبر-٣١ی خەرمانان. پۆلێکی مەزنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرتەش لە سنەوە هاتوون و لە "سەقز" مۆڵ دراون، سەرۆک عەشیرەتەکانی " تیلەکۆیی" " کلباخی" و" فەیزووڵا بەگی" دەوری سەقز یارمەتیان بە ئەرتەشی ئێران کردووە. لە ئەمیر ئەسعەدیشیان یارمەتی ویستووە، ناوبراو بەڵێنی داوە، بەڵام تا ئێستا بۆ یارمەتیکردنیان نەچووە، قشوونی ئێران و هێزەکانی عەشایری بەرەو مەریوان دەچن و تانکی مۆدێرنیشیان پێیە.

لەنێو کوردەکانی عێراقدا، عەشیرەتی جاف و "شێخ لەتیف"ی کوڕی "شێخ مەحموود"ی ناسراو، کە چەند مانگە بە ١٥٠٠ سوارەوە لە سەردەشت جێیان گرتووە، لەگەڵ گروپێکی سەر بە عەشیرەتەکانی " گەورک" و "مەنگوڕ" بە هانای حەمە ڕەشید خانەوە چوون. لە ئاکامی تێکهەڵچوونێکی بچووکدا برازای حەمە ڕەشید خان بریندار بووە و حەمە ڕەشید خان لە مەریوان کشاوەتەوە و خۆی گەیاندۆتە بانە، لەوەدەچێ قشوونی کۆکراوەی ئێران لە سەقزەوە بچێ شارەدێی بانەش داگیر بکات، بەم بۆنەوە حەمە ڕەشیدخان بۆ ئێمە نووسیوە و دەڵێ: پولکۆنیک (سەرهەنگ) سەلیم ئاتاکیشیۆڤ بەڵێنی پێ داوە، هەر کاتێک لەنێوان ناوبراو و ئەرتەشی ئێراندا شەڕ هەڵگیرسێ، دەوڵەتی سۆڤیەت یارمەتی بە حەمە ڕەشید خان دەکات یاخود پێش بەچوونی ئەرتەشی ئێران دەگرێ. بەڵگەی ئەو گوتنە لە کۆنسولی سۆڤیەت مەوجوودە. ئێستا حەمە ڕەشید خان داواتان لێ دەکات پێش بە هێرشی ئەرتەشی ئێران دژی ئەو بگرن، تا کوردەکان لە شوێنی ترەوە بە هانایەوە دەچن و یارمەتیی پێ دەگەیەنن. هەروەها ئیزن مەدەن ئەرتەشی ئێران دژی حەمە ڕەشید خان لە تانک کەڵک وەرگرێ. ئینگلیسەکان لە عێراق، تفەنگ بە عەشیرەتە کوردەکان دەدەن و وێدەچێ دانی ئەو تفەنگانە بۆ شەڕ دژی عەرەبەکان بێ.

هەیئەتی ناوەندی ژ. ک

بە گوێرەی لاپەڕەی ١٢٤ ی ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسییەی فیدراتیو، حەسەنۆڤ سەرکۆنسوولی ڕووس لە شاری تەورێز لە ٢٦ فیبرواری ١٩٤٤ (٢٢ ڕەشەمەی ١٣٢٢)دا چاوی بە زەبیحی کەوت و لەو بارەوە دەنووسێ:

زەبیحی ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف ڕایگەیاند، ژ.ک کارێکی زۆری لەنێو کورداندا کردووە. بۆ وێنە بەیاننامەیەکی تایبەتی سەبارەت بە دانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە سۆڤیەت بە زمانی کوردی بڵاو کردۆتەوە و ڕەخنەی لە حکوومەتی "ساعید" گرتووە و لەلایەن نۆ میلیۆن کوردەوە داوای دانی ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێرانی بە سۆڤیەت کردووە. ئەم بەیاننامەیە لە ناوچەی کوردنشینەکانی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

لە مهاباد کاریکاتۆرێکی هیتلەر و ساعید سەرۆک وەزیری ئێرانیان کێشاوەتەوە و لە شەقامی سەرەکیدا هەڵیانواسیوە. لەو کاریکاتۆرەدا هیتلەر بە تەلیفوون بە ساعید فەرمان دەدا، کە ئیمتیازی نەوتی ئێران بە یەکێتیی سۆڤیەت نەدرێت.

پارتی ژێکاف تێلگرافێکی بە ئیمزای (٣١٢) کەس لە پیاوە ماقووڵ و ناسراوەکانی کورد ناردووە بۆ پەرلەمانی ئێران و ڕۆژنامەکانی تاران و داوا دەکات، ئیمتیازی نەوتی ئێران بدرێتە سۆڤیەت. لە زۆربەی گوند و ناوچە کوردنشینەکاندا، بەم مەبەستە میتینگیان پێک هێناوە. هەروەها لە ڕۆژی ١٠ی فیبرواریی ئەم ساڵدا لە لایەن ژێکافەوە میتینگێکی سێ هەزار کەسی لە شاری مهاباد پێک هات.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٣١ی کتێبی بزوتنەوەی... قازی محەممەددا، دەنووسێ کە لە مانگی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نوامبری ١٩٤٤ کاتێک کە سەرۆک وەزیران ساعید، لەژێر سیاسەتی ئیستیعماری ئینگلیز و ئەمریکا دژایەتی سوڤییەتی ڕەچاوکرد، لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران خۆپێشاندان بەڕێوەچوو. کۆمەڵەی ژ. ک هەرچەند نەهێنی بوو بەڵام لە شاری مەهاباددا کە ئەوکات ڕادەی دانیشتوانی ٣٥٠٠٠ کەس دەبوو، مێتینگێکیی ٣٠٠٠ کەسی وەڕێخست. قازی محەمەد وتارێکی دا کە لە ڕاستی دا وتاری کۆمەڵە بوو بەڵام چوونکە ئەو ڕێکخراوەیە نەهێنی بوو بە وتاری کۆمەڵە حیساب نەکرا. ڕەحیمی قازی دەڵێ کورت کراوی ئەو قسانە کە لە نامەی ٢٥ی نوامبری ساڵی ١٩٤٤ کۆمەڵەدا هاتووە، بە دەستنووسی زەبیحی لە لایە کە بە زبانی ئازەری نووسراوە و بە ڕواڵەت دەبێ قازی محەمەد ڕووی لە بەشدارانی میتینگەکە کرد بێ و گوتبێتی:

برایانی خۆشەویست و ئاغایانی بەڕێز، بە بۆنەی بەشداری کردنتان لەم میتینگەدا سوپاستان دەکەم. من کە ئێوە دەبینم خۆم بە بەختەوەر دەزانم. گەلی کورد کێشەی زۆری لە پێشە و دەبێ ئێمە باسیان بکەین. بەڵام ئیمڕۆ من تەنیا لەسەر یەکێک لەو کێشانە دەدوێم. ئیمڕۆ بەرامبەر بە گەلی کورد کێشەیەکی گەورە لە ئارادایە، کە دەمەوێ بۆ ئێوەی ڕوون بکەمەوە، ئەویش کێشەی نەوتە. هەروەک دەزانن لەم دواییانەدا دەوڵەتی سۆڤیەت داوای دەرهێنانی نەوتی باکووری ئێرانی لە دەوڵەت کردووە، بەڵام حکوومەتی ساعید ئەم پێشنیارەی ڕەتکردۆتەوە و چارەسەر کردنی ئەم پرسیارە بۆ دوای شەڕ هێشتۆتەوە، حکوومەتی ساعید بڕیارێکی بە پەلەو هەڵنەسەگێندراوی وەرگرتووە، چونکە دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت لە ماوەی ٢٦ ساڵی ڕابردوودا چاکییەکی زۆری بەرامبەر بە خەڵکی ئێران کردووە. وەک دەزانن سێ میلیۆن کوردیش لە خێرو بەرەکەتەدا بەشداری بوون. لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دواییشدا دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت هێندە چاکەی بەرامبەر بە گەلی کورد کردووە کە هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەر ناتوانێ لەبیری بکات. کێ لە ئێوە ئەوەی لەبیر دەچێتەوە کە کوردەکان لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی ڕەزا شادا لەژێر چەوسانەوەدا بوون؟ هیچ مافێک بە کورد نەدرا و ڕێزیان لە هیچ کوردێکی ناودار نەدەگرت و ئازاریان دەدان. دوای هاتنی ئەرتەشی سۆڤیەت بۆ نێو ئێران، کۆتایی بە کوێرەوەری و هەژاریی گەلی کورد هات.

لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی ساعیددا ناحەقییەکی زۆر لە کورد کراوە. شاری بانە و گوندەکانی دەورووبەری سووتێنراون. براکانمان بەبێ ماڵ و خانوو مانەوە و ناچار کران هەڵوەدای شاخەکان بن. ئەمە سەرەتایی هەڵوێستی ساعید بەرامبەر بە گەلی کورد بووە و ئێمە نابێ ئەمە لەبیر بکەین. ئیستا ساعید بە نەدانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە سۆڤیەت دەیەوێ قەیرانی ئابووری لە وڵات درووست بکا. کە بەم چەشنە دەکرێ بڵێین دەبێتە هۆی خراپترکردنی باروودۆخی ئابووری خەڵکی ئێران و بەتایبەتی سێ میلیۆن کوردی ئێرانی.

دەوڵەتی ئێران دەترسێت ئیمتیازی نەوت بدات بە دەوڵەتی سۆڤیەت، چونکە ئەو دەزانێ کە دوای تەواوبوونی شەڕ دۆستایەتی لە نێوان گەلی ئێران و سۆڤیەت بەهێزتر دەبێت. ئاستی فەرهەنگی ئێران گەشەی پێ دەدرێت و ئەو کاتە گەلان داوای مافی خۆیان دەکەن. وەک ئاشکرایە دوای هاتنی لەشکری سوور بۆ ئێران و دوای بەستنی پەیمانی نێوان ئێران، سۆڤیەت و ئینگلیس، دەوڵەتی ئێران نایەوێ دانیشتوانی ئێران لەگەڵ ئەندامانی ئەرتەشی سۆڤیەت پێوەندیان هەبێ. گەلی کورد بەتایبەتی لە نێو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەلانی ئێراندا چیی تر دەسەڵاتدارییەتی ساعید قەبووڵ ناکات و نایەوێ ئەو سەرۆکی حکومەتی ئێران بێ و پێوەندیی ئێران و سۆڤیەت تێک بچێت. گەلی کورد باش دەزانێ کە ئەگەر ئیمتیازی نەوت بدرێتە یەکێتیی سۆڤیەت، کوردی هەژار دەتوانێ بچێ لەوێ کار بکا و زانیاری و شارەزایی بەدەست بهێنێ و لە کاروباری فەرهەنگیەوە بەرەوپێش بچێت.


حەمەڕەشیدخانی بانە

کوردەکان باش دەزانن کە یەکێتیی سۆڤیەت دۆستی هەرە نزیکی گەلانی بچوکە و بۆ گەیشتن بە مافی خۆیان یارمەتییان دەدات. بەمبۆنەوە، ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە بە هەموو توانا و ڕێگەیەکەوە لەم بارەدا هەوڵ بدەین کە دەوری یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێراندا پەرە بستێنێ و بە هێز بکرێت چونکە بەهێز بوونی یەکێتیی سۆڤیەت لە بەرژەوەندی ئێمە دایە.

سڵاو بۆ نەبەزیی یەکێتی سۆڤییەت

بژی کورد و کوردستان

نەمان بۆ ساعید و ساعیدییەکان

کۆمەڵە کاربەدەستانی ڕووس لەسەر هەڵسوکەوتی عەشایر ئاگادار دەکرد و سەبارەت بە سەفەری ئەوان بۆ تاران دەنووسێ:

کۆمەڵەی ژ- ک

ئیدارەی ناوندی

بەرواری ١١ ی ڕەزبەری ١٣٢٣ – ١٩٤٤/١٠/٢

بژی کورد و کوردستانی گەورە

گەشتی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ گفتوگۆ، کە ئامانجیان بۆ ئێمە ڕوون نەبۆتەوە.

بە پیی هەواڵی گەیشتوو لە مەهابادەوە، سەرۆک عەشیرەتەکانی وەک قەرەنی ئاغای مامەش، عەولاغای مەنگوڕ، بایزئاغای گەورک و قازی محەمەد دەچنە ورمێ و لەوێوە دەچنە تاران.

موديری بەشی مەتبوعات عەبدولڕەحمانی زەبیحی

جێێ سرنجە کە بە پێی لاپەڕەی ١٠٢ی "اسرار محاکمەی قاضی محمد و یارانش" لە کۆکردنەوەی محەممەد ڕەزا سەیفی قازی، حوسێنی فروهەر لەگەڵ چەند کەس لە کەیخوداکانی مەهاباد، لە نامەیەک دا بۆ کاربەدەستانی تاران، ئەو هەیئەتەی سەرەوەیان، بە نوینەری خەڵکی مەهاباد دەزانن و داوا دەکەن کە ڕێزیان لێبگیرێ و وڵامی داوخوازییەکانیان بدرێتەوە.

ئەو بەڵگەیە نیشان دەدا کە لە شێوە و ئاکار و کردەوەی ڕێبەرانی کۆمەڵە دا، چەشنێک ناتەبایی هەبوو و مامۆستا زەبیحی کە ئاڵقەی پەیوەندی کۆمەڵەی ژ. ک و کاربەدەستانی ڕووس بوو، جورێک و فروهەر کە نەفەری یەکەمی کۆمەڵە بوو، جورێکی دیکەی بیری کردوتەوە. ئەگەر ئەو کارە سیاسی نەبێ

بێشک ئەو چالاکیانەی کە زەبیحی بە حیسابی کۆمەڵەی لەگەڵ ڕووسانی کردووە، حیسابی سەرەڕۆیی و بەرژەوەندی تاکەسی بۆ دەکرێ. حەسەن قازی لەسەر ڕاپۆرتی کۆمەڵە بۆ ڕووس دەنووسێ:

... لەبەر ئەوەی کە تەواو ڕێی تێدەچێ مەبەستی کۆمەڵە لە نامە نووسین بۆ یەکێتی شووڕەوی بە دەرەجەی یەکەم پشتیوانی وەدەستهێنان بۆ داواکانی بێ بۆ ئەوەی پێشینەیەکی دوورودرێژتر بۆ ڕێکخراوەکەی بهێنێتە گۆڕێ...

ئەو ڕاپۆرتانە تەوەری پەیوەندی کۆمەڵەی ژ- ک و دەوڵەتی ڕووس بوون. بەڵام دەوڵەتی ڕووس بە هیچ شێوەیەک کۆمەڵەی بە ڕەسمی نەناسی. دەوڵەتی شوورەوی پلانی سەربەخۆیی هەر چوار پارچەی کوردستانی لە بەرنامەی دا نەبوو کە ویستی کۆمەڵە بوو. ئەو ڕێکخراوەیە بە نەهێنی بوونی بێ مانای خۆی نەدەکەوتە نیو بازنەی سیاسەتی ڕووس کە بە هەزاران سەربازی لە ئێران مۆڵ دابوو.

بێشک ڕاپۆرتەکانی زەبیحی بۆ کاربەدەستانی ڕووس، گۆمان دەخاتە سەر هوومییەت کۆمەڵە و زۆرتر وەک ڕێکخراوێکی ڕاپۆرتچی دێتە بەرچاو و بە چ مەبەستێک ئەو ڕاپۆرتانە دراون و چ کەڵکێکی لێوەرگیراوە، نادیارە. ئایا لە ئەساس دا بەرێوەبەریی ڕێکخراوی کۆمەڵە ئاگاداری ئەو پەیوەندییانە بووە یان نا. هەرچی بێ بە گۆڕانی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات، کۆتایی بە هەموو ئەو ڕاپۆرتانە هات و لە هیچ بەڵگەیەکی نێوخۆ و دەرەوەدا ڕاپۆرتێکی فەرمی نێوخۆیی حیزبی بەدی ناکرێ کە درابێ بە ڕووسان.

لە ڕاپۆرتەکانی کۆمەڵەدا بۆ دەوڵەتی سۆڤییەت سەرەرای ئەوە باسی لە ڕووداوەکانی ناوچە و کارەکانی کۆمەڵە کراوە، تەنانەت ڕاپۆرتی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەش ناردراوەن بۆ سۆڤییەت کە ڕاپۆرتیان بۆ تاران ناردووە. لە لاپەرەی ٦٧ و ٦٨ی کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"دا لە نووسینی حامید گەوهەری ئاماژە بە تێلگرافەکانی حەمە ڕەشیدخانی بانە بۆ تاران کراوە کە کۆمەڵە بۆ ڕووسانی ناردوە. دەقی تێلگرام یەکەم بەمشێوەیە:

تێلگرافی یەکەم

لە حەمە ڕەشید خانەوە بۆ تاران

بۆ خاوەن شکۆ شاهەنشا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، جەنابی سەرۆک وەزیر، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، وەزیری نێوخۆی وڵات، وەزیری داد(عەدلیە)، ئاغای سەید زیا تەباتەبایی، ئاغای ئاسف نوێنەری پەرلەمان، ئاغای سەدری قازی نوێنەری پەرلەمان، ئاغای ئەسعەد نوێنەری پەرلەمان، ڕۆژنامەی ڕەعد و ڕۆژنامەی مەردانی کار.

دوای ئاراستە کردنی تێلگرافی ژمارە ٨٩٣٥ ی مانگی سیپتامبر، کە هەڤاڵانم لە مەریوان دوور خستەوە بۆ دەرکردنی "مەحموود خانی کانی سانان" لە مەریوان کە گەلێک زیانی بۆ حکوومەت و خەڵکی ناوچە هەیە، بۆ هێمن کردنەوەی ناوچە هەوڵم دا، من بۆ بەجێگەیاندنی فەرمانی ئێوە هەڤاڵانم لە مەریوان دوور خستەوە.

لە ٢٢ی سیپتامبردا، کە تێلگرافی ئێوەم پێ گەیشت، لەلایەن فەرماندەی لەشکری چوارەوە هەڤاڵانم و بنەماڵەکەم کەوتنە بەر ئاگری چەکەکانی لەشکری چوار و زیانێکی قورسیان پێ گەیشت. فەرماندەی لەشکری چوار دەبوایە سەبر بکات، ئەگەر لەماوەی دوو ڕۆژاندا هێزەکانم لە مەریوان دوور نەکردبایەوە، ئەوجا حەقی هەبوو دەست بۆ چەک بەرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە کردەوەی فەرماندەی لەشکری چوار لە مەریوان زیانی بۆ حکوومەت و خەڵک هەبوو، حکوومەت پێویستە لە کردەوەی ناوبراو بکۆڵێتەوە. فەرماندەی لەشکری چوار بە کردەوەی خۆی خەڵکی ئەو ناوچەیەی لە لوتف و مەرحەمەتی دەوڵەت سارد و نائومێد کردووە. خەڵک لەو نزیکانەدا تەواوی ناوچەکانی سەرسنوور بەجێ دێڵن. بەو بۆنەوە من بە قازانجی حکوومەت دژی فەرماندەی لەشکری چوار شکایەت دەکەم. ئەو دەیەوێ خەڵکی ئەو ناوچەیە بەتەواوی لەنێو بەرێ.

بە پشت بەستن بە کام قانوون جووتیارانی ناوچەی مەریوانیان تاڵان کرد و دەستیان بۆ نامووسیان درێژ کرد؟ ئەگەر دەوڵەت پێشی سیاسەتی خایینانەی فەرماندەی لەشکری چوار نەگرێ، ئەو ئاسایشی ناوچەکانی سەر سنوور دەخاتە ژێرپێ و لە ئاگری خیانەتەکانی خویدا دەیانسوتێنێ.

محەممەد ڕەشید کوڕی قادر ١٩٤٤/٩/٣٠

تێلگرافی دووهەم

لە حەمە ڕەشید خانەوە بۆ تاران

بۆ جەنابی سەرۆک وەزیری ئێران، وەزیری دارای، سەرۆکی دارای، دوکتۆر میلیسپو، ئاغای ئاسف نوێنەری پەرلەمان، ئاغای سەدری قازی نوێنەری پەرلەمان.

هەرکوو دەزانن لەو ڕۆژەوە کە بەرپرسیاەتیی ئاسایشی بانە لە لایەن حکوومەتەوە بە من سپێردراوە، مووچەی مەئمووره حکوومەتیەکانیش دیاری کراوە. من بە هەموو هێزەوە بۆ ڕاگرتنی ئاسایشی بانە هەڵسوڕوام و لە هەمان کاتیشدا هاوفکریم لەگەڵ فەرماندەکانی حکوومەت کردووە. بەهۆی شکایەتی من لە فەرماندەی لەشکری چوار، لەلایەن ناوبراوەوە دژی خەڵکی بانە بەربەرەکانی سەری هەڵداوە:

١- شەش مانگە مووچەی مەئمووره حکوومەتیەکانی بانە نەدراوە.

٢- بانە مافی ٢٨ تۆن شەکر و چایی هەیە، کە تەنیا ٢٣ تۆنی دراوەتێ. پارەی ئەو ٢٣ تۆنە بە بەڵگەی ژمارە ١٧٠-٢١١٦٧٥ تەسلیمی ئیدارەی دارایی سەقز کراوە. پێنج تۆن شەکر و چا ماوەتەوە، بەم بیانووە کە بازاڕی بانە پارەی نەداوە، ئەو پێنج تۆنەیان نەداوەتێ.

ئەو گوتنانە، ئەوە دەسەلمێنن، کە مووچەخۆرەکانی بانە کەوتوونەتە بەر بێ لوتفی و ڕقەبەرایەتی فەرماندەی لەشکری چوار. ئەگەر حکوومەت بە چەشنی دانیشتوانی ئێران تەماشایی خەڵکی بانە دەکا، بۆچی ئەوانی خستۆتە ژێر دەستی فەرماندەی لەشکری چوار، تا ئەو بۆچوونەکانی خۆی بەسەر ئەو خەڵکەدا بسەپێن. ئەگەر حکوومەت بە باشی نەڕوانێتە ئەو ناوچەیە، من بەرپرسیایەتیی ئاسایشی ناگرمە ئەستۆ.

محەممەد ڕەشید کوڕی قادر ١٩٤٤/٩/٣٠

لەو پێناوەدا عەبدولرەحمان زەبیحی وەک نوینەری کۆمەڵەی ژ- ک لە نامەیەکدا، نوێنەرایەتی دەوڵەتی سۆڤییەتی لە وەزعی ناوچە ئاگادار کردوە و داوای کردوە کە دەوڵەتی سۆڤییەت پشتیوانی لە حەمەرەشیدخان بکا. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٦٩ی کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"دا ئاماژە بە نامەی زەبیحی بۆ دەوڵەتی شووڕەوی دەکا:

کۆمەڵەی ژ، ک

ئیدارەی ناوەندی

بەرواری ٧ ی ڕەزبەری ١٣٢٣-١٩٤٤/٩/٢٩
بژی کورد و کوردستانی گەورە
یەکێک لە کوردەکانی کوردستانی عێراق کە سەرۆکی عەشیرەتی پشدەرە بەناوی "بابەکری سەلیم ئاغا" بە ویستی ئینگلیسەکان نامەیەکی بۆ "ئەمیر ئەسعەد" نووسیوە، کە پێش بە گەشەکردنی حیزبی ئێمە بگرێ.
سەرتیپ "هوشمەند ئەفشار" لە سەقز ئەو کەسانەی خوارەوەی بە تاوانی پێوەندی دەگەڵ" حەمە ڕەشید خان" زیندانی کردووە:
دوو کوڕی "سەیف الله خان " و برازایەکی حاجی ئەمینی توجاڕ.
سەرتیپ هوشمەند ئەفشار بۆ تواندنەوەی کوردان فەرمانی لە دەوڵەتی ئێران وەرگرتووە. سەرهەنگ "درەخشانی" پارێزەری ورمێ هاتۆتە مهاباد و شەو لە ماڵی دوکتۆر " ئەمین ئەفشار" ماوەتەوە.
لە کۆتایی ئەو نامەیەدا داوای گەیاندنی یارمەتی ئێوە بە حەمە ڕەشید خان دەکەین.
مودیری بەخشی ڕاگەیانەنی ژ. ک عەبدولڕەحمانی زەبیحی
جیا لە ناردنی نامە بۆ ڕووسان، ڕواڵەتێکی دیکەی خۆ دەرخستنی کۆمەڵە لە نێو کۆمەڵگادا، ترساندن و تۆقاندنی کەسانی سەر بە ڕێژیم بوو. مامۆستا هەژار لە سەر زەبروزەنگی کۆمەڵە لە نێو خەڵکی شاردا، لە لاپەڕەی ٦٨ دا دەنووسێ:
کۆمەڵەی ژ۔ ک دەیەویست خەڵکی شار بترسێنێ، شەو تەقەیان لە حاکمێکی ئێرانی کرد کە وەبەر نەهات، بەڵام لە شار هەڵات. "عیسازادە" ناوێک کە زەمانی پەهلەوی شەیتانی لە خەڵک دەکرد و زەبیحی فاروقی بە گرتن دا و خەبەری لە من و مەلا حەمەدەمینی حەدادی دابو، لە دەست دەولەت هەڵاتبوین و خۆمان شارد بۆوە، بە ئەمری حیزب کتێبخانەکەی تاڵان کرا.
هەر لەو پەیوەندییەدا، مامۆستا هەژار لەو لاپەڕەیەدا دەنووسێ:
جاریک خەبەریان دا کە دەوڵەمەندی شاری، حیزبی خۆیان لە دژی ئێمە دروست دەکەن و فڵانە شەو لە مزگەوتی سەید نیزامی کۆ دەبنەوە. قەرار درا لێیان تێک دەین، بەلام نەش دەبو بناسرێین. حوسێنی سەرۆکمان پاش کێشە و هەرای زۆر ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی خۆی کە وانەکا بیناسن و لێشیان تێکدا. بە جلێکی گۆڕاو، دەم هەڵپێچراو، لە مزگەوت چوبوە ژور و دەمانچەی دەرێنابو، کە:
۔ وا والێکراوینە! ڕوح بۆ کوێ دەبەن؟
ئەو هەمو دەوڵەمەندە قەڵەوانە وەک جندۆکەی بیسمیلا لێکراو هەر ئەوەندەیان بۆ کرابوو لە پەنجەرەی بازدەن و خۆ دەربازکەن. پتر لە دووسەت جووتە کەوشی زۆر باش لەوێ بەجێمابو.
یەکێکی دیکە لە کارەکانی کۆمەڵە لە نیوخۆ دا، هەوڵ دان بۆ سەرکەوتنی نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک بۆ مەجلیسی شوڕای میللی ئێران بوو. بە پێی لاپەرەی ١٣٠ی ڕەحیمی قازی، کۆمەلەی ژ. ک ڕاستەوخۆ لەسەر هەڵبژاردنی سەدری قازی بۆ نوێنەرایەتی مەجلیسی ١٤ دەستی هەبووە. لە ئاخری ساڵی ١٩٤٣دا هەڵبژاردن کرا و چەند سەرۆک عەشیرەت لە لایەن دەوڵەت دەستنیشان کران. بەڵام سەدری قازی دەنگی یەکەمی هێناوە و بە بوچوونی ڕەحیمی قازی، سەرکەوتنی سەدری قازی، چەشنێک لە خەباتی ئاشکرای کۆمەڵە بوو. سەدری قازی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢١ تا ١٩٤١ زایینی دا، لە کاروبار و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێشە و گیروگرفت چارەسەر و ڕاپەڕینی کاروباری ناوچەی مەهاباد و دەوروبەردا، لەگەڵ قازی محەممەدی برای، دەستی تەواویان هەبوو و وەک نوێنەری مەهاباد لە تاران، لە یارمەتیکردن بە لێقەوماوان و داماوان دا و تکا بۆ زیندانییان قسووری نەکرد.

سەرەڕای ئەوانە ئەگەر لە ڕێکخراوێک دا بنەمای بیروبۆچوون و ڕوانگە دەبێتە هەوێنی یەکگرتوویی نێو تەشکیلات، لە کۆمەڵەی ژ- ک دا جیا لە ڕوانگەی نیشتمانی، ئاکار و کردەوە و پەیوەندی دۆستانەو ڕێز و حورمەت، بنەمای سەرەکی کار و تێکۆشان بوو. لەسەر ئیمان و فیداکاری و لەخۆبردوویی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ. ک مەلا قادر مودەرەسی لە لاپەڕەی ١٦ی ئەو سەرچاوەیەدا دەڵی هەر کارێکی پێان سپێردرابا دەتگوت خودا خەنی کردوون. یەکیک دەنیردرێتە عێراق و لەوێ ئەشکەنجە دەکرێ و زۆری ناڕەحەت دەکەن و دەگیرێ، کە دەگەڕێتەوە ئەو ناڕەحەتیانە بە شانازی ژیانی دەزانێ.

هیچ لاوێک بە چاوی هەرزەکاری لە کیژەکانی نەدەڕوانی دزی و درۆ و دەست بڕین یەکجاری باری کرد بوو. قەت کێشە لە سەر شتی ون بوو نەدەکرا. هەر لە ڕێی کۆمەڵە دا، سۆفی محەمەد برای عەلی ڕیحانی بە زستان چوو بۆ عێراق. لە ڕێگایە گورگ خواردی.

لە بواری ماڵییەوە عەبدولڕەحمانی ئیلخانیزادە یارمەتی زۆری بە کۆمەڵە کردوە و مەلا قادر دەڵی شیاوی هەرچەشنە ڕێزگرتنێکە. مەلاقادر ئاماژە بە کەسانی خۆفرۆشیش دەکا دەڵی ئەوکاتیش گوڵە بەرۆژە هەبوون کە تاو لە هەر لایەک ڕا هەڵات با، ڕوویان لە لای ئەوێ بوو. لە سەر دڵسۆزی و نیشتمان پەروەری ئەندامانی کۆمەڵە، مامۆستا هەژار پێیوایە کە تازە هیچ کۆمەڵێک ئاوا دڵسۆز و فیداکار و دڵگەرم و ... نابێتەوە.

## کۆمەڵە و ئاڵا

ئاڵا نوێنگە و هێما و پێناسەی دەستە یان ڕێکخراو، دەزگا، یان دەوڵەتێکە کە زۆرتر بە ڕەنگ و نیشانە، لە سەر پێست، پارچە یان کاغەز هەڵدەقەندرێ و دەنەخشێندرێ و بە پێش چاوی خەڵک هەڵدەدرێ و کۆمەڵێک لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە. مێژووی ئاڵا دەگەڕیتەوە بۆ ڕابردووی کۆن و زۆرتر لە شەڕەکان و لە پێشەنگی لەشکرکان دا هەڵکراوە و نیشانەی یەککرتوویی و هێز و توانا و شکۆی مەعنەوی ئەوان بووە. بۆیە ئاڵا هەمووکات بۆ هێرشی دوژمن ئامانجی سەرەکی بووە.

لە فۆرمی ئیتینکی نەتەوە و میللەت دا، ئاڵا هیمای گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە، بەڵام بەلای هێندێک ڕێکخراوی چەپ و مەزهەبی بناژۆی دواکەوتوو دا، ئاڵای نەتەوەیی دیاردەیەکی دزێوە قێزەونە و مایەی شەرمەزاریە.

لە ڕابردوودا کورد وەک هەموو میللەتان خاوەنی ئاڵا بووە و هێرۆدۆت مێژوناسی گەورەی یۆنانی کۆن باسی ئاڵای مادەکانی کردوە کە هەر بە ڕەنگی سوور و سپی و کەسک نەخشابوو و وێنەی تاج یان شێر، یان هەتاوی لەسەر بووە.

یەکەم ڕێکخراوێک کە لە سەرەتای سەدەی ٢٠ دا بە فەرمی ئاڵای کوردستانی دیاری کردووە و هەڵیداوە "جەمعییەتی تەعالی کوردستان" لە باکووربووە. بە گویرەی هێندێک سەرچاوە ئەو ڕێکخراوەیە لە ساڵی ١٩٢٠دا ئاڵای کوردستانی دیاری کردووە. ڕووبەری ئەو ئاڵایە سەوز و لە نیوەڕاستی دا نەخشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتاوی لەسەر بووە. ئەو ئاڵایە بە هۆی "زەینەلعابدەین" نووسەری گشتی ئەم جەمعییەتە کێشراوەتەوە. شکڵی ئەو ئاڵایە دوایە گۆڕاوە و بە پێی قسەی قەدری جەمیل پاشا، ڕووبەری ئاڵای کوردستان لە سەرەوە سوور و لە نێوەڕاست سپی و لە خوارەوە کەسک بووە. وێنەی خۆر لە سەر ڕەنگی سپی لە نێوەڕاستەکەی دا هەڵکەوتبوو.

ئیحسان نووری پاشا لە بیرەوەرییەکانی دا باس لەوە دەکا کە کاتێک لە ساڵی ١٩٢٧دا چووتە ئاگری و بە ڕێبەری بزوتنەوەکە هەڵبژێردراو، ئاڵای سێ ڕەنگی جەمعییەتی تەعالی کوردستانی لە سەر لوتکەی ئاگری هەڵکردوە و دەڵێ: برۆ حەسکی تێللی لە هۆزی جەلالی، ساڵی ١٩٢٦ ڕاپەری و بەرەو چیای ئاگری کشایەوە. من ساڵی ١٩٢٧ خۆم گەیاندە ئاگری و سەرۆکایەتی بزوتنەوەی ئاگریم پێ سپێردرا. هەروەها لە لایەن کۆمەڵەی خۆیبوونەوە کۆمیتەیەکی تایبەتیی سەربازییش هەڵبژێدرا. لەو ساڵەدا ئاڵای سێ ڕەنگی سەربەخۆیی کوردستان کە ساڵی ١٩٢٠، جەمعیەتی تەعالی کوردستان پەسندی کردبوو، هێنرایە ئاگری و بۆ یەکەم جار من ئەو ئاڵایەم لەسەر بەرزترین لوتکەی چیای ئاگری هەڵکرد. من پۆستی سەربازییم لە ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان پێکهێنا. پاسەوانە دلێرەکانی ئاگری لە دورەوە هاواریان بۆ ئاڵای کوردستان دەکرد. بەو جۆرە لە ئاگری ڕێکخراوی سەربازیی و ئیدارەیەکی کوردیی هەبوو و ئاڵای کورد دەشەکایەوە.

لە دوای ڕووخانی دەستەڵاتی ڕەزاشا، کۆمەڵەی ژ- ک لە شاری مەهاباد ئاڵای کوردستانی دیاری کردوە و ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ١٠٤ دا دەنووسێ کە لە مانگی مەی ١٩٤٤دا کۆمەڵەی ژ. ک لەگەڵ هاوپەیمانە عێراقییەکان بەیداغی کوردستانیان هەڵبژارد کە سەرەوەی سوور و نێوەڕاستەکەی سپی و خواروی کەسک بوو. لە نێو ئەو ئاڵا وێنەی ڕۆژ هەبوو کە بە هۆی دوو گوڵەگەنم دەوری گیرا بوو و کێوێک و قەڵەمێک لە تەختەکەی دا کێشرابوو. ئەو ئاڵایە ئی ئێران بوو کە سەرونخوون کرابوو.

ئەو ئاڵایە تەنیا بە نهێنی و لە ژووری ماڵان بۆ سوێند خواردن کەڵکی لێوەرگیراوە. ڕێکخراوی کۆمەڵە ژ- ک ناوەندێک یان مەقەرێکی گشتی یان کۆبوونەوەیەکی گشتی جەماوەری نەبوو تا ئاڵای لێ هەڵبکا. دواتر ئاڵای کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکرات لە شارەکانی مەهاباد و نەغەدە و بۆکان و ... هەڵکرا. لەساڵی ٢٠٠٩ دا پەرلەمانی کوردستان لە باشوور بڕیاریدا، کە هەموو ساڵێک ڕۆژی ١٧ی دیسامبر (٢٦ سەرماوەز) ساڵڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد، بکریتە ڕۆژی ئاڵای کوردستان و لە تەواوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان هەڵبکرێ.

## بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە

گرنگترین کاری ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژ. ک بایخ دان بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار بوو. کۆمەڵە لەو بوارەدا شۆڕشێکی گەورەی ئەدەبی پێکهێنا. سۆز و خۆشەویستی نیشتمانی بۆ دامەزرانی چاپخانەیەکی کوردی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵەدا زۆر بوو. هەژار لە لاپەڕەی ٦١ کتێبی چێشتی مجیور دا دەنووسێ: لە بیرمە جارێک بیرمان لەوە دەکردەوە کە چاپخانەیەکی دەستی بچووک بکڕین و بیکەینە چەند بەشێکی بچووک و هەر کەسە بە پێی توانا بەشەکانی بکڕێ. کاکە ڕەحمان کە ئەوسا ببووە ئەندام و دەوڵەمەند بوو، گوتی من هەمووی دەکڕم. باوەڕکە زۆرمان فرمێسکمان دەچاو گەڕا، کە لەو خۆشییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نائومید بووین و لە کرینی چاپخانە بەشدار نابین.

یەکەم بڵاوکراوەی ڕێکخراوەی کۆمەڵە گۆڤاری نیشتمان بووە کە لەوکات دا ٩ ژمارەی لێ‌چاپ بووە. کۆمەڵە کتێبێکی بچووکیشی بە ناوی دیاری کۆمەڵەی " ژ – ک". چاپ کرد کە ناوەرۆکەکەی، بریتی بوو لە شێعری نیشتیمانی حاجی قادر و مەلای گەورەی کۆیە و مامۆستا هەژار و شێخ ئەحمەدی حیسامی. ئەو کتێبە ڕمێنی زۆر بوو و زۆر زوو تەواو بوو. هەروەها ئەو ڕێکخراوەیە، بڵاوکراوەی حەتووانەی "مرۆڤ Miriv " کە تایبەتی ئەندامانی کۆمەڵە و دیاری کۆمەڵەی ژ.ک بۆ لاوان و دوو ڕۆژ ژمێری تایبەتی لە ساڵەکانی ٢٢ و ٢٣ بڵاو کردەوە. بڵاوکراوکانی کۆمەڵە بە هۆی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بڵاو دەبووە و نیشتمانپەروەرانی کورد بە تاسەوە بەدوای دا دەگەڕان.

## گۆڤاری نیشتمان



گۆڤاری نیشتیمان ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ک
ژمارە ٥ ڕێبەندانی ١٣٢٢

یەکێک لە گرینگترین بڵاوکراوکانی ڕێکخراوی کۆمەڵە، گۆڤاری "نیشتمان" بوو. ئەو گۆڤارە دوو مانگ دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژ- ک، بە بیری نیشتمانی و ڕزگاریخوازی و خزمەت بە زمانی کوردی بڵاو کراوە.

بە پێێ ژمارە یەکی گۆڤاری نیشتمان، کۆمەڵەی ژ.ک لە مانگی پوشپەڕی ١٣٢٢ (جولای ١٩٤٣) دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری "نیشتمان" ی لە تەورێز چاپ و لە کوردستان بڵاوکردەوە.

گۆڤاری نیشتیمان بڵاوکراوەی فەرمی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژ.ک بوو و وەک دەگوترێ کاتێک لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٢دا ڕێبەری کۆمەڵە هەڵبژێردرا و لە مانگی بانەمەڕی ئەو ساڵە دا (ئاوریلی ١٩٤٣) کۆبوونەوەیەکی نیزیک بە سەد کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە لە شاخی خوداپەرەست کە زۆرتر وەک کونگرە دەچوو، گیرا، لەوێ بڕیار درا کە گۆڤاری نیشتیمان وەک بڵاوکراوەی بیروڕای کۆمەڵە بڵاو ببێتەوە.

ژمارەکانی ١ هەتا ٦ی گۆڤاری نیشتمان بە هۆی مامۆستا زەبیحی و بە هاوکاری داموودەزگای خەڵیفەگەری هەرمەنی‌یان، بە نهێنی لە شاری تەورێز، لە چاپ درا. محەممەدی شاپەسەند لە لاپەڕەی ٢٣ی بیرەوەرییەکانی دا باس لە پەیوەندی باشی زەبیحی لەگەڵ سەفارەتی ڕووس دەکا و دەنووسی کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەو هەلەی کە ئەوان بۆیان ڕەخساند، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بە چاپ گەیاند.

چاپخانەی خەلیفەگەری ئەرامەنە لە تەورێز، لە ژێر چاوەدێری کونسوولخانەی ڕووسان دابوو. بە پێی کتێبی "ئینکار و مقاومەت" ئەو چاپخانەیە بە دوای ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان نەدۆزراوە و تا ساڵی ١٣٣٤ هەر مابوو. لە ٢٢ مانگی ڕەشمەی ١٣٣٣ کە شا چوو بۆ تەورێز، حیزبی تودە بەو چاپخانەیە ئیتلاعییەکی بە دژی شا بڵاو کردەوە. دەزگاکانی ئەمنی ئێران بە دوای شوێنی ئەو ئیتلاعییەدا گەڕان و چاپخانەیان دیتەوە و دەستیان بەسەر پیت و کلێشەکانی ڕۆژنامەی ئازەربایجان و کۆمەڵەی کوردستان داگرت.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ٤٤ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە دواتر کۆمەڵەی ژێکاف توانی دەزگایەکی چاپی دەستی لە تەورێز بکڕێت و نیشتمانی ژمارە ٧، ٨ و ٩ی لە یەک بەرگدا چاپ و بڵاو بکاتەوە.

بایخ و گرینگی گۆڤاری "نیشتمان" لە ڕاپۆرتی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە کە بە ڕێکەوتی ٥ی ڕەزبەری ١٣٢٣ (٧ سپتامبری ١٩٤٤) بۆ حەسەنۆف سەرکۆنسوولی ڕووس لە تەوریز ناردراوە، بە ڕوونی دردەکەوێ کە نووسراوە:

هەر ژمارەی نیشتمان لە کوردستانی عێراق٥٠- ٦٠ دەست دەکات و نرخی گەیشتوتە یەک دیناری عێراقی کە دەبێتە ١٣ قڕانی ئێران.

گۆڤاری نیشتمان ئۆڕگانی کۆمەڵە بوو و مامۆستا هێمن دەڵی بە ٢٠٠ هێندەی نرخی ئەسڵی فرۆشراوە. مامۆستا زەبیحی سەرنووسەری گۆڤاری نیشتیمان بوو و جگە لەو و چەند کەسی دیکە، کەس نەیدەزانی ئەو گۆڤارە لە کوێ چاپ دەبی و کێ دەینووسێ.

چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەو گۆڤارە، هیوا و هۆمێد نیشتمانپەروەرانی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا زیندوو کردەوە و بوو بە هۆی دڵخۆشی و شادمانی ڕۆڵەکانی کورد. بۆیە دوژمنانی نێوخۆیی و دەرەکی، بە هەموو تواناوە وەخۆکەوتن بۆ ئەوەی بووختانی ناڕەوا بۆ ئەو گۆڤارە هەڵبەستن لەوبارەوە هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە لە ئاگادارییەک دا دەنووسێ:

بەیاننامەی ٣٢٢ ی ڕۆژی ٢٥ ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٢

بە ناوی یەزدانی گەورە و بەرز و بێ هاوتا

هەمیشە بیروباوەڕی تازە ئەبێتە ئامانجی تیری بەربەرەکانی خاوەندارانی بیری کۆن و مێشکە ڕزیوەکان.

ڕۆژێکی ئێمە ئەم کۆمەڵەمان بونیاد نا دەمانزانی لەم دەستووره گشتی و تەبییعیە ڕەزگاربوونمان نییە. درەنگ یا زوو لە جەنگەی کارکردن دا ئەبینە نیشانەی لۆمە و توانجی هێندێک لە کوردە بە تەعەسوب و کۆنەپەرەستەکان. بەڵام نەماندەزانی لە چی ڕیگایەکەوە پەلامارمان ئەدەن. بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکانمان (مەتبووعات) ئەم ئیشکالەی هەڵگرت، هێندێک لە خاوەندانی ماڵ و مەقام کە پێشکەوتنی ئێمە و پاشکەوتنی خۆیان لە ڕێزێکدا ئەدیت دەستیان کرد بە پروپاگەندە کە کۆمەڵەی ژ. ک کۆمەڵێکی شیوعی و (بولشویک)یە و بە ناوی کوردایەتییەوە کار ئەکا بۆ دروست کردنی هەموو چەشنە بەرهەڵستێک لە ڕێگای پێشەوەچوونی ئێمەدا بە هەموو هێزی خۆیان کوششیان کرد، بەڵام بیکەڵک و سوود بوو...

بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە، دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانی بە چەشنێک نیگەران کرد کە پەیوەندیان پێکەوە گرت و هەوڵیان دا تا شوێنی چاپی گۆڤاری " نیشتمان" و ناوی ئەو کەسانەی کە لە ئامادەکردنی دا دەستیان هەبوو بدۆزنەوە. بەم بۆنەوە هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە دوو بەیانامەی لە گۆڤاری نیشتمان دا بڵاو کردەوە. لە ژمارە ٥ی ئەو گۆڤارەدا هوشداری دەرێتەتە دەوڵەتی ئێران و تورکیە کە ناتوانن پێش بە بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤارە بگرن و بە دەوڵەتی عێراق ڕادەگەیەندرێ کە هەوڵ نەدا بۆ دیتنەوەی چاپخانەی نیشتمان هاوکاریی دەوڵەتانی تورک و ئێران بکا. هەروەها ٤٨ کاتژمێر مۆڵەت بە کاربەدەستانی کورد دەدرێ کە ئەوانیش بۆ ئەو مەبەستە تێنەکۆشن دەنا بێ ئابروو دەکرێن و وێنەیان لە نیشتمان دا بڵاو دەکرێتەوە.

هەروەها هەر لەو چوارچیوەدا لە ژمارەکانی ٧ و ٨ و ٩ ی گۆڤاری نیشتمان دا ئاوا هاتووە:

بەیانی دووەمی هەیئەتی ناوەندی ژ.ک

ئەو ئاگایانەی لە عێراق و ئێران بۆمان هاتووە نیشان دەدەن ئەو دوو حکومەتە دیکتاتۆرە ئیستعماریانە لە پێشکەوتنی کۆمەڵەی ژ. ک و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری نیشتمان کەوتوونە ترس و لەرزەوە. بۆ پێشگیری عەمەلیاتی ئێمە بڕیاریان داوە نەهێڵن "نیشتمان" دەربچێت. لە شارانی هەولێر، بەغدا، کرماشان و سنە، چاپخانەکانیان پشکنیوە. باڵویزی ئێران لە بەغدا ڕاستەوخۆ نامەیەکی بۆ حاکمی یەکێک لە شارەکانی ئێران نووسیوە کە گۆایە ناوچەی ژ. ک و ئیدارەخانەی نیشتمان لەم شارەیە لازمە کەشف و پێشی پێبگیرێت. گۆڤاری خۆشەویستی گەلاوێژ کە بە پۆست بۆ ئێران دەچوو لە لایەن پۆستەی ئێران ڕەدی کرد ... لە مقابیلی ئەم کارە پەستەی حکوومەتی ئێران دا، ئێستا پۆستەی ژ. ک بۆ زۆر شارانی کوردستانی ئێران، گەلاوێژ، نیشتمان ڕۆژانوێ و ڕوناهی دەبا و ئیرتباتی نیوان دوو پارچەی کوردستان حیفز دەکا.

ئەگەر حکوومەتانی ئێران و عێراق بە عەمەلیاتی ئێمە ڕازی نیین لازمە دەگەڵ حکومەتی ئیستعماری تورکیا بۆ ئیجرا کردنی پەیمانی شوومی (سەعدئاباد) کۆنفڕانسێک بگرن ئەمما لازمە لە پێشدا بزانن دنیای ئازادی ئێمڕۆ بۆ ئەم کارە کە وێنەیەکە لە ڕێوشوێنی فاشیستە نەگریسەکان ئیجازەیان نادا.

دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق هەوڵیان دا تا بە یەکەوە بە هۆی سیخوڕەکانیان بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئەو گۆڤارە هاوکاری بکەن. لە نیشتمانی ٧ و ٨ و ٩ دا لەو بارەدا هاتووە:

... حکومەتی عێراق سەفیری ئێرانی لە بەغدا ئاگادار کردووە کە لە ئەنجامی تێکۆشین و گەڕان و لیکۆڵینەوەیەکی ورد دا کە پۆلیسی عێراق لە بەغدا و سولەیمانی و ئەربیل و جێگاکانی تردا بەڕێوەی بردووە، گۆڤاری "نیشتمان" لە عێراق چاپ ناکریت. سەفیر بە دەوڵەتی ئێرانی ڕاگەیاندووە کە وادیارە ئەو گۆڤارە لە ئێران چاپ دەکرێت و دەبێ جێگاکەی بدۆزرێتەوە و پێشی بگیردرێت.

دیارە لە نێوخۆش دا کەسانی پەیوەندیدار بە ڕێژیم بە دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان زۆر تورە بوون. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٥٢ ی کتێبی "وڵاتی من" دا دەنووسێ:

... سەید جامی کە ئەو کات لە نێوان مەهابادو بەغدا دا توجارەتی دەکرد، لە لای شێخولئیسلام گلەیی لە مەڕحومی پێشەوا دەکاو دەڵێ: "مەگەر ئەمن نازانم کە قازی خەریکی ئاژاوەیە و ئەوە لە بەغدا خەریکی چاپی کتێبی نیشتمانە، وەڵا ڕاپۆرتی لێدەدەم".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆڤاری نیشتمان چەقڵی چاوی دوژمنان بە تایبەتی شۆڤینستە فارسەکان بوو. ڕۆژنامەی ئایەندەی ئێران بە ڕێکەوتی ١٨ی دیسامبر ١٩٤٣دا لە ژێر سەردێری "زبانی ڕەسمی ئێران تەنیا یەکێک و بەس" لەسەر ئەو گۆڤارە دەنووسێ:

وەک دەرکەوتووە لە ئێران ڕۆژنامەیەک بە لەهجەی محەلی چاپ دەکرێ. شوکرانەبژێری خودام ئەو ڕۆژنامەیە نەگەیشتووەتە دەستی ئەم نووسەرە و هیوادارم لە ئایەندەش دا نەگاتە دەستی.

لە سەر کاریگەریی گۆڤاری "نیشتمان" دڵشاد ڕەسووڵی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤١ ی لە وتارێک دا، لە ژێر سەردێری "کورد شایانی شانازییە" ئاوا باسی گۆڤاری "نیشتمان" دەکا :

ئێمە دوو ساڵ پێش لە کۆمەڵەدا گوواری "نیشتمان" مان وەدەردەخست کە هەتا هەتایە گەنجینەیەکی تێدایە سوودی لێوەردەگیرێ. بەڵێ "نیشتمان" بلێسەیەک بوو تا وڵاتی کوردەواری ڕووناک کردەوە و نەکوژاوە...

شاعیری گەورە سەیفولقوزات، لە هونراوەیەیەک دا لەسەر گرینگی گۆڤاری "نیشتمان" دەڵێ:

کوردان کە هاتوچۆ دەکەن ئەوڕۆ بە پرچەکی<br>
نیشتمان زمانی وانە بە ئەمری دراوسیە

گۆڤاری "یەکیتی تێکۆشین" کە بەشی کوردی حیزبی شیووعی عێراق دەری دەکرد، لە یەکەم ژمارەی خۆی دا لەسەر گۆڤاری نیشتمان دەنووسێ کە ئەی ئەستێرەی بەرزی نیشتمان، دڵی کمونیستە کوردەکانی عێراق بە دیتنی تۆ ڕووناک بۆتەوە و گەلی کورد بە تێکۆشانی ئەندامانی کۆمەڵە لە پێناوی ئازادی کوردستان دا، باوەڕێکی گەورەی تێدا پێکهاتووە.



دڵشاد رەسووڵی

ناوەرۆکی گۆڤاری "نیشتیمان" ی ژمارە ١ بەو لۆگۆیەی خوارەوە دەست پێدەکا. سەرەتا لەسەر سەرەوە نووسراوە، بژی سەرۆک و کورد و کوردستان و هیوا(تەنیا لەو ژمارەدا ئاماژە بە هیوا کراوە کە ڕەنگە مەبەست حیزبی هیوا بێ) . دوایە وێنەی ڕۆژ بە ١٦ پەڕە بەدی دەکرێ و لە ناوی ڕۆژەکەدا بە پیتی لاتین ژ. ک نووسراوە. بە عەرەبی ئایەتێک لە قورئان بە شێوەی کەوانی باڵی بە سەر ڕۆژەکەدا کێشاوە و نووسراوە: کم من فئه قلیلة غلبەت کثیرة باذن الله.. لەژێر ڕۆژەکەدا نووسراوە "نیشتمان". لە خوارتر نووسراوە، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری مانگی کوردییە(جێگای ڕامانە کە تا ژمارەی ٦ ئاماژە بە وشەی سیاسی نەکراوە). لە خوارەوەتر نووسراوە ژمارە یەک، ساڵی یەکەم پووشپەڕی ١٣٢٢ جولای ١٩٤٣.

لەو ژمارەیە دا، ئامانجی کۆمەڵەی ژ- ک هاتووە

و چەندین وتاری جۆراجۆر بەدی دەکرێ. ناوەرۆکی بابەتەکان هەمەلایەنە و بە وتارەکانی تەماع و دمە تەقەی دوو کەسی، دەست پێدەکا و باسی خراپی و خۆفرۆشی ئاغاوەت دەکرێ. ئەو بابەتە هەر بەو ناوەرۆکە لە گۆڤارەکانی دیکەی نیشتمان دووپات دەبێتەوە. هەروەها لەو ژمارەیەدا وتاری ڕێکەون تا سەردەکەون، باسی گەوریی و پانتایی خاکی کوردستان دەکا و دەنووسرێ کە کورد بە یەکێتی و تەبایی دەتوانێ بە ئاوات بگا. وتاری "مجرسۆن" دەرحەق بە کورد چ ئەڵێ، باسی مێژوو دەکا و هەروەها وتاری "سەرکەوتن بە زۆر و کەمی نییە" باسی ئایەتێکی قورئان دەکا و ئاموژگاری دەدا کە بە یەکگرتن و یەکێتی، ڕادەیەکی کەم، دەتوانن بە سەر زۆر دا سەرکەون. هەروەها لەو ژمارەیەدا باسی وەفایی شاعیری گەورەی کورد کراوە. بابەتی "جیگارە چۆن ئەکێشرێت" ئامۆژگاری ئەوەی دەدا کە سیغار چەندە بۆ سڵامەتی زیانی هەیە. بابەتێک بە ناوی "بۆ گەنم کڕ" هاتووە کە مەبەستی ئەوەیە بە هەرزان گەنم لە دەست فەلاع دەردێندرێ. وتاری "کورد و عەسەبەلئومەم( جامعەی ملل)" باس لە پەیمانی سێوێر و وتاری "کوردستان ماڵی کوردە" داوای پاراستنی خاکی کوردستان دەکا. بابەتی "پەلامارەکەی ئەو ساڵی ئەڵمان لە ڕووسیا" باس لە شەڕی دووهەمی جیهانی دەکا و ئاخرین بابەت وتاری "دەسیاوی بۆ چاپ" کە لیستەیەک لە ناوی کەسانێک هاتووە کە یارمەتیان بە چاپی ئەو گۆڤارە داوە و سەرجەم ١٢٣٠ ڕیاڵە.

دیارە هەر لەژێر ناوی دەسیاوی بۆ چاپ لە ژمارەی ٦ ی گۆڤاری نیشتیمان دا، ئاماژە بە لیستەیەکی ٨ کەسی کراوە کە یارمەتیان کردوە و سەرجەم ٨٠٣٠ ڕیاڵ کۆبۆتەوە. ئەو پارەیە بەراوەرد کراوە بە پووڵی عێراقی و تورکی.

هەر لە ژمارەی یەک دا لە نیوان وتارەکان دا شێعری شاعیرانی تێدایە و لە لاپەڕەی ٩ دا م. م ئەندامی ژمارە ١٦ی کۆمەڵە کە دەبی محەممەد مەجدی بێ لە شێعرێک دەڵێ:

تا دەبینم میللەتی کوردی فەقیر و سەر هەژار
بێ زمان و بێ کەس و بێ کۆمەگ و بێ کاروبار
ژێر چەپۆکی میللەتی دی ڕادەبوێرن ڕۆژگار
ئاوی چاوم هەر وەکوو گۆزەی سەروژێر دێتە خوار.
...

لە لاپەڕەی ١٢ ی ئەو گۆڤارە دا ئاماژە بە شێعری زیوەر کراوە کە دەڵێ:
خاوی خەرگووشی هەتا کەی وەعدەیی بیدارییە
دوژمنی خۆت و مناڵت ئەژدەهای بێکارییە
وا بەجێ ماوی لە خێڵ ناگەیتە کوێستانی مراد
کوردە سادەی غیرەتی غیرەت بەری دیدارییە
ئەجنەبی باری گەیاندە مەنزڵی ئەمن و ئەمان
تۆش لە نێو قوڕدا چەقیوی عەیش و نۆشت زارییە
...

لە لۆگۆی "نیشتمانی" ژمارە دوو دا کە لە خەزەڵوەری ١٣٢٢دا چاپ بووە، لەسەر تیشکی ڕۆژ ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایەتە هاتووە" ومن یتوکل علی الله فهو حسبه". لەمولای ئەو نووسراوەیە ئەم شێعرە هاتووە:

بەختیارین لە هەوڵ نێوی مەیان دانا کورد
ساحەبی غیرەتی ئەو قەومە وەکوو ڕۆستەمی گورد
هەرکەسێ پەنجەی لە پەنجەی مە دەدا یارەبی
دەست و پەنجەی بشکێ پیلی لەبن بێ ورد

لەو ژمارەیەدا ئاماژە بە لیستی چەند کتێب دەکا کە قەرارە بە زوویی چاپ بێ و ناوی کتێبەکان بریتین لەئەوانەی خوارەوە:

١ – بەسەرهاتی جەنابی شێخ یوسف شمس الدین البرهانی.
٢ – سەگوزەشتەی مەرحومی مەلا محەمەد کۆیی
٣ – شوان و قوتابی
٤ – ماژینۆی گۆشت و خوێنی ڕووسەکان یا جەنگی ستالینگراد
٥ – دەرسی ڕووسی

لە لاپەڕەی ٣ ئەو ژمارەیە باس لەوە دەکا کە بەسەرهاتی جەنابی شێخ یوسف شمس الدین البرهانی لە نووسینی م. ش. هێمن لە چاپ دەرئەچێت. لە وتارێکی کورتی ئەو ژمارەیەدا، لە سەر دامەزرانی کۆمەڵە لە لاپەڕەی ٢ ی ژمارە ٢ دا ئاوا هاتووە :

ڕۆژی ٢٥ گەلاوێژ جێژنی ساڵانەی کۆمەڵە بە شکۆە و خۆشێکی زۆرەوە گیرا و گەلێ لە ئەندامەکان مەقالەی باشیان نووسی بوو و خوێندیانەوە کە لە پاشان چاپیان دەکەین.

هەر لە ژمارە ٢ دا، ئاماژە بە پەرەستاندنی فەعالییەتی کۆمەڵە دەکرێ و دەنووسێ کە لە شارەکانی، ش و ک و غ ئەندامانی ژمارە ٥٢ و ٦٧ و ٦٤ بە سەرۆکی ئیدارەی مەحەلی شار دیاری کراون. هەروەها لە وتارێکی درێژ، لە ژێر ناوی "مایەی ڕزگار نەبوونی ئێمە ... " ئامۆژگاری ئاغاوەت دەکرێ کە بۆ ڕزگاری کورد تێبکۆشن و داوا لە هەموو عەشایر دەکرێ، کە بە یەک زمان هاوار بکەن و بڵێن حەقی خۆمان دەوێت. تا ئەو هاوارە بە یارمەتی خودا و پێغەمبەر بگاتە بەر گوێ حکومەتە گەورەکان و ئەوان چاوێک بە داوای کورددا بخشێنن.

لەو ژمارەیەدا، لە وتاری ئێمە و مەردم، دوای ئەوە هێرش دەکرێتە سەر لایەنگرانی نازی لە ئێران و عێراق کە بە دژی بیری کومونیستی زۆر تەبلیغاتی درۆیان وەڕێ خستووە و ئەو سیستیمەیان وەک نیزامێکی وەحشی ناساندووە، باس لە هەڵسوکەوتی ئوردوی سوور دەکا کە چۆن بە کردەوەکانی، درۆکانی ئەوانی پووچەڵ کردوتەوە. "بیژەن ٢ " کە مامۆستا زەبیحی بوو لە دوایی وتارەکە دا هێرش دەکاتە سەر کەسانێک کە بە دوای دەرچوونی ژمارە یەکی نیشتمان دا، کەوتوونە سەر ئەو باوەڕە کە کۆمەڵەی ژ- ک مەرامی کومونیستی هەیە. زەبیحی ئەو بووچوونە ڕەد دەکاتەوە کە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی کومونیستی بێ و دەشنووسێ کە ئەگەر کومونیستیش بێ جێگای هیچ ڕەخنەیەک نییە و ڕادەگەیەنێ کە کومیتەی ناوەندی لەوبارەوە بەیاننامەی ڕەسمی دەردەکا.

لە لاپەڕەی ٢٤ ی ژمارە ٢ ی "نیشتمان"دا ئاماژە بە سرودی ئەی کوردینە کراوە کە لە ڕادیۆی کوردی "کوردستان" دەنگی بەرەی یەکگرتوو لە لوبنان، بڵاو دەبووە. لە ژمارە ٣ دا، ئیدارەخانەی گۆڤاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"نیشتیمان" له ٥ خاڵ دا، لەسەر گۆڕینی شەپۆلەکانی ئەو ڕادیویە و کاتی بڵاو بوونەوە و پێکهێنانی ڕۆژنامەی ئیستیگای ڕادیۆ و چەشنی بڵاکردنەوەی موسیقا، ئامۆژگاری دەزگای ڕادیۆ کوردستان دەکا.

هەر لە لاپەڕەی ٢٤ ی گۆڤاری ژمارە ٢ دا، لە ژێرناوی "ئینقلابی گەورەی ئۆکتۆبر" کە بە قەڵەمی م – فەڕووخ نووسراوە، باسی گەورەیی ئەو شۆڕشە دەکا و هێرش دەکاتە سەر چینی ئاغا و دەنووسێ کە چۆن دەستەیەک ئاغا و سەرمایەدار خوێنی ٢٠٠ میلیون خەڵکی ئەو وڵاتەیان دەمژت. لە لاپەڕەکانی ٣٥ و ٣٦ ئەم گۆڤارەدا، ئەو بابەتە درێژەی پێدەدرێ و بە وردی باسی شۆڕشی ئۆکتۆبر کراوە.

دمەتەقەی دوو کەسی بایز و باپیر لە ژمارە ٢ دا بە چاپ گەیوە و گازەندە لە ئاغاوەت دەگرێ. ئەو باسە لە هەموو ژمارەکانی دیکەش دا بەدی دەکرێ و لەو ژمارەیەدا باسی حەیران خانمی دوونبەلی دەکا کە بە فارسی شێعری گوتووە. بابەتێکی بە پێزی دیکەی نیشتیمان وتاری " تاران – ئانکارا"یە کە بە جوانی باسی هەڵسوکەوتی ئەو دوو وڵاتە لەگەڵ کورد دەکا و دەڵێ ئەوان کورد بە هاوڕەگەزی خۆیان دەزانن بەڵام حازر نیین هیچ مافێک بە کورد بدەن. لە ئێران دا نەتەوەی ئاسووری کە هەر ٢٠ تا ٣٠ هەزار کەس دەبن، هەقیانە ڕادیویان هەبێ، یان ئەرمەنییەکان دەتوانن کتێب و ڕۆژنامەیان هەبێ و منداڵەکانیان لە قوتابخانە بە زبانی خۆیان بخوێنن، بەڵام کورد نابێ حەقی هیچی هەبێ. بابەتێکی دیکەی ئەو گۆڤارە وەرگێڕانێکە بە ناوی "کوردستان" بە لەهجەی بادینی کە باسی ڕووبەری کوردستان دەکا. بە پێی لاپەڕەی ١٢ ی گۆڤاری "نیشتمان" ئاگادارییەک لە سەر دەرچوونی ڕۆژنامەی هەفتەی )مروڤ (mirov – بە شێوەی خوارەوە بڵاو کراوەتەوە:

ئێعلان

ڕۆژنامەی هەفتەی) مرو (mirov – لە لایەن بیژەن ٢ - بەم نیزیکانە دەرئەچێت. ئابوونە تەنیا بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵەیە(تێبینی ئەو ژمارەیە بڵاو نەکراوەتەوە).

لە لاپەڕەی ١٢ ی گۆڤاری نیشتمان ژمارە ٢ دا مامۆستا هێمن بە شێعری مەحکەمەی مەنحوسی ئیستیقلال، باس لە سێدارەدانی شێخ سەعید و شێخ عەبدولقادر دەکا و لە لاپەڕەی ١٩ دا بە شێعری "کوردم و ... " باسی کوردایەتی دەکا. لەم ژمارەدا مامۆستا هێمن ( م. ش.هێمن) و گیوی موکوریانی و فانی و م . حەریق، شێعریان چاپ کراوە. هەر لەو ژمارەیە دا باسی کۆچی دوایی مەلا محەممەدی کۆیی، وەک خسارێکی گەورە کراوە.

لە لاپەڕەی ١٨ی ئەم ژمارە دا، دروشمێک بەمشێوەیە هاتووە: ئەم جەنگەی سەرۆکی گەورەی کورد( مەلا مستەفا بارزانی) هەڵیئایساندووە ئیختیلالێکی میللی کوردە.

لەو ژمارەیەدا، لە چوارچێوەی ئامانجەکانی کۆمەڵە دا، ناتەبایی سەرەکی بەدی دەکرێ. لە بابەتی " ئەی لاوی کورد" دوای ئەوە ئامۆژگاری لاوانی کورد دەکرێ، ئاوا هاتووە: ... دایکی نیشتیمان چاوەنواری قەیامی تۆیە. قەیامێکی وا کە لە جادەی شارستانییەت دەرنەکەوێت ...

بەڵام چەند دێر خوارتر دەنووسێ: ... بە شمشیری نیشتیمانپەروەری ئەو دەستانەی بە ناحەق بۆ سەر وڵاتی ئێوە درێژ کراون و ئەستۆی براکانت ڕێکدەکوشن بپەڕێنە و ...

گۆڤاری "نیشتمانی" ٣ و ٤ تایبەتی مانگەکانی سەرماوزە و ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٢ (یە). ئەو دوو ژمارەیە بە یەکەوە چاپ بوو و هەوەڵ لاپەڕە بە وێنەی سەلاح ئەدینی ئەیوبی ڕازاوەتەوە. یەکەم وتاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو گۆڤارە " بەهەشتی بەختیاری"یە کە بە قەڵەمی" م. نادری" ئەندامی ٧٦ و لە سەر ڕزگاری کورد و وەلاتانی تەفرەقە و دووبەرەکی نووسراوە. لە لاپەڕەی ٥ دا بە قەڵەمی "برای ڕاست – ٦٧ " بابەتێک لە ژێر ناوی "کوردی دەبێ چۆن بنووسرێ" هاتووە و دەڵێ کە زبانی کوردی لە باری نووسین دا وەک منداڵێکی ١٨ مانگانە وایە کە تازە فێری گڕوگاڵ بووە و دەبێ بۆ لابردنی کەموکۆڕییەکانی هەوڵ بدرێ. لە لاپەڕەی ١١ دا لە ژێر ناوی "شیعار بۆ هەموو کوردێک" بانگەوازێک بڵاو کراوەتەوە تا کوردان وڵاتی خۆیان خۆش بوێ و گیان فیدایی بۆ بکەن. لەو ژمارەیە دا، دمەتەقەی دووکەسی هەیە کە باسی خراپەی ئاغاوەت دەکا. لە بابەتی بەشی دەرمانی (تیببی) ژمارە ٣ و ٤ ئاماژە بە ئایەتێک لە قورئان کراوە کە باس لە ئەلکۆڵ دەکا و خواردنەوەی ئارەق ڕەد دەکاتەوە.

لە بەشی گەنجینەی ئەدەبیات، شێعری "پاییزی نیشتیمان" چاپ کراوە. دوایە لە ژێر سەردێری "دەڵێم بیڵێم و ناوێرم" شێعری فانی هاتووە کە بە هۆی ئەندامی ژمارە ٢٠٠ی کۆمەڵە ناردراوە بۆ گۆڤاری "نیشتمان". هەر لەو بەشەدا شاعیرێک، شێعری "کۆمەڵی هێوا و حەرفی ژ. ک" ی داناوە و زۆر بە توندی هێرش دەکاتەوە سەر کەمووکۆڕییەکانی خەڵکی کورد. لە لاپەڕەی ٢٣ ی ئەو ژمارەدا شێعری مامۆستا هەژار "هەژار ٢٠" لەژێر ناوی "مەڕامی کۆمەڵەکەم دینگە" بە چاپ گەیشتووە. هەروەها شێعرێک لە "م. ش. هێمن"(مامۆستا هێمن) بە چاپ گەیوە لە ژێر ناوی "ئاخافتنی خوشک و برایان". وتارەکانی "ئەستێرەیەکی تازە لە ئاسمانی چاپەکانی کوردیدا" و "هێزی بیر لە ڕەوانی میللەتان" دا، ئاخری وتارەکانی ژمارە ٣ و ی گۆڤاری نیشتمانە.

گۆڤاری نیشتمانی ژمارە ٥ ی لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٢دا دەرچوو. لاپەڕەی یەکەمی ئەو گۆڤارە بە وێنەی سەلاحەدین ئەیوبی ڕازاوەتەوە و بۆ یەکەم جار لە ناساندنی ناوی گۆڤاری "نیشتمان" نووسراوە، گۆڤارێکی ئەدەبی، خوێندەواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و مانگی کوردییە. لە گۆشەی سەرێ دەستی چەپ دا نووسراوە بژی کورد و کوردستانی گەورە.

لەو ژمارە دا لە ژێر وتاری "کورد لە حەیاتە ئەنسیکلوپیدیای دا" وڵامێک بۆ ئەو نووسەرە فاشیستە تورکەکانە هاتووە کە ڕادەی دانیشتوانی کورد بە ٢ تا ٣ میلیون کەس دەقەبڵێنن و دەیخەنە سەر ڕەگەزی خۆیان. لەو ژمارە دا لە ژێر ناوی " دەسیاوی بۆ چاپ" ئاماژە بە یارمەتی ٨ کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە دەکا کە سەرجەم ١٥٠٠ ڕیاڵیان یارمەتی کردوە.

وتاری بە پێزی ئەو ژمارەیە "پیاوی چاک بە مەیخوێنەوە" یە کە بە قەڵەمی "م. نادری.٧٦ نووسراوە و زۆر بە وردی و بە درێژدادڕی ڕەخنە لە ڕێبەرانی کورد دەگرێ و دەنووسێ :

زەمانەیەکی زۆر درێژ بەسەر ئەم میللەتە بێنەوایە دا هات. پڕە لە هەڵکەوتوو و لیقەوماوی گەورە گەورە. پڕە لە پەند و ئامۆژگاری بە کەڵک، بەڵام داخی گرانم ئەم هەڵکەوتوو و لێقەومانە، ئەم پەند و ئامۆژگارانە هەمووی بێ سوود ڕۆیی. چوونکە میللەتێک چەندان جار لەسەر بەردی بەدبەختی و چارەرەشی هەڵەنگوتبێ، بیری لە لابردنی نەکاتەوە، دەستی بە ئاگری دیلی سووتابێ، هۆشی ماشە دروست کردنی نەبێ، بێشک لە نێو ئاگری پایان دا هەر دەسووتێ.

ئاخ کوردستان چەند نیشتیمانێکی سەرلێسووڕماوی. مێژووی تۆ چەندە عیبرەت ئەنگیزە. دوارۆژیشت چەندە بە پەردەی نەهێنی داپۆشراوە. دانیشتوانت چەند سست و بێ هۆشن و کردار و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوفتاریان چەندە سست و بێ هۆشانەیە. هەموو کوردێک لە دانیشتوانی تۆ هەموو سەردار و مەزنەکانت خۆبەخۆ چەندە هێزدار و تەوانان و لە بەرامبەر بێگانە چەندە ملکەچ و بێهێزن.

ئەی کوردستان! زیاتر مەزنانی تۆیان لە تۆ دیل و ڕەزیل کرد. سەردارانی تۆ کە خۆیان بە گەورەترین و زاناترین مەخلوقات دەزانن، گەردنی تۆیان خستە نێو زنجیری بەدبەختی. ئەگەر دڕندەی دەشت و کێوانە زبانی سەردار و مەزنانی کوردیان زانیبا، پێیان دەگوتن: ئەی سەردار و مەزنانی کورد! ئێوەن خەیانەتکار و باعیسی ڕەنجووری ئەم میلەتە بەدبەختە. دەفتەری زیندەگانی ئێوە سەراپا پەڵە و لەکەی جورم و خەیانەتە. ئەگەر ئەوەندە هاوارەی بۆ ئێوە هێنراوە، ئەوەندە تکایەی لە ئیوە کراوە، ئەوەندە پەند و ئامۆژگاریەی بۆ ئێوە گوتراوە، بە هەر گیاندارێک بگوترابایە گوێ لێدەگرت. بێجگە لە خۆ بێنین و خۆپەسەندی بە غیری خەیاناتی شەرمەندە لە نێو کۆمەڵی ئیوەدا، چیدی نەمایە؟ ...

م . نادری لە درێژەدا ڕوو بە گەورەکانی کورد کە دەیانەوێ تەنیا بە ڕێگەی خۆشی دا بگەنە سەرفەرازی و ئازادی دەڵێ :

...ئەگەر تەماشای مێژووی میللەتانی ڕووی زەمینیش بکەن دەبینن هیچیان بە ڕێگای خۆشی دا نەگەیشتوونە سەبرگای سەعادەت و ئازادی. دەبێ بە تاریکی دا برۆی تا بگەیە ڕووناکی. سەرمای زستان بچێژی تا بگەیە بەهاری زیندەگانی.

نووسەری ئەو وتارە بە نیسبەتی سەردار و مەزنانی کورد تەواو نائومێدە و لە ئاخردا دەڵێ :

ئەوا چاک بزانن کە تازە لە تەوانای بەشەردا نییە کە ئێوە لە قوڕێکی دیکە دروست بکا.

لەو ژمارەدا، لە وتاری "لە ناو کۆمەڵەدا" باسی چالاکی سیامەک، ئەندامی ژمارە ٥٧ ی کۆمەڵە لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان دەکا کە ئیدارەیەکی مەحەلی تەشکیل داوە. بابەتەکانی دیکەی ئەو گۆڤارەیە بریتین لە "قسەی نەستەق" کە بە هۆی "م. نادری" نووسراوە. بابەتی "ڕۆژی کارە" لە نووسینی "م. ش. هێمن(مامۆستا هێمن) کە خەڵک هان دەدا بۆ یەکێتی و برایەتی و هەوڵ و تێکۆشان بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان. بابەتی"فەلسەفەی ژیان" لە نووسینی "ع. بیژەن". لە بەشی گەنجینەی ئەدەبیات دا، شێعری "قەڵای نیشتمان"ی "م .ش. هێمن" (مامۆستا هێمن) تۆمار کراوە. شێعری "ناڵەی دڵ" تەخمیسێکی مەلا حەسەن قازی هەڵبجەیە لەسەر شێعری ئەحمەد موختار عوسمان پاشا. هەر لەو بەشەدا شێعری "چوار" ی قانع هاتووە کە تییدا دەڵێ:

چوار شتن ئەوڕۆکە بوونە نەگبەتی کوردی هەژار
جەهل یەک، بێعەقڵی دوو، دڵ پیسی سێ، داوا(دەعوا) چوار
مەنعی پێشکەوتن ئەکەن لەم خاکمانە چوار گرووە
سۆفی یەک، دەروێش دوو، بەگزادە سێ، ئاغا چوار
...
باز بووم باڵی شکاندم چوار بەڵای نەحسی خراپ
خانەقا یەک، تەکییە دوو، عەمامە سێ، عابا چوار
چوار سفەت مەوجودە بۆ من بۆیە هیچ کەس نایەوێم
قانعی یەک، شێعر دوو، ڕووخۆشی سێ، مەللا چوار

بابەتەکانی دیکە بریتین لە شێعری "بیکەین جەمهووری" کە دانەرەکەی نەنووسراوە. شێعری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"جوجەڵەی نیشتمان" لە نووسینی هەژار٢٠ و شێعری "ئەمن دەیڵێم و بێباکم" هۆنراوەی م . ش. هێمن کە لە بەرانبەر بە فانی دا گوتویەتی کە دەڵێ ناوێرم بیڵێم.

لە زۆربەی ئەو شێعرانەدا، وشەی قەند، بەرانبەر بە نیشتیمان فرۆشییە و بۆتە ئامرازی هێرش بۆ سەر ئاغاوەت. لە لاپەڕەی ٢٣ ی بابەتی "بەغدا" کە پەیوەندی هەیە لە گەڵ وتاری "تاران – ئانکارا" هاتووە کە دەنووسێ ئەو دەوڵەتانە هەوڵ دەدەن شوێنی چاپخانەی نیشتمان ببینەوە. وتارەکە ئامۆژگاری دەداتە بەغدا کە ئەویش لاسای ئەو وڵاتانە نەکاتەوە و هێرش دەکاتە سەر ئەو مەئموورە کوردانە کە بە دوای شوێنی چاپخانە دا دەگەڕێن و ٤٨ سەعات مۆڵەتیان دەداتێ کە ئەگەر دەست لەو کارە هەڵنەگرن، وێنەیان لە نیشتمان دا چاپ دەکا. وتاری دیکەی ئەو بەشە وتاری "ئینقلابی گەورەی ئۆکتۆبر" لە نووسینی م. فەروخ ١١ یە.

گۆڤاری نیشتمانی ٦ لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٢دا دەرچووە. یەکەم وتاری ئەو گۆڤارە بریتییە لە "بۆچی گەورەکانی (قوریش) موسوڵمان نەدەبوون". ئەو وتارە باسی گەورەیی حەزرەتی محەممەد دەکا. وتاری دووهەمی ئەو گۆڤارە کە م. ش. هێمن نووسیوێتی بریتییە لە "سکاڵایەک لەگەڵ نیشتمان". مامۆستا هێمن لەو نووسراوەدا باسی جوانی سروشتی کوردستان دەکا و ئاواتی ئەوەیە کە لە ژێر دەستی دووژمنان بێتەدەر و ئازاد بێ. بابەتی دیکە بریتییە لە"خۆشبەختی چییە" بە قەڵەمی م. ش. ئازەر ٨٢١. هەروەها چاپی وێنەی لێنین کە لە ژێرەوەی ئەو شێعرە نووسراوە:

باقییە ناوت ئەتۆ، گەرچی دەمێکە مردووی
تا لەنین ماوی هەتا ڕۆژی قیامەت زیندووی

بابەتی " تکا لە کوردە ناودارەکانی ئێستا" لە نووسینی پشتیوان ١٠٤٢. وتاری "کوردستان" وەرگێردراوی ڕۆژنامەی ژمارە ١٠٥٣ "ئەللوا" چاپی بیروتە کە م. نادری ٧٦ وەریگێڕاوەتەوە و باسی جوانی کوردستان دەکا. هەروەها بابەتی "عەشایری کورد" لە نووسینی ع. ڕاد ٥. لە لاپەڕەی ١٦ ی ژمارە ٦ ی "نیشتمان" دا. لە بابەتی "لە ناو کۆمەڵە دا" چەند بەندێک لە مەڕامنامەی کۆمەڵە بڵاو بۆتەوە. بەشی گەنجینەی ئەدەبیات، بە شێعری بەرزی "ئەگەر مردم" قانع دەست پێدەکا. "شێعری ناڵەی دڵ" کە بەشێکی لە ژمارە ٥ ی نیشتمان دا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ:

...
کورد گلۆڵەی کەوتە لێژی کوێر بووە دیوانیان
نەگبەتی ڕووی کردە جاە و حشمەتی مەردانیان
جاری وا گیراوە ڕۆژی جیلوە و جەولانیان
هێند سیایە بەختی کورد بۆ کوشتن و تالانیان
کۆمەڵێ هاتوون بە سواری وشتری پێ پانەوە
کوا یەلانی سەف دەڕی ڕۆستەم نژادی خۆش لەقەب
چی بەسەرهات کەوکەبی کوردانی با ئەسڵ و نەسەب
بۆچ وەها گوم بوون خوداوەندانی شمشیر و حەسەب
حاڵی کورد ئیستا لە بەین تورک و ئێران و عەڕەب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێچوو تەیرە کەوتووتە داوی مندالآنەوە ...

هەر لەو ژمارەیەدا، شێعری "دڵی دایک" تێدایە کە مامۆستا "هەژاری ٢٠ " لە شێعری ئیرەج میرزا وەریگێڕاوەتەوە. هەروەها شێعری "کەمی ماوە" و شێعری بە پێزی "خەوی غفڵەت بەسە" بابەتەکانی دیکەی ئەو ژمارەیەن. ئاخرین بابەتی ئەو گۆڤارە بەشی تێبینییە و م. ئیرەج ٢١٥ وتارێکی لەسەر تیفووس نووسیوە کە لە ساڵەکانی ١٩١٤دا لە باڵکان و بۆلگاریادا بڵاوبۆوە. نووسەر بۆ پێشگیری لەو نەخۆشییە داوا لە خەڵک دەکا کە ژمارە ٧ی نیشتمان بخوێننەوە.

ژمارەکانی ٧ و ٨ و ٩ ی گۆڤاری نیشتمان بە یەکەوە چاپ بوون و مانگەکانی خاکەلێوە و بانەمەر و جۆزەردان، واتا وەرزی بەهاری ١٣٢٣ لە خۆ دەگرن. لە ڕووبەرگەکەی دا لە نێوەڕاستی سەری نێوی " الله" هاتووە. لە ژێر ئەودا نووسراوە ژ. ک و ڕووبەری خوارەوە بە وێنەی سەلاح ئەدینی ئەیووبی پڕ کراوەتەوە. لەولاولای لۆگۆی نیشتمان دا ئەم شێعرە بەدی دەکرێ:

ئەر نەبێ نووری چراکەی "نیشتمان" ی خۆشەویست

دیدەکەم لێڵاوە دەرد و داخی کەس نادینمە

تێشکی ڕۆژی "نیشتمان" شمشیری عالەم گیرمە

شەعشەعە و ورشەی "گەلاوێژ" چاوی گێتی بینمە

وتاری بەشەکانی ئەو گۆڤارە بریتین لە، کوردستان قوت نادرێ، گۆڤاری نیشتمان، وتارێکی شێخ سەعید، موسکۆ، واشینگتۆن، لۆندۆن، شێخ یوسف شەمسئەلدین ئەلبرهانی، قەومی کورد لایەقی ژیانە، هاوار، دوو کچە کورد لە تورکیە دا لە داری سیاسەت دران، ئاشتی، بڕۆن بڕۆن، دمەتەقەیەکی دوو کەسی، یا سەربەستی یا مردن، گەنجینەی ئەدەبیات(خەوی غفڵەت بەسە)، خەونم دیت، وەتەن، دمەتەقەی دوو باز پێکەوە، خۆشبەختی، کورد چی دەوێ، مەلاعەلی ئوشنوی شێخانی، تیفووس. لە وتاری کورد قوت نادرێ باسی سیاسەتی وڵاتانی تورکیە و ئێران و عێراق و پەیمانەکانی سێوێر و لۆزان دەکا کە چۆن فێڵ لە کورد کرا.

بەگشتی لە وتارەکانی گۆڤاری نیشتیمان دا، سەربەخۆیی ئاواتی هەرە گەورەی کوردە. ئامۆژگاری ئاغاوەت دەکرێ کە دەست لە خەیانەت هەڵگرن و بۆ ئازادی کوردستان تێبکۆشن. هەرچەند بە لای زۆربەی نووسەرانی ژ- ک، کورد بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانی بە ئازادی گەیشت و لە زۆربەی وتارەکان دا تەعریفی شەڕ و بەربەرەکانی هێزەکانی ڕووس دەکەن، بەڵام لە ئامانجی کۆمەڵەدا بە توندی خەباتی چەکداری ڕەد دەکرێتەوە.

کۆمەڵە چەند کتێب و نامیلکەی چاپ کرد کە بریتی بوون لە:

١ - دیاری کۆمەڵە ژ- ک بۆ لاوەکانی کورد( ئەو کتیبە بریتی بوو لە بابەتی دیاری مەلا محەممەدی کۆیی و گوڵبژێرێکە لە دیوانی حاجی قادر کۆیی و دەستە گوڵێکی جوان و بۆن خۆش لە باغی نیشتمانپەروەری).

٢- ڕۆژ ژمێری تایبەتی کۆمەڵە بۆ ساڵی ١٣٢٢ هە -٣- ١٩ ز

٣- ڕۆژ ژمێری تایبەتی کۆمەڵە بۆ ساڵی ١٣٢٣ کە نێوان مانگەکان بە شێعری دوو بەیتی جوان ڕازاوەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤ - بابەتێک لەسەر مێژووی کۆمەڵە ژ – ک بە تورکی نووسراوە و بۆ بەرپرسانی سۆڤییەت ناردراوە. جیا لەوانە زیاتر لە دەیان بەڵگە بۆ کۆنسوول و کاربەدەستانی ڕووس و ئازەری بە قەڵەمی زەبیحی نووسراوە کە بە وردی ئاگاداری وەزعییەتی ناوچە کراون. ئەوجار کۆمەڵە نامەی بۆ مەلامستەفا نووسیوە و دوای ئەوە ڕێزی بێپایانی خۆی دەردەبڕێ داوا دەکا کە هێندێک شتی ناروونیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئایا ئەو هەر بۆ ئازادی کوردی عێراق تێدەکۆشێ یان بۆ هەموو کورد. هەروەها داوا کراوە کە هێز لە هەموو کوردستانی چوارپارچە وەرگرێ و هەر بە کوردستانی عێراق قەناعەت نەکا و پەیوەندی لەگەڵ شووڕەوی بگرێ.

هەروەها دەبێ بگوترێ کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ- ک لە کار و نووسین دا بە ناوی خۆیان نەدەناسران و کۆدی شاراوە و ڕەمزیان هەبووە. بەشێک لە نێوەکان کە لە ژمارەکانی گۆڤاری «نیشتمان» و کتێب وناملیکەکانی پێوەندار بە کۆمەڵە دا بەرچاو دەکەون، نەناسراون. لێرەدا بە کەڵک وەرگرتن لە نووسراوەی ئەنتێرنێتی سولیمان چیرە (هێرش) هەوڵ دەدرێ ئاماژە بە ناوی ئاشکرای تەواوی ئەو کەسانە بکرێ کە لە ژمارەکانی گۆڤاری "نیشتمان" دا بابەتیان بە چاپ گەیوە:

١ -کاوە (میرزا حوسێنی زێڕینگەران ــ فروهەر، خەڵکی مهاباد)

٢ ـ ع. بیژەن (عەبدولرەحمانی زەبیحی)

٣ ــ م.م. هوشەنگ ـ ١٦ (محەمەدی مەجدی)

٤- ڕەوادی (ق. م. ڕەوادی: قادری موددەریسی، خەڵکی مهاباد)

٥ ــ زۆراب ـ ٣٧ ( عەلی خوسرەوەی، خەڵکی مهاباد).

٦ ــ م. ش. هێمن (بە ژمارەی ٥٥، محەممەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری، خەڵکی مەهاباد).

٧ ــ گیوی موکریانی ـ هەولێر (ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک نەبووە)

٨ ــ م. حەریق (م. ا. حەریق: محەممەدی ئەسحابی، خەڵکی مهاباد)

٩ ــ م. ئاریا ـ ٢٧ (مەنافی کەریمی، خەڵکی مهاباد).

١٠ ــ م. ناردی ـ ٧٦ (محەممەدی ڕەسووڵی ـ دڵشاد، باوکی خەڵکی مهاباد بووە).

١١ ــ برای ڕاست ـ ٧٦ (عەبدوڵڕەحمانی موهتەدی، خەڵکی بۆکان).

١٢ ــ قانع (شاعیری ناوداری کورد، ئەندامی ژ. ک نەبووە، لە سەردەمی کۆماردا لە گوندی کەلبی ڕەزاخان مامۆستا بووە).

١٣ - فانی (شاعیری کورد، خەڵکی کوردستانی باشوور) کە بە وەسیلەی ئەندامی ژمارە ٢٠٠ پێوەندی بە کۆمەڵەوە هەبووە.(

١٤ ــ شاعیرێکی بە ناوبانگ (مەلا مارفی کۆکەیی، خەڵکی مهاباد).

١٥ ــ ع. هەژار ـ ٢٠ (عەبدوڵڕەحمانی شەرەفکەندی، خەڵکی مهاباد).

١٦ ــ م. بەیان ـ ٧١ (محەممەدی خاتەمی، خەڵکی مهاباد).

١٧ - م. لاو - ١٠ (محەممەد سەدیقی حەیدەری، خەڵکی مهاباد، دواتر لە کۆماری کوردستاندا وەزیری تەبلیغات بووە).

١٨ - ا. ا. ڕژدی ٢٤ (مام ئەحمەدی ئیلاهی خەڵکی مهاباد).

١٩ ــ سیامەک ـ ٥٧ (عەبدولقادری دەبباغی، خەڵکی سەقز).

٢٠ ــ مەلا حەسەنی قازی هەڵەبجە (ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک نەبووە).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢١ - خ. م. شاباز (خەلیلی مووەفەقی خەڵکی مهاباد).
٢٢ - ق. چوبینە (قاسمی قادری قازی، خەڵکی مهاباد).
٢٣ ــ م. ش. ئازەر ـ ٨٢١ (محەمەدی شاپەسنەندی، خەڵکی مهاباد).
٢٤ ــ ع. ڕاد ـ ٥ (عەبدولڕەحمانی ئیمامی ئەقدەم، خەڵکی مهاباد).
٢٥ ــ ع. هۆنەر (شاعیری ناوداری کورد عەبباسی حەقیقی، خەڵکی مهاباد).
٢٦ ــ م. ئیرەج ـ ٢١٥ (محەممەد سەعید حافیدی، خەڵکی کرماشان).
٢٧ ـ م. ئاریا ـ ٢٦ (بڕوانە سەرەوە).
٢٧ ــ م. فەڕڕوخ ـ ١١
٢٩ ــ م. نادری ـ ٧٦
٣٠ ــ م. م. عیشقی (دەبێ محەممەدی مەجدی بێ).
٣١ ــ س. م. ح. گرشاسب (سەید محەممەدی حەمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان).

گۆڤاری نیشتمان لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ. ک دا بە هۆکاری نادیار کۆتایی پێهات. محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٢٨ی بیرەوەرییەکانی لە مانگی مارسی ١٩٤٥دا دەنووسێ کە زەبیحی لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٣ لە تەوریز دەزگایەکی بچووکی چاپی دەست کەوت و نیازی وابوو کە ژمارەکانی دیکەی گۆڤاری نیشتمان لە مەهاباد چاپ بکا. بۆ ئەو مەبەستە پیت و کەرەسەی پێویستیان بۆ پەیدا کرد و لە ژێرخانی خانووی وێنەتانیان دانا و ویستیان ڕۆژی پەیدا کردنی ئەو دەزگایە بکەنە بناغەی گۆڤاری نیشتمان لە مەهاباد و ژمارە ١٠ی پێ چاپ بکەن.

ئەوکارە سەری نەگرت و بە دوای گۆڕانی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات، زەبیحی گیرا. شاپەسەند دەنووسێ کە چاوەڕوان بوو کە زەبیحی لە مەئموورییەتی سێ سنوور(ئەو مەئموورییەتە سێ سنوور نەبوو) بگەڕێتەوە و دەست بە کار بن و هێندێک بابەتیشی ئامادە کردبوو. بەڵام زەبیحی گیرا و کارەکە پەکی کەوت.

شاپەسەند دەنووسێ کە ئەو لە نەبوونی زەبیحی دا نەدەکرا گۆڤاری نیشتمان دەربکا. بۆیە بۆخۆی بڕیاری دا کە گۆڤاریکی دیکەی کوردی بڵاوبکاتەوە. شاپەسەند بە یادی زەبیحی بابەتێکی لە ژێر ناوی برای دوورم نووسێ و چەند وتاری زەبیحی لەگەڵ چەند شێعری مامۆستا هێمن کۆ کردەوە و لە ژێر ناوی گۆڤاری "ئاوات" لە مانگی خەزەڵوەر (ئوتی ١٣٢٤) دا، بڵاوی کردەوە. ڕادەی ١٠٠ ژمارەی لە نێو ئەندامانی حیزب دا بلاو کردەوە و ٤٠٠ ژمارەش بە هۆی محەمەد ئەنوەری، لە نێو خەڵک دا فرۆشت.

ڕێبەری حیزبی دێموکرات کە تازە دامەزرابوو بەو کارە سەرەڕۆیانەی شاپەسەند، توڕە بوو و ئامۆژگاریان کرد کە بۆ بێ پرسی ئەوان، ئەو کارەی کردوە. دوایەش ئاگاداریان کردەوە کە خۆی ئامادە بکا بۆ دامەزرانی دەزگای چاپخانەی کوردستان کە شووڕەوی بەڵێنی دابوو.

گۆڤاری نیشتمان بەوەندە ژمارەیە کۆتایی نەهات و ژمارە ١٠ ئەو گۆڤارە کە ئاخرین ژمارە بوو بە سیاسەتێکی جیاواز، لە ساڵی ١٩٤٨دا لە ئاوایی سیتەک، لە ماڵ شێخ لەتیف لە کوردستانی باشوور بە هۆی مامۆستا زەبیحی بە چاپ گەیشت.

## شانۆ

بۆ بەیانکردن و ڕەنگدانەوەی ڕووداو و گیروگرفەکانی کۆمەڵایەتی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی لە نێو خەڵک دا، کاری شانۆگەری بۆ یەکەم جار لەسەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک دا پێکهات. یەکێک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرینگترین کاره فەرهەنگییەکانی سەردەمی" کۆمەڵەی ژ. ک" نیشاندانی شانۆ دایکی نیشتمان بوو. دوکتور قاسملوو لە لاپەڕەی ٥ی کتێبی "چل ساڵ خەبات" دا لەو پەیوەندییە دا دەنووسێ:

بۆ پێشخستنی فەرهەنگی کورد بۆ یەکەم جار شانۆی کوردیش پێک هات. نەخشی تەئاتر (شانۆ) زۆر گرینگ بوو چونکە خەڵکی نەخوێندەوار لە تەئاتر حاڵی دەبوون، لە حالیکدا نەیان دەتوانی چاپەمەنییەکان بخوێننەوە. بەتایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین کە ٩٠ لە سەدی خەڵک لەو کاتەدا نەخوێندەوار بوون، ئەو جار گرینگی تەئاتری کوردی زیاتر بەرچاو دەکەوێ. یەکێک لە پیەسەکانی تەئاتری کوردی "دایکی نیشتمان" بوو. دایکی نیشتمان کوردستان بوو کە لەلایەن چەندین دەوڵەتی زۆردارەوە زوڵمی لێ دەکرا، لە پاشان ڕۆڵەکانی کورد بە خەباتی خۆیان دایکی نیشتمانیان لە چەنگ ئەو زۆردارانە ڕزگار دەکرد.

قازیمحەممەد وەک ئەندامی بە توانای کۆمەڵە، سەرەرای هەموو گیروگرفتەکانی کاروباری ناوچە، ژیرانە هەوڵی دا تا لە هەموو ڕەهەندەکانی سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی نیشتمانی دا خزمەت بە نەتەوەکەی بکا. یەکێک لە کارەکانی دیکەی پێشەوا خزمەتی کلتوری و کۆ کردنەوەی بەیت و نووسینی شانۆ بوو. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٠ی کتێبی بزوتنەوەی کورد... دەنووسی: ... دەبینی سەردەمێک قەڵەمی هەڵگرتووە و لەسەر بنچینەی ژیانی گەلەکەیا دەستی کردووە بە نووسینی درام و کتێبی شۆڕشی. لە نیوان لاوان و کچان دەستەی ئارتیستی پێکهیناوە و نووسراوەکانی هیناوەتە سەر سەحنە و خەڵکی کۆ کردووەتەوە تەماشای بکەن و ئەم پارەی کە لەم ڕێگەیەوە خڕ کراوەتەوە هەمووی بەخت کردووە بۆ پەرەستاندنی مەعاریف و ئاوەدانی مەهاباد.

رەحیمی قازی لە درێژەدا دەنووسێ کە پێشەوا لە سەردەمی فەقێیەتی و ئەوکاتەی کە قازی بوو هەموو بەیت و باو و حکایەتەکانی کوردی کۆ کردوە. قازی محەممەد بۆ ئەوەی بتوانێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ کۆمەڵگای کورد لە کەندوکۆسپەکانی ژیان ئاگادار بکا و نیشان بدا کە تەنیا بۆخۆیان دەتوانن بۆ گۆڕانکاریی کۆمەلگاکەیان تێبکۆشن، شانۆکانی "سەلاحەئەدین" و "بارام و گوڵەندام" و "دایکی نیشتمانی" نووسی.

مەحموود نادری لە لاپەڕەی ٤٤ی کتێبی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" دا دەنووسێ کە قازی محەممەد بۆخۆی دەستی لە داستان و شانۆ نووسین دا هەبوو و لە سەر ڕادەی کاریگەری ئەو هونەرە ئاگادار بوو. ناوبراو ئاماژە بە کەماڵ مەزهەر دەکا کە بە نەقڵ لە و. ل. ویچنوسکی دەنووسێ: ئەو (قازی محەممەد) لەژێر ناوی ″سەلاح ئەدین″ داستانێکی نووسی کە هێندێک لە ڕووناکبیرانی مەهابادی کردیانە شانۆ و خەڵک پێشوازی باشی لیکرد.

بە پێی لاپەڕەی ١٢٠ی کتێبی بزوتنەوەی ... لە نووسینی ڕەحیمی قازی، لە ساڵ ١٩٤٢ دا قازی محەممەد، شانۆی" سەلاحەدینی" نووسی کە باس لە لەخۆبردوویی و ئازایەتی میللەتی کورد دەکا. ئەو شانۆیە لە لایەن هونەرمەندانی مەهابادی لە حەوشەی کارێژێک دا بە شێوەی تێئاتر نمایش درا. ڕەحیمی قازی دەڵێ کە دوکتور فلیچیوفسکی زانای گەورەی ڕووس لە کتێبی" کوردی موکریان" دا دەنووسێ:

چیرۆکی "سەلاحەدین" کە لە لایەن قازی محەممەدەوە نووسراوە لە هاوینی ساڵی ١٩٤٢ دا لە لایەن هونەرمەندانی مەهابادەوە وەک تێئاترێکی میژوویی لە شانۆ نیشان درا. لە سبینییەوە هەتا شەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درەنگانێک چەند جار ئەم چیرۆکە شانۆیە نیشان ئەدرا وە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی وەدەست خست. نووسینی "سەلاحەدین" وە نیشاندانی لە شانۆ یەکەمین تێکۆشین بوو بۆ دامەزراندنی تێئاتری کوردی.

## شانۆی دایکی نیشتمان

هەر لە سەردەمی نووسینی شانۆی سەلاحەدیندا، قازی محەممەد شانۆی دایکی نیشتیمانیشی نووسی و لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٢٤ – ١٩٤٥ دا بە هۆی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە شارەکانی مەهاباد و نەغەدە و شنۆ نیشان درا.

منیرخانم کچی پێشەوا قازی محەممەد لە چاوپێکەوتن لە گەڵ تۆفیق ڕەفیعی لە ژمارەی ٣٠٥ی حەوتەنامەی سیروان، مانگی ئازەری ساڵی ١٣٨٣ دا لە سەر نووسینی ئەو شانویانە دەڵێ:

من ئەوکات حەوت ساڵم بوو. بە زمانی کوردی دەرسم دەخوێند و ئەوەڵ کتێبیش باوکم پێی دابووم بە نێوی "زارا زێڕی زۆرە". ناوەرۆکی کتێبەکە لە بواری چنین و ڕێکوپێک کردنی وشە جوانەکان بوو. ئەم کاتە شانۆ هەبوو و هەموو شەوێ لە هۆڵی سەربازخانە شانۆ دەچووە سەر سێن. من زۆرم پێخۆش بوو.

دوای ماوەیەک زانیم کە ئەم دەقە شانۆیانە باوکم نووسیوێتی. یەکیان دایکی نیشتیمان بوو کە ناوەرۆکی دەقەکە باسی لە کوڕێک دەکرد کە لە ڕێگای نیشتیماندا خوێنی ڕژابوو. ئەوەی دیکەش "بارام و گوڵ ئەندام" بوو. دەقی نمایشنامەی بارام و گوڵ ئەندام کە باوکم نووسیبووی دوو برابوون. یەکیان چوو بوو بۆ دەرس خوێندن، یەکیشیان خەریکی بەرەڵایەتی و لات و لوتی بوو. برای ئەوەڵیان کاتیک لە زانکۆ تەواو بوو بەرەو ماڵێ وەڕێکەوت. لە گەڕانەوە بۆ ماڵێ، براکەی لە کۆڵانێ دیت کە دەستەوئەژنۆ دانیشتووە، دەستی گرت و دوای ئاموژگارێکی زۆر بۆ خوێندن ڕەوانەی قوتابخانەی کرد.کریس کۆچێرا لە لاپەڕەی ٢٧٧ کتیبی مێژووی کورد لە سەدەی ١٩ و ٢٠ دەنووسێ:... پێشەوا چەند نمایشنامە کە سەرچاوەی مێژوویی سەلاحەدین کە خەبات و شەڕی ئەو پیاوە قارەمانە کوردەی کە دژی مەسیحیەکان لە شەڕەکانی سەلیبیدا کرد بووی هێنابوویە سەر نووسین، وە هەروەها نمایشنامەی (دایکی نیشتمان) کە بەسەرهاتی قەومی کورد پاش بەستنی پەیمانی سەعد ئاباد کە لە بەینی ئێران – عێراق – تورکییە لە ساڵی ١٩٣٧ بەسترابوو، هێنابوویە سەر کاغەز، کە ئەو دوو نمایشە لە مەهاباد هاتە سەر سێنی نمایش.

هەرچەند هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە بەڵام ئەحمەدی شەریفی لە نووسراوەێ"دایکی نیشتمان کێ نووسێ" دەنووسێ کە برایم ئەحمەد ئەو شانۆیەی نووسیوە. لە ژێر نووسی لاپەڕەی ١٧٩ ی کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" دا، عەلی مرادی مراغەیی کە خۆی بە دۆستی عەبەیدوڵای ئەیوبیان دەناسێنێ، دەڵێ کە ئەو (ئەیوبیان) بە وەی گوتوو کە نووسەر ئەو شانۆیە ئەو بووە.

میرزا مەنافی کەریمی لە کاتێک دا نازانێ نووسەری شانۆی دایکی نیشتیمان کێیە، لە کتێبی "پیشوای بیداری" لە لاپەڕەی ٧٥ی دا دەنووسێ:

هێشتا نازانم کە نووسەری شانۆی دایکی نیشتیمان کێ یان چە کەسانێک نووسیوێتی. ئەوەی کە لەم و لەو بیستوومە ئەوەیە کە دەستەیەک جەوانی مەهابادی دوای تێکڕوخانی حکومەتی ڕەزاشا لە ساڵی ١٣٢٠ و پێکهاتنی چەشنێک ئازادی، هەر بە ماوەیەک لێک کۆ دەبوونەوە شانۆی دایکی نیشتمانیان بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زبانی کوردی بەڕێوە دەبرد.
ئەوکات نیشان دانی شانۆ لە کۆمەڵگای کوردستان دا باوی نەبوو. کوبرا عەزیمی لە وتارێکی کە لە کۆنفڕانسی ژنان لە سەردەمی کۆماردا خوێندییەوە و لە ژمارەی ٣٨ ڕۆژنامەی کوردستان دا چاپ بووە، بەمجورە باس لە شانۆی دایکی نیشتیمان دەکا: ... وەختێکی کە تازە نشانەی سەربەخۆیی کوردان وەدەرکەوت و باسی دایکی نیشتمان دەکرا زۆر ژنان حەتا بەعزیک لە پیاوانی بێسەواد و بێخەبەر لە دنیا دەیانگوت دایکی نیشتمان ژنە یان پیاوە. ئیدی نەیاندەزانی نیشتیمان ئەو خاکە و سەرزەمینەیە کە ئێمەی تێدا پەروەردە بووین.
شانۆی دایکی نیشتمان سیاسەتی وڵاتی داگیرکەری کوردستان و پەیمانەکانی ئەو وڵاتانەی وەک "سەعد ئاباد" بەیان دەکا و هانی خەڵک دەدا کە بۆ یەکێتی و یەکگرتوویی و تەبایی و پسانی زنجیری دەست و پێی دایکی نیشتمان هەوڵ بدەن. چیرۆکی ئەو شانۆیە، هەوڵ و تیکۆشانی ڕۆڵەکانی کورد بۆ ئازادی و سەربەستی کوردستان بەیان دەکا.
ئەو شانۆیە یەکێک لە ڕوداوە هونەرییەکانی ئەو سەردەمە بوو کە بەرهەمی ئازادی دوای نەمانی ڕەزا شا بوو. نیشان دانی شانۆی دایکی نیشتیمان شوێنەواری زۆری لە سەر هەست و بیری خەڵک و پەرەستاندنی هەستی نیشتمانی کورد دانا.
مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٢ ی کتێبی "تاریک و ڕوون" دا لە سەر شانۆی دایکی نیشتیمان دەنووسێ:
تیئاتری " دایکی نیشان" گەورەترین تەبلیغاتی بۆ کۆمەلە کرد. ئەو تیئاترە کە زوریش ساکار بوو و دەتوانم بڵێم لەباری هونەری و تەنانەت فیکرەوە ناتەواویش بوو، سێ چوار مانگ لە مەهاباد و شارەکانی تری موکوریان لەسەر شانۆ مایەوە. کەم کەس هەبوو نەچوو بێ و هەر کەسیش چووبا دەگریا و هەستی کوردایەتی دەبزوت. لە دێهاتی زۆر دوورەدەستەوە خەڵک بۆ دیتنی ئەو نومایشە دەهاتن. بێجگە لە تەبلیغاتی سیاسی لەباری مادیشەوە داهاتێکی زۆری هەبوو و کۆمەڵەی دەوڵەمەند کرد.
کۆمەڵە بەو داهاتە توانی چاپخانەیەکی دەستی بکرێ و لە مەهاباد دایبمەزرێنێ.
بە پێی لاپەڕەی ١٠٨ی کتێبی ئیگلتۆن، نمایشنامەی دایکی نیشتیمان لە مارسی ١٩٤٥دا بەڕێوە چوو و دەنووسێ:
... لە ڕوانگەی چۆنییەتەوە و هەروەها ئەو شوێنەی خستی سەر خەڵک، بێنەزیر بوو.
نێوی نمایشنامەکە "دایکی نیشتیمان" بوو کە بە زمانی کوردی پەیامێکی نەتەوایەتی بوو. دایکی نیشتیمان لە مەترسی دابوو و دەست و باڵی لە زنجیر خرا بوو، تەواوی بینەرەکانی ئەو نمایشنامەیە هاوڕێ لەگەڵ دەنگی ناڵین و گریانی منداڵەکانی دایکی نیشتیمان کە لە پشت پەردە دا بوون دەگریان. لە ئاخر دا دایکی نیشتیمان لە حاڵێکدا کە تەواوی بینەرەکان چەپڵەیان لێدەدا و گەشابوونەوە بە خۆی و ڕۆڵەکانی ڕزگار کران. ... مەڵبەندی کوردستان بەو نمایشنامە بۆ هەوەڵ کەڕەت فکرێکی زۆر قوڵی نەتەوایەتی تێدا پەیدا بوو...
ئارچی ڕوزوێلت لە لاپەڕەی ١٢ ی کتێبی "کۆماری مەهاباد" دا دوای ئەوەی دەنووسێ کە خەڵک بەوجورە شانۆیانە ئاشنا نەبوون، دەڵێ بە دیتنی ئەو شانۆیە خەڵک وروژان و ئیحساسات گرتنی و هەتا


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ دژبەرانیشیان بە گریانەوە یەکتریان لە باوەش دەگرت و سوێندیان دەخوارد کە تۆڵەی کوردستان بستێننەوە.

مامۆستا هێمن لەسەر شانۆی دایکی نیشتمان، لە لاپەڕەی ٢٢ کتێبی "تاریک و ڕوون" دا دەنووسێ: تێئاتری "دایکی نیشتمان" گەورەترین تەبلیغاتی بۆ کۆمەڵە کرد. ئەو تێئاترە کە زۆریش ساکار بوو و دەتوانم بڵێم لە باری هونەری و تەنانەت فکرییەوە ناتەواویش بوو. سێچوار مانگ لە مەهاباد و شارەکانی تری موکوریان لەسەر شانۆ مایەوە. کەم کەس هەبوو نەچوو بێ و هەرکەسیش چووبا دەگریا و هەستی کوردایەتی دەبزووت. لە دێهاتی زۆر دوورەدەستەوە خەڵک بۆ دیتنی ئەو نومایشە دەهاتن. بێجگە لە تەبلیغاتی سیاسی لەباری مادیشەوە داهاتێکی زۆری هەبوو و کۆمەڵەی دەوڵەمەند کرد.

میرزا مەنافی کەریمی لە لاپەڕەی ٧٥ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا دەنووسێ:

دایکی نیشتیمان بە شێوەیەکی دڵتەزین و ناخۆش لە حاڵێکدا دەستەکانی زنجیر کرابوو، پێیەکانی نوشتابوونەوە و دەلەرزین و توانای ڕۆیشتنی نەبوو، دەهاتە سەر سێنەکە. بینەران بە دیتنی وەزعی خراپی دایکی نیشتیمان، ناڕەحەت و دڵ بە غەم دەبوون بە تایبەتی بە بیستنی دەنگی دڵتەزێنی منداڵەکانی چاویان پر دەبوو لە ئاو. دیتنی سەحنەی کۆپلە دڵتەزێنەکانی ئەو شانۆیە شوێنەوارێکی زۆری لە سەر بینەران هەبوو. ئەسڵی ئەو شانۆیە لەو پێنج بەیتەی شێعری شاعیری ناوداری کورد عەبدولرەحمانی شەرەفکەندی (هەژار) سەرچاوەی گرتوە:

راوکەری بەدخوو خوێن ڕێژ و خوێن خۆر
ئیوەبن خودا، بەسە زوڵم و زۆر
لە ژێر باڵم دا ڕایمەپەڕێنن
هێلانەکەمان لێمەڕوخێنن
دندووکی شوشی شوشەی گیانمە
خەت و خاڵەکەی، حەزی گیانمە
من لە مەرگی خۆم دڵم ئێش ناکا
بەڵام دەترسم، تیر و خەتا کا
نەدیتە لە خۆم، ڕۆڵەم بەرکەوێ
جەرگم ببڕی، لە شیرن خەوێ

شاعیر داستانەکەی ئاوا دەگێڕێتەوە کە باڵەندەیەک لە نیو لقوپۆپی دارێک، بۆ خۆیی و جوچکەکانی هێلانەی دەکا تا بە ئاسوودەیی جوچکەکانی پیبگەیەنی. جوچکەکان وردە وردە گەورە دەبن و گەمە دەکەن و لە سەروکۆڵی دایکیان وەسەر دەکەون. دایک بە زەحمەتێکی زۆر خواردنی ڕۆژانەی بۆ پەیدا دەکا و ئاگای لییان دەبێ. لە نەکاو لە ڕێگایەکی دوور سێ ڕاوچی کە هەر کامە لە لایەک ڕا دهاتن لە هێلانەکە نیزیک بوونەوە. دایک هەستی کرد کە دەبێ ئەو ڕاوکەرانە زۆر زاڵم بن و بێگومان بۆ ڕاوکردنی ئەوان هاتوون. ڕاوچییەکان بەوردی هەموو شوێنێکیان پشکنی تا گەیشتنە بن داری هێلانەکە. دایکی جوچکان نیگەران و پەرێشان بوو. یەکیک لە ڕاوکەرەکان سێرە لە هێلانەکە گرت. دایک بە حەسرەت و ناڕەحەتی و گریانەوە بە ڕاوکەرەکەی گوت: ئەی ڕاوکەری زاڵم و خوێنخۆر، دەزانم نیازت هەیە ڕاومان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەی، واز لە ئێمە بێنە. کارت پێمان نەدابێ کە لە گۆشەی ئەو لێرەوارەدا، هێلانەیەکمان بۆ خۆ ساز کردوە. دەزانی کە لە ژێر پەروباڵی نەرموونۆڵم دا جوجکە جوانەکانم هەڵکورماون. ئەو هێلانە بچوکە کە بە زەحمەتی زۆر وەدەستمان هێناوە، لێمان ویران مەکە. دوندووکی سوور ساف و لوسی جوجکەکانم شوشەی عومرمە. خەت و خاڵی پەروباڵیان، سوکنایی‌دەری ڕوح و گیامە. من لە مەرگی خۆم ناترسێم. لەوە دەترسێم کە لە کاتی تەقە دا گوللەیەک هەتلە بێ وەجوجکەکانم بکەوێ. تکایە لەخەوی شیرینی ئێستایان هەڵیامەستێنن.

ئەوەی لە شانۆکەدا ڕۆڵی دایکی دەگێڕا، عەبدوڵای نەهری بوو کە لە سالی ١٣٦٠ کۆچی دووایی کرد. ئەو لە بەرگی ژنان دا، بە دەنگی خۆش و بلاوێن غەم بزوێن، ڕوو بە ڕاوچییەکان ئەو شێعرانەی کە باس کرا دەخوێند و دەگریا. ئاغایان عوبیدوڵای ئەیوبیان و سیروسی حەبیبی لە ڕۆڵی منداڵان دا یاریان دەکرد...

سیروس لیباسی سپی بە شێوەی پەپولەی دەبەر دەکرد. دەستە نەرموونۆڵە بچوکەکانی لە ئاسمان دەکرد و شێعرێکی حاجی قادری کۆیی کە بە خودا هەڵدەڵی دەیخوێندەوە:

ئەی بێنەزیر و هەمتا هەرتۆی کە بەرقەراری
بێ دارو بێ دیاری، بیدارو پایەداری
بۆ باغی مەردی باغی سەرمایەکەی خەزانی
بۆ مەزرەعەی فەقیران سەرمایەکەی بەهاری
تۆ پادشا نیشانی بۆ هەر سەوادی ئەعزەم
بێ سەدرو شانشینی، بێ پەردە پەردەداری
خەللاقی بێ فتووری، سوڵتانی بێ قسووری
رەزقی مارو مووری، ئاودێری دێمەکاری
فەیرۆزە تەختی گەردوون مەسنووعی نەقشی تۆیە
یاقووت و لەعلی ڕۆژە ئەستێرەکان دەراری
جێگە و مەکانی تۆیە بێ جێ و بێ مەکان
لەیل و نەهاری تۆیە بێ لەیل و بێ نەهاری
هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کاروباری عالەم
هەرچەندی بێ وەزیر و بێ سەدر و کاروباری
سەحرانەوەردی شەوقت خورشید و ماهی تابان
دوو جاریەن شەو و ڕۆژی بێ مەحمەل و عەماری
ئێستێکە بویە" حاجی" مەدحت دەکا بە کوردی
تا کەس نەڵێ: بە کوردی نەکراوە مەدحی باری

ئەو بە ڕواڵەتییەکی منداڵانە و نیوەگریان دەستەکانی لە ئاسمان دەکرد و لەخودای داوای ڕزگاری دایکی دەکرد. ناڵە و هاواری منداڵانەی ئەو، بەڕادەیەک دڵتەزێن بوو کە دڵی هەر بیسەرێکی وەجۆش دەخست.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆتایی شانۆکەدا، منداڵەکان لە حاڵێکدا بن پیلی دایکیان گرتبوو و لە عەرزی بڵێندیان دەکرد و دەیانلاواندەوە و سەر و دمووچاویان ماچ دەکرد و دڵداریان دەداوە کە بە ئیرادە و لە خۆبردوویی ئەوان دایکی نیشتمان لە مەرگ و نەمان و زیندان و لە دەست ڕاوچییەکان خلاسی بێ.

غەنی بلوریان کە خۆی یەکێک لە ئەکتەرەکارانی شانۆی "دایکی نیشتمان" بوو لە لاپەڕەی ٣٥ ی کتێبی "ئاڵەکۆک" دا بەوردی باسی چۆنییەتی و چلۆنایەتی شانۆی دایکی نیشتمان دەکا و دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێک زەبیحی و دڵشادی ڕەسووڵی لە لایەن ژ- ک وە چوونە لای ئەو و داوایان لێکردوە کە ئەو نووسراوەیە بکەنە شانۆ. غەنی قبووڵی کرد و بە هاوکاری هەڤاڵانی و بەتایبەتی بە هۆی عەبدوڵڵای نەهریؒ(شەمزینی) کە کارمەندی ئیدارەی ماڵیە بوو و کەسێکی لێهاتووی کۆمەڵە بوو، دەست بە ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی شانۆ دەکەن. ئەوکات نمایش بە لای خەڵک کارێکی سووک و قێزەون بوو، بەڵام ئەوان لێبڕاوانە دەست بەکار بوون. سەرەتا لە حەساری قوتابخانە ناوەندی تەمرینی نمایشەکەیان کرد. بەڵام محەممەد موکری، لێپرسراوی ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد کە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر کورد و گۆرانی کوردی هاتبووە مەهاباد، داوایان لێدەکا کە بۆ ئەوەی دەوڵەت کارەکەی لێنەستێنێتەوە، بچن جێگایەکی دیکە بدۆزنەوە. سەرئەنجام عەبدوڵڵای کەرباسی ڕێگای دا تا لە حەوشی گاڕێژەکەی دا، کارەکانیان بکەن.

جیا لەوانەش بنەماڵەی شانۆگەرەکان، بە کاری کوڕەکانیان توڕە بوون و ئەکتەری نمایشیان بە کارێکی قێزەون و لۆتیگەریانە دەزانی و دژی بەشداریی کردنی کوڕەکانیان لە شانۆ دا بوون. غەنی بلوریان لەوبارەوە لە لاپەڕەی ٤٠ کتێبەکەیدا دەنووسێ:

تا خودا حەز دەکات، بابم داب و نەریتی بنەماڵەکەی دەپاراست. کە توڕە دەبوو سیمای گرژ دەبووەوە و پیاو لە بێچمی دەترسا. چووم دیتم چاوی تێک ناوە و ڕووی گرژە، گوتی: "دەڵێن خەریکی ئەدای شەکەرۆکان دەردێنی؟

شەکرۆکەی چی؟ ئێمە خەریکین نومایشێکی نیشتمانی دێنینە سەر شانۆ. لەو سەروبەندەدا جار جارە دەستەی جیاوازی "ئاشق"ەکانی ئازەربایجان دەهاتن بۆ مهاباد و کۆڕی بەزمیان دەگێڕا. ئەوان جگە لەوەی موسیقایان دەژەنی مێرمنداڵێکی قۆزیشیان دەهێنا و سەمایان پێدەکرد و پارەیان پێ کۆ دەکردەوە. لە مهاباد بەو کوڕەیان دەکوت شەکرۆکە. دیارە هەموو گروپە ئاشقەکانی ئازەربایجان شەکرۆکەیان نەبوو و هەندێکیان قام بێژی گەڕیدە بوون.

غەنی لە درێژەدا دەڵێ کە لە کاتی تەمرین کردن دا، کەسوکاری ئەکتەرەکان پێیانزانی و چوون تا بەرگریان لێبکەن. بەڵام حەمەدی مەولودی بە نوینەری ژ-ک پێشی پێگرتن و دەڵی کە لە لایەن ژ- ک پاراستنی ئەوانە بەو سپێردرا.

بنەماڵەی شانۆگەرەکان دەستیان هەڵنەگرت و سکاڵایان بردە لای قازی محەممەد و ئەوە پێیان دەڵێ:

ڕاوەستن ڕۆژی نومایش خۆم لێتان دەگێڕمەوە تا بزانن ڕۆڵەکانمان چەندە مەردن.

ئەو شانۆیە لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٢٤( ١٩٤٥) دا دوای چەند مانگ کار و ڕاهێنان لەو گاڕیژەدا، بە بەشداریی قازی محەممەد و خەڵکێکی زۆر و بە میوانداریی کاپیتان جەعفەرۆڤ و چەند ئەفسەری ڕووس بەڕێوە چوو. بەر لە نمایشەکە سرودی "نیشتمانم ڕەنگینە" کە تازە داندرابوو بە هۆی کۆڕی موسیقا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوترا. غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٤١ دا دەنووسێ:

قازی محەمەد و کاپیتان جەعفەرۆڤ و چەند ئەفسەری تری ڕوس بەشداریان تێدا کرد. دوای تەوابوونی پەردەی پێنجەم، قازی محەمەد لە کاتێکدا سوور داگیرسابوو و شادی و شادمانی لە چاوەکانیدا دەبیندرا، هاتە سەر شانۆ و وتارێکی مێژووی خوێندنەوە کە بەداخەوە دەقی وتارەکەی لە گەڕی تاڵی زەمانەدا لەناو چووە، بەڵام وتارەکەی دەربارەی مێژووی خەباتی کورد بوو بۆ سەربەستی و سەربەخۆ بی کوردستان. ناوبراو ساڵانی درێژی بندەستی نەتەوەکەی شی کردەوە و لە چەند و چۆنی دەوڵەتی داگیرکەر و ستەمکار دوا. قازی هەروەها پەنجەی بۆ خزمەتی ئەکتەرەکان ڕاکێشا و داوای لە لاوان کرد ڕێبازی ئەوان بگرنەبەر و نەتەوەکەیان لەبیر نەکەن.

شانۆی دایکی نیشتمان ٥ پەردە بوو و غەنی بلوریان لەوبارەوە دەنووسێ کە پەردەی یەکەم کەسێک بوو بە شێوەی فرشتەی سپی باڵ بوو کە بە دەنگی خۆش ئەو شیعرەی حاجی قادری کۆیی دەگوت:

ئەی بێنەزیر و هەمتا هەرتۆی کە بەرقەراری

بێ دار و بێ دیاری، بیدار و پایەداری

...

پەردەی دووهەم باسی پەیمانی سەعدئاباد دەکا کە دەوڵەتی ئێران و عێراق و ئەفغانستان و تورکییە لە ساڵی ١٩٣٧دا ئیمزایان کرد و لە مادەی ٣ دا بەڵێنیان دا تا بە دژی جوڵانەوەی کورد هاوکاری یەک بکەن.

پەردەی سێهەم دایکی نیشتمان بوو کە ژنێکی سەرسپی ڕەشپۆش بوو. دەستی زنجیر کرابوو و دەستەوئەژنۆ دانیشتبوو و بە دەنگی بە سۆز هاواری ڕۆڵەکانی دەکرد کە لە زنجیردا دەری بینن.

لە پەردەی چوارەم دا ڕۆڵەکانی کورد دەست بۆ چەک دەبەن و هێرش دەکەنە سەر دوژمنان و دایکی نیشتمان ئازاد دەکەن. بە ئازادبوونی دایکی نیشتمان دەنگی کۆڕی موسیقا بەرز دەبۆوە و خەڵک بە چەپڵەڕێزان و خۆشی و شادی پێشوازیان لە دایکی نیشتمان دەکرد.

لە پەردەی پێنجەم دا باسی جوڵانەوەی کورد دەکرێ کە چۆن ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کورد، سەرۆک کۆمار و داموودەزگای کۆماری کورد و سەرۆک وەزیران دیاری دەکا.(تێبینی: شانۆی دایکی نیشتمان بە دانانی مەلیک کۆتایی پێهات. بەڵام لە سەر داوای میوانە ڕووسەکان، وشەی مەلیک گۆڕدرا بە سەرکۆمار).

دوای تەواو بوونی شانۆکە موزیک لێدرا و لە کۆتایی دا قازی محەممەد وتارێکی گرنگی خوێندەوە و دەستی لە ناودەستی ئەکتەرەکان ناو ڕێزی لێگرتن. دواتر بۆ ڕێزلێنانی زیاتر هەموو ئەکتەرەکان بۆ جەلەسەیەکی نەهێنی بانگ کران. تەنیا سیروسی حەبیبی کوڕی میزداڵ خانم بە هۆی کەم تەمەنی بانگ نەکرا.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٤٢ کتێبەکەی دا لەسەر ئەکتەرەکانی شانۆی دایکی نیشتمان دەنووسێ کە بریتی بوون لە:

١- سیروسی حەبیبی بە نازناوی"داڵی" کە مانای خۆشەویستی دەدا، لە نەخشی فریشتەدا، ناوبراو تاقە کوڕ و تەنیا منداڵی" میسداڵ" خانم بوو. میسداڵ خانمێکی ئەمریکایی دانیشتووی "نۆروێژ" ی بوو

که له کۆنەوە لەگەڵ میسیۆنێکی مەسیحی (گروپی خاچدار) ی ئەمریکایی هاتبووە مەهاباد و لەوێ گیرسابۆوە مێردی بە "حوسێنی حەبیبی" کردبوو، میسداڵ دوکتوری ژنان و منداڵان بوو و لە تەنیا نەخۆشخانەی مەهاباد کە شێروخورشیدی ناو بوو کاری دەکرد. ناوبراو خزمەتێکی زۆری بە خەڵکی مەهاباد کرد و لای خەڵک زۆر خۆشەویست بوو. ئەو تا دوای ڕۆژەکانی ژیانی لە مەهاباد بوو و پاشان لە تەورێز کۆچی دوای کرد.

من کە گیرام خێزانم لەسەر زان بوو، میسداڵ بۆخۆی بە هانای خێزانمەوە چووبوو و تا ئەوکاتەی منداڵە "دوانە"کانی من گەورە بوون لە مێهرو خۆشەویستی ئەو بێبەش نەبوون. یادی میسداڵ ئێستاش لە دڵی هەموو خەڵکی مەهاباددا زیندووە. سیروسی کوڕیشی هەر وەک دایکی نەجیب و مێهرەبان بوو.

٢- عەبدوڵای نەهری( عەبدوڵای شەمزینی) نەخشی دایکی نیشتمانی بەئەستۆ گرتبوو. ناوبراو زۆر بە لێوەشاوەی نەخشی خۆی بەڕێوەبرد و لەشار و مەڵبەندا ناوی دەرکرد. عەبدوڵای نەهری کارمەندی ئیدارەی مالیە (دارایی) مەهاباد بوو. ئەو ئینسانێکی بەهەست، مێهرەبان، پاك و نیشتمانپەروەر بوو. ناوی بەناوی نومایشی دایکی نیشتمانەوە گرێدراوە و لەبیر ناچێتەوە.

٣- غەنی بلوریان، لە نەخشی نوێنەری ئێران، پێشمەرگە و سەرۆک کۆماردا.

٤ - محێددین ماوەرانی لە نەخشی نوێنەری ئەفغانستان و پێشمەرگەدا.

٥- عبدوڵای حەکیمزادە، لە نەخشی نوێنەری تورکیە و پێشمەرگەدا.

٦- حامید لەنەخشی نوێنەری عێراق و پێشمەرگەدا.

٧- محەممەدی ڕاتبی"مەولودی" بەرپرسی پێشمەرگەکانی چاودێر لە شانۆگەرەکان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٨- محەممەدی سەلیمۆکەی پێشمەرگەی چاودێر.
٩- سمایلی پیرۆزی پێشمەرگەی چاودێر.
١٠- مسەتەفا جەننەتی(مۆسیقەچی) شەیپوور ژەن.
١١- ئەسکەندەر تەپڵ ژەن.
١٢- خەلیل قەرەنەی (کلارنێت) ژەن.

سێ کەسی ئاخری ئەم لیستەیە ئەندامی دەستەی موزیکی سەربازخانەی مەهاباد بوون. لەناو ئەو نمایشنامەدا چەند سەبازی ڕووسیش بەشداربوون. سەکۆی ئەو شانۆیە کەسێک بە ناوی مارف حاتەم کە دارتاش بوو سازی کرد کە لەبەریەک هەڵدەوەشا و تێکدەکراوە و دەکرا هەڵگێڕ وەرگێڕی پێ بکەی. هەروەها دڵشاد ڕەسووڵی و عەبدوڵای نەهری، شێوەی جلوبەرگ و کاری گریم کاری شانۆکەیان دیاری دەکرد. جێی ئاماژەیە دوکتور ئاسۆ دەنووسی کە ئەحمەد تۆفیق یەکێک لە کارئەکتەرانی شانۆی دایکی نیشتمان بوو.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا لەسەر کێشانەوەی پەردەی شانۆی دایکی نیشتمان دەنووسێ: ... ئەو دەم ماڵی ئێمە هێشتا لە قازی ئاوا بو. ڕۆژێک چەند کەس لە گەنجەکانی مەهاباد کە بریتی بون لە عەوڵای حەکیم زادە، عوبەیدوللا ئەیوبیان، غەنی بلوریان و سەدیقی سیاسەری هاتنە قازی ئاوا. هەمو چەشنە کەرەسە و ئامێری وێنەگریان هێنابو و لەگەڵ وێنەیەک کە وەک مۆدێل بە کاری بهێنن. وێنەکە بریتی بو لە نەخشەی ئێران کە ئافرەتێکی زۆر بە وەج و شان و شکۆ لە ناوی دا دانیشتبو و تاجێکی لە سەر سینگی دانابو، ڕەزاشا لە پشتی بە پێوە ڕاوەستابو. کوتیان ئەوەمان هێناوە بۆمان بکێشیوە بەڵام وێنەی ڕەزاشا و ئەو تاجە لابەری و تەنیا نەخشەی ئێران و ئەو ئافرەتە بکێشیوە. کوتیان ئەوە دەبێتە پەردەی شانۆیەک بە ناوی دایکی نیشتمان. ئەوانەیان بۆ بەجێ هێشتم و بۆخۆیان گەڕانەوە مەهاباد.

چەند ڕۆژ کارم لە سەر کرد، زۆر باش بە دەستمەوە هات و یەکجار جوان و ڕێکوپێک دەرهات. دوای تەواو بونی پەردەکە هەواڵم نارد کە تەواو بووە و دەتوانن بێن بیبەنەوە. زۆری پێ نەچو هاتن، تابلۆی دایکی نیشتمان و پلاکارتەکانم دانەوە و بەرەو شار وەڕێ کەوتن. بۆ بەیانی پیاوێکیان لە دو ناردم کە بێتە شار کارمان پێیەتی. منیش هاتم و چون نەمدەزانی لە کوێ بیانبینمەوە چومە ماڵی مامم. بەڵام ئەوان دەیانزانی چومە کوێ هەر بۆیە هاتن بە شوێنم دا. کاتێک گەیشتینە شەقامی پەهلەوی لە گاراژێک دا کە ئێستا بۆتە سینەما تەربیەت و بۆ بەڕێوە بردنی شانۆی دایکی نیشتمان لە بەر چاو گیرابو هەمو بەڕێوەبەرانی ئەو شانۆیە لەوێ ئامادە بون. زۆریان سپاس و دەست خۆشی لێ کردم و هەروەها داوایان کرد هاوکاریان بکەم و کاری نوسین لە ئەستۆ بگرم. منیش زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەستم کرد بە کاری نوسین و ئەوەی دەیاندامێ بە خەتی خۆش دەمنوسیوە. چەند جار شانۆکەیان تەمرین کرد و دوایی دەستیان کرد بە فرۆشتنی بلیت. نرخی بلیت دە تمەن بو کە بۆ ئەو کات نرخێکی گران بوو بەڵام زۆر بە باشی پێشوازی لێ کرا و بلیت بەر نەدەکەوت.

ڕەحمانی قازی لە درێژەی شانۆی دایکی نیشتمان دا لەسەر کاریگەری ئەو شانۆیە لەسەر هەست و ئیحساسی خەڵک دەنووسێ: ... کاتێک شانۆکە دەگەیشتە ئەو پەڕی هەست و ئیحساس زۆربەی بینەران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگەریان. لە یەکێک لە سانسەکان دا کاتێک شانۆ گەیشتە ئەو جێگایەی حاکم بڕیاری شێخ سەعیدی خوێندەوە، پیاوێک بە ناوی هاشم هەمزەزادە بە جۆرێک هەستەوەر ببو کە خۆی پێ نەگیرا و دەمانچەی هەڵکێشا و دار و دیواری وە بەر گولان دا. ئەو شانۆیە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە سەر هەست و هزری خەڵکی هەبو و بو بە هۆی ئەوەی کە خەڵک وەخۆ بێنەوە و بزانن نۆکەری بێگانە بون جگە لە شکست و سەرشۆڕی هیچ بەرهەمی دیکەی نییە.

## نیشاندانی شانۆ لە شارەکانی نەغەدە و شنۆ

دوای بەڕێوەچوونی شانۆ لە شاری مەهاباد، بەرنامەی بەڕێوەبردنی شانۆ لە شارەکانی نەغەدە و شنۆ، بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ داڕێژرا. غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ٤١ ی کتێبی "ئاڵەکۆک" دا ئاوا باس لە نمایش دانی ئەو شانۆیە لەو شارانەدا دەکا:

پاش کۆتایی نمایش لە مەهاباد، لە سەر بڕیاری ڕێبەرایەتی کۆمەڵە ئاکترەکان باروبنەیان تێکەوە پێچا و بەرە و شاری "نەغەدە" و پاشانیش شاری " شنۆ" چوون. کاتی چون بۆ نەغەدە و شنۆ قازی محەمەد ئامۆژگاری کردین و گوتی: شنۆ شارێکی ئایینی یە. چونکە ئێوە بە ڕاستی نوێنەری کۆمەڵەی ژ.ک.ن دەبێ باش خۆ بنوێنن. دەبێ ئاکار و ڕەفتاری نەجیبانەتان هەبێ و سەرنجی خەڵک بۆ لای خەباتی کۆمەڵە ڕاکێشن. بەیانان و کاتی تریش دەبێ بچن لە مزگەوتەکان لە ڕیزی خەڵکدا ڕاوەستن و نوێژی بە جەماعەت بکەن. ئەوە دەتوانێ خۆشەویستی ئێوە لە نێو خەڵک دا پتر بکات و دەبێ نموونە بن و ئاکاری جوان لە خۆ پێشان بدەن.

حەوشەی گاراژی نەغەدە بۆ پێشاندانی نومایشی دایکی نیشتمان دیاریکرابوو. لەوێ سەحنەکەمان سوار کرد. هەر وەکوو پێشتر گوتم "مارف حەتەم" بە شێوەیەک سەحنەکەی دروست کردبوو کە لە هەموو جێیەک سوار دەکرا. بۆ ماوەی چوار ڕۆژان دایکی نیشتمان لە نەغەدە پێشاندرا. خەڵکی نەغەدە و دەور و بەری بەگەرمی پێشوازیان لێ کرد و تەنانەت ئاغاوەتی "قەرەپەپاخ"یش هاتن دایکی نیشتمانیان دیت و یارمەتییەکی زۆرمان کۆ کردەوە و پاشان بە سەربەرزی بەرەو شنۆ چووین.

غەنی بلووریان لە درێژەدا دەنووسێ کە لە سەرەتا دا لە شاری شنۆ بە هۆی مەزهەبی بوونی خەڵک، گرینگیان پێنەدان، بەڵام دوایە بەڕێوەبردنی ئامۆژگارییەکانی قازی محەممەد زۆر بە کەڵکیان هات و ڕێزێکی زۆریان لێگرا و دەنووسێ: بۆ مانەوە لە شنۆ، هۆڵی قوتابخانەیان دیاری کردبوو. ئێمە بەرگی سپی دوخت سەربازیمان دەبەر دابوو و کڵاوی سەربازیشمان لە سەر بوو. کاتێک دەستە دەستە بەو جلوبەرگەوە چووینە نێو بازاڕی شاری شنۆ، حاجی و سۆفی مۆڕەیان لێ دەکردین ... ڕۆژی پێشاندانی نومایش جەماوەرێکی زۆر کە چاوەڕوانی هاتن بۆ نمایشیان لێ نەدەکرا، هاتن نومایشی دایکی نیشتمانیان دیت. لە ″شنۆ″ش بە وێنەی مەهاباد پێشوازیان لە نومایشی دایکی نیشتمان کرد. پاش گەڕانەوەمان بۆ مەهاباد گوێبیس بووین کۆڕێک لە شنۆوە هاتبوونە لای سەرکردایەتی ژ.ک. و ببوون بە ئەندامی ژ.ک. و چوون لقی ژ.ک.یان لە شنۆ دامەزراند. ئەو هەنگاوەی ئەوان قازیی محەممەدی هان دا کە لە ئەندامانی کۆڕی نومایشی ′دایکی نیشتمان′ سپاس بکات.

هەروەها ئیگلتۆن لە سەر ئەو نمایشنامەیە دەڵێ کە لە مانگی جولای لە ناوچەی شنۆ کە لە ژێر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستەڵاتی ڕووسان دا بوو بەڕێوە چووە و دەنووسێ: ... ئەفسەرێکی ڕووسی کە مەسئوول و لێپرسراوی ناوچە بوو بە توندی ڕەخنەی لێگرت و گووتی پەیامی ئەو نمایشنامە تەواو دژی ئێرانە و پێی گووتن کە لەوەدوا دەوری خراپی ئەو شانۆگەرییە بدەن بە ئەفسەرێکی نازی. یانی یەکێک بە بەرگی ئەرتەشی ئەلمانی نازێوە دەوری خراپ و شەیتانی نمایشنامەکە بگێڕێ. کە لە پاشان دەقی ئەسڵی نمایشناکەدا ئاڵوگۆڕێک کرا و ڕووسەکانیش دیتیان کە یەکیتی سوڤییەت لە ئاخری نمایشنامەکەدا لە گەڵ منداڵەکان، دایکی نیشتیمان ڕزگار دەکا.

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران بە نیشاندانی ئەو شانۆیە تووڕە بوون، بەڵام بەخشداری بێدەستەڵاتی سەر بە ڕێژیم لە شاری شنۆ، دەستەڵاتی نەبوو تا بەرگریی لێبکا. فەرەیدون حکیم زادە لە کتێبی ساوجبلاغ مکری (مهاباد) دا دەنووسێ کە بەخشداری شنۆ لە ڕاپۆرتێک دا، پارێزگاری ورمێی بەمشێوە ئاگادار کردەوە:

ژمارە ٤٧١

بەروار: ٢٤/٤/٢٩ = ١٩٤٥/٠٧/٢٠

جەنابی ئەستانداری بەرزی ئەستانی چوارەم

ئەمڕۆ دەستەیەک کە بریتی بوون زیاتر لە بیست کەس ئارتیستی مهابادی هاتنە شنۆ بڕیار وایە بەیانی شانۆی دایکی نیشتمان پێشکێش بکەن.

سەرپەرستی بەخشداریی شنۆ

هەرچەند ئەوکات شاری بانە لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیم دا بوو، بەڵام لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی مەهاباد، نیشتمانپەروەرانی کورد لەوێش شانۆیان نیشان دا. هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ٣٠ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باواجیی کۆیە" دەنووسێ: خەڵکی بانە ( هەر چەند بانە نەکەوتە سەر مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی کۆمار)، وەکوو زۆربەی خەلکی کوردستان بارودۆخەکەیان پێ خۆشە، بۆیە چەند جارێک سەیرانی " گوێزی سەیرانان"یان ساز دەکرد و دەچوونە ئەوجێ سەیرانگا خۆشە کە بە کێوی " بابۆس"ەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی بانە. ئەمن منداڵ بووم بەڵام جارێکیان لە گەڵ باوکم و کاکم چووم بۆ یەکێک لەو سەیرانانە، وادیارە خەڵک بە باشی قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانییان دەناسی، چونکە شانۆیەکیان ساز کرد کە بریتی بوو لە دادگایەک کە بە ڕواڵەت پیاوێک پیاوێکی تری کوشتبوو و پیاو کوژەکەیان مەحکەمە دەکرد. باوکم نەخشی قازی محەمەد و دەروێش قادری شەمسی نەخشی مەلا مستەفایان دابوونێ، کابرایان بە ئێعدام مەحکووم کرد و چەند ساچمەزەنیان بە سەریدا هەڵتۆقاند. خەلیفە ڕەشانی ڕەوشەنبینیش لە نەخشی پیاوکوژەکەدا بوو. خەڵک دوو ڕۆژ بە خۆشی و قسە و گۆرانی و هەڵپەرکێ لەوێ دەمانەوە و دوایی دەگەرانەوە شار.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ١١
## پەیوەندی سیاسی کۆمەڵە لەگەڵ وڵاتانی زلهێز
## کۆمەڵە و ئینگلیس

هاتنی دەوڵەتی ڕووس و ئینگلیس بۆ نێوخۆی ئێران، زۆر بە بەرنامە و ڕێکوپێک بوو و ئەو وڵاتانە بەر لە هاتنیان، بە وردی شێوەی هەڵسوکەوت و دژکردەوەیان لەگەڵ وڵاتی داگیرکراو، لایەنگر و نەیارانی خۆیان دیاری کرد بوو. لەبەرانبەر دا کۆمەلە ژ.ک وەک تاکە ڕێکخراوێکی کوردی ئەو سەردەمە، تەنیا بە نووسراوە، بە ڕەهەند و خەت و نیشانی جیاواز دا، هەولی دەدا سرنجی ئەوان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. لەوبارەشەوە بابەتەکانی گۆڤاری "نیشتیمان"، کە دەنگ و بیری کۆمەڵە بوون یەکدەست نەبوونی بۆچوونی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی بە ڕوونی نیشان دەدا. لە زۆر نووسراوە دا پشتیوانی لە وڵاتی سووڤییەت و لە هێندێک بابەتیش لایەنگری لە دەوڵەتی بریتانیای مەزن دەکرا. دیارە بابەتی ئەوتۆش هەبوو کە لە لای یەکیان ڕا بۆ ئەوی دیکە تێدەچێنرا.

پشتیوانی کۆمەڵە لە ئینگلیس تەنیا بە مەبەستی ڕێز لێنان لە چاپی گۆڤاری "دەنگی گیتی تازە" نەبوو کە بە هۆی ئینگلیس دەردەچوو، بەڵکوو بوارێکی بەرینتری بەخۆوە دەگرت. لە لاپەڕەی ٢٦ ژمارە ٣ و ٤ ی نیشتمان دا، لەژێر سەردێری"ئەستێرەیەکی تازە لە ئاسمانی چاپەکانی کوردیدا" بەو ڕستەیەی خوارێ دەست پێ دەکا و دەنووسێ:

جوامێری و مەردوم دۆستی بەریتانیای گەورە.

کورد ماوەیەکی زۆر لەمێژە هەستی بە نەجابەت و مرۆڤ خۆشەویستی بەریتانیا کردوە. ئەم حکومەتە گەورەیە بە درێژایی مێژووی ئیمپراتورییەتی خۆی هەمیشە پاریزگاری ئازادی و سەربەخۆیی و پەروەرێنەر و پێکهێنەری نەتەوە بچووکەکانی گیتی بووە. زۆرجاران وەکوو ئەم جارەی ئێستا لە سەر حەقی نەتەوەیەکی بچووک بەرەنگاری نەتەوەیەکی زل و بێدادگەر و ستەمکار بووە و ئاسایشی نەتەوەی خۆی لە پێناو ئاسوودەیی مەردوم ناوە بە تایبەتی تیشکی ئەم هەتاوە داویە لە کوردی بیچارە و چارەڕەش و ستەم دیتوو و حکومەتی بەریتانیا هەرجارە بە چەشنیک بۆتە هۆی پێشکەوتنی گەلی دواکەوتوو و مەزلوومی کورد. بەراستی پێویستی خزمایەتی خۆی لەگەڵ ئێمە بەجێ گەیاندوە. ئەمجارەش لە بالۆێزخانەی بەریتانی تیشکەی ئەستیرەیەکی ڕووناک درەوشا، "گوڤاری دەنگی گیتی تازە"یان بە کوردیکی زۆر پەتی بۆ دەرخستین. ژمارەی یەکمان خوێندەوە. گەلێ هیژا و بە نرخە، یەزدان یارمەتی دەری خۆی و خاوەنی بیت...

لە درێژەی ئەو وتارەدا، نووسەر دوایە داوا لە حکومەتی بریتانیا دەکا کە هەر وەکوو لە "یافا" ڕادیوی کوردستانیان کردۆتەوە و دەنگی لە هەموو شوێنێک دەبیسترێ، ڕادیۆ لەندەنیش ڕۆژێ سەعاتێک بەرنامەی بۆ زمانی کوردی تەرخان بکا و بەو دروشمە کۆتایی بەو وتارە دەدا:

بژی ئاڵا هەڵگرێ ئازادی گیتی بەریتانیای مەزن.

دەنگی گیتی تازە، زەبیحی کۆمەڵە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو قوناغەدا دەوڵەتی ئینگلیس بە تەواوی ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردستان بوو و کەماڵ مەزهەر لە لاپەڕەی ٢٥٠ کتیبی کورد و کوردستان... دا، دەڵێ کە لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دا، بەڵگەی زۆر سەبارەت بە ڕووداوەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٤١ ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست دەکەوێ و باسی نامەی ئیدن، وەزیری دەرەوەی ئینگلیس بۆ مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووس دەکا کە لە نیگەرانی دەوڵەتی تورکییە لەمەڕ سەربەخۆیی کوردستان ئاگاداری کردووتەوە. دیارە ئینگلیس لە هەڵسوکەوتی ڕووسان سەبارەت بە ڕووداوەکانی دەڤەری ورمێ نیگەران بوو و ئیدن لە تاران ڕا وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیسی ئاگادار دەکاتەوە و لە نامەی ٩ ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٢ دا دەنووسێ، پشتگیری کوردەکان بۆتە هۆی نارەزایەتی و نیگەرانی دەوڵەتی ئیران. دیارە لە خاڵێکی دیکە دا ئاماژە بەوە دەکا کە بە داخەوە کوردێک نییە کە ڕێزی گشتی هەبێ تا کوو بکرێتە حاکمی کوردستان.

بەگشتی سیاسەتی ئینگلیس ئەوەیە کە کورد نەبنە کێشە بۆ دۆستەکانیان و هەر بە پێی لاپەرەی ٢٥٧ ئەو سەرچاوەیە، باڵوێزی ئینگلیس لە تورکیە وڵاتەکەی خۆی لە چاوپێکەوتنی وەزیری دەرەوەی تورکیە ئاگادار دەکاتەوە کە هەردوولا پییان وابوو کە کوردی عێراق دابین کراون و جێگای مەترسی نیین و هەروەها دەنووسێ کە بریتانیا لە سوورییە، بەڵێنی لە جەلالەت بەدرخان وەرگرتووە کە کێشە بۆ تورکان پیک نەهێنن. لەو کۆبوونەوەدا باڵوێزی تورک، تەنیا نیگەران و قەلەقی جوڵانەوەی کوردانی ئێران و چالاکییەکانی ڕووس بووە.

دیارە لەو بەڵگانەدا، جارجار مەئموورانی ئینگلیسی، گلێی و گازندەیان سەبارەتی بە هەڵسوکەوتی خراپی وڵاتەکەیان لەگەڵ کوردان دەربڕیوە. لە نامەی کاربەدەستانی ئینگلیس لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوەیان دا هاتووە کە دڵسۆزی بریتانیا بۆ حکومەتی ئێران بۆتە هۆی ئەوە کە پشتی کورد نەگرن و ڕووسیا خۆی بە دۆستیان بزانێ. هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە هاندانی کوردان لە باکوور (مەبەست لای مەهابادە) ئەرکی دەوڵەتی ئینگلیس لە باشوور (مەبەست لای سنەیە) قورستر دەکا و کاربەدەستە سەربازییەکانی ئێران دەترسن، ڕووسەکان کوردەکان بە دژی ئەوان هان بدەن.

هەر لە نامەکانی وەزارەتی دەرەوە بۆ باڵوێزی ئینگلیس لە تاران، بە ڕێکەوتی ٢١ کانوونی دووهەمی ١٩٤٢ دا هاتووە کە وەزعییەتی کوردستانی ئێران گەورەترین کۆسپە لەبەردەم چاک بوونی پەیوەندی تورک و ڕووسیە و تورکییە بە هۆی مەوقعی جوگرافییای پێیخۆشە هیچ ئاڵووگۆڕێک لە ئازەربایجان ڕوو نەدا.

بە پێی لاپەڕەی ٢٧٣ ئەو سەرچاویە، باڵویزی ئینگلیس لە ئانکارا وەزارەتی درەوەی ئاگادار کردووە کە ڕووسەکان سەردارانی کوردیان بۆ باکۆ دەعوەت کردووە. کە ناوی ٥ کەسیان هاتووە. وەک دەگوترێ باسی ئالای سەربەخۆیی کورد کراوە و خەڵات کراون و تفەنگ و لیباس و ... دراوەتێ و بڕیار دراوە کومیتەی ناوەندی(رزگاری)، بۆ دامەزرانی بناغەی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێ.

هەر لە چوارچێوەی پەیوەندی نیوان کۆمەڵە و ئینگلیس دا جێی ئاماژەیە کە کۆمەڵە لە لاپەڕەی ٢ی نیشتمانی ژمارە ٣ و ٤ دا بۆ باشتر بوونی دەنگی ڕادیۆ، ئەو پێشنیارانە بە بەڕێوەبەرانی ئیزگەی کوردستان لە یافا دەکا کە مامۆستا گۆران و ڕەفیق چالاک کاریان لێدەکرد:

١- شەپۆلی ٣٧ میترونیویی چاک کار ناکا بگۆڕدرێ باشە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢- له بەشی زۆری شارەکانی کوردستانا"بروسکه" به ڕۆژ کار ناکا بەرنامەکان بخرێنه سەعاتێکی وا که له هەموو کوردستانا ڕۆژئاوا بوو بێت.

٣- ئەگەر هیچ بەرهەڵەست پێشگرێک نەبێ لەسەرەتای هەموو بەرنامەیەکا، دەنا حەفتەی دوو جار مارشی کوردی لێبدرێ.

٤- ڕۆژنامەیەک به ناوی "رۆژنامەی ئیستگەی ڕادیۆ کوردستان" هەفتەی جارێک دەربهێنرێ و بڵاوکراوەکانی هەفتەی تێدا بنووسرێ.

٥- مۆسیقای بێدەنگ و قەوانەکان که لێدەدرێن، ئارەزووی هەموو گوێگرەکان پێک ناهێنن، مۆسیقای به دەنگ و قەوانی له هەموو ڕەنگیان بۆ لیێبدەن بەین بەینه قەوانەکان بگۆڕن.

سەرەڕای ئەوانه کۆمەڵە له ڕاپۆرتەکانی دیکه به جۆرێکی دیکه دەڕوانێته کارایی و کاریگەریی ئەو ڕادیویه و زەبیحی له نامەیەک دا به ڕێکەوتی٥ ی ڕەزبەری ١٣٢٣(٢٧ سپتامبری ١٩٤٤) بۆ حەسەنۆڤ" سەر کۆنسوولی ڕووس له تەوریز له خاڵ ٤ دا دەنووسێ: ... ٤ - لەلایەن سەفارەتی ئینگلیسەوە له بەغدا گۆڤارێک به ناوی ”دەنگی گێتیی تازە” له ٤٨ لاپەڕ و ٩٦ لاپەڕاندا بڵاو دەبێتەوە. سەفارەتی ئینگلیس ئەو گۆڤارە به پۆستدا بۆ سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردی ئێران دەنێرێ، که ژمارەیەکی کەم دەخوێننەوە. ئینگلیسەکان لەم ڕوانگەوە، که کوردەکانی عێراق ئۆرگانی ئێمە ” نیشتمان” دەخوێننەوە، دەستیان داوەته بڵاوکردنەوەی ” دەنگی گێتیی تازە.

## کۆمەڵە و ڕووس

هاتنی هێزەکانی ڕووس، له سەرەتا دا نیگەرانی زۆری له نێو کۆمەڵگای کوردستان دا پێکهێنا. بەڵام وردە وردە، ترسی خەڵک ڕەوێوە و زۆربەی خەڵکی کوردستان، ڕووسانیان به ڕەزگاریدەری خۆیان زانی و ئەوپەڕی ڕێزیان لێگرتن. سەرۆک عەشیرەت و نیشتمانپەروەران و ڕووناکبیرە سیاسییەکان پشگیریان لێکردن و پەیوەندییەکی پتەو له نێوان گەل کورد و دەوڵەتی ڕووس دا دامەزرا.

مامۆستا هەژار له لاپەڕەی ٧٠ ی "چێشتی مجێور" دا دەڵی: ڕووسان چەکداریان کردین. هێزی پێشمەرگە پێکهات و مەشق به پێشمەرگە دەکرا و تەواو بوژابووینەوە.

پشتیوانی ڕووس بنەمای ئابووریشی هەبوو و خەلیل فەتاحی قازی دەنووسێ ڕووسەکان لەگەڵ کوردان زۆر باش بوون و به نرخی هەرزان قەند و پارچەیان پێ‌دەفرۆشتن.

ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژ. ک به دوای دامەزرانی دا، هەوڵی دا پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕووسان به هێز بکا. به پێی ڕاپۆرتی کۆمەڵە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە، هەر له ساڵی ١٩٣٩دا که دەنگۆی هێرشی ڕووس بۆ سەر ئێران هەبوو، کۆمەڵە خۆشحاڵی خۆی به نیسبەت هاتنی ڕووسان دەربڕی بوو. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە که له ٢٢ی مانگی گوڵانی ١٣٢٢ هەتاوی( ١٣ مای ١٩٤٣) دا ٢٥ کەس له ئەندامانی کۆمەڵە له کێوی قەڵای سارم کۆ بوونەوە به بەراوەرد کردنی ئەساسنامەی کۆمەڵە لەگەڵ بەرنامه و پێرەوی حیزبی کومونیستی شووڕەوی، بڕیاری به هێزکردنی پەیوەندی خۆیان له گەڵ ڕووسیە دا.

ڕێبەریی کۆمەڵە له ڕاپۆرتەکانی دا بۆ ڕووسان زۆر به ڕاشکاوی پشتیوانی له دەوڵەتی سووڤییەت دەکا و زەبیحی له نامەی ڕێکەوتی٥ ی ڕەزبەری ١٣٢٣(٢٧ سپتامبری ١٩٤٤) دا بۆ حەسەنۆڤ" سەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنسوولی ڕووس لە تەوریز، لە چەند خاڵ دا دەنووسێ:

کۆمەڵەی ژ. ک

ئیدارەی ناوەندی

بەرواری ٥ ڕەزبەری ١٣٢٣- ٢٧ سپتامبر ١٩٤٤

بژی کورد و کوردستانی گەورە

بۆ بەڕێز سەرکۆنسولی یەکێتی سوڤییەت لە شاری تەوریز

بە حورمەتەوە پێتان ڕادەگەیەنم وەرگێڕاوی پرۆگرامی حیزبی ئێمە و وەرگێڕاوی ژمارەکانی "نیشتمان" بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەمان ئاڕاستە کردوون و ئێستاش هەواڵەکانی تازەی ئیدارەی ناوەندیی حیزبیتان پێ ڕادەگەیەنین: ... ٢- بە پێی نامەی گەیشتوو لە ئیدارەی محەلیی سلێمانی، چونکە حیزبی ئێمە بیری ئازادیی هەیە و لایەنگریی لە یەکێتی سۆڤیەت دەکات، لاوانی کوردی عێراق بە شەوقەوە نیشتمان دەخوێننەوە. هەر ژمارەی ٥٠-٦٠ دەست دەکات و نرخی نیشتمان گەیشتۆتە یەک دیناری عێراقی، کە دەبێتە ١٣ قرانی ئێران.

٣- ئیدارەی محەلیی سلێمانی لە ئێمەی دەوێ لە ئۆرگانەکەماندا پتر پشتی یەکێتی سۆڤیەت بگرین و ئاگاداریی پتریان دەربارەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێمە دەوێ.

هەر لە درێژەی ئەو نامانەدا، لە کتێبی حامید گەوهەری دا بە نەقڵ کردن لە خاڵی ٤ ی نامەی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٣ ( ٥ دیسامبری ١٩٤٤) دا هاتووە:

... بەم بۆنەیەوە حیزبی ئیمە داوا لە یەکیتی سووڤییەت دەکات ئەگەر دەکرێ یەکیتی سووڤییەت لە مەهاباد، بۆکان، نەغەدە و شنۆ قوتابخانە دابنێ. ئەگەر دەرەتانی کردنەوەی قوتابخانە لەو شارانە نەبێ، جێگای سوپاس و پێزانینە کە لە مەهاباد قوتابخانە بکەنەوە.

لە ڕاپۆرتەکانی کۆمەڵەدا، هەوڵ دراوە کە پشتیوانیی ڕووس بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بە پێی لاپەڕەی ٩٣ی کتێبی حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژ.ک لە چەند خاڵ دا داوا لە دەوڵەتی ڕووس دەکا کە بە فەرمی بناسێ:

بەپێی ماددەی ١٢٩ی یاسای بنەڕەتی یەکێتیی سۆڤیەت داوا دەکەین:

١- حیزبی ئێمە بە ڕەسمی بناسن.

٢- بۆ پەرەستاندنی حیزبەکەمان یارمەتیمان پێ بکەن.

٣- ئیزبن مەدەن ئەرتەشی ئێران لە مهاباد نزیک بێتەوە.

٤- بەهۆی کاربەدەستانی جێگیری یەکێتی سۆڤیەت لە شارەکانی کوردستاندا، بە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان فەرمان بدەن کە بە کاروباری خۆیان ڕابگەن و خۆ دەکاری سیاسیی وەرنەدەن و داوا دەکەین ژمارەی مەئموورەکانی خۆتان زیاد بکەن لە کوردستاندا.

٥- لەباری کەرەسە و پێداویستییەکانی فەنییەوە گرفتی ئێمە چارەسەر بکەن.

٦- دوای گەشە کردنی حیزبی ئێمە لە هەرێمەکانی سەردەشت، بۆکان، میاندواو، مهاباد، شنۆ، نەغەدە و ورمێ دەمانەوێ کۆتایی بە دەسەڵاتی ئێران لەو هەرێمانە بهێنین، بۆ گەیشتن بەو مەبەستە یارمەتیی پێویستمان بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٧- دەخوازین ئەو هەرێمانە ئاماژەمان پێ کردن بە کوردستانی ئازاد بناسرێن و بەهۆی کوردە گەنج و خوێندەوار و زاناکانی کوردستانی ئێران، عێراق و سووریە دەوڵەتێکی کاتیی کوردی دابمەزری و دەسەڵاتی ئابووری و ئیداری ئەو هەرێمانە بە دەستەوە بگرێ.

٨- بەپێی بەندی پ مادەی ٢٤ی یاسای بنەڕەتی یەکێتیی سۆڤیەت داوا دەکەین، ئەو دەوڵەتە کاتییە بە ڕەسمی بناسن و ئەو بە برای کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت قەبووڵ بکەن و بیکەنە بە ئەندامی یەکێتی سۆڤیەتی مەزن.

٩- بۆ ئازاد کردنی هەرێمەکانی تری کوردستان داوای دارشتنی پلان لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە دەکەین.

١٠- بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خاڵە باسکراوەکانی سەروو، داوا دەکەین دوو یان چەند ڕاوێژکاری خۆتان ڕەوانەی لای ئێمە بکەن.

بەناوی مرۆڤ دۆستی و شارستانییەتەوە داوا لە دەوڵەتی مەزنی یەکێتی سۆڤیەت دەکەین و هیوادارین بە چەشنی نەتەوە لاواز و ستەملێکراوەکان تەماشای گەلی کورد بکرێ و لە دید و مەرحەمەت و عەداڵەتی دنیادا گری سۆڤیەت دوور ڕانەگیرێ.

بژی یەکێتی سۆڤیەت لایەنگری نەتەوە چەوساوەکان

بژی مارشاڵ ستالین سەرکردەی وشیار و مێهرەبانی نەتەوە چەوساوەکان

بژی پەیمانی برایەتی نێوان کورد و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت

ئیدارەی ناوەندی ژ. ک

هێندێک لە ئەندامانی کۆمەڵە، بێ پرسی ڕێکخراوەکەیان تێکۆشان تا ڕێز لە سەربازانی ڕووس بگرن و میوانداریان لێبکەن. لەوبارەوە حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩١ بیرەوەرییەکانی دا، باسی چۆنییەت پێشوازی و گاووگەردوون کردن لە لەشکری ڕووس دەکا و دەڵی چەند کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە داوایان لێکردوە کە گایەک بکرێ و لە پێش لەشکری سوور سەری ببڕێ. حەمەد دەڵێ کە ئەوان لەبەر پاشەڕۆژی خۆیان نەیانوێرا ئەو کارە بکەن بەڵام ئەم وەعودەم گرت و دەنووسێ: بەیانی زۆر زوو دەگەڵ "عەلی ڕیحانی" و "ڕەحمانی زەبیحی" بۆ مەیدانی وڵاغان چووین و گاجووتێکمان کڕی و ئەوانیش پارەکەیان دا. دەگەڵ چەند نەفەر لە هاواڵەکانم چووینە قەراغ شار و چاوەڕیی لەشکری سوورمان دەکرد تا بگاتێ و لەولاشەوە "حەبیبە کەچەڵی قەساب"م هێناوە تا گایەکە سەرببڕی. لەو شارە گەورەیە کە زۆربەی دە کۆمەڵەدا ئەندام بوون و خۆیان بە دە مانگای زاو نەدەگۆڕایەوە، کەس نەهاتبوو بۆ پێشوازی لە لەشکری سوور، هەمووی ٤٠ یان ٥٠ کەس لە ڕەجاڵەی بێسەواد نەبێ، کەسی وای دەنێودا نەبوو کە دمولەوسێکی پێوەبێت کە کاتێک سەری گایەکەمان سەر بڕی، نوتقێک یان چەند قسەی بەکەڵک بکات. بە حەبیبە زەردم گوت: کاتێک لەشکر هات و گایەکەت سەربڕی، دمولەوسی وەت هەیە قسە بکەی؟

- با لەشکر بێت بزانە چ بەزمێکی دەگێرم. هەر ئەتۆ و قسەکردن؟

- ئەو لەشکرە نازانن ئێمە بێسەواد و نەزانین، زمانی ئێمەش نازانن، تۆ ئەوەندەی کە گایەکەت سەر بڕی دەست بە هەرا و بگرە بکە و بەس.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بێخەم بە.

لای چێشتانی بوو کە لەشکر لە "کەلکی بەگزادان" شۆڕبۆوە و هات گەییە ئاستی ئێمە. قەساب و هاواڵەکان گایان لە عەرزێ دا. گەورەی لەشکرەکە لەپێش لەشکر بوو، ئەسپی تاو دا و وەک گوڵمیخ لە ئاستی قەساب ڕاوەستا. "حەبیب" زوو سەری گایەکەی بەدەستێکی لە حەوایە ڕاگرت و کردی بە گوڕڕە و هەرا و دەیگوت: سەری هیتلێل (مەبەستی ئادۆڵف هیتلێرە) وەک ئەو گایە بە نووکی نێزەی سالاتی شۆڕەوی. بژی دەوڵەتی شۆڕەوی.

قسەی وا جوان و باشی دەکرد نەبێتەوە، بەداخەوە هەمووم بۆ نانووسرێت. ئەوە ژێنێڕاڵەکەش وەک ڕێز لەو خەڵکە و لە قسەکانی "حەبیب" دەستی لە حەوایە. خۆ "حەبیب" بڕانەوەی نەبوو، وردەوردە گەرم داهات و ئەوجار بۆمان وەک خۆی لێنەدەهاتەوە. ئەوەی لە دەوری بووین، تینمان بۆهات کە بەجورێک بێدەنگی کەین. چەند دەقەیەک لەسەری ڕۆیی و پاشان هەرچۆنێک بێت بێدەنگ بوو جا "ژێنێڕاڵ"ەکە دەستی دادایەوە و ئەوجار ئەو نوتقی کرد. ئێمەش هاڕەی لە بڕەی ناکەینەوە کە دەڵێ چی و باسی چ دەکات؟! ئەوەندە نەبی کە لە قسەکردن قوتار بوو گوتی: موسیقی کوردی لێدەن. ئەوە لەشکریش بە سوار و ماشێنسوارەوە هەمووی ڕاوەستاوە تا "حەبیب" و "ژێنێڕاڵ" لێبوونەوە. ئەوجار دەستیان کرد بە شەیپوور و باڵەبان لیدان تا چوونە سەربازخانەی.

لە شار زۆرکەس خۆشییان لەو گاوگەردوونە هات کە من لەپێش لەشکری سوور کردم، دەنگی باشی دایەوە. زۆر کەسیش کوێر بوون و چاویان بڕوای نەدا بۆ تەماشاکردن. ئەو لەشکرە چەند ڕۆژ لە سەربازخانە بوو و تەنانەت یەک نەفەریان نەهاتە ناو شار. پاشی چەند ڕۆژان بۆ لای ورمێ چوون. دیسان چەند ڕۆژێکی تێوەرسووڕایەوە کە دەستەیەکی دیکە ڕووس هاتن و لە جێگای ڕووسەکانی پێشوو دابەزین و تا ماوەیەک مانەوە.

پاش ماوەیەک، ئەو ئیدارەیەیی ڕووسان کە لە نیزیک شارەبانی مەهاباد بوو، دەبوو مەهاباد بەجێ بێلێ. دیسان چەند ئەندامی کۆمەڵە بانگی حەمەدی مەولوودی دەکەن کە بچێ کاربەدەستانی ڕووس دەعوەت بکا. بە پێی لاپەڕەی ١٩٢ کتێبی "کورد بوون"، حەمەدی مەولوودی بە هاوکاری "سەعید بابی" کە زمانی ڕووسانی باش دەزانی و لای "عەبدوڵلایۆف" وەرگێڕ بوو، دەچنە لای ڕووسان و بانگهێشتنیان دەکەن. بەڵام ڕووسەکان میواندariان لێ قبووڵ ناکەن. ئەجار حەمەد مەولوودی بڕیار دەدا کە چەند سەر مەڕ و بزنیان بۆ بکرن و بۆیان بەرێ. کاتێک کە دەچێتە بەر دەرگای ڕووسان، قەرەوڵەکە ڕێگای نادا و تا کاغەیان پێ مۆر نەکا کە ئەو دیاریانەیان بە مەیلی خۆیان هێناوە، حەیوانەکان وەرناگرێ.

هەوڵ دان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی ڕووس لە کۆمەڵە، لە وتار و ڕاپۆرتەکانی کاربەدەستانی ڕووسیش دا بەدی دەکرێ. بە گوێرەی ئاڕشیوی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت و بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٨٤ ی کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" کۆمیساریۆڤ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٤٤ خۆی دا بۆ کاربەدەستانی ڕووس دەنووسێ: ... ئەم ڕێکخراوە بە هەموو توانای خۆیەوە دەیەوێت پشتیوانی و هاوکاریی ئێمە بۆخۆی بەدەست بێنێ. دەکرێ بڵێین زۆربەی سەرکردە کوردەکان کە باسی ″ سەربەخۆیی کوردستان″ دەکەن، دەڵێن ئەم سەربەخۆییە تەنیا بە یارمەتی سۆڤیەت بەدەست دێت و بۆ ئەم کارەش ئامادەیی هەموو چەشنە هاوکارییەکی یەکێتیی سۆڤیەتن و دەڵێن لە سیاسەتی کۆلۆنالیستی ئینگلیس تەنیا دەبێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەڕێی کۆیلایەتی کوردان بکرێت، بەڵام ئەم وتانە پێ دەچێت مەبەستێکی گڵاویان بە دواوە بێ، کوردان بە قازانجیانە ئێستا لەگەڵ ئێمە بە ئاشتی بژین، ئەوان دەیانەوێ خۆیان لە پشت ئێمە بشارنەوە، بەڵام هیچ کاتێک سەرکردە گەورەکانی کورد بە دڵسۆزییەوە لەگەڵ ئێمە نابن و تا سەر هاوکاریکردنیان لەگەڵ ئێمە نامێنێت. سەرکردە کوردەکان لەسەر کێشە سەرەکییەکان و قۆناخە گرنگەکان پتر کەین و بەینیان لەگەڵ ئینگلیسەکانە و سەربەخۆیی کوردستان لای ئەوان بەمانای بەش نەکردنی ئەو سەروەت و سامانەیە کە لە چەوساندنەوەدا بەدەست هاتووە، ئەوان دەیانەوێ ئەم سەروەت و سامانە بپارێزن و کەمتر لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بیر دەکەنەوە. بە قازانجی ئینگلیسەکانیشە کە کوردەکان بە دروشمی سەربەخۆیی کوردستان خۆیان بە ئێمەوە هەڵاوەسن و بەم چەشنە شک و گومان لەسەر خۆیان لابدەن. بۆیە ئەوان ئەمە بە باشتر دەزانن لەوەی کە خۆیان بشارنەوە، لەلایەکی ترەوە دەیانەوێ ئێرانییەکان بەم چەشنە دژی ئێمە هان بدەن، ئەم پرسیارە جێی سەرنجە و پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لەسەر بکرێت.

هەر لە چوارچێوەی چاوپێکەوتنی ئەندامانی کۆمەڵە و بەرپرسانی ڕووس، حەسەنۆڤ سەرکۆنسوولی ڕووس لە تەورێز بە ڕێکەوتی ٢٦ فیبروراری ١٩٤٤ (٢٦ ڕەشەمەی ١٣٢٢) دەنووسێ:

هاودەنگی کردنی ژ. ک و کوردەکان بۆ دانی ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێران بە سۆڤیەت، کە بە وتەی زەبیحی، پتەوبوونی پێوەندیی نێوان ئێران و سۆڤیەت، بەرز بوونەوەی پلەی فەرهەنگی گەلانی ئێران و دەستەبەر کردنی ئازادی بە دواوە دەبێ.

هەر لە درێژەی ئەو چاوپێکەوتنانەدا دا قاسماغای ئیلخانی زادە بە ڕێکەوتی ٩ ی سپتامبری ١٩٤٤(١٨ خرمانانی١٣٢٣) چۆتە لای حەسەنۆڤ و ناوبراو لەوبارەدا دەنووسێ:

ئێمە دەمانەوێ قوتابخانە و چاپەمەنیمان بە زمانی خۆمان هەبێت، بەڵام ئێمە بەبێ یارمەتی دەرەوە زەحمەتە بگەینە مەبەستی خۆمان. کوردەکان لەو باوەڕەدان کە دۆستی گەلانی بچووک لەوانەش گەلی کورد یەکێتی سۆڤیەتە. لەم ڕوانگەوە، ئێمە ئازادیی گەلی کوردمان لە یەکێتی سۆڤیەت دەوێت. بۆیە داوا لە کۆنسوڵی سۆڤیەت دەکەین، کە داواکارییەکانمان بگەیەنێتە دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت تا کوردان لەژێر باڵی خۆی بگرێت و بۆ ئازادکردنی کوردستان یارمەتیمان بدات.

حەسەنۆڤ لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ:

منیش لە وەڵامدا گوتم ئێستا یەکێتی سۆڤیەت لەشەڕ دایە و دەرفەتی لێکۆڵینەوەی ئەم پرسیارانەی نییە.

حەسەنۆڤ پاشان ئاماژە بە وەڵامی ئیلخانیزادە دەکات و دەڵێ:

ئیلخانیزادە وتی لەم بارەوە تێدەگات، بەڵام لەبەر ئەوەی کە شەڕ خەریکە کۆتایی پێ دێت و بەم زووانە وتووێژی ئاشتی دەست پێدەکات، دەیەوێ دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر دامەزران و مەبەستی ئەم ڕێکخراوەیە ئاگادار بکاتەوە. چونکە گەلی کورد هیوای بە یەکێتی سۆڤیەت هەیە. منیش وتم کە داواکارییەکەی دەگەیەنمە دەوڵەتی خۆمان.

حەسەنۆڤ لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەی دا دەڵێ لە وەڵامی پرسیاری مندا کە ئایا ئەو ڕێکخراوەی ئێوە چ بەرنامە و پرۆگرامێکی هەیە؟ ئیلخانی زادە وتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵێ و بەڵێنی پێدام کە بەرگێکی بەرنامەکەیانم بۆ بێنێت. ١٣ی سپتامبر بوو، دووهەم جار ئیلخانیزادە و ئەمجارەیان لەگەڵ عەبدوڵڕەحمانی زەبیحی هاتەوە لام. بەرگێک پرۆگرامی پارتییەکەی خۆیانی بە زمانی کوردی بۆ هێنام ( وەرگێڕاوە ڕووسیەکەی پێشکەش دەکرێت). زەبیحی وتەکانی ئیلخانیزادەی دووپات کردەوە و وتی: ژ. ک بە تەواوی ڕێکخراوێکی نهێنییە و تا ئێستا شەش ژمارە گۆڤاری "نیشتمان"ی دەکردووە، زەبیحی پێنج ژمارە لەم گۆڤارەی پێدام. نیشتمان لە تەواوی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئینگلیسەکان بڵاو کردنەوەی ئەم گۆڤارەیان لە عێراق یاساخ کردووە.

هەموو ئەو ڕاپۆرت و داوخوازیانەی کۆمەڵە ئاکامێکی نەبوو و لە پشتیوانی لاوەکی کاربەدەستانی ڕووس کە ئەویش بە هۆی پەیوەندی دۆستانە پێکهاتبوو تێنەپەڕی و تەنیا جاروبار دەوڵەتی ڕووس، کەسانی کۆمەڵە کە ناسیاویان لەگەڵیان هەبوو لە پەلاماری عەشایر دەپاراست. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٦٩ی دا ئاوا دەنووسێ: قەرەنیاغا زەبیحی گرت و هەڕەشەی کوشتنی لێکرد. ڕووس بەریان دا و هەڕەشەیان لە قەرەنیاغا کرد.

بەمشێوەیە دەوڵەتی ڕووس پشتیوانیان لە کۆمەڵە نەکرد و نامەی مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی شووڕەوی بە ژمارە ١٤٢م، بۆ سیمیرنۆڤ باڵوێزی شووڕەوی لە ئێران بە ڕێکەوتی ٣١ی ئاگۆستی ١٩٤٢دا سیاسەتی شووڕەوی لە ئاست کوردان بە تەواوی ئاشکرا کرد. ئەو بەڵگەیە لە لاپەرەی ٨٦ ی کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"ی حامید گەوهەری بە تەواوی هاتووە. لەو نامە دا هاتووە کە نابێ هێزەکانی ڕووس لەبەرانبەر بە هێزەکانی ئەرتەشی ئێراندا کە خوازیاری پێکهێنانی هێمنی لە ناوچەدان، بەربەست ساز بکەن و نابێ گرفت بۆ هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ نێو شاری ورمێ ساز بێ. لەو نامەیەدا، پەیوەندی گرتن بە کوردان بە کەین و بەین و دەست بە سمێڵ داهێنان و پشتیوانی کردن لەوان بە حیساب هاتووە و بە زیانی سیاسەتی ڕووس لێکدراوەتەوە. لە نامەکەدا نووسراوە کە کاربەدەستانی ڕووس کێشەی و ئاڵۆزی نێوان نەتەوەکانی ئێران بە تایبەت نێوان کورد و ئازەرییەکان کە بەرهەمی سیاسەتی ڕەزاشا بوو، نەدیتووە و دەنووسێ:

... ئەو هەوڵانە بە هەڵکەوت نیین و لەو جێیەوە سەرچاوە دەگرن کە کاربەدەستانمان، ڕیبەرانی کوردیان بە لایەنگری سوڤییەت بە حیساب هێناوە و ئەوانیان وەک ئەمەگناسترین و بە مەتمانەترین پاڵپشتی ئێمە لە ئازەربایجان قبووڵ کردوە.

لە نامەکەدا هاتووە کە پشتیوانی لە تاڵان و بڕۆ و ئەزیەت و ئازاری تورکان بە دەست کوردان بۆتە هۆی ناڕەحەتی و دووری بەشێک لە کەسایەتییەکانی ئێرانی و ئازەری و ئەو هەڵەیە بوتە پشتگری دەوڵەتی تورک لە ئازەرییەکان و دانی چەک بە ئەوان. لە ڕاپۆرتەدا هەڵوێستی دژایەتی لە گەڵ کورد، دەگاتە ئەو ڕادەیە کە خەباتی کورد بۆ خودموختاری و سەربەخۆیی بە "دیفاعێکی کۆنەپەرەستانە لە دەرەبەگی جیاوازیخوازی کورد دژ بە سیاسەتی سانتڕالیزم لە ئێراندا" بە حیساب بێ کە بیانوویەکە بۆ دەستتێوەردانی سیاسەتی ئینگلیز و تورک. لە نامەکە دا بە ڕاشکاوی هاتووە کە دووری لە کوردان بکری و تەنیا بۆ بەرژەوەندی و قازانجی ڕووس پەیوەندیان پێوە بگیرێ دەنا دەبێ پشتی تورکانی خۆجێیی بگیرێ کە پەیوەندی نیزیکیان لەگەڵ ڕووس هەیە و هەمووکات هێزی بزوتنەوەی دێموکراتیکی ئێران بوون. شابەیتی ئەو بۆچوونە لە کۆتایی نامەدا بەمشێوەیە هاتووە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

... دەبێ دان بەوە دا بنیین کە پشتیوانی کردن و یارمەتی دان بە کوردان لە پێناو هەوڵ تیکۆشانیان بۆ وەدیهێنانی خودموختاری و دامەزرانی کوردستانێکی ئازاد دروست نییە. چونکە لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا، ئەوە داوایەکی بێ بناخە و دواکەوتوانەیە.

بەڵگەی زۆر بە دەستەوەیە کە باس لە بەرێوەچوونی دوو بۆچوونی سیاسی دەوڵەتی ڕووس لە ئێران دا دەکرێ. یەکەم ڕوانگەی وەزارەتی دەرەوە کە لەو نامەیە دا هاتووە و مۆلۆتف نوێنەرایەتی دەکرد و ئەوی دیکەش سیاسەتی باقرۆف بوو. لە ناتەبایی ئەو بۆچوونانەدا، سیاسەتێ ڕووس لە سەر کوردستان نادیارە و وەک لە ئاڕشیوی وەزارەتی دەرەوەدا هاتووە کە "کۆمیسارێوف" دەنووسێ:

بەچاوخشاندنێکی خێرا بە مهابادا بەو ئاکامە دەگەی، کە ئەم ناوچەیە بایەخێکی زۆری هەیە. لە خۆوە نییە کە ئینگلیسەکان و ئێرانییەکان بایەخی زۆری پێ دەدەن، ئێمە زۆر کەم هاتووچۆی ئەو ناوچەیە دەکەین و فەرمانبەری پێویستمان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکردووە، ئێمە نە تەنیا ناتوانین دەورێکمان لەوێ هەبێت، بەڵکو ناشتوانین ئاگادری ڕووداوەکانی ئەوێ بین.

هەر لەو چوارچێوەیەدا "حەسەنۆف" سەر کۆنسوولی ڕووس لە تەورێز لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی ژ.ک دا دەنووسێ: ئەرکی ئێمە لەبەرانبەر ئەو پاڕتییە دەبێ ئەوە بێت کە بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین.

بە گشتی کۆمەڵە لە لای ڕووسان نامۆ بوو و هاوکاریان نەکرد. ئایا ئەو بە هێند نەگرتنە بە هۆی پەیوەندی کۆمەڵە بە حیزبی "هیوا" یەوە بوو یان ئەوە بوو کە ڕووسەکان بەرژەوەندی خۆیان لە ڕێکخراوێکی ڕووناکبیری ئەوتۆ دا نەدەدیت. یان ئیستراتێژی دەوڵەتی ڕووس شتی دیکە بوو و کورد لە بواری سیاسی ژێئۆپۆلیتیکی نەدەکەوتە نێو ئەو بازنەیە. بە بڕوای ئیگلتۆن تەواوی هەوڵەکانی شووڕەوی گەیشتن بە خەلیجی فارس بوو و لە لاپەڕەی ١١٤ی کۆماری کورددا دەنووسێ:

سیاسەتی شووڕەوی لە کوردستانی وەکوو ئاو هەردەمەی بە شکڵێک بوو، هەروەکوو زەمانێک باس لە خودموختاری کوردان دەهاتە گۆڕێ و کۆمەڵە لەگەڵ گەورەکانی وان قسەی دەکرد چوونییەتی بیروڕای وان لەبابەت ئەو مەسەلەوە هەرگیز ڕووناک و ئاشکرا نەبوو.

سەرنەگرتنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان کورد و ڕووس لێکدانەوەی سەیر و سەمەری لێکەوتەوە. مەلا قادری مودەڕەسی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ڕووسەکان لە کۆمەڵە نەگەیشتن و هەوڵیان دا کە دەستی تێوەربدەن و بیگۆڕن و لەسەر گوڕانی کۆمەڵە بە دێموکرات لە لاپەڕەی ١٧ی کتێبی ژ. ک چ بوو... دەنووسێ:

ورده ورده کاریان بە ئینسانە لێهاتووەکانی کومیتەی ناوەندی دەسپارد، کە لە جەرگەی کارەکە دوور بکەوێتەوە. مەسەلەن ئەمنیان کردە مەسئوولی چاپخانەی کوردستان. ئەگەرچی ئەوە کارێکی زۆر گرینگ بوو بەڵام هەرچی بێ ئەمنی لە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی ژێ. کاف و پلەی تەسمیم گیری دوور دەخستەوە. بەو چەشنە یەک یەک کارزان وەلادەندران و کار نەزان و گوێلەمست جێگەی وانیان دەگرتەوە.

مەلا قادر بۆخۆی لە سەر کەموکوڕی وتەکانی دا لە لاپەڕەی ١٨ی کتێبی"ژی.کاف چی بوو" قسەکانی خۆی ڕەد دەکاتەوە و دەڵێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمن بەو تەمەن و نەساغیی و نارەحەتی فیکری و ڕوحییەی کە هەمە، بەو هەموو گیروگرفتانەی کە لە ژیانمدا بۆم هاتوتە پێش، ئەوجار هیچ چەشنە سەنەد و بەڵگەیەکیش کە لەوکات و زەمانییەوە بە دەستەوە نەماوە. هەر ئەوانەم لە بیر ماوە کە پێمکووتی ڕاگرتن و نووسینی وانەش خۆی خزمەتێکی گەورەیە.

لەو ڕاپۆرتانەی کە ئاراستەی کاربەدەستانی ڕووس کراوە ئەوەی زۆر کەس پێی تورەیە دانی لیستەی ئەندامانی کۆمەڵە و ناساندنی کەسایەتی ئەوان بە ڕووسییە بوو. محەممەدی شاپەسەند لە لاپەرەی ٤٧ی بیرەوەرییەکانی دا باس لە کاریگەری ڕووس لەسەر زەبیحی دەکا و هەڵسوکەوتی ئەو لەمەر وشەکانی، نقابی سوور، شەڕابی سوور و وەتاغی سوور کە مەبست شووڕەوییە و دانی لیستەی ئەندامانی کۆمەڵە بە هەڵە و ساکاری و کەم ئەزموونی بە حیساب دێنێ.

حامیدی گەوهەری لە لاپەڕەی ٩١ دا دەنووسێ کە دوای کۆبوونەوەی قەڵای سارم (٢٢ ی گوڵانی ١٣٢٢)، کۆمەڵە پەیوەندی لە گەڵ ڕووس دامەزراند و دەڵێ کە ئەو شێوە پەیوەندییە چەوتە تا هەڵوەشانی کۆمەڵە و دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران درێژە هەبووە.

لەو قۆناغەدا پەیوەندی ڕووس و کورد، لە هەڵس و کەوتی مەئموورانی ئەمنی ڕووس لە کوردستان و لە ئازەربایجان دا دەردەکەوێ. دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١٢٧ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە مەئموورانی جۆراجۆری ک.گ.ب و چکای پێشووی ڕووس لە نێو خەڵک دا بڵاو ببوونەوە و ئیوا هەبوو بە ئاشکرا کاری دەکرد و شانازیان بە ئەرکەکەی دەکرد. ئەفسەرانی ڕووس هاتووچۆی ئەو ماڵانەیان دەکرد و ئەوان لە خزمەتیان دابوون و بە پشتیوانی ئەوان بێ ترس، کاری قاچاغی و چەک کرین و شتومەک فرۆشییان دەکرد. ئەوان قەولیان بە خەڵک دەدا کە دوای ڕووخانی ئاڵمان کاریان بۆ بکەن. دوکتور ئاسۆ لە درێژەدا باسی نماز عەلییۆف کە ئەفسەرێکی دەزگای پێشووی "چکا"ی ئازەری خەڵکی باکۆ بوو و مەقەڕەکەی لە میاندواو بوو، دەکا و دەنووسێ کە جەنایەت نەما نەیکا و بە یەک ئیشارەی ئەو هەر کەس با سەری تێدا دەچوو. هەموو کەس لێی دەترسا و هەرکات بە تورەیی لەگەڵ کەسێک قسەی کرد با، واویلا بوو و ئەوکەسە ماڵوێران دەبوو. دوکتور ئاسۆ هەر لەوبارەوە دەنووسێ:

یەکەم کردەوەی تێرۆریستی لە بەهاری ساڵی ١٣٢٢ لە یەکیک لە کۆڵانەکانی شەقامی پەهلەوی لە گەڕەکی هەرمەنییەکان لای میوانخانەی خوسرەوی ڕووی دا. قازی زادە بەرپرسی ئیدارەی ئامار تێرۆڕ کرا. ئەو دوو ژنی هەبوو، لە شەودا چەند چەکدار لە دیواری ماڵەکەی وەسەر کەوتن و لە باوەشی ژنەکەی دا کوشتیان و بێ ترس کەلوپەلی ماڵیان کۆ کردەوە و بردیان.

بە پێی کتێبی "اسرار محکمه قازی محمد و یارانش" ڕێکەوتی ١٣٢٢/٨/١٩ شەوی ٢٤ی مانگی ڕەزبەر، نیزیک بە ١٥ کەس هێرشیان کردە سەر ماڵە قازی زادە بەرپرسی تازەی ئامار و بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتیان. ڕۆژی ٢٥ی ڕەزبەر بنەماڵەی قازی زادە بە هۆی قازی محەممەد کە یەکێک لە بەدەستەڵاتترین کەسەکانی مەهابادە ڕەوانە ورمێ کران.

دوکتور ئاسۆ هەروەها دەنووسی کە هەموو کەس پێیوابوو ئەو کارە بە فەرمانی نماز عەلییۆڤ کراوە و مەبەست لەو کارە ترساندنی مەئموورانی ئاسایی دەوڵەت بوو.

حەسەنی قازی لە سایتی ئینتێرنێتی دا لەسەر کاپیتان نەماز عەلییێف دەنووسێ: کاپیتان نەماز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەلییێڤ یەک لەو ئەفسەرانەی ئازەربایجانی شووڕەوی بوو کە لە کاتی داگیر کردنی ئازەربایجانی ئێران لە لایەن ئەرتەشی سوورەوە ناردرا ئەوێ. ویلیام ئیگلتن ی کوڕ لە مەڕ وی دەنووسێ:

" لە میاندواو کاربەدەستی سیاسی شووڕەوی کەسێک بوو بە نێوی کاپیتان نەماز عەلییێڤ، تەمەنی نزیک ٣٥ ساڵ دەبوو، و ترکێکی ئازەربایجانی بوو. کابرایەکی کەمدوێ بوو و لەچاو کاربەدەستە کانی دیکەی شووڕەوی کە پێوەندییان لە گەڵ کوردەکان هەبوو، لەنێو ئەواندا کەمتر خۆشەویست بوو، ئەگەرچی ئەو لە میاندواو دامەزرابوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە کاتی خۆی لە مهاباد بە سەر دەبرد...

رووسەکان ئاگاداری ویستی گەلی کورد و چاوەڕوانی ئەوان لە ڕووسان بوون. هاشمۆڤ سەرکۆنسوولی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ڕەزاییە(ورمێ) لە یەکێک لە یادداشتەکانی دا باسی سەفەری مەهاباد دەکا و دەنووسێ: ... کوردەکان وا تێگەیشتوون تەنیا یەکیەتی سۆڤیەت یارمەتیان دەدا لە خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی. لەم بارەیەوە نموونەیەکی هێناوە کە ماوەیەک لەمەوبەر شانۆیەک لە مەهاباد نمایش کراوە (مەبەستی شانۆی "دایکی نیشتمان"ە) ناوەرۆکەکەی بەم چەشنە بووە: کوردستان لە سیمای ژنێکی دیلدا خراوەتە ڕوو بە زنجیر بەستراوەتەوەو لاوێکی کورد بەرگێکی سووری پۆشیوە - دەبێ نیشانە بێت بە یەکیەتی سۆڤێت بە چەقۆ ئەو پەت و زنجیرە دەپچڕێنێت ...

سەرەڕای هەمووی ئەوانە سیاسەتی فەرمی دەوڵەتی شووڕەوی هەم بە کردوە و هەم بە نووسراوە لە پەیوەندی لە گەڵ کۆمەڵە دا هەوڵ دان بۆ واز هێنانی کۆمەڵە لە سەربەخۆیی و داشکان بە لای ئێران دا بوو. بە گوێرەی ئارشیوی وەزارەتی دەرەوە ڕووسیەی فیدراتیو، کۆنسوولی سۆڤییەت لە ورمی لە ساڵی ١٩٤٥دا بە ئیمزای هاشمۆڤ و عەلی ئەکبەرۆڤ دەنووسێ:

بە دەستووری مۆسکۆ ئێمە لە مانگی جونییەوە پێوەندی خۆمان لەگەڵ پارتی ژێکاف گۆڕیوە و لە دیدارەکانماندا لەگەڵ ناسراوەکانی کورد بە پارێزەوە تێمانگەیاندوون، کە بیروباوەڕی " سەربەخۆی کوردستان" واقعگەرایانە نییە و پتر دوژمنانی گەلی کورد پشتیوانیی لێ دەکەن و هەر ئەوانیش کەمتر لە هەموو لایەک بیر لە ئازادی و سەربەخۆیی ڕاستەقینەی گەلی کورد دەکەنەوە، بە مەبەستی باشتر کردنی ژیانی گەلی کورد، ئێمە بە ئەندامانی پێشکەوتووخوازی پارت ژێکاف پێشنیار دەکەین، بۆ مافی یەکسانیی کورد لە چوارچێوەی یاسای ئێراندا لەسەر بنچینەی دیموکراتییانەی وڵات هەوڵ بدەن. کوردەکانیش گەلێک جار لەلایەن سەرکردەکانی ژ. ک درۆیان لەگەڵ کراوە و ژێکاف بەرە بەرە لەبەر چاوی خەڵک دەکەوێ.

ئەوە سیاسەتی فەرمی دەوڵەتی ڕووس بوو و ئەو زلهێزە بە هیچ شێوەیەک ملی بۆ هاوکاریی پتەو لەگەڵ کۆمەڵە ڕانەکێشا. شاپەسەند لە لاپەڕەی ٣٥ ی کتێبی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ دوای چاپی ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمانی (٧،٨،٩) کە بە هۆی دواکەوتن بە سەر یەکەوە چاپ کرا، زەبیحی بە نائومێدی لە ڕووسان گەڕاوە بۆ مەهاباد. پێش گەڕانەوە نامەیەک بە زمانی کوردی و تورکی بۆ بیریا وەزیری دەرەوەی ڕووسیا (دەبێ بە هەڵە چوو بێ مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوە بوو) نارد. ئەو نامە نەگەیشتە دەستی وەزیری دەرەوە بوو بە هۆی تورە بوونی باقرۆڤ.

شاپەسەند لە درێژەدا دەنووسێ کە ئەوکارە بوو بە هۆی ئەوە کە زەبیحی لە کاری پەیوەندی فەرمی دیپلۆماسی کورد و کۆنسوولی ڕووس بکشێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به دوای ئەندامەتی قازی محەممەد لە کۆمەڵەدا، پەیوەندی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ ڕووسان بە هێزتر بوو. کاربەدەستانی ڕووس پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ قازی هەبوو و داییم مەئموورانی ڕووس لەلای ئەو میوان دەبوون. پێشەوا بۆ ئیدارەی وڵات کەڵکی زۆری لەوان وەرگرت. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٦٩ دا لەو بارەوە دەنووسێ: قازی کە ماڵەکەی قۆناغی میوانانی ڕووس بوو توانی نێوان حیزب(کۆمەڵە) و ڕووسان خۆشتر کا و دەمانتوانی بە ڕاشکاوی تر کار بکەین.

لە کۆتایی دا لەسەر گرفتەکانی کۆمەڵە دەبێ بگوترێ دوای سێ ساڵ تیپەڕبوون بە سەر تەشکیلاتی داخراوە و نهێنی کۆمەڵە دا، دەرکەوت کە ئەو ڕێکخراوەیە، وڵامدەری گۆڕانکاریکانی سەردەم نییە. بیری تۆخی نەتەوایەتی و قەتیس مانەوە لە بەستێنی تەشکیلاتی نهێنی دا، سەرکەوتنی ئەو ڕێکخراوەیەی بەربەست کرد و لە لایەن هێزە دێموکراتیکەکان پشتیوانی و پشتگیری لێ نەکرا و کۆمەڵە و نەیتوانی لەو هەلومەرجە گرینگە دا کارێک بکا و پەرە بە توانایەکانی بدا و بگاتە ئاستێک کە وڵامدەری ئەو هەلومەرجە بێ.

سەرەڕای ئازادبوونی ناوچە، شێوەی ڕێبەرایەتی کۆمەڵە نهێنی بوو و زۆربەی ڕێبەرانی کۆمەڵە، وەک کەسایەتی سەربەخۆ بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان دەکرد. ئەو وەزعییەتە و بیروباوەڕ و دژایەتی لەگەڵ عەشایری بەدەستەڵات، ڕواڵەتێکی نائاسایی لە بەڕیوەبەرایەتی کۆمەڵەدا پێکهێنا و کارایی ڕێبەرانی کۆمەڵەی لە کۆمەڵگادا لاواز کرد. هەمووی ئەو کەم و کوڕی و گیروگرفتانە، چەشنێک ناڕێکی و ناتەبایی لە کاروتێکۆشانی کۆمەڵەدا پێکهێنا کە ڕێبەرایەتی دەخستە ژێر پرسیارەوە.

ئەیوب ئەیوب زادە لە سەر گرفت و کێشەی ڕێبەریی کۆمەڵەی ژ- ک دا، لە سایتی ئینتیرنێتی دا دەنووسێ: گرفتی هەرە گەورەی ژێکاف لەو قۆناغەدا (تا پێش چوونی پێشەوا بۆ ڕیزی ژێکاف) نەبوونی ڕێبەرێکی ئەوتۆ بوو کە بتوانێ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری کە نوقمی لێک دابڕان و دووبەرەکی بوون، لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە. دیارە ئەوە هەر بە تەنیا گرفتی ژێکاف نەبوو، بەڵکوو حیزبی هیوا (کە دەستە خوشکی هەرە نزیکی ژێکاف بوو) ئەویشی دەگرتەوە.

ئەیوب ئەیوبزادە لەوبارەوە ئاماژە بە نووسینی جەماڵ نەبەز دەکا کە لە لاپەڕەی ١٩ی گۆڤاری نیشتیمان دا چاپ بووە و دەنووسێ:

هەر لەبەر ئەوەش بوو کە "کۆمەڵەی هیوا" لە ساڵی ١٩٣٩دا لەلایەن قوتابیانی کوردەوە دروست بوو و ساڵێکی ڕەبەق بێ سەرکردە مایەوە، چونکە دامەزرێنەرەکانی هیچیان لە خۆیان ڕانەدەدی ببنە سەرکردەی. مامۆستا ڕەفیق حیلمی کە یەکێک بوو لە پێڕەوانی سەرکردە کلاسیکییەکانی کورد و کۆنە یارمەتیدەری شیخ مەحموود بوو، ... ڕازی بوو ببێتە سەرکردەی "کۆمەڵەی هیوا.

لە درێژەدا ئەیوب ئەیوبزادە ئاماژە بە لاپەڕەی ١٩ی بیری نەتەوەیی کوردی لە نووسینی جەماڵ نەبز دەکا و دەنووسێ:

نووری شاویس (١٩٢٢-١٩٨٣/١١/١٠) کە یەکێک بوو لە گەنجە ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکانی ئەو دەمەو تا کۆچی دوایی لە گەلێک کۆمەڵە و حیزبی سیاسی کوردی وەک "کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان" و "کۆمەڵەی دارکەر" و "کۆمەڵەی هیوا" و "پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق" و "پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان" دا ئەندام بوو. لە هیندێکیشیان دەوری سەرکردایەتی هەبوو، لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیرەوەری‌نامەیەکدا ... وەک یەکێک لە دامەزرێنەانی کۆمەڵەی هیوا دەبێژێ: دەستەیەکی نێوەندیمان بۆ کۆمەڵە دروست کرد، بێ ئەوەی هیچ سەرۆکێک دابنێین بۆخۆمان، چونکە هیچ کامێکمان ئەو دەسەڵات و لێوەشاوەییەی لە خۆیدا نەدەدی کە ببێتە سەرکردەی کۆمەڵە، لەبەر ئەوە لێژنەیەکی سەرکردەیەتیمان دانا. هەر لەویدا شاوێس باسی ئەوە دەکات کە چۆن لەساڵی ١٩٤٠ دا مامۆستا ڕەفیق حیلمی‌یان دۆزیەوتەوە بۆ سەرۆکایەتیی هیوا، لە کاتێکدا کە مامۆستای بەهەشتی خۆی دامەزرێنەر و ئەندامی "هیوا" نەبووە، بەڵام لەبەر قورسایی کەسایەتییەکەی کە کەسایەتییەکی کلاسیکانە بوو، کردوویانە بە سەرۆک...

لە سەر ئەوەی کە بۆ ئەوکات چ کەسایەتێک بۆ ڕێبەری ڕێکخراوی کورد پێویست بوو، ئەیوب ئەیوبزادە لەو سەرچاوەدا دەنووسێ:

لەو ساتەوەختە ئاستەم و چارەنووسسازەدا کۆمەڵگای کوردەواری نەتەنیا پێویستی بە کەسایەتێکی وا بوو کۆتایی بە لێکدابڕان و دوژمنایەتیی نێو خێڵ و عەشیرەتەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێنێ، بەڵکوو پێویستی بە ڕێبەرێکی نەتەوەیی ئەوتۆش هەبوو کە یەکیەتییەکی ڕۆحی و فیکری لەنێو ئەندامانی نەتەوەکەی دا بەهێز بکا و خۆناسین و هوشیاریی نەتەوەیی مرۆڤی کورد بۆ بەدەستەوە گرتنی چەرخی چارەنووسی بە پلەو ئاستی پێویست بگەیەنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ١٢
## قازی محەممەد بوو بە ڕەهبەری کۆمەڵە

بەر لە بوونی قازی محەممەد بە ئەندامی کۆمەڵە، پەیوەندیی و هامووشۆ و چاوپێکەوتن و دیالۆگ لە نێوان ئەو و ئەندامانی کۆمەڵە دا هەبووە، بەڵام لە نێوان ئەوان دا ئاماژە بە کاری سیاسی نەکراوە و هیچ کام لە ئەندامانی کۆمەڵە باسی بیرەوەرییەک یان چاوپێکەوتن یان سەردانێک ناکەن و تەنیا لە سەفەری "کۆمیساریۆڤ" کۆنسوولی سۆڤییەت بۆ مەهاباد و چاوپێکەوتنی لەگەڵ مستەفا سوڵتانیان لە ٢٨ ژانوییەی ١٩٤٤ (٨ ی ڕێبەندانی ١٣٢٢) دا ناوبراو، لەمەڕ قازی محەممەد دەڵێ: قازی محەمەد سیاسەتێکی ناڕوونی گرتۆتەبەر، یارمەتی کۆمەڵەی ژێکاف دەدات، هەر لەوکاتیش دا لەگەڵ ئێرانییەکان دا هاوکاری دەکات، بۆ ڕاکێشانی کوردەکان بۆ لای ئەو دەوڵەتە.

هەروەها عەبدولڕەحمانی زەبیحی بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ کۆنسوولی سۆڤیەت لە تەورێز ڕۆژی ١٣٢٣/٧/١١- ١٩٤٤/١٠/٣ لە نامەیەکیدا بۆ حەسەنۆڤ، بە گومانەوە باسی سەفەری قازی محەممەد بۆ تاران دەکا و دەنوسێ:

کۆمەڵەی ژ. ک

ئیدارەی ناوەندی

١١ ڕەزبەری ١٣٢٣- ١٩٤٤/١٠/٢

بژی کورد و کوردستانی گەورە

گەشتی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ گفتوگۆ کە ئامانجیان بۆ ئێمە ڕوون نییە

بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە مهابادەوە، سەرۆک عەشیرەتەکانی وەک "قەرەنی ئاغای مامەش، عەوڵاغای مەنگوڕ، بایزئاغای گەورک و قازی محەمەد" دەچنە ورمێ و لەوێوە دەچنە تاران.

مودیری بەشی مطبوعات

عەبدولرەحمانی زەبیحی

قازی محەمەد لە دنیای هاڵۆزی عەشایری ئەوکات دا، لە حاست پاراستنی شاری مهاباد، خۆی بە بەرپرس دەزانی و لەگەڵ بیری بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژ.ک کە هەر نەهێنی بوون و لە فکری ڕێکخراوکەیان دابوون نەدەگونجا. قازی بەرپرسایەتی گەورەی هەبوو و بە دۆستایەتی کردن لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان هەوڵی پاراستنو ئارامی ناوچەکەی دەدا. ویلیام ئیگڵتن لە لاپەڕەی ٧٨ ی کتێبەکەیدا دەڵێت:

بە تەنیا لە ئەنجامی شەخسییەت و حورمەت و خۆشەویستی قازی محەمەددا بوو کە پشێوی و ناکۆکی لە مهاباد وەبەرچاو نەکەوت.

لە لایەکی دیکە قازی محەممەد کە ڕۆئیا و ئامانجی بەرزی هەبوو، تەنیا بە توانایی کەسایەتی خۆی و هێندێک لایەنگر و هێزی بچووکی بنەماڵەی، بە مەبەست نەدەگەیشت و دەرۆستی ئەو وەزعە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدەهات و بە ئامانجەکانی نەدەگەیی. لە کۆمەڵگای عەشایری ئەوکاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا، هەم وەلانان و لە پەڕاوێز خستنی پێکهاتەی عەشایر کارێکی دژوار و هەم پشت بەستن بە ئەوان کارێکی چەتوون بوو. ئەو کێشەیە بۆ کۆمەڵەش لە ئارا دابوو و ئەو ڕێکخراویە وەک نوێنەری ڕوناکبیری شار نەیدەتوانی بێ ڕەچاوگرتنی پەیوەندیە هاڵۆزییەکانی عەشیرەیی، لە هەڵگرتنی پەیامێکی نەتەوەیی دا سەرکەوتو بێ.

بۆیە هەم ڕێکخراوی کۆمەڵە ئەگەر ویستبای کارێک بکا پێویستی بە کەسایەتییەکی خۆش نێو و کارامە و لێهاتووی وەک قازی محەممەد هەبوو، هەم قازی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامانجەکانی دەبوو کەڵک لە تەشکیلاتی کۆمەلە وەرگرێ. قازی محەممەد و کۆمەڵەی ژێکاف هەردوو یەک مەبەستیان هەبوو بۆیە یەکیتی و یەکگرتوویی بۆ هەر دوو لا پێویستێکی مێژوویی بوو. ڕاستی ئەو بۆچوونە لە قسەکانی مامۆستا هەژار دەردەکەوێ و لەو پەیوەندییەدا لە لاپەڕەی ٦٩ی چێشتی مجێور دا لە سەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵەی ژ- ک لە گەڵ پێشەوا دەنووسێ:

پێمان خۆش بوو قازی ببێتە هاوکارمان، بەڵام ئەو ئێمەی بە هیچ نەدەزانی و بە لایەوە کەمایەسی بوو دەگەڵ چەند ڕەش و ڕووتێکی بێ ناوو نیشان زرمە زلیتانی بکا. ئێمەش هەستمان دەکرد کە عەشایر و خەڵکی دیکەی سەرناس چەتوونە هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل و شیاوی حورمەت گرتنە بێنە گەڵمان و هیچ کەسی پایەبەرز بە حوسێنی ڕازی نەدەبوو. بەڵام قازی چۆن چار بکەین؟ ڕامان دەسپارد ئەندامان و لاگرانمان کە لە کۆبوونەوە بۆ وتاری قازی بتەکنەوە. تا وای لێهات قازی خۆی هەستی بەوە کردبوو حیزب بە هێزە و گاڵتەی پێ ناکرێ. ئەوسا داوامان لێکرد کە بێتە حیزبەوە. قبووڵی کرد و زۆر زوو بریار درا قازی سەرۆکی کۆمەڵە بێ. ئیتر زۆر لە ئاغا و و پیاوماقوڵان کە بچوکیی قازیان پێ شەرم نەبوو هاتنە یاریمان و هاتنە ناو حیزبەوە. قازی کە ماڵەکەی قۆناغی میوانانی ڕوس بوو، توانی نێوان حیزب و ڕوسان خۆشتر کا و دەمانتوانی بە ڕاشکاوانەتر کار بکەین.

لەسەر بوونی قازی محەممەد بە ئەندامی کۆمەڵە بۆچوونی جۆراجۆر هەیە. دوکتور شیرازی کە نووسینەکانی جێگای گومانن، لە لاپەڕەی ١٠٢ی بیرەوەرییەکانی دا لەبارەی کۆمەڵەدا دەنووسێ کە هێشتا ڕادەی ئەندامان لە سەروی بیست و چەند کەس تێپەڕی بوو کە لە کۆبوونەوی حەوتوانەی ساڵی ١٣٢٢ دا، دوو جار بوونی قازی محەممەد بە ئەندامی کۆمەڵە پێشنیار کرا و لە سەری شەو تا بەیانی قسەی لەسەر کرا، بەڵام پەسەند نەکرا. شیرازی دەنووسێ کە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵە دا، حوسێنی فروهەر زیاتر لە هەمووان دژی هاتنی قازی بۆ نێو کۆمەڵە بوو.

سەعید هومایون لە ژمارەی ١١ی گۆڤاری ڕۆانگەدا لەسەر بە ئەندام بوون پێشەوا بە کۆمەڵەی ژ- ک دەنووسێ:

پێشەوا لە مالی ئەحمەدی ئیلاهی بە ڕەسمی بوو بە ئەندام و نێوی نهێنی "بینایی"یان بۆ دانا و هەروەک لە دەرەوە ڕێبەری خەڵک بوو، لە ناو کۆمەڵەش دا بوو بە سەرۆک.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ١٠٩ دا دەنووسێ:

بەم پێیە بەر لە چوونی سازمانی جەوانانی کورد بۆ نێو کۆمەڵە لە خەزەڵوەری ١٣٢٣- ١٩٤٤ دا، ڕیبەرایەتی کۆمەڵە داوای ئەندامەتی لە قازی محەممەد کردووە و لە کۆتایی ئۆکتۆبر و سەرەتای نوامبری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٩٤٤ دا سەرۆکایەتی کۆمەڵەی پێ ئەسپاردووە.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٩٠ دا باس لەوە دەکا کە کۆمەڵە سەرۆکی نەبوو و لەسەر بە ئەندام بوونی قازی محەممەد لە لاپەڕەی ١٠٦ دا، دەڵێ کە لەو دوو ساڵەدا کە کۆمەڵە خۆی گرت بوو، پرسیارێک هاتبووە پێش و دەنووسێ:

ئەویش ئەوە بوو کە ڕێبەری شاری مەهاباد، قازی محەمەد پێویستە پرسیاری لێبکرێ کە ئایا قەبووڵی ئەندامەتی دەکات یان نا؟ دەستەیەک لە ئەندامەکانی کومیتەی ناوەندی دژی هاتنی قازی بۆ ناو کۆمەڵەبوون. چۆن ئەوان پێشبینیان کرد بوو کە هێزی مروڤایەتی وی لە ناو خەڵک زۆر زیادە و تەواوی تەشکیلاتی وەبنە خۆی دەدات. چەند کەسی دیش هەرکام بە دەلیلێک بەرهەڵەستی ئەوە دەبوون کە قازی ببێتە ئەندامی کۆمەڵە.

باوجوودی ئەوەش دەیاندیت کە کەسێک نێ تا چاوەدێری بەڕێوەچوونی یاساکانی حیزب بکات. ئاخری زۆریان بە پێویست زانی کە لەگەڵی وتووێژ بکەن. جا ڕۆژێک لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩ قازی بۆ ماڵی ئەحمەدی ئیلاهی بانگهێشتن کرا. لەحاڵێکدا نیزیک بیست و چوار کەس لە ئەندامەکانی کۆمەڵە لەوێ بوون، ئەڵبەت ١٠ نەفەریان زۆر جێگەی بڕوا نەوبوون. مەبەستەکەیان لە نێو هەموو دانیشتووەکان دا بڵاو نەکردەوە و بڕیار درا کە دووکەس، قاسم قادری و قادر مودەرەسی، لە وەتاغێکی جیا لەگەڵ قازی قسە بکەن و لێیان بوێت کە ئەویش تیکەڵی کۆمەڵە ببێت. ئەگەر نەیسەلماند هەر لەو وەتاغی ڕا بڕوات، ئەگەر قبووڵیشی کرد بێتەوە وەتاغەکەی هەوەڵێ و لای ئەندامەکان دانیشێ و سوێند بخوات. قازی دوودڵی نەکرد و سەلماندی. لە پاشان ئەگەرچی هەرگیز بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵنەبژێردرا هەمیشە ڕێنیشاندەر و دەنگی حیزب بوو.

لە لاپەڕەی ١٣٢ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" بە نەقڵ لە جەلالیپوور هاتووە کە قادری مودەرسی و قاسمی قادری لە ئەندامنی کۆمەڵە لەسەر ئەندامەتی و بەدەستەوە گرتنی ڕێبەری کۆمەڵە قسەیان لەگەڵ قازی محەممەد کرد بەڵام ئەو ڕایگەیاند کە بە ڕەسمی نابێ بە ئەندامی کۆمەڵە بەڵام بۆ یارمەتی کردن بە کۆمەڵە هەموو کارێک دەکا.

لە لاپەڕەی ١٣٤ کتێبی کتێبی "ئینکار و مقاومەت" بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٤٠٨ کتێبی مەک داوڵ دا هاتووە: لە ئاوریلی ١٩٤٤ قازی محەممەد بە فەرمی بوو سەرۆکی کۆمەڵە.

بە پێی لاپەرەی ٣٢ ی کتێبی ئاڵەکۆک، دوو ساڵ دوای دامەزرانی کۆمەڵە واتا ساڵی ١٣٢٣ قازی محەممەد بە ئەندامی کۆمەڵە وەرگیرا و بوو بە سەرۆکی کۆمەڵە.

عەلی مرادی مەراغەیی لە لاپەڕەی ١٤٧ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" بە نەقل نەوشیروان مستەفا دەنووسێ: ئەندامەتی قازی محەممەد کۆمەڵەی بە هێز کرد بەڵام زۆری نەکێشا قازی بە کردەوە بوو بە ڕێبەری کۆمەڵە و دەستەڵاتی تەواوی بەدەستەوە گرت.

بێشک وەرگرتنی قازی محەممەد بە ئەندامی کۆمەڵە، بۆتە مایەی نیگەرانی کەسانێک ئەو مەترسییە بۆ هێندێک پێک هاتوو کە جڵەوی کارەکانیان لە دەست دەربچێ بەڵام هیچ بەڵگە یان دوکۆمێنتێک لە دەربڕینی هەرچەشنە گلەیی و گازەندە لە هیچ کام لە ئەندامانی کۆمەلە بەدی نەکراوە. محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٢٥ی بیرەوەرییەکانی دا دەڵی کە دەنگۆ هەبوو کە قازی محەممەد داوای کردووە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که بێته ڕیزی کۆمەڵە بەڵام وادیار بوو کە زەبیحی و چەند برادەرێکی کۆمەڵە دوو دڵ بوون و نەیانەویست جڵەوی سەرکردایەتی کۆمەڵە بکەوێتە مەترسییەوە و چارەنووسی گەلی کورد بە دوارۆژی ئازەربایجانی قەفقاسەوە ببەسترێتەوە. لە لایەکی تر هێندێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە هەوڵیان دا تا بزوتنەوەی کوردستانی ئێران وەک شۆڕشی شەمزینان بێ و لە ژێر ڕێبەریی ئەوان دابێ. بەڵام بەشی زۆری ئەندامانی ڕێبەریی کۆمەڵە، قازی محەممەدیان بە ڕێبەری شیاوی کۆمەڵە دەزانی. ئەوان بەڵگەیان ئەوە بوو کە قازی بە کردەوە ڕێبەری کوردستانی ئێرانە و لە سەفەری یەکەم بۆ باکۆ وەک کەسایەتی ناسراو و قسەکەری گەلی کورد بە حیساب هاتووە.

شاپەسەند لە درێژەی قسەکانی لە لاپەڕەی ٢٦ دا، لەسەر ناکۆکی ئەندامان لە دیاری کردنی قازی وەک ڕێبەری کۆمەڵە دەنووسێ:

ئێوارەیەک کە "میرحاج" و شەهید "مستەفا خۆشناو"یش لەگەڵمان دانیشتبوون، زەبیحی ڕووی تێکردن و وتی" پێم خۆشە لەوبارەوەوە ڕای ئێوەش بزانم". میرحاج وڵامی داوە و وتی: "من وا دەبینم پێش ئەوە کۆمەڵە ڕابەرێک بۆخۆی هەڵبژێرێ، گەلی کورد لەم ناوچەیەدا ڕابەری تایبەتی خۆی کە "پێشەوا قازی" یە دیاری کردوە. ئایا ئێوە وەک ژ.ک کەسایەتێک لە قازی محەمەد هەلکەوتووتر و سیاسیتر شک دەبەن؟ ئایا ئێوە وەک حیزب خۆتان لەگەلەکەتان جیا دەکەنەوە؟ دوای قسەکانی میرحاج، شەهید مستەفا خۆشناو گوتی: بێگومان کۆمەڵەش بەشێکە لە گەلی کورد کە قازی محەمەد ڕابەرێتی. دوای ئەمە پاش ماوەیەکی کەم قازی محەمەد بە ڕیبەری کۆمەڵە هەڵبژیردرا. بەڵام وادیار بوو مەسەلەکە لە ناو ئەوانەدا کە لایەنگری پێشەوا بوون و بە ژمارەش لەوانی تر زۆرتر بوون سەبارەت بە زەبیحی گرژییەکی بەدی هێنا کە تا دوای کۆماریش ئاسەواری هەر مابوو.

روون نییە بۆ زەبیحی لەبەرانبەر قازی محەممەد دا دادەندری کە نەفەری یەکەم نا بەڵکوو کەسی دووهەمی کۆمەڵە بوو. ئەگەر پێناخۆش بوونیش لە گۆڕێ دابایە، ئەوە حوسێن فروهەر بوو کە جێی دەگیراوە، نە کەسیتر. بە پێێ زۆربەی بەڵگەکان، کەسایەتی و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی قازی محەممەد زۆر لە سەرەوەی ئەندامانی کۆمەڵە بوو و بێشک قازی محەممەد لە تەشکیلاتی تازەدا لە چوارچێوەی کار و تێکۆشان و ڕوانگەی سیاسیەوە تووشی زۆر کێشە دەبوو. لە لایەک کۆمەڵە لە چوارچێوەی کاری نەهێنیدا قەتیس مابوو و جوتیاران و زەحمەتکێشان کە پێگەی سەرەکی کۆمەڵە بوون، لاواز و بێ بڕشت و بێتوانا بوون. پێناسەی نیشتیمانی و نەتەویی کە هەموو کۆمەڵگای کوردستانی دەگرتەوە بە باشی لە لای کۆمەلە هەڵنەسەنگێندرابوو. بۆیە بۆشایەک لە نێو خەڵک و ڕێبەری کۆمەڵەدا پێکهات بوو کە بەرێبەری کۆمەڵە پڕ نەدەکراوە. لەئاکامدا بە هۆی کارامەیی و لێهاتوویی و ئیحترام و خۆشەویستی قازی محەممەد لە ناو خەڵک و لە لای ڕووسان دا، کۆمەلە هاتە سەر ئەو بڕوایە کە داوا لە قازی بکا، ببێ بە ئەندامی کۆمەڵە.

بەمشێوەیە کۆمەڵە داوای ئەندامەتی لە قازی محەممەد کرد. سەعید هومایون لە لاپەڕەی ٧٣ی کتێبی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

قازی محەمەد بە قبوڵکردنی ئەندامەتی لە کۆمەڵەی ژێکاف دا بەناوی خوازراوی "بینایی"، پلە و بایەخ و چالاکییە نەتەوەییەکان بە ئەوجی خۆیان گەیشتن و بەو جۆرە مهاباد بوو بە ناوەندی ئازادی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوازی و پێگەی هەڵسوڕانی سیاسیی کوردستان. بەم بۆنەیەوە ئازادیخوازانی کورد لە وڵاتانی تورکیا، سوریا و عێراقەوە بۆ دیتنی مهاباد و چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف دەهاتن. لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانیشەوە لاپەڕەیەکی تایبەت بۆ مهاباد و نەتەوەی کورد کرایەوە. پێویستە بڵێم کە قازی محەمەد لەماڵی ڕێزدار ئەحمەدی ئیلاهی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی بە قورئانی مەجید و ئەندامەتی لە کۆمەڵەدا بەجێ هێنا.

هەر لەوبارەوە ئیگڵتۆن لە لاپەڕەی ٧٦ی کتێبەکەیدا دەڵێت:

قازی محەمەد ڕۆژێک لە ڕۆژانی مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤ بۆ ماڵی ئەحمەدی ئیلاهی بانگهێشت کرا و لەکن دوو ئەندامی کۆمەڵە بە ناوەکانی قاسم قادری و قادر مودەرەسی، ئەندامەتی وەرگرت و سوێندی خوارد و بوو بە ئەندامی کۆمەڵە.

بە پێی لاپەرەی ٣٢ی کتێبی ئاڵەکۆک ٢ ساڵ دوای دامەزرانی کۆمەڵە، واتا ساڵی ١٣٢٣ قازی محەممەد بە ئەندامی کۆمەڵە وەرگیرا و بوو بە سەرۆکی کۆمەڵە. ئەندامەتی قازی محەممەد و سوێند خواردنی لە کۆمەڵە دا، شکۆ و پرستیژی ئەو ڕێکخراوەیەی لە هەموو بارێکەوە بردەسەر. هاتنی قازی مەحەممە بۆ ناو کۆمەڵە و کاریگەریی توانای ئەو، بوو بە هۆی ئەوە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژ- ک، لە ژێر ڕێبەری ژیرمەندانەی قازی دا، کارایی و توانایی خۆیان باشتر بنوێنن. بوونی (کۆمەڵەی ژ.ک) و ئەندامەتی زۆربەی خەڵک لە کۆمەڵەدا و سەرپەرەستی و ڕێبەری قازی محەممەد بووە هۆی یەکگرتنی خەڵکی شاری مەهاباد و ئیگلتۆن دەنووسێ کە لە ساڵی ١٩٤٤دا کۆمەڵە پەرەی زۆری ئەستاند و دواتریش تا ساڵی ١٩٤٥ زۆربەی سەرۆک هۆزو عەشیرەتەکان و خەڵک تێکەڵ بە حیزب بوون.

عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری کە بۆخۆی یەکێک لە فەرماندەرانی نیزامیی کۆمار لە بەرەی سەردەشت بوو، لە لاپەڕەی ٣٩ ی کتێبی "یاداشتەکانم لە کۆماری کوردستان" دا لە سەرهاتنی قازی محەممەد بۆ ناو کۆمەڵە دەنووسێ: ... قازی محەمەدیش کە خۆی پیاوێکی سیاسی و ئایینی بوو هاتە ناو حیزب و توانی لە ماوەیەکی زۆر کەم دا پلەی سیاسی ئەم حیزبە بەرز بکاتەوە و زۆربەی ئەو سەرۆک خێڵ و ئاغایانەش کە باسمان کردن بهێنێتە ناو حیزب و هەموو مانگ پیتاک و مانگانەیان لێوەربگرێت. حیزب خۆی جێگای حکومەتی ئیرانی پڕ کردەوە و توانی بە ڕێکوپێکی ئیدارەی شارەکانی ... بەرێوە بەرێت.

قازی محەممەد لە کاتی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ - ک دا، قازی شار بوو و لە گەڵ براکەی سەدر کاروباری شاریان بەڕێوە دەبرد. سەعیدی هومایون و ڕەحیم جەوانمەردی قازی و ڕەحیم لەشکری لە دەفتەری ئەودا کارەکانیان دەکرد.

بوونی قازی محەممەد بە بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵە کارێکی ئاسان نەبوو و کارکردن لە ڕێکخراوێکی نەهێنی و لەگەڵ کەسانی توندرەوی وەک حوسێنی زێڕینگەران کە مامە غەنی لە لاپەڕەی ٤٥ی کتێبی ئاڵەکۆک دا باسی دەکا، دژوار بوو. حوسێنی زێریگەران دژی قازی محەممەد نەبوو بەڵام کار و کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی جۆرێک بوو کە لەگەڵ شێوەی کاری قازی نەدەهاتەوە. ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا باسی کێشکی شەوانە دەکا و دەنووسێ کە سەرۆکی گەڕەکی خڕێ دوو کەس بوون بە ناوەکانی سەید محەممەد ئەیوبیان و حوسێن زێڕینگەران ناسراو بە فروهەر، ئەو لەگەڵ فروهەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێکەوە کێشک بوون و شەوێك لە پڕ دەنگی دەمانچەیەک هاتووە. زۆری پێناچێ قازی محەممەد پەیدا دەبێ و پێیان دەڵێ: ئێوە کێشکچین بەڵام ئاگاتان لە وڵات نییە. پیاوێکیان لە گەڕەکی ئێوە دا کوشتووە. بەو هەواڵە حوسێنی زێڕینگەران وێکهات چونکە لە بنەوە جەنابی قازی ناخۆش دەویست و زۆری پێ ناخۆش بوو ئەو هەواڵە لە پێش دا بەو گەیوە و حوسێن کە سەرۆکی گەڕەکە ئاگادار نەبووە. هەر بۆیە بە سەر ساردی کوتی من و ڕەحمان لێرە دانیشتوین و چاوەڕێین پیاوەکانی دیکە بێن. جگە لەوەش ئێستا کات و ساتی دامەزراندنی کێشک نەگەیوە تا ئاگام لە وڵات بێ...

بە پێی لاپەڕەی ١٧٧ مێژووی بنەماڵەی قازی، خەلیلی فەتاحی قازی لە باسی چاوپێکەوتنی پێشەوا لەگەڵ کەسایەتییەکانی کوردی تاران، وەک ئاسەفی کوردستانی، حاجی عێزولمەمالیکی ئەردەڵان و دوکتور زەنگەنە دا دەڵی کە بەشای گوتووە: ... لە لایەکی دیکەوە دووساڵ لەمەوبەر کاتێک هاتبوومە تارانێ هێشتا ڕێبەری" کۆمەڵە" ( وشەی کۆمەڵە بە زمانی کوردی بە واتای جەمعییەت و حیزبە) م قەبووڵ نەکردبوو، ئەو ساڵی لە گەڵ براکەم سەدری قازی چووینە خزمەت ئەعلاحەزرەت و لەوێ باسی نارەزایەتی خەڵک و سرنجنەدانی دەوڵەتی نێوەندیم بۆ کرد و ئەعلاحەزرەت بە باشی ئاگایان لەوەیە و ئەمن ناتوانم دەست لە خەڵک هەڵگرم و کارێکی کە گەیاندوومانەتە ئێرە لەپڕ لەبەر یەک هەڵوەشێنم.

بەمشێوەیە قازی محەممەد هاتە نێو کۆمەڵە و ڕاستەوخۆ بەرپرسایەتی یەکەمی ئەو ڕێکخراوەیەی بەدەستەوە گرت. بە بوونی قازی محەممەد بە بەرپرسی کۆمەلە، کاری ڕاپۆرت ناردنی زەبیحی بۆ ڕووسەکان کۆتایی پێهات و هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە لە کاتی ڕێبەری قازی لە کۆمەڵە دا، ڕاپۆرتێک بە مۆرکی کۆمەڵە ڕەوانەی ڕووسان کرابێ.

بەگشتی وەرگرتنی قازی محەممەد بە ئەندامی کۆمەڵە، گرینگی تایبەتی هەبوو و لە کێبەرکێی سیاسی نێو تەشکیلاتی کەم ڕێکخراو دا کاری ئاوا دەکرێ کە کار بە کەسانی کاردان بسپێرن.

## سوێند خواردنی پێشەوا لە کۆمەڵەدا

هەر کەس بووبا بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک دەبوو سوێندی بە قوڕئان خوارد با و چوونکە ئەو ڕێکخراوەیە نهێنی بوو، زەحمەت بوو کە بزانرێ کە کێ و لە کوێ بۆتە ئەندام و سوێندی خواردووە مەگەر لە زمانی خۆیەوە ببیسترابا. بە پێی قسەکانی ئیگلتۆن قازی محەممەد لە ماڵە ئەحمەدی ئیلاهی بە قوڕئان سوێندی خوارد و بە ناوی نهێنی بینایی بوو بە ئەندامی کۆمەڵە. بەڵام حەسەنی قازی لە سایتی ئینتیرنێتی دا، بە ئاماژە بە کتێبی "نگاهی به تاریخ مهاباد" لە نووسینی سەید محەممەدی سەمەدی دەنووسێ کە عەبدولڕەحمانی ڕەسووڵی برای بچووکی دڵشادی ڕەسووڵی، بە وی گوتووە کە قازی محەممەد لە ماڵی ئەوان بۆتە ئەندامی کۆمەڵە و بەو قوڕئانەی سوێندی خواردووە کە لە ماڵی ئەوان بووە. دڵشادی ڕەسووڵی(محەممەد غفور) لە ساڵی ١٩٣٦ دا لە مەدرەسەی سەرەتایی کۆیە خوێندویەتی و ئەو قورئانەی بە دیاری وەرگرتووە و دواتر هێناوێتی بۆ مەهاباد. سەلاحەدینی عەبباسی دوو یادداشتی کورتی عەرەبی و کوردی لەسەر لاپەڕەکانی ئەو قوڕئانە، لە فەیس بووک بڵاو کردۆتەوە بەمشێوەیە:

فی الیوم الثلاثا ٣ / ٣/ ١٣٠٠ - ٢٣/ ٥/ ١٩٣٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عن ... كويسنجق باالهديه
مال... محمد غفور صنف سادس
ماده... قران الكريم
مدرسه... كويسنجق الابتدائيه
تاريخ ٣/ ٣ / ١٣٠٠ - ٢٣ / ٥ / ١٩٣٦م
امضاء محمد دلشاد
له ڕۆژی سێشەمۆ ٣/ ٣ / ١٣٠٠ بەرانبەر بە ٢٣/ ٥ / ١٩٣٦ی زایینی
له... کۆی سنجاقەوە بە دیاری
ئی... محەمەد غفور پۆلی شەش
بابەت... قورئانی کەریم
مەدرەسەی : سەرەتایی کۆی سنجاق
بەروار ٣ / ٣ / ١٣٠٠ - ٢٣ / ٥ / ١٩٣٦ی زایینی
ئیمزا: محەمەد دڵشادی ڕەسووڵی

بۆ بیرەوەری ئەو شەوە کە جناب قاضی محمد له ماڵی مه دا بەم قرآنەی سویندی خوارد و هاتە ناو جەرگەی حزب دیمکرات (کومەلەی ژ- ک). کە هەتا له دنیا دا دەژی بە مللەتی کوردی خزمەت بکات و وەفاداربیت.

ئیمزا. محەمەد دلشاد ڕسولی

له ساڵی ١٩٣٦ دڵشادی ڕەسووڵی ( محەمەد غفوری) له مەدرەسەی سەرەتایی کۆیه بووه. ئەو قورئانەی بە دیاری وەرگرتووه و لەگەڵ خۆی هێناویتی بۆ مەهاباد. ئێستا وەڕووکەوتنی ئەو بەڵگە بێ وێنەیه قسەی بەڕێز سەمەدی دا دەگرێتەوە کە له زمان خوداڵێخۆشبوو عەبدولڕەحمانی ڕەسووڵی برا چکۆڵەی دڵشاد دەیگێڕێتەوە.

## کێشەکانی نێوخۆیی کۆمەڵە

وەک ڕوڵەتیکی ئاسایی له نێو ئەندامانی ڕیکخراوی کۆمەڵەش دا، وەک هەموو ڕێکخراوێک ناکۆکی و ناتەبایی هەبوو. بناغەی ئەو کێشانە تا ئێستا بە دروستی تاوتوێ نەکراوە و بەتایبەتی ڕۆڵی حیزبی توده له شیواندی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد و نەتەوەکانی دیکە بەرجەستە نەکراوە. حیزبی توده هەر له سەرەتای دامەزرانییەوە وەک ملۆزمێک کۆسپی سەر ڕێگای سەربەستی و ئازادی گەلان بوو و له هەموو قۆناغەکانی تەمەنی دزێوی دا، بە دارشتنی تێئۆری و ڕوانگەی چەوتی چەپی و پشتگری له بەرەی چەپی ڕۆژئاوا، پشتیوان و پشتگری درندەترین ڕێژیمەکانی ئێران بوو. ئەو ڕێکخراوەیه کە دەسکردی ڕووسان بوو، تەنانەت له دژایەتی لەگەڵ ماڤی نەتەوەکان دا، ئەوەندە لێبڕاو بوو کە ملکەچی ڕووسانیش نەبوو کە بۆ قازانجی کاتی خۆیان لەبەرانبەر بە ڕۆژئاوا دا، جوڵانەوەی ئازەربایجان و کوردیان زەق کرد بۆوە.

حەمەدی مەولوودی له هەموو بوارەکان دا ناتەبایی و کێشەکانی ناو ڕێکخراوی کۆمەڵە دەست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشان دەکا. ئەو سەرەتا جیاوازییەکان لە دەوڵەمەند و فەقیر دا دەبینێ و ئەو بابەتە لە زۆربەی لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە و لە لاپەڕەی ١٦٩ بیرەوەرییەکانی دا باسی کێشەی نێوخۆیی کۆمەڵە و هەڵسوکەوتی خۆی دەکا و دەنووسێ: (کۆمەڵە) منی کردۆتە داردەست. ئەوەی بۆخۆیان پێیان ناکرێ بە منی دەکەن. سوێندیشم بۆ خواردون و هەر ئەمرێکیم پێدەسپێرن بەدڵ و بەگیان بۆیان دەکەم. هەرچەندی ژن و منداڵم هەیە بەڵام نە لە مردن دەترسم و نە باکم ژن و منداڵمە، ئاخر من سوێندم بە کوردوستان و بە ئاڵای کوردوستان خواردووە، چۆن دەتوانم لە ئەمریان لا بدەم، کەچی تەماشای (کۆمەڵە) دەکەم لە سەید و ئاغا و توجاڕ بەولاوە، کەس داخیلی ئەو حیزبە ناکەن. زۆر کەسم نێو گوتووە کە ئەوانە پیاوی چاکن و کوڕی ئازا و گیانلەسەردەستن بەڵام بە گوێم ناکەن و ڕازی نابن.

ڕۆژێک دەگەڵ چەند نەفەر لە هاواڵەکانم لە ماڵی "ڕەحیمی عەبدی ڕەزای" کۆبووینەوە و زۆر لەو حیزبە دواین. ئاخری هاتینە سەر ئەوەی کە لەو جەماعەتە بکێشینەوە و خۆمان هەر ئەو حیزبە ئیدارە بکەین، عالەم داخیل بکەین و گەورەی کەینەوە. هەر ئەو ڕۆژە لە هەموو گەڕەکان شوعبەمان دانا. هەر گەڕەکەی سەرۆک و نووسەری خۆی بۆ دیاری کرا.

-"سەید محەممەدی عیساقی" (ئیسحاقی) سەرۆکی گەڕەکی هەرمەنیان.
- "سەید محەممەدی حاجی سەید ڕەحمانی" گەڕەکی حاجی حەسەنیان.
- "حاجی حەسەنە شەلە" گەڕەکی قولەقەبران.
- "مستەفای وسوو قەساب" گەڕەکی ڕەزگەیان.
- "ڕەحیمی گەرمێنیان" گەڕەکی بازاڕی.

لەو پێنج گەڕەکانە شۆعبەمان کردەوە و من و «میرزا برایمی گەورک» شەوانە بەو گەڕەکانەدا دەگەڕاین و بەسەرمان دەکردنەوە. کە خەلکەکە ئەوەیان دەزانێ، دەستە دەستە داخیل دەبوون و دەهاتنە ناو کۆمەڵە. هەر بەو مەڕامنامەیەی (کۆمەڵە) سوێند دەخورا و کاریان پێدەسپێردرا و خەڵکەکەش بەدڵ و بەگیان ئامادەی گیانفیدایی بوون. ئەو خەڵکە هەمووی خەڵکی زەحمەتکێش و کاسب و فەقیرەکە بوون و هیچیان نەبوو کە دڵیانی پێ خۆش کەن، بەڵام کابرای دەوڵەمەند کەم وا هەیە دڵی بە کوردوستان بسووتێ، ئەوان هۆشێکیان هەر لەسەر سامانەکەیانە کە چۆن زیادی بکەن و لێی کەم نەبێتەوە، بۆیە کە دەوڵەمەندەکان ئەوەیان دیت کە پیر و جوان بە کۆمەڵ داخیلی (کۆمەڵە) دەبن، کێچیان دە کەولی کەوت. ئێمە بەبێ پرسی ئەوان ئەو گۆنگەڵەمان گێڕا و زۆریان پێناخۆش بوو، چەند کەڕەت پێیان گوتم کە ئەوە کارێکی باش نییە ئێوە کردووتانە، من جوابم ئەوە بوو و گوتم: بۆ خەم نابێ، هەر یەک کۆمەڵەیە و یەک مەڕامە و یەک شتی تێدا هەیە، ئەوەی ئێوە دەوڵەمەند و ئاغای تێدایە و ئەوەی ئێمەش کاسب و زەحمەتکێشن، لای ئێوە ئەو نوقسانەی هەیە.

ئێستا (کۆمەڵە) بووەتە دوو دەستەی تێر و برسی. ئێمەی برسی و نەدار یەکجار لەوان زۆرترین، لەوان دڵسۆزترین، لەوان بێدەعێترین، لەوان زیاتر زگمان بە کوردوستان دەسووتێت، وەک ئەوان نین کە بۆ پاراستنی ماڵ و خۆڕانانێ، لە (کۆمەڵە) نیزیک ببینەوە و پاشان قسەی زەلامزەلام بکەن و خۆهەڵکێشن و لە ڕۆژی تەنگانەشدا پشتی (کۆمەڵە) بەردەین و کوردوستانمان لەبیر بچێتەوە و بە سمێڵی ئەو سوێندە پێبکەنین کە خواردومانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێموایه ساڵی ٤٢(١٩٤٢) یان ٤٣(١٩٤٣)یه که ئەو شتانە ڕووی دا. ئێمە کۆمەڵەی برسییان هەمووی مانگێک نییە هەین، بەڵام ئەوان لای کەم دوو- سێ ساڵە هەن کەچی، ئێمە چەند بەرابەری ئەوانین. کە ئەوەیان دیت کێچیان دە کەوڵی کەوت و ئارام و قەراریان لێهەڵگیرا. خەبەریان نارد کە دەیانهەوێ قسەمان دەگەڵ بکەن و داوای کۆبوونەوەیان لێکردین. بۆ شەوێ دە - پازدە نەفەریان هاتن وەکوو:

عەلی ڕیحانی

مستەفا سوڵتانی

دوو سەیدی ماڵە چل سەیدان و ...

باقیترم لە بیر نەماوە و کۆبوونەوەمان دەستپێکرد. پاشی زۆر هەڵسووڕاندن و بێنەوبەرە هەر دووک کۆمەڵەمان کردەوە بە یەک حیزب و دەستی بە کار کرد...

ئەجار حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٨٥ بیرەوەرییەکانی دا، باس لە هەڵسوکەوتی هێندێک کەسایەتی کۆمەڵە دەکا و بە ڕوونی دەری دەخا کە حیزبی تودە لە پشت ئەو ئاڵۆزیانەیە و دەنووسێ: لەو بەینەشدا ئەوە (کۆمەڵە) شێواوە چۆن! ئەوەندەی سیخووڕی تێخزاوە نەبێتەوە. ″قازیتەها″ نێوێک دەگەڵ ″عەزیز زەندی″ و چەند نەفەرێکی دی بەربوونە گێرەشێواندن. لەلایەک ″مەلا ڕەحمانی سەدرولعولەما″ شەوانە لە ماڵان کۆبوونەوە دەکات و لەلایەکی دی «مەحموودیان» خەریکی جوڵانەوەیەکی دیکەیە. ئێمەی تەبەقەی هەرە خوارەوە یا بە قەولی دەوڵەمەندی سابڵاغێ کە بە ئێمەیان دەگوت ″ڕەجاڵە″، ئێمەی بێسەواد، دەو نێوەدا سەرەگێژەمان گرتبوو. کامیان زووڕنای باش لێدابا وەدووی دەکەوتین. ″قازی محەممەد″ تازە داخیلی (کۆمەڵە) ببوو و هەرکەسە هەوڵ دەدات بۆ لای خۆی ڕایبکێشێ.

ئێمەی بێسەواد کە یەکجار زۆریش بووین، لەنێو خۆماندا کۆبوونەوەمان کرد و ڕامان هاتە سەر ئەوە کە چەند نەفەر لەلایەن ئێمەوە بچێتە ڕەزایەی لای کۆنسوولی ڕووسان و پێیان بڵێ کە ئێمە ئەو کۆمەڵەیەمان ناوێ کە ئەو خەڵکە خەراپەی تێخزاوە و سەریان لە خەڵکیش شێواندووە، خۆمان حیزبێکی دی تەشکیل دەدەین. ئەوە ناشوێرین لەبەر عالەمێ ناوی "حیزبی تودە" دەربڕین چونکە ئەوەی دە کۆمەڵەدا بوو بەشی هەرە زۆری زراویان لە "تودە" چووبوو. وایان بردبوونە مێشکێوە کە "تودە" دین و ئیمانی نییە و خوا ناناسێ و پڕوپاگەندەیەکی زۆر دەو حیزبە دا جێگیرە.

"حەسەنە شەل" و "باقی"ی برای و دوو نەفەری دی چوون بۆ ڕەزایەی بۆ لای کۆنسوولی و لەوێ قسەیان دەگەڵ کۆنسوولی کردبوو. کۆنسوول لێی پرسیبوون کە: مەحموودیانو دەگەڵە؟

ئەوانیش پێیان وابوو گەر بڵێن دەگەڵمانە کاری باش دەکەن و وەڵامیان دابۆوە: بەڵێ بەڵێ، دەگەڵمانە.

هەرچەند هێشتا "مەحموودیان" نەهاتۆتە کایەوە، بەڵام "حاجی" وایزانیبوو "مەحموودیان" لای ڕووسان زۆر بەڕێزە، بە باشیی زانیبوو کە بڵێ ئەویشمان دەگەڵە تا بەشکوو ڕووسەکان پشتیوانیمان لێ بکەن. ئەدی پاشی ئەو قسەیە، کۆنسوول زۆر مبالات بەو وەفدە (نوێنەرانە) نەدابوو و گەڕانەوە بۆ سابڵاغێ. خۆشیخۆشی کە کۆنسوول گوتویە مەحموودیانو دەگەڵە، جا هەر ئەو شەوە چەند نەفەر چوون بۆ لای "مەحموودیان" و هێنایان بۆ کۆبوونەوەی و هەر ئەو شەوەش «مەحموودیان» بوو بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرۆکی ئەو حیزبە و ئەویش "محەممەدی یاهوو" و "عەزیز زەندی" و "قازی سەید تەها" و هەموو ئەو ... لە دەوری خۆی کۆکردەوە. ئێمەش هەموو لە "قازی محەممەد"ی هەڵگەڕاینەوە و زۆر باش پشتی "مەحموودیان"مان گرت.

چەند شەوی نەکێشا کە حیزب بوو بە دوو قۆڵ. لای "قازی محەممەد"ی هەموو ئەوانە بوون کە کۆمەڵەیان پێکەوەنابوو و دەستەی "مەحموودیان" یش ئەو ... بوون و ئێمەی بێسەواد و نەزانیش چونکە کۆنسوول گوتویە "مەحموودیان"و دەگەڵە، لەپشتیان بووین. دەستەی "مەحموودیان" زۆر لە دەستەی "قازی محەممەد" بەهێزتر بوو، چونکە ڕەجاڵە هەموو دووی "مەحموودیان" بووین. زۆر شەوی وا بوو بەیەک هەڵدەپڕژاین.

هەر لەسەر ئاکار و کردەوەی غەفووری مەحموودیان، حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٨٦ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: شەوانە ″مەحموودیان″ بەسەر هەموو گەڕەکەکاندا دەسووڕاوە. ″محەممەد یاهوو″ خۆی دەگەڵ دەستەی ″قازی″ بوو، بەڵام هەموو شەو دەگەڵ ″مەحموودیان″ دەگەڕا. زۆر بە پەرێز و زیرەک بوو، کەس نەیدەدیت و خۆی وەبەر چاوان نەدەدا، بەڵام لە ڕاستیدا لە هەموو شوێنێکیش بوو. لە کۆبوونەوەیەک پەردەت بۆ ڕائەنگاوتبا، خۆی دە نێو پەردەکەدا دەشاردەوە. لە هەوەڵەوە دەنێو کۆمەڵەدا بوو. دەگەڵ ″میرزا ڕەحمەتی شافعی″یش نێوانی زۆر خۆش بوو و پاڵێ بە ″مەحموودیان″وە دەنێ بۆ گێرە شێواندن.

ئێستا "مەحموودیان" دەستێکی یەکجار درێژی هەیە کە "قازی محەممەدی" وەتەنگ هێناوە. ئێمەش پشتمان لە "قازی" کردووە و پاڵمان وە "مەحموودیان"ەوە ناوە.

قازی محەممەد هەوڵ دەدا بەرامبەر بە کارەکانی مەحموودیان بوەستێ و حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٨٨ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە ڕۆژێک قازی محەممەد، سەیید محەممەدی ئیسحاقی بە دوا دا ناردووە و ئەو چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە و پاش گلێی زۆر پێیدەڵێ: ئێستا ئەوە وەدووی ″مەحموودیان″ی کەوتووی؟ حیزبی تودەتان پێکەوە ناوە؟ ئاخر چۆن ئەتۆ نازانی ″مەحموودیان″ بە قسەی ئینگلیسەکان ئەو ئاژاوەیەی ناوەتەوە؟

زۆری لەو قسانەی پێگوتم و یەکجار زۆر بەسەرم ڕۆیی، بەڵام هیچ دڵم بە قسەکانی نەرم نەبوو و هەستام و خواحافیزیم لێکرد و دەگەڵ "سەید محەممەد"ی وەدەر کەوتین. لە ڕێگا هەردووکمان گوتمان قازی ڕاست ناکا، "مەحموودیان" خاوێنە.

دوای ئەوە "قازی محەممەد"، "حەمدی مەولوودی" بانگ دەکا و داوای لێدەکا کە لە مەحەموودیان دوور کەوێتەوە بەڵام حەمەد بە قسەی ناکا و لە لاپەڕەی ١٨٨ دا لەسەر کردەوەکانی مەحموودیان دەنووسێ: هەر ئەو شەوە لە گەڕەکی ″مزگەوتی سوور″ کۆبوونەوە بوو و عالەمێکی یەکجار زۆری لێبوو. ″مەحموودیان″ پێشنیاری کرد کە: کاتێک قازی بۆ نوتق کردن وەسەر کورسی کەوت، پیلی بگرن و دایبەزێنن.

ئەوەندەمان زانی، "عەلی" پیاوی حەمەدەمینی موعەینی هات و بە سرتە بەگوێی "مەحموودیان"ی دا شتێکی گوت و یەکپێ "مەحموودیان" ڕاستبۆوە و دەگەڵ "عەلی" ڕۆییشتن. ئێمەش سێ نەفەر وەدووی کەوتین و چەلێش نازانین ئەوە چ باسە! چووینە ماڵی "حەمەدەمینی موعەینی". دەگەڵکوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەژوور کەوتین تەماشامان کرد چوار نەفەر ئەفسەری ڕووس لەوێن و دەستیان لە دەستی "مەحموودیان"ی نا و چوون بۆ وەتاغێکی دی. ئێمەش ئەوە لە وەتاغێکی دیکە چاوەڕوانیانین بزانین کۆبوونەوەکەیان بەکوێ دەگا. پاشی زیاتر لە سەعاتێک، لە قسەکردن بوونەوە و "مەحموودیان" بە کەیفخۆشی و دمبەپێکەنینەوە لە دیوەکە هاتە دەر و گوتی با بڕۆین. لە ڕێگا کە دەڕۆییشتین هەر جیفرکی لە خۆی دەدا و بە خۆشحاڵییەوە قسەی بۆ دەگێڕاینەوە کە چۆن ئەو ئەفسەرانە لێی ڕازین و زۆر شتیان قەول پێداوە. ئەوەندە بەدەق و بەدەماخ بوو نەبێتەوە. دەو عانەشدا کە قسەی بۆ دەکردین دیتمان ئەفسەرەکان بەسواری ماشێن بەلاماندا تێپەڕین و دەستێکیان بۆ "مەحموودیان"ی هەڵێنا و چوونەوە بۆ "میاندواو"ی. شەو درەنگی کردبوو بۆیە "مەحموودیان"مان تا بەردەرکی ماڵێ بردەوە و ئێمەش هەر کەسە و بۆ ماڵی خۆی.

جا لە پاشی ئەو کۆبوونەوەیە ڕا "مەحموودیان" وەخۆ کەوت و هەڵدەسووڕا وەک بادەوە، هەدادانی نەبوو. چەند شەوێک دواتر لە فەرمانداری "قازی" نوتقی بۆ عالەمێ دەکرد، "مەحموودیان" ئەمری کرد کە دەبێ بڕۆین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە و گێرەشێوێنی بکەین. ڕەجاڵە کۆبۆوە و چووین. ئەو شەوە زۆری نەمابوو کە پێکوەربین. "قازی" هێدی و لەسەرەخۆ بوو، دەگەڵ ئەوانەی لەدەورەی بوون، لە شلێیان دا و بڵاوەیان کرد، دەنا زۆر پیس دەشێوا.

بێشک کاربەدەستانی ڕووس لە ئیدارە و بەڕێوەبەردنی بەشەکانی جیاوازی تاران، مەشهەد، تەورێز و مەهاباد لە وڵاتی ئێران دا یەک دەست نەبوون و لە ژێر تایبەتمەندی ناوچەکان هەر بەشە لە وەزارەتەکانی دەرەوە و نێوخۆ و ئەمن و ئاسایشی ڕووسان، لە ژێر یەک ستراتیژی هاوبەش، هەڵسووکەوتی جیاوازیان هەبووە. واتا لە ستراتیژی دا یەک و لە تاکتیک دا کەمێک جیاواز بوون. بۆیە قازی محەممەد بە توانایی و بە پرستیژی خۆی، توانی هەر بە هۆی ڕووسان، دەست و پەیوەدییەکانی "مەحەموودیان" لە مەیدان دا دوور بکاتەوە. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٨٩ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە بۆ بەیانی "تمناز عەلی یۆف" بە دوای دا ناردووە و دەنووسێ: داوای لێکردم کە مەڕامنامەی حیزبەکەی خۆمانی بۆ بەرم، بەڵام بۆی تەرجومە بکەم بە زمانی ئازەربایجانی. چووم لە گەڕەکی بازاڕ ئەو جێگایەی لێی کۆدەبوونەوە، "هاشمی گەرمێنی" کاتبی ئەو گەڕەکە بوو، پێمگوت و مەڕامنامەکەی بە زمانی ئازەربایجانی نووسی. مەڕامنامەکە هەر ئەو مەڕامنامەیەی "کۆمەڵەی ژێ - کاف" بوو، بەڵام "یاهوو" چەند شتی لێ زیاد کردبوو. لەو چەند شتانە یەکیان ئەوە بوو کە: (ئێمە خیانەت بە مەعمورەکانی سیاسی شۆڕەوی ناکەین) و چەند شتی تر. مەڕامنامەم دا بە ئەفسەرەکە و دەباغەڵی نا و هات کە بڕوات، ڕووی تێکردم و ئەوەندەی پێگوتم: تۆ لەو حیزبە بکێشەوە!

ئەوەی گوت و سوار ماشێنی بوو و ڕۆییشت. منیش زوو چووم چەند هاواڵێکم خەبەردار کرد کە ئێش بەو جۆرەیە.

بە دوای ئەوە دا ئەوجار حەمەدی مەولوودی و هاواڵەکانی گۆڕانیان بەسەر دا هات و ئەوجار کۆبوونەوەی لایەنگرانی مەحموودیانیان تێک دا و حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩٠ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: حەبیبە زەرد گوتی: ئەوشۆ قەرارە لە مزگەوتی هەباس‌ئاغای هەموو گەڕەکەکان کۆ ببنەوە. جا گەر بە باشی بزانن، کاتێک مەحموودیان یان هاواڵەکانی چوونە سەر کورسی بۆ نوتق کردن، پەلپیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێدەگرین و لێیان دەشێوێنین.
ئەو شەوە وەک شەوەکانی دی چووینە کۆبوونەوە. لەو کاتەدا کە "قازی تەها" لەسەر مینبەر گەرم داهاتبوو و ئەوەی دەیگوت نەیدەگوتەوە، چوومە پێشی و قۆڵیم گرت و هێنامە خوارەوە. "حەبیبە زەرد" چوو جێگای ئەو و عالەمی تێگەیاند. من و چەند هاواڵ لێیان وەخۆ کەوتین و ئەوەی زانیمان داژداری مەحموودیانە کۆمان کردنەوە، بەڵام مەحموودیان هێشتا نەهاتبوو. ئەو شەوە زۆر بە هاسانی لێمان شێواندن و چ گێڕە و کێشە نەقەوما و ئێمەش بڵاوەمان کرد و هەرکەسە بۆ ماڵە خۆی.
قازی محەممەد بە کارەکانی حەمدی مەولوودی خۆشحاڵ دەبێ و حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩٠ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: بۆ بەیانێ لەسەر نان و چا خواردن بووم کە ″عەلی چایچی″ هات و گوتی ″قازی محەممەد″ تۆی دەوێ. زوو زانیم چ باسە! بەخۆمم گوت: ئەوە نەقڵەکانی شەوێی بیستووە و بانگم دەکات و دەستخۆشیم لێدەکات. هەستام چووم، دیار بوو قازی بەدەق و بەدەماخ بوو. دیسان پاشی هەندێک گلەیی کردن و قسە و باس گوتی: هەستە خۆت و شەش کەس لە هاواڵەکانت بڕۆنە شارەوانی (بنکەی پۆلیس) و بەسەر شار ڕابگە، بەڵام لەخۆتەوە هیچ کاران مەکە، ئەوەی من ئەمرم پێکردی ئەوەبێ.
- مووچەی ئەو شەش نەفەرە و خۆم لەکوێ دەگات؟
- خەمت نەبێ ئەویشت بۆ دیاری دەکەم.
دوای ئەوە کە حەمەدی مەولوودی دەبێتە دارۆغەی شار، قازی محەممەد بڕیاری گرتنی مەحموودیان دەدا. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩٠ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: زۆری نەکێشا ″قازی″ ئەمری کرد کە ″مەحموودیان″ بگرە و دە گرتووخانەی کە. منیش هەر بڵێی یەک و دوو گرتم و دەژووریم کرد. چەند گیراوی دیکەش گیرابوون. ″سەعیدی کاکەلاچینی″ پیاوی کوشتبوو، دەگەڵ ″مەحموودیان″ دەژوورێکیدا بوون. پاشان ″قازی″، ″مەحموودیان″ی شاربەدەر کرد و بۆ لای ورمێ چوو. بەداخەوە لەوێش ئەتوار و ئاکاری باش نەبوو و هەر بەقسەی ئینگلیسەکان دەبزووتەوە.

## چالاکی کۆمەڵەی ژ. ک لە سەردەمی قازی محەممەددا، وەهەڵکردنی ئاڵای سوور

هەرچەند تەمەنی قازی محەممەد لە کۆمەڵەدا کورت بوو بەڵام بێشک بە هاتنی ئەو بۆ نێو ئەو ڕێکخراوەیە، لە هەموو بوارەکانی سیاسی دیپلۆماسی تەشکیلاتی دا، دنیایەکی دیکە بەرووی ئەو ڕێکخراوە دا کراوە. دیارە بە هۆی کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و گۆڕان لە سیاسەتی ڕووس دا و گۆڕینی تەشکیلاتی کۆمەڵە بە دێموکرات، ڕادەی کاریگەری قازی محەممەد لەسەر ئەو ڕێکخراویە، بە ڕوونی دیار نییە، بەڵام بە پێی ئەو بەڵگە کەمانەی کە بەدەستەوەن، دەردەکەوی کە قازی لێبڕاوانە بۆ گۆڕانکاری گەورە لە کۆمەڵە دا دەست بە کار بووە. بە گوێرەی لاپەرەی ٢٧٦ کتێبی بێهزادی خۆشحاڵی و بە نەقڵ لە کتێبی "سازمان اسناد ملی ایران" فەرماندەری ژاندارمەری کرماشان، بە ڕێکەوتی ٢٨ ڕەشەمەی ١٣٢٤ بۆ پاریزگار دەنووسێ:
ئاگادر بووین کە عەشایری کوردستان، تۆمارێکیان بۆ عەشایری کرماشان ناردووە و ڕایانگەیاندووە کە قازی محەممەد، کۆمەڵەی بە ڕەسمی ناسیوە و لە عەشایری ناوچەی داوا کردووە کە تیکەڵ بە کۆمەڵە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بن. بە پێی هەواڵی گەیشتوو، هەورامی، جوانڕۆیی، وەلەدبەیگی، باوەجانی و قوبادی تێکەڵ بە کۆمەڵە بوون. عەشایری قەڵخانی و گۆرانیش خەریکی ڕاوێژ لەگەڵ ڕێبەری ئایینی خۆیان"سەید شەمسەدین" دەکەن. ئەگەر عەشایری کرماشان تێکەڵ بە کۆمەڵە بن، ڕۆژئاوای ئێران دەشێوێ.

دیارە چالاکییەکانی قازی لەو ڕاپۆرتانەدا دەبیندرێتەوە کە لە ساڵەکانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ بەولاوە، لە لایەن کاربەدەستانی ڕووس بڵاو بوونەوە. لە ڕاپۆرتی هاشمۆڤ سەرکۆنسوولی سۆڤییەت لە ورمێ کە لە لاپەڕەی ٨٢ ی ئاڕشیوی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراڵی تۆمار کراوە، هاتووە:

... چالاکی ژ. ک لە کوردستانی عێراق لەژێر دەستی مەلا مستەفا دایە و بەپێی هەواڵی گەیشتوو ژێکاف لەوێش پەرەی ستاندووە. لەسەرەتای ١٩٤٥وە کۆمەڵەی ژێکاف لە ناوچە کوردنشینەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکییە هاوسنووری ئێران و عێراق دەستی کردووە بە ڕێکخستنی شانەکانی. زۆربەی ئەندامانی ژ. ک لە عێراق و تورکیە و هەروەک کوردستانی ئێران ڕۆشنبیرانی پێشکەوتوو، بازرگانی بچووک، پیشەساز، کوردی ئاسایی و ئاژەڵدار و جووتیارن. هەوەها ژمارەیەک فیۆداڵی کوردیش لە ڕیزی ژێکافدان. چالاکی ژ. ک لە عێراق و تورکیە بە چالاکیی پارتییە کوردییەکانی ئەو هەرێمانە گرێ دراوە و لە یەک بەرە دان. بۆ وێنە لە کوردستانی عێراق گروپی" ڕزگاری کوردستان" لە سەرەتایی ساڵی ١٩٤٥ پێک هاتووە و شان بە شانی کۆمەڵەی ژ. ک هەڵدەسوڕێ. گروپی ڕزگاری کوردستان لە ناوچەکانی باکوری عێراق لە ژێر دروشمی " بژی کورد و کوردستانی گەورە و ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کەردستان" خەبات دەکات ...

هاشمۆڤ سەرکۆنسوولی سۆڤییەت لە ورمی هەروەها لە درێژەی ڕاپۆرتەکانی دا دەنووسێ:

ڕووژی ٢٧ی مارسی ١٩٤٥ چاوم بە کەسایەتیی بەناوبانگی کورد شێخ"عوبەیدوڵڵا" کەوت. گوتی ئەرکی سەرشانی کورد و سەرکردە ناسراوەکان، ئێستا هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستانە، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن پارتی ژێکافەوە زۆر هەوڵ دەدرێ کە کوردەکان یەک بگرن، ئەمڕۆ زۆربەی کوردەکان ئەندامی پارتی ژێکافن. هەورووەها کارێکی زۆر بۆ دابینکردنی یەکێتیی دەگەڵ کوردی بەشەکانی عێراق و تورکیە دەکرێت. بە فەرمانی ژ. ک چەند کەس لە عێراقەوە بە ڕێگای سووریەدا نێردراونە تورکیە، تا کوردەکانی تورکیە ڕێکبخەن و چالاکیان بکەن، بەڵام نێردراوەکان لە لایەن کاربەدەستانی تورکەوە گیراون و تا ئێستا هیچ هەواڵێکیان لێ نەزانراوە.

شێخ گۆیا ناوی گیراوەکان نازانێ، بەڵام لە نێوان سەرکردەکانی کوردی عێراقدا ناوی"ماجید بەگ" وەزیری کشتوکاڵی عێراق و "ئەمین زەکی بەگ" پرۆفسۆری زانستی مێژووی برد. هەروەها ناوی میرزا" برایمی حاجی قادر"،"حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا"ی هۆزی دێبۆکری کە ئێستا دانیشتووی تەورێزە و زەبیحی کە پێوەندیی لەگەڵ کۆنسوڵی سۆڤیەت هەیە، ئاشکرا کرد و گوتی ئەوانی تر ناناسێ، چونکە ڕێبەرایەتیی پارتی ژێکاف نهێنییە.

لەبارەی قازی محەممەدەوە شێخ عوبەیدوڵڵا گوتی، دوای گەڕانەوەی لە تاران چالاکانە لە پارتی ژێکافدا کار دەکات. شێخ عوبەیدەوڵڵا لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ قازی محەممەد و پیاوە ناسراوەکانی تری کورد چاوپێکەوتنی هەبووە و دەستەڵاتیان بە شێخ داوە، لە نێوان کوردەکانی سەر سنووری ئێران تورکیە کار بکات و هەوڵ بدات کۆتایی بە دوژمنایەتیی نێوان عەشیرەتەکان و ڕاوڕووت لە ناوچەکان بێنێ. بۆ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی کۆتایی بە دووبەرەکی بێ، بڕیارە هەرکام لە سەرکردە کوردەکان لە ناوچەی خۆیاندا خەبات بکەن و عومەر خانی شەریفی- ش بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدات. شێخ گوتی، دوای تەواو بوونی ئەو ئیش و کارە، بڕیارە کۆبوونەوەیەکی گەورە بکرێت. ئەم کۆبوونەوەیە سێ کەس دەستنیشان دەکات، بچنە مۆسکۆ بۆ لای هاوڕێ مۆلۆتۆڤ. ئەم دەستە نوێنەرانە بڕیارە داوای لێکۆڵینەوەی کێشەی کورد لە کۆنفرانسی " سانفرانسیسکۆ" بکەن.

شێخ عوبەیدوڵڵای گەیلانی نامەی ژێکافی لە کۆنسوڵخانە بەجێهێشت کە بە هۆی ئەو نامەیە دەسەڵاتی درابوویە لە نێوان کوردەکانی دانیشتووی ناوچەکانی نزیک سنووری ئێران و تورکیە هەوڵسوڕێ...

ئەگەر پێشتر پەیوەندی ڕووس و کۆمەڵە یەک لایەنە و لە چوارچێوەی ئەو ڕاپۆرتانەدا بوو کە زەبیحی بە ئاگاداری، یان بە بێ ئاگاداری ڕێبەری کۆمەڵە دەیدا بە ڕووسان، قازی محەمەد دەرگایەکی دیکەی بە ڕووی ئەو پەیوەندییەدا کردەوە.

ئەگەرچی قازی محەممەد هەوڵی دا نەزمێک بە کاروباری کۆمەڵە بدا، بەڵام کاری سەربەخۆ و سەرەڕۆیانەش کە ڕەنگە ئەو ئاگادار نەبووبێ، هەر هەبوو و نەبڕابۆوە. حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢١٢ بیرەوەرییەکانی دا باسی تۆڵەکردنەوەی خۆی لە ئاغایەک دەکا کە پێشتر بە نۆکەران تێیهەڵداوە و فەرمانی کوشتنی داوە. حەمەد لە دەورانی دەستەڵاتی خۆی دا ئاغا دەگرێ و نایکوژێ بەڵام دەیباتە گەڕی داوەتێ و مەجبووری دەکا تا شل شل و فل فل دەبێ بە گۆرانی گشت هەڵپەڕی و دوایەش ٢٠٠ تمەن شاباشانە بدا بە شایرەکان.

هەر لەو بوارەدا حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩٥ بیرەوەرییەکانی دا باسی هەڵکردنی ئاڵای سوور لە مەهاباد بە بۆنەی سەرکەوتنی ڕووس بەسەر ئاڵمان دا دەکا و دەنووسێ: لەو سەروبەندەدا بووین کە ڕووسەکان ئاڵمانیان ڕاو نا و بێرلین گیرا. ″حوسێن زێڕینگەران″ و چەند نەفەر لە (کۆمەڵە) هاتنە لام و گوتیان ئێستا کە بێرلین گیراوە، ئێمەش دەبێ جێژن بگرین. ڕوویان دەمن کرد و گوتیان تۆ دەبێ سەرپەرستی ئەو جێژنە بکەی. پارەیان بۆ هێنام و هەموو ڕێ و شوێنێکیان نیشان دام، ئەوە بکرە، ئەوە وا لێبکە، فلانە شتت لەبیر نەچێ و چی و چی. ئەوان لە دواڕۆژی خۆیان دەترسان و نەدەهاتنە کایەوە و خۆیان وەبەر چاو نەدەدا. منیش خۆم و ئەو چەند نەفەرەی دەگەڵمە دەستمان بە کارەکانی جێژنی گیرانەوەی بێرلین کرد.

چووم چەند تۆپ خامی سوورم کڕی و وەستایەکی نەجارم هێنا، جا لە چوارچرایە تاقێکم لە نێوەڕاستی خیابان دروست کرد کە بڵێندایەکەی دەگەیشتە چراکانی خیابانێ، ڕێک لەسەر بڵێندایی چراکان ئاڵایەکی سوورم چەقاند. چەند نەفەر سابڵاغی لە زەمانی ڕەزاشایەوە مۆزیقە و باڵەبان لێدەر بوون، ئێستا سەرباز نین و لەناو شار کار و کاسبی دەکەن. ناردم خۆیان و موزیقاکەیان هێنان. پێنج شەو و ڕۆژ لەسەر ئەو تاقە مۆزیقە و باڵەبان، لە خوارووی تاقەکەش دەهۆڵ و زوورنا لێدەدرا و شەو و ڕۆژ شایی و زەماوەند بوو.

ڕێکەوتی ئەو ڕووداوە ڕۆژی ٩ مانگی مای ١٩٤٥ (١٩ گوڵانی ١٣٢٤) بوو و حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩٤ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە کە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان هانیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەدا، بۆخویان پاشەڕۆژیان ڕەچاو دەگرت و لە ڕێوڕەسمەکان دا بەشدار نەدەبوون و دەنووسێ: ئەوانەی دە کۆمەڵەیدا بوون و جارجار دێنە لام و شتم فێر دەکەن کە چ بکەم و چ نەکەم و هەر زووش خۆیان ون دەکرد، بەڵام من سەرم لەو شتانە دەرنەدەچوو، ئەوەی بۆخۆم بە سەڵاحم زانیبا و ئەوەی ئاغاوەت و دەوڵەمەند پێیان ناخۆش با، ئەوەم دەکرد. دەو ماوەیەدا کە من داروغەی شاریم، هیچکات لە قسەی "قازی" دەرنەچووم ئەوجارە نەبێ کە ئیجازەم لێنەخواست. "قازی"ش هیچ ناڵێ، نە دەڵێ باشت کردووە نە دەڵێ خەراپت کردووە. ماڵتە.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩٤ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە ئەوجار ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە بۆخۆیان و لە درێژەدا لە لاپەڕەی ١٩٥ دەنووسێ: کاتێک کە ئەو تاقەمان لە چوارچرا ڕازاندبۆوە و ئاڵا سوورەکە دەشەکایەوە و شایی و هەڵپەڕکی دەگەڕا و مۆزیقا و دەهۆڵلێدان بوو، چوار ئەفسەری ڕووس هاتن و ئێمەیان دیت کە خەریکی چین و زانییان بۆچی ئەو بەزمەمان سازکردووە و ئاڵای سوورمان هەڵکردووە! زۆریان پێخۆشبوو و من و هەموو هاواڵەکانمیان لەبەر ئاڵا سوورەکە ڕیز کرد و دەگەڵ ئاڵاکە وێنەیان کێشاین. جا هەموومان بە لیباسی ڕەسمی و بە چەکەوە ڕاوەستابووین کە وێنەکەیان گرتین، داوامان لێکردنەوە کە یەکدانە لەو وێنەیەمان بدەنەوە و بەڵێنیشیان دا، بەڵام درۆیان کرد و نەیاننارددەوە.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩٥ دا دەنووسێ: پاشی پێنج شەو و ڕۆژان شایی و لۆغان و جێژن کۆتایی پێهات. ئەو خامە سوورەی تاقەکەم هەموو دابەش کرد بەسەر ئەو کەسانەی واجب بوون، بەڵام ئەو ئاڵا سوورەی کە بۆخۆم چەقاندبووم نەمهێنا خوارێ. هەرچەند گوتیان دایگرە و لایبە، گوێم نەدانێ و گوتم دەبێ ئەو ئاڵایە هەر لەوێ بێت با ئەوانەی دەبێ چاویان پێی کوێر بێت و دڵیان پێی بتۆقێ، ببینن. بۆیە ١٠ ڕۆژ دواتریش ئەو ئاڵا زەلامە لەو شوێنە لارەلاری بوو. فکری ئەوەم کرد کە نەکا دەوڵەمەند و پیاوی ئاغاوەتان بچن دایگرن، بۆیە بەدزییەوە کێشکچیم بۆ دانابوو تا کەس تخوونی نەبێ، باش بوو کەس نەترەی نەبوو بەلایدا بڕوات.

سەری ١٠ ڕۆژەی لە ماڵێ لەسەر نانخواردن بووم دیتم "وەستا برایم" کە یەکەمین هاواڵی دڵسۆزم بوو، هات و گوتی ئەوە پیاوی "حەمەدەمین موعێنی" هاتۆتە ئیدارە و دەڵێ هەر ئێستا بێتە ماڵە "موعێنی". هەستام و چووم. وەژوور کەوتم و دیتم کە دوو نەفەر ئەفسەری ڕووس دانیشتوون. سڵاوم کرد و گوتیان دانیشە. یەکیانم دەناسی و نێوی "نەماز عەلییۆف" بوو و ئەوەی تریش "مایۆر"ێکی ڕووس بوو کە قەتم نەدیبوو. لە قسەکانیان ڕا دیار بوو لەوەپێش چووبوونە لای "قازی" جا چیان گوتووە، من نازانم! کە لەلای قازی دەرچووبوون منیان گاز کردووە. بڕێک لەولا و لەولا قسەمان کرد و ئاخری "مایۆر"ەکە بە ڕووسی دەستی کرد بەقسەکردن دەگەڵ "نەماز عەلییۆف"ی. پاشان نەمازیش ڕووی دە من کرد و گوتی: ئەو ئاڵایە داگرە!

بۆچی؟ چ زەرەدی هەیە؟ با هەر لەو حەوایە بێ.

تاوێکی خۆش مشت و مڕمان بوو لەسەر ئەو ئاڵایە. ئەو دەیگوت بیهێنە خوار و منیش ڕازی نەدەبووم. ئاخرێکەی بە زەردەخەنەوە گوتی: ئاڵاکە داگرە، زۆری ناکێشێ کە ئاڵای کوردوستان هەڵدەکەن!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که ئەو قسەیان کرد لە خۆشیان وەختەبوو هەڵفڕم و دڵم نەرم بوو و هەر ئەو شەوە ئاڵای سوورم هێنایە خوار و ئەوانیش ڕۆیشتن بۆ ئازەربایجان.

ڕەنگدانەوەی هەڵکردنی ئاڵای سوور لە مەهاباد، لە ڕاگەیێنراوەکان دا زۆر بوو. ڕۆژنامەکانی ڕاست ئاژۆ، بەتایبەتی لایەنگرانی سەید زییا، لەسەر ڕووداو و بارودۆخی مەهاباد نووسییان: کۆمەڵەی ژ.ک شارستانی مەهاباد بەڕێوە دەبا و لە سەربانی ئیدارە دەوڵەتییەکان لە جیات ئاڵای ئێران، ئاڵای سوور و لە هۆڵەکانی خانووی ئیدارە دەوڵەتییەکان لە جیات وێنەی شاهەنشای ئێران وێنەی ستالین سەرۆکوەزیری دەوڵەتی ڕووسیە دەبیندرێ. ڕۆژنامەی کانوون، ژمارەی (١١٦٢)٥٥، ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٢٤ی هەتاوی.

بە پێی لاپەڕەی ٧٢ ی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژوویییەکانی سەردەم، عەلی ئەکبەرۆف لە ١٢ ئۆکتۆبری ١٩٤٥ لەسەر هەڵکردنی ئالای سوور دەنووسێ:

ڕۆژی ٩ مانگی مای ١٩٤٥ (١٩ گوڵانی ١٣٢٤) کۆمەڵەی ژێکاف بە بۆنەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزم دا لە مەیدانی ناوەندی شاری مەهاباد جێژنی گرت. لەو چێژنەدا ئاڵای سووریان هەڵکرد و لەسەربانی ساختمانی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی فەرهەنگی سۆڤییەتیش لە مەهاباد ئاڵای نەتەوایەتی کورد هەڵکرا. بە وتەی دەستەڵاتدارانی خۆجێی کورد، ئەم کردەوەیە بە نیشانەی ئەوەیە کە کوردەکانی مەهاباد چیتر ئامادە نیین دەستەڵاتداییەتی ئێران قبووڵ بکەن.

لەسەر پەیوەندی کۆمەڵە و دەوڵەتی ئینگلیس دەکرێ بگوترێ کە ئەو دەوڵەتی هیچ پلانێکی لە پێناو بەرژەوەندی گەلانی ئێران دا نەبوو و دەستی لە کاروباری ئێران وەرنەدەدا و ئامادە نەبوو کە یەکگرتوویی و چوارچێوەی خاکی ئێران بگۆردری یان نیزامێکی پێشکەوتوو لە ئێران دابمەزرێ. بۆیە هیچ پەیوەندێکی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵە نەبوو و هەرچەشنە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی کۆمەڵە، تەنیا بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری و ئاگادار بوون لە سەر وەزعی ناوچە بووە. غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ٥٢ ی ئالەکۆک دا باسی نامەیەک دەکا کە گومان دەکرا لە لایەن ئاغای " لاین" نوێنەری پاشایەتی ئینگلیس لە عیراق ڕا بۆیی هاتبێ. غەنی بلووریان هەر لەو لاپەڕەدا دەنووسێ کە زۆرجار زەبیحی لە تەورێز سەفیری ئیگلیزی دیوە. هەروەها لەو سەرچاوەیە هاتووە کە جاریک قازی محەممەد بە ناوی ژ- ک عەلی ڕیحانی و زەبیحی ناردۆتە لای کۆنسوولی ئینگلیز لە تەورێز تا داوای لێ بکەن کە دەوڵەتی ئینگلیز یارمەتی بە جوڵانەوەی کورد بکا.

## ڕەوابیتی فەرهەنگی ئێران و شووڕەوی لقی مەهاباد (پەیوەندی فەرهەنگی کورد و ڕووس)

دەوڵەتی ڕووس بە دوای هاتنی بۆ نێو ئێران دا، ناوەندێکی گەورەی فەرهەنگی کە هەوڵی یارمەتی بە گەشەسەندنی فەرهەنگی و کولتووریی نێوان ڕووس و ئێران دەدا، لە تاران کردەوە.

لەوکاتەدا کە تازە قازی محەممەد ببوو بە ئەندامی کۆمەڵە، ماکسیمۆڤ باڵیۆزی سۆڤییەت لە تاران، لە مانگی دیسامبری ١٩٤٤دا بە حەسەن حەسەنۆڤی ڕاگەیاند:

لە مۆسکۆوە پلانێکم "دەستورلعەمل" بۆ هاتووە کە لە ئازەربایجانی ئێران کۆمەڵەیەکی بۆرژوا- دیموکراتیی دابمەزرێت. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ سەرنجی نوێنەرانی ئازەربایجان لە مەجلیسی شورای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میللی ڕابکێشین.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ١٢٠ی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا بە نەقڵ لە وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدڕاتیڤ، دەنووسێ لە ڕۆژی١٣٢٣/١٠/٢١- ١٩٤٥/١/١١دا ماتیۆڤ کۆنسوولی سۆڤییەت سەردانی مەهابادی کرد و لە ماڵی محەممەدئەمین شەڕەفی لەگەڵ ئیبراهیم ئیبراهیمیان، مستەفا سوڵتانیان، عەلی ڕیحانی، ئەحمەد ئیلاهی، محەممەد دڵشاد ڕەسوڵی، خەلیل خەسرەوی "خوسرەوی" و قاسم قادریی قازی، نوێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان کۆبووەوە و باسی دانانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سۆڤییەت و کورد لە مەهاباد کرا. لەو بارەیەوە ماتیۆڤ لە بەشێک لە یادداشتەکانی ڕۆژانی ١١ و ١٩٤٥/١/١٢ دا ئاماژە بە ئەو کۆبوونەوەیە دەکات و دەنووسێ: لە چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی ژێکاف دا داوایان کرد:

١- لە ڕێی ڕۆژنامەکانەوە ئاگادارکراوین کە کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی سۆڤیەت و ئێران لە شارەکانی تردا دامەزراوە. حەز دەکەین ئەو ناوەندە لە مهابادیش بکرێتەوە

٢- بۆ پەرەپێدانی کاروباری ڕاگەیاندن لە نێوان دانیشتووانی کوردستاندا، پێویستمان بە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییە، بەڵام دەرەتانمان نیە و داوا دەکەین بۆ بەدەستهێنانی دەزگایەکی چاپ، یارمەتیمان بدەن.

٣- داوای کردنەوە و بەڕێخستنی بەرنامەی ڕادیۆیی بە زاراوەی کوردیی دەکەین کە کوردەکانی عێراقیش لێی تێبگەن و لە مۆسکۆ ئەم بەرنامەیە بڵاوبکرێتەوە.

٤- بۆ ڕزگاربوونی گەلی کورد لە چەوسانەوەی سێ دەوڵەتی ئێران، عێراق و تورکیا، هەروەها یەکگرتنەوەیان لە دەوڵەتێکی کوردییدا، یارمەتییان بدرێت.

لە وەڵامی پرسیاری مندا سەبارەت بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی، نوێنەرانی ژێکاف ڕایانگەیاند: گونجاوترین و باشترین کەس بۆ ئەم کارە قازی محەممەدە کە ئێستا لە تارانە." من پەیڕەوی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی و هەندێک چاپەمەنی ترم پێدان و بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی، تا گەڕانەوەی قازی محەممەد ئامادەمان کردن.

حامید گەوهەری بە نەقڵ لە یادداشتەکانی شەریفۆڤ دەنووسێ کە دوای ئەو دانیشتنە کە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەگەڵ ماتیۆڤ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە مهاباد کردیان، عەبدولڕەحمان زەبیحی و قاسم ئێلخانیزادە ڕۆژی ١٣٢٣/١١/١٣- ١٩٤٥/٢/٢ بە نوێنەرایەتیی ژێکاف چوون بۆ تەورێز و چاویان بە "شەریفۆڤ" لێپرسراوی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤییەت لە ئازەربایجان کەوت و سەبارەت بە دانانی کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی سۆڤییەت لە مەهاباد وتووێژیان کرد. شەریفۆڤ لە ڕاپۆرتێکیدا بە ژمارەی ٦٨ - ١٩٤٥/٢/٦، دەنووسێ:

ڕۆژی ٢ ی فێبرواری ١٩٤٥ عەبدولڕەحمان زەبیحی و قاسمی ئێلخانیزادە هاتن بۆ لام و داوایان کرد ڕێیان پێ بدرێ کە ڕێکخراوی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی لەگەڵ سۆڤیەت لە کوردستان دامەزرێنن و سەربەخۆش بێت. کاتێک ئەم پرسیارەم بۆ ڕێزدار عەبدولڕەحمان زەبیحی ڕوونکردەوە و پێمگوت ئێمە ناتوانین پێشنیازی ئەوتۆ قبوڵ بکەین، گوتی: "ئەگەر ئێمە لقێکی ئەم ڕێکخراوە دامەزرێنین و ناوی بنێین کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی لەگەڵ سۆڤیەت، ڕای ئێوە چی دەبێت؟" لە وەڵامیدا پرسیم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆچی دەتانەوێت ئەم ناوەی لێبنێن و ناوی "کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی ئێران و سۆڤیەت"ی لێنانێن؟ زەبیحی گوتی: "چونکە ئێرانییەکان ئێمەیان خۆشناوێت و ڕێزمان ناگرن و بە چاوی سوک و خراپ سەیرمان دەکەن. ئێمە حەز ناکەین ناوی بەشی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت و ئێرانی لەسەر بێت." جارێکی تریش هەوڵمدا بۆ زەبیحی ڕون بکەمەوە کە بۆچی ئێمە پێشنیاز دەکەین ناوی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی ئێران لەگەڵ سۆڤیەتی پێوە بێت، لەبەرئەوەیە کە ئێران دەوڵەتێکی دۆستە و دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت. هەروەها ئێمە دەمانەوێت ئەو پێوەندییە فەرهەنگییە بەهێز بکرێت. بەکارهێنانی وشەی "ئێران" هەموو جارێک زەبیحی و ئێلخانی زادەی تورە دەکرد. زەبیحی گوتی: "ئەگەر وڵاتێکی وەک سۆڤیەت کە سوپای ئەڵمان دەشکێنێت، لە ئێران بترسێ، دەبێ دانیشتووانی بێبەختی کورد چی بکەن کە زۆر بە زەحمەت دەکرێت بڵێین ٥٪ یان خوێندەوار و ڕۆشنبیرن." زەبیحی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "ئێمە چارەڕەشترین گەلین، هیچ کەس یارمەتیمان نادات." منیش گوتم بۆچی وا دەڵێیت، مەگەر لەشکری سوری ئازادیی ئێمە کەم قازانجی بۆ گەلی کورد هەبووە؟

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٦٩ دا بە نەقڵ لە ئاڕشیوی حیزب، سیاسی ژمارە ٥٢ دا دەنووسێ کە لە مانگی سێپتامبری ساڵی ١٩٤٥ دا قازی محەممەد و سەیفی قازی چوونە باکۆ و چاویان بە ڕێبەرانی حیزبی کومونیست کەوتووە و لەوێ داوایان کردووە کە لە بواری فەرهەنگی و شارستانییەت یارمەتی بە کوردستان بکەن.

دوای گەشت ئەو دیدار و گفتوگۆیانە، ڕۆژی ١٣٢٣/١٢/٢١- ١٩٤٥/٣/١٢ کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی سۆڤییەت لە مەهاباد دامەزرا و ئەفسەرێکی ئازەربایجانیی بە ناوی عەبدوڵاۆڤ" کرا بە بەرپرس.

بە پێی بەڵگەی ڕێکەوتی ٢٤/٢/١١ کتێبی "اسرار محکمه قازی محمد و یارانش" لە وەزارەتی شەڕدا نامەیەک بۆ سەرۆک وەزیران ناردراوە و تێیدا هاتووە کە لە لەشکری ئازەربایجان هەواڵ هاتووە کە لە ڕێکەوتی ٢٤/١/٣٠دا کۆنسوولی ڕووس لە ورمێ لەگەڵ شەریف ئۆڤ و ئەفسەرێکی دیکە چوونە مەهاباد و ئەنجومەنی پەیوەندی فەرهەنگی ئێران و شووڕەویان لە ماڵە قازی محەممەد کردەوە کە پێکهات بوو لە ١٠ هەیئەتی ڕەئیسە و ١٠١ کەس دامەزرێنەر، بەڵام نە ئاڵای ئێران و نە وێنەی شای لێبوو. وێنەی سەلاحەدینی ئەیوبی داندرا بوو و شێعری نیشتیمانی لەبارەی سەربەخۆیی لە لایەن چەند کەس خوێندراوە.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٢ ی کتێبی "تاریک و ڕوون" دا دەنووسێ: ڕەوابیتی فەرهەنگی ئێران و شووڕەوی لقی مەهابادیش دامەزرا. منیش یەکێک لەوانە بووم کە لەوێدا کارم دەکرد.

شێعر و نووسراوەی کوردی بە ئازەری و ڕووسی تەرجوومە دەکران و مامۆستا هێمن و جەعفەری خەندان، شاعیری گەورەی ئازەربایجان، کتێبی ئاڵەکۆکی مامۆستا هەژاریان وەرگێڕاوە بۆ سەر زبانی ئازەری. مامۆستا هێمن دەڵی کە هەرچەند پێشنیاری بەو بنکەیە کرد کە نووسراوەی کوردی بڵاوبکاتەوە بەڵام نەیکرد.

بە دوای جێبەجێ بوونی ئەو داوایە دەستەیەک لە هۆنەرمەندانی ئازەربایجانی بۆ نیشاندانی شانۆ و تێئاتر هاتنە کوردستان و لە شارەکانی مەهاباد و نەغەدە و شنۆ بەرنامەیان بەڕێوە برد. ڕەحیمی قازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە لاپەڕەی ١٦٩ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە قازی محەممەد بەو بۆنەوە لە وتارێک دا گوتی کە یەکێتی سۆڤییەت نرخ بۆ شارستانییەت و پێشکەوتوویی دادەنێت و ئەو وڵاتە لەوبارەوە پێشکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە.

هەر لە چوارچێوەی کاروباری فەرهەنگی دا دەستەی شانۆکاری ئازەربایجانی شووڕەوی هاتنە کوردستان و لە مەهاباد و نەغەدە بۆ چەند ڕۆژ شانۆیان نمایش کرد. قازی محەممەد لە مەهاباد لە میوانداری گەورە دا سپاسی کردن و بە پێی ئارشیوی حیزب سیایی ژمارە ٤٧ لە لاپەڕەی ١٧٠ دا گوتی:

ئێمە زۆر دڵخۆشین بەمەی، کە لە پێتەختی کوردستان چاومان بە ئارتیستەکانی ئازەربایجان ئەکەوێت. نومایشەکانی ئێوە یارمەتییەکی زۆر گەورە دەکات بە پەرەسەندنی هەستی ڕزگاریخوازی و نیشتمانپەروەریی کوردان. هاتنی ئارتیستەکانی ئازەربایجان لە هەمان کاتدا گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ مەحکەم کردنی دۆستایەتی و برایەتیی دوو گەلی کورد و ئازەربایجان.

لە سەر داوای قازی محەممەد، کۆمەڵی شارستانییەتی سۆڤییەت لە کانگای حیزب وێنەی جوراجۆری شاری مەسکەوی نیشان دا کە هەموو ڕۆژی بە سەدان کەس بۆ چاولێکردن دەچوونە کانگای حیزب. بە پێی ئارشیوی ژمارە ٧١ی حیزب، لاپەڕەی ١٧٠ قازی محەممەد لە دەفتەری بیرەوەرییەکان دا نووسێ:

لەمەڕ گەورەیی و عەزەمەتی مەسکەو ئێمە زۆرمان بیستووە و زۆریشمان خوێندووەتەوە و دایما لە خاترماندا بووە بەڵام بە داخەوە هەلێکی وامان نەبووە کە ئەگەر هیچ نەبێت لە دوورەوە ببینین. ئەم نومایشگەیە هەلێکی وای پێداوین کە هیچ نەبێت کەمێک شارەزابین لە مەسکەو. لە تەواوی دێیەکانی کوردستانەوە سەدەها و هەزارەها کورد دێنە مەهاباد بۆ تەماشای مەسکەو، ئێمە ڕەجا دەکەین زوو زوو نومایشگەی وامان بۆ بنێرن. ئەم چەشنە نومایشگەیانە یارمەتی زۆرمان پێ ئەدات بۆ تەربیەت کردنی لاو و گەنجەکانمان بە ڕووحییەی خۆشەویستی و بەرێزی نیسبەت بە یەکیەتی سۆڤیەتی مەزن ...

کردنەوەی ئەو بنکەیە کاریگەری زۆری لەسەر ناساندنی فەرهەنگ و مەدەنییەتی وڵاتی شووڕەوی لەسەر کوردستان هەبوو. لەوبارەوە زەبیحی وەک نووسەری ئەو ئەنجومەنە لە ژمارە ٨٨ ی ڕۆژنامەی کوردستان دا دەنووسێ کە لە هەر جێگایەک ئەو بنکەیە هەبێ، دەرگای زانست و شارستانی و ئەدەب و فەرهەنگ و خۆشی بە ڕووی دانیشتوانی ئەو جێگایەدا کراوەتەوە. زەبیحی دەڵێ کە لە ماوەی ئەو یەک ساڵی ئەو ئەنجومەنەدا کورد توانی عەلاقەی فەرهەنگی لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەی شووڕەوی بە هێز بکا و باسی وەرگێڕانی نووسراوەکانی هەژار و ناساندنی بە دنیا دەکا.

بە جێگیر بوونی ناوەندە ڕەوابیتی فەرهەنگی ئێران و شووڕەوی لقی مەهاباد، ئەو هەلە بۆ ڕێبەرایەتی کورد ڕەخسا کە لەو کاناڵەوە داوای هێندێک پێداویستییەکانی خۆیان بکەن. بە پێی لاپەڕەی ١٧٢ی کتێبی ڕەحیمی قازی، لەو قوناغەدا قازی محەممەد بە نامە داوای لە بەرپرسانی ڕووس کرد کە بۆ دابین کردنی نەخۆشخانە و چاپخانە و خوێندنگە یارمەتی کورد بدەن. گشت ئەو کار و کردەوانە بوونە هۆی ئەوە کە مەیدان بۆ دەستەلات دارانی کورد خۆش بێ کە کارەکانی ناوچەی خۆیان، بەدەستەوە بگرن. کاربەدستانی ڕێژیم لە تاران بەو وەزعە نیگەران بوون و کێچیان لە کەوڵی کەوت بوو. بۆیە هەموو بەشەکانی ئەمنیەتی و سیاسی و نیزامی، هەوڵیان دا تا ناوچەکە داگیر بکەنەوە و بیگێڕنەوە بۆ دۆخی ڕابردوو. ئەو مەترسیە تا ڕادەیەک بوو کە ڕۆژنامەی کەیهان" یش نەیتوانی بێدەنگ بێ و لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژمارەی ٦٧٧ لە ژێر سەردێری "گاڵتە بە میری مەهاباد مەکەن" نووسراوەیەکی بڵاو کردەوە. لە ژمارە ١٢ "کوهستان"دا بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی کەیهان، ڕاپۆرتێکی هەیئەتی لێکۆڵینەوەی دەوڵەت هاتووە کە لەسەر مەهاباد دەنووسێ:

کوردستان بە تەواوی سەربەخۆیە، خاوەنی پاشایەکی کورد، یەک هەیئەتی دەوڵەتی، هیزی ئەمنی، هیزی چەکدار لە سنوورەکانێتی. بەشێوەیەک کە تەنیا بە چەند لەشکران دەکرێ بچی بۆ کوردستان و دەبی بە خیرایی دوای چەند شەری خۆیناوی کەسانێک بە تایبەتی لە شاری مەهاباد دەستبەسەر، یان ئێعدام کەی و یەکجێ چەک لە خەڵک دامالی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ١٣
## کەسایەتی هێندێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە ژ. ک
## حوسێن فروهەر

حوسێنی فروهەر یان حوسێنی زێڕینگەران، لە کەسایەتییە گەورەکانی کۆمەڵە و کەسێکی کارای لێهاتووی سەربزێوی کۆڵنەدەری ئازا بوو. دوکتور ئاسۆ لەسەر کەسایەتی فروهەر دەنووسێ کە ئەو پاسەبان یان ئاژان بوو و پیاوێکی کزی بێحەوسەلەی توندی نیشتماپەروەر بوو. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٣١ی کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" لەسەر حوسێن فروهەر دەنووسێ کە ڕووناکبیرێکی لێوەشاوەی نیشتمانپەروەر بوو. ئەو بۆ کڕینی کوتاڵ هاتووچووی کوردستانی باشووری دەکرد. گۆڤار و نووسراوەکانی کوردستانی باشووری لەگەڵ خۆی دێنا بۆ مەهاباد. ئەو ماوەیەک لە ئیدارەی مالییەی مەهاباد کاری کرد و لە دامەزرینەرانی کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان بوو. لەساڵی ١٣١٧(١٩٣٨) لە سەردەمی ڕەزا شا دا، گیرا و بۆ شاری کرمان دوورخراوە. دوای ڕووخانی ڕەزاشا گەڕاوە بۆ مەهاباد و دوای نەمانی کۆمەڵەی ئازادیخوازان، لە گەڵ هێندێک لە هەوالانی، کۆمەڵەی ژ- ک دامەزراند. فروهەر ئەندامی یەکەمی کۆمەڵە بوو.

غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ٤٥ ی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ:

حوسێنی فروهەر کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک بوو، بەهۆی هەندێک کردەوەی نالەبار لە کۆمەڵە ولاندرا، بەڵام کاتی دامەزرانی کۆماری کورد لە مەهاباد سەبارەت بە ڕابردووی هێنایانەوە و کردیان بە سەرهەنگی سوپای میللی، کە ئەمجارەش بەهۆی بێ دیسپیلینی و کردەوەی سەربەخۆی نادروست لە ئەرتەشی میللی دەریانکرد، ناوبراو کاتی سەرهەنگ بوونی، دەچێتە ئیدارەی پۆلیسی کۆمار کە بەرپرسەکەی سەید خدری نیزامی (سەید پیرە) بوو.

لەوێ " محەممەد قاڕوونی" مەلا "عەبدوڵڕەحمانی سرونجداغی" و "هەمزەی قاوەچی" خەڵکی نەغەدە لەسەر دەنگۆی پێوەندیگرتن لەگەڵ تاران دەستبەسەر کرابوون، تا لە کارەکەیان بکۆڵدرێتەوە، حوسێنی زێڕنگەران لەسەر ناوی " قازی" کە سەرۆک کۆماری کوردستان بوو، نامەیەک دەدا بە سەید پیرە کە ئەو سێ کەسەی لێوەرگرێ.

سەید پیرە بە لەبەر چاو گرتنی کردەوەکانی ڕابردووی حوسێنی زێڕنگەران لەم نامەیە دڕدونگ دەبێ و دەڵێ: فەرموو دانیشە تا بچم ئەو دوو بەندیانەت بۆ بێنم

ئەوسا مەهاباد تەلەیفونی نەبوو، بەڵام لە ئیدارەی پۆلیسەوە تەلەیفونێکی تایبەتیان بۆ ماڵی قازی کێشابوو، سەید پیرە دەچێ لە هۆدەیەکی ترەوە بەو تەلەیفونە پێوەندی بە قازیەوە دەگرێ و ڕووداوەکەی پێڕادەگەیەنێ، ناوبراو لە وڵامدا دەڵێ من ئاگام لەو مەسەلەیە نییە و نامەیەکیشم نەداوە بە کاک حوسێن، قازی فەرمانی دابوو حوسێنێ زێڕنگەران ڕابگرن و لەو کارەی بکۆڵنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حوسێنی فروهەر بە تاوانی ئەو فێڵبازییەی لە سوپای میللی دەرکرا.
شایانی باسە بەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و گیرانەوەی مەهاباد، کاک حوسێنیش وەک "محەممەد نازمی"، "عەبدوڵای ڕەوشەن فیکر"، "ڕەسووڵی نەغەدەیان" و "حامید مازووچی" لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە گیراو بە ئیعدام مەحکوم کرا، بەڵام کاتێک خەریک بوون ئەوان لە بەندیخانەی تەورێزەوە بێننەوە بۆ مەهاباد و لە "چوارچرا" ئیعدامیان بکەن، پێیان گوتبوو حوکمی ئیعدامی تۆ لە تارانەوە شکاوە و زیندانی ئەبەدیان داوێی و بەم چەشنە درکرانی لە سوپای میللی بوو بە هۆی ڕزگاربوونی لە ئیعدام. ناوبراو دوای بەخشینی گشتی ئازەربایجانییەکان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، یانی پاش سێ ساڵ بەندی لە زیندان ئازاد کرا.
حوسێنی زێڕنگەران سەرلەنوێ پاش کودیتای شا و "زاهیدی" دژی دوکتور موسەدیق لە ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣ گیرایەوە و پازدە ساڵیان گرت و من بە دوای گیرانم لە ساڵی ١٣٣٨-١٩٥٩ ئەوم لە زیندانی "بەرازجان" لە کەنداوی فارس دیتەوە.
هەر لە پەیوەندی لەگەڵ کارەکانی حوسێنی فروهەر دا، غەنی بلووریان لەلاپەرەی ٤٤ ی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ: شەوێک قازی محەممەد ناردبووی من بچمە لای. کە چووم، قازی گوتی: دەبێ پارێزگاری لە چاپخانەیە بکەن کە لە ناوەندی ڕێکخراوەکەتان دامەزراوە. ئێمە لاوەکان بەرۆژ لەوێ کارمان دەکرد و شەوانەش دەرگای بارەگای ڕێکخراوەکەمان قفڵ دەکرد و هەرکام دەچووینەوە ماڵی خۆمان. ئەمجارە بە دوای ئەمری قازیدا شەوانە چەند کەسمان لەوێ دەماینەوە. من و سەدیقی سیاسەری پای ئەسڵی بووین و هەموو شەوێ بە نۆبە یەکمان لەوێ دەماینەوە و ئەواونیتریش هەر شەوەی ٤ - ٥ کەسمان دەهاتن و چەکمان هەڵدەگرت و بەیەکەوە کێشکمان دەدا. ئێمە نەماندەزانی چ قەوماوە بۆچی ڕایان سپاردوین پارێزگاری لەو چاپخانەیە بکەین کە ماوەیەک بوو بە بێ چاودێر مابۆوە و هیچ گیروگرفتێکی بۆ نەڕەخسابوو. ماوەیەک بەدوای کێشکی چاپخانە لە چوارچرای مەهاباد تووشی حوسێنی فروهەر(حوسێنی زێڕینگەران) بووم. ناوبراو یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەرەکی کۆمەڵەی ژ. ک بوو. ئەو بانگی کردم و گوتی:
- تۆ لایەنگرت هەیە و بەرپرسی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی و دەزانم لە دەستت دێ یارمەتیمان پێبکەی.
- لەچ بارێکەوە دەتوانم هاریکاریتان بکەم؟
- ئێمە گروپێکی تایبەتین و دژی ملهۆڕ و مفتەخۆر و ئەو خاوەن مڵکە زۆردارانەی کە نەتەوەی ئێمە دەچەوسێننەوە خەبات دەکەین و لە نێو خۆماندا بڕیاری کوشتنی ئەوانمان داوە. ئەگەر ئێوەش لاوان لە گەڵمان بن، دەتوانین گەلێک کاری بەنرخ بکەین.
- خۆت دەزانی من سەربەخۆ نیم و کۆمەڵێکم لاو لەگەڵە کە دەبێ بۆ هاوکاریکردنتان پرسیار بکەم و پاشان وڵامتان بدەمەوە. حوسێنی فروهەر بە بیستنی ئەو گوتنەم، دەستی خستە سەر شانم و بە پێکەنینەوە گوتی:
- گاڵتەم لەگەڵ کردی لەبیر خۆتی بەرەوە.
غەنی بلوریان لە دوایی دا دەڵێ: ... کاتێک پێشنیارەکەی فروهەرم بە "قازی" ڕاگەیاند ناوبراو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەر ئەو چەشنە مرۆڤە سەرەڕۆو تێکدەرانەیە کە دەڵێم چاودێری لە چاپخانە بکەن، ئێستاش کە تۆ ئەوە دەزانی پێویستە خۆ لە پیلانی ئەمجۆرە کەسانە بپارێزی.

غەنی لە درێژەی ئەو باسەدا لە لاپەڕەی ٤٦ ی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ کە حوسێنی فروهەر هەر بەوەش ڕانەوەستاو و لاوێکی ڕێکوپێکی مەهابادی بە ناوی "هاشم فەرهادی" هان دا تا ڕەحمەتی شافعی بکوژێ و پێی گوتبوو کە هەرکام لە ئێمە کەسێکمان بەرکەوتووە کە بیکوژین و ئەتۆش ڕەحمەتت وەبەرکەوتووە.

غەنی بلووریان دەڵی، هاشم خۆی بۆ ئەو کارە ئامادە کرد. ڕۆژێک کە ڕەحمان برای ڕەحمەتی شافعی کە لە دوکانی بەزازی ماڵە غەنی بووە، هاشم بەوێدا دێ. ناوبراو بە توندی ڕوو لە ڕەحمانی شافعی دەکا و دەڵێ" کوا ڕەحمەتی شافعی دەیکوژم". ڕەحمانی شافعی قسەی پێدەڵێ و لەوێ بەشەڕ دێن. شەڕەکە دەکێشرێتە شوێنی دیکەو و هاشم دوو گوللە لە ڕەحمان دەدا و دەیکوژێ. سوارەی مەنگوڕ و دێبۆکری بە دوای هاشم دەکەون و تفەنگچییەکانی عەولا بایز ئاغا، لە ماڵە محەممەدی سەنگی سپی، لە گەڕەکی سەوزیخانەی شار دەیبیننەوە و دەیکوژن.

غەنی لە دوایی دا دەنووسێ کە دوای ئەو ڕووداوە حوسێن فروهەر قیت و قنج بە شاردا دەخولاوە.

## عەبدولڕەحمان زەبیحی

عەبدولڕەحمان زەبیحی لە مەهاباد لە دایک بوو و شارەزای زمانەکانی فارسی، تورکی، عەڕەبی، فەڕانسەوی و ڕووسی و ئینگلیسی بوو. ناوبراو بە دوای نەمانی کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان، ڕۆڵی بەرچاوی لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژ- ک دا هەبوو. ئەو بەرپرسی گۆڤاری نیشتمان و لێپرسراوی پەیوەندی کۆمەڵە لەگەڵ دەوڵەتی ڕووس بوو و نازناوی "بیژەن ٢ " یان "ع بیژەن" بوو و بە زبانی تورکی ڕاپۆرتەکانی کۆمەڵەی ژ- ک بۆ دەوڵەتی ڕووس دەنارد. ئەو خاوەنی ڕۆژنامەی "مرۆ" بوو، کە تایبەت بە ئەندامانی کۆمەڵە بوو. زەبیحی بەر لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ محەممەدی شاپەسەند خەریکی بازرگانی قاچاغی توتن لە کوردستان بۆ تەورێز بوو و بە پێی لاپەڕەێ ٣٧ "بیرەوەرییەکانی محەممەد شاپەسەندی"، لەو ڕێگایەدا زیانی زۆریان پێگەیی. زەبیحی لەکاتی گرتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ دڵشادی ڕەسووڵی و قاسم قادری قازی لە ڕێی ورمێ دا گیران و ماوەی ٨ مانگ لە زیندانی ڕێژیم دابوون. زەبیحی دوای ڕووخانی کۆمار بۆ کوردستانی باشوور هەڵات و لەگەڵ مامۆستا هەژار و حەسەن قزڵجی لە لای شیخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود لە ئاوایی سیتەک گیرسانەوە. زەبیحی دوایە بوو بە ئەندامی پارتی دێموکرات و لە عێراق بە نازناوی "مامۆستا عولەما" و لە سووریە بە نازناوی"عیسا" بە ناوبانگ بوو. ئەو دوایە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی کەوت و بە دوای ساڵی ١٩٧٥ لە عێراق لە بەشی پەیوەندی لەگەڵ حیزبە کوردییە کارتۆنی دەستکردەکانی عێراق، هاوکاری ڕێژیمی عێراقی کرد. زەبیحی نووسەرێکی بەتوانا و کوردی زانێکی گەورە بوو و قاموسی زمانی کوردی پیتی "ئا و ب" لە یەک بەرگ دا لەچاپ دا. بەڵام مەرگ ڕیگای نەدا کە ئەو کارە گەورەیە تەواو بکا. ئەو لە ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ شێخ جەلالی حوسێنی و حامید حەمەی تایربەگی جاف، بە دوو ماشێنی چەک و چۆڵ چووە نێو دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین تا لەژێر ڕێبەرایەتی ئەو دا بە دژی ڕێژیمی ئێران خەبات بکەن. یەکێک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تومبیلەکان کە حامید بەگی تیدا بوو لە نێوان باشماخ و مەریوان لە بەفر چەقێ و کەوتە دەست پێشمەرگەکانی حیزبی دێوکرات و دەستی بەسەردا داگیرا. بەڵام بە فەرمانی حیزب، چەکەکان درانەوە بە دەفتەری شێخ عیزەدین. زەبیحی دوایە لەگەڵ شێخ عیزەدین نەحاواوە و لەگەڵ مەلا شێخ جەلال، دەفتەری مامۆستایان بەجێهێشت و ڕێکخراوی ئیسلامی خەباتیان دامەزراند.

زەبیحی لە ساڵی ١٩٨٢ بێسەروشوێن بوو و کەس سوڕاغی بۆ نەکرا. نەوشیراوان مستەفا لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی " پەنجەکان یەکتر دەشکێنن" دەڵێ لە لای قەڵادزێ و سونێ ون بوو. دیارە حیزبی دیموکرات لەو دەڤەرە بوو و ئەو قسەیەی بەو مایایەیە کە بە دەستی حیزبی دێموکرات ون بووبێ.

مامۆستا هەژار لەسەر بزر بوونی زەبیحی لە لاپەرەی ٥٧٧ چێشتی مجێور دادەنووسێ:

خەبەری ئەسەحم دەست کەوت کە هاتوە بۆ ئێران و لە نیزیک تەورێز گیراوە.

کەریمی حیسامی لە کتیبی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: دوو حەوتە بەر لەوەی کە بۆخۆم لە ساڵی ١٩٨٢ دا بە دەست ڕژێمی عێراق بگیرێم دۆستە کوردەکانم لە بەغدا پییان ڕاگەیاندم مامۆستا زەبیحی لە ئیران گەڕاوەتەوە و نیزیک دوو حەوتوو دەبێ لە بەغدا ونە.

## قاسم قادری

قاسمی قادری قازی، کوری قازی قادر، کوڕی میرزا ڕەحمان، کوڕی عەبدوڵای قازی بوو. میرزا قاسم لە گوندی توختە زەوی و زاری هەبوو و بە کاری کشت و کاڵ سەرقاڵ بوو. پاش شەڕی یەکەمی گەورە بۆ ماوەیەک تووشی دەربەدەری و هەڵاتن هات و لە دوایی دا هێندێک لە ئاغایانی دێبۆکری هێرشیان کردە سەری و تاڵانیان کرد. بە ناچار مەزراکەی بە نرخێکی کەم فروشت و هاتەوە مەهاباد و لە خانوی قازی قادری باوکی دا نیشتەجێ بوو و دەستی کرد بە خوێندن. بە هۆی ئەوەی کە پیاوێکی زیرەک و وریا بوو لە ماوەیەکی کەم دا سەواد و زانستێکی باش وەدەست هێنا. لە سەردەمی ڕەزاشا کاتێک لە مەهاباد قوتابخانە داندرا بوو بە مامۆستا و لە لایەن ئیدارەی فەرهەنگ حوکمی ڕەسمی پێ درا.

عەبدوڵای قازی لە سەر کەسایەتی قاسم قادری دەنووسێ:

قاسمی قادری کە لە تایفەی قازی و لە بنەماڵەی قازی قادری بوو، مامۆستا بوو. پیاوێکی سورکارەی قەدوباڵا بڵیندی چاوبرۆ ڕەش بوو و بە چەرچیلی کوردستان بەنێوبانگ بوو و لە کۆماریش دا ئەو ناوبانگەی هەر مابوو. مامە قاسمە هەرچەند لەگەڵا مەلاعەلی باپیرم (بابی دایکم) و ماڵە میرزا ڕەسووڵی، ساحەبی ئاوایی باغچەو سەرباغچە بوون، بەڵام زۆر نەدار بوون. زۆر شەوان عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی پیاوی ناردونە سەرو ئازاری داون. بۆیە مەجبور بوون ئەو ئاواییانە بفرۆشن و بێن لە ئاواییەکانی دەورووبەری مەهاباد وەك گۆلێ و چۆمەڵان جێگر بن.

قاسمی قادری ئەندامی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ- ک بوو و لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٤دا لەگەڵ زەبیحی و دڵشاد ڕەسووڵی بە هۆی هێزەکانی ئێران گیران بە دوای کۆمار دا ئازاد بوون. قاسمی قادری لە ساڵی ١٣٤١دا لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

رەحمان قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ونبوو"دا لەسەر قاسمی قادری دەنووسێ:

دوای شەهید بونی پێشەوا و تێک چونی کۆماری کوردستان بۆ شاری ورمێ دور خراوە و تا هاتنە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر کاری دوکتۆر موسەدیق هەر لە ورمێ ماوە و ئیزنیان پێ نەدا بگەڕێتەوە مەهاباد. لە کۆدەتای سوپەهبود زاهیدی دا مامە قاسم و من و سێ کەسی تر لە هاوڕێکانمان ماوەی پازدە ڕۆژ خۆمان لە شاخەکانی دەور و بەری قازی ئاوا و دێبۆکر شاردەوە تا وڵات ئەهوەن بۆوە و گرتن و لێدان کۆتایی هات جا گەڕاینەوە مەهاباد.

## محەمەد دڵشادی ڕەسووڵی

محەمەد دڵشادی ڕەسووڵی (م، نادری) لە ئەندامانی سەرووی کۆمەڵە ژ- ک بووە. ناوی ئەسڵی محەممەد غەفووری بووە، بنەماڵەکەیان خەلکی مەهاباد بوون و بۆ کاسبی چوو بوونە شاری کۆیە لە کوردستانی باشوور. دڵشاد لە کۆیە گەورە بووە و بۆ درێژەدان بە خوێندن چوو بۆ بەغدا و خانەی مامۆستایانی تەواو کرد. دواتر گەڕاوە بۆ مەهاباد و بوو بە یەکێک لە ئەندامە چالاکی کۆمەڵە. لە هاوینی ١٩٤٥دا لەگەڵ قاسمی قادری قازی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی لە نیزیک ورمێ گیران و نیزیکەی ٨ مانگ لە زێندان دا بوون. لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٤فیورییەی ١٩٤٦ دڵشاد و هاوڕێیانی گەیشتنەوە ساباڵاغێ و تێکەڵ بە چالاکییەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و کۆمار بوون. دڵشادی ڕەسووڵی هەر وەک چۆن پێشتر نووسەرێکی گەورەی گۆڤاری "نیشتمان " بوو، لە بڵاکراوەکانی کۆمار بەتایبەتی ڕۆژنامەی " کوردستان" دا دەستێکی باڵای هەبوو. ئەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و جێگری وەزیری فەرهەنگی کوردستان بوو. دوای تێکچونی کۆمار کوردستان چووەوە باشووری کوردستان و لە ناوچەی پشدەر دەژیا و لە ساڵی ١٩٦٥ تیرۆر کرا.

زۆر کەسایەتی بە توانای دیکە، وەک برایم ئەحمەد(بە قسەی مامۆستا هەژار کە کەسایەتێکی زیرەک و زانا و کورد بوو بەو شەرتە خۆی بکرێتە سەرۆکی کوردستان) کە بەرپرسی لقی کۆمەڵە لە سولەیمانییە بوو، ئەندامی کۆمەڵە بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ١٤
## چاوپێکەوتنی دووهەمی شا و قازی محەممەد

بە پێچەوانەی هەوڵ و تەقلای ڕێژیم بۆ گەڕانەوە بۆ مەهاباد، تا ساڵی ١٣٢٣ هیزەکانی ڕێژیم نەیانتوانی بوو دەستەڵاتی خۆیان بە سەر مەهاباد دا جێگیر بکەنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ جێیان لەقتر دەبوو. بە پێی لاپەڕەی ١٧٧ی کتێبی خەلیلی قازی تا ئەوکاتە کە پارێزگاری لە مەهاباد، بە هۆی قەرەنیاغای مامەش، یان عەوڵای بایزاغا، یان عەلیاغای عەلییار بەڕێوە دەچوو، قازی محەممەد هەرکات پێویست بایە دەچوو بۆ تاران و چاوی بە کاربەدەستانی دەوڵەت دەکەوت.

بەڵام لەو سەردەمەدا کە ڕەوتی جوڵانەوەی کورد لە پەرەستاندن دابوو و ڕێبەرایەتی کۆمەڵەیٚ ژ.ک لەژێر ڕێبەری قازی محەممەد دا ژێرانە خەریکی کار و تێکۆشان بوون. کاربەدەستانی ڕێژیم هەمووکات ئەو مەترسییەیان هەبوو کە خەڵکی مەهاباد لە ژێر هیژمۆنی قازی محەمەد دا یەک بگرن و لە داهاتوو دا ببنە کێشە بۆ دەستەڵاتی ناوەندی ئێران. ئەو نیگەرانییە بە وردی لە قسەکانی خەلیلی فەهیمی کە لە ژمارەی یەکی حەوتەنامەی "کوهستان" کە بە ڕێکەوتی دوو شەمۆ ٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٣ دەرچووە بە ڕوونی دەردەکەوێ. ناوبراو قسە بۆ نوێنەرانی مەجلیس دەکا و باسی کوردستان دەکا و دەڵێ کە لە کابینەی ساعیدی دا شەوێک سەرۆکی ستادی ئەرتەش سەرتیپ ڕەزمئارا هاتە هەیئەتی وەزیران و باسی مەهابادی کرد کە بۆتە یەک پارچە ئاگر و لە ئێران جوێ بۆتەوە و قازی محەممەد و کەسانی دیکەی نێو برد کە لەو کێشەیەدا دەستیان هەیە. فەهیمی دەڵێ کە بە بیستنی نێوی قازی محەممەد زانی کە ئەو هەواڵە درۆیە و باسی سەفەری خۆی لە دوای شەهریوەر بۆ مەهاباد دەکا و دەگێڕێتەوە کە چۆن قازی محەممەد بۆ پارێزگاریی لە شار کێشکی داوە. فەهیمی هەروەها باسی ئەوە دەکا کە جارێک بۆ چارەسەریی کێشەی ورمێ، قازی محەممەد و سەید عەبدوڵا کوری شێخ عەبدولقادری ڕائەسپاردوە و ئەوانیش بە باشی کارەکەیان ڕاپەراندوە. فەهیمی ڕوو بە نوێنەرانی مەجلیس دەڵی ئێسا کە پێتان وایە ئەوان جوێ دەبنەوە، بە تاقی بکەنەوە و ڕابسپێرن بێن بۆ تاران. ئەگەر نیازی وایان هەبێ، دەترسن و نایەن. فەهیمی دەڵی بۆخۆشم حازرم بچم بۆ مەهاباد.

لەسەر پێشنیاری فەهیمی دەوڵەت تێلگرافی بۆ مەهاباد لێدەداو ئەوان بۆ تاران بانگهێشتن دەکا. دوای یەک حەوتوو قازی محەممەد وڵامی داوە کە ئەوە ئەوان بەرەو میاندواو وەرێ کەوتن و دێن بۆ تاران.

هەر ئەوکات فەهیمیش بەرەو کوردستان وەڕێکەوت و سەردانی شارەکانی سەقز، سنە، بانە، بۆکان و مەهابادی کرد. فەهیمی لە بانە باسی ئاسەواری ئاور تێبەردانی شاری بانە بە هۆی حەمە ڕەشیدخانی بانە دەکا و دەڵی کە خەڵک خەریکی دروست کردنەوەی ماڵەکانیان بوون و ئەویش لە سەقز ڕا دار و ئاسن و کەرسەی خانووی بۆ ناردن. دوایە دەگێڕێتەوە کە لەوێش کاربەدەستان زۆریان داوا لێکرد کە نەچێتە مەهاباد چونکە خەتەرە بەڵام دەڵێ چووم و خەڵکی شار زۆریان ڕێز لێگرتم.

ئەوجار بە پیێ لاپەڕەی ١٣٧ی کتێبی ڕەحیمی قازی، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو دەنگۆیانەی کە دژی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەهاباد ساز کرا بوو، قازی مەحەممەد لە ئاخرێ ساڵی ١٩٤٤دا بۆ جاری دووهەم لەگەڵ سەیفی قازی چووو بۆ تاران و لەگەڵ سەدری قازی چاوی بە "شا" و سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی ستادی نیزامی کەوت و داواکاریی کوردانی بۆ باس کردن.

یەکێک لەو چاوپێکەوتنانە لەگەڵ ژێنراڵ حەسەن ئەرفەع سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران بوو. ناوبراو لە لاپەڕەی ١٠٠ی کتێبی "کوردەکان"دا ئاوا باسی چاوپێکەوتنی خۆی لە گەڵ پێشەوا دەکا و دەڵێت کە ڕۆژێک سەدری قازی کە برای قازی محەممەد و ئەندامی پەرلەمانی ئێران بوو، بە تەلەفۆن داوای لێکردم کە چاوم بەو و براکەی بکەوێ. ئەوان هاتنە سەرکردایەتی سوپا گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە و دوور و درێژمان پێکەوە کرد. سەدر و سەیف تا ڕادەیەک خۆیان دەپاراست و بە پێچوپەنا قسەیان دەکرد و دەیانگوت هیوادارن دەوڵەتی ئێران لە تایبەتمەندییەکانیان بگات و مافی نەتەوەیی ئەوان بسەلمێنێ و ئەوانیش بۆ پێش خستنی هەموو میللەتی ئێران، هاوکاریی دەوڵەت دەکەن. قازی محەمەد کە ڕاشکاوانە تر لەم دووانە قسەی دەکرد، لە سەرەتادا گلەیی لە گیروگرفتەکانی پێشوو کرد و پاشان لە گەندەڵی و ناکارامەیی دەزگاکانی دەوڵەت لە ناوچە کوردنشینەکان دوا و لەم بارەیەوە کە بۆچی لە کوردەکان بۆ کاری دەزگاکانی ئەو ناوچانە کەڵک وەرناگیرێ ڕەخنەی گرت.

ئەرفەع لە درێژەدا دەڵی کە لە وڵام دا گوتم کە خاوەنشکۆ هەر ئەو هەستەی لەبەرانبەر بە کوردان دا هەیە کە بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە هەیەتی. لە ڕابردوودا کوردی زۆر بە پلەی باڵا گەیشتوون و یەک لەوان بۆتە ئەندامی حکومەت. ئەوجار گوتم کە هێندێک فەساد و گەندەڵی هەیە بەڵام ئێمە دەبێ لە ژێر فەرمانی خاوەنشکۆ دا ئەو کیشانە چارەسەر بکەین. خاوەنشکۆ پاشای ئێران و سەر بە نەتەوەیەک نییە و سەر بە هەموو نەتەوەکانە کە هەموویان بە شانازییەوە ڕێوڕەسمی کۆنی خۆیان پاراستووە. ئەرفەع لە درێژەدا دەنووسی کە:

سەرەڕای ئەو گوتنانە دیتم قازی محەحمەد کەسێکی ئاوا نییە کە بەو قسانە بترسێ و بێگومان لە داهاتوودا گیروگرفتمان بۆ پێک دێنێ.

ئەرفەع لە لاپەڕەی ١٠١ی کتێبەکەی دا دوای ئەوە دەڵێ کە هەر لەو دانیشتنەدا بۆخۆی پشتی ژێنڕاڵ هوشمەندی گرتووە و هێرشی کردوتە سەر سەربزێوییەکانی کورد، بەڵام قازی محەممەد دژکردەوەی توندی لە خۆی نیشان دا وەجواب هات. ئەرفەع دەنووسێ: قازی محەمەد ڕاچڵەکی و بە منی گوت تۆ کۆنەپەرەستی.

قازی محەممەد لەو دیدارانەدا بە سەرۆکە ئێرانییەکانی گوت کە گەلی کورد نایەوی جوێ بێتەوە و ئامانجی جووڵانەوەی کورد وەدەستهێنانی خودموختاریی لە چوارچیوەی ئیران داییە. سەرجەم تا پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان، پێشەوا دوو جار لە گەڵ شا لە سەر مافی کوردان، بە ڕاشکاوانە دواوە. بە پێی ڕۆژنامەی ژمارە دووی کوردستان، پێشەوا دواتر لە ساڵی ١٩٤٥دا لە وتوێژ لە گەڵ ئاغای تەفەزولی و عەباسی شاهەند و بزورگی عەلەوی، خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی تاران، لە وڵامی ئەو پرسیارە کە ئایا لە ماوەی ئەو چوار ساڵە کە کورد خودموختار بووە لە گەڵ دەوڵەت گوفتگۆ کراوە یان نا؟ دەڵێ:

ئەمن دوو کەڕەت بۆ تاران چووم و هەردووک جاران داوای خەڵکی کوردستانم بە عەرزی ملوکانە گەیاندو داوام کرد: لە باتی تانک و تۆپ بۆ سەر کوردەکان کە حەقی خۆیان داوا دەکەن دەستور بدەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێهداری و فەرهەنگی وان چاک بکەن. ئەمما نەتیجەی نەبوو ...

خەلیلی فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٢٣ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە پێشەوا لە لایەن شایەوە ڕێزی لێگیراوە و جارێک شا ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسی بە هۆی سپەهبوود جەهانبانی بە دیاری بۆ ناردووە.

هەروەها مۆبلی لە لاپەڕەی ٧٥ی کتێبەکەی دا باسی سەدری قازی دەکا کە لە چاوپێکەوتن لە گەڵ شا لە دیسامبری ١٩٤٥دا ئەوی دڵنیا کردبوو کە، کوردەکان تەنیا داوای هێمنی و خوێندن و پەروەردە و باشتربوونی باری لەش ساغی دەکەن.

## گرتنی شارەبانی مەهاباد

لە درێژەی هەڵسوکەوتی خراپی عەشایر و ڕووداوەکانی ناوچە و هەوڵ و تەقەلای تێکدەرانەی بەردەوامی کاربەدەستانی ئێرانی، ڕووسەکان ئیزنیان بەریژیم دا تا شارەبانی و فەرمانداری لە مەهاباد دابمەزرێتەوە. خەڵکی مەهاباد بە جێگیربوونەوەی دامودەزگای دەوڵەتیی ناڕازی بوون. هەرچەند دامەزراوەکانی ڕێژیم دەستەڵاتی ئەوتۆیان نەبوو بەڵام گەڕانەوەی دەستەڵاتی ڕیژیم، بە مانای جێگربوونەوەی گیروگرفت و کێشە و مەینەت و ئازارەکانی خەڵک بوو. دەزگای فەرمانداریی هەر لەسەر بنەمای شکڵ و بێچمی حکومەتی پێشوو دامەزراوە و لەسەرانسەری ئێران هەر ئەو کەسانە بەڕێوەیان دەبرد کە پێشتر زوڵم و زۆریان لە خەڵک دەکرد.

هەرچەند مەرجی گەڕانەوەی دامەزراوەکانی ڕێژیم، سنوور دار بوو و نەدەبوو دەست لە کاروباری خەڵک وەردەن. بەڵام ڕێژیمەکانی ئێران قەت پابەندی هیچ یاسایەک نەبوون و بە مەبەستی تایبەت ئەو بنکانەیان دامەزراندبووە و هەوڵیان دا تا پەیوەندی لەگەڵ عەشایر بە هێز بکەن و پەرە بە سیخوڕی و ئاژاوە بدن.

بە دوای ئەوە دا کە عەشایر لە ئیدارەی شاردا دەستەوەستان بوون، دەوڵەت بە پرس‌وڕا لەگەڵ ئەوان، کەسێکی بە ناوی سەریعولقەڵەم وەک فەرماندار بۆ مەهاباد دیاری کرد. فەرماندار، ئیدارەی شارەبانی کە هەڵوەشابوو لە سەرڕا دایمەزراندەوە. بەڵام دەستەڵاتی ئەوتۆی نەبوو و دەوڵەتی ئێران زۆری هەوڵ دا تا بە یارمەتی سەرۆک عەشیرەتەکان، بەتایبەت عەلیاغای دێبوکری و قەرەنیاغای مامەش، دەستەڵاتی خۆی بە هێز کاتەوە بەڵام نەیتوانی. هاشمۆف سەرکۆنسوولی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ڕەزاییە(ورمێ) لە یەکێک لە یادداشتەکانی لە سەر ڕووداوەکانی کوردستان کە لە بەڵگەنامەکانی سوڤییەت وەرگێردراوە و ئەفراسیاب هەورامی وەریگێڕاوەتەوە سەر کوردی، بەمشێوەیە دەنووسێ:

بۆ ڕێکخستنی بەشی کۆمەڵەی پەیوەندییە کلتورییەکان من و هاوڕێ "شەریفۆف" ڕۆژی هەژدەی نیسان ڕۆیشتین بۆ مهاباد، یەکەمجار سەردانی فەرماندار (سریع‌القلم) مان کرد، لە چاوپێکەوتنەکەدا نارازی بوونی خۆی لە بارودوخی مەهاباد دەربڕی و گلەیی لەوە کرد کە ئەو هەر تەنیا بە ناو فەرمانداره و هیچ دەسەڵاتێکی نییە، چونکە کوردەکان لە دوای ڕووداوی مانگی فورییەی ١٩٤٥وە خۆیان هەموو کاروبارێک دەبەن بەڕێوە. لەبەر ئەوە چەند جار داوام کردووە لە تاران کە ڕێگام بدات مەهاباد بەجێ بهێڵم، بەڵام کاربەدەستانی تاران داواکەیان ڕەت کردوومەتەوە ... جێی سەرنجە لە کاتێکدا ئێمە لای فەرماندار بووین کوردەکان لە هەموو لایەکەوە دەوری ماڵەکەیان دابوو، هەوڵیان دەدا گوییان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گفتوگۆکانمان بێ و بزانن چی ڕوو دەدا. کاتژمێر دوانزە چووینە لای قازی و بۆ نانی نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، لەو ماوەیەدا کە ئێمە لەوێ بووین هاتوچۆی پیاوە بەناوبانگەکانی کورد بەردەوام بوو.

قازی موحەممەد هەموو کاتێک وتووێژەکانی بەرەو سەربەخۆیی کوردستان دەبرد و باسی دواکەوتوویی کوردانی دەکرد و بەگوێرەی قسەکانی، هۆی دواکەوتنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کاتێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیاوە چەوسێندراونەتەوە و ئێستا لە حاڵێکی نیوە برسیدا دەژین...

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٧٩ بیرەوەرییەکانی دا باسی ئەوە دەکا کە چۆن ڕێژیم هەوڵی داوە دامودەزگای دەوڵەتی لە مەهاباد دابمەزرێنێتەوە و دەنووسێ: دەو ساڵەدا دەستێک ئاژان و ڕەئیس و دەستە و دایرەی ئێران لەنەکاو هاتنە شار و جێگای خۆیان خۆش کرد. هەر ئەو ڕۆژەش وەکوو پێشوو دەستیان بە کار کرد. نەمانهێشت جێ قوونیان خۆش کەن، کە شەو داهات چووینە سەریان و کردمان بە تەقە. ئەوان لە ژوورێن و ئێمەش لە دەوروبەری ئیدارەی. نۆکەری ئاغاکانیش بە کۆمەگی وانەوە هاتوون، بەڵام شەوە و کەس کەس نابینێت. هەرچەند حەوڵمان دا بۆمان دەرنەکران. بە ئاغاوەت پشئەستوور بوون. تا لای نیوەشەوێ دەگەڵیان خەریک بووین، بۆمان دەرنەکران. ناچار هەرکەسە چۆوە ماڵی خۆی. بەیانی نان و چام خوارد و وەدەرکەوتم بۆ لای خیابانێ. ئەوەندەم زانی دەورە درام. شازدە نەفەر پیاوی مەنگوڕ و مامەش و گەورک، بردیانم بۆ شارەوانی. پڕ بوو لە ئاغاوەت. قۆڵپێچ دە ژوورێیان کردم. ئەوە قۆڵم بەستراوە، تەماشا دەکەم "پیرۆت ئاغای برازای قەرەنی ئاغای" لێم وەژووری کەوت و خەنجەری لێکێشام کە ورگم بدڕێ، دەستیان گرت. "سوارەی ئەحمەدی گوڵاوی ئاغای" گوتی: دەستی خۆت لەوە پیس مەکە! پێشیان گرت و بۆ دەرەوەیان برد، بەڵام چەند نەفەر ئاژان و پیاوی ئاغایان لەسەر دانام. دیسان ئەوە خەریکن بۆ "ڕەزایە"م بەڕێ بکەن و لەوێ لەناوم بەرن. کەمێک پێچوو ئاغا بڵاوەیان کرد، ڕەئیسی ئاژانیش بە جوێ وەدەر کەوت. "مامە غەنی" ئەو ئیدارەیەی هەڵدەسووڕێنێ و ئەویش ئەوە لەوێیە.

زۆری نەکێشا، ئەوەندەم زانی چوار نەفەر مەلائیکە لە ئاسمان هاتنە خوار و یەکسەر بۆ ئیدارەی وەسەر کەوتن و بە نێوچاوانی گرژەوە چوون دە دیوی ڕەئیسیەوە. ڕەئیس بۆخۆی لەوێ نەبوو، بەڵام "مامە غەنی" لەوێیە. ئەوەندەم زانی "مامە غەنی" وەپێش ئەفسەرەکان کەوت و هاتن بۆ ئەو ژوورەی کە من لێی بەند بووم. بە پیاوی ئاغاکانیان گوت کە قۆڵم بکەنەوە و ئەوانیش کردیانەوە. ئەوجار چووینە ژووری "مامە غەنی". ئێستا لە "مامە غەنی" دەپرسن: ئەوەت بۆ گرتووە؟

ئەویش حاشای دەکرد و دەیگوت: ئەمن نەمگرتووە، ڕەئیس و ئاغاکان گرتوویانە.

- لەسەر چی گیراوە؟

- شەو ئیدارەی داوەتە بەر تفەنگ.

پاشی ئەوەی کە چەند پرسیارێکی دیکەی لێکرد، لێی پرسی: کەنگێ گرتووتانە؟

- شەو لە کاتی تەقە کردندا گرتوومانە.

کابرا بە دەنگێکی بڵیند هەڵیدایە: نەخێر درۆ دەکەی، بەیانی تاوبان هەڵاتووە و لە چەقی خیابانێ پیاوی ئاغاوەت گرتوویانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیتر زۆر بەسەر "مامە غەنی" دا ڕۆییشتن و قسەیان پێگوت. ئەوجار ئەفسەرەکان ڕوویان دەمن کرد: دەگەڵی ئاشت دەبێوە؟ دەیبەخشی؟

منیش کە چاوسووری خۆم دیوە و پشتم ئەستوورە، چاوم قوچاند و ...

کە وەخۆ هاتینەوە دیتمان لە ئێمە و «مامە غەنی» بەولاوە، کەس لەو ئیدارەیەیدا نەماوە، ئەوانەی نۆبەچیم بوون و پیاوی ئاغاکان بوون، ڕایانکردووە. پاشی قسەکردنێکی زۆر بە منیان گوت تۆش بچۆوە ماڵێ و بحەسێوە و جا لەوێ وەدەر کەوتین. ئەوان سواری ماشێن بوون و ڕۆییشتن. کە هاتمە خیابانێ تەماشا دەکەم پڕە لە خەڵک و هەموو هاتوون سەیری من دەکەن. با ئەوەش بڵێم کە ئەوکارە کە کردوومە و شەوێ چووم دەگەڵ هاواڵەکانم ئیدارەی ئاژانمان داوەتە بەر تفەنگان، (کۆمەڵە) هیچ خەبەری نییە، لەخۆمانەوە ئەو کارەمان کردبوو. نەماندەویست کە حکومەت جێ خۆش بکاتەوە و ئاغاوەت بەهێز ببنەوە و دیسان زوڵم و زۆرێ بکەن.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٨٢ بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ کە چەند ڕۆژ دوای ڕووداوی شارەبانی هەموو عەشایری دەوروبەری مەهاباد بە چەکەوە لە فەرمانداری لە دەوری قەرەنیاغای مامەش کۆ بوونەوە و بڕیار دا کە "حەمەدی مەولوود" و سەید محەممەدی سەیدی بگرن. دەوری ٢٠٠ کەس لەپیاوەکانی عەشایر دەوری ماڵە حەمدی مەولوودی دەدەن بەڵام "حەمەدی وسووی کوتکە" بە سواری ئەسپی "حەمەدی مەولوودی" لە پاش تەرکی خۆی سوار دەکا و دیباتە ماڵە "محەممەد غولامی قەسابی" و "سەید محەممەدی سەیدی"ش هەڵدێ بۆ ئاوایی حەمامیان و خۆ دەرباز دەکەن. حەمەدی "مەولوودی" لە لاپەڕەی ١٨٣ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: ئێستا کە ئێمە دەگیریان نەکەوتووین، ”قەرەنیاغای مامەش” ئەمری کردووە کە ئەوانە لە بن هەوران بن بیاندۆزنەوە و بە زیندوویی دەمهەوێنەوە. وەک داڵ لێمان دەگەڕێن. ئەوە بە تەنێم و هاواڵەکانیشم بە دەورەوە نیین. ئاخر نەمدەزانی ئەو هەمووە عەشایرە بۆ من و ”سەید محەممەدی سەیدی” لەشکریان کێشاوە.

دۆست و ئاشا هەموو داوا لە حەمدی مەولوودی دەکەن کە شار بەجێ بێڵی و ماوەیەک خۆ حەشار بدا. بەڵام دیسان ڕووسان دەفریای حەمدی مەولوودی دەکەون و لە زەخت و زۆری عەشایر نەجاتی دەدەن. لەوبارەوە حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٨٥ بیرەوەرییەکانی دا باسی گرتنی شارەبانی دەکا و دەنووسێ: جا مزڵی قەرەنی ئاغای دە ماڵە ”حوسێنی حەمە ناڵبەند”ی دا بوو. ”حوسێن حەمەی ناڵبەندی” بۆی گێڕامەوە گوتی:

-کاتێک زانیم سێ نەفەر ئەفسەری ڕووس هاتن و یەکسەر وەسەر کەوتن بۆ دیوی ئاغای. پێیانگوت کە تۆ چ داوە لە حەمەدی؟ بۆچی خەریکی بیگری؟... ئەوجار وەدەرکەوتن. بەیانی زوو قەرەنی ئاغای لە شار وەدەر دەکەوێ و دەچیتەوە ماڵی خۆی. لەوێ نەخۆش دەکەوێت و هەر ئەو نەخۆشییە بوو کە پێیەوە نووسا و کوشتی. ئەوە بوو کە ئاغاوەت زراویان چوو و شاریان چۆڵ کرد. ئیتر ئەو هەروگیفەیان نەما. جار و بار ئاغا دەهاتنە شار و وەک تۆبەکاران سەریان دادەخست و نەزەریان نەدەکرد.

لەسەر چۆنییەتی کار و ڕادەی پاسەوانانی شارەوانی، غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ٢٥ی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ کە بنکەی شارەوانی ١٢ پاسەوانی هەبوو کە تەنیا یەکیان کورد بوو بە ناوی عەبدوڵای خان خەمیر. تەواوی ئەوانی دیکە تورک بوون. لەنێو ئەوانەدا کەسانی ناجسنی وای تیدابوو کە لە کاتی دەستەڵاتی ڕەزاشا دا لە ڕادارخانەکان ڕادەوەستان و هەرکەس جلی کوردیی لەبەردابایە نیفەکیان دەبڕی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرپرسی ئەو بنکەیە سەرگورد قوبادی بوو کە خەڵکی کرماشان بوو. ئەو پاسەوانانە کاتێک دەچوون بۆ بازار شەپکەی سەریان هەڵدەگرت و دەسرەیەکیان لەسەر دەبەست. بە هاتنی ئەوانە خۆشی و ئارامی شار نەما و ئەو ڕواڵەتە بوو بە هۆی ناڕەزایەتی و توڕەیی خەڵک.

یەکێک لە کارەکانی فەرمانداری مەهاباد، دابەش کردنی قەند و شەکر بوو بە سەر خەڵک دا. محەمەد نووری لە لاپەڕەی ١٣ ی کتێبی "شەوێک و خەوێک" باسی دابەشکردنی قەند و چا و کۆپێنی دەوڵەت دەکا و دەنووسێ: بۆ نەبڕانەوەی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دێهات و عێڵ و عەشیرەتەکان، دەسەڵاتی ناوەندی دەستووری دابوو بە پێی نفووس و سەرانەی شار و دیهات، کۆپێنی قەند و شەکر و کووتاڵ بدەن بە خەڵک و بەشی گووندنشینەکانیش  بە دەستی مالیک و ئاغایان بڵاو بکرێتەوە...

نووری لەدرێژەدا دەنووسێ: لەو کاتانەدا تەواوی سەران و گەورە پیاوانی عێلی و عەشیرەتی لە مەهاباد خزابوون و پیاوە چەکدارەکانیان لە دەروازەکانی شاری خەرج و باجیان لە داهات و دەستکەوتی شار و دێهات وەردەگرت و بە ڕواڵەت نایب و نوینەری حکومەت بوون لە شاری دا. کاربەدەستانی دەوڵەت لە دابەش کردنی قەند و شەکر فێڵی زۆریان دەکرد. لە سجیلی مردوان کەڵکیان وەردەگرت و نێوی دێهاتی وایان دەنووسی کە هەر بوونی نەبوو. خەلیلی فەتاحی قازی لە لاپەرەی ١٢١ی کتێبی مێژووی بنەماڵەی قازی دا دەنووسێ:

... ئەوکات نرخی قەند و شکر زۆر بەرز ببوو خۆی لە دەوری کیلوی ٦٠ تمەن دەدا و فەقیر و هەژار بە ناچار بە خورما و کشمیش چایان دەخواردەوە. بۆیە دەوڵەت ناچار بوو کۆپێن بە خەڵک بدا. دەنگۆ هەبوو کە حوسێن فروهەر ناسراو حوسێن زێڕینگەران کە مەئموری دابەش کردنی قەند و چا بوو شکایەتی لێکراوە و پەروەندەکەی لە شارەبانی بوو و بۆ ئەو مەبەستەش لێکۆڵینەوە لەگەڵ کرا بوو. ئەو دەنگۆیە بڵاو ببووە کە حوسین لەگەڵ هێندێک لە ئاغاوەتەکان کە لەو گەندەڵییەدا دەستی هەبووە و پلانی هێرش بۆ سەر شارەبانیان بە هۆی عەزیزخانی کرمانج دابڕێژن.

ئیگلتۆن لەوبارەوە دەنووسێ کە لە کاتی ئەو ڕووداوەدا ٨ مانگ بوو کە حیزبێکی سیاسی کورد کە دەبێ مەبەستی لە کۆمەڵە بێ دامەزرابوو. دەوڵەتی ئێران لە لیستەیەک دا ناوێ کەسانی ئەو ڕێکخراویە کە لە زیاد بوون دا بوو نووسیبوو و دابووی بە شارەبانی. ئیگلتۆن لە درێژە دا دەنووسێ: ... جا بۆیە دەستەیەک بڕیاریان دا کە ئەو لیستە لە شارەبانی مەهاباد بستێنن.

بڵاوکردنەوەی قەند و شەکر زۆرتر لە نیوان عەشایری سەر بە ڕێژیم دا، ناڕەزایەتی خەڵکی لێکەوتەوە و لە گۆڤاری نیشتمان دا دەیان شێعر و وتار لەسەر ئەو بابەتە بڵاوکراوەتەوە. سەرئەنجام دەوڵەت ڕازی بوو کە بڵاوکردنەوەی قەند و شەکر بە ئیدارەی مالیەی مەهاباد بسپێرێت.

ڕەحیمی قازی ئەو ڕووداوە بە دەستکردی ڕێژیم دەزانێ و لە لاپەڕەی ١١ دا دەڵێ کە دەستەڵاتی ئێران لە مەهاباد بریتی بوو لە ٩ پولیسی فارس زمان و حاکمێکی تریاکی بە ناوی سەریعولقەلەم. ئەوانە مانگانەی خۆیان وەردەگرت و لە ماڵە خۆیان دانیشتبوون و هیچ دەستەڵاتیان نەبوو. لە سەرەتای فەورییەی ساڵی ١٩٤٥ دا ئەفسەرێکی ئێرانی بە ناوی "قورقووسایی" بە نەهێنی هاتە مەهاباد و دوای ماوەیەک پاسەبانەکانی نارده سەر چەند ماڵان. خەڵک بەمە توڕە بوون و لە چوارچرا کۆبوونەوە و هێرشیان کردە سەر شارەبانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەوتەنامەی کوهستان لە ژمارەی ٢ دا باسی ئەو ڕووداوە دەکا و دەنووسێ:

... ماوەیەک لەمەو پێش حوسێن فروهەر ناسراو بە حوسێنی زێڕینگەران سەرۆکی دابەشکردنی کۆپینی ئازوقە و خواردەمەنی بە کەڵک وەرگرتن لە پێناسی نەناسراو، سوئیستفادەیەکی زۆری کردوە. کردەوەی حوسێن بە فەرماندەی لەشکر و ئیدارەی ماڵییەی تەورێز گەیشت و دۆسیەی بۆ پێکهات و لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە چوو بۆ مهاباد و دەفتەر و دۆسیەکانی دابەشکردنی کۆپینیان وەرگرت و تەسلیمی شارەبانی مهابادیان کردن. حوسێن فروهەر بە کەڵک وەرگرتن لە نەبوونی قازی محەمەد و سەرۆک عەشیرەتەکانی‌تر لە مهاباد و بوونیان لە تاران، سەرەتا دە نۆکەری دامەزراند و دواتر نزیکەی چوار هەزار تمەنی دا بە عەزیز خان ناوێک کە هاوکات شەریکی بووە لە تاوانەکەیدا و پێکەوە پلانی تاڵان کردنی شارەبانی و لەنێوبردنی بەڵگەکانیان داڕشت و ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٦ ژمارەیەک خەڵکی بەڕەڵایان کۆ کردەوە و هێرشیان کردە سەر شارەبانی و لە تێکهەڵچوونێکدا پێنج پۆلیس و سێ کەسی مەدەنی کوژران و بەڵگەکانیان فەوتاند.

ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٦٩ی کتێبەکەی دا دەنووسێ:

لە ڕاستقینەدا ئەو موشکیلەی قەند و شەکر بوو بە هۆی ئەوە کە دواهەمین شوێنی وجوودی دەوڵەتی ئێران لە مەهاباد دا، بەوچەشنە کە لە مانگی مەی ١٩٤٣ دەستەیەک لە دەوری ئیدارەی شارەبانی خۆی کۆبێتەوە بە دەستی زۆر ئەو ئیدارە کە لە باکووری شاری دا هەڵکەوتووە، لەناوی بەرن.

ئیگلتۆن لە درێژە دا دەنووسێ: چەند گوللە کە پولیسەکان بە سەهوو و خەتا هاویشتیان، خەڵکەکەش زۆر بە ئاسانی خوێنیان وەکوڵ هات، هێرشێکی توندیان بردە سەر شارەبانی و زەرەرێکی زۆریان پێ‌گەیاند و حەوت پاسەبانی تورکی ئازەربایجانیان کوشت، بە بێ ئەوەی زیانێک ببینن.

ئیگلتۆن لەسەر چۆنییەتی ڕووداوەکە دەنووسێ: نیوەڕۆیەک ... پۆلێک لە دانیشتوانی شاری لە مەیدانی چوارچرا کۆبوونەوە و گوێیان دا بە قسەکردنی عەزیز خان ناوێک کە لەباری فەرهەنگ ناسیینی نەتەوایەتی گەلی کورد دا قسەی دەکرد.

ئاخری هەموو بڕیاریان هاتە سەر ئەوە کە مینەی خاڵەندی هەڵبژێرن و بە نوێنەری بینێرنە شارەبانی تا لیستەکەی بستێنێ...

هەر لە سەر چۆنییەتی ئەو ڕووداوە زۆر نووسەر دەقی ڕووداوەکەیان گێڕاوەتەوە و زۆربەیان لەسەر ئەوە ڕێکن کە ئەوکارە بە فیتی حوسێنی زێڕینگەران ڕووی داوە و ویستوویەتی ئەو فایلەی کە لەسەر کێشەی گەندەڵی لە دزینی قەند و چا هەی بوو یان بۆیان هەڵبەست بوو، لەناو بەرێ. سەعید خانی هومایون لە لاپەڕەی ٧٢ دا لە سەر گیرانی شارەوانی مەهاباد دەڵێ لە ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٦دا دەستەیەک بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی پاکی چەند کەس بە مەبەستی دەرکردنی سەریعولقەڵەم، فەرمانداری فەرمایشی دەوڵەت، کۆبوونەوە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بە توندی هێرشیان کردە سەر شارەوانی و چەند پاسەوانیان کوشت و دەستیان بەسەر کەرەسەکانی شارەوانی داگرت. بە پێی قسەکانی سەعیدخان، خەڵک و بە تایبەتی ئەندامانی کۆمەڵە لەوکارە کە ئەمنییەتی شاریان تێک دابوو بێزار بوون و پێیان ناخۆش بوو.

غەنی بلووریان لە لاپەرەی ٢٥ی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ کە لە مانگی گوڵانی ١٣٢٢(١٩٤٣) دا خەڵک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له مزگەوتی هەباساغادا کۆببنەوە. عەزیزخانی کرمانج و و حوسێن زێڕیگەران شان بە شانی خەڵک ڕاوەستابوون. عەزیزخان لەسەر وەزعی کورد قسەی کرد و گوتی کە نازانێ کێ ئیزنی داوە کە شارەوانی سەرلەنوێ لە مەهاباد دابمەزرێتەوە. محەممەد ڕەزاشا دەیەوێ بەفیتی ئینگلیس و ئەمریکا بەزمی بابی ببووژێنێتەوە و سواری سەری خەڵک ببێتەوە. ئێمە شارەوانی حکومەتمان پێویست نییە و ئەو بنکەیە دەبێ کۆ بکرێتەوە. دوایە عەزیزخان و حوسێن فروهەر لە پێش خەڵک دا بەرەو شارەبانی وەڕێکەوتن.

غەنی بلووریان لە لاپەرەی ٢٥دا لەدرێژەدا دەنووسێ کە کاتێک کە ئاپۆرای بێ چەکی خەڵک گەیشتە حاستی شارەوانی، عەوڵای خانخەمیر لەسەربانیڕا تەقەی لە خەڵک کرد. کەسێک بە ناوی عەوڵای مینە خاڵەند گوژرا. ئەو ڕووداوە بوو بە هۆی هوروژان و تورەیی خەڵک و ئاپۆرای خەڵک هێرشیان کردە سەر شارەوانی و دەرگای داخراوی شارەوانییان لە ڕەسمەبرد و ٦ پاسەوانیان کوشت. عەوڵای خان خەمیر و ٥ پاسەوانەکەی دیکەش بە دەرکەی پشتەوە شارەوانی دا هەڵاتن و خۆیان دەربازکرد. عەوڵا چوو بۆ شاری سەقز و قەت نەگەڕاوە بۆ مەهاباد.

خەلیلی فەتاحی قازی لە لاپەرەی ١١٨ی کتێبی مێژووی بنەماڵەی قازی دا بە وردی باسی ئەو ڕووداوە دەکا و دەنووسێ کە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٣٢٣/١١/٢٦ بە لای خەیابانی شاپور، لای ستادی ئەرتەش دا تێپەڕیوە چاوی بە هێندێک ڕەش و ڕووت کەوت کە بەرەو چوارچرا دەچوون. عەزیزخانی کرمانج کوڕی گەنج عەلیخانی قاتانقڕی بەگزادە کە وەک مەستان دەچوو لە پێشەوە بوو. جارجار ڕادەوەستا و ئاپۆڕاکە دەوریان دەگرت. ئەو دەچووە سەر کورسییەک و وتارێکی دەدا و دەیگوت مەئموری بێگانە بۆ دەرەوە و دەبێ وڵاتی ئێمە بە جێ بێڵن و ئێمە بۆخۆمان وڵاتی خۆمان بەڕێوە دەبەین دەهاتە خوار و دیسان حەشیمەتەکە وەڕێدەکەوت. خەڵکەکە هێندێکیان چەکی گەرم و ساردیان پێی بوو هێندێکیش بێ چەک بوون. دیار بوو بە تەواوی هان دراون و ڕوداوێکی دلتەزین ڕوو دەدا.

بە حوسێنی برام کە لە لام ڕاوەستابوو گووت کە عەزیزخان لەگەڵ تۆ دۆستە و ئێستا مەستە و کێشەیەکی گەورە ساز دەکا بچووە بە هەر شێوەیەک بێ دووری کەوە با ڕوداوێکی دڵتەزێن ڕوو نەدا. حوسێن توانی عەزیزخان دورکاتەوە بەڵام خەڵک نەگەڕانەوە هێرشیان بۆ شارەبانی برد.

عەوڵای جەلالی کە بە "خانە خەمیری" بە ناوبانگ بوو خەڵکی مەهاباد بوو لەبەر دەرکی شارەوانی کێشک بوو. ئەو خەڵکی ئاگادار کردەوە کە نەچنە پێش بەڵام کەس گوێ نەدایە و تەقەی کرد و کەسێکی کوشت. خەڵک بەو ڕوداوە دەهری بوون و بە کۆ هێرشیان بۆ شارەوانی برد و بە دەرکە و پەنجەرە دا چوونە نێو شارەوانی و پێنج پاسەوانیان کوشت. تەواوی ئەو ڕوداوە نیو سەعاتی نەگرت، خەڵک تەرمی کوژراوەکەیان بە شانان هەڵگرت.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەرەی ١٣٣ی کتێبی بیرەوەرییەکەی دا دەنووسێ کە بە هاندانی فروهەر، عەزیزخانی کرمانج لە پێش شارەداری قسەی کرد و ویستیان شۆڕش بکەن و مەئمورەکانی شارەوانی دەربکەن و وڵاتی سوسیالیستی دابمەزرێنن. دوایە سۆفی ساڵحی ئەحەدی بە سەڵاوات لێدان وەپێش خەڵک کەوت و بە هۆی وەستا عەوڵای مینە خاڵەند کە بەننای چاک و دەنگ خۆش بوو ئاگادارییەکیان ناردە شارەوانی. پاسەوانەکان لە هێرشی ڕووت و ڕەجاڵە ترسان و یەکێک لە پاسەوانە کوردەکان بە ناوی

محەممەد خان خەمیری، عەوڵای کوشت.
حەمەدی مەولوودی دوای ئەوە باسی گرتنی خۆی بە هۆی عەشایر و ئەوەی کە چۆن لە شارەبانی زیندانی و دوایە بە هۆی ڕووسان ئازاد کراوە دەکا، لە لاپەڕەی ١٨١ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر گرتنی شارەبانی دەنووسێ: ئەوە "قازی" (قازی محەممەد) گەڕەکی بازاڕی بە من ئەسپاردووە و شەو تا بەیانی لەوێ کێشکێ دەکێشم و ئاگام لە بازاڕە. بە شەو لە بازاڕم و بە ڕۆژیش دەنووم. زۆری کێشا یان کەم، ڕۆژێک کە هاتبوومەوە ماڵ و لە خەوێکی قورسدا بووم، خورشید هات ڕاپەڕاندم و گوتی لەنێو شار تەقەیە. ڕاست بوومەوە و چوومە خیابانێ. لەوێ پرسیم و گوتیان کە "عەزیز خانی کوڕی گەنجاڵی بەگی" لە خیابان نوتقی کردووە و بە فەرمانداری گوتووە کە دەبێ لە شار بڕۆی! عالەم چووبوون بۆ ئیدارەی شارەوانی و ئەو ئاژانی دەنێو ئیدارەی دابوون، هەموویان کوشتبوون. دەو نێوەدا "عەبدوڵڵای کوڕی مینە خاڵندی" کوژراوە و بە کوشتنی عەبدوڵڵا، خەڵکەکە هەموو ئاژانەکان دەکوژن و ڕەئیسی ئاژانیش ڕا دەکات. بۆ لای ئیدارەی چووم تا بزانم چ بە چییە! تەماشام کرد ئیدارە داری لەسەر بەردی نەماوە. لە ژووری ئیدارەی هەشت - نۆ کەلاکە ئاژان لە گۆڕێ کەوتووە. میز و سەندەڵی ئیدارەی تێکووپێک شکاوە و لە حەسارێ فڕێدراون. پاشان چووم بۆ لای ماڵە عەبدوڵڵای. گوتیان مەیتەکەیان بردۆتەوە ماڵێ. دیتم کە عالەمێکی زۆر کۆبۆتەوە و هەمووشی کاسب و کوسووبە. بۆ لای تاوپەڕان مەیتی عەبدوڵڵامان بە گڵ سپارد و گەڕاینەوە شار. تەماشام کرد ئەوە چەند ئەفسەری ڕووس لەبەر دەرکی ئیدارەی ڕاوەستاون و لە کوشتاری ئەو ئیدارەیە دەپرسن. بڕێک لە دەوروبەری ئیدارە سووڕانەوە و سواری ماشێن بوون و ڕۆییشتن. منیش بۆ لای ماڵێ گەڕامەوە. کە چوومەوە ماڵێ دەبینم ئاژانێک لە ژوورێ دانیشتووە. خورشید گوتی: نەکەی عاجزی کەی، زیاد لە هەموو ماڵەکانی ئەو شارەی، خۆی دەماڵە ئێمە هاویشتووە.
ئاژان نێوی "غوڵام حوسێن"ە لەپیشدا زۆر دەترسا و منیش دڵخۆشیم داوە و ئەهوەن بۆوە. گوتم ترست نەبێ، بەڕێت دەکەم بۆ میاندواو. دوو ڕۆژ ڕامگرت پاشان ماشێنم بۆ گرت و تا چایخانەی "گوێکتەپە"ی دەگەڵی چووم و لەوێش ڕا ڕەوانەم کرد.
دوکتور ئاسۆ لە درێژەدا ڕووداوەکان دا دەنووسێ خەڵک هێرشیان کرد و ٧ پاسەبان کوژران و تا ڕۆژی دوایی کەس نەیوێرا بیانێژێ. دوایە بە هیمەتی قازی محەممەد کە لە نێو خەڵک دا ڕێزی تایبەتی هەبوو نێژران و ڕەئیسی شارەبانی پەنای بردە بەر ماڵی ئەو. ڕووسەکان ئاگاداری ئەو ڕووداوانە بوون و بە نەهێنی پەرەیان بەو ئاژاوەگێڕیانە دەدا.
خەلیلی فەتاحی قازی کە بۆخۆی ڕەئیسی دوخانییە بوو لە درێژەدا لە لاپەڕەی ١٢٠ دا دەنووسێ کە بە پەلە چووە ماڵێ و بابی لە ڕووداوەکە ئاگادار کرد و بە پرسوڕا لەگەڵ ئەو چووە مەنزڵی عەوڵای بایزئاغا کە دەستی لە پاراستنی شاردا هەبوو. لەوکات دا فەرماندار و ڕەئیسی شارەبانی لەوێ بوون و خەلیلی فەتاحی قازی مەترسی ئیدارەی دوخانییەیان بۆ باس دەکا و داوا دەکا کە پارێزگاریی لە دوخانییە بکرێ. فەرمانداریش داوا دەکا کە بنکەکانی دەوڵەتیی بپارێزرێن و تاوانبارانی شارەوانیش بگیرێن. خەلیلی فەتاحی قازی دەڵی، ئیلخانی برای عەوڵای بایزئاغا بۆ گرتنی عەزیزخان چوو و دوای نیو سەعات لەگەڵ عەزیزخان و چەند کەس لە خزمانی هاتەوە. ئەوکاتم زانیم کە عەزیزخان بە بێ ترس هاتووە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەس ڕەکێشی نەکردوە و لەوانەیە لەگەڵ فەرماندار و عەولای بایزئاغا قسەی چەپ بکەوێ و شەڕ ساز بێ، بۆیە بە باشم زانی کە لەگەڵ حاجی داودی کە ئەویش وەک من بیری دەکردەوە، ئەو شوێنە بەجێ بێڵیین.

خەلیلی فەتاحی قازی دەنووسێ، کێشک بۆ دوخانییە دیاری کرا و دوای یەک سەعات شار ئارام بووە و دیار بوو کە ئە ڕووداوە بە مەبەستی تایبەت ڕەخساوە.

لە کاتی ڕوودانی گرتنی شارەوانی قازی محەممەد لە تاران بوو و ئاگاداری ئەو ڕووداوە نەبووە. بەڵام ڕۆژنامەی حیزبی تودە " از ریاست جمهوری تا چوبەی دار" کە یۆسفی قازی لە لاپەڕەی ٥٣ ی کتێبی "رۆزنامەی تاریخ"دا ئاماژەی پێ دەکا، بە پێچەوانە دەنووسێ کە بە هاندانی قازی محەممەد شەوێک دەستەیەک چەکدار تا بەیانی تەقەیان کرد و دوایەش شارەبانیان چەک کرد.

هەروەها ڕەحمانی قازی کە ڕووداوەکانی ئەوکات دەگێڕێتەوە، دەڵی کە قازی محەممەد لە کاتی ڕووداوەکەدا لە مەهاباد بوو و دەنووسێ کە ئەو شەوە سەرۆکی شارەوانی بەماڵەوە پەنای بۆ ماڵە پێشەوای برد بوو. ڕەحمانی قازی دەنووسێ کە ئەو شەوە کێشکی مامۆستاکانی تورکی قوتابخانەی داوە کە ترساون و دوایە دەنووسێ بۆ بەیانی بە فەرمانی قازی جەنازەکانیان ناشت. دوکتور ئاسۆ ئەو قسەیە پشت ڕاست دەکاتەوە. ڕەحمانی قازی باسی قازی محەممەد و سەرۆکی شارەوانی دەکا کە بەیانی چوونە شارەوانی و دەنووسێ:

سەروانی شارەوانی کلیلێکی لە باخەڵی دەرهێنا و مێزەکەی کە فڕی درابووە سەر شەقام کردەوە. دەمانچەیەکی حەوت تیر و هێندێکی پارە تێدا بو دەری هێنا و دایە دەست جەنابی قازی و کوتی مانەوەی من لێرە بێ کەڵکە دەبێ بڕۆمەوە ورمێ. جەنابی قازی فەرموی: پەلە مەکە ئێستا ڕێگە مەترسی لە سەرە و ئۆتۆمبێلیش نییە. لە هەوەڵ دەرفەت دا بەڕێت دەکەمەوە نیگەران مەبە. کاتێک گەڕاینەوە لە بەر دەرگای ماڵی میرزا شەمتۆن فەرموی: مامۆستاکانم بۆ بانگ بکە بێنە ئێرە. زۆر بە پەلە هاتن و سڵاویان کرد و لە دەوری جەنابی قازی وەستان. جەنابی قازی زۆری دڵخۆشی دانەوە و فەرموی ئێوە هیچ نیگەران مەبن بۆخۆم ئاگام لە ئێوە دەبێ و ناهێڵم کەس کاری پێتان بێ. ئێستاش دەمهەوێ هەر لە سبەینێ ڕا بڕۆنەوە قوتابخانەکان و دەست بکەنەوە بە دەرس کوتن.

ڕەحمانی قازی لە درێژەدا دەنووسێ: ... سەرۆکی شارەوانی کە سەروانێکی تورک بو بە ژن و مناڵەوە خۆی داوێتە ماڵی جەنابی قازی محەمەد و داوای پاراستنی لێ دەکا. جەنابی قازی محەمەد زۆری دڵ خۆشی دابۆوە و دڵنیایی دەداتێ کە کەس کاری بە تۆ و ژن و مناڵی تۆ نییە. خەڵکی شار کە لە مێژ بو هاڵۆزی و تەقەیان لە ناو شار دا نەدیتبو زۆر نیگەران و نارەحەت بون و جەنابی قازیش زۆر بەو کارە پەشۆکابو بەڵام چارەی نەبو و بێ دەنگی هەڵبژارد. تەرمی پاسەوانەکان لە حەوشەی شارەوانی دا کەوتبون و خەڵک زۆر زو بازاڕیان چۆل کرد و هەر کەس ڕوی لە ماڵە خۆی کردەوە و ناوشار یەکسەر دەتکوت قەبرستانە. لەو کات دا زۆربەی مامۆستاکان خەڵکی ورمێ بون و چەند کەسیشیان ئەرمەنی بون. ماڵەکانیان لە شەقامی پەهلەوی دا بو و زۆرتر کرێچی ماڵی جولەکان بون. مامۆستای زمانی فەڕانسەی ئێمەش بە ناوی مۆسیۆ میکاییل ماڵی لەو شەقامە بو. ترس و لەرزێکی زۆر لە شاری دا بەدی دەکرا و خەڵک زۆر نیگەران بون. لە کاتی شەڕی سمایل ئاغا تا ئەو ڕۆژە هیچ کارەساتی وا لە نێو شار


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا ڕوی نەدابو.

ڕەحمانی قازی لە کتێبەکەی دا بە درێژە باسی ترس و نیگەڕانی مامۆستا تورکەکان دەکا و دەنووسێ کە داوای تریاکیان کردوە و ئەو، شەو درەنگان چووە بۆی پەیدا کردوون.

ئەو ڕوداوە بە هۆی کاربەدەستان و عەشایری سەر بەدەوڵەت بە تێلگراف ڕەوانەی تاران کرا. ژمارە یەکی ڕۆژنامەی"کوهستان" ڕۆژی ٧ ی ڕەشەمەی ١٣٢٣ ئاماژە بە تێلگرافی ئەفشار پەنا ڕەئیسی شارەبانی مەهاباد دەکا:

تێلگراف لە میاندوا ١٣٢٣/١١/٢٧ شارەبانی گشتی وڵات. ڕوونووس شارەبانی ورمێ. سەعات ٤ دوای نیوەرۆ ٢٦ مانگی ڕیبەندان، نیزیک بە دوو هەزار ڕەش و ڕووت و ڕەجاڵەی چەکدار و بێ چەک بە هاندانی عەزیز کوڕی گەنج عەلی، ئاغای گوندی یاسی کەندی مەحالی بۆکان، لە تایفەی بەگزادە هێرشیان کردە سەر شارەبانی. دوو سەر پاسەبان و سێ پاسەبان کوژران چەنە کەسیش بریندار و ئەوانی دیکەش هەڵاتن. تەواوی چەک و چۆڵ و کەل و پەلی شارەبانی و ئی من و ئەو کەسانە لە شاربانی نیشتەجێ بوون، تاڵان کرا و درک و پەنجەرەی شارەبانی بە تەواوی شکێندرا. ئاغایان مەنگور و مامەش و پیران، فەرماندار و منیان لە مەترسی ڕەزگار کرد. چوونکە مەهاباد تێلگرافی نەبوو چاوەروانی سیارەیەک بووم و دوایە چوومە میاندوا و تا لە ڕووداوەکە ئاگادارتان بکەم. ئەفشارپەنا.

هەر بە پیی ژمارە یەکی حەوتەنامەی "کوهستان"ی ڕۆژی ٧ ی ڕەشەمەی ١٣٢٣ قەرەنیاغای مامەش بە ڕیکەوتی ١٢/١/ ١٣٢٣ بە هۆی عەزیزی کوڕی لە تێلگرافخانەی شارەدێی سلدوز ئەو تێلگرافەی بۆ تاران لێدا:

بەرێز ئاغای فەهیمی وەزیری مشاویر

بۆ ئاگاداریتان ڕۆژی ٢٣/١١/٢٦ عەزیزخان بێگزادە کوڕە مامی ئەحمەدخان، کە یەکێک لە هاوکارانی حەمە ڕەشیدخانی بانە بوو و ئیستا لە خاکی عێراقە، لە مەهاباد بە دژی دەوڵەت و کاربەدەستان، وتاری دا و خەڵکێکی زۆر لە ڕەش و ڕوتی شاری لە خۆ کۆکردەوە و هێرشی کردە سەر شاربانی. پێنج پاسەبان کوشت و شارەبانی تاڵان کرد و ویستی فەرماندار و بەرپرسانی دەزگاکانی دەوڵەتی پەلامار بدا. بەڵام بە خۆشییەوە هەمزاغا و حەسەن ئاغای کورە مامەکانی بەندە و ئیلخانی و محەمەد ئاغا براکانی عەولاغا، ڕەئیسی عەشیرەتی مەنگوڕ و حوسێن ئاغا کورە مامی باپیر ئاغا و برایم ئاغا، برای عەلیخانی نەوزەری کە ئیستا لە ناوەندە، لەگەڵ حەمەدمین ئاغا و قەرەنی ئاغای پیران کە بۆ کاری خۆی هاتبووە بۆ مەهاباد، بە خێرایی عەزیزخان و ئەو ڕەجاڵەیەیان ڕاماڵی و پاریزگاریان لە فەرماندار دامودەزگای دەوڵەتی کرد. ئیوارەی ڕۆژی ٢٦ فەرمانداریش پەنای بۆ بەندە خزمەتکاری ئێوە هێنا و ئەگەرچی منی خزمەتکار، لە لایەن دەوڵەتەوە هیچ ئەمریکم پێنەکرابوو بەڵام بە خیرایی دەست بەکار بووم و فەرمانم بە ئاغاوەتی مامەش و مەنگوڕ و گەورک و پیران دا کە پێشیان پێ بگرن و ئەگەر عەزیزخان و ئەو ڕەش و ڕووتانە کارێکی دیکە بکەن، چەکیان لێبکیشرێ و بکوژرین. ئیزن دەخوازم ئەوەش بڵێم کە هەروەک بەرپرسانی دەوڵەت لە ڕابردووی من ئاگادارن، ئەگەرچی پاراستنی شاری مەهاباد کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بە بەندە و ئاغایان مەنگور و گەورک ئەسپیردرابوو، بەڵام دوکتور مەرزبان ئەوکاتەی کە پاریزگاری ورمێ بوو، لە پێناو بەرژەوەندی خۆی، وەزعەکەی گۆڕی. عەزیزی کوڕم خزمەتکاری ئێوە، ئاگای لەو ڕووداوانە هەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئاگادار و دەکاتەوە. ئێسا وەزعی شاری مەهاباد و دامودەزگاکانی دەوڵەت زۆر خراپە و ئەگەر بەرپرسانی دەوڵەت بە خیرایی کاریک نەکەن، مانەوەی مەئمورانی دەوڵەت زۆر زەحمەت دەبێ و لەوانەیە هەڵاش ساز بێ.

واژۆ: قەرەنی مامەش

عەبدوڵای قازی لە کتێبی ولاتی من دا، نەبوونی قازی محەمەد لە مەهاباد، پشتڕاست دەکاتەوە. هەروەک پێشتر باس کرا سیخوڕانی ئەرتەش وایان تێچاند بوو کە مەهاباد یەکپارچە بۆتە ئاگر و سەر بە ئێران نەماوە. بەڵام خەلیلی فەهیمی وەزیری ڕاوێژکاری دەوڵەت ئەو بابەتە بەرپەرچ دەداتەوە و لە مەجلیس بە درێژە لەسەر وەزعی کوردستان دوا و داوای لە دەوڵەت کرد کە بۆ تاقیکاری قازی محەممەد و هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ تاران بانگ بکەن. دیارە چەند ڕۆژ بەر لە هێرش بۆ سەر شارەبانی. قازی محەممەد چوو بۆ تاران.

لە حەوتەنامەی "کوهستان" ژمارە ٢ لەژێر بابەتی"جەریانی واقعەی مەهاباد" هاتووە کە ئاغای قازی محەممەد و هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ تاران بانگ کران و لەکاتی سەردانی ئەوان لە تاران، ڕووداوی مەهاباد ڕووی دا.

هەر لەو بەشدا هاتووە کە کاتێک ئەو هەواڵە ( گرتنی شارەبانی) گەیشتە تاران لە لایەن دەوڵەتەوە ئاغای محەممەد قازی مەئمووریيەتی پێدرا کە بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی پێش بە ڕووداوی ئەوتۆی دیکە بگرێ.

خەلیلی فەتاحی قازی لە کتێبەکەی دا دەنووسێ:

کاتێک کە ئەو ڕووداو ڕووی دا مەرحوی قازی محەمەد لە ماڵ نەبوو لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ تاران بانگهێشتن کرا بوو. من بۆخۆم لێم بیست کە بەو ڕووداوە زۆر بەداخ و نارەحەت بووە.

خەلیل فەتاحی قازی لە لاپەڕەی ١٢٢ی کتێبەکەی دا دەڵێ کە چەند ڕۆژ دوای گرتنی شارەوانی قاسمی قادری قازی پێیگوت کە قازی محەممەد لە تاران ڕا هاتووتەوە لە ئاوایی گوێگجەلی لایداوە و قەرارە بەیانی بگەڕێتەوە بەڵام خەبەر دراوە کە چەند کەس لە دوژمنانی دیانەوی لە نێو ڕێگا دا بیکوژن بۆیە دەبێ ئێستا دەستەیەک لە خزمان ساز بین و بچینە پێشوازی و ئێمە خیرا بەرەو میاندواو وەڕێکەوتین.

ناوبراو دەنووسێ کە چاوم بە قازی کەوت هەوەڵ پرسیارێکی کە لێی کردم ڕووداوی شارەوانی بوو بە نارەحەتی گوتی:

مەگەر مەهاباد پیاوی تیدا نەمابوو کە نەیانهیشتبا ئەو ڕووداوە ڕووی دابا؟.

خەلیل فەتاحی قازی ڕێکەوتنی گەڕانەوەی پێشەوای لە تاران ڕا لەگەڵ جاری دیکە لێ تێکەڵ بووە. چوونکە پێشەوا ڕۆژی دوای ڕووداوەکە گەیشتەوە مەهاباد. چاوخشاند بەسەر زۆربەی بابەتی نووسەرانی ئەو ڕووداوە، بە تایبەتی بووچوونی قازی محەمەد ئەوە دەردەخا کە ئەو کردەوەیان بە باش نەزانیوە و بە کارێکی تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانەوە بە حیساب هێناوە. بەڵام ئەگەرچی گرتنی شارەوانی بە پێی بڕیاری بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ژ . ک نەبوو بەڵام خۆی لە خۆیی دا کارێکی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەمانی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئیدارەی داهاتووی کوردستان.

کاربەدستانی دەوڵەت و سەرۆک عەشایری کوردی سەر بە تاران بەو ڕووداوە زۆر توڕە بوون. بەڵام توانایی ئەوتۆیان نەبوو کە کارێک بکەن و ئەوان تەنیا بە ناردنی تێلگڕافی درەنگ وەخت و ڕێنوێنی وەرگرتن، دەوڵەتیان ئاگادار کردەوە.

دیارە بووچوونی ئەوتۆش هەبوو کە فروهەر و عەزیزخان بە بێ تاوان بزانێ و لەوبارەوە لە گۆڤاری کوهستانی ژمارە ١٠، لە تێلگڕافێک دا، ئاغای موکری باس لە بێ تاوان بوونی فروهەر و عەزیزخان دەکا و دەنووسێ:

از تبریز

تلگرافی بامضای مکری واصل شده و واقعه اخیر مهاباد را نتیجه عملیات حسین فروهر و عزیزخان ندانسته و اظهار داشته است این دوو نفر بی تقصیرند.

بە پێی ژمارە ٤ نامەی حەوتوانەی "کوهستان" لە لایەن پیاوە ماقوڵەکانی مەهاباد، تێلگڕافێک لە سڵدووزەوە بۆ تاران ناردراوە کە ڕەنگدانەوەی ڕاستی ڕووداوەکەیە. لەو تێلگڕافەدا، دوای ئەوە ئاماژە بە ڕووداوی ڕۆژی ٢٦ ڕێبەندان دەکا دەنووسێ:

جەماعەتێک لە خەڵکی مەهاباد و دەوروبەر، بە هاندانی عەزیزخان خۆپێشاندانیان کردوە و لە نێو ئەوان دا، چەند کەسی ئاژاوەگێر بۆ لەبەین بردنی پەروەندەی قەند و شەکر و چا، ڕێپێوانەکەیان بەرەو خەیابانی پەهلەوی کێشا. پاسەبانێک بە دیتنی ئەو وەزعە تەقەی کرد و کەسێکی بە ناوی "عەبدوڵا" کوشت. خەڵکی توڕە هیرشیان کرد و پەروەندەکانیان لەبەین برد. لە کۆتایی دا بە هاوکاری گەورە پیاوانی مەهاباد و چەند کەس لە ئاغایانی مەنگوڕ و مامەش، شار ئارام بووە. خەڵکی مەهاباد کە ٣ ساڵە پارێزەری داموودەزگای دەوڵەتن، لەو ڕووداوە زۆر ناڕەحەت بوون. بێشک ئەگەر قازی محەمەد لە مەهاباد بووبا قەت ڕووداوی ئەوتۆ ڕووی نەدەدا. ئێستا بە دوای گەڕانەوەی ئەودا شار ئارامە. ڕووداوەکە ئەو جورە بوو کە باس کرا و ئەوی کە ڕۆژنامەی کەیهان دەنووسێ دەستی گوماناوی لە پشتی ئەوکارەدایە، ڕوون نییە. حەسەنی محەمەدی، مستەفا داودی، عەلی حوسێنی، ڕەحمەت شافعی، مودەرس ساڵحزادە، موفتی، کەریم خوسرەوی، ئیبراهیمیان، ئەحمەد ئیلاهی، ئەحمەد حوسێنی، حەبیبی داودی، محەمەد حوسێنی، عەبدوڵا حەکیم زادە، داودی، قادر، مستەفا سوڵتانیان، عەزیزی سەدیقی، غەفووری مەحموودیان، محەمەد ئەمین شەڕەفی، عەبدولڕەحیم.

## دامەزرانی شوڕای بەڕێوەبەری شار

بە گیرانی شارەوانی و دەرباز بوونی فەرماندار، دەزگای ئەمنی ڕێژیمی پاشایەتی وەک سەردەمی ڕووخانی ڕەزاشا، لە مەهاباد نەما. ئەو ڕووداوە لە لایەک ئەوەی نیشان دا کە نە ڕووسەکان و نە سەرۆک عەشایری سەر بە ڕێژیم، دەسەڵاتییان بە سەر ئەو ناوچەیەدا نەبوو و لە لایەکی دیکەش نیشانەی ڕق و بێزاری خەڵک لە دووبارە بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ڕێژیم بوو.

زۆر کەسی بەدەسەڵاتی گەندەڵکار بە دیار قەند و شکرەوە بوون، بەڵام بۆ دەبوو هەر لە حوسێنی زیڕینگەران بپرسنەوە. قەند و شەکر لە پاوانی دەوڵەت دابوو و حوسێنی زێرینگەران نەیدەتوانی فێڵ لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەت بکا. ئەگەر فێڵی لە خەڵکیش کرد بێ، دەوڵەت پارێزەری خەڵک نەبوو کە داکۆکی لە مافیان بکا. ئەوجار شارەوانی دەستەڵاتی ئەوتۆی نەبوو بۆ دەبێ ڕووی خۆپێشاندان ئاڕاستەی ئەوێ کرابێ؟ کەوا بوو ئەوەی ڕاستە ئەوەیە کە پەرەوەندەیەک بۆ حوسێنی زێرینگەران سازکراوە و ئەویش کە ماوەیەک نەفەرێ یەکەمی کۆمەڵەی ژ.ک بوو، دژکردەوەی ئەوتۆی لە خۆ نیشان دا.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ٢٦ی کتێبی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ کە بە دوای گرتنی شارەوانی و نەمانی دەزگای ئەمنی لە مەهاباد، خەڵکی شار کۆبوونەوە و قازی محەممەدیان وەک بەرپرسی شار دیاری کرد. شوڕای شار بە ئەندامەتی مستەفای سوڵتانیان، ئیبراهیم ئیبراهیمیان(نەوجەوان)، عەلی ڕیحانی، محەمەد ئەمین شەڕەفی، سەید محەممەدی نیزامی(سەید پیرە) و... دامەزرا. لە ژێر ڕێبەری ئەوانە و پشتگیری خەڵکی نیشتمانپەروەر، شاری مەهاباد دیسان ئەمن و ئاسایشی بەخۆی دیتەوە.

سەید خدری نیزامی(سەید پیرە) بوو بە بەرپرسی ئاسایشی شار. سەید خدر بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەو کارە ٥٠ کەسی باشی ئازای بۆ پاراستنی شار هەڵبژارد. پێشتر لە هەر گەڕەکێکی شاردا چایخانەیەک هەبوو کە جارجار دەنگ خۆشی شار لێی کۆ دەبوونەوە و گۆرانیان دەگوت و لە شەوانی ڕەمەزان دا خەڵک جۆرابێنیان لێدەکرد. سەید خدر ئەو چایخانانەی کردە بنکەی شەوانە و لەوێڕا کێشکی شاری دیاری دەکرا. مووچەی کێشکەکان بە هۆی خەڵکی دەوڵەمەند دەدرا و هەرکەسێک دەبوو مووچەی کەسێک دابین بکا.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا دەنووسێ کە دوای کوژرانی پاسەوانەکان، شارەوانی ئاوەدان کراوە و چەند پاسەوانی کورد کە پارچە قوماشێکی سپیان بە قۆڵەوە بوو بە ناوی"قۆڵ سپی" دامەزران. سەرۆکی شارەوانی هەر لە خەڵکی شار هەڵبژرێدرا و یەکەم سەرۆکی شارەوانی مەنسور قازی پیاوێکی زۆر ئازا و لێ هاتوو بوو بەڵام خوێندەواری کەم بو هەر بۆیەش نەیتوانی بمێنێتەوە. دووەم کەس ناوی سەید ڕەحیم نیزامی بوو کە هەڵس و کەوتی توند و تیژ بو و لەگەڵ خەڵک زۆر بە قەڵس و توڕەیی ڕەفتاری دەکرد هەر بۆیە ئەویشیان لابرد. سێهەم کەس سەید خدر نیزامی ناسراو بە سەید پیرە بوو کە پیاوێکی باش بو بەڵام زۆر نەرم و نیان بو و هەروەها خوێندەواری کەم بوو، ئەویش زۆر لەو پۆستە دا نەماوە. لە کۆتایی دا کەسێک بە ناوی میرزا غەنی خوسرەوی کە ناوبانگی بە مامە غەنی دەرکردبو بوو بە سەرۆکی شارەوانی. پیاوێکی زانا و خوێندەوار و زۆر بە وەج بوو خەڵک زۆریان خۆش دەویست.

غەنی بلووریان لە لاپەرەی ٢٧ی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ کە بە نەمانی هێزەکانی ئێران، سەیران و خۆشی و گەشت و گوزار و هەڵپەڕکێ، لە کۆڵان و شەقامی شار دەستی پێکردەوە و شایەر و قام بێژەکانی بە دەف و زەرب و تەپڵ گۆرانیان دەگوت و دیمەنی شاریان پڕ لە خۆشی کردوە. دابونەریتی کۆن و گەشت و گوزار دەستی پێکردەوە.

خەلیلی فەتاحی قازی لە لاپەرەی ١٢٢ی دا دەنووسێ کە لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٣ دا پەیوەندی نێوان قازی محەممەد و دەوڵەت باش بوو. محەممەد ڕەزاشا، بە هۆی سپەهبود جەهانبانی ئەنگوستیلەی ئەلماسداری بۆ قازی محەممەد بە دیاری نارد. جەهانبانی بە ٢٠ تا ٣٠ سەرباز هاتە مەهاباد. سەربازەکان بۆ کڕینی پێداویستی نەیاندەوێرا بچنە ناو بازار. تا دوو پێشمەرگەیان لەگەڵ خستن و لە دوو ڕەدیف دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناردیاننە ناو بازار و دوای کڕینی شتومەک هاتنەوە ماڵە قازی محەممەد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ١٥
## کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی

بەر لە کۆتایی هێنان بە شەڕی دووهەمی جیهانی، وڵاتانی هاوپەیمان چەندین کۆنفڕانسی گەورەیان بە مەبەستی تاوتوێکردن و چۆنییەتی کۆتایی هێنان بە شەڕ و هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتانی شکست خواردوی بەرەی یەکگرتوو پێکهێنا. شوێنی کۆبوونەوەکان، تا ڕادەیەک ناوەرۆکی چاوپێکەوتنەکانی دەردەخست. یەکەم کۆنفڕانسی گرنگی بەرەی هاوپەیمانان لە ٢٢ی نوامبری ١٩٤٣دا لە قاهیرە بەسترا کە بە بەشداری ڕۆزڤێلت و چرچیل و چیانگ کایشک بەرێوە چوو. مەبەستی ئەو کۆبوونەوە دیاری کردنی چارەنووسی ئاسیا بە دوای شەڕدا بوو. ستالین بە هۆی بەستنی پەیمانی ٥ ساڵەی دەست لە کاروباری یەکتر وەرنەدان لە گەڵ ژاپۆن، بەشداری ئەو کۆبوونەوە نەبوو.

دیارە پێشتر لە ٩ی ڕێبەندانی ١٣٢٠دا لە نێوان ئێران و ئینگلیس و شووڕەوی دا پەیمانێک بەسترا کە لە ماددەی ٥ دا ئاماژە بەوە دەکا کە ٦ مانگ دوای کۆتایی شەڕ، دەوڵەتانی هاوپەیمان دەبێ خاکی ئێران بەجێ بێڵن.

بە دوای کۆبوونەوەی قاهیرە دا، بەرەی هاوپەیمان لە ڕێکەوتی ٧ تا ١٠ مانگی ڕەزبەری ١٣٢٢ (٢٨ نوامبری ١٩٤٣)دا کۆنفڕانسێکی مێژوویان لە سەفارەتی شووڕەوی لە تاران بە بەشداری "فرانکلین دلانۆ ڕۆزڤێلت" سەرکۆماری ئەمریکا و "وێنستۆن لیۆنارد سپێنسەر چەرچل" سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و "جۆزێف ستالین" سەرکۆماری سۆڤییەت، بەست.

لەو کۆنفڕانسەدا ڕێبەرانی ئەو سێ وڵاتە، ستراتیژی داهاتووی خۆیان بۆ تێکشکانی بەرەی یەکگرتووی شەڕ، ئەڵمان و ئیتالیا و ژاپۆن دیاری کرد و بارودۆخی دوای شەڕ و دابەشکردنی ناوچە ئازاد کراوەکانیان خستە بەر باس. هەروەها بڕیاریان دا کە شەش مانگ دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، هێزەکانیان لە ئێران بکێشنەوە و سەربەخۆیی و یەک پارچەیی خاکی ئێران بە ڕەسمی بناسن. لەو کۆنفڕانسە دا دوای ئەوە بڕیار درا یارمەتی بە بەرەی دواوەی شووڕەوی بکرێ، بڕیاری کردنەوەی بەرەی دووهەمی شەڕ، لە ڕۆژئاوا(نورماندی) بە دژی ئاڵمان پەسەند کرا. لەو کۆنفڕانسەدا چرچیل شیرێکی زێڕنیشانی بە بۆنەی ئازایەتی سەربازانی ڕووس لە ستالینگراد، پێشکێش بە ستالین کرد.

لەو ماوەدا ڕوزوێلت لە سفارتی شوورەوی لە لای ستالین دەماوە و بە هۆی ناسازی نەچووە دەری و مەحەمەد ڕەزاشا بۆ سەردانی ئەو هاتووچوی سفارەتی ڕووسی دەکرد.

هەر لەو سەفەرەدا، ستالین سەردانی شای ئێرانی کرد و لەوێ پێشنیاری پێشکێش کردنی هەنگێک تانکی تی ٣٤ و چەند تەیارەی شەڕی پێکرد. شا لە بیرەوەرییەکانی دا ئاماژە بەوە دەکا کە لەوانە بوو ئەو پێشنیارە قبووڵ بکا، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوتووە کە هێندێک شەرت لە پشت ئەو پێشنیارانە هەبووە بۆیە قبووڵی نەکرد. بە گوێرەی ئەو پێشنیارە دەبوایە لەگەڵ ئەو دیاریانە، ئەفسەر و دەرەجەدارانی ڕووس بۆ فێرکردنی سەربازانی ئێرانی هاتبانە ئێران و هەروەها دەبوو فەرماندەری شوێنی تانک و تەیارەکان لە مەسکۆ و قەزوێن و مەشهەد بووبان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆبوونەوەی دیکەی بەرەی هاوپەیمانان، کۆنفڕانسی یاڵتا بوو کە لە ١٥ تا ١٣٢٣/١١/٢٢(١٩٤٥/٢/١١) دا بۆ ماوەی ٨ ڕۆژ لە دوورگەی کەریمە لە قەراغ دەریای ڕەش بە بەشداریی "رۆزڤێلت" و "وینستۆن چرچیل" و "جۆزێف ستالین" بەسترا. لەو کۆنفڕانسەدا زۆرتر بابەتەکانی سەر بە ئورووپا کەوتنە بەر باس و بڕیار درا بەڕێوەبەرایەتێکی هاوبەش لە یەک کۆمیسیۆن پێک بێ و هێرش بۆ سەر ئاڵمان چڕ بکرێتە و بە سێ بەش دا بەش بکرێ. هەروەها بڕیار درا کە وڵاتانی ئورووپایی پەسندکراوی "ئەتلانتیک" بکەنە بناغەی کار و لە هەڵبژاردنی ئازاد دا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. دیارە ئەوە لە کاتێک دا بوو کە دەوڵەتی ڕووس، لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی کە دەستی بەسەر داگرتبوو، سیستەمی سۆسیالیستیی دامەزراند بوو.

سێهەم کۆنفڕانسی هاوپەیمانان، کۆبوونەوەی "پۆتسدام" بوو کە لە ڕۆژی ٤/٢٦ /١٣٢٤( ٧/١٧ /١٩٤٥) بە دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر ئەڵماندا، بە بەشداری ستالین و ترۆمەن (سەرۆک کۆماری نوێی ئەمریکا) و "وینستۆن چرچیل" گیرا.

ترۆمەن بە دوای کۆچی دوایی ڕۆزڤێلت، بەشداری ئەو کۆبوونەوە بوو و هەر لەو چاوپێکەوتنەدا ئاگادار کرا کە ئەمریکا بوو بە ساحەبی بۆمبی ئەتۆم. ئەو کۆبوونەوە بە مەبەستی چۆنییەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئاڵمان لە دوای کۆتایی شەڕ دا پێکهات. چونکە حیزبەکەی چرچیل لە هەڵبژاردنی پاڕلمانی دا دۆڕا، لە نیوان کۆبوونەوەدا، نوێنەری ئینگلیس گۆڕا و جێگای خۆی دا بە "کلمنت ئەتلی".

لەو کۆنفڕانسەدا پێشنیار کرا کە هێزی هاوپەیمانان ئێران بەجێ بێڵن، بەڵام یەکیەتی سۆڤییەت تەواو نەبوونی شەڕ لەگەڵ ژاپۆنی کردە بیانوو و ئەو پێشنیارەی ڕەد کردەوە. دوایە، ئەو بابەتە بەستراوە بە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی سێ وڵات لە لەندن کە دەبوایە لە یەکی سپتەمبەری ١٩٤٥دا بگیرێ.

قازی محەممەد بە نامەیەک، داوای نەتەوەیی کوردی ئاراستەی کۆنفڕانسی پۆتسدام کرد و لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئارچی ڕۆزڤێلت ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی دەڵێ: ئێمەی کورد سکاڵای خۆمان بە سێ لایەنی سەرکەوتوو لە کۆنفڕانسی پۆتسدام ڕاگەیاند، بەڵام ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان ئاوڕیان لێ نەدایەوە.

قازی محەممەد لە درێژەدا بە ڕۆزڤێلت دەڵێ:

کوردەکان ئومێدەوار بوون وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پلەی بەهێزترین وڵاتی دنیادا، هاوکاریان بکات کە لە دواکەوتوویی ڕزگاریان بێت ... ئەگەر ئەمریکا لە جیاتی ناردنی سی هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنیا ١٠٠ مامۆستای خوێندنگەی بۆ ئەو وڵاتە ناردبایە، چی دەبوو؟ بەڵام ئەمریکا لە جیاتی یارمەتی کردن بە ئێمە، هاوکاریی دوژمنانی ئێمەی کرد، ئەویش بە ناردنی چەکوچۆڵ، بۆ سەرکوت کردنی ئێمەی کورد.

هەروەها قازی محەممەد ڕەخنەی لە هەڵس و کەوتی ئینگلیس گرت و پەنجەی بۆ دەیەکانی ڕابردوو و سەرکوت کردنی بزووتنەوەکانی کورد ڕاکێشا و مەلا مستەفا بارزانی بە نموونە هێناوە.

چوار ڕۆژ دوای کۆتایی کۆنفڕانسی پۆتسدام، لە ١٣٢٤/٥/١٥( ١٩٤٥/٨/٦) شاری هیرۆشیما و حەوت ڕۆژ دواتر، شاری ناگازاکیی لە وڵاتی ژاپۆن بە بۆمبی ئەتۆمی وێران کران و ژاپۆن تەسلیم بوو و کۆتایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە شەڕی دووهەمی جیهانی هات. واتا شەڕی دووهەمی جیهانی لە٨ مانگی مەی لە ئۆروپا و لە ١٠ مانگی ئووتی ١٩٤٥ لە ژاپۆن کۆتایی هات. زیاتر لە ١٠٠ میلیۆن کەس تێیدا بەشدار بوون کە زیاتر لە ٥٠ میلیون کەسیان کوژران. تەنیا بەرهەمی باشی ئەو شەڕە پێکهاتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

وڵاتانی سەرکەوتوو چاوی تەماعیان بڕیبە ئەو شوێنانەی کە لە بواری ستراتیژی دا گرینگ یان خاوەنی کانگا، بە تایبەتی نەفت بوون. دەوڵەتی ئینگلیس لە ساڵی ١٩٤٣ توانیبووی ١٠ میلیون تۆن نەوت لە کەنداوی فارس هەڵێنجێ و ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە دەولەتی شووڕەویش بیر لە قازانجی خۆی بکاتەوە.

## کێشەی نەفت

شەڕی شاری ستالینگراد و سەرکەوتنی ڕووس بە سەر ئاڵمان لە ساڵی ١٣٢٣ دا و وەدەرنانی هێزەکانی ئەو وڵاتە لە خاکی شووڕەوی و نیزیک بوونەوە لە ئوڕووپای ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٤٤دا بوو بە هۆی لە خۆبایی بوونی دەوڵەتی شووڕەوی. ئەو دەوڵەتە بڕیاری دا کە بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی شەڕ، ئەویش وەک ئینگلیس و ئەمریکا، بە دوای قازانجی ئابووری خۆی دا بگەڕێ و هەوڵی دا بیر لە دابەش کردنی دەستکەوتەکان شەڕ بکاتەوە و بەرژەوەندییەکانی هێنا ئاراوە.

هەوڵدانی دەوڵەتی ڕووس بۆ دۆزینەوەی نەوت لە شیمالی ئیران پێشینەی پێشتری هەبوو و بە پێی لاپەڕەی ٣٤ ی کتێبی "فرازو فرود فرقە دموکرات آزربایجان" لە نووسینی جەمیل حەسەنلی، هەر لە دووی ژانوییەی ١٩٤٣ باقرۆف هەیئەتێکی بۆ دۆزینەوەی کانگای نەوت نارد بووە تاران و ئەوانە لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دا، بۆیان دەرکەوت کە نەفتی ئازەربایجان و گیلان و مازندەران و گورگان و سەرووی خوڕاسان کەمتر لە نەوتی باشووری ئێران نییە.

لە لاپەڕەی ٢٨٤ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" دا، عەلی مرادی مەراغەیی ئاماژە بە بەڵگەی زۆر نەهێنی ژمارە ٦ شووڕەوی دەکا کە تێیدا ئەو شوێنانەی کە دەبوایە ڕووسەکان لە ئێران دا بە دوای نەوت و غاز و کانگای ژێر زەوی دا بگەڕێن و ئەو کەرەسە و ئامراز و شیرکەتانەی کە دەبوایە بەو کارە هەستن، بە ڕادەیەکی بەربڵاو دیاری کراون. شوێنی بە دواداچوونەکان بریتی بوون لە، بەندەری شا و بابولسەر و پەهلەوی، گورگان مازندەران و لێوارەکانی دەریای خەزەر، لە سنووری تورکمەنستان تا ئازەربایجانی شووری، ئەشرەفییە، ئامول، خوڕەم ئاباد، باڵخارچی جولفا، زەنجان تەوریز و ئەردەبیل.

بەڵگەیەکی نەهێنی لەسەر دۆزینەوەی نەوت لە شیمالی ئێران لە ژوئەنی ١٩٤٥دا باس لەوە دەکا کە شووڕەوی دەیەویست کارگایەکی هێدرۆژئۆلۆژی لە قەزوێن دامەزرێنێ و ئاشکرا بوو کە لە دەشتی گورگان و مازندەران و ڕەشت کانگای نەفت و گازی لێیە. بە دوای ئەوانەدا دەوڵەتی ئینگلیسیش لە ڕۆژئاوای تاران دەستی بە گەڕانی نەوت کرد.

سەرلەشکر ئەحمەد زەنگەنە لە لاپەڕەی ٤٠ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ لە ٢٥ی گەلاوێژ دا، دەستەیەک دیپلۆمات و زەوی ناس و کارناسی نەوت بە سەرۆکایەتی "سرکی کافتارادزە" هاتنە تاران. دەنگۆ ئەوە بوو کە ئەوانە لە "بیابانی خووریان" دەست بە دەرهێنانی نەوت بکەن، بەڵام دوایە دەرکەوت کە ئەوانە لە بەرانبەر نەوتی باشووری ئێران و ئینگلیس دا، لە پێنج پاریزگاری سەروی ئێران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا دەیانەوێ ئیمتیازی نەوت بەدەست بێنن.

گرینگیی پرسی نەوت بە لای ڕووسان دا زۆر گرینگ بوو. بە پێی لاپەڕەی ٦٤ ی میرجەعفەر باقرۆف لە نامەیەک دا بە ڕیکەوتی ٢٨ سپتامبر ١٩٤٥ (٦ ڕەزبەری ١٣٢٤) بۆ ستالین دەنووسێ کە لەبەر ئەوە کە هەموو هەڵەکانمان بۆ دۆزینەوەی نەوت و بردنە پێشی پرسی ئازەربایجان و کوردستان تەرخان کردبوو نەمانتوانی لە گیلان و مازەندەران و خوراسان عەمەلیاتی جودایی خوازی دەست پێبکەین.

لە ساڵی ١٩٤٤دا هەیئەتێکی شووڕەوی هاتە ئێران تا سەبارەت بە نەفت وتوویژ بکا و ڕۆژی ٣ ی ڕەزبەری ١٣٢٣( ٢٥ سپتامبر) دەوڵەتی ڕووسیە داوای ئیمتیازی گەڕان و دەرهێنانی نەوتی شیمالی کرد. بەڵام دەوڵەتی ئێران ڕایگەیاند کە بە پێی بڕیاراتی مەجلیس تا کۆتایی شەڕ ناتوانی هیچ ئیمتیازی نەوت بدا بە وڵاتانی دەرەوە.

عەلی مرادی مەراغەیی لە لاپەڕەی ١٠٦ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" دەنووسێ کە کافتارزادە لە ٢٤ خەرمانانی ١٣٢٣ لە لایەن ڕووسانەوە، هاتە تاران و داوای هەڵێنجانی نەوتی "خۆریانی" تارانی کرد بەڵام مەبەستی نەوتی سمنان بوو. ساعدی سەرۆکی وەزیرانی ئێران ڕەدی کردەوە و گوتی تا کاتێک هێزەکانی بێگانە لە ئێران دابن قەراردادی نەوت نابەسترێ. کافتارزادە لە ٢ خەزەڵوەر لە سفاڕەتی ڕووس لە تاران لە وتوێژێک دا بە دژی ساعدی قسەی کرد. ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە ڕوناکبیران و حیزبی توده لە سەرانسەری ئێران، بە تایبەتی لە سەرووی ئێران، لە تەورێز و ورمی و مەشهەد و قەزوین و ... بە دژی ساعیدی دەست بە خۆپێشاندان بکەن. ئەو خۆپێشاندانە لە تەوریز کوژراوێکی لێکەوتەوە.

کۆمەڵەی ژ-ک لە ٢٦ پووشپەڕ ١٣٢٣ (دەبێ ئەو ڕێکەوتە غەڵەت بێ) لە مەهاباد بە بەشداری ٣٠٠٠ کەس خۆپێشاندانی کرد، عەلی ڕیحانی قسەی کرد و هەڵوێستی ساعدی ڕەد کردەوە و پشتیوانی لە دانی ئیمتیازی نەوت بە ڕووسان کرد.

بە دوای ئەو خۆپێشاندانەنە دا ڕووسەکان بە ئاشکرا و بە نەهێنی لەو شوێنانەی کە مەبەستیان بوو دەستیان بە لێکۆڵینەوە و چاڵ لێدان کرد.

تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی و پێویستی ڕووس بە نەفت، وەرچەرخانێکی گەورەی لە سیاسەتی ڕووس لە حاست ئێران دا پێکهێنا. ئاکامی ئەو سیاسەتە بوو بە هۆی ئەوە، جووڵانەوی ئازەربایجان و کوردستان دامەزرێ و گەلی ئازەر و کورد مەڵبەندی موکوریان، بۆ ماوەیەکی کورت بە زۆربەی هەرە زۆری ماڤە نیشتمانییەکانیان بگەن.

## وەرچەرخان لە سیاسەتی ڕووس

دەوڵەتی ڕووس دوای ئەوە نەیتوانی بە ڕێگای وتوویژ و دیالۆگ ئیمتیازی نەوتی شیمالی ئێران بەدەست بێنێ، ڕێگای دیکەی گرتە بەر و هەوڵی دا تا نەتەوەکانی سەرووی ئێران بە دژی ڕێژیم بروژێنێ و بۆ مافەکانی خۆیان هانیان بدا، تا بەمشێوەیە بە زەخت هێنان بۆ سەر ڕیژیم ئیمتیازی نەوتی شیمالی ئێران وەچەنگ بێنێ. مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ١١٨ی کتێبی ئاوێنە شکاو دا لەسەر دروست بوونی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان دەنووسێ:

ڕووسەکان چاویان لە نەفتی ئێران بوو کە ئەوکاتە بە دەس ئینگلیزەوە بوو. جا بۆ ئەوە کە حکومەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەندی وا لێبکەن بۆ داوخوازەکانیان مل ڕاکیشێ، یان باشتر بڵێم ویستی خۆیانی بەسەر دا بسەپێنن دەستیان کرد بە قەڵسەگێڕان لە ڕێژیمی ئەوکاتە و لە تەورێز و مەهاباد کۆماری تورک و کوردیان دامەزراند و پشتیان گرتن و یارمەتیان دان کە خۆیان ڕاگرن هەتا کاتی خۆی.

حامید گەوهەری بە نەقڵ لە کتێبی "ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ساڵانی ١٩٣٩- ١٩٤٥" دەنووسێ کە ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٤(١٩٤٥/٢/١٣) حەسەن حەسەنۆڤ لە کۆتایی گەشتێکیدا بۆ تاران، ڕاپۆرتێکی ٦٧ لاپەڕەیی بۆ باقرۆڤ نارد و لە بەشێکیدا نووسی:

ئەو فەرمانبەرانەی کە لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە هاتوون بۆ ئێرە، زۆر کاری گەورەیان کردوە، بەڵام کاتی بڕیاردان لەسەر دیاردەیەکی زەق، چونکە لە ئامانجی کۆتایی حکومەتی سۆڤیەت ناگەن، ناتوانن کارەکانیان وەک پێویست بکەن. دەبێ بۆ فەرمانبەرانی ئێمە لە ئێران بە وردیی ڕوون بکرێتەوە کە ئێمە بۆ ڕزگارکردنی گەلی ئازەربایجان لە زوڵم و ستەمێک هاتووین کە سەدان ساڵە فارسەکان بەسەریاندا سەپاندون. دەبێت تەواوی کارەکان لەو ڕوانگەیەوە بەڕێوەبچن و بچنە پێشەوە. پرۆسەی گۆڕانی مێژووی ئێران پێشاندەدا کە گەلی ئازەربایجان دەبێ لەژێر ستەم و زوڵمی فارسەکان ڕزگاری ببێت. دەوڵەتی ئێران کە لە هەڵوەشاندایە، توانای مانەوەی سەربەخۆیی وڵاتی نیە.

حامید گەوهەری بە ئاماژە بەو سەرچاوەیە دەڵێ کە حەسەنۆڤ لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا دەربارەی کێشەی کوردەکان، دەڵێت:

دوای چارەسەر کردنی کێشەی ئازەربایجان، دەبێت خودموختاریی بە کوردەکان بدرێ و دەبێ کارگێڕانی ئێمە لەم بارەیەوە چالاک بن.

بە پێی ئەو سەرچاوەیە حەسەنۆڤ دەڵێ:

ئازاد کردنی ئازەربایجان دەبێ بە یارمەتی حیزبی تودە بێت کە کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری لە کرێکاران، جوتیاران، پیشەوەران و ڕوناکبیرانی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆکردوەتەوە. بۆ پشتیوانیی کردن لە ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە ئازەربایجان، پێشنیاز دەکەم مانگانە دە هەزار تمەن یارمەتی ئابووری بدرێن.

دیارە هەر بە دوایی ڕووخانی دەستەڵاتی ڕەزاشا، کاربەدەستان ڕووس هەوڵیان دا تا لە شوێنەکانی ژێردەستەڵاتی خۆیان، خەڵک بۆ بە دەستەوەگرتنی هێندێک دەسەلات، تەیار بکەن و چەشنێک بەڕێوەبەریی سەربەخۆ دابمەزرێنن.

لەژێر کاریگەری ئەو سیاسەتە دا، سەندیکا و ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییە مەدەنییەکان بووژانەوە و بە مەبەستی گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی دەستیان بە خەبات و تێکۆشان کرد. بەڵام بە هۆی نەبوونی هیچ ڕێکخراوێکی نیشتیمانی و چەپی ئەوتۆ، گەلی ئازەر نەیانتوانی بە مەبەستەکانی بگا. لە لایەکی دیکە ئەگەرچی هێزەکانی هاوپەیمان هەموو مەڵبەندەکەیان ئازاد و ئەڕتەشی ئێران قەمتەر و بێدەستەڵات کرابوو، بەڵام دەزگاکانی حکومەتی وەک پارێزگار و شارەدار و دادگاکان و هێندێک دەزگای ئەمنییەتی وەک پۆلیس و ژاندارمەری ڕێژیم، لە ژێر دەستەڵاتی لاواز و دووراددووری تاران، لە ئازەربایجان دا مابوونەوە. ئەو ڕواڵەتە تا هەوەڵی ساڵی ١٣٢٤ درێژەی هەبوو.

لەو سەردەمەدا بە پێچەوانەی ناوچەی ژێر دەستەڵاتی ڕووس، هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەکانی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی ئینگلیس، بە هێز بوون و ئەفسەرانی دژی گەلی و قاتڵی عەشیرەتەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەورامان و مەریوانی سەردەمی ڕەزاشا، بە پشتیوانی هێزی هاوپەیمانان، تەیار کرانەوە و حاکمی بێ ئەمووئەولای کوردستان بوون.

هێزەکانی ڕێژیم جیا لە پشتیوانی مەعنەوی ئینگلیس و ئەمریکا، لە بواری نیزامیش هاوکاری دەکران. بە پێی لاپەڕەی ١٠٤ی کتێبی ڕەحیمی قازی و بە نەقڵ لە ئارشیوی حیزب، سیاسیی ژمارە ٤ لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٢دا دوای ئەوە ڕێژیم بەشی زۆری هێزەکانی خۆی لە سەقز جێگیر کردەوە، هێزێکی ٢٠٠٠ کەسی لەژێر فەرمانی ژێنراڵ ئەمین بۆ بە هێز کردنی بەرەی سەقز و بانە ڕەوانەی ئەو مەڵبەندە کرا. لە کرماشان ٦ ماشێنی سەربازی ئینگلیزیشیان لەگەڵ کەوت. ئەو هێزە لە نیزیک دیواندەرە لە کەمینی سوارەی کورد کەوتن و دوو ئەفسەر و دوو سەربازی ئینگلیسی کوژران. هەر بە پێی ئەو سەرچاوە چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە فڕۆکەکانی ئینگلیس ناوچەی هەورامان و دیواندەرە و مەریوانیان بۆمباران کرد بە دەیان کەسی بێتاوان کوژران.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٠٣ دا بە نەقڵ لە لاپەرەی١٨٠ ی کتێبی فاریزائۆف دەنووسێ:

سیخوڕانی ئینگلیسی لە دەستوەردان لە کاروباری کوردان کارامە بوون بە ئاسانی دەیانتوانی عەشیرەتەکانی کورد بە دژ یەک هان بدەن. بەگشتی سەرباری هەموو ئەو دەردانە نەبوونی یەک ڕیزی لەناو عەشیرەتەکانی گشت کوردستان کاری کوردانی چەواشە کرد بوو. بەرنامەیەک لە گۆڕی دانە بوو و هەرچەند دوژمنی هاوبەشیان هەبوو بەڵام پیکەوە تەبا نەبوون. هێزەکانی حەمەرەشیخانی بانە و ئەحمەدخانی فارووقی توانیان زەبری گورچووبڕ لە هێزەکانی ئێران بوەشینن. بەڵام هەوڵیان نەدا ئەو دەستکەوتە بپارێزن دوایە حەمە ڕەشیدخان شاری بانەی ئاور تێبەردا و گەڕاوە بۆ کوردستانی باشوور.

هاوپەیمانی ئینگلیس و ئەمریکا دژی جمووجۆڵی کوردەکان بوون ئەوان لایەنگری پاراستنی تەواوییەتی خاکی ئێران و پشتیوانی دەوڵەتی ناوەندی و یەکپارچەیی خاکی ئێران بوون. ئەوان خوازیاری ئەوە نەبوون کە بەشێک یان چەند بەش لە خاکی ئێران بکەوێتە ژێر دەستەڵاتی ڕووسان. ئەوان بە شێوەی کاتی و بۆ لەناوبردنی بەرەی ئاڵمان لەگەڵ ڕووسان یەکیان گرتبوو. دەنا پەیوەندی نێوان ئەوان هەر ناتەبایی و تەزادی سەرەکی بوو کە ئێستا ببوو بە ناتەبایی لاوەکی.

پێشتر لە ئاکامی تەفرەقە و کێشەی عەشایری کوردی ژێر دەستەڵاتی ڕووس، ڕێژیمی ئێران توانی بووی بەر لە ساڵی ١٩٤٢ بە ئیزنی دەوڵەتی سۆڤییەت هێزەکانی ئەمنی ئێران، بە تایبەت چەند یەکەیەکی ئەرتەشیی سەر لە نوێ بگەڕێنەوە بۆ ئازەربایجان و کوردستان. ئەو هێزانە بریتی بوون لە ٣ تیپی لەشکری سێ کە لە تەوریز و ورمێ و ئەردەبیل جێگیر بوون. هەرکام لەو تیپانە گوردانێکی پیادە و ٣ گوردانی سوارەیان هەبوو. یەکێک لە گوردانەکانی تەوریز لە میاندواو جێگیر بوو. بەمشێوەیە هێزەکانی ڕێژیم خۆیان لە مەهاباد نیزیک کردەوە و بۆ گرتنەوەی ئەو شارە "ئەرفەع " دەڵی داوای لە ڕووسان کرد کە کاروانێکی سەربازی بنێرێتە مەهاباد بەڵام ڕووسەکان ئیزنیان نەدا.

ڕۆژی ٣ی ڕەزبەری ١٣٢٣ ( ٢٥ سپتامبر) دەوڵەتی ڕووسیە داوای ئیمتیازی گەڕان و دەرهێنانی نەوتی شیمالی لە ئێران کرد. بەڵام مەجلیس بڕیاری دا تا کۆتایی شەڕ هیچ پەیمانێکی نەوتی واژۆ نەکرێ. هەر ئەوکات سەفیری ئینگلیس، وەزارەتی دەرەوەی لە تەواوی ئەو ڕووداوانە ئاگادار کردەوە و ڕایگەیاند کە هەموو نیشانەکان بەیانی ئەو ڕاستییەن کە ڕووسەکان بە تەواوی توانا هەوڵ دەدەن کە تا کاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوونەدەر لە ئێران، بە کردەوە دەست بە سەر ئەو وڵاتە دابگرن.

ئەو بەرنامە و کردەوانەی دەوڵەتی شووڕەوی، دەوڵەتانی ئەمریکا و ئینگلیس و تورکییەی نارەحەت کرد و لەوە دەترسان کە لە ئاخردا شووڕەوی، ئازەربایجان تێکەڵ بە خاکی خۆی بکا. سەفارەتی تورکیە بە پیاوەکانی خۆی فەرمان دا تا پشتی پەنابەرانی سپی واتا ئەوانەی دوای ئینقلابی ئۆکتۆبر شووڕەویان بەجێهێشت بوو و هەروەها مساوات چییەکان( حیزبی لایەنگری تورکیە کە لە ساڵی١٩١٨ – ١٩٢٠ لە قەفقاز چالاک بوو) بگرن.

ئەوانە هەمووی لە حاڵێک دا بوو کە دەوڵەتانی ئەمریکا و ئینگلیس بە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئورووپا، ئیمتیازی زۆریان دابوو بە ڕووسان بەڵام ویستیان لە ئاربایجان لە بەرانبەریان دا ڕابوەستن و نەهێڵن دەستیان بە کانگاکانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نیزیک ڕابگا. هەر ئەوکات چەرچیل، سەرۆکی وەزیرانی بریتانیا باسی لە کێشانی پەردەی ئاسنیین بە سەر بەشێکی گەورە لە ئورووپا دا کرد کە لە "ستەتین" لە دەریای "باڵتی" تا "تریست" لە دەریای ئادریاتیکی دەگرتەوە. ئەو پەردەیە تەواوی پێتەختەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات کە بریتی بوون لە سۆڤییە، بێرلین، وەرشۆ، بوداپست، بوخارست، بلگراد و پراگ و بە سەدان شاری گەورەتر، کە لە ژێر هێژموونی دەسەڵات شووڕەوی دابوون، دەگرتەوە.

یەک مانگ دوای تەواو بوونی شەڕ، دەوڵەتی ئێران بە پێی یادداشتێک کە بۆ سفارەتی هەر سێ وڵاتی ئەمریکا و ڕووس و ئینگلیسی نارد، داوای کرد کە خاکی ئێران بەجێبێڵن. ئەمریکا و ئینگلیس قەولی خۆیان بە جێهێنا بەڵام شووڕەوی ئەو بەڵێنییەی پشت گوێ خست و هێزەکانی هەروا لە شیمالی ئێراندا هێشتەوەوە و ئەو کارەی بەستەوە بە دانی ئیمتیازی نەفتی شیمالی ئێران.

هاوکات لەگەڵ ئەوە کە دەوڵەتی شووڕەوی بە ڕێگای دیپلۆماسی هەوڵی بەدەستهێنانی نەوتی شیمالی ئێرانی دا تێکۆشا بۆ کارقایمی زەختی دیکەش بە کار بێنێ و بە هۆی بەشی ئەمنی حەرەکەتی ئیعترازی لە سەرووی ئێران پێک بێنێ. لەو قوناغەدا لەنەکاو ستراتیژی ڕووسەکان گۆڕا و بەرژەوەندی ئابووری و گەیشتن بە مادەی خاوی نەوت بوو بە ئامانجی سەرەکی. شووڕەوی بە دوای چوونە دەری هێزەکانی ئەمریکا و ئینگلیس لە ئێران، بە بیانووی بەردەوامی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و تەسلیم نەبوونی ژاپۆن، هێزەکانی لە ئێران نەبردە دەر و سیاسەتی خۆی لە ئێران دا گۆڕیی.

بە پێی لاپەڕەی ٣٥ی کتێبی "فراز و فرود فرقه دموکرات آذربایجان" لە ٦ی مارسی ١٩٤٤دا شووڕەوی چەند بڕیاری گرینگی لەسەر دانی دەستەڵاتی زیاتر بە خەڵکی ئازەربایجان دەرکرد. بە هۆی ئەو بڕیارە دەبوو بۆ بردنەسەری پەیوەندی باشتر لە گەڵ خەڵک، لە زۆربەی ناوچەکانی باشووری ئازەربایجانی شووڕەوی دا، کە تورکی ئازەرین هەوڵ بدرێ لەمەوبەدوا نوێنەرانی ئەو ناوچانە لە هەیئەتەکانی سیاسی و نیزامی دا بەشدار بن. لە تەشکیلاتی نیزامی دا ٣ ژمارەی ڕۆژنامە لە حەوتوودا بە تورکی بڵاو ببێتەوە. لە شارەکانی ئازەربایجان، نوێنەرانی بازرگانی ئازەری بن و لە نوێنەرانی سیاسی دا پۆستی کۆنسوول و جێگری کۆنسوول، لە تۆرەمەی ئازەربایجانی بن. هەروەها بۆ چاپی کتێب و نووسراوەی شاعیرانی ئازەری، چاپخانەیەک لە تەورێز دابمەزرێ و شانۆ و تیئاتر و کۆنسێرت لە هەموو شارەکانی ئازەربایجان نمایش بدرێ. لە تەورێز مەدرەسەیەکی ١٠ کلاسی خۆڕایی بۆ فێربوونی زمانی تورکی دابندرێ و زمانی فارسی لە پلەی دووهەم دابێ. بۆ یارمەتی بە جوتیاران و شێوەی ڕەعەمەل هێنانی زەرعات و دانەوێڵە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیدارەی کشت و کاڵ و کارگەیەکی گۆرەوی و کوتاڵ بۆ کەم کردنی بێکاری و دامەزرێ.

دیارە بۆ بەڕیوەبردنی ئەو بەرنامە بە سەدان کادری لێوەشاوەی دەوڵەتی شووڕەوی سازمان دران و ڕەوانەی ئازەربایجان کران. یەکێک لەو کارانەی کە دەبوو بەڕێوەبچی، پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسی واتا فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو. عەزیز عەلی ئۆف دەبیری حیزبی کمونیستی شووڕەوی بە مەبەستی دامەزرانی فرقە بە هەزار کەس لە کادەرەکانی حیزبی هاتنە تەورێز. بۆیە لە ساڵی ١٣٢٤دا وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی ڕووس دا پێکهات. بەپێی لاپەڕەی ی کتێبی "فرازو فرود فرقه دموکرات آزربایجان" حەسەن حەسەن ئۆف مەئمووری ڕووسی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی ئێران لە ڕاپۆرتێکی ٦٧ی لاپەڕەیی دا بە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕێبەندانی١٣٢٣ (١٣ فەورییەی ١٩٤٥) بۆ باقرۆف دەنووسێ کە مەئموورانی ئێمە دەبێ حاڵی بن کە ئێمە بۆ ڕزگاری ئازەربایجان لە زوڵم و زۆری فارس هاتووینە ئێرە.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە دوای چارەسەری پرسی ئازەربایجان دەبێ بە کوردان خودموختاری بدرێ. ئەو ڕوانگە و بۆچوونە واتا پشتگیری لە ئازەربایجانی باشوور، ڕای گشت کاربەدەستانی ئازەربایجانی باکوور بوو. تەنانەت لە مانگی مارسی١٩٤٤دا بۆ کاریگەری زیاتر لەسەر خەڵکی ئازەربایجان، ئاخوندێکیان ناردە ئەو دەڤەرە. سایتی ڕادیو فەردا بە نەقڵ لە جەمیلی حەسەنی دەنووسێ کە لە ڕیکەوتی ٢٠ی مارسی ١٩٤٤دا نیزیک بە ٢٠ کەس لە کارناسانی گەورەی ئازەربایجانی شووڕەوی بۆ مەسکۆ بانگ کران تا لە ئیداراتی سیاسی و دیپلۆماتیکی شووڕەوی دا کار بکەن. ئەوان پیان گوترا کە بۆیە ڕەوانەی ئازەربایجان دەکرێن تا خۆشەویستی دەوڵەتی شووڕەوی لە نێو خەڵک دا پەرە پێبدەن و بەڵێنیان پێبدرێ وردەوردە پرسی ئازەربایجان چارەسەر دەکەن. دوای کۆتایی شەر، لە ١٠ ژوئەن، هەیئەتی وەزیرانی شوورەوی بڕیاری دا کە لقی تەواوی بنکە ئابوورییەکانی ئازەربایجانی شووڕەوی لە ئازەربایجان بکرێتەوە. لە ٢١ی ئەو مانگەدا کۆمیتەی بەرگری دەوڵەتی ڕووس پلانێکی واژۆ کرد کە بە دزی لە باشووری دەریای خەزەر و ئازەربایجانی ئێران بۆ دۆزینەوەی نەوت، لە سەر عەرز کارناسی بکرێ.

هەر لە درێژەی ئەو پشتیوانییانەدا دواتر لە مانگی ژوئەنی ١٩٤٥دا ئیستالین بڕیاری دروست کردنی بناغەی سەنعەتی شووڕەوی وەک ئاوریشم و کوتاڵ و گۆرەوی و کەوش، بە ڕادەی ١٠٠ هەزار جووت لە ئازربایجانی ئێران دا.

## فەرمانی ستالین

ئەو ڕوانگە و بۆچوونانە کە ڕووسەکان لەو قۆناغەدا لەسەر ئێران هەیان بوو، بوونە پێشینەیەک بۆ ئەوەی کە ستالین لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٢٤دا ستراتیژی سیاسی خۆی لە ژێر ناوی فەرمانی ستالین ڕابگەیەنێ. ستالین خەڵکی گورجستان بوو. پیش ئەوەی ببێ بە ڕێبەری شووڕەوی، بەرپرسی بەشی پرسی نەتەوەکان بوو و کتێبێکیشی لەوبارەوە نووسیوە. یەکەم کاری سەردەمی جەوانی ئەو، لێدانی پارەی بانکی باکۆ بە قازانجی حیزب بوو.

پلانی گرینگی فەرمانی ستالین ئەوە بوو، کە دەبوو حیزبێ سەربەخۆییخواز لە ژێر دەستەڵاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتی شووڕەوی لە سەرووی ئێران دامەزرێ. لە پازدەی پووشپەڕی ١٣٢٤ (٦ ژوئیەی ١٩٤٥) دا فەرمانی ئیستالین لە هەیئەتی ناوەندی حیزبی کمونیستی شووڕەوی، بە ئیمزای ستالین گەیی. لە بەندی ئەوەڵ و دووهەمی ئەو فەرمانەدا ئاماژە بە دروست بوونی کردەوەی جودایی خوازانە و دامەزرانی حیزب دەکا و تەنانەت لە بەندی ٢ دا ناوی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان هاتووە کە ئەوکات هەر لە دایک نەبووو. ستالین پێی لەسەر ئەوە دادەگری کە هێزی چەکداری دژی گەلی سەرکوت بکرێ و بە ڕێگای ئەنجومەنی دۆستایەتی ئێران و کۆماری ئازەربایجانی شووڕەوی، گۆڤارێکی ڕەنگی و ٣ ڕۆژنامە لە سەد هەزار نووسخە دا لە ئازەربایجان بە هۆی دەستگای چاپ کە دەدرێ بە حیزبێک کە قەرارە بە ناوی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دروست بێ، بڵاو بکرێتەوە.

لە بەندی٣ ی ئەو فەرمانە سەبارەت بە کوردان ئاوا هاتووە:

کردەوەی پێویست لە نێو کوردەکانی شمالی ئێران بۆ ڕاکێشانی ئەوان بە جوڵانەوی جودایی خوازی و پێکهێنانی مەڵبەندی خودموختاری نەتەوەیی کورد بەریوە بچێ.

لە بەندی ٦ ی ئەو فەرمانەدا هاتووە کە ئەو دەستەو تاقمانەی کە بە چەکی وڵاتانی بێگانە چەکدار کراون تێکبشکێندرێن. دەستەکانی چەکداری جودایخوازی لایەنگری شووڕەوی، بە چەکی خاریجی غەیرە ڕووس چەکدار بکرێن تا بتوانن لە خۆیان دیفاع بکەن. حیزبی توده لە ئازەربایجان هەڵوەشێندرێ و جەعفەری پیشەوەری کە مودیری ڕۆژنامەی "ئاژیر" لە تاران بوو بە ڕێبەری فرقە دیاری بکرێ.

ئاخرین بەندی ئەو فەرمانە ئەوەیە کە جوڵانەوەی جودایخوازی ئازەربایجانی باشوور و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی دەورەی پازدەی مەجلیسی ئێران، لە باری ماڵییەوە دابین بکری. لە کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئازەربایجان دا، ڕادەی ١ میلیون ڕوبڵ لە بودجەی تایبەتی بۆ ئەو کارە تەرخان کرا. بەڕیوەبردنی ئەو فەرمانە بە هاوڕێ بۆلگانیین و باقرۆڤ ئەسپێردرا.

عەباسی جەوادی کە فەرمانی ئیستالینی وەرگێڕاوەتەوە، دەنووسی کە بە گوێرەی ئەو فەرمانە دەبێ هەوڵ بدرێ پروپاگەندە بۆ دابەش کردنی زەوی و زار، لولە کێشی ئاو، پاک و خاوێنی و دەوا و دەرمان، چاپی کتێب و خوێندن بە زمانەکانی تورکی و کوردی و ئەرمەنی و ئاسووری بکرێ. هەرەها پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ شووڕەوی پەرە بدرێ و هەوڵ بدری و نوێنەرانی جوداییخواز، لە لایەن باقرۆڤەوە پەسەند بکرێن ڕەوانەی مەجلیسی ١٥ ی ئێران بکرین.

لێرەدا دەقی فەرمانی ستالین هاتووە کە عەلی مرادی مراغەیی لە لاپەڕەی ١٠٦ کتێبی "ئینکار و مقاومەت" دا بەمجۆرە هێناوەتی:

فەرمانی ٦ ی ژوئییە ستالین بۆ باقرۆڤ

بكلي سري

بە ڕفیق باقروف

اقدامات لازم براي سازماندهي جنبش جدايي طلبي در آذربايجان ايران و ساير استانهای شمال ايران.

١ - در نظر گرفتن توصيه‌هاي لازم براي شروع و آماده سازي براي تشكيل يک منطقه خودمختاري در منطقه آذربايجان، با قدرت گسترده در داخل دولت ايران. در عاين حال، مشابه همين جنبش جدايي طلبي را در استان هاي گيلان، مازندران، گرگان و خراسان گسترش بدهيد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

۲ - ایجاد حزب دموکراتیک در آذربایجان جنوبي تحت نام "حزب دموکرات آذربایجان " با هدف هدایت جنبش جدایي طلب. براي ایجاد حزب دموکرات در آذربایجان جنوبي باید تغییرات و سازماندهي مجدد در شاخه آذربایجان حزب توده ایران انجام شود و طرفداران جنبش جودایي طلبي از تمام اقشار مردم وارد این حزب گردند.

۳ - کارهاي مناسب و تشویقي در میان کردهاي شمال ایران انجام داده و آنها را به جنبش جدایي طلبي کشانده تا یک منطقه خودمختار کردي تشکیل دهند.

٤ - سازماندهي گروهي در تبریز به عنوان مسئول جهت هدایت جنبش جودایي طلبي، با همکاري کنسولگري اتحاد شوروي در تبریز و نظارت کلي بر این گروه با عهده باقروف و یعقوب اوف است.

٥ - کمیته مرکزي حزب کمونیست آذربایجان (باقروف و ابراهیموف) باید تلاش لازم را نموده تا کاندیداهاي طرفداري خودمختاري در انتخابات مجلس ۱۵در آذربایجان جنوبي برنده شده و کاندیداهاي طرفداران جنبش جدایي طلبي بر اساس شعارهاي زیر عمل کنند: الف (تقسیم اراضي دولتي و مالکان بزرگ بین دهقانان و پرداخت وام کم بهره دراز مدت به دهقانان.

ب (از بین بردن بیکاري از طریق گسترش توسعه شرکتها و همچنین موسسات و توسعه ساخت جادهها و سایر کارهاي عام المنفعه.

ج (آباداني شهرها و تامین آب مردم

د (بهبود بهداشت و سلامت عمومي.

ه (مصرف حداقل٥٠ درصد مالیاتها در محل.

و(برابري حقوق اقلیتها و طوایف با افتتاح مدارس و نشر مطبوعات و کتاب با زبانهاي آذربایجاني، ارمني، آسوري. انجام رسیدگي هاي قضایي به زبان مادري، ایجاد موسسات ملي استاني از جمله ژاندارمري و پلیس و شکل دهي انجمنهاي محلي و شهري.

ز (بهبود ریشه اي روابط شوروي و ایران.

٦ - تجهیز افراد طرفدار شوروي و فعالان جنبش جدایي طلب، سازمانهاي دموکراتیک و حزبي به سلاحهاي خارجي براي دفاع از خود. انجام این کار به عهده رفیاق باقروف و رفیق بولگانین خواهد بود.

۷- یجاد یک انجمن روابط فرهنگي بین ایران و شوروي در آذربایجان براي تقویات کارهاي فرهنگي و تبلیغاتي در آذربایجان جنوبي.

۸ - براي جلب توده هاي وسیع به جنبش جدایي طلبان، لازم است که "انجمان دوساتداران آذربایجان شوروي" در تبریز تاسیس و شعبه‌هاي آن در همه مناطق آذربایجان جنوبي و گیلان ایجاد شود.

۹ - کمیته مرکزي حزب کمونیست آذربایجان ترتیب انتشار یک مجله مصور در باکو براي توزیع در شهرهاي ایران را داده و همچنین سه روزنامه جدید در آذربایجان جنوبي منتشر نماید.

۱۰ - براي انجام منابع چاپي جهت ارسال به حزب دموکرات آذربایجان جنوبي "خانه انتشارات اتحاد جماهیر شوروي" سه چاپگر مسطح در اختیار کمیته مرکزي حزب کمونیست آذربایجان قرار دهد.

۱۱ - کمیته روابط خارجي (رفیق آناستاز میکویان) موظف به تهیه کاغذ خوب براي انتشار مجله رنگي در باکو و همچنین سه نشریه جدید در آذربایجان ایران بوده و مجموع تیراژ کل مطبوعات نباید کمتر از ۳۰ هزار نسخه باشد.

۱۲- کمیساریاي امور داخله آذربایجان شوروي تحت نظر باقروف حق دارد مجوز الزم را جهت رفت و آمد افراد به ایران براي اجراي تصمیمات فوق صادر نماید.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

۱۳ - براي تامين نياز مالي جنبش جودايي طلب در آذربايجان جنوبي و همچنين نفوذ در برگزاري انتخابات پانزدهم مجلس ملي، كميته مركزي حزب كمونيست آذربايجان یک صندوق ويژه اي ايجاد نمايد كه در آن یک ميليون ڕوبل خارجي ("براي تبديل به تومان") واريزگردد.

۱۹۴۵ ژوئيه ٦

كميته مركزي: پليت بوري.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ١٦
## دامەزرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان

بە دوای گۆڕانکاریی لە سیاسەتی ڕووس دا، دەبوو حیزبێ سەربەخۆیی‌خواز لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی شووڕەوی لە سەرووی ئێران دابمەزری. لە بەندی ٢ ی فەرمانی ستالین دا ناوی ڕێکخراوی فیرقەی دێموکرات ئازەربایجان هاتووە و ستالین دەڵێ کە دەبێ نەیارانی سەرکوت بکرێن و گۆڤارێکی ڕەنگی و ٣ ڕۆژنامە لە سێ هەزار نووسخە دا بۆی بڵاو بکرێتەوە. بەم پێیە بۆ یەکەم جار، ناوی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە پازدەی پووشپەری١٣٢٤ (٦ ژوئیەی ١٩٤٥) دا لە فەرمانی ئیستالین دا هاتوو و ئامانج و کارو تێکۆشان و بەرپرسی یەکەمی بۆ دیاری کرا.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٥٢ ی کتێبی"فرازو فرود فیرقە دموکرات آزربایجان" لە سەرەتای مانگی ژوئیە ١٣٢٤دا میرجەعفەر باقرۆف بۆ موسکۆ بانگ کرا و لە ٦ ی مانگ، دەفتەری سیاسی حیزبی کومونیست بڕیارێکی نەهێنی گرینگی، لەژێر ناوی (ئامادەکاری پێویست سەبارەت بە ڕێکخستنی جولانەوەی جودایی‌خوازی ئازەربایجانی باشوور و شارەکانی باکووری ئێران) دەرکرد.

بەمشێوەیە قەوارەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە دەفتەری حیزبی کومونیستی شووڕەوی دا دیاری کرا. بە دروست بوونی ئەو ڕێکخراوەیە، دەبوو کومیتەی ئەیالەتی حیزبی تودە، تەواو بگۆڕدرێ و ئەو کەسانەی خوازیاری جوێبوونەوەی ئازەربایجان بوون تێکەڵ بە فیرقە بووبان. دەوڵەتی شووڕەوی لە ئێران دا حیزبی لایەنگری خۆی هەبوو پێویست بە دروست بوونی فیرقە نەبوو. بەڵام لە سیاسەتی نوێی شووڕەوی دا، بوونی ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوەیەکی دیکە کە بە تەواوی دەستکردی خۆیان بوو، دەیتوانی زیاتر بۆ ئەوان بە قازانج بێ.

بەپێێ لاپەڕەی ٦٠ ی کیێبی "فراز و فرود ..." لە ڕۆژەکانی ٥ هەتا ١٠ ی گەلاوێژی ١٣٢٤ کارە سەرەتاییەکانی ڕاگەیاندنی فیرقە کۆتایی هات. لیستی ئەو کەسانەی کە دەبوایە لە ژێر ڕێبەری پیشەوەری دا ڕاگەیەندراوەکەیان واژۆ کردبا، دیاری کران و پێشنووسەکە بە ئیمزای بەرپرسانی باکۆ گەیشت و وێنەیەکی بۆ مەسکۆ ناردرا.

دەقی ڕاگەیاندنی فیرقە، یەک ڕۆژ دوای تەسلیم بوونی ژاپۆن، لە ڕۆژی ١٢ی خەرمانان ١٣٢٤دا، بە ئیمزای باقرۆڤ و نیزیک بە ٨٠ کەس ( هیندێک سەرچاوە باس لە ٤٨ ئیمزا دەکەن) لە بازرگان و مالێک و ڕۆناکبیر و جوتیار و کرێکار و مەلایان گەیشت و لە سەرانسەری ئازەربایجان و لە تاران و خوراسان و گیلان و مازندەران بڵاو بووە. ئەو بەیاننامە ١٢ بەندی هەبوو، تەواوییەتی ئازەربایجان پارێزرابوو و قسەی لە خودموختاری دەکرد. هەروەها داوا دەکرد کە بە جێگای ٩ کورسی لە مەجلسی شوڕای میللی ئێران دا ٢٠ کورسی بۆ ٤ میلیون ئازەری دیاری بکرێ.

ڕۆژی ١٢ی خەرمانانی ١٣٢٤(٣ سپتامبر) کاتێک کە خەڵک لە خەو هەستان، لە سەر دیواران چاویان بە ڕاگەیەندراوی دامەزرانی فرقە کەوت. لەو ڕاگەیندراوەدا هاتبوو کە ئازەربایجان کە ئاڵاهەڵگری ئازادی ئێران بوو چیدی ناتوانێ لە ژێر زوڵم و زۆری حکومەتی دواکەوتووی ئێران دا بێ. ئازەربایجان خاوەنی فەرهەنگی پێشکەوتوویە و ناتوانی لەبەر بێسەوادی بناڵێ و دەبێ بە زبانی خۆی بخوێنێ...

حەسەنی قازی لە سایتی ئینتێرنێتی دەنووسێ کە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ١٢ی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەرمانان ڕۆژی تەشکیلی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان پیرۆزبایی لە فیرقە کردووە و محەمەدی یاهوو، بە نوێنەرایەتی بیست هەزار کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دوو تێلگراف دا پیرۆزبایی لەفرقە کردووە کە لە ڕۆژنامەی ئازەربایجانی ژمارەی ٣ ی ڕۆژی ٢١ ی خەرمانانی ١٣٢٤ی هەتاوی بە چاپ گەیشتووە.

لە ١٥ی خەرمانان ١٣٢٤دا کۆنفڕانسی ئەیالەتی حیزبی تودە بە بەشداری ١١٢ کەس لە خەڵکی ئازەربایجان پێک هات. فەریدوونی ئیبراهیمی ڕاگەیەندراوی فیرقەی خوێندەوە و دوای باسێکی زۆر، ڕۆژی دوایی کومیتەی ئەیالەتی حیزبی تودە مەرامنامەی فیرقەیان قبووڵ کرد و لەگەڵ ئەو یەکیان گرت. تەفرشیان دەڵێ داوایان لە ئەفسەرانی فارس کرد کە ببن بە ئەندامی فیرقە بەڵام بە بێدەنگی ڕەدیان کردەوە. ئەو دەڵێ کە حیزبی تودە هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ئەوە نەبوو کە لە نێو فیرقەدا بتوێنرێنەوە و کارەکانی دوایی فیرقەی بە باش نەزانیوە، بەڵام بە سەر کردەوەی نەخوازڕاو دا کەوتووە و بە ناچاری بە دوای فیرقەدا ڕاکێشراوە.

لە هەڵوەشانەوەی لقی حیزبی تودە و تێکەڵ بوون بە فیرقە دا، عەبدولسەمەدی کامبەخش دەستی باڵای هەبوو. ئەو لە چاردە ساڵییەوە لە ڕووسییەی خوێند بووی و پەیوەندی باشی لەگەڵ حیزبی کمونیست هەبوو. تەنانەت پیشەوەری جارێک گوتبووی خودا غەزەب لە کامبەخش گری ئەو ئەمنی تووشی فرقە کرد.

دیارە حیزبی تودە زۆری هەوڵ دا کە کاری دامەزرانی فیرقە سەر نەگرێ بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. تا سەرئەنجام سفارەتی ڕووس لە تاران بە کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ڕاگەیاند کە "هاوڕێ ئیستالین لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئاوابێ ئاوا! لەو بارەوە دژایەتی مەکەن". تەنانەت ئەردەشیری ئاوانسیان وەک کەسی یەکەم ئەو حیزبە بە ڕواڵەت شەڕی چەکداری بە دژی ڕێژیمی شا وەڕێخست بەڵام تەنیا بۆ شێواندنی وەزعەکە بوو. حیزبی تودە دوای ئەوە بۆی دەرکەوت کە بەرنامەی دامەزرانی فرقە لە لایەن ڕووسانەوە دارێژتراوە، دەستیان لە کێشە و کەلەوکێشی هەڵگرت.

بەمشێوەیە ٦ مانگ بەر لەوە کە شووڕەوی ئێران بە جێ بێڵێ، فیرقە دامەزرا. دیارە دوو مانگ پێشتر هەر لە مەسکۆ ناوی فرقە دیاری کرابوو. بە دوای ڕاگەیاندنی دامەزرانی فیرقە، دەوڵەتی ساعد دەست بە کار بوو و بە ئیمزای نیزیک بە ٨٠٠ کەس و پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵ لە شارەکانی ئازەربایجان دا، دژایەتی خۆیان بە دژی دامەزرانی فرقە دەربڕی.

## پێگەی کۆمەڵایەتی فرقە

لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩دا، پیشەسازی لە ڕووسیە پەرەی ئەستاند و لە ساڵی ١٩٠٥دا بە دۆزینەوەی نەوت لە قەفقاز، بەشێک لە خەڵکی تەورێز چوون بۆ باکۆ. دەوڵەتی شووڕەوی لە ساڵی ١٩٣٧دا شەرتی مانەوەی ئەوانەی بە وەرگرتنی ناسنامە و پاسی شووڕەوی بەستەوە. بەشێک لەوانە حازر نەبوون واز لە ناسنامەی ئێرانی بێنن و گەڕانەوە بۆ تەورێز. ئەوانە شێوەی جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی تایبەتی ڕووسەکانیان هێنایە ناو ئێران. بۆ وێنە ژنەکانیان لە کارگاکان و سینەما و هۆتێل و ڕەستوورانەکاندا کاریان دەکرد و هەر ئەوانە دواتر بوونە پێگەی کۆمەڵایەتی فیرقە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو کۆچەرانە( موهاجران) بوون بە ئەندامی فرقە و وەک تەفرشیان دەڵی کارە گرینگەکانیان بە دەستەوە گرت و دەنووسێ: ... وەزیری بەرگری، سەرۆکی گشتی شارەوانی، سەرۆکی گشتی پاسەوانی، سەرۆکی ئیجیبات، بنکەی پۆلیس و هیتر... یان بە دەستەوە بوو.

لەسەر هەڵسوکەوتی ئەم کۆچەرانە تەفرشیان دەنووسێ کە هەر لە سەرەتای هاتنیان بۆ ئێران شوێنەوارێکی باشیان لە بیر جەماوەردا بەجێنەهێشت و کردەوەکانیان دزێو و کاتێکیش کە بوون بە چەکداری فرقە، هەڵسوکەوتیان زۆر توند بوو.

میرزا مەنافی کەریمی لە لاپەڕەی ١٢٢ی کتێبی "پیشوای بیداری" سەعید هومایون دا دوای ئەوە دەنووسێ کە فرقەی دێمۆکرات هەر حیزبی تودە بوو بە هێندێک دەستکاری لە ئەساناەمەدا، دەڵێ کە ئەو کردەوانەی کە کومونیستەکان لە ساڵی ١٩١٧دا لە شووڕەوی کردیان ئەوانیش بە پەلە لە تەورێز کردیان و دەستیان بە سەر زەویووزاری ئاغایان داگرت و لە نێو جوتیاران دا بەشیان کرد. کارخانەی شەخسیی و دەوڵەتیی کە لە دەستی سەرمایەداران دا بوو دەستیان بە سەر داگرت و میللی‌یان کرد و دایان بە کرێکاران.ماڵیاتی قوورسیان بە سەر دەوڵەمەندان و بازاریان داسەپاند و دەستیان بە سەر سامانی دەوڵەمەندە بە ناوبانگەکان داگرت.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٦٤ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" باسی گەڕانەوەی خۆی لە باکۆ بۆ ئێران لە ساڵی ١٣٢٤ دەکا و لە سەر دەستەڵات و پێگەی فرقە دەنووسێ: ... لە ڕێیە پاش قەزوین، ئیتر ئاسایشی دەوڵەتی لێ نەبوو. لە هەموو شوێنێك ئەندامانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بە چەکەوە دەسووڕانەوە و جڵەوی ناوچەکەیان بە دەستەوە بوو. ڕادیۆ تەورێزیش یەکپشوو بە زمانی ئازەری هەواڵ و بەرنامەی بڵاو دەکردنەوە. گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەدی دەکرا. پێکهاتنی حکوومەتی فیرقە و مەجلیسی نیشتمانی و زانکۆ و هێزی سەربازی و ئاسایش، بەشێك بوون لەو کارانەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کردبوونی. لە شاری تەورێز لە جادە و ڕێگەوبانن کامیۆنی پڕ لە سەربازی سۆڤیەتی دەبینران. دەسەڵاتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان تا نزیك میاندواو بوو. جا ئەوەندەی لەبیرم بێ میاندواو و دەوروبەری بەتایبەتی بەرەو بۆکان و مەهاباد بە دەست حیزبی دیموکراتەوە بوو. سەرۆکی سەربازگەی شاری میاندواو سەید محەمەدی ئیسحاقی بوو، کە پلەی سەروانیی هەبوو و لەوێ بە دەسەڵات بوو. گەنجێکی زۆر بە بیروباوەڕ و نەتەوەیی. فیداکار و چاونەترس بوو. من لە میاندواو چوومە نووسینگەی کارەکەی. کەیفم بە ئەخلاق و هەڵسوکەوت و جوامێرییەکەی هات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ١٧
## دامەزرانی حیزبی دێموکرات

شەڕی دووهەمی جیهانی لە کوردستانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ژێر دەستەڵاتی ڕووس، وەزعییەتی تایبەت بۆ کورد پێکهێنا و ڕێبەریی کۆمەڵەی ژ- ک وەکو تاقە ڕێکخراوی سیاسی، دەبوو بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ و لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا، خەبات بکا و هەوڵ بدا بەڕێوەبەری وڵات بەدەستەوە بگرێ. ئیدی ئاتۆیەک بۆ درێژەدان بە خەباتی سیاسی کۆمەڵە بە شێوەی نەهێنی کە ڕووسان بە هۆی نامەکانی زەبیحی لێی ئاگادار دەبوون لە ئارا دا نەمابوو و کۆمەڵە دەبوو ستراتیژی و قەوارەی تەشکیلاتی خۆیی بگۆڕێ و بە لای چارەسەری کێشەکانی نێوخۆیی لە ئێران دا بگەڕێ کە مەبەستی سەرەکی ڕووسان بوو. ئیدی چیدیکە نەدەکرا ئەندامانی کۆمەڵە، بە ناو و بە کەسایەتی خۆیان تێبکۆشن و کار بکەن. دەبوو گشت کاری ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە لە تێکۆشان و چالاکییەکانی کۆمەڵە دا کۆ کراباوە و کۆمەڵە لێی بەرپرسیار بایە.

قەوارەی نەهێنی کۆمەڵە، کە دەبوو ئەندام بە پرۆگرامی ڕێکخراوەکەی وەفادار بێ و خۆی ئاشکرا نەکا و بیری ئیدئۆلۆژی چینایەتی تۆخی دژ بە ئاغاوەت، کاری ئەو ڕێکخراوەیەی لە ئاستی ژوورەوە و دەرەوە دا، بۆ هەر تێکۆشانێکی بە ئاشکرا بەربەست کرد بوو. لە لایەکی دیکە گۆڕان لە ستراتیژی نوێی ڕووس دا، ئەو پێویستییەی پێکهێنا کە کۆمەڵە بە ناوەرۆک و ئامانجەکانی دا بچێتەوە و گۆڕانکاری گەورە لە خۆ دا پێک بێنێ.

لە بارەی خراپی بەردەوامی نەهێنیکاریی کۆمەڵە، مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ٦٨ی کتێبی "ئاوێنەی شکاو"دا دا دەنووسێ: بە هەر پێوان و ژمارەیەک حیسابی کەی لەوەدا کە دروست بوونی کۆمەڵەی ژ. ک لەو وەختە تایبەتی و ناسکەدا و لە پاش ئەو هەموو کوێرەوەریەی دیتمان ڕەمزی گەلی کورد و نیشانەی سەر هەڵدانەوەی سەرلە نوێی بوو هیچ ئەولا و ئەولای تێدا نیە خۆزگەم بە دامەزرێنەرە بە جەرگ و دڵسۆزەکانی کە ئەو شانازیە گەورەیان لە مێژوودا وەدەست خۆیان خست و بەو هەونگاوە مێرانە خۆیان بە خەمخۆری ئەورۆ و دوارۆژی گەلی کورد بە هەموو لایەک ناساند. بەڵام هێشتە لەوەدا دوو دڵم کە کۆمەڵە ئەگەر ڕەمز بوو پێویست بوو ڕازیش بێ.

لە چاخێکدا کە سەرباز و پۆلیس و ژاندرمی کوردکوژ بە خۆیان و کەلەپچەیانەوە تێیان تەقاندبوو هەر نەیاندەوێرا ئاوریش بدەنەوە و وڵات بۆ خاوەنەکەی خۆی بە جێ مابوو، لە کاتێکدا چەکمە و مامزەی ڕەفیق ( سەمەدۆڤ) لە شەقامی مەهاباد خرمەی دەهات و لاوکی شێخ مەحمودی، کاوێس ئاغا چاخانەی شار نەما بوو پری نەکا و چەکی قشڵە و سەربازخانەکانی میری پتون وەدەست لاوی کورد کەوتبوو و ڕووبەرووی خۆیان ببۆوە پێویست بەو نهێنی کاریە مابوو؟ کە گەنجێکی خوێن گەرم بە دوای کلیلێکدا بگەرێ بۆ ئەوە کە سەرێک لەو هەودایە هەڵکا و بەڵکو بتوانێ جیگەیەک لەو مەتەرێزە دا بۆ خۆی بدۆزیتەوە و بە ئەرکی نەتەوایەتی خۆی هەستی؟ چما ئێمە پێمان لە قۆناغی دوای شەهریوەری ٢٠ نەنابوو؟ چما ئەو حیزبە لە ٢٥ گەلاوێژی ساڵی ٢١یانی پاش هاتنی ڕوسان بۆ کوردستان دروست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبوو؟

لە کۆتایەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی دا، ڕووسەکان هەستیان کرد کە بە پێچەوانەی وڵاتانی ئینگلیس و ئەمریکا، لە ئێران هیچ دەستکەوتێکی ئابووریان بە دەست نەهیناوە. بۆیە گۆڕانکاریان لە سیاسەتی خۆیان دا پێکهینا و بڕیاریان دا بە مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی شمالی ئێران، ئەو وڵاتە بخنە ژێر گوشاری توند. لە سیاسەتی نوێی ڕووس دا دەبوو لە هەموو مەڵبەندەکانی هاوسنووری ڕووس و ئێران، وەک ئازەربایجان و کوردستان، گیلان و مازەندەران و خوراسان، ڕێکخراوی دێموکراتیک دروست بکرێن و دەستەڵات بە دەستەوە بگرن. ئەو سیاسەتە بوو بە ئاتۆیەک کە دەوڵەتی سۆڤییەت پشتیوانی لە پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی دێموکرات بکا و تەنانەت وەک ڕێکخراوی فرقە، بۆخۆی ڕاستەوخۆ دروستی بکا. ئەو سیاسەتە هەم دژی دەستەڵاتی شای ئێران بوو و هەم دەکرا لە لای هاوپەیمانان وا نیشان بدرێ کە حەرەکەیەکی دێموکراسی و ئازادیخوازانەیە و لەسەر بنەمای دەوڵەتداری وڵاتانی ئینگلیس و ئەمریکایە داڕشتراوە.

بە پێیی لاپەڕەی ٥٢ ی کتێبی"فرازو فرود فیرقه دموکرات آزربایجان" لە سەرەتای مانگی ژوئیە ١٣٢٤دا دەفتەری سیاسی حیزبی کومونیست شووڕەوی بڕیارێکی نەهێنی گرینگی، لەژێر ناوی (ئامادەکاری پێویست سەبارەت بە ڕێکخستنی جوڵانەوەی جوداییخوازی ئازەربایجانی باشوور و شارەکانی باکووری ئێران) دەرکرد. ئەو بەرنامەیە بە فەرمانی ئیستالین نیوبانگی دەرکرد. سەیر لەوە دابوو کە بە پیی بەندی ٢ ئەو فەرمانە دەبوو لە ئازەربایجانی باشوور(تەورێز)، ڕێکخراوێک بە ناوی فیرقەی دێموکرات ئازەربایجان دامەزرابا و بەرنامەی کار و بەرپرسی یەکەمی بۆ دیاری کرابا.

ئەو بەرنامەیە مەڵبەندی کوردەکانی ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی ڕووس لە سەرووی ئێرانیشی دەگرتەوە، بەڵام چوونکە جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانە زیانی بە یەکەی جوغڕافیایی ئازەربایجانی خواروو(تەورێز) دەگەیاند، بۆیە گارگێڕانی ئازەربایجانی ژوورو (باکۆ) یارمەتیان بە درووست کردنی مەڵبەندێکی وەک ئازەربایجان بۆ کوردستان، نەکرد.

لە ژێر کاریگەری سیاسەتی نوێی شووڕەوی دا، لە ڕۆژی ٢٥ ی خەرمانانی ١٣٢٤دا دەستەیەکی نیزامی لە ڕیزی ئەندامانی حیزبی تودەدا، لە پاریزگای خوراسان لە قوچانەوە بەرەو شارۆچکەی "مراوتە" لە سنووری شووڕەوی وەڕێکەوتن و تێلی دارتێلەکانیان بڕی و بە بێ خوێنڕژتن پاسگاکەیان چەک کرد. ئەوان ١٩ ئەفسەر و ٦ سەرباز بوون و لە ڕۆژی ٢٧ی خەرمانان دا، لەوێڕا بە ٣٠ پارچە چەک و تەقەمەنییەوە بەرەو "گونبەدی کاوس" وەڕێکەوتن.

سەرلەشکر ئەحمەدی زەنگەنە لە کتێبەکەی دا دەنووسێ" کە لە ڕێکەوتی ٣١ ی گەلاوێژی ١٣٢٤ ڕادیو تاران لە زمانی سەرلەشکر ڕیازی وەزیری شەڕ لە مەجلیس ڕایگەیاند کە ٢٠ کەس لە ئەفسەرانی لەشکری خوراسان، دوو دەزگا ماشێن و پوڵی لەشکریان بە بێسیم و ١٠٠ تفەنگ و موسەلسەل هەڵگرتووە و بەرەو شاری بجنوورد وەڕێکەوتوون و خۆیان بە بازەس ناساندووە و لە مراوتەپە ١٢٠ تفەنگیان ئەستاندو و بەرەو گونبەدی قابووس وەڕێکەوتوون".

هەرچەند ئەو بڕیاراتە لە چوارچێوەی فەرمانی ستالین دا بوو کە لە سەرووی ئێران، جوڵانەوەی جودایی خواز دابمەزرێ، بەڵام ڕووسان هەر بۆخۆیان پشتیان نەگرت. بەمشێوەیە دوای ٥ ڕۆژ، ڕاپەڕینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەفسەرانی خوراسان کۆتایی هات. ئەوانەی کە مابوونەوە، لێک بڵاوبوون و تووشی زۆر چەرمەسەری هاتن، بەڵام بە هۆی ڕووسان و بە بێ ئاگاداری دەوڵەتی ئێران، لە "سوفیان" کۆ کرانەوە و لەگەڵ کەسانی دیکە لە ڕێگای "ئاستارا" ڕا ناردران بۆ "باکۆ" و دوایە لە پێکهێنانی ئەرتەشی ئازەربایجان کەڵکیان لێوەرگیرا.

دامەزرانی حێزبی دێموکرات و فرقەی دێموکرات پەیوەندی ڕاستەوخۆی و ناڕاستەوخۆی بەو ئاڵوگۆڕە نوێیەوە هەبوو کە لە سیاسەتی دەوڵەتی ڕووس دا پێکهات، بەڵام هەرکام بە شێوەیەک. بناغەی ئەو سیاسەتە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی شیمالی ئێران بوو و ڕووس ویستی بە هۆی ئەو ڕێکخراوە دێموکراتیکانە، گوشار بخاتە سەر ڕێژیمی ئێران.

محەمەد نووری شاعیری گەورەی سەردەمی کۆمار کە قازی محەممەد بە دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژ. ک دەزانێ، لە لاپەڕەی ٥٣ ی کتێبی "شەوێک و خەوێک" دا دوای ئەوە باسی خوو و خدەی عەشایر دەکا، دەنووسێ: پسپۆڕان و مێژوونووسانی ڕووس بەسەر خوو و خسلەتی عێل و عەشایری کورد دا، لە هەموو ڕۆژهەڵاتناسانی دیکە شارەزاتر و ئاشناتر بوون و دەیانزانی سەرە گوریسێکی بدەنە دەست سەر عێلێک، ئەوانی دیکە دەبنە ملۆزم و گێرەشێوێن. بۆخۆیان دیبوویان حکومەتی ناوەندی، ”عەلیئاغای عەلیار” (ئەمیر ئەسعەد) ی کردە فەرمانداری مەهاباد و بەو کارە عێل و عەشیرەتی ناوچەی لێ وەخۆکەوتن و هەتا دەوڵەت لاینەبرد لە کۆڵی نەبوونەوە. هەر لە ڕووی ئەو حیسابگەرییە کۆن و نوێیە کە لە خوو و خدەی عەشایری لە دەستیان دا بوو، دەیانزانی قامک لەسەر هەرکامەیان دانێن، ئەوانی دیکە دەیچوێنن و دەڵێن قرت. شووڕەوی لە ڕووی ئەو تێبینییانەوە هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە شەخسی قازی محەممەد بۆ مەهابادێ و دێهاتی و عێل و عەشایری جێگەی ڕێز و ئیحتڕامی پێویستە، باشترە ئەرکی ڕێبەری و پێشەوایی حیزبی دیوکراتی کوردستان بهاوێنە سەر ئەستۆی ئەو کە شیاوترین و لایقترین کەسی کوردستانە بۆ ئەنجامی ئەو ئەرکە.

محەممەد نووری درێژە بە نووسراوەکەی دەدا و دەنووسێ:

قازی محەممەد لە نێوان بەرزەخی(ئەرێ) و (نا) دا

قازی محەممەد لەو بەرزەخەدا وێستا بوو، (ئەرێ) یانی لادانی بەرنامەی نەتەوەیی و ناسیونالیستی کۆمەڵەی(ژ. ک) کە بۆخۆی هانی دابوو کە ئێستا لە دڵ و دەروونی لاوان و پیران و شار و دێهات دا جێگیر بووە. پێشەوا تێمابوو کە چۆن ئەو مەبەستە گرینگە بکاتە دەستەچیلەی حیزبی دێموکراتی دانەمەزراو؟ ئەگەر(نا)ش بێ، ڕووسەکان لەم تاڵووکەی بڕیاردان و تەماگرتنە دا بۆ پیادەکردنی بەرنامەی داڕێژراوی خۆیان، بە پەلە و بێ بەرجەوەندی، بۆ مەسڵەحەتی ناوچەیی، کەسێک و عونسورێکی ناباب و ناسازگار لەگەڵ بیروباوەڕی گشتی دەهاوێنە سەر ئەستۆی مەهاباد و بەرهەمی ناتەبایی و چەند لایەنە، دیسان مەهاباد دەکاتە مەکۆی جلیت و شەڕناخێوی نیوخۆیی؟ قازی محەممەدیش ئەوەی ئێستا کردوویە و دیهەوێ بیکا، تەنیا بۆ خاتری پاراستنی ماڵ و مناڵ و شەڕەف و سەربەرزی نەتەوی کورد و مەهاباد و هیچی دیکە.

فەرموودەیەکی پێشەوای نەمر:

"دوای ئەوەی خۆم لە مەحکەمەی ویژدانی و نەتەوەیی هێنا بەرپرسیار، قازانج و زیانی پێشهاتەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەراوەرد کرد، هاتمە سەر ئەوەی کە خۆم و داهاتووی خۆم لە پێناوی مەسڵەحەتی کوردستان بنێم. هەرچەند ئاخری کار نادیارە! بەڵان هەتا ئەو جێیەی چلۆنیەتی زەمان ئیجازە بدا، لە ڕێی سەربەستی مەڵبەند و نەتەوە تێدەکۆشم. کاتێک پێشهاتی زەمانی هاوکاری نەکردم، ئەوە خۆم فیدای خاکی نیشتمان و نەتەوەی خۆم کردووە و بە سەربڵیندی سەر دەنێمەوە."

ئەوە بوو کە بە پێی تەشکیلاتی "دێموکرات فیرقەسی" ترکەکان، حیزبی دێموکراتیش لە مەهاباد داوای خودموختاری خۆی گەڵاڵە کرد. بە ڕواڵەت حیزبی کۆمەڵەی (ژ. ک) دەرکی پێوە درا، بەڵان بەرنامە و مەڕامی کۆمەڵەی (ژ. ک) و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ڕیبەری پێشەوای نەمر، هەتا ئەبەد بۆ نەتەوەی کورد جێگای بیر و باوەڕ و ئیعتباری خۆی بۆ نەسلی داهاتووش پاشکەوت کردووە و هەر هیشتویەتەوە و هەر دریژەی هەیە.

بە گوێرەی قسەکانی سەرهەنگ "ئەسڵانی" سەرۆکی هێزەکانی ئێران لە میاندواو، قازی محەممەد خۆی بە دامەزرێنەری سەرەکی حیزبی دێموکرات دەزانی و دەستی بێگانە ڕەد دەکاتەوە: قازی محەممەد لە تەواوی ڕێڕەوی مەحکەمەکەدا زۆر بە جەسارەت و نەترسی و سەربەرزییەوە وتاری دەدا و جارێک نەمدی سەری داخا و پەشیمانی لە کردەوەی خۆی بنوێنێت. قازی، لەمەڕ ئەمەی، کە گۆیا لە ژێر هێرشی دەوڵەتێکی دەرەوەدا تێکەڵاوی بزووتنەوە بووە، زۆر تووڕە بوو گوتی: ئێوە ناتوانن لە ڕاستەقینە بگەن. دەستپێکەر و دامەزرێنەر و پێکهێنەری بزووتنەوەی دیموکراسییەت لە کوردستان من خۆم بووم و هیچ هێزێکی دەرەوەیی بۆ ئەم کارە مەجبووری نەکردووم. سەرچاوە و وەڕووهێنەری من لەم کارەدا نیشتمان و نەتەوەکەم بووە. هەرچییەکی دەتانەوێ لەگەڵ مندا بیکەن بەڵام نەتەوەکەم ئازار مەدەن.

لە سەر شێوە و کاتی دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕات زۆر ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە. بەشێک لەسەر ئەو بروایەن کە بە دوای سەفەری دووهەمی هەیئەتی کوردستان بۆ باکۆ و لە ژێر زەختی ڕووسان دا، حیزب دامەزراوە. بەشێکی دیکەش لەسەر ئەو بروایەن کە حیزبی دیموکرات لە ٢٥ گەلاویژ لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژ. ک دامەزراوە. قادر مودەرسی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید محەممەد سەمەدی دەربارەی گۆڕینی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەنووسێ: سەرئەنجام لەژێر گوشاری ڕوسەکان و پیاوەکانیان لە ئازەربایجان کۆمەڵەی ژێکاف ناو و ناوەڕۆکی خۆی گۆڕی.

ئەوجار کەم نیین ئەو کەسانەی کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات بە سەفەری دووهەمی پێشەوا بۆ باکۆ دەبەستنەوە. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٧٢ ی چێشتی مجێوردا ئاوا دەنووسێ:

قازی و هەواڵانی لە دووهەم سەفەری باکۆ چاو پیکەوتن لە گەڵ باقرۆف، ڕایانگەیاند: ڕوس لە ناوی( ژ - ک) ڕازی نین، چونکە حیزبێک بۆ ئازادی هەموو کوردستان تێدەکۆشێ و ئینگلیس و تورکان تورە دەکا، دەبێ ناوی خۆمان بنێن(حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان) و داوای خودموختاری لە ئیران بکەین. زورمان ئەو خەبەرە لە بەر گران هات بەڵام چارە چییە قبوڵ کرا ...

هەرلەو بارەیەوە سەعید هومایون لە لاپەڕەی ٨٢ی پیشوای بیداری دا دەنووسێ:

دوای دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ میر جەعفەر باقرۆڤ سەرۆکی ئازەربایجان، قازی محەمەد و هاوڕێیانی لە باکۆوە گەڕانەوە. قازی سەرەڕای ئاماژە کردنی بۆ بارودۆخی نێونەتەوەیی و زەخت و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوشاری دەوڵەتانی ئەمریکا و ئینگلیز بۆسەر یەکیەتی سۆڤیەت، سەبارەت بە پشتیوانی کردنی ڕوسەکان لە ئازەربایجان و کوردستان، لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمەڵە کۆبووەوە و باس و ڕاوێژی کرد. سەرکردایەتی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەکەدا، بەو ڕایە گەیشتن، بۆ ئەوەی کوردستان بە دەستی کراوەتر کارەکانی بەڕێوەبەرێت و بە بزاڤێکی حیساب کراو کار بکەن و نەبن بە هۆی هاندانی زیاتری دەوڵەتانی ئێران، عێراق و تورکیا و تا ڕادەیەک دژایەتی کردنی ئینگلیز و ئەمریکا لەسەر کوردستان کەم بکەنەوە، باس لە کوردستانی گەورە و سەربەخۆ ڕابگرن بۆ کاتێکی گونجاو و لەو هەلومەرجەدا بۆ خودموختاریی




کوردستان و تەواویەتی عەرزیی ئێران تێبکۆشن. بەم جۆرە ناوی کۆمەڵەی ژێکاف کرا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان.

لەو چوارچێوەیەدا حەسەن قازی ئاماژە بە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ژمارەی ٥٨٧١، دەرچووی دووشەمۆ ٩ی ڕەزبەری ١٣٢٤ی هەتاوی دەکا کە نووسیوێتی:

ئەو بابەتە و ئەوی کە لیرەدا بە پێی ئەوەی زاندراوە چەند کەس کورد بە ناوی قازیی محەمەد- ئێلخانی زادە- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی - عەلی ڕیحانی - هەمزاغا مامەش - عەبدوڵا کوڕی حاجی هەمزەی جەڵدیان و چەند کەسی دیکە کە خۆیان بە سەرکردە و دەسترۆیشتوویانی ناوچەیی کوردەکانی مەنتەقەی مەهاباد و لە دامەزرێنەرانی حیزبی "کۆمەڵە" دەزانن چەند ڕۆژ لەمەوبەر هاتوونەتە تەورێز و دەستبەجێ بە بێ ئاگاداریی کاربەدەستانی ناوچەیی و ئەنجامدانی ڕێوشوێنی قانوونی و بە بێ وەرگرتنی پاسپۆرت بەرەو بادکووبە چوون. بەو جۆرەی ڕاگەیێندراوە حیزبی "کۆمەڵە" حیزبێکە لەو دواییانە دا لە مەهابادی کوردستان پێک هاتووە و ئەساسنامە و مەرامنامەکەی وەئی حیزبی دێمۆکراتی ئازەربایجان دەچێ واتە لایەنگری سەربەخۆیی کوردستانە. وەک باس دەکرێ سەبارەت بە شێوەی چوونی ناوبراوانی سەرەوە بۆ خاکی شووڕەوی لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕا ئعتراز کراوە و بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڕاندنەوەی ئەوانیش هێندێک هەنگاویان هەڵهێناوەتەوە.

ڕەحیمی قازی لە ژێرنووسی لاپەڕەی ١٩ کتیبەکەی دا، هێندێک لەو بووچوونانە ڕەد دەکاتەوە و دەڵێ، کە هەم ئیگلتۆن کە دەنووسێ حیزبی دێموکرات لە مانگی نوامبری ١٩٤٥ دا دامەزراوە و هەم فیلچیوسکی کورد ناسی گەورەی ڕووس کە ڕۆژی دامەزرانی حیزب بە ١١ ی ژانوییەی ساڵی ١٩٤٦ دادەنین، بە هەڵەچوون.

هێندێک لە نووسەرانی مێژووی حیزب، کە ئەوانیش کەم نین، دیرۆکی دامەزرانی حیزب دەبەستنەوە بە ڕۆژی کردنەوەی یەکەم کونگرەی حیزب. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ١٢٩ کتێبی قازی محەمەد... ئاماژە بە لاپەڕەی ١١ ی ژمارە یەکی "گۆڤاری کوردستان" بە ناونیشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکا و لەسەر دامەزرانی حیزب دەنووسێ: لە هەوەڵی مانگی خەزەڵوەر ″آبان″ی ١٣٢٤-١٩٤٥/١٠/٢٣ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مهاباد دانرا و بەیاننامەی خۆی کە تێکەڵ بوو لە سەران و نوێنەرانی کوردان بە تەرتیبی ژێرو بڵاوکردە ...

بە پێی زۆر بەڵگە و دیکۆمێنت، ڕاستی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، پەیوەندی بە سەفەری دووهەمی باکۆ و کۆنگرەی یەکەم حیزبەوە نییە و ئەو حیزبە لە ٢٥ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی، بەرانبەری ١٦ ئووتی ١٩٤٥ لە شاری مەهاباد دامەزرا و لە بەیاننامەیەکی ٨ مادەیی دا کە بە هۆی ئەندامانی حێزب واژوو کراوە، ڕاگەیاندراوە.

حەسەن قازی لە سایتی ئینتێرنێتی لە زمانی ئیگلتون دەڵێ: ئەو سەفەرە(سەفەری باکۆ) لە مانگی سێپتامبر دا کراوە و لەو چاو پێکەوتنەش دا کە گۆڤاری "ڕوانگە " لە گەڵ میرزا مەنافی کەریمی کردووە، ٢١ ی خەرمانانی ١٣٢٤ی هەتاوی بە ڕێکەوتی ئەو سەفەرە داندراوە، لە یەک دوو سەرچاوەی دیکەش دا هەر ئاماژە بە کۆتاییەکانی خەرمانان کراوە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ١٢ ی خەرمانان ڕۆژی تەشکیلی فرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجان پیرۆزبایی لەو فرقەیە کردووە. دوو تێلگراف بە ئیمزای محەممەدی یاهۆ و بە نوێنەرایەتی بیست هەزار لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کورد(ستان) لە "ڕۆژنامەی آذربایجان" ژمارە ٣، چوارشەمۆ ٢١ ی خەرمانانی ١٣٢٤ی هەتاوی) چاپ کراوە ئەوەش دەیسەلمێنێ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان (کە لە چاپی ئەو تێلگرافانە لە ڕۆژنامەی آذربایجان دا وەک "حیزبی دێمۆکڕاتی کورد" باس کراوە) بەر لە فیرقە دامەزراوە. لە سەرێکی دیکەشەوە هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی پێکهاتنی حیزب دەکەن دەڵێن دوای سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ باکۆ ئیدی ژ.ک. بە ناوی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان درێژەی بە چالاکییەکان داوە. کە وابوو ئەو سەردانە نەک لە کۆتاییەکانی مانگی خەرمانان دا، بەڵکوو دەبێ پێشتر کرا بێ.

حیزبی دێموکرات بە ڕاگەیاندنی ڕەسمی، پێش فیرقە دامەزراوە بەڵام دروست بوونی فیرقە زۆر پێشترە و دەگەڕێتەوە بۆ مانگی پووشپەڕ کە بە فەرمانی ستالین، بە هۆی دەفتەری سیاسی شووڕەوی لە مەسکۆ دامەزرا و بەرێوەبەرایەتی بۆ هەڵبژێردرا و کارەکانی ڕاپەڕێندرا. لە فەرمانی ستالین دا، ئەگەر بایخیش بە کورد درابێ، بەڵام بە هۆی ئازەربایجانی شوورەوی، پرسی کورد بەستراوە بە سەروەری ئازەربایجانی ئێران. بۆیە بە هیچ شیوەیەک ناکرێ بگوترێ کە حیزبی دێموکرات ڕاستەوخۆ بە هۆی ڕووسان دامەزرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێشک ئەوەی کە عەباسی وەلی لە سایتی ئینتیرنێتی ڕادیو فەردا دا دەڵێ"حیزی دێموکرات بە سفارشی ڕیبەرانی شووڕەوی دانەمەزرا." ئەگەر لەگەڵ دامەزرانی فرقە بەراوەرد بکرێ، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. عەباسی وەلی لە درێژەدا دەڵی: نەمانی کۆمەڵە بەرهەمی هەلو مەرجی ئەوکات بوو. کۆمەڵە بەشێوەیکی خیرا پەرەی ئەستاند و گەیشتە جێگایەک کە دەبوو بە شیوەی حێزبێکی سیاسی لێبێ و نوینەرایەتی بەڕێوەبەرایەتی کورد بکا.

ڕێبەرانی ژێری کۆمەڵە لە سیاسەتی نوێ ڕووس دا پێگەیشتن کە کار بە شیوەی پێشوو بێ مانا و وڵامدەری ویست و داوخوازی خەڵک نییە، بۆیە فەرمانی ستالین ڕێ خۆشکەرێک بوو بۆ دەرباز بوون لەو بەستەڵەک و قەتیس مانەوەیە.

پێشەوا قازی محەممەد کە بەردەوام هاتووچۆی تەورێزی کردووە و لەگەڵ کاربەدەستانی ڕووس و ئازەری لە پەیوەندی دابووە و ئاگاداری ڕووداوە سیاسییەکان بووە، ئەو دەرفەتەی قۆزتەوە و خێرا دەست بەکار بووە تا ڕەوتی گۆڕانکاری لە کۆمەلەدا پێک بێنی.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٤٧ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، لە سەر گۆڕینی ناوی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات دەنووسێ:

هەڵبەت ئەو گۆڕینی ناوە لەسەر پێشنیار و ئەمری سۆڤیەت بوو و هۆیەکەشی ئەوە بوو، کە دەوڵەتی سۆڤیەت بەتایبەتی حوکمەتی ئازەربایجان کە هەڵسووڕێنەری سەرەکیی هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسی بوو لە ڕۆژئاوای ئێراندا، پێی وابوو بنیاتنەر و پێکهێنەری ئەو ڕێکخراوە میرحاجی عێراقی بووە و لەوانەیە ئەو یەکێك بێ لە پیاوانی ئینگلیز. کەوابوو پێویست بوو لەپێشدا ناوی حیزبەکە بگۆڕدرێ و دوای ئەوە بە بانگهێشتکردنی سەرکردە و دەستڕۆیشتووەکانی حیزبەکە بۆ سۆڤیەت، دەیویست بەتەواوی حیزبەکە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

هەر وەک غەنی بلووریان دەنووسێ کە ڕووسان لە قازیان گێڕاوەتەوە بچێتە تەورێز و لەوێ پێیان گوتووە کە لە پەیوەندی نێوان کاربەدەستانی کۆمەڵە و ئینگلیس تورەن و ڕازی بە دروشمی سەربەخۆیی نیین و دەبێ چاوێک بە داخوازییەکانیان دا بخشێننەوە. بە ڕای ئەوان کورد دەبێ لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا تێبکۆشێ و ناو و شێوە و قالبی کۆمەڵە بگۆڕن. کە وابوو دامەزرانی حیزبی دێموکرات پەیوەندی بە سەفەری دووهەمی هەیئەتی کورد بۆ باکۆ نییە.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٥٦ ی ئاڵەکۆک دا دوای ئەوەی باس لەوە دەکا کە ڕووس لە پەیوەندی کۆمەڵە و ئینگلیس ناڕازی بوو و بۆیە قازی محەممەدیان بۆ تەورێز بانگ کرد، دەنووسێ:

ڕۆژێک گوتیان ڕووسەکان لە قازیان گێڕاوەتەوە بچێتە تەورێز. سەفەری قازی کورت بوو. دوای گەڕانەوەی قازی باس لە پەیوەندی نیوان ئینگلیس و کۆمەڵەی دەکرا و دەکوترا سۆڤییەت لە پەیوەندی نیوان کاربەدەستانی کۆمەڵە و ئینگلیس ناڕازییە. دوای داکەوتنی ئەو دەنگۆیە، ڕێبەرایەتی کۆمەڵە لە ناوەندی کۆمیتەی ناوەندی کۆبۆوە. من بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگ کرام، تا ئەو جێیەی لەبیرمە قازی سەر قسەکانی کردووەو گوتی:

دروشمی کۆمەڵەی ژ. ک بۆ هەمووومان جێگەی ڕێزە و دەزانین بە تەواوی بەرگری لە مافی گەلەکامان دەکات، بەڵام ڕۆژگار جۆرێک کە هیچ لایەنێکی جیهان داکۆکی لە داخوازەکانی ئەمڕۆی ژ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ک ناکات. گەیشتن بەو ئامانجە ڕێگەیەکی پڕ هەوراز و نشێوە و ئەمڕۆکە ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئەو ئاواتە بەدی ناکرێ. کەواتە پێویستە ئێمە چاوێک بە داخوازەکانمدا بخشێنین و لەگەڵ هەلومەرج ڕێکیان بخەین و لایەنگریان بۆ بدۆزینەوە. بە ڕای من داوای ئەمڕۆمان دەبێ لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا هەڵسەنگێندرێ و شتێک لە پرۆگرامی خۆماندا بگونجێنین کە دەگەڵ یاسا و دەستووری ئەمڕۆی دەوڵەتی ئێران بگونجێ. بەپێی ئەو بۆچوونە پێویستە ناوی کۆمەڵەش بگۆڕدرێ و قالبێکی نوێ دانێین کە لەگەڵ دروشمە تازەکانمان بێتەوە.

لە ڕەنگ و ڕوخسار و گوتنی قازی دەردەکەوت کە ڕاگەیاندنەکەی زۆر بە دڵ نییە، بەڵام وەسەرخۆی نەدەهێنا. لەوە دەچوو کە دۆخی زاڵ بەسەر ڕەوتی دیاردەکاندا قازی گەیاندبێتە ئەو شێوە ڕوانینە و ئامۆژگارییەکانی لە دڵسۆزی ئەو سەرچاوەیان دەگرت. قازی لە دەقی گوتنەکانیدا ئاماژەی بە دۆستایەتی ستراتیژی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت کردو گوتی: بەداخەوە جگە لەو هیچ دەوڵەتێک لەو دنیا بەرینەدا لانی ئێمەی کورد ناگرێ. دیارە ئەویش بەرژەوەندی خۆی لەم کارە دەبینی کە سووکە چاوێکمان لێ بکات.

هەر لەو چوارچێوەیەدا پێویستە ئاماژە بە ئاڕشیوی وەزارەتی دەرەوە ڕووسیەی فیدراتیو بکرێ کە کۆنسوولی سۆڤییەت لە ورمی لە ساڵی ١٩٤٥دا بە ئیمزای هاشمۆڤ و عەلی ئەکبەرۆڤ دەنووسێ:

بە دەستووری مۆسکۆ ئێمە لە مانگی جونییەوە پێوەندی خۆمان لەگەڵ پارتی ژێکاف گۆڕیوە و لە دیدارەکانماندا لەگەڵ ناسراوەکانی کورد بە پارێزەوە تێمانگەیاندوون، کە بیروباوەڕی " سەربەخۆی کوردستان" واقعگەرایانە نییە و پتر دوژمنانی گەلی کورد پشتیوانیی لێ دەکەن و هەر ئەوانیش کەمتر لە هەموو لایەک بیر لە ئازادی و سەربەخۆیی ڕاستەقینەی گەلی کورد دەکەنەوە، بە مەبەستی باشتر کردنی ژیانی گەلی کورد، ئێمە بە ئەندامانی پێشکەوتووخوازی پارت ژێکاف پێشنیار دەکەین، بۆ مافی یەکسانیی کورد لە چوارچێوەی یاسای ئێراندا لەسەر بنچینەی دیموکراتییانەی وڵات هەوڵ بدەن. کوردەکانیش گەلێک جار لەلایەن سەرکردەکانی ژ.ک دروێیان لەگەڵ کراوە و ژێکاف بەرە بەرە لەبەر چاوی خەڵک دەکەوێ.

ئەو دوو بەڵگانەی سەرەوە نیشان دەدەن کە کاربەدەستانی ڕووس لە تەوریز و ورمێ ڕێبەرانی کۆمەڵەیان لە گۆڕانی ستراتیژی ڕووس لە ئیران واتا فەرمانی ستالین ئاگادار کردووە و خوازیاری ئەوە بوون کە کورد خۆی لەگەڵ ڕێکبخا. بەڵام کارگێڕانی سەرەکی ئەو ستراتیژییە لە باکۆ حازر نەبوون تا ڕێکخراوێک لە کوردستان کە هاوشانی ئازەربایجان باشوور بێ، دامەزرێ و کوردستان لە ئازەربایجانی خواروو(تەورێز) جوێ ببێتەوە. کاری ژیرانەی ڕێبەرانی کۆمەڵە، ناسینی ئەو هەلە گرینگ و هەستیارە و خۆ لەگەڵ ڕێکخستنی بوو. ئەوان خۆیان بە وردەکارییەکانی ناو و وشە نەبەستەوە و کەسانی پراگماتیست و کارا و شۆڕشگێڕبوون و پێویستییەکانی هەلومەرج و کاتی گونجا و کاریگەری سیاسەتی نێونەتەوەییان هەست پێکرد و خێرا خۆیان لەگەڵ ڕێکخست. بەمشێوەیە، گۆڕان لە سیاستی ڕووس دا بوو بە هۆی بنەمایەک بۆ گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی ژ.ک بە حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بەمشێوەیە حیزبی دێموکرات لە ٢٥ گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژ.ک دامەزراو تا کاتی گرتنی کونگرەی یەکەم بە شێوەی جوراجۆر، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا، بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆکردنەوەی ئیمزا پشتگیری لێکرا و ئەندامی بۆ وەرگیرا. ڕێبەری حیزبی دێموکرات، دوایە لە سەفەری باکۆ دا، ڕێبەری حیزبی کمونیستی ئازەربایجانی باکووریان(باکۆ) بە قەناعەت گەیاند کە ڕازی بە بوونی حیزبی دێموکراتی سەربەخۆ لە ئازەربایجانی باشوور(تەورێز) بن.

مێژووی کۆمەڵەی ژ- ک و حیزبی دێموکرات یەکە و دابەش نابێ و ناکری ئەوانە وەک دوو ڕێکخراوی جیاواز سەیریان بکرێ. ئەوانە درێژەدەری پرسی مێژوویی نەتەوەیەک بە دوو ئاقار دا بوون.

محەمەد نووری کە ٣ ڕۆژ بەر لە گرتنی پێشەوا، لە ماڵەکەی چاوی پێکەوت بوو، لە لاپەڕەی ٥٤ ی کتیبی "شەوێک و خەوێک" دا بەو جۆرە باسی ڕوئیای پێشەوا لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەکا: فەرموودەیەکی پێشەوای نەمر:

"دوای ئەوەی خۆم لە مەحکەمەی ویژدانی و نەتەوەیی هێنا بەرپرسیار، قازانج و زیانی پێشهاتەکەم بەراوەرد کرد، هاتمە سەر ئەوەی کە خۆم و داهاتووی خۆم لە پێناوی مەسلەحەتی کوردستان بنێم. هەرچەند ئاخری کار نادیارە! بەڵان هەتا ئەو جێیەی چلۆنیەتی زەمان ئیجازە بدا، لە ڕێی سەربەستی مەلبەند و نەتەوە تێدەکۆشم. کاتێک پێشهاتی زەمانی هاوکاری نەکردم، ئەوە خۆم فیدای خاکی نیشتمان و نەتەوەی خۆم کردووە و بە سەربلیندی سەر دەنێمەوە."

ئەوە بوو کە بە پێی تەشکیلاتی "دێموکرات فیرقەسی" ترکەکان، حیزبی دێموکراتیش لە مەهاباد داوای خودموختاری خۆی گەلاڵە کرد. بە ڕواڵەت حیزبی کۆمەڵەی (ژ. ک) دەرکی پێوە درا، بەڵان بەرنامە و مەڕامی کۆمەڵەی (ژ. ک) و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ڕیبەری پێشەوای نەمر، هەتا ئەبەد بۆ نەتەوەی کورد جێگای بیر و باوەڕە و ئیعتباری خۆی بۆ نەسلی داهاتووش پاشکەوت کردووە و هەر هیشتویەتەوە و هەر دریژەی هەیە.

لە ژمارەی ٢٢ی ڕۆژنامەی کوردستان دا، ئاماژە بە کۆبوونەوەیەکی بەرینی چەند هەزار کەسی لە مزگەوتی سووری مەهاباد کراوە کە پێشەوا باسی خەباتی کورد دەکا و بە هێما، مێژووی کۆمەڵەی ژ - ک و حیزبی دێموکرات پێکەوە دەبەستێتەوە و دەڵێ:

تا ئیستا چەند حیزب لە کوردستاندا بنیادنراوە و بۆ ئازادی کوردان هەوڵیان داوە و ئەمانیش لەم پێناوەدا چەند سەد هەزار قوربانیان دا. لە دیاربەکر دوو سەد هەزار کوردی بە ناوبانگیان کوشت و ئەم ملەیە لە کوردستان دا دەوامی بوو تا وەختی ئەرتەشی شەهەنشاهی لە شەریوەری ١٣٢٠ بڵاو بوو.

بە بڵاو بوونەوەی دوو پەڕ ئاگاهی

بوو بڵاو ئەرتەشی شەهەنشاهی

لاوان و گەنجانی مەهاباد دەستیان کرد بە کار و مەڕامی موقەدەسیان تەعقیب کرد. لە بن ئەشکەوتان، لە شیوان و خانووان بە دزی خڕدەبوونەوە و فەعالییەتیان بە خەرج دا تا لکی خۆیان لە تەواوی کوردستان دا کردەوە و هەموو کوردێکیان بۆ کار ئامادە کرد و خۆشیان بە هێز کرد تا وابوو چەندە لەمەوبەر مەڕامی دێموکراتیان بە دنیا گەیاند و تەقازای خودموختاریان لە حدودی دەوڵەتی ئێراندا کرد. بەڵام دەوڵەتی ئێران بە جنێو و هەڕەشە و بە تانک و تۆپ و فرۆکە وڵامی دانەوە.

تەنانت کاتیکیش کە قازی محەممەد ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر پرسیار و لەسەر نێوی کۆمەڵە پرسیاری لێدەکرێ، حازر نییە کە مێژووی کۆمەلە و حیزبی دیموکرات جیا بکاتەوە. بە پێی ڕۆژنامەی ژمارە دووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان پێشەوا لە وتوێژ لە گەڵ ئاغای تەفەزولی و عەباسی شاهەند و بزورگی عەلەوی، خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی تاران لە وڵامی پرسیاری "لە نێو کوردستان حیزبی کۆمەڵە هەیە؟" دەڵێ:

کۆمەڵە یانی حیزب و شتێکی واش لە ئێران دا نییە فەقەت لە عێراق حێزبێک بەو نێوە هەیە ئەمما بە مە مەربووت نییە.

پێشەوا لە یەکێک لە سەفەرەکانی دا بۆ تاران، لەگەڵ ڕۆژنامەی "رەهبەر" ئۆرگانی حیزبی تودە، وتووێژی کرد و حەسەنی قزلجی کردویە بە کوردی و لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٩دا بەمشێوەیە چاپ بووە:

پرسیار: هێندێ لە سابیقە و ڕابردوی تاریخی نەهزەتی خۆتان شەرح دە.

وڵام: حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەتای لە مەزلوومی و نارەزایەتی قەدیم و کۆنەوەیە. هەرچەندە سابیقەی زۆرە بەڵام لە نۆ مانگە بەملاوە دەستی بە فەعالیەتی عەمەلی کردوە (کۆمیتەی مەرکەزی حیزب لە مەهابادە). دەستپێکردنەوەی حیزبی ئێمە بە فەعالیەت عەکسولعەمەلی زۆر بۆ هێنانی دەوڵەتانی مورتەجیعە کە لە پێش دەوڵەتی ئێستادا لە سەر کار بوون و دەیانەویست دەگەڵ هەمو نەهزەتێکی لاگیری ئازادی و ئیستیقلالی ئێران بەربەرەکانی بکەن.

مامۆستا هەژار لە سەر پەیوەندی ئەو دوو ڕێکخراوەیە(کۆمەڵەی ژ.ک و حیزبی دێموکرات) قسەی ئاخر دەکا و لە لاپەڕەی ٧٢ ی چێشتی مجێوردا دەنووسێ کە حیزبی دێموکڕات لەسەر داروپەردووی (ژ - ک) دامەزرایەوە بەڵام ئەوجار بە ئاشکرا کاری دەکرد.

پەیوەندی تەشکیلاتی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات بەرادەیەک بوو کە تەنانەت مامۆستا هەژاریش لێی تێک دەچێ و لە  لاپەڕەی ٧ چێشتی مجێور دا دەڵی کە کۆمەڵەو دەوڵەت لە سەردەشت شەڕیان بوو...

عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ١٢ کتێبی حەقیقەتی مێژوو دا لەسەر شێوەی دامەزرانی حیزبی دیموکڕات بە نەقڵ لە عەلی عەبدوڵا دەنووسێ: لە ڕۆژی ٢٥ گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ دا ١٦ ئووت(ئاب)ی ١٩٤٥ دا کۆمەڵەی ژ- کۆبوونەوەیەکی هەبووە بە ناوی کۆنفرانس، وەکوو جەژنی سێ ساڵەی دامەزرانی. لەوێدا ئەو باسە هاتۆتە پێشێ کە لەمەودوا ناوی حیزب دەبێتە حیزبی دیموکراتی کوردستان.

لە کوردستانی ژمارە ٦٥ لە بابەتی "یا کوژران یا ئازادی" باس لە مێژووی خەباتی خوێناوی گەلی کورد لە هەموو پارچەکان، هەر لە کۆنەوە تا ئەوکات دەکا و ساڵی دەست پێکردن و کوتایی جوڵانەوەکان باس دەکا. مێژووی حیزبی دێموکرات دەگەڕێنێتەوە بۆ کاتی بە ئەندام بوونی قازی محەممەد بە کۆمەڵە و نووسراوە: ... و هەرای تایبەتی و تەئسیسی حیزبی دێموکراتی حەکیمانەی پێشەوای بەرزی کوردستان جەنابی قازی محەممەد لە ئێران لە ١٩٤٤ .

ئەو شێوە وتە و ئاخافتنانە لە زۆربەی بەڵگە و دوکۆمێنتەکانی ئەو سەردەم دا بەدی دەکرێ. لە ڕۆژنامەی ژمارەی ٢ی کوردستان دا، مامۆستا هەژار بە هۆی هاتنەوەی دوو ئەندامی حیزبی شێعرێکی داناوە. ڕۆژنامەی کوردستان لە سەر تیترەکەی دا بەمشێوەیە ئاماژە بە ناوی کۆمەڵە دەکا: لە کاتێکا دوو برای خۆشەویست و ئەندامی بەرزی کۆمەڵەی (دێموکرات) مروو پشتیوان لە سەفەری کابەی هاتنەوە بۆکان(هەژار) ئەم شێعرانەی خوێندەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له دامەزران یان ئاڵوگۆڕی کۆمەله به حیزبی دیموکرات، وردەکاری و دیقەتی زۆر کراوه و بارودۆخی ناوچه به وردی هەڵسەنگێندراوه و به تایبەتی ڕوئیا و هەیمەنەی ئەندامانی کۆمەڵە وەبەرچاو گیراوه و بێ ئەوەی ڕێگا بدری نارەزایەتی لیبکەوێتەوه، ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵە، به دامەزرانی حیزبی دێموکرات به حیساب هاتووه. ڕەحیمی قازی له سەر دامەزرانی حیزب له لاپەڕەی ١٤٨ دا دەنووسێ:

له بەرواری ١٦ی مانگی ئوت ساڵی ١٩٤٥دا به ئیمزای ٦١ کەس له نوێنەرانی بیرڕووناک و لادێی و وردەبورژوازی و کاربەدەستانی دایرەکانی دەوڵەتی و پیاوه دینییەکان و خاوەن موڵک و عەشیرەتەکان ئاگادارییەک لەمەڕ دامەزراندی حیزبێکی نوێ - حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، به دوو زمانی فارسی و کوردی له شاری مەهاباد بڵاو کراوه.

ئەگەر چاوێک به سەر لاپەڕەی یەکی ژماره ٧٩ ی ڕۆژنامەی کوردستانی ڕۆژی ٢٩ گەلاوێژی ١٣٢٥ دا بخشێندرێ، له کورته هەواڵی جێژن و چراخانی دا، به تەواوی ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکرات ڕوون دەبێتەوه: جێژن و چراخانی ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژ به بۆنەی ڕۆژی پنجەمین ساڵی دامەزراند حزب دێمۆکڕات کوردستان لەبەر هەیوان و حەساری عمارەتی پێشەوا جێژنێک گیرابوو لەم جێژنەدا تەواوی اهالی شرکەتیان کرد و شیرینیات چا و میوەجاتیان مسرف کرد جێژن له سەعات ١ پاش نیوەڕۆ دەست پێ کرا. دەوروبەری عمارەتی پێشەوا به ئالای سێ ڕەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوای معزم ڕازابووەوه و شەوێ سەعات ٧ بەرنامەی جێژن دەست پێکرا و به بۆنەی ئەم جێژنه له لایەن ئاغایانی علی خسروی، سید محمد تەهازاده، دلشادرسوڵی سید محمد حمیدی، جعفر کریمی، ووردی،... سدیقی، سید عبیدلله تەهازاده، عوسمان دانش، محمد امین قادری، کاک امین شرفی مدیر نوتق و مقالات و اشعار خویندرایەوه و دەنیوان نوتقەکاندا بێ وچان موزیکی ملی، سرود میلی کوردستان دڵی حازرانی فێنک دەکرده و جێژن له سەعات ١٢ زور به خۆشی دوایی هات.

ئەو کورته هەواڵه دەتوانێ باشترین بەڵگه بێ بۆ ئەوەی که حیزبی دێمۆکڕات خۆی له کۆمەڵه ژ ـ ک به جیا نەزانیوه و ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی به ئی خۆی داناوه. له ڕۆژنامەی کوردستانی ژماره ٧٩ دا که له ٢٩ ی گەلاوێژ، واتا ڕۆژ به سەر تێپەڕ بوونی ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەرچووه، وتارێک به ناوی "موبارزەی ئازادی و دێموکراسی ئێمه پێ ده پێنجەمین ساڵی خۆی نا" به قەڵەمی سەید محەمەد حەمیدی بڵاو بۆتەوه که حیزبی دێموکرات مێژووی کۆمەڵەی به مێژووی خۆیی زانیوه و تێیدا هاتووه: بۆ هەوەڵین جار ئێمه له دوای چوار ساڵ بەربەرەکانی له ڕێگای ئازادی و دێموکراسی و دەگەڵ هەزاران گرێ پوچکه و موشکیلاتی ئیجتیماعی و سیاسی و مادی و مەعنەوی ئەوڕۆ به ئاشکرایی و له کەماڵی قوەت دا و له کاتیک دا که هێزی چەکدارمان دامەزراندوه. هەزاران فیدائیمان له سنووری کوردستاندا بۆ پاسەوانی داناوه و به حاڵەتێکی ئازاد و سەربەست ڕۆژنامه و گۆڤاری میللی خۆمان به دونیا دا بڵاو دەکەینەوه و خویندنی زمانی بێگانەمان له مەدارس دا به زمانی زگماکی خۆمان گۆڕیوەتەوه و هەزاران ئێسلاحاتی سیاسی و عەمرانیمان لەماوەیەکی کەم دا ئەنجام داوه و دەرکەیەکی هومێدمان به دواڕۆژ له ڕووی میللەتی کورد کردوتەوه و پێ ده پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی خۆی دەنێ.

موئەسسین و ئەندامەکانی ئازا و تێگەیشتووی ئەم حیزبه موقەدەسه، چوار ساڵ لەبەرانبەر به گەردەلوولی سامناکی مورتەجعین و له مقابل زەبروزەنگی دێوی ڕق هەڵستاو و برینداری ئێستعمار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمیشە لە سەر پێ ڕاوەستاون و نێوچاوانی پاکی خۆیان لە بەرانبەر گوللە تۆپی دوژمنانی ئازادی دا کردە سپەر و بەرەنگاریان لە هەر بەرهەڵستێک کرد کە پێچەوانەی ئازادی کوردستان دەهاتە سەر ڕێگا.

سەید محەممەد لە درێژە دا دەنووسێ: ... ڕۆژێک ئێمە ژمارەمان لە عیدەیەکی مەعدود کە پاش خودا و هیمەتی پیاوانەی خۆیان پشت و پەنایەکیان نەبوو تێنەدەپەڕی بەڵام ئەوڕۆ ملیونان ئازادیخوای دنیا بە چاوی برایەتی تەماشای ئێمە دەکەن ...

سەید محەممەد دەنووسێ: ... ئێمە پێشقەروڵی موبارزینی ئێران و ئاڵاهەڵگری کوردستانی باستان و زیندووکەرەوەی ئێرانی قەدیمین. ئێمە دەمانەوێ بەرد و بناغەی ئێستعمار لە ئێران و بەڵکوو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا لە پنجەوە دەر بێنیین...

سەید محەممەد حەمیدی لە ئاخری وتارەکەی دا دەنووسێ: لە ئاخری دا بە ئێخلاسێکی لە ئەندازە بەدەر و قەلبێکی پڕ لە شووری نیشتیمانپەرەستی جێژنی پێنجەمینساڵی موقەدەسمان بە حزوری موبارەکی زاتی ئەقدەسی پێشەوای موعەزەم و هەموو برا کوردەکانی ڕۆژهەڵات عەرز دەکەم ... هەر پایەدار بێ کۆمەڵ و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

مامۆستا هێمن لە لاپەری ٤٠ ی کتێبی "تاریک و ڕوون" لەسەر یادەوەری دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٣٢ دا دەنووسێ: خەڵک لەمێژ بوو خەریک بوو جێژنی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بگرێ. کەچی خواوڕاستان لە ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ دا جێژنەکەیان بوو بە دوو جێژن. لەو ڕۆژەدا بوو کە شا لەبەر تەوژمی شەپۆلی تووڕەیی خەڵک خۆی نەگرت و ڕایکرد و بەرەو بەغدا هەڵات. لەوێش نەگیرساوە و هەی‌دێ بۆ ئیتالیا. بەراستی ڕۆژێکی خۆش بوو. دوکان و بازار داخران و خەڵک ڕژانە ناو کووچە خەیابان. بوو بە هوڕاکێشان و چەپڵە ڕێزان و سەما و هەڵپەڕین. ژن و پیاو و گەورە و بچووک لەو زەماوەندەدا بەشدار بوون. کۆبوونەوەیەکی گەورەی حیزبی لەمەیدانی شار کرا. منیش پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار شێعرم بۆ خەڵک خوێندەوە. دیارە شێعرەکانم بە پەلە دروست کرد بوو و لەباری هونەرییەوە زۆر باش نەبوون. بەڵام چوونکە ئیلهامم لە خەڵک وەرگرتبوو و بۆ خەڵک بوون، دوو سەعات پێنەچوو گەورە و بچووک و ژن و پیاو و منداڵی شارەکەمان سەربەندی شێعرەکەمیان دەخوێندەوە و دەیانگوت(دەبڕۆ ئەی شاهی خائن بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ).

سێ ڕۆژان دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا وتریقەی پێکەنین و ڕمبەی هەڵپەڕین لە مەهاباد نەبڕایەوە. بەڵام بەداخەوە ئەم کەیف و نەهەنگە و بەزم و زەماوەندە زۆری درێژە نەکێشا و ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژ ١٣٣٢ کودیتای شووم و ڕەش و دژی گەلی دالیس- ئەشرەف- زاهیدی سووک و هاسان سەرکەوت.

لەسەر ئەوەی کە لە ماڵە کێ حیزبی دێموکرات دامەزرا، محەممەد نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی دێموکراتی کوردستان لە دووی ڕێبەندان دا باسی دوو ئیفتیخاری گەورە ژیانی دەکا کە ڕەنگە یەکیان مەبەست دامەزرانی حیزب بێ و دەڵێ:

لەدەورەی ژیانی خۆم دا دوو ئیفتیخاری زۆر گەورەم بە نسیب بووە کە باوەڕناکەم هەتا ئەوڕۆ نەسیبی هیچ کوردێک بووبێ. ئیفتیخاری هەوەڵم ئەوەیە کە هەوەڵین جەلەسەی کۆمەڵە(حیزب) لە ماڵە من دامەزرا وە ئەمن بە عوزوی شەشەمی هەیئەتی ناوەندی ناسێندرام ...

لەو کاتانەدا وەک باس کرا لە حاڵێک دا کۆمەڵانی شۆڕشگیری کوردستان، خۆیان بۆ دامەزرانی حیزب و بۆ بەڕێوەبەری وڵات ئامادە دەکرد، عەشایر کۆنەپەرەست هەروا بەردەوام بۆ چەند ساڵ، بە ملکەچی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و سەرشۆڕی لە دەرگای ئەفسەرانی کۆنەپەرەستی ئیران لە تەوریز، بۆ وەرگرتنی کوتاڵ و قەند و چا کۆ دەبوونەوە و دەپاڕانەوە و حازەر بە هەموو خەیانەت و نیشتمان فرۆشێک بوون.

محەمەد نووری لە لاپەڕەی ١٣ ی کتیبی "شەوێک و خەوێک" باسی قەند و چا و کۆپێنی دەوڵەت دەکا و دەنووسێ: بۆ نەبڕانەوەی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دێهات و عێل و عەشیرەتەکان، دەسەڵاتی ناوەندی دەستووری دابوو بە پێی نفووس و سەرانەی شار و دیهات، کۆپێنی قەند و شەکر و کووتاڵ بدەن بە خەڵک و بەشی گووندنشینەکانیش  بە دەستی مالیک و ئاغایان بڵاو بکرێتەوە...

نووری لەدرێژەدا باسی گۆڕینی ناوەندی بڵاوکردنەوەی کۆپێن بە هۆی نەمانی دەسەڵات لە موکوریان دەکا کە گوێزراوە بۆ مياندواو و تەورێز و تا گرتنەوەی ئازەربایجان، عەشایر بۆ وەرگرتنی کۆپێن دەچوونە تەورێز. لەوی دەستەو دەست و بێنەوبەرەیان پێدەکردن.

لەسەروبەندی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، سەرهەنگ وەرهرام کە پێشتر ڕەئیسی ستادی تیپی مەهاباد بوو، ببوو بە ڕەئیسی ستادی ئەرتەش لە تەورێز. محەمەد نووری دەنووسی کە لەگەل برايم ئاغای قارەمانی چووینە لای وەرەهرام تا بڵین دەستوور بدا کۆپێنی قەند و چایان بدرێتی و لە لاپەرەی ٢١ دا دەڵێ قاسماغای ئێلخانیزادەش هات کە ئاشنایەتیان لەگەڵ سەرهەنگ هەبوو.  دوای چاک و خۆشی، سەرهەنگ گلێی لە قاسماغا دەکا کە ماوەیەکە نایبینی و ئەویش دەڵێ:"جەناب سەرهەنگ چەند ڕۆژێکە لە تەورێز ماومەوە و گیروگرفتی خانەوادەگی و کاری دیکە ماوەی نەدەدا بێمە خزمەتتان. لە لایەکی دیکەوە بەشە کۆپێنی مالیک و ڕەعێەت وای بە خۆیەوە خافڵاندووم کە نەپرژاومە سەر وەزیفەی گرینگم کە دیداری جەناب سەرهەنگە". سەرهەنگ کوتی :"دوێنی، پێرێ یان لەو ڕۆژانەدا چوویەوە مەهاباد یان لەوێ نەبووی؟" قاسم ئاغا کوتی:"جەناب سەرهەنگ بۆچی وام دەپشکنی؟ کوتم خۆ نیزیک حەوتوویەک دەبێ لە تەوریزم." سەهەنگ کوتی :"بۆیەت دەپشکنم ئاگاداری پەیتاپەیتای حیزبی دێوکراتی کوردستانی تۆ، دوێنێ وەدەرکەوتووە و ئەوڕۆ بۆ منیان هیناوە، بە ئیمزای هیندێک لە پیاوە ماقوڵانی مەهابادی و ئیمزای تۆشی پێوەیە!" دەستی برد و کەشەوی میزەکەی کردەوە و ئاگادارییەکی دوورودرێژی هێنادەر و کوتی ئەوەش ئیمزای قاسماغای ئیلخانی زادە و ئەوانی دیکە!"

محەممەد نووری دەنووسێ کە قاسماغا گوتی: "جەناب سەرهەنگ ئاگام لەو ئاگادارییە نییە و ئەمنیش ئیمزام نەکردوە."سەرهەنگ بەڕێک بە توڕەیەوە گوتی: "قاسماغا ئەتۆ کارەکانت زۆر ناحەزن، کردەوەت لە ناوچەدا زۆر نالەبارن، قاسم، ئەمن لەبەر حورمەتی ئەو پیاوە ڕدێن سپی و عالم و زانایانەی دێبۆکری، کە "حاجی بایزئاغایە"  هیچم لەگەڵ تۆ نەکردووە و پێنەکراوە، دەنا هەتڵە و هەڵەی تۆ لە ناوچەدا جێگای چاوپۆشی نەبوو.

محەممەد نووری دەڵێ کە قاسماغا دیسان ڕەدی کردەوە و گوتی کە حەوتوویکە لە تەورێزییەو و ئاگای لەوشتانە نەیە و دوایە سەرهەنگ دەڵێ کە وایە وەک سەفەری باکۆیە وەدرۆی خەوە.

محەممەد نووری دوای ئەو زۆر بە شان و باڵی قاسمائاغا و برایم ئاغا هەڵدەڵی، لە لاپەڕەی ٢٣ لە ژێر سەردێرێ "کوا دەبێ شەریکی دز و ڕەفیقی قافڵە بی" هەست بە شەرمەزاری دەکا و لە خۆی دەپرسێ و دەنووسێ: ئەمنێکی دڵسۆز و سوێندخواردووی کۆمەڵەی (ژ.ک) کە دەبێ بە پێی سوێندێکی خواردوومە، خەیانەت بە نەتەوەی کورد نەکەم، نە بە قەڵەم، نە بە زمان و بە پێچەوانەی ئاوات و ئامانجی گەلی کورد نەبزوومەوە؟ چۆن دەبێ ئێستا لە پێناوی وەرگرتنی قەند و شەکر و مەسڵەحەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتی دا کە خەڵکی پێ فریو دەدا دەیانخافڵێنێ، لە پێش بارەگای نەتەوەیی دا بە کرنۆشەوە بدوێم و بنووسم؟ ئەگەر وەک سەدیقە سووری خاتەمی مامۆستا و موعەللیم بام، منداڵان و لاوانی نەتەوەی خۆم لە ئامیزی ئاڕمانی کوردستانم هاویشتبان، چاکتر و حیزب پەسەندتر نەدەبوو؟ ئەوڕۆ پێویست نەبوو ڕێی ئەرکی خۆم لێ بگۆڕێ و تووشی هەتڵە و لارێی بام. نان پەیدا کردن و خێزان بەڕێوەبردن پێویستە، بەڵان بە هەموو نرخێک نابێ مشتەری و کڕیاری بی. هاتبوومە سەر ئەو بیروڕایە ئەگەر لە جییەک لە بە موعەللیمی دامەزرێم و دەرسی بە منداڵان بڵێم، پێویست ناکا قەڵەم بکەمە زوڕنا و هەڵپەڕکێی نەیارانی پێگەرم دابێنم.

لە هەڵکەوتی کار و کردەوەی خۆم بێزار بووم، ئەویش لە هەلومەرجێکی وادا کە ژن و پیاو ، پیر و لاو، زانا و باسەواد و ڕووناکبیرانی مەهاباد و مەڵبەندی موکوریان، لە شارویْرانەوە بگرە هەتا دەشتی "حاجی حەسەن" کە پاڵ وە میانداوی دەدا بوونە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ک) و لەگەڵ پیرانشار و شنۆ و لاجانێ لە ڕێی ئارمانی نەتەوەیی دا گیانباز و لەخۆبردوون.

لە حاڵێکا حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ پایە و بناغەی خۆی بۆ دامەزراندن و پتەوکردنی بنچینەی ئازادی کوردستانی سەربەخۆ دادەڕێژێ و پوختەی دەکا، بە داخەوە تاقمێک لە عێل و عەشیرەتەکانمان بۆ وەرگرتنی قەند و شەکری کۆپێنی، تەورێزیان کردوتە مەکۆگە و سەروکاریان لەگەڵ دامودەزگای دەوڵەتی و ئەرتەش(هێزی لەشکری حکوومەتی) تێکهاڵاندووە. تەنیا ئاغایانی قارەمانی نەبوون بەڵکوو تەواوی مالیک و ئاغاوەت و عێل و عەشیرەتەکانی وڵات لەو ڕێیەدا هاوهەنگاو بوون. ئەو جورە بزوتنەوانە مەسەلەی دووبەرەکی و لێک جیای لە سیمای هەرێم دا دەخاتە بەرچاو و نیشانی دەدا. ئەوە بوو کە من لەو نێوەدا خۆم بە غەریبەیەک دەزانێ کە ڕێگای خۆم لێ گۆڕا بوو، قەڵەمی من دەبوو لە ڕێی ئاوات و ئاڕمانی هاوڕاز و هاوبازەکانم بگەڕێ و بنووسێ و بدوێ.

## ڕاگەیەندراوی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

وەک زۆربەی بابەتەکانی دیکەی مێژووی کورد، ڕاگەیندراوی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، بێ کێشە و گیروگرفت نییە و ئەوانەی کە لەبەردەست دان گومانیان لەسەرە. دوکتور قاسملوو دەقی کوردێکەی لە لا نەبووە و بە ناچار فارسییەکی کردوە بە کوردی. دوکتور ڕەحیمی قازی لە لاپەرەی ١٤٩ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە هەر دوو بەشی کوردی و فارسی ڕاگەیندراوەکە لە لایە و دەقی ئاگادارییە کوردییەکەی هێناوە بەڵام بە بروای من (نووسەر) جێگای تێڕامانە. دوکتۆر کەمال فوئاد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان لە کۆنگرەی شەستەمینساڵرۆژی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەمەد لە ڕۆژی٢٠٠٧/٤/٥ ڕاگەیەندراوی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی پێشکێشی بەشداران کرد کە دواتر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٢٤١، ڕۆژی٢٠٠٧/٤/١٣ دا بڵاوکراوە. دوکتور کەماڵ فوئاد، هەر دوو بەیاننامەی "کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستان" ( بە زمانی کوردی) و "بیانییە حزب دموکرات کوردستان" ( بە زمانی فارسی) داوە بە بنکەی ژین و دەزگای چاپی ئاراس لەگەڵ ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان چاپی کردون. ئەو ڕاگەیندراوە لە باری ناوەرۆکەوە لەگەڵ ئی ڕەحیمی قازی هەر یەکن و دەبێ دەقی ئەسڵی بێ چوونکە گوایە لە کتێبخانەی پێشەوا وەریگرتووە.

دیارە کەسانێک ئەو بەڵگەیە بە ساختە و دەستکرد دادەنێن و دەڵێن ڕەسەن بوونی ئەو بەڵگەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەلایەن هیچ دەزگایەکی لێکۆڵینەوە و کەسانی پسپۆر تەئیید نەکراوە. پێویستە لەبیر نەکرێ کە بۆ دروست بوونی حیزبی دیموکرات پرسوڕا کراوە و ئیمزا کۆ کراوەتەوە، بەڵام ئەوکات زۆر کەسایەتی گەورە توانایی نووسینیان نەبوو و دەزگای تایپ و بڵاوکردنەوە نەبوو کەسێک نووسراوێکی لە چەند نووسخەدا نووسیوەتەوە. بۆیە شتێکی زۆر عادی بووە کە کەسێک لە لایەن کەسانیکەوە بابەتێکی واژۆ بکا. لەو دەستنوسەدا لە وشەی "کۆمەڵە" و "فرقە" و "حیزب" کەڵک وەرگیراوە و بە لای کەسانیک ئەوانە گۆمان لەسەر ئەو ڕاگەیەندراوە زیاتر دەکەن. بەلام لە نووسین و ئەدەبی کۆمار دا ئەو وشانە ڕواڵەتین و ئەوجار بە لای کاربەدەستانی سەردەمی کۆمار، وشەی کۆمەڵە و حیزب هەریەک مانای هەبووە.

ئەوجار لە دەستنوسی ڕاگەیندراوەکەدا دوای ناوی شەهید قازی محەمەد ٣٥ کەس ئیمزایان کردوە بەڵام لە چاپکراوەکەدا، ناوی ٧٠ کەسی پێوەیە و تەنیا چوار ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە، واتە محمدئەمین شەرفی، مەناف کەریمی، ئیبراهیم ئیبراهیمیان، عەلی ڕیحانی واژۆیان کردوە. لەسەر ڕادەی ئەو کەسانەی کە واژۆیان کردوە کەریم حیسامی باس لە ٧٢ کەس دەکا. مەحمووود مەلاعیززەت ئاماژە بە ٩١ کەس دەکا. دوکتور کەماڵ باس لە ٣٥ کەس دەکا کە ئیمزایان لە ژێر دەقی کوردیی و فارسییەکەدا، کە بەدەست نووسراوە و پەنجاوچەند کەسیش ژێر نووسخەی تایپ کراوەکەیان واژۆ کردوە، دەکا. ئارچی ڕۆزڤێلت باس لە ١٠٥ کەس دەکا. نەوشیروان مستەفا لە کتێبی حکومەتی کوردستان بە نەقڵ لە گۆڤاری ژمارە ١١ی کوردستان باس لە تۆمارێکی چەند گەزیی لە قوماش دەکا کە گوایا بە هاندانی "قازی محمد و هاوکاریی هاوبیرەکانی بۆ پشتیوانی لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەنێو خەڵکدا گێڕاویانە و هەزاران کەس ئەو تۆمارەیان ئیمزا کردووە.

دوکتور قاسملوو ئەو بەرنامەیە بە بەرنامەی حیزبی دێموکرات ناو دەبا. حەسەن ئەیوبزادە ئەو ڕاگەیەندراوە بە داخوازنامەیەک کە بۆ کۆبوونەوەی خەڵک لە دەوری حیزبی دێموکرات و بۆ وەدیهاتنی ئامانج گەلێک کە بە ناوی "ئارەزوی ئێمە" ناویان لێناوە، دادەنێ. واتە ئەو ڕاگەیەندراوە، داخوازنامەی تاقمێکی چەند دە کەسیی بووە نە بەیاننامەی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە پێی پرەنسیپ دەبوو پێشەوا قازی محمد و هاورێیانی و ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژێکاف ئیمزایان کردبایە.

کەسانێک دەڵێن کە ئەو ڕاگەیەندراوە لە تورکی وەرگێڕدراوە و کراوە بە فارسی و هەر دەقی ناوەرۆکی دوازدە مادەی ١٢ی خەرمانانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە. هیچکام لە دەقەکانی کەمال فوئاد، ڕحیم قازی، کەریم حیسامی و نەوشیروان مستەفا، کە کراونە کوردیی لەیەکتر ناچن. دەقی ئاگادارییە فارسییەکەش ئەو قوورساییەی زمانی فیرقەی نییە و هەرکەسیش بە کەیفی خۆی دەستی تێوەرداوە. ئەوانە ئەو بەڵگەیە بە ڕاست نازانن و دەڵێن نە ئیمزای قازی و نە دامەزرێنەر و ئەندامانی ژێکاف پێوەیە. ئەو ڕاگەیەندراوەش کە ئیمزای پێشەوای پێوەیە بە ڕاستی نازانن. هەروەها نێوی کەسەکان بە هەڵە نووسراوە و هێندێک دووجار ناویان هاتووە.

تەنانەت دوکتور کەماڵ فوئاد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی لە ڕێووڕەسمی یاد و بیرەوەریی پێشەوا قازی محەممەد و ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ لە هەولێر دا گوتی کە باس لە کۆماری کوردستان نەکرێ چوونکە ئەو بەڵگەیەکی لەلا هەیە و ئیمزای چەند کەسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێوەیە کە داوای خودموختارییان کردووە.
لەسەر گۆڕانی دروشمی سەرەکی نەتەوەیی کورد، سەعید هومایون دەڵی دوای ئەو سەفەرە سەرانی کۆمەڵە بۆ ئەوەی حەساسییەتی ئێران و تورکیە و عێراق دخالەتی ئەمریکا و ئینگلیس کەم بکەنەوە باشتر باسی کوردستانی گەورە بگۆڕدرێ داوای ماڤی خودموختاری لە نیوخۆدا بکرێ. ئەوە بوو هەموو بەشداران ئەوەیان قبوڵ کرد و لە ٨ مادە دا لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٥) دا بیانامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان بڵاو کردەوە و حەوتویەک دواتر هەوەڵین گونگرەی حیزبی دیمۆکڕات لە مەهاباد بەسترا. لەو کۆبوونەدا پێشەوا بە تێکڕای دەنگ بە ڕێبەری حێزب بو پێشەوای کورد هەڵبژێردرا.
ئەو ڕاگەیەندراوە لە ڕەخنە و گازندە بە دوور نەبوو و کەریم حیسامی لە لاپەڕە ٦٥ ی کتێبی "کۆماری دێموکڕاتی کوردستان یان خودموختاری" دا بە بۆچوونی چینایەتی دەڕوانێتە بەرنامەی حیزبی دێموکڕات بە لاسا کردنەوە لە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و نەمانی کۆمەڵە دادەنێ. دەسەڵات لە دەست وردە بۆرژوازی دێتەدەر و دەکەوێتە دەست بۆرژوازی گەورە و هێندێ دەرەبەگ و سەرۆک خێڵ کە بە هەستی کوردایەتی دەستەڵات بەدەستەوە دەگرن و دروشمی نەتەوایەتی کورد لەچاو دروشم و سیاسەتی کۆمەڵەی ژێ- کاف بە گەڕانەوەیەکە بۆ دواوە، دادەنێ.
بە بڕوای کەریمی حیسامی دروشمی ڕزگاریی و سەربەخۆیی کوردستان دەیتوانی کۆمەڵانی گەل لە دەوری خۆ کۆ بکاتەوە و ئەو ئاگادارییەی بە ئامانجێکی خۆپارێزانە و ملکەچانە و بودەڵانە دادەنێ کە بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی وەڵامدەری خەباتی ئەو سەردەمە بێ.
دەقی ڕاگەیەندراوی دامەزرانی حیزبی دیموکرات:
بە نێوی خودای بەرز و بێ هەمتا
بەیاننامەی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان
هەونیشتمانان، برایان!
ئاگری شەڕ بە تەواوی دنیای داگرتبوو کە بەبۆنەی دوژمنانی سەربەستی و پامالکەرانی دیموکراتی هەڵایسان و بە هێزی باسکانی بەقووەتی سەربازانی ئازای موتەفقینی گەورەی ئێمە کوژاوە، دونیای دیموکراسی غالب و دنیای فاشیستی کە دەیویست میلەل و نەتەوانی دنیایە بەردەست و یەخسیری چەند نەفەر بێ شەرم و فەعالی مایشا بکە، بە یەکجاری بەزیو و هەڵات بە جۆرێک چاوەنۆری دەکرا بۆ ئازادی میلەل و نەتەوانی دونیایە ڕێگا ئاواڵە بوتەوە فائیدە بەرن وە لەو وەعدانەی کە "لە مەنشوری تاریخی ئاتلەنتیکدا درابوو" بەهرەوەر بن. قلشوری ئوموری خۆیان بە دەستەوە بگرن و کاری خۆیان بە ئارەزوی خۆیان پێک بێنن.
ئێمە کوردان کە لە ئێراندا دەژین چەند ساڵ و بەڵکی چەند قەرنە بۆ ئەستاندنی حەق و ئیختیاری میللی کێشەمان کردوە و خۆمان کردوەتە گاووگەردون، بەدبەختانە کاربەدەستانی موستەبیدی ئێران بەهیچ جۆرێک حازر نەبوون قسە حسابێکانی ئێمە ببیسن! حەتتا لەو حەقەی کە لە قانونی ئەساسیدا بۆ ئەیالات و ویلایاتی ئێران دانراوە نەیان هێشتوە فائیدە وەرگرین و همیشە جەوابی ئێمە گوللە و بۆمب و تۆپ و گیران و دەربەدەری و لەداردان و یەخسیری بوو!!! بەتایبەتی لە دەوری بیست ساڵەی دیکتاتوری ڕەزاخان دا حەتتا لە پۆشینی لیباسی خۆمان ئازاد نەبوین! و بە زۆری سەرنیزەی صاحیب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەنصوبەکانی خائین و دز و تاڵانکەر، تەواوی بوون و ژیان و ئابرو و ناموسی ئێمەیان ون و پێ پەست کرد! تا بۆ لە بەین بردن و هەڵکەندنی ڕیشەی نەسلی ئێمە بەهیچ جۆرێک لە پەستی و وەحشیگەری ڕانەوەستان! ئاخر: ئێمەش بەشدارین، ئێمەش تاریخ و زمان، عادات و ئاداب و ڕێو شوێنێکمان هەیە کە بەوانە زۆر گیرۆدە و پێ بەستین، بۆچ دەبێ حەقی ئێمە پامال بێ؟ بۆچ ناتوانین لەنێو ماڵی خۆماندا ئازاد و سەربەخۆ بین؟ بۆچ بە ئێمە ئیجازە نادرێ بە زمانی کوردی منداڵانی خۆمان لەبەر خوێندن بنێین؟ بۆچ نایەڵن کوردستانیش وڵاتێکی خودموختار بێت کە بە ئەنجومەنی ویلایەتی هەروەکو قانونی ئەساسی مەعلومی کردوە ئیدارە بکرێ؟ هاووەتەنانی خۆشەویست دەبێ بزانن حەق "نادرێ" "دەستێندرێ"، ئێمە دەبێ بۆ ئەستاندنی حەق و ئیختیاراتی میللی جێگای خۆمان "ملە" بکەین، ئەو ملەیەش یەکیەتی پاڵوێکدان و تەشکیلات و چونەپێشی پێویستە.

بۆ ئەو مەرامە پاکەیە کە کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان لە مەهابادێ داندراوە و دەستی بەکار کردووە، هاونیشتمانە خۆشەویستەکامان پێویستە ئێوەش چاو و گوێی خۆتان بکەنەوە لە دەوری کۆمەڵەی میللی خۆتان خڕ ببنەوە بۆ وەرگرتنی حەقی مەشروعی میللی گیان بوردن و فیداکاری پێویستە.

کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان ڕەهبەر و ڕێنوینی ئێوەیە، تەنیا لەژێر ئاڵای ویدایە کە میللەتی کورد لە بەڵای لەبەین چوون و نەمان ڕزگار دەبێت. بون و ناموس و ئابروی میللی دەمێنی و ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەیاننامەی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان

ئەوە یا ئارەزووی ئێمە:

موەفەق دەبێ کە لەنێو سنوری دەوڵەتی ئێراندا سەربەخۆیی میللی خۆی بەدەست بێنێ.

هاووەتەنانی ئێمە بێجگە لە حەقی مشروعی ئینسانی خۆمان چی دیکەمان ناوێ، ئارەزوی ئێمە لەو بەندانەی ژێرودا بخوێننەوە و بە تەواوی میللەتی کوردی ڕابگەیەنن.

ئەوە ئارەزوی ئێمەیە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١- میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسوراندن و پێکهێنانی کاروباری جێگای خۆی ئازاد بێت و لە سنوری دەوڵتی ئێرانداخودموختاری ببێ.

٢- بتوانێ بە زمانی کوردی بخوێنێ و لە وڵاتانی کوردیدا کاروباری نوسین لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا هەربە کوردی بێ.

٣- ئەنجومەنی ویلایەتی کوردوستان کە وەکو قانونی ئەساسی دەڵێ جێبەجێ داندرێ لە هەموو کارەکانی ئیجتیماعی و دەوڵەتیدا چاودێری بکا و پێڕابگا.

٤- مەئمورینی دەوڵەتی هەر دەبێ لە خەڵکی محەل بێ.

٥- بەبوونی قانونێکی کوللی لە مابەینی ڕەعیەت و ئەربابدا سازیشت بەجێ بێت کە دواڕۆژی هەردوکیان تەئمین بێت.

٦- بەتایبەتی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان سەعی دەکات لە مابەینی میللەتی ئازەربایجان و ئەو نەتەوانەی کە لە ئازەربایجاندا دەژین "ئاسوری، ئەرمەنی و غەیرە" لە موبارزەدا یەکیەتی و برایەتی تەواو بەرقەرار بێ.

٧- کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستان بە بۆنەی ئیستیفادە لە سەرچاوانی و کانگایەکانی تەبیعی زۆری کوردوستان و سەرکەوتنی اموری جوتیاری بازرگانی و پەرەپێدانی اموری فەرهەنگی و لەشساغی بۆ چاکی حاڵی ئیقتسادی و مەعنەوی میللەتی کورد (ملەی) دەکا.

٨- ئێمە دەمانەوێ ئەو نەتەوانەی کە لە ئێراندا دەژین بتوانن بە ئازادی بۆ سعادەت و سەرکەوتنی نیشتمانی خۆمان کوشش بکەین

بژی کوردوستانی خودموختاری دیموکرات

محمد قازی

ناوی ئەو کەسانەی کە ئەو ئاگادارییەیان واژۆ کردوە بریتییە لە:

مەلا سەیید عەبدڵڵا ڕوحانی- مەلا حوسێن ئەمیری ڕوحانی- محەمەد ڕەسوڵ زەکەوی ڕوحانی- نوری بەک ڕەئیسی عەشایر- مارف ئاغا ڕەئیسی عەشایر- عومەرخانی شەریفی ڕەئیسی عەشایر- شێخ عەبدولقادر ڕەئیسی عەشایر- عومەر ئاغا جەلالی ڕەئیسی عەشایر- کەریم ئاغا قەم قەڵعە ڕەئیسی عەشایر- ئیبراهیم ئاغای مەنگور ڕەئیسی عەشایر- ڕشید جیهانگیری ڕەئیسی عەشایر- کاک عەلی مانقور ڕەئیسی تایفە- حەسەن چنارا ڕەئیسی تایفە- جەعفەر حەنارا ڕەئیسی تایفە- غەنی خوسرەوی ڕەئیسی شەهرەدار- عەباس ئاغا فنەک ڕەئیسی تایفە- عەزیز صادقی مالیک- محمد حوسێن سەیف قازی مالیک- عەبدولقەدیر جەعفەری مالیک- یوسف شەریفی مالیک- قەدیر شەریفی مالیک- نەجیب شەریفی مالیک- حەسەن جەلالی مالیک- مەناف کەریمی مالیک- ئیبراهیم ئیبراهیمیان مالیک- کاک هەمزە تایفەی مەنگور- کاک حوزێر مالیک- کاک هەمزە تایفەی مامەش مالیک- کاک عەبدوڵا مالیک- قاسم ئاغا ئێلخانی زادە مالیک- مامەند قەدیری ڕەئیسی تایفە- مەعروف قەدیری مالیک- حوسنی مەعروفی مالیک- محەمەد ئەمین بایەزیدی مالیک- گەڵایی بایەزیدی مالیک- پیران ئەمیر عەشایری مالیک- قەدیر مامەندپور مالیک- سەلیم ئەمیر عەشایری مالیک- عەبدولئیلا عەزیزی مالیک- تارانی زرزا ڕەئیسی تایفە- محمد ئەمین عەشایری مافرا مالیک- کامزی عەزیزی مالیک- مەعروف بەرزنجی مالیک- ڕەحیم حوسێنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مالیک- سەیید عەلی حەسەن پور تاجیر- حاجی مستەفا داودی تاجیر- ئەحمەد وەلیزادە تاجیر- سەعید صەلاحیان تاجیر- صادق حەیدەری تاجیر- حەمید بلوریان تاجیر- قاسم مەتمەتی تاجیر- محمد خەلیل خوسرەوی تاجیر- ئەحمەدی ئیلاهی تاجیر- هاشم یەسفی تاجیر- حەمید حەمیدی تاجیر- ئیسماعیل شەریفی تاجیر- قەدیر کەریمی تاجیر- عەلی ڕیحانی تاجیر- خدر سەیید نیزامی تاجیر- محمدئەمین شەرفی تاجیر- حاجی عەلی دەباغی تاجیر- سەیید محمدی حەمیدی موستەخدیمی دەوڵەت- محمد یەحیایی موستەخدیمی دەوڵەت- سوڵتان وتەمیشی موعەلیم- ڕەحیم سەیید محمد تەقی زادە دوا فرۆش- مستەفا سوڵتانیان موهندیسی فەلاحەت- ڕەحیم لەشکری موعەلیم- محمدئەمینی موعینی کارگزار- حاجی ڕەحیم شیربەگی تاجر.

دەقی ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکرات لە لاپەڕەی ١٤٩ی کتێبەکەی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی د. ڕەحیمی قازی بەمجۆرەیە:

بیسمیل لاهی ڕەحمانە و ڕەحیم.

ئاگادری حیزبی دیموکڕاتی کوردستان

هاونیشتمانان، برایان:

ئاگری شەڕی دووەمی جیهانیی کە لە لایەن وەزێرپێخەرانی دیموکراسی وە بە دەستی دوژمنانی ئازادی دەست پێ کرابوو بە باسکی بەهێزی سەربازانی وڵاتەکانی هاوپەیمان کوژاندراوە، جیهانی دیموکڕاسی سەرکەوت وە جیهانیی فاشیزم کە ئەیویست نەتەوەکان و گەلانی جیهان بخاتە ژێر دیلی مستێک ڕێگر و خوێنخۆر بە تەواوی نابووت بوو. هەر چلۆنێک کە چاوەڕوان ئەکرا ڕێگەی ئازادی بۆ نەتەوە و گەلانی جیهان ئاواڵە کراوە.

ئەمڕۆ تەواوی گەلانی گەورە و چکۆلەی جیهان ئەیانەوێ لەم ڕێگەیەی ئاواڵە کراوەتەوە، سوود وەربگرن. ئەوان ئەیانەوێ لەم وادانەی کە لە پاکتی مێژووی ئاتلانتیکدا دراوە، سوود وەربگرن. ئەوان ئەیانەوێ کاروباری خۆیان، چارەنووسی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

ئێمە کوردەکانی کە لە ئێران ئەژین بە درێژایی چەندین ساڵ و چەند سەدە لە پێناو مافی نەتەوایەتی و هاوجێگایی خۆماندا خەباتمان کردووە وە لەم ڕێگەیەدا قووربانییەکی زۆرمان داوە، بەڵام حاکمە دیکتاتۆرەکانی ئێران هیچ کاتێک بۆ بیستنی پێویستەکانی ئێمە ئامادە نەبوون و تەنانەت نەیانهێشتووە لەو مافانەش کە بە گوێرەی یاسای بنچینەیی دراوە بە ئەیالەت و ویلایەتەکان، سوود وەرگرین. ئەوان بە هۆی گوللە و بۆمب تۆپ و گرتن و ڕاگوێستن و یەخسیرکردن، وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە. بە تایبەتی لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی بیست ساڵەی ڕەزاخاندا ئێمە بۆ لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوایەتیی کوردیش ئازاد نەبووین. ئەوان بەهۆی نووکە نێزە بە هۆی ئەفسەرە دز و خاین و ڕێگرەکان تەواوی بوونی ئێمەیان، ژیان و نامووسی ئێمەیان خستبووە ژێر پێ، ئەوان بۆ نابووتکردنی نەسلی ئێمە لە هیچ چەشنە کارەساتێکی دڕندانە و بێ شەرمانە نەپرینگاونەتەوە. ئاخر ئەمەش ئادەمیزادین، ئێمەش مێژوو، زمان ڕێوشوێن و دابی تایبەتی خۆمان هەیە وە ئەوانمان خۆش ئەوێ. بۆچی ئەبێ مافی ئێمە پێشێل بکرێت؟ بۆچی ناهێڵن بە زمانی زگماکی خۆمان منداڵەکانمان پەروەدە بکەین؟ بۆچی ناهێڵن کوردستان ببێتە وڵاتێکی خودموختار وە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ویلایەتییەوە کە لە یاسای بنچینەییدا دیاری کراوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاروباری بەڕێوە ببردرێت؟

هاونیشتمانانی خۆشەویست پێوستە ئەمەی بزانن کە حەق نادرێت، بەڵکو ئەستێندرێت. بۆ ئەمەی حەقی خۆمان، دەستەڵاتی نەتەوایەتی و هاوجێگەیی خۆمان وەدەست بهێنین، ئەبێ خەبات بکەین. بۆ ئەم خەباتە یەکیەتی و یەکگرتن پێویستە بۆ ئەمەش ڕێکخراوە و پۆلی پێشڕەو پێویستە. دامەزران و دەست بەکار بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد بۆ ئەم ئامانجە بەرزەیە. ئێوە، هاونیشتمانانی خۆشەویست ئەبێ چاو و گوێی خۆتان ئاواڵە بکەنەوە، لە دەورەی حیزبی خۆتان وەخڕبنەوە بۆ وەدەستخستنی مافی یاسایی و نەتەوایەتی خۆتان فیداکاری بکەن. حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرۆک و ڕێگەنیشاندەری ئێوەیە. بە تەنیا لە ژێر ئاڵای ئەم حیزبەدا نەتەوەی کورد لە مەترسیی تێداچوون نەجاتی ئەبێت وە بوون و ناموسی و پێویستییەکانی نەتەوایەتیی ئەو پارێزگاریی لێ ئەکرێت، بە تەنیا بە هۆی ئەم حیزبەوە گەلی کورد ئەتوانێت لە نیو سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریی نەتەوایەتیی وەدەست بخات.

هاونیشتمانانی خۆشەویست ئێمە جیا لە مافی یاسایی و ئینسانی شتێکی ترمان ناوێ. دروشمی ئێمە لەو بەندانەی ژێرەوەدا بە کورتی نیشان دراوە، ئەم دروشمانە بخوێننەوە وە لە هەر مرۆڤێکی نەتەوە کوردی بگەیەنن.

ئەمانەن دروشمەکانی ئێمە

١- نەتەوەی کورد لە ژووری ئێراندا بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری هاوجێگەیی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێت وە لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا نەتەوەی کورد خودموختاری خۆی بخاتە دەست خۆیەوە.

٢- مافی خوێندنی بە زمانی زگماکی خۆی هەبێت وە تەواوی کاروباری دایرەکان بە هۆی زمانی کوردی بەڕیوە ببردرێت

٣- لەسەر بنچینەی یاسای بنچینەیی، ئەنجوومەنی ویلایەتی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێ وە بە تەواوی کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاودێرییان بەسەردا بکا.

٤ - کاربەدەستانی دەوڵەت ئەبێ بەبێ قسە لە خەڵکی هاوجێگایی بن.

٥- لەسەر بنچینەی یاساکانی گشتیدا ئەبێ لە نێوان لادێیی و خاوەن موڵکاندا پێکهاتێک پێک بهێندرێت وە دوارۆژی هەردووک لا مسۆگەر بکرێت.

٦- حیزبی دیموکڕاتی کوردستان تێئەکۆشێت کە لە خەباتدا بە تایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان وە گەلەکانی تری کە لە ئازەربایجان ئەژین( ئاسووریەکان و ئەرمەنییەکان و هتد) یەکیەتی و برایەتییەکی تەواو پێک بهێنێت.

٧- حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ و بازرگانیی کوردستان، پەرەپێدانی کاروباری فەرهەنگ و تەندروستی وە باشترلێکردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد دەست ئەکات بە سوود وەرگرتن لە سامانەکانی کوردستان وە لەم ڕێگەیەوە تێ ئەکۆشێت.

٨- ئێمە ئەمانەوێ بە تەواوی گەلەکانی ئێران، هەلی تێکۆشینی بە ئازادی بدرێت بۆ بەختەوەری و پێشکەوتنی نیشتمانی خۆیان.

بژی کوردستانی خودموختار و دێموکراتیک.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحیمی قازی دوای ئەوە دەڵێ کە بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ئاگادارییە تەواوی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک بە گوێرەی بڕیاری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، بوونە ئەندامی حیزبی دێموکرات و لە ژێرنووسی لاپەڕەی ١٤٩ دا دەنووسێ کە سەدی هەشتای ئەو کەسانەی کە ئاگاداریی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیان واژۆ کرد، کۆمەڵە نەبوون.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات بە بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرا و پێشکەوتوو، لە مێژووی گەلی کورد دا وەرچەرخانێکی گەورە بوو. بۆیە هەر زۆر زوو لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کورد پشتیوانی لێکرا و خەڵک لە ڕیزەکانی حیزب دا ناونووسیان کرد و دەستیان بە کار و تێکۆشان کرد. دوکتور قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا دەنووسێ کە ئەو بەرنامەیە دەبێ بە هۆی پێشەوا قازی محەممەد نووسرابێ و ئەو، قازی محەممەد بە دامەزرێنەری سەرەکی حیزبی دێموکرات دەزانێ.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٤٨ی کتێبەکەی دا دەڵێ، ئەم ئاگادارییە کە لە ڕاستەقینەدا بووە بە بنچینە بۆ بەرنامە و پڕۆگرامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لەلایەن شەخسی قازی محەممەدەوە نووسراوە و بەڵگەیەکی زۆر گرینگی مێژووییە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورددا. قازی محەممەد پاش نووسینی ئەو ئاگادارییە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی کۆمەڵە پێک دێنی و بە هێندێک دەستکاریی، ئاگادارییەکە واژۆ دەکرێ.

ئاگاداری ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکرات پێویستی سەردەم بوو و داوخوازەکانی نەتەوەی کوردی بەوردی دەخستە بەرچاو. شابەیتی نەتەوەیی ئەو بەرنامەیە لە خاڵی یەکەم دا خۆ دەنوێنێ و لە خاڵەکانی ٢ و ٣ و ٤ دا تەکمیل دەبێ و چوارچێوەی زمان و دەسەڵاتی ناوچەی خودموختار دیاری دەکا. لە بەندی یەک دا گەیشتن بە دەسەڵات و ویستەکانی گەلی کورد دەخاتەوە ناو چوارچێوەی وڵاتی ئێران. بەندەکانی دیکەی ئەو بەرنامەیە وڵامدەری هەڵومەرج و ویستی پێکهاتەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی عەشایر و دەرەبەگایەتی ئەوکات بوو. بە هۆی ئەوە کە پێکهاتەی ئەندامانی ڕێبەری حیزب کە زیاتر لە نێوەیان دەرەبەگ و لە زۆربەی کارە سەرەکییەکان دا بەرپرس بوون، مەودای زیاتر بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەتر ئیمکانی نەبوو.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات بوو بە هۆی ئەوە کە دوژمنانی گەلی کورد دەست بکەن بە پڕوپاگەندە بە دژی حیزب و تاوانی ناڕەوای بۆ هەڵبەستن و بە کومونیستی بزانن. لە هاندانی عەشایر و دەرەبەگەکان دا بە دژی جوڵانەوەی کورد، ڕێژیم دەستی باڵای هەبوو. کۆنسوولخانەی ڕووس لە شاری ورمێ بە ئیمزای هاشمۆڤ و عەلی ئەکبەرۆڤ سەبارەت بە ئاژاوەنانەوەی دەوڵەتی ئێران بە دژی کۆمەڵەی ژ- ک (مەبەست حیزبی دێموکراتە) و گۆڕینی جوغڕافیای مەهاباد دەنووسێ:

دەسەڵاتدارییەتی ئێران لە هەموو لایەکەوە هەوڵ دەدات پارتی ژێکاف لە ناوەوە تێک بدات، بە کڕینی ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگی کورد دەیەوێ جیاوازی بخاتە نێوان ڕیزەکانی پارتی ژێکافەوە، هێندێک جار ئەو سیاسەتەیان بۆ چۆتە سەر، بۆ وێنە ئەوانە دوژمنایەتییان خستۆتە نێوان ڕەشید بەگ و نووری بەگ و هەروەها نێوان ڕەشید بەگ و ئەمەر خان و قەرەنی ئاغای مامەش و قازی محەممەد و... هەروەها کێشە لەسەر زەوی و زار و دەست بەسەر داگرتن یاخود فرۆشتنی قەند و شەکر لە نێوان سەرۆکە کوردەکاندا دەبینرێ، وەک ڕامانگەیاند دەسەڵاتداریەتی ئێران چارەسەکردنی کێشەی

کورد تەنیا لە چەککردنی کورداندا دەبینێ. چونکە مەهاباد ناوەندی سیاسیی کوردانە و لەوێ باس لە کێشەی سەربەخۆیی کوردستان و چارەسەر کردنی دەکرێ، دەسەڵاتدارانی ئێران بایەخێکی زۆر دەدەن بەو شارە.

دەسەڵاتدارانی ئێران کە هیوایان بە جێ پێ قایمکردنی خۆیان لە مهاباد نەماوە، هەروەها نەیانتوانیوە ئەرتەشی ئێران بنێرنەوە ئەو شوێنە، هەوڵ دەدەن مهاباد لە پارێزگای چوارەم (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) جیا بکەنەوە بیکەنە ناوچەیەکی تایبەت سەر بە سنە، بەڵام ڕاستەوخۆ لە تارانەوە سەرپەرشتی بکەن. مەبەستی دەسەڵاتدارانی ئێران لەم کردەوەیە، ئەوەیە کە ئەم ناوەندە سیاسییەی کوردان لەژێر کاریگەرییەتی سۆڤییەت بخرێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. زۆربەی کوردەکان دژی ئەم گۆڕانکارییەن، کاربەدەستانی ئێران بۆ جێبەجێکردنی ئەو پیلانە بە بەردەوامی پێوەندی بە پیاوە ناسراوەکانی کورد دەگرن تا دەگەڵ لکاندنی مهاباد بە سنە هاودەنگی بکەن، دەسەڵاتدارییەتی ئێران تا ئێستا توانیویەتی بەڵێنی ژمارەیەک سەرکردەی کوردی وەک قەرەنی ئاغای مامەش، عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد، غەفووری مەحموودیان، عەوڵاغا و عەلی ئاغای مەنگوڕ و ژمارەیەکی تر بە دەست بێنێ. دەسەڵاتدارانی ئێران هەروەها ئاماژەیان بە ناوەی قازی محەمەد، عومەر خانی شەریفی، نووری بەگ، ئەمەر خان و هتد کردووە و ئەوانە بە هەڵگیرسێنەری بزووتنەوەی جیاوازیخوازانە و یاخیبوون و یاخیکردنی کوردان لە دوڵەتی ئێران تاوانبار دەکەن.

هەروەها هەوڵ درا تا لە ڕێگای پرۆپاگەندە و ڕۆژنامەکان بە توندی بەرهەڵەستی جوڵانەوەی کورد بکرێ. ڕۆژنامەی کەیهان ڕۆژی ١٩٤٥/٧/٢١ دوای ئەوە بەشێک لە نامەی کۆمەڵە (مەبەست حیزبی دێموکراتە) چاپ دەکا، وڵام دەداتەوە و دەنووسێ:

لەوانەیە بەشی نەخوێندەواری دانیشتوانی کورد نەزانن مانای سەربەخۆیی، چییە. لە سەردەمی ئێستادا کاتێک تەنانەت گەلانی گەورە و فرە نەتەوە هەوڵی یەکگرتن ئەدەن و پشتی یەکتر دەگرن، داخوا دەکرێ باوەڕ بەو شتە بکرێت کە ژمارەیەک خەڵک لە هۆزە ڕەسەنەکانی ئێران دەیانەوێ جیابنەوە، باشە ئەوانە بۆ کوێ دەچن؟ ئەگەر ئێستا نەتەوەی پازدە میلیۆنی ئێران لەچاو دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان دەورێکی بچووک دەبینێت، ئەگەر بێت و ئەو هۆز و خێڵانە جیابنەوە چییان پێ دەکرێ؟ کوا "بوخارا" و "خوارەزم" "گەنجینە" و "تیفلیس"، "کوردستانی تورکیە" و "بلوچستانی ئینگلیس" کە لە ئێران جیابوونەوە، چییان بەسەر هات؟

ئەوجار ڕۆژنامەی کەیهان هەڵدەکوتێتە سەر ژ. ک و دەنووسێ:

کۆمیتەیەکی وا (ژ. ک) کە بەو چەشنە باسی دەکەن لە کوردستاندا وجوودی نییە و ئەگەر وجوودی هەبێ، ئەندامانی تەنیا چەند بەکرێگیراوێکی وڵاتانی دەرەوەن.

سەرەڕای ئەوانە ئەگەرچی بەرنامەکانی ئەو ڕاگەیەندراوە بە شێوەی گشتی داڕێژتراون و باسی وردەکارییەکانی بەرنامە، وەک سنووری کوردستان و هێزی ئەمنییەکان، پێشمەرگە و پۆلیس و ... ناکا و ئەو بابەتانە ناروون و نادیارن. سەرەڕای هەموو ئەوانە بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتەی حیزب و کۆمەڵگای ئەوکات و تەنانەت ئێستاش، هێندێک لە بەندەکانی ئەو بەرنامەیە لە ڕادەبەدەر شۆڕشگێڕانە بوو.

ستراتیژی سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە سەر دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت و هیوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە بەڵێنی هاوپەیمانان کە لە ڕاگەیاندنی پەیمانی ئەتلانتیك درابوو و لە چوارچێوەی ئێران دا ماڤی خودموختاری بە جێگەیاندنی یاسای ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی بۆ نەتەوەکانی ئێران، دارێژترا بوو. حیزب باوەڕی بە خەباتی سیاسی و ئاشتیانە و دوورەپەرێزی لە شەڕ و تێکهەڵچوون بوون.

سەید محەممەد حەمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کۆردستان لە ڕۆژنامەی ژمارەی١ی کوردستان دا لە شی کردنەوەی ئامانجی حیزبی دێموکرات دا دەنووسێ:

"ئامانجی ئێمە"

لەم کاتەدا کە خاکی کوردوستان لە هەموو وەختێک زیاتر پێویستی فیداکاری کوڕەکانییەتی. لەو ئانەداکە هەموو نەتەوەکانی گیتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وەدەسهێنانی سەربەستی و ئازادی خۆیان، وە بۆ وەدەسخستنی وەسائیلی پێشکەوتنی هاونیشتیمانەکانیان دە تەقەلا دان. لەم وەختەدا کە هەموو نەتەوەکانی عالەم غەیرەز سەربەستی و گەورەیی نیشتیمانەکەیان، ئامانجێکیان نییە و بە شەو بە ڕۆژ بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە هەوڵ دەدەن، ئێمە خەریکی چین و ئامانجمان چییە؟

پاش چەندین ساڵ دەربەدەری و سەرکزی و بەند و تێهەڵدانی بێژمار و قوڕبەسەری و هەژاری، لە پاش ئەوەی بە اشارەی دوژمنان، بەنێوی مەنگور و مامەش و زەرزا و دێبوکری و گەورک و گەڵباغی و... کەوتبووینە گیان و ماڵی یەکتر، خوێنی یەکترمان دەمژی و دەڕشت و بۆ قازانجی شەخسی خۆمان هیچ شتێکمان نەدەهاتە بەرچاو و هەر خەریک بوین دوبەرەکی و تەفرەقە بخەینە نێو یەکتر، بە کورتی پاش ئەوەی هیچ وەختێک لەبیری هاونیشتمانی خۆمان دا نەبووین و لە تەپوتۆزی زەمانەدا بە غەیری نەفعی خۆمان بیرێکمان نەبوو و دوژمنەکان نەیاندهێشت بە زمانی خۆمان بخوێنیین و لە تیشکەی زانستی دەورەی بیستەم بێبەش کرابووین. بیری سەربەستی لە لامان خەیاڵی پووچ بوو و ئەوانەش کە بیریکیان هەبوو کەم بوون. بە تایبەتی غولی ئیستیبدادی ڕەزاخان بە جارێک پشتی ئێمەی شکاند بوو. پیاوە نیشتیمان پەروەرەکانی کوردوستان یا کوژران یا لە شیراز و تاران و خوڕاسان دا بەند کرابوون. لەوکاتەدا کە زلەت و دەربەدەری بە نوقتەی ئاخر گەیشت. خودی بەرز هاتە سەر ڕەحم و بزەیی بە ئیمە دا هات. شەهریوەری ۱۳۲۰ هاتە پێش. ئێمە لە زنجیری دیلی ڕزگاریمان بوو و دەستی بەستراومان کراوە، چاوی نستوومان وەخەبەر هات. کۆمەڵێک لە لاوان و گەنجانی کوردوستان کۆبوونەوە، دەستی برایەتی و یەکیتیان دا دەس یەک. بێوچان سەعیان بەخەرج دا تا حیزبی دێموکراتی کوردوستانیان بە وجوود هێنا و هەر بەرهەڵەست و خائینێک کە لە ناو کوردستاندا هەبوو لە نێویان هەڵگرت. حیزبی دێموکرات لە مەودایەکی کەم دا توانی لکی خۆی لە تەواوی شارەکانی کوردستان دا بکاتەوە. ئێستا لە کوردستاندا نێوی مەنگور و مامەش و زەرزا و دیبوکری و... هەر پیتێ کە بۆنی جودایی لێ بێ ناکوترێ. هەموو بە یەک دەنگ دەڵێن ئێمە کوردین، کوردمان دەوێ. ئێمڕۆ و سەرکزیمان بە سەربلێندی و هەژاریمان بە دەوڵەمەندی و دووبەرەکیمان بە یەکێتی گۆڕیوەتەوە.

هاونیشتمانمان بە چاوێک تەماشا دەکەین و هەمووومان بۆ میللەت کار دەکەین و بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێنیین، ئەخلاقی خراپمان گوڕیوەتەوە بە ئەخلاقی چاک.

ئێمە کە بە دڵمانا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتشارات بین، ئەوا بە یارمەتی خودا نامەی کوردستان داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاوکراوە. ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە

بڵاو دەبێتەوە دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنیین لە ئیتحاد و برایەتی بێنتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دووبەرەکی و بێدینی و هەموو جورە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانی بکا. هیوامان وایە ئەم قەڵایە کە خەریکین قایمی بکەین، وەها قایم و بە هێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵا بکا.

سەید محەمەد حەمیدی

## تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات

بە گۆڕینی تەشکیلاتی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات، دەرگای حیزب کراوە و کۆمەڵانی خەڵکی کورد، لە هەر چین و توێژێک لە ئاغا و دەرەبەگ و ڕەعییەت و ڕەشایی و فەقیر، بە چاک و خراپ تێیدا بوون بە ئەندام. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٧٢ی کتێبی چێشتی مجێوەردا لەسەر پێکهاتەی حیزبی دێموکرات دەنووسێ:

حیزبی دیموکرات لەسەر دار و پەردوی "ژ- ک" دامەزرایەوە، بەڵام ئەو جار بە ئاشکرا کاری دەکرد. ئیتر ئەو هەیبەت و ناوە پاکەی کە لە "ژ- ک"دا هەبو، چونکە نهێنی بو، زۆری لە کورتی دا. ئەندامی فیڵباز و بەرژەوەندی خوازی زۆر تێهات. زۆری نەبرد زانیمان کە "قاسم ئاغای ئیلخانی" کە برایەکی حیزبی زۆر خۆشەویست بو، لە پاش گەڕانەوەی لە باکۆ، چۆتە باشگای ئەفسەرانی تەورێز و بۆیان بۆتە جاسوس بەسەر حیزبەوە. ئەوە یەکەمین داوی خەیانەت بو کە دەناومان دا قەوما. ئیتر شیرازەی تەنزیم و تەکوزی پێشو هەڵوەشا و خزمایەتی و ئاشنایەتی و خۆبەخۆیایەتی کەوتە ناومان و هەی لە وەی زرینگ بێ و خۆی وەپێش خا. لە گوناهی خەیانەت خۆش بون و نەمانی زەبر و زەنگی زەمانی ترسانی "ژ- ک"، زۆر کەسی شێلگیر کرد کە خەیانەتیش بکەن و هەر لەناومان دا بمێنێتەوە. ئێران و غەیرە ئێران دەیانتوانی نۆکەرانی خۆیانمان دەناو خزێنن. بە جارێک دەرگای حیزب کرابۆوە و هەر کەس دەهات بێ لێکۆڵینەوە قبوڵ دەکرا. قاسم ئاغا هەر برا مایەوە و زۆر ئاغایانی دیش هاتنەوە ناومان و بە دڵ لەگەڵ دوژمنان بون.

ڕۆژێک پێشەوا قازی لە مەجلیسێکدا گوتی: "زۆرم پێ سەیرە، زۆر باسی نهێنی هەیە کە مخابراتی ئینگلیس دەزبەجێ دەیان زانێ." سەرم بردە بن گوێی، گوتم شێخ مەعسوم خەبەریان پێ دەدات. گوتی: "ڕاست دەکەی، من هەموو قسەی خۆم لای ئەو دەڵێم، بەڵام شێخ زۆری لاگیری لەناو شارستان و لادێ دا پەیدا کردوە، چۆنی دەست بۆ بەرم؟

بە هۆی بواری عەشیرەتی بوونی هەر سەرۆک عەشیرەتێک بە ئەندامی حیزب، بەس بوو بۆ ئەوەی تەواوی ئەو عەشیرەتە بێنە نێو تەشکیلاتی حیزب. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٣٨ی کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"دا بە ئاماژە بە ڕاپۆرتی کۆنسوولی سۆڤییەت لە ماکۆ دەنووسێ:

کۆمەڵە لە مانگی مارسی ١٩٤٥دا، دوو ئەندامی خۆی کە ناوەکانیان ڕوون نەکراوەتەوە دەگەڵ عومەر خانی شەریفی ناردۆتە هەرێمی سەڵماس، تا ئیدارەی محەلی کۆمەڵە لەو هەرێمە دامەزرێنن، نوێنەرانی کۆمەڵە لە گوندی " زەندەشت"، کە گوندی عومەر خان بووە، کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ، مەمەد قۆتاس ئاغا، سەرکردەی تایفەی مەمەدی، تاهیر خانی سمکۆ، سەرکردەی تایفەی عەودویی، حەسەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیلۆ، سەرکردەی تایفەی "دێرێ"، "موراد برۆ" سەرکردەی تایفەی نیسانی و "شیری سمایل" سەرکردەی تایفەی "پسگا" پێک هێناوە و بەپێی ئەو خاڵانەی خوارەوە ئیدارەی محەلی و ڕێکخراوی کۆمەڵەیان لە ناوچەی سەلماس دامەزراندووە.

١ - ڕێکخراوی کۆمەڵە دەبێ لەنێو تایفە و تیرەکاندا لە لایەن سەرکردەکان یاخود گەورەی تایفە و تیرەکانەوە بەڕێوە بچێت و بەشیوەی نهێنی کار بکات.

٢ - ئیدارە محەلییەکانی کۆمەڵە دەبێ لە نێوان ٦٠٠-١٠٠٠ ئەندامیان هەبێ و لەو ژمارەیە ئیدارە محەلییەکان پێک بێن. ئەگەر لە ١٠٠٠ ئەندام زیاتر بن، دەبێ دوو ئیدارەیان لێ پێک بێ.

٣ - ڕێکخراوەیەک کە ژمارەی نەگاتە ٦٠٠ کەس ئیدارەی محەلی پێک ناهێنێ و بەڕیوەبەری ئەم بەشە دەدرێتە دەست گەورەی تایفە و ئەویش دەبێ یاریدەدەر و سکرتێرێکی هەبێ.

٤ - ڕێکخراوکانی ژ- ک دەبێ لەسەر پرنسیپی ناوچەیی بێت و لە ڕێگای هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە و لە ناوەندەوە ڕێبەرایەتی بکرێ.

٥ - ناوەند ناوی نهێنی هەیە و لە نووسینەکاندا تەنیا ناوە نهێنییەکانی ئیدارە محەلییەکان دەنووسرێ.

کۆمەلە بەم پرنسیپە نوێیە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٥ ڕێکخراوەکانی خۆی بە بەشداربوونی گشت پیاوی هۆزە کوردییەکانی شکاک لە هەریمی سەڵماس دامەزراندووە.

دامەزرانی بە ئاشکرای حیزبی دێموکرات، لەو قۆناغە ئەستەمەدا، سەرلێشێواوی کۆمەڵگای کوردی ڕەواندەوە و ئەوانی ساغ کردەوە کە لە حیزبی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆیان دا کۆببنەوە. حەسەن قازی بە ئاماژە بە بەڵگەنامەکانی نهێنی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا، لە زمان کەسێکەوە کە لە بۆکانەوە ڕاپۆرتی بۆ کۆنسوولی بریتانیا لە تەورێز ناردووە، دەنووسێ:

لە نەتیجەی حەول و تێکۆشانی تازەی حیزبی توودە بۆ ئەندام وەرگرتن لە ئازەربایجان، نزیکەی ١٠٠٠ کەس لە ئەندامانی عەشیرەتی دێبۆکری، حەیدەری و شێخ ئاغایی و هەروەها مەلایەکی دەستڕۆیشتووی کورد، سەیفولقوزات ... (وشەیەک ناخوێندرێتەوە) بۆ بەرپەرچدانەوەی حیزبی توودە لەگەڵ کۆمەڵەی ژ.ک. کەوتوون.

بە گشتی بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات، تەشکیلاتی هەراوی کۆمەڵگای کورد لە سەرانسەری کوردستانی لە ژێر دەستەڵاتی ڕووس بە ئاشکرا دامەزرا و دەستە دەستە خەڵک لە ڕیزەکانی حیزب دا کۆ بوونەوە. حیزبی دێموکرات دەستی بە چالاکی بەرین کرد و بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ ڕیزەکانی خۆی نوێنەری ڕەوانەی زۆربەی مەڵبەندەکانی کوردستان کرد. ڕەحیمی قازی لە لاپەرەی ١٨٢دا بە نەقڵ لە ئیگلتۆن دەنووسێ: قازی بە تەواوی مەڵبەندەکانی کوردستانی ئێراندا، لە مەڵبەندی عیلی جەلالی ڕا بگرە هەتا مەڵبەندی عێلی جوانڕۆ و هەورامان نوێنەری خۆ بڵاو کردەوە.

ڕەحیمی قازی بە نەقڵ لە ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤١ دا دەنووسێ: لە بەرواری ١ نوامبری ساڵی ١٩٤٥ دا دەست کرا بە هەڵبژاردنی کومیتەکانی حیزب لە مەڵبەندەکان و هەتا ١٢ نوامبر لە مەڵبەندەکانی ماکۆ و شاپور و ڕەزایە و نەغەدە شنۆ و لاجان و مەهاباد و میاندوئاو و بۆکان هەڵبژاردنی کومیتەکان تەواو بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەشکیلاتەکانی حیزب، ناوەندی بەڕێوەبردنیان هەبوو کە هەم بۆ کاری ڕێکخراوەیی کەڵکیان لێوەردەگیرا و هەم بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکان. بۆ نموونە ناوەندی کومیتەی حیزب لە شارویران، لە ئاوایی لەج بوو و خاڵەمین بەرزەنجی بەرپرسی بوو.

دامەزرانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات کردەوەیەکی سادە و لاوەکی نەبوو بەڵکوو مەبەست ئامادەکاری بوو بۆ وەدەست گرتنی دەستەڵات کە یەکەم ئەرک و وەزیفەی هەر ڕێکخراوێکە. بە دامەزرانی حیزب ئیدارەی ناوچەکان کەوتە ژێر دەستەڵاتی ئەندامان و هەوڵ درا تا بەربەست و کێشە و گیرو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵ چارەسەر بکرێ. بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٠ ی ساڵی ١٣٢٥ پێشەوا لە یەکێک لە نوتقەکانی دا دەڵێ:

مەعلووم تەسدیقی دەفەرموون کە دەگەڵ ئەو هەموو ئیختیلاف و دووبەرکییە کە دەنێو کوردان دا هەبوو کە نێوان ناخۆشی وای لێ هات بوو تەئسیری دە خانەوادانیش کردبوو، نێوانی برایانیش تێک چووبوو حەتتا باب و کوڕیش پێکەوە یەک نەبوون پیشرفتی کار و دانانی تەشکیلات چەند موشکیل بو، دەڵی چونکو لە مەردان کار عاسییە نابن و مێر بەسەر هەر جۆرە چەوت و چەڵەمەیەک دا فایق دەبێ بەهۆی ڕەنج و زەحمەت و هەوڵ دانی چەند کەسی ساحیب ئیمان و ڕاست تەشکیلاتیش ساز کراو نەزم و تەرتیبیش دەنێو مەملەکەت دا بەرقەرار کراو دە مودەتێکی کەم دا ئیختیلافات و ناتەباییش دوایی پێدرا.

ئیدی ئەندامی حیزبی، نەهێنی نەبوو و بە ئاشکرا خۆی دەنواند و هەستی بە بەرپرسایەتی و لە پرسی نیشتیمانی و کێشە سیاسییەکان دا مەیدان داری دەکرد و وڵاتی بەڕێوە دەبرد. بە پێی لاپەڕەی ٩٨ی بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی ئەوکات لە نێوان کورد و عەجەم لەسەر دەستەڵاتی نەغەد ناکۆکی هەبوو، ئەندامانی لاو دەستەی نیزامی لاوانیان پیک هێنا و مانۆڕیان دا و هێزێ خۆیان نیشان دا و لەوبارەوە دەنووسێ:

بڕیار درا لە سابڵاخەوە هێندێ چەکدار بێن. لە سەرانسەری سندوس بە خەڵکمان ڕاگەیاند کە هەرچی سوارە و چەکی هەیە تاو هەڵ نەیە بگاتە نەغەدە. ئەو ڕۆژەی دیاری کرابوو میرزا وسێنی فروهەر بە جلی نیزامی ئەفسەریەوە لە سابڵاخەوە گەیشتێ. نیزیک ٥٥٠ سواری کورد بە چەکەوە بە ڕیز و بە نەزمێکی تایبەتی کە دوو کەس بە ناوی مرادی ئایشەخاڵە و کەریم کاشان ڕێبەریان دەکردن، گەیشتنە نەغەدە نیشان دانی هێزێکی گەورە بوو. میرزا وسێن بە درێژە قسەی کرد و کۆبوونەوە بڵاوەی کرد. بەڵام ئیتر مەسەلەی دەسەڵات لە سندوس بە جارێک چارەسەر کرا.

هەرلەو پێناوەدا دەستەیەک لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە نەغەدە لیباسی ئەفسەری ڕووسانیان لە بەر دەکرد و بە سواری ئەسپ کاروباری کۆمەڵەیان دەکرد.

## ئەساسنامە و مەڕامنامەی حێزبی دێموکرات

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٦٦ی کتێبی کۆماری کوردستان یان خودموختاری؟" دەقی مەڕامنامەی حیزبی دێموکڕاتی بەمشێوەیە هێناوە:

بیسمیل لاهی ڕەحمان و ڕەحیم

مەڕامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەسلی یەکەم:
١- نیوی حیزبەکەمان حیزبی دیموکراتی کوردستانە.
٢- بناخەی حیزبەکەمان لەسەر ئەمانەی ژێرەوە داندراوە:
حەقیقەت، عەدالەت، تەمەدون. تەواوی نیزامنامە و قانونەکانی حیزب لە پاش تەسدیق کران لە کۆنگرە بەجێ ئەگەیەندریت.
٣- قەلەم و گوڵەگەنم بە نیشانەی حیزب قەبول کراوە.
فەسلی دووهەم:
٤- لەسەردەمی ئێستادا ئامانجی هەرە گەورەی حیزب بریتیە لەمە کە لەنێو سنوری دەوڵەتی ئێران دا پارێزگاری لە مافەکانی گەلی کورد بکات. وە بۆ پەرەپێدانی ئەم مافانە ڕێوشوینی خودموختاری دائەمەزرینێت. لە تەواوی ئەو ئەیالەت و ویلایەتانەی کە بە دریژایی میژوو کوردی لی دەژیت و زەحمەتیان تێدا کێشاوە، هەروەها لە مەلبەندی کوردستان ئەبێ لەسەر ئەساسی دیموکراسی سودی کومەلانی گەل لەبەرچاو بگیردرێت. ئەبێ بە لەبەرچاو گرتنی جیاوازی نەتەوایەتی و قەومیەت و مەزهەب، حقوقی بەرامبەریان پێبدریت بۆ هەلبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شورای میللی.
٥- ئامانجی حیزب بریتیە لە پەرەپێدانی دێموکراسی وە لەسەر ئەساسی ئەمە بۆ بەختەوەری بەشەریەت تێ ئەکوشیت.
٦- حیزب لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هیچ دوژمناەتی و ناکۆکی نیە وە بە تەنیا ئەیەوی لە ڕێگەی ئاشتییەوە بۆ دامەزراندن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و تەندروستی و کشت و کاڵی گەلی کورد کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی بەدفەری ئیستعماردا وەپاش کەوتوە تێبکوشێت وە بو ئەمەش داوای مافی خودموختاری نەتەوایەتی ئەکات.
فەسلی سی یەم:
٧- تەواوی مالیات و داهات بە گویرەی پێداویست وەکۆ ئەکریت وە لەسەر ئەساسی حیسابی بودجە تەنزیم ئەکرێ و دابەش ئەکرێت.
٨- حکومەتی میللی لە یەکەمین هەنگاوەوە دەست ئەکات بە ئاوەدان کردنی وڵات وە پەرەپێدانی تەشکیلاتەکانی ئابوری و سیاسی وە لەبەر ئەمە ناتوانێت زیاتر لە سەدی ٣ ی مالیاتی وەکوکراو بە حکومەتی ناوەندی بدات.
٩- ئەبی تەواوی مەئمورەکانی کیشوەری و سیاسی و تەشکیلاتەکانی کشت و کالی لە کوردان بیت. حکومەتی نەتەوایەتی هەرکاتێ بە پێویستی بزانێت ئەتوانیت موشاورینی دەرەوە بانگ بکات. تەواوی کار و باری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی و عەدلییە ئەبێ بە زمانی کوردی بنوسرێ وە بەڕێوە ببردرێت.
١٠- حیزب بۆ پەرەپێدانی کشت و کاڵ تی ئەکۆشێت ماشێنی نوێی کشت و کاڵ بکرێت. حیزب تێئەکوشێت ئەو داهاتەی کە لادییەکان دەستی ئەخەن بەباشی بیفرۆشت.
١١- حیزب تێئەکوشێت بۆ ئاوەدان کردن و خاوین ڕاگرتنی دێیەکان و تەواوی ئەو کۆسپانەی کە بۆ کۆچ کردنی لادێیەکان لە دێیەکدا بۆ دێیەکی تر هەیە لە نێویان لا ببات.
١٢- حیزب بە بێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی نەتەوایەتی و قەومیت و مەزهەب لە ژیانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و تەندروستی تەواوی ئەو زەحمەتکێشانەی کە لە کوردستان ئەژین پارێزگاری ئەکا.
١٣- بە ئامانجی پەرەپێدانی عیلم و شارستانەتی لەنێو خەڵکی کوردستان دا، خوێندنی ئیبتدایی و ناونجی ئەبێتە ئیجباری وە لە تەواوی قوتانخانەکان ئەبێ خوێندن بە زمانی کوردی بێت.
١٤- بە ئامانجی بەرەو ژوور بردنی ڕادەی خوێندەواری و ژیانی شارستانەتی گەل، گەلێک کانگای زانستی و کتێب خانە و قەڕاوەت خانە و کلوب و تەئاتر و مەیدانی وەرزشی دائەمەزرێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٥- تەواوی ئەو مەئمور کوردانەی کە لە ئەیالەت و ویلاتەتەکانی لە ئیدارەکان و لە لەشکردا کار ئەکەن ئەبێ بۆ کوردستان بگەڕێنەوە.

١٦- حکومەتی میللی بە لەبەرچارگرتنی قازانجی خۆی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر وە لە نۆبەی یەکەم دا لەگەڵ دەوڵەتی مەزنی شووروی پیوەندی فەرهەنگی و ئابوری ڕائەگرێت.

١٧- حکوومەتی مەحەللی کورد لە تەواوی ئەو کۆنفڕانسە بەینەلمیلەلیانەی کە بۆ ژیانی بەشەریەت دائەمەزرێن بەگوێرەی نفوسی خۆی تەواوی حقوقەکانی خۆی داوا ئەکات.

١٨- حکومەتی خودموختاری کوردستان ئەبێ ئیختیاری ئەمەی هەبێت کە ئیمتیازی کانگاکانی ڕەعەمەل هێندراو وە ڕەعەمەل نەهێندراوی خۆی لە کوردستان بەهەر کەسێکی بیهەوێت بدات.

١٩- حکومەتی میللی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕێگەیەکی هەرزان و بێ دەردیسەرە وە بەربەرەکانییەکی بەتین بە پێچەوانەی سەلەم خۆر و گران جان و موحتەکیران بەرێوە ئەبات.

٢٠- حکومەتی میللی ئابوری کوردستان پەرە پێئەدات و لە تەواوی شارەکان سنعات دائەمەزرێنێت. ئەبێ دەستی بەدفەڕی ئیستعمار لەسەر سەروەتی تەبیعی ئێمە ببردرێت. بۆخۆمان ئەبێ لەو سەروەتە سود وەربگرین. وە لە عەینی کات دا بە قازانجی بەشەریەتی بگەیەنین.

٢١- ئەبێ لە تەواوی کاروباری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دا ژنانیش وەک پیاوان خاوەنی حقوقی بەرامبەر بن.

٢٢- مافی کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان کە لە کوردستان ئەژین (ئازەربایجانی، ئەرمەنی، ئاشوری) ئەبێ بەتەواوی لەبەرچاو بگیرێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان مانگی ئازەری ١٣٢٤

## حەقی ئەندامەتی

هەر ڕێکخراو یان حیزبێکی سیاسی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی پێویستی بە بوونیەیەکی ماڵی هەیە. بۆیە ئەندامانی حیزب دەبوو حەقی ئەندامەتی بدەن و حیزبی دێموکرات بۆ وەرگرتنی حەقی ئەندامەتی لێبڕاوانە هەڵسوکەوتی دەکرد و لەوبارەوە لە کوردستانی ژمارە ٢٤ دا لە ئاگادارییەک دا ئاوا هاتووە:

ئاگاداری

بە دوای ئاگاداری ژمار ١٦٠٦بەرواری ٢٤ دووبارە بە تەواوی ئەندامەکانی مەرکەزی حیزبی دێموکرات (شاری مەهاباد) ڕادەگەیندرێت هەرچی زووتر بۆ دانی حەقی عوزوییەتی خۆیان، مانگی(١٠-١١-١٢-٢٤) بە کانگای حیزب موراجعە بفەرموون و مانگانەی خۆیان تەحویل بدەن. وەئیلا بەرانبەری نیزامنامە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت.

کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان

عەبدوڵای قازی لە کتێبی وڵاتی من دا لەسەر ڕادەی ئەندامەتی دەنووسێ:

بە گۆڕانی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات، خەڵك دەستە دەستە هاتنە نێو حیزبی تازە و کارتیان وەرگرت. ئەندامەتی ٢ تمەن بوو ئەمن بە ٣ مانگان بۆم نەدەدرا، چوونکە خەڵك زۆر فەقیر بووو بەڕێچوون زۆر زەحمەت بوو.

## کاریگەری گۆڕانی ناو لە سەر ئەندامانی کۆمەڵە

بە دوای دروست بوونی حیزبی دێموکرات لە هیچ جێیەک ئاماژە بە نەمانی کۆمەڵە نەکرا و نەخرا بەر ڕەخنە و گازەندە. ئەندامانی کۆمەڵە بە دوای ئەو گۆڕانکارییەدا زیز نەبوون و نەتوران و دژکردەوەی خراپیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە خۆ نیشان نەدا. لە لایەکی دیکە ئەو ئاڵوگۆڕە دواتر بوو بە هۆی ئەوە کە نەزم و دسیپلین لە کەمێ بدا و خزم و خزمایەتی پەرە بستێنێ و هەروەها زۆر ئینسانی خراپ و فێڵباز و بەرژەوەندیخواز بخزێنە ناو حێزب.

دیارە زۆر بۆچوونی سەیر و سەمەرە لەسەر ئەو گۆڕانە هاتە ئاراوە، تاهیری ئیلخانیزادە لە لاپەڕەی ٢٨ کتێبی "ئاوڕێک لە موکوریان"دا لە زمانی سمایل ئاغای بابی دەنووسێ: حاجی سمایل ئاغا دەیکوت عەیبی قازی دەوەدا بوو زیاتر کارەکانی بە قسەی خۆی بەرێوە دەبرد، دەگەڵ ئەو هەموو خەسڵەتە چاکانەدا هەڵەی زۆر گەورەی هەبوو.

هەموو ئەوانەی وا من دیومن و باسی ئەو ڕۆژگارەم لێ پرسیون، وەک کاک هەمزەی حەیدەری، مەلا عەولای حەسار، حاجی سمایل ئاغای بابم، حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی، قاسم ئاغای موهتەدی، هەموویان پێیان وابوو دروستکردنی حیزبی دێموکرات بە قسەی ڕووسان هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو، بە جارێک خەڵکی لە کوردایەتی دڵسارد کردەوە و ئەو لە خۆبردوویی و ڕاستی و دروستی و وەفا و سەفای لە کۆمەڵەی ژێ ک دا بوو نەما، وای لێهات خەڵک وردەوردە بە جارێک لە هەموو شت دڵسارد بوونەوە. زۆر کەسی دڵسۆز و کوردپەروەر کشانەوە و لە ماڵە خۆیان دانیشتن. هەموو لایان وابوو ئەگەر ژ-ک مابا ئەو دەولەتە شەق و شرەی حەمەرەزاشا بە پێنج ساڵیش کوردستانی بۆ نەدەگیرا. ئەگەر ڕۆژگاری ژ-ک با خەڵک بە چنگ و نینۆک داکۆکیی لە کۆمارەکە دەکرد، بەڵام کاتێک دیتیان ڕووسیە حیزبی بۆ داناون و بە مەسڵەحەتی ڕووسیە و فیرقەی دێموکراتی تەورێز کە لقێک بوو لە حیزبی تودەی ئێران کارەکانیان بەرێوەدەچێ، خەڵک کشانەوە. بەتایبەت کە زۆر ڕەییس عەشیرەت و بەعزە مەلایەک کە هیچ گۆنە فکر و بیرێکی کوردایەتیان نەبوو، بوونە هەمەکارە و کارەکانیان لە دەست ئەندامانی ژ-ک دەردێنا. لە لایەک هیندێک گەنجی کەمئەزموونی مهابادی بە دنەدان و ڕێنمایی دێموکراتی تەورێز دەستیان بە چەپرەویی ناوەخت و بێبەرنامە کردبوو، لە لایەکی دیکەش سەرۆک عەشیرەتی وەک ئەمەرخانی شکاک حوکمرەوا بوو و زۆر ئاغا و عەشیرەتی دیکە کە هەر نەیاندەزانی ژ-ک چیە و بۆ چی دامەزراوە، کارەکانیان گرتبوە دەست. ئەو دوو چینە پێکەوە نەدەهاتنەوە، چەپی سەر بە ڕووس و تودە و ئاغا و مەلای کۆنە نۆکەری ڕەزاشا. قازی لە نێوانیان دا مەحتەل مابوو، سەریان لێ شێواندبوو. ئەندامانی ژ-ک و کوردانی دڵسۆز هەمووی پەراوێز خرابوون و کەس بە قسەی نەدەکردن. هەموو شت دەچووە بەر دەستی قازی و بۆ خۆی ڕای لە سەر چی بوو، ئەوە بەرێوە دەچوو. ئەوانەی لە مێژووی ئەو ڕۆژانەیان کۆڵیوەتەوە ڕایان وایە کە ئەندامانی ژ-ک هەوەڵی ڕازی نەبوون بە قوبووڵ کردنی قازی محەممەد بە ئەندام، لە ترسی ئەوەی شەخسیەتێکی وای هەیە حیزبەکە دەکەوێتە بەر دەستی و هەرچی بۆ خۆی پێی باش بوو ئەوە دەکا. لە ڕاستیش دا هەروا دەرچوو. کاتێک ژ-ک ئاشکرا بوو و قازی بوو بە ئەندام و سەرۆکی حیزبەکە، زۆر بە ڕوونی دەرکەوت ترسەکەیان حەق بوو، کەس نێوی نەما، هەموو شت هەر قازی محەممەد بوو. هۆی توانەوەی کارەکە زیاتر ئەوە بوو.

دواتر زۆر کەسی دژ بە حیزبی دێموکرات، زۆریان هەوڵ دا تا گلەیی و گازەندە و ناڕازی بوونی ئەندامانی کۆمەڵە سەبارەت بە حیزب ببینەوە و بیکەنە ئاتۆیەک بە دژی حیزب. ئەوان بە بێ هیچ بەڵگەیەک هەوڵیان دا تا لە نێوانی قازی محەممەد و هێندێک لە کەسایەتییەکانی کۆمەڵە، بە تایبەت عەبدولڕەحمان زەبیحی دا ناخۆشی و جیاوازی بیروبۆچوون بدۆزنەوە و لەوبارەوە بە دەیان کتێب، بێ ئەوەی تێیاندا ئاماژە بە بەڵگەیەک بکرێ، بەدی دەکرێ.

عەبدوڵلای حەسەن زادە لە لاپەڕەی ٢٠ کتێبی حەقیقەتی مێژوو لەسەر پەیوەندی پێشەوا و زەبیحی دەنووسێ: ... زەبیحی کێشەی لەگەڵ پێشەواش هەبوو، ئەمن مەبەستم ئەوە نییە تۆمەتی لێبدەم...

... مەشهوورە کە زەبیحی لەگەڵ ئینگلیزیەکان بووە، کە ئەمن زەمانەتی ڕاست و درۆیەکەی ناکەم، بەڵام وەکوو خاڵێک کە هەیە باسی دەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

... زەبیحی بە ئاشکرا موخالفەتی قازی محەمەدی کردووە، بەڵام لەژێر تەعالیمی قازی محەممەد دا کەس پێی نەگوتوە پشتی چاوت برۆیە.

عەبدوڵلای حەسەن زادە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونانە، کە زۆر لەسەری مسۆگەرە و بە بڕوای ئەو ئاشکرایە، ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەک ناکا و ناڵێ کە کێشەکە چییە. لەو پەیوەندییەدا، لە نووسراوی نەیارانی حیزبی دێموکراتیش دا، هیچ بەڵگەیەک نادۆزرێتەوە. ئەوەش کە مەشهوور بێ کە زەبیحی سەر بە ئینگلیسان بوو بێ ڕاست بە پێچەوانە زەبیحی هەم بە فکر و هەم پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە ڕووسان لە باکۆ و تەورێز هەبوو و لەسەر وەزعییەتی ئەوکاتی کوردستان بە دەیان ڕاپۆرتی داوە بە ڕووسان.

دیارە جیا لە عەشایر، کەسانی دیکەش هەبوون کە بە ڕواڵەت و بە بێ هیچ بەڵگە دەبێ دژی پێشەوا بوو بن. بەڵام ئەو بوختانە لەگەڵ شاعیری گەورە "خاڵەمین" نایەتەوە کە لە شارویران بەرپرسی کومیتەی حیزب بوو. بە گوێرەی بەشی سێهەمی دیاری کۆمەڵەی ژ. ک بۆ لاوانی کورد کە بریتیە لە ناميلکەی "دەستە گوڵێکی جوان و بۆن خۆش لە باغی نیشتمانپەروەری": خاڵەمین کوڕی حاجی شێخ مستەفایە سەیدێکی بەرزەنجییە. یەکێکە لە لاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردی موکوریان. شێعرەکانی هەموو بە کوردی پەتی (ڕووت) ئەهۆنێتەوە زۆر کەم وشەی بێگانەی تێدا ئەبینرێ...

عەبدوڵلای حەسەن زادە لە لاپەڕەی ٢٠ کتیبی حەقیقەتی میژوو دەنووسێ:... شاعیر هەبوو ئەوکاتە شێعری لە دژی قازی محەممەد نووسیوە و بڵاوی کردوتەوە، قازی محەممەدیش بە دەستی گەیشتوە، بەڵام ڕیگەی نەداوە کەس پێی بڵێ بۆ وات کردوە.

عەبدوڵلای حەسەن زادە لە وڵامی ئەو پرسیارە کە ئەو شاعیرە کێیە دەڵێ: شاعیرێکی باشیش بووە ئەوکاتە.

پرسیار : دیارە هەژار بووە؟

عەبدوڵلای حەسەن زادە وڵام دەداتەوە: نەخێر شاعیرێک بووە بە ناوی (خاڵەمین) بۆخۆم لێم نەبیستووە بەڵام گوایە هەژار گوتوویەتی: ئەگەر ئەمن و هێمن و هەژار و هێمنێکی دیکەش بین، بە هەر چوارمان (خاڵەمین)ێکمان تێ دەبێ.

مەبەستی عەبدوڵای حەسەنزادە لەو شێعرەی کە خاڵەمین بە ئاشکرا بە دژی قازی محەممەد نووسیویە ئەوەیە:

دەزانی ئەو کەرەتەش مامە کوردە خۆی فڕ کرد
لە ماڵی میللەتی بێچارە کیسەکەی پڕ کرد
هەوەڵ بە نێوی دێمۆکرات و کۆمەڵەی ژێ کاف
ئەوی بەڕێکی دەفامی ئەوانی سەر هوڕ کرد

لە دوایەدا ئەوی وەک چەنگ و باڵ و دندووک بوون
بە یەکی گرت بە یەکی بچڕی تا هەمووی مڕ کرد
وەباڵی کوردی بە ئەستۆی و لێکی کوردستان
لە دایە پیرە کوڕ و کیژی بۆچی بڕبڕ کرد
بڵێم چلۆنی فریودام و چۆنی چاو بەستم
چلۆنی دێ بە قوڕ گرت و شاری چۆن شڕ کرد
قەتاری کاری وە هەورازی نامرادی خست
هەتاکوو جۆگەی فرمێسکی سووری مەی خوڕ کرد
لەبەرچی حیز و دیز کۆنی خستە سەر میزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەرچی دەفتەری کورد خوازەکانی دڕدڕ کرد
عەجەب پچڕ پچڕێکی وە دایکی نیشتمان خست
کراسی عیفەتی ونجڕ برا بە ونجڕ کرد
هەتاکوو مەنجەڵی حیرس و تەماحی جۆش بگرێ
بە ئاتەگی وەبەری نیشت و ئاوری گڕ کرد
برا لە نان بەشی من هەویر و سەنگەک بێ
لە کێهە ڕێوە بەشی خۆت برشتە و کڕ کرد
لەباتی ئەسپی نەجیب و حدوودە یەستر و کەر
لغاو و زینی هەمانی قیاسە و لوڕ کرد
بەخت تەمای بوو وەدووی کاری کورد کەوێ ئەمما
بە گورجی لەبنەوە گورگی ددانی لێ گڕ کرد
قسێکی حەق دەڵێ خاڵت بە شەرتێ توڕە نەبی
بزانە هیمەتی تۆش هەر ئەوەندی تێ بڕ کرد

ئەو شێعرە دەبی دوای ڕووخانی کۆمار گوترابێ و لەو شێعرەدا ڕاست بە پێچەوانەی بۆچوونی عەبدوڵا حەسەنزادە هێرش نەکراوەتە سەر قازی محەممەد، بەڵکوو هێرش کراوەتە سەر کەسانێک کە لەژێر ناوی ئەندامەتی کۆمەڵەی ژ-ک و حیزبی دێموکرات دا، کەسانی ژیر و کارامەیان وەلاناوە و شار و دێهاتی کوردستانیان چۆل و وێران کردووە و "قەتاری کاری کوردانیان وە هەورازی نامرادی خست" وە و کەسانی حیز و ناکارامەیان هێناوەتە سەر دەستەلات و "دەفتەری کورد خوازەکانی دڕدڕ کرد" و بەختی کوردانیان تێک داوە. بۆیە ئەوکارانە لە پێشەوا و حیزبی دێموکرات ناوەشیتەوە و ڕووی شێعری خاڵەمین لە کەسانی سەرناس و گەورەی عەشایرە کە کەمیش نەبوون و ماوەیەک هاتنە ناو کۆمەڵە و حیزب و پاشان بوونەوە بە سیخوڕ و بە پیاوی ڕێژیم و خەیانەتیان کردەوە و هەوڵیان دا لە ناوچەدا، دەستەلاتی نگریسی دوژمن بەسەر کورد دا زاڵ بکەنەوە و...

لەباتی ئەسپی نەجیب و حدوودە یەستر و کەر
لغاو و زینی هەمانی قیاسە و لوڕ کرد
بەخت تەمای بوو وەدووی کاری کورد کەوێ ئەمما
بە گورجی لەبنەوە گورگی ددانی لێ گڕ کرد

جێگای ڕامانە کە چۆن عەبدوڵای حەسەنزادە کە زۆر وردبینە و مووی لە ماست دەردەکێشی، سرنجی بەوانە نەداوە.

خاڵەمین ئەندامی بەوەجی حیزبی دێموکرات بوو و لەمەر خوشەویستی بۆ حیزبی دیموکرات و پیشەوا، شێعری زۆرە کە لە ئەوجی دەستەڵاتی کۆمار دا گوتراون. بۆیە تاوانی هەڵبەستنی ئەو شیعرە بە دژی پێشەوا، ناحەقییە دەرحەق بە خاڵەمین. لێرەدا ئاماژە بە چەند بڕگەیەک لە شێعرەکانی دەکرێ.

لە گۆڤاری ژمارە ١ کوردستان دا باس لەوە دەکا کە خاڵەمین لە یەکێ لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی یەکەمی حیزب لە ڕۆژی ٢٤/ ٢٤/٨ ئەم شێعرەی خویندەوە کە باسی حیزبی دێموکرات دەکا، خوێندەوە:

ڕەبی پیرۆز بێ لێتان حیزب لە نوێ
چنا تۆوییەکی بەو زوانە دەڕوێ
هەناری شین و ساوای باغی ساواو

بگا سوور سوور و شیرین بێت و بگوێ
بە گوێیدا وا سریواندم فرشتە
گوڵی هیوای کوردستان دەپشکوێ
شەفای دەردی دڵە حیزبی دیموکرات
دەوایە بۆ برینی جەرگی توێ توێ

لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ی ژمارە ١٢ ی سالی ١٩٤٦ دا، خاڵە مین لە شێعری "بابی فەقیر و بێکەس و بێدەستەڵات و ڕووت" دا باس پێشەوا و کاریگەری کارەکانی ئەو دەکا و بە کاکی خۆی و بابی فەقیرانی دادەنێ. لە چەند بڕگەیەک دا دەڵێ:

... باسێکی خۆش دەزانم و واپێت دەڵێم گوڵم
تا تێکەڵی بکەی شەبەقی ڕووت و ڕەنگی مووت
بیستوتە پێشەوای مە (قازی محەمەدە)
وە... وە... دە تێیکە پیاڵەی، نیشئەی سەرم بزووت
شەریک دەکەم لە باتی برایانی شارویران
جێژنێ دەکەم بە تەقڵە و ڕمبازی هاتووهووت
موتریب وە زەمزەمە بخە تارت بە ناڵە ناڵ
ساقی وە هەمهەمەی خە کە نارم بە ڕەنگ و بۆت
ڕێ و شوێنی دینی شەرعی و زانینی دادەنێ
(ڕێ شارەزایە) بۆ مە لە دنیا و دین بە جووت
کاکی هەژار و هێدی و ئەی هێمن و منی
بابی فەقیر و بێکەس و بێدەستەڵات و ڕووت
پێی وەک یەکن برا گەلی داماو و دەوڵەمەند
دێنێتە ڕێکی یەک بە تەرازووی تۆن و پووت
... بەس بێ قسە و دوعا بکە بۆ "پیشەوای کورد"
یا خوا بژی بە شادی حساب نەکرێ عومری چووت
... هەر خاڵەمینە" یاری وەفادار و دڵ ڕفاو
شەرتە هەتاکوو مردنێ حەولێ بدا لە دووت

لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ی ژمارە ٣٣ دا، باسی جێژنی کومیتەی مەحەلی شارویران کراوە کە لەوێ دا خاڵەمینی بەرزەنجی شێعری جێژنە پیرۆزەی خوێندەوە. لێرەدا ئاماژە بە چەند بڕگەیەک دەکرێ و دەردەکەوێ کە چەندەی ڕێز بۆ پێشەوا هەبوو:

**(جێژنە پیرۆزە)**

موژدە بێ ئەوڕۆکە جێژنی کوردی کورد
جێژنی مەولودی و ئازادی کورد
...(قسقەڵاش) بۆ سەرەتاش ڕووناکی
شۆرەکاتیش بی بەڵێ پێم چاکی
مەرکەزی حیزبی کومیتەی لێیە
پێن بلێ دا بەرهەڵەستت کێیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

... جێبەجێ بچتە سەری تەشکیلات
دێتە جێ بۆت هەموو ئاخ و ئاوات
مەرکەزی حیزبی دێموکراتی ئەتۆ
جێش هەموو ئارەزو ئاواتی ئەتۆ
گەرچی وێران و خراپ و چۆل بۆش
گەرچی چۆم ئیشک و زەناو و گۆل بۆش
پێشەوای گەورە...
وە نیزیک دەخا لە بۆت ڕێگەی دوور
باب و باپیر و برا و خزم و خەزوور
نەنەو و دایک و کچەکان و دش و پوور
کۆ دەکا ئەو گەلی لێک دوور و بڵاو
ئاوەدان دەبیەوە چۆمت پڕ ئاو
ڕۆ دەنێ مەدرەسەی کوردی لە بۆن
وەرە جا بمرە لە خۆشیان و بڕۆن
قەڵەم و دەفتەر و خانوی لە نوێ
ساز بکە گورج و شتی دیشی دەوێ
شین دەبێ زوو زوو برا شەو تۆوە
هەر ئەوەند نەختێ سیوادت بۆوە
تێدەگەی ئەودەمە دنیا کە چییە
هەر خودایی کە کەسی دیکە نییە
شاروێرانیش کە دەپرسی کوێیە
هێندەو ئەو خاکە کە شاییت پێیە
هەر لە (ئازادە) وە تا کوزەکەرێز
لە مەهابادە و تا چۆمی بە هێز
یانی تا سەر جەغەتوو بڕوانە
بەشی بێ کێشەی شاروێرانە
لەسەری ڕا هەیەتی تا سەری چۆک
لاقەکانی دەپەڕێنن وەک لۆک
یانی نەیدانێ مەحاڵی شازدە
(خاڵی) خۆم لەو قسە کۆنەش بازدە
گەرچی لەو کارە ئەمیش هەر زیزم
دەی تەنم ماوە چ پۆز و فیزم
(پێشەوای کوردی) چلۆن پێی چا بێ
ئەتۆ نازانی دەبێ هەروا بێ

لە ژمارەی ٣٤ ڕۆژنامەی "کوردستان" ی ١٩٤٦دا، خاڵەمین لە شیعری درویان مەکەن دوای پێهەڵاگوتن بە گرینگی ڕۆژنامەی کوردستان، لە برگەیەک دا بە پێشەوا هەڵادەڵێ و دەڵێ:

دوو کەسن دەردی ئێمە دەرمان کەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیاوی زۆرزان و سواری دەست بە جڵەو
هەر بژی پێشەوای کوردستان
پێشەوایی لەسەر ئێمە تا سەر ئەو

لە ساڵەکانی دوای کۆمار دا، هەوڵی سازکردنی ناکۆکی لە نێوان پێشەوا و هێندێک کەسایەتی کۆمار، بۆ شێواندن و چووک کردنەوەی مێژووی حیزبی دیموکرات، لە لایەن هێندێک کەسایەتی و گروپ و دەستە، بە شێوەیەکی کانالیزە کراو و بە بەرنامە کاری بۆ کرا. بەڵام نەتەنیا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکوو زیانیشیان بەو کەسایەتییانە گەیاند کە بە دژبەری پێشەوایان دادەنان.

ڕەوتی ناکۆکی ساز کردن لە نیوان ڕیبەرانی کۆمار، جاری وایە ڕواڵەتی زۆر دزێو و قیزوەن بە خۆوە دەگرێ و لە هەموو لێکدانەوەیەکی زانستی دوور دەکەوێتەوە. لە کتیبی ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە عەلی کەریمی ئامادەی کردووە، پرۆفسۆر ئەمیری حەسنپوور بۆ بۆ ئەو مەبەستە، بە دوای فەرهنگی زەبیحی دا دەگەڕێ و لە پیتی "ب" دا وشەی بەیعەت دەبینێتەوە کە ئاوا هاتووە:" بەیعەت پێکردن... ڕازی بوون بە سەرۆکایەتی کەسێ و جڵەوی کاروباری خۆی تەسلیم کردن. هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات بە شێوەی ئیسلامەتی". تیبینی١ : بۆ کردنی کەسێ بۆ خەڵیفەی ئیسلام، موسوڵمانان کۆ دەبنەوە و تەگبیر و ڕاوێژ دەکەن تا ڕایان دێتە سەر یەکێک بیکەن بە خەڵیفە. ئەوجار یەکە یەکە کە هەڵدەستن و دەستی ئەو کەسە دەگرن و دەڵین بەیعەتم پێکردی. ب) خوالێخۆش بوو قازی محەممەدی شەهید سەرەڕای ئەو کە بە شێوەی گشتی و ئێمڕۆیی بۆ پێشەوایی و سەرۆکایەتی حکومەتی میللی کوردستان هەڵبژێردرا بوو تا ماوەیەکیش هەرکەس بۆ دیتنی دەچوو داوای لیدەکرد( بەیعەتی پیبکا.) و دەیگوت تا سەرۆکایەتیکەی شێوەی شەرعی و ئیسلامیەتی وەربگرێ.

قامووسی زمانی کوردی، بەرگی ٢ ل ٢٩٩

وەک دەردەکەوی لەو مانایە دا، لە نیوان دوو کەسایەتی کۆمار دا، جیا لە ڕێز و خۆشەویستی هیچ دوژمنایەتیک دەرناکەوێ بەڵام ئەوبابەتە بۆ ئەمیری حەسەنپوور دەبێ بە فاکت و بەڵگە و بەو ئاکامە دەگا تا لە لاپەڕەی ٢٧ کتیبی عەلی کەریمی بڵێ: زەبیحی لەو تێبینییەدا، بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە پێشەوا و ڕابەرایەتیەکەی دەگرێ و ئەوەش بۆچوونی کاک عەلی کەریمی سەبارەت بە ناکۆکی نیوان قازی محەممەد و زەبیحی و کۆمەڵەی ژ. ک و ح. د. ک وەڕاست دەخا".

گۆمانی تێدانییە کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە و خودی قازی محەممەد بە گۆڕینی ناوی ڕێکخراوەکەیان ڕازی نەبوون، بەڵام هەموویان ئەو ئاڵوگۆڕەیان بە دڵ و گیان قبووڵ کرد و بە هەموو شێوەیەک کاریان بۆ کرد. مامۆستا هەژار کە خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ کۆمەڵە هەبوو بەڵام لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٩٢ دا ئاماژە بە مێتینگی گەورەی دە هەزار نەفەری شاری مەهاباد دەکا و دەنووسێ: ... هەرچەند لەو ڕۆژەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان تەشکیل بووە هەموو ساتێکمان بەرجەستە و تاریخین بەڵام ڕۆژ و وەخت و سەعاتی واش دێن کە فەرقێکی تایبەتی هەیە و لە ڕۆژانی دی تاریخیترن. ڕۆژی ١٣٢٥/٧/٥ یش لەوان دژمێردرێ.

عەبدولرەحمان زەبیحی کە دەنگۆی ئەوەی لەسەر بوو کە دژی گۆڕانی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات بوو لە کوردستانی ژمارە ٣٩دا لە سەر حیزبی دێموکرات دەنووسێ: ... ئێمە گەنجانی کوردی موکوریان بە دامەزراندنی حکومەت لە ژێر ئامۆژگاری حیزبی دێموکرات ئیسپاتمان کرد کە کورد بۆ ئەستاندنی حەقی خۆی ئەگەر لە نەتەوەکانی دیکە زیاتر نەبێ کەمتر نییە و لە هەموو حەیسێکەوە بۆ وەدەستگرتنی موقەدەراتی خۆی لیاقەتی هەیە...

عەبدولرەحمان زەبیحی هەر لەو بابەتە لەو سەرچاوەدا لە سەر ڕۆژی دووی ڕیبەندان دەنووسێ:

... ئەسڵەن لەم ڕۆژەدا هەوای مەهاباد سەفا و نشاتێکی دیکەی هەبوو. خەڵک دەستە دەستە و پۆل پۆل



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به کوچه و کۆڵانی شار دا ده هاتووچۆ دابوون و بریقەی شادی و دڵخۆشی له چاویان دابوو. تەنانەت سیمای عەبووس و مرچ و مۆڕەکانیش ئەو ڕۆژه گەش و خۆش بوون. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی که لەم ڕۆژەدا ئاواتی چەندین ساڵەی قەومی پێکهات ... لاوانی کورد له مەهاباد به ڕیاسەتی جەنابی قازی محەمەد حکومەتی میللی کوردستانیان بونیاد نا و خانوویەکی سیاسیان بۆ هەموو کوردی گیتی دامەزراند.

مامۆستا زەبیحی له ڕۆژنامەی کوردستانی ژماره ٧٣ دا له بابەتێک دا لەسەر سیاسەتی ئیستیعمار، باس لەسەر کەسایەتی گەورەی پێشەوا دەکا و به فارسی دەنووسێ: با تعلیمات حکیمانەی پیشوای بزرگ خود حضرت آقای قاضی محمد پایه دیموکراتیک و آزادی خواهی فداکاری در راه آزادی و استقلال حقیقی تمام کشور ایران ایجاد شده کمترین رخنه نخواهد کرد.(له ژێر ڕێمنایی و ئامۆژگاریێ گەورەکانی پێشەوای گەورەی خۆمان حەزرەتی قازی محەممەد، بناغەی دێموکراسی و ئازادیخوازی و فیداکاری له ڕێی سەربەخۆیی ڕاستەقینەی تەواوی ئێران دابین کراوه و له داڕمان پاراستراوه).

دامەزرانی حیزبی دێموکرات به هەموو ڕوانگه و بیروبۆچوون و کردەوەکانی وڵامدەری پێویستییەکی مێژوویی سەردەم بوو. گۆڕانی کۆمەڵه به حیزبی دێموکرات شۆڕشێکی بەرین بوو و ڕاستی چۆنییەتی ئەو گۆڕانه له شێعری شاعیرانی گەوره دا ڕەنگی داوەتەوه. مامۆستا هێمن له پێشوازی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات له ساڵی ١٣٢٤ دا دەنووسێ:

له سایەی حیزبی دێموکراتی خۆمان
له باڵدار تیپەڕی ئەورۆکه پێڕۆ
نەما داخ و پەژاره و ماتەم و خەم
زەمانی هەڵپەڕین و بەزمه ئێمڕۆ

ماموستا هەژار که خۆشەویستییەکی تایبەتیی بۆ کۆمەڵه ژ.ک هەبوو، له شێعری "دوای تەنگانان فەرعانیه" که له ڕۆژنامەی کوردستانی ژماره هەشت دا چاپ کراوه، بەراوەردی جیاوازی گەوره نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵه دەکا و دەنووسێ:

ئێمه پۆلێک بووین له پێش چاوی نەزانان مەسخەره
کۆمەڵێک بووین، نێوی مه ڕووت و ڕەجاڵ و بێسەره
بۆ هەوای ئازادی کوردستان، که مەجلیسمان دەگرت
گاڵەدان و گرتنی پێویست بوو دەرک و پەنجەره
نیوی ئەسلیمان فڕێدابوو له ترسی کاکمان
گەر محەمەد با دەیانگوت نیوی بینایی بەره
دیاره دوای تەنگانه فەرعانەن ووتیکه بێ درۆ
پاش شەوی ڕەش سپیەتی و ڕووناکی میهری ئەنوەره
کێ جەفەنگی لێدەدا پێمان، قوماری پێ دەکەین
ئەو ڕەش ڕووتانه ئێستا پاکی ئاغا و سەروەره
ناله ڕاز و نیازی ئەو شەوانەی که دیتمان
ئێسته گرمەی لاقی پێشمەرگه و سەلامی ئەفسەره
دەرکی حیزبیمان که خاک ژێر کردبوو کەشفی نەکەن
ئەڕۆ خاین وا له کانگای حیزبەکەم قفلی دەره
دەنکه فرمێسکی هەژاران کەوته دەریای مەعدەنت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو بە گەوهەر ئەو ڕەئیس جەمهورەمان ئەو گەوهەرە
هەر بژی ئەی گەوهەرەی یەکدانە ئەی دوڕی یەتیم
تۆ لە ئاڵۆزی و گرێ کردت ڕەها ئەو ماشەرە
رەبی گەردوون هەر بە مەیلی لەشکری سوور خول بدا
تا ئەوێ ڕۆژی دەڵین ئەورۆکە ڕۆژی مەحشەرە

## تەشکیلات و ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات

گۆڕانی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات هەر لە چوارچێوەی ناو دا نەبوو بەڵکوو ستراتیژی و سیاسەت و قەوارەی تەشکیلاتیی ئەو حیزبەی لە خۆ گرتەوە. شێوەی وەرگرتنی ئەندام و چەشنی کار و تێکۆشان کە وڵامدەری هەلومەرجی ئازادی ئەوکات بوو، گۆڕانی بەسەر داهات. بە مەبەستی بەشداری عەشایر لە سازماندانی حیزب دا و بەهێزکردنی بەرەی ڕەزگاریخوازی کورد، لە هەموو شێوەکان کەڵک وەرگیراوە. لەو چوارچێوەیە دا، لە ڕاپۆرتی وەزیری شەڕ بۆ سەرۆکوەزیران دەردەکەوێ کە عەشایر چۆن بەرژەوەندی خۆیان لەبەر چاو گرتووە و هەروەها ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات چەند وردبینانە لەگەڵ کۆمەڵگای ئەوکات جووڵانەوە. بەپێی لاپەڕەی ١٠٥ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" لە لایەن وەزیری شەڕ بۆ سەرۆکوەزیران بە ڕێکەوتی ١٣٢٤/٩/١١ نووسراوە کە بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکان لەسەر کردەوەی کوردان بە دژی دەوڵەت، ئاگادارتان دەکەمەوە کە بە پێی ئەو هەواڵانەی لە تەورێزەوە گەیشتوون عومەرخان ئەو ڕۆژانە لە کۆبوونەوەیەک دا گوتبووی کە هەموو کەس توانایی سمایل ئاغایان دیبوو بەڵام لە بەرانبەر بە توانایی دەوڵەت نەیتوانی کارێک بکا. ئەوانەی خەڵکی هان دەدەن، هەرکات بە کردەوە هاتنە مەیدان و وەپێش ئێمە کەوتن، ئێمەش لەگەڵ دەکەوین. مەلا مستەفا دوو ڕۆژە بە نەهێنی هاتووتە مەهاباد. شێخ عەبدوڵای ئەفەندی بە یارمەتی قازی محەممەد خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی و دامەزرانی پەنابەرانە. عومەرخان جیا لە گەنم ٦٠٠٠ تمەنی نەغد داوە. لە کاتی ڕۆیشتنی تاهیرخان کوڕی سمکۆ، قازی محەممەد پێی گوت، لەبیر نەکەی بابی تۆ عەجەم کوشتیان و ناوبراو (قازی محەممەد) پێیخۆش بوو وەک حاجی قەرەنیاغا و مەلاخەلیل و ئیدیکە کە حازر نەبوون بێنە مەهاباد، بە هۆی دەوروبەرەوە بیانترسێنێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و بڕیار درا، لە مەلاکان چوار کەس و لە هەر یەک لە تایفەکان چوار کەس بە نوێنەرایەتی هەڵبژاردن، بە کومیتەی مەهاباد بناسرێن.

لەو بەشە لە کوردستاندا کە سەربەست و ئازاد بوو، لە ژێر ناوی یەک تەشکیلات دا خەڵک ڕێکخران و بە ئاشکرا دەستەڵاتیان بە دەستەوە گرت و لە کاروباری وڵات دا بەرپرسایەتیان بەستۆوە گرت.

لەو سیستیمە تەشکیلاتییە نوێیە دا، ڕیزی خەڵک بە ئاشکرا و لە نێو عەشایر دا بە ئامۆژگاری ئاغاوت، بە لیشاو هاتنە ناو حیزب. لەگەڵ بەربڵاوی و فەراوانی بواری ڕێکخستنی تەشکیلاتی حیزب، ڕێبەرایەتی حیزب بۆ بەرفراوان کردنی تەشکیلات، کادرە بە وەجەکانیان بۆ ناوچەکانی دیکە نارد. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٢ دا لە ژێر ناوی "کۆمەگ" ئاماژە بە کار و تێکۆشانی ئەندامانی حیزب دەکرێ کە ناردراون بۆ مەڵبەندی جەلالی و ... لە سەرووی کوردستان و لەوبارەوە هاتووە:

چەندێک لەوەی پێش برای خۆشەویت ئیبراهیم ئیبراهیمیان لە لایەن کومیتەی مەرکەزی حیزبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێموکرات کوردستان بۆ مەڵبەندەکانی میلانی، جەلالی، قرەنی، کاری درایە کە بە کومیتەکانی مەحەلی و ولایەتی ئەو جێگایانە ڕابگا و دەستوراتی پیویستیان بداتێ...

بە پێی ئەو بەڵگەیە، ئاغای ئیبراهیمیان دوای تەواو بوونی مەئمووریيەتەکەی، یارمەتی ئەندامەتی ئەندامانی کومیتەکانی " قزڵداخ و قرەنی و ئاداخان" ی کۆ کردۆتەوە و لە گەڵ یارمەتی دیکە هێنایەوە بۆ مەهاباد.

هەروەها لە چوارچێوەی کار و تێکۆشانی ئەنداماندا، لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٥ دا بابەتێک بە ناوی "گەڕانەوە" هاتووە کە تێیدا نووسراوە:



برایانی خۆشەویست حاجی سەید محەمەد سەیدی و مەلا محەمەد ئەمین حەدادی کە چەندی لەمەوپێش لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەتراڤی ماکۆ و کوردانی ئاراڕات، بۆ دانانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و ئیجادی برایەتی لە نێو ئەوان دا چووبوون، ڕۆژی ٢٥/١/١٥ بە موفەقییەت گەڕانەوە...

ئەوان لەو سەفەرەدا یارمەتێکی زوریان لە عەشایری جەلالی و میلانی و ... کۆکردبووە.

لەسەر کارو تێکۆشان و توانایی بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات لەو قوناغەدا هەرچی بگوترێ کەمە و ئەندامانی حیزب لێبراوانە لە هەموو بوارێک دا بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان تێکۆشان. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٩٢ دا دڵشادی ڕەسووڵی لە ژێر سەردێڕی "خەدەماتی حیزبی دێموکراتی کوردستان" دا ئاوا باسی کارەکانی حیزب دەکا. حیزبی دێموکرات کوردی لە تەنگوچەڵەمە و زیندانی و دیلی هێنایە دەر و بە خوێندن و نووسین ئاشنا کرد. حیزبی دێموکرات دووبەرەکی و نیفاقی لە نێو وڵاتدا نەهێشت و گەنجانی وڵاتی بۆ پاراستنی وڵات، لە خەو هەستاند و بەرپرسایەتی لە بەرانبەر بە میللەت دا و کەڵک وەرگرتن لە ئازادی و خۆشی ژیان، ئامادە کرد. سیاسەت و دیسیپلینەکانی سیاسی حیزبی دێموکرات بوو بە هۆی سەربەرزی و سەربڵیندی نەتەوەی کورد لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات. بە گشتی خزمەتی حیزبی دێموکرات لەو ماوە کەمە دا موعجزەیەک بوو کە کەم حیزب دەیتوانی کاریکی ئەوتۆ بکا.

## ڕێکخراوی ژنانی حیزبی دێموکرات

به هۆی دواکەوتوویی لە ڕادەبەری کوردستان، بەشداری ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کولتوری و سیاسی کوردستان دا دژوار و چەتوون بوو و لەگەڵ دژکردەوەی توندی کۆمەڵگا بەرەوروو دەبوو. بەڵام لە کۆماری کوردستاندا بە هێمەتی ڕێبەرانی کۆمار ئەو تابۆیە شکا و هەوڵ درا تا ژنان لە کۆڕ و کۆمەڵە گشتییەکان دا، چالاکانە بەشدار بن، مێتینگ بدەن و دەنگیان هەبێ.



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: مریەمی قازی، مینای قازی، سوهەیلا

هەرچەند ژنان لە ئاستی بەڕێوەبەری وڵات دا، بەرپرسایەتی گەورەیان نەبوو، بەڵام لە زۆربەی ئەرک و کاروبار و بۆنەکان، هەروەها دەرس خویندن و نووسینی زمانی کوردی دا چالاک بوون.

یەکێک لە گرینگترین کارەکانی کۆمار پێکهێنانی تەشکیلاتی ژنان بوو و پێشەوا قازی محەممەد لە هەموو کەس زیاتر بە ئەرکی خۆی زانی لەو پێناوەدا هەنگاو بنێ و بەرگری لە مافی ژنان بکا. بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە دوو، لە وتوێژی پێشەوا لە لە گەڵ ئاغای تەفەزولی و عەباسی شاهەند و بزورگی عەلەوی، دەردەکەوێ کە چەندە ماڤی ژنانی بەلاوە گرینگە و لە وڵامی ئەو پرسیارە کە ئایا ئێوەش وەک فیرقەی ئازەربایجان مافی دەنگ دان و داوە بە ژنان؟ دەڵێ: ئەمن دەگەڵ وەی کە ئەو کردەوەی ئازەربایجان بە چاک دەزانم دەبێ عەرزتان بکەم کە ئێمە ئەو مۆفەقییەتەمان بۆ ساز نەبووە.

دوکتور قاسملوو لە لاپەڕەی ٤٥ ی کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی دا لە سەر هەڵسوکەوتی پێشەوا لە سەر ئەو بابەتە ئاوا دەنووسێ: بۆ ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی ژنان پێشەوا ژن و کچی خۆی هان دەدا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشداری بکەن و بین بە نمونە بۆ ژنانی دیکە.

لە سەردەمێک دا کە ژنان لە هەموو ماڤەکانی ئینسانی وەک خوێندن و نووسین و ژیانی هاوسەرگیری و ... بێبەری بوون، مینا خانمی خێزانی قازی محەممەد و دووکەس لە کچەکانی بە ناوی عیسمەت و عیفەت، شانبەشانی پێشەوا و لە ژێر ڕینمونییەکانی ئەودا لە زۆربە کار و تێکۆشانەکانی بەشی ژنان دا چالاک بوون.

بەر لە دامەزرانی کومیتەی ژنانی حیزبی دێموکرات، هەوڵ درا تا کۆنفڕانسی ژنان پێک بێ و بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٧ لە ڕێکەوتی ١٧ ی ڕەشەمە لە خانەی فەرهەنگی کوردستاندا، کۆنفڕانسی قسەی ژنان گیرا. ئەو کۆنفڕانسە، جیاواز لە ڕێوڕەسمەکانی جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال بوو و بە پێی قسەکانی وێلمەی سەیادیان، تایبەت بە بیروڕای ژنان بوو. لەپێش دا میناخانم خیزانی پێشەوا، لە سەر وەزعییەتی ژن لە شووڕەوی قسەی کرد و دوایە خۆشحاڵی خۆی لە سەر بەشداری ژنانی کوردستان لە خوێندن دا دەربڕی. دوایە کیژ عیفەتی قازی و خەدیجە حەیدەری و کوبڕا عەزیمی و کیژ عیشرەتی

عەزیمی و کیژ مریەم حمیدی و شاسوڵتانی فەتاحی قازی و کیژ ساحبەی یاهوو و وێلمە سەیادیان و کیژ عیسمەت قازی و کیژ گەوەرتاجی سەدری قازی، کیژ فەریدەی زەندی و مەرزە بلەزادە، قسەیان کرد. کیژ عیشرەتی عەزیمی لە قسەکانی ئەوەی دەربڕی کە ئەو شانازی دەکا کورد و بە کوردی خوێندویەتی. لە هێندێک لە وتاری یاییەکان دا باسی ئەو وێنانەی وڵاتی ڕووسیە بە تایبەتی مەسکۆ کرا کە لەو ساڵۆنە داندرابوون و گەورەیی و پێشکەوتوویی ئەوکاتی وڵاتی ڕووسی بەیان دەکرد.

هەر لە درێژەی کار و چالاکییەکانی ژنان دا، لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٤ دا باسی کۆنفرانسی یاییان لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد و شووڕەوی دا کراوە و تێیدا هاتووە:

کۆنفرانسی یایان لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد و شوڕەوی

ڕۆژی جومعە ١٣٢٤/١٢/١٧ لە لایەن یای پێشەوای کوردستان کۆنفرانسێک بۆ بیرئاچغ بوونەوەی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان لە یانەی فەرهەنگی کورد و شوڕەوی گیرا. لەم کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی زۆر لە یایەکانی ئەندامەکانی کومیتەی مەرکەزی و ئاموژگاران و شاگردانی مەدرەسەی کچان و کارگەرانی حیزبی دێموکرات و ئیداراتی حکومەتی و توجار و کەسەبە بە پێی بانگهێشتنی کە لە پێشدا کرابوون حازربوون. دەپیشدا یایی پێشەوای کوردستان لە بابەت ئەهمییەتی خوێندنی ژن و کچ و پێشکەوتنی ئیتحادییەی ژنانی شوڕەوی و پێویستی شناسایی دەگەڵ وان ئیراد کرد. دوایە عدەیەکی زۆر لە ئاموژگاران و شاگردان و یاییەکانی دێ نوتق و ختابەیان خوێندەوە و کۆنفرانس کە لە ساتی ٢ ی پاش نیوەڕۆ گیرابوو لە ساتی ٥ دوایی هات.

بە دوای ئەو کۆنفرانسەدا هەوڵ درا تا ڕێکخراوی ژنان دابمەزرێ. سەعید هومایون لە لاپەڕەی ٩٧ی کتێبی پێشەوای بیداری دا، دوای باسی لێوەشاوەیی هەڵسوکەوتی ڕێبەرانی کۆمار سەبارەت بە ژنان، باسی دامەزراندنی کومیتەی ژنان دەکا و دەنووسێ:

ڕێبەرانی کورد ... بەو ڕاستییەیان زانی کە ئافرەت نیوی کۆمەڵگای وڵات پێکدێنێت و نابێ ئەو هێزە گەورە مرۆیە لە ماڵدا زیندانی بێت، بەڵکوو دەبێ زەمینەی پەروەردە بوونی ئەوان لە ناوەندەکانی پەروەردە بوون دەستەبەر بکرێت و لە بەشە جیاوازەکانی ڕێکخراوەکان و ئۆرگانەکانی کۆمەڵایەتی سودیان لێ وەربگیرێت، تا ئافرەتانیش وەک پیاوان هەموو مافە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بەدەست بێنن. لەو ڕوانگەیەوە، بۆ یەکەم جار لە کوردستانی ئێران کۆمیتەی خانمان لە شاری مهاباد پێکهات و بەم جۆرە گروپێکی زۆری ئافرەتان، سەرەڕای ئاشنا بوونیان لەگەڵ مافە پێشێلکراوەکانیان، تێکەڵاوی خەباتی کۆمەڵایەتی وەک: مامۆستایەتی، چالاکی سیاسیی، ڕۆژنامەنوسی و کاروباری دەرمان و تەندروستی بوون و لە جەژن و بۆنەکاندا وتاریان دەخوێندەوە، سرودیان دەگوتەوە و کاری هونەریان دەکرد.

بە پێی کوردستانی ژمارە ٢٥، ڕێکخراوی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١٢/٢٤ بە سەرۆکایەتی مینا خانم دامەزرا و لەو بارەوە هاتووە:

## سازکردنی حیزبی دێموکرات

(لە لایەن ژنانی کوردستان)

ڕۆژی جومعە ١٣٢/١٢/٢٤ لە لایەن یای پێشەوای کوردستان لە ژمارەیەکی زۆر لە یایەکانی

تێگەیشتووی کوردستان گێردرایەوە و لە ساتی ٣ پاش نیوەڕۆ لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆبوونەوە و بە سەرۆکایەتی یایی کوردستان(یای مینای قازی) حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا و ژمارەیەکی زۆر لە یایان نێونووسیان کرد و مانگانەی ئەندامەتیان لە تمەنێک تا دە تمەن وەئەستۆ گرت.

هەرلەو بارەیەوە مەناف کەریمی لە لاپەڕەی ٩٧ی کتێبی سەعید هومایون دا دەڵێ:

بۆ یەکەم جار ژنانی کورد بەشێوەی ڕەسمی تێکەڵاوی کاروباری کۆمەڵایەتی بوون و هەلیان بۆ ڕەخسا کە تا ڕادەیەک بە مافی لە دەستچوویان بگەن و ڕۆڵی خۆیان لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بگێڕن. بە گوێرەی بەندی ٢١ی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی دیموکرات کە ئافرەتان و پیاوان لە هەموو مافێکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و مەدەنیدا یەکسانن، کۆمیتەیەک بەناوی کۆمیتەی ژنان پێکهات. مینا خانمی هاوسەری قازی محەمەد سەرۆکایەتی ئەو کۆمیتەی وەرگرت. زۆر ڕوونە بە هۆی گوێ نەدانی حکومەتی ڕەزاشا بە خوێندنی منداڵانی کوردستان، ژمارەی ژنانی خوێندەوار لە کوردستان لە بەرامبەر شارەکانی تری ئێران، زۆر کەم بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی خۆشەویستیی کۆماری کوردستان لە لایەن خانمانی کوردستانەوە، لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ژنان، ئافرەتان گروپ گروپ بە ویستی خۆیان هاتن لە کۆمیتەی ئافرەتانەوە و وەزارەتی پەروەردەی کوردستان سەرەڕای ئەو خوێندنگەیەی کە لە مهاباد هەبوو خوێندنگەیەکی تریشی بۆ کچان دان.

مەریمی قازی لە وتووێژ لەگەڵ زارا مەنگوری، یەکەم قوتابی قوتابخانە و مامۆستای کچان لە مەهاباد، کە لە ڕۆژنامەی "پەیامی کوردستان" ژمارە ١٩ مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٨٤ (٣١ی دیسامبر ٢٠٠٥) بڵاوبوتەوە، لەسەر ڕێکخراوی ژنان دەڵێ: ... ڕێکخراوەی ژنانمان هەبوو و هەرکام دەبوو مانگی دوو تمەن حەقی ئەندامەتی بدەین و حەفتەی جارێکیش لە ساختومانێک لە نزیک دادگوستەری ئێستا لە خەیابانی شیر و خورشید خڕ دەبووینەوە و قسەیان بو دەکردین و جار و بار فیلمی ژنە ڕووسی کانییان نیشان دەدایەن کە دەچوونە شەڕێ و وتارییان دەداو لەو دانیشتنانە دا زوریان باسی وەی بۆ دەکردین کە ژنیش دەبی بخوێنێ، بڕواتە پێش و دەگەڵ پیاو فەرقی نییە و لەو قسانە. ڕەئیسەکەشمان حاجی مینا خانم ژنی پێشەوای نەمر بوو...

ئەوە بۆ یەکەم جار بوو کە ڕێکخراوی ژنان لە کوردستانی ئێران، پێک بێ. بە دامەزرانی ئەو کومیتەیە، ژنان هان دران تا بە پێی توانا لە ئورگانەکانی کۆمەڵدا، بەشدار بن و بۆ دەستەبەر کردنی ماڤەکانی خۆیان تێبکۆشن.

بێشک ڕاکێشانی کۆمەڵی ژنان بۆ بەشداری چالاکانە لە کۆمەڵگای سەردەمی کۆمار دا، کارێکی سەخت و چەتوون بوو و ڕێبەرانی کۆمار جیّا لە پڕوپاگەندە و پشتگیری، بە مەبەستی هان دانی ئەوان، مەجبوور بوو چەشنێک توند و تیژی لە خۆ نیشان بدەن. لەوبارەوە لە کوردستانی ژمارە ٤٠ دا هاتووە:

ئاگاداری

لە سەر ئەمری سەدری حیزبی یایان (یایی پێشەوا) بە تەواوی ژنانی مەهاباد ڕادەگەیندرێت کە تا ڕۆژی ١٤ بانەمەڕ مۆڵەتیان هەیە لازمە هەرچی زوتر کارتی عوزوییەتی حیزب وەرگرن. ئەگەر تا ڕۆژی نێوبراو هەرکەس لە ژنان کارتی عوزوییەتی حیزبی پێ‌نەبێ نە لە حەمام و نە لە مەجالسی عموومی و خسووسیدا ڕێگای نابێت. سەیادیان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێی ئاماژەیە کە بگوترێ لەو قوناغەدا ڕوانگەو و بیروبۆچوونی ژن کەوتە ژێر کاریگەری ئەو خۆشێ و تەباییە کە لە کۆمەڵ دا پێکهات بوو و ژنان لە پێکهێنانی یەکێتی و تەبایی لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگا دا، یارمەتیان بە هاوسەرەکانیان دەکرد و لێبڕاوانە تێدەکۆشان. لە زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دا، زۆر بابەت بەدی دەکرێ کە بە قەڵەمی ژنانی ڕووناکبیر نووسراوە و ئامۆژگاری ژنان کراوە کە لەگەڵ مێردەکەیان ڕووخۆش بن و ئیتاعەت و ڕێزیان لێبگرن. کارەکانی کۆمار لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی ژنان شوێنەواری گرینگی دانا و ئەو کاریگەرییە لە نامەی ژنێک دا کە لە کوردستانی ژمارە ٣١ دا بە هۆیی یایی ڕوقیا شنۆیی تۆمار کراوە بەرچاو دەکەوێ:

چرای دووکەڵاوی حەق کوژی کوژاوە یایی ڕوقیای شنۆیی

ئەمن ڕوقیا شنۆیی کچی عەلیخانی زەرزا ژنی جەمشیدخانی زەرزا کە ژنێک بووم تێهەڵدرا و دەرکرا و حەق لێبڕاو هەرچەند پەنام بۆ خزم و کەسی خۆم، ڕەئیسی تایفەی خۆم دەبرد کە حەقێکی خودا و پێغەمبەری خودا داوێتمێ، بۆم بستێنن لە وەرەسەی جەمشیدخانی زەرزا. بە غەیری قسەی کاڵ و نائومێدی چێدیکەم وەدەست نەکەوت. تا ئەوەی ڕۆژی نووری دێموکراتی، کوردستانی بە شوعلەی خۆی ڕووناک کرد و چرای دووکەڵاوی زوڵم و حەقبڕین و فەقیرکوژی و دیکتاتورانی کوژاندەوە و بەیداغی موقەدەسی کوردستان لە سەر بانی حیزبی دێموکراتی شنۆ، یەعنی کانگای عەدالەت و فەوتاندنی زوڵم و بێئینسافی هەڵدراو شرووع بە خڵاسی کردنی حەقی مەزلوومان، لە دەست زاڵمەکان کرا و منیش شەخسەن چووم لەو جێگا موبارەکە دادی خۆم گەیان و فەورەن لە تەڕەف حیزبی موقەدەس، حقوقی من بە کەماڵی ڕەزا و ڕەغبەتی خۆم بە جورێکی کە ئەوانەی منیان لە کن بوو بە هەموو خزم و کەسەوە خۆیان هاویشتە کنی تا لێیان ڕازی بووم پێم گەیشت...

یەکێک لە کارە گرینگەکانی کۆمار ڕێز لێنان لە هەرچەشنە کردەوە و چالاکییەک بوو کە لە لایەن ژنانەوە دەکرا. بۆ نموونە لە کوردستانی ژمارە ٤٨ دا لە سەر یارمەتێکی بچووکی ژنێک ئاوا هاتووە:

پێشکەش

یایی مەنیجە سەدەفی یەک ئیستیکان و یەک چادان و یەک کەشەفی بە حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان پێشکەش کردووە لە لایەن حیزبی نێوبراو سوپاسی لێکراوە.

هەروەها لە زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دا لیستی ناوی ژنان هاتووە کە یارمەتیان بە دەزگاکانی بەڕێوەبەریی وڵات بە تایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان و تەشکیلاتی حیزب و هێزێ پێشمەرگە کردوە. بۆ وێنە لە ژمارە ٤٦ دا، لیستەیەک لە ناوی ٣٣ ژن هاتووە کە یاربووی حیزبی ژنانیان کردوە.

هێندێک لە ژنان کە لە کاروباری ئەوکات کۆمەڵگا کۆماری کوردستان دا زۆر چالاک بوون خزمەتی زۆریان کرد. مەنافی کەریمی لە لاپەرەی ٩٧ی کتێبی سەعید همایون دا ناوی چەند کەسێک دێنی دەڵێ: چونکە ژمارەیەک خانم لەو زەمینەیەدا خزمەتی بەرچاویان کرد، پێویستە بەشێک لەو خزمەتکارە شایستانە بناسێنم: مینا خانمی قازی سەرۆکی کۆمیتەی ژنان، کولسوم سوڵتانیان، ئامینە داودی، نەزاکەت حاجی ڕەشیدی، زیبا ئەیوبیانی مەرکەزی، خدیجە حەیدەری، شا سوڵتان فەتاحی قازی، وەجیهە شوجاعی، ڕەعنا فروهەر و وێلما سەیادیان. ئەو خانمانەی هاوکاریی ڕۆژنامەی کوردستانیان دەکرد و وتاریان بۆ ڕۆژنامە دەنوسی بریتی بوون لە: کوبڕا عەزیمی و حەڵە ئیسماعیل فەرجی. هەروەها



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەڵتەنەت داود زادە، خدیجە حەیدەری، عیشرەت عەزیمی، ئێران بلوریان، ویلما سەیادیان و فەریدە زەندی لە جەژن و بۆنەکان و ڕێوڕەسمەکاندا وتاریان دەخوێندەوە.

## یەکێتی جەوانانی دێموکراتی کوردستان

بە گۆڕانی ڕێکخراوی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات، ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە بوو بە ڕێکخراوی لاوانی دێموکرات. ئەو ڕێکخراوەیە یەکێک لە ڕێکخراوە چالاکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی خودموختار و دەوڵەتی کۆماری کوردستان بوو. لاوانی خوێن گەرم لە کۆڕ و کوبوونەوەکان دا، بەشداریان دەکرد و هەمووکات ئامادە بوون لە ڕیزی پێشمەرگە دا، پارێزگاری لە وڵات بکەن.

بە بۆنەی دامەزرانی یەکێتی جەوانانی دێموکراتی کوردستان، عەبدولقادر ئەحمەد لە کوردستانی ژمارە ٧٦ دا باسی ئەرک و کار و تێکۆشانی جەوانان دەکا و ئامۆژگاریان دەکا کە ئەوان چ بەرپرسایەتییەکی قوورسیان لە حاست نەتەوەکەیان دا لە سەر شانە. لە کوردستانی ژمارە ٦٨ دا لە بابەتی "جەوانان و واجباتی نیشتیمانپەروەری"دا، محەممەد مەحموود لە گەڵ گازەندە کردن لە جەوانان، بە جوانی ئاماژە بە ئەرک و وەزیفەی ئەوان دەکا و دەنووسێ: ... ئەوڕۆکە لە دونیای ئازادیدا ئێتکای جامعە لە هەموو میللەتێک دا هێزی بازووی جەوانانیتی. ئێتکای میللەتانی ئینقلابچی لە ڕێگای ئاسوودەگی و سەرفەڕازی میللەت دا، بیری تازەی شارستانییەتی جەوانانیتی. کوا جەوانی کوردستانی ئازاد، چ کارێکی کارگەری ماڵی حەقیقیان نیشان داوە؟ چ کەسیی ئەو میللەتە بێچارەیان لە میکڕۆبی جەهل و بێ سەوادی ڕزگار کرد؟ کام جەوان کام ڕەشەنفکری کورد لەم ڕۆژەدا بیری ئەوەی کردوە کە ئیختیلافێکی شارستانی ڕاست فێری ئەو میللەتە بکا؟ ئەوڕۆ لە مەهاباد حەتا لە دەرەجەیەک دا عەینەک لە چاوکردن جێی لۆمەی ئەکسەرییەتی میللەتە. وە یا سەر ڕووت کردن عەیبێکی زۆر گەورەی جامعەیە. چ جەوانێک لە گەڵ جامعە دا خەریک بوو کە ئەم نوقسانە نەهێڵێ؟ بە ڕاستی جێی تەئەسوفە...

هاوار دەکەمە تۆ ئەی جەوانی کورد. لە مەرحەلەی تاریخی ئینقلابی میللەتدا خۆت بەشدار کە. سەهلە تەنها بە ساحەب بەش ڕازی بیت بەڵکوو هەوڵ و کۆشیش عەمەلی میللەت دەبێ لە دەرەجەیەک دا بێت ببێتە حاسبی ئەو تاریخە ئینقلابە. ئەی جەوانانی کورد میللەت موحتاجی هەوڵدانی تۆیە یەکبگرن...

ڕێکخراوی لاوان نوێنەرایەتی تایبەتی خۆیان هەبوو بۆ وێنە لە کاتی هەڵکردنی ئاڵا لە ڕۆژی چوارشەمە ١٣٢٤/١٠/٥ لە شاری بۆکان، ڕەحمان مودەڕسی بە نوێنەرایەتی دەستەی لاوانی مهاباد وتاری خوێندەوە.

دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئەو ڕێکخراوەیە گرینگی زۆری پێ درا و بوو بە خاوەنی گۆڤاری ئەدەبی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە ناوی "هاواری نیشتمان". ژمارەی یەکەمی ئەو گۆڤارە لەژێر سەرپەرەستی سەدیق ئەنجیریی ئازەردا، لە یەکی خاکەلێوەی ١٣٢٥- ١٩٤٦/٣/٢١، یەکەم ڕۆژی نەورۆز بڵاوکرایەوە.

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٧، هەر لەسەر گرینگیدان بەو ڕێکراوەیە مامۆستا هێمن لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتاری "نەتەوەی کورد چی لە یەکەتی لاوان دەوێ؟" دەنووسێ:

دوینی ئێواری ڕادیوی کوردستان موژدەیەکی خوشی بڵاو کردەوە و کوتی بەو زوانە یەکەتی لاوانی دیموکرات لە سەرتاسەری کوردستانی ئازادا تشکیل دەدری. بە بیستنی ئەو خەبەرە گەورە خوشە، زۆر دلخوش بووم و گەز گەز بالام کرد...

ماموٚستا هێمن بە وردی ئەرک و بەرپرسایەتی و توانایی و کاریگەری ئەوان لەو ئەرکە نەتەوەیەدا دەخاتە بەر باس و داوایان لێدەکا کە بۆ ئازادی کوردستان هەوڵ بدن و قەت کۆڵ نەدەن.

لە ژمارە ٧٤ کوردستان دا لەژێر بابەتی"گەرانەوەی نوینەرکانی یەکەتی جەوانان" باسی تێکۆشانی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە بە وردی کراوە و تێی دا هاتووە:

شەوی ١٢-٥-١٣٢٥ دوو کەس نوێنەری یەکەتی جەوانان ئاغایانی ڕەحمان وەیسی و باباحوسینی کە بو دامەزراندنی لکی یەکەتی جەوانانی لە میاندواو، بوکان، سەرا، یەکشەوە مەئمور کرابون بە موفەقییەت گەڕانەوە و خەڵکی میاندواو و بوکان زۆر زۆر بە دڵخۆشی پێشوازیان لێکردبوون و لە هەرتک لەو دوو شارە میتینگیکی گەورە دراوە و زور چاکیان ئیستقباڵ لە یەکەتی جەوانانی کوردستان کراوە. نوینەرەکان لەو سفرەدا لە یارمەتی و زەحمەت کیشانی ئاغای مایور علی بەگی شیرزاد سوپاس دەکەن. ناوبراو لە هیچ چەشنە یارمەتیەک بو دامەزراندنی ئەم یەکێتێ کوتایی نەکردوە.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٩٧دا لە سەر مەڕامی یەکێتی جەوانانی دێموکرات لە ژێر ناوی "بخوێنن چونکوو خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان هەموو ئان و زەمانێک عەینی قەڵغان و سپەرتانە" دەنووسی: یەکێک لە مەڕامی یەکیتی جەوانانی دێموکرات پێش خستنی زانست و یاریدەدان بە فەرهەنگی کوردستانە...

## بەشی ١٨

## ئەفسەرانی خوڕاسان

هەر لە ژێر سیاسەتی نوێی شووڕەوی و فەرمانی ستالین، لە ڕۆژی ٢٥ ی خەرمانانی ١٣٢٤دا دەستەیەکی نیزامی لە ڕیزی ئەندامانی حیزبی تودەدا، لە پارێزگای خوڕاسان لە قوچانەوە بەرەو شارۆچکەی "مراوتە" لە سنووری شووڕەوی وەڕێکەوتن و تێلی دارتێلەکانیان بری و بە بێ خوێنڕژتن پاسگاکەیان چەک کرد. ئەوان ١٩ ئەفسەر و ٦ سەرباز بوون و لە ڕۆژی ٢٧ی خەرمانان دا، لەوێڕا بە ٣٠ پارچە چەک و تەقەمەنییەوە بەرەو "گونبەدی کاوس" وەڕێکەوتن.

سەرلەشکر ئەحمەدی زەنگەنە لە کتێبەکەی دا دەنووسێ" کە لە ڕێکەوتی ٣١ ی گەلاوێژی ١٣٢٤ ڕادیو تاران لە زمانی سەرلەشکر ڕیازی وەزیری شەڕ لە مەجلیس ڕایگەیاند کە ٢٠ کەس لە ئەفسەرانی لەشکری خوڕاسان، دوو دەزگا ماشێن و پوڵی لەشکریان بە بێسیم و ١٠٠ تفەنگ و موسەلسەل هەڵگرتووە و بەرەو شاری بجنوورد وەڕێکەوتوون و خۆیان بە بازرەس ناساندووە و لە مراوتەپە ١٢٠ تفەنگیان ئەستاندو و بەرەو گونبەدی قابووس وەڕێکەوتوون".

ئەو ئەفسەرانە دوایە لە گەڵ "قاسمی" نوێنەری حیزبی تودە قسەیان کرد و بە پێچەوانەی وردە بەڵێنییەکانی حیزب لە تاران، نە ئەوان و نە ڕووسەکان موافقی ئەو کردەوەیە نەبوون و پشتیان نەگرتن.

دوایە ٦ ئەفسەری دیکە لە گەڵ ئەو دەستەیە کەوتن. بەڵام ٢ ڕۆژ دواتر ئەوانە کەوتنە نێو کەمینی ژاندارمان و یەکجێ ٧ کەسیان لێکوژرا و چەند کەسیشیان لێ‌برێندار بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووسەکان بریندارەکانیان وەرنەگرت و کەوتنەوە دەستی ڕێژیم و زیندانی کران کە دواتر بە هاوکاری "خوسرەوی ڕووزبە" لە زیندان ڕایان کرد و تێکەڵ بە سوپای ئازەربایجان بوون. هەرچەند ئەو ڕاپەڕینە لە چوارچێوەی فەرمانی ستالین دا بوو کە لە سەرووی ئێران، جوڵانەوەی جودایی خواز دابمەزرێ، بەڵام ڕووسان پشتیان نەگرت. بەمشێوەیە دوای ٥ ڕۆژ، ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خوراسان کۆتایی هات. ئەوانەی کە مابوونەوە، لێک بڵاوبوون و تووشی زۆر چەرمەسەری هاتن، بەڵام بە هۆی ڕووسان و بە بێ ئاگاداری دەوڵەتی ئێران، لە "سوفیان" کۆ کرانەوە و لەگەڵ کەسانی دیکە لە ڕێگای "ئاستارا" ڕا ناردران بۆ "باکۆ"یە و دوایە لە پێکهێنانی ئەرتەشی ئازەربایجان کەڵکیان لێوەرگیرا.

تەفرشیان" لە لاپەڕەی ٢٦٣ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە بەر لە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی میللی ئێران لە ئازەربایجان، لە ٢١ ی سەرماوەزدا، دەوڵەتی شوورەوی لە مانگی گەڵارێزان دا، ئەفسەرانی خوراسانی لە وەجبەی جیاجیا دا، بۆ ڕێنمایی فیدائییان نارده تەورێز. لەو قۆناغەدا دەوڵەتی ڕووس زۆری ڕێز لە ئەفسەرانی ئێرانی گرت کە سەرجەم ٧٠ کەس بوون بە" فارسی ئەفسەلەر" ناوی دەبردن.

ئەفسەرانی ئازەری، ئەوانەی لە نێو فیرقە دا ببوون بە ئەفسەر، خۆیان بە حەقدارتر لە فارسەکان دەزانی و دائیم پێکەوە کێشەیان هەبوو. تەنانەت جارێک لە یەکێک لەو کێشانەدا ئەفسەرێکی فارس کوژرا و ئەفسەرێکی دیکەش تەقەی لێکرا، بەڵام هەر بریندار بوو.

تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٦٩ ی کتێبەکەی دا باس لە هەڵسوکەوتی خراپێ پێشەوەری دەکا و دەنووسێ کە متمانەی بە سوپا نەدەکرد و بایخی بە فیدائییەکان دەدا و دەڵێ ڕۆژێک بیانووی بە ئەفسەرێک گرت و پێیوابوو کە لە بەرانبەری دا زمان درێژی و چەنەوەڕی کردوە بە ژێر دەستەکانی گوت لێدەن، بەڵام ئەوان بە قسەیان نەکرد و دوایە فەرمان بە فیدائییەکانی خۆی دا و ئەفسەرەکەیان دارکاری کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ١٩
## کۆنگرەی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان

رۆژی ١٠ی ڕەزبەر١٣٢٤ (٢ ئۆکتۆبر) یەکەم کۆنگرەی دامەزرانی فیرقە لە تەورێز بە بەشداری ٢٣٧ نوێنەر و ٤ موشاویر دەستی بەکار کرد. بۆ ئەو کۆنگرەیە ١٧ کەس لە کاربەدەستانی دەوڵەتی وەک پارێزگار و شارەدار و بەرپرسی شارەبانی و دارایی بانگهێشتن کرابوون. ئەو کۆنگرەیە ٣ ڕۆژی خایاند و بە تێکرایی دەنگ بەرنامەی فیرقە پەسەند کرا و ڕێبەری هەڵبژێردرا و پیشەوەری بوو بە سەرۆکی هەیئەتی ڕەئیسە و نیزامەدین ڕەفیعی، سادق پادگان و حاجی میرزا عەلی شەبستەریی، وەک جێگر و سەلامولا جاوید، حەسەن زەریفی، عەلی ماشێنچی، غولامحوسێن فەڕشچی و جەعفەر ئەدیب، وەک ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژێردران.

لەسەر دیاریکردنی کەسی یەکەمی فیرقە، هەر ماوەیەک دوای چوونەدەری هێزەکانی ڕۆژئاوا لە ئێران، عەبدولسەمەدی کامبەخش ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودە و سادق پادگانی، بەرپرسی کومیتەی ئەیالەتی حیزبی تودە لە ئازەربایجان و شەبستەری و پیشەوەری، لە لایەن باقرۆڤ بە نهێنی بۆ باکۆ بانگ کران تا بۆ دامەزرانی فیرقەی دێموکرات و کەسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوەیە باسیان لەگەڵ بکەن. لەوی پیشەوەری بە سەرۆکی فیرقە دەست نیشان کرا.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٣١٧ ی کتێبی "لە زیندانی ڕەزاخان تا بەڕێوەبەرایەتی فرقە" بە نەقڵ لە بیرەوەرییەکانی ئیبراهیم نەورۆزئۆڤ هاتووە کە پیشەوەری ڕازی بە بەڕێوەبەری فرقە نەبوو. پێشتر لە ساڵی ١٣٢٣ لە نێو قەتاری جولفا، باقرۆڤ و پیشەوەری چاویان بە یەک کەوت و باقرۆڤ ڕێبەری فیرقەی بە پێشەوەری پێشنیار کرد کە بەرپرسایەتی وەرگرێ بەڵام ئەو قبووڵی نەکرد و گوتی کە ڕووسان گەمەی پێدەکەن و جێی باوەڕ نیین و لە ڕۆژی تەنگانەدا بەجێی دێڵن. بەڵام باقرۆڤ مەتمانەی پێدا کە ئاوا نابی و ڕازی کرد.

پیشەوەری ڕۆژنامەوانێکی تورکی کومونیستی خەباتکاری سیاسی تەمەن ٥٢ ساڵەی خەڵکی ئاوایەکی نیزیک خەڵخاڵ بوو. لە ئازەربایجانی شووڕەوی بەرپرسایەتی لە شووڕاکان دا هەبوو. ئەو لە کابینەی جووڵانەوەی جەنگەڵ دا، وەک وەزیری داخڵە و وەزیری دەرەوە، هاوکاری میرزا کوچک خانی کرد. ئەو لە ساڵی ١٩٢٧ لە لایەن کومینتێرن ناردرا بۆ ئێران. بەڵام گیرا و ١٠ ساڵ لە زیندانی ڕەزاشا دا بوو و بە هاتنی ئەرتەشی سوور ئازاد کرا.

پیشەوەری کەسایەتییەکی چەپی لایەنگری شووڕەوی بوو. ئەو لە شووڕەوی خوێندبووی و باوەڕی بە مەزهەب نەبوو. لە حیزبی کومونیستی ئێران دا کاری کرد بوو و دوای داگیر کردنی ئێران لە تەورێز ڕۆژنامەی "ئاژیر"ی دەرکرد کە ڕۆژنامەیەکی چەپی بە بیروباوەڕی سوسیال دێموکڕاتی بوو و باسی کێشەی ئازەربایجانی دەکرد.

بنەماڵەی پێشەوەری پێشتر لە سەردەمی دەستەڵاتی تێزارەکان دا چوو بوونە سەرووی چۆمی ئاراز و ئەو لە کاتی دامەزرانی کۆماری دێموکراتێکی ئازەربایجانی شووڕەوی دا ٢٥ سالانە بوو. پیشەوەری لە زەمانی ڕەزاشادا لە ئێران زیندانی کرا دواتر لە زمانی پیشەوەری دەگێڕنەوە کە ئەو گوتویە، خودا ڕەزاشای ڕاوەستاو کا کە ئەمنی زیندانی کرد، دەنا دەکەوتمە بەر غەزەبی ستالین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسرەتوڵای جەهانشاهلوو ئەفشار، جێگری پیشەوەری لە لاپەڕەی ٢١٠ی کتێبی "ئێمە بێگانەکان" دا دەنووسێ کە پیشەوەری نووسەرێکی گەورە و پیاوێکی چاک بوو. جاری وابوو زۆر ئازا و جاری واش بوو زۆر ترسەنۆک بوو و لە شەڕ لە گەڵ دوژمن دا، لێبڕاو نەبوو.

پیشەوەری لە دەورەی ١٤ی مەجلیس دا لە ساڵی ١٣٢٢ وەک نوێنەری تەورێز دەنگی زۆرینەی بە دەست هێنا، بەڵام بە هۆی ئەوە ئەندامی حیزبی کومونیست بوو و لە جووڵانەوەی جەنگەڵ دا بەشداریی کرد بوو، لە ١٠٠ نوێنەری مەجلیس تەنیا ٤٧ کەس دەنگیان دایە و متمانەی پێنەدرا و ڕێگە نەدرا بچتە مەجلیس.

لە ساڵی ١٣٢٣دا کاتێک ڕەزاشا لە ئەفریقای باشوور مرد، پیشەوەر لە مقالەیەک دا ڕێزی لێگرت. ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە لە لایەن حیزبی تودە مەجبوور کرا کە لەو حیزبە ئیستیعفا بدا. تەفرشیان لە لاپەڕەی ٢٧٠ دا لە سەر پەیوەندی پیشەوەری و حیزبی تودە دەنووسێ:

... لەبیرمە پاش هاتنمان بۆ تەورێز لە یەکەمین جڤاتی یەکتر ناسین لەگەڵ پیشەوەریدا، ئەو لەگەڵ بەخێرهێنانی ئێمە و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی فیرقەی دیموکراتدا، گوتی: حیزبی تودە تەنیا قسە دەکا و دروشم دەدا بەڵام ئێمە دستمان دایە چەک و کارمان بەجێهێنا.

بە دوای گرتنی کۆنگرەی فیرقە، باقرۆڤ هەموو ڕۆژێ ستالینی لە ڕووداوەکانی ئازەربایجان ئاگادار دەکرد. باقرۆڤ زەختی بۆ کاربەدەستانی خۆیان لە تەورێز هێنابوو کە لە کارەکان دا پەلە بکەن و لەگەڵ خەڵک باش بجووڵێنەوە و پێیان بگوترێ کە شووڕەوی بۆ یارمەتی ئەوان هاتووە و دوای ٤ مانگ دەبێ بۆخۆیان بەرێوەبەری گشت داموو دەزگاکان بە دستەوە بگرن.

بۆ زیاتر ناسینی بووچوونەکانی فیرقە، ئاماژە بە وتوێژی پیشەوەری و ڕۆسۆ پێویستە کە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ. بە پێی کتێبی "دەست پێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان" لە ڕۆژی ١٣٢٤/١١/١٥-١٩٤٦/٢/٤ "ڕۆسۆ" کۆنسوولی ئەمریکا لە شاری تەورێز، بە مەبەستی بازرگانی بەڵام لە ڕاستی دا بە مەبەستی سیاسی چاوی بە پیشەوەری کەوت و هەر ئەو ڕۆژە ئەو ڕاپۆرتی چاوپێکەوتنەکەی نارد بۆ ئەمریکا. لەو ئاخافتنەدا ڕۆسۆ پرسیی:

بەگوێرەی پەیمانی سێ لایەنە، دەبێت هێزە هاوپەیمانەکان لە مانگی مارسدا ئێران بەجێبهێڵن، بەڵام بە ڕای من کە پێشتر سەرباز بووم، بۆ بردنە دەرەوەی هێزەکان چەند مانگ کاری سەرەتایی پێویستە. لە کاتێکدا لێرە کارە سەرەتاییەکانی بردنە دەرەوەی هێزەکانی سۆڤیەت نابینرێت! ڕای ئێوە دەربارەی چوونە دەرەوەی هێزەکان بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە چییە؟.

پیشەوەریی لە وەڵامێکی کورت و ژیرانەدا گوتی:

ئێمە ئەو هێزانەمان بانگ نەکردوە و جێگیربوونیان لە ئێران پێوەندیی بە حکومەتی ناوەندیی و هاوپەیمانەکانەوە هەیە، تا ئەو کاتەی کە ئەو هێزانە دەست لە کاروباری ئێمە وەرنەدەن، مانەوەیان لێرە مەترسی بۆ حکومەتی نەتەوەیی نیە. هەروەها دەربارەی گەڕانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، ئێوە دەتوانن زانیاریی لە خۆیان وەربگرن.

ڕۆسۆ ڕایگەیاند کە ئازەربایجان لە چوارچێوەی ئێراندایە و بازرگانیی دەرەوە، لە ئەرکەکانی دەوڵەتە و پێکهێنانی پێوەندییە بازرگانییەکانی سەربەخۆ لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە، دژی یاسایە. پیشەوەریی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵام دا گوتی:

حکومەتی تاران بە لە تەنگژە خستنی ئابووری و بازرگانیی ئازەربایجان لەو باوەڕە دایە کە گەلی ئازەربایجان بێدەنگ دەکات. لەبەر ئەوە ئێمە پێکهێنانی بازرگانیی سەربەخۆی ئازەربایجان لەگەڵ دنیای دەرەوە بە پێویست دەزانین. ئەوە بە قازانجی گەلی ئێمەیە و بازرگان و خاوەن موڵکەکانیش ناچار بەو کارە دەکات.

ڕۆسۆ لە کۆتایی دا پرسیی: ڕای ئێوە دەربارەی وتووێژی لەندەن، واتە وتووێژی شورای ئەمنییەت چییە؟.

پیشەوەریی گوتی: کێشەی ئازەربایجان دەبێت لە ناوخۆی ئازەربایجاندا چارەسەر بکرێت. حکومەتی تاران بە دەرهاویشتنی ئەو کێشەیە لە چوارچێوەی ئێراندا، خەیانەتی لە هەموو گەلانی ئێران کردوە. ئازەربایجان بڕیاری چارەنوسی خۆی داوە و نایەوێت پاشەکشە لە بڕیاری خۆی بکات و بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی، لە پێشکەشکردنی قوربانیی ناترسێت.

## فیرقەی دێموکرات دەستی بەسەر ئازەربایجان دا گرت

بە دوای دامەزرانی فیرقە، ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوەیە چەکدار بوون و لە کۆتایی مانگی خەزەڵوەردا هێرشیان بۆ سەر پاسگا و بنکەکانی ژاندارمەری دەست پێکرد. بە گوێرە لاپەرەی ٦٣ی بیرەوەرییەکانی زەنگەنە هێزەکانی ڕووس بەرگریان لەوە دەکرد کە هێزەکانی ئێران بە هانای ئەو پاسگایانەوە بچن کە هێرشیان بۆ دەکرا و گەمارۆ درابوون. لە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ هێرش کرا سەر شاری میانە و لەو ڕێکەوتەدا ئیدی پەیوەندی نێوان ئازەربایجان و میانە نەما و هەموو کەلوپەلی ناردراوی لەشکری ٣ی تەورێز و تیپی ورمێ و تیپی ئەردەبیل کە لە تاران ڕا دەهاتە میانە، دەستی بەسر داگیرا. دوای هەڵلای شاری میانە ئەوجار هەڵلا لە مەراغە و عەجەب شێر دەستی پێکرد. لە شاری مەراغە لە شەوی ٢ی سەرماوەز تەقە لە فەرماندار و سەرهەنگێکی دوکتوری ماڵات کرا کە لە ماڵە بەرپرسێکی شووڕەوی دەگەڕانەوە بۆ ماڵ خۆیان و کوژران. بە دوای ئەو ڕووداوانەد ئەرش لە تاران ڕا فەرمانی بە فەرماندەری لەشکری تەورێز کرد کە لە بەرامبەر بەو هێرشانە دا ڕابوەستێ و بەڵێنی دا تا هێزی یارمەتیدەر بەرەوە تەورێز وەڕێ بخا. وەزیری شەڕ و ڕەئیسی ستادی ئێران لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەر ١٣٢٤دا چاویان بە فەرماندەری نیزامیی سەفارەتی ڕووس لە تاران کەوت و سەبارەت بە پەرەسەندنی هێزەکانی سۆڤییەت لە باکوری ئێران، پرسیاریان کرد و ئاگاداریان کردن کە هێزی نیزامی بۆ پێکهێنانی ئەمنییەت ڕەوانەی ئازەربایجان دەکەن.

فەرماندەی ڕووس ئاگاداری کردنەوە کە پەیوەندی بە ئەرتەشی ڕووس لە قەزوێن دەگرێ و ئاگاداریان دەکاتەوە. هەر ئەو ڕۆژە دەوڵەتشاهی جێگری دەستنیشان کراوی ڕێژیمی ئێران لە پارێزگاری ئازەربایجان چاوی بە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات کەوت و هۆی پێکهاتنی دەستەی چەکداری "فیدایی" لە گوندەکاندا لێ پرسین. ڕێبەرانی فیرقە ڕایانگەیاند کە ئەوان دەستەی چەکداری فیداییان پێک نەهێناوە، بەڵکوو ئەوانە بۆخۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی کردەوەی دڕندانەی کۆنەپەرستان پێکهاتوون و چەکیان هەڵگرتووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢٧ کۆبوونەوەیەکی گەورە لە تەورێز پێکهات. پێشتر سەرانی فیرقە سەردانی پارێزگار و سەرتیپ درەخشانی فەرماندەی لەشکری ٣ ی ئازەربایجانیان لە تەورێز کرد و داوای دابین کردنی هێمنی و ئاسایشی خۆپێشاندەرانیان کرد بوو. دەرخشانی گوتبووی کە ئەرتەش خزمەتکاری دەوڵەتە و تێکەڵاوی سیاسەت نابێ. ئەگەر دێموکراتەکان بە دەستەڵات بگەن، ئەرتەش لە خزمەتیاندا دەبێ.

لە ٢٩ی گەڵاریزان کۆنگرەی گەورەی خەڵکانی ئازەربایجان بە بەشداری ٧٢٤ نوێنەر کە نوێنەرایەتی ١٥٠٠٠٠ کەس لە خەڵکی ئازەربایجانیان دەکرد، لە نەخۆشخانەی تەورێز دەستی بەکار کرد. حاج عەزیم خان برای سەتارخان کۆنگرەکەی کردەوە.

هەر لەوکاتە دا دەوڵەتی ئێران بە بێ ئەوەی ڕاوێژ بە ڕووسان بکا، بڕیاری دا لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ٢ ئەمجەدی، دوو گوردان سەرباز و گورهانێک ژاندارم بە تۆپخانەوە لە تارانەوە ڕەوانەی قەزوێن بکا. ئەرتەشی شووڕەوی ڕۆژی ٢٩ خەزەڵوەر لە شەریف ئاوای قەزوێن پێشی پێگرتن و سەرهەنگ ئسمرینۆف پێی ڕاگەیاندن کە تا ٢ سەعاتی دیکە شەریف ئاوا بەجێبێڵن. فەرماندەی ئێرانی ڕایگەیاند کە دەبێ پرس بە ناوەندی بڕیار لە تارانەوە بگرێ و ڕۆژی هەوەڵی سەرماوەز لە تارانەوە بە هێزەکەیان دەستوور دا کە هێندێک بکشێنە دواوە.

چونکە ڕووسەکان هەر ئیزنیان پێنەدان، لە ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز بە فەرمانی ستادی ئەرتەش گەڕانەوە بۆ تاران. دیارە دواتر ڕووسەکان خراپ کاری ئێرانیان لە نەفتی باکۆ دا کردە پاساوی نەهێشتنی هێز و پشتیوانی کردن لە فیرقە.

بە پێی لاپەڕەی ٣٠ ی بوحرانی ئازەربایجان لە ڕۆژی ١٥ی سەرماوەز بە هۆی ڕادیۆ ڕاگەیەندرا کە دەوڵەتی ئازەربایجان دادەمەزرێ و دەست بەسەر ئیدارات دا دەگیرێ و خەڵک بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکرێن.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی بە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکانی سەر بە ڕێژیم بکا، کەڵکی لێوەرگرتون. بۆیە زۆرجار بابەتەکانی ڕواڵەتی دژایەتی لەگەڵ جوڵانەوەی کوردستان و ئازەربایجانیان هەیە لە لاپەڕەی ٤٧ بەشی یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." ئاماژە بە دەستبەسەرداگرتنی ئازەربایجان دەکا و ئەو کارە بە نەمانی ئاشتی و ئاسایش دادەنێ و دەنووسێ:

ڕووداوەکانی شیمالی ئێران و گیرانی هێزەکانی

مشکین شەهر- کە هێڵی ئیرتیبات بۆ لە نێوانی تەورێز و ئەردەبیل گیرا. ستوانی یەکەم ئەردەبیل خدوقی لە گەڵ ١١ نەفەری سەرباز لە لایەن هێزی دیمۆکراتەوە تیرەباران کران.

لە کاتێکا کە ئاغای بەیاتی، لە تەورێز سەرگەرمی موزاکرات بوو لە گەڵ دەستەی دێمۆکرات بە بڕواری ٧ ئازەرماە ٢٨ تشرین الثانی ١٩٤٥ ئەمیر مالک مودیری شفرەی شەهرەبانی کە لە ماڵەوە دێتە دەرێ لە لایەن دەستەی دیمۆکراتەکانی تەورێز ئەکوژرێ.

شەوی ١٣ ئازەرماە (سەرماوەز) ١٩٤٥/١٢/٤ زیندانی ئەردەبیل گیرا. زیندانییەکان بە یارمەتی هێزی چەکداری شوورەوی ڕزگار کران.

ڕۆژی ٢٥ ئازەرماە (سەرماوەز) ١٣٢٤ هێزی دەوڵەتی لە ئەردەبیل – تەسلیم بە هێزی دێمۆکراتی بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له ٢٧ ئازەرماه ١٣٢٤ لەشکری ڕەزائیە تەسلیم بە دەستەی شۆڕشگێڕەکانی دیمۆکرات بوو کە بریتی بوون لە ٢٣٠٠ سەرباز و بە کوژرانی٢٥٠ نەفەر دوایی بە شەری ڕەزائیە هات کە ڕووسەکان بە ئاشکرایی یارمەتییان دابوون.

له٢٥ ئازەرماه ١٣٢٤ میاندواو کەوتە دەست هێزی دیمۆکرات لە ٢٩ ئازەرماه ١٣٢٤-١٩٤٥/١٢/٢٠ مەراغە کەوتە دەست دیمۆکراتی ئازەربایجانی و سەرهەنگ موعینی ئازاد کوژرا؟

بەم پێیە شیرازەی ئاسایش و ئاشتی لە ناوچەی ئازەربایجان هەڵگیرا لە هەموو لایەک دەست درایە چەک کردنی سەربازەکانی میری.

تا ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوز تەنیا پادگانی تەورێز و ورمێ نەگیرابوون. لە ٢٠ی مانگ دا ژاندارمەری تەورێز و لە ٢١ی مانگ دا پادگانی تەورێز گیرا.

تورەجی ئەتابەکی لە سایتی ئینتیرنیتی ڕادیۆ فەردا دەنووسی کە پادگانی تەورێز ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەز تەسلیمی فیداییانی فیرقە بوو و سەرهەنگ درەخشانی پادگانی تەسلیم بە پیشەوەری کرد. بە پێی واژۆکردنی تەسلیمی پادگان، هێزەکانی ئێرانی دەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ تاران یان لە تەورێز بمێننەوە.

لە ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز دەرخشانی تەسلیم بوو وەک دەنگۆ دەبێ لە تاران ڕا بە بێسیم ئاگاداریان کرد بێتەوە کە شوڕای ئەفسەران بگرێ و بڕیاری نەهایی لەمەڕ تەسلیم بوون و یان شەڕ کردن بدەن.

لە ژێر کاریگەری دەستەڵاتی ڕووس، لە ڕیکەوتی ١٣٢٤/٩/٢٢- ١٩٤٥/١٢/١٣ سەرتیپ درەخشانی فەرمانی بە لەشکری ٣ و ٤ ی تەورێز و ورمێ کرد کە خۆیان بەدەستەوە بدەن و شەڕ لەگەڵ هێزەکانی فیرقە و هێزەکانی کورد نەکەن.

سەرتیپ عەلی ئەکبەری درەخشانی دوای تەسلیم کردنی لەشکری تەورێز، لەگەڵ هێندێک لە ئەفسەرانی ڕێژیم وەک وەرەهرام و ئەمین، لە ڕێکەوتی ١٩ دیسامبر، بە تەیارەی داگلاس گەرانەوە بۆ تاران و درەخشانی لە یەکەم دادگا دا بە ئیعدام مەحکوم بوو و لە دادگای دووهەم دا ١٥ ساڵ زیندانی بە کاری ئیجباری، بۆ بڕاوە. بەڵام دواتر لە ڕۆژی ٤ ی سەرماوەزی ١٣٢٧دا کەوتە بەر بەخشینی شا و لە زیندان ئازاد بوو.

بە دامەزرانی دەوڵەتی ئازەربایجان تەواوی هێزەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئێران لە شارەکانی تەورێز و ورمێ و میاندوا... کە دائیم مەترسی بوون بۆ سەر ئازەربایجان چەک کران. موڕتەزا بەیات پارێزگاری ئازەربایجان، بە ئەرتەش و ژاندارمەری و شارەبانی تەورێز فەرمانی دا تا شەڕ نەکەن و لە حکومەتی ئازەربایجان پشتیوانی بکەن.

کورد لە گرتنی پادگانی میاندواو دا، دەستی باڵای هەبوو بەڵام نەکەوتە بەردەستی. حەمەدی مەولوودی دەڵێ کە دوای هێرشی فیدائییانی فرقە بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئێران لە ئازەربایجان، چەند جار داوای لە قازی محەممەد کرد کە کوردیش بە هانای ئازەربایجانەوە بچن و پادگانی میاندووا و کە زیاتر لە ١٠٠٠ سەربازی لێ بوو بگرن. بەڵام قازی محەممەد هەمووکات پێیدەڵێ کە دەبێ چەڵێ ڕابوەستین. تا ڕۆژێک چەند ئەفسەری ڕووس دەچن سەردانی قازی محەممەد و بە دوای ئەوە دا قازی محەممەد ڕێگا دەدا کە حەمەدی مەولوودی، هێزێکی ٥٠ کەسی هەڵبگرێ و بچی بۆ میاندواو تا بە هاوکاری فیدائییانی فیرقە، هێزەکانی ڕێژیم لە میاندواو وەدەر بنێن. حەمەدی مەولوودی لە میاندواو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێگیر دەبێ. لە لایەن فرقەوە ئاگادار دەکرێ کە ٤ کەسی دەوڵەمەندی شار، لە دەستەڵاتی خۆیان کەڵک وەردەگرن و نایەڵن، دەست بەسەر هێزەکانی ڕێژیم دابگیرێ. ڕۆژێک لە لایەن فرقەی دێموکراتەوە، یەکێک لەو کەسانە کە ناوی "مەشەدی سەلیم خان" بووە، نێشانی حەمەدی مولوودی دەدرێ و ئەویش خێرا ئیشارە بە یەکێک لە پێشمەرگەکانی دەکا و ئەو بە گوللەیەک دەیکوژێ. حەمەدی مەولوودی لە درێژەی ئەو ڕووداوە دا لە لاپەڕەی ٢٠٢ بیرەوەرییەکانی دا باسی وردەکارییەکانی گرتنی پادگان میاندواو دەکا و دەنووسێ: ئەوە ئیداراتی دەوڵەت لە تەورێز و مەراغە تەسلیم بە خەڵک و فیداییەکان بوون، لە هەموو شارەکانی ئازەربایجان هەر ئەمنیە و پیاوی دەوڵەتە چەک فڕێدەدەن و هەڵدێن، بەڵام ئەو میاندواوە تەسلیم نابێ. بە کوشتنی سەلیمخان هەوەڵ شەو ئیدارەی ئەمنییە و ئەو خان و مانانەی میاندواو کە لاگیری دەوڵەت بوون هەمووی ڕایان کرد، ماوەتەوە پادگانی میاندواو کە یەک- دوو هەزار سەربازی لێبوو. ئەویش وەک دەیانگوت ئەو ″مەشەدی سەلیمخان″ە پێشی پێگرتبوو کە خۆ تەسلیم نەکەن، گوتبووی تەسلیم مەبن، من ئازووقەی چەند ساڵتان دەدەمێ. ئێستا کە تەشریفی کۆچیدوایی کردوە ئیدی پشت و پەنای سەربازخانە نەماوە و ورەیان دابەزیوە. هەر ئەو شەوە لەلایەن ″عەزیمی″ەوە ئەمرم بۆ هات کە دەبێ دەگەڵ هاواڵەکانم پادگان دەورە بدەین دەنا ڕادەکەن. شەو لە دەوری سەربازخانە خۆمان حەشار دا. سەربازەکان لە قولەکانەوە قسەمان دەگەڵ دەکەن. لای نیوەشەو بوو سەربازێک لە قولەیەکەوە گوتی ئەوە نەفەرێک دەنێرینە لاتان بۆ قسەکردن، تەقەی لێمەکەن. دیتمان نەفەرێک چرایەکی دەستی لەپێشەوە داییسێت هاتە لامان. گروبانێکی جحێڵ بوو. دەورەمان دا و هێنامانە لای خۆمان. گوتی ئێمە تەسلیم دەبین. منیش چوار نەفەرم دەگەڵ خست و ناردم بۆ تەغیباتێ. تا ئەوان چوون و هاتنەوە، ڕۆژ بۆوە. چەند نەفەر ئەفسەری ئازەربایجان دەگەڵ ژێنێڕاڵ عەزیمی هاتن و دەستیان دەناو دەستی نام و برێکیشیان شووتی وەبن هەنگڵی دام و لەسەر بارودۆخی سەربازخانە لێیپرسیم و منیش هەمووم بۆ باس کرد. دەو قسانەدا بووین، دیتمان ئەوە فیدایی ئازەربایجان ڕێچکەیان بەستووە و دێن لەژێڵلا. برێکیان دێن و خۆیان لە عەرزی دەدەن یانی ها، ئێمە سەربازخانەمان دەورە داوە. وردەوردە سەربازخانە خۆی وەدەستەوە دا، عەزیمی خۆی و چەند نەفەر ئەفسەرەکە چوونە ناو سەربازخانە تا کەلوپەل لە سەربازەکان وەرگرن و لە سەربازخانە وەدەریان نێن و ڕەوانەیان کەن بۆ ئازەربایجان، بەڵام ئێمە کە بووین بە باعیسی خۆبەدەستەوەدانی سەربازخانە، ڕێگایان نەدا تا بچینە ناو پادگانەکە تەنیا بۆ دەستخۆشانە دوو ڕەشاشی قوورس و چەند تفەنگی برنوو و هەر نەفەرەو قومقوومەیەکی ئاویان دا بە پێشمەرگەکان و گەڕاینەوە بۆ شار.

لە شاری ئیدارەی نەزمییە دەستی لێنەدرابوو. "باقی حەسەنە شەل"ی خۆی و چەند پێشمەرگە چوون ئاژانەکانیان چەک کرد. ئیدارەی ئەمنییەش کە پێشتر چۆلیان کردبوو، چووین تا لەوێ جێ بگرین ئەوەندەمان زانی دەستێک سواری فیدایی ئازەربایجان هاتن، بریک خۆیان توورە کرد و وەدەریان نایەن. باقی حەسەنە شەلی خەریک بوو کێشە بکا، من نەمهێشت و ئەهوەنم کردەوە. بە فیداییەکانم گوت: ئێوە شەو لەکوێ بوون کە ئێمە سەربازخانەی دەوڵەتمان بۆ خستن؟ ئێستا شنگڵتان لەخۆتان داوە و هاتوونە سەر حازریوبزری و ئێمە دەردەکەن؟

من لەو کاتەوە ئەو ئازەربایجانانە باش دەناسم و دەزانم چ ماڵێکن! ئەوانە جامینی کوردیان ناوێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا نێویان لە خۆیان ناوە (ئازەربایجانی)، لەوەپێش ئەوان بە ئێمەیان دەگوت کورد، ئێمەش بە وانمان دەگوت (عەجەم). ئەو میاندواوە سابڵاغی گرتی، ڕیشەی کارەسات سابڵاغی لەنێوی برد، دەنا ئەوە غیرەتی عەجەمان نەبوو تخوونی خان و مان و ئەمنییە و نەزمییە و سەربازخانەی حکومەت بکەون. زۆرمان کۆمەگ بەو عەجەمانە کرد، وەنەبێ بە خەیاڵ بێت یان درۆ، شایەدی موحتەبەر هەیە.

لەو کاتەدا پادگانی ورمێ لە ژێر دەستەڵاتی ئەرتەشی ئێران دا بە بێ دەستەڵات مابووە. فەرماندی تیپ و ژاندارمەری بڕیاریان دا خۆ بە دەستەوە نەدەن و لە ١٥ هەتا ٢٨ی سەرماوەز زۆر جار کێشە لە نێوان تیپی هێزی ئێران و هێزی فیدایی فیرقە و هێزی عەشایری ڕووی دا. لە ٢٠ی سەرماوەز شەڕ لە باڵانیش ڕووی دا. ڕووسەکان پێیان ڕاگەیاندن کە بەشێوەی تەورێز خۆ بە دەستەوە بدەن. سەرئەنجام لە ڕۆژی ٢٨ی سەرماوەز ئەرتەشی ئێران لە ورمێ خۆیان بە دەستەوە دا. زەنگەنە فەرماندەی پادگان و پارێزگاری ورمێ و سەرهەنگ نووربەخش فەرماندەی ژاندارمەری و سەرگورد بەهاروەند ڕەئیسی پادگان و شارەبانی گیران و ڕەوانەی تەورێز کران. ئەوان لە تەورێز چەند جار دادگایی کران.

لەو شەڕانەدا ئەگەرچی ڕووسەکان لە ورمێ تیپێکی سوارەیان هەبوو، بەڵام یەک لایەنی کردنی شەڕەکەیان هێشتەوە بۆ هێزەکانی فیدایی و عەشایری کورد. بە قسەی ئەحمەدی زەنگەنە ڕووسەکان لایەنگری هێزەکانی فیرقە و عەشایر بوون و پشتی ئەوانیان گرت.

زەنگەنە لە نووسینەکەی دا، داستانێکی خەیاڵی لە کوشت و کوشتاری دوژمنانی لە ورمێ ساز دەکا، بەڵام تاوانەکانی ئەو لە دادگا بە جورێکی دیکە بوون و قسەکانی زیاتر وەک فڕوفیشال و خۆڕانان دەچوون. سەرئەنجام لە دادگاکانی دوایی دا زەنگەنە و نووربەخش بە ئێعدام کە دواتر بوو بە ١٠ ساڵ و بەهاروەند بە ٦ مانگ زیندان مەحکوم بوون. دوایە بە هەوڵ و تەقەلای قەوام، زەنگەنە بە گۆڕینەوە لەگەڵ ٢٠ زیندانی ئازاد کرا. زەنگەنە لە لاپەڕەی ١٤٤ دا دەگێڕێتەوە کە چاوی بە قەوام کەوتووە و ئەو ڕێزی لە کارەکانی لە ورمێ گرتووە و هەورووەها بۆ ئەو بەڵگانەی کە لە کوردەکانی مەهابادی (زەبیحی و قاسم قادری و دڵشاد ڕەسووڵی) گرتووە و بۆی ناردووە و نیشانەی دەست تێوەردانی شوورەوی لە کاروباری ئێران دا بووە، سپاسی کردوە.

گرتنی تەورێز و ورمێ بوو بە هۆی ئەوە کە هەوڵ دان بۆ سەربەخۆ بوونی گیلان و مازندەران و قەزوێن پەرە بستێنێ. بە دوای ئەوانە دا ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٢٠(١٩٤٦/٢/٩) ستالین بە بڕیارێک، ئیزنی دا کە پێکهاتنی گروپە فیداییەکان و یاسای پەسندکراوی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان دەربارەی پێکهێنانی سوپای میللی، لە چاپەمەنییەکاندا بڵاوبکرێنەوە. ئەو یاسایانە ڕۆژی ١٣٢٤/١١/١٨(١٩٤٦/٢/٧) لە ڕۆژنامەی ئازەربایجاندا بڵاو بووەوە و سوپای میللی، ڕەسمیەتی پێدرا.

لە مانگی فیوریەدا، دەوڵەتی ڕووس ١٠٤ ئەفسەری ئازەربایجانی بە پەلە ناردە تەورێز. دیارە پێشتر ٤٩ ئەفسەر و ٣٢ کاربەدەستی سیاسی سوپا و ١٢٠ ئەفسەری ئازەربایجانی لە دەزگاکانی تایبەتیدا، ڕەوانەی ئازەربایجان کرابوون و باقرۆڤ لە مانگی فیوریەدا ڕایگەیاندبوو کە ٧٢٠ کەس لە فەرمانبەرانی ئازەربایجانی شووڕەوی ڕەوانەی ئازەربایجانی ئێران کراون. ئەوانە لە بوارەکانی حیزبی، شووڕایی و فەرهەنگیی و سەربازییدا کاریان دەکرد و دەستەی پارتیزانیان پێک دێنا و کردەوەی سەربازییان بە دژی کەسانی کۆنەپەرست دەکرد. دیارە باقرۆڤ داوای کرد بوو کە دەوڵەت ٥٠٠ کەس لەوانە خەڵات بکا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر بە گوێرەی ئەو پێشنیازە ٧٩ کەس مێدالیان پێبەخشرا.

ئەرکی سەرەکی ئەوانە لە ئازەربایجانی باشوور، یارمەتیدان بۆ دامەزراندنی دەزگای ئەرتەشی نەتەوەیی ئازەربایجان کە بۆ ئەو مەبەستە ٤٦٠٠ کەس لە پێنج گوردانی پیادە و لەشکرێکی تۆپخانە و گوردانێکی زرەیی لەبەرچاو گیرابوو. تیپی پیادە دەبوایە لە سەربازگەی مەراغە بێت و گوردانی یەکەم و دووهەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ورمێ و میاندوا و هەوشار و زەنگان و میانە بن. گوردانی تۆپخانە، خاوەنی ٦٢ تۆپ و گوردانی زرەیی خاوەنی ٦ تانک بوو. هەروەها دەبوو فێرگەیەکی سێ مانگیی بۆ ئەندامانی سوپا بکرێتەوە و تا یەکی مانگی ژولای ١٩٤٦ سوپایەکی بە توانای شەڕکەر، لە ئازەربایجانی ئێران دابمەزرێ. بە هاوکاری هێزەکانی ناردراوی ڕووس بۆ ئازەربایجان لە ماوەیەکی کورتدا، هێزێکی ١٧ هەزار کەس لە سەرانسەری ئازەربایجاندا دامەزرا و زانکۆی ئەفسەریی بۆ ئەو سوپایە پێکهات و ٢٥٠ کەس وەک ئەفسەر بۆ سوپای نەتەوەیی پەروەردە کران.

## مەجلیسی میللی ئازەربایجان

لەسەر چەشنی حکومەتی ئازەربایجان، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە باس دەکرێ، دەوڵەتی شوڕەوی بۆ ئازەربایجانی خواروو لایەنگری کۆپییەی ئەو شێوە دەوڵەتدارییە نەبوو کە لە شوڕەوی هەبوو. شورەوی دەیهەویست لەو مەڵبەندە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئاغا و ماڵک و بۆرژواکان مدارا بکرێ و سیستیمێکی بۆرژوا دێموکراتیک دابمەزرێ.

دوای دارژتنی بێچم و قەوارەی فرقەی دێموکرات، ئەو ڕێکخراوە بە خێرایی بۆ بەڕیوەبردنی دەستەڵات لە سەرانسەری ئاەربایجان دەست بەکار بوو و لە شارەکانی ئازەربایجان مێتیگی پێکهێنا و ڕادەی پێنج سەد کەسی، وەک نوێنەری خەڵکی ئازەربایجان بۆ مەجلیسی میللی هەڵبژارد.

عەباسی جەوادی لە سایتی ئینتیرنێتی دەنووسێ کە باقرۆڤ لە کۆتایی مانگی خەزەڵوەر دا، بە وەردی بەرنامەی گرتنی کونگرەی خەڵکی ئازەربایجان، تەنانەت دیاری کرد بوو کە کێ قسە بکا و چ بڵێ و چەندە بڵێ.

بە دوای ئەوانە دا لە ماوەی یەک حەوتوو دا لە نێو کەسانی بەشداری ئەو کونگرەیە، نوێنەرانی مەجلیسی ئازەربایجان دیاری کران. دەوڵەتی ئیران بە دامەزرانی مەجلیسێکی ئەوتۆ لە تەوریز زۆر تورە بوو و بەیات پارێزگاری ئازەربایجان، بۆ دەربڕینی ئەو مەبەستە، چەند جار چاوی بە پیشەوەری کەوت. لەبەرانبەر دا پیشەوەری باسی ئەنجوومەنی ئیالەتی کرد کە لە مادەکانی ٩٠ تا ٩٣ یاسای بنەڕەتی مەشرووتە دا هاتبوو.

دەبوو بۆ دیاری کردنی کاری مەجلیس، مەسکەو بڕیار بدا و سەرئەنجام بە بڕیاری مۆلۆتۆڤ ڕۆژی ١٢ دیسامبری (٢١ ئازەری ١٣٢٤) وەک ڕۆژ کردنەوەی مەجلیس دیاری کرد. بە دوای ئەوانەدا لە ڕۆژی ٢٠ سەرماوەز زۆربەی شارەکانی مەراغە وسەراب و بستان ئاباد و مەرەند سۆفیان ئازاد کرا و تەوریز کەوتە گەمارۆ و پەیوەندی ئەرتەشی لەگەڵ تاران پچڕا. ڕۆژی ٢١ سەرماوەز (١٢ دیسامبر ١٩٤٥) ئاخرین ئامادەکارییەکان بۆ پیکهێنانی یەکەم مەجلیسی نیشتیمانی ئازەربایجان و پیکهێنانی حکومەت کۆتایی هات و لە ساڵۆنی سینەمای دیدەبانی تەورێز، بە بەشداری ٧٦ کەس لە ٩٥ کەسی نوینەری هەڵژیردراو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەجلیسی میللی ئازەربایجان کە تەواوی بەرنامە و کارەکانی لە ژێر بڕیاری ڕاستوخۆی باقرۆڤ و بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دەفتەری سیاسی شووڕەوی بەڕیوە دەچوو، دەستی بە کار کرد. باقرۆڤ شوێن، کات، شێوەی ئیدارە و بەڕێوەبردنی هەموو کارەکانی داڕشت بوو و بۆ ئەنجام دانی بە ڕێبەرانی فرقەی ئەسپارد بوو.

لەو ڕۆژە دەبوو پیکهاتەی کومیسیونەکان و هەیئەتی وەزیرانی دەوڵەتی ئازەربایجان دیاری بکرێ. هەر بە پێی بڕیاراتی مۆلۆتۆف دەبوو مەجلیس و دەوڵەت بڕیارەکانی کۆنگرەی خەڵک بەڕیوە بەرن و هەورووەها تا کۆتایی دەورەی مەجلیس لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیات خۆ بپارێزن.


مەجلیسی میللی ئازەربایجان

یەکەم کۆبوونەوەی مەجلیسی میلی ئازەربایجان لە ٢١ ئازەری ١٣٢٤ بە بەشداری ٧٥ نوێنەر گیرا. بەمشێوەیە لە ئاخرییەکانی ساڵی ١٩٤٥ خەباتی گەلی ئازەری کەوتە قوناغێکی شۆڕشگێڕانە و پەڕلمانی ئازەربایجان لە ژێر ڕێبەرایەتی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دا دامەزرا.

لە یەکەم کۆبوونەوەی پاڕلمان دا دەبوو بابەتی سەرەکی هەڵبژاردنی سەرۆکی فیرقە و جێگرەکانی و هەیئەتی وەزیران و کۆمیسیۆنەکانی پارلەمان و بەرنامەی کاری حکومەت ڕوون بکرێتەوە. بۆیە دەستەلاتی بەڕیوەبەری وڵات بە ناوی حکومەتی میللی ئازەربایجان، بە ١٠ وەزیر (بە بێ وەزیری دەرەوە) پێکهات. پیشەوەری بوو بە سەرۆکی وەزیران. لە نێو ئەو وەزارەتانەدا تەنیا پۆستی وەزارەتی دەرەوە دیاری نەکرابوو. چوونکە ئەو وەزیرانە ئەزموونی کاریان نەبوو دواتر لە سەر پێشنیاری باقرۆف و موافقەتی ستالین، لە باکۆ ڕا ڕاوێژکاریان بۆ دیاری کردن.

لە ڕۆژی ١٦ی بەفرانباری ١٣٢٤ (٦ ژانویە ١٩٤٦) لە لایەن مەجلیسی میللی لە قەرارێکی ١٠ مادەیی دا، زبانی تورکی بوو بە زبانی ڕەسمی و ویستەکانی دەوڵەتی ئازەربایجان لەسەر دامەزرانی دەوڵەتی کۆماری سەربەخۆی دێموکراتێکی ئازەربایجان ڕاگەیاندرا و شارەکانی میاندوا و ورمێ و خۆی و سەلماس، کە لەگەڵ کوردان کێشەیان هەبوو بەشاری ئازەری بە حیساب هاتن.

لە بەندی ١٢ دا باس لە خاکی کوردستانی شیمالی دەکرێ و تێدا هاتووە کە دوای پێکهێنانی حکومەتی کوردستان و چارەسەری کێشەکان، سنووری ئازەربایجان دیاری دەکرێ.

عەوڵای موجتەهێدی لە لاپەرەی ٨٧ کتێبەکی دا باس لە بەرنامەی کاری دەوڵەتی ئازەربایجان دەکا کە پیویستە زانکۆ دابمەزرێ، کوچە و کۆڵانەکان ئیسفاڵت بکرێن. بۆ ئەو مەبەست دەزگا ئیسفاڵت لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووسیە ڕا بێنن کە ڕادەی ٣٠٠ هەزار تمەنی بۆ وەبەرچاو گیراوە. هەروەها ئوتوبووسی بەرقی لە خەتەکانی نێوشار دامەزرێ. دەوڵەتی ئازەربایجان نووسراوەی سەردەرکەی دوکان و پرسە و سەرەخۆش گۆڕیی و کردی بە زبانی تورکی.

## بەشداری هەیئەتی کورد لە پارلمانی ئازەربایجان

لە ڕۆژی کردنەوەی پارلمانی ئازەربایجان وێڕای کۆنسوولی ڕووس و نوێنەری سەفارەتی فەرەنسا، زۆر میوانی ناوخۆیی و هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بریتی بوون حاجی مستەفا داودی محەممەد حوسیخانی سەیفی قازی و کەریمی ئەحمەدەین، وەهابی بلوریان، مەناف کەریمی و عەلی ڕیحانی، بەشداری ئەو مەراسیمە بوون.



پێشەوا قازی محەممەد، بانەمەڕی ١٣٢٥

هەیئەتی کورد هیچ جیاوازییەکیان لە گەڵ نوێنەرانی شارەکانی تری ئازەربایجان نەبوو و وەک نوێنەری گەلی کورد، یان حکومەتی کوردستان، حسابیان بۆ نەکرا. چوونکە پلانی حەسەنۆف بۆ کوردستان، بریتی بوو لە جیبەجیکردنی خودموختاری لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا.

کاربەدەستانی سۆڤییەت، قازی محەممەد و هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردیان بۆ تەورێز بانگ کرد تا ئەوان بە بەریوەبردنی خودموختاری لە چوارچێوەی ئازەربایجان دا ڕازی بکەن. ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ١١٥ دا دەنووسێ، ژێنراڵ ئاتاکچیوف هەوڵی دا تا دەستەیەک لە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە وەک قازی محەممەد و وەهابی بلووری و مەنافی کەریمی بەشداری ئەو کۆبوونەوە بن.

مەناف کەریمی لە وتووێژی لەگەڵ سەمەدی لە لاپەڕەی ٢٥٦ دا ئەو قسانە پشت ڕاست دەکاتەوە و دەڵێ کە قازی محەممەد دژی ئەو پلانە بوو و دەنووسێ:

کاربەدەستانی سۆڤیەت، سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی بانگهێشتی تەورێز کردبوو، دەیانویست کوردستان بخەنە سەر ئازەربایجان، ڕەوانشاد پێشەوا قازی محەمەد بە ڕاشکاوی دژایەتی لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە کرد و گوتی: نەتەوەی کورد خاوەنی مێژووی ئازادییخوازییە و مێژوویەکی دوور و درێژ و ڕووناکی لەم ڕێگەیەدا هەیە و سەدان هەزار قوربانی داوە. ئازەربایجانییەکان هیچ کات داوای ئازادییان بۆ ئازەربایجان نەکردوە و نەتەوەی کورد حازر نییە چاو لە قوربانییەکانی خۆی بپۆشێ و بچێتە ژێردەسەڵاتی ئازەربایجان، ئەگەر لەژێر دەست مانەوە بێت، هەر ئەوە باشترە کە ئێمە لەژێر دەستی حکومەتی ناوەندیی دا بین. ئازایەتی و نەترسیی پێشەوا لە بەرامبەر کاربەدەستانی سۆڤیەت کە بەسەر

ئەڵمانی نازیدا سەرکەوتبوون، ئەوانی بێدەنگ کرد.

هەر لەو بارەیەوە، ویلیام ئیگڵتون لە لاپەڕە ١٠٨ی کتێبەکەیدا دەڵێت:

قازی محەمەد بە ئامۆژگاریی کاربەدەستانی ڕوسیا، لیژنەیەکی پێنج کەسی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداریی کردن لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئازەربایجان ڕەوانەی تەورێز کرد. ئەو پێنج کەسانە بریتی بوون لە: سەیفی قازی ئامۆزای قازی محەمەد، حاجی مستەفا داودی، مەنافی کەریمی، کەریم ئەحمەدین و وەهابی بلوریان. لە تەورێز پێشوازیان لە پێنج کەسە وەک نوێنەری کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ نەکرد، بەڵکو ڕێگەیان پێدان کە تەنیا بە ناوی نوێنەری بەشێک لە ئازەربایجان بەشداریی دانیشتنەکە بکەن و دەیانتوانی لە کوردستاندا تەنیا شورایەکی شاریان هەبێت و لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئازەربایجاندا بن. ئەوە بوو ئەو پێنج کەسە گەڕانەوە بۆ مهاباد کە ڕەخنە و ناڕەزامەندی خۆیان ئاراستە بکەن.

تورکەکان هەر بە چاوی ئەو دابەشکرانە جوغرافیایەی پاریزگاکانی سەردەمی ڕەزاشا، سەیری ناوچەی کوردستانیان دەکرد و باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی موکریانیان، بە خاکی ئازەربایجان دادەنا. فیرقەی دێموکرات بەو مەبەستە لە حیزبی دیموکراتیان گێڕابووەوە تا بچێ لە پارلەمان سوێند بۆ وەفاداربوون بە ئازەربایجان بخوا. بەڵام نوێنەرانی حیزبی دێموکرات بە پێچەوانە و لە پلەی نوێنەرانی نەتەوەیەکی جیاوازدا، هەڵسوکەوتیان کرد و دژی ئەو بڕیارە ڕاوەستان. کاتێک نۆرەی سوێند خواردنی نوێنەرانی کورد هات، حاجی مستەفا داودی. بەناوی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات پشتیوانی لە برایانی ئازەری کرد.

لەو بارەیەوە، مەناف کەریمی لە وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری ڕوانگە دەنووسێ:

حکومەتی ئازەربایجان دەیویست ناوچەی موکریان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کاتێک دەیانویست مەجلیسی میللیی خۆیان پێکبهێنن وەک شارەکانی تری ئازەربایجان لە مهابادیشیان گێڕابووەوە. بۆ نوێنەرایەتی مهاباد لەو مەجلیسەدا حاجی مستەفای داودی، کەریمی ئەحمەدەین، وەهابی بلوریان، من و عەلی ڕیحانی هەڵبژێردراین. لە ڕۆژی کرانەوەی مەجلیسەکەدا نوێنەرانی شارەکانی ئازەربایجان یەک یەک قسەیان کرد و پیرۆزبایی خۆیان ڕاگەیاند و دواتر دەستیانکرد بە سوێندخواردن کە فیدایی و سەریان لە پێناوی ئازەربایجاندا بێت. کاتێک نۆرە گەیشتە نوێنەری مهاباد، حاجی مستەفای داودی هەستایە سەر پێ و ڕایگەیاند: ئێمە پشتیوانی نەتەوەی ئازەربایجان دەبین، بەڵام سوێندی نەخوارد کە فیدایی و سەری لە پێناوی حکومەتی ئازەربایجاندا بێت. بەیانیی ڕۆژی دوایی بێ ئاگاداریی حکومەتی ئازەربایجان لە تەورێزەوە گەڕاینەوە بۆ مهاباد و لە مهابادەوە نامەیەکمان بۆ تەورێز نارد و ڕامانگەیاند ئێمە بەشێک نین لە ئازەربایجان و دەمانەوێت خۆمان سەربەخۆ بین.

تەنانەت فیرقە دەیهەویست لە شارە کوردەکانیش دا وەک شارە تورکەکان کاری ڕێکخستن بکا و لق دابمەزرێنێ. بە دوای ئەو ناڕەزایەتییەدا ڕێبەری حیزب هەوڵی دا بە کردەوە بسەلمێنێ کە لە هەموو بوارێکەوە لەگەڵ ئازەربایجان جیاوازە و نەتەوەیەکی سەربەخۆ و خاوەنی کیانی خۆیەتی و ناچێتە ژێر باری ئەوان.

لەسەر لیستی ناوی کابینەی وەزیرانی ئازەربایجان، محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٤٩ بەشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." دا دەنووسێ:

تەشکیلی وەزارەتی ئازەربایجان!

لە ٢١ی مانگی ئازەر ١٣٢٤ تاریخی ئێران کە ڕێکەوتی ١٢/١٢/١٩٤٥ ئەکات مەجلیسی گشتی میللی ئازەربایجان کۆ کرایەوە. بە ئارای ٨٠ ئەندام ئاغایانی خوارەوە بە ئەندامی وزەرای ئازەربایجان پەسەند کران:

١- سەرۆکی وەزیران - ئاغای شبستری

٢- پیشەوەری بە ڕەهبەری فیرقە دیمۆکرات و سەرۆکی جەمهوریەتی ئازەربایجان

٣- دوکتور جاوید بە وەزیری کیشوەر

٤- جعفر کاویانی بە وەزیری جەنگ

٥- دوکتور بهتاش بە وەزیری زراعە

٦- محمدی بیریا وەزیری فەرهەنگ

٧- دکتور ئەورەنگی وەزیری بێهداری

٨- غولام ڕەزا ئیلهامی وەزیری مالیە

٩- یوسف عەزیمی وەزیری عدلیە

١٠- کبیری وەزیری پۆست و تێلگراف و ئیشغاڵ

١١- ڕەزا ڕەسوڵی وەزیری ئیقتساد و تجارەت

١٢- زەین و لعابدەین قیامی بە سەرۆکی گشتی دیوانی تێز

١٣- ئیبراهیم دادستانی وەزیری دەعایە پرۆپاگەندە دامەزران.

بەڵام وەزارەتی دەرەوەیان هەر بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران هێشتەوە. چونکە ئازەربایجانیەکان لەو وەختەدا نەیان ئەویست داوای جیابوونەوە لە ئێران بکەن. تەنها داوای خودموختاریان ئەکرد نەک جیابوونەوە.

## رووسەکان هێزی ئەمنی پێک دێنن

دەوڵەتی شووڕەوی لە دەیەکانی نێوان ٣٠ و ٤٠ی سەدەی ٢٠ دا، لە بواری زەبر و زەنگ و کوشتن و خەفەکردنی نەیارانی نێوخۆیی دا ئەزموونێکی زۆری هەبوو. بەو پێیە بە دامەزرانی فیرقە، ڕایەڵێکی گەورەی هێزی ئەمنی لە ئازەربایجان دامەزراند کە هەر چەشنە نارەزایەتییەکی کپ دەکرد. مۆسکۆ بڕیاریدا دەستەی چەکداری نەهێنی لەژێر چاودێریی فەرماندەکانی ڕووسی بە مەبەستی پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی ئازەربایجان پێک بێ. بە گوێرەی لاپەرەی ٨٩ ی کتێبی ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ١٩٣٩- ١٩٤٥دا ژەنەراڵ "ماسلنیکۆڤ" فەرماندەی سەربازگەی باکۆ و باقرۆڤ نامەیەکیان بۆ "بێریا" نووسی:

بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ڕۆژی ١٨ی ئوکتۆبەری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت دەربارەی ئازەربایجانی ئێران، ئەم کارانەی خوارەوە کراون: بۆ لەناوبردنی کەس و ڕێکخراوەکانی دژ کە لەمپەر دەخەنە بەر بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی ئازەربایجان، ٢١ فەرمانبەری بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەزمون بۆ کارێکی تایبەتیی بۆ کۆمیساریای کاروباری ناوخۆ و کۆمیتەی ئەمنییەتی دەوڵەتی ئازەربایجان دەست نیشان کراون. ئەو هاوڕێیانە دەستە و گرووپی چەکداریی پارتیزان لە خەڵکی ناوچەکە پێکدەهێنن. بۆ یامەرتی ئەو هاوڕێیانە ٧٥ کەسی تر دەستنیشان کراون. ئەو گرووپە سەرەتا ڕەوانەی تەوریز، ئەردەوێڵ، میانە، ورمێ و مەراغە دەکرێن. بۆ بە نهێنیی ڕاگرتنی ئەو فەرمانبەرانە و کارە تایبەتییەکانیان، بە ناوی ئەندامانی سوپای سورەوە لە ئازەربایجان خەبات دەکەن. لە کۆتایی نامەکەدا ئاماژە بۆ پێویستییەکانی ئەو فەرمانبەرانە کراوە و بۆ هەر کامەیان مانگانە ١٠٠ هەزار ڕیاڵ داوا کراوە.

تورەج ئەتابەکیان لە کتێبی "ئازەربایجان لە ئێرانی معاسر" دا دەنووسی کە لە شارەکانی میانە و زەنجان ئەوانەی موخالیفی فرقە بوون بە هۆی کاربەدەستانی ئەو کۆمیتەیە تێرۆر کران. ئەوان هێرشیان کردە سەر دەوڵەمەندان و دەستیان بەسەر زەوی و ماڵەکانیان داگرت.

هەر بە پێی بڕیاراتی ڕۆژی ١٨ ی ئوکتۆبری ١٩٤٥، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کومونیستی شووڕەوی لە نیوەی یەکەمی مانگی نۆامبر، ڕادەی٨٠ کەسی ڕاهێنراوی ئەمنییەتی بە مەبەستی بەڕێوەبردنی زنجیرەیەک کاری تێرۆریستیی ڕەوانەی ئازەربایجان کرد. بە گوێرەی لاپەڕەی ٩٧ی نووسراوەی ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ١٩٣٩- کاری ئەوان بەو شێوەیە بوو: لە میانە یەکێک لە خاوەن موڵکەکانیان بە ناوی ״ئەنساری״ و لە زەنگان کەسێکیان بە ناوی ״راهنما״ کە یەکێک بوو لە نزیکانی مەحمود زولفەقاری و ئەحمەد ئاغای ئەڵایاریی خاوەنی گوندی ״نقدوز״، کوشت. هەر لەو کاتەشدا گرووپ و دەستەی چەکداریان لە خەڵکی شار و گوندەکان پێکهێنا. لە سەرەتادا ٣٠٠٠ کەسیان لە ٣٠ گرووپدا چەکدارکرد.

## یارمەتی دەوڵەتی ڕووس بە ئازەربایجان

لەو قۆناغەدا پشتیوانی ڕووس لە ئازەربایجان بەربڵاو و هەمەلایەنە بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی گەمارۆی ئابووری ئێران لەسەر ئازەربایجان، ڕۆژی ١٣٢٤/٨/١٣(١٩٤٥/١١/٤) مۆلۆتۆڤ بڕیاری دا کە یەک میلیۆن و پێنج سەد هەزار مەتر قوماشی چیت، ١٥٠٠ تۆن شەکر، ٤٨٨٠ تۆن سووتەمەنی، ٢٠٠ تۆن داوەبەن و ٢٠٠ تۆن کاغەز ڕەوانەی ئازەربایجان بکرێت و لە بەرامبەردا بنکە جیاوازەکانی سۆڤییەت لە ئازەربایجان، ٤٥٠٠ گا، ٥٠ هەزار مەڕ، ٢٥٠ تۆن کشمیش، ١٥٠٠ تۆن قەیسی وشک، ٥٠٠ تۆن بادام و ١٠٠٠ تۆن خوری بکڕن.

ئەو یارمەتییە تەنیا باری کەرەسەی بژیوی خەڵک نەبوو بەڵکو دەوڵەتی ڕووس یارمەتی گەورەی چەک و قۆرخانەی بە حکومەتی ئازەربایجان کرد و لە یەک وەجبەدا ڕادەی ١٧٠٠٠ تفەنگ ڕەوانەی ئازەربایجان کرا کە ٥٠٠ دانەیان درا بە میاندواو و بۆ هەر یەک لە شارەکانی ماکۆ و خۆی و سەڵماس و ورمێ ١٠٠٠ تفەنگیان دیاری کرد. هەروەها لە بڕیارێکی دیکە دا قەرار درا ڕادەی ١٠٠٠٠ تفەنگی برنەو و ٥٠٠ تفەنگی "پارابلۆم" و ٢٠٠ تفەنگی "والتەر" و ١٠٠٠ دۆشکە و ٥٠٠ نارنجۆک و٣٠٠ دەمانچە ڕەوانە ئازەربایجانی باشوور بکرێ. هاوکات لەگەڵ ئەوانە دەوڵەتی شووڕەوی لە ماوەیەکی کەم دا توانی ئەرتەشێکی گەورەی ١٧ هەزار کەسی بە ٢٥٠ ئەفسەرەوە بۆ ئازەربایجان ئامادە بکا.

بە پێی لاپەڕەی ١٢٣ کتێبی "فەراز و فرود فرقە..." لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٦ تا ژانوییەی ١٩٤٦ ڕادەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١١٥١٦ دانە تفەنگی ماوزەر، ٣٥٠ موسەلسەل، ٨٧ تفەنگی خودکار، ١٠٨٦ دەمانچە و ٣٠٠٠ دانە خومپارە و ٢٦٥١٤١٦ فیشەک ڕەوانە ئازەربایجان کرا.

هەر لە چوارچیوەی یارمەتییەکانی ڕووس دا تەنانەت ڕەمزە نیشتمانی و هیماکانی ئازەربایجان هەر بە هۆی کاربەدەستانی شووڕەوی دیاری دەکرا. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٢٥٣ی کتێبی دەستنووسی قازی محەمەد ... دا لەوبارەوە دەنووسێ:

سەید جەعفەر پیشەوەریی سەرۆکوەزیرانی ئازەربایجان لە نامەیەکدا داوای لە میر جەعفەر باقرۆڤ سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیست و سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی باکور کرد کە ڕای خۆی سەبارەت بە هێمای دەوڵەتی ئازەربایجان ڕابگەیەنێت و بۆی نوسی: ئێمە لەو باوەڕەداین کە خاوەن هێمای دەوڵەتی خۆمان بین. بە ڕای ئێمە ئەو هێمایە دەتوانێت لە مەشخەڵ، کتێبی کراوە و دوو شمشێر پێکبێت. ئێمە دەمانەوێت لەم بارەیەوە ڕای ئێوە ببیستین.

لە وەڵامیدا باقرۆڤ پێی ڕاگەیاند: دەکرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە هێمای دەوڵەتی ئازەربایجان لە دوو شمشێری ئەفسانەیی "شمشێری میسریی، هێمای خەبات و قارەمانیەتی"، لە نێوان ئەو دوو شمشێرەدا وێنەی مەشخەڵ "مەزهەریی ئازەربایجان - وڵاتی ئاگر" ببینین کە بە گەڵای "بو" دەوری وێنەکانی گرتبێت و لەژێریاندا ئاڵای سور بە هێمای سەرکەوتن دادەنرێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٢٠
## کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمەڵگای کوردستان لە هەموو ئەزموونەکانی بەڕێوەبری دامودەزگایی پێشکەوتوو دا بێبەری بوو، بەڕێوەبردن و بە ئەنجام گەیاندنی بەرنامەکانی حیزب هەروا سووک و هاسان نەبوو. پاش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزب بۆ بە جێگەیاندنی ئامانج و بەرنامەکانی لە نێو ئەندامان دا لێبڕاوانە تێکۆشا. گرینگترین و سەرەکیترین کارەکان، ڕاهێنان و ئاشنا کردنی کۆمەڵگای کورد، بە پرسی نیشتیمانی و نەتەوەیی بوو. بۆیە حیزب دەبوو لە هەموو بوارێکەوە هەوڵ بدا ڕیزەکانی خۆی ڕێک بخا و لە توانایی کادرەکانی بە هەموو شێوەیەک کەڵک وەرگرێ. ئەو بەرنامەیە، ڕێکخستن و نەزم و دیسیپلینی دەویست، ئەوەی کە کورد لەگەڵی نامۆ بوو. بەڵام باوەڕی قوڵ بە ئامانجەکانی حیزب و لێبڕاوی ڕێبەران بە کارەکانیان، بوو بە هۆی ئەوە کە حیزب خێرا دەست بە کار بێ و لە یەکەم قۆناغ دا ئەندامانی لە یەک تەشکیلات و ڕێکخستنی یەکگرتوو دا کۆ بکاتەوە و هەوڵ بدا تا یەکەم کونگرەی حیزب ببسترێ. بۆیە لە ڕۆژی ٣ی مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٤دا بە بەشداری ئەندامانی ئاغاوەت و سەرۆک عەشایر، ڕووناکبیرانی شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەر لە مزگەوتی سووری مەهاباد گۆنگرەی یەکی حیزب دەستی بە کارەکانی کرد.سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١٩٠ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" لەسەر کۆنگرەی یەکەمی حیزب دەنووسێ: یەکەمین کۆنگرەی حیزب لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/٧/٣ ی هەتاوی (١٩٤٥/٩/٢٥ی زایینی) دەگیرێ. ئەو کۆنگرەیە بە بەشداریی ٢٧٠ کەس لە نوێنەرانی هەموو چینەکانی خەڵکی کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

بە گوێرەی لاپەڕەی١٥٢ی ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراتیڤ، کۆنسوولی سۆڤییەت لە ماکۆ بۆ وەزارەتی دەرەوە باسی سەرۆک هۆزەکانی ماکۆ دەکا کە داوا لە جووتیاران دەکەن کە ناوی خۆیان لە حیزبی دیموکراتدا بنووسن و نوێنەرانی خۆیان بۆ کۆنگرە بنێرن:

لە نیوەی یەکەمی مانگی ئوکتۆبەری ئەمساڵدا، بە پێشنیازی ژمارەیەک کوردی مهاباد، چەند گروپێکی دەستپێشخەر بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاتنە ئەم ناوچەیە و داوایان لە خەڵک کرد ناوی خۆیان لەو حیزبەدا بنوسن و ئامادە بن لە هەڵبژاردنی نوێنەرانیاندا بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی حیزبی دیموکرات لە مهاباد. ئەو نوێنەرانەی کە لە ماکۆوە چوون بەشداریی بکەن لە کۆنگرەی حیزبی دیموکراتدا، بریتی بوون لە: شێخ عەبدولقادر، عومەر ئاغای خالیدی، عەبدوڵڵا ئاغای قارەمان، حەسەن ئاغای حاجی تێلو و عومەر ئاغای ئەموی.

لە سەڵماسەوە: عومەر خانی شەریفی، عەباس فەنەک، قۆیتاس مەمەدی، عەبدەوی عەبدول، سۆفی شێرانی، شێرۆ پس ئاغا، تاهیرخانی سمکۆ، حەسەن تێلو، موراد نەپسانی و مەلا مەجید. ئەو ژمارەیە، دوای گەڕانەوەیان لە کۆنگرە، لە ناو هۆز و تیرە کوردەکاندا دەستیانکرد بە ڕوونکردنەوە بۆ خەڵک کە کارەکەیان زۆر چالاکانە نەبوو. ئەمە دەریدەخات کە لە ناو کوردەکاندا خوێندەوار کەمە، بەڵام کوردەکان بەگشتیی لە دامەزراندنی ئەم حیزبە ئاگادار بوون و هەموو خۆیان بە ئەندامی دەزانن، بە بێ ئەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزب وەرگرتنی ئەندامی ڕێکخستبێت.

سەرۆک خێڵەکانی کورد "نوێنەران" کە لە کۆنگرە گەڕاونەتەوە، بە باوەڕپێکراوانی خۆیان گوتووە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاگاداریی و پشتیوانیی دەزگاکان و کاربەدەستانی یەکیەتی سۆڤیەت پێکدێت. ژمارەیەک کوردی زۆر بەو ئەنجامە گەیشتوون کە کورد لەگەڵ ڕووسەکان یەکدەگرن، لە ناو زۆربەی هۆزە کوردەکانی ناوچەکانی ماکۆ و خۆی، بە بۆنەی پێکهاتنی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە شایی و هەڵپەڕکێ کراوە. ئەوانەی کە تا ئێستا لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ناوی خۆیان نوسیوە، ژمارەیان دەگاتە هەشت هەزار کەس.

هێشتا لێپرساوان ڕێکخراوەکانی ناوچەیان دانەمەزراندوە. کار و خەباتی ڕێکخستنی ڕۆشنبیریی لاوازە. سەرۆکە کوردەکانی ناوچەکە شارەزای کاری ڕێکخستن نین و هێشتا کەسێک لە ناوەندەوە نەهاتووە بۆ ئێرە.

لە لاپەڕەی ١١ ی ژمارە یەکی "گۆڤاری کوردستان" کە لە سەرماوەزی ١٣٢٤ دا چاپ بووە لەسەر ئەندامانی بەشدار لە یەکەم کۆنگرەی حیزب دا ئاوا هاتووە:

لە دوای ئەوە لە هەوەڵی مانگی خەزەڵوەر ١٣٢٤(١٩٤٥/١٠/٢٣) حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مهاباد داندرا و بەیاننامەی بڵاو کردەوە. لە ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢ دا هەوەڵ کۆنگرەی خۆی کە تێکەڵ بوو لە سەران و نوێنەرانی کوردان بە تەرتیبی ژێرو:

١- ماکۆ و ئارارات: ئاغای عومەرخانی جەلالی، ئاغای شێخ حەسەن، ئاغای شێخ کی، ئاغای حەسەن ئاغای دلالی، ئاغای عەبدوڵڵا ئاغای ملان و ئاغای فەخری.

٢- سۆما، برادۆست، دەشت و مەرگەوەڕ: ئاغای عومەرخانی شەریفی، ئاغای تاهیرخانی سمکۆ، ئاغای عەباس، ئاغای فەنک، ئاغای قۆیتاس، ئاغای مامەدی، ئاغای حاجی وتمان، ئاغای شێرۆ، ئاغای عەبدی، ئاغای حەسەن تێلۆ، ئاغای تەمەرخان، ئاغای موراد، ئاغای نوورکۆ، ئاغای زوبێد، ئاغای عەزۆ، ئاغای حەسەن هەنارە، جەنابی ئاغای حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی.

٣- شنۆ: ئاغای موساخانی زەرزا، ئاغای قەرەنی ئاغای زەرزا، ئاغای میرزا سەعید، ئاغای قازی محەمەد و ئاغای کاک هەمزە.

٤- سندوس: ئاغای ئەحمەدی کاخدری، ئاغای قاسم ئاغای پیرۆتی، ئاغای محەممەد ئەمین ئاغای پیرۆتی.

٥- لاهیجان: ئاغای عەبدوڵا ئاغای قادری، ئاغای کاک مامەندی قادری، ئاغای کاک حوسێن محەمەدی، ئاغای پیرۆت ئاغای ئەمیر عەشایری، ئاغای محەمەد ئەمین ئاغای پیرۆتی.

٦- پیران: ئاغای محەمەد ئەمین ئاغا، ئاغای قەرەنی ئاغا.

٧- میاندواو: ئاغای محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی.

٨- بۆکان: ئاغای عەبدولڕەحمان شەرفکەندی، ئاغای ڕەشید عەلی زاد.

٩- مەنگوڕ: ئاغای برایم ئاغای ئەدهم، ئاغای مام حەسەن، ئاغای کاک سلێمان، ئاغای کاک هەمزە، ئاغای میناغا و باقی برایانی کورد تەشکیل دا و لە لایەن سەران و ڕەوشنفکرانی حیزبەوە نوتقی زۆر چاک دایر بە دیموکراتی و یەکێتی ئیراد کرا. لەم کۆنگرەیەدا هەموو لکەکانی حیزبی دیموکراتی

کوردستان تەسویب کرا و نوێنەری تایبەتییان بۆ دانرا. هەر یەک لە جێی خۆیان دامەزران و دەستیان بەکار کرد و هەژار هۆنەری جوای کوردستانئەم شێعرانەی خوارەوە کە باسی دێموکرات دەکا خوێندەوە.

دێموکراتمان دەوێ.

حەوت ساڵ ئاگری شەڕی دونیا دایسا

دیزەی شەڕی تێیادەکوڵی گۆشتی پیر و جوان

لە جەلەسەکانی دیکەش دا هەژار و خاڵەمین، شێعریان خویندەوە.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٢ی کتێبی تاریک و ڕوون دا لە سەر کۆنگرەی یەکم دەنووسێ:

دەستەیەک لە ڕووناکبیران و ئەندامانی کۆمەڵەی ژ. ک هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کۆمەڵە لە هەل و مەرجی ئێستای جیهان و کوردستان دا ئیمکانی کەمە. بۆیە بەرنامەیەکی کورت و نوێیان کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەو سەردەمی دا دەگونجا گەڵاڵە کرد و لە ڕۆژی سێی خەزەڵوەری ١٣٢٤- ١٩٤٥ یەکەم کونگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد گیرا و ئەو بەرنامەیە پەسەند کرا و ڕێکخراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەسەر بناخەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژ. ک دامەزرا و تەنیا لە کادری ڕابەری دا ئالوگۆڕێک پیکهات و پێشەوا قازی موحەمەد کە ئەندامێکی سادەی کۆمەڵە بوو و ناوی نەهینی بینایی بوو، بە پیشەوای حیزب هەڵبژێردرا و سەرۆکی کۆمەڵە کە پیاوێکی زۆر تێکۆشەر و ئازا و پاک بوو لە کادری ڕابەری دا نەما. ئەم ئالوگۆڕە هیچ کاری نەکردە سەر ئەو پیاوە و لە ڕیزەکانی خوارەوەی حیزب دا درێژەی بە خەبات و کاری خۆی هەر دا و ڕەنجێکی زۆری کێشا.

لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا من بۆ یەکەم جا لە ژیانم دا لەبەرامبەر خەڵک دا شێعرم خوێندەوە ...

محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٢٧ پاشکۆی یەکی کتیبی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسی کە قازی محەممەد، کاتێک هاتە ناو کۆمەڵەی ژ-ک ناوی نەهێنی "یەزدی" بۆخۆی هەڵبژارد بوو. بەڵام دوای ماوەیەک نە بۆخۆی و نەبرادەرانی کۆمەڵە ئەو ناوەیان پێخۆش نەبوو و گۆڕی بە بینایی.



ڕەحیمی قازی بە نەقڵ لە ئارشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٤١ لە سەر گرتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزب لە لاپەڕەی ١٥٦ی دا دەنووسێ:

لە بەرواری ٢٥ ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٥دا لە مەهاباد لە تالاری خانووبەرەی شارەداری، کۆنگرەی یەکەمی ح. د. ک پێک هات. کۆنگرە چوار ڕۆژی خایاند وە لە ٢٨ی مانگیدا تەواو بوو. لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی تەواوی بەشەکانی کوردستانی سەربە ئێران (جیا لە مەڵبەندی کرماشان) بەشدارییان دەکرد. لەو کۆنگرەیەدا دوو هاونیشتمانی کوردی سووریە وە حەوت کەس هاونیشتمانی عێراقی وەک میوان حازر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون. لە کۆنگرەدا لەمەڕ چلۆنایەتیی کوردستان و جیهان و ئەرکەکانی سەرشانی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیی گەلی کورد، قازی محەمەد وتاری دا. لە کۆنگرەدا بەرنامە و نیزامنامەی حیزب بە هاودەنگییەوە پەسەند کرا. کۆنگرە بە هاودەنگییەوە قازی محەممەدی بە سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک هەڵبژارد. بەڵام کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی، لە کۆنگرە دا دوو بیروباوەڕی جیاواز هاتە گۆڕێ وە ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەت و نوێنەران و پیاوە دینییەکانی مەڵبەندی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەوروبەری سەڵماس، هەوڵیان دەدا ژمارەی بیرڕووناکان لە کۆمیتەی ناوەندیدا کەم بکەنەوە، بەڵام ئەم تەقەلایە بە ئەنجام نەگەیشت. بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی ٤٣ کەس هەڵبژێردرا کە لە سەدا ٨٠ ی بریتی بوو لە بیرڕووناکا. جیا لەمە ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکان و نوێنەرانی پیاوە دینییەکانیش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

ناوی ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندیی بە دروستی ڕوون نییە بەڵام بەگوێرەی لاپەڕەی ٣٠ی کتێبی" ٥٠ ساڵ خەبات" دا لە نووسینی جەلیلی گادانی، ئەم کەسانە خوارەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردران:

قازی محەمەد (سەدری حیزب) حاجی باباشێخ، محەمەد حوسێن سەیفی قازی، ڕەحمان زەبیحی، مەناف کەریمی، سەید محەمەد تەهازادە یان"ئەیوبیان". عەبدولڕەحمان ئێلخانی زادە، ئیسماعیل ئێلخانی زادە، ئەحمەد ئیلاهی، خەلیل خەسرەوی، کەریم ئەحمەدین، حاجی مستەفا داودی، محەمەد ئەمین موعینی، مەحمود وەلی زادە، محەمەد ڕەسوڵ دڵشاد، محەمەد ئەمین شەرەفی، سەید عەبدوڵا گەیلانی زادە، عومەر خانی شکاک، زێڕۆبەگی هەرکی و ڕەشید بەگی جهانگیری.

لە ژمارەی ٤٥ی ڕۆژنامەی کوردستان دا ناوی ئەو کەسانە وەک کومیتەی ناوەندی هاتووە:

ئاغای سەید عەبدڵا گەیلانی عوزوی کومیتەی حیزب دێموکرات کوردستان.

ئاغای ئەمر خانی شەریفی عوزوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات کوردستان ڕئیسی عێلی شکاک.

ئاغای ڕشیدبەگی جهانگیری عوزوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات کوردستان نماینەدەی عێلی هەرکی.

ئاغای زیرو بەگ بەهادوری عوزوی کومیتەی مەرکەزی... نوێنەری عێلی هەرکی.

بە گوێرەی حەوتەنامەی ژمارە ٥٥ "کوهستان" بە دوای ڕێکەوتنی ئێران و ئازەربایجان و کورد لە تەوریز، ئەو کەسانە بە نوێنەرایەتی کومیتەی ناوەندی ڕێکەوتنەکەیان واژۆ کرد:

مەهاباد هەیئەتی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان، محەمەد خەلیلی خوسرەوی، عەلی ڕیحانی، مستەفا سوڵتانیان، مناف کەریمی، کەریمی ئەحمەدی، سەید محەمەد تەهازادە، حاجی مستەفا داودی.

هەروەها لە بەڵگەی فەرمی دا ناوی جەعفەرئاغای کەریمی(ش) وەک کومیتەی ناوەندی هاتووە.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٥٩ی کتێبەکەی دا لەسەر کارەکانی دیکەی کۆنگرە دەنووسێ:

بەرنامەی حیزب کە لە کۆنگرەدا پەسەند کرا بریتییە لە  بەش و ٢٢ بەند.

کومیتەی ناوەندی دوای ئەوەی دیاری کرا، دەستەلاتی کارەکانی ئیداری وڵات و دەوڵەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خودموختاری کوردستانی به دەستەوە گرت. لەسەر کارایی و لێهاتوویی و شێوەی هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی، دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ کە لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە، دەڵێ:

ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرتاوە تا ئێستا چەند قۆناغی بەسەردا هاتوە. یەکەمین قۆناغی ڕێبەرایەتیی ئێمە لە زەمانی کۆماری کوردستان دایە. لەو سەردەمەدا ئوسووڵێکی ئەوتۆ کە ئێستا ئێمە هەمانە بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی نەبوەو ئێمە بە دروستی هەتا ئێستاش ناتوانین دیاری بکەین کە ئایا ئەو ڕێبەرایەتی‌یە لە کونگرەی حیزب‌دا هەڵبژێردراوە؟ یان لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی‌دا؟ کە پاش چەند مانگێکیش بۆتە ڕێبەرایەتیی کۆماری کوردستان. دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ئەگەر پێشەوا قازی‌و یەك دوو کەسی دیکە (ئەوانیش فاسیلەیان زۆر بووە لەگەڵ پێشەوا قازی) لەو لا دابنێین ئەوەی کە وەك ڕێبەرایەتیی ئەو وەختە هەبوو، بە هیچ شێوەیەك نە ئامادەیی سیاسی هەبوو بۆ ئەو کارە، نە تەجرۆبەوو تاقیکردنەوەی پێشووو، نە تەنانەت بیروباوەڕێکی قووڵی وەك ڕێبەرایەتیی جووڵانەوە. چونکە لە چەند مانگان یان ئەو پەڕەکەی لە ماوەی یەك ساڵدا ئەوانە لە پێش‌دا وەك ڕێبەر دیاری کران، لە پاشان بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و بوون بە وەزیرو کاربەدەست. بێ ئەوەی کە پێشتر ئامادەیی‌یان هەبێ بۆ ئەم کارە. ئەم ڕاستی‌یە لە پاش تێکشانی کۆماری دەرکەوت.

هەر لەو سەرچاوەیەدا، دوکتور قاسملوو لە درێژەدا لەسەر کارایی و لێهاتوویی و کومیتەی ناوەندی، دەڵێ: پێشەوا شەهید بوو لەگەڵ چەند کەسی دیکە، هێندێکیان لە مەهاباد و هێندێکیان لە بۆکان و سەقز. لەو ڕێبەرانەی کە مانەوە من وەك شەخسێك پاشان چەند کەسێکم ناسین. ئەو وەختە کە من ئەوانم ناسی لە واقیعدا لە ساڵەکانی زەمانی "مصدق"دا بوو کە دووبارە فەعالییەتی حیزب دەستی پێ کردبۆوە. ڕاستی ئەوەیە زۆرم پێ سەیر بوو کە ئەو کەسانە وەختێك بەڕێوەبەر بوون و لەم ڕووەوە هیچ سەیرم نەهاتە بەرچاو کە ئەو جووڵانەوەیە سەرنەکەوت. نامهەوێ شەخسێك بە چووك دابنێم. کارم بە شەخس نیە. بەڵام ئەوانەی کە لە زەمانی حکوومەتی دوکتور "مصدق"دا ئێمە دیتمانن و ماوەیەکیش لە حەوزەیەك‌دا بەناوی حەوزەی کۆنە دێموکراتان تێکۆشانیان هەبوو، هەرچەند زۆربەیان لە وەختی خۆی‌دا وەزیر بوون و ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوون، بەڕاستی و بەبێ موبالەغە دەتوانم بڵێم بە قەد کادرێکی دەرەجە چواری ئێستای ئێمە نە زانیاریی حیزبی و نە زانیاریی سیاسییان نەبوو. هەرچەند ئەو وەختە کە من بە خزمەتیان گەیشتم بە تەمەن بوون و هیچیان تەمەنیان لە پەنجا ساڵ کەمتر نەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٢١

## سەفەری دووهەمی باکۆ

ئەگەر دەوڵەتی شوورەوی لە بانگهێشتنی سەرۆک عەشایری کورد لە ساڵی ١٩٤١ مەبەستی ڕاگرتن و دڵنەوایی عەشیرەتەکانی کوردبوو، لە سەفەری دووهەمی هەیئەتی کورد دا، مەبەستێکی دیکەی دەپێکا. لەو سەردەمەدا دەوڵەتانی هاوپەیمان بە سەر ئاڵمان دا سەرکەوت بوون و لە هەوڵی بەدەستهینانی قازانج و بەرژەوەندییەکانی دوای شەڕدا بوون. بۆیە ڕووسەکان بە جێگای بەجێهێنانی بەڵێنییەکانی پەیمانی ٣ قۆڵی و کێشانەوەی هێزەکانی لە ئێران، هەوڵی دا تا بە خێرایی خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆی لە سەرووی ئێران، یەکدەست بکا و بۆ داوخوازەکانی نەتەوەیی و نیشتیمانی، هانیان بدا و بەمشێوەیە بە زەخت هێنان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران، ئیمتیازی نەوتی شیماڵ بەدەست بێنێ.

لەو پێناوەدا یەکێک لەو نەتەوانەی کە بە ڕادەیەکی کەم، لەپاڵ ئازەربایجان دا، کەوتە نێو بازنەی سیاسەتی نوێ دەوڵەتی شووڕەوی، ئەو بەشە لە سەرووی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بوو کە ڕووسەکان حوکمیان بەسەر دا دەکرد. بۆیە دەوڵەتی شووڕەوی بۆ تاوتوێ کردنی ئەو سیاسەتە نوێە، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیان بۆ باکۆ بانگ کرد. لەو سەفەرە دا پێکهاتەی کەسانی بانگهێشتراویش گۆرا و لە بیچمی پێشوو هاتە دەر و هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان قرت کران.

لەسەر کات و ناوەرۆکی ئەو سەفەرە، بووچوونی جیاواز هەیە و کەسانێکی بەشداری ئەو سەفەر بە ڕوونی ڕووداوەکانیان لە کاتی خۆی دا نەگێراوەتەوە و دواتر لە باس کردنی دا بە هەڵە چوون. بە گوێرەی قسەی ئەوان دەبێ حیزبی دێموکرات بە دوای ئەو سەفەرە دا دامەزرا بێ.

دوکتور قاسملو لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا بە ڕوونی نیشان دەدا کە ئەو سەفەرە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکڕات بوو و دەنووسێ: ... لە سەرەتای خەرمانانی ساڵی ١٣٢٤ دا قازی محەمەد بە سەردان چووە تەوریز و لە جێژنی پێکهاتنی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان لە ١٢ ی خەرمانانی ١٣٢٤ (٣ ی سیپتامبری ١٩٤٥) دا بەشدار بوو. هەر پاش ئەم جێژنە لە گەڵ چەند کەسی دیکە بۆ جاری دووهەم بۆ باکۆ بانگهێشتن کرا. دیارە سەفەری ئەمجارە سەفەرێکی بە تەواوی سیاسی بوو، چونکە قازی محەمەد وەك سەرۆکی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی دیکەی هەیئەتیش وەك بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات چوونە باکۆ. هەر بۆیەش ئەم جارە داخوازەکانیان فۆرمووڵە کرا بوون. داوایان لە یەکێتی سۆڤێتی ئەوە بوو کە پشتیوانی لە حکومەتی کوردستان بکا کە خەریکی پێکهێنانی بوون، یارمەتی مالی بەم حکوومەتە بکا و چەك و تەقەمەنیشی بۆ بنێری، بۆ ئەوەی حکوومەتی کوردستان بتوانێ سوپای میللی و هێزی چەکداری خۆی دابمەزرێنێ.

ئیگلتۆن لەسەر سەفەری دووهەمی باکۆ لە لاپەڕەی ١١٧ی کتێبەکەی‌دا دەنووسێ:

بەرەو ئاخریەکانی مانگی سپتامبری ساڵی ١٩٤٥ ژێنراڵ ئاتاکچیۆڤ، ئەفسەری سیاسی شوڕەوی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازەربایجانێ، بە قازی محەمەدی گوت کە کاتی ئەوە هاتووە کە دەستەیەک پیاوی لێهاتووە هەڵگرێ و بۆ یەکێتی سوڤییەت بچێت و لەوێ لەگەڵ مەقامە لێپرسراوەکان لەبابەت داهاتووی کوردستان دا بدوێن.

ئیگلتۆن لە درێژەدا لە لاپەڕەی ١١٨ دا دەنووسێ کە قازی محەممەد بێجگە لە خۆی، مەناف کەریمی، عەلی ڕیحانی، قاسم ئاغای ئیلخانیزادە و سەیفی قازی و عەبدوڵای قادری و کاک هەمزەی نەڵۆسێ(مامەش) و نووری بەگی بەگزادە (نووری بەگی عەباس نژاد) لە ڕۆژئاوا و باشووری بەحری ورمێ بۆ ئەو سەفەرە هەلبژارد.

ئیگلتۆن لە درێژەدا دەنووسێ کە ئەو نوێنەرانە لە تەورێز کۆبوونەوە بە هێندیکیان گوترا کە لەگەڵ دوکتور سەمەدۆڤ لە نەخۆشخانەی شووڕەوی پەیوەندی بگرن. دوایە لە میوانخانەی ژالە کۆبوونەوە و بە شەمەندەفەر و ترۆمبیل بەرەو باکۆ وەڕێکەوتن و لەوێ عەلایۆڤ(ئەڵایۆڤ) و ئەیوب کەریملی بە چەند دەستە گوڵ پێشوازیان لێکردن و بردیاننە هۆتێلێک لە چەند مایلی "میرداکن".

مەنافی کەریمی لە وتووێژی لەگەڵ گۆڤاری "روانگە" لە مانگی گەلاوێژی ١٣٨٢ ژووییەی ٢٠٠٣ دا باسی سەفەری دووهەم بۆ باکۆ دەکا کە لە ٢١ ی خەرمانانیساڵی ١٣٢ی کراو، دەڵی:

سێ ساڵ لە پێکهاتنی ژێ. کاف تێپەڕی بوو و ڕووسەکان چەند جار بە ڕێگەی مەئموورەکانی خۆیان کە لە هەموو ئازەربایجان و کوردستانی موکریان دا هەبوون بە ئێمەیان کوتبوو بچن و لە گەڵ سەرانی ئازەربایجان قسە بکەن و ئامانجەکانی ژێ.کاف یان بۆ ڕوون کەنەوە. دواجار دەستەیەکی ٧ کەسی کە بریتی بوون لە قازی محەمەد، محەمەد حوسێنی سەیفی قازی، قاسمی ئێلخانیزادە، ئەمن، کاک هەمزەی جەڵدیان، نووری بەگی بەگزادە و عەلی ڕیحانی چووینە باکۆ.

ئیگلتۆن هەر لە درێژەدا لە لاپەڕەی ١١٩ دا دەنووسێ کە لە نێو ئەو نوێنەرانەدا: ... تەنیا قازی محەمەد بوو کە لە تەواوی جێگە عاستەمەکان و هەموو پارچەکانی ئەو سەفەرە ئاگادار بوو.

جێی ئاماژەیە کە لە سیاسەتی نوێی دەولەتی ڕووس دا، هەرچەشنە ڕەزامەندییەک بۆ ویست و داوخواز و مافی نەتەوەیی کورد دەبوو لە کاناڵی ئازەربایجانەوە جێبەجێ بکرێ و کوردستان بە بەشێک لە ئازەربایجان بە حیساب دەهات. واتا کورد دەیتوانی لەژێر دەستەڵاتی ئازەربایجان دا کەمێک حوکمی خودموختاری هەبێ.

هەیئەتی کورد بۆ چاوپێکەوتن لەگەل باقرۆڤ ویستەکانیان گەڵاڵە کرد و ئیگلتۆن دوای ئەوە باس دەکا کە بەیانی کوردەکان جەلەسەیەکیان پێکهینا تا گەڵاڵەیەک ئامادە بکەن و بیدەن بە عەوڵایۆڤ و ئەویش بیگەیەنێتە باقرۆڤ، لە لاپەڕەی ١٢٠ دا دەنووسێ کە قاسمی ئیلخانیزادە دیاری کرا بۆ ئەوەی کە لە چوارچێوەی بەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا، پێشنیارەکان بەجوانترین شێوە بێنێتە سەر کاغەز.

ئەو هەیئەتە لە سەعاتی ٧ی پاش نیوەڕۆ بە هۆی باقرۆڤ کە تەمەنی ٦٠ ساڵ دەبوو پێشوازیان لێکرا و بە پێی کتێبی ئیگلتۆن باقرۆڤ قسەکانی ئاوا دەست پێکرد: ... کە بیروڕای یەکێتی سوڤییەت لە بابەت مەسەلەی نەتەوایەتی دا چلۆنە؟ ئەو گوتی گەلانێک کە زمان و فەرهەنگی جیاوازیان هەیە، پێویستە کە هەموو مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بدریتە دەستی خۆیان. ئێرانیش وڵاتێکی ئاوایە. مەسەلەن زمانی کوردی، تورکی، گیلەکی(باشووری بەحری خەزەر)، عەرەبی و... تێدا هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرکامێک لەوانە خواهی ناخواهی ڕۆژێک بە ماڤی ڕەوای خۆیان دەبێ بگەن و هەوەڵین کوشش پەیوەندی بە تورکەکانی ئازەربایجانێوە هەیە. جا ئەگەر وابێ، هیچ پێویست نییە کە کوردەکان پەلەی بکەن. ئەوجار ڕزگاری گەلی کورد پەیوەندی لەگەڵ سەرکەوتنی هێزە کوردەکان لە عێراق و تورکیەش هەیە. مەڵبەندێکی ڕزگاربووی کورد کە لە کوردی تەواوی وڵاتەکانی تێدا بێ لەبەرچاوی ئێمە جوان دیارە. لەوکاتە دا کە ئەمن (باقرۆڤ) قسەو بۆ دەکەم خودموختاری ئازەربایجانێ هەرکاتیک پێکهات، سەربەخۆیی ئیوەش لەوێ دا هەیە. بۆ قازی محەمەد ئەوە جاری هەوەڵ جار نەبوو کە ئەو مەبەستەی ڕزگاری کوردستانیان بۆ تێکەڵ مەسەلەی ئازەربایجانێ دەکرد. وڵامی ویش وایدەگەیاند کە کۆشش کردنی گەلی کورد بۆ وەدەستخستنی ماڤێکی کامیلەن ڕەوایە، هەروەک ئازەربایجانێ.

باقرۆڤ تا ئەو جێگەی کە توانی پشتیوانی خۆی لە ئازەربایجانێ دەربڕی، جا لە دوایە بەڵێنیشی بە کوردەکان دا. ئەو وەها ئیحساسات گرتبووی کە زۆر بە توندی بە مستان لە میزەکەی پێش خۆی دەدا و دەیگوت: تا ڕۆژگارێک یەکێتی سۆڤییەت هەبیت، سەربەخۆیی و ئازادی گەلی کوردیش مەحفووز و پاریزراوە. قازی لەبەرامبەری ئەو هەموو ئیحساساتەی کە میواندارەکەی نیشانی دەدا هەستا حەوا و گوتی: گەڵ و نەتەوەیەکی زەعیف و زوڵم لیکراو هەر دەستی یارمەتێک بۆ لای درێژ بکرێت و بە گەرمی وەری دەگرێت و نەتەنیا ڕێکی دەکوشێت بەڵکوو ماچیشی دەکا.

ئیگلتۆن لە درێژەدا دەنووسێ: لە پاشان لەو مەجلیسەدا کە چای لێدەخوراوە و چووک و غەیرە ڕەسمی بوو، باس هاتە پێداویستییەکان. جا بۆ ڕازاندنەوەی مەتڵەب قازی نەقڵی دێهاتێکی فەقیر کە ئاغاکەی تاجێکی ڕاوێی دابوویە گێڕایەوە و گوتی: ڕۆژی دوایی دیسان چووە لای ئاغاکەی و گوتی: ئاغا ئەمن هەزار هەزار بار شوکرانەی دەبژێرم و سوپاسی تۆم پێ تەواو ناکرێت. ئاغا زۆری پێسەیر بوو و گوتی بۆچی لەبەر خاتری تاجێکی تا ئەو ڕادەیە سوپاسگوزاری دەکا؟ دێهاتییەکە وڵامی داوە: قوربان لەو وەختەوە کە ئەو تاجییەت پێداوم، دەزانم نەزەرت ئەوەیە کە ئەسپێکی باشیشم بۆ ڕاوێ بدەیەی و کاتێک ئەسپەکەت دامێ شکم نییە کە تفاقی ویشم دەدەیەی. جا لە پاشان بە ئەسپ و ساحیبەکەی چواردیوارێکیش عەتا دەکەی کە تێیدا بژین. جا ئەو وەختەیە کە ئەمن خۆ بە پیاوێکی بەختەوەر دەزانم. قازی بۆوەی خاترجەمع بێ کە باقرۆڤ لە ویستی وی حاڵی بووە گوتی: لەو وەختەوە کە بەڵێنی ئازادی وڵاتە کوردنیشینەکان بە ئێمە دراوە، ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان هەیە کە پێداویستییەکانی دیکەشمان، یانی ئەو کەرەسانەی کە ئازادییەکەشی پێڕادەگیرێ و سەرکەوتن و تەرەقی پێوەیە، بۆمان تەئمین بکەن. باقرۆڤ جوان لە مەبەست تێگەیشت و وڵامەکەی شتیک بوو کە هەموو چاوەڕوانی بوون. ئەو زۆر بە پێداگرتنەوە بەڵێنی دا لە چەند جاران دا ئەو چەکانەی کە پێویستن وەک تانک، تۆپ، موسەلسەل، تفەنگ و ... بۆ مەهابادێ بنێرێ. هەروەها یارمەتییەکانی ئابووری خۆیان بە جوانی دەوام پێبدەن.

باقرۆڤ هەروەها گووتی ئیمە بە پیشەوەری ڕادەسپێرین کە ٨٠ کەس لە خوێندکارانی ئیوە لە زانستگەی نیزامی تەورێز دا (کە بەو زوانە دادەندرێ) قبووڵ بکات. یەک دەزگا ماشێنی چاپ بۆ چاپەمەنی کوردەکانیش زۆر زوو بەرەو سابڵاغ دەنێرێ.

ئەوجار باقرۆڤ قامکی لەسەر نوختە سیاسییەکان دانا و گوتی کە کۆمەڵە بەو تەشکیلاتەیەوە ناتوانێ کە بەرهەمێکی بۆ وان هەبێت. پێیگوتن کە ئەورۆ تەواوی دەرکەکانی دونیا بەرەو دیموکراسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکریتەوە، بە تایبەتی لە ئیالاتی موتەحیدەی ئەمریکا، بریتانیا و یەکێتی سوڤییەت تەواو شایانی سرنجن. جولانەوە و بزوتنەوەی گەلی کورد تەنیا لە ژێر بەیداغی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانێ پێشرەفت بکات و داهاتوویەکی هەبێت.

باقرۆڤ ئیشارەیەکی بە شۆڕشی چەکدارانەی مەلامستەفاش کرد کە چەند مانگێک دەبوو کە لە باکووری عێراق هەڵگیرسابوو و دەگوترا کە لەگەڵ ڕزگاری کورد کە ڕاپەڕینێک بۆ کوردستانی گەورە بوو پەیوەندی هەیە. باقرۆڤ بەوانی گوت کە مەلامستەفا جاسووسی ئینگلیزیانە و پێویستە کە ئێوە زۆر وشیاری وی بن و زۆر بە ئیحتیاتەوە لەگەڵی وتوێژ بکەن و بڕیارنامەی لەگەڵ ئیمزا بکەن.

بەیانی ڕۆژی دوایە کە ئەوان لە جێگە خۆشەکانی باکۆ دیتنیان دەکرد، کەریملی هەواڵی پێدان کە مەلامستەفا بارزانی، چەکدارەکانی هاتوونە نیزیک کێلەشین و دەیانەوی بچن دە ئێرانێوە.

هەر ئەو ڕۆژەی پێیان گوترا کە ڕۆیشتنی وان بۆ تفلیس تێکچووە. بۆ وەی کە ئەوان بتوابنن زۆر زوو خۆبگەیەننەوە وەتەن و کار و ئیحتیاتی پیویست بکەن. پاش نیوەڕۆیی ئەو ڕۆژە نوێنەرەکان چەند دەسکە گوڵیان لەسەر گۆڕی عەزیزئۆڤ لە نیزیک پیکەری کیرۆف دانا. قاسم ئاغای ئیلخانیزادە ئەو وەخت و سەعاتەی زۆر جوان لەبیر بوو، چوونکە یەکیک لە نوینەرەکان لەبن پێی ئەو پەیکەرە نوێژی شێوانی کرد. ئەو شەو میوانەکان لە هۆتێل پەزیرائێکی شایانیان لیکرا و گۆرانیبێژ و موسیقازانەکانی ئازەربایجانی هاتن و بەزمیکی خۆشیان بۆ گیڕان. چەند کەس لە نوینەرەکان دوور چوونە وەتاغێکی دیکە تا چەند ئیستیکانان لیبدەن لە چاوی قازی محەمەد. ئەڵبەتە ئەو ئیحتیاتە زۆر پێویست بوو چوونکە کۆمونیستە میواندارەکان زۆریان کۆشش دەکرد کە بۆ مەبەستە ئیسلامییەکان زۆر ڕێز دابنێن تا بتوانن تەئسیر لە قازی بکەن. حەتا ئەگەر مەڕێکیان بۆ دەکوشتنەوە زۆر کۆششیان دەکرد کە ڕیوشوێنی کوشتنەوەکەی تەواو ئیسلامی بێت.

ریچار مۆبلی لە لاپەڕەی ٦٧ی کتێبەکەی دا لە مانگی سیپتامبری١٩٤٥ دا دەنووسێ کە باقرۆڤ لە سەر سەربەخۆیی کوردستان بە هەیئەتی کوردی گوت:

جارێ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی وەدرەنگی بخەن تا ئەو کاتەی کوردەکان لە تورکیا و عێراقیش لە هەڵوێستێکی ئاوا دا دەبن کە لەگەڵ دەوڵەتێکی ئەوتۆ کەون. ئەو پێیوابوو تا ئەو دەمی ئارەزووەکانی کوردەکان دەکرێ بە ڕێگەی خودموختاری ئازەربایجان دا وەدی بێ. قازی محەمەد لەسەر ئەوە سوور بوو کە کوردەکان پێیانخۆشە ستاتووسیکی جوێ لە ئازەربایجانیان هەبێ و دژایەتی لە گەڵ ئەو پێشنیارە کرد و ئاکامی ئەوە بوو کە شوورەوییەکان چیدی پێیان لەسەر ئەو پنکتە دانەگرت و لەگەڵ سەربەخۆیی کوردی موافقەتیان کرد.

ساعەت ٨ ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی مەڕاسیمی جێژن و شادمانی باکۆ، هەیئەتی کورد بە شەمەندەفەر گەڕانەوە بۆ کوردستان. ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ١٢٦ دا دەنووسێ بە هەرکام لە نوێنەرەکان، وێنەیەکی ڕەنگیی ئیستالین کە لە چوارچێوە گیرابوو پێشکێش کرا.

ئیگلتۆن لەسەر هەڵسوکەوت و بۆچوونی نوێنەرانی کورد سەبارەت بە مەلامستەفا دەنووسێ:

تەواو بە پێچەوانەی ئەو هەواڵانەی کە باقرۆڤ پێدابوون، زۆر بە مەلامستەفا بەدبین نەبوون. چوونکە دەیانگوت کوردێک هەر کوردە و ڕۆژێک کە کورد بە ئاواتی کۆنی خۆی بگات بیشک هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاڵ ڕێک دەدەن و ئەوکات تەواوی بەڵێنی وەعدەی خاریجییەکان دەبیتەوە هیچ و لە ناو دەچن.

## داوخوازییەکانی هەیئەتی کورد لە باکۆ

مەنافی کەریمی لە وتوویژ لەگەڵ حەسەنی قازی کە لە گۆڤاری "روانگە" لە مانگی گەلاوێژی ١٣٨٢ ژووییەی ٢٠٠٣ کردویەتی، لەسەر داوخوازەکان کورد دەڵێ: ... بەر لەوەی چاومان بە میر جەعفەر باقرۆف بکەوێ داوخوازەکانی خۆمان ئامادە کرد و لە ماڵە خۆی چاومان پێکەوت و لەبەر ئەوەی تورکیمان دەزانی پێویستی بە دیلمانج نەبوو. باقرۆف کوتی ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژێ. کاف کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکا لە دنیای ئەمڕۆ دا قبووڵ ناکرێ و دەبێ ئامانجەکانی کۆمەڵەکەتان هێندێک سەنگ و سووک بکەن، دەنا (تازە شەڕ بڕابووە) دەبێ شووڕوی لەبەر کوردەکان خۆی تووشی شەڕی سێیەمی جیهانی بکا. بە کورتی دوای گەڕانەوە لە باکۆ کۆبوونەوەیەکمان لە باغی عەزیزئاغا کە زۆربەی خەڵکی مەهاباد و هەموو ئەندامانی ژێ . کاف تێیدا ئامادە بوون، پێکهێنا و لەو دانیشتنە دا قازیی محەمەد ئاکامی سەفەرەکەی بۆ خەڵک باس کرد و سەبارەت بە گۆڕینی نێو و ئامانجەکانی کۆمەڵە پرسی پێکردن و هەر لەوێ بە پێی لە دوودانی خەڵک ژێ. کاف نێوی خۆی گۆڕی و دوای چەند ڕۆژ لە گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتی لە باکۆ بە دوای گۆڕینی نێو لە لایەن حیزبی تازە دامەزراوەوە، لیستێکی بە وردە ڕیشاڵمان لە داواکانمان ئامادە کرد و ناردمانە باکۆ کە ئەوانەی خوارەوەم لە بیر ماوە و بۆشیان پێکهێناین.

١ - ماشێنێکی چاپی گەورە کە پێداویستییەکانی ئێمە بۆ چاپی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی دەرسی جێبەجێ بکا.

٢- دوازدە ماشێنی نیزامییان بۆ گواستنەوەی پێشمەرگە و کەلوپەلی سەربازخانە لەبەردەست نابن.

٣- موافەقەت کرا ٦٠ کەس لە لاوانی خوێندەوار بۆ پەروەردەی سەرکردەیی( ئەفسەری) زانکۆی جۆربەجۆری دیکە، بنێرینە باکۆیە و ٤٠ کەسیشمان بە خوێندنگە نیزامییەکانی ئازەربایجانی ئێران کە لە لایەن دەوڵەتی شووڕەوییەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران ساز کرابوون ناساند و لە ماوەی ٣ ڕۆژان دا ناردنی خوێندکارەکان دەستپێکرد.

٤- بە مەبەستی ئابووری و بۆ گەشە پێدانی خۆش گوزەرانی گشتی بە تایبەتی بازرگانان شیرکەتێک بە نێوی "تەڕەقی" لە لایەن بازرگانان و کاسبانەوە دامەزرا کە کەلوپەلی پێویست دەنێردرا بۆ ئەو شیرکەتە.

٥- ئەو کەسانەی دەیانەویست ببنە پێشمەرگ وپەروەردەی نیزامی ببینن دەچوونە سەربازخانەکان بۆ پەروەردە کردنیان سەرکردەیەک (ئەفسەرێک) بە نێوی کاکاغا کە لە شووڕەویەوە هاتبوو، دەستی بەکار کرد.

٦ - دەزگایەکی ڕادیۆ کە تا نێو مهاباد و دەوروبەری بڕی دەکرد دامەزرا.

٧- دەستەیەکی مووزیکی نیزامی بۆ ڕۆژانی جێژن و شادی و ڕێوڕەسمی نیزامی لە پێشمەرگەخانەی مەهابادێ دامەزرا.

٨- دەزگایەکی سینەمای گەڕۆک کە بۆ بانگەشەی حیزبی کەڵکی لێ وەردەگیرا و خەڵک پێشوازییان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێکرد و له لادێکان و له نێو شاری مەهاباد دا دەستی بە کار کرد.

دوکتور قاسملو لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا دەنووسێ کە هێندێک لەو بەڵێنیانە بە جێگەیاندران و هێندێک بەجێنەگەیی و ئاماژە بە نیزیک بە ١٠ هەزار تفەنگی بڕنۆ دەکا کە دراوە و دەڵێ کە هەرچەند بەڵێنی چەکی قورس وەک تۆپ و تیرەباری قورس و هەروەها یارمەتی ماڵی درابوو بەڵام ئەوانیان نەدانێ.

هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە ڕووسەکان تووتنی کوردستانیان کڕی و دەزگای چاپخانەیان دا بە کوردستان و ڕادەی ٦٠ خوێندکاری کوردیشان بۆ ڕاهێنانی نیزامی بۆ سوپای میللی کوردستان بردە وڵاتی سۆڤییەت.

بە پێی قسەکانی مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٧١ی چێشتی مجێور دا، لە سەفەری دووهەمی پێشەوا بۆ باکۆیە، لێیدەپرسن کە بۆ شاعیرەکانی لە گەڵ خۆی نەهێناوە، ئەوان شاعیریان زۆر خۆش دەوێ. ئەو قسەیە دەبێتە مایەی دڵخۆشی هەژار و هێمن و پێشەواش نازنای شاعیری میللی‌یان لە سەر دانان.

## دژکردەوەی ئێرانیەکان لەسەر سەفەری دووهەم باکۆ

بە پێچەوانەی سەفەری یەکەم، سەفەری دووهەمی هەیئەتی کورد بۆ باکۆ و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی شووڕەوی، دژکردەوەی توندی ڕاگەیەندراوەکانی ئێرانی لێکەوتەوە. کاربەدەستان و پیاوانی سەر بە ڕێژیم لە ڕادەبەدەر بەو سەفەرە تورە بوون. سەفارەتی ئێران لە باکۆ، بە تێلگراف کاربەدەستانی ئێرانی لە هەموو وردەکارییەکانی ئەو سەفەرە ئاگادار کردەوە.

حەسەنی قازی لە سایتی ئینتێرنێتی دا، ئاماژە بە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ژمارەی ٥٨٧١ ، دەرچووی دووشەمۆ ٩ی ڕەزبەری ١٣٢٤ی هەتاوی دەکا کە نووسیوێتی:

بە پێی ئەوەی زاندراوە چەند کەس کورد بە ناوی قازیی محەمەد- ئێلخانی زادە- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی - عەلی ڕیحانی - هەمزاغا مامەش - عەبدوڵا کوڕی حاجی هەمزەی جەڵدیان و چەند کەسی دیکە کە خۆیان بە سەرکردە و دەستڕۆیشتوویانی ناوچەیی کوردەکانی مەنتەقەی مەهاباد و لە دامەزرێنەرانی حیزبی "کۆمەڵە" دەزانن چەند ڕۆژ لەمەوبەر هاتوونەتە تەورێز و دەستبەجێ بە بێ ئاگاداریی کاربەدەستانی ناوچەیی و ئەنجامدانی ڕێوشوێنی قانوونی و بە بێ وەرگرتنی پاسپۆرت بەرەو بادکووبە چوون. بەو جۆرەی ڕاگەیێندراوە حیزبی "کۆمەڵە" حیزبێکە لەو دواییانە دا لە مەهابادی کوردستان پێک هاتووە و ئەساسنامە و مەرامنامەکەی وەئی حیزبی دێمۆکراتی ئازەربایجان دەچێ واتە لایەنگری سەربەخۆیی کوردستانە. وەک باس دەکرێ سەبارەت بە شێوەی چوونی ناوبراوانی سەرەوە بۆ خاکی شووڕەوی لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕا ئعتراز کراوە و بۆ گەڕاندنەوەی ئەوانیش هێندێک هەنگاویان هەڵهێناوەتەوە.

هەواڵی ئەو سەفەرە لە ڕۆژنامەکانی بەرەی دێموکراتخوازیش دا، ڕەنگدانەوەی هەبوو. محەمەد حوسێنی خوسرەوپەنا لە وتاری "حیزبی توودەی ئێران" و پێشەوەچووەنەکانی کوردستان" گفتگو ژمارەی ٥٣ گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی، لەسەر ئەو سەفەرە و کاردانەوەی کۆڕ و کۆمەڵی باڵی ڕاستی سیاسی ئەو سەروبەندی ئێران، دەڵێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له سەرەتای مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، کوردستان جارێکی دیکە کەوتە بەر سەرنجی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەکانی باڵی ڕاستی وڵات کە زۆربەیان لایەنگری سەید زیای تەباتەبایی بوون. هۆی ئەو سەرنجدانە بۆ سەر کوردستان، سەفەری نا قانوونی حەوت کەس لە کەسایەتییە کوردەکان وەکوو قازیی محەمەد، عەلی ڕیحانی، هەمزاغای مامەش و خەڵکی دی بوو بۆ باکۆ و وتووێژ لەگەڵ ڕێبەرانی جمهووری ئازەربایجانی شووڕەوی. کەسایەتی و چالاکانی سیاسی باڵی ڕاست کە لە پێکهاتنی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان و چالاکییەکانی ترسیان ڕێنیشتبوو، ئەو سەفەرەی دەستەی کوردیان بۆ باکۆ وەک هەنگاوێک نرخاند کە بە مەبەستی دووپاتە بوونەوەی ڕووداوەکانی ئازەربایجان لە کوردستان بێ و لەو بارەیەوە نووسییان: ئەو کەسانەی نێویان هات نوێنەرایەتی کۆمیتەیەکی کوردییان هەبووە کە بۆ جویّکردنەوەی بەشێک لە کوردستان لە ئێران هێندێک ڕێکخستنیان پێک هێناوە و هێندێک کاریان کردووە و بە نێوی ئەو بەشە لە کوردستان بۆ وتووێژ لە گەڵ دەوڵەتی شووڕەوی و داوای یارمەتی چوونە ڕووسییە و گەڕانەوە. ڕۆژنامەی کانون، ژمارەی (١١٦٢) ٥٥، ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٢٤ی هەتاوی.

هەروەها لەو ڕۆژنامەدا هاتووە:

ئەو دەستەی شەش کەسییەی کورد بە حەوت کامیۆنان گەڕانەوە بۆ ئێران و هەر کامیۆنەش ئەفسەرێکی بێگانەی تێدا بوو، سەری بارهەڵگرەکان داپۆشرابوون و بە هیچ جۆر دیار نەبووە باریان چییە و ئاوا هاتنە نێو مەهاباد. ڕۆژنامەی کانون، ژمارەی ( ١١٥٥) ٤٨، ١٢ی ڕەزبەری ١٣٢٤ی هەتاوی.

بە پێی ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ژمارەی ٥٨٨١ م ٢ ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ ، لە سەر باری ئەو کامیۆنانە هێندێک، گوتبوویان کە چەکوچۆڵ بووە و هێندێکی دیکەش ئاماژەیان بە شەش تۆن کاغەز و دوو دەزگای ماشین تەحریر کردووە.

## کوردەکان سەفەری دووهەمی باکۆ ڕەد دەکەنەوە

هەموو کەسایەتییە کوردەکانی بەشداری سەفەری باکۆ، بە دوای لە قاودانی ڕۆژنامەکانی ئێران ئەو سەفەرەیان ڕەد کردەوە. هۆی ئەو نەهێنییەکاریە نارروونە و تەنیا ڕەنگە بۆ کارقایمی و ڕاپەڕاندنی کارەکان کرابێ.

لە پەیوەندی لەگەڵ نکوڵی کردن لە چوون بۆ باکۆ، قاسم ئاغای ئێلخانیزادە بە نووسراوەیەکی تێلگڕافی وڵامی ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتی داوە و ئەو سەفەرە ڕەد کردەوە. ڕۆژنامەی ئیتیلاعات دوای ئەوە بە کورتی وڵامی دەداتەوە، باسی چۆنییەتی ئەو زانیاریانە دەکا کە لە لایەن کارمەندانی کۆنسوولخانەی ئێران لە باکۆ دراون بە دەوڵەتی ئێران و ئاماژە بە نامەی ئیعترازیی قاسمی ئێلخانیزادە دەکا کە لە ڕۆژی پێنجشەمۆ ١٩ی ڕەزبەری ١٣٢٤ی هەتاوی١١ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ لە ژێر ناوی "ئێلخانیزادە وەدرۆی دەخاتەوە" بڵاوکراوەتەوە و دەنووسێ:

ماوەیەک لەوە پێش خەبەرێکمان بڵاو کردەوە کە چەند کەس کورد کە خۆیان وەک دامەزرێنەری حیزبی " کۆمەڵە" ناساندووە بە بێ ئاگاداری کاربەدەستانی ناوچەیی و لەبەر چاوگرتنی پێویستییە قانوونییەکان و وەرگرتنی پاسپۆرت بەرەو بادکووبە چوون و لە ناو ئەوانەدا ناوی ئاغای ئێلخانیزادەش هاتبوو. لەو دواییانە دا ئاغای ئێلخانیزادە تێلگڕافێکی بەم نێوەرۆکەی خوارەوە بۆ دەفتەری ڕۆژنامەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیتیلاعات ناردووه که دەقی ئەم تێلگرافه لێرە دا چاپ دەبێ.

ئاغای بەڕێوەبەری بەڕێزی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات، ڕوونووس نامەی کوهستان، ڕوونووس قیام ایران، ڕوونووس کیهان، ڕوونووس کانون، ڕوونووس کشور.

ئێلخانیزادە وەدرۆی دەخاتەوە

لە لاپەڕەی ٤ ی ژمارە ٥٨٧١ ی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات دا لە ژێر سەردێری " حەڕەکەت بەرەو بادکووبە" کە ووشەی ئێلخانیزادەم دی واقم وڕما، ئەمن کە یەکێک لە تاکوتەرای بنەماڵەی ئێلخانی زادەم بۆ پێشگرتن لە هەڵە و ئاڵۆزی بیروڕای گشتی ڕادەگەیێنم کە: بنەماڵەی ئێمە، بنەماڵەیەکی چەند سەد ساڵەیە و پێشینەی درەوشاوەی نیشتمان پەرستی و خزمەتە بەرچاوەکانیان بە ووڵاتی خۆشەویست بۆ هەمووان ئاشکرایە و سابیت بووە و قەت پچووکترین پەڵەی خەیانەت لە سەر داوێنی هیچکام لە ئەندامانی نەنیشتووە و جگە لە خزمەت بە نیشتمان و داوخوازی ئاشتی و هێمنایەتی هیچ هەنگاوی دیکەیان هەڵنەهێناوەتەوە. ئەو کەسانەی ئاشنایەتییەکی کەمیان لە گەڵ ئازەربایجان و بە تایبەتی کوردستان هەبێ بێتوو لە ڕێگای ئینساف و ویژدان لانەدەن تەسدیق دەکەن دروشمی نیشتمانپەرستی و ئێراندۆستی لە سەدەی یەک لە دوای یەک دا دروشمی بنەماڵەی ئێمە بووە و هەیە و هەر ئاواش دەبێ. جا ئێستا بۆ من زۆر جێی داخە دەبینم لە لایەن هێندێک کەسی بەغەرەز و سەر بە گۆنگەڵ و بە مەبەستی نگریس و بۆگەنی شەخسی ئەو درۆنگییە ساز کراوە و ئەو تۆمەتەیان لە ئێمە بنەماڵەی ئێلخانیزادە داوە بۆ ئەوەی ئێمە لە پێش چاوی خەڵک سووک کەن و ناومان بزڕێنن و کوڵی هەستی ئێرەیی پێ بردن و بەدبینی خۆیان دامرکێنن

هەموان دەزانن ئێمە خائینی نیشتمانفرۆش نین. خەیانەتکار کەسێکە دەیەوێ خەڵکی شەریف و نیشتمانپەروەر بەد نێو بکا. ئەمن ئەو جۆرە هەرزەوێژ و تۆمەت لێدەرانە دڵنیا دەکەم ئەو جۆرە دەنگە وەیشوومانە قەت لە ووزەیان دا نابێ داوێنی نیشتمان پەرستیی ئێمە پەڵەدار کەن یان بڕووسکەیەکیش لە هەستی پاکی نیشتمانخوازانەی ئێمە کەم بکەنەوە. ئاغای بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ئیتیلاعات ئەو تۆمەتە سووکایەتییەکی گەورەیە بە بنەماڵەیەکی پاک و شەریف و لەمێژینەی ئێرانی و بە هیچ جۆر نابێ چاوی لێ هەڵببوێردرێ و جێی لێ خۆش بوون نییە. تکا دەکەم ئەو کەسەی ئەو تۆمەتەی وەپاڵ داوین بناسێنن بۆ ئەوەی لە ڕێگای دادگەی شیاو ڕا لە مەسەلەکە بکۆڵدرێتەوە و ڕاستی ئاشکرا بکرێ و خەیانەتکار بە سزای قانوونی بگا

هەروەها دەبوو ئیدارەی ڕۆژنامەش لە مەڕ ڕاست یان هەڵە بوونی ئەو خەبەرە ورد بووباوە و سۆنگە و بەڵگەی لە ڕاپۆرتچییەکە ویستبایە. هەڵبەت بڵاو کردنەوەی ئەو جۆرە خەبەرە هەڵبەستراوانە، بە تایبەتی هێرشی نارەوای هێندێک لە ڕۆژنامەکان بە پێچەوانەی ڕێوڕەسمی ئەخلاقی یە. ئەمن بە ڕێگای ئێوە دا لە لایەن گشت تاکوتەرای ئێلخانیزادەوە ئەو بابەتە بە تەواوی وەدرۆ دەخەمەوە، تکا دەکەم بە پێی قانوونی چاپەمەنی، دەستوور بفەرموون ئەم نووسراوەیەی سەرەوە لە هەوەڵین ژمارەی ڕۆژنامە نەتەوەییەکەتاندا لە ژێر سەردێری " ئێلخانیزادە وەدرۆی دەخاتەوە" بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیەی کراوە ڕاست بکرێتەوە و لە خوت و خۆڕایی بنەماڵەیەکی گرینگی ئێرانی لە نێو بیروڕای گشتی دا بەدنێو نەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسم ئێلخانیزاده

ڕۆژنامەی ئیتلاعات هەر بە ڕێکەوتی پێنجشەمۆ ١٩ی ڕەزبەری ١٣٢٤ی هەتاوی ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ لە وڵامی قاسم ئاغادا، دەنووسێ:

بۆ ئاگاداری ئاغای ئێلخانیزاده دەبێ ڕابگەیێنین ئێمە ئەو خەبەرەمان لە کاربەدەستانی ڕەسمییەوە بە دەست گەیشت و لەو بارەیەوە کاربەدەستانی ئێرانی لە بادکووبە تێلگرافێکیان ناردووە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە و نێوی ئەو کەسانەی کە بێ پاسپۆرت چووبوونە باکۆ و نێوی ئێوەشی تێدا بووە، بەڵام ئارەزووی ئێمە ئەوەیە نەک هەر خەبەری چوونی ئێوە، بەڵکوو خەبەری چوونی گشت ئەو ئاغایانەی نێویان هاتووە درۆ بێ. ئەوەش کە سەبارەت بە بنەماڵەی خۆتان و پێشینەی نیشتمانپەروەری ئەوان و هۆگری شەخسی خۆتان بەم ئاو و خاکەی بابوباپیران نووسیوتانە نەک هەر بووە جێی خۆشحاڵی ئێمە بەڵکوو جێی خۆشحاڵی هەموانە و ئێمە ئەو هەست و نەستە پاکەتان بە پیرۆز دەزانین.

بەڵام خاڵێکیش هەیە کە دەمانەوێ وەبیر جەنابی بەرزتانی بهێنینەوە و هیواداریین ئێوەش بەو هەستە پاکەی کە دەرتان بڕیوە ببنە بانگەشەدەری وەی لە لای هەموو برایانی کورد ئەویش ئەوەیە لە حاڵی حازر دا ووڵاتی ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێکی دیکە پێداویستی بە خۆبەختکردنی ڕۆڵەکانی خۆی هەیە و دەبێ هەرتاکێکی نیشتمانپەرستی ئێرانی بۆ پاراستنی مانەوە و سەربەخۆیی و شەڕافەتی میللی و قەومی خۆی تا ئەو جێیەی لە سنووری توانایی دایە تێبکۆشێ و بە دووی دژایەتی و دووبەرەکی دا نەبێ. و چاوەڕوانی ئێمە و گشت خەڵک لە هاونیشتمانانی کوردمان ئەوەیە لەم کات و ساتانەدا لەسەرەخۆیی خۆیان نیشان بدەن و نیشتمان پەرستی خۆیان بسەلمێنن و وەفاداری خۆیان سەبارەت بە میللەتی خۆیان دەرببڕن. ئێمە دڵنیاین ئێرانی تەبیعەت پاک لە هەر تیرە و قەبیلەیەک بێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو دەگرێ. هەر چۆنێک بێ کار و کردەوەی ئێوە لە دادێ دا دەبێتە باشترین ناسێنەری هەستی پاک و نیشتمان پەرستی ئێوە.

هەر لەسەر ئەو بابەتە ڕۆژنامەی حەوتووانەی کوهستان کە لە تاران دەردەچوو و پشتیوانی لە مافی کوردان دەکرد، سەبارەت بە خەبەری ڕۆژنامەی ئیتلاعات و هەروەها ئێعتڕازی دەستەی نوێنەرایەتی کورد، لە ژمارەی ٣٢دا بابەتێکی بڵاو کردوە و لەگەڵ دەربڕینی ڕای خۆی، دەقی تێلگرافی چەند کەس لەوانە کە "ئیتلاعات" باسی کردوون، بڵاوکردووەتەوە. ئەو تێڵگڕافە ئیمزای "عەلی ئێلخانی" کە دەبێ عەلی ئاغای عەلییار (ئەمیر ئەسعەد) بێ، پێوەیە. عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی لەو سەفەرە دا لەگەڵ نەبووە و ئێمزا کردنی ئەو تێلگڕافە لە لایەن وییەوە لەگەڵ قازی محەممەد و سەیفی قازی، گرینگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە ڕەنگە بەو شێوەیە لایەنی کوردی ویستبێتی پاساوی پتەوتر بۆ نکووڵی کردنی خۆی لەو سەفەرە بهێنێتەوە (ئەوەش جێگای تێڕوانینە چوونکە لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان دا ناوی ئێلخانیزاده هاتووە، ئەو ناوەش هەموو بنماڵەکە دەگرێتەوە بۆیە دەبێ عەلیاغاش ڕەدی کرد بێتەوە).

دەقی تێلگرافی لایەنی کوردی لە ڕۆژنامەی حەوتووانەی" کوهستان" دا بەمجورەیە:

نامەی حەوتووانەی کوهستان

ژمارەی٣٢ دووشەمۆ ٧ ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٩- ١٠-١٩٤٥) وەدرۆ خستنەوەی سەفەر بۆ بادکووبە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ سەر وتاری ژمارە٢٩ لەژێر سەرنووسی( مەهاباد لە جوێ بوونەوە ناشێ) بە ڕاستی نەمانتوانی دەنگوباسی سەفەری هێندێک لە بەڕوومەتانی مەهاباد بۆ بادکووبە باوەڕ بکەین ئەگەرچی لە دوای ئەو بەرواره و وەدرۆخستنەوەیەکی کە ئاغای قاسمی ئێلخانیزادە کردی و ئەو وولامەی کە ڕۆژنامەی "ئیتلاعات" بە بەڕێزیانی داوە و ئەو خەبەرەی کە حەوتووی ڕابردوو لە ڕۆژنامەکان دا چاپ کرابوو و ئێمەش وەکوو خۆی لە ژمارەی ڕابردوو دا بڵاومان کرد بووەوە، بابەتەکە لایەنی ڕاستی بەخۆیەوە گرتبوو بەڵام لە ئاست تێلێگرافی خوارەوە دا دیسان ڕەوایە سەبارەت بە سەفەری بادکووبە دوودڵی هەبێ چونکە لە لایەکەوە کاربەدەستانی ڕەسمی دەڵێن سەفەرێکی ئاوا کراوە لە لایەکی دیکەوە ئەو کەسانەی کە وەک موسافیر ناسێندراون ئەو سەفەرە وەدرۆ دەخەنەوە و دەڵێن ئەگەر ئێمە تەمای سەفەرمان هەبا هۆیەک نەبوو بە بێ ئیزن بچین و لە جێگایەکی دیکەی تێلێگڕافەکە دا دەڵێن دڵنیایی دەدەین نەتەوەی کورد نێشتمان فرۆش نییە، نیشتمانپەرستی و گیانبازی خۆی لە پێناو سەروەرییە نەتەوییەکاندا بە هەموو دنیا سەلماندووە. بەو پێیە پێویستە یەکەم کاربەدەستانی کاروباری ووڵات لە بەرچاو بگرن کە گەورە کردنەوەی ئەو بابەتە و لایەنی گرینگ پێدانی و بە دەوری ئەو بیروڕایە دا هاتن لە بەرژەوەندی ووڵات دا نییە، دووەم لە کاتێک دا کە ئەو جۆرە ڕووداوانە گوزارشت دەکرێ باشترە کاربەدەستانی دەوڵەت لە جیات شێواندنی بیروڕای گشتی لە نێوەرۆکی بابەتەکە بکۆڵنەوە نەک ئەوەی شێوەی دۆژمنکاری وەبەربگرن و بە مەبەستی حیساب پاک کردن لەگەڵ عەمر و زەیید ئاورەکە زیاتر بگەشێننەوە.

حەسەن قازی لە دریژەدا دەنووسی: بۆ ئاگاداری خوێنەرەوان لە خوارەوە ئەم تێلگڕافەی کە لە تەورێزەوە سەر لەبەیانی ڕۆژی٣٠-٧-٢٤ بە دەفتەری ڕۆژنامە گەیشتووە بڵاودەکەینەوە.

لە تەورێزەوە – بەرواری ئەسڵ ٢٦ – ٧ – ١٣٢٤(١٨ – ١٠ – ١٩٤٥)

تاران مەجلیسی شووڕای میللی، نوسخە ئاغای سەدری قازی، نوسخە ڕۆژنامەی اطلاعات، ارس، کشور، باختر، کوهستان، نوروز ایران، اقدام، کیهان.

ئەمڕۆ ڕۆژنامەی ئیتلاعاتمان خوێندەوە کە گۆیا ئەم کەسانەی لە خوارەوە ئیمزامان کردووە ئەو ڕۆژانە چووینەتە بادکووبە. بە پێویستی دەزانین بە جیدی ئەو خەبەرە وەدرۆ بخەینەوە و سەرنجی نوێنەڕانی بەڕێز و بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکان ڕابکێشین کە مەئمووره خائینەکان بە بڵاوکردنەوەی ئەو درۆ و دەلەسانە دەیانەوێ ویلایەتی مەهاباد کە لەو ماوەیە دا لەو پەڕی ئارامی و شانازی دا ژیاوە لە خوێن بگەوزێنن و ڕێگا بۆ مەئمووره زاڵم و خوێنخۆرەکان بکەنەوە و هەروەک ڕابردوو سەربازان و ژاندارمان بەسەر گیان و ماڵی ئێمە دا زاڵ بکەن دەنا ئەگەر سەفەرێکی ئاوا لە پێش دابێ لەبەرچی بە بێ ئیزن وەرگرتن بێ، چما چوونە هەندەران بۆ تەواوی ئێران ئازادە و تەنێ بۆ مەهابادی قەدەغەیە. ئەوە دیسان جارێکی دیکە ئەو خەبەرە وەدرۆ دەخەینەوە و دڵنیایی دەدەین میللەتی کورد نیشتمانفرۆش نییە، نیشتمانپەرستی و گیانبازی خۆی لە پێناو سەروەرییە نەتەوییەکاندا بە هەموو دنیا سەلماندووە. ئەو جۆرە بڵاوکردنەوانە تەنێ بۆ بەدنێو کردنی خەڵکی ئەم هەرێمەیە. ماوەکە دەبیین لەگشت ئێران دا تەنێ مەهابادە لەو ماوەیە دا لە بشێوێنی و ناهێمنی و خیلاف و دووبەرکی لە ئەمان دا بووە.

محەمەدی قازی - محەمەد حوسێنی سەیفی قازی – عەلی ئێلخانی- هەمزەی مامەش -

عەبدولقادری جەڵدیان

ڕۆژنامە اطلاعات، ژمارەی ٥٨٨٤، ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٢٤ی هەتاوی

بەمشێوەیە دەستەی نوێنەرایەتی کورد و هەروەها ئەمیر ئەسعەدی ئێلخانیزادە، کە لەگەڵ ئەو هەیئەتە نەبوو، بە ڕەسمی و بە ڕێگای تێلگرافی تاکە کەسی و بە کۆمەڵ نکووڵیان لە چوون بۆ باکۆ کرد و نووسییان:

مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە درۆ و دەلەسانە ئەوەیە شارستانی مەهاباد کە لەو ماوەیە دا لەوپەڕی هێمنی و ئاسایش دا ژیاوە تووشی ئاڵۆزی و دووبەرەکی بکەن.

بڕوانە ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارەی ٥٨٨٠

هاوکات لەگەڵ وەدرۆ خستنەوەی سەفەری هیئەتی باکۆ، ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی شووڕای میللی ئێران، دوای ئەوە بە درێژە باسی وەزعییەتی کوردی کرد، نکوڵی لە بوونی سەفەرێکی ئەتۆ کرد. بە پێی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات، ساڵی بیستەم، ژمارەی ٥٩٤٦ پێنجشەمۆ هەوەڵی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی ٢٢ نۆڤامبر ١٩٤٥سەدر گوتی:

گۆیا بەندە مافم هەبێ، لێرە لە مەجلیس، گلەیی لە ئاغایانی بەڕێز بکەم ئەوکاەی هێرش دەکرێتە سەر مەڵبەندی لێ‌هەڵبژێردرانی من ئەگەر من بێدەنگ بم، ئعتراز دەفەرموون کە بۆچی نوێنەری ئەوێ بێدەنگە و کاتێکیش دەمەوێ هێندێک شت بۆ ئاگاداریی ئاغایان باس بکەم تا نۆرە دەگاتە من دەنگ بەرز دەبنەوە نوختەی نیزامی، نوختەی نیزامی (یەکێک لە نوێنەران فەرموو ئاغا). بەندە داوخوازیم ئەوەیە ئاغایان لوتفیان زیاتر بێ و سەرنجێکی زیاتر بدەنە سەر قسەکانی من، چونکە ئەگەر وا نەبێ ئەودەمی وا لێک دەدرێتەوە کە خودای نەخواستە لەگەڵ من کە نوێنەرێکی ناوچەییم و لە گۆشەیەکی ووڵات ڕا هاتووم و هەڵبەتە لە مەجلیس دا دەستم ناڕوا ئاغایان فەرق و جیاوازی دادەنێنن (ئەمینی ئێسفەندیاری، بە هیچ جۆر وانییە، فەرموو ئاغا) عەرزتان بکەم، ئەمن هێندێک شتم لێرە دەرخستووە و دەمەویست سەبارەت بەو قسە پووچ و نێوبەتاڵانەی ئەم ڕۆژانە بڵاو ببوونەوە بە عەرزی مەجلیس بگەیێنم و بە داخەوەم کە لە دوو کۆبوونەوەی پێشووتریش دا یەکێک لە هاوکارانی بەڕێز بە خراپ لە قسەکانم تێگەیشتبوو و ئەویش بریتی بوو لەوەی کە هاوکاری بەڕێزی بەندە پێی وابوو من ئعتراز دەکەم بۆچی هێندێک لە ڕۆژنامەکان قسەکانی ڕادیۆی پاریس یان بڵاو کردۆتەوە، لە کاتێکدا ئەمن ئعترازم بەوە نەکرد. قسەی من ئەوە بوو کە ئەو دەنگۆیانە خەتای هێندێک لە ڕۆژنامەکانی ناوەندە کە بە بێ لێکۆڵینەوە هێندێک شت دەنووسن و ڕۆژنامە و ڕادیۆ بێگانەکان بابەت و خەبەرەکانی ئەوان وەردەگرن و بڵاویان دەکەنەوە، ئعترازی من ئەوە بوو. ئێستا باوەڕم هەر وایە. قسەم ئەوەیە بابەتەکان دەبێ خۆمان هەڵیان سەنگێنین و لێکیان کەینەوە، ئەو شتانەی کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی وڵاتن نابێ ڕێگایان پێ بدەین لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بکرێنەوە. چوونکە ئەگەر چوار سەربەگێچەڵ لە دەوری یەک دانیشن و هێندێک خەون ببینن و شتیان لە بن سەر بێ، کێ ئاگای لە وانە، کێ ئاگای لەوان نییە، جا بێنین و لە سەر ئەو مەسەلانە هێندێک شت خۆمان بە هەبوویان دانێین و بیان ڕازێنینەوە و بیانهێنین لە ڕۆژنامەی ناوەند دا بڵاویان بکەینەوە دەکرێ ئەودەمی چاوەڕوان بین ڕادیۆ بێگانەکان باسیان نەکەن؟ (نوێنەرێک: ڕاست دەکەی) ئەوە بوو ئەوەی بەندە عەرزم کردن دەنا ئەمن جەسارەتێکم نەکرد و بەتەواوی بێلایەنم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئەمن کەسێکم جگە لە بەرژەوەندی ووڵات نەزەرێکم نییە. هەڵبەت من تاقیکردنەوەی خۆم داوە و ڕەنگە لە نێو ئاغایانی وەزیرانیش دا هەبن کەسانێک کە لە نیزیکەوە وەزعی من بزانن و پێویست بەوە ناکا وەزعی خۆم شی بکەمەوە. ئەمن لەو دەرفەتە کەلک وەردەگرم سەرنجی ئاغایان و شەخسی ئاغای حەکیمی سەرۆکوەزیر سەبارەت بە هێندێک جەرەیانی کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی دەکرێ ڕادەکێشم تاکوو ئینشاڵا بۆ پێشگیری لێ کردنیان هەنگاوی کاریگەر هەڵبهێننەوە. یەک لەو شتانەی کە دەبێتە هۆی دووبەرەکی و دڵ ئێشە لە نێوان تاکوتەرای کۆمەڵ دا، سازکردنی گومانە لە نێوان ئەوان دا، بەتایبەتی ئەگەر هێندێک کەس جا کاربەدەستی ڕەسمی بن یان نارەسمی پێداگری بکەن بۆ ئەوەی کاربەدەستانی بەرزی ووڵات بە قسەی نێوبەتاڵ و بە دوور لە ڕاستی لە ئاست خەڵکی دیکە بەدبینن بکەن بۆ ئەوەی بکرێ بە خەیاڵی خۆیان لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن. بەندە بە پێویست نازانم لەو بارەیەوە زیاتری لە سەر بڕۆم لەمەر ئەوەی کە پێوەندی پەیدا دەکاتەوە بە شوێنی هەڵبژێردرانم هێندێک شتتان عەرز دەکەم.

لە پارەکەوە بەم لایەوە زۆر ڕاپۆرتیان بە دژی عەشیرەتە کوردەکان دا بە ناوەند کە خۆشبەختانە دوای لێکۆڵینەوە هیچکامیان وەڕاست نەگەڕان و سەبەبی هەرە باشیشی ئەوەیە ئێستا چلۆنایەتی هەرێمی کوردنشین وەکوو ڕابردوو وایە، هیچ شتێک لەو تۆمەتانەی وەپاڵیان دەدرا شین نەبوو. پێشتر ئەوەتان بە عەرز بگەیێنم مەبەستی من ئەوە نییە بڵێم لە نێو عەشیرەتە کوردەکان دا کەسی خراپ نییە، لە هەموو کوێیەک و لە نێو هەموو حەشیمەتێک دا خەڵکی خراپ و دوو زمان هەن، بەڵام بەگشتی نابێ هەرێمێکی گرینگی ووڵات بە دنەی چەند کەسی بە غەرەز و خێرنەخواز لە دەوڵەت نائومید بکرێ لە خەرمانانی۱۳۲۰ وە (ئووتی ۱۹٤۱) تا ئێستا چەندین جار سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان و کەسانی دیکە تەنانەت لە کارمەندانی ڕەسمی دەوڵەت هێندێک سەفەریان کردووە و دوای چەند ڕۆژ مانەوە و بینینی دەزگا فەرهەنگییەکانی دراوسێیەکانی دۆست و هاوپەیمان گەڕاونەتەوە بێ ئەوەی کەمترین گۆڕانێک لە ڕوحییەی ئەو کەسانە یان دەرەجەی نیشتمان پەروەرییان دا پەیدا بووبێ. لەو دواییانەش دا دەنگۆ بڵاو بووەوە هێندێک کەس چوونەتە سەفەر. بەندە هێشتا ئاگادارییەکی تەواوم سەبارەت بە ڕاستی یان ناڕاستی ئەو خەبەرە نییە لە ڕۆژنامەکان دا دیتمان کە ئاغایان خەبەری سەفەری خۆیان وەدرۆ خستووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دیتمان کە چەندە شتی بێ بنەمایان بەو سەفەرەوە هەڵئاوەسی و چەندە شتی درۆیان پێوە نووساند. بۆ وێنە گوتیان کوردەکان ئەنجومەنێکیان بۆ جوێ کردنەوەی خۆیان پێکهێناوە و ک. ک. واتە کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کورد نیشانەی ئەوە. یەکەم ئەوە نیشانەی کۆمەڵەی گەنجی کورد واتە ئەنجومەنی لاوانی کوردە و دووهەم، ناوەندی ئەو ئەنجومەنە لە کوردستانی عێڕاقە و بە هیچ جۆر پێوەندی بە کوردەکانی ئێرانەوە نییە و ئەگەر کەسانێک لە لایەن ئەوانەوە بێنە ئێران و هاتووچوو بکەن پێموا نییە بانگەشەی ئەوان شوێنێکی کردبێتە سەر عەشیرەت و کوردە ئێرانییەکان و هەروەها ئەو دەنگۆیە بڵاوکراوەتەوە کە لە مەهاباد پۆرترەی ئەعلاحەزرەتی شایان لە ئیدارەکان لابردووە. ئەوە هەموو دەیزانن کوردەکان بە پێی باوەڕی مەزەبی خۆیان سوڵتان بە خاوەن فەرمان و گوێڕایەڵی لێکردنی بە واجب دەزانن و بە پێی پەروەردەی مەزهەبی هەتا بڵێی هۆگریان زۆرە لە ئاست خاوەن سەڵتەنەت و هیچ مومکین نییە لە باوەڕی خۆیان هەڵگەڕێنەوە و بە پێچەوانەی بزوونەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر ئەو ئاغایانەی کە پێیان دەڵێن سەفەریان کردووە کەسانێکن زۆر جار تاقیکردنەوەی خزمەت و نیشتمان پەرستی یان داوە و بو شاهیدی گشتیش تاکوو ئێستا ناوچەی کوردنشینی مەهابادیان باشتر، ئارامتر و هێمنتر لە شوێنی دیکە ڕاگرتووە. زۆربەی ئەو ئاغایانە هەرکات دەوڵەت ویستبێتی بە ئیشارەیەکی تێلگرافی دەستیان لە ماڵ و ژیان و کار و کاسبی خۆیان هەڵگرتوو و هاتنە تاران و داوا دەکەین ئاغایان ئینسافیان بێ، داخودا ئەوەیە مانای سەرپێچی تاوانبار کردنی ئەو کەسانە بە خەیانەت بە نیشتمان و وولات کاردانەوەی زۆر خراپی دەبێ لە سەر ڕووحییەی ئەوان. ئەوە شێوەیەکی باش نییە. پێتان سەیر دەبێ بڵێم پارەکە ئەو کاتەی ئەو ئاغایانە لە تاران بوون یەک بە دوای یەک دا ڕاپۆرتی تێلگرافی دەگەیشتە تاران کە ئەوانە لە ناوچە خەریکی هان دان و پیلان گێڕانن و کەسیش نەبوو لێپرسینەوە بکا و بڵێ ئەو ئاغایانە ئەوە چەند مانگە لە تارانن، مەبەست لەو ڕاپۆرتە دژی ڕاستییانە چییە؟ ئەمن لەو باوەڕەدام ئاغایانی کاربەدەستی دەوڵەت و خاون ڕۆژنامەکان بە تایبەتی دەبێ و وشیار بن و سەرنج بدەن و کارێک نەکەن دڵان بڕەنجێنن و بە قسەی ناڕاست و لە سەر بنەمای ڕاپۆرتی کەسی بەغەرەز نەبنە هۆی دڵ ساردبوونەوەی بەشێک لە دانیشتووانی وولات. هەڵبەتە هەموو ئاغایانی نوێنەرانی مەجلیس بیستوویانە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خەبەر سەبارەت بەو سەفەرە هەڵبەستراوە لەو دواییانە دا هێندێکان نووسیویانە ئەوان چەند کامیۆن چەکیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، هێندێکی دیکە گوتوویانە چەند ماشێنی تەحریر و کاغەز و تەنانەت هێندێکان ئیدیعا دەکەن بە چاوی خۆیان ئەوانەیان دیتووە.

یەکەم دەبێ عەرزتان بکەم کوردان چەکیان هەیە و پێویستی بە داوا کردنی لە دەرەوە ڕا ناکا. دووهەم ئەوەیە، ئەگەر هاتبا و خەڵکی دیکە چەکیان دابا بە کوردان پێویست نەبوو شار قۆرغ بکرێ و بەو پێیە سەرنجی خەڵک ڕابکێشرێ، بۆ چما قاتوقڕی شوێنە یان وەسیلە نیە کە بە نهێنی لە مەهاباد چەک تەحویلی (کوردان) بدەن. هەروەها هێنانی ماشین تەحریر و کاغەز بە نهێنی سیاسی دانان. لە ڕاستییدا دەبێ بڵێم بیری ئاوا لە مێشکی کەسانی ئەوتۆوە دەدەڵێ کە کەمترین هەستی نیشتمان پەرەستی و ئێرانییەتیان تێدا نییە بەڵکوو کەسانێکی بوودەڵەن کە بەرژەوەندی و قازانجی خۆیان لەوە دا دەبینن مەیدانێک وەدەست بهێنن و بە تەنێ ببنە ئیختیارداری گیان و ماڵ و نامووسی خەڵک. ئەو کەسانەی بە پێچەوانەی ڕاستی، کورد وەک نامۆ لە ئاست نیشتمان و مەملەکەت دەناسێنن، ڕێگایان هەڵەیە و دیار نییە خۆیان سەریان بە کوێوە بەندە. ئەمن بە ئاشکرایی عەرز دەکەم کوردی ئێرانی هۆگری نیشتمانی خۆیەتی. کوردەکان گەلێکی ئازا و نیشتمانپەروەر و بە غیرەتن (نوێنەران: ڕاستە) و هەرچەندەش لە لایەن سەرانی دەوڵەتەوە خەمساردی و بێ مێهرییان لەگەڵ بکرێ دەست لە باوەڕی و عەلاقەی خۆیان بە ئێران هەڵناگر (نوێنەران: ڕاستە) بەڵام ئەو دەنگۆیانەی بڵاو دەکرێنەوە لێیان زەحمەت دێ، ڕەنگە مەبەستی خێرنەخوازانیش هەر ئەوە بێ بەو شێوەیە ئەوان لە دەوڵەت دڵساردکەنەوە، هەرچۆنێک بێ مەبەستی من ئەوەیە سەرنجی دەوڵەت بۆ سەر قسەکانی خۆم ڕاکێشم و تکا دەکەم، یەکەم بە ڕێگای کەسانی بێ غەرەز و جێی باوەڕ ڕاستیی ئەو ڕوداوانە ڕوون بکەنەوە. دووهەم لە دەست نیشانکردن و دانانی مەئموران و ئەو کەسانەی بۆ سەرپەرستی ناوچە کوردییەکان دەچن وورد بوونەوەی پێویست بکرێ تاکوو تووشمان بە تووشی دانانی مەئمووری نالێوەشاوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خێرنەخوازەوە نەبێ.

لە کۆتایی دا سەرنجی سەرۆکی بەڕێزی دەوڵەت ڕادەکێشم بۆ سەر بارودۆخی فەرهەنگی و لەشساغی شارستانی مەهاباد کە هیچ لایان لێ نەکراوەتەوە و بێ لوتفییان لەگەڵ کراوە. شارستانی ناوبراو نە فەرهەنگی حیسابی و نە لەشساغی هەیە. هیوادارم سەرنجێکی تایبەتی بدەنە سەر فەرهەنگ و بێهداری ئەوێ، چونکە بەندە دەبینم تەنێ کاتێک تۆمەت بۆ ( خەڵک) هەڵدەبەسترێ ناوی مەهاباد دەبردرێ، دەنا لە دانانی بوودجە دا، بەتایبەتی کاتێک باسی فەرهەنگ و بێهداری دەکرێ بەداخەوە مەهاباد بچووکە و هێچ ئاوڕی وێ نادرێتەوە بەڵام کە دەگاتە تۆمەت لێدانی، تۆمەتی زۆر گەورەی پێوە دەبەستن کە هێندە زۆرن باس کردنیان ناگونجێ. تەواو

هەرچەند ڕێبەرانی کورد بە هەلویستی سیاسی ئەو سەفەرەیان ڕەد کردەوە، بەڵام بە دوای ئەو سەفەرە دا پەیوەندی کوردستان و دەوڵەتی ئێران سنووردار بوو و کەسایەتییەکانی کورد دەبوو هەڵوێستیان ڕوون بێتەوە و بە لایەک دا بشکێتەوە. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٧٢ دا لەسەر قاسماغای ئیلخانیزادە کە یەکێک لە بەرێوەبەرانی کۆمار بوو دەنووسێ: یەکەم داوی خەیانەت قاسماغای ئیلخانی کە برایەکی حیزبی زۆر خۆشەویست بووە، بەڵام دوای گەڕانەوە لە باکۆ چۆتە باشگای ئەفسەرانی تەورێز و بە سەر حیزب بۆیان بۆتە جاسوس.

## گیرانی ٣ ئەندامی پایەبەرزی حیزبی دێموکرات

بە دوای دامەزرانی حیزب بەرپرسان و کادرەکانی تەشکیلاتی بۆ سازماندان و ڕێکخستنی هەزاران هەزار ئەندامی تازە بە خێرا دەست بە کار بوون. لە سەرەتای مانگی سەرماوەزی ١٣٢٤دا سێ کەس لە بەرپرسانی هەرە سەرووی حیزب کە بریتی بوون لە عەبدولرەحمان زەبیحی و قاسم قادری و دڵشاد ڕەسووڵی لە نیزیک ورمێ بە هۆی هەنگی ژاندارمەری ئێران گیران. بەپێی وتەکانی سەرلەشکر زەنگەنە ٨ نامە لە گیرفانی زەبیحی دۆزراوە. ئەوان ویستبوویان بچنە ماڵە زێڕۆبەگی بەهادووری لە گوندی "کووک" و کۆبوونەوەی تەشکیلاتی پێکبێنن.

سەرلەشکر ئەحمەدی زەنگە لە لاپەڕەی ٦١ی بیرەوەرییەکانی دا بە وردی باسی ئەو ڕووداوە دەکا و دەنووسێ کە لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٤ تیپی ورمێ ئاگادار کرا کە لە لایەن کۆمەڵە و قازی محەممەد، هەیئەتێک دێن بۆ ورمێ تا پەیوەندی بە عەشایرەوە بگرن و ئەوانیش وەک خۆیان بۆ نافەرمانی هان بدەن. ئەوانە بەڵگە دێکومێنتیان پێی بوو دەیانەویست لە "کۆکی" لە ماڵە زێڕۆبەگ کۆبوونەوەی عەشایری پێک بێنن. بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی بەڵگەکان، لە نێو مێشەڵانی باڵانیش بە لای ڕێگای مەهاباد کەمین داندراوە. هەر کە ماشێنێ ئەوان گەیشتێ، فەرمانی ڕاوەستانیان پێدرا. بەڵام شۆفیرەکە ڕانەوەستا و درێژەی بە ڕوویشتن دا و لە نێو ماشێنەکەش دا تەقەیان لە ژاندارمەکان کرد. بە دەنگی تەقە ژاندارم هەر چوار لایان گرتن و تەسلیمیان کردن. سەرجەم دوو چەکدار و سێ کادری کۆمەڵە، بە ناوەکانی عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دڵشادی ڕەسووڵی و قاسمی قادری بوون. ئەوان ٨ نامەیان پێی بوو کە لە لایەن قازی محەمەدەوە بۆ باقرۆف نووسرابوو و دەبوو بە هۆی کۆنسوولی شووڕەوی لە ورمێ بۆ باقرۆف بنێردرێ. نامەکان بە کوردی نووسرابوون و لە یەکیان دا قازی

محەمەد ئاماژەی بە سەفەری باکۆ و دیداری ڕێبەرانی شووڕەوی کرد بوو و لەوەی کە هیچ کام لە بەڵێنییەکان بە جێ نەهێندرابوون، بەداخ بوونی خۆی دەر بڕیبوو.

لە نامەیەکی دیکە دا، داوای چەک و چووڵ و دەزگای ڕادیۆ و ناردنی کاغەز و دامەزرانی چاپخانەی کرد بوو بە مەبەستی هان دانی خەڵک بۆ ڕاپەڕین. دوایە بە خیرایی گیراوەکان ناردران بۆ ورمێ و ستادی ئەرتەش ئاگادار کرا و داوا کرا کە بەر لەوەی ڕووسەکان ئاگادار بن، بە پەلە، لە بەندەری گوڵمانخانە ڕا ڕەوانەی بەندەری شەڕەفخانە بکرێن و لەویش ڕا بە هۆی ستادی ئەرتەش، بە پەلە بنیردرێن بۆ تاران. بەڵگەکانیشم بە هۆی ئیستیوارێک کە لیباسی شوانی لەبەر کرد بوو، بە ڕێگای مەهاباد دا نارد بۆ تاران و دوای ٤٨ ساعەت بە دەستی ستادی ئەرتەش لە تاران گەیشت. ئەو نامانە ناردران بۆ تەقی زادە و حوسێنی عەلا، سەفیرەکانی ئێران لە لەندەن و ئەمریکا، تا شوڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نیونەتەوەیی جیهانی، بە دژی دخالەتی ڕووس لە ئێران دا کەڵکی لێوەرگیرێ.

دیارە ڕەحیمی زەهتابفەر لە کتێبی "خاطرات در خاطرات" ئاماژە بە نامەی زەبیحی بۆ پێشەوا دەکا کە بە ڕێکەوتی ٥ سەرماوەزی ١٣٢٤(٢٦ نوامبری ١٩٤٥) نووسراوە و تیدا هاتووە کە:

"نەمانتوانی لەگەڵ سەرتیپ درخشانی پێک بێین و یەکێتی لەگەڵ دامەزرێنیین". (تێبینی سەرتیپ درەخشانی فەرماندەری لەشکری ٣ ئازەربایجان لە ڕۆژی ٢٢ سەرماوەزی ١٣٢٤"١٥ دیسامبر" سەربازخانەی تەورێزی تەسلیم بە فیرقە کرد).

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٥٨ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، لە سەر دۆزینەوەی شوێنی ڕاگیرکردنی ئەو سێ کەسە دەنووسێ:

کۆتاییەکانی پاییزی ١٣٢٢ بوو(هەڵەیە، ساڵی ١٣٢٤ بوو) کە لە کۆمەڵەی ژێکافەوە ئەرکێکم پێ ئەسپێردرا. گۆیا سێ ئەندامی دەستەی ناوەندیی ڕێکخراوەکەیان بە هێندێ بەڵگەنامەوە لە دەوروبەری سڵدووز گرتبوو و هێنابوویاننە تاران. دەبوو شوێنی گیرانەکەیان بدۆزمەوە و بشزانم چۆنن و هەواڵیان بنێرمەوە. یەکەم شوێنێکی سەردانیم کرد، شارەوانیی گشتی بوو لە شەقامی سێی ئیسفەند، بەرانبەر وەزارەتی دەرەوە. چونکە جگە لە ئیدارەی شارەوانی، زیندانیشی هەبوو بۆ ڕاگرتنی ئەو کەسانەی هێشتا لێپرسینەوەیان لێ نەکراوە، پاش پرسیار و گەڕانێکی زۆر و خەرجکردنی پارەیەکی باش، دەرکەوت بەو دواییانە سێ کوردیان گرتووە و لە یەکێك لە هۆدەکانی نهۆمی یەکەمی شارەوانی بەتەنیشت هۆدەی لێکۆڵەرەوەکانەوە زیندانی کراون. بەرپرسی پێوەندیداریانم دۆزییەوە. پێم گوتم یەکێك لە گیراوەکان برامە. هەر چاوێکم پێی بکەوێ بەسمە. تەنیا چەند ساتێك بمبەنە لای. پاش چەلەحانێیەکی زۆر، ئاخری ڕازی بوو سەعات ٣ی دوانیوەڕۆ کە فەرمانگە دادەخرا و فەرمانبەر دەڕۆیشتنەوە، دەرگاکە بکاتەوە و من پێنج خولەك، زیاتر نا، چاوم پێی بکەوێ. کە دەرگا کراوە و چاویان بە من کەوت، سەریان سووڕ ما، پێیان وابوو منیش گیراوم. سێ کەسەکە بریتی بوون لە قادری و ڕەحمان زەبیحی و دڵشاد. پێیان گوتم لە دۆخێکی مەترسیداردان. بەڵگەیان پێ گرتوون، بەڵام هێشتا دانیان بە هیچ شتێکدا نەناوە. پرسیم پارەیان پێویستە؟ گوتیان جارێ نا. ڕێکخراوەکەمانم لە ورد و درشتی مەسەلەکە ئاگادار کردەوە. بەڵام شتێك هاتە گۆڕێ، کە سێ مانگ دواتر هەر سێکیان ئازاد کران.

زەبیحی و قاسم قادری و دڵشادی ڕەسووڵی بۆ ڕێکخستن و پەیوەندی گرتن بە عەشایری ورمی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی و سەڵماس و ماکۆ ئەو سەفەرەیان کردبوو. عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٦٣ کتێبی وڵاتی من دا لەسەر گیرانی ئەوانە دەنووسێ: ئەوانە دوای دەستبەسەر بوون، لە ورمێ ڕا بۆ تارانێ بەڕێ کران. ئەمن بۆ خۆم ئەو ڕووداوەم لە زبانی قاسمی قادری قازی (مامە قاسمە) ئاوا بیستووە: لە کەشتی دا بووین، جارجار یەکی نەناس دەهاتە لامان و دەیگووت مەترسێن، نەمانزانی کێیە. دوایە بردیانییە تەورێزێ و لەوێشرا بۆ زیندانی ئەرتەش لە تارانێ بەڕێ کراین. لەوێ لێکیان جوێ کردینەوە و ئەمنیان بە تەنێ لە دیوێکی دانا. ئەوکات هێزەکانی دەوڵەت بۆ تۆپخانە و بۆ کێوەپارەی کەڵکیان لە ئێستران وەردەگرت و کایان هەبوو. دیوەکەی من دوو تا سێ باری کا تێدابوو. لەسەر کایەکەی جێگام خۆش کرد بوو، زۆر بووو خۆش بوو، بەڵام دیوەکە مشکی زۆر بوو و بە کەلێن و کولێنان دا کایەکەیان دەکێشا و ئەو جۆرەی کە ئەوان کێشەوەیان دەکرد، بێ کا دەمامەوە. بۆیە بەناچار بە لینگە کەوشان پێمدادەدان و جار جارەش ڕەپێم دەنان. ئەوە بۆمن ببوو بە گەمەیەکی خۆش. ڕۆژێك ئەفسەرێك هات بەزەیی بە حاڵم دا هات. ئاخر نە چایەك نە نانێکی ئەوتۆ نە هیچ شتێکم هەبوو، بە سەربازێکی دا چادانێك چا و کەمێك قەندی بۆ ناردم. پێنج چای ڕەشی بە تامی تێدا بوو. دوایەش هاتەوە و پرسی کە کێم و چکارەم. ئەمنیش گووتم کە ئەمن خەڵکی مەهابادم، لە تایفەی قازیم. دوایە پرسی کە ئەمن چی سەدری قازیم، ئەمنیش گووتم ئامۆزاین.

دوای سێ ڕۆژ بانگیان کردم، بردیانمە بەر دەرکەی زیندانێ، ئەگەر تەماشام کرد سەدری قازی لەگەڵ دەستەیەك لە ئەفسەر و کاربەدەستانی دیکە لەوێ ڕاوەستابوون. هەر کە چاوی بەمن کەوت هات، دەستمان دە ئەستۆی یەکتر کرد و گریاین.

سەدری قازی ئەوانەی نەجات دا و ئەوانە کە هاتنەوە مەهابادێ، وەزع بە تەواوی گۆردرابوو کۆمار ڕاگەیندرابوو. لەوانە قاسمی قادری و دڵشادی ڕەسووڵی لیباسی ئەفسەریان لەبەر کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٢٢
## عەشیرەتی بارزان
## کورتەیەک لە سەر عەشیرەتی بارزان

عەشیرەتی بارزانی بەسەر چوار تیرەی بەرۆژی، شیروانی، مزوری و دۆڵەمەڕی دا دابەش دەبێ. ئەو عەشیرەتە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام لە دژی حکومەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستان دا لە شەڕ و بەربەرەکانی دابوو. لە ساڵی ١٩٠٥ وە تا ساڵی ١٩١٤ شێخ عەبدولسەلام بارزانی (دووهەم) لە دژی تورکان ڕاپەڕی. بەڵام لە ڕۆژی ١٩١٤/١٢/١٤ لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێیانی لە شاری موسڵ لە سێدارە دران.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٣١ ی بەشی دووهەمی کتێبی دا، لەسەر عەشیرەتی بارزان دەنووسێ: عەشیرەتی بارزان هەر لە قەدیمەوە گەردەنکەشی و سەربەخۆییەتیان ئێعلان کردوە. فامیلی ئێستای شێخانی بارزان، ڕووحی تەمەڕود و عوسیانیان بەرامبەر بە حکومەتی تورک و عەڕەب کردوە بە سەنعەت، هەتا لە زەمانی تورکا چەند شەڕی زۆر گەورەیان لەگەڵ حکومەتی تورکا کردوە و چەند سووتان و دەربەدەریان لە زمانی تورک بەسەرهاتوە. شێخ عەبدولسەلام شێخی گەورەی بارزان لە ڕێگای قەومی و نیشتمان پەرەستی لە لایەن تورکانەوە شەهید کراوە.

جا ئەو ڕووحی نیشتمانپەرەستییە لە دوای شەهیدکرانی شێخی گەورەی بارزان بە ئێرس بۆ کوڕەکانی بە جێما.

دواتر شێخ ئەحمە کوڕی شێخ محەممەدی بارزانی لە تەمەنی١٨ ساڵیدا جێی بابی گرتەوە و لە ساڵی ١٩١٩ دا بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی هێزی پێشمەرگەی بە مەبەستی هاوکاریی لەگەڵ شێخ مەحموود، ڕەوانەی سلێمانییە کرد. ئەو هێزە لە دۆڵی "بیار" و لە ناوچەی "باڵەکایەتی" لەگەڵ جاشەکانی لایەنگری ئینگلیز توشی شەڕ بوون و چەند کەسێکیان لێ شەهید بوو بەڵام خۆیان گەیاندە سلێمانی.

لە ساڵی ١٩٣٠دا ئەوکاتەی کە تورکانی عوسمانی ئاشووریێەکانیان لە تورکیە وەدەرنا، دەوڵەتی ئینگلیس ویستی ئەوان لە ناوچەی بارزان جێگیر بکا. بەڵام شێخانی بارزان ئەوەیان قبووڵ نەکرد و لە نێوان عەشیرەتی بارزان لە لایەک و دەوڵەتی عێراق و ئینگلیس لە لایەکیتر شەر دەستی پێکرد و بارزانییەکان مەجبوور بوون بەرەو تورکییە پاشەکشە بکەن.

هەر لەو چوارچێوەیە دا، محەممەد ئەمین مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٣١ بەرگی ٢ ی کتێبەکەی دا دەنووسێ: سەرچل و زیرەکترین کوڕانی شێخی گەورەی مەڕحوم (مەلا مستەفا) ئەو شوجاعەت و نیشتمانپەرەستییە بۆ خۆی کرد بە (زەربولمەسەل) و بە ناوی حقوقی مەغسوبەی کورد خۆی نیشانی هەموو عالەم دا و زەعامەتی خۆی بەرامبەر بەو قەومە حەق فەوتاوە لە نەزەر میللەتانی بە دەستەڵات ئاشکرا کرد و بۆ پاراستنی حقوقی کورد و تەشکیلاتی کوردستانێکی ئازاد لە ساڵی ١٩٣٢ لە مانگی نیسانا لەسەر هێندێ قەزایای ئیداری و سیاسی کە بەرهەڵەستی مەبادی سەربەخۆیی کوردستانی ئازادی ئەکرد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و له لایەن کاپیتان لاین موفەتیشی ئیدارەی هەولێر و کەرکوک و له لایەن موتەسەریف جەلال بابان بە وەکالەتی ئینگلیس و عەرەب هاتبوو وجودەوە و لەسەر قەبووڵ نەکردنی ئەو ئاسۆریانەی که له تورکیا دەرکرابوون که بۆ زەعفی نفوزی مەبدەئی سەربەخۆیی کوردستان ئەیانویست له بارزان ئیقامەیان پێ بکرێ. بەو تاریخه لەبەینی عەشیرەتی بارزان و حکومەتی عێراق بوو بە شەڕ تەقریبەن ئەو شەرە ٣ مانگ درێژەی بەست و بە کوشتار و خەسارەتێکی زۆری حکومەتی عێراق دوایی بەو شەرە هات.

شێخ ئەحمەد و شێخ سەدیق و شێخ بابۆ و مەلا مستەفا که فەرماندەی ئەو ئاژاوە و حەڕەکاتانه بوون لەگەڵ چەند عائیلەیەکی گوناهباری ئەو حەڕەکاته تەسلیم نفسیان بە حکومەتی تورک کرد و برانه (ئەنقەرە) و مودەتێک له ئەنقەرە مانەوە. لەسەر داخوازی شێخ ئەحمەد، حکومەتی تورک شێخ ئەحمەد و تەواوی عائیلەی پەناهەندەی بارزانی تەسلیم بە حکومەتی عێراق کردەوە بە تەئمیناتی حەیاتیان و نێردرانه ناسریە، حیله، دیوانیه، کەرکوک، سلیمانیه. هەتا ١١ مانگی ژوین ١٩٤٢ مەلا مستەفا بە ٨٦ نەفەری بارزانی له سلێمانیه بوو و له لایەن حکومەتی عێراقەوە بە موقەڕەڕاتێکی نەمرنەژی یارمەتی ئەدران.

بزوتنەوەی شێخ ئەحمەد تا ساڵی ١٩٣٢ بەردەوام بوو و لەو ساڵەدا دەوڵەتی تورک شێخ ئەحمەدی گرت. دوایه ئینگلیس بڕیاری دا تا له بارزانییەکان ببوورێ و ئەوان بە ئاگاداری دەوڵەتی تورک گەڕانەوە بۆ عێراق. بەڵام دەوڵەتی عێراق له شاری موسڵ ٨٦ کەس له ژن و پیاوی بارزانی که له نێو ئەوان دا شێخ ئەحمەدیش دەگەڵ بوو، دەستبەسەر کرد و بۆ شاری ناسرییەی باشووری عێراق دووری خستنەوە. ئەوان چوار ساڵ له شارەکانی ناسرییە و حیله و دیوانییە و کەرکوک و ٧ ساڵیش له سلێمانییە، واتا ماوەی ١١ ساڵ له دەربەدەری دابوون.

لەو سەردەمەدا مەلا مستەفا وەک یەکێک له ڕێبەرانی گەورەی بارزانی حیسابی بۆ دەکرا و هەستی نەتەوەیی بەرز و له لای خەڵکی سلێمانییە خۆشەویست بوو. بەڵام کورد یەکگرتوو و بە توانا نەبوو و نەیدەتوانی پشتیوانی زلهێزەکان بۆ لای خۆ ڕاکێشێ و بابەتی سەربەخۆیی کوردستان بە ئاکام بگەیەنێ. بۆیە خۆ ڕێکخستن و هاوکاری پتەو لەگەڵ ئینگلیسەکان پێویست بوو بەڵام نەکرا. مەسعود بارزانی له لاپەڕەی ٩٨ی کتێبەکەی دا باس لەوە دەکا که له مانگی مایسی ١٩٤١ دا کاتێک ڕەشید عالی گەیلانی ڕاپەڕی، دەوڵەتی ئینگلیس هەوڵی دا تا بارزانی ڕازی بکا که چەک و چۆڵ وەربگرێ و له دورخراوەیی ڕا بگەڕێتەوە بۆ هەولێر و ئەفسەرانی ژێر فەرمانی ڕەشید عالی گەیلانی بە دژی ئەو هان بدا. مەرجی ئەوکارەش ئەوە بێ که دوایه کوردستان سەربەخۆ ببێ.

سەرئەنجام مەلا مستەفا وەزعی ئاوارەیی بۆ تەحەمول نەکرا و له ١٢ تەمووزی ١٩٤٣ (١٣٢٢/٤/٢٠-١٩٤٣/٧/١٢) له گەڵ دوو کەس له هەواڵانی، بە ناوەکانی مستەفا عەبدوڵا و سولیمانه سووره بە سێ تفەنگی ماوزەری ئینگلیسی، بە هاوکاری شێخ لەتیف له ڕێگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەڕاوە بۆ ناوچەی بارزان.

سەرەتا له مەهاباد میوانی حاجی بابا شێخ بوو دوایه چوو لای نەغەدە و لەوێ ناسیاوانی دەربەدری بارزانی دیتەوە و دوایه میوانی مامەند ئاغای کولیج، له خێڵی مامەش بوو و عەوڵاغای جەڵدیان یارمەتی پێکرد و ڕێزی لێگرت. بە پێی لاپەڕەی ١٠٢ی کتێبی مەسعود بارزانی (بارزانی...) قەرەنیاغای مامەش که

تا ئەوکات ناسیاوی لەگەڵ بارزانی نەبوو دێتە دیوەخانی مامەند ئاغا و دەڵێ هەرکەس بارزانی بگرێ لە لایەن دەوڵەتەوە ٥٠٠٠٠ دینار خەڵات دەکرێ. لە وڵام دا مامەند ئاغا دەڵی ئەوەی بیهەوێ بارزانی بگرێ هێشتا لەدایک نەبووە.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١٧٦ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" لەسەر گەڕانەوەی بارزانی بۆ ناوچەی بارزان دەنووسێ کە مەلامستەفای بارزانی، گەورە پیاوی مێژووی کورد کە لە زیندانی "نگرەالسلمان" دەسبەسەر بوو، توانیبووی خۆ دەرباز کا و پەنا بۆ شێخ مەحموود بەرێ. شێخ مەحموود بە هۆی محەممەدە چکۆلەی ئامۆزای و کەسیکی دیکە، بە شەو مەلا مستەفا بەرێ دەکا بو لای حاجی بابە شێخ لە ئاوایی تورجان و نامەیەکیشی بۆ دەنووسێ. سەید سەعید، کوڕێ سەید عەبدولعەزیز کوڕە گەورەی حاجی بابە شێخ، ئاوا ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە: لە یەکێک لە شەوەکانی ساڵی ١٩٤٣ی زایینی (١٣٢٢ ی هەتاوی) دەرگاوان و پیاوی حاجی بابە شێخ بە ناوی"خاڵە یارە" بە لەدەرگادان و دەنگە دەنگی چەند کەسێک وەخەبەر دێ، کاتێک لەخەو ڕادەپەڕێ و دەچێتە بەر دەرگ، دەبینی سێ سوار لەبەر دەروازەی ماڵە حاجی بابە شێخ لە تورجان ڕاوەستاون. لێیان دەپرسێ: چ کەسن و کارتان چییە؟ ئەوانیش دەڵێن کارمان بە حاجی بابە شێخە. بۆمان بانگ کە. خاڵە یارەش پێیان دەڵێ بەو نیوە شەوە حاجی بابە شێخ چۆن هەستێنم لە خەو؟ هەرکەس هەن وەرن بچن لە دیوەخانی دەرەوە بخەون تا بەیانی، ئەودەم حاجی بابە شێخ دەتوانن ببینن.

بەڵام ئەو چەند کەسە پێداگری دەکەن کە دەبێ حاجی بابە شێخمان بۆ بانگ کەیە دەرەوە، کارمان پێیەتی.

خاڵە یارەش بە ناچار لە دەروازەی ماڵە حاجی بابە شێخ دەدا و بە هەرجورێک بێ، پێی ڕادەگەیەنێ قوربان سێ سوار هاتوون و زۆر بە غەڕەییەوە دەڵێن بڕۆ حاجی بابە شێخمان بۆ بانگ بکە، کارمان پێیەتی.

حاجی بابە شێخ بە یارە دەڵێ بڕۆ لە دەرگای ماڵە عەزیزیش بدە و ئەویش هەستێنە با بێت.

کاتێک حاجی بابە شێخ و سەید عەزیزی کوڕی دەچن، ئەو سێ کەسە دوای سڵاو، نامەیەک بە حاجی بابە شێخ دەدەن و حاجی بابە شێخ داوا لە سەیید عەزیزی کوڕی دەکا کە عەزیز ئەو چرایەم بۆ بێنە پێشی، با ئەو نامەیە بخوێنمەوە.

دوای خوێندنەوەی نامەکە دەڵێ: عەزیز بڕۆ دەستیان زیارەت کە، ئەوانە لە نەتەوەی شێرانن و...

حاجی بابە شێخ زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێدەکا. بۆ بەیانی محەممەدە چکۆل و کەسەکەی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ سولیمانی. بە پێشنیاری حاجی بابە شێخ، ناوی مەلا مستەفا دەبیتە شێخ عەبدوڵا و بە شێخی لای هەورامان و لە بنەماڵەی سیراجەدین، ماڵە خاڵەکانی حاجی شیخ بابا دەناسێندرێ. لەوکاتە دا ئاغایانی گەورک بۆ چارەسەری کێشەکانیان دینە ماڵە حاجی شیخ بابا و ئەو بە ناچار مەلا مستەفا دەنیرێتە حوجرەی فەقییان.

بە گوێرەی لاپەرەی ١٧٧ ئەو سەرچاوەیە، مەلا عەبدوڵای محەممەدی کە مامۆستای فەقییەکانی تورجان بووە، ڕۆژێک بە نوێنەرایەتی فەقێکان بۆ شکایەت دێتە لای حاجی بابە شێخ و دەڵێ: ئەو خزمەی جەنابت کە چەند ڕۆژە هاتووە، فەقێکان هاواریانە لە دەستی کە هیچ کارێکی خۆی کە ناکا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ، دەستوریشمان بەسەردا لیدەدا، فەقێکان بە دەستییەوە پێوە بوون.

پاش چەند ڕۆژ میوانداری، حاجی بابە شێخ کەوایەکی درێژی مەلایانە و دوو کتێب بۆ مەلا مستەفا دێنێ و دەڵێ: ئەو کەوایە لەبەر کە و ئەو کتێبانە هەڵگرە و تۆش هەتا لە ئێرانی، هەر ناوت شێخ عەبدوڵای هەورامانییە و خۆت بە خزمی من بناسێنە.

جەنابی مەلا مستەفا بە حاجی بابە شێخ دەڵێ" ئەزبەنی پێویست ناکا" و نایەوێ کەوا درێژەکە لەبەرکا. لەوکاتەدا حاجی بابە شێخ قۆڵی دەگرێ و پێیدەڵێ: ئاغای من، ئوستاد زادە، نووری چاوم، بۆ مەگەر ئێمەی کورد چەند کەسی کەی وەک تۆمان هەیە کە ئاوا کەمتەرخەمی دەکەی؟ بە سیراجەدین لەبەری دەکەی.

بارزانی کە پێداگری حاجی بابە شێخ ئاوا دەبینێ دەڵێ" ئیتاعەتی ئەمرت دەکەم جەنابی حاجی بابە شێخ" بەو جۆرە کەواکەی لەبەر دەکا.

بەمجۆرە حاجی بابە شێخ، مەلا مستەفا ئامادە دەکا و بە هۆی حاجی میرزا عەزیز و کاک عەبدوڵای حاجی حەمە موراد، مەلامستەفا دەنیریتە مەهاباد بۆ لای سەیید عەلی حوسێنی دۆستی خۆشەویستی خۆی و بە نامە لە بارودۆخەکەی ئاگاداری دەکا و ئەویش بە هۆی شێخانی گەزگەسک کە خزمی بوون، مەلا مستەفا بەڕی دەکەنەوە بۆ زێدی خۆی، وڵاتی بارزان.

بارزانی و هێندێک لە هەواڵانی، ڕۆژی ١٩٤٨/٧/٢٨ چوونە ناو خاکی عێراق. لەوی نامەیەکی بۆ دەوڵەتی عێراق نارد و گەڕانەوەی خۆی ڕاگەیاند و گوتی کە دژی خەڵک کاری خراپ نەکەن و ماویەکی دیاری کرد بۆ وتوویژ و چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

محەممەد ئەمین مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٣١ بەرگی ٢ ی کتێبەکەی دا دەنووسێ:  بە هۆی کۆمەکی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بە تاریخی سەرەوە (مەبەست ١١ مانگی ژوین ١٩٤٢) بە ڕێگای بانە و پێنجوێن و سەردەشت و سابلاغ و لاجانا، مەلا مستەفا فەرارەن چوو بۆ دێی سمولیچ لەگەڵ کاک مامەند و میرزا ئاغای ڕشۆ و ساکۆ چوو بۆ حدودی بارزان و عائیلەکانیان لەگەڵ شێخ ئەحمەد و براکانی لە لایەن حکومەتەوە ڕەوانەی جنوب کران. مەلا مستەفا لە حدودی بارزان مولاقاتی عەشایری بارزانی کرد و سەرکۆمارەکانی هەموو هاندان. مەلا مستەفا لەگەڵ عەشیرەتەکەیا ئەو مەخفەرانەیان خستە ژێر تەهدید و حەڕەکاتەوە کە لەو ناوچەیەدا تەنسیب کرابوون.

دەستەی بارزانی بەو ٣ چەکە بنکەی پۆلیسی شانەدەرێیان چەک کرد و ١٣ تفەنگیان کەوتە دەست و دواتریش دەستیان بە سەر بنکەی "خێرەزووکیش" داگرت. هاوکات لەگەڵ چەک کردنی ئەو بنکەیە، مەلامستەفا بە ١٣ کەسان، زەبرێکی گورچووبڕی لە هێزی ٥٠٠ کەسی دوژمن وەشاند کە بە هانای بنکەکەوە هاتبوون.

دەوڵەت وڵامی داوخوازییەکانی بارزانی نەداوە و لە هەوڵی لە داو خستنی دا بوو. بە ناچار بارزانی لە مانگی تەشرینی یەکەم دا زۆربەی ناوچەکانی بارزان و بلە و مێرگەسووری ئازاد کرد. بە گوێرەی لاپەڕەی ١١٢ کتێبی مەسعود بارزانی ١٧ ناوەندی پۆلیس دەستی بە سەر داگیرا و ٦٨٠ تفەنگ و ٢٤ شێست تیر بە دەسکەوت گیرا.

ئەو کردەوە ئازا و بوێرانەیە، لە ناوچە دا دەنگی داوە و ئەفسەرانی حیزبی هیوا وەک عیزەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەبدولعەزیز خەڵکی ئامێدی، مستەفا خۆشناو خەڵکی بێتواتە، محەمەد مەحموود قودسیی خەڵکی سلێمانی و ... پەیوەندیان پێوە گرت و لەژێر بەڕێوەبەرایەتی ئەو دا، لە ١ ی ئایار ١٩٤٥ ڕێکخراوی لێژنەی ئازاد، یان هەیئەتی ئازاد(یان) لە ئەفسەرانی ئازادیخواز بە سەرۆکایەتی بارزانی پێکهێنا.

مەلا مستەفا لە چوار مادە دا مافی کوردی گەڵاڵە کرد و داوای لە دەوڵەتی عێراق کرد کە بەڕێوەی ببا. دەوڵەت بایخی بە داوخوازییەکان نەدا و مەلا مستەفا بە کۆکردنەوەی عەشیرەتی بارزانی و عەشایری دیکە، زەبری زۆر قورسی لە دوژمن وەشاند. بەڵام بۆمباران و هێرشی دەوڵەت و هێزی ئینگلیس و عەشایر خەیانەتکار، ڕێگای خەباتی لی بەربەست کردن و بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٤٥ بە ناچاری بە خاو خێزانەوە مەجبوور بە پاشە کشە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. ماڵ و منداڵی بارزانی بە هۆی بۆمبارانی فروکەکانی ئینگلیس لە بەفر و سەرما دا تووشی سەختی و برسێتی و نەهامەتی گەورە بوون.

## هاتنی بارزانییەکان

بە پێی لاپەڕەی ١٧٧ی کتێبی مەسعود بارزانی پێش هاتنی بارزانییەکان مەلا مستەفا پەیوەندی بە دەوڵەتی سۆڤییەت گرت بوو چەند ئەفسەری ڕووسیش هاتبوون سەردانی بارزانیان کرد بوو و لە پێکهێنانی ئەو پەیوەندییە دا سەید عەبدوڵا ئەفەندی گەیلانی و شێخ عوبەیدولای زینوێ دەوری باشیان هەبوو.

بەکر عەبدولکەریم حەویزی لە لاپەڕەی ٣٠ کتێبی"گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" دەنووسێ کە مەلامستەفا دوای ئەوە هات دە ئێرانەوە، هەمزە عەبدوڵا و مستەفا خۆشنا و میرحاجی نارده لای ژێنراڵ ئەتاکشیۆڤ سەرکردەی هێزەکانی ڕووس لە ئیران تا چارەسەرێک بۆ وەزعی شپرزەی ئەوان بدوزێتەوە. سەرهەنگ بەکر دەنووسێ، لەبەر ئینگلیس و ئەمریکا، ڕووسەکان مەلامستەفایان بە دزی لە شنۆیە دانابوو تا کەس نەیبینێ و دەڵێ هەر هەمان سیاسەتیان بەرێوە برد کە شێخ ئەحمەدیان لە مەهاباد دەر کرد(بە پێی لاپەڕەی ٢٧ ی ئەو سەرچاوەیە، پێشتر شیخ ئەحمەد بە ٦٠ کەسەوە لە مەهاباد دەژیا).

لە کاتی هاتنی دەستەی یەکەمی بارزانییەکان، قازی محەممەد لەگەڵ هەیئەتێکی لە باکۆ پێتەختی ئازەربایجان بوون و بڕیار بوو بچن بۆ شاری تفلیس. بەڵام ئەوان بە هۆی ڕووسەکان ئاگاداری هاتنی بارزانییەکان بوون و خێرا کۆتاییان بە سەفەرەکە هێناو و گەڕانەوە بۆ کوردستان. پێشەوا قازی هەر خێرا فەرمانی بە ڕێکخراوەکانی حیزب کرد کە لە هیچ چەشنە یارمەتی‌یەک سەبارەت بە بارزانییەکان دریغی نەکەن.

شەوکەت شێخ یەزدین لە پێشەکی لاپەڕەی ١١ی کتێبی لەمەهابادەوە... لەسەر چوونی بارزانییەکان بۆ نێو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەنووسێ: شۆڕشی دووهەمی بارزان" ١٩٤٣ – ٤٥ " بە چوونی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ئێران بە کۆتایی گەیشت. ئەوەبوو، بە گوێرەی وتووێژی نیوان بەرپرسانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە ئێران و کاربەدەستانی سۆڤیەت، سەرکردەی نەمر مەلامستەفای بارزان و هەواڵانی ئەو لە " لێژنەی ئازادی" دا پاش پرس پێکردنی خوالێخۆش بوو شێخ ئەحمەدی بارزان، بڕیاری چوونە کوردستانی ئێرانیاندا...

گەلە کۆچی بارزانییەکان لە ١١ تەشرین(١) ١٩٤٥ لە ڕێگەی کێلەشین – مەرگەوەڕەوە لە سنوور ئاوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو و پێی‌نایه ناو زەویی ئازادی کوردستانی ئێرانەوە، بەلام هەتا ئاوا بوون باڵەفڕەکانی عێراق بریتانیا دەستیان لە بۆمبارانی ماڵ و منداڵیان هەڵنەگرت.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٤٦ بەرگی ٢ کتێبەکەی دا دەنووسێ: ڕۆژی ٢٥ سپتامبری ١٩٤٥ مەلا مستەفا بە دەستەیەکی ٦٠ نەفەری لە کیوی پێرس سەنگەربەندی کردبوو و خۆی بۆ شەڕ گیڤ دابوو. ئەو کێوە لە هەموو لایەکەوە لەلایەن عەشایر و حکومەتەوە محاسەرە کرابوو. عشیرەتی سورچی بە ٣٠٠ نەفەرەوە پەلاماری مەلا عەلی ژاژوکی ئەدەن مەجبووری کشانەوەی ئەکەن.

هەنگی (٥) بە یارمەتی ٨ تۆپ و پێنج تەیارە لە جنوبەوە هجوومی کرد بۆ سەر ئەوکێوە لە جەبهەی ڕاستیشەوە عەشیرەتی برواری و شڕفانی و دۆسکی بە ٥٠٠ نەفەرەوە و عەشیرەتی زێباری بە ٤٠٠ نەفەرەوە هجومیان کرد بۆ سەر ئەو کیوە.

بەو تەرزە ئەو ڕۆژە هەتا شەو جەنگ ئاخاندنی. مەلا مستەفا ئیستیفادەی لە تاریکی شەو کرد و لە چەمی (مزنە) پەریبۆوە خۆی گەیاندبوو (هرفتە) و لەوێ خەتی دیفاعی دائەمەزرێنێ. ئەمجا شێخ ئەحمەدی برای مەلا مستەفا بۆ محافیزەی عیل و ئاژەڵی بارزان دێهاتی بارزان چۆل ئەکا ئەچێتە پشتی کێوی شیرین و عەشیرەتی شیروانی و شەوی ٣٠ی سپتامبری ١٩٤٥ لەسەر موخابەرەی کە لەمەوبەر لەگەڵ قازی محمد و ڕووسەکانا کردبویان، سەید عەزیزی سەید عبداله لەگەڵ سەید موسلیح و چەند تفەنگچێک واریدی کانی ڕەش سەرحەدی عێراق بوون.

لە ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ مەلا مستەفا بە دەم شەڕەوە عێلی بارزانی بەرەو ئێران خستە حەڕەکات و لە ڕۆژی ١١ ئۆکتۆبر ناوبراوا ئاخر نەفەری عیلی بارزان بە ڕێگای کێلەشین و کانی ڕەشا داخیلی ئەرازی ئێران بوون. بەڵام لە ئەوەڵی حەڕەکاتی بارزانا مەلا مستەفا، مستەفا خۆشناو و خێرەدین ناوانی نارد بۆ تەورێز، بۆ چاوپێکەوتنی فەرماندەی نیروی شووڕەوی لە تەورێزا. ڕووسەکان ورامیان دابۆنەوە هەتا ڕۆژنامە و مجەلەیەکی سیاسی ئێعتراف بەو حەرەکاتەی ئێوە نەکات کە بە پەنجەی ئیستعمار نەهاتۆتە وجودەوە ئێمە ناتوانین هیچ کۆمەگێک بە ئێوە بکەین.

ئەمجا مەلا مستەفا تەوسییەی کرد کە مجەلەی نیشتمان و هاوار و ئازادی ئەو حەڕەکاتەی بارزانەوە بڵاوبکەنەوە کە بۆ داواکردنی حقوقی کورد هاتۆتە ڕوو لە هەموو دەسائیسێکی بێگانە بە دوورە. ئەمجا دووبارە نمایەندەی مەلا مستەفا نێررایەوە بۆ لای ڕوس و قازی محەممەد و ئیجازەی هاتنە ئێرانی بارزان درا و بەو تەرتیباتە ئیسکانی ٢٥٠٠ ماڵی بارزانی لە ئێران کرا.

حەوتەنامەی کوهستانی ژمارە ٧٩ دەنووسێ کە لە ڕێکەوتی ٦ ئۆکتۆبر ١٩٤٥ لە حاڵێکدا هێزەکانی پێشمەرگە لە چوار بەرەدا بەربەرەکانییان دەکرد، عەشیرەتی بارزان گەیشتنە کانێ ڕەش و لە وێ مەلامستەفا فەرمانی پێدان کە بەرەو کێلە شین بچن و ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبر لە ژێر بۆمبارانی هێزی ئاسمانی عێراق دا، هاتنە نێو ئێران.

دوکتور ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٥٣ی کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە ئاڕشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠ دا دەنووسێ:

لە بەرواری ١٠ مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٤٥ دا عەشیرەتی قارەمان و کۆڵنەدەری بارزانی کە لە عێراق لە ژێر پەلاماری و هەڵمەتی دڕندانەی هۆردووی دەوڵەتی کۆنەپەرەستی عێراق و دەوڵەتی ئیستیعماری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینگلیز دا هەڵکەوتبوو بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفای بارزانی پەنای هێنا بۆ جوڵانەوەی نیشتیمانی و دێموکراتێکی مەهاباد. ژمارەی تفەنگچییەکانی بارزانی نیزیکەی ٤٠٠٠ کەس بوون و پتر لە ١٠٠٠ کەسیشیان ژن و منداڵ لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

ئیگلتۆن ژمارەی ئاوارەکانی بارزانییەکان بە ١٠٠٠٠ کەس دادەنێ کە ٣ هەزار کەسیان چەکدار بوو. ڕەحیمی قازی ڕێکەوتی هاتنی بارزانییەکان کە ئیگلتۆن بە مانگی سێپتامبر دەزانێ بە هەڵە دادەنێ و دوای ئەوە کە دەنووسێ کە خەڵکی مەهاباد و دەوروبەر زۆر بە ڕێزەوە پێشوازیان لێکردن، لە لاپەڕەی ١٥٣دا دەنووسێ:

دانیشتوانی کوردستان، بە تایبەتی دانیشتووانی قارەمانی شاری مەهاباد بە دڵێکی خۆش و باوەشێکی ئاواڵە و نێوچاوانێکی گەشەوە پێشوازییان لەم کوردە هاوخوێن و هاونیشتمانانەی خۆیان کرد. دروشمی "یارمەتیکردن بە عەشیرەتی قارەمانی بارزان" کە لەلایەن ح.د.ک و شەخسی قازی محەممەدەوە درابوو کاری کردبووە سەر ڕەگ و خوێنی کوردان. لە چەند جێگەیەکی دیاریکراوی تایبەتی لە مەهاباد بە نێوی یارمەتی بە عێلی بارزان شتومەک و خواردەمەنی کۆ دەکراوە. گەلێک جار ئەدیترا منداڵی قوتابخانان کە بەوێدا ڕادەبردن پاڵتە، چاکەت وەیا پێڵاوی خۆیان دەردەهێنا وە لەسەر کۆماکانیان دادەنا بە نێوی یارمەتی بە منداڵانی بارزان، وەیاخۆ دووکاندار و تاجرەکانی مەهاباد لای ئێواران کە دەرگای دووکان و حوجرەکانی خۆیان دائەخست وەک ئەرکێکی نیشتمانی بۆلای جێگە دیاریکراوەکان دەهاتن وە هەر کەس بە نۆبەی خۆی قەندو چاو و کووتاڵ و پارەی دادەنا و دەڕۆیشت، ژنانی مەهابادی پۆل پۆل دەهاتنە سەر ئەم جێگایانە وە جلوبەرگی ژنانیان لەسەر دادەنا بۆ خێزانی بارزانییەکان. بە کورتی هەستی بەرەوژووری نیشتمانپەروەری و کوردایەتیی و هاوخوێنی و هاودەنگیی کوردان لەم مەسەلەیەدا ئەوپەڕی خۆی وەدی دا.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ١٩٨ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر هاتنی بارزانییەکان دەنووسێ: ئەوە هەر لە ئیدارە شارەوانی لەسەرکارم و بە کاروباری شار ڕادەگەم، بەزیاد بێت هەم خەڵکەکە لێم ڕازین و هەم قازی (مەبەست قازی محەممەدە). هەرچی ئەو بیڵێت من دەیکەم. لەو بەینە دا دیتمان کە کوردێکی زۆری عێڕاقێ ڕاویان ناون و هاتوونەتە ناوچەی شنۆ و نەغەدەی، بڕێکیش هاتوونەتە سابڵاغ. ڕۆژانە زۆرترین کارم ئەوەبوو کە کۆمەگ و ناوماڵ و ئارد لە ماڵان کۆبکەمەوە و دابامەزرێنم.

زەنگەنە ئەفسەری پلە بەرزی ئیرانی دەنووسێ کە لە ٢٢ مانگی مێهری (ڕەزبەر) ١٣٢٤ بارزانییەکان هاتنە ئێران. زەنگەنە لە لاپەڕەی ٥٩ دا دەنووسێ، تیپی ڕەزایە، ستادی ئەرتەشی ئیرانی لە هاتنی ئەوان ئاگادار کردەوە و داوای کرد چەک بکرێن. بەڵام بە بوونی هێزەکانی ڕووس، ستادی ئەرتەشی ئێران کارێکی لە دەست نەدەهات و جوابی ڕەدی داوە.

ئەوە یەکەمجار نەبوو کە بارزانییەکان لە زێدێ خۆیان هەڵدەقەندران بەڵکوو ژیان و بەسەرهاتی ئەو هۆزە بە تایبەتی لە دەهەی ٣٠ سەدەی ٢٠ دا نیشان دەدا کە هەمووکات لە شەڕ و بەربەرەکانی و ئاوارەیی لە نێوخۆی عێراق و ولاتانی دەوروبەردا بوون.

مامۆستا هەژار دەنووسێ کە لە پائیز دا بارزانییەکان هاتنە گوندی قونقەڵا و ئەو و حەمەدی مەولودی بە دوو ماشێنی باری داریان بۆ بردن. زۆری پێناچێ ئەوان دەچنە نێو شاری مەهاباد و خەڵک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە ژن وماڵەوە پێشوازیان لێکردن و جلک و پێڵاو خۆراکیان بۆ بردن. منداڵێک کە کۆمای جلکان دەبینی ئەویش کەوشەکانی فڕێ دەدا و بە پێخواسی هەلدێتەوە بۆ ماڵ.

سمایلی ماملێ لە لاپەرەی ٢٥٦ کتێبی "کۆماری دێمۆکراتی کوردستان و ..." باسی بیرەوەرییەکی مامۆستا هێمن لە کاتی هاتنی بارزانییەکان دەکا و دەنووسێ: مامۆستا هێمنی شاعیری نەتەوەی کورد لە زستانی ١٩٧٢ لە شاری بەغدا لە گەرەکی (شەمیعە) یەکێک لە مامۆستایانی کلاسی کادیر و دەورەی سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو. سەبارەت بە چۆنیەتی هاتنی مەرحومی مەلا مستەفای بارزانی دەگێڕێتەوە : مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ پێشەوا ناردبوو کە تێیدا نووسرابوو دەیەوێت وەک پەنابەر بێتە کوردستانی ئێران، پێشەوا و کاربەدەستانی حیزب خەریکی ئەوە بوون کە بۆ جێبەجێکردنی هەوڵ بدەن کە خەبەریان پێگەیشت مەلا مستەفای بارزانی گەیشتە شاری شنۆ. ئیتر پێشەوا بە بێ سێ و دوو لێکردن ئەمری دەرکرد کە بە هەموو شێوەیەک و بە تەواوی ئیمکانات بەرەو هانای خوشک وبرا بارزانیەکان بچن. خەڵک ئەوپەری هەستی نیشتمانپەروەری ودڵسۆزی و بە پێی توانا بە پووڵ و پارە، جل وبەرگ و خواردەمەنی و پێخەو خۆیان گەیاندە شاری شنۆ و بە دڵگەرمییەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێکردن و تەمومژ و نارەحەتیان لە ڕوخساری پێشمەرگە و هاورێیانی مەلا مستەفا بە گشتی و ژنان و منداڵان بە تایبەتی ڕەواندەوە.


مەلا مستەفا بارزانی

لە نێو جەرگەی ئەو خەڵک و عەشیمەتەی کە خەریکی هێنانی یارمەتییەکانیان بوون، منداڵێکی دە دوانزەساڵان بوو کە هیندێژ قەرەپووڵی مێشێنێی پێبوو.کە چاوی لە خەڵکی دەکرد کە هەر کەس دێ وشتێکی دادەنێ ، قەرەپووڵەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و وێرای خەڵکی لەو شوێنەی دانا کە یارمەتیەکانیان خردەکردەوە. ئەو منداڵە کە بینی خەڵک هەر یەک بە شتومەکی جیاواز دێن. کراسەکەی دەرهێنا و ئەویشی وەک یارمەتی دانا. دیسان ئۆقرەی نەگرت و شاڵوارەکەشی دانا و بە ڕووتوو قووتی هەڵات. بەراستی خەڵک لەو سەردەمە ئەوپەری فیداکاری ودڵسۆزی و ئەرکی نیشتمانی خۆی بەرامبەر بە بارزانی یەکان نێشاندا.

عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ١٥٠ی ئەزموونی خەبات دا دەڵی کە ئەو لە شارەزایانی سیاسی بیستووە کە کاتێک بە پێشەوا دەڵێن کە ژن و منداڵەکانی بارزانی لە بواری لیباس و کەوش وەزعیان خراپە، پێشەوا داوای کردوە کە دوو تا سێ ڕۆژ ڕابوەستن تا بە یارمەتی خەڵکی مەهاباد لیباس و پێڵاویان بۆ ئامادە بکرێ و کاتێک کە دێن با بە ڕووت و لێقەوماویی نەبیندرێن.

غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ٤٨ دا دەنووسێ کە لە سەرتای خەزەڵوەری ١٣٢٤(١٩٤٥) لەدم چۆمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەهاباد دا، دەستەیەک بارزانی دیوە کە لە قەراغ چۆمی دانیشت بوون و نان و پەنیر و کشمیشیان دەخوارد. ئەوانە وڵامیان دابوو بە قازی محەممەد و چاوەڕوان بوون هەتا وڵامیان دراوە. زۆری پێنەچوو کە حاجی مستەفا داودی فەرموویانی کردن و پێگوتن کە قازی محەممەد چاوەڕۆانیانە.

ڕەحیمی قازی هەر لە لاپەڕەی ١٥٤ی کتێبەکەیدا باس دەکا کە یەکێک لەوە کەسانە بوو کە لەگەڵ خەڵکی مەهاباد بەرەو پیری شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی چووە و بەوردی باس دەکا کە چۆن مەلا مستەفا لە چۆم پەڕیوەتەوە و چووە لە کانگای حیزب چاوی بە پێشەوا کەوتووە.

منیرخانم کچی پێشەوا لە چاوپێکەوتن لە گەڵ تۆفیق ڕەفیعی کە لە ژمارەی ٣٠٥ی حەوتەنامەی سیروان مانگی سەرماەزی ساڵی ١٣٨٣ چاپ بووە، لەو بارەوە دەڵێ:

دایکم بە خاتری ئەوەی کە بارزانییێکان زۆر بە ناڕەحەتی واردی کوردستانی ئێران ببوون دەستوری دابوو نانیان بۆ بکەن. من بۆخۆم جوان لە بیرمە ئەو زەمانە دوو مدبەقمان هەبوو. ئەودەم چوار ژن لە لێواری تەندوران دانیشتبوون، نانیان دەکرد. دایکم نانەکەی لە گەڵ پەنیر لە سفرە دەخست و بۆ بارزانێکانی دەنارد.

منیر خانم لە درێژەی قسەکانی دا باس لەوە دەکا کە لە دوای ڕووخانی کۆماردا کاتێک مەلامستەفا خوداحافیزی لە دایکی کردوە و پێی گوتووە: ئافەرین ژنی مەلەکی کوردستان تۆ چۆنت زانی ئێمە پێخۆرمان لازمە.

خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵات هیچ خزمەتێک نەما کە بە بارزانییەکانی نەکەن، بەڵام بە هۆی فەقیری، هاتنی ئەوان بۆ گشت لا بارگرانی بوو و بۆخۆشیان هیچیان نەبوو. بە پێی لاپەڕەی ٣٣ کتیبی "گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" مەلامستەفا زێری خێزانی دا بە سەرهەنگ بەکر حەوێزی کە بیفرۆشێ تا خەرجی ژیانی بەشێکیان بۆ چەند ڕۆژێک دابین بکا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٤٧ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." ئاماژە بە هاتن و وەزعی بارزانییەکان دەکا و دەنووسێ:

ژیانی بارزانی لە ئێرانا

لە ئەوەڵی گەیشتنی ٢٥٠٠ماڵی بارزانی بە ئێران قازی محەممەد لەسەر تەوسییەی ڕووسەکان خواردن و زەخائیرێکی زۆری بۆ بارزانیەکان نارده حدوود. لە دوای چەند ڕۆژێک ئیستراحەت لەو ناوچەیە. عەشایری بارزان تەوزیع کرا بە سەر دێهایی عەشایری پیران، مامەش، لاجان، شنۆ، زەرزا، دێبوکری، نەغەدە، سندووس، فەیزۆڵلابەگی. هەر دێیەی دووماڵ و٣سێ ماڵی بەسەرا درا. بەخسووس ناوچەی دۆڵی تەرگەوەر و مەرگەوەر کرا بە مەرکەزی دانیشتنی عموومی ڕەئیسەکانی بارزانی. هەموو ئاغاواتی دێهاتێک مەسئول کرابوون لە بەخێوکردنی ئەو چەند ماڵەی کە بەسەر دێیەکەیانا دراوە.

بەڵام معاوەنەتی ئەو بەگ وخان و ئاغاواتانە هەر تاسەرێک بە باشی وگەرم وگوری ڕۆیی. دوایی معاوەنەتی ئەو ئاغا و سەردارانە ساردبۆوە. وای لێهاتبوو کە بە زۆریش کوڵە (تەپاڵەیەک) یان لێ نەسەندرێ.

بەو موناسەبەتەوە هەر مەڕ وماڵاتی کە پێیان بوو یا لەبرسان قڕی کرد و یا بۆ نان و بەرگ فرۆشتیان. لەبەر سەرما و جێگای ناهەموار ئەو عەشیرەتە لێقەوماوە هەژارە دووچاری نەخۆشی زحیری و گرانەتا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون. ئەسپێ لەهەموو لایەکەوە ئەندامی دابێژتن. چڵکن و بێ خزمەتی ئارامی لەو نازدارانە هەڵگرت و ئەو زابیتانەی فەرارەن ئیشتراکی عێلی بارزانیان کردبوو کە عیبارەت بوون لە میرحاج، مستەفا خۆشناو، هەمزەی کۆنە حاکم کە مەشهوور بوو بە هەمزە عەبدوڵلا و بەکر ئاغا و نووری ئەحمەد تەها، جەلالی ئەمین بەگ، محەممەد مەحمود- خێروڵلا کە مەشهوور بوو بە (حفزولا و حەمەسالح ژاژەڵەیی و مەحمود ئەحمەد مەعەلیم و وەهاب ئاغای حاجی عەلی ئاغای ڕواندزی وعەبدولرەحمان تەیب، عەریف محەممەد عەبدوڵلا، نوورەدەین شەوکەت، ساڵح عەزیز، زۆر پەریشان بوون. فێری ئەو زیللەتە و حەقارەتە نەبوون. هەتا مەحمود ئەحمەد نەیتوانی لەوە زیاتر لەناو ئەو ڕەزالەتەدا بمێنیتەوە. بە واسیتەی شیخ لەتیفەوە لە ١٢ی مارتی ١٩٤٦ گەڕایەوە بۆ عێراق و تەقدیمی نەزەری سەعید ساڵح وەزیری داخیلیە کرا لەسەر تەشەبوساتی شێخ لەتیف هەم عەفوو و هەم لە دائیرەی معارفا تۆزیف کرایەوە.

بەڵام دووبارە لەگەڵ حیزبی پارتا کەوتەوە فەعالییەت و لەگەڵ ئەو فەعالییەتەشا جەنبەی زیدی شیخ لەتیفی گرتبوو و زۆر لە زیدی شێخان غرورییەتی گەنجێتی بە کار ئەهێنا. لە نەتیجەدا حکومەت بە ئیتەهامی شیوعی گرتی بەڵام لە دوای ئیفراج بوونەکەی ئیستغنا لە خەدەماتی کرا. ئەمجا بایداوە لای شێخان. چونکە شێخان لە دۆستەکانی باشتر حازری کۆمەگی بوون و هەتا ئەو تاریخە لەلای شیخ مەحمود مایەوە. لەرەغمی ئەوەی کە داخیلی حیزبی ساڵح جوبریش ببوو بەڵام ڕووحییەی قەومی کوردی هەر محافەزە ئەکرد و وازی لە گیانی نیشتمان پەرەستی نەهێنابوو.

ئەمجا سەرەرای ئەو هەموو ڕەزالەت و جەفایەی کە ئەفسەرەکانی عێراقی لە ڕێگای کوردستانا چێشتبوویان و تەرکی مەواجب و دەرەجە و ئاسایشی خۆیان کردبوو. کەچی ڕووسەکان گومانێکی زۆریان لەو ئەفسەرانە هەبوو و بە جاسووس و موفەتیشیان لە قەڵەم ئەدان و بە شیددەت خستبوویانە ژێر مراقبەوە و هەتا ئیعتمادی تەواویان بە شەخسی مەلامستەفا و شێخ ئەحمەد و باقی بارزانیش نەبوو. هەتا زۆر شکیان لە مەلا مستەفا پیا کردبوو کە ئەو هەموو حەرەکات و خوێنرێژی و دەربەدەرییە بە پیلانی ئینگلیس هاتبێتیە وجود و هاتنە ئێرانی شتێکی مودەبیر بێ. ئەو مەوزوعەش دیسان وەکوو مەسەلەکەی حەمە ڕەشیدخان بە پەنجەی موفسیدان و خائینانی کورد هاتبوو وجودەوە. هەتا شێخ ئەحمەدی برای مەلامستەفا کە لە سابڵاغ ئیقامەتی پێکرابوو. بە ڕۆژێک لە سابلاغێ دەرکرا و بۆ مەنتیقەی دۆڵی شەیتان ئاوا دوورخرایەوە. کە بەفر و باران بە شیدەت ئەهاتە خوارەوە. کرێوەی بەفر نەیئەهێشت هیچ پەلەوەر و جانەوەرێک سەر لە کون دەربێنێ. نازانم ئەو هەژارەیان بەو خێزان و مناڵە وردانەوە چۆن بە ڕۆژێکی ئاوا تۆف و سەخت لە سابڵاغ دوورخستەوە. بە ئیتەهامی ئەوەی کە جاسووسی ئینگلیسە. هەتا جارێک جەلالی ئەمین بەگ لەلای باوکییەوە نەختێک پارەی بۆ نێرابوو بۆ سابڵاغ، مدەیەکی زۆر ئەو هەژارەیان ئەزییەت دا کە تۆ ئەو پارەت لە کوێ چەنگ کەوتووە. وایان ئیعتقاد کردبوو کە ئەوە مەعاشی جاسووسییە و لە عێراقەوە بۆی نێراوەتە ئەو ناوە.

جا هەر ڕۆژە بە تەرزێک مەلامستەفا و ئەفسەرەکان بەراورد ئەکران لەبەرئەوەی کە لە ئێرانا حەرەکاتێکی(فوق العادە) لە بارزانیەکان موشاهیدە نەکرابوو بە چاوێکی سووک تەماشا ئەکران و بە وەحشی ناویان بڵاوکردبووە. ڕووحم و عاتیفەی کوردایەتی ئەو ناوچەیە دەرحەقیان سارد ببۆوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا ئەو تاریخەی کە ڕووسەکان ئیجبار کران کە ئێران بەجێبێڵن بەم تەرزە عێلی بارزان بە کەسیفی و هەژاری ئەژیان وە مەیانی ئەوەشیان نەئەدان کە ئەفسەرەکان و پیاوە ناودارەکانیان هاتووچۆی شارەکان بکەن. لە هەموو لایەکەوە بشیددەت خرابوونە ژێر موراقەبەوە.

سەرەڕای ئەو هەمووە چارەڕەشی و بەدبەختیانە، کێشەی گەورەی نەخۆشی "تیفووس"ش بەرۆکی بارزانییەکانی گرت بوو. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٨٦ بەرگی یەکی کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" دا باسی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی تیفوس لە کاتی هاتنی بارزانییەکان دەکا و دەنووسێ کە لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ دا، بە نەخۆشی تایفۆئیدیان ١٥٠٠ کەس لە ناو چوون. کاک مەسعود دەڵی تا هاتنی دوکتورێکی سۆڤییەت ٢٠٠٠ کەس لە ژن و پیاو مندالی بارزانی تیدا چوون و کاریگەری ئەو نەخۆشییە تا ساڵی ١٩٤٧ لە نێو بارزانییەکان دا هەر مابوو. لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان و شنۆ دا هیچ گوندیک نەبوو کە گۆڕستانی بارزانی تێدا نەبێ.

پەسیان لە لاپەڕەی ٣٩دا ئاوا باسی نیشتەجێ بوونی عەشیرەتی بارزان لە ناو ئێلی قەرەپەپاغ دەکا و دەنووسێ: بارزانییەکان لە سەری ساڵی ١٣٢٥ وە(واتە لە بەهاری ١٩٤٦ وە) نیزیکەی ١٦٠ ماڵی خۆیان کە دەگەیشتە ١٧٠٠ کەس لە دێهاتی قەرەپاپاخ دامەزراند بوو و خێلی قەرەپاپاخیش ناچار بوون بۆ ژیاندنی ئەمانە بۆ هەرسەر مرۆڤێک مانگانە سێ پوت گەنم و سی ڕیاڵ بدەن. وێرای ئەمە دەبوو ئالیکی وڵاخ و نشینگەی بارزانییەکانیش هەر قەرەپەپاخ دابینی بکەن.

لەسەر شوێنی نیشتەجێ بوون بارزانییەکان کازم مستەفا ئومەر شانەدەری دەڵێت: هاوکات لەگەڵ پەڕینەوەمان بۆ ئێران، ئێمەیان بە بنەماڵەوە دابەشکرد. ئێمە لەگەڵ ژمارەیەک چووین بۆ مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ. ئەوانی تر لە: دەشتی شنۆ، دەشتی سندوس، دەشتی لاجان و دەشتی باراندوز جێگیرکران و ژمارەیەکیش لەگەڵ شێخ ئەحمەد چوون بۆ مهاباد.

بە پێی لاپەڕەی ١٧٧ی کتێبی مەسعود بارزانی دوای هاتنی بارزانییەکان بۆ کوردستان، سۆڤییەت داوای لە بارزانییەکان کرد کە بۆ ئەوەی نەکەونە بەر گازەندەی ئینگلیس ماوەیەک لەبەر چاوان نەبن. بۆیە بارزانی و چەند چەکدارێک چوونە ئاوایی میراوێ لە ناوچەی سەردەشت و تا کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ لەوێ مانەوە. پاشان مەلا مستەفا و خیزانی لە گەڵ بابۆی برای و خێزانی چوون بۆ شاری شنۆ. خێزانی شێخ ئەحمەد چوو بۆ مەهاباد.

لەسەر کەسایەتی و پێکهاتەی لەشکری بارزانی مامۆستا هەژار لە پێشەکی کتێبی شەرەفنامە دا لەسەر بارزانییەکان دەنووسێ: زۆر بەدەگمەن هەڵکەوتووە بارزانی لەسەر نوێن بمرن، یان کوژراون یان لە زیندانان ڕزاون.

سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١٧٨ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" لەسەر چاوپێکەوتنی دووبارەی مەلا مستەفا و حاجی بابە شێخ دەنووسێ: دوو ساڵ دواتر چەرخی گەردوون ئەو دوو گەورە پیاوە یەک دوەخاتەوە. ئەوکات کە لە مەهاباد کۆماری کوردستان پێکهاتووە و حاجی بابە شێخ بۆتە سەرۆک وەزیری ئەو کۆمارە (هێشا کۆمار دانەمەزرابوو) و ئەمجار بارزانی گەورە لەگەڵ عەشیرەتەکەی هاتۆتەوە بۆ ئێران. گویا کاتی یەککەوتنەوەیان کە حاجی بابە شێخ دەچێ بۆ بەخێرهێنانی بارزانی، لەبەر دەرگا پێشمەرگەیەکی بارزانی ڕایاندەگرێ (حاجی بابە شێخ لەگەڵ سەید



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەزیزی کوڕی خۆی و پێشمەرگەیەک دەبێ). جەنابی مەلا مستەفا کە زانی جەنابی حاجی بابە شێخە، هەر بە پێی پەتی دێتە حەوشەی ماڵەکە بۆ پێشوازی. حاجی بابە شێخ بە جەنابی مەلا مستەفا دەڵێ: جەنابی بارزانی هاتووم بۆ ئەمانەتییەکانم. ئەویش لەوڵام دا دەڵێ: جەنابی حاجی بابە شێخ ئەوە کەواکەی جەنابت لەو ساکە دا، هەمیشە وەک یادگارێکی پیرۆز لە لای خۆم ڕامگرتووە.

بارزانییەکان عەشیرەتێکی لە ڕادەبەدەر یەک دەست و یەکگرتوون و بەرانبەر بە یەکتر بەرپرسیار و لەخۆبردوو و فیداکارن. ئەو ڕواڵەتە لە هەڵسوکەوتی ڕێبەران و گەورە پیاوانی ئەو عەشیرەتە دا بە باشی دەردەکەوێ. سەیید عەبدولڕەحمانی سیادەت لە لاپەڕەی ١٧٨ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" لەسەر هەڵسووکەوتی مەلامستەفا لە زمانی حاجی سەید مستەفای سیادەت دەنووسێ: ڕۆژێک لە سەردەمی کۆماردا حاجی بابە شێخ بە ئیفتخاری بارزانی بانگهێشتنێک بۆ خواردنی نەهار لە ماڵە خۆی ساز دەکا کە لە جەنابی پێشەوا قازی محەممەد و چەند کەس لە پیاو ماقووڵانی مەهاباد کە لە کۆمار دا بەرپرسایەتییان بوو دەعوەت دەکا. ئەو کەسانەی لەو ڕۆژەدا لەوێ بوون هێندێکیان بریتی بوون لە مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی، ئەمەرخانی شکاک، جەعفەرئاغای کەریمی، میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، میرزا قادری ئەمینی، حاجی سەیید عەلی حوسێنی، زێڕۆ بەهادوری و ...

کاتی سازبوونی نەهار حاجی بابە شیخ داوا لە میوانەکان دەکا بۆ خواردنی نەهار. لەوکاتە دا جەنابی مەلا مستەفا نایەتە پێشێ بۆ خواردنی نەهار، کە ئەوە دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی حاجی بابە شێخ و میوانەکانی. حاجی بابە شێخ هۆکارەکەی لێدەپرسێ. لە وڵام دا بارزانی دەڵی: جەنابی حاجی بابە شیخ ئەمن لێرە لە حوزووری ئێوە پڵاو گۆشتی بخۆم عێلی بارزانیش هەموو لە کووچە و کۆڵانی مەهاباد لەوپەڕی نەهامەتی و فەلاکەتدا ڕۆژگار بەرنە سەرێ و ڕۆژانە بە چەند کەس لەبەر نەخۆشی برسییەتی لێیان بمرێ! وەڵا ئەو نەهارە بە گەرووی من دا ناچێتە خوارێ.

ماتی و بێدەنگێکی بەسام دانیشتنەکە دادەگرێ و بۆ ماوەی چەند خولەکێک کەس هیچ ناڵێ. تا ئەوەی کە حاجی بابە شێخ بێدەنگییەکە دەشکێنێ و دەڵێ" جەنابی مەلا مستەفا دەبێ نەهارەکەمان لەگەڵ بخۆی و هەر لێرەش بەڵێنیت پێدەدەم ناهێڵم ئەو دانیشتنە تێکچی تا دۆخی بارزانییەکان چارەسەر نەکەین.

بە دوای خواردنی نەهار، حاجی بابە شێخ سەید عەزیزی کوڕی خۆی دەنێرێ لە ژوورەوەی ماڵی خۆی ٥ هەزار تمەن دێنێ و دایدەنێ و بە دوای ئەو دا جەنابی پێشەوا قازی محەممەد و میوانەکانی دی کە هەر یەک لە پیاو ماقووڵ و ساماندارەکانی وڵات بوون، پووڵێک دادەنێن و سەرجەم ٥٥ هەزار تمەن ئەو ڕۆژە کۆ دەبێتەوە، کە بۆ ئەوکات پوولێکی کەم نەبووە. بە دوای ئەوەدا چەند کەسێک دەستنیشان دەکرێن بۆ پێڕاگەیشتن بە بارودۆخی بارزانییەکان، بۆ وێنە دوکتور سلامەتبەخش بۆ چارەسەری نەخۆشەکان مەئموور دەکرێ...

بێشک کۆچ کردنی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ئازاد کە ئەزموونی شەڕ و بەربەرەکانی و خۆڕاگریان لە بەیان نایە، بوو بە مایەی شادی دڵگەرمی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات کە لە بەرێوەبردنی بەرنامەکەیان دا مسۆگەر و سوورتر بن. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٥٥ی کتێبەکەی دا بە نەقڵ لە لاپەڕەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥٦ ی ئیگلتۆن دەنووسێ کە مەلا مستەفا گوتی:

ئێمە بارزانییەکان هەمووومان بە خاوخێزانەوە ئامادەین بۆ خەبات کردن و شەڕ کردن لە ژێر سەرۆکایەتی ح. د. ک و قازی محەمەد دا لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەی کورددا ...

قازی محەمەد داوای لە مەلا مستەفا کرد بارزانییەکانیش وەکو هێزێکی ڕێکوپێك لە ڕیزی هێزی دیمۆکرات دا ڕێك بخرێن و کاروباریان پێ بسپێردرێ. لە سەرەتای نیسان دا لە سەر داوای مەلا مستەفا زیاتر لە هەزار بارزانی بۆ پێشمەرگایەتی بانگ کران. لە لك دا ڕێکخران. چەکی نوێیان درایە. پاش مەشق پێ کردنێکی کورت نێردرانە جەبهەی سەقز بۆ پاراستنی سنوری حکومەتی کوردستان لە هێرشی چاوەڕوانکراوی ئەرتەشی ئێران. ئەفسەرە کوردە عێراقی‌یەکان، ئەگەرچی کەسیان بارزانی نەبون، دانران بە سەرکردەی لکەکانی هێزی بارزانییان. میرحاج ئەحمەد، بەکرعەبدولکەریم حەوێزی، مستەفا خۆشناو، نوری ئەحمەد تەها کە ٤ ئەفسەری دەرچوی زانستگا جەنگی‌یەکانی عێراق بون، هەر یەکەیان بو بە سەرکردەی یەکێ لەم ٤ لکە. ئەفسەرەکانی تر هەندێکیان لە گەڵ مەلا مستەفا خۆی وەکو "هەیئەتی ئەرکانی هێزی بارزانییان" مانەوە و هەندێکیشیان لە "ستادی کول" بۆ کاروباری مەشق کەڵکیان لێ وەرگرتن. لە گەڵ ئەمانیش چەند کەسێ لە تێکۆشەرە ئازاکانی بارزانی‌یەکان پلەی پێشمەرگەیی‌یان درایە و کران بە فەرماندەی چڵەکانی ئەم ٤ لکە وەکو: محەمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، فارس کانی بۆتی، سەعید وەلی بەگ، خۆشەوی خەلیل، مستەفا جانگیر، سالح کانیالەنجی، حەیدەر بەگ عارف بەگ، وەهاب محەمەد عەلی ئاغای ڕەواندزی.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی "کۆماری کوردستان لە گەمەی سوورییەت دا" باسی ڕادەیەک ئەفسەری بە توانا و لەخۆبردوو نێو هێزەکانی بارزانی دەکا و دەنووسێ: ... تاقمێکی باش ئەفسەری کورد لە دەرچوانی زانستگای جەنگی عێراق کە لە هاوکارانی بارزانی بون و هەندێکیان لەگەڵ ئەو چوبونە کوردستانی ئێران و هەندێکیشیان دواییتر لەوانە: عیزەت عەبدولعەزیز، سەید عەزیزی شەمزینی، مستەفا خۆشناو، میرحاج ئەحمەد، محەمەد مەحمود قودسی، عەبدوڕەحمان موفتی، بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، خەیروڵا عەبدولکەریم، نوری ئەحمەد تەها، جەلال ئەمین بەگ، محەمەد سالح و نائب زابت ئەحمەد ئەفەندی کویی و، شەوکەت ئەفەندی.

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٧٨ بەرگی یەکی کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" ئاماژە بە تەیار کردنی هێزی بارزانی بە چەک و چوڵ دەکا و دەنووسێ کە لە نەورۆزی ١٩٤٦ بارزانی بانگ کرا بۆ مەهاباد و بڕیار درا لە تەمەنی ١٥ تا ٦٠ ساڵ چەک هەڵگرن و بە تفەنگی بڕنۆ و شێست تیر و نارنجۆک تەیار کران. ئەوانە ١٥٠٠ کەس بوون و بەسەر ٣ بەتالیون بە فەرماندەری ڕائید بەکر عەبدولکەریم، نەقیب مستەفا خۆشناو، نەقیب میرحاج ئەحمەد دابەش کران. دوایە مەلامستەفا قسەی بۆ کردن و ڕایگەیاند کە فەرمانی ئەو فەرماندانە، فەرمانی ئەوە و ئەوجار ڕەوانە بەرەی سەقز کران. هەروەها ٧٠٠ کەسی دیکەی بارزانی وەک هێزی ئامادە، ناونووس کران.

گۆشەیەک لە دەرد وئازار و مەینەتی عەشیرەتی بارزان لە کوردستانی ژمارە ٥٧ لە لایەن وەزارەتی تەبلیغات بەمشێوەیە بڵاو کراوەتەوە:

برایانی خۆشەویست!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وا دەزانم ئەگەر هەر یەکێک لە ئێوە کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستی، بێگومان چاوی بە بینینی برایەکی بارزانی هەڵدێ ئەگەر بەسەرهاتی ژێردەستی و ئیستعماریان لەبیر دەچێ، خۆ ئەو برا ڕەشیدانە هەریەکە دەتوانن نموونەی مجسەمەی ناحەزی دوژمن بێننە پێش چاوتان. لە وڵاتی خۆیاندا لە ماڵە خۆیاندا ئاسوودە و ڕەحەت وازیان لێنەهێنان و لە چلەی زستان دا تووشی دەردی سەری و مەهاجرەتیان کردن بە سەدهایان لە بێ خۆراکی و بێ بەرگی و بێ جێییدا، لاشەی پیرۆزیان چووە ژێر خاک. لە گەڵ ئەوەش دا هەموو بە چاوی خۆتان دەبینن ئەورۆ هیچ ئەو بەسەرهاتانەیان مەنزوور نییە و لە پێشەوە بەرەو سینگی دوژمن ڕاوەستاون وەک شێر دیفاع لە کوردستانی ئازاد دەکەن. کەچی هێندێک لە ئاغایانی مەش شەڕی پولیانە، با وریا بێنەوە ئازادیمان گەنجینەیەکە بۆ هەموو فەردیک. مەحو بوونەوەمان سەلە فەوتی ماڵ فەوتی گیانی هەموو میللەتی کورد...

دەوڵەتی کۆنەپەرەستی ئێران لە هەڵسوکەوتی گشتی کاربەدەستانی ڕووس، بە تایبەتی کە ئیزنیان دابوو بە بارزانییەکان بێن بۆ نێو خاکی ئێران، زۆر توڕە بوو. بۆیە لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/١١/١٧ دا یادداشتێکی فەرمییان ئاڕاستەی دەوڵەتی شووڕەوی کرد کە تێیدا هاتووە، بوونی هێزەکانی ڕووس لە ئازەربایجان بۆتە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی ئێران نەتوانێ ئەمن و ئاسایش لەو مەڵبەندە بپاریزێ و بەرگرێ لە گەندەڵی بکا. بە ئاماژە بە بەڵگەکانی وەزارەتی شەڕ، ئاگادارتان دەکەین کە دەستەیەک لە کوردەکانی ئێران لە ژێر کاریگەری بێگانان دا دەیانەوی ئەمنییەتی ئێران تێک بدەن. بە کەڵک وەرگرتن لەو کاغەزانەی کە لە شووڕەوی ڕا هێناویانە، بە مەبەستی هاندانی خەڵک کتێب چاپ دەکەن و وتار دەنووسن و چەند کەس لەوان بە بێ ئیزن سەفەریان بۆ باکۆیە کردوە. مەلامستەفا لەگەڵ عەشیرەتەکەی لە عێراق ڕای کردوە و لە مەهاباد جێگیر بووە. لەژێر زەختی ڕووسان دا هاتووچۆی دانیشتوانی ئێران بۆ ناوچەکانی سەرووی ئێران دژوار بووە. نەبوونی فەرماندار و پاریزگار لە شمالی ئێران بۆتە هوی ئەوە کە کاروباری ئیداری، کێشەی تێکەوێ و پێویستە ڕێگا بدرێ تا بە دامەزرانی پاسگا لە سنووری تورکیە ئەمنییەت ئەو ناوچەیە پێک بێ. هەوەها دەستێوەردانی کاربەدەستانی ڕووس بۆتە هۆی ئەوە کەکاروباری قەزایی پەکی بکەوێ. لەو نامەیەدا ئاماژە بە هێرشی تاقمەکانی فیرقەی دێموکرات بۆ سەر شارەکانی مەراغە و میانە و چەکدار کردنی هێزەکانی فیرقە لە تەوریز و خۆی و ماکۆ و ورمێ کرابوو و وەبیر دەوڵەتی شووڕەوی هاتبۆوە کە لە پەیمانی سێ قوڵی دا، بەڵێنی پاراستنی چوارچێوەی ئێرانی داوە. لەو یاداشتە دا داوای هاوکاری لە دەوڵەتی ڕووس کرابوو و ڕاگەیندرابوو کە دوو گوردانی پیادە و دەستەی تانک و گورهانێکی ژاندارمەری ڕەوانەی ئازەربیجان دەکرێ و داوایان کرد بوو کە ڕووسەکان هاوکاریان بکەن.

وەزارەتی دەرەوەی شووڕەوی بە ڕێکەوتی ١٩٤٥/١١/٢٦ وڵامی دەوڵەتی ئێران(وەزارەتی دەرەوی) داوە و دەڵێ کە یارمەی شووڕەوی بە کوردان درۆیە و هاتنی مەلا مستەفا پەیوەندی بە ئەوانەو نییە. کاربەدەستانی ڕووس کێشەیان بۆ خەڵکی ئێران پێک نەهێناوە و دۆستایەتیان لەگەڵ ئێران کردوە و ٢٥ تۆن گەنمیان داوە بە تاران و فرۆکەی تایبەتیان لە ئیختیار ئاغای بەیاتی پارێزگاری تەوریز ناوە و دەوڵەتی ڕووس پێش بە دامەزرانی پاسگا لە سنووری تورکیە ناگرێ. سەبارەت بە کاروباری قەزایی دەوڵەتی شووڕەوی لە هەڵسوکەوتی کەس بە دژی کاربەدەستانی خۆی خۆش نابێ. هەڵلای شارەکانی مەراغە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میانە، کێشەی نێوخۆییەو پەیوەندی بە ڕووسانەوە نییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ۲۳
## دەوڵەتی خودموختاری کوردستان

بناغەی دەستەڵاتی خودموختاری لە ناوچەی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی ڕووس، هەر لە دوای ڕووخانی دەستەڵاتی ڕەزاشا ڕا دەست پێدەکا و پارێزگاری لە شاری مەهاباد سەرەتای ئەو ئەزموونە بوو. بە دوای گرتنی کۆنگرەی یەکی حیزبی دێموکرات دا، ڕێبەری حیزب لە ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان دا نەپرژانە سەر ئەوە کە بەڕەسمی و بە بەشداری کۆمەڵانی خەڵک، دەوڵەتی خودموختاری کوردستان ڕابگەیەنێ و تەنیا لە هەڵکردنی ئاڵا و هێندێک بۆنەی سەربازی و دامەزرانی قوتابخانەدا، خەڵکی شاریان بەشدار دەبوون.

کاری حکومەتی خودموختاری کوردستان، دامەزرانی بناغەی سیستیمی بەرێوەبەری نەتەوایەتی دەوڵەتی کورد و کۆپییەی کۆمارەکانی خودموختاری وڵاتی شووڕەوی بوو. تەواوی کارە سەرەکییەکانی حکومەتداری ئەو دەوڵەتە هەر لە کابینەی وەزیران، هێزی پێشمەرگە و دامەزراندنی خوێندن بە زمانی زگماکی و هەڵکردنی ئاڵا و دامەزرانی چاپخانە و دیاری کردنی ماڵیات و ... هەموو بەرهەمی دەوڵەتی خودموختاری کوردستانە.

نەوشیروان لە لاپەڕەی ۱٤۹ی کتێبەکەی دا، باسی کارەکانی کۆمیتەی مەرکەزی کە بە کردەوە، ئەرکی دانانی قانون و هەیئەتی ڕەئیسەی میللی و هەروەها کاری وەزارەت و ئیدارەکانیان بەستۆەوە بوو دەکا



لە ڕاستەوە: ١-نەناسراو ٢- ئەحمەد ئیلاهی ، ٣- دڵشاد رەسولی ٤-مەنافی کەریمی، ٥- پێشوا قازی محەمەد ٦- سەدیق حەیدەری ٧- عەلی خوسرەوەی ٨- خەلیل خوسرەوی ٩- عەلی خوسرەوەی ١٠- جەعفەر کەریمی

و دەنووسێ: ئیدارەکان کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە و جێبەجێ کردنی بڕیارەکان ئەبینێ بە کوردی کارەکانیان ئەنجام دا. لەوەش دا سەرکەوتو بون و بە شێنەیی خەریك بو زمانی کوردی ئەبو بە زمانی دەوڵەت و حوکمڕانی.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٦٤ دا دەنووسێ کە لە پاش کۆنگرە، بەڕێوەبردنی تەواوی کاروباری دەوڵەتی و ئابووری مەڵبەندی موکوریان کەوتە دەست کومیتەی ناوەندی...

لە بەڕێوەبردنی کارەکان دا، حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی فیرقەی دێموکرات، پشتیوانی سەرەکی نەبوو و لە لاوەڕا دەستکێش و ئامۆژگاری نەدەکرا. زۆربەی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی حیزب ڕچەشکێن بوو و بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆر کەس لاساکردنەوەی فیرقەی دێموکرات نەبوو. قازی محەممەد هەڵسەنگاندنی دروستی لەسەر سیاسەتی ڕووس هەبوو و بە خێرایی و کوت و پڕ، کردوەی پێویستی لە خۆ نیشان دا. ئەو هەڵسوکەوتە شاز و حەکیمانەیەی قازی محەممەد، دەبێ ڕیشەی لە زانیاری زۆر و پەیوەندی قووڵ و بێ پسانەوەی بە هێندێک کەسایەتی گەورەی کاربەدەستی ڕووس و ئازەری لە تەورێز هەبوو بێ. دەبێ پێشەوا قازی بە شێوەیەکی سەرزارەکی توانیبێتی پشتگری باقرۆڤ یان هێندێک لە کەسایەتییەکانی ڕووس بۆ مانۆڕەکانی بە دەست هێنا بێ.

ئاشکرایە کە بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی وڵاتێکی وێران، بۆ دەزگایەکی تازە دامەزراوی نەدار و فەقیری بێداهات، کێشەیەکی گەورە بوو. دەوڵەتی ڕەزاشا هیچ دامودەزگایەکی ئابووری لە کوردستان دا دانەمەزراند بوو. ئەو تاقولۆق دەزگا فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیانەی وەک مەدرەسە و نەخۆشخانەش کە هەبوو، بێ ئیمکانات و لە ڕادەیەکی زۆر سەرەتایی دابوون. بە گوێرەی کتێبی "سیاسەتی دەرەوەی ئێران" لە نووسینی ڕوحوڵای ڕەمەزانی، لە کاتی شەڕی دووهەم دا، ڕەزاشا زیاتر لە نیوەی هێزەکانی ئێرانی لە کوردستان مۆڵ دابوو و شارەبانی و پادگان کە ناوەندی سەرکوتی خەڵک بوو، زورترین خەرجیان بۆ دەکرا. بە دوای گەلاوێژی ٢٠ دا ئەو بنکە و بارەگایانەش وێران کرابوون و دەرکە و پەنجەرەیان دەرهاتبوو. بڕە پارەیەک کە لە ژێر دەستەڵاتی حاکمی شار دابوو، دوای گرتنی شارەوانی، ئەویشیان گەڕاندەوە بۆ تاران. بە گشتی نە دامەزراوەی نیشتمانی هەبوو و نە بارەگای دەوڵەتیش بە ساغی مابوون کە کەڵکیان لێوەرگیرێ. کۆماری کوردستان دەبوو بە بێ هیچ یارمەتییێکی دەرەوە و بە بێ هیچ داهاتێکی ئەوتۆ، تەنیا بە پشتیوانی خەڵکی فەقیر، کارەکانی ڕاپەڕێنێ.

سەرەڕای نەبوونی ئەزموونی دەوڵەتداری، دوژمنایەتی عەشایر، بەرهەڵسکاری دوژمنی نێوخۆیی و تەنانەت زلهێزە گەورەکانی دەرەوە و گەمارۆی ئابووری، حکومەتی خودموختاری کوردستان لەژێر ڕێبەرایەتی ژیرانەی پێشەوادا، کاری زۆر گەورە و بناغەیی ئەنجام دا.

حکومەتی خودموختاری کوردستان لەگەڵ حکومەتی کۆماری کوردستان جیاوازی هەیە. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣ (بە هەڵە ژمارە ٢ نووسراوە) لە لاپەڕەی ٤ دا کە بەر لە دامەزرانی کۆمار چاپ بووە، سەید محەممەد حەمیدی لە وتارێک دا دوای ئەوەی دەڵێ کە ئیختیاری تەواوی کارەکانی لە بەردستی کوردان دایە، دەنووسێ: ... ئەم مۆفەقیەتە بە حەزرەتی ئاغای قازی محەمەد سەرۆکی حیزبی دێموکرات و پێشەوای موعەزەمی کوردوستان و جەنابی ئاغای حاجی بابا شێخ سەرۆکی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان تەبریک پیشکێش دەکەم و پێشکەوتنی تەواوی برایانی حیزبی و کارگەرانی چاپخانە لە خودا

دەخوازم.

لەم سەردەمەدا هەم قازی محەممەد لە کۆنگرەی یەکەمی حیزب وەک پێشەوا ناسراو و هەم حاجی باباشێخ بوو بە سەرۆکی دەوڵەتی خودموختار. دواتر هەر لە ژێر ڕێبەری حاجی باباشێخ و دیوانی وەزارەتەکەی دا، لە ٢ ڕێبەندان، کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا و بە ناوی دەوڵەتی کۆماری کوردستان درێژەی بە کار دا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٧٣ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا، لەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی ئەیالەتی دەنووسێ:

لە١١ی شووباتی ١٩٤٦ لەو زاتانەی خوارەوە تەشکیلی وزارەتی کوردی کرا.

١ - سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، قازی محەممەد

٢- حاجی بابەشێخ - سەرۆک وەزیران

٣- محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی- نایبی ڕەئیس وزەرا و وەزیری بەرگری

٤- مەنافی کەریمی - نایبی ڕەئیس وزەرا و وەزیری معارف

٥- سید محمد ایوبیان - وەزیری تەندروستی

٦- عبدالرحمن ئیلخانی زادە - وەزیری دەرەوە

٧- ئیسماعیل ئاغای ئیلخانی زادە - وەزیری موواسلات

٨- ئەحمەد ئیلاهی - وەزیری ئیقتساد

٩- خەلیل خسروی - وەزیری ئیش و کار

١٠- کەریم ئەحمەدین - وەزیری پۆست و تێلگراف

١١- محەممەدئەمین موعینی - وەزیری کیشوەری

١٢- مەلا حوسێن مجدی - وەزیری دادگستری

١٣- مەحمودی ولی زادە - وەزیری کشت وکاڵ

١٤- سەدیقی حەیدەری - وەزیری پرۆپاگەندە

١٥- حاجی مستەفا داودی - وەزیری تیجارەت

١٦- وەهابی بلوری

١٧- حوسێن فروهر.

دامەزرانی حکومەتی خودموختاری کوردستان، پاش دامەزرانی حکومەتی ئازەربایجان بوو و بەشێ زۆری کاربەدەستانی ئازەربایجان ئامادە نەبوون کە دەست لە ناوچەکانی کوردنشینی شنۆ و مەهاباد و نەغەدە و بۆکان و سەردەشت دەوروبەری ورمێ هەڵبگرن کە لەسەردەمی ڕەزا شادا خرابووە سەر پارێزگای ئازەربایجان و بە ئی خۆیان دەزانی.

ئیستراتیژی و ئامانجی حیزب لەم قوناغی دەولەتی خودموختار دا خودموختارییە و بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە یەک، پێشەوا لە وتوێژ لە گەڵ ئاغای تەفەزولی و عەباسی شاهەند و بزورگی عەلەوی، خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی تاران، وەک ئێرانی ما، فەرمان و ڕەهبەر، لە مەهاباد کردویەتی، لە وڵامی ئەو پرسیارە کە لە ژێر ڕێبەری ئەودا کورد سەربەخۆیی دەوێ؟ دەڵی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خێر ڕاست نییە. لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئیجرای قانوونی ئەساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بە خودموختاری لە ژێر ئاڵای ئیران دا بژین. خودموختاریشمان وەگیر کەوتووە.

- چەند وەختە ئەنگۆ خودموختارن؟

- چوار ساڵە خودموختاری داخلیمان هەیە.

لە سەر ئەوە کە چۆن کاروباری دەوڵەتی خودموختار هەڵدەسوڕی پێشەوا دەڵێ: ... دەگەڵ نوێنەرانی گەورەی میللەتی کورد کە چەندیک لەوەی پێش لە مەهاباد حازر بوون ئێنتیخاباتمان کرد و هەیئەتێکی ٩ نەفەری بە نێوی هەیئەتی میللی هەڵبژێردران و سەرۆکی ئەو هەیئەتە بە خۆمە.

پێشەوا لە وڵامی پرسیاری ئەو هەواڵدەرانە کە مەڕامی فرقەی دێموکراتی کوردستان چییە؟ لە پێنج خاڵ دا وڵام دەداتەوە دەڵێ:

١ - میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسوڕاندن و پێکهێنانی کاروباری جێگای خۆی ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا ئازاد بژی.

٢ – بتوانێ بە زمانی کوردی بخوێنێ و لە وڵاتی کورد و کوردستان کاروباری نووسین لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا بە کوردی بێ.

٣ - ئەنجومەنی ئیالەتی و ولایەتی کوردستان وەکوو قانوونی ئەساسی دەڵێ جێبەجێ داندرێ. لە هەموو کارەکانی ئیجتیماعی و دەوڵەتی دا چاوەدیری بکا و پێ ڕابگا.

٤ – مەئمورینی دەوڵەتی هەر دەبێ لە خەڵکی مەحەل بێ و بە پێی قانوون لە نێو ڕەعییەت و مالک دا سازش بەجێ بێ کە دوارۆژی هەردوکیان تەئمین بکرێ.

٥ – حیزبی دێموکراتی کوردستان سەعی بکا کە میللەتی ئێران هەموو بە برایەتی و بەرابەری بژین و بۆ خۆشبەختی و تەڕەقی مێهەنی خۆیان سەعی بکەن.

ئەگەرچی هەر بە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ڕەزاشا، کوردستانی ژێر حوکمی ڕووس ڕواڵەتێکی خودموختاری هەبوو بەڵام ڕواڵەتی فەرمی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان لە دوای گرتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزب ڕا دەست پێدەکا و بە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دووی ڕێبەندان کۆتایی پێی دێ.

لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٨ سەردەمی ئەحمەدی ئیلاهی باسی کارەکانی حیزبی دێموکرات دەکا و دەنووسێ:

حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئەحمەد ئیلاهی

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەحزابی دیکە بەراوەرد ناکرێ. ئەعزای نێوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە نێو تەواوی مەنتەقەی کوردستانی ئازاد هەڵبژێردراون بە نیوی کومیتەی مەرکەزی یان هەیئەتی حیزب نێو دەبرێن.

هەیئەتی حیزب عیبارەتن لە ئەشخاسی پاک و ڕاست و بێ غەرەز و بە ئیمان و باوەڕێکی محکەم. لە ڕێگای پێشکەوتن و تەڕەقی کوردستان دا کار دەکەن. هەیئەتی حیزب بۆ هەموو کارێکی گەورە و چکۆلە بدونە ئەکسەرییەتی ئارا، توانای نییە ئیقدام بە کار بکا. لە نێو کومیتەی مەرکەزی دا هەرکەسە دارای یەک ڕەئییە و هیچ نەوعە پارتی بازی بە کار نایە. لەو ماوەکەمەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به پیرۆزێکی زۆر گەورە گەیشتووە کە وێنەیەکو عەرز دەکەم.

١ – یەکێتی لە تەواوی مەنتەقەی کوردستان دا بە دەرەجەیەک گەییوە کە کە سەدها دوژمنی خوێنی لەگەڵ یەک، ئێستا وەک برا دەست لە دەستی یەک دەنین و یەکتر ماچ دەکەن.

٢ – لە تەواوی مەداریس دا بە زمانی شیرینی کوردی تەدریس دەکرێ و منداڵەکان لەو چەند مانگە دا بە چاکی فێر بوون بە زمانی دایک و بابی خۆیان بخوینن و بنووسن.

٣ – دانانی هێزی میللی کوردستان کە دەستە دەستە لاوانی شارستانی و دێهاتی و ئاغانی عەشایر بە دڵێکی خۆش، داخڵ بە هێز دەبن و نێوی خۆیان بە پێشمەرگە دەنووسن و بە مەیل و مەڕام حازری خدمەتن.

٤ - مەتبەعەی گەورەی کوردستان کە وەکوو مانگی چاردە دەدرەوشێتەوە و کوردستانی ڕووناک کردوە و دڵی نەتەوەی کوردی گەش کردوتەوە دەتوانم بڵێم لەگەڵ مەتبەعەکانی ئوروپا بەربەرەکانی دەکا.

٥- دانانی شارەوانی کە لە حەیسییەت ئەمنییەتەوە لەگەڵ هیچ جێگایەک حیساب ناکرێ.

٦ – هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان.

بێشک زامنی سەرەکی ئەو دەستکەوتانە پێکهێنانی یەکێتی و یەکریزی لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا بوو. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١١ لە وتاری "یەکیتی ئێمەی بە ئارزوو گەیاند" لەگەڵ ئاماژە بە یەکێتی و یەکگرتوویی دەنووسێ: بە ڕەهبەری پێشەوا حەزرەتی ڕەئیس جەمهووری کوردستان ( جەنابی قازی محەمەد) لە پاش چوارساڵ و نیو خودموختاری لە کوردستانی ئازاد دا بناغەی ئیستقلال دامەزراوە و ئاڵای موقەدەسیش هەڵکرا و کورد بە ئاواتی خۆی گەیشت.

هەر لەو بابەتە دا هاتووە: ... کورد ئیستعداد و لیاقەتی خۆی بە تەواوی دنیا نیشان دەدا. ڕاگرتنی خودموختاری پێشوو و دامەزراندنی ئیستقلالی ئەمڕۆ نموونەیەکی ئیستعدادی کوردە.

سەید محەممەدی حەمیدی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٩دا لە وتاری "خوێندەوار بە نەخوێندەوارێ تێگەیەنی" زۆر بە جوانی مەڕامی حیزبی دێموکرات کە یەکێتی و کگرتوویە ڕوون دەکاتەوە و دەنووسێ:

یەکێتی ئێوە دە دونیا دا گەورە و سەربەرز دەکا. نیشتان و ئاوەدان دەکا. کانگای جەواهێرات و لەبن هەردی بۆ دەردێنێ. کوردی هەزاری ڕووتو و قووت و برسی، پۆشتە و تێر دەکا ...

سەید محەممەد دوای ئاماژە بە کەسانی خراپ کە هەر لەسەر خوو و ڕەوشتی ڕابردوو ماون و بێگانە پەرەستن و لە دەرفەت دان کە کەرە شلەیەک، یان لێفە دراوێک بڕفێنن، لە سەر نییەت و مەڕامی حیزبی دێموکرات و پیشەوا دەنووسێ:

عەشیرەت بازی، دەستەبازی، حوقەبازی، غەیبەت کردن لە گۆشە و کەنار و کۆڵانان، باسی کۆمەڵ و یا فەرد کردن، خراب کاری لە پێشرەفت کردنی مرامی دێموکراسی، وەک ئایینی خاوێنی ئیسلام ئەمر دەفەرموێ، بە کولی مەلغایە. ئەمانە خووی دەورەی جەهالەت و نەزانیین، نابێ تازە ببنەوە. دەبێ لە ڕیشە دەربێن و پیویستە هەموو کوردێک لە شەو و ڕۆژ دا، قسەی، کاری، بزوتنەوەی بۆ کورد و پێشکەوتنی کورد بێت...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موجیبی مەهابادی لە سایتی ئینتێرنێتی دا، وێنەیەکی لە کاربەدستانی ئەم سەردەمەی حیزبی دێموکرات هێناوە کە کارگێڕ و بەڕێوەبەری ئەم سەردەمەی تەشکیلاتی حیزب بوون و لە سەر ناوەکانیان دەنووسێ: دانیشتوو لە ڕاستەوە: کاک محەممەد یاهوو، میرزا خەلیل خوسرەوی، کاک محەمەدئەمین شەڕەفی، میرزا غەنی خوسرەوی، میرزا مستەفا سوڵتانیان، سەیید محەممەد ئەییوبیان، کاک وەهاب بلووریان و ڕاوستاو لە ڕاستەوە: کاک ڕەحمەت ئەسحابی، کاک عەلی ڕەیحانی، میرزا محەممەد سەعیدزادە، مام ئەحمەد ئیلاهی، سەعید خان هومایوون، میرزا مەناف کەریمی، میرزا کەریم ئەحمەدێن، کاک دڵشاد ڕەسووڵی، میرزا ڕەحیم لەشکەری و میرزا وەهاب قازی.



## کارەکانی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان

## دامەزرانی پارلمانی کوردستان

تا دامەزرانی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان، کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و زوربەی بڕیاراتی یاسایی و حقوقی خەڵک، بە شێوەی دابوو نەریت و سوننەت، یان نەریتی عەشایری وەک ڕدێن سپی و کوێخایەتی، یان بە هۆی مەحکەمە قەزاییەکان بەڕێوە دەچوو. بەڵام بۆ ئەوەی بواری یاسایی و قانوونی بە کاری ئیداریی و گیروگرفتەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایتی ناوچەی ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی خودموختار بدرێ، پێویست بوو پارلمانی کوردستان دامەزرێ.

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ۳۷ جێژنی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵا لە ڕێکەوتی ۲/۱۱/۱۲ لە شاری شنۆ گیرا. جەنابی قازی محەممەد، سەرۆکی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ وتارێکی خوێندەوە

و له درێژەی قسەکانی دا داوای کرد هەرچی زووتر مەجلیسی شووڕای میللی و هەیئەتی وەزیران دابمەزرێ و کار بۆ خەڵک پەیدا بکرێ.

ئەوەی ڕاست بێ لەوکات دا، لەناو هەیئەتی ناوەندی حیزبی دێموکرات و خەڵکی سەرناسی دیکە دا، هەیئەتێکی شارەزا و پسپۆڕ لە ژێر ئەمری ڕێبەری حیزب بە ناوی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی یان ئەنجومەنی ئیالەتی و وەلایەتی، دامەزرا تا بڕیاراتی یاسایی و قانوونی دەربکەن. ناوی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی بۆ یەکەم جار لە لاپەڕەی ٣ی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١ دا هاتووە و نووسراوە: سەعات دوازدەی بەیانی ئەوێ ڕۆژێ جەنابی حاجی بابا شێخ ڕەئیسی میللی... کوردستان ...

هەڵبژاردنی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی وەک پێشەوا باس دەکا بە پێی هەڵبژاردن بووە و ماموٚستا هێدی لە لاپەڕەی ٧٣ی کتێبی "ئاوینە شکاو" دا بە وردی دەچێتە ناو ناخ و بناوانی ئەو ئۆڕگانە و گۆشەیەکی بچووک لە مێژووی پارلمان لەو سەردەم دا ئاشکرا دەکا و دەنووسێ:

لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد، دیاری کردنی هەیئەتی وەزیران یەکەم هەنگاو بوو کە بۆ ئیدارەکردنی وڵات هاوێژرا، هەنگاوی دووهەم دانانی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی (پارلمان) بوو کە هەموو ئەندامەکانی لە لایەن پێشەواوە هەڵبژێردران و لەو نووسینانەدا کە لەسەر کۆمار نووسراون و زیادتریان لە لایەن ئەندامانی بەرزی ح. د. ک بوون لە هیچیاندا باسی نەکراوە و ناوی ئەندامەکانی ئەو پارلمانە لە نووسین و بەڵگەکاندا وەبەرچاو ناکەوێ و من کە خۆم لە دەفتەری ئەو ئەنجومەنەدا نووسەر بووم بەداخەوە لە ئەندامەکان ناوی چەند کەسێکیان نەبێ لە بیرم نەماوە کە ئەوانیش ئەوانەن:


حاجی بابەشیخ سەیادەت

**حاجی بابەشیخ سەیادەت سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی.**

ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە: کەریمائاغای قوم قەڵا، حاجی حەمەد ئاغای حیسامی (ماموٚستا هێدی لە لاپەرەی ١٢٣ی کتێبی ئاوێنە شکاو دا دووپاتی دەکاتەوە کە بابی ئەندامی ئەنجومەنی کوردستان بوو)، عەلی خانی قادری مرۆتێ، حاجی مستەفای داودی، ئەحمەد خانی خەلیل خان ئەگەر چاکم لە بیر مابێ، بێجگە لەوانە چەند کەسی تریش بوون کە بەتەواوی ناچمەوە سەریان و گومانم لە سەر ئەو ناوانەی خوارەوەش هەیە کە ئەندام بووبن کە لە خەیاڵمدا دێن و دەچن بەڵام پێم ساغ نابنەوە. حاجی سالحی مەشیری، ئیبراهیمی نەوزەری، عەمەر خانی شکاک.

لە لاپەڕەی ١٩٠ کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت" بە نەقڵ لە سەعیدخانی هومایوون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسی ئەو شوورا ٩ کەسییە بە سەرۆکایەتی حاجی بابە شێخ کراوە کە بەر لە کۆمار دامەزرا بوو.
هەر لەو لاپەڕە و لەو سەرچاوەیە دا بە نەقڵ لە عومەر ئاغای عەلیار لەسەر ئەو شوورایە ئاوا هاتووە: ئەو شورای نۆ نەفەرەی پێش کۆمار کە بەداخەوە کەمتر ئاماژەی پێ کراوە، بە سەرۆکایەتی حاجی بابە شێخ بوو و تا ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار، لە دووی ڕێبەندان دا بەرپرسی ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆماری میللی کوردستان بووە.
محەممەد ئەمینی مەنگوڕیش لە لاپەڕەی ١٣٢ بەرگی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی ئەحمەد خانی فەیزوڵلابەگی وەک ئەندامی ئەنجومەنی ئیالەتی دەکا و دەنووسێ: مودەتێک لەدەوری حەمە ڕەشیدخانا کرا بە حاکمی سەقز. کە تەشکیلاتی سەقز کرایەوە هاتە بانە. کە بانە سووتا لەگەڵ حەمە ڕەشیدخانا چوو بۆ عێراق و لە دوای ساڵێک چووە بۆ مەنتیقەی بۆکان لە دێی تورکمان کەندی دانیشت و دوایی لە زەمانی قازی محەممەدا کرا بە مەعاوینی جەنگی حەمە ڕەشیدخان. کە حەمەرەشیدخان گەڕایەوە بۆ عێراق بەماڵەوە چوو بۆ سابڵاغ. لەوێ کرا بە ئەندامی ئەنجومەنی ئەیالاتی.
لە گۆڤاری تیشکی ژمارە ٦ دا ئاوا هاتووە: حاجی بابە شێخ سەرۆکی هەیئەتی وەزیرانی کۆمار و حاجی مستەفای داودی وەزیری تیجارەت بوو لەو کابینەدا، بەلام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حاجی بابەشێخ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەیالاتی و ویلایەتی (پارلمان) و حاجی مستەفاش ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوو.
کارمەندەکانی دەفتەری ئەنجوومەنی ئەیالاتی و ویلایەتی ئەوانە بوون :
١- حەمەد ئەمینی خاتەمی ڕەییسی دەفتەر.
٢- خالد حیسامی ( هێدی) نوسەر.
٣- سەعدونی ڕەحیمی یادداشتی نامەکانی هاتوو و ڕۆیشتووی دەفتەر.
کاک حەمەد ئەمینی خاتەمی پێش دروست بوونی دەزگاکانی کۆمار سەرۆکی ئیدارەی ئاماری مەهاباد بوو. لە گەڵ دامەزرانی ئیدارەکانی کۆمار ئیشی وی لە ئەنجومەن دیاری کرا و ئاکاری جوان و پەسندی هەبوو. کار کردن لە گەڵی خۆش و بێ گیروگرفت بوو. ئەنجومەن هەر خۆی مووچە و مانگانەی بۆ کارمەندەکانی خۆی و ئەندامەکانی پارلمان بڕیبۆوە و هەموو مانگێ بە پێی لیستە مووچەکە دەهاتە ئەنجومەن و سەرۆکی دەفتەر لێی دابەش دەکردن و مانگانەی من هەتا حکومەت تێکچوو، مانگێ ١٨٠ تمەن بوو کە دەبیتە ٩ دینار و زۆریش پێی ڕازی بووم. بەڵام ئەگەر کردبایانە ٢٠٠ تمەنیش کە دەبێتە ١٠ دیناری تەواو توورە نەدەبووم.
بێجگە لەوانە چاییچیەکیشمان هەبوو بە ناوی هەمزە کە مەنگوڕ و هەتا بڵێی پاک و خاوێن و سەر و ڕوو خۆش بوو، ئەگەر ماوە یادی بەخێر و ئەگەر نەمابێ ڕوحی شاد.
کاری ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی هەر ئەوە بوو کە پارلمانی گەلانی تر دەیکەن و یەک لەوان قانون دانان چ بۆ وەرگرتن و ئەستاندنی (مالیات) و چ لە بواری تری کاری کۆمەڵەدا، لەو یاسانەی من وەبیرم دێ ئەودەم دەنگی لەسەر درا یاسای دیاری کردنی (ماڵیات) بوو.
چەند مانگێک لە دروست بوونی کۆمار و دامەزرانی ئەو ئەنجومەنە تێپەریبوو دەمدی چەشنە نووسراوێک لە لایەن حکومەتی میللی ئازەربایجانەوە بۆ ئەو ئەنجومەنە دێ کە دەتوانم بڵێم ئەمریان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێدا بوو و ڕێ و شوێنیان بۆ ئێمە دادەنا و کۆماری مەهابادیان بە بەشیک لە دەسەڵاتەکەی خۆیان حیساب دەکرد و دەیانکردە بەخشنامە بۆ ئێمەش. دەنگدانەوەی ئەو جۆرە نووسراو و بەخشنامانە ئەگەر لە ڕادەی لێپرسراوە بەرزەکانیشدا شتێک بوو بێ بۆ ئێمەی بۆرە پیاو هیچ دیار نەبوو. دوایی دەرکەوت کە ئیمە هیچ هەر لە ناو حکومەتەکەی پیشەوەریشدا، هەموویان بەو هەڵوێستە ڕازی نین و لەسەر ئەوە کێشەیان کەوتوتە بەینێ و هەتا کۆماری مەهاباد تێکچوو پەیوەندی حکومەتی ئازەربایجان لە گەڵ ئێمە هەر بەو شێوە بوو.

حاجی بابە شێخ لەو ماوەدا کە من لەو ئەنجومەنە لە خزمەتی دابووم هەستم بەوە دەکرد کە زێدەی کارمەندەکانی تر ڕووم دەداتێ و ڕێزم لێدەگرێ و نامەی ئەنجومەن من دەمبردە بەردەستی و ئیمزای دەکرد و تەنیا لێی دەپرسیم مەوزوع چییە و ئیمزای دەکرد و دەیدا دەستم.

لە سەر چۆنییەتی ئەو هەیئەتە ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٧٤ دا دەنووسێ کە لە بەڕواری ٢٤ی دیسامبری ساڵی ١٩٤٥ دا کۆمیتەی ناوەندی ح. د. ک هەیئەتی ناوەندی نەتەوایەتی بە سەرۆکایەتی پێشەوا هەڵبژارد بۆ پێکهێنانی بنچینەی ئابووری و بەروپێش بردنی ئامانجی جووڵانەوە و کاری ئەو هەیئەتە بە جێگەیاندنی کارەکانی دەوڵەت بوو.

بەرپرسی یەکەم ئەو هەیئەتە لە سەرەتا دا پێشەوا قازی محەممەد بوو و دوایە قازی محەممەد بە ناوی پێشەوای مەعەزەمی کوردستان و ڕەئیسی حیزبی دێموکرات نێودێر کرا و حاجی بابا شێخ بوو بە سەرۆکی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٣ ی کتێبی تاریک و ڕوون دا لە سەر دامەزرانی ئۆرگانی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی دەنووسێ:

حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکی بە ناوی "هەیئەتی ڕەئیسەی میللی" هەڵبژارد کە منیش یەکێک بووم لە ئەندامەکانی. لە هەڵبژاردنی ناوخۆدا حاجی بابا شێخ کە پیرترین ئەندام بوو ، بە سەرۆک و من کە لاوترین ئەندام بووم بە سکرتێر هەڵبژاردراین. چەند مانگ لەو کۆڕەدا کارم کرد. کارێکی گران بوو. هەر من بە تەنێ بە کارەکان ڕادەگەیشتم و حاجی بابا شێخی ڕەحمەتی هەر ئەوەندی لەسەر بوو ئەوەی من دەینووسم ئیمزای بکا. هەرچەند لەبارەی دەستەڵات و ناوبانگەوە و کارێکی گرینگ بوو، بەڵام لە گەڵ زەوقی من ڕێک نەدەکەوت. بەتایبەتی بەڕێچوون لەگەڵ حاجی باباشێخی خۆ بە زۆرگر و کەللەڕەق کارێکی هاسان نەبوو.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە یەک دا، پێشەوا لە وتوویژ لە گەڵ ئاغای تەفەزولی و عەباسی شاهەند و بزورگی عەلەوی، خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی گەورەی تاران، لە وڵامی ئە پرسیارە دا کە کاروباری دەوڵەتی خودموختار چۆن هەڵدەسوڕی، گوتی: ... دەگەڵ نوێنەرانی گەورەی میللەتی کورد کە چەندیک لەوەی پێش لە مەهاباد حازر بوون ئێنتیخاباتمان کرد و هەیئەتێکی ٩ نەفەری بە نێوی هەیئەتی میللی هەڵبژێردران و سەرۆکی ئەو هەیئەتە بە خۆمە.

وێدەچێ کە دواتر ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە زیاتر کرابن. لە سەر لیستی ناوی ئەندامانی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی جیا لەوانەی کە مامۆستا هێدی ئاماژەیان پێدەکا، ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ١٤٦ی کتێبەکەی دا ناوی ئەو کەسانە دێنێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامانی لیژنەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی مەی:
١ - مەلاحوسین مەجدی
٢ - کەریم ئاغا بایەزیدی
٣ - عەزیزی عەبباسی
٤ - شێخ حەسەن شەمسی بورهان
٥ - سەید عەلی حوسێنی
٦ - عەلیخان مەنگوڕ نەوزەری
٧ - عەبدوڵا قادری مامەش
٨ - قاسم ئێلخانیزادە دێبۆکری
٩ - ڕەحمان زەبیحی
١٠ - نەجمەدین تەوحیدی
١١ - موحەمەد ئەمین خاتەمی
١٢- هاشم یۆسفی.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٢٢٤ ی بەشی یەکی کتێبەکەی دا، لەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی ئەیالەتی دەنووسێ:

لە ڕۆژی ١٩٤٦/٥/٢ مەلا مستەفا بۆ سەرکەشی لەشکری بارزان هاتە سەرا وە لە ١٩٤٦/٥/٦ دا چوو بۆ ناو عەشیرەتی دێبوکری لە ژێر زەمانەتی خۆیا- ئەحمەدئاغای حاجی بایزئاغا و قاسم ئاغا و سەلیم حاجی مەحمود ئاغا و مارف ئاغا و ئاورەحمانی ئاغای ئیلخانی زادەی لەگەڵ خۆیا برد بۆ سابڵاغ.

هەر یەکەیان بە وەزیفەیەک لە حکومەتی قازی محەممەد دامەزراند و عەزیز ئاغای کولتەپە و کەریم ئاغای قونقەلای، بە ئەندامی ئەنجومەنی ئەیالەتی دامەزران. لەگەڵ دێبوکریەکان زۆر بە مرۆتانەوە جولایەوە.

## هێزی پێشمەرگە

یەکێک لە دامەزراوە هەرە گرینگ و نیشتمانییەکانی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان، دامەزرانی هێزی پێشمەرگە بوو. مامۆستا هێمن، لە وتارێکی ئەدەبی دا، لەسەر نێودێر کردنی کەسانی ئازا و گیانیفدا، دەنووسێ کە پێشەوا هەیئەتی دیاری کردنی وشەی کوردی کۆ کردوتەوە و پرسیاری کردووە کە بۆ نێوی سەرباز، یان فیدایی چ وشەیەکی کوردی دابندرێ؟ هەرچەند وشەی پێشمەرگە هەبووە بەڵام بیریان بۆ هیچ نەچووە. پیاوێکی پیر کە چای بۆ داناون ئیزنی وەرگرتووە و گوتوویە کە خەڵک بە پیاوی ئازایان گوتووە "پێشمەرگە". ئەو وشەیە قبووڵ کراوە و لە ژمارە ١٢ ڕۆژنامەی کوردستان، بە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١١/١٥ بە ڕەسمی لە لیستی ناوی گشتی هێزی سوپای کوردستان دا تۆمار کراوە.

ئەو بابەتە لە لاپەڕەی ١٠٩ کتێبی ڕۆمانی "پێشمەرگە" لە نووسینی دوکتور ڕەحیمی قازی دا هاتووە و لەسەر ناوی پێشمەرگە، لە زمانی مامۆستا هێمن کە کراوە بە بەرپرسی دیاری کردنی ناو بۆ دامودەزگاکانی کۆمار، باسی چاپەزێک بۆ کاک "بینایی" (پێشەوا) کراوە کە دەڵی پێیگوتون کە قەدیم بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیاوی ئازا و نەبەز گوتراوە پێشمەرگە.

بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی خودموختار بە پێچەوانەی قسەکانی نەجەف قولی پەسیان کە لە لاپەرەی ٣٠ی کتێبکەی دا دەنووسێ"لە مەهاباد مۆڵگە بە فەرمانی قازی محەمەد کاول کرابوو" هەوڵیان دا تا بە خێرایی سەربازخانەی مەهاباد کە وێران کرا بوو، بۆ هێزی پێشمەرگە ئاوەدان بکەنەوە و نەزم و نیزامێکی ئەرتەشی پێشکەوتوو دابمەزرێنن.

دامەزرانی سەربازخانەی مەهاباد بەرهەمی کاری حەسەنعەلی خان ئەمیر نیزامی گەڕووسی کە لە سەردەمی ناسرەدین شا دا مەئمووری دامرکاندنی ڕاپەڕینی هەمزاغا مەنگوڕ لە ساڵی ١٢٩٧ تا ١٢٩٨ بوو و لە ١٤٦ نامە بۆ دەرباری شادا، بە وردی ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئەو سەردەم بە تایبەتی دامەزرانی بنکەی نیزامی لە کوردستان دەکا و هەوڵی دا تا کوردستان بە تەواوی میلیتاریزە بکرێ و ببێ بە پێگەیەکی دائیمی نیزامی. لە لاپەڕەی ٤١٤ دا باسی پێویستی دروست کردنی سەربازخانە و ناوەندی سەربازی لە ناوچەی موکوریان دەکا و دەڵێ کە فەوجیک سەرباز و دوو تۆپی خاندار و یەک تۆپی "قیس" لە سابڵاغ جێگیر بکرێ. قەڵا و سەربازخانە دروست بکرێ کە جێگای فەوجێک سەرباز و ٥٠ تۆپچی و ٢٠٠ سوار بێتەوە. هەروەها فەوجێک بە تۆپێکەوە لە سەردەشت جێگیر بکرێ و قەڵاکەی چاک بکرێتەوە و سەربازخانەیەکی لێ دابندرێ. فەوجێک یان لانی کەم ٥٠٠ سەرباز و ٤ تۆپ، لە قەلای لاجاندا جیگیر بێ. دیارە ئەو ڕادەیە، هێزی ٧٠٠ تا ٨٠٠ کەسی مامەش و قەرەپاغ ناگرێتەوە کە لە بەهارێ ڕا تا پاییز، لەوێ جێگیر دەبن.

ئەمیر نیزام لە لاپەڕەی ٤٨٠ دا باسی دروست کردنی سەربازخانەی سابڵاغ و چاک کردنەوەی قەڵای لاجان دەکا کە ٥٥٠٠ تمەن بەراوەد کراوە و دەنووسێ کە لایەکی سەربازخانە تەواو بووە و باقی دیکەی هەرکات کە هەوا خۆش بێ، دەست بەکار دەبن و لە لاپەرەی ٤٨٦ دا دەڵێ کە کارەکانی بە باشی بەریوە چووە.

سەرەتای گۆڕانکاری لە هێزی پێشمەرگە دا بە وشەی چەکدار و شەڕکەر دەستی پێکرد و جێگیرکردنی وشەی پێشمەرگە وەک زۆربەی ڕەمزە نیشتمانییەکان، بەرهەمی دەوڵەتی خودموختارە. پێشتر بەو کەسانەی کە لە ڕێگای نیشتمان دا شەڕیان دەکرد، دەگوترا چەکدار و مانای واقعی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێری نەدەگەیاند. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ١٦٩ی کتێبی دەستنووسی قازی محەمەد... لەسەر شێوەی دیاری کردنی وشەی پێشمەرگە دەڵێ کە پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی دیکەی حیزب دەیانەویست ناوی پلە سەربازییەکان بە کوردی دیاری بکەن و ناوێکیش بۆ چەکدار بدۆزنەوە و دەلێ: ... لە ماڵی پێشەوا دەبن و خەریکی چا خواردنەوە کە کاک "ئەحمەد دەسماڵ" چایچی پێشەوا کاتی دانانی چا لەپێش میوانەکان، دێتە ناو باسەکەیان و دەڵێت: ئەوانەی گیانیان لە ڕێگای بەرگریی میللەتەکەیاندا دەدەن، دەبن بە "پێشمەرگ"، ئەو وشەیە لەلایەن قازی محەمەد و هەڤاڵانییەوە دەقۆسرێتەوە و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە جیاتی چەکدار بۆ ئەندامانی سوپای کوردستان دادەنێن.

لەو سەردەمەدا دەوڵەتی ئێران بۆ گرتنەوەی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر ڕێبەری حیزبی دێموکرات دابوو، بە هەموو شێوەیەک تێدەکۆشا. هێزێکی زۆری لە شارەکانی سەقز و بانە و سەردەشت و ورمێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕیژەی پێشمەرگە، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٧، ١٧ی دیسامبری ١٩٤٦

مۆڵ دابوو. حیزبی دێموکرات بە هەست بە مەترسی کردن و بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلاماری دوژمن، هێزی چەکداری لە عەشایری نیشتمانپەروەر و ئەندام و لایەنگرانی حیزب پێکهێنا و هەوڵی دا تا ئەو هێزانە بە چەک و قۆرخانە تەیار بکا.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٩٨ی کتێبی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ ویلیام ئیگلتۆن، باسی هاتنی چەک بۆ حیزبی دێموکرات دەکا و دەنووسێ:

بۆ بەدەست خستنی چەک، قازی محەمەد لەگەڵ بابایۆڤ نوێنەری یەکیەتی سۆڤیەت لە مهاباد گفتوگۆی کرد. شەوێک لە شەوانی مانگی دیسێمبەر، چەند ڕۆژ دوای چەک کردنی بنکەی ژاندارمەریی ورمێ لەلایەن هێزەکانی ئازەربایجانەوە، چەند بارهەڵگری پڕ لە چەک بە جادە کۆنەکەی ورمێ بۆ مهاباد، بەلای پردی سووردا هاتن. لە کاتێکدا چراکانی شاریان کوژاند بووەوە، بارهەڵگرەکان لە ناو کۆڵانە تەنگ و بەتاڵەکانی شاردا بوون کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات بۆ بەتاڵ کردنی ١٢٠٠ تفەنگ لەو بارهەڵگرانە هاتن و ئەو چەکانەیان کە لە بنکەی ژاندارمەریی ورمێ تاڵان کرابوو، لەژێر چاودێری ئەفسەرێکی ڕوس وەرگرت. ئەوە یەکەمین یارمەتی ڕوسەکان بە کوردستان بوو کە زۆر بەنهێنی بەڕێوەچوو.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٧٦ بەشی یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی ڕادەی ئەو چەک و چۆڵانە دەکا کە بە ناوی ئازەربایجانەوە لە لایەن ڕووسانەوە دەدرا بە کوردستان و دەنووسێ: ئازەربایجانیەکان لە ئەوەڵی پەلاماردانی دەوڵەتیدا هەموو وێنە چەک و خاروبارێکیان چەنگ کەوتبوو. هەموو یارمەتێکی ڕووس لە ناو ئەو تاڵان و گیرودارەدا شێردرا بووە.

بەڵام کوردەکانی مەهاباد هیچ گونە چەک و خاروبارێکان چەنگ نەکەوتبوو و لەشکری ڕووسیش لە ناوچەی کوردەکانا نەبوو کە بەم ناوە شتیان چەنگ بکەوێ. ڕووسەکان بە ناوی چەکی تاڵانی ئازەربایجان نیزیکەی ٢٠ هەزار تفەنگی برنووی کورت و درێژ و ئەڵمانی بچووک کە پێیان ئەوتن تفەنگ زدلیەهوود و سەلیبەوە و ٥٠٠٠ دەمانچەی مارکە کۆڵت و برنەوی پەرەبەلوم و دەمانچەی ئۆتۆماتیکی

٢٠ فیشەکی و ٣١ تیرێ ئامریکاییە و (١٨) ئوتۆمۆبیلی باری و جەنگی لە مارکەی شکوودا و چەند ملیۆن فیشەک و چەند سووندوق بۆمبای زیدی تانک و ڕەشاشی دژی فرۆکە و ڕەشاشی خەندەق و زۆر شتی تریان بە ناوی ئازەربایجانەوە دابوو بە قازی محەممەد.

لە گۆڤاری کوهستانی ژمارە ٣٨ کە ئەوکات لە تاران دەردەچوو، لە سەر هاتنی چەک و چۆڵ بۆ مەهاباد دەنووسێ: لە شەوی ٣٠ مانگی خەزەڵوەر فەرمان درا کە چراکانی شار بکوژێندرێنەوە و لە سەعاتی ١٠ شەو کەس حەقی هاتووچۆی نەبێ. هەر لەو شەوە دا ٧ لۆری پڕ لە چەک گەیشتە نێو شار و بەسەر خەڵک دا دابەش کرا.

بە پێی لاپەڕەی ٦٠ ی کتێبی "حزب دمکرات کردستان ایران" لە نووسینی مەحموودی نادری، وەزیری شەڕی ئێران لە نامەیەک دا بە ڕیکەوتی ١٣٢٤/٧/١٥ بۆ سەرۆکی وەزیران دەنووسێ: وەک دەنگۆ دەگوترێ کە چەندین بەستە کاغەزی ڕۆژنامە و یەک دەزگا ماشێنی چاپ لە لایەن کاربەدەستانی شووڕەوی دراوە بە کوردانی مەهاباد و هەروەها ٧ ماشێنی باری ڕووس لە ئێوارەی ٢٤/٧/٦ بە میاندواو دا تێپەڕیون و بە هۆی ئەوە کە بە چادر داپۆشرابوون، ڕوون نەبوو کە چیان تێدایە. لە پێش هەرکام لە ماشێنەکان ئەفسەرێکی شووڕەوی لە تەنیشت شۆفیرەکەی دانیشت بوو و بە گەیشتنی ماشێنەکان بۆ مەهاباد، نماز عەلێ ئۆف فەرماندەی پادگانی شووڕەوی کە پێشتر چوو بوو بۆ مەهاباد، فەرمانی بە کاربەدەستانی کۆمەڵە دا کە هاتووچۆ بوەستێ و چراکانی شار بکوژێنرێنەوە و لە تاریکی شەو دا باری ماشێنەکان لە ماڵە قازی محەممەد بەتاڵ کران.

ئەو چەکانە بوونە بەردی بناغەی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە و ڕێبەری حیزب بڕیاری دا هێزیکی نیشتمانی لەژێر ناوی "هێزی پێشمەرگە" بە ڕێسای نیزامی لە مەهاباد پێک بێنێ. بە پێی لاپەڕەی ١٤١ی ویلیام ئیگلتۆن لەسەرەتا دا ئەو هێزە بە٧٠ ئەفسەر و دواتر بە ٤٠ پلەدار و ١٢٠٠ پێشمەرگە لە دەستە و گورهان و گورداندا ڕێکخرا و سەیفی قازی بوو بە فەرماندەی هێزی کوردستان و محەممەدی نانەوازادە بە فەرماندەی هێزی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دیاری کران و چەکداری هێزەکان خرانە ژێر فەرمان ئەوان. هاوکات لاوانی مەهاباد چەکدار کران و هێزی سوارەی عەشایر بە چەکەوە بوون بە پێشمەرگەی کوردستان. هەروەها ئەفسەرانی کوردی باشووری کوردستان کە پەنایان بۆ ئەو مەڵبەندە هێنابوو، بوون بە ڕاهێنەر و پسپۆڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

سەروان سەلاحەدین کازمۆڤ لە سوپای سۆڤییەتدا کە لە مەهاباد بە "کاکاغا" بەناوبانگ بوو، بۆ ڕاهێنانی چەک و چۆل و لێخوڕینی بارهەڵگر و ئوتۆمبیلە سەربازیەکان و یارمەتی بە هێزی پێشمەرگەی دیاری کرا. بە گوێرەی ژمارەی ١٥ی گۆڤاری ڕوانگە، مەنافی کەریمی لە وتوویژ لەگەڵ ئیسماعیل مستەفازادە دەڵێ: ئەو کەسانەی کە دەیانەویست ببنە پێشمەرگە و پەروەردەی نیزامی ببینن دەچوونە سەربازخانەکان بۆ پەروەردە کردنیان. سەرکردەیەک بە نێوی کاکاغا کە لە شووڕەوییەوە هاتبوو، دەستی بەکار کرد.

ئەوجار هەوڵ درا تا کەسانی خاوەن ئەزموون و کارا و بە دەسەڵات بێنە ڕیزی پێشمەرگە و کاریان پێ بسپێردرێ. بەپێی لاپەڕەی ١٠٨ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" لە بەڵگەکانی فەرمی حکومەت کە لە لایەن شارەوانی بۆ وەزارەتی کیشوەر ناردرا، لە خاڵی دووهەم دا دەنووسێ کە محەممەد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حوسێنخانی سەیفی قازی لە لایەن قازی محەممەدەوە چۆتە ئاوایی "ترکمان کەندی" تا محەممەد ڕەشیدخانی بانە بۆ مەهاباد دەعوەت بکا، بەڵام تا ئێستا نەچووە.

بەپێی لاپەڕەی ١٠٩ی ئەو سەرچاوەیە لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە لە لایەن جێگری فەرماندار بۆ وەزارەتی کیشوەر نووسراوە کە محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی و حاجی بابا شێخ، سەرۆک وەزیرانی دێموکراتی مەهاباد، بە کەسانی دێموکرات و پاریزەرانی بۆکان ٥٠٠ ڕیاڵی بەخشیش داونێ.

دووهەم ناوبراو لە نیزیک بۆکان چاوی بە حەمە ڕەشیدخانی بانە کەوتووە و وەزعییەتی ئەویان ڕوون کردوتەوە و بۆ مەهاباد دەعوەت کراوە.

لەسەر ڕێکەوتی دامەزرانی هێزی پێشمەرگە، ڕەحیمی قازی لە ژێرنووسی لاپەرەی ١٦٥ی کتێبەکەی دا بۆچوونی ئیگلتۆن بە هەڵە دەزانی کە بە پێی لاپەڕەی ٧٨ی کتێبەکەی مانگی مارسی ١٩٤٦بە مێژووی دامەزرانی هێزی پیشمەرگە دادەنێ. ناوبراو لە سەر پێکهێنان و سازکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لاپەڕەی ١٦٥ی کتێبەکەی دا دەنووسێ: ... لە بەرواری ١٧ ی مانگی نوامبری ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد بە گویرەی بڕیاری کومیتەی ناوەندی دامەزرا.

بوون بە پێشمەرگە و ڕێزگرتن لەو ئەرکە، بوو بە واجبێکی نیشتمانی و لە نێو کۆمەڵگای کوردستان ڕێزی لێ دەگیرا و بە حورمەتەوە چاوی لێکرا. ئاغای نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان لە یەک ڕستەدا بە بەمشێوەیە ئاماژە بە ڕوح و جەوهەری پێشمەرگە بوون، دەکا: قشوون ڕووحی مەملەکەتە. مەملەکەت دەبێ ساحەب هێز و قووەت بێ تاکوو ئیفتیخاراتی میللی خۆی ڕاگرێ.

به پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٩ لەسەر بوون بە پێشمەرگە لە شاری بۆکان دەنووسێ:

بۆکان

بە پێی نامەیەک کە بە ئیدارەی ڕۆژنامە گەیشتووە ئاغای سەلیمی ئیلخانیزادە هەوڵ کەسێکە داخڵی خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆکان بووە. بێجگە لەوەش زۆری کومەگ بە مەنزڵی پێشمەرگەکان لە ئەدەواتی نووسین و سوخت و بە خودی پێشمەرگەکان کرد و شایستەی سپاسە.

دیسیپلینی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ پێشمەرگەی ژێر فەرمانی عەشایر، جیاوازی زۆر بوو و فەرماندەرانی نیزامی کوردستان، نەزمێکی ڕێکوپێکیان لە نێو لەشکری کوردستان دا جێگیر کرد. بۆ نموونە بۆ ڕاهێنانی پێشمەرگە لە لاپەڕەی ٩٩ "قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد" دا هاتووە کە مستەفا خۆشناو لە نامەیەک دا بۆ محەمەد ڕەشیدخانی بانە، ئیزن دەخوازی کە ڕێگا بدرێ هەر کەسێک ٥ گوللە بتەقێنێ.

جیا لەوانە ئەگەر لە لایەک هەوڵ درا تا ژیرانە هێزی پێشمەرگە بە دامودەزگای تایبەت ڕێکبخرێ و بار بهێندرێ، لە لایەکی دیکە هاتنی هێزی عەشایر بە چەکی خۆیان و بوونیان بە پێشمەرگە، زیانی گەورەی بە سازماندانی ئەرتەشی کوردستان گەیاند. هێزی سەر بە عەشایر، هەر ملکەچی سەرۆک عەشیرەت و ئاغاکانیان بوون و بۆ فەرماندەکانی نیزامی جێگای متمانە و بەقا نەبوون.

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٨٦ دا باسی ناکۆکی و گیروگرفتی هێزی کۆمار دەکا و دەڵێ کە هێزی هۆزەکان لە نێوخۆ، لەگەڵ یەک تەبا نەبوون و گەلێک جار بە گژ یەک دا دەچوون. شێوەی فەرمانی ئاغا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و شێخەکان بەسەر فەقیرەکاندا زۆرە ملی و بە بێ گوێدان بە بەزەیی و ویژدان بوو. بارزانییەکان شتی ئەوتۆیان نەدیبوو و گەلێ جار خۆیان لەو کیشانە هەڵدەقوتاند و پشتی هەژارەکانیان دەگرت. ئەوکارە دەبوو بە هۆیی تورەیی ئاغاکان و لە تۆڵە دا کۆسپیان دەخستە سەر ئازوقە و پێویستی خێزانی بارزانییەکان.

هەر لە پیناوی بە نیشتمانی کردنی دامودەزگاکانی ئیدارەی کوردستان، سەرکردایەتی ئەرکانی هێزی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە نامەیەکدا بە ژمارەی ٣٧ - ١٣٢٤/١١/١٥ ناوی سەربازی هێزەکانی ئێرانی گۆڕی و ناوی کوردیی بۆ هەر یەک لە بەش و پلە سەربازییەکان دیاری کرد. ئەو ئاڵوگۆڕە لە کوردستانی ژمارە ١٢دا بەمجۆرە بڵاوکراوەتەوەوە:

ژمارە ٣٧ برواری ١٥-١١-٢٤

ئیدارەی ڕۆژنامەی میللی کوردستان

بەرگەیەک لە ئەلقابی قەدیم کە بە تازەگی لە دانیشتوی ئەفسەراندا تەسویب کراوە لەگەل دەنیردریت پیویستە لە ڕۆژنامەیدا دەستور بە چاپ کردنی دەفەرمون.

| ئیسلاحاتی قدیم | ئیسلاحاتی تازە |
| --- | --- |
| ١- سەرباز : | پێشمەرگە |
| ٢- جوگە : | لیزگە |
| ٣- گروە : | قۆل |
| ٤- دەستە : | دەستە |
| ٥- گورهان : | چڵ |
| ٦- گردان : | لک |
| ٧- هەنگ : | پۆل |
| ٨- تیپ : | تیپ |
| ٩- لشکر : | لەشکر |
| ١٠- سپاه : | هێز |
| ١١- وەکیل گروهی یەک: | قۆڵی یەک |
| ١٢- وەکیل گروهی دو: | قۆڵی دوو |
| ١٣- وەکیل گروهی سە: | قۆڵی سێ |
| ١٤- جوگە : | لێزگە |
| ١٥- سەر جوگە: | سەر لێزگە |
| ١٦- گروبان ٣ : | سەر قۆڵی ٣ |
| ١٧- گروبان ٢ : | سەر قۆڵی ٢ |
| ١٨- گروبان ١ : | سەر قۆڵی ١ |
| ١٩- واحد : | گەل |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٠- استوار ٢ : سەردەستەی ٢
٢١- استوار ١ : سەردەستەی ١
٢٢- سەرکار سایر دەرجەداران: برا
٢٣- زور باش: زیاتر- فدا- کارم
٢٤- ئەفسەر : سەرکردە
٢٥- ستوان یەک : ناودار یەک
٢٦- ستوان دو : ناودار دو
٢٧- ستوان سە : ناودار سێ
٢٨- سەروان : سەربەرز
٢٩- سەرگورد : سەرلک
٣٠- نایب سەرهەنگ: سەرپۆلی ٢
٣١- سەرهەنگ : سەرپۆلی یەک
٣٢- سەرتیپ : سەروەر
٣٣- سەرلشکر : سەردار
٣٤- سپهبد : سەرهێز

سەروکی ستادی هیزی مەرکەزی دیموکراتی کوردستان- مرادی

دیارە هەر لەسەر دیاری کردنی زانستی وشە بۆ ئەرتەشی کوردستان، لە ژمارەی ١٧ی ڕۆژنامەی کوردستان، بە فەرمانی پێشەوا و بە ئیمزای "فەرماندەی هێزی مەرکەزی دیمۆکراتی کوردستان نانەوازادە" لیستەیەك لە وشەیی گونجاو بۆ بەشی پێشمەرگایەتی بڵاو کراوەتەوە.

هاوکات لەگەڵ دامەزرانی هێزی پێشمەرگە، هەوڵ درا تا لە پێناو ئەمنییەتی سەروماڵی هاووڵاتییان و بەربەست کردنی بێ سەروبەریی و کەس بە کەسی، چەک هەڵگرتن قەدەغە بکرێ. بە پێی ڕۆژنامەی ژمارە ٢ ی کوردستان، دەوڵەتی خودموختاری کوردستان بڕیاڕ درا کە چەک لە نێو شار دا قەدەغە بکرێ. دەقی ئاگادارییەکە بەمجورەیە: بە تەواوی ئەهالی ڕادەگەیەندریت کە هەڵ گرتنی ئەسلحە لە نێو شاری دا غەیری ئەشخاسی مەجاز بە کلی قەدەغەیە. هەر کەسێک لە نێو شاری دا تیر خاڵی بکا سەخت تەعقیب و موجازات دەکری.

فەرماندەری هێزی دێموکراتی- کوردستان- محمەد نانەوازادە

## هەڵکردنی ئاڵا

بەر لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە هۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی ژ- ک ئاڵای دروستکراوی تەشکیلاتی جەمعیەتی تەعالی کوردستانی بە هێمای نەتەوەیی ناسیبوو و سوێندی پێخوارد بوو، بەڵام بە هۆی ئاشکرا نەبوون کۆمەڵە لە ئاپۆڕا و کۆبوونەوان دا، هەڵ نەدرابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کاتێک کە بە هۆی ئاڵوگۆڕی ستراتیژی ڕووس مەیدان بۆ دامەزرانی حیزبی دێموکرات خۆش بوو، لە ڕێورەسم و ئاپۆراکان دا ئاڵای کوردستان هەڵکرا. چوونکە حیزبی دیموکرات خۆی لە کۆمەڵە بە جیا نەدەزانی و هەروەها بە هۆی ئەوە ئیمکانی ئاگادارکردنی کۆمەڵگای کوردستان بە خێرایی نەبوو، لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دا، لە زۆر بەڵگە و دیکۆمێنتان دا ناوی کۆمەڵە بە جێگای حیزبی دێموکرات هاتووە. بە پێی لاپەڕەی ٥١ ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوە ڕووسیە، عەلی ئەکبەرۆڤ لە ڕاپۆرتێک دا کە بە ناوی کۆنسۆلی سۆڤیەت لە ورمێ، لە ساڵی ١٩٤٥ ئاراستەی دەوڵەتەکەی کردووە، سەبارەت بە ئاڵای ژ. ک دەڵێ:

پارتی ژ. ک ئاڵای نەتەوایەتی بۆ کوردستان دروستکردووە کە بریتیە لە سێ ڕەنگ و ڕەنگەکانیشی بە پێچەوانەی ئاڵای دەوڵەتی ئێرانن. ڕەنگی سور لە سەرەوە، لەژێریدا سپییە و لە خوارەوەش ڕەنگی سەوزە و لە ناوەندەکەشی هەتاو کێشراو.

حیزبی دێمۆکرات بۆ نیشان دانی ناسانامە و هوویەتی نەتەوایەتی خۆی، ئاڵای کۆمەڵە کردە هێما و ڕەمزی نەتەوەیی و لە بۆنەکان دا لەگەڵ سرودی تایبەتی ئەی ڕەقیب و ئاهەنگ و دروشمەکانی دیکە کەڵکی لێوەردەگیرا. لەسەر ڕووبەری ناوەڕاستی پارچەی ئاڵا، ڕۆژ بە دوو گوڵە گەنم کە لە نیویان دا نوکی قەڵەمێکی لێ دەرکەوتووە، نەخشابوو.[٢]

ئەو ڕەنگ و نەخشانە مانا و ناوەرۆکی تایبەتی خۆیان هەبوو. لە سەر شکڵ و ڕەنگەکانی ئاڵا لە کوردستانی ژمارە ٥ دا وتارێک بە قەڵەمی "م مەحموود" هاتووە کە لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا لە شاری نەغەدەدا خوێندراوە تێیدا هاتووە:... ڕەنگی سوورم نیشانەی جەنگاوەری و نەبەزی گەلی کوردە. ڕەنگی سپیم دەڵێ میللەتی کوردی نەجیب گیانێکی پاک و ڕاستی هەیە. ڕەنگی سەوزم هاوار دەکا خاکی کوردستان پڕە لە دەغڵ و دان...

هەروەها شاعیرانی کۆمار لەسەر ناوەڕۆک و ئارمی ناو ئاڵا، زۆر شێعری بە پێزیان دانا. لە ڕۆژنامەی ژمارە ٣٥ کوردستان دا شێعرێکی عەلی ڕەحیمی بە چاپ گەیشتوە بە ناوی (بە چلی زستان باغی گوڵی کرد) کە ئاوا باسی نیشانەکانی ئاڵا دەکا:

---

[٢] - وێنەی ئاڵای کوردستان، کەسەکان بریتین لە: پێشەوا قازی محەمەد، مەنافی کەریمی، سەید عەبدوڵا تەهازادە، غەنی خەسرەوی، حاجی بابا شێخ، حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و کاربەدەستانی تر.....



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڵایەکی سەوز گوڵی سپی و سوور
لێی وەدەرکەوێت ڕۆژێکی وەک نوور
ڕۆژ بە ئیقباڵ و قەڵەم بە ئازاد
باغی مرادت ئاوا وەبەر هات
قەلەم هەمیشە ڕووی هەر لە خاکە
ئەو خدمەت دەکا نەهادی چاکە
قەڵەمی ئەو گەلە ڕووی لە حەوایە
ئەویش وەکوو من دەستەو دوعایە
ئەو گوڵە گەنمی بە ڕەنگی کاڵە
حەرامی غەیرە بۆ کورد حەڵاڵە
پۆلە گۆڵێکن دەستی سەربازان
تێکرا حازرن بە دڵ و بە گیان
...

هەر لەوبارەوە وەیسی عوسمانی لە شێعرێکی دا کە لە ڕۆژنامەی ژمارە٣٥ کوردستان بە چاپ گەیشتووە دەڵێ: ...

نەقشی ئاڵامان سێ ڕەنگ ئەنوێنێ
پایەی ئیستیبداد لە بن دەردێنێ
ڕەنگە سوورەکەی یەعنی...
بەرز و بڵێند بێ دوژمنی نەوی
ڕەنگە سەوزەکەی مەعنای نیشتیمان
ڕازاوەتەوە ئەمڕۆ بۆ کوردان
ئەوی سپیەکەی موژدەی پێداوین
بیکەن بە جێژنە ئازاد کراوین
دارەکەی بەرزە وەک غەدەنگ و تیر
دوژمنی کوێر کرد کردی بە یەخسیر
مەخسووس نیشانەی گوڵە گەنمە
دڵی زارعین بێ دەرد و غەمە
قەڵەم ئەفەرموێ کوردان بخوێنن
حقوقی خۆتان بەس بفەوتێنن
...

### هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد

لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ١٣٢٤دا لە شاری مەهاباد، ئاڵای کوردستان بە هێما و نیشانەی حیزبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێموکرات لە ڕێورەسمێکی تایبەتی دا هەڵکرا. لەو ڕۆژەدا جارێکی دیکە شارەبانی مەهاباد کە هیچ دەستەڵاتێکی نەبوو و نوێنەرایەتی ڕێژیمی ئێران دەکرد، بە هێمنی گیراوە و ئاڵای ئێران داگیرا و ئاڵای کوردستان هەڵدرا. بە پێی لاپەڕەی ٩٥ کتێبی "حکومەتی کوردستان" دوای تەقەیەکی (دەبێ تەقەی خۆشی بوو بێ) کورت شارەبانی گیرا. لەو سەرچاوەیە دا هاتووە کە خەڵک ویستوویانە پاسەبانەکان لە بری ئازاد کردنی زەبیحی و هاوڕێیانی بە بارمتە بگرن، بەڵام قازی محەممەد قبووڵی نەکردووە.

لە ژمارەی سێی گۆڤاری کوردستان دا ئاماژە بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مهاباد کراوە و لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای مقدسی کوردوستان لە مهاباد" ئاوا هاتووە:

هەر وەکوو پێش دەرهاتی کوردستان دا عەرز کرا ڕوژی ٢٦ ی سەرماوەز تەواوی نوینەرەکانی ئەهالی کوردوستان لە شاری مهاباد کوبونەوە. لە سەعات ١٠ ی بەیانی لە کانگای حزب ئاڵای کورد بە حزوری دە هەزار نەفەر هەڵگیرا و لە کاتیک دا دەستەی موزیک مارشی میللی لێ دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفای دا سەفی نیزام کە لولەی تفەنگ و موسەلسەل و سرنیزەیان دەدروشا دەستەی لاوان و قوتابیەکانی مەکتەب، کچ و کور، لە لای ڕاستی ئالا لە حەرەکەت دا بوون. گەورە و چوکی مهاباد هەیئەت و نوینەرانی حزبی دیموکرات لە پشت سەری ئاڵا سەری تەعزییمیان بو دانەواند بوو و بۆ ئیحتڕام چەپلەیان لێ دەدا و هورایان دەکیشا و پێشەوای موعەزەمی کوردستان جنابی قازی محمد وتارێکی بەتینی لە بابەت ئاڵای مقدسی کوردوستان ئیراد فەرمو. ئەوجار لە پاش نوتق و خیتابە و تیر هاویشتنێکی زۆر و بەجێ هێنانی مەراسیم و نەسبی ئاڵا لەسەر عمارەتی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردوستان جیژن دوای هات.

لە ڕۆژنامەی ژمارە ی کوردستان دا سەعید زەرگەیی لە یەک شێعر دا ئاوا باسی ڕێکەوتی هەڵکردنی ئاڵا دەکا:

مانگی سەرماوەز ڕۆژی بیست و شەش
ئاڵا بەرز بوو وەک ئەستێرەی گەش

بە پێی لاپەڕەی ١٣ی مێژووی بنەماڵەی قازی لە نووسینی خەلیل فەتاحی قازی لەسەر ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا دەنووسێ:

لەو ڕۆژەدا حوسێن فروهەر تابلۆکانی سەر ئیدارەکانی دەوڵەتی هێنایە خوار و بە جیگای ئاڵای شێروخورشید، ئاڵای تایبەتی کوردستان هەڵدرا ... لەو ڕێورەسمەدا وتار خوێندرانەوە و بە هۆی دەستەیەک پێشمەرگە کە لە هەردوو لای خەیابانی شاهپوور ڕیزیان گرتبوو، بە یەکەوە تەقەی خۆشی کرا ...

لە ڕۆژەکانی دوایی‌دا بە داوەت و بەزم و خۆشی، ئاڵای کوردستان لە شارەکانی نەغەدە بۆکان و و شنۆ و زۆربەی دێهاتی کوردستان هەڵکرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



مەهاباد، هەڵکردنی ئاڵا

## هەڵکردنی ئاڵا لە شاری نەغەدە

لە ڕۆژنامەی ژمارە ٢٥ی کوردستاندا، زۆر بە وردی چۆنییەتی هەڵکردنی ئاڵا لە شاری نەغەدە لە ٢٨ی مانگی سەرماوەز دا باس کراوە و تێیدا هاتووە:

ڕۆژی چوارشەممۆ کە بیست و هەشتی مانگی سەرماوەزی بیست‌وچوار، ئەکات لە سەعاتی ٦ دا ئەهالی نەغەدە و بانگ کراوانی دەوروپشتی لە بەردەمی ئیدارەی دێموکراتدا کۆبوونەوە.

لەو سەرچاوەیەدا باسی قوتابیانی ئەرمەنی و ئاسۆڕی دەکا کە بە ئاڵای خۆیانەوە بەشداری ئەو ڕێورەسمەیان کردوە و دوایە کاک ئەحمەدی قادری سەرۆکی حیزبی دێموکرات، دەستووری هەڵکردنی ئاڵای داوە. نووسەر دەگێڕێتەوە کە چۆن کاک حوسێن فروهەر و کاک عەلی خوسرەوی ئاڵایان برد و لە دەرەوەی شار تەسلیم بە سوارەی کوردیان کرد و ئەوانیش بە نەزمێکی زۆر جوان هێنایانە بەردەم ئیدارەی حیزب و چۆن دەنگی هوڕا کێشان و خۆشی دەگاتە تەشقی ئاسمان. لەوکاتەدا نیزیک بە چوارهەزار کەس، بۆ زیارەت کردنی ئاڵا هوروژمیان هێنا. دوایە ئاڵا لە سەربانی چەقێندرا و حوسێن فروهەر بە دەنگی بەرز گوڕاندی و خەڵکی ئاگادار کرد کە ئاڵا هەڵدەکرێ سڵاوی لێبکەن. لەو کاتەدا خەڵک، دەستیان بۆ سەلام بەرز کردەوە و دەستەی جەوانان سروودی نیشتیمانی جوانیان خوێندەوە و دوایە دەستەی سوارانی چەکدار کە ڕادەیان ٢٠٠٠ کەس بوو، تەقەی خۆشیان کرد. ئەوجار دەنگی ڕەگباری موسەلسەل دنیای داگرت.

دوایە وتار دەستپێکرا و میرزا برایم جەلەسەی بەڕیوە برد و شێعری خوێندەوە کە بوو بە چەپڵەڕێزان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دروشم دانی بژی ئیستالین. ئەوجار خوشک و برای ئەرمەنی و ئازەری سرودی نیشتیمانی خۆیان خوێندەوە. بە گشتی ئەو مەراسیمە بە شێعر و سرود و وتار و خوێندنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب و بە شکۆیەکی تەواو بەڕیوە چوو.

هەروەها لە ژمارەی٢ی گۆڤاری کوردستان دا، لەژێر سەردێڕی "هەڵکردنی آلای مقدسی کوردوستان لە نەغەدە" لەسەر هەڵکردنی ئاڵا لە نەغەدە ئاوا هاتووە:

بە پێی دەستوری هەیئەتی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردوستان برایانی خوشەویست: ئاغای حوسێن فروهر و عەلی خوسروی ڕوژی ٢٦ی ٩ی٢٤ مەئمور کران کە ئاڵای مقدسی کوردوستان لە نەغەدە هەل کەن. دەسبەجی ئەو نوینەرانە وەسائیلی حەرەکتیان ساز کرد و بو جیی ئەمر کراو حەرەکتیان کرد و ڕوژی ٢٧ ی٩ ی ٢٤ گەیشتنە نەغەدە و بەبی ئەوەی مەعەتەل بن دەستوری چەقاندنی سادر کرا و جوش و خروشیکی بی غایەت لە دانیشتوانی نەغەدە و دەوروپشتی پەیدا بو لە پاش ٣ سەعات لە ئاخرین نوقتەی ئەتراف ئاغایان و دیهاتی و ژن و مندال لە حزبی دیموکرات کوبوونەوە و فیداییانی موسەللەح سوارە و پیادە نزیکی ٧٠٠ نەفەریکیان تەشکیل دابو و وەسائیلی ئەو جیژنە لە هەمو قیسمەتەوە بە هەیئەتی ئەو نوینەرانە و ئاغایان ئەحمەد قادری ڕەئیسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لکی نەغەدە، کاک محەممەد قادری، ئاغای غلام ڕەزاخانی خسروی و ئاغایان ئەحمەد عەزیری و ئیبراهیم ئەررجومندی موکری و ... و قاسم ئاغای پیروتی و کاک بایز و میرزا ئیبراهیم ڕەئیسی شارەبانی حازر کرا.

روژی چوارشەموو سەعات ٩ ی بەیانی جیژن دەست پی کرا و قوتابیانی کورد و ئەرمەنی و ئاسوری بە سرود خویندنەوە لە محلی جیژنەکە ئامادە بون. برایانی خوشەویست ئاغای فروهر و خسروی آلای مقدسیان بو بەشی سواران کە لە شەقام ئامادە بون برد. وەختێکی ئاڵاکە وەدەر کەوت هەزار تیر بە ئیفتیخاری دیتنی ئاڵا هاویژرا. سوارەکان ئاڵایان وەرگرت و بو کانگای حزبی دیموکرات چون و تا گەیشتنە بینای حزب هەر چەند قەدەم گاوگەردون دەکرا. خەڵکی لێکدا لێکدا چەپڵەیان لێ دەدا و هورایان دەکێشا لەو وەختەدا بە جارێک هەزار نەفەر بو زیارەتی ئاڵای مقدس هیرشیان برد و لە پاش زیارەتی عموم ئاڵای مقدسی هەل کرا و سلاوی ئاڵا خویندراوە و سەد و یەک نەفەر فیدایی موسەللەح هەریەک سی تیریان بەتال کرد لە پاشان ئاغای ئیبراهیم ئەرجمندی نوسەری حزبی دیموکراتی لکی نەغەدە نوتقێکی ڕاجیع بە ئازادی و بە عەزمەتی ئاڵای مقدس ئیراد کرد کە بە چەپلە لیدانیکی زۆر دوایی هات. لە پاش وی سرودی میللی لە لایەن دەستەی لاوانەوە خویندرایەوە.

ئەنجا برای خوشەویست ئاغای خسروی بە دەنگێکی بەرز و شیرانە گوزاریشی خوی دا و لە بابەت ئاڵای کوردوستان و شهیدانی ڕیگای آزادی و حکومەتی کوردوستانەوە نوتقێکی زۆر ئیراد کرا کە تەئسیریکی زوری لەناو خەلکی کرد و بە هورا و چەپڵە لێدانیکی زوری تەواو بوو. سرودی "ئەی ڕەقیب" لە لایەن دەستەی لاوانەوە خویندراوە.

برای بەرز حوسێن فروهەر لە وەسفی ئاڵای موقەددەس چەند وتەیەکی ئیراد کرد کە جێگای تەقدیر بوو لە دوایی دا کوڕی ئاغای تقی خان لە تەڕەف ئەهالیەوە جێژنە پیروزەی لە حیزبی دێموکرات کرد و عیدەیەکی زور لە برایان لە وەسفی ئاڵای کوردوستان هەریەک بە جورێک چەند وتەیەکیان فەرمو. ئینجا

برای خوشەویست ئاغای خسروی لاوی خوین گەرم دوایی بە نمایش هێنا و خەڵکی بە دڵێکی شادەوە دەم بە دوعاوە بو ئالاّی مقدسی کوردوستان و میللەتانی ئازادی خوا بڵاوەیان لێ کرد.

میرزا مەنافی کەریمی هەرچەند لە ژێرنووسی لاپەڕەی ٩٥ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا، هەڵەی کردوە و ڕێکەوتی ئامادەکاری بۆ هەڵکردنی ئاڵای لەگەڵ ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای لێ‌تێکچووە، لەوبارەوە دەنووسێ کە بە پێی بڕیاری کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕات دەبوایە لە شاری نەغەدەدا ئاڵا هەڵبدرێ. بۆ ئەو مەبەستە لە ڕۆژی ١٣٢٤/٩/٢٧ لە سەعاتی ٨ ی بەیانی، ئاغایان حوسێنی فروهەر، عەلی خوسرەوی، محەمەدەمینی شەڕەفی، دڵشادی ڕەسوڵی و وەهابی بلوریان چوونە شاری نەغەدە و لە لایەن ئاغایان پیرۆتی، کاک بازید(بایزید) و میرزا برایم، ڕەئیسی شارەبانی نەغەدە و خەڵکی شار پێشوازیان لێکرا. شەقامەکان پڕ لە خەڵک و ڕادەی ٧٠٠ پێشمەرگە بە فاسیلە و بە نەزم، ڕێک و پێک ڕاوەستا بوون. شار لە خۆشی و شادمانی دا نوقم ببوو و هەموو خەڵکی تورک و کورد و ئەرمەنی و ئاشووری تێیدا بەشدار بوون. قوتابییەکانی کچانە و کوڕانە دیمەنێکی جوانیان بە مەراسیمەکە دابوو و ئاڵا هەڵگران لە جێگای تایبەتی نیزیک بوونەوە و ئاڵایان هەڵکرد. چەک‌دارانی حیزبی بە نیشانەی خۆشی و شادمانی هەزار فیشەکیان تەقاند. دوایە لە بەر دەرکی حیزب یەکیک لە پێشمەرگەکان ئاڵاکەی لە سەر شانی دانا، کە لە لایەن زوربەی خەڵکی شار زیارەت کرا. دوایە ئاغای عەلی خوسرەوی سەبارەت بە ڕۆڵی شەهیدانی ڕێگای ئازادی قسەی کرد. ئەوجار کوڕی ئاغای تەقی‌خانی بوزچلوو کە یەکێک لە سەرۆکەکانی بەڕێزی عەشیرەتی قەرەپەپاغ بوو، چووە سەر سەحنە و لە لایەن عەشیرەتی خۆیان، هەیئەتی حیزبی بە خێرهاتن کرد و خۆشحاڵی خۆی لەسەر دامەزرانی لقی حیزبی دێمۆکرات، لەو شارەدا دەربڕی. ئەو مەراسیمە بە قوربانی کردنی چەند سەر مەڕ و ماڵات هەروەها خۆشی و شادمانی خەڵکی نەغەدە کۆتایی هات.

هەرچەند هیچ کام لەو بەڵگانە باس لە کێشە و هەرای هەڵکردنی لە نێوان کورد و عەجەم ناکەن بەلام بە پێیی ئاڕشیوی حیزب، سیایی ژمارە ٦٠ لاپەڕەی ٨٨ کاتێک لە نەغەدە ئاڵای کوردستان هەڵکرا، نوێنەری ئازەربایجان ئاڵای هێنا خوارێ. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٢٣٣ دا دەڵی ئەگەر بە وەخت قازی مەحەممەد و سەدری قازی نەگەیشتبان شەڕێکی گەورە ڕووی دەدا.

ڕاستی ئەو هەواڵە مسۆگەر نییە بەڵام بە گشتی لە هەموو شارەکانی تێکەڵی کورد و ئازەری نشین وەک ورمێ و ماکۆ و شاپوور و خۆی و میاندوا و ساینقەڵا، کەم و زۆر کێشە و هاڵۆزی کورد و تورک هەبوو و جیا لە دەوڵەتی حاکم بەسەر تاران دا، بەشێک لە کاربەدەستانی تورکی سۆڤییەت و دەستەیەک لە کاربەدەستانی حکومەتی ئازەربایجان، دژی پێکهێنانی دەستەڵاتی کورد بوون.

## هەڵکردنی ئاڵا لە شاری بۆکان

دوای هەڵکردنی ئاڵا لە شاری نەغەدە، نۆرەی شاری بۆکان هات. ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە یەک، بەوردی ئاماژە بە هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان دەکا و دەنووسێ کە کاتێك هەیئەتی ڕێوڕەسمی ئاڵا بەرەو بۆکان وڕێکەوتن، لە لایەن خەڵکی مەهاباد و بەرپرسانی حیزبی بە موزیک و مارشی میللی کوردستان و بە نەعرەتەی بژی کورد و کوردستان بەڕێ کران. دوایە، ئەو هەیئەتە لە میاندواو وەدەرکەوتن و لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوایی تەقییاوا لە لایەن برایانی دێموکراتی ئەرمەنی بە فەرماندەری عیشقی خان، کە لە لایەک پیاو و لە لایەک ژنەکانیان ڕاوەستابوون، پێشوازی گەرمیان لێکرا. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی یەکەمیدا لەژێر سەردێڕی "هەل کردنی ئاڵای مقدسی کوردوستان لە شاری بوکان" دەنووسێ:

بە پیی دەستوری هەیئەتی مەرکەزی حزبی دیموکراتیی کوردوستان و ئەمری جنابی قازی محمد سەدری ئەعزەم و پیشوای کوردوستان قەرار درا ئاڵای مقدس و سی ڕەنگی کوردوستان لە بوکانیش هەڵکرێ. ئاغایان میرزا مستەفا سولتانیان، عبدولقادر مودەرسی، حوسێن فروهەر، میرزا محمدامین شرفی، علی خسروی، محمود ولی زادە، میرزا ڕحیم لەشکری و ئەعزای هەیئەتی حزبی دیموکراتی کوردوستان و ئاغای شیخ الاسلامی هیمن شاعیری میللی و نمایندەی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی و ئاغای محمد نانەوازادە فەرماندەی ئوردوی میللی بە فەرماندەی گارد ئیحترام و دەستەی موزیک لەگەل ئاغای قاسم ئاغای ئیلخانی زادە نمایندەی کمیتەی محەلی حیزبی دیموکرات لکی بوکان بە مەئمووری هەڵ کردنی " ئاڵای مقدس" مەعلوم کران. سەعات ١ ی پاش نیوەرویە ڕوژی چوارشەمو ٥-١٠-٢٤ بە ئیفتخاری وەرێکەوتنی هەیئەتی هەڵگری ئاڵا لە حەساری کانگای حزب مارشی میللی کوردوستان خویندراوە و موزیک لی درا. لەو کاتەدا ئوتمبیلی مەخسووس لە نیو هەزاران نەفەر خوشکو برایانی سابلاغی گەیشتنە بەردەرکی کانگای حزبی دیموکراتی کوردوستان ڕاوەستا هەیئەتی هەڵگری ئاڵا لە نیو شریخەی چەپڵە ڕێزان و نەعرەتەی توند و بلیندی "هوریا و بژی کورد و کوردوستان" ی بەرێکەرەکانەوە بە دڵیکی گەرم و گەورەوە بە کوڵەوە دەهات وەڕێکەوت. سەعات دوو نیوی پاش نیوەرو هەیئەت گەیشتە مياندواو و لەوی پیشواز هاتووەکانی ئاغایان، قازی قزلجی و حسن خانی ئیلخانی زادە و دو نەفەر شاعیری میللی هەژار و حەقیقی لەگەڵ سەد نەفەر پتر لە ئەعزای کومیتەی محەلی بوکان گەیشتنی و مراسمی ئێحترامیان بەجی هێنا. مارش و موزیک خویندرا و لیدرا. ئەم جار قەتاری ئوتموبیل هەڵگری هەیئەت و پێشواز هاتوەکان ڕوین تا گەیشتنە "تەقی آباد" لەوی برا دیموکراتە ئەرمەنیەکان بە فەرماندەی عشقی خان لە لای ڕاستەوەی ڕێگاوە، خوشکە ئەرمەنیەکانیش لە لای چەپەوە ڕاوەستا بوون ئیحترامی نیزامی و هوریا و چەپلە ڕیزانیان کرد و عشقی خان لە تەرف هەموانەوە تەبریکی هەڵ کردنی ئاڵای کوردوستانی کرد. "قاسم ئاغای ئیلخانی زادە" لە لایەن هەیئەت و تەواوی برایانی کوردەوە ئیزهاری مەمنونیەت و سپاسی بە خوشکو برا ئەرمەنیە هاوئامانجەکان کرد "حزبی دیموکراتی کوردوستان سوپاسیان دەکات و قەدری عشقی خان دەزانی" هەیئەت لە نیو هوریا و چەپلەریزانی برا ئەرمەنیەکان وەری کەوت تا گەیشتە قەرە مووسالیان "یانی ئەو دێیە کە مانگی ڕەشەمەی پارەکە- سەروان خاکسار و سەربازەکانی- خەیاڵی خاوی دیکتاتوری بای باڵی دان و بە ڕێبواری هاتبوونە ئەوی و مزگەوتیان هەڵوەشاند بو نیر و ئاموریان سوتاند بو و خەڵکی ئەوی یان پەرشوبلاو کردبووەوە" لەوێ میرزا مستەفا موقتەدری و مەحموود خان و یونس خان و عبدالله خانی ئەمیری ئەعزای لکی محەللی دیموکراتی ئەوی لەگەڵ تەواوی خەڵکی دێ و چەند دێی دەورەبەریش ڕیزیان گرتبوو میرزا مستەفا لە جیاتی هەموان تبریکی ئیزهار کرد و سی دەسترێژ کرا و هوریا و چەپڵەیەکی زور لی درا و گاو گەرونیان کرد. هەیئەت وەرێکەوت و سەعات چوارونیوی پاش نیوەرو گەیشتە "عەلیاباد" سی کیلومیتری بوکان لەوی گاردی ئیحترام بە فەرماندەری سەلیم ئاغای ئیلخانی زادە و عدەی سوار لە ژیر دەستوری جەعفەر ئاغا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و مارف ئاغا ئیلخانی زاده و قوتابیەکانی قوتابخانەی بوکان و ئاغایانی ئەحمد بەگی فەیزئەلابەگی فەیزوڵا خان و علی خان قزڵیان و ئەحمەد ئاغا و عومەر ئاغا و کریم ئاغای عەباسی و هەباس ئاغا و خالید ئاغای حسامی و چوار پینج هەزار نەفەر خەڵکی بوکان و دەوروبەر بە پێشوازەوە هاتبون لەوی هەیئەتی هەڵگری ئاڵا پیادە بون و ئالای مقدس وەک ڕوژ لە پشت هەور بێتە دەری لە کەیف دەرکەوت و کوردوستانی گرتە ژێر شاباڵی پیروزی خۆی و مزگێنی سەعادەت و خوشبەختی بە نەتەوەی کورددا. مارشی میللی خوێندراوە و موزیک دەستی کرد بە لێدان و لە تەڕەف گاردی ئیحترامی مەهاباد و بوکان، سواران سە شیلینگ کرا و گاو گەردون کرا و ئاڵا لەسەر شانی جەوانی ڕەشید ئەبوبەکر ئاغای ئیلخانی زادە لەنێو چەپڵە ڕێزان و هوریا و بژی کورد و کوردوستان دا گەیشتە گیلەشین دیسان گاو گەردون کرا و بە خوشی بشارەت و شای یەوە " ئاڵا " گەی یە سەر حەوزی بوکان تەواوی کومەلی خەلکی لە دەوری حەوز و مەیدانی ئەوی کوبونەوە "و قازی محەمەد سادق قزلجی" وتار و شیعری بەتینی خۆی لەژێر ئاڵا دا خویندەوە و پاش وی حقیقی و هەژار شاعیری میللی هەر کام دەستە شعرێکی زۆر چاکیان خویندەوە و هەیئتی هەلگری ئاڵای چوونە عمارەتی قەڵا کە لە پێشدا بو بەخێرهێنانی ئەوان ساز کرابوو.

هەر لە بارەی هەڵکردنی ئاڵا لە شاری بۆکان، میرزا مەنافی کەریمی لە لاپەڕەی ٩٥ی "پیشوای بیداری" دا دەنووسێ کە لە ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٥ بە چەند کەس لە ئەندامانی حیزب، وەک ئاغایان مستەفا سوڵتانیان، عەبدولقادر مودەرسی، حوسێن فروهەر، مەحەمەدەمین شەڕەفی، عەلی خوسرەوی، مەحمود وەلیزادە، ڕەحیم لەشکری، هێمن شاعیری نیشتیمانی و محەممەد نانەوازادە، فەرماندەی ئەرتەشی کوردستان و قاسماغای ئیلخانیزادە، مەئموورییەت درا تا لە هەڵکرنی ئاڵا لە شاری بۆکان بەشدار بن.

ئەو هێئەتە لە شاری میاندواو لە لایەن گەورەپیاو و ماقووڵانی شاری بۆکان، وەک ئاغایان محەممەد ئەمینی ئێلخانیزادە، برایمی عەلییار، ئەبوبەکری موهتەدی، هەژار و حەقیقی شاعیر، پێشوازیان لێکرا. دوایە گشت هەیئەتەکە لە ئاوایی تەقیاوا کە لە دوو کیلۆمیتری شاری میاندواو هەڵکەوتووە و زۆربەی خەڵکەکەی ئەرمەنی بوون، لە لایەن عیشقی خانی ئەرمەنی، پێشوازی گەرمیان لێکرا و دوایە لە حاڵێکدا کە لە سەر شەقام لە دوو لا ژن و پیاوی ئەرمەنی ڕاوەستابوون، بە چەپڵەڕێزان و بە خۆشی و هوریا بە ڕێزەوە بەڕێیان کردن. گشت ئەو هەیئەتە لە ئاوایی قەرەموسالان کە مەقەڕی حیزبی لێبوو، لە لایەن ئەندامانی حیزب، ئاغایان مستەفا موقتەدری، یونس خان، مەحموود خان، عەبدوڵاخانی ئەمیری، بە گەرمی پێشوازیان لێکرا و لە سەر ڕێگایان مەڕیان بۆ سەر بڕیین. ئەو هێئەتە لە سەعاتی چوار گەیشتنە ئاوایی عەلیاوا لە دوو کیلۆمیتری شار و لەوێ لە لایەن گەورەکانی شار، وەک جەعفەرئاغا، مارفئاغای ئیلخانیزادە، ئەحمەبەگی فیزوڵابەیگی، عەباس ئاغا، خالید ئاغای حیسامی، فەیزوڵاخان، عەلیخانی قازلییان، عەلی بەگی فەیزوڵابەیگی، عومەر ئاغا و ئەحمەدئاغا و کەریم ئاغا عەباسی، بە سەر بڕینی چەند سەر مەڕومالات پێشوازیان لێکرا ...

دوایە ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٧سەعاتی ٨ ی بەیانی لە سەر سەربانی قەڵای بۆکان کە بە سەر شاری بۆکان دا دەیڕوانێ، ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا بەڕێوەچوو. موزیکی مارشی نیزامی لێدرا و خەڵک کە نیزیک بە ٦ هەزار کەس دەبوون لە داوێنی قەڵا و لە دەوروبەری حەوزە گەورە دەستیان بە داوەت و هەڵپەڕکێ کرد و لە ناوەندی مەڕاسیمەکەدا، لە نێو مارشی نیزامی و خۆشی و هەرا و چەپڵەڕێزاندا ئاڵا هەڵکرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغایان، حاجی بابا شێخ، عەلی بەگی شێرزاد، لە لای دەستی ڕاستی ئاڵا و حەسەن قزڵجی، محەممەد سادق قزڵجی، عەلی خوسرەوی و جەعفەراغا و مارفی ئیلخانی زادە، خالید حسامی، حوسێن عەلییار و براکانی لە دەستی چەپ بوون. دوایە مامۆستا هەژار و سادق قزڵجی لەسەر گرینگی و ڕێزلێنان لە ئاڵا وتاریان دا و مامۆستا حەقیقی و مامۆستا هەژار شێعری نیشتیمانیان خوێندەوە. ئەو مەراسیمە لە ساعەتی ١ دوای نیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

ڕەحمانی قازی لەسەر هەڵکردنی ئاڵا لە شاری بۆکان دەنووسێ:

بۆ هەڵکردنی ئاڵا لە شاری بۆکان دە کەس دیاری کران و سەرۆکی ئەو دە کەسەش حوسێن زێڕەنگەران (فروهەر) بو. یەکێک لەو دە کەسە من بوم کە هەمومان بە چەکەوە دەبوایە بەشداری ئەو ڕێوڕەسمە بکەین. پێشتر بە خەڵکی ناوچە ڕاگەیێندرابو هەر بۆیە هەمو ئاغاوەت و خەڵکی ناوچە هاتبونە شاری بۆکان و لە هیچ شوێنێک جێگە نەمابو و وەک کورد دەڵێ ڕێی ڕێداری نەبو. دوای نیوەڕۆ ئاڵای کوردستان لە سەربانی قەڵای بۆکان هەڵکرا و مامۆستا هەژار شێعری ئاڵای کوردستانی خوێندەوە. خەڵکی بەشدار بو زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێ کردین. بۆ ئێوارێ حوسێن فروهەر حکومەتی نیزامی ڕاگەیاند و داوای لە خەڵک کرد کەس نەیەتە دەر و هاتووچۆ بۆ هەمو کەس یاساغە.

شەو بە سەر دەست داهات و شار بێ دەنگی تەواو دایگرت. سەربازی دەوڵەتی ناوەندی لە سەرا بون. هەر وەک دەزانن سەرا لە نێوان شاری بۆکان و شاری سەقز و بە دوری پازدە کیلۆمەتر لە بۆکان هەڵکەوتووە. نزیک بە دو کاتژمێر لە شەو تێپەڕی بو کە بێ دەنگی شەو بە دەسڕێژی تەقەی موسەلسەل کە لە قەڵا ڕا هات شکا. حوسێن فروهەر بە خۆی و چەند کەس لە چەکدارەکان لە قەڵا دا بون. ئێمەش لە میوانخانەی بۆکان جێگەیان بۆ کردبوینەوە. من و مام حوسێن فەتاحی قازی پێکەوە بوین. مام حوسێن ڕوی کردە من و کوتی ئەو تەقەیە لە قەڵا ڕا دێ دەبێ چ ڕوی دابێ؟ منیش کوتم ئەو تەقەیە یەک لایەنەیە و جێی مەترسی نییە بەڵام چون حکومەت نیزامی ڕاگەیێندراوە نابێ کەس تەقە بکا ئێستا دەچم بزانم چییە. کاتێک خۆم گەیاندە قەڵای بۆکان دیتم حوسێن فروهەر بە موسەلسەل ڕو بە سەرا تەقە دەکا. کوتم جەنابی فروهەر بۆخۆت حکومەت نیزامی ڕادەگەیێنی و بۆخۆخشت لە بەر چاوی ناگری؟ باش دەزانی هەمو ئاغاوەتی ناوچە بە خۆیان و چەکدارەکانیانەوە لە شاری دان و زۆریشیان حکومەتی کوردستان خۆش ناوێ. لە بیانو دەگەڕێن دۆخەکە تێک دەن کەچی جەنابت بیانویان بۆ ساز دەکەی. بەو قسەیە وەخۆ هاتەوە و زانی کارێکی باشی نەکردووە کوتی ئەو موسەلسەلەم تاقی دەکردەوە و هیچ مەبەستی دیکەم نەبو. بەو جۆرە گەڕامەوە لای برادەران و بۆم گێڕانەوە. دوای نیوە شەو سەرهەنگ محەمەد نانەوازادە پڕی ئۆتۆمبێلێکی باری تفەنگ و فیشەک هێنا و ئێمەش بە پێی ئامارێکی کە پێشتر بە دەستمان گەیشتبو لە نێو خەڵک دا دابەشمان کرد. بەیانی گەڕاینەوە مەهاباد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە یەک دا لە ئاخری بابەتی هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان، ئاماژە بە شێعری ماموستا هەژار دەکا بەمشێوەیە:

بێ ببینێ ئەوکەسەی پێی‌وایە کورد سەر ناکەوێ
کێ بوو پێی‌وابوو تەمی نەگبەت لەسەرمان نارەوێ
داری ئاڵاکەم وەکوو چەقلێکە بۆ چاوی عەدو
هەر دڵێ خۆشی نەوێ ڕەبێ وەبەر خەنجەر کەوێ
داری ئالاَم داری کرد بۆ خوێن‌مژی کوردی هەژار
پێی بڵێن با داکەوێ لەو خاك و ئاوە چی‌دەوێ
داری ئاڵامان بە ڕاستی دارەیە بۆ دوژمنان
هەرلە ئاسۆگ سەرکەوێ پێویستە ژینی خۆی نەوێ
پارچەکەی سێ ڕەنگی خۆی دەنوێنێ ڕەنگی سوور دەڵێ
تا تنۆکێك خوێنی کورد مابێ قەدی من نانەوێ
یان دەڵێ تا لەشکری سوور بەرقەرار و زیندووە
قەومی کورد ڕزگارە ئەو داشدارە بەخت و ناخەوێ
یان دەڵێ لێم سوورە دیموکراسی لە عالەم سەرکەوت
موستەبیدو مورتەجیع کەوتوونە گێژی گێژەوێ
سپێیەکەی موژدەی بەیانی بەختی کوردی کرد بەیان
ڕۆژی بەختی کوردی پەیدا بوو نەما پەردەی شەوی
دوو گوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە ڕزقی خۆت ببێ
خۆت کە برسی بۆچی دوژمن پێی بژین لێرەولەوێ
پێودەڵێ نووکی قەلەم گەر ژینی خۆش و پێ‌دەوێ
غەیری من دەس ناکەوێ بۆ ڕێی تەرەقی پێشڕەوێ
ڕەنگی سەوزی یانی دایکی (نیشتمان) لەو ڕوکەوە
جوان و سەرسەوزە وەگیری کەوتەوە عومری نوێ
لاوەکان نامووسی نۆ میلیونە ئەو ئاڵایەمان
گیان بدەن بۆ حیفزی ئەو ناموسەتان لەمن و کەوێ
ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتحادی شوڕەوی
سورمەیە بۆ چاوی ئیمە خاک و خۆڵی مەسکەوی
ڕەبی ئیستالین بژی بۆ لاگری مەزلومەکان
تا زەمانە خول دەدا و تا ڕۆژ دەبەخشی پەڕتەوێ
ڕەبی هەر کەس دوژمنی ئەو میللەتە دلپاکەیە
ژێرکەوێ کۆستی کەوێ ڕەبی سەعاتێك نەسرەوێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕۆژنامەی ژمارە ١ی کوردستان دا شێعری مامۆستا هونەر عەباسی حەقیقی بە تەواوی چاپ کراوە و لە چەند بەیتێک دا دەڵێ:

نیشتیمان پەروەرەکان سەروەرەکان
لاوەکان هاووەتەنان ڕەهبەرەکان
جێژنی ئازادیی کوردستانە
مەوقعی کار و لە خەو هەستانە
غەرقی خۆشیم و سوپاسی باری
هەڵکرا بەیرەقی خودموختاری
ڕۆژی عەیش و تەرەبە و شادی کورد
هەڵکرا پەرچەمی ئازادی کورد
هەڵدرا خیمەی ئەورەنگی وەتەن
هەڵکرا بەیرەقی سێ ڕەنگی وەتەن
هاتەبەر باغی سەعادەت ئەسەری
هەڵکرا ڕایەتی فەتح و زەفەری
غونچەی بەخت و تەڕەقی پشکوت
لە چیا و دەشتی وەتەن هەر دوو بە جووت
کەوکەبی بەختی کە وا چوو بووە خەو
لە نەکاو ساندی لە ڕۆژێ پەرتەو
باری کرد لەشکری ڕەنجاویدبار
هاتە جێ شادی کە ئەو کردی بار
ماڵ و ناموس حەیا هاتەوە دەس
دەستبەجێ لێکەوە بوو ناکەس و کەس
موشکلی کوردی کە بوو لایەنحەل
کردی حەل ڕووحمی خودای عەزەوەجەل
کوردە تۆ خاوەنی عەزمێکی قەوی
شا هیدی غیرەتی تۆن خەڵکی زەوی
بەسە بێگانە پەرەستی تا کەی
تەنبەڵی و سستی و مەستی تاکەی
ئەو کەڕەت هەست بێ دوژمن تێک دەدەن
پشت بە پشت دەست و وەدەستی یەک دەن
دێتە گوێم دەنگی سەلاحەدینی
ڕوو بە خاکی وەتەنی ڕەنگینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که ئەوەی دیــومه ئەوا دێــمەوه مــن
مــرد بــووم گەرچــی ئەوا ژیــمەوه مــن
هاتــه جــێ ئــەوڕۆ هەمــوو ئــاواتــم
گــیـان فــیـدای مــیـلـلـەتـەکـه و ئـاڵاکـەم

ڕۆژنامەی ژماره ٨ ی کوردستان شێعری خالید حیسامی (شێواو) بڵاو کردۆتەوه که هەر بۆ ئەو ڕێورەسمه گوتراوه.

## سروودی نەتەوایەتی

له دەوڵەتی خودموختاری کوردستان دا، جیا له هەڵکردنی ئاڵا، ڕەمز و نیشانەی سرودی نیشتیمانیش به مەبەستی بەرز کردنەوەی هەست و سۆزی نیشتمانی، له ناو خەڵک دا جێگیر کرا و له بۆنەو و مەراسیمان دا به حەماسەتەوه و به دەنگی گشتی دەخوێندراوه. یەکێک لەو سرودانه، مامۆستا هەژار هۆنیوێتیوه که له ڕۆژنامەی ژماره ١٤ کوردستان دا تۆمار کراوه:

سرودی میللی کوردستان
نیشتمانم ڕەنگینه
بەهەشتی سەر زەمینه
(خاکم وەکوو ئاڵاکەم
ڕەنگ سوور و سپی و شینه) ٢
ڕەنگی سووری گوڵاڵان
بۆنی سوێسنه و هەڵاڵان
(کەویه بەفری نواڵان
سەرچاوەی ئاوی ژینه) ٢
له سایەی پێشەوا دا زۆر به ئازا و به مەردی
دەی پارێزین ئەو خاکه (بێچوه شێرانی کوردی) ٢
هارەی ئاوی هەڵدێران
فێنک و شینکەی زنوێران
( ئاوەنگی سەر وەنەوشەی
دەرمانی بناو بوێران)٢
سەرپاکی زەوی و ئاوه
گەنمم گوڵەکەی داوه
(هەناویان بۆی نەماوه
تورک و عەرەب و ئێران)٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له سایەی پێشەوا دا زۆر بە ئازا و بە مەردی
دەی پارێزین ئەو خاکە (بێچوە شێرانی کوردی) ٢
نەفتم ئاوی ژیانە
له سیرت و کرماشانە
( بابە گوڕگوڕ دەزانێ
لە موسلیش دا هەمانە)٢
کانگام هەیە لە زاخۆ
هەر وەک نەفتەکەی شنۆ
(بۆ دوژمنان بۆتە سۆ
هەر خۆش بی ئەو زەمانە)٢
له سایەی پێشەوا دا زۆر بە ئازا و بە مەردی
دەی پارێزین ئەو خاکە (بێچوە شێرانی کوردی) ٢
ئەوەی پێت وایە کێوە
خەرمانی زێڕ و زێوە
(زەڕنیق و جیوەی هەوشار
ئاغەڵان ساحەب نێوە)٢
خوێندن زۆر هاسانە بۆم
دەخوێنم بە زمانی خۆم
( کەشفی دەکەم بە ئاتۆم
هەرچی قازانجی پێوە)٢
له سایەی پێشەوا دا زۆر بە ئازا و بە مەردی
دەی پارێزین ئەو خاکە (بێچوە شێرانی کوردی) ٢
کەتیرە و مازوو و بەرگن
خوری و بنێشت و توتن
( بۆخۆم ڕەنێوی دەنێم
بە هۆی زانست و خوێندن) ٢
کوردە هەچی زەویتە
یەکجار بە بەهرە و پیتە
( هەر خوێندن کێشکچیتە
لێت داگیر نەکا دوژمن)٢
له سایەی پێشەوا دا زۆر بە ئازا و بە مەردی
دەی پارێزین ئەو خاکە (بێچوە شێرانی کوردی) ٢
ئەحمەدی قازی لە دەستنووسێک دا باسی سروودەکانی کۆمار دەکا و دەنووسێ:


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سروودی دلبزوێنی سەری سەف حاڵ و هەوایەکی دیکەی دەدا بە مەدرەسە (شاخی ڕەنگاورەنگی کوردان باعیسی کەیف و سرور- هەر دەمە بەرگێک ئەپۆشێ، گا سپی، گا سەوز و سوور)، نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی ڕووی زەمینە، خاکم وەکوو ئاڵاکەم ڕەنگ سوور و سپی و شینە) و چەند سروودی دیکەش وەک "ئەی ڕەقیب" ئێستاش جاروبار دەبنەوە زەمزەمەی سەر لێوم و دەمبەنەوە ئەو دنیا خۆشەی کە وک خەونێک تێپەڕی و هەموو دەم خەونی پێوە دەبینم.

## خوێندن و قوتابخانە

لە سەردەمی دەستەڵاتداری ڕەزا شادا بە تەواوی مانا بەرگری لە پەرەستاندنی خوێندن و زانیاری لە کوردستان دا دەکرا. جیا لە چەند قوتابخانەی سەرەتایی هیچ ناوەندێکی سەرتر بۆ بردنە سەری زانیاری خەڵکی کورد لە گۆڕێ دا نەبوو و بایخ بە خوێندن و نووسین نەدەدرا.

قازی محەممەد هەم لە سەردەمی ڕەزاشا و هەم لە کاتی بەرپرسایەتی لە شووڕای شار و ئەندامەتی لە کۆمەڵە دا، لە پێناو پەرەستاندن و دامەزرانی قوتابخانە زەحمەتی زۆری کێشا و دوو خوێندنگەی بە ناوی "گەلاوێژ" و "پرماس" کە دواتر ئەوەیان بوو بە "مەدرەسەی پەروانەی کچان" لە مەهاباد دامەزراند.

مریمی قازی لە وتووێژ لەگەڵ زارا مەنگوری، یەکێک لە یەکەمین قوتابییەکانی قوتابخانەی کچانی مەهاباد، لەسەر قوتابخانە پرماس کە لە سەردەمی ڕەزاشا لە مەهاباد دامەزرا، لە ڕۆژنامەی "پەیامی کوردستان " ژمارە ١٩ مانگی بەفرانباری سالی ١٣٨٤ (٣١ی دیسامبر ٢٠٠٥) دا دەنووسێ:

دەوروبەری سالی ١٣١١ بوو کە ئاغایەک بە نێوی ئاغای وەکیلی(تورکی تەوریز بوو) دەگەڵ بنەماڵەکەی هاتنە ماڵە مەو لەوبەری حەسارێ دوو دیویان ئاوەدان کردەوە. ئەو ئاغایە ڕەئیسی ئیدارەی تەزکەرە بوو و سێ کچی جحێڵی هەبوو بە نێوی عیزەت و عیشرەت و زینەب. ئەودەم تەنیا ناوەندی فێرکاری مەکتەبخانە بوو و قوتابخانە نەبوو و کەم واهەبوو خەڵک بخوێنن، بەتایبەت ژنان زور بە دەگمەن دەیانخوێند و لەو کچانەی کە ئەو سەردەمە لە مەکتەبخانە خوێند بوویان و شتێک فێر ببوون ئەوەندەی لە بیرم بێ توبا ئاسەفی، خەدیجە مەجدی، عیسمەتی سەمەدی بوون. کچە گەورەکەی ئاغای وەکیلی بە نێوی عیشرەت خانم لە ئیدارەی فەرهەنگ کە ئەودەم پێیان دەگوت "دایرەی مەعارف" داوای کرد ئیزنی پێبدەن قوتابخانەیەک بۆ کچان دابنێ و لێیان قەبول کرد و ئاوا بوو کە یەکەم قوتابخانەی کچانە بە نێوی " پەرماس" دامەزرا کە لە تورکی دا بە مانای "کچینی و بە کارەت"ە. بۆخۆی بوو بە مودیر و دوو خوشکەکەشی بوونە مامۆستا. ئەودەم خوێندن بۆ کچان شوورەیی بوو و ئەمنیش زردایکم هەبوو، پێیوابوو ئاوا هەم لە کوڵ خۆییم دەکاتەوە و هەم تووشی گرفت دێم، بۆیە یەکەم کەس بوو کە داوای لە عیشرەت خانم کرد تا دەگەڵ خۆی ممباتە قوتابخانە و پێم بخوێنی و بەمجورە من یەکەم قوتابی کچی مەهابادم کە نێو نووسیم کردووە و زۆر بە باشی خوێندم و ئەو سالە شاگرد ئەوەڵ هاتمەوە.

بە زووە هەر یەک چاوی لە یەکی کرد و بووینە ٢٥ قوتابی. توبا ئاسەفی و خەدیجە مەجدی و عیسمەتی سەمەدی چونکە بڕێکیان سەواد هەبوو لە کەلاسی سێهەم ڕا دایانانە بەر خوێندن. سەرەتا هەر لیباسی ماڵێمان لەبەر دابوو کە کراسیکی چیتی گوڵ وردبوو کە داوینەکەی چین دەدرا و هەتا خوارەوەی چوکمان بلیند بوو و لە بن ویش دەرپێیەکی چڵکنمان لە بەر دابوو. جاری وابوو بەحەفتەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرمان دا نەدەهێنا و هەموو ڕووسەری مان بە سەرەوە بوو و پاک و خاوێنی نەبوو. لە سالی ١٣١٦ یان ١٣١٧ هەتاوی بوو چاکم لە بیر نییە کە بە دوای دەستووری ڕەزاشا، بۆ کەشفی حیجاب داوایان لە مەش کرد کە ڕووسەری لا بەین و سەرمان کورت کەینەوە و لیباسی کوردی داکەنین و لیباسی عەجەمی لە بەرکەین کە پێیان دەگوت " سێری" و سەردەست و سەر قولەکانی سپی بوون و هەتا سەر چوک درێژ بوون و ئی مامۆستاکانیش هەروەتر. لە بەروەی بوو کە زۆر یەک لە بنەماڵەکان کچەکانییان بو ماوەیەک لە مەدرەسە گێراوە و گوتییان ئێمە نایەڵین کچەکانمان ڕووسەری لابەن و جل و بەرگی عەجەمان لە بەرکەن. خویندنیش بە زمانی فارسی بوو و هەتا کلاسی شەشوم بوو و من تا شەشوشمم خوێند بەلام لە بەر وەی کە تەمەنم کەم بوو دیپلومەکەیان نەدامی.

زارا مەنگوڕی لە دەرێژەدا لە سەر ڕادە و شێوەی خوێندن و جل و بەرگی ڕەسمی قوتابیان لە سەردەمی دوای نەمانی ڕەزاشا دا دەڵێ:

بەرەبەری دامەزرانی کومەلەی ژی کاف بوو و خەڵک دەمانچە و بڕنوویان لە ماڵی هەبوو بۆیە عەجەم لە خۆیان ترسان و تاقمێک نەبێ هەموو ڕویشتن و یەکێ لە وانەش ماڵە ئاغای وەکیلی و کچەکانی بوون. ڕەزاشا تەبعید کرابوو و تا ئەودەم کەس نەیدەوێرا هیچ بڵێ دوای تەبعیدی ڕەزاشا دیسان خەڵک هەموو چوار شەمویان لە ماڵێ وەدەر دەکەوتن و بە دابی ساڵان دەیانکردە هەڵپەڕین و داوەت و کچ و کور بە یەکەوە هەڵدەپەڕین.

زاراخانم لە درێژەدا لەسەر بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان دەڵێ:

جیا لە وەش نەیانهێشت قوتابخانەکان زۆر داخرین و بە زووە ناردیان لە دووی هەموو ئەوانەی کە خوێند بوومان و داوایان لێکردین کە لە جیات موعلیمە تورکەکان کە ڕویشتبوون دەرس بلێینەوە. وێلمە سەییادیان کە جوولەکە بوو، کوبڕا خانمی عەزیمی، ماپەرە خانمی بابانزادە و سەیزادە خەدیجەی باباسوری ئەوەندەی بە بیری من بن بو یەکەم جار لە نێو ژنان و خەڵکی نێو شار لە کوردەکان بوون بە مامۆستا. لە دووی منیشیان نارد ئەودەم ١٦ سالم تەمەن بوو، زردایکم کە تازە لێی حالی ببوو چ خزمەتێکی گەورەی پێکردووم کوتی دنیاش خرا بێ نایەڵم بچی! بابیشم لە دووی قسەی وییدا و کوتی تا کچی مەبی نابی و ئەگەر مێردت کرد کەیفی خۆتە. ئەمنیش دەسبەجێ هەر ئەو ساڵە مێردم بە ئەحمەدی مەنگوری کرد کە ئەویش پێشتر کارمەندی دوخانیەی بوو و دەولەتی ڕەزاشا کە نە مابوو ئەو ئیدارەیەش بۆ ماوەیەک نەما و ئێستا ئەویش لە ئیدارەی فەرهەنگ دامەزرابووە و دوای زەماوەندمان


ڕیژەی قوتابیان لە حزووری پێشەوادا

چوو بۆ کن مەنافی کەریمی و داوای کاری بو منیش کرد و ئیتر لەو ساتەوە بوومە مامۆستا.

قازی محەمەد لە دامەزراندنی قوتابخانەدا، هەم لە سەردەمی ڕەزاشا و هەم دواتر لەگەڵ زۆر کۆسپی گەورە ڕووبەڕو بوو و جیا لە نەبوونی و کەموکوڕی، گەورەترین کێشە، بەربەرەکانی کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردستان لەگەڵ خوێندن بوو. زۆربەی خەڵکی کورد، جیا لە قورئان، خوێندنی هەر وانەیەکی دەرسی و زانستیان بە کوفر دەزانی و بەتوندی ڕەدیان دەکردەوە.

مەلا قادر مودەرەسی لە لاپەڕەی ١٠ی کتێبی ژی.کاف چی بوو ... لەسەر خوێندنی ئەوکات دەنووسێ: ... خوێندنی دەرسی غەیرە دەرسی ئایینی کارێکی دروست نەبوو. کە یەکێک چووبایە دەبیرستان(پۆلی ناوەندی) ئیدی بە جارێک کافر دەبوو. کە بڕوای بە خڕبوونی زەوی هەبا یان کووتبای عەرز دەگەڕێ، دەیانکووت: فڵانە کەس گەڕاوەتەوە سەر شوێنی ئاورپەرەستی.

ئەڵبەت کەسانێکی وەک قازی عەلی هەبوون ئەگەرچی پیاوێکی ئایینی بوو، زۆر ڕووناک و (متجدد) بوو. بەڵام لە بەرانبەری ویدا کۆنەپەرەستی وا هەبوو کە باسیان ناکرێ.

بە هەزارخوێنی دڵ خواردن مەدرەسەیەکی ناوەندی لەو شارە داندرا بوو، تەواوی کۆشش بۆ وەی دەکرا کە ئەو دەبیرستانە دابخرێ.

مەلا قادر لە درێژەدا دەنووسێ کە لە لایەن کەسانێکەوە، کاندیدی مەجلیس بەو شەرتە بەڵێنی دەنگ دانی پێدەدرا، کە ئەگەر دەنگی هێناوە قوتابخانەی ناوندی دابخا.

ڕادەی زۆری دواکەوتوویی فەرهەنگی، یارمەتی بەوە دەکرد کە دەوڵەت ئەو هەلە بقۆزێتەوە و هەنگاو بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە هەڵنەهێنێ. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ٩٢ دا ڕەحیمی سەیفی قازی لە وتارێک دا بە ناوی "بۆچی میللەتی کورد وا بەدبەخت بوو" لەسەر قوتابخانەی ناوەندی دەنووسێ:

لە مەداریسی موتەوەستەش هەر مەپرسە. چۆن نەیانهێشت ئەساسەن مەدرەسەی موتەوەستە و عالی لە کوردستان دا نێویشی هەبێت ئەگەر لە جێگایەکیش مەدرەسەیەکی موتەوەستەی ٣ کلاسەش هەبایە دیسان وەزعی لە مەدرەسە ئیبتیدائییەکان زۆر خراپتر موفتەزەعتر بوو...

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٢٢ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوە لەسەر کردنەوی بەشی یەکەمی دوا ناوەندی لە مەهاباد دا دەنووسێ کە لە سەرەتایی ساڵی ١٣١٥ دا فەرمانگەی فەرهەنگ بڕیاری دا پۆلی یەکەمی دواناوەندی لە مەهاباد بکاتەوە . بۆ ئەو مەبەستە ماڵە میرزا سوڵتانی سوڵتانیان بەکرێ گرت. زۆربەی دەرچووەوانی ساڵانی ڕابردوو بە تەمەنی جیاواز و ناونووسیان کرد و چەند مامۆستا لە ورمێ ڕا هاتن کە یەکیان کچ بوو بە ناوی کەنگرلوو و ئەوە بۆ خەڵک سەیر بووە.

مامۆستا زەبیحی لە ژمارەی ٣٩ی کوردستان دا باس لە وەزعییەتی دەوڵەمەند و فەقیر دەکا و گلیی لە دەوڵەمەندان دەکا کە بۆ چاکیان نەخوێندووە. ئەحمەد علمی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٤ دا لە وڵامی زەبیحی و لە سەر ئەوەی کە چوون لە زەمانی دیکتاتوریی ڕەزا شا دا هەوڵ درا ناوچەی کوردستان بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە و چۆن خوێندن بێ کەڵک بوو دەنووسێ: ... وسعەتی عیلم و زانست دە وڵاتی کوردەواریدا ئەویش نەک هەموو جێیەک بەڵکوو مەهاباد و چەند جێیگەی دی فەقەت تا کلاسی شەشەم بوو. ئەویش چ شەشەم، کە بۆخۆمان دەزانیین و هەموو کەسیش خوێندویە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پاشان لەبەر ئەوەی خوێندن دوایی پێدەهات بەعزێک بۆ ئەوەی لەبرسان نەمرن داخڵ بە ئیدارەیەک دەبوون بە حقوقێکی نەمرنەژی، هیندێکیش دەستیان دەکرد بە حەماڵی و هەڵوافرۆشتن. تو خودا بزانە تەقسیر لەو میلەتەیە کە فیری عیلم نەبووە و دەتوانیین خەڵک خەتابار کەین بلێین بۆچی دەبێ دوکتورمان نەبێ یان میکانیک مان نەبێ؟ ...

دەوڵەتی دیکتاتوری ئەگەر نەفەرێکیان لازم بایە دەیاننووسی هەر کەس تەسدیقی شەشەمی ببێ کاری پێدەدرێ. ئەوە وەختیک بوو کە تەسدیقی کلاس شەشەم دە وڵاتی مەدا ئەسڵەن وجودی نەبوو. کە وابوو کار بۆ کەس نەبوو. پاشان کە بە هەزار زەحمەت و مەڕاڕەت و پووڵ ڕشوەت تەسدیقی شەشەم وەردەگیرا چەند کەسێک کەوت و سەرەدای دە وڵاتی مەدا پەیدابوو. ئەوجار ئەولیای ئومووری دەوڵەتی دیکتاتوری، دەیانووسێ کار بە کەسێک دەدرێ کە تەسدیقی موتەوەستەی هەبێ. وای بە حاڵی ئەو میللەتە بێچارە. تازە بە هەزار زەحمەت تەسدیقی شەشەمی وەگیر کەوتووە کە کاری پێبدەن ئەوجار پەڵپی تەسدیقی موتەوەسەتەیان لێدەگرت. چ موتەوەستە؟ کوا موتەوەستە؟ مەگەر موتەوەستە تا ئەوڕۆ دە کوردەواریدا غەیرەز نێو مەعنای هەبوو؟ ئەویش ئەو چەند ساڵەی ئاخر. ئەویش لە ئەسەری زەحەمات و هەوڵ و تەقەلای حەزرەتی پێشەوا دا...

لە سەر چۆنییەتی قوتابخانەکان مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٦ ی کتێبی تاریک و ڕوون دا لە بارەی قوتابخانەی سەعادەت دەنووسێ: ... لە کوردی بەولاوە هیچ زمانم نەدەزانی لە مەدرەسەش کەس نەدەوێرا بە کوردی قسە بکا ... مەدرەسەکەمان خانوویەکی گەورە و کۆن و کەلاوە بوو. تاقە چاوەیەکی ئاودەست هەبوو قەت وەبەر نەدەکەوت ... بۆشکەیەک ئاوی چۆمی بۆگەن لە بن دیوارێک داندرابوو. دەفرێکی تەنەکەیان لەسەر دانابوو، ئەو هەمووە منداڵە بەو دەفرە ئاویان دەخواردەوە. هەمیشە لە سەر چوونە ئاودەست و ئاوخواردنەوە شەڕ لە نێو شاگردەکاندا پەیدا دەبوو ... ژووری دەرس خوێندنمان تەنگ و تاریک بوو. پەنجەرێکی تێدا بوو کە لە باتی شووشە کاغەزی لێدرابوو. بۆ ئەوەی ڕۆۆناکتر بێ کاغەزەکەیان بە ڕۆن چەور کرد بوو. کورسییەکانی چەپرەک و شکا بوون.

یەکێک لە گرینگترین کارەکانی حکومەتی خودموختاری کوردستان بایخ دان بە خوێندن و فێربوون و دامەزرانی قوتابخانە بوو. بە دوای تەواو بوونی کۆنگرەی یەکەم بایخی تایبەتی درا بە خوێندن و بردنەسەری زانیای خەڵک و لە ڕاستی دا ئەم قۆناغە بە شۆڕشێکی گەورەی فەرهەنگی بە حیساب دێ و لەوبارەوە ئاڵووگۆڕێکی بنەرەتی لە کۆمەڵگای کورددا پێکهێنا.

هەر بە مەبەستی گرینگی دان بە بواری خوێندن کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیسیونی ڕاگەیشتن بە کاروباری فەرهەنگی پێکهێنا. ڕەحیمی قازی دەڵێ کە لە کومیتەی ناوەندی حیزب دا بۆ پەرەدان بە خوێندن و بردنە سەری زانیاری خەڵک، بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد کۆمیسیونێکی بۆ پەرەدان بە کاروباری فەرهەنگی پێکهات. یەکەم کاری ئەو کۆمیسیونە دامەزرانی قوتابخانەی گەلاوێژ بوو. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٦٧دا لەوبارەوە دەنووسێ:

یەکەمین هەنگاوی ئەم کۆمیسیۆنە دامەزراندنی قوتابخانەی"گەلاوێژ" لە ئاخری مانگی نوامبری ساڵی ١٩٤٥دا بوو. لەم قوتابخانەیە تایبەتی کوڕ و کچی هەژاران قوبووڵ دەکرا وە تەواوی هۆی پێویستی خوێندن و جلوبەرگی قوتابی بە خۆڕایی دەدرا بە قوتابییان. هەر لەو سەردەمەدا بەگوێرەی لێ گێڕانەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازی بۆ یارمەتی بە قوتابخانەی "گەلاوێژ" ، نیشتمانپەروەرانی کورد پارەیەکی زۆریان دا. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەم بۆنەیەوە نووسیبووی، کە قازی محەممەد لە ماڵی شەخسی خۆی ١١ هەزار تمەنی بە قوتابخانەی"گەلاوێژ" پێشکێش کردووە. کرانەوەی قوتابخانەی کوردیی "گەلاوێژ" لەلایەن دانیشتوانی مەهاباد و مەڵبەندەکانی دەوروبەرییەوە وەک بەسەرهاتێکی گەورەی مێژوویی وە جێژنێکی کۆمەڵایەتی پێشوازی لێکرا. هەتا ئەو سەردەمە مەهاباد بە هەموویەوە ٥ قوتابخانەی سەرەتایی لێبوو کە ژمارەی تەواوی قوتابییەکانی ٤٣٩ قوتابی بوون، بەڵام لە ماوەی دوو مانگدا ژمارەی قوتابییەکانی"گەلاوێژ" گەییبووە ٣٠٠ قوتابی. بەم جۆرە ح.د.ك لە مێژووی گەلی کورددا بۆ یەکەم جار بەردی بناغەی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی دانا. دەرگای قوتابخانەی بەڕووی منداڵانی هەژاردا ئاواڵە کردوە و زرووفی خوێندنی بەخۆڕایی پێک هێنا.



مامۆستاو کارگێرانی وەزارەتی فەرهەنی کۆماری کوردستان

قازی محەممەد گرینگییەکی زۆر گەورەی دەدا بە قوتابخانەی"گلاوێژ" وە ئەم قوتابخانەیەی بە دوا ڕۆژی ڕووناکی گەلی کورد ئێوبردبوو. لە ساڵی ١٩٤٦دا قازی محەممەد کاتێک کە چووبووە تاران لەگەڵ نووسەری ڕۆژنامەی "دەستوور" سکالای کردبوو وە لەم سکالایەدا باسی گرینگیی دامەزرانی قوتابخانەی "گەلاوێژ" ی کردبوو بۆ دوارۆژی گەلی کورد. ڕۆژنامەی "دەستوور" نووسیبووی: قازی محەممەد دڵخۆشی و هیوایەکی زۆر گەورەی بە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەیە. قازی کاتێک باسی سەربەرزیی حیزبەکەی دەکرد دەیگوت، کە حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش ئەمەی تەواوی کاروباری مەهابادی گرتە دەست خۆیەوە گەلێک کاری گرینگی بەجێ گەیاندووە. لەم ڕیزە قوتابخانەیەکی شەش کلاسەی دامەزراندووە کە لە هەر کلاسەی ٥٠ کەس ئەخوێنن، قازی محەممەد دەیگوت بە زووی ئەم قوتابخانەیە دەبێتە قوتابخانەی ئێونجی وە لە پاشان وەردەگرێتە سەر زانستگای ژووروو بۆ کوردستان وە هەروەها بۆ تەواوی ئێران پسپۆڕ و کادری تێگەیشتوو و زانا پێ دەگەیەنێت.

بە گشتی پەرەدان بە خوێندن و زانست و زمانی زگماکی یەکێکی دیکە لە کارە سەرەکییەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتی خودموختار بوو و ئەو دەوڵەتە، گرێنگی تایبەتی بە بنەبڕ کردنی نەخوێندەواری دا و هەوڵی دا تا بە کردەوە، بەرنامەی چڕوپڕ و تۆکمە، بۆ خوێندن و فێربوونی کۆمەڵگای کورد بەڕێوە ببا.

بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خوێندن و زانیاری، هەیئەتی فەرهەنگی دامەزرا و گرینگترین کاری ئەو هەیئەتە، کۆکردنەوەی منداڵانی بی سەرپەرەست و فەقیر و یەکدەست کردنی بەرگ و پێڵاوی قوتابیان و دانانی کلاسی بێسەوادی و بڕیاری گۆڕینی تابلۆی سەر دەرکی قوتابخانە و دوکان و شوێنە بازرگانییەکان لە زبانی فارسی بۆ کوردی بوو. لەو بارەوە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە یەک، باس لە کۆبوونەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان دەکا کە چ بڕیارێکی داوە و دەنووسێ:

کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان" ژمارە ٣٢

ڕۆژی چوار شەممویە ٢٤/١٠/١٢ جەلەسەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان ساتی دووی پێشنیوەڕۆ گیرا. لە بابەت مەکتەب و دانانی دوو نەفەر پشکنێر بۆ مەکتەبەکان گفتوگۆی لازم کرا. ئاغایانی عەلی خوسرەوی و ڕەحیم لەشکری بۆ پشکنێر هەڵبژێردران و حوکمیان سادر کرا و قەرار درا ئەو منداڵانەی کە بێکەسن وە بە سواڵ مەشغوڵن کۆ بکرێنەوە لە ناو میللەت دا بەش بکرێن و ڕۆژانە لە مەکتەبی گەلاوێژ بخوێنن و بۆ خڕکردنەوەی ئەم هەژار و بێ کەسانە بە شارەوانی ئەمر درا کە خڕیان کاتەوە و بیان داتە دەست ئاغایانی حسێن فروهەر و مەنافی کەریمی و ئەوانیش بە نێو میللەت دا بەشیان کەن.

٢ - بە ئەکسەریەتی ئارا پەسەند کرا ئاغایانی فروهەر و کەریمی خەڵکی بێ سەواد حازرکەن کە شەوانە لە مەکتەب دا بە زمانی کوردی بخوێنن.

٣ - پەسەند کرا هەمو نیشانەی "تابلۆ" ئیداران و مەکتەب و تیجارەتخانان و عەمارەتان بگۆڕن و بە کوردی بنوسرێ.

٤ - پەسەند کرا کە ئەو منداڵانەی کۆ دەکرێنەوە تەمەنیان لە ٦ تا ١ ساڵان زیاتر نەبێ.

٥ - لە ئاخری جەلەسەدا پەسەند کرا کە جەلەسەی دیکە جۆری لیباسی شاگردی مەکتەب مەعلوم کرێ.

ئەو هەیئەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٠ دا بۆ جێگیر کردنی وشەی ڕەسەنی کوردی بڕیاری مێژووی دا و لە ئاگادارییەک دا ڕایانگەیاند:

ئاگاداری

بە تەواوی زانایانی بەرزی کورد ڕادەگەیەندرێت، بۆ وەکارهێنانی وشەی کوردی کە تا ئەوڕۆ وەکارنەهێندراوە دەبێ لە پێش دا بە هەیئەتی فەرهەنگی پێشنیهاد بکرێ و لەوێ دا تەسویب و ئیجازەی وەکارهێنانی بدرێ وە کەس حەقی نیە وشە ڕۆنێ و دەکاری بێنێ.

هەر لە سەر ئەساسی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی و وەلانانی نێوی بلەوەز و خوێنمژانی کورد، لە ڕۆژنامەی ژمارە ١٠ی کوردستاندا هاتووە کە هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان لەگەڵ پێشەوا کۆبوونەوە و بڕیاری گۆڕینی ناوی قوتابخانەکانیان دا:

ئاگاداری

بە پێی دەستوری پێشەوا و ڕەئیسی جمهوری کوردستان لە ٢٤/١٠/٢٠ هەیئەتێك لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆببونەوە، پەسەند کرا کە مەدرەسەی پەهلەوی بە نێوی مەکتەبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرمانجی کوردستان نێودار بێ. خواهیش دەکەین لەو تاریخەوە بە نێوێکی کە پەسەند کراوە: (مەکتەبی کرمانجی) بناسن.

موبەلغی

پێشتر لە سەردەمی ڕەزاشا دا دوو خوێندنگەی سەرەتایی "پەهلەوی" و "سەعادەت" و ناوەندێکی سێ پۆلیی کە دەبیرستانی پێدەگوترا لە مهاباد کراوە. دەرس و وانەکان بە زمانی فارسی بوو و کوردیی قەدەغە بوو. قوتابیان بۆ درێژدان بە پلەی سەرەی خوێندن دەبووایە بچن بۆ شارەکانی ورمێ و تەورێز و لەوێ دیپلۆم وەربگرن.

یەکەم کاری دەوڵەتی خودموختار گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان بوو. لەوبارەوە ڕۆژنامەی ژمارەی ٣ ی کوردستانی ١٣٢٤ ئاماژە بە دەستووری پێشەوا دەکا و دەنووسێ:

"دەستووری پێشەوا ڕەئیسی جمهوری کوردستان لە ٢٠ ی ١٠ی ٢٤ دا هەیئەتێک لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆ ببوونەوە پەسەند کرا کە مەدرەسەی پەهلەوی بەنێوی مەکتەبی ئامانجی کوردستان نێودار بێ.

لەسەر دامەزرانی قوتابخانە، لە کوردستانی ژمارە ١٠ و ١١ دا وتاریک بە قەڵەمی مەلای داودی لە سەر چونییەتی دامەزرانی مەدرەسەی شەوانەی گەلاوێژ هاتووە:

لە سەر قەراری جەلەسەی سەیری تەواوییەتی ئەندامەکانی شاری کە لە ڕۆژی خەرمانانی٢٤ دا لە مەزرای تەنیشت پردی سوور کۆبونەوە لای ئێوارێ جەنابی ئاغای قازی محمد پیشوای موعەزمی کوردستان لە گەڵ چەندێک لە هاوڕیەیانی بۆ دیتنی چلوەنەتی سەیری برا ئەندامەکان و سەردانیان بە هاتنی خۆیان ئێمەی سەربەرز فەرمو. لە نێو وتارەکانیدا فەرموی ئەورۆکە بۆ ئێمە دانانی قوتابخانەیەک بە نێوی قوتابخانەی میللی پیویستە کە دەرسی زمانی دایکوبابی خۆمانی تێدا بکوترێ و لە بەرەوە وردە وردە بتوانین خەڵکی بینینەوە سەر ڕێیی ڕاست و لە خەویان وشیار کەینەوە.

مەلای داودی لە درێژەی وتارەکەیدا دەنووسی کە دوای فەرمایشاتی پێشەوا ئەو داوای کردوە ئەگەر یارمەتی بکەن زۆر زووە قوتابخانەیەک دادەمەزرێنێ و دەنووسێ:

لە شەوی ٢٤/٣/١٢ لە خانوی حاجی ئەحمەد گادانی مەکتەبەیەک بە نێوی "گەلاوێژ" دامەزرا.

مەلای داودی ناوی قوتابییەکان دەبا و دەنووسی چون دواتر لە شەوی ٢ی پوشپەڕی ١٣٢٤دا کۆبونەوە و تەئکیدیان لە سەر خوێندن کردۆتەوە. ئەو هەروەها باسی مامۆستاکان و ڕادەی یارمەتی ئەوان و چ کەسانیک یارمەتیان کردوە و هەروەها دەرسی کوردی و ڕوسی دەکا کە دەخوێندران.

مەلا داودی لە ژمارەی ١٠ و ١١ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بە وردی باسی دانانی ئەو قوتابخانەیە و چونییەتی بەشداری بە لێشاوی قوتابییان و یارمەتی خەڵک بۆ دابین کردنی کەرەستە و مانگانەی مامۆستایان و هەروەها یارمەتی پێشەوا و قاسم ئاغای ئیلخانی زادە و حاجی سەید عەبدوڵا تەهازادە دەکا.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٤٢ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوە، دەنووسێ کە لە ساڵی ١٣٢١ بە مووچەی ٧٢ تمەن بۆتە مامۆستانی دوا ناوندی قوتابخانەی ئیرانشار لە مەهاباد کە عەبدولعەزیزی مەلەوی بەڕێوەبەری بوو و مامۆستاکانی دیکە بریتی بوون لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەسووڵی میکاییلی، هاشمی شیرازی، هاشمی خەلیلزادە، سوڵتانی وەتەمیشی.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠ ئاماژەی بە خوێندنگەی گەلاوێژ کردوە و دەڵێت: هەول کەسیکی بو خویندن هیرشیان هینابو ئەو برایانە بون: عزیز- ئیبراهیمان- حسن حسنپور- محمد داودی- علی فرهادی- سید عبداله تەهازادە- حامید خسروی- سەدیق مەعروفی سەراج- هاشم موسا زادە- محمد داودی بوون و بو خوێندنیشیان دو ماموستا کاک سعید داودی بو گوتنی دەرسی زمانی کوردی و کاک ڕحمان تەلعەتی بو گوتنی ڕوسی داندران.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ١٧٣ی دەستنووسێ کتێبی قازی محەممەد دا دەنووسێ: هەروەها لە مەهاباد خوێندنگەیەک بە ناوی "پەهلەوی" هەبوو کە قازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناویان گۆڕی بۆ "مەدرەسەی کرمانجی کوردستان".

ئەو خوێندگایانە لە ژێر چاوەدێری دابوون و دوای دامەزرانی حیزب هەیئەتی فەرهەنگیی دامەزرا و دوو کەس بە پشکنەری خوێندنگەکان داندران و بڕیاریاندا منداڵانی هەتیو و بێ سەرپەرشت کۆبکرێنەوە و پێیانبخوێندرێ. هەروەها قوتابخانەی شەوانە بۆ گەورەکان داندرا.

مەلا داودی لە ژمارە ٦٥ی کوردستان دا هەر لە سەر قوتابخانەی گەلاوێژ گلێی لە عەشایری مەنگور دەکا و دەڵی کە هەرچەندە کە یارمەتییان بەو قوتابخانەی کردوە بەڵام تەنیا کاکە سواری مەنگوڕ کورەکەی ناردوە بۆ خوێندن. ئەو لە درێژەی نووسینەکەی دا ڕادەی قوتابیانی ڕۆژانەی گەڵاوێژ بە ٥٠٠ کەس و شەوانەش بە ١٠٠ کەس دەقەبڵێنێ.

بە پێی لاپەرەی٢١ی کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات لە نووسینی جەلیلی گادانی. لە ساڵی ١٣٢٤دا لە سەروبەندی دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕات دوو قوتابخانەی کوردی شەوانە یەک بە ناوی گەلاوێژ بە بەرپرسایەتی مەلا عەولای داودی کە بە مەلای حەجۆکێ بە ناوبانگ بوو ئەوی دیکە بە ناوی ئازادی، دامەزرا.

هەوڵدان بۆ دامەزارانی قوتابخانە تەنانەت لە قسەی نەستەقیش دا خۆی نوواند و بۆ دانانی مەدرەسە و قوتابخانان لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢ دا هاتووە: قسەی نەستەق

١ – هەرکەس مەدرەسێکی دابنێ، دەرکی زیندانێکی داخستووە.

وانەکانی قوتابخانەی گەلاوێژ، بە دوو زمانی کوردیی و ڕووسیی بوو و سەعید داودی بە کوردیی و ڕەحمان تەلعەتی بە زمانی ڕووسیی دەرسیان دەگوت. مامۆستایانی نیشتمانپەروەر بە تایبەتی ئی کوردستانی باشوور کە ئاوارەی مەهاباد بوون وەک مامۆستا قانع، محەممەد وردی، عەبدولقادر ئەحمەد عوسمان، عوسمان دانیش، جەمیل بهائەدین و ... قۆڵی هیمەتیان هەڵماڵی و بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک دەستیان بە فێرکردن و بارهێنانی قوتابی و نەخوێندەواران، کرد.

موحیبی مەهابادی لە سایتی ئینترنێتی دا لەژێر ناوی کەسایەتی عوسمان دانش دەنووسێ: "مامۆستا عوسمان دانش" ١٩٢٠/ ١٩٧٠ی زایینی، عوسمان کوڕی شەریف کوڕی سەعید، لە ساڵی ١٩٢٠ز لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، دواتر بەشداری چالاکییە نەتەوەیی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی باشوری کوردستانی کردووە، هەروەها پەیوەندی بە لقی کۆمەڵەی ژێکاف گرتووە لە شاری سلێمانی و ئەلقەی پەیوەندی نێوان لقی باشور و لقی سەرەکی کۆمەڵەی ژێکاف لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


عوسمان دانش

شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە لە سەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم دا، پاشان لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ساڵی ١٩٤٦ز دا، چووەتە مەهاباد و "لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دا لە هۆش خۆی چووە و کەوتووەتە سەر زەوی، سەرچاوەکان ئاماژە بەوەش دەکەن، کە عوسمان دانش ویستوویەتی لە سەر بینایەیەک، کە ئاڵای کوردستانی لە سەر هەڵکرا بوو خۆی فڕێ بداتە خوارەوە، لەو بڕوایەوە، کە وتوویەتی: ئەترسم ئەم بارودۆخە ئاوا نەمێنێت و منیش نامەوێت ئاڵای کوردستان ببینم بە داگیراوی"، ئەم تێکۆشەرەی کورد لە شاری مەهاباد بەشداری چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کردووە و لە قوتابخانەی گەلاوێژ وەکو مامۆستا وانەی بە منداڵانی کورد وتووەتەوە، دوای هەرەسهێنانی کۆمار، عوسمان دانش گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان و لە ڕۆژنامەکانی ژیان و ژین دا نووسین و هۆنراوەشی هەیە، دوا جار عوسمان دانش لە ساڵی ١٩٧٠ز، هەر لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە...

ئەو مامۆستایانە سەرەڕای ئەوە گیروگرفت و کێشەی تایبەتی خۆیان هەبوو بەڵام وەک کەسانی گەورەی نیشتمانپەروەر خزمەتی زۆریان بە میللەتەکیان کرد. بۆ نموونە مامۆستا قانع شاعیری گەورە و بە توانا کە لە سەیدەکانی ئاوایی "چۆڕ" ی کوردستانی باشوور بوو. بابی شێخ بوو بەڵام جێی بابی نەگرتەوە. بۆ کار هاتە مەهاباد و دەگەڵ قادری دەباغ ژوورێکیان لە کاروانسەرای سەید عەلی بە کرێ گرت. بەڵام کاری وەدەست نەکەوت و لە کاتی کۆماری کوردستان دا هەژار داوای لە پێشەوا کرد کە کارێکی بدەنێ. پێشەوا دەڵێ کە دەڵێن جاسوسی ئینگلیسانە و ١٠٠ ڕاپۆرت بە هەژار نیشان دەدا کە خەڵکی کوردستانی عێراق بە پیاو خراپیان زانیوە. سەرئەنجام قانیع لە ئاوایی باڵانیش کرا بە مامۆستا و دواتر بوو بە مامۆستای ئاوایی "کەلبە ڕەزاخان" و ئەگەر لێیان پرسیبا چکارەی؟ دەیگوت هام لە سەگی پێشەوا.

هەروەها لە قوتابخانەی کچانیش دا، مامۆستای ژن دەستیان بە دەرس گوتن کرد. مەریمی قازی لە وتووێژ لەگەڵ زارا مەنگوری، یەکەم قوتابی و هەروەها مامۆستای قوتابخانەی کچان لە مەهاباد، کە لە ڕۆژنامەی "پەیامی کوردستان" ژمارە ١٩ مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٨٤ (٣١ی دیسامبر ٢٠٠٥) بڵاوبوتەوە، لەسەر مامۆستا و قوتابیان دەڵێ: کتێبە کان نازانم لە کوێ ڕا هاتبوون ، هیندە دژوار نە بوون و زوریشمان گوێ نەدەدایە شەوانە لە مالی چاومان لێ دەکرد و فێری دەبووین و بە ڕۆژ دەمان گوتنەوە دوایە ش کە مەلا مستەفا و پێشمەرگەکانی هاتن سێ مامۆستایان دەگەڵ بوو کە دوویان ژن بوون، بە نێوی ″ شەرقی و غەربی″ و ئاغایەکێش بە نێوی ″ هەڵمەت″ کە زۆر باشیان یاریدە دەدان. دوایەش کە مەنافی کەریمی بوو بە وەزیری فەرهەنگ، ئاغایەکی دیکە لە لوبنان ڕا هاتەوە بە نێوی ئیبراهیم نادری کە ئینگلیسی و عەڕەبی و کوردی زۆر باش دەزانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە، وەجیها خانمی شوجاعی یەکێک لە مامۆستایانی دەرسی زمانی کوردی و فارسی سەردەمی کۆمار، دەڵی کە خەدیجە خانمی مەجدی و زارا خانمی مەنگوڕی و خەدیجەی باباسوری، مامۆستا بوون.

هەر لە چوارچێوەی پەرەدان بە کەسایەتی زمانی دایک، لە کۆماری کوردستان بڕیار درا، خوتبەی مزگەوتەکان بە زمانی کوردی بێ. لە ڕۆژنامەی ژمارەی ١٠ی کوردستان دا لەوبارەوە دەنووسێ:

هەوەل جارە کە خوتبەی جومعەی بە کوردی دەخوێندرێتەوە.

وەکو برایان هەموو دەزانن ساڵێکی تەواوە کە لەلایەن حیزبەوە دەستوور بە ئیمامی جومعە درابو کە خوتبەی جومعە بە کوردی بخوێندریتەوە و ئیمام لە پێش دا خوتبەکەی بە کوردی دەخوێندەوە و پاشان بە عەرەبی.

## چاپخانە

چاپ و چاپخانە نیشانەی سەرەکی پێشکەوتن و شارستانییەت لە هەر وڵاتێک دایە، بۆیە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەموو کات ڕێگربوون لە دامەزرانی ئەو دەزگایە لە کوردستاندا. بە قسەی نەوشیروان مستەفا لە کوردستانی عێراق کۆنترین چاپخانە ئەوە بوو کە مێجەرسۆن دوای تێکدانی حوکمدارێتی شێخ مەحموود (١٩١٩) لەگەڵ خۆی بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەی پێشکەوتن هێنایە سلێمانی. ئەم چاپخانەیە بوو بە هی حکومەت. هەموو ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموود و دوای ئەو بەمە چاپ کران. دواتر پیرەمێردیش چاپخانەیەکی کڕی و حەفتەنامەکانی "ژیان" و "ژین" ی پێ چاپ ئەکرد.


مامۆستا قانع

جگە لە چاپخانەی "بەلەدیە" یاخود "حکومەت"و چاپخانەی "ژین" تەنیا چاپخانە ئەوە بوو کە حسێن حوزنی موکریانی لە ڕەواندز دایمەزراند و بۆ چاپی گۆڤاری "زاری کرمانجی" و هەندێ نووسراوی تری کوردی کەڵکی لێوەرگرت. ئەو چاپخانانە هەمویان کۆن بوون و بە دەست بەکار ئەخران.[٣]

لە کوردستانی ئێران کۆنترین چاپخانە ئەوانی ورمێ بون، ئەوانەش هەندێکیان موڵکی میسیۆنێرە بێگانەکان بوون و ئەگەر دوای سییەکان چاپخانەش دامەزرابێ، هەم بچوك بوون و هەم بەرهەمی کوردییان پێ چاپ نەکراوە. لەبەرئەوە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد و چاپخانەی بۆکان بە ڕوداوێکی گرنگ دائەنرێ لە مێژوی ڕۆشنبیری و سیاسی کوردستانی ئێران دا. بەگەڕخستنی چاپخانەکە و

---

[٣] - حوزنی موکوریانی کوڕی سەید لەتیف خەڵکی ئینچکە لە نیزیک ئاوایی بوغدەکەندی سەر بە شاری بۆکان و دایک برای گیوی موکریانی بوو. ئەو پەرەوازەی ولاتان بووە. لە ئەستەنبوڵ فێری مۆر هەڵکەندن بووە و لە ئەرمەنستان و کوردستان تورکییە و عیراق بۆتە سەیاح و لە عێراق سەردەبیری رۆژنامەی "دەنگی گیتی تازە" بوو و بۆ یەکەمجار لە عێراق نووسراوەی کوردی بڵاو کردوە.

بە پێێ لاپەڕەی ١٢٥ی کتێبی چێشتی مجێور نووسینی مامۆستا هەژار، حوزنی لەسەرەتای شەڕی ئاڵمان لە سوریە لە رێگای روژنامەی رووناهی دڵی کوردانی خۆش کردوە. حوزنی لە بەغدا کارمەندی ئینگلیس بوو.

چاپکردنی ڕۆژنامەی کوردستان بە لای تێکۆشەرانی حیزب و گەورە پیاوانی کورد بە ڕووداوێکی ئەوەندە گەورە دائەنرا، ئەو ڕۆژە جێژنیان بۆ کرد. کوردستان خۆی لەو بابەتەوە ڕێپۆرتاژێکی نووسیوە.

یەکێکی دیکە لە کارەکانی حکومەتی خودموختاری کوردستان، دامەزرانی چاپخانەی کوردستان بوو و تا دامەزرانی کۆماری کوردستان، چەند گۆڤار و ٦ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە چاپ درا. لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ. ک دا، ئەو ڕێکخراوەیە چاپخانەیەکی دەستی چکۆلەی کڕی. دوایە لەسەردەمی دێموکرات دا دەوڵەتی ڕووس بە ناوی یارمەتی فەرهەنگی دوو چاپخانەی دا بە حیزبی دێموکرات. چاپخانە بچوکەکە درا بە شاری بۆکان و هەژار و حەسەنی قزڵجی چەند نەشرییە و نووسراوە و یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەڵاڵەیان پێ‌چاپ کرد. پێشەوا خەڵاتی کردن و کاغەزێکی زۆری دانێ. دواتر قزڵجی بە هاوکاری سەید محەممەدی حەمیدی، سێ ژمارەی دیکەی هەڵاڵەی لە چاپ دا.

کریس کۆچرا لە لاپەڕەی ٢٨٢ی کتێبی مێژووی کورد لە سەدەی ١٩ و ٢٠ دا دەنووسێ:

چەند دەزگا ماشینی چاپەمەنی کە قازی مەحەمەد لە شورەوێکانی وەرگرتبوو، بەوانە هێندێک ڕۆژنامە و کتێب چاپ بوو ...

مەناف کەریمی لە وتووێژی لەگەڵ گۆڤاری ژمارە ١٥ی ڕوانگەدا ئاماژە بەو دامودەزگایانە دەکا کە ڕووس دایان بە حیزی دێموکرات و دەنووسێ:

دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتیش دەزگایەکی چاپ و کاغەز و پێویستییەکانی و ١٢ ئوتۆمبیلی بارهەڵگری سەربازییان بۆ گواستنەوەی پێشمەرگە و کەلوپەلی سەربازیی دا بە حیزبی دیموکرات.

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە یەک، پێشەوا لە وتووێژ لە گەڵ ئاغای تەفەزولی و عەباسی شاهەند و بزورگی عەلەوی، لە مەهاباد، لە وڵامی ئەو پرسیارە کە چاپخانە و ئەسلەحەو لە باکۆیە ڕا هێناوە و حیزبی کومونیست و داناوە، پێشەوا دەڵێ:

ئەم قسانە کاربەدەستانی لەشکری بۆمان هەڵدەبەستن. ئەوانە ڕاست نین، کاغەز و چاپخانەمان لە تەورێزێ کریوە و ئێوەش دەتوانن لەو جێگای لێمان کڕیوە ئاگادار بن. تەشکیلی حیزبی کمونیست درویە ... حیزبێکی بە ئاشکرامان هەیە ئەویش فرقەی دێموکراتی کوردستانە.

هەرچەند پێشەوا لەو وتووێژەدا حاشا لەوە دەکا کە لە ڕووسان چاپخانەی وەرگرت بێ، بەڵام ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٧٢ دا ئاماژە بە نامەی قازی محەممەد بۆ بەرپرسانی سۆڤییەت دەکا کە داوای یارمەتی و چاپخانە و دامەزرانی نەخۆشخانە و مامۆستای زمان ... لە ڕووسان کردوە و دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ئەنجامی سەرکەوتنی دەوڵەتی سۆڤیەتدا لە شەڕی دووەمی جیهانی، تەواوی نەتەوەکان بە یارمەتی یەکیەتی سۆڤیەت لە ڕێگەی دیموکراسییەوە پارێزگاری لە ڕزگاری و مافی خۆیان ئەکەن. نەتەوەی کوردیش بە پشت ئەستووری بە یەکیەتی سۆڤیەت ئەیەوێت مافی خۆی لەژێر زوڵم و زۆرداری نەجات بدا.



کارگێرانی چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماردا

لە پاشان لە نامەکەدا قازی محەممەد داوای ئەم شتانەی خوارەوەی کردووە:

چاپخانەیەک بە کاغەز و یەدەکەوە بۆ لە چاپدانی چاپەمەنییەکانی ح.د.ك. دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی ۱۵-۲۰ لە مەهاباد بە جەڕاح و حەکیم و دەرمانەوە. دامەزراندنی قوتابخانەیەکی حەوت کلاسە کە ۱۵۰-۲۰۰ قوتابی بتوانن لەوێ بخوێنن. ناردنی چەند مامۆستا بۆ گوتنی دەرسی زمانی ڕووسی، ئێستگەیەکی ڕادیۆ، سینەمایەکی سەیار، کە لە دێیەکان بتوانێت فیلم نیشان بدات. لکێکی کۆمەڵی پێوەندی شارستانەتی لە مەهاباد ئاواڵە بکرێتەوە بۆ دانانی کۆنسێرت و نیشاندانی تیئاتر دەستەی ئارتێست بۆ مەهاباد بنێردرێت، ٤٠-٥٠ قوتابی کورد بۆ خوێندن لە بەشەکانی جیاواز قوبووڵ بکرێن.

بەدەستهێنانی چاپخانە ئاواتی گەورەی کاربەدستانی دێموکرات بوو. سەید محەممەد حەمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە ۳دا ئاماژەی بە ئامانجی حیزبی دیموکرات دەکا و دەنووسێ:

ئێمە کە بە دڵمان نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتشارات بین، ئەوا بە یارمەتی خودا نامەی کوردستان داندرا و هەول ژمارەی بلاوکرایەوە، ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە، دەیەوی قەڵایەکی ئاسنین لە اتحاد و برایەتی بێنێتە بەرەم کە بناغەکەی بەزانست و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هونەر و لەشساغی داندرابی و بتوانی دەگەل سیلاوی دووبەرەکی و بیدینی و هەمو جوره ڕەوشتیک کە بو سەربەستی زەرر و زیانی بێت بەربەرەکانی بکا، هیوامان وایە ئەم قەلایەی کە خەریکین قایمی بکەین، وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزیک نەتوانی بەربەرەکانی لەگەڵا بکات.

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣ چاپخانەیەکی گەورە لە مەهاباد دامەزرا و بەڕێوەبەرانی حیزب بە خۆشی ئەو کارە لە سەعاتی ٥ ی ئیوارێی ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٢٠ بە بۆنەی دەست بە کار بوونی ڕۆژنامەی کوردستان جێژنێکی بە شکۆیان گرت:

## جێژنی کردنەوە ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان

ڕۆژی ٢٠ ی ١٠ ی ٢٤ ساتی ٥ ی پاش نیوەڕۆ لە ئیدارەی ڕۆژنامە و گۆڤاری (کوردستان) بە موناسەبەتی کردنەوەی ئیدارە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان جێژنێکی بە شەوکەت گیرا. عولەمای ئەعلام و ئەعزای حیزبی دیمۆکرات و نوێنەرانی نوقاتی کودستان و توجار و موحتەرەمینی مەهاباد و زۆر لە ئاغایانی ئەتراف لەم جێژنەدا حزوریان بو. لە پێش دا جەنابی حاجی باباشێخ بە نوتقێکی کورت جەلەسەی ئیفتیتاح فەرمو و، لە زیمن دا لە جەنابی قازی محەمەد ڕەئیسی حیزبی دیمۆکرات و پێشەوای میللی و دینیی کوردستان زۆر تەمجید و تەحسینی کرد و فەرموی: "وجودی وی بو مە غەنیمەتە و هەر ئەو دەتوانێ کەشتی کوردستان لە نێو شەپۆلی سیاسەت دا بگەیەنیتە ساحیل." لە دوای ئەو، سەید محەمەدی تەهازادە معاونی حیزب لە لایەن پێشەوای مەعەزەمەوە خیر مەقدمی بە جنابی حاجی بابا شیخ و سایر موحترمین کە لە جلسەدا حزووریان بو و ئیزهار و مبارکبادی کردنەوەی ئیدارەی ڕوژنامەی لە هەموان کرد و:

١- ئاغای قادر مدرسی بە سەروکی بنگای چاپخانە و عەلی خسرەی بە مدیری داخلی چاپخانە موعرفی کرد.

٢- ئاغای سید محمدی حمیدی بە مودیر و سەردەبیری ڕوژنامە و گوواری کوردستان ناساند.

لە پاش وی ئاغای سید محمد حمیدی پاش خیرمەقدمی بە جنابی ئاغای حاجی باباشیخ عەرز کرد و مەراتبی تەشەکور و سوپاس گوزاری خوی بە حزووری عولەمای ئەعلا و سەرانی حیزبی و موحترمین گەیاند و وتی: ڕوژی بیستەمی مانگی بەفرانبار "دی ماە" ١٣٢٤ ڕوژیکە کە ئەستیرەی خوشبەختی کورد هاتوتە دەرەوشین لە نەتیجەی کوشش جەوانانی بەغیرەت و پیرانی ساحەب تدبیر توانیمان چاپخانەیەکی وا کە بتوانی دەگەل چاپخانەی شارانی گەورە بەرابەری بکا، بکرین و لە "مەهاباد" کە ئومیدەوارم لە ماوەیەکی کەمدا ببیتە هەوەل شاری تاریخی کوردوستان وەکارخەین. ئیمە کە سالها و بەلکو قەرنەهایە ئارەزومان دەکرد کە ڕوژی بتوانین بە زمانی شیرنی کوردی کە دەتوانی دەگەل زیندوترین زمانی دونیا بەرابەری بکا بخوینین و بنوسین و خاوەنی مەتبوعات و ئینتشارات بین، ڕاستی ئەم ئارزوە بو ئیمە خەیال بوو و باوەرمان نەدەکرد ڕوژی بتوانین بهینینە عەمەل، وەلی حەقتعالا مەرحمتی فەرمو خەیالی ئیمە سووڕتی عەملی بەخۆی پۆشی. هەوەل ژمارەی کوردوستان چاپ و بلاوکرایەوە. "بە هەر یەک لە حوزار ١ نوسخە ڕوژنامە پیشکەش کرا" ئیمە کە تا چەند سال لەمەوبەر هیچ ئیختیاراتمان نەبوو و حتی لباس دەبەر کردن و جولانەوەمان بە دەس خومان نەبوو ئیستا بحمدوالله بەند بەندی زنجیری ئەسارتمان پساند و تەواوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئموری کوردوستان بە دەستی خومان ئیدارە دەکەین و ئەوەتا ئەورو جیژنی کردنەوەی ئیدارەی ڕوژنامە و گووار و بلاوکردنەوەی هەوەل ژمارەی "کوردوستان"مان گرتوە و سبات دەکەین کە کورد هەر چەندە دووەلی ئیستعمار بو نابودی ئیمە و قوربانی مادی و معنومان دا و دیسان دەیدەن، قەت نەمردوە و هەرگز نامری و ئەم موفقیتە بە حەزرەتی ئاغای قازی محمد سەروکی حزبی دیموکرات و پێشەوای موعەزمی کوردوستان و جنابی ئاغای حاجی باباشیخ سەروکی دەولەتی خودمختاری کوردوستان تەبریک پێشکەش دەکەم و پێش کەوتنی تەواوی برایانی حیزبی و کارگەرانی چاپخانە لە خودا دەخوازم.

لە دوایدا بەم ترتیبە ئێحساسات نواندرا.

١- دوو نەفەر شاگرد مدرسەی سرودی ملی کوردوستانیان خویندەوە و زمنی سرودەکە یادئاوەریان زور لە پیاوە ڕابردوکانی کورد کرد و بەشیکی سرودەکە لە مدحی پێشەوای موعەزەی کوردوستان دا.

٢- ئاغای ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم لە ڕوئەسای مەنگورە وتی: مەنگور ئامادەیە تا ئاخر نەفەری دفاع لە کوردوستان بکا.

٣- ئاغای قاسم ئاغای ئیلخانی زادە کە لە ئەعزای قدیمی و محبوبی حزبی دیموکراتە نوتقێکی بەتینی دایر بە برایەتی و یەکیتی ئیراد کرد و لەو جەوانانەی کە لە سالانی پیشودا و حتی لە دەورەی ئیستبداد دا لە کاتیکا کە کورد هیچ ئومیدی ڕزگاری نەمابوو کوبونەتەوە و بو ڕزگاری کوردان هەولیان داوە سوپاس و قدردانی کرد و فەرموی "انفضل للمتقد".

٤- ئاغای سەدیق حیدری بیاناتیکی موهەیجی کرد و ئافرینی لی کرا. لەم ئانەدا کە حوزار لەنیو شادی و چەپلەریزان دا غرقی شادی بوون چرابەرق هەلبو و چاپخانە دەستی کرد بە کار و حوزار بو دیتنی چاپخانە بانگ کران. دەستە دەستە ئاغایان دەستگای چاپخانەیان دیدن کرد و جیژن ساتی ٧ ی پاش نیوەرو تەواو بو.

لە سەر دامەزرانی دەزگایی گەورەی چاپخانە لە مەهاباد محەممەد شاپەسەند دەڵی ئەو دەزگایە لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٥دا گەیشتە مەهاباد. دوو ئەندازیاری ڕووسی بۆ ماوەی ٢ حەوتوو خەریکی دامەزرانی بوون. لەو ماوەیە دا کرێکارانی چاپخانە خەریکی چنینی پیتەکان و ڕاهێنان بە کاری چاپخانە بوون. جیا لەوکارە شەوانە لە ماڵە موتەلیبی شێخ محەممەدی خەریکی خۆسازدان بۆ فێربوونی سروود بۆ ڕۆژانی جەژنی نیشتیمانی بوون.

سەعید ناکام دەڵێ ئەو چاپخانەیە توانایی دەرکردنی ١٥ هەزار نوسخەی لە یەک ڕۆژ دا هەبوو. کێشەی گەورەی چاپخانە نەبوونی کارەبای تەواو بوو و کاتێک دەست بە کار دەکرا، دەبوو چرای ماڵان و شەقامەکانی شار بکوژێتەوە. بۆ چارسەری ئەو وەزعە حیزبی دێموکرات هەوڵی دا هەم مەکینە بۆ شار پەیدا بکا هەم بۆ چاپخانە. پاش دوو مانگ مەکینەیەک بۆ چاپخانە ئامادە کرا.

سەعید زەرگەیی بە بۆنەی ئەو ڕۆژە شێعری داناو و لە کوردستانی ژمارە ٦ دا چاپ کراوە:

شوکر نەمردم من بەو چاوانە

لە کوردستان دا کانگای چاپخانە

...

بە پێی ڕۆژنامەی ژمارە ٢١ ی کوردستان لە مەڕاسیمی چاپخانەدا، مامۆستا هەژار لە مەودای دە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەقیقەدا پارچە شێعرێکی هەڵبەست و پێشکەشی بە بەشدارانی کرد و محەممەد شاپەسەندیش وتارێکی بە پێزی خوێندەوە. دوایە پێشەوا قازی محەممەد سوپاسی بەڕێوەبەران و کرێکارانی چاپخانەی کرد. ئەوجار بەشداربووانی ئەو ڕێورەسمە، ڕادەی ۲۹۰۰ تمەن و ۵۰ تەغار گەنمیان باربووی چاپخانە کرد کە لە لایەن سەید محەممەد حەمیدی سوپاسیان لێکرا. لیستی ئەو کەسانەی کە یارمەتیان داوە لە کوردستانی ژمارە ۸ دا هاتووە.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ۱۳۲٤/۱۰/۲۰ (۱۱ ژانوییەی ۱۹٤٦) لە چاپ درا. لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی خودموختاردا ٦ ژمارەی چاپ بوو کە ئاخرین ژمارە( ٦) بە ڕێکەوتی دووشەممە ۱ی ڕێبەندانی ۱۳۲٤دا بووە. هەموو ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئەم ژمارانە لە چوارچێوەی خودموختاری دایە و پێی لەسەر ئەوە داگیراوە کە ناوچەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕووس زیاتر لە چوار ساڵە کە خودموختارە. کارگێڕانی ڕۆژنامەی کوردستان بریتی بوون لە:

مەلاقادری مودەرەسی: سەر پەرەست

عەلی خوسرەوی: مودیری نێوخۆ

سەیدمحەمەد حەمیدی: سەردەبیری ڕۆژنامە

متەلیب شێخمحەمەدی: بەرپرسی بەشی فەنی

سەدیق عەلایی: بەشی فەنی

جەلیلی گادانی لە لاپەڕەی ٤٤ی کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات دا ناوی محەممەد شاپەسەند، سەعید ڕەزگەیی و عەزیزی نانەوازادە، ڕەحمان ڕەزگەیی، عەبدوڵای دەباغی، محەممەد زەبیحی، هێناوە بە بێ ئەوەی بەرپرسایەتییەکەیان دیاری بکا.

کاری دەزگای چاپخانە زەحمەت و سەخت بوو. بەڵام سۆزی نیشتمانپەرەستی کرێکارانی کورد، وایکرد کە بە باشترین شێوەی ئەو ئەرکە پیرۆزە ڕاپەڕێ. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ۱۰۱ کە لە ساڵی ۲۰۱۳ی زایینی لە پشتی ئاوێنەیەکی شکاو، لە مەهاباد دۆزراوە و باسی چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی ژنان بە سەرپەرەستی خانمی پێشەوا لە بونگای چاپخانە و ئیدارەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان دەکا. خانمی حەزرەتی پێشەوا لە نوتقێک دا داوی سەرکەوتنی بۆ میللەتی کورد کرد و دوایە بەرپرسی چاپخانە و ڕۆژنامە لە وەرامی بەیاناتی ئەودا گوتی: ئەم کارگەرانە لە تەواوی ڕۆژاندا بێ ووچان ۱٦ سەعات کار دەکەن و گەڵی ڕۆژی واش هەیە وەختی کارکردنیان دەگاتە بیست سەعات. ئەم کارگەرانە لەم فیداکارییە دا تەنیا دەیانەوێ پاش مردن دڵنیا بن کە لە ڕۆژگاری ژیاندا خزمەتێکی باشیان بە نیشتمانی خۆشەویست کردووە و بە ڕوو زەردی و بێ نێوی وەتەنی عەزیزیان بە جێ نەهێشتووە و دوایین ئارەزوومان پێشکەوتنی نیشتمان و ڕازی بوونی حەزرەتی پێشەوامانە، پاش چارەگێک ڕاوەستان و دیتنی ماشینەکان خانمی پێشەوا و هاوڕێکانی لە چاپخانە وەدەر کەوتن بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

هەر لەو ژمارەیەدا، کەسێک بە ناوی "ناکام" لە ژێر سەردێڕی "کارگەر، کێیە و چۆن بەڕێ دەچێ؟" دوای ئەوە ستراتیژی حیزب لەمەر زەحمەتکێش و کرێکاران دا ڕوون دەکاتەوە و جیاوازی نیوان ئەوان بە جوانی ئاشکرا دەردەخا، داوا لە ئاغا و دەوڵەمەندان دەکا کە لەگەڵ ئەوان بە شێوەیەکی مرۆڤانە بجوڵێنەوە. لەسەر کاری کرێکارانی چاپخانە و هەڵوێستی کەسانی خراپ "ناکام" دەنووسێ: ... دوێنێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەوێ لە چاپخانە بووم و لەکن کارگەرانی چاپخانە ڕاوەستا بووم دیتم ئەو لاو و مندالە پڕ لە حەماسەت و فیداکارانە لە سەرەدای شەوێ ڕا هەتا دوای نیوەشەویش بە پێوە بەرامبەری دەزگای پیتە (حڕووف) ە ووردەکان دەهاتن و دەچوون و بۆ هەر " ا " یەک یا "ب " یەک دوو سێ جاران دەستیان دە کونی دەزگاکان ڕوو دەکرد و پیتەکانیان پێکەوە دەنووساند. بە ڕێکەوت چرای ئەلکتریکیش کاری نەدەکرد. یەکی چرایەکی نەفتی یان لە پێش خۆیان دا نابوو...

بەڵێ حرووفچینی تەواو ببوو و ماشێنە پیرۆزەکەی چاپخانەی کوردستان کەوتە ناڵە ناڵ و ڕەشکردنەوەی پارچە قاقەزی سپی. هەتا ژمارەیەکی ڕۆژنامە هاتە دەر و مندالەکانی ئیدارەی ڕۆژنامە دە بن هەنگڵیان نا و لە سەر شەقامەکان بە هەڕا کردن دەیان قیژاند: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی نەوەت و نۆ. کەچی دوێنێ یەکێک لەو برا خوداپێداوانەی من و کارگەرانی چاپخانە یەکێک لەو ژمارانەی بە قرانێک کڕیبوو، چاوێکی پێدا خشاند و دە نێو دەستی دا گرمووڵەی کرد و فڕێی دا.

## چاپخانەی بۆکان

لە چاپخانەی بۆکان دا گۆڤاری "هەڵاڵە" و "کڕوگاڵی منداڵان" و "هاواری کورد"ی لە چاپ درا. یەکەم بڵاوکراوەی چاپخانەی بۆکان، مێژووی زنجیرەی شێخەکانی نەقشبەندیی بوو. لەم بارەیەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٤دا بە ناو و نیشانی "هەوەل دەرکەوتی چاپخانەی بوکان" هاتووە:

روژی ١٣٢٤/١١/٢٤ هەوەل دەرکەوتی چاپخانەی بوکان "سلسلەی مشایخی نقشبندی"مان وەدەست کەوت کە بو بە مایەی چاورونی و دلخوشی کارگەرانی ادارەی روژنامە و چاپخانەی کوردستان لە خودا دەخوازین، موئسسین و کارگەرانی چاپخانەی بوکان سەربەرز و لە خذمەتی ملیدا موفق بن.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی٨٧ چێشتی مجێوەر دا دەنووسێ: ناوی مەشایخی نەخشبەندیم بە شێعر هۆنیبۆوە، لە بۆکان چاپمان کرد هەزار نووسخە بە دووسێ ڕۆژ فرۆشرا. لام وابوو شێعرەکانیان پەسەند کردووە. دوایی دەرکەوت وەک نوشتە کریویانە و دە بەرگیان گرتووە بە کڵاویانەوە درووە.

قادری دەباغی لە لاپەڕەی ٥٧ کتێبی "ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژێ- کاف ئاماژە بە چەند بەیتی ئەو کتێبە دەکا:

کە سەردەستەی هەموو مەستانە خالید
نەمامی باخی کوردستانە خالید
فیدات بم نیشتمان بۆ شارەزوورت
ڕووناکە شام و ئەستانبووڵ لە نوورت

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەڵاڵە، لە ڕەشەمەی ١٣٢٤- کۆتایی فێبرواری ١٩٤٦دا بڵاکراوەتەوە. ئەنوەر سوڵتانی لە وتاری "بۆکان لە مێژوودا" لە سایتی ئینترنێت دا دەنووسێ: گۆڤاری "هەڵاڵە" یەکەم چاپەمەنییە کە لە بۆکان بڵاوکرابێتەوە. گۆڤارەکە لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) لە چاپخانەیەک چاپکراوە کە نەمر حەسەن قزڵجی بەڕێوەبەری بووە. شوێنی چاپخانەکە سەر حەوزە گەورەکەی بۆکان ڕووبەڕووی خوڕێنگ بوو کە دواتر کرا بە کارگەی قەندی نەمر حاجی قاسمی کەریمی. نەمر هەژاری موکریانی یاریدەدەری قزڵجی بوو لە ئامادەکردنی هەڵاڵەدا. یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ١٣٢٤- ١٩٤٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و سێیەم- واتە دوازمارەی لە بانەمەڕی هەمان ئەو ساڵەدا بڵاوکراوەتەوە ...

## بواری ئابووری کوردستان

لەم سەردەمەدا داهات و ئابووری کوردستان لە ڕادەبەدەر خراپ بوو. نەبوونی پارە، بۆ بە هێز بوونی دەوڵەتی خودموختار و بە ئەنجام گەیاندنی ڕێفۆرمی ئابووری و ئاوەدانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆسپی گەورە بوو . دەوڵەتی خودموختاری کوردستان بۆ دابینکردنی پێداویستی پێشمەرگە و بەڕێوەبردنی خوێندن و تەندروستی و ئاوەدانی و پەرەدان بە بوارەکانی فەرهەنگی، بە پێچەوانەی دەوڵەتی ئازەربایجان، هیچ شتێکی نەبوو. دەوڵەتی ئازەربایجان لە لایەن دەوڵەتی شووڕەوی و کارگا و کارخانەکانی نێوخۆیی ئازەربایجان یارمەتی پێدەکرا و هەروەها ئەو دەوڵەتە دەستی بەسەر پاشماوەی پووڵی زۆری سەردەمی حکومەتی پێشوو، لە بانکەکانی تەورێز دا داگرتبوو.

بە پێی لاپەڕەی ١٧٤ی کتێبی ڕەحیمی قازی، ژێرخانی ئابووری کوردستان لە مەهاباد بەمجۆرە بوو: ... لە شاری مەهاباد بانکی دەوڵەت بە تەنیا ٣٠ – ٤٠ هەزار تمەنی هەبوو، کە ئەمەش هەر ئەوەند بەشی مانگانەی مانگێکی کاربەدەستانی دایرەکان و مامۆستایانی قوتابخانەکانی دەکرد و جیا لە مە و هێندیک دەغڵ، هیچ شتێکی دەوڵەتی لە کوردستان نەمابوو.

ئاشکرایە کە لە هەر وڵاتێک دا، بۆ ئەوەی دامودەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی بتوانن کارەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن، پێویستە خەڵک لە داهاتی خۆیان بڕە پارەیەک بە دەوڵەت بدەن. بۆیە کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بە مەبەستی دارڕژتنی پلانێک بۆ پەیدا کردنی پووڵ لە ٢٤ی دیسامبری ١٩٤٥ دا، بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد، هەیئەتی ناوەندی نەتەوایەتیان کە هەموو نیشمانپەروەر و لێهاتوو بوون پێکهێنا. ئەوان لە یەکەم هەنگاویان دا، ڕیزە بڕیارێکی گرینگیان لەمەڕ باج ئەساتاندن و بابەتەکانی دیکە ئابووری دا، دەرکرد.

ئەو هەیئەتە تەواوی پارەی بانک و دەغل و دان و تووتنی عەنبارەکانی مەهابادی خستە ژێر چاوەدێری خۆی و شیرکەتی بازرگانی تەڕەقی دامەزراند. شیرکەتی تەڕەقی چەشنێک دەزگای ئابووری سوسیالیستی ڕەنگدانەوەی ئابووری شووڕەوی بوو کە بە پێی هەلومەرجی کوردستان پێکهاتبوو.

لەسەر قازانجی شیرکەتی تەڕەقی، ڕەحیمی قازی لەلاپەڕەی ١٧٦ دا دەنووسێ کە سەدا ٨٠ سەرمایەی شیرکەتی تەرەقی ئی گەل بوو و سوودەکەی لە لایەن هەیئەتی ناوەندی بۆ هێزی چەکدار و پەرە پێدانی فەرهەگ و تەندروستی و ئاوەدانی و شارستانی خەرج دەکرا.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥ ناوی ئەندامانی وەرگرتنی ماڵیات بەمشێوەیە هاتووە:
دەنگوباسی وڵات

بە دەستوری حیزبی دێموکرات کوردستان لە ڕۆژی ٢٤/١٠/٢٠ هێئەتی ماڵیات بەردەرامەد تەشکیل درا دەستی کردوە بە کار و هیئەت عبارەتە لە ئاغایانی ژێرو: ١ - ئاغای حاجی داودی ٢ - ئاغای حاجی شێربەگی ٣ - حاجی موتەلیب یوسفی ٤ - ئاغای قادر مودەرسی ٥ - ئاغای سەعید یوسفی ٦ - ئاغای ساڵح داودی ٧- ئاغای ڕەحیم لەشکری ٨ - ئاغای قاسم وەتەمیشی ٩ - ئاغای خەلیل ساوجبلاغچی ١٠ - ئاغای حاجی مراد مرادبەیگی ١١ - ئاغای حاجی عەزیزی پەریخانی ١٢ - ئاغای سەید عەلی حەسەنپوور



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٣ - ئاغای قاسم موجەڕەد موتەسەدی بەردرامەد ١٤ - ئاغای مەجید وەیسی ١٥ - ئاغای محەمەد سەعیدزادە.

وە تەسویب کرا هەوەڵ ماڵیاتی شاری وسووڵ لە پاشان دێهات دەست پێبکرێ.

بە پێی ڕۆژنامەی ژمارە ٥ ی کوردستان، داوا لە خەڵک کرا تا ماڵیات بدەن:

بە دەستووری حیزبی دموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ٢٤/١٠/٢٠ هەیئەتی مالیات بەردامەد تەشکیل درا و دەستی کردوە بە کار ...

و تەسویب کرا هەوەل مالیاتی شاری وەسووڵ لە پاشان دێهات دەس پێ بکرێ.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارەی ٦ ی ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا بە هۆی ئاغای عیلمی ڕەئیسی ماڵییەی شاری مەهاباد، لە ئاگادارییەک دا ڕاگەیەندراوە کە بە ئەمری ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بە وەرگرتنی ماڵیاتی ساڵانی ٢٣ و ٢٤ کراوە.

هەیئەتی ناوەندی نەتەوایەتی لەسەر وەرگرتنی باج بە شێوەیەکی زۆر عادڵانەی هەڵسوکەوت کرد کە ئەو کارە بوو بە هۆی ئەوە کە هەستی نیشتمانی هێندێک خەڵک ببزوێ و بۆخۆیان بە هەست بە بەرپرسایەتی و هەڵمەتی نیشتمانی، یارمەتی بە داموەزگای دەوڵەتی خودموختار بکەن. لە کوردستانی ژمارە ٣٧ دا لە ژێر سەردێڕی دەوڵەت دەتوانی موڵک و ئەساسییەی من هەڕاج بکا هاتووە: وەکوو لە کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیتلاعی دراوە بە دەستووری حیزب بە ژمارە ٩١٢،١٧٨-٢٣-١-١٣٢٥ لەبەر کەمیی بوودجە حوکم ئەرزیابی برای خۆشەویست ئاغای محەمەد ئەمین ڕەحیم زادە مولغا کراوە و زاتی نێوبراو کە نیشتیمانپەرەستی ویی لە هەموو کەس دیارە لە وڵامدا نامەیەکی لە کومیتەی ناوەندی نووسیوە دەواندا دەڵێ: ئەمن بە بیستنی جوملەی ″کەمی بوودجە″ زۆر دڵتەنگ و پەریشان بووم لەم کاتەدا سەهلە کە ئەمن شەخسەن و لە نەهایەتی ئیفتیخار دا کەنارەگیری دەکەم ئەگەر دەوڵەت ئیحتیاجی هەبێت دەتوانی ملک و ئەساسیەی من هەڕاج بکاو بە مەسارفی زروری بگەیەنێ ولە خوداش دەپاڕێمەوە کە زۆر زوو خەزێنەی دەوڵەت پڕ بێت و ئێمەش بە ئاسوودەیی لە ژێر سێبەری ئالای موقەدەش دا بژین و لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ژمارە ١١٤٧ -٢٥/١/٢٥ سوپاس و قەدردانی لێکراوە.

هەیئەتی ناوەندی، بابەتی ماڵیات و باج ئەستاندنی بە گوێرەیەک پەسەند کرد کە تەنیا لە عەشیرەت و خاوەن موڵکە گەورە و تاجرەکان پارە وەردەگیرا و دەبوو لە کاتی خۆی دا بیدەن. بە پیچەوانەی ڕابردوو ئەو باج ئەستاندنە خەڵکی فەقیر و هەژاری نەدەگرتەوە. جیا لەمانە ڕێبەرایەتی حیزب توانی باربوو و پێشکێش کردن بکاتە ئەرکی نیشتمانی و زۆربەی خاوەن موڵک و تاجرەکان، بە چەندین جار یارمەتی گەورەیان بە داموودەزگاکانی دەستەڵاتی کرد.

دیارە لە زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانی کوردستان دا ناوی کەسانی فەقیر و دەوڵەمەند هاتووە کە یارمەتییان داوە. بەگشتی باربوو کردن و یارمەتی بە دەستەڵاتی کورد، وەک ئەرکێکی موقەدەسی نیشتیمانی لێهات بوو و دەوڵەمەند فەقیر بە پێی توانایی خۆیان یارمەتییان کرد.

بێشک کەسانێک خۆیان لە دانی باج دەبوارد بەڵام لە لایەن هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی پارەیەکیان بۆ دیاری دەکرا و لێیان دەستێندرا. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٧٨ دا ئاماژە بە میرزا ڕەحمەتی شافعی دەکا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە تاجرێکی گەورەی مەهاباد بوو و دەنووسێ کە ڕادەی ١٠٠ هەزار تمەنی لی ئەستێندرا و بۆ پێشمەرگە و هێزی بارزانی خەرج کرا.

## بەشی نەخۆشیی لە دەوڵەتی خودموختاردا

لەگەڵ گشت ئەو کارە سەرەکییانە هەوڵدان بۆ دامەزرانی نەخۆشخانە و دابین کردن دوکتور و دەواو دەرمان لە حکومەتی خودموختار دا هەنگاوی گەورە هەڵگیرا و ڕێبەری حیزبی دێموکرات لە بواری سڵامەتی خەڵک بەرپرسانە جووڵاوە و هەرچی لە توانایان دابوو کردیان.

دیارە ئەوکات بە هۆی دواکەوتوویی و پیسی و نەبوونی دەوا و دەرمان، مەترسی گەورەی نەخۆشی گشتگیر لە ئارادا بوو. چونکە دەوڵەتی خودموختار نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک بوو، بە هۆی خەڵک، دەوڵەت و حیزبی دێموکرات لە هەموو مەترسی پەرەگرتنی نەخۆشی ئاگادار دەکران. بۆ نموونە لە کوردستانی ژمارە ٦ دا ئاوا هاتووە:

نووسراوەیەک بە ئیدارە گەیشتووە لە بۆکانەوە

نووسراوێک بە ئیدارە ڕۆژنامە گەیوە کە گۆیا نەخۆشی (تیفوس) لە شاری دا پەیدا بووە، تکا دەکەین هێئتی بەرزی حزبی دێموکرات بۆ ڕزگاری خەڵکی و لەبین بردنی ئەو نەخۆشیە قەدەم هەڵێنن.

جێا لەو کارانە، کاری هەرە گرینگی دیکەی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان، دیاری کردنی ڕەمزی نیشتمانی و وەک نەخشە و ئاڕم ... بوو. یۆسفی قازی لە لاپەڕەی ٥٤ ی کتێبی "ڕۆزنامەی تاریخ" دا بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی حیزبی توده " از ڕیاست جمهوری تا چوبەی دار" دەنووسێ کە قازی محەممەد ڕۆژی ٢٢ی ئازەر نەخشەی کوردستان و گەڵاڵەی سەربەخۆیی لە نیو خەڵکی مەهاباد دا بڵاو کردەوە و ٣٠٠ کەسی چەکدار کرد.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٦٤ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوەتەوە، باسی گەڕانەوەی خۆی لە باکۆ بۆ مەهاباد دەکا و لە سەر وەزعی مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٤ و جیاوازی لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان دەنووسێ: ڕۆژی دووی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٤ گەیشتمەوە مەهاباد. لێرەش ئاسەواری حوکمەتی تاران نەمابوو. شارەوانی بەدەست حیزبی دیموکراتەوە بوو و کاربەدەستەکانی هەموو کورد بوون. شارەکە لە ناوچەیەکی سەربازی دەچوو. خەڵکی چەکدار دەهاتن و دەچوون، بەڵام تەناهی و سەقامگیری بەسەر شارەکەدا زاڵ بوو. دیار بوو کەس نیگەران نییە لەوەی ئەو هەمووە چەکە بەدەست خەڵکەوەیە. خەڵکی بازاڕ و دووکاندار خەریکی کار و کەسابەتی خۆیان بوون. ئێرە سەربازی سۆڤیەتی لێ نەبوون. عەشایر سەرلەبەر کەوتبوونە گەڵ حیزب. ڕێکخراوی لاوانی حیزب یەکێك بوو لە ناوەندە هەرە سەرنجڕاکێشەکان. قەت وا نەبووە لاوان ئەوەندە بە کەفوکوڵ بن. هەرگیز نەبیزابوو لە کوردستان تەواوی چین و توێژەکان بە شاری و گوندی و عەشایرەوە ئاوا پێملی یەك کەس بن. بە ڕاستی قازی محەممەد پێشەوایەکی بێهاوتای کوردستان بوو.

دزی و ڕێگری و ملهوڕی و شەڕاشۆیی زۆر کەم ببۆوە. تاقە کێشەیەکی لە ناوچەکەدا هەبوو، ئەوە بوو خەڵك حەوجێیان بە هێندێ شتومەکی پێویست هەبوو، کە دەبوایە لە دەرەوەی کوردستانەوە دابین بکرێن، یەك لەوانە لەو ناوچەیە نەوت و بەرهەمەکانی دەست نەدەکەوت. سەرەڕای ئەوەی هیچ کام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەڵسووڕێنەرانی سەرەتای کۆمەڵەی ژێکاف لە ڕێکخراوە تازەکەی حیزبی دیموکراتدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام جۆرێك یەکیەتی و هاودەنگی لە سەرانسەری کوردستاندا هەبوو.

هەر لەوبارەوە ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٨١ کتێبەکەیدا، دەنووسێ: ... لێرە دەتگوت خەڵک بۆ پەسڵان و ڕابوونەوەیەک ئامادەن. لێبڕاو و بی ترس، ئەو شتەی کە لە ئازەربایجان نەمدی. بە دڵنیاییەوە دەمار گرژی نییە. ئەوەی دیتوومە ئەوە دەنووسمەوە. لەو ماوەیەدا کە لە مەهاباد بووم، نە بە ئاشکرا و نە بە نهێنیش هیچ دژایەتێکم بەدی نەدەکرد.

ڕەحمانی حەلەوی لە درێژە دا دەنووسێ: ... ئەو بیرباوەڕ و یەکگرتوویەی کە لە مەهابادێ دیتم، لە ئازەربایجان بەدی نەدەکرا. حکوومەتی فیرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجان سەرلەبەر جڵەوەکەی بە دەست حکوومەتی ئازەربایجانی سۆڤییەتەوە بوو، لە حاڵێکدا لە کوردستان وانەبوو.

دامەزرانی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان بەرهەمی زیرەکی و وشیاری ڕێبەرانی حێزبی دێموکرات بە تایبەتی قازی محەممەد بوو. قازی محەممەد توانی کەمێک لاگیری ڕووسان بۆ لای کورد ڕاکێشی و لە نەبوونی هێزی لاوەکی لە ناوچەدا، بە قازانجی میللەتەکی کەڵکی تەواو وەرگرێ.

بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکی گشتی لەسەر کارەکانی حکومەتی خودموختار وەدەست بێ، چاوخشاندنێک بەسەر وتووێژی پێشەوا کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارەی ١ پێنج شەممو ١٣٢٤/١٠/٢٠- ١١ ژانویەی ١٩٤٦، لەژێر سەردێڕی "گفتوگۆی جەنابی قازی محەممەد" لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئێرانی، بە پێویست دەزانرێ:

گفتوگۆی جەنابی قازی محەمەد

پێشەوای بەرزی کوردستان دەگەڵ خاوەنانی ڕۆژنامەی تاران

هێندێ لە مودیرانی جرائدی تاران: ئاغای تفضلی خاوەنی ڕۆژنامەی "ایران ما" ئاغای عەباس شاهەندە خاوەنی ڕۆژنامەی "فەرمان" ئاغایانی بزرگ علوی و هەموو نووسەرانی دوو ڕۆژنامەی "رهبر و ایران ما" بۆ ئاگاداری لە وەضعی کوردستانی خودموختار هاتنە مهاباد و لەگەڵ جەنابی قازی محەمەد ڕهبەری میللەتی کورد یەکتریان دیت و گفتوگۆیان کرد. بۆ ئاگاداری خوێندەوارە بەرزەکان یەک یەک پرسیاری ئەوان و وەرامی جەنابی قازی دەنوسی:

پرسیار- لە تاران دەڵێن کوردان بە ڕەهبەری جەنابت جوێبونەوە و ئیستقلالی کوردستانیان دەوێ، ئایا ڕاستە؟

وەرام- خێر ڕاست نیە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئیجرای قانونی ئەساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بە خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێراندا بژین و خودموختاریشمان وەگیر کەوتووە.

پ- چەند وەختە ئەنگۆ خودموختارن؟

و- چوار ساڵە خودموختاری داخلیمان هەیە.

پ- چلۆن خودموختاری خۆتان هەڵدەسوڕێنن؟

و- لەو وڵاتەی کە توانیومانە خودموختاری نێوخۆمان دەکار بکەین دەگەڵ نوێنەرانی گەورەی میللی کورد کە چەندێک لەوەی پێش لە مهاباد حازر بوون، ئینتخاباتمان کرد و هەیئەتێکی نۆ نەفەری بە نێوی هەیئەتی میللی هەڵبژێردران و سەرۆکی ئەو هەیئەتە بە خۆمە.

پ- له تاران دەڵێن جەنابت چەند کەست بۆ باکۆ ناردوە لەوێ چاپخانە و کاغەز و ئەسلەحەیان هێناوە و تەشکیلی حزبی کۆمونیست و داوە، ئایا ڕاستە؟

و- ئەم قسانە کاربەدەستەکانی لەشکری بۆمان هەڵدەبەستن و ئەوانە ڕاست نین. کاغەز و چاپخانەمان لە تەورێز کڕیوە و ئێوەش دەتوانن لەو جێگایەی لێمان کڕیوە ئاگادار بن، تەشکیلی حزبی کۆمونیست درۆیە، شتێک هەیە ئێمە لە کوردستان دا هەر وەکو قانونی ئەساسی ئێران ئیجازە دەدا خەڵک بە تەواوی مەعنی ئازادی عەقیدەیان هەیە و حزبێکی بە ئاشکرامان هەیە ئەویش فیرقەی دیموکراتی کوردستانە.

پ- ممکن دەبێ کە مەڕامی فیرقەی دیموکراتی کوردستانمان بۆ بەیان بفەرمووی؟

و- بەڵێ ممکنە بە کورتی مەرامی فیرقەی دیموکراتی کوردستان بۆنگۆ بەیان دەکەم:

١- میللەتی کورد لە ئێران دا لە هەڵسوڕاندن و پێک هێنانی کاروباری جێگای خۆی ئازاد بێ و لە سنوری دەوڵەتی ئێراندا بە ئازاد بژی.

٢- بتوانێ بە زمانی کوردی بخوێنێ و لە وەڵاتی کوردستان کاروباری نوسین لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا بە کوردی بێ.

٣- ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی کوردستان وەکو قانونی ئەساسی دەڵێ جێبەجێ داندرێ- لە هەموو کارەکانی اجتماعی و دەوڵەتی دا چاوەدێری بکا و پێ ڕابگا.

٤- مەئمورینی دەوڵەتی هەر دەبێ لە خەڵکی محل بێ و بەپێی قانون لە نێو ڕەعیەت و مالیکدا سازیش بەجێ بێ کە دوا ڕۆژی هەردوکیان تەئمین بکرێ.

٥- حزبی دیموکراتی کوردستان سعی بکا کە میللەتی ئێران هەموو بە برایەتیو بەرانبەری بژینو بۆ خۆشبەختی و تەرەقی میهنی خۆیان سعی بکەن.

پ- حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو وڵاتی کوردستاندا تەشکیلاتی هەیە؟

و- فیرقەی دیموکرتی کوردستان لە هەموو جێگایەک کە دەوڵەتی دیکتاتۆر و ئیرتجاع ئیجازەی دابێ بە ئاشکرا لکی هەیە و لە جێگای دیش بە دزییە و دەگەڵ هەموو کوردانی ئێران پەیوەندمان هەیە.

پ- فیرقەی دیموکرتی کوردستان لەگەڵ کوردی غەیرە ئێرانیش پەیوەندی هەیە ئایا یەکیەتی تەواوی کوردانو دەوێ؟

و- خێر بە هیچ وجە.

پ- ئەنگۆ دەڵێن ئێمە دەمانەوێ قانونی ئەساسی لە ئێراندا بەکار بهێنرێ ئەگەر داوای ئێوە لەگەڵ قانونی ئەساسی بەرانبەری نەکا چی دەکەن؟

و- بەڵی فیرقەی دیموکرت دەکارهێنانی قانونی ئەساسی و دیموکراسی ئێرانی دەوێ و هەر وەخت داواکانی مە لەگەڵ قانونی ئەساسی کە بە خوێنی گەلێکی زۆر لە پیاوە ئازادیخوایەکان تەواو بوو ئێمە قانونی ئەساسی ڕادگرین.

پ- فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە هەڵبژاردندا بە ژنانیش حەقی ڕای دابوو ئایا ئێوەش ئەو کارەو کردوە؟

جواب- ئەمن دەگەڵ وەی کە ئەو کردەوەی ئازەربایجان بە چاک دەزانم دەبێ عەرزتان بکەم کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە ئەو موفقیەتەمان بۆ ساز نەبوو.

پ - ئەو مدەی چوار ساڵەدا کە ئێوە خودموختاری خۆتان خەبەر داوە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی گفتوگۆ بووە یان نا ئەگەر بووتانە چلۆن بووە؟

و- ئەمن دوو کەڕەت بۆ تاران چووم و هەردووک جاران داوای خەڵکی کوردستانم بە عەرزی ملوکانە گەیاندوە و داوام کرد: لە باتی تۆپ و تانک بۆسەر کوردکان، کە حەقی خۆیان داوا دەکەن، دەستور بدەن بهداری و فەرهەنگی وان چاک بکەن. ئەمانە نتیجەی نەبوو ئەگەر دەوڵەت بیهەوێ لەوەی زیاتر کەم ڕەحم بێ، ممکنە لێرەڕا کار سەرچاوە بگرێ کە: ئەمە بتوانین ئازادی و دیموکراسی بۆ تەواوی میللەتی ئێران تامین بکەین.

پ- دەڵێن گەلێک لە کوردی عێراق بە ئەسلەحەوە هاتوونە ئیران و لیرەدا لەژیر حمایەتی ڕووسەکاندا دەژین و ئازووخەیان بۆ داندراوە، ئایا وایە؟

و- گەلێک لە عێراقەوە پەنایان وەمە هێناوە و لەم دەوروبەرەش مەئموری شوڕەوی نیە تا کۆمەک بەوان بکەن.

پ- لە نێو کوردستان حیزبی کۆمەڵە هەیە؟

و- کۆمەڵە یانی حیزب و شتێکی واش لە ئێران دا نیە فەقەت لە عێراق حیزبێک بەو نێوە هەیە ئەما بەمە مەربوت نیە.

## بەشی ٢٤

## ئامادەکاری بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان

قۆناغی تێپەڕاندنی خودموختاری بە سەربەخۆیی دەورانێکی سەخت و دژواری دیپلۆماسی کورد بوو. لەسەر ڕوانگەی نەتەوایەتی و ویستی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان بە وردی لە بەڵگەنامەکان نەکۆڵدراوەتەوە و زۆر نووسەر ئامانجەکانی کۆماری کوردستانیان بە خودموختاری هەلسەنگاندووە و ئاگاداری ئەو ئالوگۆڕە گرینگانە نین کە لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات دا پێکهات. بناغەی کۆمار لەسەر بنچینەی دەوڵەتی خودموختار دامەزرا کە بە پێی هەلومەرجی ئەوکات، دامەزراوەیەکی تایبەتی و کۆپییەی کۆمارەکانی خودموختاری وڵاتی شووڕەوی بوو.

جیاوازی دەوڵەتی خودموختار لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری کوردستان، لە ڕاگەیاندنی ڕەسمی دا بوو. دەوڵەتی خودموختار، بە هەڵکردنی ئاڵا و دیاری کردنی هیمای نەتەوەیی و دامەزرانی بناغەی هێزی پێشمەرگە و قوتابخانە و چاپخانەی کوردی و دیاری کردنیماڵیات، یارمەتی سەرەکی بە داڕشتنی بناغەی دەوڵەتی کۆماری کوردستانی کرد. بۆیە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ڕاستی دا بەردەوامی کارەکانی دەوڵەتی خودموختارە لە بەریزترین پلەی ویستی نەتەوەیی میللەتی کورد دا.

وتار و قسە و نوتقەکانی پێشەوا و ڕێبەرانی حیزب، ئەو ڕاستییە نیشان دەدا کە بیری سەربەخۆیی کوردستان، هەموو کات لە هەموو قوناغەکان دا ئاواتی سەرەکی ئەوان بووە و تەواوی ئەو کار و کردەوانەش کە کراون لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجە بووە. ئاماژە کردن بە قسەکانی پێشەوا لە مزگەوتی سوور کە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٢ ی ساڵی ١٣٢٤ دا بڵاو کراوەتەوە ئەو ڕاستییە نیشان دەدا:

کورد دوو سەد ساڵە بۆ وەرگرتنەوەی ئازادی هەوڵ دەدا، لە جەنگی بەینولمیلەلی ڕابردوودا کوردیان پتر لەت لەت کرد، بەشێک بە عێراق و بەشێک بە سورییە و بەشێک بە ڕووسیە و بەشی زۆریشیان بۆ تورکیە و ئێران هێشتەوە و ئەم کارانە هەستی سەربەستی کوردانی نەکوژاندەوە و کوردانی تورکییە و ئێران و سوورییە زۆر لە پێشدا بۆ ئازادی هەڵستان. دوژمنەکانیش دەستیان کرد بە کورد کوشتن، ئەگەر کوردانی بەدرخانی پرش و بڵاو کران بابانەکان و ئەردەڵانەکان واردی مەیدانی کارزاری ئازادی کوردان بوون، شێخ عوبەیدیللا، شێخ سەعید، سمایل ئاغا، کوردانی تورکییە و ئارارات قیامیان کرد و چەند هەزار نەفەر لەو قیامانەدا لەناو چوون و نەتیجە بەدەس نەهات و ئەم ڕادمەردانە گشتیان لەسەر ئازادی مردن.

بە پێی ڕۆژنامەی ژمارە ٣٠ کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ پێشەوا لە جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلال کە بە هۆی ئاغای جەعفەری کەریمی پێکهات، زۆر بە ڕوونی ئامانجی سەربەخۆیی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:

ئاغای جەعفەری کەریمی ئیشاڕاتێکی بە وەزعی کوردستان کرد کە ئیحتیاجی معارف و قشونە. دەبێ هەموو ئاغایان لە وەختی تەنزیمی بوودجەی مەعارف و قشوون حزوریان ببێ. ئەوڕۆ کە ئەمە ئیستقلالمان دەوێ پێویستە کە هەموو کارێک خۆمان جێبەجێ بکەین. ئەوەڵێ ئیدعای خۆمان کرد کە

له حدودی دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریمان دەوێ یانی ئێران ئیحتیاجی مە ڕەفەع بکا و میللەت کارێ بکا. دوو دەفعە لە لایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم کە لە ئازەربایجاندا گرێمان هەبێ. ئەمن پێشنهادی وانم قبووڵ نەکرد. چوون میللەتی کورد چوارساڵە کە خودموختارە و داوای ئیستیقلال و تێکخستنەوە تەواوی خاکی کوردستان دەکا. زۆرم پێ‌گران بوو کە لەو حەقە دەست هەڵبگێرێ و ئێحساساتی ئێوە مانعی ئەوەی بوو کە ئێمە بە خودموختاری ڕازی ببین. چوونکوو کە مدەی ئەو چەند ڕۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی ئێوە نوواندوتانە وێنەیەکی حەساس و کاملە و دەبێ دنیا بزانێ کە کورد لیاقەتی ئیستیقلال و سەربەخۆیی هەیە.

بۆیە پێویستییەکی مێژوویی بوو کە نەتەوەتی کورد، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری دا، بە فەرمی سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ و ئاواتی لە مێژینەی بێتە دی. بۆ ڕاگەیاندنی کۆمار هەوڵی زۆر درا و زەحمەتی زۆر کێشرا ئەو کارە ئاسان نەبوو و کارێکی گەورە و چەتوون بوو. دەوڵەتی ڕووس وەک دۆست و پشتیوانی سەرەکی کۆمار ڕازی بە مانۆڕی وا گەورە نەبوو. کاربەدەستانی گەورەی ئازەربایجانی سەروو وەک نوێنەری ڕاستەوخۆی دەوڵەتی شووڕەوی و پشتیوانی سەرەکی ئازەربایجانی خواروو، نەیاندەتوانی ویستەکانی تورکانی تەورێز بە هێند نەگرن و ڕازی بە هەموو داواکارییێکی کورد بن. دەوڵەتی ئازەربایجان هەموو مەڵبەندی کوردانیان بە ئی خۆیان دەزانی و تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئازەربایجان دا، ڕازی بە هێندێک دەسەڵاتی ناوچەیی بۆ کوردان بوون. بە هۆی تێکەڵاوی و بەستراوەیی ئازەربایجانی خواروو بە ئازەربایجانی سەروو، هەر داوا و داوخوازییەکی کورد لە شووڕەوییەکان، دەبوو لە پێش دا بەرژەوەندی تورکان وەبەرچاو بگیردرێ. ئەو ڕواڵەتە تورکانی بە سەر کوردان دا غەڕڕە کرد بوو و ئەگەرچی تەورێز بۆخۆی بە ڕووسانەوە بەسترابۆوە، بەڵام لەسەر کوردان کەڵەوەکێشی و ملهوڕی دەکرد. ڕیچارد ئەی مۆبلی لە لاپەڕەی ٦٧ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە ئەگەرچی قازی محەممەد لە مانگی ئووتی ١٩٤٥دا ڕووی لە کاربەدەستانی پلەی خوارووتری شووڕەوی نابوو، وا وێدەچوو دەستەڵاتدارانی بەرزی ئەوێ ئاگایان لەوە نەبوو بێ کە ژێردەستەکانیان پێشنیاری قازی‌یان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی پەسەند کرد بێ. ڕەزایەتی هاسانی شووڕەوییەکان لە باکۆ، لەگەڵ ئەوەشدا، دەیسەلمێنی کە دێموکراتەکان سەرچاوەی ڕاستەقینە بوون بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ (پێشنیارێکی) ئەوتۆ. بەلانی کەمەوە، ئەگەر ئەو باسە لە لایەن کاربەدەستانی شووڕەوی ڕا دەستبەجێ بە هێند نەگیرابا، وێناچێ ئاوا بە هاسانی لە باکۆ ملیان دابا. دۆش دامانی دێموکراتەکان بەوەش ڕا دەردەکەوێ کە دواتر پیشەوەریش لەو لێدوانە سێ قوڵییە دا بەشداری کرد کە لە لایەن شووڕەوی ڕا ڕێکخرابوو بۆ ئەوەی بزانن بۆچی کوردەکان بڕیاریان دا سەربەخۆیی ڕابگەیەنن. کۆنسوولی شووڕەوی کراسنیک بە بیستنی بووچوونی کوردەکان، باسەکەی دیزە بە دەرخۆنە کرد و لەسەری نەڕۆیی. لەگەڵ ئەوەش دا دێموکراتەکان هەروا ناڕازی بوون و پاش چەندین حەوتووش دوای ڕاگەیاندنی کۆمار لە ژانوییەی ١٩٤٦دا، بە ڕەسمی ددانی بە مەهاباد دا نەهێنا.

کۆی ئەو باسە لە لاپەڕەی ١٣٢ی کتێبی ویلیام ئیگلتۆن دا دەردەکەوێ کە لەسەر ڕاوبۆچوونی کاربەدەستانی ڕووس لە حاست ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان دا دەنووسێ: ... یرماکۆڤ نوێنەری ڕوسەکان لە تەورێز ئاگاداری هەستی خەڵکی کوردستان بەر لە ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ بوو. ئەو لە ئۆتۆمبیلە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیپەکەیدا لە نزیک چوارچرای مهاباد شاهیدی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسم و جەژنی دووی ڕێبەندان بوو. یرماکۆف لە ڕۆژی یەکەمەوە بەتوندی دژی ئازاد بوونی ناوچەیەک لەژێر ناوی کوردستاندا بوو، بەڵام گفتوگۆ و دانیشتنەکانی لەگەڵ قازی محەمەد، بە ڕادەیەکی زۆر ژەنەڕاڵ ئاتاکیشیۆڤی ڕازی کردبوو کە کاتی پێکهاتنی ئەو ڕووداوە، پیشەوەریی دژی نەوەستێت.

لەسەر ڕوانگەی کاربەدەستانی تەورێز سەبارەت بە مەهاباد، ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ٧٨ ی کتێبەکەی دا باسی هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد دەکا کە لە کۆبوونەوەی پارلمانی ئازەربایجان لە دیسامبری ١٩٤٥ دا وەک دەستەیەکی نوێنەرایەتی یەک لە شوێنەکانی هەڵبژاردن کۆماری دێموکراتی(ئازەربایجان) وەرگیران، نەک وەکوو نوێنەرانی گەلێک بە ستاتووسی یەکسانەوە.

دەوڵەتی ئازەربایجان هەموو کردەوەکانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستانی لە ژێر چاوەدێری دابوو و زۆر جار بە ناهەق لە دژی بڕیاراتی کورد ڕادەوەستان. کاتێک کە لە کۆتایی مانگی دیسامبر دا، قازی محەممەد ڕازی بە دیاری کردنی یەک لایەنەی فەرماندار لە لایەن ئازەربایجانەوە بۆ میاندواو و ڕەزائییە نەبوو و هەوڵی دا کە ئەو شارانە وەک شاپوور، سندووس و تکاب، لە ژێر کونترۆڵی کوردان دابێ. پیشەوەری وەدەنگ هات بوو و ڕێکەوتنامەی باکۆی بە بیر قازی هێنابووە. لە ئاخردا هەر دووکیان بۆ چارەسەری کیشەکان ڕوویان لە ڕووسان نا.

کێشەی ئازەربایجان و کوردستان شاراوە نەبوو و بە پێی لاپەڕەی ٣٢١ کتێبی "کورد و کوردستان" ی کەماڵ مەزهەر، فایلی ژمارە (٥٢٧٠٢/٣٧١) وەزارەتی دەرەوە بریتانیا کە لە ١٧٢ لاپەڕە پێکهاتووە، باسی کێشەی پێشەوا و پیشەوەری دەکا کە ئازەرییەکان ویستوویانە، کوردستان ناوچەیەکی خودموختاری ژێر دەستەڵاتی ئازەربایجان بێ.

لە درێژەی ئەو بابەتە دا، بە پێی لاپەڕەی ٧١ی کتێبی مۆبلی، کۆنسوولی ئەمریکا "ڕۆسۆ"بە ڕێکەوتی ٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ دا باسی دیداری خۆی لەگەڵ پیشەوەری دەکا و دەنووسێ:

هەرچۆنێک بێ پیشەوەری لە دیدارێکی کە ئەو دواییانە لە گەڵم کرد گوتی ئەو ڕاوێژی بە قازی محەمەد کردووە و بە پیاوێکی چاکی دەزانێ. سەبارەت بە کوردە ئازەربایجانییەکان، دیارە ئەو بەو شەرتەی قسەکەی هەر لای خۆم بمێنێتەوە گوتی: ئەو پێیوانییە کوردەکان بتوانن حکومەتی خۆییان هەبێ و لەجیاتیان پێشنیاری پێکردوون ئەو ئامادەیە مەجلیسێکی نەتەوەیی‌یان بۆ پێک بهێنێ، واتە تەنێ شوڕایەکی ئەستانی لە ژێر حوکمی ئازەربایجان دا و پێنج کورسی لە مەجلیسی میللی ئازەربایجان دا. ئەو گوتی بەو ڕێگەیەدا کوردەکان فێر دەبن چۆن خۆیان بەڕێوەبەرن و دواتر لەوانەیە بتوانن خودموختاری تەواو وەدەست بهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هانی بە کارهێنانی زمانی کوردی دا چ بۆ خوێندن لە مەدرەسان دا و چ وەک زمانێکی ڕەسمی و هەروەها بەرەو پێشبردنی"کلتوور"ی کوردی. دوایە بە زمانێکی کە بۆنی خۆپەڕاندنەوەی شی نەکراوەی لێوەدەهات لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی هۆی دۆستایەتی وی لە گەڵ کوردەکان ئەوەیە کە حکومەتی نێوندی نەتوانێ ئەوان وەکوو تاکوتەرای تێکدەر لە ئازەربایجان بە کار بهێنێ.

هەر لە درێژەی کێشەی ئازەربایجان، ویلیام ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ١٣٢دا لەسەر ڕاوبۆچوونی کاربەدەستانی ڕووس لە ئاست ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان دا دەنووسێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا مانگی مارسی ١٩٤٦، تەنیا ئازەربایجان لە واشنتۆن، لەندەن نیویۆرک و مۆسکۆ بە کێشەیەکی گرنگ دەناسرا و وەک کێشەیەکی دژوار و جێی گفتوگۆ بوو، بەڵام لە ناکاو لە ناوچەیەکی بچووکی کوردستان لە مهاباد ڕووداوێکی زۆر مەزن سەریهەڵدا کە تەنانەت ڕووسەکانیش چاوەڕوانی نەبوون. ماوەیەکی کورت دوای پێکهاتنی کابینەی کۆماری کوردستان، دوو ئەندامی باڵای حیزبی دیموکرات بە ناوەکانی محەمەدئەمین شەڕەفی و خەلیل خەسرەوی بۆ ئەرکی حیزبی و کاری شەخسی خۆیان چوون بۆ تەورێز. لە نەخۆشخانەی ڕووسەکان، دوکتۆر سەمەدۆڤ بە شێوەیەکی نالەبار لەو دوو ئەندامانەی حیزبی دیموکراتی پرسی: "ئێوە بۆچی بەبێ ئیزن و ڕەزامەندی یەکیەتی سۆڤیەت حکومەتی خودموختارتان لە شاری مهاباد ڕاگەیاندوە؟

شەڕەفی و خەسرەوی وەڵامیان دایەوە، بەڵام ڕوسەکان بە وەڵامی ئەوان ڕازی نەبوون و گوتیان دەبێ قازی محەممەد خۆی بێت و لەگەڵ پیشەوەری بدوێ. قازی محەمەد هات و پیشەوەریی لە هۆتێلە کۆنەکەی "گڕاند" چاوی بە قازی محەمەد کەوت. وەڵام و بەرگریی کردنی قازی محەمەد سادە و ساکار بوون، یرماکۆڤ نوێنەری ڕوسەکان لە تەورێز ئاگاداری هەستی خەڵکی کوردستان بەر لە ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ بوو. ئەو لە ئوتۆمبیلە جیپەکەیدا لە نزیک چوارچرای مهاباد شاهیدی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسم و جەژنی دووی ڕێبەندان بوو. یرماکۆڤ لە ڕۆژی یەکەمەوە بەتوندی دژی ئازاد بوونی ناوچەیەک لەژێر ناوی کوردستاندا بوو، بەڵام گفتوگۆ و دانیشتنەکانی لەگەڵ قازی محەمەد، بە ڕادەیەکی زۆر ژەنەڕاڵ ئاتاکیشیۆڤی ڕازی کردبوو کە کاتی پێکهاتنی ئەو ڕووداوە، پیشەوەریی دژی نەوەستێت.

قازی محەمەد دوای گەڕانەوەی لەو گەشتە، لە فیکری قایم کردنی پایەکانی کۆماری کوردستان کەوت. بۆ ئەو مەبەستە بەرلە هەموو شتێک بیری لە سوپایەکی ڕێکوپێک کردەوە. دوای ماوەیەکی کەم و دوای پێکهاتنی کابینە، لە کۆتایی مانگی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا داوای نزیکەی پێنج هەزار چەکی ڕوسی وەک تفەنگی برنو، دۆشکە و دەمانچەی کرد. هەرچەندە ڕوسەکان بەڵێنی تانک و تۆپیشیان بە قازی دابوو، بەڵام لە ناردنیان خۆیان پاراست و تەنیا "کۆکتل مولۆتف"یان وەک چەکێکی دژە تانک بۆ ناردن. ئەو چەکانەیان تا پێکهاتنی سوپای کوردستان لە کۆگای دوخانیاتی مهاباد بوون. هەروەها ڕوسەکان دوای مانگێک هەندێک ئامێری مۆسیقای سەربازییان بۆ نومایشە سەربازییەکان بۆ کۆمار نارد. "هەژار" شاعیری نەتەوەیی پێشتر شیعر و سرودی نەتەوەیی دانابوو، ئاوازێکی تێکەڵاوی کوردی، فارسی و تەنانەت ڕۆژئاوایی لەلایەن دوو وەزیری کۆمار بە ناوەکانی مەناف کەریمی و مەحمود وەلی زادە بۆ ئەو سروده ئامادە کرابوو. کۆپلەی سەرەتایی سرودەکە وەک چاوەڕوان دەکرا، لە نیشتمان، ئاڵا و پێشەوا قازی محەمەد دەدوا، بەڵام کۆپلەکانی دوایی لە خۆبەزل زانیی و بیری جیاوازیی خوازیی سەرکردەکان دەدوا، وەک:

نەوتم دەوێ ژیانە
لەسێرت و کرماشانە
باباگوڕ گوڕ دەزانێ
لە موسڵیش دا هەمانە.

لە درێژەی وتەکانیدا ئیگڵتۆن دەڵێت:


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاکامی وتووێژی قازی و پیشەوەریی لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا، تەنیا ئەو مافەی بە کوردان دەدا کە حکومەتێکی ناوچەییان هەبێت، بەڵام تورکەکان بەوەش ڕازی نەبوون و دەیانگوت: خودموختاریی کوردستان دەبێ لە چوارچێوەی حکومەتی ئازەربایجاندا بێت.

لە کۆتایی مانگی مارسی ١٩٤٦دا کە بەرپرسانی ڕوسیا هێشتا لە تەورێز بوون، داوایان لە قازی محەمەد کرد و گوتیان میرزا ئیبراهیمۆڤ وەزیری پەروەردەی ئازەربایجان و ژەنەڕاڵ قولێۆڤ لە باکۆوە هاتوون و پێیان خۆشە چاویان بە ئێوە و بەرپرسانی کۆمار بکەوێت. قازی محەمەد سەرکۆمار لەگەڵ حاجی باباشێخ سەرۆک وەزیران، سەیفی قازی وەزیری جەنگ، مەناف کەریمی وەزیری پەروەردە، سەید محەمەدی ئەیوبیان وەزیری تەندروستی، عەبدوڵا قادری سەرۆکی خێڵی قادریی مامەش، کاک هەمزە ئەمیر عەشایری مامەش و کاکە سوار لە هۆزی مەنگوڕ چوو بۆ تەورێز. میرزا ئیبراهیمۆڤ قازانجەکانی یەکیەتی لە نێوان دوو نەتەوەی ئازەربایجان و کوردستانی بۆ شی کردنەوە و پێیڕاگەیاندن کە ئارەزووەکانی ئێوە بۆ ئازادی تەنیا بە ڕێگای خەباتی هاوبەشی ئێوە لەگەڵ کوردەکانی عێراق و تورکیا دەستەبەر دەکرێت. دواتر ئیبراهیمۆڤ پرسی: کێ بە ئێوەی ئیزن داوە کە کۆماری سەربەخۆ ڕابگەیەنن؟

هەربەم جۆرەی کە ئەوان پێشتر وەڵامیان دابووەوە، گوتیان یرماکۆف لە سەرەتاوە ئاگادار بووە. ڕوسەکان تەئکیدیان کردەوە کە قازی لاوازیی لە خۆی پێشانداوە و نەیتوانیوە بۆ ماوەیەک خۆی ڕابگرێت و دەسبەجێ هەموو شتەکانی ئاشکرا کردوە و لەم پەندە کەڵکی وەرگرت کە ئەگەر کەسێک نەخۆش بکەوێت، دەبێ بە گوێرەی ئامۆژگارییەکانی پزیشک بجوڵێتەوە.

سەیفی قازی و حاجی باباشێخ لەگەڵ ئەو ڕایە نەبوون و پەنجەیان بۆ هۆیەکی تر ڕاکێشا و گوتیان: ئێوە خەڵکی ڕوسیا زۆر زیاتر لە ئێمە پێشکەوتوون و بانگی ئازدیخوازیی ئێوە گوێی دنیای پڕ کردوە. ئێمە لە چوارچێوەی ئەو وتانەی ئێوەدا کارمان کردوە و کۆمارمان ڕاگەیاندوە.

ئایا ئێوە دەڵێن، ئێمە دەبووایە دژی خواستی خەڵکەکەمان هەنگاو بنێین؟ ئەگەر دەڵێن کورد نەتەوەیەکی لاوازە و دەبێ خۆی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە هەڵواسێ، ئەی بۆچی ئێمە جارێکی تریش خۆمان بە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانەوە نەبەستینەوە؟

ڕوسەکان بە بیستنی ئەو قسانە، داوایان لە لیژنەکە کرد بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە تەورێز بمێننەوە، تا لە باکۆوە فەرمانی پێویست دەگات. لە کاتی دیارییکراودا ئەم وەڵامە گەیشت: کوردەکان دەتوانن حکومەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت.

دواتر لە پرۆسەی تیکۆشانی کۆمار دا، کێشەی ئازەربایجان بە دژی کۆمار لە کەمێی نەدا. بەڵام لە درێژەی ڕەوتی زەمان لە نێوەڕاست ڤیبرواری دا، تا ڕادەیەک هەڵوێستی خراپی ئازەربایجان، گۆڕا. ئەو حکومەتە بە ڕێنوێنی مۆسکۆ دەستی لە دژایەتی کردنی کۆماری کوردستان هەڵگرت و هەوڵی دا بیکێشنە ژێر فەرمانی خۆی. بە پێی لاپەڕەی ٧٢ کتێبی مۆبلی لە دانیشتنێک دا پیشەوەری، بە کۆنسوول "رۆسۆ"ی گوت:

مەسەلەی سەربەخۆیی کوردەکان بە خۆیان بەستراوەتەوە و داوخوازی ئەوان بە تەواوی عادڵانەیە. بەمپێیە دەردەکەوێ تەورێز لە یەکەم خولی کێبەرکێ دا لە گەڵ کوردان دۆڕاندبێتی. لە کاتێک دا ئەوان خەریکی داڕشتنی هەنگاوی دواتر بوون، تووشیان بە تووشی بەربەرەکانییەکی دیکەوە بوو: داخواز و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیدعای خاک لە لایەن کوردەکانەوە لە ئاستێکی بەرتەسک دا.
لە لایەکی دیکەش بەندەکانی بڵاوکراوەی سێ لایەنی ئەمریکا و ئینگلیس و شووڕەوی لە ٢٥ی دیسامبری ١٩٤٥( ٤ بەفرانبار ١٣٢٦) دا لەمەڕ داهاتووی ئێران، حەقی کەمە نەتەوەکانی ئێرانی، لە چوارچێوەی ئێران دا بەیان دەکرد نەک لە شێوەی سەربەخۆیی دا. ئەو بەندانە لە ١٢ خاڵ دا پێکهاتبوون و لە ڕاستی دا ناوەرۆکی ئەو بەندانە، پاراستنی سەربەخۆیی ئێران، بناغەی ڕێکەوتنی ڕووس و ئینگلیس لە ژانوییەی ١٩٤٢دا بوو. ئەو وڵاتانە بەڵێنیان دابوو کە لە کاتی مانەوەی ئەوان دا، بناغەی ئابووری و دامودەزگای دەوڵەتی ئێران، تووشی زەرەر و زیان نەبێ و بۆ هێمنی و ئاسایش و یەکریزی وڵات یارمەتی بە ئێران بکەن. کومیسیونی ئەو وڵاتانە بڕیاری دابوو کە بۆ نەمانی نیگەرانیی ئێرانییەکان، زووتر ئێران بەجێبێڵن، ڕێز لە سەربەخۆیی و تەواوییەتی خاک و دەستەڵاتی ئێران بگرن و هەوڵ بدەن پەیوەندی نێوان هەرێمەکانی ئێران و دەوڵەتی ناوەندی ئاسایی بکەنەوە. چوارچێوەی پشتیوانی ئەو کومیسیونە لە نەتەوە ژێردەستەکان، ناڕوون بوو و تەنیا ئاماژە بە شووڕا و مافی نەتەوەکان بۆ ئازادی زمان کرابوو.
دەوڵەتانی ڕۆژئاوای بەرەی یەکگرتوو، باوەڕیان بە ڕێکەوتنی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ڕووس بوو و هەر کارێکی دەیان کرد لە چوارچێوەی ئەو ڕێکەوتنانە دا بوو کە چوارچێوەی عەرزی ئێرانی دەپاراست. ئەگەر جاروباریش کارێکیان کردبا کە لە بەرژەوەندیی ویستی گەلی کورد دابایە، لە ڕاستی دا دژکردەوەیەک بوو لە بەرانبەر بە سیاسەتی ڕووس و دژایەتی لەگەڵ باوەڕی کومونیستی. بۆ نموونە ئەو ڕادیویەی دەوڵەتی ئینگلیس لە کاتی شەڕ دا، لە شاری حەیفا دانابوو و ڕۆژانە مامۆستا گۆران و ڕەفیق چالاک و شێخ حەسەن، بۆ دوو سەعات بەرنامەی کوردییان لێبڵاودەکردەوە، لە چوارچێوەی ئەو مەبەستە دا بوو.
بە گوێرەی لاپەڕەی ١٦٢ی کتێبی مۆبلی، کۆنسوولی ئەمریکا، لە سەر ڕوانگەی دەستەیەک لە نوێنەرانی کورد، لە مانگی دیسامبری ١٩٤٥ دا دەڵێ:
کەمتر بە ئاشکرا قسەی زۆر بەرزەفڕانە هاتە گۆڕێ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەو حکومەتە نوێیە کوردەی کە سازکردنی بە دەستەوەیە ببێ بە کاکڵی نەتەوەیی(دەوڵەتێکی) گەورەی کورد، کە جگە لەوەی کوردەکانی سەرووی ئێران بگریتەوە بەڵکوو کوردەکانی عێراقی بندەستی بریتانیا، تورکیا و تەنانەت سووریاش وەبەر بگرێ و تەنانەت تا ئەسکەندەروون لە مەدیترانە پەل بهاوێژێ و درێژ بێتەوە.
ڕێبەرانی کۆمار لە ڕوانگە و بۆچوونی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئاگادار بوون و بەندەکانی چاردە ماددەیی ویلسونیان خوێندبووە و لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دا تاوتوێان کردبوو و پێی خۆشحاڵ بوون و تەنانەت حیزبی دیمۆکرات لە یەکەمین ڕاگەیاندنی خۆیدا نووسیی:
ئەمڕۆ گەلانی دونیا لە گەورە و بچوك دەیانهەوێ لەو ڕێگایەی کە بەرەو ئازادی خۆش کراوە کەڵك وەرگرن و لەو بەڵێنییانەی کە بە هۆی مەنشوری مێژویی ئاتلانتیکەوە دراوە سود ببینن و هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆیان بەدەستەوە بگرن و چارەنوسی خۆیان بەویست و مەیلی خۆیان دیاری بکەن.
هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان لە سەروتاری ڕۆژی ٢٤ی ١٠ی ٢٤ دا نووسی: ... هیچ قوەت و قودرەتێك ناتوانێ لە دنیای دیمۆکراسی فیعلیدا ئێمە بێنێتەوە ژێر یوغی ئەسارەت و بەندەگی چون ئەو حەقە ئەوڕۆ ئێمە بەدەستمان هێناوە ڕوحی مەنشوری ئەتلانتیك و موعاهەداتی موتەفیقینە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەوبارەوە محەممەد مەحموود لە ژێر سەردێڕی "کورد و پەیمانی ئەتلانتیك" دا دەنووسێ:

لە لایەن هەموەوە ئاشکرایە کە پەیمانی ئەتلانتیك کەی دانرا.

ئەو پەیمانە مێژوییە کە لە بەینی سەرەکوەزیری پێشوی ئینگلیز میستەر چەرچیل و سەرەك جمهورەیەتی ئەمریکا میستەر فرانکلین ڕۆزفێڵت. ئەو پەیمانەی کە هەمو میللەتانی بچوك و گەورەی سەرزەمینی دڵ خۆش کرد و هەر بەو بۆنەیەوە هەمو میللەتانی سەرزەمین بە مەبدەئی خۆیان کە ئازادییە و مژدەیەکی خۆش بو لە لایەن ئەم پەیمانەوە باوەڕیان هێنا و پشت ئەستور بوون.

نەوشیروان لە لاپەڕەی ٢٠٣ی حکومەتی کوردستان دا خاڵەکانی پەیمانی ئەتڵانتیک بەمشێوەیە ڕیزبەندی دەکا: لەو کۆبونەوەیەدا کە سەرکۆماری ئەمریکا ڕۆزفێڵت و سەرووەزیری بەریتانیا چەرچڵ لە ئابی ١٩٤١ دا لە ناو ئەتلانتیكدا کردیان، ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە ئەو سەرەتایانەیان تیا باس کرد بو کە ئەبو ئەم دو وڵاتە پێڕەوی بکەن لە تەقەلاکانیاندا بۆ دامەزراندنی ئاشتی‌یەکی ڕەوا و دنیایەکی ئارام دوای ڕوخاندنی ڕژێمی نازی. سەرەتاکان بریتی بون لە: (١) چوار ئازادییەکە: ئازادی لە ترس و برسێتی. ئازادی دوان و دین، (٢) جێبەجێکردنی سەرەتای ئازادی خۆبڕیاردان لە هەمو گۆڕانە ئەرزی‌یەکاندا، (٣) مافی هەمو گەلان بۆ هەڵبژاردنی جۆری ئەو حکوماتەنەی بۆ ژیانی خۆیان ئەیانەوێ، (٤) چونی وەکو یەك بۆ بازرگانی و کەرەستەی خاوی بنەڕەتی خۆشیی و هاوکاری ئابوری لە ناو هەمو نەتەوەکاندا، (٥) ئاشتی و ئاسایش بۆ هەمو دەوڵەتەکان، (٦) ئازادی دەریاکان، و (٧) وازهێنان لە بەکارهێنانی چەك و دامەزراندنی سیستەمێکی ئاسایشی گشتی تاسەر و چەککردنی هەمو ئەو نەتەوانەی هەڕەشە لە ئاشتی ئەکەن.

دیارە ڕادەی کەڵک وەرگرتن لە بەندەکانی پەیمانی ئاتڵانتیک بەسترابووە بە توانایی هێز و دەستەڵات و ئاگاداری وڵاتان لە وەزعییەتی جیهانی‌دا. ڕێبەرانی حیزب باش دەیانزانی کە تەوەری سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەو قوناغەدا، پاڵپشتی کردن لە حکومەتێکی توتالیتێر و یەک دەست بوو، تا جێگیر کردنی بەندەکانی ڕوئیایی و خەیاڵی پشتگری لە ماڤی گەلان.

پەیمانی ئەتڵانتیک بۆ گەلانی وەک کورد، تەنیا ئاگادارییەکی سیاسی بوو بە مەبەستی ڕاکێشانی گەڵان بۆ دوور کەوتنەوە لە بەرەی هاوپەیمانی ئاڵمانی. لە پشت خاڵە پێشکەوتووەکانی ئەو پەیمانە دا هیچ زەمانەتێک لە گۆڕێ دانەبوو و تەنانەت بناغە داڕێژەرانی ئەو پەیمانە سەبارەت بە کوردستان تەواو بە پێچەوانە جووڵانەوە.

نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٢٠٨ی کتێبی کورد لە گەمەی سۆڤییەت دا دەنووسێ:

سەرکردەکانی کورد لە نوتقەکانیاندا و نوسەرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە وتارەکانیاندا زۆر جار ڕاگەیاندنی ئەتلانتیکیان ئەکردە بنچینەی بیانوی سیاسی و قانونی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان. بەڵام ئەم بەڵگەیە هیچ هێزێکی قانونی نەبو دەوڵەتان ناچار بکا پێرەوی بکەن و هیچ هێزێکی چەکداریش بۆ جێبەجێ کردنی تەرخان نەکرا بو. بۆ حکومەتی کوردستانی هاپەیمانی یەکێتی سۆڤێت، کە ستایشێکی بێ ئەندازەی هۆردوی سور و ستالینی ئەکرد و لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجانی لایەنگری کۆمۆنیزم و حیزبی تودەی ئێران پەیمانی هاوکاری ستراتیجی بەست بو، چاوەڕوانی و هیواداری بە ڕاگەیاندنێك کە لە لایەن ئەمریکا و ئینگلیزەوە بڵاو کرابوەوە، دور بو لە واقیعبینی سیاسی‌یەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێشەی گەورەی دیکەی کۆماری کوردستان ئەوە بوو کە لەناو چەند وڵاتی دوژمنی، ئێران و تورکیا و عێراق دا هەڵکەوتبوو و ئەو وڵاتانە لە ڕادەبەدەر بە بوونی ئەو حکومەتە نیگەران بوون. عەبدوڕەحمان زەبیحی لە ژمارەی ٢٤ی کوردستان دا بابەتێکی ڕۆژنامەی "ایران ما" ی لەسەر "چونی نوری سەعید بۆ تورکیە" بە کوردی وەرگێڕاوە کە بە وردی باسی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی عێراق و تورکیە و نیگەرانیی ئەوان لەسەر کێشەی کورد دەکا. هەرچەند هەوڵ درا ئەو سەفەرە نەهێنی بێ بەڵام ڕۆژنامەی "کومبا" چاپی پاریس لە ژمارەی ٢٨ ی نۆڤەمبەری خۆیدا دەنووسێ: نوری سەعید لە بەیتەلمەقدیس پەیدا بوونی نەهزەتێکی تازەی کورد لە ئێران بەیان دەکا، بە ڕاستی نابێ وا بزانن کە تیرەیەك بە تەنهایی لە ئێراندا شۆڕشیان کردوە بەڵکو لە ناو کۆمەڵێکی نۆ ملیۆنیی کورد کە لە نێوان ٣ وڵاتی تورکیا، عێراق و ئێراندا دابەش کراون هەر لە ئەرزڕۆمەوە تا ئارارات و لە موسڵ تا لوڕستان دەست پێکرانی شۆڕشێکی گەورە دێتە بەرچاو″ هەر ئەم پەیامنێرە لە جێگایەکی دیکە دەنوسێ:″کوردانی تورکیا لە ژێر زوڵموزۆرێکی بێ مانەنددا دەژین، لە عێراق بە یارمەتی هێزەکانی ژەنەراڵ (ڕەنتون) ی ئینگلیسی قەتلوعام دەکرێن.

ڕۆژنامەکانی دیکەش هەر وەکو ڕۆژنامەی کومبا لە بارەی کوردەکان و هەڵسوکەوتی تورکیە و عێراق بۆ دامرکاندنی ڕاپەڕینی کوردان، هەواڵیان بڵاو کردەوە کە نیگەرانیی زۆری کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە نیشان دەدا کە، چەندە لە جوڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد نیگەرانن.

بەگشتی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی کەمی تەمەنی خۆی دا تا دامەزرانی دەوڵەتی کۆماری کوردستان لە ٢ ی ڕێبەندان ١٣٢٤ دا ڕێگای پڕ هەوراز و نشێویان بڕی. وردبوونەوە لە وتاری پێشەوا لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٢ دا لە کاتی سەفەر بۆ شیمالی کوردستان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە بۆ دامەزرانی کۆمار چ کرا و دەڵێ: ... بۆ خۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەو و ڕۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک ڕۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەموو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە و دیسان بۆ خۆتان دەزانن کە لە پێشدا ئێمە بە هیچ جورێک داوای تەجزییەی ئێرانمان نەکردووە و تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمان و پاراستنی دێمۆکڕاتی بوو، بەڵام لە پێشدا کاربەدەستانی ئێران بێجگە لەوەی جوابیان نەداینەوە شۆخیشیان بە داوای ئێمە کرد و ناچار بووین حکوومەتی میللیمان دامەزراند و هێزی خۆمان لە بەرانبەر ئەوان دا تاقی کردەوە...

لە کۆتایی مانگی ١٠ی ساڵی ١٣٢٤ دا بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات خۆی بۆ گەورەتری و گرینگترین ڕووداوی مێژوویی نەتەوەی کورد، واتا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٩٤٦ دا لە شاری مەهاباده ئامادە کرد. بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لە چەند ڕۆژ پێشتر خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری کوردستانی ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی شووڕەوی و بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، بە چلەی زستان و بە بڕینی دەیان و سەدان کیلۆمیتر، بەشداریی ڕێورەسمەکانی کۆماریان کرد، تا لە نیزیکەوە و بە دەنگی خۆیان، سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنن و ئاواتی دێرین و مێژوویی نەتەوەیی میللەتی کورد وەدی بێنن.

بە پێی لاپەڕەی ١٢١ی کتێبی"فەراز و فرود فرقە" ئەڵلایاری ساڵح یەک حەوتوو دوای دامەزرانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆماری ئازەربایجان تێلگرافێکی پێگەیشت کە نووسرابوو ڕووسەکان ئەوکارەی کە لەتەوریز کردیان لە مەهابادیش دووپاتی دەکەنەوە. هەروەها ناوبراو تێلگرافێکیشی لە ڕەشت پێگەیشت کە ڕووسەکان هەوڵ دەدەن کۆماری گیلانیش دابمەزرێنن.



سنوورەکانی کۆماری کوردستان

سەرەڕای هەمووی ئەوانە دەکرێ بگوترێ، بەرێوەبەری حیزبی دێموکرات بە هاتنی هێزی بارزانی و توانایی ئەوان، لە بە ئەنجام گەیاندنی ئاواتەکانیان شێلگیر و لێبڕاوتر بوون و هەوڵیان دا بە بەشداری کردنی ئەوان وەک پشتیوانی سەرەکی کەڵک لە ئەزموونیان وەرگرن. بارزانییەکان بە هاتنیان بۆ ڕۆژهەلات، هەم ملکەچی بڕیاراتی ئیدارەی خودموختاری کوردستان بوون و هەم ئازایانە قورسایی کاری کۆماریان خستە سەر ئەستۆی خۆیان. بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لە لاپەڕەی ١٣ ی کتێبی"گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" دەنووسێ کە بەر لە دامەزرانی کۆمار، مەلامستەفا ناردی تا بچێ لە شنۆ ٧٠٠ تا ٨٠٠ کەس لە بارزانییەکان بێنێتە مەهاباد و لە مزگەوت و لە ماڵان جێگایان بۆ دابین بکا. سەرهەنگ بەکر دەڵێ کە لەوانە ٢٠٠ کەسی هەڵبژاردووە و لە پادگانی مەهاباد بە شێوەی لەشکری عێراق، بەڵام بە زبانی کوردی مەشقی پێکردوون. دوایە بە بۆنەی بوونی پێشەوا بە سەرکۆمار، لەو کەسانە ١٥٠ کەسی وەک "حەرەس شەڕەف" دیاری کردووە.

کۆماری کوردستان، لە بەشێک لە مەڵبەندی موکوریان دامەزرا و شاری مەهاباد گەورەترین ناوەندی ئەو دەوڵەتە بوو. بەشێک لە خاکی کوردستان کە خەڵکی تورکی لێ دەژیا، لەگەڵ دەوڵەتی ئازەربایجان بەرێوە دەبرا و تا ڕادەیەک توانرابوو پێش لە هاڵۆزیی بگیرێ و وڵات بە ئارامی بەڕێوە ببردرێ.

بە پێی کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی" دانیشتوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کاتی دامەزرانی کۆمار دا ٣ میلیون کەس بوون کە لەوانە ٣٠٠ هەزار کەس لە شارەکان دا دەژیان. هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە لە ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٥) دا پتر لە سەدی ٩٥ ی دانیشتوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات نەخوێندەوار بوون. ڕادەی نەخوێندەواری لە نێو ژنان دا سەداسەد بووە. دوکتور قاسملوو لەو سەرچاوەدا دەنووسێ:

لەسەردەمی پێش دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا ٧٨ لە سەدی زەوی بە دەست خاوەن


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مڵکە گەورەکانانەوە بوو، لە حاڵێکدا جوتیاران تەنیا خاوەنی ٨ لە سەدی زەوی بوون. زیاتر لە ٦٠ لە سەدی خێزانە جوتیارەکان، نە کەم و نە زۆر، زەوییان نەبوو و ٢٣ لە سەدیان کەمتر لە هێکتارێکیان زەوی بەر دەکەوت، بەڵام لە هەمان کات دا ٥٦ لەسەدی زەوییەکان بە دەست یەک لەسەدی دانیشتووانی لادێ واتە مالیکە گەورەکانەوە بوو. وەزعی مڵکداری لادێی ئەو وەختە لەوەڕا دەردەکەوێ کە نیزیکەی چل لە سەدی هەموو زەوییەکان بە دەست کەمتر لە دوو هەزارەمی دانیشتووانی لادێیەوە بوو. ئەوانەی مالیکە گەورەکان بوون کە هەرکامیان جاری وابوو لە دە تا سەد دێیان هەبوو.

شاری مەهاباد لە کاتی دامەزرانی کۆمار دا شاروچکەیەکی بچووک بوو. ئەیوب ئەیوبزاد لە سایتی ئێنترنێتی دا لە سەر ڕادەی دانیشتوانی ئەو شارە دەنووسێ:

دانیشتوانی مەهابادی سەردەمی کۆماریش بەگوێرەی بەڵگە و سەرژمێرییەکانی دەوڵەتی بە ١٦٤٥٥ کەس مەزندەکرابوو. لەو ڕێژەیەش ٨١٩٩ کەس ژن و ٨٢٦٦ کەسیش پیاو بوو.

ئەیوب ئەیوبزاد لەسەر ئاماری شارەکانی دیکەی ژێر دەستەڵاتی کۆماری کوردستان دا دەنووسێ:

... بۆ وێنە بەگوێرەی ئاماری ئەرتەش، ڕادەی دانیشتوانی بۆکانیش لەو کاتەدا گەیشتۆتە ٣٠٧٤ کەس و شاری شنۆش ٢٢١٢ کەس بەراورد کراوە.

لەوکات دا، ئەگەرچی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نیزامی دەرەبەگایەتی بە سەر کۆمەڵگای کوردستان دا زاڵ بوو، بەڵام ڕوانگە و بیری نوێخوازی و پێشکەوتوو، وەک نوێنەرانی وردە بورژوای کوردستان، لە ڕادەیەک کەم دا لە شارەکان لە چوارچێوەی بازرگانی دا، پەرەی ئەستاند.

## کۆبوونەوەی مێژوویی مزگەوتی سوور

دامەزرانی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان، وەک کۆماری ئازەربایجان دەنگ دانەوەی نێوخۆیی و دەرەوەی نەبوو. چونکە ناوچەی کوردستان مەڵبەندێکی چووک و بنکەی ئەوتۆی هێزی ڕێژیمی لێنەبوو کە دەستی بەسەر دابگیرێ و هەڵای گەورەی لێ ساز بێ. بۆیە دەنگ دانەوەی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان زۆرتر لە نێوخۆ و لە ڕێژەی هێزی پێشمەرگە و هەڵکردنی ئاڵا دا خۆی نواند. بۆ ناساندن و بە نێونەتەوەیی کردنی ویستی کورد و گەیشتنی بە مافی نەتەوەیی واتا سەربەخۆیی، پێویست بوو، ڕێبەرانی حیزب مانۆری گەورەتر بدەن و یەک لایەنە کۆتایی بەو ئێعتراف پێنەکردنەی ڕێژیمی ئێران و دەوڵەتی ئازەربایجان و ... بێنن.

بۆ ئەو مەبەستە ڕێبەریی حیزب زوربەی خەڵکی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی ڕووسی، بۆ پرس و ڕا لە سەر سەربەخۆیی بانگ کردە مەهاباد. مێرزا مەنافی کەریمی لە سەر چۆنییەتی ئامادەکاری ئەو ڕۆژە و شێوەی بەشداری خەڵك و هاتنی میوانەکان، لە لاپەڕەی ٨٤ ی کتێبی "پیشوای بیداری" دا کتێبی بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایون، ئاوا دەنوسێ:

لە ڕۆژی ٢٨ بەفرانبار، سێ ڕۆژ بەر لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٥ ڕادەیەکی زۆر لە خەڵکی عەشایر و هۆز و دێهات و شارەکانی مۆکریان، بە هەست و خۆشەویستێکی لە ڕادەبەر لە ڕێگای زۆر دوورەوە سەرەرای سەرمای سەخت، گەیشتنە شاری مەهاباد. خۆشەویستی نیشتیمان ئەو خەڵکەی بەرادەیەک وەجۆش هێنابوو کە بۆ گەیشتنی زوتر بەو شارە دەست و پییان دەشکاند. دەستەکانی تایفەو هۆز و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەشایر بە ڕوی خۆش و دم بە پێکەنین، بە ئاڵای شەکاوە و دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و لە پێش ڕیزی دەستەی سوار و پیادە، هاتنی خۆیان بە دروشمی بژی کورد و کوردستان ڕادەگەیاند. خەڵکی مەهابادیش بە پێشوازی و بەخێرهاتنی گەرم و لە ماڵەکانی خۆیان میوانداریيان لێدەکردن.

هەر لە کاتی ئامادە بوونی ئەو ئاپۆڕایە، کۆبوونەوەی جەماوەری بە شێوەی ڕێفراندۆم پێکهات تا خەڵک ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر پرسی نیشتمانیی و نەتەوەیی بە شێوەی تەواو دێموکراتیک دەرببڕن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. بە پێی ژمارەی ٢٢ی ڕۆژنامەی کوردستان، ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١٠/٢٩ دا سەعاتی٨ ی بەیانی لە مزگەوتی سووری مەهاباد کۆبوونەوەیەکی بەرینی لە " کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات و هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان و تەواوی نوێنەرانی کوردستان و لکەکانی حیزبی دیموکرات و چەند هەزار نەفەر" لە خەڵکی مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی کوردستان پێکهێنا و لە ساعەتی ٦ ی ئیوارێ کۆتایی هات. هەموو بەشداران گوێقوڵاغ بوون کە بزانن چ بەرنامەیەک لەگۆڕێدایە. لە سەرەتا دا مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن شێعرەکانی" گوڵی پشکوتوو" و " تاڵ و شیرین"یان خوێندەوە. ئەوجار حەسەنی داودی، سپاسی لە خەڵکەکە کرد و لە سەر یەکێتی و برایەتی وتارێکی خوێندەوە.

بە پێی ئەو سەرچاوەیە دوایە پێشەوا قازی محەممەد بەخیر هاتنی میوانەکان کرد و سوپاسی لە خەڵکی مەهاباد کرد و وتارێکی پێشکێش کرد کە لە لایەن بەشداران پێشوازی گەرمی لێکرا. لەو ژمارەیەدا بە چەشنی خوارەوە باسی ئەو مێتنگە هاتووە:

ئەمجا حەزرەتی پێشەوای کوردستان( قازی محەمەد) تەشریف بردە سەر منبەرەکە پاش بەخێر هاتنی تەواوی نوێنەران و ئاغایان و تەشەکور لە خەڵکی مەهاباد کە دەو وەختەدا بۆ خزمەتی برایانی خۆیان تووشی زەحمەت دەبن فەرمووی: کورد دوو سەد ساڵە بۆ وەرگرتنەوەی ئازادی هەوڵ دەدا. لە جەنگی بەینەلمللەلی ڕابردوو کوردیان پتر لەتلەت کرد. بەشێک بە عێراق و بەشێک بە سووریە و بەشێک بە ڕووسیە و بەشی زوریشیان بۆ تورکیە و ئێران هێشتەوە و ئەم کارانە هەستی سەربەستی کوردانی نەکوژاندەوە. کوردانی تورکییە و ئێران و سوریە زۆر لە پێشدا بۆ ئازادی هەڵستان، دوژمنەکانیش دەسیان کرد بە کورد کوشتن. ئەگەر کوردانی بەدرخانی پرشوبڵاو کران بابانەکان و ئەردەڵانەکان واردی مەیدانی کارزاری ئازادی کوردان بوون. شێخ عوبیدوڵا، شێخ سەعید، سمایل ئاغا، کوردانی تورکییە و ئاڕارات قەیامیان کرد و چەند سەد هەزار لەم قەیامانەدا، لەناوچوون و نەتیجە بە دەس نەهات و ئەم ڕادمەردانە گشتیان لە سەر ئازادی مردن. ئەمجا جەنابی پێشەوا مەسئەلەی حیزبی هێنا پێشەوە: کە تا ئیستا چەند حیزب لە کوردستاندا بنیادنراوە و بۆ ئازادی کوردان هەوڵیان داوە و ئەمانیش لەم پێناوەدا چەند سەد هەزار قوربانیان دا. لە دیاربەکر دوو سەد هەزار کوردی بە ناوبانگیان کوشت و ئەم ملەیە لە کوردستان دا دەوامی بوو تا وەختی ئەرتەشی شەهەنشاهی لە شەریوەری ١٣٢٠ بڵاو بوو.

بە بڵاو بوونەوەی دوو پەڕ ئاگاهی

بوو بڵاو ئەرتەشی شەهەنشاهی

لاوان و گەنجانی مەهاباد دەستیان کرد بە کار و مەرامی موقەدەسیان تەعقیب کرد. لە بن ئەشکەوتان، لە شیوان و خانووان بە دزی خڕەبوونەوە و فەعالییەتیان بە خەرج دا تا لکی خۆیان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەواوی کوردستان دا کردەوە و هەموو کوردێکیان بۆ کار ئامادە کرد و خۆشیان بە هێز کرد تا وابوو چەندە لەمەوبەر مەڕامی دێموکراتیان بە دنیا گەیاند و تەقازای خودموختاریان لە حدودی دەوڵەتی ئێراندا کرد. بەڵام دەوڵەتی ئێران بە جنێو و هەڕەشە و بە تانک و تۆپ و فڕۆکە وڵامی دانەوە. لە زمن دا فەرمووی دنیای ئەوڕۆ دنیای تەنازوعیبەقایە و هەر نەتەوەیەک دەیەوێ بۆخۆی سەربەست بێ. ئەی نەتەوەی کورد: ئەگەر کوردستان بیهەوێ لە ڕۆژی پێداویست دا چەند هەزار لاو و گەنج موسەلەح بکا و بۆ دیفاع لە نیشتیمانی خۆشەویست ئامادە بکرێن، ئایا کورد ئەو ئیستیعدادەی هەیە کە کوڕو خۆشەویستی خۆی بۆ مەیدانی کارزار بنێرێ؟ لەم عانەدا نوێنەرانی کوردستان یەک دەنگ هاتنە جواب.

١ – ئاغای محەمەد نانەوازادە فەرماندەی پۆلی کوردستان ووتی: ئەمن عوهدەدارم کە هەموو لاوانی مەهاباد بۆ گیانبازی و دیفاع لە نیشتیمان وەک هەمیشە حازر و ئامادەین.

٢ – ئاغای سەدیق حەیدەری و عەلی خوسرەوی لە لایەن موئەسسینی حیزبی دێموکرات و لاوانی کوردستان، گوتیان ئەمە لە لایەن موئەسسینی حیزبی دێموکرات و دەستەی لاوانی کوردستانەوە کە هێشتا خوێنی خۆیان نەڕژتووە قەول دەدەین کە هەموو حازرین لە ڕێی نیشتیمان دا بمرین.

٣ – تاهیرخان کوڕی سمایل ئاغا و عومەرخان کە ٥٠ ساڵە بۆ سەربەستی کار دەکا ووتیان: ئێمە حازرین وەک باوک و باپیری خۆمان سەرو و ماڵمان لە ڕێی کوردستان بەخت کەین.

٤ – شێخ جەلال دەربەند پیاوانە ووتی: ئەی ئاغایان سێ شت زۆر بۆ کوردستان پێویستە ١- پووڵ ٢- پووڵ ٣ – پووڵ و دەبێ لە سێ شت دەس هەڵگرین وەکو کە دەستمان لێهەڵگرتووە: ١ – تەماع ٢ –خۆخۆری ٣- خۆفرۆشی.

هەروا زۆر کەس لە سەران و نوێنەرانی کوردانی جەلالی، میلانی، شکاک، هەرکی، دێبوکری، مامەش، مەنگوڕ و تەواوی نوینەرانی کوردستان هەر لەویستاڕا قەولی فیداکاریان دا و قەولی خۆیان بە سوێند قایم کرد.

هەروەها جەنابی پێشەوا لە بابەت وسووڵی مالیاتەوە بەیاناتێکی فەرموو و دیسان شێخ جەلال دەربەند هەستا و ووتی: ئەمن سەد هەزار تمەنم دارائی هەیە بێجگە لە یەک جوت گا یەک دەست پێخەف هەموو نەزری حیزب دەکەم، کێ دەنێرن تەحویلی وەرگرێ و لە لایەن عمومیشەوە دەنگی ئیتاعەت، ئیتاعەت بڵێند بوو. دیسان جەنابی پێشەوا لە خسوسی برایەتی و بە زبانی کوردی خوێندن و کەسبی زانست و کەماڵ فەرمایشاتی ئیدامە پێدا و کەلیماتی خۆی بە بژی ژیانیکی ئەبەد و ئەو دەوڵەت و نەتەوانەی کە بۆ ئازادی نەتەوانی لێقەوماو هەوڵ دەدەن دوایی هێنا. جەنابی حاج باباشێخ لە کاتێک دا دڵی پڕ لە ئێحساسات و شووری نیشتیمانپەرەستی بوو فەرمووی: پێویستە ئێمە سەروماڵی خۆمان خەرج بکەین و گیانی ڕابردوەکانی خۆمان و شوهەدای ئازادی کوردستان شاد بکەین. لەبەر شدەتی سروور و گریان هاتە گروێ و فەرمایشی خۆی خاتیمە پێدا. ئاغای سەدیق حەیدەری لە لایەن فەرماندەی کوردستانەوە بە عەرزی گەیاند و گلەیی لەو لاوانە کرد کە تا ئەمرۆ واریدی سەفی نیزامی نەبوون. جەنابی حاجی بابا شێخ: فەرمووی ئەمن کوڕێکم هەیە کە بە عیلم و ئەدەب و زانست پەروەردەم کردوە و ڕازاندومەتەوە، ئەوا ئەمرم کرد لە سەفی نیزامیدا حازر و ئامادەی دیفاع لە کوردستان بێت. لەم عانەدا ٥ دەقیقە بلافاسیل چەپڵە لێدرا و هوریا کێشرا و ئاغای قاسم ئلخانیزادە چووە سەر مێنبەر. دایر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به مله‌کردن و ته‌تبیق کردنی قه‌ول ده‌گه‌ڵ عه‌مه‌ل نوتقێکی چاکی کرد. ئه‌مجا زێرۆبه‌گ پاش قه‌ولی فیداکاری به پێشه‌وای کوردستان وتی: ئێمه میلله‌تی شکاک و هه‌رکی ئاماده‌ین به عه‌مه‌ل نه به قسه ئه‌وڕۆ ته‌واوی دارائی خۆمان له ڕێی نیشتیمانی خۆشه‌ویست دا به‌خت بکه‌ین و خۆمان و کوڕمان و تا ئاخر نه‌فه‌س له کوردستان دیفاع ده‌که‌ین و حه‌زره‌تی پێشه‌وای کوردستانیش ته‌شه‌کوراتی لازمی له ته‌واوی کورد به تایبه‌تی کوردانی شکاک جه‌لالی و میلانی و هه‌موو کوردانی بناری ئاراڕات کرد و نوێنه‌ری کوردانی ورمێ که مێقدارێکی شتی پێویست بۆ حیزب هێنا بوو و نوتقێکی چاکی کرد و پێشه‌وای خۆشه‌ویست زۆر ته‌شه‌کور و ته‌قدیری لێکرد.

کاکا ڕه‌حمان قوڵغه‌ته‌په و حوسێن ئاغای عه‌بدوڵائاغا ووتیان ئێمه هه‌ر ئیستا یه‌کی کوڕیک بۆ قوربانی کوردوستان ده‌ده‌ین. ئیستا بۆخۆمان بیکه‌ینه قوربانی یا له مه‌یدانی کارزاردا بمرن وجه‌نابی پێشه‌وا سوپاسی کردن. ئاغای محه‌مه‌د خانی فه‌یزوڵابه‌گی ووتی: ئه‌من ئه‌وه سێ کوڕم دا که له ڕێی نیشتیماندا بمرن و خۆشم لیباسی سه‌ربازی ده‌به‌ر ده‌که‌م و له مه‌یدانی کارزار دا حازر ده‌بم. ساتی ١ پاش نیوه‌ڕۆ جه‌له‌سه له نێو شوورو غه‌وغا و چه‌پڵه‌رێزان قوتار بوو. دیسان مێتینگ له ساتی ٤ پاش نیوه‌رۆ له مزگه‌وتێ دامه‌زراوه و ئه‌ویش به چه‌ن نوتقێک له لایه‌ن برایانی خۆشه‌ویست و له خسوسی خوێندن، فیداکاری، یه‌کیتی بیری چاک، ڕێوشوێنی چاک.

ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه، وه‌رچه‌رخانێکی گه‌وره بوو له ژیانی نه‌ته‌وایه‌تی کورد و خه‌ڵکی کورد له‌و به‌شه له کوردستان دا، گه‌وره‌ترین و بوێرترین بڕیاری مێژووی خۆیان، واتا سه‌ربه‌خۆ بوونی کوردستانیان دا و ده‌ستی ڕێبه‌رانیان ئاواڵه کرد تا له دووی ڕێبه‌ندان به فه‌رمی ڕایبگه‌یه‌نن.

## رۆژی ٢ی ڕێبه‌ندان، دامه‌زرانی کۆماری کوردستان

رۆژی دووی ڕێبه‌ندانی ١٣٢٤ به هه‌زاران که‌س له میوانی شاره‌کانی دیکه و خه‌ڵکی مه‌هاباد و ده‌وروبه‌ر و که‌سایه‌تییه گه‌وره‌کان، وه‌ک مه‌لا مسته‌فای بارزانی، حاجی سه‌ید عه‌بدوڵای گه‌یلانی، حاجی بابه‌شێخ و مامۆستایانی ئایینی و سه‌رۆکی عه‌شایر و ئه‌ندام و لایه‌نگرانی حیزب و حه‌شیمه‌تێکی زۆر که به به‌راوه‌ردی ڕۆژنامه‌ی کوردستان ٢٠٠٠٠ که‌س ده‌بوون، له چوارچرای مه‌هاباد کۆبوونه‌وه و چاوه‌ڕوانی هاتنی پێشه‌وایان ده‌کرد تا به ڕه‌سمی، سه‌ربه‌خۆیی ئه‌و به‌شه‌ی کوردستان ڕابگه‌یه‌نن.

ئه‌و سه‌رۆک عه‌شایرانه‌ی که له ناوچه جۆراجۆره‌کاندا، له‌و مه‌راسیمه گه‌وره‌یه‌دا و له ٢ ی ڕێبه‌ندان دا به‌شدار بوون بریتی بوون له:

١ ـ ماکۆ و ئارارات: ئاغایان عومه‌رخانی جه‌لالی، شێخ حه‌سه‌ن، شێخ زه‌کی، حه‌سه‌ن دڵایی، عه‌وڵا میلان فه‌خری.

٢ - سومای برادۆست و ده‌شتی مه‌رگه‌وه‌ڕ: ئاغایان سه‌ید عه‌وڵای گه‌یلانی‌زاده. عومه‌رخانی شه‌ریفی، عێرفان شه‌ریفی، تاهیرخانی سمکۆ، عه‌باس فنک، قۆیتاس ئاغا، شێرۆ محه‌مه‌دی، حاجی وه‌تمان عه‌بدی، حه‌سه‌ن نیلۆ، تمرخان، مراد نورکۆ، حه‌سه‌ن هه‌ناره، زبێد، عه‌زۆ، سه‌ید سه‌عید فه‌هیم.

٣ ـ شنۆ: ئاغایان موسا زه‌رزا، قه‌ره‌نی ئاغا زه‌رزا، میرزا سه‌عید، قازی محه‌مه‌دی خزری، کاک هه‌مزه.

٤ ـ سڵدوز: ئاغایان ئه‌حمه‌د کاکه خزر، قاسم پیرۆتی، محه‌مه‌د ئه‌مین پیرۆتی.



کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥ ـ لاجان: ئاغایان عەولای قادری، مامەند پیرۆتی، حوسێن محەمەدی، پیرۆت ئەمیر عەشایری، هەمزە نەڵۆسی.

٦ ـ پیرانشار: محەمەد ئەمین ئاغا، قەرەنی ئاغا.

٧ ـمیاندواو: ئاغای محەمەد حوسێنی سەیفی قازی.

٨ ـ بۆکان: ئاغایان عەبدولرەحمانی شەرەفکەندی، ڕەشی عەلیزادە.

٩ - عەشیرەتی مەنگوڕ: ئاغایان، برایمی ئەدهەم، مام حەسەن ئافان، کاک سولیمان، کاک هەمزە، حەمەدەمینئاغا، سەلیم ئوجاغ.

١٠ ـ عەشیرەتی هەرکی: ئاغایان، ڕەشید بەگ، بێگزادە، نوری بەگ، زێڕۆبەگ.

١٢ـ عەشیرەتی گەورکی سەردەشت: کاک ئەسەدئاغا.

١٣ـ عەشیرەتی دێبۆکری شارویران: ئاغایان جەعفەری کەریمی، قارەمان محەمەدی.

١٤ـ عەشیرەتی دێبۆکری بۆکان: ئاغایانی ئێلخانیزادە، محەمەدی، عەزیزئاغای کولتەپە، سەیدەکانی حاجیکەند.

١٥ ـ عەشیرەتی فەیزوڵابەیگی بۆکان و سەقز: ئاغایان محەمەد فەیزوڵابەیگی،عەلی بەگی شێرزاد، ئەحمەدخانی فاروقی، عەولاخان، حەسەنخانیفەیزوڵابەیگی.

١٦ ـ سەقز: ئاغایان، عەلیخانیفاتح، محەمەدخان، ئەحمەدخانیشێخی، شێخ سەدیق ئەسعەدیاری، ڕەسووڵئاغای مەحمودی، عەلی جەهوانمەردی، محەمەد ڕەشیدخانی قادری، قادر خانزاد.

١٧ ـ عەشایری جوانڕۆ، هەورامان، بارزان.

١٨ ـ مەشایخی کولیجە بە سەرۆکایەتی شێخ حەسەن شەمسی بورهان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



مەهاباد، ٢ی ڕیبەندانی ١٣٢٤، ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان

هێندێک لەو بڕوایەدان کە مەلا مستەفا بارزانی لە جێژنی ڕۆژی ٢ ی ڕێبەنداندا بەشدار نەبوو و ئەو وێنەیەی کە پێشەوا لە پشت سەکۆی ڕاوەستاوە و وتار دەدا و بارزانی لە پێشەوە ڕاوەستاوە، پەیوەندی بە ڕێوڕەسمی دیکەوە هەیە. لە وڵامی ئەو ڕوانگەیە دا دەبێ بگوترێ تەواوی کارەکانی کۆماری کوردستان لە بەڵگەکانی کۆماردا تۆمار کراون. هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆی بە دەستەوە نییە کە مەراسیمی دیکەی بەو چەشنە گیرابێ کە نیشانەی ئەو وێنەیە بێ. ئەوجار ئەوکات ئیمکانی فتۆ شاپ نەبووە کە بگوترێ ئەو وێنەیە ساختەیە. ڕێز و خۆشەویستی تایبەتی ڕێبەرانی کۆمار بۆ مەلا مستەفا کە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دا بە ڕادەیەکی زۆر ڕەنگی داوەتەوە نیشان دەدا کە ناکری مەلا مستەفا بۆ ڕۆژی ٢ ڕێبەندان بانگهێشتن نەکرابێ. بەڵام بۆ لە بەڵگەکانی کۆماردا باس لە بوونی مەلامستەفا لە کاتی دامەزرانی کۆمار دا نەکراوە و ناوی ناهێندرێ، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕووسەکان بە هۆی هەستیاریی دەوڵەتی ئینگلیس، داوایان لە بارزانی کرد بوو کە ماوەیەک ئاشکرا نەبێ و خۆی دوورەپەرێز ڕاگرێ.

زۆربەی نووسەرانی کۆمار یەک لەوان نەوشیروان مستەفا باس لە بوونی مەلا مستەفا لەو ڕێوڕەسمەدا دەکا و هەروەها غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٦٢ی کتێبی ئاڵەکۆک دا باسی مەلا مستەفا دەکا و دەنووسێ: ... ناوبراو(پێشەوا) کاتێک گەیشتە پێشوازیکەرەکان لەگەڵ سەرۆک بارزانی و سەرۆک عەشیرەتەکانی ڕیزی پێشەوە دەستی دایەوە و پاشان بەرەو چوارچرا چوو...

هەروەها مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٧٨ دا ئاماژە بە بوونی مەلا مستەفا لەو مەراسیمەدا دەکا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنووسێ کە بۆ ئەو جێژنە بانگهێشتن کرا بوو و دوای تەواو بوونی ئاهەنگەکە گەڕاوە بۆ شنۆ.

بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لە لاپەڕەی ١٤ ی کتێبی" گەشتێک بە کۆماری مەهابادا" وەک فەرماندەری هێزی بارزان دەنووسێ کە لە ڕۆژی پیرۆزی کۆمار دا لە شەقام و گۆڕەپانی چوارچرا ئامادە بووین و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنی پێشەوامان دەکرد. کە تەشریفی هات، مەلامستەفا و حەمە حوسێن خان و قاسم ئیلخانی و جەعفەرئاغای کەریمی و گەلێک لە سەرەک هۆزەکانی لەگەڵ دابوو. سەرهەنگ بەکر دەنووسێ کە لەوێ فەرمانی بە حەرەس شەرەف (١٥٠ کەس بوون سەرهەنگ بەکر بۆخۆی بۆ پارێزگاری سەرکۆمار ڕایهێنابوون) داوە تا سڵاوی کۆماری پێشکێش بە پێشەوا بکەن. پێشەوا ڕاوەستاوە و بەرانبەر بە حەرەسی کۆماری و بارزانییەکان گوتوویە:

سەرمان بڵندە پێتان، جێی شانازیمانن ئێوەن نموونەی خەباتی پاڵەوانانەی کوردایەتی، سەد سوپاس بۆ ئێوە و سەرۆکتان مەلامستەفای بەڕێز.

لە سەر چۆنییەتی بەڕێوە بردنی ڕێوورەسمی دووی ڕێبەندان، سەید محەممەد حەمیدی لە سەر تیتری ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠ تا ١٥ لە زنجیرە وتارێک دا لە ژێر دروشمی "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کورستان" درەوشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان. بژی سەرۆک و کورد و کوردستان" وردەکارییەکان و ئەو ڕوداوە مێژوویە بە وردی باس دەکا. ئەو لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٠ دا بە وردی باسی ڕۆژی دووی ڕیبەندان و کۆبوونەوەی جەماوەری ڕۆژی ٢٨ ی مانگی بەفرانبار (دیماه) ی ١٣٢٤ی مزگەوتی سوور بە یەکەوە گرێ دەداتەوە و دەنووسێ:

ڕۆژی ٢٨ ی مانگی بەفرانبار (دیماه) ی ١٣٢٤ ی شەمسی هەیئەتانی مودیرەی هەموو لکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرانی قەبایل و عەشایر و تەواوی تەبەقات لە مالک و غەیرە مالک هەر یەک لە چەند سەد فرسەنگ ڕێگاوە بۆ کانونی ئیحساساتی میللی و قیبلەی ئارەزو و ڕووناکیدەری ئەفکاری هەموانی خۆیان( شاری پر لە ئیفتیخاراتی میللی مەهاباد) وەکوو بولبول بۆ لای گوڵ و وەکو پەپولە بۆ دەورەی چرا هاتن و کۆبوونەوە.

لەم ویشکە سەرمای چلەی زستان بەنێو بەفرو ڕنوی زۆردا، چەن هەزار برایانی ئێمە بێ ئیخیار تەنیا بە حوکمی ویجدان وەکو عاشق بۆ لای مەعشوق یا چاتر بڵێم وەکو ئاسن بۆ لای ئاسن ڕفێن (آهن‌ربا) بە توندی لینگیان دا و هاتن. هەستی سەرما و مینەت و ماندویەتی ڕێگایان نەکرد. هەموو بە ڕووخۆشی و پێکەنین دەگەڵ چەپڵەرێزانی بێ‌ووچان لە کاتێک دا کە وەکو ڕەعد دەنگی هوراکێشان بۆ ئاسمان دەچوو دیار دەبوون.

بۆچی؟

چونکو عشق: عشقی نیشتمان، عەشقی ئازادی و سەربەخۆیی. عشقی پێشەوای خۆشەویست و ڕەهبەری بزورگەواریان، ئەوانی وەڕێخستبوو.

چونکو فرشتەی بەخت و ئیقباڵ و پەری سەعادەت و خۆشبەختی لە لاسەروی فەزای گیان فێنک کەرەوەی مەهاباد ئەوانی بە دەنگی دڵ لاوێنەوە و گیان پەروەردەی خۆی بۆ بەشداربوون لە دیتنی ئەستێرەی خۆشبەختی و پیت(فەییز) وەرگرتن لە مەواهبی هەرە گەورەی عالەمی سەرەوە بانگ کرد بوو.

دڵان هەموو پیکەوە وە لەیەک سەرچاوەوە پڕ لە میهر و وەفا بوون، گیانیان هەموو دەگەڵ یەک جوت و لەیەک مەنشەئەوە شین و سەوز ببوون: حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دڵانەی پێکەوە ڕاگرت بوو و هەستی میللییەت ئەو ئەرواحەی بەیەکەوە بەستبوو.

ئەمانە هەمووی لە کوێرا بوون؟

هەموو لە هێزی دەسی بەیزا و ئەعجازی وێنە مەسیحایی بێوێنەی کورد و تاقە کوڕی با شەهامەتی کوردستان، مامۆستا و ڕەهبەری مەزنی حیزبی دێموکرات کوردستان جەنابی قازی محەمەد، کە دەگەڵ جەد و جەهدی خلل ناپەزیر و باوەڕی ڕاسخ و شوجاعەت و مەتانەتی بێژمار، ڕێگای ڕەهنمایی قەومی خۆی وەپێش گرت و تەوای خەتەراتی زۆر سامناک و بەرهەڵەستی زلی ملۆزمان و دوژمنانی بەنەبوو دانا و بە بێ شک و تەردید و خەیاڵات، هەوەڵ بە لابردنی هەموو بەرهەڵەستەکان خەریک بوو، پاشان بە فەراهەم کردنی زەمینە و ئیجاد و ئیستیعدادی کۆمەڵ، لە ڕێی دانانی فرقەی دێموکرات ئیقدامی فەرموو. ئەی کوردستانی مەزن، ئەی دایکی نیشتیمانی نۆ میلیون کوڕانی ڕەشیدی کورد، سەرت لە دۆشەگی بیماری و دیلی هەڵێنە و نقابی سپی بەفر لە ڕووی خۆت هەڵگرە و بۆ کفن بە کوڕەکانتی واگوزار کە. ئەوەتا ئەڕشەدی کوڕانی تۆ ئیعجازی کرد و ئاخر ڕایەڵەوپۆی فێڵ و تەڵەکەی نابەکارانی لە بەر یەک دەرێنا و ژیان و خۆشبەختی بە یەکجاری تۆو کوڕانتی ساز و قایم کرد. ئەی نیشتیمان ماد و ئەشکانیان ئەی لانکەی سەلاح ئەدین و نورەدین و دەیسەم مزگێنیت لێ بێ ئاخر میکرۆبی ئەنواعی نەخۆشیان لەم خاکە ماڵدراوە و کوڕانی تۆ وەک دانەی بەمووری گەوهەر هۆندرانەوە و لە حزوری پێشەوای بزورگواری خۆیاندا بە سان دەڕۆن و بە دەنگی فێنکایی دەری ( بژی کورد و کوردستان) دڵی گڵاوی دوژمنان وەلەرزین دێنن، ئەی جێگای باوکو باپیرمان شاد و خوڕەم بە کە زستانت بە تازە بەهار و بەفرو ڕنووت بە گوڵستان گۆڕدراوە. ئەوەتا ڕۆژی دوومی ڕێبەندان (بەهمەنماە) ١٣٢٤ ساتی ٨ بەیانی خۆشترو ڕووناکتر ڕۆژانی مێژووی شەش هەزار ساڵەی تۆ گەیشتوە. ( لە سێ ڕێی قازی) هیزی بەهیزی دێموکرات بەساز و بەرگ و ئەسلەحەوە لەلایەکەوە، قوتابییەکانی کچان و کوڕانی هەموو قوتابخانەکان، لەلایەکی دی بیست هەزار نەفەر لە تەواوی تەبەقاتی نەتەوەی بەرزی کورد، هەر یەک لە جێی خۆیی بە تەرتیب ڕیزیان بەستووە و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە هەموو لایەکی میتینگەکەوە و لە ڕاست و چەپی جێگای تایبەتی پێشەوای گەورە کە لە قەلبی میتینگ دا قەراری گرتووە، دەلەرێتەوە...

سەید محەممەد حەمیدی لە درێژەی ڕێوڕەسمی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٠ دا، دوای ئەوە دەڵێ کە ساعەت ٨ ی بەیانی ئەو ڕۆژە خۆشترین ڕۆژ بوو، هێزی بە هێزی دێموکرات بەساز و بەرگ و ئەسلەحەوە و قوتابییەکانی کچان و کوڕانی بە ڕیز ڕاوەستابوون، دەنووسێ: لەلایەکی دی بیست هەزار نەفەر لە تەواوی تەبەقاتی نەتەوەی بەرزی کورد، هەر یەک لە جێی خۆیی بە تەرتیب ڕیزیان بەستووە و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە هەموو لایەکی میتینگەکەوە و لە ڕاست و چەپی جێگای تایبەتی پێشەوای گەورە کە لە قەلبی میتینگ دا قەراری گرتووە، دەلەرێتەوە. حوزار هەموو چاویان بڕیوەتە ڕێی پێشەوا.

هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕۆژەدا میزرا مەنافی کەریمی لە لاپەڕەی ٨ ی کتێبی "پیشوای بیداری" بیرەوەرێیەکانی سەعیدی هومایون دا، دەنوسێ: ڕۆژی دووی ڕێبەندان بوو. سەرەرای ئەوەی چەند ڕۆژ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشتر بەفرێکی زۆر باریی بوو و ئاسمان لێڵ و تاریک بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە بە پێچەوانەی ڕۆژەکانی دیکە ئاسمان ساف و خۆش بوو و تیشکی هەتاوە جلوەیەکی تایبەتی دابوو بە دەرو دەشت و دەتگوت سروشتیشی لە گەڵ خەڵک کەوتۆتە خۆشی و شادی. شەقام و کۆڵانەکان و سەربانی ئیدارات و ماڵان بە ئاڵای کوردستان ڕازابۆوە. لە هەموو لایەک دەنگ و نەوای گورانی بێژان دەنگ خۆش بلابۆوە و دڵی ڕێبۆرانی ئازادی دەفڕاند. لە سەعاتی ٨ ی بەیانی وەردەوردە ئاپۆڕای خەلک زیاد دەبوو. لە لایەکی مەیدانی چوارچرا قوتابێکانی کچ و کوڕ بە لیباسی یەک فۆڕم بە ڕیز و بە نەزم، بە بزە و پیکەنین سرود و گورانی دڵگیریان دەچڕی.

لەو ڕۆژەدا، تەنانەت گریانیش نوێنگەی غەم و پەژارە نەبوو، بەڵکوو فرمیسکی شادی و هیمای خۆشی و وەدەسهێنانی گەورەترین ئاوات و ئارزوکانی نەتەوەیی بوو. مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٩٧٨ دا لەگفتوگۆ لەگەڵ ڕەفیق سابیر و کەمال میراودەلی، کە لە سایتی ئینتێرنێتی بڵاو بۆتەوە، لە سەر ٢ ڕێبەندان دەنووسێ: کاکە ڕۆژی دووی ڕێبەندان....من لە پەنای پێشەوا دانیشتبووم. ... من شاعیرێکی ڕووت بووم، ئەو لە پەنای خۆی دایانم. ئەو دەیویست کە وەختێکی جەمهووری ئیعلان دەکرا هەر من و هەژاری لە پەنا خۆی دانابا. کاکە باوەڕ بکە ئەو ڕۆژە ئەوەندە گریاوم کە قەت لە عومری خۆمدا ئەوەندە نەگریاوم.... پێشەوا گاڵتەی پێ دەکردم... دەیگوت: بابە بۆ دەگری؟ دەنا ڕۆژ لەو ڕۆژەی خۆشتر دەبێ؟

بێشک ڕۆژی ٢ ڕیبەندان، ڕۆژێکی سارد بوو بەڵام خەڵک بە ڕادەیەک دلخۆش و شادمان بوون کە هەستیان بە سەرما نەدەکرد. قادری دەباغی ئەندامی بە وەجی کۆمەڵەی ژ. ک، کە خەڵکی سەقز بوو و لە کاتی دامەزرانی کۆمار لە مەهاباد بوو دەڵێ ئەو ڕۆژە زۆر سارد بوو هەر حەوت ماشێنەکەی کۆمار کە ئەمریکایی بوون و ناویان "ئۆدیستوبیکر" بوو لە کار کەوت بوون و خەڵک بە پاڵ پەستۆ هەڵیان کردن.

بە دوای جیگیربوونی ئاپۆڕای خەڵک لە مەیدانی چوارچرا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و ژمارەیەک لە گەورە پیاوانی بەشدار لە ڕێوڕەسمەکەدا، چوونە ماڵی قازی محەممەد و ئەویان لەگەڵ خۆیان هێنایە چوارچرا کە ڕێوڕەسمەکە دەست پێ بکات.

سەفی گەورەکانی ڕیزی پێشەوەی ڕێوڕەسمی بەڕێوەبردنی کۆمار، وەک مەلا مستەفا، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و سەرۆکی عەشایر لە پاڵ دارە چەپەرەکانی بەستێنی چۆم دا ،چاوەڕوانی هاتنی پێشەوایان دەکرد. غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٦٢ی کتێبی ئاڵەکۆک دا، لەسەر ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان و چەشنی دەست پێکردنی بەشێک لە مەڕاسیمەکە دەنووسێ: ... ناوبراو(پێشەوا) لە کاتێکا حاجی ″بابا شێخ″ و چەند شێخ و مەلای مەزنی لەگەڵ بوو، بە کۆڵانە لێژەکەی مەحکەمەدا شۆڕ بۆوە و کاتێک گەیشتە پێشوازیکەرەکان لەگەڵ سەرۆک بارزانی و سەرۆک عەشیرەتەکانی ڕیزی پێشەوە دەستی دایەوە و پاشان بەرەو چوارچرا چوو، بە نزیک بوونەوەی پێشەوا لە چوارچرا، دەنگی مارشی مووزیکی ئەو کۆڕە مووزیکەی کە بەشداری نومایشی دایکی نیشتمانیان کردبوو، ئاسمانی شاری داگرت. بەرلەوەی قازی بچیتە سەر سەکۆی وتاردان کە لە ناوەندی چوارچرا دامەزرابوو، بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ڕاگەیاند: بچن قورئان و نەخشەی کوردستانی گەورە و ئاڵای کوردستان بێنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەید محەممەد حەمیدی لە درێژەی ڕێوڕەسمی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٠ دا دەنووسێ: ئاسمانی مەهاباد ڕووی خۆی ساف و ڕووناک کردەوە و ڕۆژ پەردەی هەوری لە ڕووی هەڵایساوی خۆی هەڵگرتووە و هەموو هەموو چاوەنۆری مەوکیبی موبارەکی پێشەوان. بەڵێ چاوەنورن و دەبێ چاوەنوریش بن چونکو عشق، عەلاقە، خۆشەویستی، ئێحساسات، میللییەت هومێدی سەربەستی لە ڕەگ و شاڕەگی واندا دەگەڕێ و نوختەی یەکیتی ئێتساڵ هەمووان وجودی مەسعودی ڕێبەری گەورەیە.

لەم کاتەدا بزۆرگی پێشەوای خۆشەویست لەنێو سەلامی نیزامی و چەپلەڕێزان و هورا و ئیحساسات و شەوق و شەعەفی فەوقولعادەی کۆمەڵ دا وەدەرکەوت و پێشەوای بەرز لە کاتێک دا کە ئەندامەکانی کومێتەی مەرکەزی لە پشت سەری دەهاتن و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردوستان لە ڕاست و چەپی تریبون لە ئیهتیزار دا بوو، ئەستۆی بەرزی بۆ ئاسمان هەڵێنابوو نزولی ئیجلالی فەرمو: موتابیقی بەرنامەیەک کە لە پێشدا ساز کرا بوو، بە تەواوی حوزرا ڕۆژباشی فەرموو. پاشان تەشریفی لە تریبوون هاتە خوارێ و بە پێش تەواوی گوردان و گروهان و دەستەی سەربازان و پێشمەرگەکانی کوردستاندا هات و هەمووی تەماشا کردن و بە هەمووان ڕۆژباشی فەرموو، لەم کاتەدا بە دەستووری معاونی فەرماندەی هەموو هێز لەلایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێوچان بە ئیفتیخاری سەربەستی کوردستان و ناساندنی ڕەئیس جمهوری کوردستان شیلینگ کرا.

ویلیام ئیگلتۆن جۆنز لە لاپەڕەی ١١٣ی کتێبی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ لەسەر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەنووسێ:

هیچ کەسێکی ڕوس لە نێوان بەشداراندا نەبوو "یرماکۆڤ" کە لە تەوریز دەژیا لە ناو ئوتۆمبیلێکی جیپدا بوو، لە دورەوە چاودێریی ڕووداوەکەی دەکرد... لە نێوان هاوار و شادیی خەڵکەکەدا، قازی محەمەد زۆر سوپاسی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، بەتایبەتیی خەڵکی قارەمانی کوردستان کرد کە ڕێبەرایەتی کۆماریان بەو سپاردوە. دواتر عەبا درێژ و کۆنە باونەماوەکەی داکەند و بە ڕێزەوە قەدی کرد و لەو لاوە داینا. مێزەرە سپییەکەی وەک نیشانەی ڕێبەرایەتی ئایینیی لەسەر سەری مایەوە. لە جیاتی عەباکەی بەرگێکی سەربازیی ڕوسیی کە پێشتر لە تەورێز دروبوویان، لەبەرکرد ... دواتر ئەو بەرگە سەربازییەی قازی محەمەد لەبەری کرد، کرا بە بەرگی سەربازیی ناوچەکە.

لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا سەرەتا محەممەد نانەوازادە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و سەرۆکی ستادی پێشمەرگە بڕیاری کومیتەی ناوەندی لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و دانانی قازی محەممەد بە پێشەوا و سەرۆک کۆماری کوردستان خوێندەوە. لە پاش ئەوەدا ئاڵای سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردستان هەڵکرا و هێزی پێشمەرگە بە بەردەمی کورسی سەرۆک کۆمار دا بە نەزم تێپەڕین.

لە سەر ئامادە بوونی پێشەوا لە مەڕاسیمی دووی ڕێبەندان دا، میزرا مەنافی کەریمی لە لاپەڕەی ٨٤ ی کتێبی پیشوای بیداری، بیرەوەرییەکانی سەعیدی همایون دا دەنووسێ:

لە لایەکەی دیکە بەرانبەری سەکۆی گوتار، هەزاران کەس لە خەلکی شار و دێهاتی مۆکوریان بە لیباسی جوانی ڕەنگاورەنگی کوردی ڕوو بە مەراسیمەکە ڕاوەستابوون. لە لایەکی دیکەی مەیدانەکە ٣٠٠ پێشمەرگە کە دەستەی موزیکی نیزامی بە بەر دەمیان دا تێدەپەڕی، لە چەند سەد میتری ماڵە پیشەوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیگیربوون. خەڵک دڵەکوتە و چاوەڕوانی هاتنی بەڕێزیان دەکرد.
دوایە لە حاڵێکدا کومیتەی ناوەندی بە لیباسی ڕەسمی لە پشت سەری پێشەوا، سەفیان بەست بوو پێشەوا بە هەنگاوی قورس و قایم هاتنە مەیدانەکە. هاوار و قریوە و خۆشی و چەپڵە ڕێزان، بێ پسانەوە تێکەڵ بە موزک و باڵەبانی نیزامی بوو ئاسمانی شاری داگرت.
پێشەوا بە لێباسی نیزامی و سووڤیەت و بە پێچی سپی میتینگی دا و لە نیو خۆشی و شادی و هەلاو هەرای گەورەیەی کە میللەتی کورد لە پاش هەزاران قوربانی دان ئەورۆ لە نەتیجەی فەعالییەت و کارزانی و میللەتپەروەری فەوقولعادەی پێشەوای موعەزەمی کوردستان، هاتە مەیدانەکە و بە پێش هێزی چەکدار و قوتابیان دا تێپەڕی و بە سڵاو لە بەشداربووان چووە سەر سەکۆی وتار و ڕو بە ئەوان دەستی بە قسان کرد.
بە گوێرەی نووسراوەکانی سەید محەممەد حەمیدی، لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٠ دا لە درێژەی ڕێوڕەسمی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا، بەر لەوەی پێشەوا دەست بە قسان بکا، بە هۆی شارەداری مەهاباد کۆبوونەوەکە کراوە و دەنووسێ:
پاشان لە کاتیک دا کە دەنگی هورا دەچوو بۆ ئاسمان و لە قەلبی مێتینگ دا موزیک و سرودی میللی کوردستان لیدەدرا و دەخوێندراوە برای خۆشەویست غەنی خوسرەوی شارەداری مەهاباد بە پێی دەستور هاتە پێشەوە و بە تەرتیبی ژێرەوە مێتینگی ئیفتیتاح کرد و ووتی:
ئەمن غەنی خوسرەوی شارەداری مەهاباد ئەو موفەقییەتە جەنابی قازی محەمەد نەسیبی بووە پیروزی و مبارەکبادی بە مقامی گەورەی پێشەوای مەزن و میللەتی ڕەشیدی کورد عەرز دەکەمەوە. ( مێتینگ و جەلەسەی) ئەورۆ بە نێوی شاری مەهاباد ئیفتیتاح دەکەم و بە دڵێکی خاوێن و پاکەوە دەڵێم بژی پێشەوای موعەزەمی کوردستان.

## سوێندخواردنی پێشەوا لە کۆماردا

ئاپۆڕای خەڵک لە نێوان گوتارەکاندا، دروشمی نیشتمانی و بژی پێشەوایان دەخوێندەوە و هۆتاڤیان دەکێشا و چەپڵەیان لێدەدا و هەرجارێک کە ناوی پێشەوا قازی دەهات، موزیک مارشی سەربازیی لێدەدرا و خوێندکارانی قوتابخانەکانی مەهاباد سروودی نەتەوایەتییان دەخوێندەوە و بەشدارانی مەراسیمەکەش بە دەنگی بەرز دەیانگوڕاند" بژی قازی محەمەد ڕەئیس جمهووری کوردستان".
لەوکاتانەدا بڕیار درا کە ئاڵای کوردستان و قورئانی پیرۆز ئامادە بکرێ و بە پێی بەرنامەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی دووی ڕیبەندان، ئەوجار دەبوایە قازی محەممەد بە بەرچاوی بەشداران دا سوێند بخوا و بۆ پاراستن و ئەمەگناسی خۆی بە کۆمار و بە سەربەخۆیی و ئاڵای کوردستان، بەڵینی بدا و بەشدارانی مێتینگەکەش سوێندەکە دووپات بکەنەوە.
لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٤ دا لە سەر ئەو ڕووداوە، بە درێژە ئاوا نووسراوە:
وەکوو لەسەروە باسمان کرد لە هەوەڵ و ئاخر و نێوانی وتارەکاندا و لە هەر کاتێك دا نێوی ( ڕیاسەتی جەمهوور قازی محەمەد) بە سەر زمان دا دەهات بێوچان موزیکی میللی لێدەدرا و چەپڵەڕێزان دەکرا و بەینابەینیش قوتابییەکانی مەداریسی کوڕ و کچ سرودی میللییان دەخوێندەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم کاتەدا ڕەئیسی جەمهووری بەرز بە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی ئەمر فەرموو کە قورئانی موقەدەس و نەقشە و ئاڵای کوردستان حازر بکرێت. بێوچان هەیئەت کۆبونەوە و دووبەدوو لە پشت سەری یەك کەوتنە ڕێ و چوون لە کانگای حیزبی دیمۆکراتی کوردستان قورئانی موقەدەسیان دەگەڵ ئاڵا و نەقشەی کوردستان، دە گەڵ ئیحترامێکی فەوقولعادە، لە سەر دەستی مەلا حسێنی شکاك دانا و هەیئەت بە تەرتیبی هەوەڵ لە پشت سەری وی گەڕانەوە تا گەیشتنەوە حزوری پێشەوا. پێشەوا بە دەستی خۆی سەرپۆشی لە سەر قورئانی موقەدەس و نەقشە و ئاڵای بەرزی کوردستان لابرد و مەراسیمی سوێندی: ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللی کورد، بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و بەماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان دا تێکۆشم و نیسبەت بە ڕەئیسی جمهوری کوردستان و یەکێتیی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم".

ڕەحیم قازی هەر لە لە لاپەرەی ١٨٤ دا دەنووسێ کە دوایە پێشمەرگەیەکی ڕدێن سپی ٥٠ ساڵە بە ناوی سەعید باوەجانی لە ڕیزی پێشمەرگەکان هاتە دەر و لە بەردەمی کورسیی سەرۆکۆمار بە دەنگێکی بەرز گوتی "ئامادەم ئەم ڕەدێنەم لە پارێزگاری لە نیشتمان لە خوێندا شەڵاڵ کەم" ئەم قسانە بوو بە هۆی شادمانی خەڵک و پێشەوا لەسەر کورسی ڕا هاتە خوارێ و دەستی لە ملی کرد و تیر یەکتریان ماچ کرد. ئەو دیمەنە، هەستی هەموو عالمی بزواند و دەنگی هەستیاری خەڵک تێکەڵ بە فرمێسکی شادی بوو هەموو وێکڕا بە دەنگی بەرز گوڕڕاندیان " بژی کوردستان... بژی پێشەوای مەزن".

سەرهەنگ بەکر عەندولکەریم حەوێزی لە لاپەڕەی ٢٩ کتێبی"گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا" لەسەر هەڵکردنی ئاڵا دەنووسێ:

لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دا، برادەرێکی دڵسۆزی دانیشتووی سولەیمانی(کاک عوسمان دانیش) هێندە تەماشای ئاڵاکەی کرد فرمێسک لە چاوانی دەباری و لە هۆش خۆی چوو، کەوتە سەر زەوی.

سەید محەممەد حەمیدی لە درێژەی ڕێورەسمی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٠ دا باسی دوای سوێند خواردنی پێشەوا دەکا و دەنووسێ:

... هەموو پێشمەرگەکان و نوێنەران و حازران بەو سوێندە سوێندیان خوارد و قەولی وەفاداریان دا. پاش ٥ دەقیقە برای خۆشەویست غەنی خوسرەوی تەواوبوونی مێتینگی ئێعلام کرد. لە پێش دا پێشمەرگەکان مەرەخەس بوون جەنابی ڕیاسەتی جەمهوور تەشریفی چوو بۆ کانگای حیزبی دێموکرات و لە ساڵۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگیان دا قەراری گرت و دەستە دەستە نوێنەرانی تەوایف و قەبایل و لکەکانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی شار و دێهات دەچوونە حزوری پێشەوا و ئایینی بەیعەتیان بە جێ دهێنا. قەولی فیداکاری و وەفاداریان دەدا. پاش خواردنەوەی شەربەت و چای لە خزمەت مەرەخەس دەبوون. دەنگی بژی کورد و کوردستانی گەورە، بژی ڕەئیسی جمهوری موعەزەمی کوردستان، بژی یەکیەتی کورد و ئازەربایجان، ئینسان و حەیوان دارو دیواری وەسەما خستبوو. دڵان وەها پڕ لە شادی بوو کە هێندێ مەستی مەی ئازادی و بڕێک لەبەر شیدەتی سرور دەگریان و هێندێک لە مەرحەلەی گریان دەرچووبوونو و بێدەنگ دانشتبوو و ڕوحی لە عالەمی مەلەکوت دا دەفڕێ و خۆی دەعالەمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەروەدا دەدیت و بێوچانیش لە شەقام و کوچەدا دەنگی موسەلسەل و تفەنگ و دەمانچە هەرد و چیای دەلەرزاند. ئەمانە هەمووی بە شانازی سەربەخۆیی و ناساندنی ڕەئیس جمهوری کوردستانی دەکرا و مێتینگ تا ساتی ١٢ پاش نیوەرۆ دەوامی بوو. لەم وەختە دا ڕیاسەتی جەمهوور بۆ مەنزڵ گەڕاوە و حازرینیش لە کاتێکدا کە هەموو غەرقی سرور و مەستی سەربەستی بوون بۆ مەنزڵی خۆیان چوونەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٢٥
## وتارەکانی ڕۆژی ٢ ی ڕێبەندان

سەید محەممەد حەمیدی لە ڕۆژنامەی ژمارە١٠ی کوردستان دا دەنووسێ کە لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا سەرجەم ٢٣ وتار و شێعر و سرودی نیشتیمانی خویندراوە و لە درێژەدا دەڵێ:

لە دوایە ئاغای خسرەوی بەرنامەی میتینگی بە تەرتیبی ژێرەوە بە ئیتلاعی حازران گەیاند:

١ – دوعای جەنابی مەلا حوسێن مەجدی ٢ – نوتقی جەنابی پێشەوا و ڕەئیسی جمهوری کوردستان ٣- نوتقی جەنابی حاجی باباشێخ ٤ - نوتقی ئاغای محەمەد حوسێن‌خانی سەیف قازی ٥ - ئەشعاری ئاغای هەژار شاعیری میللی ٦ - ئەشعاری ئاغای هێمن شاعیری میللی ٧ - ختابەی ئاغای سەید محەمەدی تەهازادە ٨ - نوتقی ئاغای شێخ حەسەنی شمس‌ئەدینی ٩ - نوتقی ئاغای عومەرخان ١٠- نوتقی ئاغای زێرۆ بەگ ١١ - نوتقی ئاغای محەمەد ئەمین موعینی ١٢ - نوتقی ئاغای سەید عەبدولعەزیز ١٣ - نوتقی ئاغای ئیبراهیم ئەدهەم ١٤ – نوتقی ئاغای محەمەد فەیزوڵا بەگی ١٥ - ختابەی ئاغای نانەوازادە. ١٦ سرودی مەدرەسەی کوردستان ١٧ - سرودی مەدرەسەی پەروانە (کچان) ١٨ - ختابەی یایی وێلمە سەیادیان ١٩- ختابەی یایی خەدیجە حەیدەری٢٠ - سرودی مەدرەسەی گەلاوێژ ٢١- سرودی مەدرەسەی سەعادەت ٢٢ - ختابەی ئاغای ئەحمەدی ئیلخانی زادە ٢٣ - ختابەی ئاغای محەمەد قادری ٢- سەدیق حیدری (تێبینی نێوی سەدیق حیدری لە لیستی ڕۆژنامەی کوردستان دا وەک وتاربێژ نەهاتووە بەڵام قسەکانی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٢ دا هاتووە).

هەر لە ژمارە ١٠ ڕۆژنامەی کوردستان ڕا زۆربەی وتار و شێعرەکانی ڕێوڕەسمی ڕۆژی دووی ڕێبەندان، بە چاپ گەییوە. ئەو وتارانە لە ژێر سەردێڕی " جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان" بە هۆی سەید محەممەد حەمیدی کۆکراونەوە. پێشتر لە ڕۆژنامەی کوردستان بە داواکارییەک، داوا لەو کەسانە کراوە کە دەقی وتارەکانیان بۆ ئیدارەی ڕۆژنامە بنێرن. ئەو کەسانەی کە نەیاننارد دیسان ئاگادار کراونەوە، بەڵام هێندێک کەس هەر نەیاننارد و وتاری حاجی باباشێخ و عومەرخانی شکاک و محەممەد فەیزوڵابەگی تۆمار نەکراوە.

ناوەرۆکی وتارەکان تا ڕادەیەکی زۆر، کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی کۆمار دەردەخا. مەلا و شێخ و سەرانی عێل، ئاغا و بنەماڵە بە ناوباگەکان، تەوەری سەرەکی پێکهاتەی ڕێبەریی کۆمار بوون. نوتق و خیتابەکان باسی شانازییەکانی سەروەری مێژوویی کورد و هێرش بۆ سەر ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕەزاخان و ڕێز و خۆشەویستی بۆ پێشەوا و ملکەچ بوون بە بڕیارات ئەو و پێ‌هەڵاگوتن و ستایش لە ستالین و ئەرتەشی سوور و ... بوو. ناوەڕۆکی گشتی ئەو ڕوانگە و بووچوونانەش لە شیعری شاعیران دا خۆی دەنواند.

لەو کۆبوونەوە مێژووییەدا، چەند کەس لە وتاربێژەکان، وەک محەممەد حسێن خانی سەیفی قازی، محەممەد ئەمینی موعینی، محەممەدی قادری، لە بەرانبەر بە دەیان هەزار کەس، بە تاوانی هاوکاری کردن لە گەل ڕێژیمی شا و بە دەنگەوە نەهاتنی حیزبی دێموکرات، هێرشی توندیان کردە سەرچەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسێکی ناسراوی بە دەسەڵاتی عەشایر. ئەوانە بریتی بوون لە قەرەنی ئاغای مامەش، مام عەزیزی ئەمیرعەشایەری کوڕی قەرەنی ئاغا، عەلی خانی نەوزەری، بایزی عەزیز ئاغای گەورك، عەبدوڵا ئاغای مەنگوڕ، ئەمیر ئەسعەد، ڕەحمەتی شافعی، کاکەڵا ئاغای گەورك، ڕەحیمی وەستا عیزەت، غەفوری مەحموودیان، حەمزە عەلی قاوەچی، مەلا ڕەحمانی سرنجداغی، محەمەد عەباسی و محەمەد فاڕوقی. لەو کۆبوونەوەدا تەنانەت زێرۆ بەگی هەرکی هەر ڕووبەروو هێرشی کردە سەر سەید عەبدوڵا گەیلانی کە بۆخۆی لەو کۆبوونەوەدا بوو.

هێرشی وتاربێژان بۆ سەر ئەو کەسانە و قسەکانی زێرۆ بەگ لەو کات و لەو ڕۆژەدا، لەوانە بوو کۆبونەوەکە بشێوێنێ. سەید عەزیزی کوڕی سەید عەبدوڵا کە ئەفسەری پێشوی عێراق و یەکێ بوو لە ئەندامە ناسراوەکانی کۆمەڵەی هیوا و لە هاوکارەکانی مەلا مستەفای بارزانی، لە سەر باوکی وەجواب هات. قازی محەمەدیش لە سەر سەید عەبدوڵا، هاتە دەنگ و گرژییەکەی خاو کردەوە. ئەو وتارە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢١ دا بڵاو کراوەتەوە. نەوشیروان مستەفا ئەو ڕووداوە بە پیلان دادەنێ و دەنووسێ:

دیارە ئەمە بە "ئەنقەست" و بە هەڵوێستی سیاسی ئەژمێردرا بۆ کەم کردنەوە لە پایەی سەید عەبدوڵا، چونکە وەکو ئەڵێن، ئەو یەکێ بو لەوانەی ئەیان توانی لە گەڵ قازی محەمەد ململانی نفوز و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکا.

جێی ئاماژەیە هێرش بۆ سەر سەرانی عەشایری دژ بە کۆمار، لە قەتعنامەی ٢٠ هەزار کەسیش دا هاتووە. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە هەشت کە ٦ ڕۆژ دوای ٢ ی ڕێبەندان چاپ کرا، لە لاپەڕەی ٣ لە ژێر بابەتی "قەرارێک کە لە ٢ی ڕێبەندان ..." درا دوای ئاماژە بە کێشەی کورد و زوڵم و زوری حکومەتەکانی تورک و فارس و بەربەرەکانی ڕۆلەکانی گەلی کورد، باس لە هەڵسوکەوتی خراپی عەشایر دەکا و دەنووسێ:

بەدبەختی ئەوەیە کە ئێستا دەنێو کوردان دا کەسانیک هەن کە وەنەبێ هەر خزمەت بەو فارسانە کە چەن عەسرێکە ئەمەیان دەژێر زوڵمی خۆیاندا ڕاگرتوە بکەن بەلکو بە ئاشکرا میللەتی کورد دەفرۆشن.

سەودای عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد دە گەڵ ستادی ئەرتەش ئیران کە هەموو کوردی فرۆشتوون لە هەمووان مەعلومە. لە خەڵکی مەعلومە مەلا عەبدولڕەحمان سرنج داغی و محەمەد فاروقی و حەمزەلی قاوەچی و غەیرە جاسوسن و میللەت فرۆشن. قەرەنی ئاغای مامەش، محەمەد عەباسی و عەلیخانی مەنگوڕ و عەبدوڵائاغای مەنگوڕ و چەن کەسی دی بە ئاشکرا بۆ ئیختیلاف و پارچە پارچەکردنی کوردان سەعی دەکەن.

وتارەکانی ڕۆژی دووی ڕێبەندانبە ڕیز چاپ نەکراون. لە ڕۆژنامەی کوردستان دا مەلا حوسێن وەک نەفەری یەکەمی وتاربێژی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ناوی هاتووە بەڵام میرزا مەنافی کەریمی لە لاپەڕەی٨٩ ی "پیشوای بیداری" دا لە سەر ڕیزبەندی وتاربێژەکان ناوی لیستەیەکی ١٧ کەسی نێو دەبا کە نەفەری سێهەم مەلا حوسین مەجدی بوو. هەروەها لەو لیستەدا، سەید محەممەد ئەیوبیان بە جێگای سەید محەممەد تەهازادە هاتووە. بە پێی ڕیزبەندی ڕۆژنامەی کوردستان وتارەکان بەمشێوەیە بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نوتقی مەلا حوسێن مەجدی

١- وتاری مامۆستا مەلا حوسێن مەجدی، زۆرتر ڕواڵەتی دوعای هەبوو و دەقی قسەکانی لە ڕۆژنامەی ژمارە ١٠ی کوردستان دا بەمجۆرە بڵاوبۆتەوە: ئاغایان، حازران، ئەوەڵەن لە خودای بەرز دەخوازین کە پێشەوای مەزنی ئێمە لە عەدالەتی عومەری کوڕی خەتاب و ئەمانەتی ئەبوعوبیدە و شوجاعەتی خالید کوڕی وەلید و عیلمی عەلی کوڕی ئەبوتالیب(خودایان لێ ڕازی بێ) بەهرەوەر بێ ئامین.

پاشان ئەی ئاغایان و حازرینی نەتەوەی کوردی غیور حەق تەعالا لە قورئانی مەجیددا دەفەرموێ: (ان المتقین فی جنات و عیون فادخلوها بسلام آمنین) کە پەرهێزکاران لە باغاتی بەهەشت و کانیيان دا دادەنیشن و مەلائیکە بەوان دەڵێن: وەرن بە سەڵامەت و لە هەموو ناڕەحەتییەك ئەمین بن و دەرد و بەڵای دنیا لاچوو. پاشان خودا دەلیلی ئەم سەلامەتیيە و وارید بوونی ئەم ئەشخاسە دەفەرموێ: "ونزعنا ما فی صدورهم من غل اخوانا علی سرر متقابلین" یانی ئێمە لەبەر سەعی و کۆششی خۆمان حەسەد و کینە و بوغزمان لەوان دور کرد و وەکو برایانێ کە لەیەك ڕەنگ بوبن لەسەر تەختان دا دەنیشن و بە ئەدەب ڕوو لەیەکدی دەکەن. چونکوو پشت لە یەکدی کردن نیشانەی ناڕەزایەتیيە و ئەم نەتەوانەی جورجوری کە لە بەهەشت دا ئیتیفاقیان هەیە، لە ئەسەری تەرکی حەسەد و کینە و لە ئەسەری نیشان دانی تەعاون و کومەگی بووە کە لە دنیادا پێکیان کردوە، ئەگەر وابو ئەمە دەبێ تەرکی کینە و بوغز و نیفاق بکەین و بە مەقامی ئەشخاسی سزاوار حەسەد نەبەین. ئەمن حەدیسێك لە کتێبی(مسلم) ئەویش لە ئەبوسەعدی خدری نەقڵ دەکا کە پێغەمبەر (ص) بە ڕوخۆشی فەرموی ئەبوسەعید بانگ دەرێك لە کاتی چونی بەهەشت بانگ دەکا: کە لە بەهەشت دا بژی بێ مەرگ و لەشساغ دەبێ بێ نەخۆشی و هەمیشە جوان دەبێ، پیر نابی و لە نیعمەتی خودا بەشدار دەبی بێ ناڕەحەتی و ناهومێدی.

ئەمەش نەتەوەی کورد ئینشائەڵا لە ژیانی سەربەستی بە یەکجاری و لە لەشساغی بێ نەخۆشی و لە نەمامی ئازادی بە بێ سیس بوون و لە نیعمەتی ئازادی بێ زەواڵ، بەهرەمەند دەبین.

خوداوەندا ئەم ئاڵایە کە بە خوێنی لاوان چەقاندومانە قایم و یەکجاری کەی(ئامین). یانی دەرەجەی بەرز و سەربڵیند بێت و سوفەرای دەوڵەتی ئێمە لە هەندەران گەورە و قسە لێ قبوڵکراو بن (ئامین). وە دەوڵەتی جیرانی ئێمە: "ئیتیحادی جەماهیری شورەوی" هەمیشە لە عیزەت و شەوکەتی زیاد بێ و لە سەر دوژمنی موزەفەر بێ(ئامین) و ئەو زاتانە کە لە ڕێی سەربەستی گیان و بەدەن وماڵی خۆیان بەتڵاند مەوریدی ڕەحمەتی خودا و لە دەرەجەی شوهەدا بن.

وە ئاخر کەلیمەی ئێمە جوملەیەکە کە ئەهلی بەهەشت لە ورودی ئەوەڵی دا دەڵێن: حەمد بۆ خودایەکە کە چرای هیدایەتی هەڵکرد و ئەگەر چرای ڕوناك نەکردایە بەو نیعمەتە بێ پایانە نەدەگەیشتین و دو نەفەر شازادەی بەنی هاشم و بنەماڵی سیراجەدین کە لێرە حازرن، لە خودا دەخوازین کە لەسەر خزمەت بە نەتەوەی کورد بە دڵ هیمەت بکەن و موەفەق بن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وتاری پێشەوا قازی محەممەد لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا

لە ڕۆژنامەی ژمارە ١٠ و ١١ ی کوردستاندا دەقی قسەکانی پێشەوا لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا لە ژێر سەردێڕی " نوتقی جەنابی پێشەوا و ڕئیس جممهوری بەرزی کوردستان"دا بەو شێوەیە هاتووە:

نوتقی جەنابی پێشەوا و ڕئیس جممهوری بەرزی کوردستان

کوردستان مەوقعیەتی جوغرافیائیەکی مەخسوسی هەیە کە بێ پسانەوە و بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتێکی کە لە نێویان دا فاسیل و لێکیان بپچرێتەوە کورد بەسەریەکەوە و پێکەوە سکونەتیان تیدا هەیە و دارای مالکییەتی میللین دەوێدا. بەسەرهات و سەوابیقی تاریخیان یەکە و عمومەن تیدا شەریکن. خاوەنی ئاداب و عادات و ڕسوومی میللییەکەی وان کە هیچ جۆرە سەدەمە و حەوادسێک نەیتوانیوە سستییەک لە بناغەی میللەتی ئەوان دا پەیدا بکا.

کورد لە قەدیم ڕا هەزاران پادشا و حوکمدار و تەشکیلاتیان بووە. هەر لەم کوردستانی ئازادی ئێستادا بنەماڵەی ئومەرای موکری کە سەر سلسلەی ئەوان ئەمیر سەیفەدین بووە تا (١٠٢٠ی هە) بابیلئستیقلال یەک لە دووی یەک، ئەمیر سەیفەدین، سارم بەگ، شێخ حەیدەر، ئەمیربەگ، ئەمیرپاشا، تا دەگاتە قوبادخان بە دەسەڵات و قودرەتەوە حکومەتیان کردووە.

میللەتی ڕەشیدو بەغیرەتی کورد لە هەموو دەور و زەمانێکدا هەر کەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتمانی ئەوانی بوو بێ، بەرەنگاری بوون و بەربەرەکانیان کردووە و لە هیچ فیداکارێک دەستیان دانەنواندووە. لە پاش لە دەستچوونی سەڵتەنەت و حوکمداریشیان بۆ وەگیرخستنەوەی ئیستقلال و ئازادی بە میلیون قوربانیان داوە و لەبەر ئەوەی کە هەمیشە لە مبارزە و ملە دا بوون هیچ جورە ئەزیەت و ئازارێک نەماوە نەیچێژن و نەیبینن.

لە گەڵ ئەوەش هەموو کوێرەوەری و کوشتن و برینێکیان تەحەمول کردووە و قەت لە ئامانج و ئارەزووی خۆیان شل نەبوونەوە و لە ڕێی وەدەستخستنەوەی ئازادیدا وچانیان نەداوە. بە دڵێکی ئەوەندە بەهێز و عەزمێکی هێندە سابتەوە تێکۆشاون تا ئێستا هێزێکی وا پەیدا نەبووە بتوانێ تێکڕا خەفەیان بکا. میرە کوێرەیان کوشتووە بابان سەریان هەڵداوە. بابانیان بێدەنگ کردووە ئەردەڵان بڵێند بوون. ئەوانیان لە عەرزی داوە بتلیسی بەرز بوونەوە و هەزاری دیکەی وەک ئەوان.

تا لەو دواییانە دا لە پاش شەڕی بەینولمیلەلی پێشووەوە کە دیکتاتۆری ئێران و تورکیا هاتنە سەرکار و زمان و عادات و مەزهەب و خسووسییاتی میللی کوردیان بە جارێک لاواز و کز و کەنەفت کرد. لە هیچ وەحشییەت و دڕندەییەک ڕانەوێستان. خوێندن و نووسینی زمانی کوردی مەمنووع و پۆشینی لیباسمان قەدەغە بوو.

ئەوان نەیانهێشت لە هیچ جورە مەزایا و حقوقێکی بەشەرییەت بەشمان ببێ و ڕێگای فێربوونی عیلم و سەنعەتیان لێ بری بووینەوە. هەر ڕۆژە بە بەهانەیەک و هەردەمێ بە تەشقەڵەیەک دەستە دەستە و پۆل پۆل کوردی هەژار و بەدبەختیان حەبس و تەبعید دەکرد و دەیانکوشتن و لەبەینیان دەبردن و حاسڵ و دەسڕەنجی ئەو میللەتە بێچارەیان دەبرد بۆخۆیان و ئەوانیشیان برسی و تینوو و ڕووتوقوت دەهێشتەوە.

تا لە شەهریوەری ١٣٢٠ دا فریشتەی ئازادی دەستگای دیکتاتوری و فاشیستی ڕەزاخانی تێکشکاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد سەری لەو هەمووە فشار و ئەزییەتە کەمێ فارغ بوو فەوری ئێحساسی کرد، چۆن دەبێ لە فرسەت ئیستیفادە بکات و ڕێگای سەلاح و وەدەستخستنی ئازادی ئەو میللەتە چییە و چبکا. پیاوانێکی بە بیروهۆش و بە شەڕەف کە زۆر لەمێژ بوو خوێناوی دڵی خۆیان دەخواردەوە و بۆ زەلیلی ئەو میللەتە دوکەل لە دەرونیان دەهاتە دەرێ زۆر زوو تەشخیسیان دا کە وەختی کارە و لەو فرسەتە دەبێ بەهرە وەرگیرێ و ئەوە تەواو ئەو ڕۆژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بوون. یەکجار خێرا بێ‌ووچان و ڕاوێستان دەستیان بە کار کرد حیزبی دێموکراتی کوردستانیان تەشکیل دا و بە دەستوبرد خەریکی کاروباری میللی بوون و بە چاوێکی ورد و بە دیقەت ئێحتیاج و پێداویستی کوردیان تەشخیس دا بەدی کرد.

لە پێش هەموو شتێک دا ئیختیلافات و دوبەرەکانی عەشایری کە بە دەسیسە و حیلەبازی ئیستیعمارچی و دیکتاتوران بۆ ئیستیسمار و خواردن و کرۆساندنەوەی ئەو میللەتە، بە قەولی خۆیان(تفرقە بینداز و حکومت کن) دەبەینی خستبوون و تا ئەندازەیەک ئەو ئاورە بلێسەی ساند بوو برای دایک و بابی لە یەک ترازاند بوو، بە کولی لە گۆڕی هەڵگیرا و نێوی عەشیرەت و تەوایف و هەرچی ئەسبابی ئەو نفاق و پرشووبڵاویە بوو فڕیدرا و عمومەن لە ژێر عینوانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کۆبوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان تێکرا بەرە و ئامانجی ئازادی کەوتنە ڕێ.

زمانی زگماکمان کە لە گەڵ شیری دایک تێکەڵی خوێن و گۆشتی ئێمە بووە لە زەمانی دیکتاتوری دا سەخت قەدەغە کرابوو و زمانی فارسی بە زۆر تەحمیلی ئێمە و منداڵەکامنان دەکرا. ئەو کارە پتر سەبەبی پاشکەوتنی کورد بوو. لە مەداریس دا ڕەسمییەتمان پێدا و خوێندن و تەحسیلمان بە سەبک و تەرتیبی دنیا خستە سەرباری کوردی. چەند مەدرەسەی کچان و کوڕامنان کردەوە. مەدرەسەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجومە کران. چەند سەد کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەداریسی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن. لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن فێربوونی فارسی بن، لە مانگێک و دوو مانگ دا، دەبنە خوێندەوار هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەت میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرەنگی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عیدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوکردنەوە بووین. چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کراو دامەزرا. لە شاری خۆمان دا بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان گووار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیروفکر و داوخوازی ئێمە لە دنیا دا بڵاو دەکاتەوە.

حاسڵ و بەروبووی ئێمە کە میقدارێکی زۆروزەوەند و بە قیمەت بوو، بە فیڕۆیی لە دەستیان دەردەهێنایەن و دەستی ئیستیعمار سەدێکی لە پێش ئێمە و بازاری دنیا دروست کرد بوو. ڕێگای حەملان دییەوە و توجاڕەت ئیقتسادیاتی کوردستان زۆر باش تەئمین کرا.

لە زەمانی دیکتاتوری دا کە هەموو عەوارزێکیان لێدەستاندین کەم و زۆر وەسیلەی لەش‌ساغی و معالیجە، نە حەکیم نە دەرمان نەمەریزخانەی بۆیان ساز نەکردین. ئێمە بۆخۆمان مەریزخانەی زۆرباش بەو زوانە دایر دەکەین و لەشساغی وڵاتمان تەئمین دەبێ. هێزێکی میللیمان تەشکیل داوە کە بە شجاعەتێکی تەواو حازرە دیفاع لە نیشتیمان بکا.

دیارە موفەقییەتی ئیمە سەراسەر لە عەینی مەڕامی دێموکراسی و لە نەتیجەی فەعالییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پشتیوانی عالەمی دێموکراتە لەبەر ئەوە بە دڵ و بە ناو دەڵێین بژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موئەسسینی دێموکرات.

میللەتی کورد هەزاران سەد و بەرهەڵەستی سەخت و سەهەندی لە ڕێ دابوو. دەستەودایرەی دیکتاتوری بێ ووچان کارشکێنی ئێمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەک ڕانەدەوەستان. ئیختیلافی عەشایر و داخلیش ئیشکالێکی گەورە بوو. بۆ ئێمە ئەما ئەوانە هیچ کامێکیان نەیانتوانی پێش بە ئێمە بگرن. بە دڵێکی بە هێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا، تا ئیستقلال و ئازادی نەتەوەیی کوردمان بە دەست هێنا.

دیارە بەقایایەکی ئەو خەتەراتەش کە ماوە، چ لە داخڵ دا و چ لە خاریج دا، میللەتی کوردی موبارێزەی خۆی لە گەڵیان ئیدامە پێدەدا. بە پشتیوانی خودا مزەفەر و مەنسوور دەبێ.

ئەورۆ لە نمایەندەکانی تەواوی نەواحی و نوقاتی کوردستان بێ ڕەعایەتی تەبەقات، ئەعەم لە ئاغا و ڕەعییەت و گەورە و چووک کۆبوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان هاواری دێموکراسی دەکەن و بەرێی دێموکرات دا دەڕۆن. قودرەت و قووەتی دێموکرات نشان دەدا.

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١١ پاش تەواو بوونی قسەکانی پێشەوا:

... پێشەوا لە تریبوون هات بێتە خوارێ، عەبدول کەرباسی (عەبدول ئەو کەسەیە کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا گایەکی بە سەد تمەن کڕی و لە بەرامبەری ئاڵا دا کردی بە قوربانی) کە بە ئەسلەحەوە لە پشت تریبوون ڕاوەستابوو، شانی دانواند کە جەنابی پێشەوا پێ لە سەر شانی دانێ و بێتە خوارێ بەڵام لە بەر خووی تەوازوع کە لە ڕەوشتی مومتازی پێشەوای بەرزە قوبووڵی نەفەرموو و بۆخۆی هاتەخوارێ. لەم کاتە دا تەواوی عەشایر و خەڵکی شاری هوروژمیان هێنا و هەموو دەستیان ماچ کرد و بەیعەتیان دەگەڵ کرد. بە جۆرێ خەڵک دەورەیان گرتبوو کە ماوەی ساتێک نەدەبیندرا کە جەنابی پێشەوا لە کوێیە و لە ماوەی سێ ڕۆژ مەراسیمی بەیعەت بێ ووچان دەوامی بوو.

ئیگلتۆن لە لاپەرەی ٢ی کتێبەکەی دا لەسەر وتاری پێشەوا دەنووسێ: ... پەیامی قازی هەرچەند ڕووی قسەکانی لەگەڵ خەڵکی شاری بوو، بەڵام لە ڕاستەقینەدا لە هەموو سنوورەکان تێدەپەڕی و بۆ هەموو دۆڵ و چیا و دەشتەکانی کوردستان دەڕۆیی.

قسەکانی پێشەوا بەچەپڵە و هوڕا و تەقەی خۆشی پێشمەرگە و قوتابییەکان و گشت بەشداربووەکان کۆتایی پێهات.

## نوتقی محەممەد حوسێن خانی سەیف قازی

دەقی قسەکانی محەممەد حوسێن خانی سەیف قازی لە ڕۆژنامەی ژمارەی ١١ی کوردستان دا بەمجورەیە:

نوتقی ئاغای محەممەد حوسێن خانی سەیف قازی، کۆمەگ فەرماندەی هەموو هێزەکانی کوردستان:

ئەمن بە نوێنەری لە لایەن هێزی حیزبی دێمکراتی کوردستانەوە پێ پیرۆزەی خۆم دەگەڵ گیانی سەربازی و پێشمەرگەیی بە پێشگای ئەقدەسی جەنابی قازی محەممەد ڕەئیسی خۆشەویستی جەمهوری کوردستان و بە هەموو نەتەوەی کورد ڕادەگەیەنم و شانازی ئەوەم هەیە کە بڵێم یەکەیەکەی سەربازانی کە بە تەواوی ساز و بەرگ و ئەسلەحەوە لەکن حەزەراتی گەورە ڕاوەستاون و منیش یەکێکی چکۆلەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوان وەکو شێری ڕق هەڵستاو لەشی ڕووت و گیانی بێ بەهای خۆمان بۆ دیفاع لەو ئاو و خاکی کوردستانە تا ڕژاندنی دوایی تنۆکی خوێن لەسەر دەسمانە. ئێمە پێشمەرگانی ئازادی بۆ لابردنی دوژمنانی نێوخۆمان و هەندەران لە هیچ هێزێکی سامناک ناترسین و بۆ هەموو گیانبازیک ئامادەین تا بە یەکجاری ڕەختی ژیانی پڕ لە نەنگ و عار لەم زەوییە پاکە نابوود بکەین و بۆخانووی نەبوونی بنێرین. لە پێکهێنانی ئەو کارەدا دڕدۆنگیمان نییە چونکوو کوردستانی ئەوڕۆ زۆر بە هێزە ... زۆر بە هێزە ...!


محەممەد حوسێن خانی سەیف قازی

برایانی هاوخوێن بە پشتیوانی یەکەتی و دڵپاکی کە لە کوردستانی ئەوڕۆ و لە نێو ئێمەدا، لە ژن و پیاو و چکۆلە و گەورەدا هەیە، لە سەر ئەو مێزە ڕاوەستاوم و دەڵێم و داوا دەکەم: کە ئێمە بۆ هێزپێدان و سەرکەوتنی جمهووری کوردستان لە هەڵاویشتنی گیان و دەپێناو دانانی دریغ ناکەین و دریغمان نیە، بە پێی ئەم پایەش پێویست دەزانم کە خائین و خادم، ڕاست و درۆزن بە ئەنگۆ و براکانی تر بناسێنم."

هەموو دەزانن کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە زۆر لە مێژە قوربانی بێ ژمارمان داوە(کوتنی هەمووان باس درێژ دەکاتەوە) و دیسان دەزانن کە پاش خەرمانان(شەهریوەر) ی ۱۳۲۰ هیچ کوردێکی خوێن پاک بۆ دەباوەش گرتنی ئامانجی خۆشەویستی خۆی لە هیچ یارمەتی و گیانبازی کۆتایی نەکردوە و چونکوو ژماردنی ئەوانە زۆرە و لەبیر بەدەر و خۆتان لە من باشتر دەزانن و دەناسن چاو وەردەگێڕم و تەنیا بە گوتنی نێوی چەند کەسێک کە لە پێش چاوی ئێمە زۆر بێ بەها و هیچن خۆم بە ناچار دەزانم. چونکو ئەمانە لە ڕێی تەماع و هەستی جێگەویستن و هەڵخەڵەتاندنی پوچ و پوشاڵی خراپەکەران و ملۆزمان، بە پێچەوانەی قازانجی ئێمە هاتنە نێو کار و چاوەنۆر بوون کە لە سیپەدا بەڵگەیەک کە مایەی نەبوونی کوردستان بێت وەچەنگ بێنن و لە پێش بێگانان و دوژمنانی دانێن تا بەدبەختی ئێمە لە دنیا و بێ بەشی خۆیان لە دنیا و قیامەت دا ساز کەن. بەڵام خودا یارمەتی کردین و توانیمان ئەم مەڵۆزمانە.

۱- ئاغای عەلی عەلیار. خراپەی ڕابردوی پەهلەوی کە لە شارەوانی مەهاباددا بە سەریان دەهێنا لە بیری کرد و دەگەڵ سەرپۆلیپاک (سەرهەنگ) ئەڕفەع کە فەرمانی کوشتنی هەموو براکانی هەورامانی و مەریوانی ئێمەی دەدا خۆێ ڕێکخست بوو هاودەس بووە. ۲ – ئاغای ڕەحیمی وەستا عیزەت جیرەبخۆری ئاغای عەلیار هەڵگری چەن وڵامێک بوو کە لە نێوان عەلیار و ئەڕفەع دا دەگۆڕدرایەوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێسات ئەم خراپەکەرە بێخەبەرانە خەریکی ئەم کارەن. ٣ – ئاغای غەفوری مەحمودیان کە یەک نەفەر لە تەئمیناتی فاشیست مەئابی ئێرانی بۆ بیری خۆێ لەوەدا خەرج دەکرد کە بە عەناوینی جوێ جوێ کێشە و جودایی بخاتە نێو برایانی کوردی نەجیب. ٤ - حەمزە عەلی قاوەچیش لە هاودەستانی مەحموودیانە. ٥ – ئاغای مەلا ڕەحمانی سرنجداغی ئەویش لە هاودەستان و هاوبیرانی مەحموودیان بوو بە مەشانە بەسی نەدەکرد و ولامی بێ ئەساسی بۆ کاربەدەستە پوشالییەکانی ئێران دەنارد. ٦ - ئاغای محەمەد عەباسی کە بۆ وەرگیر کەوتنی مەقاماتی کە شایستەی نەبوو و هەستی جێگە ویستن کە لەبەر نەفامی فتری بۆتە عادەتی، لە هیچ جورە خەیانەت و فێلووتەڵەکەیەکی بێ حەقیقەت خۆی ڕانەگرتووە تا وایلێهات کاری ئاغا بوو بە وێنەی سەرئاو. ٧ و ٨ – عەلی نەوزەری و عەبدوڵا بایزئاغا کە تا ئەورۆ بۆ هاوکاری حازر نەبوون و خەیانەت و فێلووتەکە و دەستەبەندیکیان سازکردووە. ٩ و ١٠ – بایزئاغا و کاکەڵاغای گەورک کە لە ئەشخاسی تەبیعەت نەوین و بۆ بەتڵاندنی هەموو براکانی خۆیان ماسکێکیان بەرووە گرتووە. ئێستا بەرچاو و مەنفووری هەموو کەسن. ١١ - قەرەنی ئاغای مامەش کە پیاوێکی پیرو ساڵ دیتوو و ستەم دیتووی دەوری دیکتاتوری ڕەزاخان بووە و گشت بەدبەختییەکانی نەتەوەی کوردی بە چاوی خۆی دیوە. بە پێچەوانەی ئینتیزاری ئێمە و بیری ئێلی ڕەشیدی مامەش، لە تێکەڵی ئەم جیژنە میللی و پیرۆزەدا خۆی ڕاگرتووە. ١٢ - محەمەد فاڕوقی جاسوس و هاودەستی ئەشخاسی میللەت فرۆشە و هەمیشە خەریکی سازکردنی بەڵگەی دروستکراو دەبوو و ئێستا ئەغڵەبمان دەدەست دایە.

لەم دنیای دێموکراسیدا بە جامعەی کوردستانی دەناسیم و فێڵ و تەڵەکەی وان بڵاو دەکەمەوە. ئەگەرچی گەڵێ لەمانە بۆ مەرگ دەبن بەڵام چوونکو پێشەوای گەورەی ئێمە بێرو ئایینی لە سەر ئەوەیە کە لە ڕێی مسالمەت بە چاک کردنی خەڵکی خەریک بێت، لە مەرگی ئەوانە چاو دەپۆشێ. بەڵام سەرنویشتی هێندێک لەوان پاش پێڕاگەیشتن لە دادگای میللیدا کە بە بێ ڕشوە و تەبعیز ئەنجام دەبێ، مەعلوم دەبێ.

بژێ پێشەوای بەرزی کوردستان
هەر سەر بەرز بێ ئاڵای کوردستان
بژێ ڕوڵەکانی ڕەشیدی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شێعری مامۆستا هەژار

مامۆستا هەژار لە ٢ ڕێبەندان دا شێعری "سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە" خوێندەوە کە لە ژمارەی ١١ ی ڕۆژنامەی کودستان دا چاپ بووە:

سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە

نیشتمان ئەورۆ کوڕانت جێژنی ئازادی دەکەن
بوونەوە خێوی وەڵات تاڵانکراو ڕوت و ڕەبەن
شیرنی خۆی گرتە نێو ئامێز و باوەش کوهکەن
رووتەنی کوێستانی کوردان بووە بژوێن و زەمەن
گەرچی ڕێبەندانە ئێستێ پڕ گوڵ و بۆنە چەمەن
بۆتە جەنناتی عەدەن، چاو و بەدەن، دار و دەوەن
سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە* جێژنی ئازادی کوردستانە
خوێنی کوردانی شیمال و ئەشکی چاوی دایکەکان
شینی خوشکانی وەتەن بۆ لاوەکانی نەوجەوان
چونە داد بۆ لای خودا، دەریای تەڕەحوم هاتە جۆش
لاگریکی بۆ مە مەعلوم کرد نەبەرد و قارەمان
یوسف ئەستالین کە ئەوڕۆکە لە سەر هەردوپو
نێوی هۆردوی سور بلێن دەرژێ زراوی زاڵمان
تۆ لە لات وایە چیە هۆردوی سوور
سوری چی؟ کاکە بلێن کۆگای نوور
وا بە چاوی سوور گەلی لاواز لە گێتی نێو برا
تاریکایی کوردستانی دیت و لێی هەڵکرد چرا
مستی خۆی کردە گرێ بۆ خوێنمژانی مورتەجیع
حەق وەسەر ناحەق کەوت لەو نێوە حەقی کورد درا
خوین ئەشک و شینە کە وێکرا مەین و بوونە یەک
بۆ بە ئالایەکی سێ ڕەنگ و بە شادی هەڵکرا
کوردەکانیش دەبێ قەدری بگرن
خۆ بە قوربانی بکەن بۆی بمرن
جێژنی ئیستقلالتان پیرۆز بێ ئەی لاوانی پاك
دوژمن و یاخوا لە خوێنی خۆی بگەوزێنێ کەلاك
زوو هەموو کوردان لە ژێر زنجیری دیلی بێننەدەر
پێکەوە هەوڵێ بدەن بۆ ئاوەدانی ئاو و خاك
من " هەژارێکم" لە دەستم دا نیە غەیری دوعا
ئەی ڕەئیسی جەمهوری کوردان هەر بژی بۆ کاری چاك
تا هەیە چەرخ و خولی تۆپی زەمین
بژی هۆردوی قزل و ئیستالین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شێعری مامۆستا هێمن

مامۆستا هێمن لە ڕۆژی ٢ ی ڕێبەندان شێعری جێژنی ئازادی خوێندەوە کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٢ دا بە چاپ گەیشتووە:

نـەوجـەوانـانـی ژیـر و وریـای کـورد
پـیـرەپـیـاوانـی پـیـاو و ئـازای کـورد
بـێـچـوە شـــێـرانـی چـابـك و بـێـبـاك
تـازە لاوانـی مـیـلـلـی و خـوێـن پـاك
نـەونـەمـامـانـی بـاغـچـەئـی ئـاوات
کـاربـەدەســتـانی حـیـزبـی دیـمـۆکـرات
ئـەی ئـەوانـەی کـە چـاو بـەگـریـان بـوون
دڕ و دامـاو و کـز و پـەرێـشـــان بـوون
بـۆ وەتـەن ڕۆژ و شـــەو دەگـریـان زار
دیـتـــو لـەو ڕێـیـەدا هـەزار ئـازار
بـەشبـڕاو بـوون لـە خـۆشـــی و شـــادی
دەرکـراو بـوون لـە بـاغـی ئـازادی
موژدە بێ لێو کـە پـاش گـەلێـك زەحـمـەت
پـاشـــی زۆر ڕەنـج و تـاڵـی و مـەیـنـەت
پـاشـــی تـاڵان و جـەنـگ و دەربـەدەری
پـاشـی کوشـــتـار و شــین و قوڕوەســـەری
پـاشـــیوەی ســـەد مـەزن، هـەزار ســـەردار
لـەســـەر ئـازادی ڕۆیـیـنـە ســـەردار
پـاشـــی وەی ســـەد هـەزار کوڕی لاوچـاك
دەســـتـی دوژمـنـان: لـە خـوێـن و خـاك
گـەوزی و دایـکـی بـۆی لـە سـیـنـگـی دا
بـەزەیـی هات بـە حـاڵـی ئـێـمـە خـودا
یـاریـدەی دایـن و کـردیـە مـەئـمـوور
بـۆ نـەجـاتـدانـی کـوردی، هـۆردوی ســوور
مـیـلـلـەتـی کـوردی بـێـکـەســـی ڕزگـار
کـرد لـە ژێـر چـەنـگـی دوژمـنـی زۆردار
کـوردەواری بـــە جـارێ ئـازاد بـــوو
کوردی غـەمگین بـە کـەیـف و دڵشـــاد بوو
ئـاشـــکـرا هـەڵـکـراوە بـەیـرەقـی کـورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتەوە دەستی لاوی کورد حەقی کورد
تێ پەڕی ڕۆژی ڕەش نەما دەمی خەم
ڕۆژی کورد هاتەدەر لە ژێر مژو تەم
بۆ مە ئەو ساڵە کە چلۆن زستان
خۆشترە زۆر لە مانگی جۆزەردان
گەرچی ئێستا نەماوە گوڵ لە چەمەن
وەك گوڵە ڕومەتی کوڕانی وەتەن
کاتی داواتە سەردەمی شادی
گەورەتر ڕۆژە جێژنی ئازادی
ئێستەکانە تەواوی میللەتی کورد
کچ و کوڕ پیاو و ژن درشت و ورد
بێ خەم و لێو بەخەندە و شادن
بۆچی چونکو ئەوێستە ئازادن
ئەی برایانی میللی و دڵسۆز
ڕۆژتان باش و جێژنەتان پیرۆز
ئەوی ئاواتی ئێوە بو دیتوو
نیشتمان سەربەخۆ و ئازاد بوو
بەیرەقی جوانی ئێمەیە ئێستا
دەیشەکێنێ لە هەر بڵیندییەك با
کاری خۆمان بە دەستی خۆمانە
ئێستە با کوێر بێ چاوی بێگانە
تا هەزار ساڵی دیکە (ئیستالین)
هەر بژی یا ڕەبی: بڵێن ئامین
چونکە دەربەست حەقی زەعیفانە
لاگری دیل و بێنەوایانە
بۆ ئەوەی بێ کەسان بکا مەسرور
پایەدار بێ و بمێنێ ( هۆردوی سور)
(پێشەوامان) بژی لە بۆ خزمەت
کردنی دین و مەزهەب و میللەت
ڕەبی هەر کەس کە دوژمنی کوردبێ
هەردوو چاوی دەرێ و ملی ورد بێ
بمرە " هێمن" کە تۆ لە سەر زیادی
مایەوە، چونکو دیتت ئازادی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قسەکانی ئاغای سەید محەممەد تەهازادە

قسەکانی ئاغای سەید محەممەد تەهازادە لە ٢ی ڕێبەندان کە لە ژمارە ١٢ ی ڕۆژنامەی کوردستان دا هاتووە بریتییە لە:

مەقالەی ئاغای سەید محەممەد تەهازادە

بسم الله الرحمن الرحيم

ئاغایانی موحتەڕەم برایانی خۆشەویست ئەوڕۆکە ڕۆژێکی زۆر موبارەکە، ڕۆژێکی تاریخی‌یە، تا ئەوڕۆ کە دایکی نیشتمانی کوردستان وای بە خۆیەوە نەدیوە کە کوڕەکوڕەکانی بە شادی و کەیف خۆشی لە دەوروبەری دا کۆبونەوە و لە هاتوچۆدان. بە قاەقاە پێ‌دەکەنین داوەتیانە و هەوری نەگبەت و چارەڕەشی بەنوکی قەڵەمی ڕووناك فیکران و بە زۆری باسکی لاوە بەغیرەتەکان زنجیری دیلی و بەدبەختی‌یان لە ئەستۆی داڕنیوە و چاوی بە فرمێسکی بە دەسرەی خۆشەویستی دەسترِنەوە. ڕۆڵە دەنگ خۆشەکانی وردەبرینی خوێ پێ‌وەرکراوی دەرمان دەکەن. بە چەپڵە ڕێزان و شادی لە نێو خۆیانی دەگرن. بە تەنتەنە و جەلال لە دەوری دا بە زەماوەند مەشغووڵن. جا چرۆزوی واخۆش هەیە یا چ وەخت و ساتێ بە قیمەت و بەرز بیندراوە. دەبێ قەدری بزانین و بۆ بەرقەراری ڕاوەستانی دەستەو دوعا ڕوو بە قیبلە ڕاوەستین و بە دەنگێکی بەرز لە خودای بێ هاوتا تەمەنا بکەین ئەو ڕۆژەمان لێ پیرۆز کا و تا زەمان بەروبو درێژ بۆمان ڕاوەستاو و بەرقەرار بکا - ئامین. وە یەکیش دەمەوێ موختەسەرێك لە زەمانی چارەڕەشی و بەدبەختی دایکی نیشتمان کە کوردستانە کە بە سەر گەنجە ئازا و خوێنگەرمەکانی هاتووە، بەیان بکەم.

ساڵەهای ساڵە پەنجەی ئیستیبداد و دیکتاتۆری گەروی دایك و بابی ئێمەی ڕێك دەکوشی. ڕوچنە ڕوناکی ئێمەی بە پەردەی زوڵم دادەپۆشی. دەستی مەردانەگی و ئیتیحادی ئێمەی بە زنجیر دەبەست و ڕێگای جادەی سەرکەوتنی ئێمەیان بەو دەردە دەبرد. چاڵاوی دوبەرەکی و نیفاقیان لەسەر ئێمە هەڵدەقەند. چاوی تیژبینی ئێمەیان ڕەشایی پەردەی زوڵمەتی نادانی دایان دەپۆشی. ڕێگای نەجات و تەرەقیان لێ‌ون دەکردین و توشی هەزار ئەشکەوتی تاریك و چاڵاوی بێ بن و مەوجی دەریای بەدبەختی و چارەڕەشیان دەکردین. هەرچی حەول دەدرا ڕێگای نەجات غەیرە مومکین بوو وەکو عەرزو دەکەم بەو هەمووە دەردی سەری و بەدبەختی دوبارە خوێن گەرم و پاك لە ڕەگی کوردەواری دا بە جونبش دەهات. کەمەری مەردانەگیان دەبەست و ڕوڵە ڕەشیدەکانی میللەت دەتەقەلا دەکەوتن و دەستیان دەکرد نەهزەت زۆر بەهێز و تا دوامین هەناسەی ژیانیان پایەداریان دەکرد.

وەکو نەهزەتی شێخ عوبەیدوڵا کە لاپەڕە بەرزەکانی مێژوو شاهیدی فیداکاری و جانبازی وین کە تا ئاخر هەناسەی ژیانی عومری خۆی بە هەدەر ڕانەبوارد. شوهەدای کوردی شیمال بە خوێنی خۆیان خاکی کوردەواریان ڕەنگاندوە. قیامی شێخ سەعید کە لە ڕێی ئازادی میللەت و خاك و خۆڵی کوردستان دا گەردنی خۆی تەسلیمی تەنافی کەماڵی بێ کەماڵ کرد. یا خیر شێخ عەبدولقادری شەمزینی تا ئاخر نەفەسی پایەداری کرد و تا دەرەجەیەکی حازر بە فیدای ڕێ بوو وەکو حەزرەتی ئیبراهیم بە ئەمری خودای تەعالا کوڕی خۆی حەزرەتی ئیسماعیل حازر کرد بۆ قوربانی لە ڕێی خودای خۆی دا. ئەویش لە پێش هەموو کەس دا ڕەوشی ئەو زاتە موقەدەسەی کردە سەرمەشق بۆ میللەتی بە شەهامەتی کورد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حازر بو له ڕێی ئازادی و سەربەستی میللەت دا کوڕی خۆی سەید محەمەد ئەفەندی کرد بە قوربانی و بە ڕشتەی تەنافی بێ مروەتی کەماڵی بێ کەماڵ لە تەناف درا. وەکو ئێلی جەلالی تەواوی پیاوە گەورەکانی خۆیان فیدای میللەت کرد و منداڵە چوکەکان و بێ دەسەڵاتەکانیان دەربەدەر و تەفرەقە بوون بۆ وڵاتی بێگانە. ئیسماعیل ئاغای سمیتکۆ قەهرەمانی ڕەشید و بە ناوبانگی میللەتی کورد، بە فێڵ و فریو بە دەستی دەوڵەتی ئیستیبدادی ئێران لە بەین چوو. دەستە گوڵی ٦ ی ئەیلول کە لەو ڕۆژەدا چەند منداڵ و لاوی بێ گوناە، دەوڵەتی موستەبیدی عێراق وەبەر موسەلسەل و دەستڕێژی تفەنگ دران. هەزارەها وێنەی خوێنڕێژ و زوڵم و زۆر و تەفرەقە و بڵاوکردنەوەی میللەتی کورد هەیە کە زمان لە گوتن و قەڵەم لە نوسین قاسرە کە شەرحی بدەم. وەلێ لە بەرابەری ئەو هەمو زوڵم و دەردیسەری و بەدبەختی و چارەڕەشی‌یە دا خودای بێ هاوتا ڕەحمی کرد. ئەستێرەی ئیقبالی میللەتی کورد لە گۆشەی ئاسمانی کوردستان دا تلوعی کرد. تەپڵی بەشارەت ئاوازەی بڵیند کردوە و مزگێنی ئازادی بە گوێی تەواوی کورد و کوردەواری دەدا. وە یەک شتی دی هەیە کە دەبێ بۆ هەوەڵ جار بە خەتی زێڕین لە سەفحەی مێژوودا بنوسرێ کە مەرامی ڕەهبەر و کارگەرەکانی حیزبی دێموکرات ئەوە بو کە ئازادی بە بێ خوێنڕێژی نسیبی میللەتی کورد بێ و دۆست یا بەرهەڵستەکانی حیزب بە چاوی برایەتی و یەکەتی تەماشا کراوە.

## نوتقی شێخ حەسەنی شەمسەدینی(شەمسی بورهان)

دەقی نوتقی شێخ حەسەنی شەمسەدینی لە ڕۆژی ٢ ی ڕێبەندان کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٥ دا بە چاپ گەیوە:

برایانی خۆشەویست، ئاغایانی موحتەرەم!

ئەوڕۆ ڕۆژێکی زۆر بەنرخ و قیمەتە. ئەوڕۆ ڕۆژێکی یەکجار گەورە و بە حورمەتە. ئەوڕۆ جێژنێکی پیرۆز و موبارەکە. ئەوڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە گەلی کورد لەمێژ بو چاوەڕێی هاتنی بوو و لەمێژ بوو هەوڵی بۆ دەدا و هەزاران پیاوی ناودار و لاوی نازداری خۆی لە سەر بە کوشت دا. سوپاس بۆ خوا کە پاش گەلێك کوێرەوەری و دەربەدەری و ئەسیری و فەقیری و زیللەت و مەینەت بەو ئاواتە پیرۆزە گەیشتین و ئێستا جێژنی ئازادی و سەربەخۆیی دەگرین.

شنەبای ڕەحمەت هات و تەپوتۆمانی نەگبەتی لە سەر ڕەواندین و هەتاوی خۆشبەختی هەڵات و زوقم و سیخواری چارەرشی لە کوردەواری دا تواندەوە، ئەو ڕێبەندانە بۆ ئێمە بەهاری ئازادیە. براکان! چاو هەڵێنن و ئاڵای موقەدەس و سێ ڕەنگی کوردستان ببینن و چاو و دڵتان ڕوون بێتەوە و ڕەئیسی جمهوری خۆشەویست ببینن و شوکرانەی خودا بەجێ بهێنن. لە ئەنجام دا جێژنە پیرۆزەتان لێ دەکەم و دەڵێم خۆشەویستەکانم بۆ پاراستنی ئەو ئاڵا موقەدەسە و بۆ خزمەتی ئەو پێشەوا مەحبوبە بکۆشن.

بژی کورد و کوردستان. بژی ڕەئیسی جەمهووری موعەزەم. بڵیند بێ ئاڵای موقەدەسی کوردستان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نوتقی ئاغای زێڕۆبەگ لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان

دەقی قسەکانی زێڕۆبەگ لە ڕۆژی ٢ ی ڕێبەندان لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢١ دا بەمشێوەیە:

ئەمن بە نوێنەری لە لایەن هەمو قەبایلی شکاك و هەرکی موباڕەکبادی ئەم جێژنە خۆشەویست و مەزنە بە هەمو برا کوردێك بە تایبەتی بە حزوری جەنابی پێشەوا و ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و کارگەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان عەرز دەکەم و بەڵێنێ دەدەم کە تەواوی نەتەوەی شکاك و هەرکی ئامادەن بە وێنەی باب و باپیری خۆیان سەروماڵیان لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی کوردستان بەخت بکەن. قسێکی دی کە بۆ ڕوون بونەوەی بیری هەموو کەس زۆر بە پێویستی دەزانم عەرز دەکەم ئەوەیە: کە ئاغای حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندی لە پاش شەهریوەری ١٣٢٠ کە کورد دەستیان بە مله و موبارەزەی میللی کرد و ویستیان حەقی مەشروعی خۆیان بستێنن، عیدەیەکی زۆر لەبەر چاوەنۆڕی کە لەویان هەبوو وەدووی کەوتن و دەیانویست بە پێشەوایی و پشتیوانی ئەو ئاغایە ڕەهنمایی بکرێن. بەڵا ئەو زاتە بە پێچەوانەی ئینتیزارات و چاوەنۆری هەموو کەس لە ساڵی ١٣٢١ هەڵستا چووە تاران و بە زدی کوردان دەگەل کاربەدەستانی تارانی بە تایبەتی دەگەل ستادی ئەرتەشی ئێران خەریکی گفتوگۆ بوو و خەیانەتی بە کوردان دەکرد و سەد دەرسەد کاری کوردانی وەپاش خست. بە پێویستم زانی ئەو زاتە بەنگۆ بناسێنم.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ١٤٤ ی بیروەرییەکانی دا دەنووسێ کە زێڕۆبەگ بە دوای قسەکانی پێشەوا دا دەستی بە قسان کرد و بە هاندانی نماز عەلییۆڤ بێ ڕێزی بە عەبدوڵا ئەفەندی کرد و ئەوی بە پیاوی ئینگلیسییان تاوانبار کرد. قازی محەممەد ژیرانە قسەکانی زیرۆبەگی بەرپەرچ داوە و ڕێزی لە کەسایەتی نیشتمانی حاج سەید عەبدولای ئەفەندی گرت.

## قسەکانی ئاغای محەممەد ئەمینی موعینی

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٨دا کورتەی قسەکانی ئاغای محەممەد ئەمینی موعینی بەو شێوە هاتووە:

بە ئیفتیخار و سەربڵیندی دەزانم دەو ڕۆژە موبارەکەدا کە جێژنی سەربەخۆیی کوردستانە و بە پشتیوانی خودا و پێشەوای کوردستان دوژمنانی داخلی کە هەتا ئەوڕۆ شەریکی دز و ڕەفیقی قافڵە بوون بۆتان بەیان کەم.

یەکێك لەوان قەرەنی ئاغای مامەشە. دەوڵەتی ئێران هەرچەند جار کە تەلگرافی دەکرد بە لەقەبی شەریفی نێو دەبرد و ئەو نێوەش مەعنای وابوو کە ئەتۆ دەبێ وەتەن و میللەتی خۆت کە کوردە مەحوی کەیەوە و بیفرۆشی. ئەو شەخسە شەریفە خائینە کە بە زەمانی دەوڵەتی ئێرانی بوو بە حکومەتی دەوڵەتی ئێرانی لە مەهاباد، دەست بە عەمەلیاتی وەتەن فرۆشی و میللەت فرۆشی کرد. هەروەها دەگەل کە بو بە حکومەت لە مەهاباد ڕونیشت، ئەوەڵ کارێکی کە کردی ٣٠ نەفەری سوار ناردە ماله ڕەسولی یاهوی پولێکی زۆری بە ناحەق لێئەستاندو بۆ خۆشی حەبسی بوو. جیا لەوە، چەند نەفەر ئازادیخواە بوون کە بە ئەمری تەورێز و دەستوری ڕەزائیەی کە پێیگەیی بو خەیاڵ و عەزمی خۆی جەزم کرد بوو کە ئەو ئازادیخواهانە بگرێ و تەحویل بە دەوڵەتی دیکتاتۆری ئێرانی بدا. ئەوانە محەممەدی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەولودی و سەید محەمەدی سەیدی و چەند نەفەری دیکە بوون. بۆ بەجێهێنانی ئەو کارە ١٠٠ نەفەری وە کوچە و خیابانان خست، ئەمما چونکو خودای تەعالا نەیویست کورد زەلیلی دەستی ئەو دیکتاتۆرانە بێ دەستێکی غەیبی دە نێوی دا بوو بە لەمپەری قەرەنی ئاغای مامەش لەقەب شەریف ئەلحەمدولیلا بە ئاواتی خۆی نەگەیشت و بە تایبەتی مام عەزیزی ئەمیرعەشایەری کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش دەو ئاکارانەدا چی‌وا لە بابی کەمتر نەبوو و هاوڕێیەکانی ئەو نیشتمانفرۆشانە کە لەوانە یەکیان عەلی خانی نەوزەری، دوەم بایزی عەزیز ئاغای گەورك، سێیەمی عەبدوڵا ئاغای مەنگوڕ. یەکێکی دیکە لە خائینە گەورەکان عەلی‌یارە کە ئەمیر ئەسعەدی پێ‌دەڵێن. سەهلە ئەو خائینە کە کورد وێستا نیوێکی وایان نەبووە کە خائینەتی دەکرد ئەلعانیش کە حکومەتی کوردی ئەلحەمدولیلا بەرقەرارە و زۆر ساحیب قودرەتیشە ئەو خائینە حالی حازر لە تارانی دەگەڵ ستادی لەشکر کە سەرتیپ ئەرفەعە لە تێکدانی بناغەی حکومەتی کوردا ناوەستێ. ئەو ئاغایە سێ‌ساڵ لەوەی پێش کە بو بە فەرمانداری مەهابادی ئەمری کرد ئەهلی مەهابادی هەمووی ژنە، ژنیش نابێ ئەسلەحەی بێ. لە سایەی خودای بێ هاوتا بناغە و دامەزراندنی حکومەتی کوردی دیمۆکرات مەهابادی داندرا. پێویستە ئەو خائینە بی خۆی دە تەویلەی ئەو مەهابادی‌یانە کە پێی دەگوتن ژنن بهاوێژێ. ئەو وەختە ئەوان بۆ خۆیان دەزانن عەفوی دەکەن یان نا و خۆ دە تەویلە هاویشتنی ئەو خائینە حەتمییە و یەکێ لە هاودەستانی عەلی‌یار ئاغای ڕەحمەتی شافیعییە کە لە کۆمەك و یاریدەی ئەو خائینە ڕانەوەستاوە. یەکی دیش لەوانە کاکەڵا ئاغای گەورك سەهلە لە سەقزی و مەهاباد ڕانەدەوەستا حەملەی دەبرد بۆ ڕەزائیە و تەوریز و سنە و کرماشان و ئەمن لەو تاریخەوە لەلایەن حیزبی حکومەتی دیمۆکراتی کوردستان بۆ ئامۆژگاری و ئاگاداربوونی ئەو خائینانە هەتا ١٥ ڕۆژی دیکە ئیبلاغ دەکەم خۆیان بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بناسێنن بەڵکو لە سوچ و تاوانی ئەوان چاو بپۆشن. زیاتر لەوە دەڵێم: بژی کورد و کوردستان! بژی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان.

## نوتقی سەید عەبدولعەزیزی گەیلانی

نوتقی سەید عەبدولعەزیزی کوڕی سەید عەبدوڵا گەیلانی لە ٢ی ڕێبەندان دا کە لە کوردستانی ژمارە ١٣ دا هاتووە، بەمشێوەیە:

نوتقی برای خۆشەویست (سەید عەبدولعەزیز کوڕی حاجی سەید عەبدوڵا).

براکانم، گەورە و ئاغایانی کورد.

خانەوادەی نەهری بە گەورە و بچوك و ژن و پیاو و کچ و کوڕیانەوە زۆر بە ئیفتیخارەوە تەبریکی ئەم جێژنە موبارەکە و موقەدەسە ئەوەڵەن تەقدیمی مەقامی عالی ڕەئیس جمهوری موحتەرەم دەکەن کە لە ڕێی ئەم ئازادی‌یەدا هیچ جۆرە قسورێکی نەکردوە و بە هیمەت و عەزم و ڕوح بەرزی و حیکمەت و تەوانای خۆی توانی موکافەحە بکا و ئەم ئازادی‌یەمان بۆ وەگیر بخات.

وە دوەم جێژنە پیرۆزە لە هەمو برا کوردێك دەکەن کە ئەوانیش لە ڕێی ئەم ئازادی‌یەدا نەبەزیون و موقابیل بەو سەدەماتە و نەکەباتەی زەمان کە بە نیسبەت کورد هەمیشە عەکسی بووە و هەمیشە هێز و پەنجەی ئیستیعمار و جەهالەت لە کوردستان دا سەرکەوتوو بووە بە عەزم و سەبات وەکوو پۆڵا ڕاوەستاون و هەر نەبەزیون و هەر وەکوو تاریخ بۆمان ئیسپات دەکا کە کورد لە هەموو فرسەتێك دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

محاوەلەی ئازادی وەرگرتنیان کردوە. بەڵام لەبەر ئەوەی پەنجەی ئیستیعمار هەمیشە لەسەر کورد غالب بووە و بە ئەنواعی وەسائیلی وەحشیانە و بە ناوی دین و دنیا حەڕەکاتی ئازادی‌یان کوژاندۆتەوە کە کورد نەیتوانیوە ئازادی خۆی بستێنێ. بەڵام لە نەتیجەی ئەو هەموو کفاح و سەعی و هەوڵدانەی کورد دەوڵەتی شوڕەوی کە پشتیوانی میللەتانی بێ کەسە لەسەر حەقی میللەتی بێچارەی کورد بە جواب هات و مەجالی نەدا ئەمجارەش ئیستیعمار سەری پان کاتەوە ئازادی پێ بەخشین و دەبێ بشزانین کە ئەوەش لە نەتیجەی سەعی و هەوڵدانی ڕەهبەری موحتەڕەم ڕەئیس جەمهور حەزرەتی قازی محەمەد بوو کە شەو و ڕۆژی خۆی لەو ڕێیەدا سەرف دەکرد و مەعنای ئیسراحەتی نەدەزانی کە توانی بە هۆی سەعی و محاوەلات و نەبەزینی خۆی، میللەتی کورد بە دەوڵەتی شورەوی بناسێ و داوای ئازاد بوونی کورد بکا.

ئەی برا کوردەکانم بزانن شوهەدای خانەوادەی نەهری کە لە ڕێی ئەم ئازادی‌یەدا خوێنی خۆیان ڕشتووە و شەهید کراون و سەفحەی تاریخی خۆیان بە ئاوی زێڕین نوسیووە ئێستەکە لە ئێمەمانان شادترو مەسرورترن و ئێستەکە جێژنی ئەوانە. بەڵێ جێژنی ئەوانە چونکە زانیان کە خوێنی ئەوان بە خۆڕایی نەڕۆیوە و نەتەوەی ئەوان بەو ئازادی‌یە موقەدەسە شاد بوون. ئەوەش بزانن کە ئێستاکە ڕوحی پاکی ئەو شەهیدانە لێرەدا حازرن و بە یەکدەنگ جێژنە پیرۆزە لە هەموو برا کوردێك دەکەن و تەواوی ئەفرادی خانەوادەی نەهری بە گەورە و بچوکیانەوە بە ڕوویەکی زۆر سپی و موفتەخرانەوە ڕەجا و تکا لە هەمو کوردێك دەکەن کە بۆ خاتری خودای مازی و عەنزەناتی کۆن و ئاکاری سەخیفانەی ئیقتاعی و ئیستیعماری لە بیر بکەن. تەوائیفوملوکی و دوژمنایەتی و مەنافیعی مادی و مەعنەوی شەخسی، تازە مەکەنەوە. گەورەیی و بچوکی و ئاغایی و گەدایی لە ناو خۆتان هەڵگرن. هەر وەکو برا دەست دەنە دەست یەك و بخوێنن و موتەحید و یەکدڵ و جانفیدا بن. بۆ ئەوەی ئەو ئازادی‌یەی کە لە پاش سەعی و کفاحی هەزاران ساڵ بە دەستمان کەوتووە لە دەستی نەدەین و بەرقەرار و بەهێزتری بکەین.

براکانم دەزانن کە زۆر برای دیمان هەن ئێستاکەش لە ژێر زنجیری ئیستیعمار و ئیستبداد و ئەسارەت دەناڵێنن و بە چاوێکی زۆر برسیوە چاوەڕێی هیمەت و پیاوەتی ئێوە دەکەن. لە بەر ئەوە نابێ هیچ کوردێکی بە شەرەف بەم ئازادییە کەمە ڕازی بێ بەڵکو فەڕزە و پێویستە لەسەر هەر کوردێك مازی و ڕابوردوی ڕەشی لە بیر کا و بە هۆی عەزم و برایەتی و هێزو هیمەتی خۆیان، لە ژێر ڕیاسەت و سەرپەرستی ڕەئیسی جەمهورمان قازی محەمەد ئامادە بین. ئەو برا کوردە ئەسیرانەی دیمان کە حاڵی حازر لە ژێر زنجیری ئیستیعمار و ئەسارەت دا دەناڵێنن دەربێنین و خوێنی خۆمان لەو ڕێگایەدا بڕێژین و بە خۆمان نەڵێین ئازادین تاوەکوو کوردستانی گەورە بە تیشکی ئازادی ڕووناك دەکەینەوە.

ئێمەش هەر فەردێك لە خانەوادەی نەهری حازر و ئامادەین بە ڕوح و گیان و سەرو ماڵمان و بە ڕوحێکی زور پڕ ئیخلاسەوە لەو ڕێیەدا خزمەت و فیداکاری بکەین.

لە دوایەدا لە خوای عەزەوەجەل دەپاڕێینەوە کە خوا بە گەورەیی و عەزەمەتی خۆی عومری ڕەهبەر و ڕەئیس جەمهورمان قازی محەمەد درێژو پایەدار کا کە بتوانێ ئەو ڕیسالە موقەدەسە گەورەیە کە دەستی پێکردوە تەواو و بەرقەرار کا و کوردستانی گەورە ئازاد کا. وە بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەین و دەڵێین، هەر بژی ڕەهبەرمان ڕەئیس جمهوری کورد، قازی محەمەد و هەر بژی کورد و کوردستانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورە و هەر بژی جەنرالیسموس ستالین ڕەهبەر و پێشەوای ئازادی گێتی.

## وتاری ئاغای ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم

دەقی نوتقی ئاغای ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم لە ژمارەی ١٥ی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ڕۆژی ٢ ی ڕێبەندان دا خوێندراوە:

نوتقی ئاغای ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم. پاش ئەوەی تەبریکی جێژنی سەربەخۆیی کوردستانی بە حزوری پێشەوای موعەزەم و هەمو حازران گەیاند گوتی: تەواوی ئێلی مەنگوڕ بە تایبەتی بابوباپیری من بۆ دەفعی دیکتاتۆران و دەرهێنانی نیشتمانی کوردستان لە ژێر چەنگی وان هەمیشە دەکێشە و ملە و هەرادا بوون. حەمزە ئاغای گەورەی باپیرم کە زۆر بە نێوبانگە چەن جار دەگەڵ بلەوەزەکانی ئێران بە شەڕ هاتوە و مەراکیزی لێ چۆڵ و وێران کردون و بە دەسیسەی ئێرانییان لە ئاستەنبول ١٢ ساڵ گیرا پاش بەربون دیسان چەن جار لە گەڵ ئێرانییە موستەبیدەکان بە شەڕ هاتووە تا چارەیان نەما بە فێڵ و فریو حەمزە ئاغایان دەگەڵ کاکە سواری برایم ئاغا گرت و سەریان بڕین و سەرەکەیان بۆ تارانێ برد. حەمزە ئاغای براشم دەگەڵ حەسەن ئاغای بایز ئاغا چەن وەختێك بەند کران و سلێمانی ڕەسوڵ ئاغا و عەبدولڵای فەتاحی ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان حەبسی زاڵمەکانیان زۆر دیوە و ئیشارەی بە شەڕی مەلا خەلیل کرد. ئەمانەی هەر بۆیە بو کە ئیسپات بکا کە ئێلی مەنگوڕ هەمیشە بۆ نەجات دانی وەتەنی خۆی لە ژێر دەستی زاڵمان سەعی‌یان کردوە و قوربانی‌یان داوە. پاشان گوتی: ئەمەش کە نەوەی ئەو شێرمەردانەین ئامادەین وەدوای ڕابردوانی خۆمان کەوین و بە خووی چاك و ڕێوشوێنی چاك دا لە ڕێی نیشتمان دا بمرین.

## قسەکانی ئاغای نانەوازادە

دەقی قسەکانی ئاغای نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ڕۆژی ٢ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ کە لە کوردستانی ژمارە ١٢ دا هاتووە بەمشێوەیە:

خیتابەی ئاغای نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی حزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەی قارەمانان و جەنگاوەران!

ئەی ڕەشیدان و دلێرانی خاکی پاکی کوردستان!

تاریخی ئەوڕۆکەو هیچ وەخت لە بیر نەچێ. ئەوڕۆ ڕۆژێکە لە ئایندەی نیشتمان و میللەتی کورد ئەسەراتێکی زۆر و بێ سابیقەی هەیە. خۆم ئیعتیراف دەکەم لە عەهد و ستایشی ئەوڕۆژە نایەمەدەر و باوەڕیش ناکەم کەسیش بێتە دەرێ. چون تەقدیری خودای لایەزال ئەو ڕۆژەی گەورە و سەربەرز کردوە. ئەوڕۆ مەنشەئی تەحەولێکی گەورەیە بۆ نەژادی کورد، بۆچی؟ نیشتمان و تەبیعەت ئەوڕۆکانێ چاکترین هەدیەی خۆیان پێشکەشی میللەت کردوە. یەگانە نابیغە و پێشەوای کوردیمان وەدەرخست تا بە بێکەسی و دەربەدەری و دەرد و زیللەتی کوردەواری خاتیمە بدا و کوردان بو هەزاران موەفەقیەت و سەربەرزی ئامادە بکا.

ئەی خالیقی لایەزال! پێشەوا و ڕەئیسی جمهوری کوردان موەفەق و پایەدار بکەی. کوردستان جێگای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵێران و لە گیان ڕابردوانە. کورد بە ڕەشیدی و بێباکی شوهرەی دونیا بون و ڕابردوی زۆر ڕەوشەنی ژیانی ئەو میللەتە قەدیمە وەکو ئەستێرە ڕووناکی چاوی هەموانە.

ئەی لاوان و پێشمەرگانی کورد! ئەنگۆ کوڕی ئەشخاسێکن کە بە مروری زەمان دەنگی شەهامەت و گوڕەی وان عالەمگیر بووە و یادگاری زۆر ڕووناك لە شەهامەت و عیزەتی نەفس و ڕەشادەتی وان باقی ماوە. نۆبەی ئەنگۆیە، سینگ وەپێشخەن و بە ئیمانێکی قایم داخڵی خزمەتی سەربازی و پێشمەرگەیی بن، بۆچی؟ ئیفتیخاراتی سەربازی لە هەمو ئیفتیخاراتێك مەزنترە. چۆن سەرفرۆشتن لە ڕێگای نیشتمان گەورەترین فیداکارییە. بۆیە گەورەگەوران فەرمویانە: قشون ڕوحی مەملەکەتە. مەملەکەت دەبێ ساحێب هێز و قوەت بێ تاکو ئیفتیخاراتی میللی خۆی ڕاگرێ. دەلیلێکی زۆر قایم و نیزیك هۆردوی سوورە کە بە هێز و قوەتی خۆی، بە دنیای نواند کە هۆردوی سوور بە ئیفتیخارترین ئەرتەشی دونیایە. ئەو ئیفتیخارە گەورەیە کە خودا نەسیبی مەی کردوە بە جەبوونی و کەم دڵی لە دەستی نەدەین.

ئەمن فەرد فەردی لاوانی بە جەرگ و هەناوی کورد بۆ مەیدانی ڕەشادەت و شوجاعەت و ئیفتیخار دەعوەت دەکەم کە لە ڕێگای نیشتمان و پێشەوای موعەزەم ئیفتیخاری جانبازیمان هەبێ.

لە ئاخری دا بە دڵێکی خاوێن و ئیمانێکی قایم بە میللەتی خۆم پایەدار بوونی دەوڵەتی کوردی لە خودای بەرز و بێ هاوتا دەخوازم و بە دەنگێکی بڵیند دەڵێم: بە سەلامەتی ڕەئیس جمهوری و پێشەوای مەحبوب هوڕا! بۆ بەرزێتی خاکی پاکی نیشتمان هوڕا.

ڕەحیمی قازی باسی ئەوکات دەکا و دەڵێ کە بە دوای قسەکانی نانەوازادە دا، ئاڵای ڕزگاری و سەربەخۆیی هەڵکرا و هێزی پێشمەرگە و هێزی عەشایر بە بەردەم کورسی سەرکۆمار دا، بە ڕێکوپێکی تێپەڕین. دوایە بە گوێرەی لاپەڕەی ١٨ی کتێبی ڕەحیمی قازی، بە نەقڵ لە گۆڤاری هەڵاڵەیَ ژمارە ١ی ساڵی ١٩٤٦پێشەوا لە وتارێک دا گوتی:

لە مێژوودا نەدیتراوە هیچ نەتەوەیەک توانیبیتی بە بێ خوێنڕێژی ئاڵای ڕەزگاریی خۆی هەڵکا. نەتەوەی کورد توانی بێ ئەوەی خوێن لە کەپووی کەس بێت بە هۆی کارزانی و لێهاتووییەوە ئاڵای ئازادی هەڵکا وە خۆی بە جێهانی پێشکەوتوو بناسێنێ. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت کە هێشتا بەشی زۆری برایانی ئیمە لە ژێر چەپۆکی زۆرداراندا ئەناڵێنن وە دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان کەنەفتیان کردوون. خوڵا ئێمە سەرکەوتوو کات کە بتوانین بە زوترین کات زنجیری دیلی لە ئەستۆی ئەوانیش داماڵین وە ڕەزگاریان کەین.

## وتاری وێلمەی سەیادیان

خەتابەی یای وێلمەی سەیادیان لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان کە لە کوردستانی ژمارە ١٣ دا بەمشێوەیە بە چاپ گەیشتووە:

ختابەی یایی ویلمەی سەیادیان مودیرەی مەدرەسەی پەروانە (کچان) ی مەهاباد

لە دنیای موتەمەدن و زانست دا، هەر میللەت و نەتەوەیەك، هەر تایفە و قەوم و تیرە و بەرەیەك، بە زمانی خۆی کە دایك لەسەر پشتی لانك حەرفێك و دو حەرف خستویەتە لێویان و دەگەڵ شیر دەزاری کردون خوێندویانە و دەخوێنن، نوسیویانە و دەنوسن. لە چوار سنور و وڵاتانی خۆیان دا بە ئازادی ژیاون و دەژین. بەڵام داخەکەم میللەتی کورد، ئەو میللەتەی کە تاریخ ئیفتیخار و شانازی شەش هەزار ساڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وانی لە بیرە و لەبەر ئەهمییەت و گەورەی لەسەر دڵی کتیبانی داناوە، ئەو میللەتەی لەگەڵ هەمو بەرهەڵستێك، لەگەڵ هەر کەسێك کە پەلاماری نیشتمانی وانی دابێ بەربەرەکانی‌یان کردوە و بست بە بست بە خوێنی خۆیان ڕایان گرتوە. مودەیەکی زۆر گرفتاری چنگاڵی ڕەش و برش و پیسی ئیستیبداد دیکتاتۆری بوون. زمان و عادات و ئادابی میللی ئێمە قەدەغە کرابوو. لە ترسی ئەوەی مەقامی دیکتاتۆری و قازانجی ئیستیعماری خۆیان نەکەوێتە قوولە، ئێمەیان لە تەرەقی و زانست و سەرکەوتن دەگێڕاوە و نەیاندەهێشت دنیا لە ئیستیعداد و لیاقەتی ئێمە میللەتی کورد حاڵی بن. تا لەم شەڕە گەورەدا کە پەری عەداڵەت و ئازادی بە سەر مۆتە و دێوی فاشیست و دیکتاتۆری دا غاڵب بوو، بە فەرمانی یەکە پیاوی مەیدانی عەدالەت و بەشەر دۆستی ژەنەرالیسموس ستالین ئێمەش لە زیندانی دیلی هاتینە دەرێ و ڕێگامان بۆ کراوە. لە ژێر ئامۆژگاری حەکیمانە و شارەزایی کردنی پیاوانەی پێشەوای موعەزەمی کوردستان( جەنابی قازی محەمەد) دا زمان و دین و عەدالەت و ئادابی میللی ئێمە ئازاد بوو. ئیستیعدادی میللی و لیاقەتی حەقی ژیانی خۆمان بە موستەقیللی و سەربەخۆیی بە دنیا نیشان دا. دەستی بە هێزی ئەو پێشەوا مەزن و گەورەیە ئەوەتا باسکی ئێمە (میللەتی کوردی کە تا چوار ساڵ لەوە پێش دیل و یەخسیر بوین) گرتوە و زۆرخێرا لە هەموو کەندوکوڵۆ و هەورازێك وەسەری خستوین و ئەوا لە ژێر باڵی پیرۆزی وی شاهیدی سەعادەت و خۆشبەختیمان دەباوەش گرتووە. ئێمە مامۆستا و قوتابییەکانی مەدرەسەی کچان موبارەکبادی ئەو موەفەقیەتە گەورە بە دەرماڵی پێشەوای موعەزەم عەرز دەکەین و تەمەنای قبوڵمان هەیە و هەموومان وێکرا بە دڵێك و زارێك دەڵێین، بژی پێشەوای مەزنی کوردستانی گەورە.

## وتاری یایی خەدیجەی حەیدەری

دەقی قسەکانی یایی خەدیجەی حەیدەری( دیارە لە ژمارە ١٣ی کوردستان دا بە ناوی خەدیجەی مەجدی هاتووە) لە ڕۆژی دوو ڕێبەندان کە لە کوردستانی ژمارە ١٣دا هاتووە، بەمشێوەیە:

بەیاناتی یای خەدیجەی مەجدی ئاموژگاری مەدرەسەی پەروانە(کچان) ی مەهاباد. بە ئیجازەی جەنابی قازی بەیاناتی ناقسی خۆم بە حزوری برایانی خۆشەویست عەرز دەکەم:

ئەی خوشکانی خۆشەویست ئەی برایانی عەزیز لەم ڕۆژە خۆش و پیرۆزەدا ئەمن کە یەک کچە کوردم کە ئازادی میللەتی خۆم بە چاوی خۆم دی. هەرچەند کە زەمانێک بوو دەمدیت کە لاوانی کورد شەو نیوەشەوان یا دەمبیست لە شاخان و لە غاران مەشغووڵی فەعالیەت بوون و خودای تەبارەكوتەعالا موەفەقی کردن و دڵی نەشکاندن. ئەلئان ئەی خوشکە خۆشەویستەکان با ئێمەش چاو لە برا خۆشەویستەکامان بکەین. دەستی ئیتیحاد بۆ یەکتری درێژ بکەین. چون دەبینم دایکی نیشتمان چاوەڕێی کچەکانی خۆیەتی کە دەس بە فەعالیەت و خوێندن بکەین بەڵکو تا ئێمەش بگەینە برا خۆشەویستەکانی خۆمان. لە بەر ئەوەی دنیای ئەوڕۆ موحتاجی کچ و کوڕە کە بە خوشکو برایەتی دەست بدەینە دەستی یەك بۆ ڕزگار کردنی دایکی نیشتمان. ئەمن لە تەڕەف تەواوی کچ و خوشکانی کوردستانی مەزن پیرۆزی ئەو ڕۆژە موقەدەسە، تەقدیمی هەیئەتی دەوڵەت دەکەم. وە لە ئاخری دا تەمەننا دەکەم ئێوەش لە گەڵ من هەم سەدابن و بڵێن: بژی پێشەوای بەرزی کوردستان جەنابی قازی محەمەدا! بژی قارەمانانی کوردا!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وتاری ئاغای ئەحمەدئاغای ئیلخانیزادە

وتاری ئاغای ئەحمەدئاغای ئیلخانیزادە کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٢ دا چاپ کراوە. بەمشێوەیە:

برایانی خۆشەویست!

من یەك نەفەرم دەتوانم سابیت ڕەوشەنی بکەم کە لە دەوری دیکتاتۆری ئێران دا لە من بێنەوا و پەرێشانتر کەس نەبو، چونکو ویجدان و میللییەتم ئیجازەی نەدەدا کە بچم و بە وان تەمەلوق و فروتەنی بکەم و گەلێ جار بە خۆم دەگوت: خۆزگا نەدەمردم و بە چاوی خۆم دەمدیت جارێکی دی تفەنگ و فیشەکدانم هەڵدەگرت و بە ئەسلەحە دەڕازامەوە و وجوودی ئەمنییەم نەدەدیت. ئێستا دەبینم لە مەراحیمی ئیلاهی لە باتی بێگانان برایانی بەهێزی کورد پێ بە عەرزی دا دەدەن و دەرجا لێ دەدەن و دەنگی چەکمەی ئەو لاوە ڕەشیدانەی کورد و برایانی کوردی خۆم مونعەکیس بووە و بەتەواوی دوژمنانی بەشەرییەت و دیکتاتۆران دەڵێ: کە لەمەوپاش بە ئەندازەی بەڕەی خۆتان پێ ڕاکێشن و بۆ حقوقی خەڵکی دەسدرێژی مەکەن دەنا بەم چەکمانە سەرتان پان دەکەینەوە.

ئێستاش، کە لە حەمدی خوداوە لە سایەی ئازادی ئەملاك و داراییم زیاد بووە، ئەوا سێ دانگی دێی "عیش ئاوا" ی موڵکی خۆم کە پێم وایە لە ژیانی ماڵ و منداڵم زیادە، بە دەوڵەتی سەربەرزی کوردستانم پێشکەش کرد. چونکو لە پێش چاوم گەلێ چەتونە کە برایانی خۆم بێ سەواد و ئەسبابی خوێندنیان نا مورەتەب بێت و من لە عەیشی کامەرانی دابم. دیسان گیانی خۆم وەقفی دەوڵەتی سەربەرزی کوردستان کرد کە لە ڕێی نیشتمانی خۆشەویست دا گیانی خۆم بەخت و هەموو هێزی سەرف کەم و بە یارمەتی خودا و هومێدی ڕەسولی ئەکرەم خوێنی دوژمنانی کوردستان دەگەل مێشکی سەریان بڕێژم و بە نوێنەریی برایانی ئەفسەران، ئەوانە و عەرز دەکەم: مەبادا دوژمنانی کوردستان خەیاڵی یەك زەڕە تەجاوەز بۆ خاکی کوردستان بکەن، دەنا بە یارمەتی خودا لە سنوری خۆیان دا مەحو و نابودیان دەکەین. بژی کوردستان! بژی ڕەئیسی جمهوری کوردستان جەنابی قازی محەمەدا!

بژێ ڕوڵەکانی ڕەشیدی کوردستان

## وتاری ئاغای محەممەد قادری

قسەکانی ئاغای محەممەد قادری، لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٣ دا بە چەشنی خوارەوە هاتووە:

ختابەی ئاغای محەممەدی (قادری)

ئەی ئاغایانی مەزن ئەی برا سەپان و تجار و کاسبە باشەرافەتەکان! پێویستە ئێوە بزانن وەزعیەتی کوردستانی ئێمە ئیمڕۆ لە هەمو کاتێکی ڕابردو ئەهمییەتی زیاترە چونکە لە لایەکەوە حکومەتی زاڵمی ئێرانی کەوتۆتە پەلە و دەستەپاچە بووە بە هەر وەسیلەیەکی کە لە دەستی دایە هەوڵ دەدا کە یەکێك لە برایانی ئێمە فریو بدات و بیانخاتە ژێر پەنجەی دێوی ئیستبدادەوە لە لایەکی تر چەند کەسێ لە پیاوە تێنەگەیشتوو و مێشك ڕزیوەکانی وەکو قەرەنی ئاغای پەسوێ و عەلیئاغا لەم قەڕنی بیستەمی تەمەدونەدا تەماع و تەکەببوور چاوی بەستون و شەڕافەت و میللییەتی لە دەست داون. سەهلە لە بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازادی کورد تێ ناکۆشن بەڵکو چاوەنۆڕی دەرفەتیش دەکەن کە ئێمە دوبارە ئەسیر کەنەوە. ئەنجا ئەی برا کاسبکارەکانی باشەرافەت، ئەی شێربەچانی مێشەی کوردستان، ئیمڕۆ بۆ ئێمە دو شت زۆر لازم و پێویستن، ئەوەڵ فیداکاری و گیانبازی هەموان بۆ کوردستان. دوەم فیداکاری پێشەوای بەرز بۆ هەموو کورد. فیداکاری ئێمە بۆ کوردستان ئەمەیە کە گیان وماڵی خۆمان بە تەواوی دە ئیختیاری پێشەوای مەزن بنێین بۆ پێداویستی وڵات بەختی بفەرمون و فیداکاری پێشەوای مەزن بۆ میللەت ئەمەیە کە هەتا ئاخری قەترە خوێنی پاکی خۆی حازر نەبێ کە میللەتی کورد بداتەوە دەست بێگانان و هەر کاتێکی بۆی دەرکەوت کە یەکێک لە میللەتی کورد فریوی بێگانان دەخوا بە بێ درەنگی بۆ مەحو و نابوود کردنەوەی ئەمر سادر بفەرموون. لە ئاخری بەیاناتەکەمدا بە دەنگێکی بڵیند دەڵێم:

بژی سەرۆکی جەمهوری کوردستان. بژی کوردستانی مەزن.

بژی یەکێتی کوردستان و ئازەربایجان.

## وتاری سەدیق حیدری

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٢وتاری سەدیق حیدری لە ڕۆژی ٢ی ڕیبەندان دا بەمشێوەیە بووە:

ختابەی آغای صدیق حیدری: ئەی برایانی خوشەویست ئەی قارەمانان و شیر مەردانی کوردەواری، ئەمن یەک نەفەرم پێشمەرگەی کورد هەژدە قسەی چکولە هەیە کە پیویستە بە عەرزی حوزاری محترم بگەینم:

١- سپاس و ستایش بو خودای تبارک و تعالی و گەورەیی بو حەزرتی سەید کائینات.

٢- پیویستی شەڕافتی یەک نەتەوە سەربەخوییە.

٣- سەربەخویی میلەت فەقەت بە زانایی و ئەخلاقی چاک ڕادەگیری.

٤- ڕاگرتنی سەربەخویی هەر میللەتیکی بە ئازادیی و قارەمانی ئەو میللەتەیە.

٥- بەبی حقیقت داخل بوون بۆ مەڕامی موقدسی ئازادی مومکین نابی

٦- هەر میللەتێ بییەوی ئازاد بێ دەبی حەقیقت و سەداقەت بکاتە ڕەووشتی خۆی.

٧- هیچ میللەتێک ناتوانی بەبی مەعارف و فەرهەنگ ئازادی خوی ڕابگری.

٨- دە ڕیگای ژینی شەڕافتمندانەدا لە گیان و مال ببورن.

٩- بژی ئەو میللەتەی کە بۆ بەدەستهینانی ئازادی ژیانی خوشی ناوی.

١٠- ئازادی پیویستی وەک یەک بوونە و لە بەرامبەر قانون هەموو وەک یەکین.

١١- هیچ نەوعە ئازادییەک ئیجازە نادا هەتا ئاخر و ئەواخری عومر هەر خەتاکار بین.

١٢- عەتری گولاوی چاک عەتری بەدەڵ و جەعل دەشیوینی، پیویستە ئێمە عەتری ئازادی دە مملەکەتی خۆماندا بلاو بکەینەوە تا جەعل و ئیستبداد لەنیو هەلگیرێ.

١٣- ئازادی عەقیدەیی بەسەر هەموو سیاسەتێکی دا حاکمە.

١٤- هەر چەند ئێوە ئازادی خۆابن، هەن جەماعەتیکی دی لە ئێوە ئازادی خۆاترن.

١٥- کوردستان دەبی بە دەسی کورد ئازادی بکری.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٦- دەعینی ئازادی دا دەبی موقید بن.
١٧- ڕووحی میللەت فیدای هیچ کەس نیە، ئەڕواحی خادمین میللەت دەبی فدای میللەت بن.
١٨- ئێمە دەبی ئیننشائەڵا بێهداری کوردستان ڕاجع بە پاک و خاوینی کە لازم نییە ئەمن لیرە شرحی بدەم بگەیینینە ئەو مقامی کە سەیدی کائینات بە سونەتی دەزانی. لە ئاخری عەرایزی خۆمدا بە دەنگیکی بەرز دەڵێم
بژی بە ژیانیکی ئەبەد پێشەوای کوردستان حەزرتی قازی محەمەد.
بژی قارەمانانی کورد.
لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی کوردستاندا لەسەر قسەکانی ئەو پێشمەرگەیە ئاوا نووسراوە:
ئەم برا پێشمەرگە بەرزە پاش قوتار بوونی وتارەکەی ئێحساساتیکی بی ئەندازەی لەنێو گوێدیرەکانی ئیجاد کرد بوو و چەند برای خوین پاکی دیکەش لەسەر شانی خویان دانابوو و بلندیان کردبو و بە نەعرتە و شریخەیەکی شیرانە دەیانکوت جیژنی سەربەخویی کوردستان لە هەموو کوردان مبارک بێ و هەتا دنیا هەیە جیژن و سەربەخویی کورد هەتاهەتا بێ. (تێبینی نێوی سەدیق حیدری لە لیستی ڕۆژنامەی کوردستان دا وەک وتاربێژ نەهاتووە بەڵام قسەکانی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٢ دا هاتووە).

## بڕیاری بیستهەزار کەسیی کۆبونەوەی٢ی ڕێبەندان

ڕێوڕەسمی ٢ ی ڕێبەندان، بەیان و نیشاندەری گشت ئاوات و ئارەزووەکانی سەدان ساڵەی مێژووی نەتەوایەتی کورد بوو و ئەو ڕاستییە کاتێک دەردەکەوت کە لە دوای هەر وتارێک دا، کە ناوی سەرۆک کۆمار دەکەوتە سەر زاران، قوتابیانی قوتابخانەی گەلاوێژ و سەعادەت، موسیقا و سرودی نیشتیمانی و نەتەوەییان لێدەدا، لە نێو ئاپۆڕای خەڵک دا دەبوو بە چەپڵەڕێزان و دەنگی خۆشی و شادی بەرەو ئاسمان بەرز دەبووە.
هاوکات لەگەڵ ئەو هەموو خوشی و شادیە، ئەوجار بەرنامە و ئێعلانی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە تەئییدی تەواوی بەشداران گەیشت و قازی محەممەد بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردرا. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٨ دا، لەسەر دەقی بڕیاراتی کۆبوونەوەی جەماوەری نەتەوەی کورد لە مەهاباد لە ڕۆژی ٢ ی ڕێبەندان دا، بەمجورە هاتووە:
قەرارێك کە لە ٢ ی ڕێبەندانی
ساڵی ١٣٢٤ لە لایەن بیست هەزار نەفەر نمایندانی تەواوی تەبەقاتی ئەهالی کوردستانی شیمالی لە میتینگی شاری مەهابادی دا قوبوڵ کراوە.
دە ڕابردوی نەتەوەی کوردیش دا وەك سایری نەتەوەکانی دیکەی دونیایە پادشایی و حاکمییەت و ئوسول و ئیدارە و مەدەنییەت و عادات بووە، بەڵام لە بەر فێڵ و تەڵەکەی دەوڵەتانی مورتەجیع لەت لەت بوە و کراوەتە عەبد و دیل. وەنەبێ هەر لە حاکمێتی بەڵکو لە تەواوی ئیختیاراتی میللی بێ بەش کرا بون.
چەند عەسرە کە کورد گرانایی و ئەزییەتی غەیرە قابیلی تەسەوری ئەسارەتیان لەسەر خۆیان درك

کردوە بە تایبەتی لە پاش هاتنە سەرتەختی ڕەزاشای خوێنخۆری مورتەجیع کوردەکان بە گرانایی ئەسارەتی زیاتر دوچار بون و ئەو موستەبیدە لە لایەن هیتلەری مەخبەتەوە کوردی لە هەمو حقوقی میللی خۆی مەحروم کرد و هێندێك لە عەشایەری کوردی بە تەواوی لە ڕیشە دەرهێنا و لە نیشتمانی خۆیانی وە دورخستن و فارسانی مورتەجیع بە خانمان و دین و منداڵانی کورد جنێوی غەیرە قابیلی شەرحیان دەدا، بۆ کوردان نەك هەر خوێندن بەڵکو قسەکردن و دوانیش بە زمانی دایکی خۆیان قەدەغە کرابو.

کوردەکانی تورکییەش خسوسەن پاش هاتنە سەکاری مستەفا کەمال پاشای هەروا بون. ئەو دڕندەیە بۆ بێدەنگ کردنی هەرای ئازادیخواهی شێخ سەعید یەك ملیون و نیوی لە کوردان کوشت.

کوردەکانی عێراقیش دەردی ئەسارەتیان کەم نەکێشاوە. لە لایەن کەسانێك کە دە فکری سەعادەتی بەشەری دا نین بۆ عەبدایەتی دران بە عەرەبان دە گەڵ ئەو هەموو تیرۆر و تەعقیب و کوشت و کوشتار و تەلەفاتەش کورد هەرگیز دە موقابیل زاڵمان دا سەری دانەنەواندوە و دە ڕێی ئیستیقلال و ئازادی دا موبارەزەی خۆی دەوام پێدا و ئیرادەی پۆڵایی فەناناپەزیرە هەر بووە و هەر دەمێنێ. دەو ساڵانەی دوایەدا فرسەت و ماوەیەکی چاك هەبو کە بە ئازادی‌یەکی کە ئەمە ئارەزومان بێ بگەین و لە مێژ بووە دەستمان دەکەوت بزوتباینەوە وەك بزوتنەوەی قارەمانان و مەردانی پێشومان.

بەدبەختی ئەوەیە کە ئێستا دەنێو کوردان دا کەسانێك هەن وە نەبێ هەر خزمەت بەو فارسانە، کە چەن عەسریکە ئەمەیان دە ژێر زوڵمی خۆیاندا ڕاگرتوە، بکەن، بەڵکو بە ئاشکرا میللەتی کوردی دەفرۆشن.

سەودای عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد دەگەڵ ستادی ئەرتەشی ئێرانی کە هەمو کوردی فرۆشتون لە هەمومان مەعلومە. لە خەڵکی مەعلومە، مەلا عەبدوڕەحمانی سرنجداغی و محەمەدی فاروقی و حەمزەلی قاوەچی و غەیرە جاسوسن و میللەت فرۆشن. قەرەنی ئاغای مامەش و محەمەدی عەباسی و عەلی خانی مەنگوڕ و عەبدوڵا ئاغای مەنگوڕ و چەن کەسی دی بە ئاشکرا بۆ ئیختیلاف و پارچە پارچە کردنی کوردان سەعی دەکەن.

عەیبەی بزانن ئەی مەلعونینە!

وە خەبەر بێن تا زۆر درەنگ نەبوە!

تەماشای دوژمنانی کەچ فیکر نەکەین دەزانین کوڕە پێشوی کورد هەرگیز میللەتی خۆیان و هومێد و ئارەزوی وانیان لەبیرنەکردوە.

لاوچاکانی مە وەك ڕابردوان بێ مزایەقە قوەی سەرف دەکەن کە کورد خۆشبەخت و ئازاد بێ و ئەوان زانیان موەفەقییەت وەختێك وە دەست دەکەوێ کە خەڵک زۆر توند پاڵ وێك دا یەك حیزبیان ببێ و دە گەڵ برایانی ئازەربایجانی پێکەوە بزوتنەوە و پێ گەیشتن ئەو حیزبە کە حیزبی دیموکرات بوو بە کۆمەگ و یاری خەڵکی کوردستان داندرا لە مودەتێکی کەمدا بە موەفەقییەتی زۆر گەورە گەیشتوە، زدییەتێکی دە نێو عەشایران دا بو هەڵی گرت و یەکێتیەکی قایمی دە نێو وان دا پەیدا کرد و هەیئەتی میللی هەڵبژارد و چاپخانەی تەئسیس کرد و ئەوە لە تاریخی کوردی ئێران دا هەوەڵ جارە بە تەوری عموم بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە دەس پێ کراوە مەدرەسەی میللی تەشکیل کردوە کە دەویدا منداڵانی کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە زمانی دایکی خۆیان دەخوێنن و مەسئەلەی خوێندنی ئیجباری و عمومی حەل دەکات و شارەوانی و عەدلییەی داناوە و هێزی موسەللەحی میللی و... ساز کردوە.

بژی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان !

بژی موئەسیس و ڕەهبەری وی جەنابی قازی محەمەد !

ئەمە دەزانین و باوەڕیمان هەیە کە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەو کارە موقەدەسەی خۆیان بە موەفەقییەت دەبەنە سەرێ.

ئەمە نوماینداني تەواوی تەبەقات و کوردانی شیمالی کوردستانی لە میتینگێك کە لە شاری مەهاباد سازمان کردوە و ژمارەمان ٢٠ هەزار نەفەرە ئەوڕۆ ئارەزوی عمومی خۆمان ئیزهار دەکەین و لە کۆمیتەی حیزبی دیمۆکرات و ئەنجومەنی خۆمان خواهیش دەکەین ئیختیاری دەدەینێ:

١ - لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیسقلالی تەواو بگا.

٢ - ئینتخاباتی مەجلیسی شورا دەس پێ بکەن.

٣ - حکومەتی میللی کوردستان، وەزیران ئیدارەکانی ساز بکەن.

٤ - هێزی موسەلەحی میللی کورد تەشکیل بدەن.

٥- لەگەڵ دەوڵەتانی هەمسایە ڕابیتەی تیجارەتی و ئیقتیسادی بەرقەرار بکەن.

٦ - لەگەڵ برا ئازەربایجانییەکان هەمکاری و دۆستایەتی مەحکەم بکەن.

پایەدار بێ کوردستانی ئازاد!

بژی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان !

بژی ڕەهبەری خەڵکی کوردستان جەنابی قازی محەمەد!

(تێبینی لە کتێبی سەعیدخانی هومایون دا کە هاشمی سەلیمی ئامادە کردوە، ئەمانەتداری لەو بەڵگە مێژووییەدا نەکراوە و خاڵی یەک ئاوا گۆڕدراوە:

لەو جێگایەدا کە ئیستا کوردی تێدا دەژی ئازادی نیسبی دابمەزرێ).

ئەیوب ئەیوب زادە لە سەر ناوەرۆکی نیشتیمانیی کۆبوونەوەی ٢٠ هەزار کەسی کۆماری کوردستان لە سایتی ئینتێرنێتی دا دەنووسێ:

کۆبوونەوەی چەند هەزار کەسیی ڕۆژی دووی ڕێبەندان، کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتییەکی بچووک یاخۆ سکاڵا لە مەسەلە و گرفتێکی ڕۆژانە نەبوو. ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییە لەڕاستیدا لە شوێنی ڕیفراندۆمێک بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردو بۆ ڕاگەیاندنی بڕیارێکی مێژوویی. ئەگەر لە دونیای ئێستادا نەتەوەیەک بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی پەنا دەباتە بەر



بەیعەت لەگەل پیشەوا قازی محەممەد
دوای راگەیاندنی کۆماری کوردستان ١٣٢٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەنووقی دەنگدان یاخۆ بە هۆی نوێنەرانییەوە لە هۆڵی پارلمان بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی بە دونیای دەرەوە ڕادەگەیەنێ، کۆبوونەوەی بەرین و جەماوەریی ڕۆژی دووی ڕێبەندان مودێلێکی زیندووتری بۆراگەیاندنی بڕیارێکی مێژوویی ئەوتۆ هەڵبژارد. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زیندوو پتر لە ۲۰ هەزار کەس دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا و ئیرادەی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بە ئاشکرا بە دنیا ڕاگەیاند. ئەم هەنگاوە بڕیارێکی چارەنوسساز بوو لە هەلو مەرجێکی شۆڕشگێڕانەدا.

بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی چارەنووسساز بوو، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژێردەستەیی و بێکیانیی کورد بێنێ. لەهەمان کاتیشدا وڵامێکی مێژوویی بوو لە حاند کولتووری نەتەوەخوازیی داگیرکەرانە و سەروەریخوازانەی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێراندا.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٦٣ی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ کە کاتێک کە گشت پیاوە ماقوڵەکان بە پێش پێشەوا دا هاتن، گەورەترین مەلای شار، مەلا حوسێن مەجدی لەبەرانبەر بە قازی محەممەد ڕاوەستا و پیرۆزبایی لێکرد. پێشەوا لە وڵام دا گوتی: مامۆستا دوعام بۆ بکە خوێم لێنەگۆڕێ. ئەوە شەرتی سەرەکی یەکیەتیمانە.

دوای کۆتایی ئەو ڕێورەسمە، ڕێژەی خوێندکارانی بێ چەک، کە لە پێشەوەیان ئاڵای کوردستان دەشەکاوە دەستی پێکرد و بە دوای ئەوان دا ڕێژەی پیادە و سوارەی چەکدار بە پێش پێشەوا و بەشداران دا تێپەڕین. ئەوجار کۆتایی مەڕاسیمەکە بە داوەت و ڕەش بەڵەکی بەشداران ڕازاوە و ئەو گۆوەند و دیلان و شاییە، بۆ دەیان ڕۆژ لە سەرانسەری کوردستان دا بەڕیوە چوو.

## بەیعەت بە پێشەوا

بەیعەت باوەڕێکی ئایینییە کە مەتمانە و بیروباوەڕ و خۆشەویستی کەسێک بە کەسێکی دیکە، تا ڕادەی ملکەچی و ئیتاعەت فەرمانبردن بەو، پێک دێنێ. پێشەوا قازی محەممەد زۆر ژیرانە هەوڵی دا تا لەو باوەڕە مەزهەبییە بۆ قازانج و بەرژەوەندی کۆماری کوردستان، کەڵک وەرگرێ.

دوای سوێند خواردنی پێشەوا قازی محەممەد خەڵک بەیعەتیان پێوە کرد، ڕێورەسمی بەیعەت بە پێشەوا، ڕۆژی ۳ی ڕێبەندانیش بەڕێوە چووە و مەڕاسیمی ئەو ڕۆژە تایبەت بە هێزی پێشمەرگە بوو و بە پێی ڕۆژنامەی ژمارە ١٤ی کوردستان لە سەعاتی ٨ ی بەیانی، بە دەنگی شەیپوری "حازر بە"، گشت پێشمەرگەکان لە ڕیزکانی لێزگە و قۆڵ و دەستە و چڵ و لک و پۆل دا، لە کانگای پێشمەرگەکان کۆ بوونەوە. ئەوان سوارە و پیادە و بە چەک و چۆڵی شەر و موسەسەل و تۆپخانە ڕازابوونەوە. ڕۆژنامەی کوردستان لە درێژەدا دەنووسێ:

هەموو فەرماندەکان لە قۆڵ یەکەوە بگرە تا سەر قۆڵ و لە سەر دەستەوە بگرە تا سەرکردە و لە ناودار یەکەوە تا سەر لک و لە سەر پۆلەوە تا سەر هێز، هەر یەک لە جێی خۆی دامەزرا. فەرمانی فەرماندەهان دڵی دوژمنانی ڕادەوەشاند و زراوی خائینانی دەتواندەوە و بێ وچان فەرمانی حەرەکەت درا و هەموو پێشمەرگەکان قۆڵ قۆڵ و دەستەدەستە، سی کەس سی کەس حەرەکەتیان کرد و هاتن تا واریدی شەقامی وەفایی بوون و فەرمانی ڕاوەستان درا و لەم سەر ئەوسەری شەقامدا هەموو هەر یەک لە جێی خۆی ڕاوەستان و لە سان دران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمە لە بەر چیَ و بۆچیيە؟

هەستی نیشتیمان پەرەستی ڕووحی پێشمەرگەیی و لە خۆبوردن، هەستی تۆڵە کردنەوە، ئارەزووی مولحەق بوون بە شوهەدای ئازادی، چێشتنی لەزەتی سەربەخۆیی، بەرز کردنەوەی ئاڵای موقەدەس، دەنگی دیلی و زەلیلی دایکی نیشتیمان، ئەم لاوە تازانەی وە جونبش و وەجۆش و خرۆش هێنابوون و ئێستا چاوەنوری ڕەئیسی جەمهوور و فەرماندەی خۆیان دەکەن کە بەیعەتی دەگەڵ بکەن. بەڵێنی بدەنێ کە ئەم لەخۆبوردوانە ئامادەن تا ئاخر تنۆکی خوێنیان دەس لە فیداکاری هەڵنەگرن. لەم کاتەدا ڕەئیس جەمهوری بەرزی کوردستان دیاری کرد و لە سەر شەقامی وەفایی دا دابەزی و ڕۆژ باشی لە هەمووان فەرمووو و لە لایەن پێشمەرگەکان بە " زیاتر – فیدا- کارم" جوابی عەرز کراوە. ئەمجا ڕیاسەتی جەمهوور یەکە یەکە نێوچاوانی ماچ دەکردن و ئەوانیش بەیعەتیان دەکرد و قەولی فیداکاریان تازە دەکردەوە...


Qazi Mohammad in his office in Mahabad with map of Kurdistan behind him, 1946 Archibald Roosevelt/

پاش تەواو بوونی مەراسیمی بەیعەت ماوەی ٢٠ دەقیقە شلێنگی تفەنگ و موسەلسەل کرا و لە گۆشە و کەناری شاریشرا بە شانازی پێشمەرگان هەر تەقە دەهات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٢٦

## جێژنەکانی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان و ناساندنی پێشەوای کوردستان و بەیعەت بە پێشەوا

ڕۆژی دووی ڕێبەندان کۆتایی هات و لاپەڕەیەکی زێڕینی پرشەنگدار و لەبیرنەکراو لە مێژووی گەلی کوردا تۆمار کرا. لە ڕۆژانی دواتر لە بەردەوامی ڕۆژی پیرۆزی دووی ڕێبەندان، بە هێندێک شێوەی دی لە زۆربەی شار و شارۆچکە و دێهاتی ژێر حوکمی کۆمار دا ئاهەنگی خۆشی و شادی بەڕێوە چوو. ئەو ڕێوڕەسمانە لە ژێر ناوی" جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان" یان "ناساندنی پێشەوای کوردستان" یان "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال و هەڵکردنی ئاڵا و ناساندنی پێشەوای کوردستان"دا بەڕیوەچوون.

لەو مەراسیمانەدا ڕێز لێنان لە سەربەخۆیی کوردستان و هەڵکردنی ئاڵا و دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و بەڵێنی ئیتاعەت کردن لە پێشەوا، بوو بە بەرنامەی تۆکمە و چڕوپڕ و لە زۆربەی شوێنە ئازاد کراوەکانی ژێر دەستەڵاتی کۆماردا، لە شار و لە دێ بە شکۆوە بەڕێوە بردرا.

بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامانە بە هۆی بەرپرسانی حیزب، دەزگا ئیدارییەکان و کەسایەتییە نیشتیمانپەروەر و ئائینیەکان، تەنانەت جوولەکەکان بەڕێوە چوو. ئەو مەڕاسمانە کە بریتی بوون لە مێتینگ و سرود و ئاهەنگ و شایی و هەڵپەڕکێ و شەربەت خۆری و شێعر و وتار و تەقەی خۆشی، بە شکۆی تایبەتی بەڕێوە چوون و بەڵێنی گوێڕایەڵی و ئیتاعەت بە ڕێبەرانی کۆمار درا. لەو ڕێوڕەسمانەدا بابەتی وتاربێژەکان جیاواز و زۆرتر مێژووی حماسە و سەروەرییەکانی نیشتیمانی و خراپەی دوژمنانی دەگرتەوە و بە دروشمی بژی پێشەوای موعەزەمی کوردستان و هەروەها لە زۆر جێگاش دا بژی مارشاڵ ستالین کۆتایی پێ دەهات. وردبوونەوە لە بابەتەکانی ئەو جیژنانە، دەبێتە هۆی زانیاری گشتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژوویی بە تایبەتی پەیوەندییەکانی نیشتیمانی سەردەمی کۆمار.

لە ژمارەی ٧ ی ڕۆژنامەی کوردستان دا یەکەم ڕاگەیاندنی بەرنامەی جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان دەست پێدەکا. لەو ژمارەدا ئاماژە بەوەی دەکرێ کە هەیئەتی شار لە ماڵە ئاغای کەریمی ئەحمەدەین کۆبوونەوە و لە دوای شادمانی و جێژنی سەربەخۆیی کوردستان، بۆ سێ ماڵی فەقیر کە لە ڕێی کوردستان دا زۆریان زەحمەت کێشابوو، پوول و یارمەتی کۆ کراوە و لە لیستەیەک دا ٦٦ کەس یارمەتییان پێشکێش کرد.

### مەراسیمی جێژنی سەربەخۆیی ڕۆژی ٣ ی ڕێبەندان

یەکیک لە گرینگترین مەڕاسیمەکانی جێژنی سەربەخۆیی کوردستان، ڕێوڕەسمی پێشمەرگەکان بوو. بەشەکانی ڕاگەیاندنی ئەو جێژنە لە ڕۆژنامەی ژمارە ١ تا ١٧ ی کوردستان تۆمار کراوە و لەوبارەوە لە ژمارە ١٤ دا ئاوا هاتووە:

پێشمەرگە خۆشەویستەکان لە بەیانی ڕۆژی ٢/١١/٣ هەموو سەریان لە خەوی مەستی هەڵێنا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گشت خوماری شەرابی سەربەخۆیی بوون کە ڕۆژی پێشوو دەرخواردیان درابوو و ئەوەش پێویستی شکانەوە بوو. لەنەکاو ساتی ٨ ی بەیانی دەنگی"شەیپووری حازر بە" لە کانگای پێشمەرگەکان بڵێند بوو. لە ماوەی چەند دەقیقەیەك دا تەواوی پێشمەرگەکانی کورد، لیزگە، قۆڵ، دەستە، چڵ، لك، پۆل، خولاسە تەواوی هێزی کوردستان لە کاتێکدا بە تەجهیزاتی جەنگی ڕازابونەوە، سوارە و پیادە بە جوێ و بەشی موسەلسەل و تۆپخانە بە تەنێ، بە نیهایەتی شادمانی و ڕوخۆشی کە لە خۆشییان ڕومەتیان وەك گوڵی گەش وا بوو و لەبەر کەیف و سرور دە پێستی خۆیان دا نەدەحجمین، لە کانگای کۆبونەوە و هەمو فەرماندەکان لە قۆڵ یەکەوە بگرە تا سەرقۆڵ یەك و لە سەردەستەوە تا سەرکردە و لە ناودار یەکەوە تا سەرلك و لە سەرپۆلەوە تا سەرهێز، هەریەك لە جێی خۆی دامەزرا. فەرمانی فەرماندەهان دڵی دوژمنانیان ڕادەوەشان و زراوی خائینانی دەتواندەوە، بێوچان فەرمانی حەرەکەت درا. هەمو پێشمەرگەکان قۆڵ قۆڵ و دەستە دەستە، سێ کەس سێ کەس حەرەکەتیان کرد و هاتن تا واریدی شەقامی وەفایی بوون و فەرمانی ڕاوەستان درا. لەمسەر و ئەوسەری شەقامدا هەموو هەریەك لەجێی خۆی ڕاوەستان و لە سان دران.

ئەمە لەبەر چی و بۆچیە؟

هەستی نیشتیمان پەرستی، ڕوحی پێشمەرگەیی و لەخۆ بوردن، هەستی تۆڵە کردنەوە، ئارەزوی مولحەق بون بە شوهەدای ئازادی، چێشتنی لەزەتی سەربەخۆیی، بەرز کردنەوەی ئاڵای موقەدەس، دەنگی دیلی و زەلیلی دایکی نیشتمان، ئەم لاوە نازدارانەی وەجونبش و جۆش و خرۆش هێنابوون و ئێستا چاوەنوڕی ڕەئیسی جەمهوور و فەرماندەی خۆیان دەکەن کە بەیعەتی دەگەل بکەن. بەڵێنی بدەنێ کە ئەم لە خۆبوردوانە ئامادەن تا ئاخر تنۆکی خوێنیان دەس لە فیداکاری هەڵنەگرن. لەم کاتەدا ڕەئیس جەمهووری بەرزی کوردستان دیاری کرد و لەسەر شەقامی وەفایی دا دابەزی و ڕۆژباشی لە هەموان فەرموو و لە لایەن پێشمەرگەکان بە"زیاتر فیداکارم" جوابی عەرز کراوە. ئەمجا ڕیاسەتی جەمهوور یەکەیەکە نێوچاوانی ماچ دەکردن و ئەوانیش بەیعەتیان دەکرد و قەولی فیداکاریان تازە دەکردەوە. لە نێوجەرگەی سوپادا نۆبە گەیشتە سەید باوەجان کە سەیدێکی پەنجا ساڵەیە و ڕدێن دارە. بێوچان دەستی فەرماندەی خۆشەویستی ماچ کرد و وتی: "حازرم ئەم ڕدێنەم لە ڕێی دیفاع لە نیشتمان لە خوێن دا شەتڵ کەم" و فەرماندەی خۆشەویست فەورەن ڕدێنی ماچ کرد و ئافەرینی لێکرد. لەم کاتەدا ئاغای سدیقی حەیدەریان لە سەر دەستان هەڵگرت بوو. ئەویش بە دەنگێکی بڵێند دەیگوت: "بژی کورد و کوردستانی گەورە". "بژی ڕەئیس جەمهووری بەرزی کوردستان". دڵی خەڵکی وە جۆش هێنا بوو. پاش تەواوبونی مەراسیمی بەیعەت ماوەی ٢٠ دەقیقە شلینگی تفەنگ و موسەلسەل کراو لە گۆشە و کەناری شاریشرا بە شانازی پێشمەرگەکان هەر تەقە دەهات.

لێرەدا نووسەر ڕاوبۆچوون و خۆشەویستی خۆی دەردەبڕێ و لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا دەنووسێ:

ئەی پێشەوای خوشەویست شاد و ئەو لاوانە کە تا چوار ساڵ لەمەوبەر دەستی ڕاست و چەپی خویان نەدەناسی و هەستی نیشتمان پەرستی و هومێدی ڕزگاری لە دلی واندا باری کرد بوو ئەوڕۆکە تەمی نەگبەتیان لەسەر ڕەویوە هەر یەک قارەمانیکی کوردستانە و وینەی پیشمەرگەی فداکار و وفاداری دونیایە. ئەی وەتەنی عەزیز و ئەی نیشتمانی خوشەویست بەخۆت بنازە ئەتۆ کە چەن چەرخیک بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەژێر چەپوکی ستمکاران دا دامابوی و مژی بەدبەختیت لەسەر نەدەڕویی و کوڕ و کچانت بە دەس ڕفینەرەکانی حقوقی بەشەرییەتەوە دیل و زەلیل بوون. ئەوا دەستی غەیبی یارمەتی کردی و تەمت لەسەر ڕەوی، باسکی بەسراوی کوڕانی دلیر و قارەمانت کراوە و زنجیری دیلیان لە دەست و ئەستۆ داڕنیوە و دانانیشن تا بە یەجگاری تو و ڕولەکانت ڕزگار نەکەن.

ئەی دلیران و قارەمانان ئەی پێشمەرگان و پاڵەوانانی کوردستان ئێوە کوڕی ئەو کەسانەن کە مێژوی دنیا بە نیویان شانازی دەکا. ئەنگو کوڕی شێرمەردانیکن کە چەن چەرخ بەسەر ئێران و بینولنەهرین و ئاسیای سەغیر دا فەرمانڕوا بوون. ئێوە ڕوڵەی کەیقوباد و کەیخوسروی کوردن، ئەولادی سەلاح ئەلدین و نورئەلدینن... نەوەی ئەو پیاوانەن کە مەردانە بو ڕاگرتنی سەربەخویی کوردستان تیکۆشیون. چەن وەرزیک بوو وەپاش کەوتبوون. ئیستعمار خوینی دەمژین. دارائی و بوون و نەبونی ئەنگۆیان دەڕفاند. ئەوا خودا کۆمەگی کردن هەموو بەرهەڵستیکو لەپێش هەڵگیرا. ئەمجا نوبەی پیاوەتی و مەردانەگی ئێوەیە. دایکی نیشتمان دەسی لەرزوکی خوی بولای ئێوە درێژ کردوە و دەیەوی باقیات ئەلسیئاتی دیکتاتورانی لێ پاک کەنەوە.

ئەی پیش مەرگانی خوشەویست ئێوە گیان و هێزی نیشتمانن... ڕاگری نامووس و شەڕەفی ئێمەن و وتەنن.

ئێمە دەزانین کە ئەنگۆ بە شەو بە ڕوژ لەبەر ویشکە سەرمای زستان بی ئەوەی ماندوبن کێشکێ دەکیشن و نامووسی ئێمە و نیشتمان ڕادەگرن، ئێوە براو کوڕ و خوشەویستی ئێمەن حازرین سەر و ماڵمان لە پێناوتاندا دانێین گەلێک لە برایانتان لە زندانی زاڵماندا دەناڵینن و چاوی هومیدیان بڕیوەتە دەستی ئەنگۆ و ئێستاش چەن میلوین لە هاوخوێن و برا و خوشکانتان وەک چوار ساڵ لەمەوبەری خوتان دیل و ئەسیرن و خوێنڕێژ و خوێنخورەکان کۆمەل کۆمەل دەیان کوژن. بە دیلیان دەبەن و لە هەموو بەشی کومەلایەتیان بی بەش کردون. ئەوانیش دەستی هومیدیان هەر بۆ لای ئێوە درێژ کردوە



ڕیژەی هیزەکانی پیشمەرگە لە حزووری پیشەوادا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئەیانەوی بە زویەکی زو لە چنگ ئیستبدادیان بینە دەری.

هەر چەند وەبیرم دیتەوە وتەی کوردیکی خوین پاک کە نوسیویەتی (... پیروزتان بێت سەرفرازی و ڕزگاری، با ئێمەش هەرلەژیر باری دیلی و نەزانی و هەژاریدا بنالینین) ئاگرم لە جەرگ و هەناوی بەردەبی، خۆتان بە کەم مەزانن و ناهومیدی بۆ خۆتان ڕێ مەدەن کە خودا یار و دەستی غیبی کومەگتانە "کمن فئە قلیلە غلب فئە کثیرە باذن اللە و اللە مع الصابرین. ڕبنا فرغ علینا صبرا و ثبت اقدامنا وانصرنا. الا ان نصراللە قریب.

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٥ لە درێژەی پرۆگرامەکانی ڕێوڕەسمی جێژنی سەربەخۆیی کوردستان و ناساندنی پێشەوا قازی محەمەد وەک سەرۆک کۆماری کوردستان، ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٤-١٩٤٦/١/٢٤ ئاهەنگێکی شایستە لە پێشمەرگەخانەی کۆمار بەڕێوە چوو. لەو جێژنەدا پێشەوا قازی محەممەد و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و ئەفسەر و پێشمەرگەکان و ژمارەیەک میوان تێیدا بەشداربوون. محەممەد نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزیی، قاسم ئاغای ئێلخانی زادە و ئەحمەدی ئێلخانی زادە وتاریان خوێندەوە. دواتر مامۆستا هێمن شێعری ″ڕۆژی جەژن و شادی″ خوێندەوە:

ڕوژی جێژن و شادیە تیپەڕ بوو ڕوژی دەرد و خەم

هات شنە باییکی ڕەحمەت ڕای ڕفاند و بردی تەم ...

دوای خوێندنەوەی ئەو شێعرە، عەبدوڕەحمان ئیلخانی زادە بە وردی باسی هەڵسوکەوت و بێرێزی دەستەڵاتدارانی پێشووی ئێرانی کرد. دوایە ئیسماعیل ئیلخانی زادە لە وتارێک دا ئەو باسەی درێژە پێدا و جیاوازی سەردەمی پێشوو و ئێستا کە کورد دەستەڵاتدارە خستە بەرباس. دوایە برایمی ئیلخانی زادە و محەممەد موبەلغی وتارێکیان خوێندەوە و پیرۆزباییان لە پێشەوا قازی محەممەد و سەرکردە و پێشمەرگەکان کرد و برایم ئاغا ٣٠٠ تمەنی کردە سەدەقەی سەری پێشەوا.

## جێژنی سەربەخۆیی لە پێشمەرگەخانە

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٥ لە شەوی ٢٤/١١/٤ "جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆك جەمهوری بەرزی کوردستان لە پێشمەرگەخانەی هێزی دیمۆکراتی کوردستان" بە شکۆوە بەڕێوە چوو لەوبارەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٥ دا هاتووە:

شەوی ٢٤/١١/٤ شەوێکی سەراسەر خۆشبەختی بوو. تەواوی ئەفسەران و پێشمەرگەکانی هێزی مەرکەزی دێموکراتی کوردستان بۆ چوون لەو شەوەدا پێشمەرگەخانە غەرقی نوری شادی بوو، تەواوی وەتاغەکانی بە جۆرێکی موجەلەل ڕازابونەوە. ٢٠ نەفەر کێشکچی تەشریفاتی کە هەموو ئەفسەر بوون لە پێش دەرکی پێشمەرگەخانە و بۆ تەشریف هێنانی حەزرەتی سەرۆك جەمهوور دامەزرا بوو. هەموو جۆرە شیرینی و شەربەت بۆ پەزیرائی میهمانانی خۆشەویست لە سەر مێز داندرا بوو. دەستەی موزیك لە حاڵی تەڕەنووم دا بوو. دەهۆڵ و زوڕنا لە پێش دەرکی پێشمەرگەخانە لێدەدرا و هەزاران برای بە ئیحساسات لە پێش دەرکی لە شادی و هەڵپەڕین دا بوون. بە پێی کارتی ڕەسمی کە بۆ میهمانان ناردرا بوو میهمانانی خۆشەویست دەستە دەستە دەهاتن و ٦ وەتاغی تایبەتی پڕ لە میهمان بوون. لەو ئانەدا ئوتۆمبیلی حەزرەتی سەرۆك جەمهوور دیاری دا و لە لایەنی فەرماندەی هێزی دێموکراتی کوردستان فەرمانی ئیحتیرام درا. موزیك و کێشکی تەشریفاتی ئیحتیرامیان بەجێهێنا. حەزرەتی سەرۆکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەمهووری نیسبەت بە کێشکی تەشریفاتی ئیبرازی مەرحەمەتی فەرموو. هورا و چەپڵەڕێزان ساتێك ئیدامەی هەبوو. پاشان لە لایەن محەمەد نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی دیمۆکراتی کوردستان لە عموم مەراسم بە خێرهاتن بە عەمەل هات. بە پێی بەرنامە لە پاش وەرگرتنی ئیجازە وتاری ژێرەوەی بە عەرزی میوانەکان گەیاند:

مێهمانانی خۆشەویست زۆر سەربەرزم کە ئێوە لەو جیژنە سەراسەر سەعادەتە شرکەت و کردوە و ئەفسەران و بە هاتنی خۆتان سەربەرز فەرموو و زمنەن بە عەرز دەگەیەم کە لەدەورەی ژیانی خۆم دا دوو ئیفتیخاری زۆر گەورەم بە نسیب بووە کە باوەڕناکەم هەتا ئەورۆ نەسیبی هیچ کوردێک بووبێ. ئیفتیخاری هەوەڵم ئەوەیە کە هەوەڵین جەلەسەی کۆمەڵە(حیزب) لە ماڵە من دامەزراوە ئەمن بە عوزوی شەشەمی هەیئەتی ناوەندی ناساندرام. زەحمەتیکی لەو ڕێگایەدا کێشاومە لازم نازانم بە عەرز بگەیەنم. ئیفتیخاری دووهەمی من کە لە ژیانی من دا زۆر موئەسیرە ئەوەیە کە بۆ ناساندنی حەزرەتی سەرۆکی جەمهووری کوردستان، لە ڕۆژی ٢٤/١١/٢ سیمەتی فەرماندەی گاردی ئیحترامم هەبووە. ئۆمێدم لە خودای لایەزال ئەوەیە کە ئیفتیخاری سێیەمی من ئەوە بێ کە لە ڕێگای نیشتمانی خۆشەویست و سەرۆکی جمهوری کوردستان مۆفەق بە خوێن ڕشتنی خۆم بم. لە ئاخر دا بە دڵیکی پاک و ئیمانێکی قایم بە میللەتی خۆم دەڵێم بە سڵامەتی حەزرەتی سەرۆکی موعەزەمی کوردستان هورا.

لەم کاتەدا چارەگێک هورا و چەپڵەرێزان بوو. لە پاشان فەرماندەی هێز، بە پێی بەرنامە برای خۆشەویست قاسم ئاغا ئیلخانی زادەی بۆ نوتق ناساند. ئاغای قاسم ئاغا مەراسیمی مەبارەک بادی لە پێشگاهی حەزرەتی ڕەئیس جەمهووری بەجێهێنا و نوتقێکی زۆر بە تینی لە بابەت شەهامەتی کورد ئیراد کرد و ئینتزاراتی میللەتیان لە ئەفسەران و هێزی دێموکرات ئەژمارد.

پێشمەرگە ئەحمەدی ئیلخانی زادە جوابی قاسم ئاغای داوە و لە لایەن هەموو پێشمەرگەکان قەولی شەڕەفیان دا کە هەتا ئاخرین هەناسەی ژیانمان لە ڕیگەی سەربەخۆیی تەواوی خاکی کوردستان تێدەکۆشین.

دوایە، خوێندنەوەی شێعر و وتارەکان دەستی پێکرد و مامۆستا هێمن شێعری "ڕۆژی خۆشی" خوێندەوە. ئەوجار عەبدولرەحمانی ئیلخانی زادە لە وتارێکی بە پێز دا دوای شوکرانە بژێری لە دەرگای خودا دا گوتی:

ئێمە جاران کە بانگ دەکراین بۆ مەجالیسی سەرکردە و ئەفسەرەانی لەشکری خورپەمان وەدڵی دەکەوت و زۆر بە ترس و لەرزەوە دەچووین. چوونکە دەمانزانی بە نێوی جورمی سیاسی یا عینوانێکی دیکە خەریکی سووک و چرووک کردنمانن و ئەگەر وەژوور دەکەوتین قوشقی و سڵ دەبووین. چوونکی لەپڕ جەماعەتێکمان دەدی کە بە تەواوی لێمان جوێ بوون. نە زمانیان نە ڕەفتاریان، نە دڵیان ، نە گیانیان دەگەڵمان یەک نەبوو و دەمانزانی ئەو هەمووە داموو دەزگایە بۆ فلیقاندنەوەی و ڕێکوشینی ئێمە دامەزراوە.

بەڵام ئەوشۆ کە ئەوڵ جارە کە لە لای هێزی حکومەتی دێموکراتی کوردستانەوە، یانی لە لای باب و برا و کوڕی خۆمانەوە بانگ دەکرێن و بە زمانی خۆمان دەمان دوێنن و ڕەگ و پێستو ئێسک خوێن و گۆشت و دڵ و گیانمان یەکە. زۆر بە چاکی دەزانیین کە ئەوە بناغەی سەعادەت و شەرافەتی خۆمانە کە بە دەستی خۆمان دایدەنێین و هەتا ئەو پایە قایمتر و ئەو دیوارە بڵیندتر بێ، بناغەی خۆشبەختیمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

محکەمتر و سەری ئیفتیخارمان بەرزتر دەبێ...
دوایە ئیسماعیل ئێلخانی زادە بەیاناتێکی ڕاگەیاند و گوتی کە کورد بۆ وەدەست خستنی ئەو هەلە هەزاران قوربانی داوە و ئێستاش کە ئەو دەرفەتە ڕەخساوە نازانی کە خەونە یان خەیاڵە و دوایە نەقڵێکی سەردەمی دیکتاتوری ڕەزاخانی گێڕاوەو گوتی:
... دە زەمانی دیکتاتوری و ئیستیبدای ڕەزاخان دا لەو سابڵاغە چوومە سەرباخانەی بێگانەکانی خوێنخۆر. لە ڕێوە خەیاڵم بوو بچمە کانگای سەرکردان یا بە قەولی خۆیان ( کلوبی ئەفسەران). یەک نەفەر سەرباز هاتە پێش و بە سەری نێزە ئیشارەی بۆ سینگم کرد کە ئێرە کلوبی ئەفسەرانە، ڕێی تۆ نییە. بە هەناسە ساردی گەڕامەوە و ڕوو بە قبلە چەند فرمێسکی حەسرەت بێ ئیختیار بە چاوم دا هاتە خوارێ. گوتم ئەی یەزدانی پاک تا کەنگێ ئەم میللەتە نەجیب و خوێن پاکە وا زەلیل و ژێر چەپۆکی ئەو خوێنمژە و بێ ڕەحمانە بێ. عەقیدەم وابوو یەزدانی بەرز و بڵێند بەزەیی پێمان داهات کە وا ئەوشۆ لە کانگای سەرکردایەتی کوردستان دەعوەت کراوم و لە بەرانبەری ڕەئیسی جەمهووری کوردستان ڕاوەستاوم. دڵ و زمان ڕەگ و خوێن و گۆشت و پێست و ئێسکم سوپاسی ئەو نیعمەتە گەورەیە دەکاو مبارەکبادی ئەو جێژنە خۆشە لە تەواوی سەرکردان و برایانی خۆشەویست دەکەم...
هەروەک لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٦ دا هاتووە ئەوجار ئاغای برایمی ئیلخانیزادە دوای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی لە بەشداری خۆی لە جێژنی سەربەخۆیی کوردستاندا، بە دڵەوە پیرۆزبایی لە پێشەوا کرد و گوتی:
... لەبەر ئەوەی سەدەقە دەفعی بەڵا دەکا سێسەدتمەن لە ڕێی سەدەقەی پێشەوای گەورەی کوردستان (جەنابی قازی محەمەد) دا پێشکێش دەکەم کە بۆ منداڵانی مەدرەسەی گەلاوێژ خەرج بکرێ. بژی پێشەوای موعەزەمی کوردستان.
هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە، بە دوای قسەکانی برایم ئاغادا، ئاغای محەممەد موبەلغی دوای ئاماژە بە دەستکەوتەکانی نەتەوەیی کورد، لەسەر ئەرکی پاراستنی ئەو دەسکەوتانە گوتێ :
... دایکی نیشتیمان دەڵێ ئەی نەتەوەی کورد بۆ حیفز و سەربەرزی من و پێشرەفتی میللەتەکەتان دوو شت زۆر پیویستە. ئەوەڵ هێز، دووهەم مەعارف. هێز گیانی نیشتیمانە و پێشمەرگەیە کە لە هیچ جور فیداکارییەک بۆ سەرکەوتنی نیشتیمانی خۆی دریغ ناکا ... وە زانست بە نۆرەی خۆی تاریکی نەزانی لادەبا و خاوەنی خۆی سەر دەخا...
بە پێی کوردستانی ژمارە ١٧ بە دوای ئەوانەدا ١٣ کەس کە ناویان هاتووە دوای بەیاناتی کورت هەریەکە ڕادەیەک یارمەتییان پێشکەش بە پێشمەرگەخانە کرد. هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە، لە درێژەی ئەو مەراسیمەدا هاتووە:
لە دوایە حەزرەتی سەرۆکی جەمهووری کوردستان لە پشت مێزی ختابەوە ڕاوەستا. لە هەوەڵدا لە ئیحساساتی ئەو برایانە تەقدیری فەرموو و لە خسوسی بە ئارەزو گەیشتنی میللەتی کورد لە دەرگای خودای بێ هاوتا شوکری بەجێ هێنا و بۆ یەکێتی و پێشکەوتنی میللەت نەسائحێکی زۆری فەرموو و مەرحەمەتێکی زۆری نیسبەت بە فەرماندەی هێزی نواند. پاشان لەنێو هوڕا و چەپڵەڕێزان دا ساتی ٥ ی شەوێ حەڕەکەتی فەرمو لە نێو گاردی ئیحتیرام ڕابرد و مەجلیسی شادمانی لە ساتی ٨ ی شەوێ تەواو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو.

## جێژنی سەربەخۆیی لە ئیدارەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان

بە دوای جێژنی پێشمەرگەخانە، جەژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان لە ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٥ لە ئیدارەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان دا بەڕێوەچوو. بە پێی ژمارەکانی ١٧ تا ٢١ ی کوردستان، ئەو جێژنە لە ساعەتی ٥ ئێوارێ بە بەشداری پێشەوا و کومیتەی مەرکەزی و نوێنەری خەڵک و عەشایر، بە شکۆیەکی گەورە بەڕێوە چووە. ئاغای عەلی خوسرەوی بەرنامەکەی کردەوە و وتاری دا و دوایە قادری مودەرەسی مودیری چاپخانە و سەید محەممەد حەمیدی و ئاغای هاشم خەلیل زادە وتاریان خوێندەوە. مامۆستا هێمن شێعری "رۆیی خەم" ی خوێندەوە. دوایە مامۆستا هەژار شێعری "قەڵەم" ی خوێندەوە کە بە پێی ڕۆژنامەی ژمارە ٢١ی کوردستان لە دە دەقیقەدا هەڵیبەست بوو. دوایە محەممەد شاپەسەند وتاری خوێندەوە. ئەوجار پێشەوا ڕێزی لە کارگەرانی چاپخانە گرت و نوێنەرانی بەشداری عەشایر و تایفەکان ٢٩٠٠ تمەن و ٥٠ تەغار گەنمیان باربووی چاپخانە کرد کە سەید محەممەد حەمیدی سوپاسی کردن. لە کۆتایی ئەم جەژنەدا، قوتابییەکان سرودی نیشتیمانیان خوێندەوە و دوایەش پێشمەرگەکان بە پێش پێشەوا دا ڕێژەیان دا و لە ساعەتی ١٢ شەو، جەژن کۆتایی هات.

## جێژنی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن یەهوودیەکانی مەهاباد

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٢ لە ڕێکەوتی٢٤/١١/٦ کۆمەڵەی یەهوودییەکان مەهاباد بە مەبەستی جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان، بەرنامەیەکی بەشکۆیان لە نێوشاردا بەڕێوە برد. ئەوان لە خەیابانی قازی بۆ ماوەی ٨٤ سەعات دوکانەکانیان بە چراخانی ڕازاندەوە و جێژن و خۆشیان کرد و چا و شەربەت خۆریان دا.

لەومەراسیمەدا ئاغای محەممەد قادری ڕوو بە یەهوودییەکان وتارێکی خوێندەوە و لە بەشێکی دا گوتی: ... بزانن میللەتی کورد بۆخۆی زۆر دەژێر پەنجەی بێگانناندا ڕایبواردووە. پێشەوای کوردستان زۆر باش دەزانێ کە دەردی میللەتی چووکەکان چەند گرانە. زۆر باش دەزانێ کە برینی وان بە چ دەرمانێک چاک دەبێتەوە. ئەی نەتەوەی یەهوود ئێوە لە دەورەی جەور و دیکتاتوری ڕەزاخان دا دە مەینەت و کوێرەوەری دا دەگەڵ ئێمە شەریک و سەهیم بوون. هۆمێدم هەیە کە لە دەورەی ئازادی و خۆشی دا لە گەڵ ئێمە بەشدار بن...

## جێژنی سەربەخۆیی کوردستان بە هۆی ئاغایانی شێرزاد و محەممەد حوسێنخان ئەمیری

بە پێێ کوردستانی ژمارە ٢٥ ی ڕۆژی ٦ ی ڕێبەندان، ئاغایان شێرزاد و محەممەد حسێنخان ئەمیری بە بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی و نوێنەران و سەرانی گەورەی کورد، جێژنی سەربەخۆیی کوردستانیان، بە شکۆوە بەڕێوە برد. پێشەوا لە سەعاتی چواری ئێوارێ لەو جێژنەدا بەشدار بوو. ئەو مەڕاسیمە درەنگ وەخت بە خوێندنەوەی وتار و شێعری مامۆستا هێمن کۆتایی هات.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە لە ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٨ دا دیسان تاجر و گەرەکانی شار بە شکۆوە جێژنیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرت و ئاغای عەلی خوسرەوی وتارێکی خوێندەوە.

## جێژنی سەربەخۆیی کوردستان و ئاڵا لە ئاوایی یەکشەوە

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٤ دا باس لە بەڕێوەبردنی جێژنی ئیستیقلال و هەڵکردنی ئاڵا لە ئاوایی یەکشەوەدا کراوە، کە بە تەشریفاتێکی بێ وێنە بەڕێوە بردرا. بە پێی ئەو بەڵگەیە لە سەر ئەمری پێشەوا هەیئەتی ئاڵا لە ڕۆژی ٨ ی ڕێبەندان دا، ئاڵای موقەدسیان وەرگرت و لە مەهاباد بەرەو شارێ بۆکان وەڕێکەوتن. لە ناو ڕێگا و لە شاری بۆکان دا پێشوازی بێوێنەیان لێکرا. لە لایەن کەسایەتییە گەورەکان وتار خوێندراوە و تەقەی خۆشی کرا. وتار بێژەکان هەستی گرمیان بۆ وەدیهاتنی ئاواتی لەمێژینەی خۆیان دەربڕی، کە ئەوە نەمردن و ئاواتیان هاتە دی. دوایە هەیئەت بەرەو ئاوایی یەکشەوە وەڕێکەوت. زۆر لە کەسایەتییە گەورەکانی شاری بۆکان تا دەرەوەی شار ڕەوانەیان کردن. لە سەر ڕێگا بە تایبەتی لە ئاوایی ئاڵبلاغ ئەو مەراسیمە دووپات بووە و گاوگەردون کرا و مەڕ و ماڵات سەربڕا و لە ئاخر دا بە ناوی ئەوە کە ئاڵا قدەمی پیرۆزە، نەیانهێشت ئەو شەوەش کەس بڕوا و دەست کرا بە خۆشی و شایی و هەڵپەڕکێ و تا نیوەشەو دەهۆڵ و زوڕنا کوترا. بۆ بەیانی ئاڵا گەیشتە یەکشەو و لە نێو خۆشی و شادی خەڵک دا لە سەربانی کۆمیتەی حیزب هەڵدرا. دوای مەڕاسیمێکی گەورە، ڕۆژی ١٩ی ڕێبەندان بۆ جێژنی میللی هەڵدانی ئاڵا دیاری کرا.

لە ڕۆژی ١٩ی ڕێبەندان گشت عەشایری ناوچە لە ئاوایی یەکشەوە کۆبوونەوە. لە ساعەتی ٩ ی بەیانی ١٥٠ پێشمەرگە بە ناوی گاردی ئیحترامی ئاڵا لە شوێنی دیاری کراو، کە بە ٣٠٠ چەکداری ئاغا و عەشیرەتان دەور درابوون، جیگیر بوون. لە دەوری ئەوانیش پتر لە هەزارکەس ڕاوستابوون. ئەوانە بە چەپڵەڕێزان و خۆشی و شادی، گوێان بۆ وتار بێژەکان ڕاگرت. دوایە زۆر بە ڕێزەوە ئاڵایان لە سەر بانی کۆمیتەی حیزب چەقاند. دوایەش بە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا و شەربەت خۆری و دروشمی بژی پێشەوای موعەزەمی کوردستان، کۆتاییان بە جێژنەکە هێنا.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ١١٨ بەشی یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." باسی مەڕاسیمی هەڵکردنی ئاڵا لە یەکشەوە دەکا و دەنووسێ:

خوتبەی خوێندنەوەی ئاڵا لە ناو نیروی بەفرا.

بە دەهۆڵ و زورنایەکی زۆر دڵگیر، ئاڵاکەمان لە حیزبی بۆکان هێنا دەرەوە بەرەو یەکشەوە کەوتینە ڕێ. شەوی١٩٤٦/١/٣٠ لە دێی (ئاڵبلاغ) ئاڵامان هێشتەوە و ئاغایانی عیزەت خان ومحمدخان و عەلی خانی دادخوا لە لایەن ئاغایانی ئەو دێیە و زۆر بەخشەندەیی لە ژێر قودومی ئاڵاکەدا کرا. وە زۆر بە هونەرمەندانە ئەرکی پەزیبرایی ئەو ٧٠٠ سوارەیان بە شانازی ئاڵاوە گرتە مل خۆیان.

وە لەوە خۆشتر ئەوە بوو کە محەممەدخانی دادخوا ئاغای دێی (ئاڵبلاغ) شایی ژن هێنانەکەی لەگەڵ شادی ئاڵا تێکەڵ کردبوو. شایی بووک و شایی ئاڵا بە یەکەوە ئاڵقەی دایەوە و بە سەتها کچ و ژن و کور و پیاوان و لاون و گەنجان دەستیان خستبووە ناو دەستی یەکتر. وە بە خوێن گەرمی و گۆشەی دڵداری هەموو لایەک وەکوو یەک مەست و سەرشیواو ببوون.

وە بە زوڕنا و دەهۆڵەوە لە لایەن چەند گویەندەیەک ئەو گۆرانیەیان ئەوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بایەدا بایەدا گێلگێلەکەی بادەدا
ئێستا نەبووە بە خانم چۆن ئیفادەم لێدەدا
جا لەسەر ڕاوێژ و لەهجەی کوردی ئێران بوو ئەو دڵدۆراوانەی ناو شایی ئەو گۆرانیەیان ئەووت.
ئاغای حەمە ڕەشیدخانیش لە تالاری شیانویەکە لەگەڵ ئەحمەد خانی فاروقی و حەمەدەمین خانی قادرزادە – ورد ورد سەیری بەزم و شایی ئاڵا و بووکیان ئەکرد. بەڵام ڕێزی ناوبانگ لێ قەدەغە کردوون کە ئەوانیش وەکوو جحێڵەکان باڵ بگرن و خۆیان بخەنە ناو  شایەکەوە. وە ئاغای حەمەرەشیدخان لە ژێر پێی ئاڵاکەدا سوێندی خوارد کە هەتا دوا تنۆکی خوێنی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو گەلانە بکات کە بۆ داگرتنی ئەو ئاڵایە خەریک ئەبن.
وە لە لایەن ئیسماعیل خانی فەڕووخییەوە ئەو خوتبەیە نێردرایە سابڵاغ لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٦ دا چاپکرا.

## جێژنی سەربەخۆیی بە هۆی سەید عەلی و سەید مەجید حوسێنی

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٩ لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١١/٩ ئاغایانی سەید عەلی و سەید مەجید حوسێنی بە دەعوت کردنی کەسایەتییەکانی شاری مەهاباد و بە بەشداری پێشەوا قازی محەممەد، جێژنی سەربەخۆییان بەڕێوەە برد و ٤ کوڕ و دوو برا و ٢ ئاموزای خۆیان بە پێشمەرگەخانە ناساند.

## جێژنی سەربەخۆیی کوردستان لە ئاوایی جەڵدیان

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٥ دا هاتووە کە لە ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٩ جێژنی سەربەخۆیی و ناساندی پێشەوای کوردستان لە جەڵدیان بە هۆی عەبدوڵا ئاغای قادری بەڕێوە چوو و مەڕاسیمی شەربەت خۆری بەجێ هێندرا. عەوڵاغا لە خۆشی ئەم جەژنەدا، چەند سەر ڕەشە وڵاخی کوشتەوە و ڕاددەیەکی زۆر لە ئاغا و فەلاحی دەوروبەر تێدا بەشدار بوون و مەلا سالح و چەند کەسی دی وتاریان خوێندەوە.

## جێژنی سەربەخۆیی کوردستان لە ئاوایی سەرا و گوێگجەلی

ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٩ ئاماژە بە ڕاپۆرتی ڕەحیم ئاغای سەیفی قازی دەکا کە بە بۆنەی جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە مزگەوتی ئەو ئاواییە خەڵکی گوند کۆبوونەوە شەربەت و شیرینی خۆرییان کردووە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە مامۆستا مەلا ساڵح و شێخ تاهیر و چەند کەسی دی وتاریان پێشکەش و پێشمەرگەکانیش بۆ ٥ دەقیقە، تەقەی خۆشییان کردووە.

## جێژنی سەربەخۆیی بە هۆی ئاغای حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی

بە پێی کوردستانی ژمارە ٢٥ لە ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٩ سەعاتی ٢ ی پاش نیوەڕۆ ئاغای حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی بە شانازیی پێشەوا قازی جیژنێکی بە شکۆی گرت و سەید عەبدولعەزیزی کوڕی لە وتارێک دا بە ناوی "تەبریکی خانەدانی نەهریێ" ڕایگەیاند کە خانەوادەی نەهری بە ژن و پیاو و منداڵەوە ئەو ڕۆژە پیرۆزە لە پێشەوا و خەڵکی کورد پیرۆزبایی دەکەن. ئەو باسی مێژووی بنەماڵەی نەهری کرد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که لە پێناوی کوردستان دا چەند قوربانییان داوە و تەنانەت ڕوحی شەهیدانی ئەوانیش بەو جێژنە شادمان و خۆشحاڵن و پیرۆزبایی دەکەن. ئەو داوای یەکێتی لە هەموو کوردان کرد، بۆ ئەوەی بتوانن بە یەک ڕیزی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئازاد بکەن. سەید عەبدولعەزیز لە درێژەی قسەکانی دا داوای لە خوداکرد کە گیانی پێشەوا پایەدار بکا.

## جێژنی سەربەخۆیی لە لایەن ئامۆژگارانی مەدرەسەی کچان

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٧ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/١٠ لە سەعاتی ٢ پاش نیوەڕۆدا لە لایەن ئامۆژگارانی مەدرەسەی کچان بە بۆنەی جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال و ناساندنی پێشەوای کوردستان، بە بەشداری ئامۆژگاران و یایی پێشەوا و زۆر کەسایەتی شاری مەهاباد، لە ساڵۆنی ئیدارەی فەرهەنگ جەژن بەڕێوە چوو.

لەو مەڕاسیمەدا یایی پێشەوا لە وتارێک دا داوای لە ژنان کرد کە لەگەڵ پیاوان بۆ ئازادی کوردستان تێبکۆشن و هەوڵی خوێندن زیاتر بدەن. یایی پێشەوا دوای تەواو بوونی قسەکانی، جووتێک گوارەی زێڕێ بە خەڵات دا بە مودیری قوتابخانەی کچان. دوایە یایی وێلمەی سەیادیان مودیری قوتابخانەی کچان، دوای پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە پیرۆزە، لە شێوەی عاملاندنی منداڵ و خوێندنی کچ و کوڕ بۆ ڕزگاری میللەت قسەی کرد.

بە دوای خانمی وێلمە، عیسمەتی قازی کچی جەنابی پێشەوا قسەی کرد و گوتی کە کاتێک میللەتی کورد خۆشبەختە، لە دیلی ڕزگاری دەبێ و بە ئازادی دەگا کە هەموو کچان و ژنان دەست بە خوێندن بکەن. دوایە یایی کوبرا عەزیمی قسەی کرد و گرینگی خوێندن و بەرپرسایەتی و ئەرکی ئەوکاتی جیلی کوردستانی، زور بە باشی بەیان کرد و دڵگرانی خۆی لە بێرێزی بە مامۆستایانی ژن خستەبەرباس و گوتی بۆ دەبێ ئەلئان لە شارێکی وەکوو مەهاباد لە قسمەتی ژنان دا نە جەڕاح نە حەکیم و نە ددانسازی یا مامانێکی ڕەسمی هەبێ. دوایە یایی مەرزە بلەزادە قسەی کرد و باسی دوژمنانی کورد و ئەوەی کە کورد بە بێ شەڕ ئازادی وەدەست هێناوە و هەروەها گرینکی خوێندنی کرد.

لە کوردستانی ژمارە ٢٨دا ئاماژە بە وتاری وتاربێژەکانی دیکەی ئەو مەڕاسیمە، وەک یایی سەلتەنەتی داودزادە، ماشێن نووسی ئیدارەی فەرهەنگ و یایی فەریدە زەندی و یایی عیشرەتی عەزیمی و یایی ئێرانی بلووری و یایی شاسوڵتانی فەتاحی کراوە کە لە قسەکانییان دا باسی زوڵم و زۆری دەوڵەتی ڕەزاشا و ئەو ئازادییەی کە کورد چەند ساڵە بە دەستی هێناوە و دەبێ بپارێزرێ و هەروەها داوا لە دایک و بابان کرا کە منداڵەکانیان بۆ خوێندن بنێرن.

## جێژنی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵا لە شاری شنۆ

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٧ جێژنی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵا لە ڕێکەوتی ٢٤/١١/١٢ لە شاری شنۆ، زۆربە ڕێکوپێکی و بە شکۆوە بەڕێوە چوو. دوو ڕۆژ پێشتر خەڵکی دەوروبەر بۆ بەشداری و ڕێزگرتن لە ئاڵا ئاگادار کران. بەڵام ڕۆژی پێشتر بە هۆی ئاغایانی زەرزا لەسەر بانی مەقەڕی حیزبی دێموکرات لە لایەن خەڵک و پێشمەرگە تەقەی خۆشی کرا. بەرنامەی پێشوازی لە ئاڵا لە ساعەتی ٥ ی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەیانی ڕۆژی ٢٤/١١/١٢ لە لایەن پێشمەرگە و قوتابیان و مامۆستایان، بە خوێندنەوەی سروودی نیشتیمانی دەستی پێکرد. ئاڵای کوردستان لەسەر شانی بەڕێوەبەرانی حیزبی و ئیداراتی شار، بە نێو ئاپۆڕای ٤٠٠٠ کەسی خەڵکی نیشتمانپەروەری شنۆ، لە حاڵێکدا قوربانی بۆ دەکرا، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ سەربانی حیزبی دێموکرات بردرا و لەوێ چەقێندرا و یەکجێ هەرا و خۆشی و تەقەی تفەنگ دەستی پێکرد. ئەوجار مەراسیمی ئیحتڕام لە ئاڵا بەڕێوە چوو. دوایەش وتار خوێندنەوە دەستی پێکرد.

بۆ بە شکۆ ڕاگرتنی ئەو جێژنە پیرۆزە، هەیئەتی بەڕێوەبەری جێژن بڕیاری دا کە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ جێژن و چراخانی بەردەوام بێ. لەو ماوەدا گشت چینەکانی ئاغا و توجار و دەستەی لاوان و یەهوودیان، مەڕاسیمی دەعوەت و شیرینی و شەربەت خواردنیان بۆ خەڵک پێکهێنا و میواندارییان لێکردن.

لەو مەڕاسیمەدا جەنابی قازی محەممەد، سەرۆکی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ وتارێکی خوێندەوە. ناوبراو سوپاسی لە خەلک کرد و ڕایگەیاند کە ئاواتی هەزار ساڵەی کورد وەدیهات. ئەو دوای باس لەسەر کەسایەتی پێشەوا و ڕێزلێنانی، باسی سەزای خەیانەتکارانی کرد و گوتی:

دەوڵەتی کوردی دەتوانێ ... خائینەکان تەنبیە بکا هەروەکی بۆخۆمان دەزانیین یەکێک لە خائینەکان کە پیاوێکی زۆر بەرجەستە بوو جەنازەی چەند سەعات لە کوچەی جولەکان لە ژێر کرێوە دا کەوت کەس قودرەتی نەبوو تەماشای بکا...

قازی محەممەد لە درێژەی قسەکانی دا داوای کرد هەرچی زووتر مەجلیسی شوڕای میللی و هەیئەتی وەزیران دابمەزرێ و کار بۆ خەڵک پەیدا بکرێ.

بە دوای ئەو دا مەلا محەممەد ساڵح سەردەرە قسەی کرد و لە ناوبەندی قسەکانی دا باسی زوڵم و زۆری زەمانی ڕەزا شای کرد گوتی: ... یەک لە مەئمورینی وی دەسەڵاتی پادشایی بە سەر هەموو کەس دا هەبوو و دەشیان کرد و لە پاش ئەوە قەومی فەقیر و بەستەزمان کورد بە قسەی دوژمنان بە نێوی مەنگوڕ و مامەش و دێبوکری و گەورک و زەرزا و هەرکی وشکاک و ... کەوتبووینە ماڵ و ڕوح و نامووسی یەکتر و غەیرە مەنفەعتی شەخسی خۆمان هیچ وەپیش چاو نەدەهات حەتا کوڕ بابی خۆی و باب کوڕی و برا برای خۆی و خزم خزمی خۆی دەکوشت...

مەلا محەممەد لە درێژەی وتارەکەی دا باسی نیشانەکانی ئاڵای کرد و زور بە وردی پەیوەندی داوە بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز. ئەو ڕەنگی سووری بە غیرەت و ئازایەتی و ئەوەی کە ئەو کەسانەی کە خوێنی کوردیان مژتووە و دەبێ تولەیان لێبکرێتەوە، وێنا کرد. بۆ ڕەنگی سپێ ئەو گوتی: مەترسن ئەمن مژدە دین سپی و ڕووناک کە دین ئیسلامە پێمە ... ئەمن موژدەی بەختی سپی ئێوەم پێیە ...

لە سەر ڕەنگی سەوز گوتی: ... دنیا بۆ ئێوە وەکو بەهار هەر سەوز دەبێ ... خۆتان حازر و ئاماد بکەن بۆ چوونی بەهەشت هەمیشە سەوز و بۆ لیباسی سەوزی ئەهلی بەهەشتیان...

مەلا محەممەد ساڵح لە سەر قەڵەم گوتی: ... لەوە بەولاوە هەموتان بە ئەندازەی پێداویستی بەهرە لەمن وەرگرن. چوونکو ئەمن وەلی نیعمەتێکی زۆر چاکم بۆ خاوەنانی خۆم. سەعدی دەفەرموێ:

قلم گفتا کە من شاه جهانم
قلم زد ڕا بە دولت میرسانم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وە هەم دەڵێ ئەمن بە نووکی خۆم چاوی دوشمنان و بۆ کوێر دەکەم دەمە چەقڵی چاویان ...

مەلا محەممەد لە سەر گوڵە گەنم گوتی: ... گوڵە گەنمیش سەری بڵیند کردوتەوە و دەڵێ دەبی قەدری زارعان زۆر چاک بزانن مەیەڵن زوڵمیان لێبکرێ ...

لەو مەڕاسیمەدا یایی مەریەمی کازمی وتارێکی لە سەر هەڵسوکەوتی ڕێژیمی زاڵمی پەهلەوی، ئەوەی کە چە بەڵایەکی بە سەر میللەتی کورد هێنا خوێندەوە. ئەو دوایە باسی دەستکەوتە مەزنەکانی کۆماری کرد.

دوای کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمە، جەژنی سەربەخۆیی کوردستان لە ڕۆژانی ٢٠ و ٢٢ و ٢٣ و ٢٤ و ٢٥ی ڕێبەندان دا بە هۆی ژنان لە ماڵی خۆیان و بە میوانداریێکی زۆر بە شکۆ، بەڕێوە چوو. یایی خاتوونی خزری لە ماڵە قازی محەممەد خزری، سەدری کومیتەی حیزب لە شنۆ و عایشە خانی ئیبراهیم زادە لە ماڵە میرزا سەعید ئیبراهیم زادە معاونی حیزب، جێژنیان بەڕێوە برد. قازی محەممەد خزری لە سەر جەنایاتی ڕێژیم و ئەو بەڵایەی کە بە سەر توتنچییانی کوردستانیان دێنا قسەی کرد کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٢ دا تۆمار کراوە. هەر لەو ڕۆژە دا یایی مەراڵ حەسەنزادە لە ماڵە ئەحمەد حەسەنزادە و ڕۆژی ٢٣ یایی ڕابیعەی کازمی لە ماڵە میرزا حەسەن کازمی ڕەئیسی قوتابخانە و لە ڕێکەوتی ٢٤ لە لاییەن یایی بەهاری فەڕوخی لە ماڵە میرزا محەمەد ئەمینی، هەروەها مەلا ناسر فەڕوخی ڕەئیسی شارەداری جێژنیان بەڕێوە برد. هەروەها لە ڕۆژی٢٥ بە هۆی فاتمەی فاڕوقی، لە ماڵە مەلا عەبدوڵڵا فاڕوقی معاونی ماڵیات، مەڕاسیمی جێژن و خۆشی و داوەت و هەڵپەڕکێ و سروود خوێندنەوە و دوعا بۆ دەوامی عومری پێشەوا و هەڵکردنی ئاڵا و سەربەخۆیی، جێژنی بە شکۆ بەڕێوە چوو.

لە دوای تەواوی ئەو مەڕ اسیمانەدا لە لایەن خەجیجەی کەماڵی و مەریەمی کازمی وەک کارگێرانی حیزبی بە بەیاناتی ڕێک و پێک، سوپاسی ژنانی شاری شنۆ کرا.

## جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال لە نەغەدە

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٥ لە ڕێکەوتی ٢٤/١١/١٢ بە بەشداری چەند هەزار کەس لە عەشایری مامەش و قەرەپاپاغ مەراسمێکی گەورە بەڕێوە چوو. سەرەتا خالید وەحیدی وتارێکی زۆر بە پێزی خوێندەوە. دوایە ساڵح جەوانمرد وەک سەوقات دەستە شێعرێکی خوێندەوە کە ئاماژە بە چەند بڕگەی دەکرێ:

جێژنی ئیستقلال و ڕۆژی شادییە
عەرز تەبریک و مەبارەک بادییە
وەختی کارە نابێ ساتێ بسرەوی
با ئیرادەی سابیت و عەزمی قەوی
...
کوردی پێشوو ساحەبی نامووس بون
ساحەبی ئەورەنگ و تەپڵ و کووس بوون
تۆ کە ساحەب غیرەتی ماندوو مەبە

موتەفق بە پێکەوە قەد دوو مەبە
...
سەد شوکور ئێستا کە ساحەب پەرچەمی
ساحەب یەک پێشەوای وا ئەعزەمی
تاکوو دەمرین هەر غولامی وی دەکەین
پەیرەوی ئەمر و مەرامی وی دەکەین

بە دوای ئەوانەدا شێخ جەلالی تاهیری، باسی چاکە و خوو و ڕەویشتی باشی کرد و دوایە ئاماژەی بە قەرەپاپاقان کرد و گوتی:

ئەو میللەتە ماوەیەکی درێژە لە نێو کوردان دا دەژین و حقوق و مەقامی وان بە تەواوی لە لایەن کوردانەوە حیفز کراوە و گەلێ جار کوردان لە ڕێی حیفزی حقوقی ئەوان دا زیانی زۆریان دیوە و نەیانهێشتوە قەرەپاپاق زەرەر و زیان ببینن.

## جێژنی سەربەخۆیی بە هۆی ئاغای جەعفەری کەریمی

بە پێی کوردستانی ژمارە ٣٠ لە ڕێکەوتی ١٢ی ڕێبەندان دا ئاغای جەعفەری کەریمی بە بۆنەی جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال و ناساندنی پێشەوای کوردستان، مەڕاسیمی گەورەی بانگهێشتنی بەجێ گەیاند. لەو مەڕاسیمەدا زۆربەی کەسایەتییەکانی شار دەعوەت کران. پێشەوا لە ساعەتی سێ و نیوی پاشنیوەڕۆ تەشریفی بردە سالۆنی جێژن و بە نێو چەپڵەرێزان و هوڕاکێشان پێشوازی و گاوگەردوونی بۆ کرا. لە پێش دا جەعفەراغا بەخێر هاتنی میوانانی کرد و ئاواتی خواست کە دوژمنی وەک ئەو جوانەگایەی کە سەری بڕدراوە لە بەر لاقی پێشەوا سەر ببڕێ و نەمێنێ. دوایە سەدیقی حەیدری تەعریفی لە نیشتیمانپەروەری جەعفەراغا کرد و هیوای خواست کە کەسانی دیکەش ڕێی ئەو بگرنە بەر.

ئەوجار جەعفەراغا دوای ئەوە ١٠٠٠ تمەنی پێشکێشی هێزی کوردستان کرد، بە نوێنەرایەتی لە عەشیرەتی دێبۆکری بە تایبەتی بنەماڵەی کەریمی، بەخێر هاتنی میوانان و باسی ئازادی سەربەستی و دەسکەوتەکانی کۆماری کرد. ئەو لە درێژەی قسەکانی دا ئاماژە ی بە یەکییەتی و برایەتی کرد و گوتی: ... جا برایان ڕەجاو لێدەکەم قەڵەمێک ڕەشی و فەرامۆشی بە سەر ڕابردووی خۆتان دابنین. غەرەز و حەسادەتی بێجێ کە مایەی نەگبەتی ئێمەیە وەلانین. چوونکو حەسادەت دەردێکی بێدەرمانە...

و هیچ شکی تێدانییە لە لحاز غرورەوە بووە کە هەتا ئەوڕۆ بەعزە ئەشخاسێک دەستی برایەتی و یەکیتیان بۆ لای ئێمە درێژ نەکردوە وەئیلا قەولی شەڕەفی بە پێشەوای موعەزەم دەدەم کە هەموو کەس کوردە. فەقەت حسادەت و غروری بێجێ بەعزێکی بە هەوای مەقام وادارکردون کە لە مە دوورکەوتوونەوە. ئەما هومێدم وایە کە لە سایەی عەدالەت پەروەری پێشەوا دا هەموو کوردێک بە دڵەوە ورد و درشت لە پاش ئیمتیحان دان بە گوێرەی زانستی خۆی، ساحەب کار و مەقام بێت.

پاش تەواو بوونی قسەکانی ئاغای جەعفەری کەریمی حەزرەتی پێشەوا سوپاسی کرد و گوتی:

ئاغای جەعفەری کەریمی ئیشاڕاتێکی بە وەزعی کوردستان کرد کە ئیحتیاجی معارف و قشونە. دەبێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو ئاغایان لە وەختی تەنزیمی بوودجەی مەعارف و قشوون حزوریان ببێ. ئەورۆ کە ئەمە ئیستقلالمان دەوێ پێویستە کە هەموو کارێک خۆمان جێبەجێ بکەین. ئەوەڵێ ئیدعای خۆمان کرد کە لە حدودی دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریمان دەهۆی یانی ئێران ئیحتیاجی مە ڕەفەع بکا و میللەت کاریٚ بکا.

دوو دەفعە لە لایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم کە لە ئازەربایجاندا گرێمان هەبێ. ئەمن پێشنهادی وانم قبووڵ نەکرد. چوون میللەتی کورد چوارساڵە کە خودموختارە و داوای ئیستیقلال و تێکخستنەوە تەواوی خاکی کوردستان دەکا. زۆرم پێ‌گران بوو کە لەو حەقە دەست هەڵبگێرێ و ئێحساساتی ئێوە مانعی ئەوەی بوو کە ئێمە بە خودموختاری ڕازی ببین. چوونکوو کە مدەی ئەو چەند ڕۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی ئێوە نوواندوتانە وێنەیەکی حەساس و کاملە و دەبێ دنیا بزانێ کە کورد لیاقەتی ئیستیقلال و سەربەخۆیی هەیە.

## جێژنی سەربەخۆیی لە شیرکەتی تەڕەقی کوردستان

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٣ هەر لە درێژە ئەو جێژنانەدا، شیرکەتی تەڕەقی کوردستان و بەزازانی مەهاباد، بە بەشداری ڕێبەرانی حیزب و کەسایەتییە گەورەکان و چین و توێژەکانی مەهاباد، جێژنی ئیستقلالیان بەڕێوە برد. ئاغای عەلی خوسرەوی مەراسیمەکەی کردەوە و مامۆستا هێمن شێعری "ژیانی ئازادی" و مامۆستا هەژاریش شێعری خویندەوە. دوایە ئاغای حوسێن داودی سەبارەت بە پێکهاتنی شێرکەت قسەی کرد. دوایە پێشەوا لە وتارێک دا گوتی:

یەگانە حەملەی دوژمنان حەملەی ئیقتیسادییە و هەمیشە خەریک دەبن کە لەو ڕێگایەوە ئینقلاب دەخەنە نیو میللەتی. مەسەلەن مسئەلەی توتن کە دەوڵەتی ئێرانی خەریک بوو وەسائیلی نیفاق و دووبەرەکی لە نێو کوردان دا پێکبێنێ. لازمە کە ئەمە ڕێگایەکی ئیقتیسادی بۆخۆمان بکەینەوە. شیرکەتی تەڕەقی دەبێ تەوسعەی پێ‌بدری ڕەوابیتی تیجارەتی لە هەموو کوردستان دا بەرقەرار بکرێ. حکومەتی کوردستان ئیحتیاجاتی زۆرە و دەبێ وەزعی خۆی وەکوو دنیای ئەورۆ تەگیر بدا. مەسەلەن فەرهەنگ فەلاحەت، کارخانەجات کە دەبێ تەوسعە و تەرەقی و ئیجادی ئەوانەدا سەعی و جدییەت بکرێ.

لە درێژەی ئەو بەرنامەدا، ئەوجار ئاغای قاسم ئێلخانیزادە، دوای باس لەسەر شادی و خۆشی کوردان، ئاماژەی بە مەدرەسەی گەلاوێژ و پێویستی دابین کردنی پێداویستییەکانی کرد. قاسم ئاغا ١٠٠ تمەنی باربووی قوتابخانە کرد و داوای لە بەشداران کرد کە ئەوانیش ئەوکارە بکەن. دوایە حەزرەتی حاجی باباشێخ ڕێزی لە هاکاری خەڵک گرت. ئەجار ئاغای ئەحمەدی ئیلخانی زادە لە لایەن ئەفسەور و دەرەجەدارانەوە پیرۆزبایی ئەو جێژنەی کرد. دوایە پیرۆت ئاغای ئەمیر عەشایری گوتی:

برایانی خۆشەویست کومەک بە مەدرەسەی گەلاوێژ شەرت نییە. ئەمە سێ برامان گیراوە و دەبێ ئەو برایانە خلاسیان بێ و خانەوادەی وان تەئمین بکرێ.

پێشەوا لە وڵام دا گوتی: من لە ئێحساسات و وەفاداری ئاغای پیرۆت ئەمیر عەشایری تەقدیر دەکەم. ئەورۆ لە تەواوی خاکی کوردستان دا جێژن و شادمانییە، ئەما سێ نەفەر لە برایانی ئێمە لە ژێر دەستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیکتاتوران دا ئەسیرن و لە نیعمەت و شادی مەحڕومن. حەقیقەتەن وەزعی وان موحتاجی فکر لێکردنەوەیە. سەرباقی ئەو هەموو غەم و ناخۆشییەی کە تووشی کەس و کاری وان بووە یەک نەفەر بە نێوی باقی حەسەنە شەل تەعەڕوزی بە ناموسی وان کردوە و دەبێ بە جەزای خۆی بگا.

ئەوجار ئاغای مستەفا داودی، بە نوێنەری حیزب، سوپاسی ئەو کەسانەی کرد کە بەیاناتیان پێشکێش کرد و دوایەش جەنابی مەلاحوسێن مەجدی بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی چەند ئایە لە قورئانی پیرۆز، ئامۆژگاری دا کە واجبە میللەت ئیتاعەت لە پێشەوا بکا. ئەو مەڕاسیمە لە سەعات ٥/٣٠ ئێواری کۆتایی پێهات.

## جێژنی سەربەخۆیی لە سڵامەت

برای خۆشەویست مامەندی حوسێنی لە گوندی سڵامەت، بە مناسبەتی سەربەخۆیی کوردستان جێژنێکی خۆشی دامەزراندوە و فەلاح و جووتێرەکان و خەڵکی دەوروبەری خۆی کۆ کردوتەوە و بە نوتقێکی بەتین ئەوانی بۆ نیشتمان پەرەستی هان دا.

## جێژن لە سەیداوا

لە لایەن ئاغای عەلی عەزیزی بە شادمانی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان ڕۆژی ٢٤/١١/٨ جێژن و شەربەت خۆری لە سەید ئاوا بەڕێوە چوو.

## جێژنی سەربەخۆیی لە ئیدارەی فەرهەنگ

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە٣٢ لە ڕۆژی ٢٤/١١/٩ سەعاتی ٩ی بەیانی، بە بەشداری قوتابی و مامۆستایانی قوتابخانەکانی گەلاوێژ و کوردستان و سەعادەت و پەروین و خوسرەوی، لە ئیدارەی فەرهەنگ جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان جێژن گیرا. لە سەرەتا دا قوتابییان بە پێش پێشەوا دا ڕێژەیان دا. دوایە ئاغای محەممەد موبەلغی مودیری مەدرەسەی کوردستان لە لایەن گشت مامۆستایان، مەبارەکباییان بە پێشەوا گوت و دوایەش ئاغای ڕەشید عەزیزی سەرۆکی فەرهەنگ پاش پیرۆزبایی، باسی کێشە و گیروگرفتەکانی قوتابخانەکانی کرد. ئەوجار پێشەوا سوپاسی بەشدارانی کرد و لە سەر شێوەی قوتابخانەکانی شووڕەوی قسەی کرد. ئەو مەڕاسیمە لە سەعاتی ١ی پاش نیوەڕۆ تەواو بوو.

## جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال لە دەشتەبێڵ

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٣ لە درێژەی ئەو مەڕاسیمانەدا، ئاغای تەها نیعمەتی لە ڕۆژی ١ ڕێبەندانی ١٣٢٤دا بە بۆنەی جێژنی سەربەخۆیی، مەڕاسیمێکی گەورەی لە ئاوایی دەشتەبێل بە داوەت و شایی و بەزم و هەڵپەڕکی و تەقەی خۆشی بەڕێوە برد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## جێژنی سەربەخۆیی لە ئاوایی گردیگلان

لە ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندان دا جێژنی سەربەخۆیی لە ئاوایی "گردیگلان" بە هۆی سەید عەبدوسەلام، بە شکۆوە بەڕێوە چوو. سەید حسێن و سەید محەممەد نوورانی زەنبیل و چەند کەسێ دیکە، تێیدا بەشدار بوون و سەید عەبدوسەلام و سەید کامیل و مەلا عەبدوڵلا و شێخ ئەحمەد، وتاریان خوێندەوە و تەقەی خۆشی کرا.

## جێژنی سەربەخۆیی بایی پێشەوا لە گەڵ ئامۆژگارانی قوتابخانەکان

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٣٢ لە درێژەی جێژنەکانی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان، لە ڕۆژی ٢٤/١١/١٦ لە لایەن خانمی پێشەوا، جێژنێکی گەورە بە بەشداری زوربەی بابیان و ئامۆژگارانی قوتابخانەکان بەرێوە چوو. ئەو مەراسیمە لە ساعەتی٣ ی پاش نیوەرۆ بە خوێندنەوی وتار دەستی پێکرد و لە ساعەتی ٥ ی ئێوارێ کۆتایی هات. لەو مەڕاسیمە دا خانمی مەزریەی بلەزادە و خانمی خەدیجەی باباسووری وتاری بە پێزیان لە سەر مێژووی کورد و خوێندن و فێربوونی عیلم و زانست خوێندەوە.

## جێژنی سەربەخۆیی لە ئاوایی کولیجە

بە پێی ڕژنامەی ژمارە ٢١ ی کوردستان، ڕۆژی ٢٣ ی ڕێبەندان ساعەتی ٨ ی بەیانی خەڵکی کولیجە و ئاوایەکانی دەوروبەر بە پێی بانگهێشتن، لە دیوەخانی "شێخ حوسێن" کۆبوونەوە. لە پاش شەربەت و چایی خۆری و حەسانەوە، هاتنە دەرێ وماوەی ٣ سەعات بە دەف و بلوێر و لاوك گوتن و شایی و زەماوەند ڕایانبوارد. لە دوایی دا مەلا محەممەد ئەیوبی، مەلا قادری بورهانی و ئاغای سەید برایمی نوورانی و شێخ عەبدوڕەحمان و شێخ عوسمان و میرزا عەبدولرەحمان و مەلا عەبدوڵای قەمتەرەیی، هەر یەکە وتارێکیان خوێندەوە. دوایە ٣ کەڕەت تەقەی خۆشی کرا بە ڕێنمایی مەلا محەممەد تەواوی خەڵکی بە خودا و قورئان و ئاڵای موقەدەس سوێندیان خوارد کە بۆ سەرکەوتنی کوردستان کۆتایی نەکەن. پاشان هەموو خەڵکەکە لە دیوەخان کۆبوونەوە دوای پێکەوە نانیان خوارد و بۆ ماوەی ٢ سەعات بە شێعر و گوتاری نیشتیمانی ڕایانبوارد.

## جێژنی سەربەخۆیی لە ئاوایی باڵانیش

بە پێی ڕۆژنامەی ژمارە ٢٤ ی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١١/٢٦ لە ئاوایی باڵانیش، لە لایەن زێڕۆبەگ جێژنی سەربەخۆیی بە دەهۆڵ و زوڕنا، بە بەشداری چەند هەزار کەس لە خەڵکی باڵانیش و ورمی و ناوچە بەڕێوە چوو. لەو مەراسیمەدا لە لایەن زێڕۆ بەهادوری و حەبیبوڵا قاسملوو و میرزا یوسفی قەلەندر قسە کرا و وتار و شێعری گۆرانی میللی کوردی وتورکی خوێندراوە.

## جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان لە ئاوایی ساروقامیش

لە درێژەی جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان لە ئاوایی ساروقامیش مەڕاسمێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو. ئاغای ساڵاری میرزا فەتاحی قازی مقالەیەکی لە سەر یەکییەتی و یەکگرتوویی خوێندەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارەی ٢٦ دا هاتووە، لە بەشێکی دا دەڵێ:

... وا مەشهورە، خێر و بەرەکەت بەری تێکەڵی و ئولفەت و سەداقەت و مێهرەبانییە. شەڕ و بەڵا و موسیبەت لە ئەسەری دوژمنی و لە بەریەک بڵاوبوون و یەکتر نەویستنییە، مەسەلەن هەتا نێر و مێ وەسڵەتیان نەبێ ئەولاد نایەتە وجوود. هەتا چەند پارچە هەور وێکنەکەون بارانی ڕەحمەت نابارێ. هەتا ڕایەڵەوپۆ پێکەوە جەمع نەبن لیباس و فەڕش مومکین نابن. هەتا سەری قامکان کۆنەبنەوە قەڵەم بە دەستەوە ناگیرێ. هەتا حروف پێکەوە وەسڵ نەبن کەلیمە پەیدا نابێ. هەتا چەند کەلیمە دەست دە ئەستۆی یەکتر نەکەن مەعنایەکیان لێ ئیستیفادە ناکرێ. هەر بەو تەرزە، هەر میللەتێک یا تایفەیەک چرۆی عەداوەتیان دەنێو خۆیان دا نەچاندووە، دووچاری بەدبەختی و بەتڵانێ نەبوون. تا مێرد لە ژن عاجز نەبێ نیکاح مونجەر بە تەڵاق نابێ. تا ئیختیلافی ڕەئی و عەقیدە پەیدا نەبێ، هیچ میللەتێک لە قائیدەی سەعی و عەمەلی خۆی مەحروم نابێ. تا دەنێو میللەتێکی دا یەکیتی و ئیتیفاق بە دژایەتی و لەبەرەیەک بڵاوبوون موبەدەل نەبێ، دوژمن بۆ زەلیل کردن و مەحوکردنی وان فورسەتی وەدەست ناکەوێ. بەوەی مەعلووم کرا، عەداوەتوو، لێک لالوت بوون و یەکتر نەویستن بۆ هەر میللەت و جامعەیەکی بە زەرەری وان و بە قازانجی دیگەران تەواو دەبێ ... جێژنی هەڵکردنی ئاڵای موقەدەس لە کومیتەی مەحەلی گردیگلان

پێشتر لە ئاوایی گردیگلان ئاڵا هەڵکرابوو بەڵام ئەوجار لە شوێنی کومیتەی مەحەلی هەڵکراوە. بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٥ لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/٩ ئاڵا کە لە لایەن پێشەواوە ناردرابوو، لە کومیتەی مەحەلی گردیگلان بە شکۆیەکی تەواو بە بەشدارای ٦٠٠ کەس لە ئاغا و سادات و جووتێر و زەحمەتکێشان هەڵکرا. سەدری کومیتە ئاغای سەید کامیل لە ئەسپ دابەزی و ڕوو بە ئاڵا لە وتارێک دا گوتی:

بەخێر بێی ئەی سەمەرەی زەحمەتکێشەکانی ڕێگای ئازادی، بەخێر بێی ئەی مایەی سەربەرزی نەتەوەی کورد. بەخێر بێی ئەی گوڵی باغی کوردستان و چەقڵی چاوی دوژمنان.

دوایە ئاغای سەید عەبدولعەزیز سیادەت و مەلا عەبدولمەجید مودەرسی تورجان و مەلا سەید عەزیزی شیلان ئاوێ و خەڵیفە مەلا عەلی وتاریان خویندەوە.

لە کۆتایی دا سەید کامیل ئەو شێعرەی بە ئاڵا هەڵکوت:

لەو پارچە سێ ڕەنگی وەک باڵی هوما ئاڵا
هەودایەکی لە بوو فەوری لە ملم ئاڵا
ئەو ڕشتەیە تا مەحشەر محکەم لە ملم دایە
کێشامیە ژێر سایەی خۆی ئێستە بە بێ پەروا
پەروام نییە تا مردن لەو وەختەوە دیتوومە
گرتوومەتە ئامێزم هەر زالەیەتی بەدخوا
ئەو دارە چ دارێکە تیری جگری دوژمن
بڕوانە بە شاباڵی چەند زاڵە بە سەر زاڵا
ئەم حاسڵە پێموایە یەک سەد دەبڕێ گەنمم
ئەو دوو گوڵە گەنمانەی وادیارە لە ڕووی ئاڵا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووکی قەڵەمی یەعنی بینووسە لە بۆ دوژمن
بۆ ڕۆژی لەرووی ئاڵا مەعلوومە کە لێت قەوما
تەعریفی نییە ئاڵا و ئاڵایەکی ڕەنگینە
سوور و سپی و شینە ڕووح حازرە بۆ سەودا
کاڵایەکی پڕ قیمەت بۆ میللەتی کوردستان
نرخی بەدەر و زیادە ئەوڕۆ لە سەر و ماڵا
هەر جێگەیە ڕووی تێکا دەیکاتە گوڵ و گوڵشەن
دوژمن کە ئەوەی چاو کرد وەک جوو خمی لێ‌شێوا
ئێمڕۆکە لە گەردیگلان ڕۆژێکە کە کوردستان
نەیدیوە هەتا ئێستا حاسڵ لە سەری ساڵا
ئەی کاکی زرەنگ شێعرت پاکی وەکو قەند وایە
تفلّی دڵی کوردان بووی هەروا لە گڕوگاڵا
تۆ هاتی بەسەر هاتم بۆ زیارەتی باڵاکەت
وا نووکی قەڵەم نووسی تەعریفی قەد و باڵا

## هەڵکردنی ئاڵا لە شاری میاندواو

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٣ لەژێر کاریگەری ئەو جێژنانەدا لە ڕیکەوتی ١٣٢٥/٢/١٢ ئاڵای کوردستان لە شاری میاندواو هەڵکرا و لەوبارەوە ئاوا هاتووە:

چوونی ئاڵا بۆ میاندواو

بەیانی ڕۆژی١٣٢٥/٢/١٢ ساتی ٩ ئاڵای موقەدەسی کوردستان بۆ میاندواو حەرەکەت پێدرا. لە کاتی حەرەکت دا چەند موسەلسەل بە شانازی ئاڵا بەتاڵ کرا.

بەرنامەکانی جێژنی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵا و ناساندنی پێشەوای کوردستان، گرینگترین ڕەمز و هیماکانی نەتەویی بوون و کارگێرانی کۆمار بە بەڕێوەبردنی بەشکۆ ئەو ڕێوڕەسمانە هەوڵیان دا تا بناغەی قایم و پتەوی دەستەڵاتداری میللی، نەتەوەیی، ئیدارەیی و حوکمی خەڵکی کورد لە ناوچەکانی ژێر دەستی کۆمار دا دابڕێژن.

جیا لە هەڵکردنی ئاڵا کۆمەڵێک سروودی نیشتمانی وەک "ئەی ڕەقیب"، "خوایا وەتەن ئاوا کە" و ... بەرهەمی ئەو قۆناغە بوون کە لە مەڕاسیم و بۆنەکاندا دەگوترانەوە. دەقی سروودی خوایا وەتەن ئاواکەی:

خوایە وەتەن ئاواکەی
چەند دڵگیر و شیرینە
دەشتی خۆش و ڕەنگینە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە، پڕلە گوڵ و نەسرینە
سەیرانگای بەهارانی
سەوزە گیا نەرم و جوانی
سەد دڵ ئەبێ حەیرانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە، پڕلە گوڵ و نەسرینە
شاخی بەفرین و بەرزە
بۆ ڕابردوومان ڕەمزە
دیمەنی جوان و سەوزە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە، پڕلە گوڵ و نەسرینە
ئەم شوێنە شوێنی کورد
جێی قارەمان و مەردە
لانەی شێری نەبەردە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە، پڕلە گوڵ و نەسرینە
وەتەن چاوی لێمانە
دەری کەین لە تەنگانە
حەیفە بێتە وێرانە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە، پڕلە گوڵ و نەسرینە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی ٢٧

## هەیئەتی وەزیرانی کۆماری کوردستان

بەدوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لەپێناو پتەوکردنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد و بۆ ئەوە بە هەموو وڵاتان بسەلمێنێ کە ئامانج و ئیستراتیژی میللەتی کورد سەربەخۆییە، دەبوو "هەیئەتی وەزیرانی کۆماری کوردستان" وەک بەرزترین دەزگای بەڕێوەبەری وڵات، دیاری بکرێ و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، کارەکان بە دەستەوە بگرن و وڵات بەرێوە ببەن. پێشەوا لە سەفەرەکانی تەورێز و لە سەفەری دووهەمی بۆ باکۆ، ڕایگەیاند بوو کە ناچێتە ژێر ئەمری ئازربایجان. بۆیە دوای دامەزرانی کۆمار، هەر بە کەڵک وەرگرتن لە سەرۆکی وەزیران و وەزیرانی دەوڵەتی خودموختار، بە بەشداری ١٤ کەس، هەیئەتی وەزیرانی کۆماری کوردستانی دیاری کرد.

لێژنەی حکومەتی کۆماری کوردستانی لە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (١١ فورییە ١٩٤٦) بە سەرۆکایەتی حاجی بابە شێخ سەرۆکی وەزیران و بە بەشداری ئەو وەزیرانە دامەزرا:


حاجی بابەشێخ سیادەت

١ - ڕەئیسی هەیئەتی وەزیران حاجی بابەشێخ سیادەت
٢ - وەزیری جەنگ محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی
٣ - وەزیری کیشوەر محەمەد ئەمین موعینی
٤ - وەزیری ئیقتیساد ئەحمەدی ئیلاهی
٥ - وەزیری پۆست و تەلەگراف کەریمی ئەحمەدین
٦ - وەزیری فەرهەنگ مەنافی کەریمی
٧ - وەزیری تەبلیغات سدیقی حەیدەری
٨ - وەزیری کار خەلیلی خوسرەوی
٩ - وەزیری تیجارەت حاجی مستەفای داودی
١٠ - وەزیری کیشاوەرزی مەحمودی وەلی زادە
١١ - وەزیری ڕێگاوبان ئیسماعیلی ئێلخانیزادە
١٢ - وەزیری بیهداری سەید محەمەدی ئەیوبیان
١٣ – وەزیری موشاویر عەبدوڕەحمانی ئێلخانیزادە
١٤ - وەزیری عەدلیە مەلا حسێنی مەجدی (مەلاحوسێن زیاتر خۆی بە ڕەئیسی عەدلییە دەناسی).

حەسەن ئەرفەع لە لاپەڕەی ١٣٩ی کتێبی "کوردەکان" ڕێکەوتی ١٣٢٤/١١/٨ (١٩٤٦/٢/٢) بە ڕێکەوتی دامەزرانی هەیئەتی وەزیران دادەنێ. هەروەها هێندێک سەرچاوە باس لە ١٢ وەزیر دەکەن بەڵام ئەوەی کە گرینگە و پیویستە بگوترێ حاجی باباشێخ سەرۆکی وەزیرانی کۆمار، پێشتر هەر سەرۆکی وەزیرانی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان بوو. لە سەر پۆستی حاجی باباشێخ لە لاپەڕەی ٤ ژمارە ٣ ی کوردستان کە بەر لە دامەزرانی کۆمار لە ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٢٠ بە بۆنەی جێژنی کردنەوەی ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان چاپ کراوە هاتووە" ... و ئەم مۆفەقییەتە بە حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی

کوردستان و جەنابی حاجی باباشێخ سەرۆکی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان تەبریک پێشکەش دەکەم". دیارە دەبێ هەر ئەو وەزیرانەی دەوڵەتی خودموختار دووبارە لە کۆماردا بۆ پۆستی وەزارەتەکان دیاری کرابنەوە.

لەسەر ناسنامەی وەزارەت و ئیدارەکان، وەزارەتی جەنگ، بە وەزارەتی "هێزی دیمۆکراتی کوردستان" یان وەزارەتی "کاروباری پێشمەرگە" نێو دەبردرا. لە ڕۆژنامەی کوردستان دا هێندێک لە وزارەتخانەکان بەو شێوەی"سەرۆکی فەرهەنگی کوردستان"، "سەرۆکی کەشاوەرزی کوردستان" و "سەرۆکی ئیدارەی عەدلییەی کوردستان" ناویان نوسراوە. وەزارەتەکانی دیکەش هێندێک جار بە ئیدارە" و وەزیرەکانیان بە ڕەئیسی ئیدارە بە حیساب هاتوون و کۆی ناوی "هەیئەتی ڕەئیسە"یان لەسەر بوو. هەروەها "وەزیری تەبلیغات" و "وەزیری پۆست و تەلگراف" بە وەزیری تەبلیغات ناو برداوە.

چەند ئیدارەی دیکە وەک، ئیدارەی دارایی کوردستان بە سەرۆکایەتی عیلمی و ئیدارەی کوللی ئەوقافی کوردستان بە سەرۆکایەتی محەممەد لاهیجانی دامەزراون. هەروها لە بەڕێوەبەری سەرووی دەستەڵات دا کەڵک لە ڕاوێژکار (موشاویر) و کەسانی بە توانا و ماقوڵ وەرگیراوە.

لە سەر کەسایەتی سەرۆکی وەزیران و ئەو وەزیرانە، مەنافی کەریمی لە لاپەڕەی ٩٣ ی "پێشوای بیداری" دا دەنووسێ:

١ - سەرۆک وەزیران حاجی بابە شێخ، خەڵکی بۆکان بوو و لە کاتی کۆماردا تەمەنی ٦٨ ساڵ بوو. ئەو لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەنبیل بوو و لە زانستی فیقی دا لە ڕادەبەدەر شارەزا بوو. لە هەسوکەوت لە گەڵ خەڵک دا زۆر باش بوو ئەندامی کۆمەڵەی ژـ ک نەبوو و لە ساڵی ١٣٢٥ بوو بە ئەندامی حێزبی دێمۆکڕات. ئەو لە ساڵی ١٣٣٣ لە ئاوایی تورجان کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی ٢٣ ی "تاریک و ڕوون" دا، لە کەسایەتی حاجی باباشێخ دەنووسێ: لە نووسراوی چەند پیاوی بێخەبەردا دیومە و لە خەڵکی ساکاریشم بیستووە تاوانی خەیانەت وەباڵ حاجی باباشێخ دەدەن. من حاجی باباشێخم خۆش نەدەویست. چوونکە لەگەڵ ئەوەش دا دەیانگوت لە علوومی دینی دا زۆر شارەزایە و ڕیازیاتی کۆن زۆر باش دەزانێ، پیاوێکی زۆر کۆنەپەرەست و کەللەڕەق و خۆپەرەست و ناشارەزا بوو. بەڵام زۆر ڕاست و پاک و ئازا و بە بیروبڕوا بوو. بە هیچ بارێک تاوانی خەیانەتی پێوە نانووسێ. لە کاتی وتوویژ لە گەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی دا دوور نییە فریوی خوارد بێ و بە هەڵە چوو بێ. بەڵام لە ڕێگای ڕاست لای نەداوە.

بڵاوە پێدانی گەمارۆی دەوری سەقز و سەردەشت و خوڕخوڕە کە تاوانەکەی دەخەنە سەر حاجی باباشێخ پێوەندی بە مەسەلەیەکی قووڵ و نەهێنی سیاسییەوە هەیە کە لیرەدا جێگای باس کردن نییە و با جارێ دەرخۆنەی لەسەر دابنێین و زۆر دەستەڵاتی حاجی باباشێخ بەرەوژوورتر بوو. حاجی باباشێخ ئەوەندەی دەستەڵات نەبوو فەرماندەکانی دەوروبەری ئەم شارانە بە قسەی بکەن و بکشێنەوە. خۆ ئەو هیچ مەسئولییەتی لەشکری نەبوو، لەشکری کوردستانیش وەک لەشکرێکی ڕەسمی بە قسەی فەرماندەکانی خۆی دەکرد نە بە قسەی سەرۆکوەزیرێکی بێدەستەڵاتی غەیرە نیزامی. هیوادارم بەم کورتە نووسینە خوێنەرەکانم روون کرد بیتەوە.

مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ٧٤ی کتێبی ئاوێنە شکاو دا وێنەیەکی دیکەی کەسایەتی حاجی بابە شێخ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشان دەدا و دەنووسێ:
نازانم ئەو حاجی بابە شێخە بۆ خوێنەرەوەی ئەو دێرانە چۆن و چەند ناسراوە و چ لە ڕابوردووی شەخسیەتی عیلمی و کۆمەڵایەتی و جەوهەری زاتیی وی دەزانێ کە بەراستی بێجگە لەوەی بە سەر هەموو لایەنەکانی عیلم و زانستدا زاڵ بوو لە بوارەکانی تری شەخسیەتیشدا هەڵکەوتوو بوو، لە بەر ئەو زانست و ئازایەتیە لە لایەن( ویلهێلم) قەیسەری ئاڵمان و ڕەزاشاوە خەڵات کرا بوو و قەیسەر دووربین و ڕەزاشا عەسای جەواهیر نیشانیان بۆ ناردبوو و کاتێک دوای تێکچوونی کۆمار لە خزمەت مەحمود ئاغای ئێلخانی زادە و حاجی حەمەد ئاغا دا لە تورجان (گوندی جێی دانیشتنی) چووینە خزمەتی، ئەمری کرد ئەو خەڵاتانە بێنن کاک خالد بیانبینێ و من هەردووکیانم دیت کە بەراستی عەسا جەواهیر نیشانەکە زۆر سەیر ڕازابۆوە و لەبەر ئەو هەموو ئەڵماس و جەواهیراتە کە تێی گیرابوو هەر بریقەی دەهات و پیاو لە تەماشا کردنی تێر نەدەبوو، فەرموی بێجگە لەو عەسایە عەسایەکی تریشم بۆ هاتبوو لەوە چاکتر ئەویان لێ دزیم و نەمدۆزیەوە بەڵام شکم هەبوو.
لەسەر ڕادەی شارەزایی و زانایی حاجی بابە شێخ، مامۆستا حەقیقی بۆ حاجی سەید قادر سیادەت دەنووسێ:

لە حاڵی موخلیسی خۆت گەر دەپرسی
لە نەردی پیرییا کەوتوومە شەشدەر
جەنابی حاجی بابە شێخی بابت
لە گەردوونی فەزیلەت دا بوو ئەختەر
چەلێکی ئیمتحانی شێعری کردم
بە ڕووسووری لە عۆدەی هاتمە دەر

مامۆستا هێدی دوایە، باس لە ئازایەتی حاجی بابە شێخ دەکا کە چۆن لە شەڕی ڕووس دا پیاوێکی برینداری خۆی، لە شەڕ دوور خستەوە و بە زەحمەت نەجاتی داوە. حاجی بابە شێخ دوای ڕووخانی کۆمار چووە ئاوایی تورجان لە نیزیک بۆکان جێگیر بوو. ماوەیەک دواتر بردیانە تاران و نیگەرانی ئەوە بوو کە بگیرێ بەڵام نەگیرا.
مامۆستا هێدی لە لاپەڕەی ١٩ی کتێبی "ئاوینە شکاو" دا لەسەر ملا حوسێن مەجدی دەنووسێ کە وەزیری داد بوو و بە لای خەڵک زۆر خۆشەویست بوو. ڕادەیەکی بەرزی زانستی هەبوو و لە زمان خۆیەوە باسی شارەزایی خۆی دەکا و دەنووسێ:
ئەگەر نەشڵێم لە ئێران لە هەموو کەس بەرەو ژوورترم ئیدعای وەم هەیە کە لە ئێران کەسیش لە من بەرەوژورتر نییە.
مەنافی کەریمی لە لاپەڕەی ٩٣ ی "پێشوای بیداری" دا لە ناساندنی کەسایەتی وەزیرەکان دا دەنووسێ: ...
٢ - محەمەد حوسێن سەیفی قازی وەزیری شەڕ و کوڕە مامی شەهید پێشەوا قازی محەمەد بوو. ئەو ئەندامی بە خۆوەو پتەوی هەبوو. جێی نیشتەجێ بوونی یەکیک لە ئاوایەکانی نیزیک میاندواو بوو و بە دڵخواز ببوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ ک. ئەو بەرپرسی فەرماندەکانی ئەرتەشی نیشتیمانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان بوو. کەسێکی ڕووخۆش بوو و لە بابی شاعری شۆرشگێر و کوردی خۆیٚ سەیفولقوزات، ئازایەتی بۆ بە جێ مابوو.

٣ - مەنافی کەریمی وەزیری فەرهەنگ تەمەن ٢٥ ، ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ک و لە کاروباری کومیتەکانی حیزبی دا جێگری پێشەوا بوو.

٤ - حەمەدەمین موعینی وەزیری وڵاتداری و نیزیکایەتی زۆری لە گەل بازرگانانی شورەوی لە تەورێز هەبوو و جێگای مەتمانەی ئەوان بوو.

٥ - سەید محەمەد ئەیوبیان مەرکەزی(تەهازادە) وەزیری بێهداری، جەوانێکی ٣٣ ساڵەی و خۆ پێگەیشتوو بوو و ئەندامی لەمێژینەی کۆمەڵەی ژ ـ ک بوو.

٦ - عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە(موهتەدی) وزیری کاروباری دەرەوە، لە ئاغایانی بە دەستەڵاتی بۆکان بوو. لە بواری ئاینیەوە لەرادەبەدەر شارەزا بوو. ئەو پێشتر یەکیک لە کادرە بەرزەکانی کۆمەڵەی ژ ـ ک بوو. ٣٥ ساڵی تەمەن بوو و زۆری زەحمەت بۆ کۆمەلە کێشا.

٧ - سمایلی ئیلخانیزادە وەزیری ڕێگا و بان، ٣٥ ساڵە کوڕی مەحمودئاغای ئیلخانیزادە لە بنەماڵە بە دەستەلاتەکانی شاری بۆکان بوو. ئەو لە ساڵی ١٩٤٤ بوو بە ئەندامی کۆمەلەی ژـ ک.

٨ - ئەحمەد ئیلاهی وەزیری ئابووری ٤٠ ساڵە، لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی ژـ ک بوو بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە و لە بواری ئابوورییەوە شارەزا بوو.

٩ - خەلیلی خوسرەوی ٣٨ ساڵە و وەزیری کار، ئەندامی کۆمەڵەی ژ - ک بوو. ئەوکات کە ئەو ڕێکخراوەیە بە تەواوی نەهێنی بوو زۆربەی کۆبوونەوەکان لە ماڵە ئەو دەگیرا.

١٠ - کەریمی ئەحمەدی وەزیری پۆست تێلگراف تەمەن ٤٠ ساڵە و لە ساڵی ١٩٤٥ بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژـک.

١١ - حاجی مستەفای داودی وەزیری تجارەت؟ ٥٥ ساڵە لە بنەماڵە ناسراوەکانی مەهاباد و ئاگا بە بابەتەکانی سیاسی ڕۆژ بوو.

١٢- مەلا حوسێن مەجدی وەزیری دادگوستەری، باسەوادترین و بە ناوبانگترین مەلای ناوچە. ئەو بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ - ک و ڕیز و حوڕمەت و ئیعتیباری ئایینی لە سەڕی بوو.

١٣ - مەحموود وەلیزادە وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری و ٢٣ ساڵ بوو. لە مەدرەسەی بەرزی کشتوکاڵی کەرەج خوێندەواریکەی تەواو کرد بوو. ئەو لە ساڵی ١٩٤٣ ببوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ ک و لە بواری کشتوکالییەوە شارەزا بوو.

١٤ - سەدیقی حەیدەری وەزیری ڕاگەیاندن بوو و لە بناغە دارێژەرانی کۆمەڵەی ژـ ک و تەمەن ٣١ ساڵە. ئەو لە کاروباری حیزبی دا زۆر هەڵسوور و چالاک بوو و لە ڕێگای ئازادی کوردستان دا زەحمەتی زۆر کیشا.

کەسانی دیکەی ئەوتۆش هەبوون کە بە هەر هۆیەک بێ پۆستی وەزارەتەکانیان قبوول نەکرد بوو. بە پێی قسەکانی داگلاس لە کتێبی مۆبلی دا، کاتێک لە ئەمەر خان پرسیار کرا کە بۆچی وەزارەتی بەرگری کۆماری وەرنەگرت ئەو لە وڵامدا گوتبووی : بۆ ئەوەی سەری خۆم بپارێزم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەشنی حکومەتی کۆماری کوردستان بە شێوەی حکومەتەکانی کۆماریی دەوڵەتی شووڕەوی دامەزرا بوو بەڵام لە لایەن هێچ وڵاتێک بە ڕەسمی نەناسێندرا و لە قانونی ئەساسی ئێران دا چەشنی ئاوا دیاری نەکرابوو. ئەو حکومەتە ڕواڵەتی"دو فاکتۆ"ی هەبوو واتا بوونی هەبوو بەڵام غەیرە فەرمی بوو. تەنیا پەیوەندیی لاواز کوردستان و دەوڵەتی شووڕەوی، ڕواڵەتی دوفاکتۆیی کۆماری کوردستانی بە هێز کرد بوو.



پێشەوا لەگەڵ ژمارەیەک لە وەزیرەکانی کۆماری کوردستان فێوریەی ١٩٤٦
دانیشتوو: قازی محەمەد
ڕیزی پێشەوە لە چەپەوە: عەلی ڕەیحانی، کەریم ئەحمەدین، عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە، وەهاب بلوریان، محەمەد ئەمینی موعینی، ئەحمەد ئیلاهی، خەلیل خوسرەوی، حاجی مستەفا داوودی،
ڕیزی پشتەوە لە چەپەوە: سەدیق حەیدەری، محەممەد یاهوو، مەناف کەریمی، سەید محەمەد ئەیووبیانی، حوسێنی فروهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی

پێکهاتنی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی کورد لەگەڵ پشتیوانی کوردەکانی تورکیە و عێراق و سوریە بەرەوروو بوو و هەر ئەوکات نوێنەرانی ئەو بەشانەی کوردستان هاتن و پیرۆزباییان پێگوتون.
بەمشێوەیە بە هەوڵ و تێکۆشانی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکرات ئاوات و ئارەزووەکانی نەتەوەیی کورد بە ئاکام گەیشت و بناغەی پتەوی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان کە ڕەنگدانەوەی ویست و داوخوازی هەموو پارچەکای دیکەی کوردستان بوو، بە دەستی بە توانای پێشەوا داندرا. ئەیوب ئەیوزادە لە نووسراوەی ئێنتێرنێتی ژیان و ڕوانگەی پێشەوا دا دەنووسێ:
بەمجۆرە پێشەوا لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆی دا وەڵامی بە سەرەکی‌ترین مەسەلەی کۆمەڵی کوردەواری دایەوە. دامەزراوەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو مەسەلە سەرەکییە بوو کە پێشەوا توانی لە ئاستی گوتارەوە بۆ مەیدانی کردەوەی بگوێزێتەوە. ئەم بریارە مێژووییە دەسپێکی گەورەترین وەرچەرخان بوو لە کۆیلەتییەوە بۆ سەربەستی و لە داگیرکراوەیییەوە بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی. لێرەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیتر خوێندنەوەیەکی لۆژیکی بۆ کورد بوون بە مانای ڕزگاریی نەتەوەیی و خاک و خۆ جیاکردنەوە لەویتر و خۆ قوتار کردن لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی بەرزەفڕی فارس، ئاوێتەی گوتاری سیاسیی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد بوو.

بەردی بناغەی ئەو حکومەتە ڕۆژ لەگەل ڕۆژ پتەوتر بوو و پێشەوا قازی محەممەد لە نوتقی سەفەری ورمی دا، کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٢ دا هاتووە، گۆشەیەکی بچووک لە ناوەرۆکی کۆماری کوردستان دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

ئێستاش لە سایەی هێز و قودرەتی ئازادی ئێمەش چاو و گوێمان کراوەتەوە و جارێکی دیکە ناچینەوە ژێر چنگاڵی بێدادی، کورد جوێ لە حەقی خۆی هیچی لە خەڵکی نەویستووە، دەیەوێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، لە پیت و کانگای وڵاتەکەی سوود بەرێ، ببێتە خاوەنی کارخانە و کانگا. کورد

## بارزانی سەردانی دامودەزگاکانی کۆمار دەکا


مەلا مستەفا بارزانی- قازی محەممەد

سەرئەنجام عەشیرەتی بارزان لە ژێر زەختی دەوڵەتی عێراق و ئینگلیس دا، لە ساڵی ١٩٤٥ دا بە خاو خێزانەوە هاتنە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی رووس لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئەوکات حیزبی دێموکرات خەریکی کاری تەشکیلاتی و پتەو کردنی بناغەی حکومەتی خودموختاری کوردستان بوو. لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمار لەگەڵ مەلامستەفا قسەوباس و ڕوانگەی جوراجۆرەوە هەیە. نەوشیروان مستەفا لە کتێبێ کۆماری کوردستان لە گەمەی سۆڤییەت دا بە بێ ئەوەی ئاماژە بە بەڵگەیەک بکا، باس لە پشت گوێخرانی مەلامستەفا دەکا و دەنووسێ:

لە سەرەتا دا مەلا مستەفا و بارزانیەکان بە جۆرێ پشت گوێ خرا بون، بیریان لەوە ئەکردەوە بگەڕێنەوە تەسلیمی حکومەتی عێراق ببنەوە. نەخۆشی تیفوس و هەژاری و نەبونی تەنگی پێ هەڵچنی بون. لە لایەك مەترسی هێرشی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر کوردستان و لە لایەکی ترەوە مەزبەتەیەکی کە تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق، بە یارمەتی شێخ لەتیفی حەفید و هەندێ لە سەرانی ئێلە کوردەکانی عێراق، ڕێکیان خست بو بۆ ناساندنی مەلا مستەفا وەکو نوێنەری هەمو کوردی عێراق و ڕێزلێنانی، ناردبویان بۆ قازی محەممەد، وایان لە قازی و سەرانی حکومەتی کوردستان کرد ئاوڕ لە بارزانی و کوردەکانی عێراق بدەنەوە.

لە مانگی ڕەشەمەدا قازی محەممەد، مەلا مستەفای بانگ کرد بۆ مەهاباد. ئەمجارەیان بە ڕەسمی پێشوازی لێ کرا.

بارزانییەکان لە کاتی هاتن بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕێزی زۆریان لێگرا و خەڵک باوەشی گەرمی بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردنەوە. ئەوان نە دەیانتوانی لە سەرمای سەختی زستان دا بگەڕێنەوە نە بیریشیان لێکردەوە. ئەوەش جێی گومانە کە نەوشیروان مستەفا، ڕێزلێنان لە مەلا مستەفا دەبستێتەوە بە مەترسی هێرشی ئێران بۆ سەر کۆمار و نامەی شێخ لەتیف و چەند کەسێک لە مەر دیاری کردنی مەڵا مستەفا وەک نوێنەری کوردی باشوور. وەزعی پەرێشان و نەخۆشی گشتگیری بارزانییەکان لە ئاوارەیی و سیاسەتی ڕووس دەبێ هۆکاری ئەوە بوو بێ بارزانییەکان درەنگ دەربکەون و ببنە مەیدان داری سەرەکی نیزامی لە جوڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات.

ڕێژیمی ئێران زۆری هەوڵ دا کە بارزانییەکان نەچنە ژێر فەرمان و بەڕێوەبەری حیزبی دێموکرات و لە ئیدارە و بەڕێوەبەری داموودەزگاکانی کورد دا بەشداری نەکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. عەلی مرادی مەراغەیی لە لاپەڕەی ١٥٣ کتێبی "ئینکار و مقاوەمەت" بە نەقڵ لە عەلائەدینی سەجادی دەڵێ، ڕێژیمی ئێران هەوڵیدا کە نەهێڵێ پەیوەندی نێوان مەلا مستەفا و قازی محەممەد بە هیز ببێ، بۆیە سەرهەنگ پزشکیان فەرماندەی پادگانی سەردەشت، قەرەنیاغای مامەشی ناردە لای مەڵا مستەفا و پێیگوت کە ئێوە خاریجین بەڵام دەوڵەتی ئیران وەک پەنابەر ورتان دەگرێ و مولک وماڵتان دەداتێ و لە تاران لە پارلمان و لە لای شا نوێنەرتان دەبێ. لە بەرانبەر دا نابێ ئێوە هاوکاری قازی محەممەد بکەن.

مەرحومی مەلا مستەفا لە دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا هاتە مەهاباد و لە ڕێوڕەسمی کۆماری کوردستان بەشدار بوو. بەڵام نە بۆخۆی و نە بە نوێنەرایەتی عەشیرەتی بارزانی، کەس پەیامی نەخوێندەوە. ئەوە بوو بە تاتۆیەک کە کەسانێک بایخ بەو هەموو بەڵگە و دیکومێنتە نەدەن و وابیر بکەنەوە کە مەلا مستەفا لە ٢ ی ڕێبەندان دا هەر بەشداری کۆمار نەبووە.

لە دوای کۆمار لە مانگی ڕەشمەی ساڵی ١٣٢٤ دا لە لایەن خەڵکی شاری مەهاباد و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بە فەرمی پێشوازێکی بێوێنەی لە مەلامستەفا کرا. ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی مێژوویی بوو و ڕێبەری حیزب و داموودەزگاکانی دەوڵەتی بە تێکڕا خۆیان بۆ پێشوازی لەو ئامادە کرد. لە کوردستانی ژمارە ٢١دا لە بەشی ئەخباری ناوخۆ دا لەوبارەوە نووسراوە:

جەنابی ئاغای مەلا مستەفا قائیدی کوردی بارزان ڕۆژی ٩ - ١٢ - ١٣٢٤ ساتی ٥ ی پاش نیوەڕۆ واریدی مەهاباد بوو.

وەختێ گەیشتە نێو باغان ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی پێشوازیان لێکرد. وەختێ جەنابی مەلا مستەفا لە چۆمی پەڕیەوە بە ئیحتیرامی، ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی دابەزی. لەم کاتەدا کۆمیتەی مەرکەزی هەنگاویان توندتر کردو لە قەراخ چۆمی پێك گەیشتن، برای خۆشەویست سدیق حەیدەری مەراسیمی بە خێرهاتنی بە جێ هێناو هەموو ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی بە مەلامستەفا ناساند و ئەویش دەستی لە نیو دەستی هەموان ناو لە نیهایەتی خۆشی دا بۆ کانگای حیزبی دیمۆکرات هاتن و لە ساڵۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی دانیشتن و لە ساتی ٦ حەزرەتی پێشەوای کوردستان بە پێی (القادم یزار) تەشریفی بۆ کانگا هات و مولاقاتی دەگەڵ مەلا مستەفا فەرمووە. لەو وەختەدا محەمەد ئەفەندی خیتاب بە حەزرەتی پێشەوا، خیتابێك کە وێنەی ئیحساساتی قەلبی مەلا مستەفا بوو لە خسوس خودەپێناونانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومە نەجیبە لە ڕێی سەربەستی کوردستان دا خوێندەوە و جەنابی پێشەواش وەڵامی دانەوە و ئەوانی بێ ئەندازە بە حکومەتی کوردستان و حیزبی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیمۆکرات ئومێدەوار کرد. پاشان حەزرەتی پێشەوا تەشریفی بردە ساڵۆنی تایبەتی خۆی. ئەنجا مەلا مستەفا بە حزوری شەرەفیاب بوو وماوەی دوسات پێکەوە خەریکی گفتوگۆ بوون.

مەلا مستەفا پیاوێکی سیاسی و زەعیمی کوردی بارزانە. لە ڕێی سەربەستی کوردستان دا زۆری مەینەت کێشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ئێل و عەشیرەتی ویان بە گوناهی ئازادیخواهی دەربەدەر و لە نیشتمانی خۆشەویستیان وەدەرناوە. زاتی نێوبراو بێجگە لەوەی قائیدێکی بەرزە، پیاوێکی زانا و تێگەیشتو و موتومەدین و نیشتمانپەرستە و تەمەنی لە حدودی چلوپێنج ساڵ دایە.

چاوپێکەوتنی پێشەوا و مەلامستەفا لە ڕۆژنامەی کوردستان دا هاتووە و محەممەد محموود وەک نوێنەری مەرحومی مەلامستەفا، کە لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکان دا بە جێگای مەلامستەفا وتاری داوە، قسەی کرد. بە پێی کتێبێ "کۆماری کوردستان لە گەمەی سووڤییەت" لە نووسینی نەوشیروان مستەفا، محەممەد مەحموود:

... خەڵکی سلێمانی و دەرچوی زانستگای جەنگی عێراق بو. لە ناوەڕاستی سییەکان دا ئەندامی "کۆمەڵی برایەتی" و دوایی یەکێ لە ئەندامە چالاك و شۆڕشگێڕکانی "حیزبی هیوا" بو. نوسەر و خەتیب بو. چەندین وتاری سیاسی لە بڵاوکراوە نهێنیەکانی حیزبی "هیوا" و گۆڤاری "گەلاوێژ" و لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دا نوسیوە. بەشداری شۆڕشی بارزان بو. یەکێ لە دامەزرێنەرەکانی "هەیئەتی ئازادی" بو. لە گەڵ بارزانی چوە کوردستانی ئێران و یەکێ لە هاوکارە نزیکەکانی بو. لەوێ وەکیلی مەلا مستەفا بو. لە زۆری بۆنە سیاسی‌یەکان دا محەمەد مەحمود بەناوی مەلا مستەفاوە قسەی ئەکرد.

وتاری محەممەد مەحموود لە کوردستانی ژمارە ٢٣ دا چاپ کراوە و نەوشیروان مستەفا بە بێ ئاماژە بە سەردێڕی بابەتەکەی لە کتێبی کوردستان لە گەمەی سۆڤییەت دا چاپی کردوە. بەڵام ئەو بابەتە لە هێندیک لە چاپەکانی ساڵانی دواتردا، بە مەبەستی شێواندنی مێژووی کورد، بە دەستی دزێو ئاگاهانە قرت کراوە و لاپەرەی ٣ ی ژمارە ٢٢ ی کوردستانی لە جێی دانداروە.

ئەو وتارە، لە ڕاستی دا بەیعەت کردنی مەلا مستەفای بارزانی بە پێشەوا قازی محەممەد و دەستخۆشی کردن، لە ڕێبەرانی کۆمارە کە ئاڵای کوردستانیان هەڵداوە. بارزانی هیوا دەردەبڕێ کە باری ئابووری خەڵک باش بکرێ و پەرە بە فەرهەنگ و ئازادی بدرێ و ڕادەگەیەنێ کە بە هەموو تواناوە، پشتی گەورەترین کەسایەتی گەلی کورد، پێشەوای موعەزمی کوردستان دەگرێ. دەقی ئەسڵی وتارەکە بەمشێوەیە:

نوتقی محەمەد مەحمود ئەفەندی لە ڕۆژی هاتنی مەلامستەفا لە حزوری حەزرەتی پێشوای کوردستاندا

پێشەوای موعەزەم!

گەورە بەڕێزەکانم!

بە ناوی کوردی وریا بووەوە لە ژێر ماوەی پەیڕەوی کۆنی زەبر بەدەستی، بە ناوی سەرکردەی شۆڕشی گەل لە بارزان، شۆڕشی بەرهەڵستی سەرگەردانی، شۆڕشی نەهێشتنی زوڵم و ئیستیبداد، ڕۆژباش پێشکەشی دانیشتوانی ئەم کۆبونەوەیە دەکەم، کە ئاڵای پیرۆزیان لە سێ یەکی نیشتمانی گەورەدا بڵیند کردەوە، بە ناوی خوێنی پاکی گەلێ کۆششکەرانەوە کە لە مەیدانی ئازادی دا پێشکەشیان کردوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوارتان دەکەینێ کە ئەم بەرە پیرۆزە – ئازادی و سەربەخۆیی پێ بگەیەنن. بە ناوی فرمێسکی چاوی بێوەژنان و ئاه و ناڵینی هەتیوانەوە هاوارتان دەکەینێ کە پەیمانی حقوقی گەل بدەن، ئیقتیسادیاتی بپارێزیت، پشتی فەرهەنگ بگرن بە پەروەردە کردنێکی گیانی دیمۆکراتیەوە، پارێزگاری لە دیمۆکراتی بفەرمون کە ڕێگەی پێشخستنی گەل و سەربەخۆیی نیشتمان و ڕۆیشتنە بەری وەیە لە گەڵ کاروانی گەلانی ئازادی بەرەو تەواوەتی و مروانی.

بێگومان لەبیر ناکرێت کە حکومەتی ئازاد هێشتا لە یەکەم قۆناغیایەتی وە کۆششی ئێوەی پێ دەوێت، بۆ سەرکەوتنی کوردستانی مەزن و ڕزگار بونی، یارمەتی گەلیشی پێویستە. ئەو بەشانەی نیشتمانی مەزنمان کە لە ژێر دەستی بێگانەدان، گەلی کوردستانی مەزن چاوی بڕیوەتە یارمەتی ئەو ئاڵایە کە لە سەر ئەم حکومەتە دەشەکێتەوە، دەیەوێت ژێر سێبەریەوە، لە پیاوەکانی حکومەت دەخوازان کە براکانیان لەو پێوەندی ئاسنینە ڕزگاربکەین کە تێدا دەناڵێنن.

پێشەوای موعەزەم!

گەورەکانم!

ئەو سیاسەتە حەکیمە جوانەی کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە سەری ڕۆیشت و سەربەخۆیی نیشتمان و ئازادی کوردی وەرگرت، ئامادەیە کە بچێت بە هاواری نیشتمانی گەورەوە و، گەلی کورد سەرتاپا ڕزگار بکا.

لەم کاتەدا، لە هەمو کانی دڵمانەوە و یاریدەی ڕاستیمانەوە بەرەو گەورەترین شەخسیەتی کورد، ئەو شەخسیەتەی کە گەلی کوردی بە بیری بەهێزی و سەرکردەیەکی حەکیمانەوە بە ڕێگای دیمۆکراتی دا برد و گەیاندیە سفرەی ئازادی، بە کۆششێکی عەبقەری و عەزمێکی قایم وە سەرکردەی دیمۆکرات، پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەمەد، خۆمان پێشکەش دەکەین.

با هەمو پێکەوە هاوار کەین بژی سەرکردەی موخلیسی کوردستان، بژی گەلی کورد پشت بەست بە دیمۆکراتی، بژی پارتی ئازادی کوردستان و پارتی گەل، بژی پارتی دیمۆکرات، بژی نیشتمانی مەزنمان بە سەربەخۆی و ئازادی، بژی یەکێتی سۆڤیاتی مەزن هەتا بێ گەلانی خۆشبەختی ئازادی و سەربەخۆیێ.

ئەو وتارە لە ڕاستی دا مانیفست و بەرنامە و خواستی کاری مەلامستەفا بوو بۆ هاوکاری لەگەڵ کۆمار و هیچ شەرتێکی تێدا نییە. نەوشیروان مستەفا بە پیچەوانەی بووچوونی پێشووی لە کتێبی کورد لە گەمەی سوویەت دا،ئەوجار ئاوا باسی ئەو وتارە دەکا:

بارزانی و کوردەکانی تری عێراق ئەیان توانی لەوێ وەکو پەنابەر بە گۆشەگیری دابنیشن، خۆیان لە هیچ کاروبارێ نەگەیەنن. بەڵام ئەوان بۆ ئەوە نەچو بوون پاڵی لێ بدەنەوە. چوبوون بۆ ئەوەی بە هەموو تواناوە بەشداری بکەن لە پاراستن و سەرخستنی ئەو تەجروبە تازەیەدا. خوێندنەوەی ئەم وتارە بە ناوی بارزانییەوە، لەو کاتەدا، چەند مەبەستی ئەگەیاند. یەکێکیان، دەربڕینی دڵسۆزی بۆ حکومەتی کوردستان و پێشەواکەی و پیشاندانی ئامادەیی خۆ لە پێناونانی بە هەموو توانایەکەوە. دوهەمیان، بە درۆ خستنەوەی واتەواتی ململانیی پێشەوا – بارزانی و قوبوڵ کردنی سەرۆکایەتی قازی محەمەد. سێیەمیان، پێداگرتن لە سەر یەکێتی چارەنوسی کورد و هەوڵدان بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی تری کوردستان.

له دوای سەردانی فەرمی ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/٩- ١٩٤٦/٢/٢٨ مەلامستەفا لە ڕۆژانی دوایی دا سەردانی دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستانی کرد. ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٦ لەوبارەوە دەنووسێ:

ڕۆژی جومعە ١٠-١٢-١٣٢٤ ئەندامانی حیزب و ئەشراف و ئاغیانی شاری مەهاباد و ڕوئەسای عەشایر یەك بەدوای یەك دا چونە خۆ پێناسینی میوانی خۆیان. هەر کە کاتی نوێژی جومعە هات زەعیم مەلا مستەفا لەگەڵ ئەندامێکی هەیئەتی مەرکەزی حیزب تەشریفی بردە مزگەوتی جامیعە و فەریزەیی خودای مەزنی لەگەڵ هەمو موسوڵمانانی شاری مەهاباد دا لە سەرخۆ لابردو دوایی لە ناو قەلەباڵغی‌یەکی زۆردا گەڕایەوە یانەی فەرهەنگی مەرکەزی حیزب.

ڕۆژی شەممو ١١-١٢-١٣٢٤

بەیانی ١١-١٢-١٣٢٤ زەعیم مەلا مستەفا و ئەفسەرانی و یەکێك لە ئەندامانی هەیئەتی مەرکەزی ئاغای ئەحمەدی ئیلاهی تەشریفیان چوە هێزی کوردستان و هەر کە گەیشتنە ئەوێ لە لایەن قەڕەوڵی تایبەتی‌یەوە ڕەسمی تەعزیمی بۆ کرا و سەرکردانی هێز بە سەرکردەیی فەرماندەی هێزی مەرکەزی محەمەد نانەوازادە پێشوازی کرا و یەکەیەکە سەرکردەکانی پێناسرا. نزیکەی نیو سەعاتێك لە گەڵ سەرکردەکاندا ڕاییوارد و لە دوایی‌دا یەکەیەکە چووە لای سەرکردەکان لە جێگای خۆیان دا وە پیرۆزبایی خۆی پێشکەش کردن و داوای لێکردن کە هەموو بە گیانێکی پاکی نیشتمانپەروەرانەوە ببنە سپەری نیشتمان و پێش‌خزمەتی پێشەوای موعەزەم. کانگای هێزی بەجێهێشتەوە و بە بزۆکی حەزرەتی پێشەوا ڕوی کردە دەبیرستان و لەوێ قوتابییەکان هەموو کۆببونەوە. لە دوای زیارەتی مامۆستاکان و ڕەئیسی هەیئەتی فەرهەنگ ئاغای ڕەشید ئاغای هەمزە ئاغا، تەشریفی بردە لای شاگردەکان وە لێرەدا ئەفسەر عەبدوڕەحمان تەیب موفتی چەند ئامۆژگاری و پیرۆزباییەکی بەناوی زەعیم مەلا مستەفاوە پێشکەش کردن. لە دوایی‌دا زەعیم مەلا مستەفا ڕووی کردە ئیدارەی شارەوانی و مەئموورانی ئەو ئیدارەش زیارەت فەرموو. هەروەها تەشریفی بردە ئیدارەی دیژبانی لە دوای ئەوە ڕووی‌کردە مەدرەسەی گەلاوێژ و بە هۆی ئاغای ئەحمەد ئیلاهیەوە مامۆستایانی ناسین و یەکەیەکە بە پۆلەکاندا گەڕا و لە هەموو پۆلێك، ئەفسەر محەمەد مەحمود بە ناوی زەعیم مەلامستەفاوە ئیزهاری خۆش وەختی و ئامۆژگاری بۆ شاگردەکان دەکرد.

لە دوایی‌دا تەشریفی بردە مەدرەسەی کوردستان. دیسان لەگەڵ مامۆستایان خۆناسینیان کرد و بە ناو پۆلەکان دا گەڕا و لەهەر پۆلێك دا سرودێك دەخوێندرایەوە. ئینجا زەعیم مەلا مستەفا گەڕایەوە مەرکەزی حیزب.

شەوی یەکشەممو ١٢-١٢-١٣٢٤

زەعیم مەلا مستەفا تەشریفی بردە چاپخانەی کوردستان وە لە لایەن مودیری چاپخانە ئاغای قادری مودەڕیسی بە هۆی ئاغای ئەحمەد ئیلاهی‌یەوە خۆناسینیان کرد و لە دوایی‌دا لە لایەن محەمەد مەحمودەوە چەن ئامۆژگاری‌یەك بە کارگەرانی چاپ کرا و سپاسی مودیری چاپخانەی بە ناوی زەعیم مەلا مستەفاوە کرد.

ڕۆژی یەکشەممو ١٢- ١٢- ١٣٢٤

بەیانی لەگەڵ ئەفسەران و ئاغای ئەحمەدی ئیلاهی تەشریفی بردە لای ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی

میللی کوردستان جەنابی سەید حاجی باباشێخ و لە دوای سەعاتێك گفتوگۆی گیانی بە گیانی بە خۆشیەوە زەعیم ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە مەرکەزی حیزب.

ڕۆژی دوشەممو ١٣ – ١٢ – ١٣٢٤

بەیانی دیسان زەعیم مەلامستەفا و ئەفسەرانی لە گەڵ ئاغای کەریمی ئەحمەدین تەشریفی بردە ئیدارەی شارەداری. لە لایەن ئاغای میرزا غەنی خوسرەوی ڕەئیسی شارەدارییەوە پێشوازی لێکرا و نیزیکەی نیو سەعاتێک لەوێ ڕایبووارد وە لە گەڵ مەئموورانی ئەم ئیدارەیە مەعارفەی فەرموو و لە دواییدا تەشریفی بردەوە مەرکەزی حیزب. سەعات ١٠ ئێوارە دیسان خۆی و ئەفسەرانی محەمەد مەحمود، عەبدوڕەحمان تەیب موفتی تەشریفیان بردە خزمەت پێشەوای موعەزەم لە یانەی فەرهەنگی و دیسان نزیکەی نیو سەعات گفتوگۆی تایبەتی‌یان کرد و گەڕایەوە جێگەی خۆی.

بە پێی لاپەڕەی ١١٤ی بەرگی یەکی کتێبی "لە بیرەوەرییەکانم" دا نووسینی کەریمی حیسامی، هەر لەو میوانداریيەدا یەکێک لە تایفەی قازی کە لە تورکیە بوو و دوکتور بوو ڕوو لە مەرحومی مەلا مستەفا دەکا و دەڵێ:

قوربان من دوکتورم و لە تورکیا دەژیم. بڕیارم داوە کاتێک بێمەوە کوردستان کە هەموو شوان و گاوانێکی کورد ڕۆژنامەی بە دەستەوە بێ و بیخوێنێتەوە.

بە ڕەحمەت بێ مەلامستەفا گوتی:

جا ئەودەم بۆ چ دێیەوە کوردستان. ئەودەم گەلی کورد چ پێویستی بە تۆ هەیە. ئەگەر ڕاست دەکەی کوردی نیشتیمان پەروەری ئەمرۆ وەرەوە کوردستان. کورد ئێمرۆ پیویستی بە تۆ هەیە. ئەگەر هەموو شوان و گاوانی کورد خوێندەوار بوون ئیتر پێویستیان بە تۆ نیە و مەیەوە.

بە پێی کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨" لە نووسینی مەسعود بارزانیی، بە دوای ئەو سەردانانەدا، مستەفا بارزانیی لە کۆماری کوردستاندا، پلەی ژێنڕالی پێبەخشرا و ئەفسەرە هاوڕێیەکانیشی پلەی باڵای سەربازیان وەرگرت و ٢٢٠٠ کەس بارزانیی پرچەک کران. لەوانە ١٥٠٠ کەسیان لە سێ بەتالیۆندا ڕێکخران و هەر سێ بەتالیۆنیان ڕەوانەی بەرەی شەڕیی سەقز کران. ٧٠٠ کەسیش وەک ئیحتیات ڕاگیران و چەند ئەفسەرییش لە دەستەی ئەرکاندا لەگەڵ بارزانی مانەوە.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٤٩ بەشی دووهەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..."دا ئاماژە بە چالاک بوونی هێزی بارزانی لە نێو دەزگاکانی کۆمار دەکا و دەنووسێ:

لە مارتی ١٩٤٦ بە کەماڵی ئێحترامەوە مەلامستەفا جەلبی سابڵاغ کرا و زۆر ئەهمییەتی موحتەرەمانەی پێدرا. ئەمجا مەلامستەفا و ئەفسەرەکان لە ژێر کابووس و دێوەزمەی نگبەت هاتنە دەرەوە. تەپڵی بارزانی دیسان لە ئێرانیشا لە هەموو لایەکەوە دەنگی دایەوە.

لەشکری بارزان دەستە دەستە جەلبی سابڵاغ ئەکران. لەدوای تەجهیزکرانیان ئەنێنران بۆ جبهەی سەقز. مەلامستەفا خۆی شەخسەن لە سابڵاغ دائەنیشت. مەسئولی سەرپەرەشتی و تەنزیمی عەشیرەتەکەی بوو. هەر تاقمەی کەساز ئەکرا بە فەرماندەی دەستە و لک و گروهبان و ئادابی سەربازی یەوە ئەمجا تەسلیم بە حەمەرەشیدخان ئەکرا.

ماوەیەک دواتر مەلامستەفای بارزانی لەگەڵ ژمارە یەکی گۆڤاری "هاواری نیشتمان" کە لە یەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاکەلیوەی ۱۳۲۵ (۲٤ مارسی ۱۹٤٦ ) دەرچوو و سەدیق ئەنجیری مودیری بوو وتویژەی کرد و ڕوانگەکانی خۆی بەو شێوەیە دەربڕێ:

بقلم: مدیر مجله (مصاحبه)

لەگەڵ: جەنابی مەلا مستەفا بارزانی

لەمێژ بوو دەمەویست پیاوێکی کە ئیستعماری لە عێراقدا وە هانکە هانک خستووە ببینم. لەبەر وەی وەختایەکی کە بۆ جوابی چەند پرسیاران چووم لایان یەکجار دڵخۆش بووم.

مەلا مستەفا لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدایە. دووری لە خاکی بارزان هێندە لەوی دا تەئسیری نەکردووە. شایەد عیلەتی وەی بە سەربەخۆیی دیتنی مە بێ کە بە شەڕافەتمەندانە دەژین و ئەویان بە دڵێکی پاک دە باوەشی خۆیان گرتووە و ملە و مبارزەی چەند ساڵەی ئەوی بەر عەلێە ئیستعمار ئیفتخار بۆ میللەتی کورد دەزانیین.

بە عەقیدەی خۆم مەلا مستەفا پیاوێکی ڕەشید و گورج و مودیرزان و ئەوانەی کە لەگەڵ وی تەڕەف بوون ئەویان وا تەشخیس داوە. لە پاش ناساندنی خۆم بە وی و ئاگادار کردنی وی لە پرسیاری خۆم، کەمێکی فکر کردەوە و لە دوایە شەرحێکی موفەسل لە دەردی دڵ و ملەی شەڕافەتمەندانەی خۆی بەیان کرد کە لێرەدا من مەزموونی ئەوانەی کە لەبیرم ماوە دەینووسم... (فکرمەکەنەوە کە من لە هیزی دەوڵەتی عێراق شکستم خواردوە و یا دەربەدەر بوومە) نا. ئەمن پاش لەبەین بردنی نیزیک بە ۳۰۰۰ عەسکەر و میلونها خەسارەت دیتم کە واقعەن هێزی من دەبێ لەگەڵ هێزی دەوڵەتی بریتانیای گەورە شەڕ بکەن ئەمەش ئەو ڕەشادەتەمان هەبوو، بەڵام ئەو ئەرتەش و هێزەم نەبوو کە بەرهەڵەستی بکەم. کە وامزانی تەرکی شەڕم کرد.

دەوڵەتی عێراق وەک تورکییە و ئێران مەعلومە لەبەرچی حازر نیین ئیمەی( کورد) لە دەست ئیستعماری خۆیان ڕزگار بکەن. چۆن بۆخۆیان هەمیشە ئالەتی دەستی ئیستعمار بوون و ئەڵبەتە سیاسەتی ئیستعماریش قەت ڕازی نابێ نێهزەتی دێموکراتیک لە مەنتەقەی نفوزی واندا پەیدا بێ. مەنفەعەتی ئیقتسادی و سیاسی عێراق و کوردستانی ئازاد بە قیمەتی ۱۰۰ وە یەکە. یانی ئەگەر ئیستعمار تەشخیس بدا کە قازانجی مە بۆ وی تومەنێک بێ، نەفعی عێراق سەد تومەنە. لەبەر وی نەتەنیا بریتانیای گەورە بەڵکوو هیچ منداڵە مەدرەسەیەک حازر نییە دەست لە سەد تمەنی هەڵگرێ بۆ یەک تمەنی ... و لە ماوەی ۳۰ ساڵاندا کە سیاسەتی ئیستعماری لە عێراق پێی کراوەتەوە ئەو ئەساسە سەبەبی پێشگیری ئازادی کوردی عێراق بوو و هەر ئەو زوڵمە میللەتی مەی وادار کردوە هەتا ئاخرن نەفەس لەگەڵ ئیستعمار ملە بکەین و من بۆخۆم لەو ڕێگایەدا تالبی هیچ مقامێک نیم... بە چاکی لیمان حاڵی بووە کە سیاسەتی ئیستعماری بازاڕی شکاوە و دەوڵەتانێکی کە لە بەرامبەری سەربەخۆیی کوردان لە ژێر ئیستعمار میللەتی ڕەشیدی کورد ئیستسمار دەکەن لەوەی بەولاوە مۆفەق نابن و بە پشتیوانی دەوڵەتی شوڕەوی کە ئامانجی وی ئازاد بوونی دنیا لەژێر دەستی ئیستبداد و فاشیسم و ئازاد کردنی میللەتی چکۆلە و زەعیفە، حەقی مەشروعی خۆمان دەستێنیین.

بە جورێکی کە هاوەدەردانی مەلا مستەفا بۆیان شەرح دام، موختەسەرێکی مێژووی ملەی وان لەگەڵ ئیستعمار وابوو: لە ساڵی ۱۹۳۰ میلادی مەلا مستەفا لە دەوڵەتی عێراق دڵخورد بوو و چوو بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تورکییه له دوایه به دڵخۆشکەرەوەی ئینگلستان هاتنەوە عێراق.

له پاشان که ماوەیەک له هاتنەوەی وی چوو دەوڵەتی عێراق مەلامستەفایان تەبعید کرد و ١٢ ساڵان له ناسریه، حله بەغداد، کەرکوک، ئاڵتون کوپری(بردیه)، سلێمانییه له حاڵی تەبعید دا بەسەریان برد.

له پاش کوێرەوەرییەکی زۆر له تەموز (مرداد) ١٩٤٢ میلادی دا له سلێمانیه که ئاخرین تەبعیدگای وی بوو هەڵات هاتەوە بارزان.

له بارزان به وەسیلەی مکاتبه لەگەڵ حکومەتی عێراق دەیەویست بەوان بڵێ که من بۆ شەڕ نەهاتوومەوە و ئامانجی من ئاشتی لەگەڵ حکومەتی عیراقه به شەرتێکی که کوردی عێراق مەزلووم نەمینن بەڵام حکومەتی عیراق به تەقازای مەشروعی وان گوێی نەدا دەستی به تەعقیب کردنی وی کرد و فەوجێکی نارده سەر وان و هێزی مەلامستەفا له مقابڵ پەلاماری وان دا دەستیان به دیفاع کرد و که له مودەتی ١٥ ڕۆژان دا ١٧ پۆلیسی هێزی وانی وەدەست خست و له فەوجێک تەنیا ٣٦ نەفەر نەجاتیان بوو.

ئەو نەتیجەیه باعیس بوو که سەلاح و چەکی بارزانییەکان زۆر بێ و پۆلیس نەیدەتوانی خۆ له هێز و مەنتەقەی وان بدا. له دوایه دەوڵەتی عیراق له عەینی حاڵ دا که داوای ئاشت بوونەوەی دەکرد ٣٠٠٠ نەفەریش نارده سەر وان.

بارزانی ده ئامانجی دەوڵەتی عیراق گەیشتن و نەزەری فێڵاوی دەولەتی عیراقیان قبووڵ نەکردو تەنها ئازادی بێ قەید و شەرتی کوردستان ئامانجی وان بوو. شەڕ دەستی پێکرا و هێزی دەوڵەتی شکا. مێرگەسوور ده محاسرەی کوردان کەوت. ڕێگای گەیشتنی خاروبار و زەخیره لەوان قەتع ببوو.

کابینەی عیراق گۆڕدرا (پێموایه لەو دەمیدا سەرۆک وەزیری عێراق ژێنراڵ نووری سەعید بوو. م) ئەو کابینەیه بوو به واسیته بەڵام ئەو قەوله عەمەلی نەکرا و له پاشان که شەڕ براوه ئەو مەسەلەیه (خودموختاری کوردی عێراق) لەبەین چوو هێندەی پینەجوو که دووباره کابینه سقوتی کرد.

کابینەی جەدید به سەرۆکایەتی (مێهدی پاچەچی) تەشکیل درا و لێرەش دا ئامانجی خۆیان تێکرار کردەوە. چۆن لەو دەمەدا کوردستانی ئێران له ژێر دیکتاتوری هاتبووه دەرێ و داوای خودموختاریان دەکرد و مەوقیعییەتی جوغرافیایی کوردستانی ئێران ئیستعماری وەلەرزین خست بوو. دەوڵەتی عێراق و سیاسەتی ئیستعماری لەوێدا که وایان زانی دەستیان کرد به پەلامار بۆ لەبەین بردنی نێهزەتی دیموکراتیکی بارزانیان.

لەو شەڕەدا هیزی مەلامستەفا به گورجی و ڕەشیدی له خۆیی دیفاعی کرد و له مقابیل تەلەفاتیکی کەمی خۆیان تەلەفاتێکی زۆریان له حەیس و ماڵ و گیانی بەهێزی دەولەتی عێراق دا. له ئاخری دا چۆن پێی هیزی بریتانیای گەوره بۆ پارازتنی سیاسەتی ئیستعماری خۆێ و لەبەین بردنی بەرهەڵەستی نیهزەتی بارزان هاته مەیدان سەڵاحیان وازانی که به شەڕافەتمەندی و به جورێکی عاقڵانه کشانەوە. ئەوه بوو موختەسەرێک له ملەی وان.

پرسیارەکانی من له نێو ئەو دیرانەی سەرەوه درابوونەوە، بەڵام له کاتێک دا که له حاڵی وان زۆر موتەئەسیر بووم یەکجار له ملەی وان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانی عیراق له ژێر پەنجەی ئیستعمار خۆشحاڵ بووم و له دوا به بێ وەی که من ئیسرارێ بکەم، یەک یەک به پرسیارەکانی من



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوابی داوه:

س - خواهیشت دەکەم سەبەبی ناخۆشی و دڵ لێبوونی خۆتان لە حکومەتی عێراق چی بوو؟

ج - سەبەبی ناخۆشی و دڵ لێبوغان لە حکومەتی عیراق داواکردنی ئازادی کوردستانی عێراق بوو.

س - ئەگەر حکومەتی عێراق بە تەقازی مەشروعی ئەنگۆ تەوەجوهی نەکرد، بە عەقیدەی ئەنگۆ سەبەبی چ بوو؟

ج - سەبەبی تەقازای مەشروعی ئێمە کە تەوەجوهی نەکرد لە حکومەتی عێراق بە عەقیدەی من ئەساسی بەرهەڵەستی سیاسەتی ئیستعمار بوو. بەڵام من بەردەوامم بۆ گەیشتن بە ئازادی و تەتبیقی پەیمانی ئاتلانتیکەوە. ئەم عەسرە عەسری ئیستعمار نییە.

س - ئایا ئەنگۆ بە چ شەڕایتێک حازرن تەرکی غوربەت بکەن و تەقازای ئەنگۆ لە حکومەتی عیراق چییە؟

ج - بە بێ قەید و شەرت ئامانجی من ئازاد کردنی کوردستانی عیراق و سەربەخۆیە و لە دوایی دا ئازاد کردنی ئەو کوردانەی کە لە ژێردەستی بیگانەدان و دامەزراندنی دەوڵەتیکی ئیتحادی کوردە.

لە پاش تەواوکردنی مساحبەی خۆم لە کاتێک دا کە یەک دونیام لەعنەت بۆ ئیستعمار نارد خوداحافیزیم کرد.

## ناوەرۆکی نەتەوەیی و نیشتیمانی کۆماری کوردستان

بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، بناغەی واقیعی دەستەڵات نەتەوەیی کورد لەو بەشە لە کوردستان بە تەواوی وەدیهات و نیشتمانپەروەرانی کورد بە هەموو ئامانجەکانی لەمێژینەی خۆیان گەیشتن. بێ گومان بۆ وەیهاتنی ئەو خەونە کەسانێک زەحمەت و کوێرەوری زۆریان کێشا. هاشمۆف سەرکۆنسولی یەکیەتیی سۆڤییەت لە (ورمێ) لە یادداشتێک کە لە بەڵگەنامەکانی سۆڤییەت دا چاپ بووە و ئەفراسیاب هەورامی وەریگێڕاوەتەوە دەڵێ:

بۆ ڕێکخستنی بەشی کۆمەڵەی پەیوەندییە کلتورییەکان من و هاوڕێ "شەریفۆف" ڕۆژی هەژدەی نیسان ڕۆیشتین بۆ مهاباد، یەکەمجار سەردانی فەرماندار (سریع‌القلم)مان کرد، لە چاوپێکەوتنەکەدا نارازیبوونی خۆی لە بارودوخی مەهاباد دەربڕی و گلەیی لەوە کرد کە ئەو هەر تەنیا بە ناو فەرمانداره و هیچ دەسەڵاتێکی نییە، چونکە کوردەکان لە دوای ڕووداوی مانگی فورییەی ١٩٤٥وە خۆیان هەموو کاروبارێک دەبەن بەڕێوە. لەبەر ئەوە چەند جار داوام کردووە لە تاران کە ڕێگام بدات مەهاباد بەجێ بهێڵم، بەڵام کاربەدەستانی تاران داواکەیان ڕەتکردوومەتەوە... جێی سەرنجە لە کاتێکدا ئێمە لای فەرماندار بووین کوردەکان لە هەموو لایەکەوە دەوری ماڵەکەیان دابوو، هەوڵیان دەدا گوییان لە گفتوگۆکانمان بێ و بزانن چی ڕوو دەدا. کاتژمێر دوانزە چووینە لای قازی و بۆ نانی نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، لەو ماوەیەدا کە ئێمە لەوێ بووین هاتوچۆی پیاوە بەناوبانگەکانی کورد بەردەوام بوو.

قازی موحەممەد هەموو کاتێک وتووێژەکانی بەرەو سەربەخۆیی کوردستان دەبرد و باسی دواکەوتوویی کوردانی دەکرد و بەگوێرەی قسەکانی، هۆی دواکەوتنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کاتێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیاوە چەوسێندراونەتەوە و ئێستا لە حاڵێکی نیوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برسیدا دەژین... کوردەکان وا تێگەیشتوون تەنیا یەکیەتی سۆڤیەت یارمەتیان دەدا لە خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی. لەم بارەیەوە نموونەیەکی هێناوە کە ماوەیەک لەمەوبەر شانۆیەک لە مەهاباد نمایش کراوە (مەبەستی شانۆی "دایکی نیشتمان"ە) ناوەرۆکەکەی بەم چەشنە بووە: کوردستان لە سیمای ژنێکی دیلدا خراوەتە ڕوو بە زنجیر بەستراوەتەوەو لاوێکی کورد بەرگێکی سووری پۆشیوە - دەبێ نیشانە بێت بە یەکیەتی سۆڤێت بە چەقۆ ئەو پەت و زنجیرە دەپچڕێنێت...

لە ڕووخانی دەوڵەتی ڕەزا شا تا دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ناوچەی کوردستانی موکریان ئازاد و بە تەواوی خودموختار بوو. ئەو بابەتە بە هۆی زۆربەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی حیزب لە زۆربەی ژمارەکانی کوردستان دا ئاماژەی پێکراوە. بەڵام ئیستیراتیژی و بنچینەی خودموختاری، بە دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆتایی پێهات و لەو قوناغە ڕا بە دواوە ئەو مەڵبەندە حیسابی سەربەخۆیی بۆ کرا. کوردستانی ژمارە ١١ دا لە ژێر سەردێری "یەکیتی ئێمەی بە ئارەزوو گەیاند"بە جوانی ئەو بابەتە ڕوون دەکاتەوە و دەنووسێ:

یەکیتی ئێمەی بە ئارەزو گەیاند

بە ڕەهبەری پێشەوا، حەزرەتی ڕەئیس جەمهووری کوردستان (جەنابی قازی محەمەد) لە پاش چوارساڵ و نیم خودموختاری لە کوردستانی ئازاد دا، بناغەی ئیستیقلال دامەزراوە ئاڵای موقەدەسیش هەڵکرا کورد بە ئاواتی خۆێ گەیشت.

هەر لەو سەرچاوەدا ئاماژە بەوە دەکا کە چۆن گەورە گەورەکانی کورد لە مەهاباد کۆبوونەوە و لەمەڕ ئازادی بەشەکانی دیکەی کوردستان داوایان لە پێشەوا کرد کە بۆ ئازادی ئەوانیش هەوڵ بدرێ: ... پێشەوای مەحبووب هێندێک برایانی ئێمە لە ژێر دەستی زاڵماندا ماون ئێمە دەجێژن و شادی داین بەڵام ئەوان لە ژێر چەنگی بێگانان دا ئەسیرن. ئەمر بفەرموون هەتا ئەوانیش وەکوو خۆمان ئازاد و شاد بکەین...

ئەگەر باڵادەستی دامودەزگای یاسایی دەوڵەتی ناوەندی لە بێچم و شکڵی حکومەتی خودموختاری دا، ئەرتەش ئێران پارێزەری سنووری جوغرافیایی کوردستان بوو، لە کۆماری کوردستان دا ئەو بەرنامەیە وەلانرا و ئاڵا و سروود و لەشکر و سنوور و خوێندن بە زمانی زگماکی دیاری کرا و شوێنەوارەکانی نگریسی دوژمن ڕاماڵدران. ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کورد ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەر داهات و کەسی کورد لە هەموو بوارێک دا هەستی بە سەر بەرزی کرد و خۆی وەک گەلانی ئازاد و سەربەستی جێهان بینی. دوکتور قاسملوو لە لاپەڕەی ٣٦ چل ساڵ خەبات دا کەسایەتی کورد لەم سەردەمەدا ئاوا هەڵ دەسەنگێنێ:

گەلێک کە سەدان ساڵ ژێردەست نەبووبێ، زۆرداری چەند دەوڵەتی نەچێشتبێ و هەموو وەختێک خۆی لە نیشتمانی خۆی دا زیندانی هەست نەکردبێ، ناتوانێ قەدری ئەو ئازادییە بزانێ کە لە کۆماری کوردستان دا وەدەست گەلی کورد کەوتبوو، نەک هەر کورد ژێردەست نەبوو، بەڵکوو چەکی لەشان بوو و پاش سەدان ساڵ شەخسییەتی ئینسانێکی تەواوی پەیدا کردبوو، خۆی بە کەمتر لە هیچ نەتەوەیەکی دیکە دانەدەنا و دڵنیایی بەخۆی و هیزی خۆی پەیدا کردبوو.

لە کۆماردا دەستەڵات بەربڵاوی نیشتمانی کە نوێنگەی ئازادی و دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەربەرین بوو، جێگیر کرا. سەید محەمەد حەمیدی لە کوردستانی ژمارە ٨٥ دا بە جوانی ناوەرۆکی حکومەتی کوردستان نیشان دەدا و دەنووسێ: ... دێموکراسی لەم بەشە کوردستاندا بە مانای بە ڕاستی هەیە و لە پێشەواوە بگرە هەتا کاربەدەستێکی چکولە هەموو دێموکراتێکی بەراستین. دوارۆژی میللەت لە دەست کەسانیک دایە کە هەر کەس لە کاری خۆیدا زانا و لە کاردەرهاتوون. هەر کەس دەردێکی هەبێ یان زۆرێکی لێکرابێ دەتوانێ بە بێ بەرهەڵەست و زۆر بە هاسانی پێشەوای خۆشەویستی خۆی ببینی و بە نووسین و بە گوتن دەردی خۆی پێ بڵێ. میللەت بە عموومی لە سەرفی گیان و ماڵ بۆ قازانجی عموومی کۆتایی ناکەن. کاربەدەستان هەمیشە لە سەر کار حازرن و بە شەو و بە ڕۆژ، لە کاری خۆیان غافڵ نیین. لە شاری دا بە ئەندازەی پێویست مەدرەسە بە زبانی کوردی کراوەتەوە و بەم زوانە لە هەموو دێیەکانیش دەکرێتەوە لە هەموو ئیدارەکاندا حوکمفەرمایە. شاگردان لە مانگێکیدا بە قەدەر ساڵێک فێری خوێندن و نووسین دەبن. قانوون بۆ گەورە و چکۆلە وەک یەک دەخرێتە کارەوە. بە بی تەحقیق کەس موجازات و ئێعدام ناکرێ. هەرکەس بە گوێرەی کاری خۆی نان دەخوات. ترس و دزی و ڕشوەت و خائین و زۆردار لە وڵات دانیین. عەقیدە قسەو و نووسین و ڕای ئازادن. هەرکەس دەتوانێ بیروباوەڕی خۆی بڵێ. لەم ماوە کەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی فێری کوردی نووسین و خوێندنەوە بوون و بیری خۆیان دەهێننە سەر کاغەز و بڵاوی دەکەنەوە. عومڕان و ئاوەدانی زۆر پێشکەوتووە و هەروا ڕۆژبەرۆژ لەم ڕێگەیەدا فەعالییەت زۆرتر دەبێ هومێد دەچی کە لە ماوەیەکی کەم دا وێرانە نەمێنێ و هەموو کوچە و خەیابانان ئەسفاڵت بکرێن. چەند بیمارستان بە ئەسباب و ئالاتی نوێوە تەئسیس کراون و دەواو و پێویستی کافیان دەدەست دا هەیە و ئەخلاقی عموومی ڕۆژبەرۆژ ڕوو بە چاکی دەڕوا و زنجیری برایەتی و یەکێتی قایمتر دەبێ و هێزی ئێرتجاع سەعات بە سەعات دەکشێتەوە و و ئازادی پتر تیشکی خۆی وەدەردەخا. کوردەکانی ئەم کوردستانە ئازادە زۆر لە خۆشیدا دەژین و بە کامڕانی ڕایدەبوێرن و دوارۆژێکی زۆر ڕووناک لە پیش چاوی خۆیان بەدی دەکەن.

لە کۆمار دا پێگەی چینایەتی بە ڕاکێشانی کۆمەڵگای عەشایری کورد بۆ بەشداری لە کۆدەنگی نیشتیمانی، لە دابەشکردنی زەوی و زاردا خۆی نەنواند. ئەگەرچی ٩٥ لە سەدیی زەوییەکانی کوردستان هی خاوەن موڵکە گەورەکان بوو، بەڵام کۆمار تا ڕادەیەک توانی ئەوان بخاتە ژێر گوشار و بەرەو ڕێفۆرم و پێکهێنانی چەشنێک عیداڵەت و هەڵسوکەوتی مروڤانە بەرانبەر بە چینی زەحمەتکێشی دێهات هان بدا.

کۆمەڵگای کۆمار موسوڵمان و ڕێبەرانی کۆمار پابەندی ئایینی ئیسلام بوون بەڵام ڕێگەنەدرا ئایین هیچ چەشنە دخاڵەتێک لە ژیان و گوزرانی خەڵک دا بکا و کەند و کۆسپ بۆ کەس نەهاتە پێش و سیمای پیشکەوتوویی ئینسانی ئایین پەروەری پەرەی پێدرا و خووخدی دزێو و دواکەوتوو و دەمارگرژانە بەربەست کرا.

لە لاپەڕەی ٤٣ ی کتێبی مۆبلی بە نەقڵ لە ئیگلتۆن، سیمای واقیعی کۆمار لە بواری ناوەرۆک و پێکهاتەوە، زور بە وردی دەستنیشان کراوە:

ئەگەر بە گشتی لەبەرچاو بگرین، حکوومەتی مەهاباد و نوێنەرایەتی چینی سەرەوەی مەهاباد و دەوروبەری دەکرد. ڕێبازی سیاسی ئابووری وی کۆنسیرڤاتیڤ بوو، هەر وەک لە خاوەن موڵکان چاوەڕی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرێ. بەڵام ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی وی بە گوێرەی ستانداردی کوردی مودێرنیست(نوێباو) بوو... نەبوونی تاکووتەرای گرینگی عەشیرەتی لە کابینە دا مانای ئەوە بوو کە ژمارەیەکی کەمی کوردی شارنشین لە مەهاباد بە تۆبزی ئیرادەی خۆی بە سەر هەمووان دا داسەپینێ... (سەرۆک عەشیرەتەکان) ناوچەکانی خۆیان کۆنترۆل دەکرد و بە فەرمانێکی کەم یان بێ هیچ فەرمانێک لە لایەن پێتەختی کوردی ڕا. قازی و کابینە چ بڕیارێکی عەسکەری یان سیاسییان نەدەدا بە بێ ئەوەی کە لە پێشدا پرس و ڕاوێژ بە ڕێبەرە هەڵکەوتووەکانی وەک ئەمەرخانی شکاک و ڕەشید بەگی هەرکی یان مەلا مستەفای بارزانی بکەن. بۆیە لە ڕاستیدا دەستەڵاتی بەڕێوەبەری کۆمار، ئەگەرچی لە تێئوری دا نا، بە پێی هیڵی عەشیرەتی یان شەخسی دابەش دەکرا و لە نیوەند دەکراوە و بە سەرکەوتوویەوە لەژێر دەستەڵاتی هەرە ژووروویی قازییەوە بەڕێوە دەچوو. ئەو دەستڕۆیشتوویی و دەستەڵاتەی کە لەسەر پریستیژ، کەسایەتی و ئەو پشتیوانییەی کە شووڕەوی لەوی دەکرد هەڵنرابوو. ئەو ڕاستییەی کە ئەو ڕێچارە کاتییەی کە ئەو سازی کرد بوو بە شێوەیەکی ئاوا کاریگەر وعادڵانە هەڵدەسووڕا بە دەرەجەی یەکەم لەبەر ڕێبەرایەتی لێهاتوو و دڵسۆزانەی وی بوو، بە تایبەتی ئەو خیسلەتەی قازی کە جوان هەستی پێدەکرد دەبێ دەستەڵاتی ناوچەی بدا بە عەشیرەتەکان.

لەگەڵ گشت ئەو باسانە دەبێ بگوترێ کە هیچ دەوڵەتێك کۆماری کوردستانی بە فەرمی نەناسی و ئەو بەڕیوەبەرییە حکومەتێکی "دوو فاکتۆ" بوو کە خەڵک پاڵپشت و پشتیوانی سەرەکی و بی ئەملاوئەولای بوون، و بیری سەربەخۆیی و ئازادی تەوەری گشت ئاوات و ئارەزوکانیان بوو. هیمای ئەو حکومەتە لە فولکلور و ئەدەب و شێعری شاعیرانی گەورەی کورد دا ڕەنگی داوە و بە دەیان شاعیری گەورە، هەست و سوزی نیشتمانی خۆیان بە جوانترین شێوە دەربڕی. ماموستا هەژار لە کوردستانی ژمارە ٣٠ دا لە شێعری "تەپڵی سەربەخۆیی" دا دەڵێ:

جێژنی شارویران لە شاری ئاوەدان
ڕەببی پیرۆز بێ لە دایکی نیشتمان
تاکوو ئێستێ خاکی کوردستان برام
نێوی گەورە و شاری وێران بوو لە لام
خوا شوکور ئەمڕۆ لە سایەی شورەوی
خاکی کوردان بۆتە بووکی سەر زەوی
شاری ئاوامان هەیە نێوی بە سام
پاکی بۆ یەکتر براین و خاڵ و مام
لاو دەکۆشن شێخ دووعای تەوفیق دەکەن
وا تەبایین تورک و عارەب دیق دەکەن
هەر کە گۆڕا نێوی عاشیرەت بە کورد
کورد نییە و کورد و تەواوی بۆتە گورد
دوێنێ نەیدەتوانی هەڵێنێ سەدا
ئەمڕۆ تەپڵی سەربەخۆیی لێدەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پۆلی پێشمەرگان ببینێ دوژمنم
بابڵی لەل تاکوو مۆخەی هەڵچنم
هەر بمێنێ بۆ هەژاران پێشەوا
تۆ دەکەی دەردی گەلی کوردی دەوا

لە سەر چۆنییەت و ناوەڕۆکی کۆماری کوردستان دوکتور قاسملوو لە لاپەڕەی ٤٨ ی کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی دا ئاوا دەنووسێ:

کۆماری کوردستان بوو بە جێی هیوا و هومێدی ئازادیخوازانی هەموو بەشەکانی کوردستان. نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کورد و هەروەها شەخسیەتی زۆر بەرزی کورد لە کوردستانی تورکیە و سوریە و عێراقەوە پەیتا پەیتا بۆ سەردان دەهاتنە مەهاباد. شاری مەهاباد بوو بە جێی هیوا و قیبلەی ئازادیخوازانی کورد. هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بە دڵەوە ئاواتی ئەوە بوو ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد سەرکەوێ، چونکە دەیانزانی کە ڕووناکایی مەهاباد ئاسمانی تاریکی هەموو پارچەکانی کوردستان لە دوارۆژدا ڕوون دەکاتەوە. لە وەڵامی نوێنەری کوردەکانی تورکیە کە پاش پێک هاتنی کۆماری کوردستان هاتبووە مەهاباد، پێشەوا قازی لەسەر پارچەیەکی نووسیبوو: "ڕووناکایی ئێرە لە دوارۆژدا بۆ ئێوەش تیشک دەداتەوە.

ئەیوب ئەیوب زادە لە مقالەی ئێنتێرنێتی (دووڕگەی بەختەوری کورد) دا ئاماژە بە بەڵگەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە بە هۆی ئەنوەر سوڵتانی وەرگێڕدراوە دەکا و دەنووسێ:

ئ. ک. س. لەمبتۆن" ڕاسپێراوی چاپەمەنی باڵوێزخانەی بریتانیا لەم سەروبەندەدا بەو ناوەدا تێپەڕیوە لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێ: "لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردی ناوچەکەدا قسەم کرد هەموویان لە ناخی دڵەوە لە سەربەخۆیی کوردستان دەدوان. یەکیان بازرگانێک بوو لە میاندواو دا کە ئەستەم دەبینرا سوودێکی ڕاستەوخۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا وەچەنگ بکەوێ، بەڵام دەیگوت کوردستانێکی سەربەخۆ هەرچەند هەژاریش بێ، دیسان لە بارودۆخی ئێستا هەر باشتر دەبێت.

ئەیوب ئەیوب زادە لەو سەرچاوەدا ئاماژە بە کتێبی کۆماری یازدە مانگە لە نووسی د. دیشنەر دەکا و لە سەر کۆمار دەنووسێ:

وێنەی قازی محەممەد لە چوارچێوەی ڕەنگاورەنگ لە هەموو شوێنێک دا و بە تەنیشت نەخشەی کوردستانی گەورە هەڵواسرابوو کە کۆماری کوردی وەکو خاڵێکی بچووک تێیدا نیشانە کرابوو. خەڵکی کۆمار لە حاڵەتی خەونێکی نەتەوەیی ڕەنگیندا دەژیان. سرودی نەتەوەیی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان دەگوترا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی ٢٨

## ڕەنگدانەوەی کۆمار لە سیاسەتی وڵاتانی زلهێزدا

## کۆماری کوردستان و دەوڵەتی شووڕەوی

مەودای کەمی شوێنی نیشتەجێ بوونی عەشایری کوردی دەوروبەری ماکۆ، تەنیا سنووری نێوان دەوڵەتی شووڕەوی و کۆماری کوردستان بوو. چوونکە وڵاتی شووڕەوی بە سەر سیستمی کۆمارەکاندا بەش کرابوو، ئەو سنوورەش بە ئازەربایجانی شووڕەوی بەسترابووە. ئەگەر پێشتر تا ڕادەیەک پێوەندی تیزارەکانی ڕووس لە گەڵ عەشایری کورد لە مەسکۆ پلانی بۆ دادەندرا ئەوجار لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، بەشێکی ئەو ئەرکە کەوتبووە سەر حکومەتی ئازەربایجان و لەوێڕا ئەو کارە ڕادەپەڕێندرا. واتا زۆربەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ڕووس و کورد لە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی باکۆ دا بوو.

لە هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ڕووس لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان و کوردستان دا، دەردەکەوێ کە پێکهاتنی ئەو دوو حکومەتە تەنیا لە بەرژەوندی دەوڵەتی ڕووس و بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە شەڕی دووهەمی جیهانی دابوو. ئەو پەیوەندییە بە هۆی یەک نەتەوە بوونی دوو میللەتی ئازەری شیمال و باشوور(باکۆ و تەورێز) لە گەڵ تەورێز زیاتر بوو تا کوردستان و دەوڵەتی ئازەربایجانی شووڕەوی یارمەتی مادی و مەعنەوی زۆری بەوان دەکرد. ئەوەندی کە دەردەکەوێ حکومەتی کوردستان بە زۆر جێی خۆی لە پەیوەندی دەوڵەتی شووڕەوی دا کردبووە و دەوڵەتی شووڕەوی بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی لە بەرنامەدا نەبووە.

سەعیدی هومایون لە لاپەڕەی ١٥١ی پێشوای بیداری دا دەنووسێ هاوکاری دەوڵەتی شوورەوی لە گەڵ ئازەربایجان جیاواز بوو لە گەڵ کوردستان. ئازەربایجان دائیم لە ژێر فەرمانی شووڕەوی دابوو و وابەستە بەوان بوو. ئەو خاریجییانە کە سەفەری کوردستانیان کرد، لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە کوردستان دوور لە کومونیزم و لە ئیتاعەتی کوێرکوێرانە و ملکەچی دەوڵەتی شوڕەوی بوو. سەعید خان لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئازەربایجان هەرچی ویستبای دەوڵەتی شووڕوی بەجێی دەگەیاند بەڵام ئەوان یارمەتێکی ئەوتۆیان بە کوردستان نەکرد و تەنانەت لە سەر کێشەی کۆماری کوردستان و ئازربایجان، سەعیدخانی هومایون دەنووسێ: ... شوڕەوییەکان تەواوی هیوا و هومێدەکانیان بە ئازەربایجان بەستبوو و کاتێک کە کێشە و گیروگرفتێک دەهاتە پێش، ڕاستەوخۆ لایەنگری ئازەربایجانیان دەکرد. ئەوکاتەی کە لە کونترۆڵ کردنی شارە کورد و تورک نشینەکانی وەک میاندوا و ڕەزائییە و خوی و سەڵماس، کێشەیەک پێک دەهات، پشتگیریان لە تورکەکان دەکرد.

ئەمیری قازی بە نەقڵ لە بایزاغای شێخ ئاقایی نوێنەری حکومەتی کوردستان لە میاندواو کە بەسەر بنکەی کوردستان ڕادەگەیشت، باسی هەڵسوکەوتی خراپی نماز عەلییۆڤ، بەرپرسی ڕووس لە میاندواو دەکا و دەڵێ: بایزاغای شێخ ئاقایی گێڕایەوە کە نماز عەلییۆڤ دەیهەویست ئێمە بنکەمان لە میاندواو نەمێنی و باسی سنووری کوردستان نەکەین و تڕۆی دەکردین و دەیهەویست لەوێ نەمێنیین و لەگەڵم باش نەبوو. بۆیە ئەمن خۆم زۆر لێنەدەدا و خۆ دەپاراست کە نەمبینێ و نەیبینم. ڕۆژێک هاتە بنکە و لێم وەژوور کەوت. خۆم لە خەو خست و هەرچی بانگی کردم وڵامم نەداوە و گوێم نەدایە و هەرچی بە نووکە شەقان لێدام و جنێوی پێدام بەڵام لە خەو هەڵنەستام. تا ڕۆیشت. دوایە تەلەیفونم بۆ پێشەوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد و نەقڵەکەم بۆ گێڕاوە کە وەزعی من ئاوایە. بۆ بەیانی پێشەوا هات و چوو بۆ دیداری ڕووسان و پاش ئەو دیدارە نماز علیئۆڤیان گۆڕی و لەوێیان لابرد.

حکومەتی کوردستان هیچ بناغەیەکی ئابووری بە هێز و چەک و چۆڵ و تانک و تۆپ و کارناسی شەڕی نەبوو. دەوڵەتی شووڕەوی هێندێک یارمەتی وەک تفەنگ و موسەلسەڵی ڕەشاش و چەند ماشێنێکی پێکرد بەڵام ئەو یارمەتییەش لە ڕێگای ئازەربایجانەوە دەکرا کە ئەویش کەمێکی پاشقول دەدراوە و بە کەمی دەیگەیاندرا.

دیارە جارجار گۆڕانکارییەکانی کوردستان لە ڕۆژنامەکانی ئازەربایجانی شووڕەوی دا ڕەنگی دەداوە و لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٨دا ح - قزڵجی بابەتێکی گۆڤاری "ئازەربایجان" ی شووڕەوی بە ناوی"میللەتی موبارزی کورد" وەرگێڕاوەتەوە. لەو نووسراوەدا باس لە چاپ کردنی وێنەی پێشەوا و حاجی باباشێخ و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی و مامۆستا هەژار و هێندییەکی دیکە لە کەسایەتییەکانی کوردی دەکا. ئەو گۆڤارە دوای باس لە بەدبەختی و چارەرەشی و نەگبەتی کوردان دەڵێ کە بە دوای شەهریوەر ٢٠ دا: ... دە ڕێگای یەکیتی عیلات و تەوایف و ئازادی خۆیان دا، کاری زۆر گەورەیان کردوە ... ئاڵا هەڵگری و عەلەمداری خۆیان دەرێگای دێموکراتی و ئازادی ئێراندا بە دنیا ناساند...

دەوڵەتی شووڕەوی، نەک وەک دەوڵەت، بەڵکوو زۆرتر وەک عەشیرەت و هۆز لە گەڵ کوردان هەڵسوکەوتی دەکرد و جوغرافیای کوردستانی بە بەشێک لە وڵاتانی نیشتەجێ کوردستانیان دەزانی. ئەو دەوڵەتە لە بەرنامەی دا نەبوو کە کوردستان سەربەخۆ بێ و مەترسی دابەش بوون بکەوێتە چوار وڵات کە هێندێک لەوان لە ژێر نفووزی هاوپەیمانانی دابوون و دەبووە هۆی نیگەرانی و دڵێشی ئەوان. باقرۆف ویستی مەسەلەی کورد لە ئێران دا بە ئازەربایجان ببستێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئاماژە بە نمونە سۆڤییەت دەکا. ئەو بۆچوونە لە ڕاستی دا ڕوانگەی فیرقەی دێموکراتی ئازربایجان بوو هەرچەند جارجار هەوڵی دا ڕێز لە نەتەوە و خاکی کوردان بگرێ. ڕێبەرایەتی کورد ئەو پێشنیارانەی قبووڵ نەکرد و دواتر پێشەوا لە جەژنی سەربەخۆیی کە بە هۆی ئاغای جەعفەری کەریمی پێکهات بوو باسی باکۆ و چاوپێکەوتنی لەگەڵ باقرۆف دەکا و لە کوردستانی ژمارە ٣٠دا بە ڕێکەوتی ١٢ ڕێبەندان دەڵێ:

دوو دەفعە لە لایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم کە لە ئازەربایجاندا گرێمان هەبێ. ئەمن پێشنهادی وانم قبووڵ نەکرد. چوون میللەتی کورد چوارساڵە کە خودموختارە و داوای ئیستیقلال و تێکخستنەوە تەواوی خاکی کوردستان دەکا. زۆرم پێ‌گران بوو کە لەو حەقە دەست هەڵبگیرێ و ئێحساساتی ئێوە مانعی ئەوەی بوو کە ئێمە بە خودموختاری ڕازی ببین. چوونکوو کە مدەی ئەو چەند ڕۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی ئێوە نوواندوتانە وێنەیەکی حەساس و کاملە و دەبێ دنیا بزانێ کە کورد لیاقەتی ئیستیقلال و سەربەخۆیی هەیە.

بێشک دەوڵەتی شووڕەوی وەک ئازەربایجان دەبێ هەوڵی دابێ کە کەسیکی کمونیست ببا بە بەڕێوەبەری کوردستان بەڵام بە هۆی نەبوونی پێگەی کمونیزم لە کوردستان دا دژایەتی قازی محەمەدیان نەکرد. سەرەڕای ئەوانە لە لایەن دوژمنانی کورد، هەرا و دەنگۆی زۆر لەسەر بەستراوە بوونی کۆماری کوردستان بە دەوڵەتی شووڕەوی لە ئارا دابوو. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٥٦ دا بە نەقڵ لە لاپەڕەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣ی ئارچی ڕۆزڤێلت دەنووسێ کە هەر ئەوە مابوو کە بڵێن قازی محەممەدیش لە ڕووسیە ڕا هاتووە و کوردستانیان دەبەستەوە بە سۆڤییەت و هەوڵیان دەدا خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد بخەنە ژێر پێ.

ئیگلتون بەستراوە بوونی کۆمار بە دەوڵەتی ڕووس ڕەد دەکاتەوە و ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١٥٨ دا بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٦٤ی ئیگلتۆن دەنووسێ:

لە مەهابادێ هیچ دوکترینێکی مارکسیستی، هیچ هێزیکی پولیسی نەهێنی سوڤیەتی هیچ کاربەدەستێکی ئامادە کراو لە ڕووسیە وجودی نەبوو... تەئسیری یەکیتی سووڤیەت لەمەدا خوێ دەنواند کە سەرۆکەکانی کوردستان وایان حیساب ئەکرد کە بە بێ مەسڵەحەت و یارمەتی یەکیتی سووڤیەت کاریان بەرەوپێش ناچێت...

هەر لەو پێیەدا حەسەنی قزڵجی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٠ دا لە وڵامی ڕۆژنامەی "ئەلنەهار"ی میسر، بەستراوە بوونی کۆماری کوردستان بە ڕووس ڕەد دەکاتەوە دەنووسێ:

ئێمە دەزانیین فێرکراوان وانیشان بدەن کە قەیامی ئێمە بە هاندانی ڕووس بووە و دوای ڕۆیشتنی ئەوان دەترسێن. نەتانزانیوە کورد حەوجەی بەوە نییە و لەم مەنتەقە و مەڵبەندەش دا ئەوجوورە تەحریکاتە نەبووە و نە دەشبێ. کورد بۆخۆی داوای ئازادی دەکا و حازری نیشتیمان فرۆشی نییە و ئەسڵەن گوێ لەمسی و بە هاندان کار کردن لە قامووسی ئازادیخوازی دا نییە. چوونکە ئازادیخواز بۆ قازانجی میللەت و وەتەنی خۆی حەوڵ دەدا...

پەیوەندی کۆمار و دەوڵەتی شوڕەوی پتەو بوو کۆماری کوردستان خۆی زۆر بە قەرزداری ئەو وڵاتە دەزانی. بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٦ تەنانەت لە ڕۆژانی ١٤ و ١٣٢٥/٣/١٥ سەرەخۆشی بۆ میخائیل ئەیوانوویچ کالێنیین ئەندامی هەیئەتی سیاسی حیزبی کمونیست و دۆستی لێنین و ئێستالین داناو ئاڵای کوردستان لە سەر ئیدارەکانی دەوڵەتی نیوەهەڵکراو بوو.

## خوێندکارانی کورد لە شاری باکۆ

لە کاتی سەردانی هەیئەتی حیزبی دێموکرات بۆ باکۆ، باقرۆڤ سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بەڵێنی دا کە ڕادەیەک خوێندکار بۆ ڕاهێنانی بەشی نیزامی لە باکۆ وەربگیردرێن. بەمشێوەیە ژمارەیەک خوێندکاری کورد کە تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندەواریان هەبایە ئامادە دەکران تا بۆ دیتنی دەورەی نیزامی بچنە باکۆ و تەوریز. خوێندکارەکانی کورد و ئازەری لە دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕەوانەی باکۆ کران. ڕادەی خوێندکارانی کورد بۆ باکۆ٦٠ کەس بوون و مەناف کەریمی وەزیری فەرهەنگ سەبارەت بە ناردنی ئەوانە لە گۆڤاری "روانگە" دا دەنووسێ: موافەقەت کرا ٦٠ کەس لە لاوانی خوێندەوار بۆ پەروەردەی سەرکردەیی "ئەفسەریی" و زانکۆی جۆربەجۆری تر بنێرینە باکۆیە و ٤٠ کەسیشمان بە خوێندنگە نیزامییەکانی ئازەربایجانی ئێران کە لە لایەن دەوڵەتی شورەوییەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران ساز کرابوون، ناساند و لە ماوەی ٣ ڕۆژان دا ناردنی خوێندکارەکان دەستپێکرد.

ڕەحمانی قازی کە وەک خوێندکارێک چوو بوو بۆ باکۆ، لە کتێبەکەیدا دەنووسێ:

دوای دو ڕۆژ پشودان تاقیان کردینەوە و هەر کەس بە پێی زانست و توانای خۆی پۆلیان بۆ دابین کردین. بۆ نمەنە ئەوانەی تا پۆلی شەشی سەرەتاییان خوێندبو بردیانن بۆ پیادە نیزام. ئەوانەی تا پۆلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێی دواناوەندیان خوێندبو بردیانن بۆ تۆپخانە. پۆلەکان سی کەس بون و بە زمانی خۆیان پێیان دەکوت "تاکم".

غەنی بلوریان کە خۆی یەکێک بوو لە خوێندکارانی باکۆ لە لاپەڕەی ٦٥ی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ:

ئێمە کوردەکان ٥٠ کەس بووین و ئازەربایجانییەکان ٣٥٠ کەس و بەشێک لە ئازەربایجانییەکانیان ناردبوو بۆ گیرۆڤ ئاباد کە فێری فڕۆکەوانیی ببن.

غەنی بلوریان، لە لاپەڕەی ٦٤ی کتێبەکەی دا لەسەر خوێندکارەکان دەنووسێ:

پاش تەواوبوونی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دیداری سەرۆک بارزانیی لە قوتابخانەکەمان، من چوومە تەورێز بۆ قوتابخانەیەکی ٢٤ سەعاتە "شبانە روزی" کە چەند خوێندکارێکی مەهابادیشیی لێبوو. ڕووسەکان ئەو کاتە لە تەورێز قوتابخانەیەکی ئامادەییان بۆ منالّی بەرپرسەکانی ئازەربایجان دانابوو، چونکە پێشەوا پێی گوتبووم تا هاتن و کۆبوونەوەی گشت ئەو خوێندکارانەی کە بۆ "باکۆ" بەڕێ دەکرێن، لە تەورێز خۆم خەریک بکەم، ڕۆژانە دەچووم لە پۆلی پێنجی ئامادەیی ئەو قوتابخانەیە دەرسم دەخوێند. ماوەیەک لە تەورێز چاوەڕوانی خوێندکارە هەڵبژێردراوەکان بووم. ڕۆژێک "باغرئۆڤ" لێپرسراوی قوتابخانە گوتی: "هەڤاڵانت لە مەهابادەوە هاتوون و لە مسافیرخانەی "ژاڵە" دامەزراون." من ئیتر خۆم ڕانەگرت و چووم هەڤاڵانم دۆزییەوە. چەند کەسێکیان پێشتر لە ڕێکخراوی لاواندا لەگەڵ من بوون، تەنانەت لە نومایشی دایکی نیشتمانیشدا بە یەکەوە کارمانکردبوو. منیش لە مسافیرخانەی ژاڵە ژورێکم بە کرێ گرت و لە لای ئەوان مامەوە. چەند ڕۆژێک تێپەڕی. ڕۆژێک ئوتوبوس هاتن و ئێمەیان بردە سەربازخانەی ڕوسەکان لە تەورێز. لەوێ چەند دوکتوری ڕووس معاینەیان کردین و ئەنجامی معاینەکەیان دا بە ئەفسەرەکانی ڕوسی و ئەوانیش شوێنی خوێندنیان لە بەشە جیاوازەکانی زانکۆی ئەفسەریدا بۆ دیاری دەکردین. من لەگەڵ ئەفسەرێک کە زمانی "ئازەری" دەزانی، قسەم کرد و گوتم دەمەوێ لە بەشی فڕۆکەوانی دا ناوم بنوسن، قەبوڵی کرد و بەڵێنی پێدام ناوم لەو بەشەدا بنوسێ. ڕوسەکان ئێمەیان بە سواری قەتار بردە باکۆ. لە ئیستگەی قەتاری باکۆ دایانبەزاندین و بەش بەش سواری ئوتوبوسیان کردین کە نوبە گەیشتە من، گوتم: من بۆ بەشی فڕۆکەوانی نوسراوم و دەبێ بچمە گەنجە "گیرۆڤ ئاباد"، بەڵام ئەوان گوێیان نەدامێ و گوتیان تۆ لەو بەشەدا نی و بۆ بەشی پیادە نوسراوی.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوودا دەنووسێ:

لەو ماوەیە دا کە لە شاری باکۆ بوین مانگانە لە تەورێز ڕا بۆ هەر کەس دو کیلۆ پستە و مێوژ و هەروەها جلی ژێرەوە و دو قاڵب سابون دەهات. ئەو زمانەی کە دەرسیان پێ دەکوت ئازەری یەکێتی سۆڤیەت بو کە زۆربەی زمانی ڕوسی بوو. ئێمە کە ئازەریمان نەدەزانی تا ماوەیەک کە لەگەڵ زمانەکە ڕاهاتین بۆمان قورس بو بەڵام لە دوایی دا زۆر باش لێیان تێدەگەیشتین.

تا ماوەی سێ مانگ نەیانهێشت لە زانکۆ بڕۆینە دەر و بچینە ناو شار. لە دوای سێ مانگ ئەو یاساغە لە سەرمان لابرا و ڕۆژانی یەکشەمۆ دەمانتوانی بڕۆینە ناو شاری باکۆ. شوێنی ناوخۆیی و خواردنی ئێمە و ئازەربایجانییەکان پێکەوە بو بەڵام بە هیچ جۆرێک دانومان پێکەوە نەدەکولا و ڕۆژ نەبو لە نێوان کورد و ئازەری دا شەڕ ساز نەبێ. ئەو ئەفسەرانەی دەرسیان بە ئێمە دەکوت زۆربەیان خەڵکی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوون، سەیر لەوە دابو ئێمەی کوردیان لە ئازەرییە تەورێزیکان خۆشتر دەوسیت و نێوانیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ ئێمە خۆشتر بوو.

رەحمانی قازی لە درێژەدا لەسەر وەزعییەتی خوێندکارانی باکۆ دەنووسێ:

دوای تێپەڕ بونی چوار مانگ لە شاری باکۆ و خوێندن و ڕاهێنانمان لە زانکۆی ئەو شارە هیچ ناوێک لە کوردستان و کورد لە گۆڕێ دا نەبوو. تەنیا ناوی ئازەربایجان و تەوریز بو کە دەبیسترا و کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت جگە لە ناوی ئازەربایجان باسی هیچ شوێنێکی تریان نەدەکرد. زۆربەی ئەو ئەفسەر و شارەزایانەی کە دەرسیان بە ئێمە دەکوت کاتی خۆی هاتبونە ئێران و ئازەربایجان و کوردستانیان دیتبو. تەنانەت ڕەسووڵ ئۆف سەرۆکی زانکۆی ئێمە لە هۆڵەسو لەگەڵ کوردان شەڕی کردبو و لەو شەڕە دا حەمەدی مەولودی دەردی دابونییە و لە هۆڵەسو شکستی پێهێنابوون. بۆخۆی چەند جار باسی ئەو شەڕەی بۆ گێڕاینەوە و قسەی بە حەمەدی مەولودی دەکوت. ئەوەش بوو کە کوردەکانی خۆش نەدەویست. وایان دەنواند کە کوردستان کوێرە دێیەکی ئازەربایجانە و بۆخۆی هیچ نییە. ئەو بیرۆکەیە زۆری ئازار دەدام بۆیە بڕیارم دا نامەیەک بۆ جەنابی پێشەوا بنوسم، ئاوام دەست پێکرد:

پێشەوای بەڕێز دوای سڵاو و ڕێزی سەربازی بە پێویستی دەزانم چەند بابەتت پێ ڕابگەیێنم. گەورەم ئێمەتان ناردۆتە ئێرە بۆ خوێندن و فێر بون و ڕاهاتن لەگەڵ زانستی ڕۆژ تا لە دوایی دا بگەڕێینەوە وڵات و بتوانین خزمەت بە خاک و نیشتمان بکەین. بەڵام تا ئێستا کە سەرقاڵی نوسینی ئەو نامەیەم بۆم دەرکەوتووە کوردستان بە بەشێکی بچوک لە ئازەربایجان دادەنێن و ئێمە وەک کرێکار و غولامی ئازەربایجان سەیر دەکرێین. من پێم وایە سەربەخۆیی و ئازادیمان لە مەترسی دایە، گەر هەر نۆکەر و ژێردەست دەبین، ژێر دەستی شای ئێران بین باشترە نەک هی تورکی ئازەربایجان. چوکەت ڕەحمان قازی.

پاش ماوەیەک نامەی من بە دەست جەنابی پێشەوا دەگا و دوای خوێندنەوەی دەنێرێ لە دوای بابم. نامەکەی دەداتێ و دەڵێ بیخوێنەوە. ئەو جار بە بابم دەڵێ خوا ڕوحمی پێ کردووە ئەو نامەیە وە دەست پۆلیس و ئەفسەرانی وێ نەکەوتووە دەنا توشی گرفتی گەورەیان دەکرد و بێ سەر و شوێنیان دەکرد. پاش ماوەیەکی کەم لە ڕێگەی دکتۆر شەڵماشی نامەیەکی جەنابی پێشەوام بە دەست گەیشت کە تێی دا نوسرابو خۆ لە نوسینی نامە بپارێزە.

رەحمانی قازی لە درێژەدا باسی بارودۆخی دیلە ئەڵمانییەکان لە باکۆ دەکا و دەنووسێ: ... کاتێک ئێمە لە شاری باکۆ بوین. لە پشت زانکۆی ئەفسەری کە ئێمە لێمان دەخوێند گۆڕەپانێکی گەورە بو کە دەوری بە تێل دڕو گیرابوو. لە هەر چوار گۆشەی ئەو گۆڕەپانە بورجی چاودێری لێ بوو. لەو شوێنە نزیک بە پێنج هەزار دیلی ئەڵمانی ڕاگیرابون.

بە دوای ڕووخانی کۆمار دا هێندێک لەو خوێندکارانە، وەک سوڵتان وەتەمیشی، سەید کەریم ئەیوبی، ڕەحمان گەرمیانی، حەسەن حیسامی، ڕەحیم سەیفی قازی، عەلی گەلاوێژ، حامید خەسرەوی و هاجەر زەندی، ڕەحمان حەلەوی، خەسرەو زولفەقاری و مستەفا شەلماشی نەگەڕانەوە بۆ کوردستان.

## رووس و ڕەشەکوژی

دەوڵەتی شووڕەوی بە دوای دامەزرانی نیزامی کومونیستی بە تایبەتی لە سەردمی دەستەڵاتداری

ستالین دا، بوو بە خاوەنی گەورەترین دامودەزگای ئەمنییەتی. ستالین بە کوشتن و پاڵاوتنی نەیاران لە دەهەکانی ٣٠ دا، ترس و خۆفی گەورەی خستە ناو دەڵی گەلانی یەکێتی ڕووسییە.

کاتێک کە هێزەکانی ڕووس هاتنە ناو ئێران، بەشی ئەمنی و دەزگای زانیاری و سیخوڕی، هەموو جمگەکانی دەستەڵاتی ناوچەکانی ژێر کونترۆڵیان لە ئێران، لە ژێر چاوەدێری دابوو و دژکردەوەی توندیان لەبەرانبەر بە نەیاران دا دەنواند. بە پێی لاپەڕەی ٦٥ ی "فراز و فرود فرقە" ١٦ی ڕەزبەری ١٣٢٤ (٨ ئۆکتۆبر ١٩٤٥) کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کمونیست و شووڕای کومیسارپای گەلانی شووڕەوی، لەبارەی پەرەدان بە عەمەلیاتی نیزامی لە ئازەربایجان، بڕیاریان بە شووڕای نیزامی باکۆ و کومیتەی ناوەندی حیزبی کمونیستی ئازەربایجان دا کە ئەو کەسانە دژی سەربەخۆیی ئازەربایجان بوون، دەبوو لەبەین بچن.

هەر لەو سەرچاوەیە دا باقرۆف و ژێنڕاڵ ماسلینکۆف فەرماندەری پادگانی باکۆ لە نامەیەک دا بۆ کومیسێری نێوخۆی گەلانی ئێران لەسەر بەڕێوەبردنی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کمونیست دەنووسێ: بۆ لەناوبردنی کەسانێک یان تەشکیلاتێک کە ئاستەنگ بۆ پەرەگرتنی جوڵانەوەی سەربەخۆیی خوازی ئازەربایجان پێک دێنن٢١ کەس لە مەئمووڕانی بە ئەزموون لە عەمەلیاتی تایبەتی سەر بە کومیسارپای نیوخۆی کۆمیتەی دەوڵەتی ئازەربایجانی شووڕەوی هەڵبژێردراون. ئەو هەواڵانە، لە خەڵکی ناوچە، دەستەی پارتیزانی چەکداری پێک دێن. بۆ یارمەتی بەو هەواڵانە ٧٥ کەس دیاری کراون. ئەو دەستە سەرەتا دەنێردرێنە تەورێز و ئەردەبیل، میانە، ڕەزائییە و مەراغە. بۆ پاراستنی نەهێنیکاری، ئەو مەئمووره تایبەتیانە، دەخرێنە ژێر چاوەدیری ئەرتەشی سوور و لە ئازەربایجان دا کار دەکەن.

هەر لەو پێیەدا لە لاپەڕەی ٦٧ "فراز و فرود فرقە" دا ئاوا هاتووە: لەسەر بڕیاری کۆمیتەی حیزبی کۆمونیستی شووڕەوی ڕێکەوتی ٨ ی ئۆکتۆبر ١٩٤٥، لە نیوەی هەوەڵی مانگی نوامبر ٨٠ کەس مەئمووری ئەمنییەتی کە ڕاهێنانی تایبەتیان دیبوو ناردرانە ئازەربایجان و چەندین کردەوەی تیرۆریستیان بەڕێوە برد. لە شاری میانە "ئەنساری" مالیکی بە نێوبانگ، لە زەنجان، "ڕەهنما" یەکێک لە پیاوەکانی نیزیک بە "مەحموود زولفەقاری" و "ئەحمەد ئاغا ئەڵاهیاری" ئاغای ئاوایی نەقدوز بە هۆی ئەو دەستە تروریستییە کوژران. ئێستا دامەزرانی دەستەی چەکدار لە خەڵکی شار و گوند دەستی پێ‌کردووە. لە سەرەتا دا ٣٠٠٠ نەفەر لە ٣٠ دەستە دا چەکدار کران.

ڕەحمانی قازی لە سەر کوشتن و تیرۆرەکانی مەهاباد دەنووسێ: لە ماوەی ئەو چەند ساڵە دا لە مەهاباد ئەو چوار ڕوداوە کە کوشتنی بە دواوە بو ڕوی دا کە وەک باسم کرد دەستی یەکێتی سۆڤیەتیان تێدا بەدی دەکرا. هۆکارەکەی ئەوە بو یەکێتی سۆڤیەت چاوی بڕیبووە ئازەربایجان و کوردستان و بە تەما بو لە ژێر ئاڵای ئازەربایجان و بە ناوی تەورێز ئەو بەشە لە ئێران جیا بکاتەوە و بیخاتە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی خۆی. هەر بۆیەش دەبوایە پیلان و بەرنامەی هەبێ تا بتوانێ ئەو کارە ڕێک بخا. لە بنەوە دەست و پەیوەندییەکانی خۆی کە چەکداری کردبون هان دەدا خەڵکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتو بکوژن تا نەبنە بەربەست لە سەر ڕێگەی پلانەکەیان. هەر ئەوەش بو بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی خاوەن ئابوری و دەوڵەمەند شارەکانی ژێر دەستی یەکێتی و تودەییەکان بە جێ بهێڵن و بەرەو شارەکانی تری ئێران کۆچ بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کوردستانیش دا هێزی ئەمنی ڕووس هەبوون کە زۆرتر لەژێر سەرپۆشی کاری دیکە دا ئیشیان دەکرد. لەوبارەوە میرزا محەممەد ئەمینی مەنگوڕی لە لاپەڕەی ٣٩ بەشی یەکەمی کتێبی "بەسەرهاتی سیاسی کورد..." دا دەنووسێ: ڕووسەکان لە مەهابادیش لەو پیاوە بویاغ کراوانەیان بڵاو کردووە. ئیشی حیزبیان بۆ جەعفەر باقروفی ڕووسی ئەکرد.

سەلاحەدین کازم ئۆف ناوێکی ڕووسییان ناو نابوو کاک ئاغا و کردبوویان بە موشاویری جوڵانەوەی سەربازی لەشکری کوردستانا.

مەلاخەتی هەندەسەی لاسلکی نسکایا ناوێکیان ناو نابوو بە (مریەم) خان. دەرسی ژیری و ڕاپەرینی بە ژنان ئەووت. وارشینۆف عەبدوڵا ئۆف، نومازعەلی ئۆف، سەمەند سیامەندۆف، ئیسماعیل ئۆفا، ئەمیر ئەسلان ئۆف ناوانیان بە گۆڕانی سێپاڵ و هندێکیان بە ناوی ئاژەڵ کڕین ئەنارده سابلاغ بۆ هەڵسوراندنی فەرمانی قازی محمد لەسەر نەخشەی پێویستی خۆیان.

بێشک قازی محەممەد ئاگادار ڕەشەکوژییەکانی کاربەدەستانی ڕووس بوو و لەو پەیوەندییە دا لە دەرەوەی کوردستان هاوکاریشی کردوون، بەڵام لە نیوخۆی کوردستان دا بەڵگەی ئەوتۆ بەدی ناکرێ.

دوای گرتنی پادگانی میاندواو بە جێگای حەمەدی مەولوودی سەید پیرە بوو بە بەرپرسی شارەوانی و حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢٠٥ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە ڕۆژێک قازی محەممەد بانگی کردووە و گوتوویە کە دەبێ کەسێک لەگەڵ خۆت ئامادە بکەی و لەگەڵ چەند ئەفسری ڕووس کە لە ماڵە حەمەدەمینی موعینیین بچی بۆ تاران و ئەوەی ئەوان بۆت دەستنیشان دەکەن بیکوژی و بۆخۆشیان قوتارت دەکەن. حەمەدی مەولوودی و وەستا برایم خۆ ئامادەدەکەن و لەگەڵ ئەفسەرانی ڕووس وەڕێدەکەون. حەمەد دەگێڕێتەوە کە چۆن لە ڕێگایە دا گۆرانیان گوتووە و دوایە لە پردی حاجی ڕەسووڵی لە میاندواوێ ئەفسەرەکان لە حەمەد و وەستا برایم دەپرسن کە "ئێوە بۆ کوێ دەچن"؟ ئەوان واق دەمینن و لە ڕووسەکان دەپرسن کە ئیوە بۆ کوێمان دەبەن و قسەکانی قازی مەحەممەدیان بۆ دەگێڕنەوە. ئەفسەرە ڕووسەکان پێدەکەنن و لە نیزیک میاندواو ڕایدەگرن و پێیاندەڵێ کە بگەڕێنەوە بۆ مەهاباد. حەمەدی مەولوودی دەڵێ "جا ئیمە کە بچینەوە چ بە قازی محەممەد بڵێین"؟ دوایە ئەفسەرە ڕووسەکان دەڵێن ئێوەمان بۆیە هیناوە کە بچنە سەقز و بزانن لەشکری ئێران لە کوێیەو و کەلووپەلیان چییە؟

حەمەدی مەولوودی و وەستا برایم بە نابەدڵی دادەبەزن و وەستا برایم دەڵێ ئەوە ویستوویانە قازی بە تاقی بکەنەوە، بزانن پیاوی گیانفیدا و فیداکاری هەیە؟ حەمەدی مەولوودی، وەستا برایم دەنێرێتە لای سەقز و ئەو هیندێک هەواڵی بە درویٚ بۆ نماز عەلییۆڤ دێنێ کە ئەوەیش گرینگیان پێنادا و دوایە دێنەوە بۆ مەهاباد و دەچنە لای پیشەوا و حەمەد دەڵی بە گێرانەوەی ئەو ڕووداوە قازی محەممەد هەر پێکەنیوە.

## تیرۆری مەحموودیان

کۆماری کوردستان گرینگی تایبەتی بە ئەمنیەت و پاراستن و ئاسایش و بەرگری کردن لە شەڕ و ئاژاوە و دووبەرەکی دەدا و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، تەنیا کەسێک بە ناوی میرزا غەفووری مەحمووديان کوژرا کە بە پێی هێندێک دەنگۆ دەبێ بە هۆی نماز عەلییۆڤ فەرماندەی نیزامی شووڕەوی لە میاندواو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرمانی کوشتنی درابێ.

غەفووری مەحموودیان لە سەردەمی کۆمار دا تێرۆر کرا. چەند ڕۆژ پێش کوشتنی، محەممەد حوسێن خانی سەیف قازی، فەرماندەی هەموو هێزەکانی کوردستان، لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان هێرشی توندی کردە سەر چەند کەس و بە خائین و جاسووسی ناساندن کە یەک لەوان مەحموودیان و دارودەستەکەی بوو گوتی: ... ٣- ئاغای غەفوری مەحمودیان کە یەک نەفەر لە تەمینات فاشیست مەئابی ئێرانی بۆ بیری خۆی لەوەدا خەرج دەکرد کە بە عەناوینی جۆێ جۆێ کێشە و جودایی بخاتە نێو برایانی کوردی نەجیب. ٤- حەمزە عەلی قاوەچیش لە هاودەستانی مەحموودیانە. ٥ - ئاغای مەلا ڕەحمانی سرنجداغی ئەویش لە هاودەستان و هاوبیرانی مەحموودیان بوو بە مەشانە بەسی نەدەکرد و وڵامی بێ ئەساسی بۆ کاربەدەستە پوشالییەکانی ئێران دەنارد.

مەحموودیان لە گەڕەکی جوولەکان لەبەر دەرکی بابا جوو تێرۆر کرا. دوکتور ئاسۆ لە کتێبەکەی دا باس لە هەڵسوکەوتی مەحموودیان دەکا و لە لاپەڕەی ١٣٩ دا باسی کۆبوونەوەیەکی گشتی خەڵک دەکا کە دەبوایە قازی محەممەد لە ١٥ی خەرمانان ساڵی ١٣٢٤دا لەسەر وەزعییەتی ئەوکاتی مەهاباد و هەڵسوکەوتی عەشایر و ڕێکەوتنی قەوام و ستالین قسە بکا. هەروەها لەوکات دا دەنگۆی دامەزرانی حیزبێکی تازەی کومونیستی بە سەرۆکایەتی میرزا غەفوور مەحموودیان کە ڕۆژبە ڕۆژ لە پەرەگرتن دابوو، بڵاوببووە. کاتێک قازی ویستی قسان بکا، لەنەکاو لە سەر شارەداری "حاجی بێهجەتی" مێردی پورم لە نیو دەستەیەک چەکدار دا بە قسەی سوک و ناشایست هێرشی کردە سەر قازی و داوای لێکرد کە دەست لە کار بکێشێتەوە و ڕێگا بە خەڵکی دیکە بدا. قازی محەممەد بە شێنەیی و بی ئەوەی وەسەر خۆی بێنێ و بێ ئەوەی قسەیەک بکا وازی لە وتاردان هەڵگرت و شوێنەکی بەجێهێشت.

دوکتور ئاسۆ لە درێژەدا دەنووسێ کە ئەو کات دەنگۆ بڵاو ببووە کە ڕەنگە ئاغای مەحموودیان ڕێبەری جوڵانەوە بەدەستەوە بگرێ و نماز عەلی ئۆڤیش ڕەزامەندی دەربڕیبوو و بۆ ئەوکارە هانی دابوو. بەڵام لە نێو خەڵک دا دەنگۆ هەبوو کە غەفوور مەحموودیان ناچتە ژێرباری عەلیئۆڤ و مەتمانەی پێ ناکا. بۆیە بە سەزای خۆی دەگەیەنن. نماز عەلیئۆڤ بۆ ئەوەی سەرپۆش لەسەر پەیوەندی خۆی و غەفوری مەحمودیان دابنی وای نواند کە مەحموودیان لەگەڵ دەوڵەت لە پەیوەندی دایە و سیخوڕیان بۆ دەکا. بۆیە ٢ ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی حکومەت بە هۆی قازی محەممەد، کوشتیان.

بە فەرمانی عەلیئۆڤ مەحموودیان بانگ کرا بۆ شارەوانی. مەحموودیان لەگەڵ سەعیدی حەمە قالە بەرەو شارەوانی شوێنی نیشتەجێ بوونی کێشکچیانی دەوڵەتی نیشتمانی وەڕێ دەکەوێ. لە ڕێگایەدا بۆ ئەوەی بە ڕواڵەت ڕێزیان لە مەحموودیان گرتبێ داوای لێدەکەن بۆ ئەوەی خەڵک نەیبینن باشتر بە مەیدانی ئاسنگەران و کوچەی جولەکان دا تێپەر بن. لە لای ماڵە "دەدەنیسان" زێڕینگەری جولەکە وەپێش خۆی دەدەن و گولەیەکی لەسەری دەدەن. دیارە قازی محەممەد ئاگاداری ئەو ڕوداوە نەبوو و تەنانەت دەڵێن بە بیستنی ئەو هەواڵە گریاوە.

بە پێی لاپەرەی ٥٤ ی کتێبی "ئالەکۆک" لە سەروبەندی گۆڕانی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکرات بە نەهێنی نامیلکەیەک بە ناوی " حیزبی تودە چ دەڵێ و چی دەوێ" بە زمانی فارسی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵە دا بڵاو بووە. غەنی دەنووسێ کە ئەو نامیلکەیە باسی چەپی سۆسیالیزمی تێدا نەبوو تەنیا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەچوارچێوەی یاسای بنەرەتیی ئێران دا نووسرابوو. غەنی لە درێژەدا دەنووسێ:... پاشان زانیم کە عەزیزی زەند (عەزیز ئاڵمانی) و غەفووری مەحموودیان خەریکن بە لایەنگری کردن لەو نامیلکەیە شەوانە لە گەرەکی مزگەوتی سوور کۆ دەبنەوە و گفتگۆی لەسەر دەکەن.

غەنی بلووریان دەنووسێ کە ئەوە بوو بە هۆی ناڕازی بوونی دەستەیەک لە ناو کۆمەڵەدا. کاتێک کە کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکی گەورەی پێکهێنا و قازی محەممەد قسەی بۆ خەڵک دەکرد، دەنگۆ داکەوت کە کەسانێک دەیانەوێ کۆبوونەوەکە تێک بدەن. لەوکاتە دا دەستەیەک چەکدار لە هاوڕێیانی حاجی حەسەنە شەلە کە ١٢ کەس دەبوون بە بۆلە بۆڵ هاتنە نێو کۆبوونەوەکە بەڵام دەستیان نەبزاوت.

چەند ڕۆژ دوای ئەو کۆبوونەوە غەفووری مەحموودیان کوژرا. بە پێی قسەکانی غەنی بلووریان لە لاپەڕەی ٥٥ ی ئاڵەکۆک دا، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ناوبراو بە دژی کۆمەڵە پەیوەندی بە تارانەوە هەبوو. کەسانی دیکەش گوتوویانە کە پەیوەندی بە هاشم ئۆف یەکێک لە کاربەدستانی ڕووس لە ورمێ هەبووە.

چەند ڕۆژ پاش ئەو ڕووداوە عەزیز زەند مەهابادی بەجێهێشت و چووە تەورێز. ناوبراو لەگەڵ چەند کەس لە هاوبیرانی لقی حیزبی تودەی لە ئازەربایجان دامەزراند. دوایە تێکەڵ بە فیرقە بوون. عەزیز بە دوای ئەوەدا کۆتایی بە کاری سیاسی هێنا و چووە لە تاران نیشتەجێ بوو.

حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٢١٠ بیرەوەرییەکانی دا باسی کوشتنی غەفووری مەحموودیان دەکا و دەنووسێ: جا فتوای چەند نەفەر درا کە دەبێ لەنێو بچن. ئەو کەسانە ئەو چەند ساڵەی خەریکی ئاژاوەنانەوە بوون. پێیێکیان لە تاران بوو پێیێکیان لە کوردوستان. ئۆقرەیان نەبوو تا کورد سەرنەکەوێ. ئەوانە یەکیان "مەحموودیان"، "میرزا ڕەحمەت شافعی" و چەند نەفەر ئاغای مەنگوڕ و گەورک بوون. مەحموودیان لەنێو شکاک و هەرکییان دەسووڕایەوە، دیار نەبوو کە ئینگلیسەکان چییان پێ ئەسپاردبوو؟ دوو نەفەریان نارد تا لە هەر شوێنێک بێت بیکوژن. یەکیان "سەعیدی حەمە قالەی" و ئەوەی دیش "هاشمی کورد" بوو. ئەوانە زۆر دەسووڕێنەوە بە شوێنیدا، بۆیان نەکرا و گەڕانەوە شار.

ئەو ڕۆژە لە شار بۆ سەربەخۆیی کوردوستان شایی و لۆغان بوو. هەموو ئاغا و چەند شێخ لە شاری بوون. قازی بوو بە پێشەوا. "حەمە حوسێن خان"یش بوو بە فەرماندەی هێز و ئەسلەحە بەسەر پێشمەرگەدا دابەش کرا. ئاڵای کوردوستان هەڵکرا. نێوی ئەو چەند سیخوڕانە گوترا و ئاشکرا بوو. هەر ئەو ڕۆژەش "مەحموودیان" هاتبۆوە سابڵاغ و لە حاجی باوە شێخی میوان بوو.

ئەویش پیاوی ئینگلیسەکانە و هاواڵە دەگەڵ "مەحموودیان". ئەو ناردوویە و مەحموودیانی هێناوەتەوە سابڵاغ. ئەو ڕۆژە هەر ئەو دوو نەفەرە دیاری کران تا "مەحموودیان" لە هەرکوێ بێت سەکەتی کەن، بۆیان نەلوا. فەرمانم بۆ هات تا من یاریدەیان بدەم، منیش گوتم باشە.

دیار بوو، حاجی باوە شێخ بەری دەگرتن و نەیدەهێشت دەریکێشنە دەرێ. پێمگوت کە بۆ ئازەربایجان شاربەدەر دەکرێ تا دەست هەڵگرێ. ئەو گوتی خۆم دەچمە لای قازی و تکای بۆ دەکەم، گوتم من دەیبەمە گاراج تا ڕەوانەی ئازەربایجانی کەم و تۆش بڕۆ لای قازی. مەحموودیانم دەرکێشا و دام بە "سەعیدی حەمە قالەی" و "هاشمی کورد". گوتم بۆ گاراجی بەرن، بەڵام تا حاجی باوەشیخ دەڕواتە لای قازی ڕەوانەی مەکەن. سەیدێک کەلوپەلی مەحموودیانی بە شانەوە بوو، ئەویشم گێڕاوە و کەلوپەلەکەم دا بە هاشمی. ئەوانیش تا کووچەی جوولەکانی دەبەن. کە گوێم لە دوو تفەنگان بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانیم مەحموودیان کوژرا.

چوومە حیزبی، پڕ بوو لە عەشامات (حەشامات- ئاپۆڕا) و قازی قسەی بۆ دەکردن. تەشریفی حاجی باوە شێخیش لەتەنیشت قازی دانیشتووە. لەپێشدا چییان گوتووە بەیەکەوە، نازانم! چوومە ژوور بە "حەمە حوسێن خان"م گوت کە مەحموودیان کوژرا. قازی دەستی بەسەری خۆیەوە گرت و سەری لەسەر میزەکەی دانا، یانی خەمی مەحموودیانی بوو. لەولاشەوە دیار بوو دەنگی مامە شێخ دەهات.

مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٩٧٨ دا، لەگفتوگۆ لەگەڵ ڕەفیق سابیر و کەمال میراودەلی، کە لە سایتی ئینتێرنێتی بڵاو بۆتەوە لە سەر کەسایەتی غەفووری مەحموودی دەنووسێ: چاکم لە بیرە کەسێک بە ناوی غەفووری مەحموودی هەبوو، عوزوی حیزب بوو. هەتا مەسئوول بوو لە حیزبدا، نەک مەسئوولی ناوەندی ئەما لە کادرە سەرەکییەکانی حیزب بوو. دوایی، ئەوە ئاشکرا بوو کە جاسووسی ئێران و ئینگلیزیش بوو. پێشەوا تفی لێکرد، ئەوە بوو مووچەی لێ بڕێ. بەڵام گەنجەکانی حیزب لە کۆڵی نەبوونەوە. تۆڵەیان لێ ئەستاندەوە و کوشتیان.

لە بیرمە من و هەژار چووینە لای خەبەرەکەمان پێ دا: فڵانکەس کوژرا. خودا دەیزانێ جنێوی دا. کوتی: مەلعوونینە ئێوە کوشتووتانە. ئاگای لێ نەبوو کە ئەو قەتڵە سیاسییە کراوە. کوتمان ئێمە شاعیرین. من و هەژار هەردووکمان پێ دەکەنیین. چونکە بە ڕاستی پێمان خۆش بوو کە خائینێک کوژراوە، ئەما ئەو ناڕەحەت بوو. زۆر چاکم لە بیرە دەیکوت: ئاخر نازانن ئەوە بابی هەیە، دایکی هەیە، منداڵی هەیە، دەکرا چاکی کەین، دەکرا تەربییەتی بدەینن.

ئەو کابرایە برایەکی نوقستانی هەبوو، قاچی شەل بوو، بە گۆچان دەڕۆیشت. کاتێک پێشەوا ئیعدام کرا، چوو بەو گۆچانەی کە پێی دەڕۆیشت لە قاچی پێشەوای دا، دیارە نەیوێرا دوای ئەوە لە مەهاباد بژی، نازانم چیی لێهات.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا، دەنووسێ: ڕاسپاردە سیاسییەکانی یەکێتی سۆڤیەت بە دزی و بە ئاشکرا هاتووچۆی مەهاباد و ناوچەیان دەکرد و بەردەوام پەیوەندیان لەگەڵ دەست و پەیوەندیەکانی خۆیان هەبو و بە توندی تەمای ئەوەیان گرتبو کەسێکی وا بدۆزنەوە کە پیاوێکی ئایینی نەبێ و دژە دین بێ تا بتوانن لە جێگەی جەنابی قازی دایبنێن و ئەوی لە دەوری سیاسی کوردستان باوێنە دەر. بۆ ئەو کارە کەسێک بە ناوی میرزا غەفور مەحمودیان لە بەر چاو گرتبو. میرزا غەفور پیاوێکی خاوەن زانست و خوێندەوار بو. لە بواری سیاسییەوە زۆر بیرمەند بو و هەروەها یەکجار دەوڵەمەند و خاوەن موڵک و ماڵ بو. نوێنەری حکومەت بۆ بڵاو کردنەوەی قەند و شەکری دەوڵەتی لە شار و ناوچە دا بو.

میرزا غەفور لایەنگری دەوڵەتی بریتانیا بو و بە هیچ جۆر دانی لەگەڵ تودەیی و دەوڵەتی سۆڤیەت دا نەدەکولی. بەڵام چون پیاوێکی لێ هاتو و بە توانا بو تودەییەکان و ڕاسپاردەکانی یەکێتی سۆڤیەت هەوڵێکی زۆریان دەدا بیکەن بە لایەنگری خۆیان. هەر بۆیەش سێ جار لەگەڵی دانیشتبون و بەڵێنیان پێ دابو بیکەن بە گەورە و بەرپرسی ناوچەکە و تەنانەت هەمو کوردستانی بۆ ڕێک بخەن و لە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی ئەو دا بێ. ڕۆژێک نەماز عەلیۆف بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و حزبی تودەی ئێران لە میاندواو ڕا دێتە مەهاباد و دەچێتە شارەوانی. ئەوکات سەرۆکی شارەوانی سەید



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیرەی نیزامی بو. دەڵێ بنێرە لە دوای میرزا غەفور کارم پێیەتی. دوای وتووێژێکی زۆر و بەڵێن دانێکی زۆر میرزا غەفور وڵامی دەداتەوە و دەڵێ گەورەیی و سەروەری تەنیا بە بەژنی قازی محەمەد بڕاوە و هیچ کەس بۆ ئەو کارە لەو شیاوتر نییە. من تا ماوم ئەو خیانەتە بەو ناکەم. دوای ئەو قسانە زۆر بە تورەیی و بێ ماڵ ئاوایی لە کن عەلیۆف دێتە دەر و بەرەو ماڵ دەڕواتەوە. دەستبەجێ عەلیۆف بە کەسێکی نزیکی خۆیان بە ناوی سەعید حەمە قالە کە ئەندامی حزبی تودە بو دەڵێ بڕۆ میرزا غەفور بکوژە. ئەو پیاوە بوونی بۆ ئێمە مەترسی دارە.

سەعید حەمە قالە بە دوای میرزا غەفور دا دەڕوا و لە کۆڵانی جولەکان لە پشتەوە ڕا بە دەمانچە میرزا غەفور دەکوژێ. ئەوە یەکەمین کوشتنی سیاسی ئەو سەردەم لە کوردستان بو کە بە فەرمانی کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت بەڕێوە چو.

برا و کەس و کاری میرزا غەفور گومانیان لە جەنابی قازی محەمەد هەبو کە بە فەرمانی ئەو کوژرابێ بەڵام جەنابی قازی محەمەد هیچ ئاگاداری ئەو کارە نەبوو.

دوای کوژرانی میرزا غەفور جەنابی قازی بە ڕاسپاردە سیاسییەکانی یەکێتی سۆڤیەت ڕادەگەیێنێ کە من بەرپرسیارەتی شار و ناوچە دەدەم بە کەسێکی تر و هیچ کات ڕازی نیم بێ سوچ و تاوان خەڵکی شارەکەی من بە هۆی ئەوەی بە قسەی ئێوە ناکەن بکوژرێن. کوژرانی میرزا غەفور بە جۆرێکی تریش خراپ بوو ئەویش ئەوە بوو خەڵک ترسیان لێ نیشتبو و دەیانکوت نابێ لە قسەی ئەوان بچینە دەر دەنا زۆر بە هاسانی دەمانکوژن…

عەبدوڵای قازی لە لاپەڕەی ٧٣ی کتێبی وڵاتی من دا، لەسەر کوژرانی میرزا غەفوور دەنووسێ:

ناوبراو تاجرێکی دەست ڕۆیی‌و دەوڵەمندی شار بوو. پیاوێکی زۆر عاقڵ و تێگەیشتوو جوان چاك و کەڵەگەت و ڕەنگ پیاو و کەیخودا بوو. خەڵك و عەشایر زۆریان خۆش دەویست و لەگەڵ بابم زۆر دۆست بوو، جارجار یارمەتی بابمی دەکرد.

مەحموودیان لە بواری سیاسییەوە لایەنگری توندی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو، دەیگووت چەند عروسی ماسی خۆری لە برسان مردوو هاتوون لێرە دەڵێن چی و چیان دەوێ؟ ئەوان هیچیان پێ‌ناکرێ و ئێمە دەبێ دەستەو داوێنی ئینگلیس و ئەمریکا بین. ئەو وەختی مەحموودیان ئەوەی دەزانی و شتی ئاوای دەگووت. بەڵام ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی عروسان دابووو دوو ئەفسەری ڕووس بەنێوی کاکە ئاغا و عەبدوڵایۆف کە ئەوەیان بە ڕواڵەت ئەسپ کڕ بوو وڵاتیان بەرێوە دەبرد. ئەوانە لیباسی کوردیان لەبەر دەکرد و لەبنەوە دەستە و دایەرەیان زۆر هەبوو. تەنانەت جارێکیش بە هۆی دەست و پەیوەندییەکانیان نەیانهێشت سینەمای ئینگلستان لە مەهاباد فیلم نیشان بدا و چادرەکەیان لێدڕاندن و بە پاڵەپەستۆ وەدەریان نان. هەر ئەوانە دەیانزانی کە مەحموودیان ئینکاریان دەکا و دەستەیەکی لە دژی ئەوان هانداوە. ڕۆژێك بەو فێڵە کە شارەبانی کاریان پێ‌یەتی، دەیکێشنە کووچەی جوولەکان کە کووچەیەکی چۆڵو وێرانە بوو لەوێ بە ئافتاماتی تیرەبارانی دەکەن. دیارە ئەوانەی کە ئەو کارەیان کرد مەئمووریی کوردی شارەوانی بوون.

پێشەوا مەحموودیانی زۆر خۆش ویستووە و تەنانەت جارێکیش گوتبووی ئەمن دەزانم مەحموودیان دەڵێ چی‌و چی دەوێ، حەق بەوییە. هەر ئەو ڕۆژە کە مەحموودیان کوژرا، قازی کەریم (بابم) کە ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووداوەی بیست بوو بە پەلە لە قازیاوایە ڕا دێتە شاری و یەکسەر دەچێتە لای پیشەواو دەڵێ: "جەنابی قازی مەحموودیان بووەی نەدەبوو بکوژرێ". پێشەوا سوێندی بۆ بابم خواردبووو گوتبووی: "بە حەقی ئەو قورئانە ئاگام لێی نییەو ڕووحم خەبەردار نەبووە و دەبێ کاری عروسان بێ".

بەپێی لاپەڕەی ١٠٨ی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" لە بەڵگەکانی فەرمی حکومەت کە لە لایەن شارەوانی بۆ وەزارەتی کیشوەر ناردراوە، لە خاڵی یەکەم دا نووسراوە کە مەحموودیان لە مەهاباد بازرگان بوو چەند ڕۆژ پێشتر لە خەیابان کوژرا.

بەپێی لاپەڕەی ١٠٩ی ئەو سەرچاوەیە، لە بەڵگەنامەیەکی دیکە لە خاڵی سێهەم دا نووسراوە کە مەحموودیان تاجری مەهابادی کە دژی حیزبی دێموکرات بوو، بە تازەگی بە هۆی گوللەی نەناسێک کوژرا.

بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و دەستبەسەر کردنی پێشەوا یەکێک لە تاوانەکانی ئەو کوشتنی مەحموودیان بوو. حامید گەوهەری لە لاپەرەی ٣٢ ی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دا دەنووسێ کە بە پێی ڕاگەیەندراوی ژمارە ١٩١٢٥ ڕیکەوتی ١٣٢٦/١/١٠ یەکێک لە تاوانەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە دادگا دا کوشتنی غەفووری مەحموودیان بوو.

هەروەها دوای لە سێدارەدانی پێشەوا، برای مەحموودیان لە مەیدانی چوار چرا بێرێزی بە جەنازەی پێشەوا کرد و دوکتور ئاسۆ دەنووسێ کە برایمی مەحموودیان برای غەفوری مەحموودیان لە نێوەڕاستی مەیدانەکە ڕاوەستا بوو و قسەی دەکرد و بە گۆچانەکەی ئاماژەی بە جەنازەی پێشەوا کرد کە گویا ئەو قاتلی براکەیەتی. خەڵک بەو کارەی برایم تورە بوون و قسەیان پێگوت. دەوڵەت بەیانی زوو برایمی هێنا بوو تا لەسەر جەنازەکان قسە بکا.

یەکێکی دیکە لە نیارانی گەورەی کۆمار و دۆستی نیزیکی مەحموودیان بوو و لە لیستەی ئەو کەسانە دا بوو کە دەبوایە بکوژرێ، میرزا ڕەحمەتی شافعی بوو. حەمەدی مەولوودی ٢١٤ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر بڕیاری کوشتنی میرزا ڕەحمەتی شافعی، کە بەو ئەسپێردرا بوو دەنووسێ: میرزا ڕەحمەتی شافعی بە من ئەسپێردرابوو تا گەر لە نێو هەواشدا بێت، بیدۆزمەوە و شورت و گومی کەم. لە ڕاستیدا دەبوو لە پێش مەحموودیانیش بکەوێ، بەڵام خۆی حەشار داوە و کەس نازانێ لە کوێیە! چەند کەڕەت لە دەوروبەریماڵیان سووڕم داوە، کەچی وەبەر چاوم ناکەوێ. کاتێک لە داوەت و هەڵپەڕاندنی ... ئاغای قوتار بووم، گەڕامەوە تا بڕۆمەوە بۆ ماڵێ و بە بەر داڵانی حیزبێدا هاتم، تەماشام کرد میرزا ڕەحمەت هەڵتەکهەڵتەک وەسەر پلیکانەکانی حیزبی دەکەوێت و دەیهەوێ بچێتە لای قازی. مستەفای زینەتیشی بەدووایەوە. لە داڵانی حیزب پێشەوبەرم لێدا، وا شێوا بوو نەبێتەوە، کە چاوی بەمن کەوت گوتی: قازی لەماڵە؟

وا زمانی شکابوو کە دەیویست بڵێ: قازی لە حیزبە؟ دەرکەی کردەوە و یەکسەر چوو بۆ لای قازی. (...) قازی بەپێوە ڕاوەستا، چاو لە میرزا ڕەحمەتی دەکا و هیچ قسان ناکات. منیش لە تەماشای ئەو دیمەنەم. قازی ڕووی دەمن کرد و بە ئاشکرا بەمنی گوت: حەمەد، کارتان پێی نەبێ. ئەوجار ڕووی دە میرزا ڕەحمەتی کرد و گوتی: بڕۆ ئازادی. حەمەد، بەڕێی کە!

وەپێش خۆم دا، هەر ئاوڕ دەداتەوە دوواوە، منیش تا دەرکی دەرێ بەڕێم کرد، ئەو ڕۆیی و گەڕامەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لای قازی. له ژوورەکەیدا بەتەنێ بوو، خەریک بوو بڕواتەوە بۆ ماڵ، گوتی: خەبەرم زانیوە ... ئاغات هەڵپەڕاندووە، جارێ وەختی ئەو کارانە نییە.

## کۆماری کوردستان و ئینگلیس و ئەمریکا

مەبەستی سەرەکی ئینگلیس و ئەمریکا لە داگیر کردنی ئێران، یارمەتی بە ڕووسیە بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ ئالمان و بەرگری کردن لە سەروەری یەک پارچەیی خاکی ئێران بوو. ئەو سیاسەتە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو وڵاتانە، خۆ لە کێشەی کورد نەدەن و کوردیش وەک دۆست حیسابیان بۆ نەکا. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥٦ ی ساڵی ١٩٤٦ لە وتاریک دا، بە وردی ڕەخنە لە هەڵوێستی بەرەی یەکگرتوو بە تایبەت چەرچیل گیراوە کە ئەگەرچی گوتبووی "ئەمن بۆ ڕەزگاری نەتەوەی چووک هەموو زەرەر و ماڵوێرانییەک قبووڵ دەکەم" بەڵام هیچ کام لە بەڵێنێکانیان بە ئەنجام نەگەیاندوە و نووسراوە:... کەنگێ مەنشووری ئاتلانتیک ئێجرا دەکرێ؟ کوا کەنگێ دیکتاتوری بە جەزای خۆی دەگەیەنن. لە پاش مدەتێکی بۆمان سوور بووە کە هەزار ڕەحمەت بە کفن دزی ئەوەڵ... ئاغایانی حامی مەزلومان بۆخۆیان زاڵمەکان هان دەدەن و تۆپ و تەیارەیان دەدەنێ تا تۆوی مەزلومەکان لە ڕووی زەمین هەڵگیرێ... بۆمان دەرکەوت کە دەبێ هەر کەس غەمی خۆی بخوا...

دیارە ستراتیژی و تاکتێکی وڵاتانی زلهێز لەژێر کاریگەری و چۆنییەتی هەڵسوکەوت و توانایی پێکهاتەی خەڵکی خۆجێی ئەو شوێنە دابووە و تەنانەت لەو چوارچێوەیەدا، پلانی درێژخایەنی ئەو وڵاتانە، گۆڕانی بەسەر دا دەهات. لە سەرەتای داگیر کردنی ئیران دا، ئەمریکا و ئینگلیس، دەیانەویست ئازەربایجان و کوردستان و خوزستان، خودموختار بن و ستالین بەوە ڕازی بوو، بەڵام دوایە مۆلۆتۆڤ کە پێیوابوو بە هاوکاری کومونیستەکانی ئێران دەتوانێ هەموو ئەو وڵاتە بخاتە ژێر دەستەڵاتی شووڕەوی، ئەو بۆچوونەی ڕەد کردەوە.

کێشەی کورد لە سیاسەتی ئینگلیس دا زۆرتر لە چاوپێکەوتنی هەواڵدەرییەک یان وتاری ڕۆژنامەکان دا خۆی دەنوواند. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەوان سیخوڕیان لە کوردستان دا نەبووبێ و ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردستان نەبووبن. بەڵکو ئەو وڵاتە ڕایەڵەکەیەکی گەورەی جاسوسیان لە کوردستان دا هەبوو و ئاگاداری وەزعی گشتی بوون.

هاوکاریی ئینگلیس و ئەمریکا لەگەڵ ئێران بۆ جێگیرکردنی حکومەتێکی نیشتمانی و دێموکراسی و ئازادی نەبوو. ئەوان ئێرانێکی بە هێزی توتالیتێر و بەستراوە بەخۆیان کە پاریزەری قازانج و بەرژەوەندی ئەوان با، دەویست.

پەرەسەندنی جوڵانەوەی کورد لە ساڵەکانی ١٩٤٢ و ١٩٤٣ لە ناوچەی مۆکریان بوو بە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی ئینگلیس لە ژێر پەردەی ئاسنیین دا نە تەنیا لە سیخوڕانی خۆی بەڵکو لە کەسانی کوردیش کەڵک وەرگرێ. ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ١١٧دا باس لە ناردنی جاسوس بۆ مەهاباد دەکا و دەنووسێ کە یەکێک لە وانە شێخ محەممەد سەدیق گەیلانی (پووشۆ) بوو. ناوبراو لە ماڵە حاجی ساڵحی شاتری کە ماوەیەکی زۆر کاربەدەستی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز بوو دەماوە. پیاوەکانی ئاشنا و دەوروبەری، ئەویان بە پێشەوای ڕاستەقینەی کورد و جزمی پێغەمبەر و ئاڵاهەڵگری ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزانی. ئەو لایەنگری دەوڵەتی ئینگلیس بوو و ئەو وڵاتەی بە دۆستی کورد دەناساند. ئەو بەدژی سوسیالیزم دەدوا و خۆی بە لایەنگری دەوڵەتی مەزنی کوردستان دەزانی و ئەو دروشمەی هەڵگرتبوو کە ئینگلیس لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، بە دژی ئێران و تورک بە هۆی سیخوڕەکانی هەڵیانگرت بوو. سەرەنجام کەڵەکی شێخ سەری نەگرت و جیا لە هێندێک سۆفی و مریدی شێخەکانی نەهریٚ نەبی، کەس پشتیوانی لێنەکرد. دوایە بۆ ئەوەی بێ ڕێزی پێنەکرێ، بە حورمەتی بنەماڵەی شێخانی نەهری چەند کەس لە مەهاباد لێیان ڕاوەسپارد کە ئەو شارە بەجێبێڵێ و ئەو چوو بۆ ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و لەوێش دوای مانگێک مانەوە، گەڕاوە بو عێراق. دوایە لە کاتی سەردەمی نووری سەعید دا بوو بە نوێنەری کورد لە پارلمانی عێراق.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٢٥٤ ی کتێبەکەی دا لە باسی ڕۆڵی سیخوڕانی ئینگلیز لە کوردستان د دەنووسێ کە لە ساڵی ١٩٤٦ دا لە نیزیک مەهاباد جاسووسێکی ئینگلیزی بە ناوی ڕەسووڵی ناجی بە بەڵگەوە لە لایەن پولیسی کوردستان گیرا و پێی لەوە نا کە لە لایەن کاپیتان "گۆڕی" ناردراوە تا لەگەڵ مامەندی کولیج و گوڵزار خانم و شێخ عەوڵای گیلانی و ڕەشید بەگی حاجی ئۆغلی و تەها تەیر ئاغا کە سیخوڕی ئینگلیسن پەیوەندی بگرێ.

هەر لەو پێیەدا مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٧٣ دا دەنوسێ:

ڕۆژێک پێشەوا قازی محەمەد لە مەجلیسێکدا گوتی: زۆرم پێسەیرە، زۆر نەهێنی هەیە کە موخابەراتی ئینگلیس دەزبەجێ دەیان زانێ. سەرم بردە بن گوێ ، گوتم: شێخ مەعسوم خەبەریان پێدەدا. گوتی: ڕاست دەکەی من هەمو قسەکانی خۆم لای ئەو دەڵێم. بەڵام شێخ زۆری لاگیر لە ناو شارستان و لادێدا پەیدا کردوە، چۆنی دەست بۆ بەرم؟...

کورد لە گەمەی وڵاتان هاوپەیمان دا جێگایەکی بەرچاوی نەبوو و لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٦دا بە هۆی حەسەن قزڵجی بابەتێک لە ڕۆژنامەی ڕهبەر لە ژێر سەردێڕی " نێهزەتی ئازەربایجان و کوردستان سەرەتای نەجات و ئیستیقلالی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە" وەگێڕدراوەتەوە کە باس لەوە دەکا کە ڕاگەیەندراوەکانی ئەمریکا و ئینگلیز پتر باسی ئازەربایجان دەکەن و ڕۆژنامەکانی فەڕانسەش باسی کوردستان.

بە پێی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٢ لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/٣ زیکیل ناپلێۆن پەیام نووسی ئاژانسی فڕانس لە ڕێگای تەورێزەوە هاتە مەهاباد و لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکرا. ناوبراو چاوی بە پێشەوا و هێندێک لە کەسایەتییەکانی کۆمار کەوت و لە قسەکانی دا گوتی: بۆ دەبێ میللەتێکی وا ئازا و نیشتیمانپەروەر و بە ئێحساسات و نەجیب هێندە زوڵم لێکراو بێ و تا ئەوڕۆ لە ئازادی بێ بەش کرابێ. زۆر تەئەسوف دەخۆم کە هێندێک لە دەوڵەتە بلەوەزەکان نێهزەتی ئازادیخواهی کورد بە دزی و شەڕارەت نێو دەبەن و لە دنیا دا وا بڵاو دەکەنەوە کە میللەتی کوردلایقی ژین و سەربەخۆیی نییە. ئێستا لە نیزیکەوە بۆخۆم نیشتیمانپەرەستی و ئیستیعدای سەربەستی ئەو میللەتە بە چاو دەبینم...

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٠ دا بابەتێک بە ناوی "هەڵستانی کوردان" کە لە ڕۆژنامەی "ئێکۆنومیست" ی لەندەن دا چاپ و لە ڕۆژنامەی" ئێران ما" بڵاو بۆتەوە و تێیدا باسێکی گشتی لە سەر وەزعییەتی کوردستان دەکا و هوشداری دەداتە دەوڵەتی ئینگلیس و دەنووسێ: ... مەسئەلەی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەتا لە مەسئەلەی ئازەربایجانیش خەتەرناکتر و زلترە. بەوجورەی کە ئەوزاع و ئەحواڵ نیشان دەدەن بۆ هاندانی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نقشایەکی ورد کێشراوە و ئەگەر دیپلۆماسی ئینگلستان بەر لە وەخت و بە بیر و وردبوونەوەیەکی چاک خۆی بۆ ڕووبەروون بەم نەقشانە ئامادە نەکا، ئەودەم لێڵاویانی زەمانی پێشوو و دڵشکاویانی کە لە کرداری سیاسی لورد کردزن پەیدا ببوو سەددەرسەد بە دوژمنایەتی ئێمە وەکار دەخرێ و ئیستیفادەی لێدەکرێ.

ئەو ڕۆژنامەیەدا بە گشتی باسی وەزعییەتی کوردان دەکا و دەنووسێ: لە خۆ گۆڕینێکی زۆر گەورەیە ئەگەر وا تێبگەین کە شۆڕشی کوردان بە هاندانی دەوڵەتی یەکێتی جەماهیری شورەوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە.

ئێکۆنومیست لە سەر کەسایەتی پێشەوا دەنووسێ: لیدر و سەرۆک وەزیری کوردەکانی ئێران ئاغای قازی محەمەد یەک نەفەر ئینقلابی تەحسیل کردە و بە چەند زبانی خاریجی قسە دەکا و بەرانبەری ئەو ڕاپورتانەی کە بە لەندەن گەیشتووە لە موهیمترینی ئەو شەخسییەتانە بوو کە لە (کونگرەی میللی کوردان) کە لە مانگی نوامبری ڕابردو و لە بادکوبە دامەزرا تیکەڵی هەبوو.

بە گشتی ڕوانگەی ئینگلیس لە حاست کوردان زۆر ڕواڵەتی و بێ بایخ بوو و هیچ گرینگێکیان نەدا بە پرسی کورد. کریس کۆچرا لە لاپەڕەی ٢١٣ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە لە مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤٥ پێشەوا، زەبیحی نادرە لای سەفیری ئینگلیس لە تەورێز تا ئیمکانی پێکهێنانی پەیوەندی و بە دوای ڕاگەیاندنی بابەتی خودموختاری کوردستانی لەگەڵ باس بکا، بەڵام سەفیر بە ساردی وڵامی داوە.

ڕۆژنامەی ژمارە ٢٩ کوردستان وتارێکی لە "فیلیپس پرایس" ئەندامی پارلمانی ئینگلیس بە چاپ گەیاندووە کە لەوێدا ڕەخنە لە سیاسەتی وڵاتانی غەربی دەگرێ و دەنووسێ: ... حاڵی حازر ئاڵۆزییەکی وا دەنێو کاری ئێراندا پەیدا بووە کە ڕووسیە بە شەوقێکی زۆر ڕێژیمی خودموختاری لە ئازەربایجانی ئێرانی پەروەردە دەکا. بەڵام هێشتاکەش ئێمە (ئینگلیس و ئەمریکا) دەو مملەکەتەدا لاگیری لە عونسورە موڕتەجعە بلەوەزەکان دەکەین.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٦٥ دا لە ژێر بابەتی "عەینەکی ئیستیعمار" گۆشەیەک لە بووچوونی چەوتی مستر مۆرگان فلیپس پرایس، نوێنەری حیزبی کارگەر کە بە کوردستان دا گەڕابوو، نیشان دراوە کە سەبارەت بە کوردی عێراق گوتوویە: گەر بێتوو حکومەتی عێراق چەند (ئیستگەیەکی بەرقی مەحەتەی کارەبا) لە سەر چۆمی دەجلە و ڕووبارەکانی دابنی و عەرد و ئاو بە سەر جوتیارەکانی کورد دابەش بکا، مەسئەلەی کورد حەل دەبێ.

دیارە نووسەرێکی ڕۆژنامەی کوردستان ژیرانە وڵامی مستر پرایسی داوە، بەڵام ئەوە دەرکەوت کە نوێنەری باڵای وڵاتی زلهێزی ئینگلیس چ ڕوانگەیەکی چەوتی لە سەر مەسئەلەی کورد هەبووە.

دەوڵەتی ئینگلیس بایخی زۆری بە کۆماری کوردستان داوە و بە توندی لەژێر چاوەدێری گرتووە. کەماڵ مەزهەر لە کتێبی "کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نەهێنییەکانی حوکمەتی بریتانیا دا" ئاماژە بە چەندین فایل کە هەرکام بە سەدان بەڵگە سەبارەت بە کۆماری کوردستان لە خۆ دەگرن، دەکا. ناوەرۆکی ئەو بەڵگانەی کە ڕوو کراون تەنیا و تەنیا لە پێناو بەرژەوەندی بریتانیا و پاراستنی ئەو شوێنە نەفتیانەیە کە ئەو وڵاتە دەستی بە سەر داگرتووە دایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به پێی لاپەرەی ٢٨٦ ئەو سەرچاوەیە، لە نامەیەکی باڵوێزی بریتانیا بۆ وەزارەتی دەرەوە، کەسێک بە ناوی "ماڵکۆم بوور" لە سەر کورد کە زۆر خراپ وەرگێردراوەتەوە دەنووسێ:

بۆ ئەوەی بتوانیت لە کێشەی ئێستەی کورد تێبگەیت پێویستە لە ڕوانگەی مێژووییەوە تێی‌بڕوانیت. کورد گەلێکی دێرینن و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیان پێوە دیارە کە وان لە ژینگە و ئابووریی گەلە شاخاویەکاندا. سەرەتای سەدەی هەژدەمین خوو و ڕەویشتیان زۆر لە خوو و ڕەویشتی ئیسکۆتلەندییە شاخاوێکانی ئێستەیان دەکرد. لە ڕاستیشدا ئەو مەڵبەندە سەرەکییانەی وەک دیاربەکر و سنە و مەجلیسی دەرەبەگانی بدلیس و عەمادییە و شارەزوور و داب و نەریتی قەڵاکانی بنەماڵە فەرمانڕەواکانیان گەلێک ئاوەدان و ڕازاوەترن ئەگەر لە ڕووی ژیاریشەوە پێشکەوتووتر نەبن وەک لە سەرداره کوردەکانی ناوچە شاخاوێکانی ئیمڕۆ. تراجیدیای ڕووی کەڵچەریی ناوچە شاخاوێکان لە دوای ساڵی ١٩٤٥ وە لەوەدایە کە سەد ساڵ دواکەوت. لە ڕاستیدا تراجیدیاکە لە هەوڵی داسەپاندنی دەوڵەتێکی نوێدایە بەسەر کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا کە هەمان کات گێرۆدەی ئابوورییەکی دەرماڵی و فەوزا و لە خۆبایی بوون و پێوەندیی باوکایەتی هاتبێێت و قبووڵی هیچ دیاردەیەکی بەرەوپێشچوون نەکات.

ماڵکۆم بوور لە درێژەدا ئاماژە بە بابەتێک دەکا کە ڕاستەو حاشای لێناکرێ و دەڵێ، تەنانەت لە عێراقی ئەمڕۆش دا ئەگەر یارمەتی ئینگلیس نەبوایە، کورد گەیشتبوونە گیانەڵایە.

کەماڵ مەزهەر لە لاپەڕەی ٢٧٦ ی کتێبی "کورد و کوردستان" دا باسی فایلێکی وەزارەتی دەرەوە لە سەر کێشەی کورد لە ساڵی ١٩٤٦ دەکا کە لە ١٣٢ لاپەڕە پێکهاتووە و لە بەڵگەیەکی دا نامەی باڵویزی بریتانیا لە قاهیرە بۆ وەزیری دەرەوەی بریتانیا هاتووە کە باسی ڕۆژنامەیەکی میسری و نەقشەیەکی گەورەی کوردستان دەکا. سەرتا باسی خەریتەکە دەکا کە بە جورێک کیشراوەتەوە کە نەوتەکانی ئیران و ئینگلیس بگرێتەوە و وادەگەیەنێ کە ئەوە خەریتەیە سەر بە پڕوپاگەندای ڕووسیە بێ.

لەو بەڵگانە دا بایخ بەو کەسانە دراوە کە دۆستی ئینگلیسن و لەو نامەدا هاتووە کە لەوانەیە کە بیروبۆچوونی نەتەوەیی کورد ببسرێتەوە بە ناوی ژێنڕاڵ شەریف پاشاوە کە پەیوەندی دورودرێژی لەگەڵ بریتانیاوە هەیە و پەیوەندی بە ڕووسانەوە نەبووە.

بە پێی لاپەڕەی ٢٩٠ ئەو سەرچاوەیە، شەریف پاشا لە قاهیرە ویستوویەتی پرسی کورد لەگەڵ باڵوێزی ئینگلیس بهارووژێنێ بەڵام بێ ئەوەی لە خۆیانی بتەکێنن، ئینگلیس باسەکەی بەهێند وەرنەگرتووە.

دیارە دەوڵەتی برتانیا زۆری پێناخۆش بوو کە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی عێراق بکەونە ژێر کاریگەری کۆماری کوردستان. بە پێی لاپەرەی ٣٠٨ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس داوایان لە نوینەرانی خۆیان لە عێراق کردوە کە کاربەدەستانی عێراق تێبگەیەنن کە داواکانی کورد و ئەو بەڵێنانەی کە لە ڕابردوو پێیان دراوە جێبەجێ بکەن.

جێی ئاماژەیە کە هێندێک لە سیخوڕانی ئینگلیسی کە بە ناوچە کوردییەکان دا گەڕاون کاریگەری کۆماری کوردستان بە ڕادەیەک دەبینن کە داوا لە دەولەتانی تورکییە و سووریە و عیراق دەکەن کە بە زوویی ئۆتۆنۆمی بدەن بە کوردان.

بە گشتی پەیوەندی نێوان ئینگلیس و ئەمریکا و کورد سارد بوو، دۆستانە نەبوو و لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوپێکەوتنەکانی ڕێبەرانی کۆمار و کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەدا ئەو بابەتە بەدیدەکرێ. بە پێی لاپەڕەی ١٦٧ی کتێبی سەعید هومایون، ئارچی ڕۆزڤێلت لە سەردانی مەهاباد لە وتووێژەکەی لەگەڵ پێشەوادا دەنووسێ: ... کاتێک دەربارەی پۆستێرە هەڵواسراوەکانی سۆڤیەت لە شەقامەکانی مهاباد قسەم کرد و گوتم بە بینینی ئەوانە سەرسام بووم، قازی گوتی: "کوردەکان ناچارن لە هەرکەسێک یارمەتی وەرگرن و قبووڵی بکەن، بەڵام ناچنە ژێر بار و فەرمانی هیچ کەسێکەوە. ئێمەی کورد سکاڵای خۆمان بە سێ لایەنی سەرکەوتوو لە کۆنفڕانسی پۆتسدام ڕاگەیاند، بەڵام ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان ئاوڕیان لێ نەدایەوە.

ئارچی ڕوزوێلت لە لاپەڕەی ٣١٤ کتێبی "شوق آموختن" هەر لە چوارچێوەی ئەو وتووێژ دا، لە زبانی پێشەوا دەنووسێ: کوردەکان ئومێدەوار بوون وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پلەی بەهێزترین وڵاتی دنیادا، هاوکاریان بکات کە لە دواکەوتوویی ڕزگاریان بێت... ئەگەر ئەمریکا لە جیاتی ناردنی سی هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنیا ١٠٠ مامۆستای خوێندنگەی بۆ ئەو وڵاتە ناردبایە، چی دەبوو؟ بەڵام ئەمریکا لە جیاتی یارمەتی کردن بە ئێمە، هاوکاریی دوژمنانی ئێمەی کرد، ئەویش بە ناردنی چەکوچۆڵ، بۆ سەرکوت کردنی ئێمەی کورد.

هەروەها لەو وتووێژەدا پێشەوا ڕەخنەی لە ئینگلیزەکان گرت کە لە دەیەکانی ڕابردوو دا، جوڵانەوەکانی کورد، یەک لەوان بارزانییەکانیان سەرکوت کردووە.

بە پێی لاپەڕەی ١٢٥ی کتێبی بیرەوەرییەکانی شیرازی ئەوکات کە قازی محەممەد بە دەعوەتی قەوام لە تاران بوو، سالار سەعید سەنەندەجی نوێنەری شاری سنە لە تاران، بە ئێلخانی زادە دەڵێ کە سەفیری ئینگلیس پێخۆشە چاوی بە قازی بکەوێ. قازی موافقەت دەکا و داوا لە عەبدوڵای ئێلخانیزادە دەکا کە ئەویش لەگەڵی بچێ. شیرازی دەڵێ کە چاوپێکەوتنکە سەری گرت و سەفیر گلەیی دەکا کە کوردەکان خۆیان تەسلیمی شووڕەوی کردووە و بە سازی ئەوان هەڵدەپەڕن. قازی محەممەد لە وڵام دا دەڵێ حەق وایە ئێمە گلەیی لە ئێوە بکەین. لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا ئێوە بوونە هۆی ئەوە کە وڵاتی ئێمە بە سەر ٥ وڵات دا دابەش بێ و لە هەر پێنج وڵات دا بکەوێتە بەر بێڕێزی و زوڵم و زۆری. تا کەنگێ ئێوە دەتانەوی میللەتیکی ٢٠ میلیونی ئاوا لە بەدبەختی و چارەرەشی دا ڕابگرن. دەولەتی ئێوە دەبێ ئەو تاوانە قەرەبوو بکاتەوە و بۆ نەجاتی میللەتی کورد هەنگاو هەڵێنێ. لە وڵام دا سەفیر دەڵێ ئێمە تەنیا دەتوانین بە هۆی وەزیری دەرەوەی خۆمان، داوا لە شا بکەین کە ڕێگا بدا خەڵکی کورد بتوانی تا کلاسی ٦ بە کوردی بخوێنن و کاربەدەستانی دەوڵەتی لە ناوچەدا زۆرتر کورد بن. قازی محەممەد ڕێزی لەو پێشنیارە گرت.

## کۆماری کوردستان و وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا

پێکهاتنی کۆمار پەیامێک بوو بۆ هەموو دوژمنانی زاڵ بە سەر کوردستان دا و ئەوە لە نووسراوەی بە پێزی مامۆستا" وردی" لە ژێر سەردێری "کورد و دەوڵەتانی تورک و عەرەب و فارس" کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٣ دا هاتووە بە جوانی دەردەکەوێ کە دەنووسێ: ... ئێمە بستێکمان لە خاکی هیچ میللەتێک ناوێ... ئەی میللەتانی فارس و تورک و عەرەب ئێمەش وەک ئێوە میللەتین، هەقی ژیامان هەیە. ئێوە چۆن تا ئاخر تنۆکی خوینی خۆتان لە ڕێگای ڕزگاری نیشتیمانتان دەڕێژن، ئێمەش واین. تا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا خاک و وڵاتی ئێمەتان دەخوارد دەستەڵاتمان نەبوو، بەڵام دەست و چاومان کراوە، دەمانەوێ ئازادیمان ببێ، ڕۆڵەی خۆمان دەناو تانک و تەیارە و شەمەندەفەردا ببینین. منداڵەکانمان چی‌دیکە لە برسێتی و ڕووتی لە ناو کوچە پڕ لە پەینەکان دا بە ماتی نەخولێنەوە. هەتا تەیر و دەعبا بە زبانی خۆیان یەکتری تێدەگەیەنن. تا کەی دەتانەوێ کورد بە زبانی خۆی قسان نەکا و نەنووسێ. بزانم ئێوە مستە گەنمێک دەدەن بە کەسێک بێ ئەوە کە چەند پوڵێکی پێوەربگرن؟ کوردیش چی‌دیکە پێی قبووڵ نەکرا دەڵێ: دارێکم لێبدەنەوە، دووتان لێدەدەمەوە. جنێوێکم پێبدەن، پێتان دەدەمەوە. یەکێکم لیبکوژن دەتان لێدەکوژمەوە. چوونکە (یا ئازادی یا مردنی لە پێش چاوی داناوە). لە سەر ئەو هەمووە زوڵمەش ئامادەین کە دەگەڵتان بژین، یاریدەتان بدەین، تەجارەت بکەین، چوونکە دەمیکە پێکەوە بە ژێر دەستیتان ڕازی نیین. چوونکە دەمی (نۆکەری و ئاغایەتی نەما) جا لەو سێ میللەتە دەخوازین کە مەسئەلەی کورد بە چاوی ئیستیعمار تەماشا نەکەن و نەیسەلمێنن کە ئێمە بە دەسیسەی ڕووسان کار دەکەین. حەوسەد ساڵە بیری ئازادی لە کەللەی داوین و چەند چەرخێکی درێژیش بە ئازادی ژیاون. لە ناو ئاگریش بین واز لە ئازادی ناهێنیین و ئاسایشی گشتیش تێک‌نادەین.

دامەزرانی کۆماری کوردستان چەقڵی چاوی دوژمنان بە تایبەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بوو. بۆیە هەمووکات ئەو وڵاتانە هەوڵیان دا بە هەر شێوەیەک بۆیان بلوێ، ئەو دەستکەوتە لەبار بەرن. ئەو هەوڵانە هەمەلایەنە و تەنانەت وەک هەمیشە پلانی هێرشی نیزامی هەبوو. ڕێبەرانی کۆمار ئەم ڕاستییەیان دەزانی و هەستیان بە هاوکاری و هاوئاهەنگی دوژمنانی کورد کرد بوو. پێشەوا لە نوتقی نەورۆزی ساڵی ١٣٢٤ کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٧ دا هاتووە، دەڵێ:

ئەم ڕۆژانە تورکیا و ئێران و عێراق خەریکی گفتوگۆن دەیانەوێ پەیمانی مەنحووسی "سەعدآباد" کە مادەیەکی بە زیانی کوردانە، ئێستاش هەر بۆ دوژمنایەتی کوردان تازە بکەنەوە و بزانن ئەو معاهدانە وەکوو لە پێشدا کاغەز پارەیەک پتر نەبوو ئێساش کاغەزپارەیەک زیاتر نییە. ڕەزاشا، مستەفا کەماڵ، مەلیک فەیسەڵ کە بۆ دوژمنایەی کوردانیان پەیمان بەست لە ماوەیەکی کەمدا خودا لە نێوی بردن و ئێستاش هومێدمان لە خودای بەرز ئەوەیە: کە ئەو کەسانەی کە خەریکی بەستنی پەیمان بە دوژمنایەتی کوردان بن بە دەستی خۆیان قەبری خۆیان هەڵدەکەنن.

هەروەها هاوپەیمانی نێوان وڵاتانی تورکیە و ئێران و عێراق و یەکدەنگی و کۆبوونەوەکانی ئەوان بۆ لەناوبردنی کۆماری کوردستان، لە قسەکانی ڕادیۆ پاریس دا دەردەکەوێ. ڕۆژنامەی کوردستان لە ١٣ی مارسی ١٩٤٦دا دەنووسێ: دەوڵەتی تورکیە بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی پەرەسەندنی بیری ڕزگاریخوازی لە نێو کوردان دا، هیزێکی گەورەی چەکداری لە سنوورەکانی لای ئێران وەکۆ کردووە.

بە پێی ڕۆژنامەی "ئێران" لە ڕێکەوتی ١٠ی ئاوریلی ١٩٤٧دا ڕەزمئارا لە سەر ڕێکەوتنی ٣ وڵاتی تورکیە و ئێران و عێراق لەمەڕ لەناوبردنی کۆماری کوردستان دا دەنووسێ:

پێوستە بوێژرێت کە لەم مەسەلەیەدا( مەسەلەی پەلاماربردن بۆ سەر کۆماری کوردستان- نووسەر) تورکەکان یارمەتییەکی گەورەیان بە ئێمە کرد و دایما وە پێوەندیمان بووە. دەوڵەتی عێراقیش لەسەر بنچینەی قەول و قەرار باس و بڕیاردەکردنی نێوانمان هەموو پێوەندی لەگەڵ ڕاگرتووین و یەکێک لە جەنەڕاڵەکانی عێراقی بە نێوی سەید حیجازی دایما هاتووچۆی لای ئێمەی کردووە و یاریدەی داوین ...

هاوکات لەگەڵ هەڵوێستی فەرمی وڵاتانی سەرەکی دژ بە کورد، دەست و پەیوەندییەکانی ئەو نیزامە دواکەوتوانە، بە نووسین و بڵاوکردنەوەی وتاری نارەوا و تەبلیغاتی ژەهراوی، کۆمەڵگاکانیان بە دژی کورد هان دەدا. ئەو ڕۆژنامانە بە هۆی بەستراوەییان بە دەوڵەتەکانیان، تا ڕادەیەکی زۆر بۆچوونی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیان دیاری دەکرد. ئەگەر چاوێک بە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٩ دا بخشێندرێ دەردەکەوێ کە ڕاوبۆچوون و ڕوانگەی وڵاتی تورکیە لە سەر کۆماری کوردستان چۆنە. "ئەحمەد ئیلاهی" باسی وتاری "ڕەفیق ئاتای" دەکا کە بووچوونەکانی لە ڕادیوی ئانکارا بڵاو بۆتەوە و دەنووسێ: ١ – ئاغای مقالە نووس وتویەتی مەلامستەفا بارزانی هاتوە لە نێو ئەکرادی ئازەربایجان جەمهوریەتیان تەشکیل داوە و ئەو شەخسە خوێنرێژە دەبێ لە خوێنی خۆی دا بگەوزێ.

٢ – شوڕای ئەمنییەت پێشگیری لەو نەوعە کارانە بکا هەرچەند ئێمە بە بچووکی بزانیین ئەوە کارێکی گەورەیە و ئەهمییەتی زۆرە.

لە جوابی ئەوەڵی دا ئاغای مقالە نووس نازانم بێخەبەرە لە ئەوزاع یا لە خوێ دەگۆڕێ ئاشکرا نانووسێ ئەگەر لە وەزع بێخەبەرە بۆچی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی ئانقەرەدا نیسبەت بە قەومی نەجیبی کورد کەلیماتی ڕەکیک دەنووسێ و نێوی زەعیمی ڕێگای نیشتیمان بە ڕێگیر لە قەڵەم دەدا و تەشکیلی دەوڵەتی کودستان بە نێوی ئەسڵی ئاشکرا ناکا. ئاغای ساڵح ڕەفیقی ئاتای مقالە نووسی مەشهووری تورکییە بێگومان لە ئەوزاع باخەبەرە بەڵام وادیارە حەقیقەتی بۆ بەیان ناکرێ چۆن غەرەزی هەزار ساڵەی تورک و کورد مەودای نادا ئیقداماتی میللەتی ڕەشیدی کوردوستانی سەربەخۆی لە سەر پایەی دێموکراتی حەقیقی بە بێ غەرەز بەیان بکا و وابزانم ڕۆژنامە و گواری زبانی شیرینی کوردی کە لە ئەغڵەبی نوقاتی کوردستان و بەڵکە لە خاریجی مەنتەقەی کوردنشین دا بڵاودەکرێتەوە بە نەزەری نویسەندەی نێوبراو دەگا، فەقەت سیاسەت ئیجازەی نادا ئەسڵی حەقیقەت ئاشکرا بکا. ئاغای نویسەندە تەشکیلی دەوڵەتی کوردوستان بە ڕهبەری پێشەوای موعەزەم حەزرەتی محەمەدی قازی لە پاش ساڵەهای ساڵ زەحمەتکێشانی ئەو زاتە موبارەکە خسووسەن لە مەدەتی پێنج ساڵی ئەخیر دابۆ سەرکەوتنی ئازادی کوردوستان بە شەو و بە ڕۆژ تەقەلای دەدا تاکو موفەق بوو بە دانانی حکومەتی کوردستان لە سەر مەڕامی دێموکراتی حەقیقی و بە ئەساسێکی موحکەم دامەزراوە ...

لە خەبەرێکی کە لە قاهیرە وەرگیراوە.

دەوڵەتێکی جەمهووری کوردستان سەربەست لە ئازەربایجان دامەزراوە و ئامانجی ئازادکردنی کوردستانی تورکییە و ناوچەی سەرەوەی عێراقە و گفتگۆی نووری سەعید بەینی عێراق و تورکییە لەبەر ئەو مەسەلەیە. ورامی ڕەسمی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە شۆڕشەکانی کورد ئەوەیە کە شۆڕشی عەشایرییە بەڵام دە حەقیقەت دا ئەم شۆڕشانە شۆڕشی میللی بووە و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە بۆ کەڵک وەرگرتن لە نەوت و کانگاکانی خۆی.

بزوتنەوەی مستەفا کەماڵ بەرامبەر بە کورد هەموو بۆ دامرکاندنی بزوتنەوەی کورد بووە.

ئەو خەبەرە لە قاهیرە وەرگیراوە دەڵێ: دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە یارمەتی دەوڵەتی شوڕەوی بۆ ئەوەی کەڵک لە نەوت و کانگاکانی وەرگرێ و تاوێستاش سەنەدێکی ڕەسمی لە بابەت ئەم جەمهووریەتەوە لە لایەن دەوڵەتی شوڕەوییەوە وەچەنگ نەکەوتووە و بە ڕاستی مەنزور لەو نیهزەتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکیتی سەربەخۆی کوردی ئێران و عێراق و تورکیەیە کە لە ژێر پشەوایەتی جمهورییەتێکی ئازاد دا بژی.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٥١ دا لە ژێر بابەتی "ئێمە بە تەواوی هێزی خۆمان... "دا دوای ئەوە ئاماژە بەوە دەکا کە بە هۆی کوژرانی چەند کرێکار بە دەست ژاندارمەری، پێشوازی لە هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد و ئازەربایجان نەکرا، لەو وتووێژانەدا ئاماژە بە هەڵسوکەوتی خراپی وڵاتانی ئیستیعمار دەکا. بە پێی ئەو نووسراوەیە وڵاتانی ئیستیعماری سەرپۆش لە سەر کردەوە دزێوەکانی خۆیان لە یۆنان و ئەندونزی و میسر دادەنێن و وەک ئاتۆیەیەک بە دژی شووڕەوی لە کێشەی ئازەربایجان و کوردستان کەڵک وەردەگرن.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی کورد کە گەمەی سووفییەت لە لاپەڕەی ١٧ی کتێبەکەی دا، لە سەر هەڵوێستی ئێران دەنووسێ:

یەکەمین سەفیری عێراقی بۆ دەرباری پەهلەوی گفتوگۆی خۆی لە گەڵ سەفیری بەریتانی لە تاران دەربارەی کێشەی کورد بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە: ئینجا چوینە سەرباسی سیاسەتی ئێران بەرامبەر کێشەی کوردەکان. وتم: لەوەتی گەیشتومەتە تاران تا ئەمڕۆ، بەرپرسە ئێرانییەکان چەندین کەڕەت باسی کێشەی کوردیان لە گەڵ کردومەتەوە. وا تێگەیشتم ئێران گرنگییەکی زۆر بە کێشەی کوردەکان ئەدا، عێراق هەرچی کارئاسانییەك بۆ ئاواتی کورد بکا ئەمان بە جەزربەیەکی دائەنێن بۆ سیاسەتی ئێران و بە مەترسییەکی دائەنێن لە دەرەوە دێتە سەریان. هەروەها وا حاڵی بوم کە سیاسەتی ئێرانی پشت ئەبەستێ بەو تەئمیناتەی دراوێتێ دەربارەی یارمەتی نەدانی کورد بۆ وەرگرتنی لەوە زیاتر کە بەدەستیان هێناوە.

وتی: زۆر جار گفتوگۆمان بوە لە گەڵ تەیمورتاش دەربارەی کورد. ئەتوانم پێت بڵێم هەندێ جار دەمەقاڵەشمان بوە لەسەری. ئەوەی ئەیزانم سیاسەتی تورك بەرامبەر کوردەکانی دانیشتوی ئەو وڵاتە، سیاسەتی توندوتیژی و نەهێشتنیانە بە هەمو ڕێگایەك، ئینجا بە تورك کردنیان. بەڵام سیاسەتی ئێرانی بەرامبەر کورد بریتییە لە سیاسەتی پشت گوێ خستن، واتە فەرامۆش کردنی ڕەگەزی کورد و یارمەتی نەدانی لە ڕوی پەروەردە و تەندروستی و ئیسلاحات و شتی ترەوە تا ڕۆژێ دێ ئەوەندە لاواز ببێ نەتوانێ خۆی ڕابگرێ و، ناچار بێ لە ناو ڕەگەزی ئێرانیدا بتوێتەوە و نەمێنێ.

## هەڵسوکەوتی کۆماری ئازەربایجانی باشوور لەگەڵ کۆمار

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دیارییکردنی کابینە، حکومەتی کۆماری ئازەربایجانی باشوور(تەورێز) بە شێوەیەکی دروست و دۆستانە لەگەڵ کۆماری کوردستاندا، هەڵسوکەوتی نەکرد و پێوەندیی ئەو دوو حکومەتە لە دۆخێکی جێگیردا نەبوو. هەیئەتەکانی ئازەری بەشداری ڕێوڕەسمەکانی کوردستانیان نەکرد و جیا لە هێندێک بابەتی ڕۆژنامە و ڕادیویی بە فەرمی ئیعتڕافیان بە کۆمار نەکرد. تەنیا کاتێک کە مەترسی هێرشی ئێران لە باشووری کوردستان ڕا هاتە گۆڕی، حازر بە بەستنی پەیمانی نیزامی لەگەڵ کۆماری کوردستان بوون.

ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٩- ١٩٤٦/١/٢٩ واتە ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندی کابینەی حکومەتی کوردستان، میرزا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیبراهیمۆڤ و حەسەنۆڤ لە تەورێز ڕا نامەیەکیان بۆ باقرۆڤ نووسی و ڕایانگەیاند: پێوەندیی نێوان ئازەربایجانییەکان و کوردەکان بەتایبەتیی لە شارەکانی ورمێ و سندوسدا زۆر ئاڵۆزە. هەندێک سەرۆک عەشیرەتی کورد دەیانەوێت لە شاری سندوس کە ٪٧٠ دانیشتووانی ئازەربایجانیی ″قەرەباخ″ن و لە ورمێ کە ژمارەیەکی کەمی کورد لێیە، دەسەڵاتی خۆیان دەسەپێنن. لەم دواییانەدا زانیومانە کە نوری بەگ و زێرۆ بەگ سەرکردەکانی کورد، خەڵکی ورمێ ناچار دەکەن کە بچنە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە. هەرچەندە ڕێبەرانی ئێستای کورد باسی ″ئازادیی کورد″ و ″کوردستانی گەورە″ دەکەن، بەڵام لە ڕاستییدا ئەوان بە تەواویی لایەنگری ڕاگرتنی سیستمی دەرەبەگایەتین.

لە هێندێک قۆناغدا بە تایبەتی ئەوکات کە مەترسی ڕێژیمی ئێران لە زیاد بوون دابوو، هەڵسوکەوتی کۆماری ئازەربایجان لە حاست کورد گۆڕانی بەسەر دا هات و باشتر بوو. لە کتێبی "کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ" دا، باس لە هەیئەتێکی سێ کەسی ڕێبەریی لە تەورێز بۆ چاوەدێریی کردن بە سەر کارەکانی کوردستان دا دەکا و چەند پێشنیارێک دێنێتە گۆڕێ. میر جەعفەر باقرۆڤ فەرمانی پێدان کە دژی ئەو سەرۆک خێڵانەی ئازەربایجان و ئەو کوردانەی کە پەرە بە ناکۆکیی نەتەوەیی دەدەن و ماڵ و سامانی خەڵک تاڵان دەکەن، بە توندیی هەڵسوکەوت بکەن. بە فەرمانی "باقرۆڤ"، "نەسیر داداشۆڤ" فەرمانبەری پێشووی وەزارەتی ناوخۆی ئازەربایجانی سۆڤیەت، بە ناوی فەرمانبەری بازرگانی و "مەلیک ئەسلانۆڤ" وەک بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سۆڤیەت، بۆ چاوەدێری کردن بەسەر کارەکاندا لە مەهاباد جێگیرکران.

هەر لەو پێیەدا سەید محەممە حەمیدی لە کوردستانی ژمارە ٤١ دا، لە ژێر سەردێڕی کوردستان خۆ ڕادەپسکێنێ... باس لە وتەکانی ڕادیو تەوریز بە زبانی کوردی لە شەوی ١٣٢٥/٢/٣ دەکا و دەنووسێ: کوردستان دنیایە بانگ دەکا و هاواری خۆی بە هەمووان دەگەیەنێ. ئەی دنیا بزانە کە کوردیش بەشەرە و دەیەوێ بەشەری دی چۆن دەژی ئەویش وا بژی. کورد دەیهەوێ لەو خانوانەی کە لە ئەشکەوتەکانی دەورەی بەرد (حەجەر) تەنگ و تاریک و پیسترە بێتە دەرێ. کورد دەیەوێ لەو ژیانە نگریسە کە دەستی ئیستیعمار ڕایگرتووە خۆی نەجات بدا...

رادیو تەوریز لە درێژە دا دەڵێ کورد دەیەوێ فلاعەتی موتوڕی و مکانیکیکی بکا، بە حەوا دا بڕوا، بخوێنێ، سڕیی دروست کردنی کارخانە و ئیختڕاعات بزانێ. کورد دەیەوێ بە ئینقلابی ئەوان حیسابی ئاژاوە و گێرەشێوێنی بۆ نەکرێ. میللەتان دنیا ئەگەر بە هانایانەوە ناچن لانی کەم لێیانگەڕێن. کورد بۆخۆی لیاقەتی ئیدارەی خۆی هەیە ...

سەرەڕای ئەوانە، بە گشتی قەت تورکەکان ڕێزیان بۆ مافی کورد دانەناوە و حازر نەبوون حەقی کورد بە ڕەسمی بناسن. بەپێی لاپەڕەی ١٠٦ی بەڵگەنامەکانی کتێبی "اسرار محاکمه قاضی محمد ویارانش" ڕۆژنامەی "ئەلئەخباری" بەغدا، بابەتێکی لە "ئیدوارد ڕێنتاڵ" سەبارەت بە زانیاری لەبارەی کۆماری کوردستان وەرگێڕاوە تێیدا هاتووە، کە بە دوای چوونەدەری سەربازانی شووڕەوی، پیشەوەری بە پشتیوانی ڕووسان، بە پێشەوای ئەمر کرد کە سەربەخۆیی کوردستان دەبێ لە ژێر فەرمانی ئازەربایجان دا بێ و دەبێ تەواوی کێشە سنوورییەکان، بە قازانجی ئازەربایجان چارەسەر بکرێ. بەڵام پێشەوا قازی پەیوەندی بە پێشەوەری گرت و ئاگاداری کردەوە کە ئەویش پەیوەندی بە ڕووسانەوە هەیە و ئەوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێیان گوتووە کە کوردستان سەربەخۆیە و لەژێر دەسەڵاتی ئازەربایجان دا نییە. بۆیە هەر دوو ڕێبەری کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، بە تیلگراف داوایان لە باقرۆڤ کرد کە بەڕیوانیان لە نێودا بکا.

بە گشتی دامەزرانی کۆمار کوردستان هەم بۆ ڕووسان چاوەڕوان نەکراو بوو هەم حکومەتی تەورێز بە پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد نیگەران بوو. ویلیام ئیگلتۆن لە لاپەڕەی ١٣٢ کتێبەکەی دا دەنووسێ: تا مانگی مارسی ١٩٤٦، تەنیا ئازەربایجان لە واشنتۆن، لەندەن نیویۆرک و مۆسکۆ بە کێشەیەکی گرنگ دەناسرا و وەک کێشەیەکی دژوار و جێی گفتوگۆ بوو، بەڵام لە ناکاو لە ناوچەیەکی بچووکی کوردستان لە مهاباد ڕووداوێکی زۆر مەزن سەریهەڵدا کە تەنانەت ڕووسەکانیش چاوەڕوانی نەبوون. ماوەیەکی کورت داوای پێکهاتنی کابینەی کۆماری کوردستان، دوو ئەندامی باڵای حیزبی دیموکرات بە ناوەکانی محەمەدئەمین شەرەفی و خەلیل خەسرەوی بۆ ئەرکی حیزبی و کاری شەخسی خۆیان چوون بۆ تەورێز. لە نەخۆشخانەی ڕووسەکان، دوکتۆر سەمەدۆڤ بە شێوەیەکی نالەبار لەو دوو ئەندامانەی حیزبی دیموکراتی پرسی: ”ئێوە بۆچی بەبێ ئیزن و ڕەزامەندی یەکیەتی سۆڤیەت حکومەتی خودموختارتان لە شاری مهاباد ڕاگەیاندوە”؟

شەرەفی و خەسرەوی وەڵامیان دایەوە، بەڵام ڕووسەکان بە وەڵامی ئەوان ڕازی نەبوون و گوتیان دەبێ قازی محەمەد خۆی بێت و لەگەڵ پیشەوەری بدوێ. قازی محەمەد هات و پیشەوەریی لە هۆتێلە کۆنەکەی "گراند" چاوی بە قازی محەمەد کەوت. وەڵام و بەرگریی کردنی قازی محەمەد سادە و ساکار بوون، یرماکۆڤ نوێنەری ڕووسەکان لە تەورێز ئاگاداری هەستی خەڵکی کوردستان بەرلە ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ بوو. ئەو لە ئوتۆمبیلە جیپەکەیدا لە نزیک چوارچرای مهاباد شاهیدی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسم و جەژنی دووی ڕێبەندان بوو. یرماکۆڤ لە ڕۆژی یەکەمەوە بەتوندی دژی ئازاد بوونی ناوچەیەک لەژێر ناوی کوردستاندا بوو، بەڵام گفتوگۆ و دانیشتنەکانی لەگەڵ قازی محەمەد، بە ڕادەیەکی زۆر ژەنەڕاڵ ئاتاکیشیۆڤی ڕازی کردبوو کە کاتی پێکهاتنی ئەو ڕووداوە، پیشەوەریی دژی نەوەستێت.

قازی محەمەد دوای گەڕانەوەی لەو گەشتە، لە فیکری قایم کردنی پایەکانی کۆماری کوردستان کەوت. بۆ ئەو مەبەستە بەرلە هەموو شتێک بیری لە سوپایەکی ڕێکوپێک کردەوە. دوای ماوەیەکی کەم و دوای پێکهاتنی کابینە، لە کۆتایی مانگی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا داوای نزیکەی پێنج هەزار چەکی ڕووسی وەک تفەنگی برنو، دۆشکە و دەمانچەی کرد. هەرچەندە ڕووسەکان بەڵێنی تانک و تۆپیشیان بە قازی دابوو، بەڵام لە ناردنیان خۆیان پاراست و تەنیا "کۆکتل مولۆتف"یان وەک چەکێکی دژە تانک بۆ ناردن. ئەو چەکانەیان تا پێکهاتنی سوپای کوردستان لە کۆگای دوخانیاتی مهاباد بوون. هەروەها ڕووسەکان دوای مانگێک هەندێک ئامێری مۆسیقای سەربازییان بۆ نومایشە سەربازییەکان بۆ کۆمار نارد. "هەژار" شاعیری نەتەوەیی پێشتر شیعر و سرودی نەتەوەیی دانابوو، ئاوازێکی تێکەڵاوی کوردی، فارسی و تەنانەت ڕۆژئاوایی لەلایەن دوو وەزیری کۆمار بە ناوەکانی مەناف کەریمی و مەحمود وەلی زادە بۆ ئەو سرودە ئامادە کرابوو. کۆپلەی سەرەتایی سرودەکە وەک چاوەڕوان دەکرا، لە نیشتمان، ئاڵا و پێشەوا قازی محەمەد دەدوا، بەڵام کۆپلەکانی دوایی لە خۆبەزلزانیی و بیری جیاوازیی خوازیی سەرکردەکان دەدوا، وەک:

نەوتم دەوێ ژیانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسێرت و کرماشانە
باباگوڕگوڕ دەزانێ
لە موسڵیش دا هەمانە.

ئیگلتۆن لە درێژە دا دەنووسێ: ئاکامی وتووێژی قازی و پیشەوەریی لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا، تەنیا ئەو مافەی بە کوردان دەدا کە حکومەتێکی ناوچەییان هەبێت، بەڵام تورکەکان بەوەش ڕازی نەبوون و دەیانگوت: خودموختاریی کوردستان دەبێ لە چوارچێوەی حکومەتی ئازەربایجاندا بێت.

لە کۆتایی مانگی مارسی ١٩٤٦دا کە بەرپرسانی ڕووسیا هێشتا لە تەورێز بوون، داوایان لە قازی محەمەد کرد و گوتیان میرزا ئیبراهیمۆڤ وەزیری پەروەردەی ئازەربایجان و ژەنەڕاڵ قولێوۆڤ لە باکۆوە هاتوون و پێیان خۆشە چاویان بە ئێوە و بەرپرسانی کۆمار بکەوێت. قازی محەمەد سەرکۆمار لەگەڵ حاجی باباشێخ سەرۆک وەزیران، سەیفی قازی وەزیری جەنگ، مەناف کەریمی وەزیری پەروەردە، سەید محەمەدی ئەیوبیان وەزیری تەندروستی، عەبدوڵا قادری سەرۆکی خێڵی قادریی مامەش، کاک هەمزە ئەمیر عەشایری مامەش و کاکە سوار لە هۆزی مەنگوڕ چوون بۆ تەورێز. میرزا ئیبراهیمۆڤ قازانجەکانی یەکیەتی لە نێوان دوو نەتەوەی ئازەربایجان و کوردستانی بۆ شی کردنەوە و پێیڕاگەیاندن کە ئارەزووەکانی ئێوە بۆ ئازادی تەنیا بە ڕێگای خەباتی هاوبەشی ئێوە لەگەڵ کوردەکانی عێراق و تورکیا دەستەبەر دەکرێت. دواتر ئیبراهیمۆڤ پرسی: کێ بە ئێوەی ئیزن داوە کە کۆماری سەربەخۆ ڕابگەیەنن؟

هەربەم جۆرەی کە ئەوان پێشتر وەڵامیان دابووەوە، گوتیان یرماکۆف لە سەرەتاوە ئاگادار بووە. ڕووسەکان تەئکیدیان کردەوە کە قازی لاوازیی لە خۆی پێشانداوە و نەیتوانیوە بۆ ماوەیەک خۆی ڕابگرێت و دەسبەجێ هەموو شتەکانی ئاشکرا کردوە و لەم پەندە کەڵکی وەرگرت کە ئەگەر کەسێک نەخۆش بکەوێت، دەبێ بە گوێرەی ئامۆژگارییەکانی پزیشک بجوڵێتەوە.

سەیفی قازی و حاجی باباشێخ لەگەڵ ئەو ڕایە نەبوون و پەنجەیان بۆ هۆیەکی تر ڕاکێشا و گوتیان: ئێوە خەڵکی ڕووسیا زۆر زیاتر لە ئێمە پێشکەوتوون و بانگی ئازدیخوازیی ئێوە گوێی دنیای پڕ کردوە. ئێمە لە چوارچێوەی ئەو وتانەی ئێوەدا کارمان کردوە و کۆمارمان ڕاگەیاندوە.

ئایا ئێوە دەڵێن، ئێمە دەبووایە دژی خواستی خەڵکەکەمان هەنگاو بنێین؟ ئەگەر دەڵێن کورد نەتەوەیەکی لاوازە و دەبێ خۆی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە هەڵواسێ، ئەی بۆچی ئێمە جارێکی تریش خۆمان بە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانەوە نەبەستینەوە؟

ڕووسەکان بە بیستنی ئەو قسانە، داوایان لە لیژنەکە کرد بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە تەورێز بمێننەوە، تا لە باکۆوە فەرمانی پێویست دەگات. لە کاتی دیارییکراودا ئەم وەڵامە گەیشت: کوردەکان دەتوانن حکومەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت.

## هەڵسوکەوتی بەشەکانی دیکەی کوردستان سەبارەت بە کۆمار

ڕەنگدانەوەی کۆماری کوردستان لە بیر و هزر و خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستان دا خۆی نواند و کۆمار ببوو بە هیوا و هۆمید و ئاوات و ئارزووی گشت کۆمەڵانی خەڵک و شاعیر و نووسەران، لە نووسین و هەڵبەستان دا، ئاواتیان خواست ئەو چرۆیە بێتە بەر و ببێتە پاڵپشتێک بۆ ڕەزگاری هەر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوار پارچەی کوردستان.
بۆیە بە پێکهێنانی کۆماری کوردستان جێژن و شادمانی و خۆشی کەوتە نێو دڵی خەڵکی کورد و بە سەدان نامە و ڕاسپاردەی خۆشحاڵی و شادمانی و پشتگیری بۆ کۆمار ناردرا و هیوا خوازرا کە ئەو دەسکەوتە مێژووییە، هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان بگرێتەوە. بە پێی لاپەڕەی ١٩٥ی ڕەحیمی قازی و بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی ڕەهبەری ١٩٤٦ دانیشتوانی مەڵبەندی سنە و کرماشان و شائاباد و قەسری شیرین کە لە ژێر دەستەڵاتی نگریسی ڕێژیمی ئێران و ئوردووی ئینگلیزدا بوون، لە مانگی ئاوریلی ١٩٤٦دا لە نامەیەک دا بۆ ڕێبەرانی کۆماریان نووسی:
جەنابی قازی، بیر ڕووناکان و لاوان ڕزگاریخوازی مەڵبەندی سنەو کرماشان چاوی هیوا و هومێدی خۆیان بڕیوتە جوڵانەوەی دیموکڕاتیکی مەهاباد. هەزارەها پیرەمێرد و پیرەژنی هەژار و زەحمەتکێش، هەزارەها لادێیی کە لە ژێر زوڵم و زۆرداری و چەنگی چەوسێنەری ژمارەیەک خوێنخۆری بێ شەڕەفدا هەڵکەوتوون بە چاوی فرمێسکئاوی هیواو هومێدەوە تەماشایی مەهاباد ئەکەن وە هەموو بە دەنگێکی بەرزەوە ئەڵێن: ئەی برایانی قارەمانی کورد و ئەی ئەو کەسانەی کە بە تەواوی جیاهانتان ڕاگەیاند مافی گەل نادرێت، بەڵکو ئەستێندرێت، ئێمەش لە باوەشی خۆشەویستی و گەرم و گوڕی خۆتاندا بگونجێنن.
هەر لەوچوارچێوەیەدا حەسەن ئەرفەع لە سەر کێشەکانی سەقز و بانە بە دوای هەڵبژاردنی ژێنڕاڵ ئەمین بە فەرماندەری هێزەکانی کوردستان لە لاپەڕەی ٢٧ی کتێبی "کوردەکان" دا دەنووسێ: ... دوای ئەو هەڵبژاردنە هێزەکانی ژێر فەرماندەری محەمەد ڕەزا مەریوانی، مەحمودی کانێ سانانێ، محەمەدڕەشیدی ئەلمانە، محەمەد عەلی گوڵباغی، عەلی گوڵەژێری، فەرەج کۆماسی، جەلال گمباری و مەحمود لهۆنی بۆ وتوویژ لە گەڵ ژێنڕاڵ ئەمین چونە سنە. کوردەکانیان دەستبەسەر کرد بەڵام بە پێی داوای ئەفسەرانی ئینگلیسی نیشتەجێ لە سنە دوای ٢٤ ساعەت ئازاد بوون. هاوکات کوردەکان داویان لە بەرپرسانی ئێرانی کرد کە خودموختاریان بدەنێ، بەلام دوای دە ڕۆژ بەرپرسانی ئینگلیسی وڵامیان دانەوە کە ناتوانن ڕاستەوخۆ ئەو کێشەیە حەل کەن ...
لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٧ی ساڵی ١٩٤٦ دا سەید محەممەد حەمیدی، لە پەیام نووسی "ئەلمسری" لە دمشق بابەتێکی وەرگێڕاوەتەوە کە دوای ئەوە بە وردی باس لە پرسی کورد دەکا، لە وتوویژ لەگەڵ قەدری بەگ جەمیل پاشا کە ژیان و بەسەرهات و کارەکانی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٩٢ دا بە وردی خراوەتە بەرباس، دەپرسێ:
ئایا کوردان تێکڕا ئەو جەمهورییەتە تەئیید دەکەن؟
جەمیل پاشا لە وڵام دا دەڵێ: هیچ گومان دەوەیدا نییە کە هەموو کوردێکی خالس لە قەومییەتی خۆیدا هەموو جوڵانەوەیەکی ئازادیخوازی دەو دونیایەدا وەکو جوڵانەوەی ئەندونوزی یا سووریە یا میسر، هەموو جێیە تەئیید دەکا. ئێمەش بە تەبیعەت هەر جوڵانەوە و شۆڕشێک کە مەبەستی دەوێدا نەجات دانی هۆزی کورد و دەربازبوونی ئەو بێ لە مەینەت دەجنین و خۆشحاڵ دەوی و جیاوازییەک لە نیوان جوڵانەوەی ئێحسان نووری پاشای بتلیسی و مستەفا بارزانی و قەیامی محەمەد سابڵاغی(قازی محەمەد) دا مادامێک هەموویان وەتەنی و قەومی و بە دوژمنایەتی ئیستعمار بن، دانانێین.
بێشک کاریگەری ڕووداوەکانی فەرهەنگی سیاسی لەسەر کۆمەڵگاکان نیزیک بە یەک، بە تایبەتی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانە کە سەر بە تۆرەمە و جیلێکن، لە ڕادەبەدەر زۆرە و کۆماری کوردستان لەسەر کوردەکانی بەشەکانی دیکە کاریگەری زۆر بوو. جموجۆڵی تێکۆشانی کوردەکانی تورکیە بۆ ئازادی، دەوڵەتی تورکیە هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە لە حاست کوردان ڕێگای دیکە بگرێتەبەر. کوردە گیراوەکان ئازاد بکا و ئەوانە بە زۆر لە سەر زێدی خۆیان دوور خرابوونەوە، بیانگێڕێتەوە.

ڕەحیمی قازی لە لاپەڕەی ٢٠٠ ی کتێبی "بزوتنەوەی..." دا دەنووسێ کە لە مانگی ئاوریلی ١٩٤٦ دا ژمارەیەک لە عەشیرەتەکانی دەوروبەری ئاڕارات بە دزی هاتنە مەهاباد و لە ماڵە پیشەوا میوان بوون. یەکێک لەوانە بە نوێنەرایەتی ئەوانی دیکە گوتی:

ئەمڕۆ لە سایەی خواوە لە لای ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەستێرەیەکی ڕووناک دەدرەوشێتەوە و مەزنێکی وەک قازی محەمەد ڕێگەمان پێنیشان دەدات بەرەو بەختەوەری و ئازادی. ئێمە عەشیرەتەکانی کوردستانی تورکیا بە گەورە و بچووک، بە ژن و پیاو، ئامادەین لە ڕێگەی پێشەوای کوردستان قازی محەمەد وە حیزبی دیموکراتی کوردستان فیداکاری بکەین.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٢٠١ ی ئەو سەرچاوەیە، لە مانگی سپتامبری ساڵی ١٩٤٦دا قەدری بەگ کوڕزای جەمیل پاشای دیاربەکر و قازی مەلاوەهاب لە کوردەکانی تورکیە، بە نوێنەری کوردانی سوریە و تورکیە هاتنە مەهاباد تا پشتیوانی خۆیان لە کۆماری کوردستان ڕابگەیەنن. ئەوانە لە لایەن پێشەوا قازی و کومیتەی ناوەندی زۆریان ڕێز لێگیرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیوەندی کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکان

کۆماری کوردستان دامودەزگای نەتەویەکی شۆڤێنیست و دواکەوتوو دژ بە نەتەوەکانی دیکە نەبوو بەڵکوو لەو دەستەڵاتە دا، کەمە نەتەوەکان ژێردەستە و ماف خوراو نەبوون، لە هەموو حەق و ماڤێک دا بەشدار بوون. ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە پێشکەوتوو شۆڕشگێڕانەیە لە لاپەرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دا بەدی دەکرێ. لە کوردستانی ژمارە ٦٦ دا عەبدولقادر ئەحمەد لە بابەتی"دۆستمان کێیە و دوژمنمان کێیە؟"دا دەنووسێ: ... ئیستیعمار قەومییەتی وشکی (ئێعتدائی) فێری عالەم کرد بوو. یەعنی کە من کوردم نیشانەی نەتەوەپەروەریم ئەوەیە کە ڕقم لە نەتەوەکانیتر ببێتەوە و دەبێ زەرەریان پێبگەیەنم و خۆم بە زۆر و ئەوان بە کەم دابنێم ...

نووسەر دوای ئەوە ئاماژە بەوە دەکا کە ئەمڕۆ ئەوە باوی نەماوە، دەنووسێ: ... ئێمڕۆ کەس کوردێکی خائینی نیشتمان فرۆشی لە عەڕەب یا عەجەم یا یونانی و یا ژاپانێکی ئازادیخواە بە چاکتر نازانێ. چوونکە هەروەکوو کورد گرفتاری دەستی ئیستیعمار و نۆکەرەکانیەتی نەتەوەی عەڕەب و عەجەم و غەیرەش بە عەینی دەرد گرفتارن...

هەڵسوکەوتی ئێنسانی کورد لەگەڵ کەمە نەتەوەکان، ئەوانشی هان دا تا لەژێر دەستەڵاتی کوردان دا داوای ماڤی خۆیان بکەن. بە پێی لاپەرەی ١٢٢ی "فراز و فرود فرقه" ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد بوو بە هۆی ئەوە کە ئەرمەنییەکانی دەوروبەری ورمێش وەک بەشێک لە ئەرمەنستانی گەورە ئیشتیای خودموختاری بکەن. لەوبارەوە س. عەلیزادە جێگری کۆمیساریای دەرەوەی شووڕەوی لە ٢٨ی ژانوییەی ١٩٤٦ دا لە ڕاپۆرتێک دا بۆ باقرۆف دەنووسێ و لەوێ دا دەگێڕێتەوە کە کاتێک چووتە مەسکۆ هاوڕێ کاراپیتیان کۆمیسێری بابەتەکانی دەرەوەی ئەرمەنستان، پێگوتووە کە تەنیا ئەرمەنییەکانی باشووری ئێران کۆچ دەکەن و لە کاتی ئەو کۆچکردنەشیان دا بەشێکیان لە سەروی ئێران جێگیر دەبن. ئەو گوتی کە ئەوان لەو باوەڕەدان کە لەو ناوچەیەدا خودموختاری ئەرمەنییەکان دابمەزرێنین. ئەو باسی ئەوەی کردووە کە لەو مەڵبەندەدا ١٢٠هەزار ئەرمەنی دەژین و دێهاتی ئەرمەنی وا هەیە کە لە پێشوو دا نێوی ئەرمەنیان هەبووە.

س. عەلیزادە دەڵی کە کاتێک کارپیتیان چاوی بە س. ئی. سیچۆڤ ڕەئیسی بەشی ڕۆژهەڵاتی کۆمیساریای دەرەوەی شووڕەوی کەوت پێیگوت:

کۆچی ئەرمەنییەکانی نیشتەجێی ئێران، تەنیا ئەرمەنی باشووری ئێران دەگرێتەوە و ئیمە ئیجازە نادەین ئەرمەنی باکووری ئێران کۆچ بکەن.

سەرەڕای ئەوانە دەوڵەتی ڕووسیە بە ١٣٠ هەزار کەس ئەرمەنی ئێران و ترکیە و سوریە و لوبنان و فەڕانسە و ئەمریکای ڕێگا دا کە لە وڵاتی ئەرمەنستان جێگیر بن. پێشتر بۆ ئەوانە هێندێک ئامادەکاری لە بابەت خانوو کرابوو و هەروەها لە ژێر دەستەڵاتی کەسێک بە ناوی لئۆن، کومیسیونێک بۆ ئەوکارە لە تەورێز پێکهات بوو. دیارە ئەو ئەرمەنیانەی کە پێشتر لە ڕووسیە نەمابوون زیاتر پییانخۆش بوو کە بگەڕێنەوە بۆ ئەرمەنستان.

کۆماری کوردستان کاریگەری زۆری لە سەر ئەرمەنییەکان دانا بە چەشنێک کە لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان، بە ڕێزەوە یادیان لە کۆماری کوردستان کرد. لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٢ دا ئاماژە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە ماڵئاوایی نوێنەرانی نەتەوەی ئەرمەنی دەکا کە لە سەردەمی کۆماردا گەڕانەوە بۆ وڵاتی ئەرمەنستان و تێیدا هاتووە:

... ئێمە چەند ساڵێکی درێژە خاکی پاکی کوردستان لە ژێر حەمییەتی میللەتی وەجاخزادەی کورددا بە خۆشی و شادی ڕامانبواردوە و ژیاوین و هەمیشە لە نێو کوردان دا بە شەڕافەتمەندی و سەربەرزی و ڕەزامەندی ژیاوین لەم وەختەدا عەرزی ماڵئاواییان هەیە و کە بۆ نیشتیمانی ئەسڵی خۆمان ئەرمەنستان دەچنەوە و لە کوردستان دووردەکەوینەوە بەم وەسیلەیە داخ و تەئەسفی خۆمان لە دووری برایانی کورد ئێزهار دەکەین و لە خودا دەپاڕێنەوە کە هەتاهەتایە میللەتی وەجاخزادەی کورد بە سەربەرزی و ئازادی بژی و نێوی مەزنی و عەزەمەت و سەربەستی ئەو میللەتە لە گیتی دا دەنگ بداتەوە.

بە پێێ ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧١ ، ئەو ئەرمەنییانە لە وڵاتی خۆیان خانوویان بۆ دروست دەکرێ و ڕادەی ٢٠ تا ٣٠ هەزار ڕوبڵیان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بە قەرز دەدرێتێ. جێی ئاماژەیە کە لە زەمانی قاجارەکان دا، ڕووسەکان پێیانخۆش بوو کە موسوڵمانەکانی قەفقاز بۆ ئێران کۆچ بکەن و لەبەرانبەردا مەسیحییەکانی ئێران کە زۆرتر ئەرمنی بوون بچن بۆ ئەوەێ.

لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمار لە حاست نەتەوەی یەهوودی، لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧٥ی ساڵی ١٣٢٥دا هاتووە:

لە ژێر حیمایەتی حەزرەتی پێشەوای موعەززەم و مەحبوبی کوردستان و نزارەتی ئیدارەی موحتەرەمی فەرهەنگ بە ئیجازە لە مەقاماتی بەرزی کوردستان مەدرەسەیەک بە نێوی تێکەڵی کوردی و عیبری دەکەینەوە. پێویستە لە بروای ئەو ئاگادارییەوە منداڵانی خۆتان چ کوڕ و چ کچ بە دەفتەری ئەو مەدرەسە کە ڕووبەرووی عەمارەتی داودزادەیە بە موعەرەفی و بە ثەبتی بگەیەنن.

**کۆتایی بەرگی ١**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرچاوەکان

**بەشێک لە سەرچاوەکانی زمانی کوردی کە بۆ ئەو کتێبە کەڵکی لێوەرگیراوە**


١ – کوردستان و کورد، دوکتور کەماڵ مەزهەر
٢ – دەوڵەتی جمهوری کوردستان، مەحموود مەلا عیزەت
٣ – بارزانی و بزوتنەوەی ڕەزگاریخوازی کورد، مەسعود بارزانی
٤ – چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی ، دوکتور قاسملو
٥ - پەنجا ساڵ خەبات، جەلیل گادانی
٦ - کوردەکان، حەسەن ئەرفەع
٧ - کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامید گەوهەری
٨ - کۆماری کوردستان، حامید گەوهەری
٩ - پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، ڕیچارد ئەی مۆبلی
١٠ - تاریک و ڕوون، مامۆستا هێمن
١١ - چێشتی مجێور، مامۆستا هەژار
١٢ - ئەزموونی خەبات، عەبدوڵا حەسەنزادە
١٣- ڕۆژگاری ون بوو، دەستنووسی ڕەحمانی قازی
١٤ - وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی عەبدوڵا قازی
١٥ - ئاڵەکۆک، غەنی بلوریان
١٦ - بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسەند
١٧ – گشت کتێبە بیرەوەریەکانی کەریمی حیسامی
١٨ - حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا
١٩ - قازی محەمەد، حامید گەوهەری
٢٠ - قازی محەمەد، ڕەحیمی قازی
٢١ کاروانی خەیاڵ، خالید حیسامی(مامۆستا هێدی)
٢٢ - ئاوێنەی شکاو، خالید حیسامی(مامۆستا هێدی)
٢٣ - لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، ئەمیر قازی
٢٤ - چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم، ڕەشید ئەحمەدی
٢٥ - خۆم و باپیرانم،سیامەند شێخ ئاغایی
٢٦ - چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەیوب ئەیوبزادە
٢٧ - گۆڤاری نیشتمان
٢٨- ڕۆژنامەی کوردستان و گشت نووسراوەکانی سەردەمی کۆمار، کوردی و فارسی
٢٩ – "شەوێک و خەوێک" بیرەوەرییەکانی محەممەد نووری(عەتری گلۆڵانی)
٣٠ - حەقیقەتی مێژوو، عەبدوڵا حەسەنزادە




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣١ – دەستنووسەکانی ئەحمەدی قازی
٣٢ – گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە
٣٣ – بەشی ١ و ٢ ی کتێبی بەسەرهاتی سیاسی کورد... محەممەد ئەمینی مەنگوڕی
٣٤ - کتێبی "وێنەکانی گەمەی دوایی" لە نووسینی جان چالێنکۆ
٣٥ – ئاوڕێک لە موکوریان، بیرەوەرییەکانی تاهیر ئێلخانیزادە
٣٦ – کتێبی"کورد بوون" بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، ئامادە کردنی وریا ماملێ
٣٧ - کتێبی "ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سیادەت".
٣٨ - کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" نووسینی ڕەحمانی حەلەوی. وەرگێڕانی ڕەسووڵی سوڵتانی

**بەشێک لە سەرچاوەکان بە زبانی فارسی**

١ – تاریخچه خانواده قاضی، خلیل فتاح قازی
٢- ڕوزنامه تاریخ، گردآوری یوسف قاضی(چاپ نشده)
٣ - جمهوری کوردستان، ئیگلتۆن
٤ – قاضی محمد در آینه اسناد، بهزاد خوشحالی
٥ - اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش، محمد ڕضا سیف قاضی
٦ - بحران آذربایجان، عبدلله مجتهدی
٧ - پیشوای بیداری، سعید همایون
٨ - نامه هفتگی کوهستان
٩ - فرقه دموکرات آذربایجان،شارخ فرزاد
١٠ - از زندان ڕضاخان تا صدر فرقه دمکرات آذربایجان
١١ - خاطرات دکتر هاشم شیرازی
١٢ – خاطرات ویلهلم لیتن
١٣ – کتاب انکار ومقاومت نوشته علیمراد مراغەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناوەکان


ئاغای مەحەمەدی ئیقباڵی, ٥٢
ئاڵەکۆک, ٢٨٤, ٣٥٦, ٣٧٣, ٣٧٥, ٣٩١, ٣٩٢, ٣٩٣,
٤٠٠, ٤٠٩, ٥٨٥, ٥٨٨, ٦١٩, ٦٦١, ٦٦٦
ئەحمەد قازی, ١٩٨, ٢٠٥, ٢١١
ئەحمەدخانی فاروقی, ١١٤, ٥٨٤
ئەحمەدی ئیلاهی, ٣٧٢, ٣٧٣, ٣٧٥, ٣٧٦, ٤٤٤
ئەرفەع, ١٢٥, ١٢٨, ١٢٩, ٦٨١
ئەمیرئەسعەد, ٦٥
ئۆژن ئۆبن, ١٥, ١٣١, ١٣٥, ١٨٩, ١٩٠
ئۆژن ئۆبە, ١٣٠
ئیاس, ١٧, ١٩, ٢٠, ٢٤, ٢٥, ٢٦, ٢٧, ٣٢, ٣٧, ٣٨, ٣٩,
٤٦, ٤٧, ٤٨, ١٨٣, ١٨٦
ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم, ٦١١
ئیبراهیم ئیبراهیمیان, ٣٨٧, ٤٠٩, ٤٣٩, ٤٤٣, ٤٦١
ئیبراهیمی نەوزەری, ٥٢٦
ئێحسان نوری پاشا, ٩٠
ئیگلتۆن, ١٠٠, ١٢٣, ١٣٩, ١٤١, ١٤٣, ١٤٤, ١٤٥, ١٤٦,
١٤٧, ١٥٩, ١٨٨, ١٩٣, ١٩٨, ٢١٧, ٢٣٦, ٢٣٧, ٢٤٥,
٢٤٨, ٢٥٠, ٢٥٣, ٢٥٧, ٢٦٣, ٢٦٨, ٢٧٥, ٣١٤, ٣٣٣,
٣٤٩, ٣٥٦, ٣٦٦, ٣٧٣, ٣٧٥, ٣٧٦, ٤٠١, ٤٠٢, ٤٥٠,
٤٧٩, ٤٨٩, ٤٩٠, ٤٩١, ٤٩٢, ٥١١, ٥١٧, ٥٢٨, ٥٣١,
٥٣٢, ٥٣٣, ٥٧٣, ٥٩٩, ٦٥٥, ٦٦٠, ٦٨٠,٦٧٩
ئەحمەد خانی فەیزوڵلابەگی, ٥٢٧
ئەحمەدخانی ڕەشیدخانی شەجیعی, ٢٨٤
ئەحمەدخانی شەجیعی, ١٥٦
ئەحمەدی زەنگەنە, ٦٩, ١٠٣, ١٠٤, ٤٦٨, ٤٧٦
ئەحمەدی قازی, ١٠٦, ٢٠٤, ٢٠٦, ٢٠٨, ٢١٠, ٢١١,
٢١٧, ٢١٨, ٢٢٤, ٢٧٤
ئەحمەدئاغای ئیلخانی, ١٩٠
ئەڕفەع, ١١٣, ٦٤٠
ئەفشارپەنا, ٤٠٦
ئەمیر نیزام, ١٦١, ١٦٢, ١٦٣
باباحوسینی, ٤٦٨
باپیر ئاغا, ١٥٩, ١٦٠, ٤٠٦
باپیرئاغا, ٢٧, ٢٨, ٢٩, ١٣٢, ١٦٢, ١٨٤, ٢٥٩
باقرۆف, ١٢٤, ٢٤٠, ٢٤١, ٢٤٧, ٤١٣, ٤١٤, ٤١٨, ٤٢٢,
٤٧٨, ٤٩١, ٤٩٣, ٦٥٩, ٦٦٣, ٦٨٣
بایزئاغای گەورک, ٢٥٨, ٣٧١
باییز پاشای, ٢٢, ٢٣, ٢٦, ٢٨, ١٨٦
باییزپاشا, ١٨٥
برایم ئەحمەد, ٢٩١, ٣٤٨
بنەماڵەی زێڕن, ١٥٩
بوداغ سوڵتان, ١٣٠, ١٥٣, ١٥٥, ١٥٦, ١٩٨
بێرهۆ, ٩٠
بەکر عەندولکەریم حەوێزی, ٥٠٩, ٥٩١
بەیرەم ئاغا, ١٨٨, ١٨٩
پارلمانی کوردستان, ٥٢٥
پەیمانی سەعدئاباد, ٩٣, ٣٥٣
پێشەوا, ٩٠, ١١٥, ١١٧, ١١٨, ١٣٨, ١٩٨, ٢١٢, ٢١٥,
٢١٨, ٢٢٩, ٢٣٣, ٢٣٥, ٢٣٧, ٢٤٧, ٢٥٢, ٢٥٣, ٢٥٦,
٢٥٩, ٢٦٨, ٢٧٠, ٣٤٨, ٣٧٢, ٣٧٦, ٣٩٧, ٣٩٨, ٤٣٥,
٤٣٨, ٤٤٦, ٤٥١, ٤٦٣, ٤٦٥, ٤٩٤, ٥١٢, ٥١٣, ٥٢٢,
٥٢٣, ٥٢٨, ٥٥٢, ٥٥٤, ٥٥٥, ٥٥٧, ٥٥٩, ٥٦٣, ٥٧١,
٥٨١, ٥٨٢, ٥٨٣, ٥٨٨, ٥٩٠, ٥٩١, ٥٩٣, ٥٩٧, ٥٩٩,
٦٠٧, ٦٠٨, ٦١٢, ٦١٣, ٦١٩, ٦٢٠, ٦٢١, ٦٢٤, ٦٢٦,
٦٢٧, ٦٢٨, ٦٢٩, ٦٣٠, ٦٣١, ٦٣٢, ٦٣٣, ٦٣٤, ٦٣٥,
٦٣٦, ٦٤٠, ٦٤٢, ٦٤٣, ٦٤٤, ٦٤٥, ٦٤٦, ٦٤٧, ٦٤٨,
٦٤٩, ٦٥٤, ٦٥٧, ٦٥٩, ٦٦١, ٦٧١, ٦٧٢, ٦٧٥
پیشەوەری, ٤١٩, ٤٢٢, ٤٧٠, ٤٧١, ٤٩١, ٥٧٣, ٥٧٥
پێشەوا قازی محەمەد, ٤٠, ٢٢٠, ٤٧٩, ٥٣٠, ٥٣٦,
٥٧٤, ٦٧٩
پیشەوەری, ٤٢٣, ٤٧٠, ٤٧١, ٤٧٤, ٤٧٧, ٤٧٨, ٥٧٣,
٥٧٤, ٦٧٨, ٦٧٩
تاهیر ئێلخانیزادە, ٦٨٦
تاهیرخان, ١٤٢, ١٤٣, ٤٦١, ٥٨٢
تایفەی زەرزا, ١٤٦
تایفەی شکاک, ١٤٣
تەوحیدی, ٥٢٩
تەقی خان ڕەشید مەلیک, ١٣١
جالینوس, ٧٩, ٨٠
جەعفەرئۆڤ, ١٢٢, ٢٤٢
جەعفەری کەریمی, ٤٥, ٥٠, ٥٢




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەعفەرئاغا, ٦٦
جەلیلی گادانی, ٤٨٧, ٥٦٣
چرچیل, ٩٩, ٤١١, ٤١٢
حاجی بابەشێخ, ٥٢٢, ٥٢٧
حاجی بابەشیخ سەیادەت, ٥٢٦
حاجی بابەشێخی, ٨٩, ٢٤٢, ٢٤٦, ٤٨٤, ٥٠٧, ٥١٥, ٥١٦, ٥٢٦, ٦٨٦
حاجی بایزئاغا, ٩٤, ١٩١
حاجی حەمەد ئاغای حیسامی, ٥٢٦
حاجی سالحی مەشیری, ٥٢٦
حاجی سەید رەحیمی نیزامی, ٢٣٧
حاجی مستەفای داودی, ٨٢, ٩٤, ٤٨٠, ٦٤٣
حاجی موعین, ٨٢, ٩٤
حاجی میرزا عەلی شەبستەریی, ٤٧٠
حاجی ئەحمەد گادانی, ٥٥٥
حاجی ئێلخانی, ٧٢, ٣٩٤, ٤٩٧
حامید حەمەی تایربەگی جاف, ٣٩٣
حامید خەسرەوی, ٦٦٢
حامید گەوهەری, ٩٥, ٩٧, ٢١٤, ٢٢٥, ٢٢٦, ٢٤٣, ٣٢٩, ٣٣٠, ٣٦١, ٣٦٥, ٣٨٧, ٤١٥, ٤٤٩, ٤٨٣, ٥٣٠, ٥٥٦, ٦٦٩
حەسەن زیرەک, ٩٨
حەسەنۆڤ, ٢٥٨, ٣٢٦, ٣٧١, ٤١٥, ٤٧٩, ٦٧٨
حەسەنی قازی, ١٨٤, ٣٧٦, ٤٢٢
حەمە رەشیدخانی بانە, ١١٢
حەمە هەتیو, ١٣٢
حەمەدی مەولودی, ٣٥٢, ٥١١
حەمەرەشید خان, ١١٧, ١١٨
حوسێنی زێڕنگەران, ٣٩١, ٣٩٢
حوسێنی فروهەر, ٢٥٩, ٢٩٢, ٢٩٥, ٣٢٨, ٣٧٢, ٣٩١, ٣٩٢, ٣٩٣
حیزبی محەممەدی, ٨٢, ٩٤, ٩٥
حیزبی هیوا, ١٢١, ٣١٤, ٥٠٨, ٦٤٧
حەسەنی قازی, ٤٩٤
حەسەن حیسامی, ٦٦٢
حەسەنی شەتەوی, ١٤٨, ١٨٨, ١٨٩, ١٩١
حەمە رەشیدخان, ١١٢, ١١٤, ١١٥, ٢٤٢, ٣٢٥, ٣٢٦, ٥١٤, ٥٢٧
حەمەدی مەولوودی, ٣٥, ٣٦, ٤٨, ٤٩, ٥٠, ٥١, ٥٢, ٥٣, ٥٤, ٦٢, ٧٠, ٧٣, ٧٧, ٧٩, ٩٦, ١٠٥, ١٢٥, ١٣٢, ١٣٣, ١٣٦, ١٤٠, ٢١٤, ٢٣٣, ٢٣٤, ٢٣٧, ٢٣٨, ٢٣٩, ٢٧٧, ٢٧٨, ٢٧٩, ٢٨٢, ٢٨٥, ٢٩٢, ٣٠٦, ٣٠٧, ٣٠٨, ٣٢٤, ٣٦٢, ٣٦٣, ٣٧٧, ٣٧٩, ٣٨٠, ٣٨١, ٣٨٢, ٣٨٤, ٣٨٥, ٣٩٩, ٤٠٠, ٤٠٤, ٤٧٤, ٥١١, ٦٦٤, ٦٦٦, ٦٦٩,٦٨٦
حەمەرەشیدخان, ١٠٨, ١١٢, ١١٤, ١١٦, ١١٧, ١١٨, ٥٢٧, ٦٢٩, ٦٥٠
حەوتەنامەی, ٤٠٧
حەوتەنامەی "کوهستان, ٢٣١, ٢٦٧, ٣٩٦, ٤٠٦
خاڵە سالار, ٥٣
خەدیجە حەیدەری, ٤٦٣
خەدیجەی حەیدەری, ٦١٣
خەلیل خەسرەوی, ٣٨٧, ٤٨٧
خەلیل فەتاحی قازی, ٥٢, ١٠٤, ١٠٥, ١١٥, ١١٨, ١٢٣, ١٣٩, ٢٠٩, ٢٣٢, ٢٥٢, ٢٥٣, ٢٦٥, ٢٦٨, ٢٧٥, ٣٦٠, ٥٣٨
خەلیل گۆڕەمەر, ٨٧
خەلیلی فەهیمی, ٢٣٦
خورشید ئاغا, ٨٦
خەلیل فەتاح قازی, ٨٠, ١٠٤, ٢٢٥, ٢٣٤
خەلیل فەتاحی قازی, ٤٠٧
دکتۆر شەڵماشی, ٦٦٢
دڵشاد رەسووڵی, ٣٥٥, ٣٩٤, ٥٠٢
دڵشادی ڕەسووڵی, ٣٧٦, ٣٧٧, ٣٩٥
دوکتور جەوادی قازی, ١٨٩
دوکتور شیرازی, ١٤١, ٢٢٩, ٣٧٢
دوکتور عەزیزی زەندی, ٩٥
دوکتور قاسملوو, ٣٤٧, ٤٣٨, ٤٤٦, ٤٦٣, ٥٧٩, ٦٥٤, ٦٥٧
دوکتور کەماڵ فوئاد, ٤٣٨
دوکتور کەماڵ مەزهەر, ٥٦, ٢٢١
دوکتور ئاسۆ, ٤٠, ٤١, ٤٩, ٨٨, ١٠٣, ١٠٤, ١٣٤, ٢٣٥, ٢٤٠, ٢٦٨, ٢٧٣, ٢٧٩, ٣٥٥, ٣٦٧, ٣٩١, ٤٠٣, ٤٠٤, ٤٠٥, ٦٠٨, ٦٦٥, ٦٦٩
دەوڵەتی خودموختاری کوردستان, ٥٢٠, ٥٢٣, ٥٢٥, ٥٢٩, ٥٣٥, ٥٤٧, ٥٦٥, ٥٦٧, ٥٦٨, ٥٨٠, ٦٤٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەحمان حەلەوی, ٢٩٣, ٢٩٨
رەحمەتی شافعی, ١٩٣, ٣٩٣
رەحیم جەوانمەردی قازی, ٣٧٥
رەحیم سەیفی قازی, ٩٥
رەحیم لەشکری, ٣٧٥, ٤٤٤, ٥٤٣, ٥٦٥
رەحیمی قازی, ٥٠, ٥٩, ١٠٠, ١١٥, ١٢٦, ١٩٨, ٢٠١,
٢١٩, ٢٢١, ٢٢٧, ٢٢٨, ٢٣٥, ٢٣٦, ٢٥٢, ٢٥٣, ٢٥٤,
٢٥٥, ٢٥٦, ٢٥٧, ٢٦٢, ٢٦٥, ٢٦٧, ٢٦٨, ٢٧٣, ٣٢٧,
٣٣١, ٣٩٦, ٤٣٠, ٤٣٥, ٤٣٨, ٤٤٦, ٤٥٠, ٤٨٦, ٤٨٧,
٥١٠, ٥١١, ٥١٣, ٥١٦, ٥٢٨, ٥٣٣, ٥٥٢, ٥٥٩, ٥٦٥
ڕەزاشا, ٥٨, ٥٩, ٦٨, ٩٨, ١٣٢, ١٣٩, ٢١٩, ٣٤٨, ٣٩١,
٤٠٠, ٤٠٣, ٤١١, ٤١٦, ٤٧٠, ٥٢١, ٦٣٠, ٦٧٥
ڕەسووڵی نەغدەیان, ٣٩٢
ڕەشید بەگ, ١٤٤, ٢٥٠, ٥٨٤
ڕەشید یاسمی, ٥٨
ڕەشید ئەحمەدی, ١٠٩
ڕەشیدخانی بانە, ١١٤, ١١٨
ڕۆسۆ, ٤٧١, ٥٧٣, ٥٧٥
ریچارد ئەی مۆبلی, ١٤٤
ڕێکخراوی ئازادیخوازی کورد, ٩٥
ڕەحمان حەلەوی, ٦٦٢
ڕەحمان گەرمیانی, ٦٦٢
ڕەحمان وەیسی, ٤٦٨
ڕەحمانی حەلەوی, ١٠٣, ١٠٧, ١٠٩, ١١٣, ٢٣٠, ٢٨٩,
٢٩٣, ٣٠٠, ٣٠١, ٣٠٢, ٣١٦, ٣٢١, ٤٢٤, ٤٣١, ٥٠٣,
٥٥١, ٥٥٥, ٥٦٧, ٦٨٦
ڕەحمانی قازی, ٤٠, ٤١, ٥١, ٥٢, ٦٦, ٦٧, ٦٨, ٧٠, ٧١,
٧٢, ٧٣, ٧٦, ٧٩, ٨٨, ١٠٥, ١٣٤, ١٣٥, ١٥٩, ١٦٢,
٢٢٨, ٢٢٩, ٢٣٥, ٢٣٦, ٢٣٧, ٢٧٠, ٢٧٢, ٢٧٣, ٢٧٩,
٣٢٤, ٣٥٥, ٣٧٥, ٤٠٥, ٤٠٦, ٤٠٩, ٥٤٤, ٦٦٠, ٦٦١,
٦٦٢, ٦٦٣, ٦٦٧
ڕەحیمی قازی, ٤٠, ٤٩, ٩٤, ٩٦, ٩٧, ١٤٣, ٢١٢, ٢٥٢,
٢٥٣, ٣٢٦, ٣٤٧, ٣٨٨, ٣٨٩, ٤٣٨, ٤٤٤, ٤٤٦, ٤٥٠,
٥٢١, ٦١٢
ڕەزاشا, ١٤, ٥٨, ٥٩, ٦٠, ٦٥, ٦٦, ٧١, ٧٢, ٨٢, ٨٥, ٨٧,
٩٠, ٩٣, ٩٥, ٩٧, ١٠١, ١١٠, ١١٢, ١٤١, ١٤٣, ١٤٤,
٢١٩, ٢٢٥, ٢٢٦, ٢٣١, ٢٥٢, ٢٦١, ٢٧٧, ٢٨٣, ٢٨٦,
٢٨٨, ٢٨٩, ٢٩٥, ٣٣٣, ٣٥٥, ٣٦٥, ٣٩٤, ٤٠٨, ٤١٥,
٤٧١, ٤٨٠, ٥٢٠, ٥٢١, ٥٢٣, ٥٤٩, ٥٥٠, ٥٥٥, ٦٤٢
ڕەشید بەگ, ١٤٤, ٢٥٣
زاهیدی, ٣٩٢, ٣٩٥, ٤٣٦
زەبیحی, ٩٧, ٢٥٨, ٣١٤, ٣٢٤, ٣٢٦, ٣٢٧, ٣٣٠, ٣٣١,
٣٣٤, ٣٣٥, ٣٥٢, ٣٦٥, ٣٧١, ٣٨٦, ٣٨٧, ٣٨٩, ٣٩٣,
٣٩٤, ٣٩٥, ٤٥٤, ٤٥٩, ٤٨٧, ٥٢٩, ٥٥١, ٥٦٣
زولفەقاری, ٦٦٢
زێڕۆ, ١٤٤, ٢٤٣, ٢٦١, ٢٦٣, ٥٩٣, ٦٣٦, ٦٧٨
زەبیحی, ٩٦, ٣٢٣, ٣٢٤, ٣٢٨, ٣٢٩, ٣٣٠, ٣٣١, ٣٣٤,
٣٥٨, ٣٦٠, ٣٦٤, ٣٦٥, ٣٦٧, ٣٦٨, ٣٧٤, ٣٧٦, ٣٨٣,
٣٨٤, ٣٨٩, ٣٩٣, ٣٩٤, ٤٧٦, ٥٥١
زەفەرودەولە, ٨٥, ٨٦
ژنراڵ ریبار چینکۆ, ٤٦
ژێنراڵ حەسەن ئەڕفەع, ٣٩٧
ژێنراڵ هوشمەند, ١٢٥
ژێنراڵ ئەتاکشیۆڤ, ٥٠٩
سادق پادگان, ٤٧٠
سادق پادگانی, ٤٧٠
سارم بەگ, ١٤٩, ١٥٧
سارمخان, ١٣٠
سازمان ئینقلابی, ٩٥
سازمانی جەوانان, ٢٧١, ٢٧٢, ٣٢٣
سالار کوڕی میرزا فەتاح, ٤٠
سالاری میرزا فەتاحی قازی, ٦٨
سایکس پیکۆ, ٥٥
ستالین, ٩٩, ١٢٥, ٢٥٠, ٣٦٢, ٤١١, ٤١٢, ٤١٤, ٤١٨,
٤٢٢, ٤٣٠, ٤٦٨, ٤٦٩, ٤٧٠, ٤٧٦, ٤٧٨, ٥٩٣, ٦١١,
٦١٣, ٦٢١, ٦٦٣, ٦٦٥, ٦٧٠
سمایل ئاغا, ٦٦, ٦٧, ٦٨, ٧١, ٧٣, ٧٦, ٧٩, ٨٠, ٨١, ٨٢,
٨٤, ٨٦, ٨٧, ١٢٠, ١٤٣, ٤٠٥, ٥٧١, ٥٨١, ٥٨٢
سمکۆ, ٣٠, ٦٦, ٦٧, ٦٨, ٦٩, ٧٠, ٧١, ٧٢, ٧٥, ٧٦, ٧٩,
٨٠, ٨١, ٨٢, ٨٤, ٨٦, ٨٧, ٩٤, ١٢٠, ١٤٣, ٢٠٩,
٤٤٩, ٤٦١, ٤٨٤, ٤٨٥, ٥٨٣
سمیتقو, ٦٧, ٧٥, ٧٦
سنار مامەندی, ١٤٣
سەدر قازی, ١٠٧
سەرتیپ درەخشانی, ٤٧٣, ٤٧٤
سەرلەشکر مەحموود ئەمین, ١١٤




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەریعوقەڵەم, ١٩١
سەعید خان هومایون, ١٣٩, ٢٥٨
سەعید خانی هومایون, ٢١٨, ٢٢٦, ٢٤٢, ٢٤٧, ٤٠٢
سەلامولڵا جاوید, ٤٧٠
سەید تەها, ٢٤٠, ٢٤٣
سەید عەلی حوسێنی, ٥٢٩
سەید کامیل, ١١٤, ٦٣٧
سەید محەممەدی سەمەدی, ٣٧٦
سەید محەمەد حەمیدی, ٥٩, ٩٤, ١٤٢, ١٤٣, ٢٠٧, ٤٣٥, ٤٤٩, ٦٥٥
سەیدی زەنبیل, ١١٤
سەیف, ٨٠, ٨١, ٨٢, ٩٤, ٢٠٠, ٢٠٨, ٢٠٩, ٢١٠, ٤٤٣, ٥٩٣, ٥٩٩, ٦٠٠
سەیفولقوزات, ٨٠, ٨١, ٨٢, ٩٤, ٢١٠, ٢١٦, ٤٥٠, ٦٤٣
سوڵتان وەتەمیشی, ٦٦٢
سیامەند شیخ ئاقایی, ١٩٠, ١٩٢
سیروسی حەبیبی, ٣٥١, ٣٥٣
سێڤێر, ٥٥
سەدری قازی, ٥٠, ٩٧, ١٥٦, ٢١٦, ٢١٩, ٢٢٥, ٢٢٨, ٢٣٢, ٢٣٣, ٢٣٧, ٢٥٩, ٣٢٩, ٣٣٠, ٣٣١, ٣٩٧, ٤٩٨
سەدرەدین شێخولمەشایخ, ١٩٨
سەرتیپ عەلی ئەکبەری درەخشانی, ٤٧٤
سەرلەشکەر مزەفەری, ٦٧, ٧٥, ٧٦
سەعدی قازی, ٢٢٠
سەید پیرە, ٢٣٧, ٤٠٩
سەید خدری سەید نیزامی, ٢٣٧
سەید کەریم ئەیوبی, ٦٦٢
سەیفی قازی, ٧٩, ٩٤, ٢٠٨, ٢١٠, ٢٢٥, ٣٢٨, ٣٨٨, ٣٩٧, ٤٧٩, ٤٨٠, ٤٩٠, ٥٣٣, ٥٣٦, ٥٧٥, ٥٩٣, ٦٦٢, ٦٨٠
سەیفەدین خانی سەدار, ٥٣
شابەختی, ٢١٩, ٢٢٨
شاسوڵتانی فەتاحی قازی, ٤٦٤
شاعەبباس, ١٥١, ١٥٢
شێخ بابا, ٣٠, ٥٣
شێخ جەلالی حوسێنی, ٣٩٣
شێخ حەسەن شەمسی بورهان, ٥٢٩, ٥٨٤
شێخ عەبدولسەلام بارزانی, ٥٠٥
شێخ عوبەیدوڵا شەمزینان, ١٤٥
شیخ عوبەیدولا, ١٦٣, ١٨٢
شێخ عوبەیدوڵای نەهری, ١٥٩
شێخ محەمەدی خەیابانی, ٢٠٩
شێخ مەحموود, ٥٦, ٨٢, ٩٤, ٩٥, ١١٥, ٣٩٣, ٥٥٨
شێخ مەحموود, ٥٦, ٨٢, ٢١٢, ٢٢٠, ٣٢٦, ٥٠٥
شێخ ئەحمەد, ٥١١, ٥١٣, ٦٣٦
شێخ ئەحمەدی بارزان, ٥٠٩
شێر سوڵتان, ١٣٠, ١٥٢
شیر سوڵتان, ١٣٠
شەبستەری, ٤٧٠
عەبدوڵای نەهری, ٣٥١, ٣٥٤
عەبدوڵڵا ناهید, ٢٠٥
عەزیز زەندی, ٩٧, ٩٨
عەزیز ئالمانی, ٩٨
عەزیزی زەند, ٩٨, ٢٨٤, ٦٦٦
عەزیزی زەندی, ٩٧, ٩٨
عەزیزی عەبباسی, ٥٢٩
عەشیرەتی بارزان, ١٤٤, ٥٠٥, ٥١٥
عەشیرەتی شکاک, ٦٦, ٦٨, ١٤٣
عەشیرەتی هەرکی, ١٤٤, ٥٨٤
عەلی ریحانی, ٣٣٢, ٣٨٦, ٤٠٩, ٤٣٩, ٤٤٤, ٤٩٠, ٤٩٤
عەلی ڕیحانی, ٣٨٧, ٤٧٩, ٤٨٠, ٤٩٥
عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەدی, ١٩١
عەلی ئیسماعیلی, ٨١, ٨٢, ٩٥
عەلیاغا, ١٩١, ٢٧٣, ٢٧٥
عەلیخان مەنگوڕ نەوزەری, ٥٢٩
عەلی‌ئاغای ئێلخانی‌زادە, ٩٤
عەوڵاغای مەنگوڕ, ٢٥٨, ٣٧١
عەوڵای بایز ئاغا, ٢٥٨
عەوڵای خان‌خەمیر, ٤٠٣
عومەر باڵەکی, ١٣١, ١٣٢
عومەر ناجی, ٤١
عومەرخانی شکاک, ٢٧٦
عومەرخانی شەریفی, ١٤٤
عیزەت عەبدولعەزیز, ٣١٠, ٥٠٩, ٥١٧
عیسمەت قازی, ٤٦٤
عیشرەتی عەزیمی, ٤٦٤, ٦٣٠




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عێلی جەلالی, ٥٩
عێلی قەرەپەپاغ, ١٤٥
عەبباس میرزا, ١٦٣, ١٦٤, ١٦٩, ١٧٠, ١٧١
عەبدوڵاخانی مەتین, ١٥٦
عەبدوڵای قازی, ٤١, ٥١, ٦٢, ٨٨, ٨٩, ١٠٢, ١٠٩,
١١٤, ١٣٥, ١٣٧, ٢٠١, ٢١٩, ٢٢٥, ٢٦٩, ٢٧٤, ٣٣٦,
٣٩٤, ٤٥٣, ٦٦٨
عەبدوڵای موجتەهیدی, ٢٦٢
عەبدولڕەحمان قازی, ٢٢٥
عەبدولسەلام بارزانی, ٧١
عەبدولسەمەدی کامبەخش, ٤٢٣, ٤٧٠
عەتری گلۆڵانی, ٢٩٦, ٦٨٥
عەزیزخانی موکری, ١٩٠
عەزیزی زەند, ٩٧, ٢٨٤
عەشیرەتی جەلالی, ٥٩, ١٤٣
عەشیرەتی دێبۆکری, ٧٢, ١٨٨, ١٨٩, ١٩٠, ١٩١, ٢٦٦
عەشیرەتی گەورک, ١٩٢, ٢٦٧
عەشیرەتی مەنگوڕ, ١١٥, ١٥٩, ١٦٠, ٢٦٧, ٤٠٦
عەشیرەتی هەرکی, ١٤٤
عەلی پیرۆتی, ١٩١, ٢٦٦
عەلی خانی فاتیح, ١٥٦
عەلی خانی قادری مرۆتێ, ٥٢٦
عەلی گەلاوێژ, ٦٦٢
عەلی مرادی مەراغەیی, ٢٢٧, ٢٨٣, ٢٨٦, ٣٧٣, ٤١٣,
٤١٤, ٦٤٦
عەلی ئاغای حاجی ئیلخانی, ١١٤, ٢٠١
عەلیاغای حاجی ئیلخانی, ٦٥
عەلیاغای دێبۆکری, ١٣٨, ٢٧٢
عەوڵای بایز ئاغا, ٧٢, ١٥٩, ٢٧٣, ٢٧٩
غەفووری مەحموودیان, ٢٨٤, ٦٦٤, ٦٦٥, ٦٦٦
فەرزەندە, ٩٠
فەریدەی زەندی, ٤٦٤
فەتاحی قازی, ١٥٣, ١٥٧, ١٦١, ٤٠٤, ٤٠٧, ٤٦٦
قادر مودەرەسی, ١٤٥, ٣٣٢, ٣٧٣, ٣٧٥, ٥٥١
قادراغا, ١٨٩, ١٩٠
قازی, ١, ٢, ١٠, ١٢, ١٣, ١٧, ٣٩, ٤٠, ٤١, ٤٢, ٤٣, ٤٦,
٤٩, ٥٠, ٥١, ٥٢, ٥٣, ٥٦, ٥٩, ٦٠, ٧٢, ٧٦, ٧٩, ٨٠,
٨١, ٨٢, ٨٤, ٨٩, ٩٠, ٩٤, ٩٧, ١٠١, ١٠٤, ١٠٩,
١١٢, ١١٤, ١١٥, ١١٦, ١١٨, ١٢٢, ١٢٥, ١٢٦, ١٣٨,
١٤٠, ١٤١, ١٥٦, ١٥٧, ١٥٨, ١٦٠, ١٦٢, ١٦٩, ١٧٢,
١٧٤, ١٧٧, ١٧٨, ١٨٠, ١٨١, ١٨٣, ١٩١, ١٩٢, ١٩٣,
١٩٨, ١٩٩, ٢٠٠, ٢٠١, ٢٠٢, ٢٠٣, ٢٠٤, ٢٠٥, ٢٠٦,
٢٠٧, ٢٠٨, ٢٠٩, ٢١٠, ٢١١, ٢١٢, ٢١٣, ٢١٤, ٢١٥,
٢١٦, ٢١٧, ٢١٨, ٢١٩, ٢٢٠, ٢٢١, ٢٢٢, ٢٢٤, ٢٢٥,
٢٢٦, ٢٢٧, ٢٢٨, ٢٣١, ٢٣٢, ٢٣٣, ٢٣٤, ٢٣٥, ٢٣٦,
٢٣٧, ٢٣٨, ٢٣٩, ٢٤٢, ٢٤٣, ٢٤٤, ٢٤٥, ٢٤٦, ٢٤٧,
٢٤٨, ٢٤٩, ٢٥٠, ٢٥٢, ٢٥٣, ٢٥٤, ٢٥٦, ٢٥٧, ٢٥٨,
٢٥٩, ٢٦١, ٢٦٢, ٢٦٣, ٢٦٥, ٢٦٦, ٢٦٨, ٢٦٩, ٢٧٠,
٢٧١, ٢٧٢, ٢٧٣, ٢٧٤, ٢٧٥, ٢٧٦, ٢٧٧, ٢٧٨, ٢٧٩,
٢٨٠, ٢٨١, ٢٨٢, ٢٨٤, ٢٨٥, ٢٨٦, ٢٨٧, ٢٨٨, ٢٨٩,
٢٩٠, ٢٩١, ٢٩٥, ٢٩٦, ٢٩٧, ٢٩٨, ٣١٠, ٣١٢, ٣١٣,
٣٢٣, ٣٢٦, ٣٢٨, ٣٢٩, ٣٣١, ٣٣٦, ٣٤٧, ٣٤٨, ٣٥٢,
٣٥٣, ٣٥٥, ٣٥٦, ٣٥٧, ٣٦٧, ٣٦٩, ٣٧١, ٣٧٢, ٣٧٣,
٣٧٤, ٣٧٥, ٣٧٦, ٣٧٩, ٣٨٠, ٣٨١, ٣٨٢, ٣٨٣, ٣٨٤,
٣٨٥, ٣٨٦, ٣٨٧, ٣٨٨, ٣٨٩, ٣٩١, ٣٩٢, ٣٩٣, ٣٩٤,
٣٩٥, ٣٩٦, ٣٩٧, ٣٩٨, ٣٩٩, ٤٠١, ٤٠٢, ٤٠٣, ٤٠٤,
٤٠٥, ٤٠٧, ٤٠٨, ٤٠٩, ٤١٢, ٤١٦, ٤٢٧, ٤٢٨, ٤٢٩,
٤٣٠, ٤٣١, ٤٣٢, ٤٣٣, ٤٣٤, ٤٣٨, ٤٣٩, ٤٤٣, ٤٤٦,
٤٤٧, ٤٤٩, ٤٥٠, ٤٥٤, ٤٥٥, ٤٥٦, ٤٥٧, ٤٥٩, ٤٦٠,
٤٦١, ٤٦٣, ٤٦٥, ٤٧٤, ٤٧٩, ٤٨٠, ٤٨٣, ٤٨٤, ٤٨٥,
٤٨٦, ٤٨٧, ٤٩٠, ٤٩١, ٤٩٢, ٤٩٣, ٤٩٤, ٤٩٧, ٤٩٨,
٤٩٩, ٥٠٢, ٥٠٤, ٥٠٩, ٥١٠, ٥١١, ٥١٣, ٥١٦, ٥١٧,
٥٢١, ٥٢٢, ٥٢٤, ٥٢٥, ٥٢٧, ٥٢٨, ٥٢٩, ٥٣٠, ٥٣١,
٥٣٢, ٥٣٣, ٥٣٦, ٥٣٨, ٥٤١, ٥٤٢, ٥٤٤, ٥٤٨, ٥٤٩,
٥٥١, ٥٥٢, ٥٥٣, ٥٥٥, ٥٥٦, ٥٥٧, ٥٥٩, ٥٦٠, ٥٦٢,
٥٦٣, ٥٦٥, ٥٦٦, ٥٦٧, ٥٦٨, ٥٧٢, ٥٧٣, ٥٧٤, ٥٧٥,
٥٨١, ٥٨٣, ٥٨٤, ٥٨٧, ٥٨٨, ٥٨٩, ٥٩٠, ٥٩١, ٥٩٣,
٥٩٧, ٥٩٩, ٦٠٨, ٦١٢, ٦١٣, ٦١٦, ٦١٩, ٦٢٠, ٦٢٤,
٦٢٦, ٦٢٧, ٦٢٩, ٦٣٠, ٦٣١, ٦٣٢, ٦٣٦, ٦٤٢, ٦٤٥,
٦٤٦, ٦٤٧, ٦٥٠, ٦٥٣, ٦٥٤, ٦٥٦, ٦٥٧, ٦٥٨, ٦٥٩,
٦٦٠, ٦٦٢, ٦٦٤, ٦٦٥, ٦٦٦, ٦٦٧, ٦٦٨, ٦٦٩, ٦٧٠,
٦٧١, ٦٧٢, ٦٧٤, ٦٧٦, ٦٧٨, ٦٧٩, ٦٨٠, ٦٨١, ٦٨٢,
٦٨٥, ٦٨٦
قازی شنۆیە, ٢٥٠
قازی عەسکەر, ٨٠, ٢٠٠, ٢٠١, ٢١٥, ٢١٦
قازی عەلی, ٥٠, ٥٢, ٨٠, ٨١, ٢٠٢, ٢٠٥, ٢٠٦, ٢٠٧,



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢١١, ٢١٥, ٢١٦, ٥٥١
قازی عەلی, ١٣, ٤٢, ٨٩, ٩٤, ١٥٦, ٢٠٥, ٢٠٦, ٢٠٨,
٢١١, ٢١٦, ٢١٩, ٢٢٠, ٢٢٤
قازی فەتاح, ١٢, ١٣, ١٧, ٣٩, ٤٠, ٤١, ٤٢, ٤٣, ٤٦,
٤٩, ٥٠, ٥١, ٥٢, ٥٣, ٢٠١, ٢٠٢, ٢٠٣, ٢٠٤, ٢٠٥,
٢٠٦, ٢١٢
قازی قاسم, ١٦٢
قازی لەتیف, ٥٢
قازی لەتیف, ٧٩, ٨٠, ٢٢٠
قازی محەممەد, ٤٩, ١٩١, ٢١١, ٢١٣, ٢١٤, ٢١٥,
٢١٧, ٢١٨, ٢٢١, ٢٢٦, ٢٢٧, ٢٣٣, ٢٣٤, ٢٣٥, ٢٤٨,
٢٤٩, ٢٥٢, ٢٥٦, ٢٥٧, ٢٥٨, ٢٧٠, ٢٨٧, ٣٤٧, ٣٤٨,
٣٥٢, ٣٥٣, ٣٥٦, ٣٧٣, ٣٧٥, ٣٧٦, ٣٨٦, ٣٨٩, ٣٩٢,
٤٢٨, ٤٣٩, ٤٤٦, ٤٧٩, ٤٩٠, ٤٩٧, ٥١٣, ٥٢٥, ٥٥٢,
٥٥٣, ٥٥٩, ٥٦٣, ٥٦٥, ٥٧٢, ٥٨١, ٥٨٨, ٥٨٩, ٥٩٠,
٦١٦, ٦١٩, ٦٢٤, ٦٢٩, ٦٣١, ٦٣٢, ٦٤٥, ٦٥٧, ٦٦٦
قازی محەممەد(پێشەوا), ٤٩
قازی محەممەد, ٨٢, ٢٠٦, ٢٠٨
قازی محەممەد, ٥٢, ٨٤, ٩٠, ٩٧, ١٢٥, ١٣٨, ١٥٦,
٢١٠, ٢١١, ٢١٢, ٢١٣, ٢١٤, ٢١٥, ٢١٦, ٢١٧, ٢١٩,
٢٢١, ٢٢٥, ٢٢٦, ٢٢٧, ٢٢٨, ٢٣١, ٢٣٢, ٢٣٣, ٢٣٤,
٢٣٧, ٢٣٨, ٢٣٩, ٢٤٢, ٢٤٣, ٢٤٦, ٢٤٧, ٢٤٨, ٢٤٩,
٢٥٣, ٢٥٧, ٢٥٩, ٢٦٥, ٢٦٦, ٢٦٨, ٢٧٦, ٢٧٧, ٢٧٩,
٢٨٢, ٢٨٤, ٢٨٦, ٢٨٩, ٢٩٦, ٢٩٧, ٣٢٣, ٣٤٧, ٣٥٢,
٣٦٧, ٣٦٩, ٣٧١, ٣٧٢, ٣٧٣, ٣٧٤, ٣٧٥, ٣٧٦, ٣٧٩,
٣٨٠, ٣٨١, ٣٨٢, ٣٨٣, ٣٨٤, ٣٨٦, ٣٨٨, ٣٨٩, ٣٩٦,
٣٩٧, ٤٠٤, ٤٠٥, ٤٠٧, ٤٠٩, ٤١٢, ٤٢٧, ٤٢٨, ٤٣١,
٤٣٣, ٤٣٤, ٤٤٦, ٤٥٤, ٤٥٥, ٤٥٦, ٤٥٩, ٤٦٠, ٤٦١,
٤٦٣, ٤٧٤, ٤٧٩, ٤٨٤, ٤٨٦, ٥٠٢, ٥٠٩, ٥١٣, ٥١٦,
٥٢١, ٥٢٢, ٥٢٨, ٥٢٩, ٥٣٢, ٥٣٨, ٥٤٩, ٥٥٦, ٥٦٠,
٥٦٧, ٥٦٨, ٥٧٣, ٥٩٧, ٦٠٨, ٦٢٠, ٦٤٦, ٦٤٧, ٦٦٤,
٦٦٥, ٦٦٩, ٦٧٤
قازی محەمەد, ١٠٤, ١١٥, ١٤١, ٢١٠, ٢١٢, ٢١٣,
٢١٧, ٢٢٠, ٢٢٢, ٢٢٥, ٢٣١, ٢٣٢, ٢٣٨, ٢٤٣, ٢٤٩,
٢٥٢, ٢٥٤, ٢٥٧, ٢٧١, ٢٧٧, ٢٧٩, ٢٨٠, ٢٨١, ٢٨٨,
٢٩١, ٢٩٧, ٣٢٧, ٣٢٨, ٣٤٧, ٣٥٣, ٣٥٧, ٣٧١, ٣٧٢,
٣٧٤, ٣٧٥, ٣٧٦, ٣٨٢, ٣٨٤, ٣٩٦, ٣٩٧, ٤٠٢, ٤٠٥,
٤٠٧, ٤٠٨, ٤٢٨, ٤٣٠, ٤٤٧, ٤٦٣, ٤٦٥, ٤٨٠,
٤٨٣,٤٨٧, ٤٩٠, ٥٠٣, ٥٢٤, ٥٣٠, ٥٣١, ٥٤٣, ٥٥١,
٥٥٦, ٥٦٨, ٥٧٣, ٥٧٤, ٥٧٥, ٦١٦, ٦٦٨, ٦٧٩, ٦٨٠,
٦٨٢, ٦٨٥
قازی مەحەمەد, ١١٥, ٢١٩, ٢٥٩, ٢٦٢, ٥٥٩
قازی مونعم, ٥٢, ٧٦, ٧٩
قاسم قادری, ٢٢٨, ٣٧٣, ٣٧٥, ٣٩٣, ٣٩٤, ٤٧٦
قاسم ئاغای حاجی بایزئاغای, ٢٤٨
قاسم ئێلخانیزادە, ٦٣٤
قانع, ٥٥٦
قەرەنی ئاغای ئەمیر عەشایری, ١٤٦, ٢٥٣, ٢٥٧
قەرەنیاغای مامەش, ٢٠, ٢٢, ٢٧, ٢٨, ٢٩, ٨٠, ٢٤٥,
٢٥٨, ٢٥٩, ٣٩٦, ٣٩٨
قەرەنی ئاغای مامەش, ١١٤, ٣٢٨
قەڵای "دمدم, ١٣٠
کاك خدری کاك عەزیزی, ١١٥
کاکەڵا ئاغای گەورك, ١٩٢, ٥٩٤, ٦٠٩
کاپیتان "حەق وێردی ئۆڤ, ١٢٢
کاپیتان "سەمەدۆڤ, ١٢٢
کاکەڵاغا مەنگور, ٩٠
کاکە ڕەشی دارۆغە, ٤٩
کەریم حیسامی, ٩٠
کەریم ئاغا بایەزیدی, ٥٢٩
کەریمی حیسامی, ٦٠, ٦٥, ١٠٢, ٣٩٤, ٤٥١, ٦٥٠
کوبرا عەزیمی, ٤٦٣, ٦٣٠
کوڕی ڕەش, ٢١٤, ٢٢١
کولونێل یاس, ٤٥
کۆمەڵەی ژ- ک, ٩٧, ٢٨٨, ٢٩٢, ٣٢٨, ٣٣٢, ٣٣٣, ٤٢٥
کیژ ساحبەی یاهوو, ٤٦٤
کەریمائاغای قوم قەڵا, ٥٢٦
کەسرەوی, ٦٧, ٧٠, ٢١٤
کەماڵ گەرویسی, ١٥٩, ١٦٠
گرانفلید, ١٣١
گەوەرتاجی سەدری قازی, ٤٦٤
گەوهەرتاج خانم, ٢٠٥, ٢٠٦
گۆڤاری نیشتمان, ١٥, ٣٣٤, ٣٣٥, ٣٣٦, ٣٣٧, ٤٠١
لۆزان, ٥٥, ٥٦
لیتن, ٣١, ٣٢, ٣٣, ٣٤, ٤٢, ٤٣, ٤٤, ٤٥
لێژنەی ئازادی, ٥٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لیننین, ٥٦
لێنین, ٥٦
مارشیمۆن, ٦٨, ٦٩, ٧٠, ٧١
ماژوورعەبدوڵایۆڤ, ١٢٢
مام عەزیز, ١١٤, ١١٥, ١٣٤
مامۆستا حەقیقی, ٢١٠, ٦٤٢
مامۆستا شێخ عیزەدین, ٣٩٣
مامۆستا عەبدولڕەحمان گیو, ٢١٣
مامۆستا مەلا حوسێن مەجدی, ٥٩٦
مامۆستا هەژار, ٧٩, ١٠٢, ١٠٦, ١١٤, ١١٧, ١١٨, ٢١٨,
٢٤٧, ٣٣١, ٣٣٢, ٣٣٤, ٣٦٠, ٣٦٥, ٣٦٩, ٣٩٣, ٤٥٩,
٤٩٤, ٥٠٢, ٥١٥, ٥٤٤, ٥٤٥, ٥٥٨, ٥٦٢, ٥٨١, ٦٠٢,
٦٢٧, ٦٥٦, ٦٥٩, ٦٧١
مامۆستا هێدی, ١٢٧, ١٨٨, ١٩١, ٢٦٦, ٤١٤, ٤٢٥,
٥٢٦, ٦٤١, ٦٤٢
مامۆستا هێمن, ١٥, ١٦, ٧٩, ٩٦, ١٠١, ١٠٢, ١٠٤,
٢١٢, ٣٣٥, ٣٤٩, ٣٨٨, ٤٣٦, ٤٦٠, ٤٦٧, ٤٦٨, ٤٨٦,
٥٥٢, ٥٨١, ٦٠٣, ٦٢٤, ٦٢٥, ٦٢٧, ٦٣٤, ٦٤١
مامۆستا هەژار, ١٦, ٦٢, ٩٧, ١٠٣, ٢٦٩, ٣٧٢, ٣٩٤,
٣٩٥, ٤٤٩, ٥١١, ٥٤٤, ٥٤٧, ٦٠٢
مامۆستا ئەحمەدی فەوزی, ٢١٢
محەممەدئەمین شەڕەفی, ٣٨٧
محەمەد حوسێن سەیفی قازی, ٤٨٧, ٦٤٢
محەمەد ئەمینی موعینی, ١٤٦, ١٩٢, ١٩٣
محێددین ماوەرانی, ٣٥٤
محەممەد حوسێن خانی سەردار, ٥٣
محەممەد رەزا شا, ١٢٥, ٤٠٩
محەممەد سەمەدی, ٢٩١, ٤٢٨
محەممەد نووری, ٢٩٦, ٢٩٧, ٤٢٧, ٤٣٧, ٦٨٥
محەممەد ئەمینی مەنگوڕی, ٦١, ٩٠, ١٠١, ١٠٧,
١١٢, ١١٤, ١١٦, ١١٧, ١١٨, ٢٤٨, ٢٨٤, ٤٧٣, ٤٨٠,
٥٠٥, ٥١٠, ٥١٣, ٥٢٢, ٥٢٩, ٥٣١, ٦٢٨, ٦٥٠, ٦٦٤,
٦٨٦
محەممەدخان, ٨٦
محەممەدخانی دانیشوەر, ١٥٦
محەممەدی شاپەسەند, ٢٩١, ٣٣٤, ٣٦٧
محەمەد حوسێنی سەیفی قازی, ٤٩٨
محەمەد نووری, ٢٩٦, ٤٠١, ٤٢٧, ٤٣٣, ٤٣٧
محەمەدی یاهوو, ٤٢٣
مریمی قازی, ٥٤٩
مریەم حمیدی, ٤٦٤
مزگەوتی سوور, ٥٧١, ٥٨٦, ٦٦٦
مزگەوتی قازی, ٢١٢, ٢٥٩
مستەفا سوڵتانییان, ٣٨٧
مستەفا خۆشنا, ٥٠٩
مستەفا خۆشناو, ٢٩٤, ٣٧٤, ٥١٠, ٥١٤, ٥١٧, ٥٣٣
مستەفا شەلماشی, ٦٦٢
مەحموود مەلاعیززەت, ٤٣٩
مەرزە بلەزادە, ٤٦٤
مەلا سەعیدی حاجی سەدرولعولەما, ٩٤
مەلاحوسین مەجدی, ٥٢٩
مەلامستەفا بارزانی, ٤٩٢, ٦٧٦
مورتەزا ڕەزەوی, ٦٦, ٦٩, ٧٢, ٧٤, ٧٥, ٧٦, ٧٨, ٧٩,
٨٥, ٨٧, ١٦٥, ١٦٦, ١٦٧, ١٦٨, ١٦٩, ١٩٤, ١٩٥,
١٩٦, ١٩٧
مولوتۆڤ, ١٢٥
مۆڵۆتۆف, ٩٥
مۆلۆتۆڤ, ١٢٩, ٢٤١, ٢٥٠, ٢٥١, ٢٦٥, ٢٨٨, ٣٠١,
٣١٣, ٣١٤, ٣٢٥, ٣٥٩, ٣٦٥, ٣٨٤, ٤٧٧, ٤٨٢, ٦٧٠
میدیەخانی زەند, ٩٨
میر سەیفەدین, ١٣٠, ١٤٨
میر قوبادبەگی موکری, ١٣٠
میرحاج, ١١٧, ٢٨٩, ٢٩٢, ٢٩٤, ٢٩٧, ٢٩٨, ٣٧٤, ٥١٤,
٥١٧
میرزا خەلیل بلوری, ٨٢, ٩٤
میرزا رەحمەتی شافعی, ١٣٨, ٥٦٦
میرزا ڕەحمەت شافعی, ٢٧٠, ٦٦٦
میرزا رەشید, ١٩٠
میرزا غەفوری مەحمودیان, ١٣٧
میرزا غەنی خوسرەوی, ٢٣٧, ٤٠٩
میرزا قاسم قازی, ١٦٢
میرزا قاسمی پەنجەوی, ١٣٧
میرزا قاسمی قازی, ٢٠٠, ٢١٦, ٢٢٠
میرزا کەریمی قازی, ٤١
میرزا کەریم, ٧٩, ٨٠
میرزا مەحموود, ١٩٩, ٢١٦




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میرزا مەنافی کەریمی, ٢١٢, ٣٤٨, ٣٥٠, ٤٢٤, ٥٤١, ٥٩٤
میرزا مەحمود مەنسووری قازی, ٢٣٧
میرسەیفەدین, ١٣٠
میزا قاسم قازی, ٢٠٥
میستر میلێر, ٢١٣
میسداڵ خانم, ٢١٣
مینا خانمی قازی, ٤٦٦
مەحمودئاغا, ١٩١
مەریمی قازی, ٤٦٥
مەسعود بارزانی, ٥٠٦, ٥٠٨, ٥٠٩, ٥١٥, ٥١٧, ٥٣٣, ٥٨٥
مەلا حوسێنی مەجدی, ٢١٣
مەلا حەسەنی کوڕی قزڵجی, ٢٠٩
مەلا مستەفا, ٣٠٨, ٣٥٧, ٣٨٣, ٤١٢, ٤٦١, ٥٠٥, ٥٠٦, ٥٠٧, ٥٠٨, ٥٠٩, ٥١٠, ٥١٢, ٥١٤, ٥١٥, ٥١٦, ٥١٨, ٥٢٩, ٥٥٧, ٥٨٥, ٦٤٦, ٦٥١
مەلیک زادە, ٧٥, ٧٦
مەنسور قازی, ٢٣٧, ٤٠٩
نماز عەلی ئۆڤ, ١٢٢
نەجەف قولی پەسیان, ٥٣٠
نوری ئەحمەد تەها, ٥١٧
نووسرەتوڵای جەهانشاەلوو ئەفشار, ٤٧١
نیزامەدین رەفیعی, ٤٧٠
نەوشیروان مستەفا, ٤٣٩
هاجەر زەندی, ٦٦٢
هاشمی کەریمی, ٣٥٧
هەمزاغای مامەش, ١٨, ٢٠, ٢١, ٢٢, ٢٧, ٢٩
هۆزی میلان, ١٤٣, ١٤٤
هێتلیر, ٩٩
هەباس ئاغا, ١٨٨, ١٨٩, ٢١٢, ٢٥٩, ٢٧٣
هەمزاغا, ١٥٩, ١٦٠, ٤٠٦, ٥٣٠
هەمزاغای مەنگوڕ, ١٥٩, ١٦٠
هەمزە عەبدوڵا, ٥٠٩
هەمزە ئاغا, ٨٨, ١٦٠, ١٦١, ١٦٢, ١٦٣
وێلمە سەیادیان, ٤٦٤
وێلمەی سەیادیان, ٤٦٣, ٦١٢, ٦٣٠
یۆسفی قازی, ١٣١, ٢٠٥, ٤٠٥, ٥٦٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# General history of Democratic Party Kurdistan

## Golden age of Nationalism

## Volume 1

By: Ghasem Ghazi

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org